# ئایەتەکانی ئاپۆ

## سەلیم چوروککایا

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

چاپی یەکەم

2021

www.arsivakurdi.org
www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

**ئایەتەکانی ئاپۆ**

نووسەر: سەلیم چوروککایا
لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان
ساڵی چاپ: ٢٠٢١
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٥٠٨) ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە.

www.arsivakurdi.org

## پێشکەش

ئـەو کتێبـە، پێشکەشـە بـە مەزڵـووم دۆغـان کـە بـە خۆهەڵواسـینی منـی فێـری ڕاپەڕیـن کـرد لـە دژی سیسـتەم.

عەبدوڵـڵا ئەکنجـی و دلاوەر یڵـدرم کـە وایـان کـرد ڕاسـتییەکانی دیکتاتۆرییەتـی ئاپـۆ و ئایدیۆلۆژیـا فەرمییەکـەی ئاشـکرابێت و لـە دۆڵـی بیقـاع بـە گوللـە لـە مێشـکدانیان، نیشـانی منیـان دا.

زانـای گـەورە، دکتـۆر ئیسـماعیل بێشـکچی کـە بـۆ بابەتـی شـیتەڵکردنی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی زۆر گرنگیـم بـە بۆچوونەکانـی دەدا.

www.arsivakurdi.org

## پێڕست


پێشەکی ٥

ڕوونکردنەوە ٩

١١ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ١٥

١٢ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ٦٣

١٣ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ٩٣

١٤ ئابی ١٩٩٣ بەیرووت ١٠٧

١٥ ئابی ١٩٩٣ بەیروت ١٣٥

٢٠ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ٢٠٥

٢١ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ٢٤٣

٢٢ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ٢٤٩

٢٣ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ٢٦٩

٢٤ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ٣٠٧

٢٥ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ٣٣٧

٢٦ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ٣٥٣

٢٧ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ٣٦٥

٢٨ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت ٣٧٥

٢٠ی ئەیلوولی ١٩٩٣ ئەڵمانیا ٣٩٣

٢١ی ئاداری ٢٠٠٥ ئەڵمانیا ٤٠٣


www.arsivakurdi.org

# پێشەکی

هەندێـک پەرتـووك هـەن، مەنزڵگایـان درێـژە؛ تەنهـا بـۆ ئەو سـەردەمە نا کە لێـی نـوسراوە، بەڵکـو چرا بـۆ رابردوو و داهاتـووش رادەگرن و رۆشـنی دەکەنەوە. "ئایەتەکانـی ئاپـۆ" ئـەو ئەرکـەی هەیـە. تەنانـەت ئـەو رێکخـراو و رووناکبیرانەی سـاڵانێک لەمەوبـەر لـە دەرەوەی پەکەکە بە هێزی راکێشـانی شـەڕکردنی گەریلا، کاتێـک کـە بـە گشـتی هەموو لایـەک چاویـان بڕیوەتـە ژمـارەی ئەو فیشـەکانەی دەتەقێندرێـن، سـەلیم چوروککایـا لـە نێـو ئـەو هـەورە تۆزاوییـە هاتـە دەرەوە و ئازایانـە ڕاسـتییەکانی دواوەی بـاس دەکـرد. بـەوەش نەوەسـتا، هەوڵـی دەدا ئـەو ڕووداوە "روون و ئاشـکرایانە" بـە لایەنـە جیاکانیانـەوە شـی بکاتەوە.

بۆیـە، "ئایەتەکانـی ئاپـۆ" تەنهـا پەرتووکێکـی بیرەوەریـی نییـە. تەنهـا بـە بەڵگەیەکـی مێژوویـیـش داناندرێـت؛ چونکـە ئـەو هەرچەنـدە لەژێـر دۆخێکـی گرانیشـدا بووبێـت، زۆر شـوێن پێـی هـەر لـە سـایکۆلۆژییەوە تـا سۆسـیۆلۆژی زۆر دیسـپلینی دیکـە لـە خـۆ دەگرێـت. بەجۆرێـک کـە بـە "هاوشـان" لەگـەڵ ڕووداوە تراژیدیاییـەکان، لێـرەدا هەندێکجـار رووبەڕووی شـیکردنەوەی دروسـتی نوکتەئامێـزی دیکتاتۆرییـەت و ماسـتاوچییەکان دەبینـەوە.

بابەتـی سـەرەکی کتێبەکـە، خەباتـی نەتەوەیـی کورد لـە باکووری کوردسـتان بـە پێچکردنـەوە بـۆ تاکتیکێکی شـەڕی نێـوان تورکیا و سـووریا و ئـەو پەیوەندییە

www.arsivakurdi.org

نادیموکراسییەی لە نێو پەکەکەدا خولقێندراوە. عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەپێی ئەوەی فەرمانبەری ئەو تاکتیکەیە نەشکاندن و تێنەپەڕاندنی قەبارەی "سووکە شەڕە"، بەند بوو بە خواستی بێ سنووری ئەوەوە. بۆیە بو یارمەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هێزە داگیرکەرەکان، ئەنجامی کاریگەرییە بکەری و کارلێکراوییەکاندا بە تێپەڕبوونی کات پاشایەتییەکی زاڵم دامەزرابوو، وەک کەسایەتیش ئەوەی کە خۆی ئارەزووی ئەو دۆخەی دەکرد بەم هێزە بێ سنوورە ڕێگری لە بە دامەزراوەبوونی خەباتی دژ بە داگیرکەری دەکرد، بڕوا و ئیرادەی خەباتی نەتەوەییش کە لە بەرەو پێشچووندا بوو، پارچە پارچەی کردن و لەکاری خستن. لە کاتی ئەنجامدانیشدا ئەوانەی کە دژی کارەکەشی نەبوون یاری بە کەسایەتی و ڕێزییان بۆ خودی خۆیان دەکرد، ئەوانەش کە ڕەخنەگرانە بیریان دەکردەوە و لایەنگری بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە دیموکراسییەکان بوون لە نێو خەڵک و پارتیەکەدا، یان ئەوەتا بە هەزار و یەک پلان زۆری لێکردوون کە مەحکومی بوون بە ماستاوچییەکی ئاپۆچی بن، یان ئەوەتا بە ئەشکەنجەوە کوشتوونی، و یاخود وای لێکردوون ڕابکەن و بە "ورە نزم" باسی لێوە دەکردن و لەڕووی سیاسییەوە هەڵیدەپەساردن. ئەوەی دیکتاتۆر دەیکرد لە ڕاستی دا بکەرە رووخێنەرەکان دەیانکرد (دەوڵەتی داگیرکەر، بەڕێوەبەری کاپیتالیست، ئاغا، شێخی تەریقەت...هتد) لە دەرئەنجامەکانیاندا شاردراوەتەوە. هەر بۆیە عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەر وەک چوروککایا وەسفی کردووە "جۆرێک تێکەڵەیە لە پەرستەرەکانی ئەنقەرە - شام، سۆسیالیزمی ستالین، کولتوری ئاغای خاکی ئورفا". لە "ئایەتەکانی ئاپۆ"دا ڕووبەڕووی هەموو ڕووەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەبیتەوە. سومبولێکی ساختە، ئەفسانەیەکی بەتاڵ و بە ڕاستەقینەکەیەوە لەگەڵ سێ ئۆجەلان... بە پێچەوانەی ئەو سومبولە ساختە و ئەفسانە بەتاڵە، ڕاستی وەسفی ئەو دیکتاتۆرە لێرەدا:

هیچ بەرپرسیارەتییەکی سیاسی هەڵناگرێت و خودڕەخنە ناکات؛

www.arsivakurdi.org

میکانیزمەکانی بڕیاردانی لە کارخستووە و بووە بە تاکە مەرجەعی بڕیار؛ سەرنەکەوتن و هەڵەکان بە هەموو شێوەیەک دەخاتە ئەستۆی خەباتکارەکان؛ پێگەیاندنی مورید کە بەدەر بێت لە بیرکردنەوە و تەنها دووبارەکەرەوەی کلێشەکانی ئەو؛ چوونە ناو پەیوەندی فەرماندە و سەرباز لەگەڵ دەزگای هەواڵگری سووریا؛ بە بەردەوام بە خۆدا هەڵگوتن و سووکایەتیکردن بە گەریلاکان، جوێندان پێیان، لە کەسایەتی دانیان، بەرگەنەگرتنی ڕێزداری بەرگەگرانی بەندینخانە و تۆمەتبارکردن و دادگاییکردنیان، ئەشکەنجەدانی هەڤاڵانی، کوشتن، دەستدرێژیکردنە سەر، پاککردنەوەی ئایدیۆلۆژیای داگیرکەر ...هتد

سەلیم چوروککایا هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو دیکتاتۆرە کە بینیویەتی، گوێی لێ بووە و بەسەریدا هاتووە تەنها بۆ مێژووی نەنووسیوە، لە تەک ئەرکە مرۆڤایەتییەکەی بۆ تێگەیشتن لە لاپەڕە تاریکەکانی مێژووەکەمان ئەوانەی نووسیون. کتێبەکە لە ڕاستیدا لەم لایەنەوە لە جیهانی واتایی سەبارەت بە کورد بەهادارە، لە یەکەم چاپی لە تورکیادا بەشێکی نوێش هەیە، ئەو بەشە ئەوانە لەخۆ دەگرێت کە لە کتێبەکە ناویان هاتووە بیر و بۆچوونیان دوای ساڵانێک لەسەر کارکردن لە نێو پەکەکەدا و لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان و باسکردنی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەریاندا هاتووە، لێرەدا ئەوە نیشان دەدرێت کە ئەوانەی لە ڕابردوودا سەلیم چوروککایایان تاوانبار دەکرد ئێستا پشتڕاستی ئەو دەکەنەوە. لەم حاڵەتەدا پێویستییەکی ویژدانییە لە سەرەتادا بۆ ئەوانەی کە نەیانتوانی لە ئۆجەلان تێبگەن و هەموو ئەوانەی توانایان هەیە بیخوێننەوە، تەنانەت ئەگەر لە تواناادا هەیە بۆ ئاسانکردنی هەرسکردنی "ئایەتەکانی ئاپۆ" لەگەڵی دا "پێداگۆلۆژی چەوسێنراوەکان"ی پاولۆ فرێیریش بخوێننەوە.

لەمڕۆدا لە باکووری کوردستان سەبارەت بەو خاڵەی کە خەباتی نەتەوەیی پێی گەیشتووە لە دەرەوەی کلتوری ئاپۆ زۆر ڕووداو هەیە کە پێویستی بە

www.arsivakurdi.org

شـیکردنەوە هەیە؛ کاراکتەری چینی بەرزی کوردی و کاریگەرییان لەسـەر خەبات، کاراکتـەری کلتـوری کـورد و بەشـی فاکتـەری سـەبارەت بـە خـووە کولتورییەکان، پشـکنینی مەسـەلەی کوردسـتان لـە ڕووی نێودەوڵەتییـەوە، ئـەو بابەتانـەی کـە گفتوگۆکـردن لەسـەریان گرینگـە بۆ ژیـان. "ئایەتەکانـی ئاپۆ"ی سـەلیم چوروککایا لـە هەمانکاتـدا ئـەوە دەگەیەنـێ کـە چینی بـەرز و بیرکـەرەوەکان بەشـێوەیەکی بەربـڵاو بـوون بـە ماسـتاوچی، وە ئەمانەتکردنـی خەڵکیـش بـە دروشـمەکان و زۆر بابەتـی لـەم جۆرانـە نیشـانی زۆر خاڵـی گرینگی کـردووە و خـاوەن بینینێکی روونـە. بـەڵام بـەدەر لە هەموو ئەو نزیکبوونەوە تیۆرییانە پێویسـتە دەستخۆشـی لـە سـەلیم چوروککایـا بکەیـن کـە دەڵێـت "شـوێنێک ئاگـری لـێ نەبێـت دوکەڵی لـێ بـەرز نابێتـەوە، مـن تەنهـا دووکەڵەکە نـا، بەڵکـو ئاگرەکەتان نیشـان دەدەم". ئـەو لـە کاتێکـی زۆر زوو ئێشـی هەڤاڵەکانـی هێنایە بـەر ڕووناکـی ڕۆژ و ئازایانە رەخنـەی لـەم پاشـایەتییە زاڵمـە گرت و ڕاسـتگۆیانە خودرەخنەی نووسـی لەسـەر خـۆی کـە کـەم کات هەیـە رووبـەڕووی کەسـانی وا ببینەوە.

ئەگـەر لـە یـەک رسـتەدا پوختـی بکەمـەوە، ((ئـەم کتێبـە جـەرگ و دڵێکـی هەیـە ئـەوەی دڵـی هەیـە بـا بیخوێنێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی بەجـەرگ نییـە بـا نەیخوێنێتـەوە!)).

وەک کۆتـا؛ داوای لێبوردنـم هەیـە بـۆ تاکەکانـی ئـەو نـەوە بـە بڕوایـە کـە بەهـۆی درەنـگ کەوتنـم، ژیـان، بیـر و ئومێدەکانییـان لـە دەسـتداوە و سوپاسـم هەیـە بـۆ نووسـەری کتێبەکـە.

**گوردال ئاکسۆی**

**٢١ ئاداری ٢٠٠٥**

www.arsivakurdi.org

# ڕوونکردنەوە

مـن لـە دژی خـودی ڕابـەری مەزن نیم، لـە دژی بە خواکردنی ئـەوم. لە نێوان لەدژبوونـی بـە خوداکردنـی و لـە دژبوونـی خـودی ئـەو جیاوازییەکـی زۆر گەورە هەیـە. دژایەتیکردنـی بەخوداکردنـی لـەو سـەردەمەدا ڕزگارکردنێتـی لـە بوون بە گاڵتەجـاڕ. رابەرێـک کـە داهاتـوو ببینـێ، نەمریەکـی درێژخایـەن ناگۆڕێتـەوە بـە بەخوداکردنێکـی کورتخایەن.

بـەڵام تایبەتمەنـدی هەمـوو دیکتاتـۆرەکان ئەوەیـە کـە داهاتـوو نابینـن. بـە بۆچوونـی دیکتاتـۆرەکان هەمـوو شـتێک لـە وانەوە دەسـت پـێ دەکات و لەگەڵ ئـەوان کۆتایـی دێـت. بۆیـە دەیانـەوێ تـا زینـدوو بـن و لـە دەسـەڵاتدابن، لـە لایـەن گەلەکەیانـەوە بـەرز بکرێنـەوە. کاتێـک دەمـرن یاخـود کارە بۆگەنەکانیـان بـە دەردەکـەوێ سەراوسـەر لـەو بەرزییەیانـەوە دەخرێنـە زبڵدانـەوە. هەمـوو دیکتاتـۆرەکان لەبـەر زانینـی ئـەو کۆتاییـە، دەیانەوێت تـا دەژین بـەرز بکرێنەوە، سـوودمەندبن لـە هەمـوو نـازو نیعمەتەکانـی دونیـا، تـا لـە توانایانـدا هەبێـت هەوڵـدەدەن کـە هەمـوو کەسـێک و هەمـوو شـتێک بخەنـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیانـەوە. زۆر گرنـگ نییـە لایـان کـە کاتێـک دەخرێنـە زبڵدانـەوە لەگەڵیانـدا پەیکەرەکانیشـیان فـڕێ دەدرێتـە هەمـان زبڵـدان. ژیـان و کۆتایـی هەمـوو دیکتاتـۆرەکان بهێننـە بـەر چاوتـان دەگەنـە هەمـان ئەنجـام. بـە نووسـینی ئـەو

کتێبـە هەمـوو ئـەو دیکتاتۆرانـەی هاتـوون و ڕەت بـوون و یاخـود لـە داهاتـوودا دێن لە کەسـێتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، زاڵمێتی ئەوان و ئەو ڕۆڵەی ماسـتاوچییەکان دەیگێـڕن دەهێنمـە بـەر چـاو و ئـەوە بـە ئەرکـی مرۆڤایەتیـم دەژمێـرم.

ئـەو کتێبـەی لەبـەر دەسـتتانە جگـە لـە بەشـی کۆتایـی هەمـووی لـە لوبنـان نووسراوە. لە ژووری ژمارە 206 ی هۆتێل ئەشرەفیە کە تیایدا دەمامەوە بۆ گەریلا قارەمانـەکان کـە بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان دەجەنـگان، گەلەکـەم، ڕووناکبیرانی وڵاتەکـەم و تورکیـا و مێـژوو بـە دەنگێکـی بـەرز هـاوارم کـرد. پەرتووکەکـەم لـە ماوەیەکـی کـورت نووسـی، لەبـەر ئـەوەی دەسـت و خەتـم نەدەخوێندرایـەوە لە کڵێسـای مارۆنـی کـە 22 ڕۆژ بـە میوانـی تیایـدا مامەوە دووبـارە ڕێکم خسـتەوە، بەشـی دواییـم لـە ئەڵمانیـا کۆتایـی پێهێنـا. لەگـەڵ هاوسـەرەکەم لەبـەر ئـەوەی کـە دووبـارە نووسـینەوەی بـە ئامێـری چاپ درێـژەی کێشـا زۆر مانـدووی کردین. ئەوانـەی کە هاوسـەرەکەم بۆی باسـکردم لەبەر ئەوەی دەیکەمـە بابەتی کتێبێکی تـر بـە پێویسـتم نەزانـی دووبارە چـاو بـەو کتێبەیاندا بخشـێنمەوە.

هەڵاتنـم لـە بـار الیـاس لەنێـو کوردانـی دانیشـتووی ئەوروپا بووە بـە هۆکاری دەمەقاڵـێ، زۆر نیشـتیمانپەروەر بـۆ نیشـاندانی هەڵوێسـتی وازی لـە ئەرکەکـەی هێنـاوە، هەوڵـدراوە ئـەو مرۆڤانـە بـە هەڕەشـە و تۆقانـدن و پاڵەپەسـتۆ خسـتنە سـەر بێدەنـگ بکرێـن، لـە زۆر شـوێن نیشـتیمانپەروەران ڕووبـەڕووی ئـازاردان بوونەتـەوە، هەندێکیـان لادراون. ئـەوە دەخرێتـەڕوو کـە مـن "ناوچەگەرێتـی، زازاچییەتـی"م کردبێـت، لـە ڕۆژنامـەی سـەرخوەبوون دانپێنـەر سـەرڤان کـە نـاوی نهێنـی حەسـەن دەنیـزە نووسـینێکی نووسـیوە و لەژێـر واژۆی رزا ئاڵتـوون بڵاوکراوەتـەوە، لـە نووسـینەکە مـن بـە هیـچ کـراوم و ڕابـەری مـەزن بـە هەمـوو شـت کـراوە. لەگـەڵ ئـەوەی ڕابـەری مەزن نـەک تەنهـا پارتیەکـە، بەڵکو دەسـتی بەسـەر هەمـوو توانـای خەڵکەکـە داگرتـووە، منـی تاوانبـار کـردووە کـە دەسـتم بەسـەر توانـای پارتیـی دا گرتـووە. لـە کاتێکـدا کـە هەڵاتـم لەژێر چاودێـری ئەودا

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

50 مارکم لە گیرفان بوو و جگە لەوە لە هیچ شوێنێکی دنیا هیچ قروشێکیش سەرمایەم نەبوو.

لە نووسینێکی ڕۆژنامەی بەرخۆەداندا کە لەژێر واژۆی مستەفا کاراسوو بڵاوکراوەتەوە وا باسکراوە کە من لەگەڵ کەس رێک نەدەکەوتم؛ لە بەندینخانەش لەگەڵ کەس ڕاییم نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەی کە مستەفا کاراسوو لە بەندیخانەی جەیهان لە نووسینی خودڕەخنەکەی گوتبووی "سەلیم یارمەتیم دەدات، هێز لە بیر و بۆچوونەکانی ئەو وەردەگرم، ئەو وا دەکات کە لەسەر پێ بووەستم و بڕۆم، ڕێز لەو دەگرم و گوێ لە وتەکانی ئەو دەگرم". ئەگەر وابێت مستەفا کاراسوو نیشانی ئەوە دەدات کە بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانە دەجوڵێتەوە کە پێی دراوە بۆ رەشکردن و لە بەر چاو سووککردنی من. دڵگران نیم لێی لەبەر ئەو نووسینەی لەسەر ئەو بابەتە نووسیویەتی. چونکە منیش پێشووتر وەک ئەوم کردووە، لە دژی ئەوانەی کە دەبێت لەناو ببردرێن شتم نووسیوە و رێبەری نەتەوەییم ستایش کردووە. مستەفا لەبەر چاوم سەلیمی دوو ساڵ لەمەوبەرە. ئەو سەلیمەی بەرەبەرە دەستی بە بینینی ڕاستیەکان کرد! بەگوێرەی مستەفا هێزێکی چەکدار هەیە بەناوی پەکەکە هەرچەندە تەنها کەسێکیش لەسەر حەق بێ؛ ئەرکی شەڕڤان ئەوەیە کە هێزە چەکدارییەکە بپارێزێ. مستەفا کە بەو لۆژیکە کاری دەکرد، لە دوو وتاری جیادا بە خێزانەکەم کە ڕاستییەکانی دەبینی و هەڵوێستی وەردەگرت لە بەرانبەر ئاپۆ گوتبووی: "ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە سەر هەردووکمان، زۆر کۆبوونەوە دەکرێت لە دژی سەلیم، هەردووکمان لەو کۆبوونەوانە قسە دەکەین،" خێزانەکەم گوتبووی: "من باوەڕ ناکەم کە سەلیم لەناوبەر و سیخوڕ بێت، لە کۆندا لەناو پەکەکە سیستەمی هەڤاڵ بوون هەبوو، هەڤاڵەکان یەکتریان نەدەکەواند بەڵکو بەرزیان دەکردنەوە. ئێستا لە شوێنی ئەو پەیوەندییە هەڤاڵانە دوژمنایەتییەکی تەڵە دانانەوە هەیە. بۆیە بەشداری کۆبوونەوەکان ناکەم." بە گلەییەوە بە خێزانەکەمی گوتبوو:" تۆ دوای کەسێک

www.arsivakurdi.org

کەوتـووی" و کاتێـک خێزانەکـەم وەڵامـی ئـەو گازاندەیـەی دابووەوە، هەڕەشـەی لێکردبـوو و پێـی گوتبـوو " ئێـرە جـێ دەهێڵیت، یان لـە هۆڵەندا لـە ماڵێک لەژێر چاودێـری ئێمـە دەمێنیتـەوە و یـان دەچیتە شـام، کامـە ڕۆڵی خـراپ دەگێڕیت؟".

مسـتەفا خـۆی هێشـتا تێنەگەیشـت بـوو کە خۆشـی دوای کەسـێک کەوتووە. خێزانەکەشـم لەمێـژ بـوو دوای کەسـێک کەوتبـوو. کـە بینیبـووی ئـەو کەسـە چ مردوویـەک و بـە خیانەتکار ناسراوێکی لە دوای خۆی جێهێشـتووە، لە کۆتاییەکەیدا تێگەیشـت بوو کە ڕاسـت نییە دوای کەسێکی وا بکەوێ. ئەو قسـەی مسـتەفا بە خێزانەکەمـی گوتبـوو هـی ئـەوە بـوو ببێتـە عیبرەت بـۆی، بۆیـە درەنگ یـان زوو ڕاسـتییەکانی نیشـان دەدا. وتـەی " سـەلیم دەیـەوێ ببێـت بـە گالیلـۆ" ئەوەشـی دەگەیانـد کـە ئـەو دونیایـەی ئێمـە تێیـدا دەژیـن، دونیایەکـی وەک کاتۆلیـک دواکەوتـوو، دوور لـە لۆژیـک، هەسارەیەکی بـەدەر لـە مرۆڤایەتییە.

مسـتەفا! دوور لـە زانسـت، مرۆڤایەتـی و خۆشەویسـتی، ئەگـەر سیسـتەمێک هەبێـت کـە بیرکردنـەوە و خەیاڵکـردن و ڕاسـتی گوتـن و مـرۆڤ بـوون قەدەغـە بـکات، ئـەوا لـەوێ گالیلـۆ بـوون شـەرەف و مەزنایەتییـە. ئەگـەر مێـژوو ئـەو ئەرکـەی خسـتبێتە سـەر شـانی من ئەوا شـانازی بە گالیلـۆ بوون دەکـەم. بەڵام تۆ و هەمـوو برادەرانـت شـەرمەزاری ئـەو تاوانانـەی کـە ئـاگاداری ڕوودانیـان بـوون تـا هەتایـە لـە ئەسـتۆتاندا هەڵدەگـرن. ئـەو دۆخـەی ئێسـتا تێیدایـن، لـەو دۆخـە دەچێـت کـە گالیلۆ تیایـدا بووە. هـەر وەک گالیلۆ ڕاسـتییەکان دەدرکێنم، هەرگیز لـە وتەکانـم پاشـگەز نابمـەوەو نابـم بـە دانپێنەر.

ئـەو وتـارەی لە ڕۆژنامەی بەرخـوەدان بە واژۆی براکـەم بڵاوکرایەوە نموونەی سـاختەکارییە. ئـەوەی دەیـەوێ کـە بـە بـرا لـە برا بـدات داگیرکـەری بیژییـە. ئەو کەسـەی ئـەو نووسـینەی نووسـیوە، خـاوەن کەسـایەتییەکە کـە خـۆی بـۆ قاپێـک شـۆربا دەفرۆشـێت؛ مـن ئـەو زۆر بـاش دەناسـم. براکـەی مـن بـڕوای بـە داوای ڕەوای گەلەکـەی هەیـە و لـە چیـاکان شـەڕ دەکات، براکـەی ئەویـش عوسـمان

www.arsivakurdi.org

ئۆجەلان لە عێراق ورگی گەورە دەکات. دۆزی نووسینی وتار بۆ رەشکردنی من بە کەسانێک و بڵاوکردنەوەی بە واژۆی براکەم، بێ ڕەوشتییە کە هەر وەک چۆن دیکتاتۆرییەتە. بانگەوازکردن لە زاری براکەمەوە "بێت و هانا بهێنێتە بەر دادوەری"، دۆخێکی شەرمەزارکەرە. بە پیاوەکە ناڵێن ڕاستی، ماف و دادوەری لەکوێیە؟ ئەگەر میکانیزمێک یان دەزگایەک هەبووا کە بیر و بۆچوونەکانم و ڕاکانم بە ئازادیی لێی بدرکاندبا بێگومان ڕامنەدەکرد. لە دادگا باڵا و لێکۆڵینەوەکانی ڕابەری مەزن عەبدوڵڵا ئۆجەلان تەنها "دانپێنان" دەکرێت، من نەفرەت لە دانپێنەران دەکەم. ئەو پڕوپاگەندە نووسراو و زارەکییانەی لە دژم دەکران ئەوە بوو کە هەر دەگوترا " سەلیم هیچێکە، ڕابەرایەتی هەموو شتێکە". هەر کەسێک کە مێشکی کار بکات ڕاستییەکانی نێو ئەو پڕوپاگەندەیە دەبینێت، ئەو کتێبە چیرۆکی کەسێک دەگێڕێتەوە کە خۆی لە جێگای هەموو شتێک دادەنێت بۆ ئەوانەی کە هیچ نین.

کە هاتمە ئەوروپا لە ڕێگای تەلەفۆنەوە لەگەڵ زۆر کەس قسەم کرد. زۆربەی هەرە زۆری دەیگوت" هیچ شتێک مەنووسە ئێمە هەموو شتێک دەزانین، ئێستا ئەگەر بینووسی دوژمن بەکاری دەهێنێ". کاتێک لەگەڵ نزیکێکم قسەم کرد و گوتم "دیموکراسی نییە" وەڵامەکەی ئەوەبوو " من دەزانم کە کەشێکی دیموکراسی هەیە" و دوای ئەوانەی کە باسمکرد یەکسەر گوتی " هیچ شتێک بە کەس مەڵێ دەتکوژن." بەو قسەیە باشتر شی دەکردەوە کە " کەشێکی دیموکراسی چۆن کەشێک بوو". رووناکبیرەکان هەندێکیان لەبەر بەرژەوەندیەکانیان، هەندێک لەترسان، هەندێکیشیان لەبەر ئەوەی کە لە ترسناکی ئەو مەترسییە گەورەیەی رووبەڕووی دەبینەوە تێنەگەیشتبوون پێشنیازی بێدەنگبوونیان بۆم دەکرد. کاتێک گوێم لە پێشنیازەکان گرت زیاتر تێگەیشتم کە ڕوناکبیرانی تورکیا لە دوای 1920ەکان بۆچی؟ لەبەرچی؟ و چۆن ئاوا بوون بە ماستاوچی. لە ئەنجامدا بڕیارمدا کە کتێبەکە بڵاو بکەمەوە.

www.arsivakurdi.org

دەمزانی کە حکوومەتی تورکیا و میدیاکانی ئەو وڵاتە کتێبەکە بەکاردێنن. زۆرم بیرکردەوە کە چۆن وا بکەم نەتواندرێ بەکاربهێندرێ، بەڵام هیچ ڕێگایەکم نەدۆزییەوە، بۆیە بڕیارمدا کە بڵاوی بکەمەوە. بە ڕای من بڵاوکردنەوە چارەیەکە، چونکە ڕابەری مەزن عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەو ڕێگایانەی کە هیچ دوژمنێک بەرانبەری بەکاری نەهێناوە، بەرانبەر رۆڵەکانی گەلی کورد بەکاردەهێنێت؛ هەر کەسێک ئەو ڕێگایانەی بدرکێنێت، یاخود رەخنەی لێ بگرێت بە سیخوڕ تۆمەتبار دەکرێت، دەڵێت " ئەوەی ئەوانە دەیڵێن گوتەی دوژمنانە" و ئەوە دەکاتە ماسکێک ودەیخاتە سەری؛ بەو ماسکەوە زۆر شتی ناشرین دەکات. دەمەوێ کە خوێنەر لەو یارییە تێبگات و ماسکەکە لابدات. من لە نووسینەکانمدا ئەوەی کە ژیاوم و شایەتی بووم باس دەکەم، بە پێویستم نەزانی ئەوانە باس بکەم ئەوانەم باسکرد کە ئەو کردیتی. ئەگەر دوژمن بەکاری بهێنێ ئەوا کردارەکانی ئەو بەکاردەهێنێ. ئەگەر تاوانبارێک لەو ئیشەدا هەبێت، ئەوا من نیم.

بە ئەرکی دەزانم کە زۆر سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم کە کاتێک ژیانم لە مەترسیدا بوو یارمەتییان دام: سکرتێری کۆمیتەی لوبنانی خاچی سوور پاسکال قطات، ئەندامی کۆمیتە خاتوو ڤەرۆنیکا و ماریا لێ کۆخلی، ئەوانەی لە کۆمیتە کاریان دەکرد، فەیسەڵ، ماریا رۆز، کریستین، حوسێن، موحسین و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان سالڤاتۆرە لۆمباردۆ، پارێزەرەکەم مۆنیکا، پاپای کلێسای مارۆنی پەرمیسەل، پێنی نێودەوڵەتی، پێنی ئەڵمانی، سەندیکای ڕۆژنامەگەرانی ئەڵمانی، هەموو لێپرسراوانی رێکخراوی ئافی نێودەوڵەتی، هەڵموت ئۆبەردییێک، هانس کۆسچنیک و هەموو ئەو مرۆڤە چاکانەی نەمتوانیوە ناویان بهێنم.

www.arsivakurdi.org

# ١١ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**وتەی " شۆڕش رۆڵەکانی خۆی خوارد " واتا دیکتاتۆر رۆڵەکانی خۆی خوارد ئەوەش بەڵگەی وەحشیەتی دیکتاتۆرەکانە.**
**لای ئێمە هێشتا شۆڕش نەکراوە دەستیان کرد بە خواردنی رۆڵەکانمان.**

ئەمڕۆ، ١٨ ڕۆژی تەواوە لە بەیروت دەمێنمەوە، بڕیارمدا یادەوەری بنووسمەوە.

بەڵام یادەوەری ڕۆژانە نا؛ بڕیارمداوە ئەوەی دەگوزەرێ بیکەم بە رۆمان؛ چەند لاپەڕەیەکیشم نووسی، دواتر وازم لە نووسین هێنا، هیچ ناسیاوێکم نییە، زمان نازانم، هیچ شوێنێك پێ نازانم، کاتێك تازە هاتبووم پارەشم نەبوو، وەك ئەو کۆیلەیە بووم کە لە کێڵگەکەی رۆمانی (رەگەکان)ی ئالێکس هالێی هەڵاتبوو، وەك "کونتا کینتە" [١] بووم، من وەك ئەو بەڵگەی گەڕانیشم نەبوو.

لە ڕۆژی ٥ ی تەمموز لە ڕێی شارۆچکەی بارئیلیاسەوە بە تەکسی هاتمە نێو ئەو بەیروتەی نەمدیوە، نایناسم و شارەزای نیم.

بیرم لەوە دەکردەوە کە بچمە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا و بۆیان باس بکەم کە پەنابەر بووم لە ئەڵمانیا، بە پاسپۆرتێکی ساختەی تورکی هاتوومەتە لوبنان و پاسپۆرتەکەم ون کردووە، دەمەوێ بگەڕێمەوە ئەڵمانیا. دەستم لە تەکسیەك راگرت کە بەڕێگاکەدا تێپەڕ دەبوو، کاتێك سەرکەوتم شوفێرەکە بە

١ کونتا کینتە: قارەمانی رۆمانی رەگەکانی ئالێکس هالێی، لە ئەفریقیا رفێنرا ئەمریکا و وەک کۆیلە لە کێڵگەیەک کاری پێ دەکرا، کاتێک کۆیلە بوو رایکرد و کە دەستگیرکرا و قاچیان بڕییەوە.

www.arsivakurdi.org

عەرەبی شتێکی پرسی، تێگەیشتم کە دەپرسێ دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی؟ بە شڕە ئینگلیزیەکەم گوتم (I want to go safarati Alman) شوفێرەکە گوتی (Okey) و پێی نا بە بەنزینەوە، هەندێك ڕۆیشتین و ترافیك ئەوەندە قەرەباڵغ بوو کە وامان لێهات بە خێرایی کیسەڵ بەردەوامی بە ڕۆیشتنمان بدەین.

نووسەری بەرازیلی "ئەنتۆنیۆ ئۆلێنتۆ" لە ئاخاوتنێکدا لە "ریۆ دی جانیرۆ" گوتبووی " لای ئێمە لە بەرازیل گا ئەوەندە زۆرە کە هەر کەسێك گایەکی بەر دەکەوێت ". ئەگەر منیش بڵێم لە بەیروت هەر کەسێك ئۆتۆمۆبێلێکی بەردەکەوێ بە زیادەڕەوی دانانرێ. بەهۆی ئەوەی حکوومەتی لوبنان باجی گومرگی لەسەر فرۆش و بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێل دانەناوە، شەقام و کۆڵانەکان پڕن لە مارسیدس. شوفێرەکە کەسێکی زۆرزانە و لەگیرفانم تەنیا ٥٠ مارکی ئەڵمانی هەیە، پارەکەم لەگیرفانم دەرهێنا و بۆم ڕاگرت، وتی وردەم نییە، لە پێش شوێنێکی پارە گۆڕینەوە ئۆتۆمۆبێلەکە رادەگرێت، چوومە ژوورەوە و ٥٠ مارکەکەم گۆڕییەوە بە ٥٠ هەزار لیرەی لوبنانی و گەڕامەوە بۆ ئۆتۆمۆبێلەکە.

باڵیۆزخانەی ئەڵمانی لەسەر گردێکە کە دەکرێ بڵێین لە دەرەوەی بەیروتە. کاتێك گەیشتینە بەر دەرگا پرسیم چەند دەکات گوتی ٥٠ هەزار لیرە، بێگانەم، زمان نازانم، بەگوێرەی شوفێرە فێڵبازەکەم کەسێکی شیاو بووم بۆ قازانج کردنی، کاتێك گوتم (( زۆر داوا دەکەی من ئەوەندە پارەم نییە)) ئەو سوور بوو لەسەر ٥٠ هەزار. تێدەگەم لە لوبنانێك کە دۆلار و قروش خودا بن چاوەڕوانی کردنی ڕاستی و دروستی لە ساویلکەیی زیاتر نییە و لە شوفێرەکە توڕە دەبم و نامەوێت پارەکە بدەم، شوفێرەکەش بە توڕەییەوە بە عەرەبی شتێکی دەگوت لێی تێنەدەگەیشتم، پارەکەی نێو گیرفانم توندگرتووە دەڵێم ((١٠ هەزار بەسە)) لە ئەنجامدا پاسەوانەکانی بەر دەرگای باڵیۆزخانە هاتنە نێوانمان و ناچار بووم کە ٢٥ هەزار لیرەی پێ بدەم. بەڵام ناخم دەسووتا، لە خۆم توڕەبووم کە بۆ بێ مامەڵەکردن سەر ئۆتۆمۆبێلەکە کەوتم، کار لە کار ترازاوە و پارەکە

www.arsivakurdi.org

لـە دەسـتم دەرچـووە، ئۆتۆمۆبێلەکـە بـە هەزارییەکانمـەوە لەبەرچـاو ون بـووە. توانیـم بـە ئینگلیـزی بـە پاسـەوانەکان بڵێـم " پاسـپۆرتم ون کـردووە، دەمەوێـت باڵیـۆز ببینـم" دوای نیـو کاتژمێـر لـە بەر دەرگا ڕاگرتـن بۆ چوونـە ژوورەوە بە خاڵی پشـکنین دا تێپـەڕ بـووم. لـە کابینـی پشـکنین دا پۆلیسـێکی بـاڵا بـەرزی قـژ زەرد منـی بـە تەواوی پشـکنی، لـە ٢٥ هەزار لیـرە، جزدانێکی پـارە، ناسـنامەی ڕۆژنامەی ((yeni ülke)) وڵاتـی نـوێ و فڵچەیەکـی ددانـی کـۆن زیاتـر هیچـم پـێ نەبـوو. پۆلیسـەکە کـە کاتێـك فڵچەکەمـی لە شـوێنی دانانەکـەی دەرهێنـا زەردەخەنەیەکی کـرد، تێنەگەیشـتم بـۆ ئـەو زەردەخەنـەی کـرد. لـە گیرفانـی دواوەی پانتۆڵەکـەم دەفتەرێکـی بچووکـی ژمـارەی تەلەفـۆن هەبـوو هەسـتی پـێ نەکـرد، دوای ئەوەی کەلوپەلەکانـم خسـتەوە گیرفانـم منیـان برد بـۆ نهۆمـی دووەم. دوای پێنـج خولەك منیـان بـردە ژوورێکـی بەتـاڵ و ئافرەتێکـی تەمـەن مامناوەنـد هاتـە لام .

هەوڵمـدا بـە ئینگلیـزی کێشـەکەمی بـۆ بـاس بکـەم، بـەڵام خەزێنەی وشـەکانم بەشـی نەدەکـرد، ئافرەتەکـە زۆر بـە ساردی گوتـی " بـڕۆ کەسـێك بـدۆزەوە کـە تورکـی و ئەڵمانـی یـان تورکـی و عەرەبـی بزانێـت"، چـووە دەرەوە. لـە دەرگا پۆلیسـێك چاوەڕێـی دەکـردم، بێچـارە و بـێ زمـان و ناچار بـووم کە دەربچـم، دوای دوورکەوتنـەوەم لـە باڵەخانـەی باڵیۆزخانـە دەسـتم کـرد بـە بیرکردنـەوە، بـۆ کـوێ دەچـووم؟ لـە کـوێ بـووم؟ کاتێـك زمـان نەزانیـت و بـێ پـارە بیـت ئایـا هەمـوو دەرگاکانـت بـە ڕوودا دادەخرێـت؟ وەرگێڕێـك لـە کـوێ بدۆزمـەوە کـە تورکـی و عەرەبـی بزانێـت؟ وای دابنێیـن کـە دۆزیمـەوە، لـە کاتێکـدا پەنابەرێك بـووم کە بێ ئیـزن لـە ئەڵمانیـا دوورکەوتوومـەوە، بـێ پاسـپۆرت ڤیزا بـە من دەدەن؟ لە شـارەوە بـە ٢٥ هـەزار لیـرە هاتوومـە ئێـرە، ئێسـتا چـۆن دەگەڕێمەوە شـار؟ بـە بیرکردنەوە لـەو پرسـیارە بـێ وەڵامانـە کۆڵانێکـم تێپەڕکـرد و گەیشـتمە ڕێـگای سـەرەکی، دەسـتم لـە ئۆتۆمۆبێلێکـی تایبـەت بەرزکـردەوە وەسـتا. بـەو کەمـە ئینگلیزییـەی دەمزانـی شـوفێرەکەم تێگەیانـد کـە بێگانـەم و دەمـەوێ بگەڕێمـەوە ناوشـار.

www.arsivakurdi.org

شـوفێرەکە ئەندازیارێـك بـوو کـە ئینگلیـزی دەزانـی، کاتێـك زانـی کـوردم، گوتم کە دەتوانێـت بمگەیەنێتـە گۆڕەپانـی ئۆتۆمۆبێلەکانـی خزمەتگـوزاری. بـە سوپاسـەوە لەگەڵـی سـەرکەوتم، لـە شـوێنی رۆیشـتنی ئۆتۆمۆبێلەکانـی خزمەتگـوزاری سـەر ئۆتۆمۆبێلێکـی تـر کەوتـم، بەدرێژایـی کەنار دەریا رۆیشـتم، لە شـوێنێکی باخچەدا هـەزار لیـرەم دا بـە شـوفێرەکە و دابەزیـم .

کاتێـك بەسـەر شۆسـتەکە دا دەڕۆیشـتم، دووبـارە بیـرم کـردەوە، دەتوانـم بـۆ کـوێ بچـم؟ بـۆ کـوێ؟ هانـا بـۆ کـێ ببـەم؟ هەڵاتـن لـە بـار ئیلیـاس ئاسـان بـوو، لـە بەیـروت چـۆن هەڵدەهاتـم؟ بـێ پـارە چـۆن دەژیـام؟ لـە کـوێ دەخەوتـم؟ چیـم دەخـوارد؟ ئـەوەی منیـش وەك کونتـا کینتـە هەڵاتنێکـی بـێ پـلان و پرۆگـرام بـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا پەشـیمان نەبـووم لـە راکردنەکـەم، ئـەوەی مـن لـە هەڵاتنێـك زیاتـر راپەڕینێـك بـوو. لـەوە زیاتر شـکاندنەوەی کەسـایەتیم، لـە ژێر پێ نانـی غـرورم، ڕووخاندنـی بـاوەڕ و خۆشەویسـتییەکانم پـێ قبـوڵ نەدەکـرا، ئەگـەر برسـیش بـم، بـێ ماڵ و حـاڵ بم با بمرم لە ژیانێکی بێ رێزی و بێ شـەرەفی باشـترە. بـەدەم رۆیشـتنەوە بیـرم لەوە دەکـردەوە، بەڵام پێویسـت بوو کـە ڕێگاچارەیەکیش بدۆزمـەوە. دەفتـەری ژمـارە تەلەفۆنەکانـم لەگیرفانـی دواوەم دەرهێنـا و دەسـتم کـرد بـە چـاو پـێ خشـاندنی، لە خۆم دەپرسـی کـێ و چـۆن دەتوانێـت یارمەتیدەرم بێـت. چـاوم بەنـاوی سـەرۆکی پێنـی[٢] کـوردی حوسـێن ئـەردەم کەوت و لە سـەری وەسـتام. هەرخـۆم کاتێـك دوو مانـگ لـە بـار الیـاس لێکۆڵینـەوەم لەگـەڵ دەکـرا لەسـەر پەیوەندیـم لەگـەڵ ئـەو زۆر جەخـت کرابـووەوە، خـۆ لەگـەڵ ئـەودا پەیوەنـدی شـاراوەم نەبـوو، جگـە لـە ئەنـدام بوونـم لـە پێـن و بەیەکـەوە چووینمان بـۆ ٥٨ همیـن کۆنگـرەی پێـن کـە لـە " ریـۆ دی جانیـرۆ " ئەنجـام درا، دوو ڕۆژ لـە ماڵەکـەی بـە میوانـی مامـەوە زیاتـر هیـچ نزیکییـەك یـان پەیوەندیەکـمان نەبـوو،

٢ پێن: یانەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە نووسەرانە.

www.arsivakurdi.org

بـەڵام ئەگـەر فاکسـێکم بۆ حوسـێن ئـەردەم کردبـا، لەبەر ئـەوەی دەمزانـی گرنگی بـە مرۆڤـەکان دەدات، بـاوەڕم وا بـوو کـە یارمەتیم بـدات، بەو بیرۆکەیـەوە کەوتمە جووڵـە و بڕیـارم دا کـە بـەدوای هۆتێلێکـدا بگەڕێم کە تەلەفۆن و فاکسـی هەبێت، دۆزینـەوەی هۆتێلێکـی وا لـە بەیـروت ئاسـان نەبوو، پرسـیارم کرد و وەسـفیان کرد، چوومـە هۆتێـل مۆنتەمـار بـە ئینگلیـزی تێـم گەیانـدن کـە ڕۆژنامەنووسـم و پـارە و پاسـپۆرتم ونکـردووە و دەبـێ بـە پەلـە فاکسـێك بـۆ ئەڵمانیـا بکـەم. کـە پێنـووس و کاغەزێکیـان دامـێ لـە هۆڵـی هۆتێلەکـە کـە دەیڕوانییـە سـەر دەریـا، لـە سـەر قەنەفەیـەك دانیشـتم و ئـەو دێڕانـەم نووسـی:

"حوسـێن، دوای چەنـد ڕۆژێـك لـەوەی لـە ئەڵمانیـاوە هاتمـە شـام دەستبەسـەر کـرام. دوو مانـگ لـە زیندانێکـی داخـراو مامـەوە، لێـرە داوام لێکـرا کـە مێـژووی زیندانـی دیاربەکـر بـە سـەراوژێری پراکتیکـەی دەرەوەکـەم بـە پراکتیکـی شـەڕی " کۆنـتر گەریـلا" [٣] و پراتیکی شـەڕی تایبەت قبـوڵ بکەم ئـەوەی فەرموویان جێبەجێ بکـەم، یاخـود خـۆم دەکوشـت، لـە بـەر ئـەوی هەڵبـژاردەی سـێیەمم نەبـوو، ناچار ئـەوەی فەرموویـان وەک خودڕەخنـە نووسـیم، لێـرەوە هاتمە نێـو زیندانێکی نیمچە کـراوە، ئەوەشـم لـێ داوا دەکرا کـە پەرتووکێك بـە پێچەوانەی ئـەو دوو پەرتووکەی پێشـوو کـە سـەبارەت بـە زیندانـی دیاربەکـر نووسـیوومە، بنووسـم، نەمدەتوانـی بـە ڕێنمایـی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی و بـە پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەو ئایدیۆلۆژیـای بنووسـم. نەمدەتوانـی ببـم بە نەدیمی شـاعیری عوسـمانی، لە شـوێنی ڕاسـتییەکان نەمدەتوانـی درۆ دابنێـم، بۆیـە لـە زیندان هەڵاتم، ئێسـتا لە بەیروتم بێ ناسـنامە و پەسـاپۆرت و پـارەم، چـۆن دەتوانـی یارمەتیم بدەی؟ بـە پەلە لە ڕێی ژمارە فاکسـی خـوارەوە وەڵامـم بـدەوە ٠٠٩٦١١٩١٢٨٠٤، دوای نووسـینی ئـەو نامەیـە هەوڵمـدا بـە شـڕە ئینگلیزیەکـەم لـە ئافرەتەکـەی سـەر کار و بـاری فاکسـەکە بگەیەنـم کـە

٣ کۆنتر گەریلا : بە واتای وشە ئەو هێزەیە کە لە دژی هێزە گەریلاکان دامەزراوە، بەواتاکەی تر لە بنەڕەتی ناتۆ ئەو هێزە نایاساییە کە وڵاتان لە دژی هێزە چەپەکان دایدەمەزرێنن.

www.arsivakurdi.org

ڕۆژنامەنووسم و پەساپۆرت و پارەم لە دەست داوە، پێویستە ئەو فاکسە بنێرم، سەرەڕای ئەوە ئافرەتەکە گوتی (هەڵگرتن چوار و هەر خولەکێکی سێ دۆلار). دەمگوت (پارەم نییە)، هەروەک بڵێی گوێکانی داخرابێت، لەو بەیروتەی یاسای دۆلارو قروش دەڕۆیشت لە حاڵم نەدەگەیشت. دوای مامەڵەیەکی زۆر لەسەر ١٥ هەزار لیرە پێک هاتین و فاکسەکەم نارد. دوو کاتژمێر لە هۆڵی هۆتێلەکە چاوەڕوانی وەڵامی فاکسەکەم بووم، وەڵام نەبوو. هەر کاتێک تەلەفۆن لێیدەدا و لە هەر زرینگەیەکی فاکسەکە گوێچکەکانم، چاوەکانم، هەموو هەستەکانم، خەیاڵەکانم و ئومێدەکانم هەڵدەستان، کە تێدەگەیشتم ئەوی دەهات بۆ من نەبوو تاریکی گشت لایەکانمی دادەپۆشی. (ڕەنگە حوسێن لە ماڵ نەبێت، ڕەنگە چووبێتە وڵاتێکی تر، یاخود کاتێکی درەنگ بگەڕێتەوە ماڵ) بەو بیرکردنەوانە ورەی خۆمم بەرز رادەگرت.

شەو نزیک دەبێتەوە، شوێنێکم نییە لێی بمێنمەوە، لە گیرفانم تەنها ١٤ هەزار لیرەی لوبنانی هەیە، دەزانم کە بەو پارەیە ناتوانم لە هۆتێل بمێنمەوە بەبێ چارەیی لە شوێنەکەم هەڵسام، بە ئافرەتەکەی ئەوێم گوت (ئەگەر فاکسەکەم هات لە شوێنێک بۆم هەڵگرە، شەو درەنگ یا بەیانی زوو دێم دەیبەم) و دەرچووم، شتێکی تر نەبوو بیکەم. بە درێژایی دەریا لەسەر ڕێگا قیرتاوەکەی کەنار دەریا رۆیشتم، ئۆتۆمبێلەکان ڤرە ڤریان دەهات و تێپەر دەبوون، کراسە نیلییەکەم لە نێو ئارەقە تەڕ ببوو، پانتۆڵە قەدیفە زستانییەکەم قاچەکانمی دەسوتاند، پێیەکانم لە نێو پوتە زستانیەکەم خوسابوون.

لە بەیروت بێ کەسم، دوای ژیانی خەباتی ٢٠ساڵەم ئێستا تەنیا ماومەتەوە، ١١ ساڵ لە زیندان بووم ٣ ساڵ ئەشکەنجەی سیستەماتیکم دیوە، ملم کەچ نەکردووە و بەرگەم گرتووە لە دادگای سەربازی، لەم کەشەدا کە هەناسەدان تێیدا بە تاوان دەژمێردرێت، بووم بە دەنگی گڕی خەڵکەکەم، ڕۆژنامەنووسم، نووسەرم و نوێنەری گەلم، هەموو ئەوانە کێ گوێیان پێ دەدا؟ لە شۆستەی

www.arsivakurdi.org



شـەقامە قیرتاوەکـە بـەرەو دەرەوەی شـار دەچووم،پیاویکـی تەمـەن مامناوەنـدم کـە قـژم تاڵـی سـپی تێکەوتـووە، هەمـووی هـەر ئەوەندەیە! ناسـنامەم نییـە، زمان نازانـم، لـە هەمووشـی گرنگـتر پـارەم نییـە، بـێ ئەمانە لـە بەیـروت ژیان ئەسـتەمە ئـەوە دەزانـم. لـە بەیروت کـوردو ئەرمەنیش دەژیـن، زمانیان دەزانم، بـەڵام ناتوانم بچمـە لای ئەوانیـش، پیاوەکانـی گـەورەم دوام دەکـەون، پەیوەندیـم پێـوە دەکەن، بـەڵام بـۆ یارمەتیـدان نـا، بەڵکـو بۆ کوشـتنم لەمـە دڵنیام، چونکـە یاسـاکانم ژێر پێ خسـتووە و هەڵاتـووم، هـەر خـۆی چەندیـن بیانوو بۆ کوشـتنی من هەڵبەسـترابوو، ئەگـەر هەڵاتنەکەشـمی بخرێتە سـەر ئـەوا شایسـتەی مردنم. گەورەکـەی من وەکو گەورەکـەی کونتـا کینتـە بـە قاچ بڕینەوەم نە دەوەسـتا، ئەوەم دەزانـی، بۆیە دەبوو خـۆم بـە تەنیـا چـارەی دەردی خـۆم بکەم .

بـەردەوام بووم لەڕۆیشـتن لەسـەر شۆسـتەی شـەقامەکە بـەرەو دەرەوەی شـار، بـە ڕێـگادا تەنهـا ئۆتۆمبێلـەکان تێپـەڕ دەبـن، جگـە لـە مـن هیـچ پیادەیـەک نییـە لـە دەرەوی شـار لـە بەرزاییەکـەوە هەوڵمـدا دابەزمـە لێـواری دەریاکـە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی شـوێنەکە بەردیـن بـوو زەحمەتیـم کێشـا، هەندێـک جـار لەسـەر گاشـەبەردەکان خـۆم هەڵـدەدا هەندێـک جاریـش بـە خـۆ گرتـن دادەبەزیـم تـا لە کۆتاییـدا گەیشـتمە بەردێـک کـە شـەپۆلەکانی بەردەکەوتـن، دانیشـتم.

ڕۆژ خەریکـە ئـاوا دەبێـت. وا دیـارە ڕۆژ لـە بەیـروت بـە جۆرێکـی تـر ئـاوا دەبێـت، لـەم شـوێنەوەی کـە لێـی دانیشـتبووم، سـەیری ئاوابوونیـم دەکـرد، وەک سـینییەکی سـوور مەترێـک لـە ئاوەکـە بەرزتـر بـوو، یەکـەم جـارم بـوو ئـەو ڕۆژە گەورەیـە وا بـە بچووکـی دەبینـم و لـەو دەریـا گەورەیـەدا توانـەوەی ڕۆژ دەبیـنرا. بـەرە بـەرە خۆرەکـە بـە قـەد ئاوێنەیەکـی گیرفانی لێهـات و دواتـر نەمـا، دوای ئەو تەنهـا زۆنێکـی سـوور مایـەوە.

ماوەیەکـی درێـژ لەسـەر گاشـەبەردی کەنـار دەریاکـە دانیشـتم و سـەیری شـەپۆلەکانم دەکـرد کـە لـە بـەردەکان دەدەن. لە زینـدان لە خوێندنـەوەی ڕۆمانی

"پەپولە " چێـژی سـەیرکردنی شـەپۆلەکانم وەرگرتبـوو، شـەش مانـگ لەمەوبـەر لە (ریـۆ دی جانیـرۆ) لـە کەنـاری زەریای ئەتلەس ماوەیەکی زۆر سـەیری شـەپۆلەکانم کردبـوو، قارەمانـی ڕۆمانـی فەرەنسـی (سـزادراوی سـەوڵ لێـدان)م بیر هاتـەوە. لە بەیـروت زیاتـر لـە پەپولـە دەچـووم، ئیـدی لێـرە هەڵاتوویـەک بـووم منیـش وەک پەپولـە ماوەیەکـی زۆر لـە زیندان خەوتبـووم، چەندین جار هەوڵـی هەڵاتنم داوەو گیـراوم. ئـەوە دواییـن هەڵاتنـم بـوو، پەپوولە هەوڵی دابـوو بە پڕکردنـی گونیەیەک لـە گوێـزی هینـدی لـە ڕییانـەوە لـە دوورگەیـەک بپەڕێتـەوە بـۆ دورگەیەکیـتر، خـۆ نەمدەتوانـی لـە بەیـروت گونیەیەک پڕبکـەم لە گوێزی هینـدی و بپەڕمەوە قوبرس! بەیـروت گوێـزی هـەر لـێ نییـە، بیـرم دەکـردەوەو سـەیری شـەپۆلەکانم دەکـرد، یـەک لـە دوای یـەک وەک ڕێـزی سـەربازەکان ڕیز دەبوون، هێرشـیان دەکردە سـەر وشـکانییەکە، یەکـەم شـەپۆلە بچووکـەکان، دواتـر شـەپۆلێکی مـەزن دەگەیشـتە سـەر وشـکانییەکە لێیـدەدا ئـاوی سـپی وەک شـیر، بـە نزیکەیـی دوو مەتـر بـەرز دەبـووەوە، سـەری بەردەکان سـپی سـپی دەبـوون دواتر بە پەلـە دەگەڕایەوە دواوە ڕەنگـە شـینەکەی، بـێ وەسـتان و ماندوبـوون ئـەو هات و چۆیـە بـەردەوام دەبوو، کـێ دەزانـی ئـەو شـەپۆلانە ڕۆژێ چەنـد جار ئـاوا هێرش دەکەنە سـەر بـەردەکان؟ بەردەکانیـش لـە ڕقـان بەرگـە دەگـرن، لـەو شـەڕەی چەندیـن چاخـە بەردەوامـە، شـەپۆلە نەرمـەکان بـەردە ڕەقەکانیـان تاشـیوە، بـەو جـۆرەی کـە دەیانەوێـت نەخشـاندوویانن، ئـەو دۆخـە هـەر زوو بەرچـاو دەکەوێـت. بەخـۆم دەگـووت ئەمـەش جەنگـی دڵڕەقـی سروشـتە شـەپۆلەکان و بەردەکانـم تەنها جێ دەهێشـت و هەوڵـم دەدا کـە چارەسـەری دەردی خـۆم بکـەم.

سـەرەتا هەوڵـم دا شـوێنێک بـۆ خەوتـن بدۆزمـەوە، بەخـۆم دەگـوت " هـەوا گەرمـە، دەتوانـم لـە کەنـار دەریا بخـەوم" هەرچەنـدە لە دەریـاوە بەرەو وشـکانی سروەیەکـی شـێدار و هەڵگـری بۆنـی دەریـا هەبـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا وشـکانییەکە گـەرم بـوو، بـەرەو چاڵأییـەک دەچـووم، چومـە سـەر بەرزاییـەک و

www.arsivakurdi.org



دەمڕوانیە چاڵاییەکە. ماوەیەک لەمەوبەر لێرە ئۆتۆمبێلێک گلۆر بووەتەوە خوارەوە، بۆدییەکەی بە کەڵک نەماوە و نیوەی سەرەکەی لێبووەتەوە، کێ دەزانێت ئاخۆ لەم ئۆتۆمبێلەدا چەند کەس گیانی لەدەست داوە؟ ئایە شوفێرەکە پیاو بووە، یا ئافرەت؟ یاخود دوو هاوسەر بوون، یاخود خانەوادەیەک بوون کە بە تەواوی لەناو چوون؟ ئایا لەتەک قوربانییە گەورەکان منداڵ هەبووە؟ رەنگە لەگەڵ ئافرەتەکە منداڵە بچووکەکانی گیانیان لەدەست دابێت، پیاوەکەی وەکو من بە تەنها ماوەتەوە؟ دەبێ هێشتا لە ژیان مابێت؟ ئەگەر لە ژیاندا ماوە لە کوێیە؟ بەو پرسیارانەی مێشکمەوە بەرەو چاڵەکە دەچووم. سەیری ئۆتۆمبێلەکەم دەکرد، کوشینی پشتەوەی بە کەڵکم دێ، هەر خۆی لێ ببوەوە، دوای کەمێک خەریکبوون دەرمهێنا، ئەوەندە نەرمە کە لەسەری درێژ بم و بخەوم، بەڵام پیس و تۆزاوییە. یەکسەر بە ئاوی دەریا شوشتم. بووم بە خاوەنی پێخەفێکی بریسکە داری رەنگ قاوەیی لە پێست دروست کراوی جوان.

پێخەفەکەم دەگرمە باوەش و بە قوڵایی چاڵەکەدا تێپەڕ دەبم، پێخەفەکەم لەسەر گاشەبەردێک جێهێشت بەدوای جێگایەک دەگەڕام کە شەو لێی بحەوێمەوە ئەشکەوتێکم دۆزیەوە کە پێشتووتر شەپۆلەکان قوڵیان کردبوو، بەڵام ئێستا شەپۆلی پێ ناگات، دەکرێت ناوی لێ بنرێت کلۆری چوومە ژوورەوەو هەڵمسەنگاند. سەیرم دەکرد تا بزانم مار، دووپشک، یا کوندەپەپوی لێیە یان نا، کاتێک گەیشتمە ئەو ئەنجامەی بەدوای دا دەگەڕام، پێخەفەکەم هەڵگرت و هێنامە ئێرە، لە شوێنە لارەکان بەردم دادەنا و پێخەفەکەم ڕێک دەخست. لەسەر پشت لەسەر پێخەفەکەم پاڵکەوتم و هەردوو دەستم خستە ژێر سەرمەوە چاوەکانم بڕییە دەریای پان و بەرین، گوێم لە دەنگی شەپۆلەکان گرتووە کە لە گاشەبەردەکان دەدەن، بۆ خۆم بووم بە خاوەنی ژوورێک بە پێخەفێکی جلدییەوە، تەنها کێشەی ئاو و خۆراکم ماوەتەوە، دوو مەتر لەولاترم دەریا بوو منیش بێ ئاو بووم، ئێستا باشتر تێدەگەم واتای چبیە لە رۆخی ئاودا

www.arsivakurdi.org

بـێ ئـاو بیت.

ئاخـۆ دەمتوانـی چەنـد ڕۆژ بـە ١٤ هەزار لیـرەی لوبنانی گیرفانـم ڕێ بکەم؟ ١٤ هـەزار لیـرەی لوبنانـی دەیکـردە ١٤ مارکـی ئەڵمانـی، بـە ١٤ مـارک چـی دەکرێت؟ چەنـد سـەموونێک، یـەک دوو کیلـۆ تەماتـە، چەنـد بوتڵێـک ئـاو. ئـەی دوای ئەوە؟ دوای ئـەوە نادیـارە! جزدانەکـەم دەردەهێنـم و هەزارییەکانـم دەژمێـرم، سـەیری بەشـی پارە وردەکان دەکەم. ١٢ مارک و ٢٩ فەنیک دەژمێرم. بەڵام وا بیردەکەمەوە کـە پـارەی ئاسـنی ئەڵمانـی لـە لوبنـان ناچێـت پارەکانـم دەخەمـەوە جزدانەکـە و دەیخەمـەوە گیرفانـم، بـەرە بـەرە دونیـا بـەرەو تاریکـی دەچێـت، دەریـاش وەک دونیاکـە، چاوەکانـم دادەخـەم و گـوێ لـە میوزیکـی شـەپۆلەکان دەگرم، ڕۆبنسـۆن کروسـۆ دێتـە خەیاڵـم، پێدەکەنـم و بەخۆمـم گۆت " بـەڵام خۆ من وەک ڕۆبنسـۆن نیم ".

ئـەو لـە دوورگەیەکـی گـەورەو گـران بـوو، ئەفەنـدی دورگەکـە و خاوەنـی بوو، هەمـوو میـوەو ئاژەڵەکانـی دوورگەکـە موڵکـی ئـەو بـوون. لـە بەیروت بـەر لە من هەمـوو شـتێک دابـەش کـراوە، کوچـەکان، باڵەخانـەکان، ئۆتۆمبێلـەکان، ئاژەڵەکان، چۆلەکـەکان، ئاویـش خاوەنـی هەبـوو، ئـەوەی منیـش دەمتوانـی بڵێـم هـی منـە جلێکـی ژێـرەوە، کراسـێک، پانتۆڵێـک، پێڵاوێـک، کاتژمێک، پێخەفێک کە لە کوشـنی ئۆتۆمبێـل دەسـتم کەوتبوو، ١٤ هـەزار لیرەی لوبنانی، ١٢ مـارک و ٢٩ فەنیک پارەم هەبوو.

کاتێـک لـە سـاڵی ١٩٧٤ بەشـداری خەباتـی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کوردستانیشـم کـرد، ئەوانـەی خاوەنیـان بـووم دووبـارە هـەر ئەوانە بـوون. دوای ١٩ سـاڵ دووبارە هیـچ شـتێکم نییـە! لایەنە خراپەکەشـی ئەوەیە کە لـە وڵاتێکی دوورم، لـە بەردەمم دەریـا هەیـە، ناتوانـم بـۆ جێگایەک بچم، ئەگەر بـە پێ بپەڕمەوە سـووریا دەگیرێم. ئەگـەر بپەڕمـەوە ئـوردن لەوێـوە بۆ کـوێ دەچـم؟ بێچـارەم، وەڵامی ئەو پرسـیارانە نادۆزمـەوە کـە لـە خۆمی دەکەم. بگەڕێمەوە ئەو شـوێنەی لێوە هاتم، ئەو پرسـیارە

www.arsivakurdi.org

هـەر پێویسـت نییـە لـە خۆمـی بکـەم. چونکـە دوای بیرکردنەوەیەکـی زۆر، بڕیاری هەڵاتنـم دابـوو و هەڵاتـم، ناتوانـم بچمـە تورکیـا، ناتوانـم بچمـە وڵاتێـک کـە ١٩ سـاڵ دژی ڕژێـم و دەسـەڵاتەکەی شـەڕم کـردووە و ئەشـکەنجە دراوم، نەفرەتـم لێ کـراوە، ملـم کەچ نەکـردووە. ئەسـتەمە بتوانم بەتەنهـا بچمە کوردسـتان، ئەگەریش چـووم چـۆن دەژیـم؟ کەسـێکی نایاسـاییم لەگـەڵ ڕێبـەری مـەزن کەوتومەتـە نـاو دژایەتییەکـی قووڵـەوە، نـە لەگـەڵ دەوڵـەت و نـە لەگـەڵ گەریلا دەمتوانـی بژیم.

هەردووکیـان ئایدیۆلۆژیـای فەرمییان[٤] هەیـە. دەوڵـەت بـێ قەیـد و شـەرت هەوڵـی بـە سـیخوڕ کردنـم دەدات، لەکاتێـکدا کـە مـن ١٩ سـاڵ خەباتـم کـرد تـا ئـەوەی ئایدیۆلۆژیایـی فەرمـی دەیڵێـت جێبەجێـی نەکـەم، لەنـاو گەریلاشـدا هـەر ئایدیۆلۆژیای فەرمییان بۆ پێشـنیاز کردم. من لە دژی ئایدیۆلۆژیا فەرمییەکانم، یەک هەڵبژاردنـم هەبـوو ئەویـش پەڕینـەوە بوو بۆ ئەورووپا. بۆ ئەویشـیان پێویسـتم بە سـێ شـت هەیـە، پەسـاپۆرت، ڤیزا و پـارە. بەڵام ئەو سـێیەیان هیچـی لای من نییە. باشـە دەتوانـم چـی بکـەم؟ بیردەکەمـەوە ئـەو وەڵامـەی حوسـێن بـە فاکـس بـۆم دەنێرێـت لـە مێشـکمدا دەسـوڕێتەوە، دەبـێ وەڵامی دابێتـەوە؟ ئێـوارە بچم یاخود چاوەڕێـی بەیانـی بکـەم؟ ناتوانـم تا بەیانـی چاوەڕێ بکـەم، ئارامیـم نامێنێت، خەو ناچێتە چاوم، دڵتوندی باڵ دەکێشـێتە سـەرم، چاوەڕوانی ئومێدێکم لە فاکسـەکەوە، ئومێدەکـە نیـو کاتژمێـر لێـم دوورە، چـۆن دەتوانـم بخـەوم، هەڵدەسـتم و بـەرەو هۆتێلەکـە بـەڕێ دەکـەوم. ئۆتۆمۆبێلـەکان گلۆپەکانیـان داگیرسـاندووە و بـە تیـژی بەلامـەوە تێپەڕدەبـن و مـن بـە هەنـگاوی خێـرا دەڕۆیشـتم. لـە پیاوێکـی پرسـگەم پرسـی کـە ئایـە هیچ فاکسـێک لـە ئەڵمانیا هاتـووە یان نـا. گوتی "نەخێـر". کەمێک لـە هۆڵـی هۆتێلەکـە دانیشـتم، لە کۆتایـی هۆڵەکـە خواردنگەیەکی لێ بـوو، پیاوان

٤ ئایدۆلۆژیای فەرمی : گفتوگۆی لەسەر ناکرێت. ڕەخنەی لێ ناگیرێت، ڕەخنە قبوڵ ناکات، ئەوەی ڕەخنەی لێ بگرێت یاخود لە دژی بوەستێت تۆمەتی خیانەتکاری دەدرێتە پاڵ، سزا دەدرێت و دەکوژرێت. ئایدۆلۆژیایی دەسەڵاتدار جیاوازە لە ئایدۆلۆژیای فەرمی، بەرگەی ڕەخنە دەگرێت، ڕەخنەگرەکانی سزا نادات، تۆمەتی خیانەتکاریان نادەتە پاڵ.

www.arsivakurdi.org

و ئافرەتان شامپانیایان دەکردەوە، بە قاقای بەرزەوە پێدەکەنین، خزمەتگوزارە سپی پۆشەکان بە گالیسکەکانەوە گۆشتی برژاو و شوتی پاک کراوەیان بۆ دەبردن، منیش بە سکی برسییەوە بە تامەزرۆییەوە سەیرم دەکردن، کاتێک لە فاکسەکە بێ ئومێد بووم لە هۆتێلەکە هاتمە دەرەوە. بە دوای دوکانێکی بەقاڵیدا دەگەڕام و دۆزیمەوە. دوو سەموون و بتڵیکی گەورە ئاوم کڕی، هەزار لیرەم پێ دا و بەڕێ کەوتمەوە، کاتژمێر دە گەیشتمەوە ئەو ژوورە تاکە کەسییەی وەک چۆن بڵێی دەریا بۆمنی کۆڵیوە. یەکەم جار قومێکم لە ئاوە ساردەکە دا، دواتر سەمون و ئاوم خوارد، دوای نان خواردن سەیری دەریام دەکرد لە دوورەوە رووناکییەک بەر چلو دەکەوێت، بەڵێ، ئەوە کەشتییەکە! بەخۆمم دەگووت دەبێ بۆ کوێ بچێت؟ ئاخ ئەگەر دەمتوانی سەر ئەو کەشتییە بکەوم! من لە بەیروت بباتە دەرەوە، لە هەر شوێنێک فرێم دەدات با فڕێم بدات!! بەڵام چۆن دەتوانم سواری کەشتییەکە بم؟ خۆ بەبێ پاسپۆرت و پارە ناتوانم سەر کەشتی بکەوم! ئەگەر دواتر پارەم دەست بکەوێت، بە بەلەمێکی بچوک دەپەڕمەوە بۆ قوبرس، خۆ ئەوە کارێکی گران نییە؟ چاوم لەسەر کەشتییە دوورەکەیە و بیر لە گریمانە جیاجیاکان دەکەمەوە، لەسەر پێخەفەکەم پاڵدەکەوم، بەڵام خەو ناچێتە چاوم، لە مێشکمدا لێپێچینەوەی خەباتی ٢٠ ساڵەم لە خۆم دەکرد، بیرم لە هاوڕێ و براکانی خەباتم دەکردەوە.

ڕێبەری مەزن دەڵێت " سەلیم ڕایکرد " بەڵام کەسانێکیش دەپرسن "بۆچی ڕایکرد؟" ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەڵێت " سەلیم رووخا، ئیدی نەیتوانی چیدی بەردەوام بێت لە خەبات" ڕاستیەکان دەگۆڕێت و پێچەوانەی دەکاتەوە. هەر خۆی هەموو مەعریفەتەکەی ئەوەیە."گۆڕینی ڕاستییەکان، سەراوژێرکردنی، بەهیچ ژماردنی مێژوو، دانانی درۆ لە جێگای ڕاستی"، هەر بۆیە پێی دەڵێم ئایدیۆلۆژیای فەرمی، ئەو جۆرە ئایدیۆلۆژیا فەرمیانە کاریگەری لەسەر خەڵکی دواکەوتوو و بەشێکی دیاری کراوی مێژوو دەکەن، خەڵکی دواکەوتوو لە

ڕاستیەکان زیاتر لە باوەڕکردن بە درۆ نزیکە، بەڵام ڕابردوو لەناو نابردرێت، مێژوو ماوەیەکی درێژ ناگۆڕدرێت، تەمەنی درۆ درێژ نابێت، ئایدیۆلۆژیای فەرمی تاهەتایی (ئەبەدی) نابێت، دوای ماوەیەکی کورت بۆگەنەکەی بڵاودەبێتەوە، لەگەڵ خۆیدا ئەو ڕێکخستنەی ئەنجامی دابوو دەیڕووخێنێت، من ڕامکرد، لە زیندانی ئایدیۆلۆژیای فەرمی ڕامکرد، ئەو بەندینخانەیە لەگەڵ دەستبەسەرکردنی لەشم هەوڵی دەستبەسەرکردنی مێشکمیشی دەدا، من بۆ دەست بەسەر نەبوونی مێشکم ڕامکرد، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیا فەرمییە رامکرد کە دەیویست درۆکان بەمن پشتڕاست بکاتەوە و بیخاتە بەردەمی هەمووانەوە. گۆشتخۆر (مرۆڤخۆرەکان) و خواردنی گۆشتی مرۆڤم بەچاوەکانم بینی، رامکرد چونکە تێگەیشتم کە لە خەیاڵیکدا دەژیام، ڕامکرد تا ڕاستییەکان ئاشکرا بکەم، ئەوەی خەڵکەکەم دوای ماوەیەکی زۆر درێژ دەیبینێت و دەیڵێت زۆر لە پێشی ئەو من ئەوڕۆ بیڵێم، ڕامکرد تا ڕاستییەکان بە شاراوەیی نەمێننەوە، تا درۆیەکان شوێنی ڕاستییەکان نەگرنەوە، رامکرد تا نەوەکانی داهاتوو تف لە ڕووی من نەکەن، لە ڕووی ماستاوچییەکانی ئەمڕۆ بکەن.

ڕامکرد تا لە داهاتوودا نەکەومە نێو دۆخی جەنەڕاڵەکانی ستالین، ڕامکرد چونکە هەستم بە ئازاری ویژدان دەکرد لە بەرانبەر چارەنووسی ئەو هاوڕێیانەم کە کوژران و تۆمەتی خیانەتکاریان درایە پاڵ لە لایەن ئایدیۆلۆژیای فەرمییەوە، ڕامکرد تا بێدەنگ نەبم لە بەرانبەر کوشتنی ئەو هاوڕێیانەم کە لە داهاتوودا بێ تاوان دەکوژرێن، ڕامکرد تا درۆکان لەوە زیاتر کاریگەری لەسەر چینەکان دروست نەکەن رابردوو هیچ هەژمار نەکەن و لەناوی نەبەن، تا ئەو دیکتاتۆرییەتە چیتر بەهێزتر نەبێت کە شۆڕشگێڕ و بەرە بەرە خەڵکەکەش لەناو نەبات. ڕامکرد تا لەوە زیاتر درۆ لەگەڵ گەلەکەم نەکەم، تا چیتر مرۆڤەکان نەخەڵەتێنم ڕامکرد.

من بە بڕواوە لە ساڵی ١٩٧٤ چوومە ڕیزی پەکەکەوە، کاتێک کەس لە

www.arsivakurdi.org

کوردستان بڕوای بە پەکەکە نەبوو، ئەمڕۆ ئەو پەکەکەیە زۆر کەس بڕوای پێ دەکات من بە هۆکار ئیدی بڕوای پێ ناکەم، کە ڕامکرد ئەوە بەو مانایە نایەت کە من "گۆڕاوم" من بە وازهێنان لە بیروباوەڕمەوە نەگۆڕاوم، بەپێچەوانەوە زانیارییەکانم، ئەزموونم، لەگەڵ ئەواندا مکوڕبوونیشم زیادی کرد. هەروەک لە سەرەتای دەست بە خەبات کردنم، ئەمڕۆش باوەڕم وایە گەلی کورد بە بەکارهێنانی هێزی خودی خۆی، بە ئیرادەی ئازادانەی سەربەخۆیی خۆی بەدەست دەهێنێت، بەڵام ئەوەی گۆڕاوە لەو نێوەندەدا شتێک هەیە سەراوژێر بووە، پەکەکە! باڵی پەکەکە سەراوژێر کراوە، پەکەکە ئیدی پەکەکە نییە. ئەمڕۆ لەو نێوەندەدا پارتییێکی وا بوونی نییە، ڕێبەری مەزن لەو نێوەندەدا پەکەکەی لەناوبردووە، خۆی لە ناوبردووە، خۆی لەجێگای پەکەکە داناوە. ئیرادەی گەل ڕێبەری نەتەوە و پارتیەکە نییە، ڕێبەری مەزنمانە. هەر بڕیارێکی ڕێبەری مەزن هاوکات بڕیاری گەلە، ڕێبەری مەزن بیرۆکەی خۆی (بە ویستی خۆی ) شۆڕشی بۆ دارشتووین. لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز[٥] ئەو وانەیەی زیاتر دەخوێندرا پەیوەندیدار بوو بە "ڕێبەری پارتی". لە کاتێک کە باوەڕم پێ نەبوو، منیش بە ناچاری ئەو وانەیەم گوتووەتەوە، ئەرکی من ڕاستییەکان و یا گوتنەوەی ڕێگای ڕاست نەبوو. دووبارەکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای فەرمی بوو، دەمانگوت "رابەرایەتی پارتی دەزگایەکە " ئاوا پێمانیان فەرموو بوو، ئێمەش دووبارەمان دەکردەوە، دەبوو بڵێین "ئەو دەزگایە ئیرادەی هەموو گەلە".

ئێستا لە ئەنجامدا تەنانەت ئەو شۆڕشانەش کە بەدڵمان نین، دووبارە بەرەو سیستەمی سەرمایەداری دەچن، بە کەم و کوڕی، هەڵە و دژە دیموکراسی پێناسەیان دەکەین، پارتیەکان وەک دەزگای پێشڕەوی چین و توێژەکان بوون واتا ئەوانەی دەژین، قسە دەکەن، دەبینن، درک بە هەڵە و کەموکورتییەکان

٥ ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز: لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٩١ چوومە ئەوێ تا ئاداری ١٩٩٢ تییایدا مامەوە. نزیکەی شەش مانگ وانەم بە قوتابییەکانی ئەکادیمیا گوتووەتەوە.

www.arsivakurdi.org

دەکەن، دەتوانن بڕیار بدەن، ئەو مرۆڤانەی دەتوانن تانە لە بڕیارە هەڵەکان بدەن، تاقمەکان بوون و رابەرایەتی چینەکانیان دەکرد، لای ئێمەش مردووەکان! ئەو مردووانەی ناتوانن هەڵەکان ببینن، درکی پێ بکەن گوێبیست بن، بڕیار بدەن و تانە بگرن! واتا شەهیدەکان لە دەزگای سەرکردایەتی شوێنیان گرتووە، لایەنە سەیرەکەی کارەکەش ئەوەیە لەو دەزگایەی کە هەزارەها شەهیدی تێدایە بە تەنها ڕێبەری مەزنمان لە ژیاندایە ئەو پەیوەندی لەگەڵ شەهیدەکان هەیە! بەڵکو ئەوە ناچێتە ئەقڵی ئێمەی کۆیلە. دەبێت ڕێبەری مەزنمان چەند لایەنێکی خودایی هەبێت کە ئێمەی کۆیلە نایبینین و نایزانین ( چونکە هەموو شتێک بۆ ئێمەی کۆیلە ئاشکرا نییە!) ڕەنگە بەر لە بڕیاردانیش گشت شەهیدەکان بۆ لای خۆی، بۆ مەقامی بەرزی بانگ بکات و بڵێت " هەڤاڵەکانم، ئێوە لەو دونیان، ڕەنگە ئاگادار نەبن لە دونیای ئێمە چی دەگوزەرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من ئێوەم لەبیر نەکردووە، هەمووتانم بردووەتە دەزگای سەرکردایەتی، بۆچوونتان سەبارەت بەم بابەتە بڵێن با بەیەکەوە بڕیار بدەین." بەڵکو کەمال پیر، مەزڵوم دۆغان و یا محەمەد خەیری دورموش[٦] وایان قسە لەگەڵ کردووە: "هەڤاڵ عبداللە، کاتێک ئێمە لەوێ بووین دەزگایەکی وا بوونی نەبوو، ئەوکاتیش شەهیدمان هەبوو، بەڵام بڕیارەکان لە لایەن ئێمەی زیندووەکانەوە دەردەچوون، ئێستا ئێمە لێرەین، ئێوە لەوێن، لەسەر بابەتێک کە زانیاریمان دەربارەی نییە بۆچوون دان و بەیەکەوە بڕیاردانمان ڕاست نییە. ئەگەر لەگەڵ هاوڕێ زیندووەکان گفتوگۆ بکەیت و بۆچوونی ئەوان وەرگریت و بەیەکەوە بڕیار بدەن، ئایا باشتر نابێت؟" لەبەرامبەر ئەو وشانە ڕێبەی مەزنمان چەندە ڕقی هەڵساوە دەزانم.

وابیر دەکەمەوە کە ئەو وتارەی بۆیان خوێندبێتەوە، (هەمان وتاری بۆ ئێمەی

---

٦ کەمال پیر، مەزڵوم دۆغان یاخود محەمەد خەیری دورموش ڕابەرایەتی شەڕی بەرەنگارییان کرد لە زیندانی دیاربەکر لە ساڵی ١٩٩٢ لە دژی سەربازی فاشیزم و شەهید بوون، ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی پەکەکە بوون.

www.arsivakurdi.org



لـە زینـدان دەرچـوو خوێندبـووەوە کـە هاتبووینـە ئەکادیمیـا و شـارەزای پێگـەی ڕێبـەری مـەزن نەبوویـن) مـن ئـەوەی لـە وتەکـەی ئـەو تێگەیشـتم یاخـود ئەوەی کـە ئـەو دەیەویسـت بۆمانـی باس بـکات لە زمانـی ڕێبـەری مەزنەوە دەینووسـم و ئێوە لەگـەڵ ئـەو تەنهـا جـێ دەهێڵـم: " وا دیـارە، ئێـوە درەنـگ ماونەتـەوە، هـەر خـۆی خەیـری لـە کۆنـدا گوتبـووی (ئێمـە نەمانتوانـی پێـمان لەگـەڵ هەنگاوەکانی ئـەو ڕێـک بخەیـن.) وتەیەکـی ڕاسـت بـوو، لـە سـەرەتادا دەبـێ شـێوازتان بگـۆڕن، بەمـن دەڵێـن هەڤـاڵ عەبدوڵـڵا ئـەوە شـێوازی پەکەکـە نییـە، بـە گوتنـی هەڤـاڵ عەبدوڵـڵا مـن دادەبەزێنـن بـۆ پلـەی خۆتـان، بڵێـن ڕێبـەر و مـن پێـش بخـەن، دەبـێ فێربـن کـە بڵێـن ڕێبـەر، دوای شـەهیدبوونی ئێـوە زۆر شـت گـۆڕا، مـن لـە نەبوونـەوە هێنامـە کایـەوە، مـن گیانمدا بە مـردوو، ئـەوەی نەیدەتوانی قسـەبکات مـن هێناومـە ئاخاوتـن، مـن ئـەوەی کوێـرە چـاو و ئـەوەی کـەڕە گوێم پێـی دا، من لـە جێگایـەک کـە بە قـەد نوکـی دەرزییەکە، بـە قەد شـاخێک توانام دروسـت کرد، مـن بـەرز بوومـەوە، مـن بەتەنها لـە دژی هەمـوو دەوڵەتە ئیمپریالیسـتەکان شـەڕ دەکـەم، هیـچ کەسـێک تا ئێسـتا لە مـن نەگەیشـتووە، مـن چوومە ئاسـمانەکانەوە، ئـا سـەیرکەن هـەر یەکێکتانـم لـە شـوێنێکی دونیـا کۆکردووەتـەوە، لێـرە لەگەڵتـان قسـە دەکەم .

" خـۆ کـە ئێـوە لـە ژیانـدا مابـوون مـن ئـەو تایبەتمەندییانـەم نەبـوو! واز لـە چوونـە ئاسـمان بهێنـن، ئێـوە کاتێـک بـەر لـە کودەتاکـەی ١٢ی ئەیلوول لـە جورنە رەش و گـرێ سـۆر چەکتـان تەقاند، لەگـەڵ هەڤاڵ ئەدهەم بەزۆری سـنوورم بەزاند و خۆمـان ڕزگار کـرد. بـەڵام ئێسـتا لەگـەڵ ئێـوەی شـەهید قسـەدەکەم و بڕیـار دەدەم. ئەوانـە دەبینـن! ڕابەرایەتـی ئێمـە وایە لـە ڕابەرایەتی کـەس ناچێت، لەبەر ئـەوەی کەمێـک ڕێـزی ئێـوە دەگـرم، ئێـوەم هێنـا ئـەو دەزگایە!

" ئـەو ئەندامانـەی لـە ژیاندابـن ناتوانـن لـە دەزگای سـەرکردایەتی ئەنـدام بـن، ئـەو دەزگایـە دەزگایەکـی بـەرزە، ئەوانـەی لـە ژیانـدان هەمووانـم بچـووک

www.arsivakurdi.org



کردووەتـەوە، هـەر خۆی کەسـی وایـان تێدا نییە خاوەنـی ئـەو تایبەتمەندییانە بێت کـە بیهێنمـە ئـەو دەزگا بـەرزە، هەموویان ئاسـت نزمن، بەشـێکیان ڕایانکـرد، بوون بـە سـیخوڕی ئیمپریالـزم و نازانـم کـێ، هەندێـک دەرچـوو سـیخوڕی بولگاریـان، هەندێکیـان خۆیـان کوشـت هەندێکیـش لەلایەن ئێمەوە ئـەوە کران، ڕاسـتییەکەی نەیـان دەویسـت مـن بفـڕم بـۆ ئاسـمان و لەگەڵ ئێـوەی هەڤاڵـی ئازیـز پەیوەندیم هەبێـت، منیـش دەمویسـت بـەرز ببمـەوە بـۆ ئاسـمان ببـم بـە عیسـا، سـەیرم کرد لـە ڕێـگای ئاسـاییەوە نابێـت، ئەوانـەی منیـان نەدەپەرسـت کوشـتمن، رفاندمن، بە بەکارهێنانـی ڕێـگا تایبەتەکانـم بەرەو خۆکوشـتنم بـردن، ئەوانەش کـە ماونەوە ملم پـێ کـەچ کـردن! هـەر خـۆی ئەوانـەی ماونەتـەوە بەکەڵکـی هیـچ نایـەن، زۆر زۆر گەمـژەن، ناتوانن شـۆڕبایەک لە سـوتان ڕزگار بکـەن. هەردەم من بـەرز دەکەنەوە، لـە ڕاسـتیدا زۆر چێـژ لەمـە وەردەگـرم بـەڵام پێیـان دەڵێـم "واز لـە سـتایش کردنـی مـن بهێنـن و شـتێک بۆخۆتان ئەنجام بـدەن، کەمێک خۆتان بـەرز بکەنەوە، ئەرکی مـن بـەرز کردنـەوەی ئێوەیـە" بـاوەڕ دەکـەن. خـۆی لـە خۆیـدا تـەواو پێچەوانـە بـوو، ئەرکـی ئـەوان بـەرز کردنـەوەی مـن بـوو، ئەرکـی مـن نـزم کردنـەوەی ئەوان بـوو، لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی مـن، ئـەوان نـزم دەبوونـەوە، لەگـەڵ سـووکبوونەوەی ئـەوان مـن بەرزتـر دەبوومـەوە. ئـەوان بە شایسـتەترین شـێوە بچـووک دەکەمەوە و دەڵێـم "سەرسـەرینە، بـێ شـەڕەفینە، کـوڕی کـەر " ئەوانـە وەک تیـۆری دەخەمە بەردەمیـان، زۆر پێـی دڵخـۆش دەبـن. کاتێـک هەمـوو ئـەو جوێنانەیان پـێ دەدەم، دەڵێـن " ئێمـە لـە ئایەتەکانی ڕێبەر هێزێکـی زۆرمان وەرگرت." چـی بکەم کۆیلەیە بـە لێبووردەییـەوە هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ دەکـەم، ئەگینـا دەڵێـم " باشـە خوێـڕی کـوڕی خوێڕینـە، پێتانـم گـوت کەر کوڕی کـەر، ئەوەتـان خوێندەوە هێزتـان لە چی وەرگـرت؟" لەبـەر ئـەوەی بەخشـەرێکی گـەورەم، لـە بەندەکانـم خـۆش دەبم.

" دوای ئـەوەی ئێـوە مـردن، بەشـێک لـە زیندووەکانـم ئـەوە کـرد، هەندێکـم

ڕاپێچی خۆکوشتن کرد و ئەوانەی ماونەتەوە بە کۆیلەم کردن ئایەتەکان[٧] دەستیان پێ کرد بۆم دابەزین، هەر هەفتەیەک پەرتووکێك ئایەتیان بۆ دەڵێم، نووسەری سروشتەکانم ئەوەی دەیڵێم پیت بە پیت وەک خۆی دەینووسنەوە، سەدەها پەرتووك لەو ئایەتانە دەرچوون، هەر پەرتووکێک شۆڕشێکی هەڵگیرساند، بەندەکانم دەیخوێننەوە، بەڵام تێناگەن، تێدەگەن، بەڵام ئەوەی دەیڵێم ناتوانن جێبەجێی بکەن.

"تا ئێستا پێغەمبەرەکان یەکەی تەنها یەک پەرتووکیان هەبووە، ڕاستییەکەی لە نێو ئەوانەی پەرتووکیشیان نەبووە، پێغەمبەر دەرکەوتووە، بەڵام من پێشی هەموویان کەوتمەوە، ئێستا ملیۆنان کەس هەیە کە من دەپەرستێ، بەدوام کەوتوون، زۆر جوان ئەدەبیاتیان بەسەردا دەکەم. بەڵێ، کەسایەتی شیی دەکەمەوە، هەر پەرتووکێکم ڕۆمانێکە، ئەوانەی یەشار کەمال دەیانووسێت لە چاو ئەوەی من هیچ نییە. دەڵێم "یەشار کەمال تەنها چەتەیەکی ڕێگری گێڕاوەتەوە. خۆ من کەسایەتیەکە شیی دەکەمەوە، دەیڕووخێنم و دووبارە دروستیان دەکەمەوە. بەڵێ، مرۆڤەکان دووبارە دەخوڵقێنمەوە، بە تەواوی واتای وشە دەیخوڵقێنم. مرۆڤ دەخوڵقێنم هیچ بۆم کارێکی زەحمەت نییە، کردنی ئەو کارانە پێشتر ئەرکی خوداکان بووە ئێستا من دەیکەم، پێشتر زۆر حەزم دەکرد بزانم خوداکان چۆن مرۆڤەکان دەخوڵقێنن، دەرچوو زۆر کارێکی سادەیە، ڕێگا و چۆنیەتییەکەی دەبێت بزانی ئەوەی تر دێتە بواری منەوە، بە هەموو

٧ وتارەکانی ئاپۆ ناو دەنرێت " شیکردنەوە " من لە شوێنی وشەی شیکردنەوە، ئایەت بەکار دەهێنم. بە وتەکانی قورئان دەگوترێت ئایەت، ئایەتەکان وتەی خودان. ئایەتەکان گفتوگۆیان لەسەر ناکرێت، ڕەخنەی لێ ناگیرێت، گومانی لێ ناکرێت، ئیمانی پێ دەهێنرێت. شیکردنەوەکانی ئاپۆش لای بەندەکانی وەک ئایەتەکانی قورئان وان گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، ناگۆڕێت، ڕەخنەی لێ ناگیرێت، بڕوای پێ دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت. ئەوەی باوەڕی بە قورئان نییە پێی دەڵێن کافر و ئەوەی بڕوای پێ هەیە و جێبەجێ ناکات موناففقە . لەناو کۆیلەکانی ئاپۆدا ئەوەی بڕوای بە ئایەتەکانی ئاپۆ نەبێت خیانەتکارە، ئەوەی وا خۆی دەردەخا کە بڕوای پێ هەیە و ئەوەی پێویستە نایکات سیخوڕی کارلێکراوی پێ دەڵێن. بەپێی یاساکانی شەریعەت کوشتنی کافر و مونافیقەکان واجبە. بەپێی ئایەتەکانی ئاپۆش کوشتنی خیانەتکارو سیخوڕی کارلێکراو واجبە.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

هێـز و حوکمداریمـەوە پڕیـان دەکـەم: "تـۆ ببـە بەسـیخوڕی کارلێکراو، تـۆ کۆیلەی کەمالیزمـی، تـۆ کەسـێکی کە ڕێکخسـتن دروسـتی کـردووی، تۆ سـووکی، تـۆ غافڵی، تـۆ خەبـەرت نابێتـەوە، ئـەو ڕاسـتییەی تـۆ لێـی دەژیـت ڕاسـتیی تـۆ نییـە، تـۆ بـەو حاڵەتـەوە هیچێکـی! ئەوانـەی تـازە هاتـووون، ئاقـڵ ئاقڵ گوێـم لـێ دەگـرن.

" ئەوەیـان هێناومەتـە ئـەو حاڵەتـەی کـە ببێـت بـە کۆیلـە، غافـڵ، خەبـەر نەبـووەوە، نـزم، سـیخوڕ، بـە مۆڵـەت وەرگرتـن لـە منـەوە قسـەبکات و بـووە بـە هیچێـک دەڵێـت: " هـەر وەک ڕابەرایەتـی دەڵێت: بەڕاسـتی ئێمە سـووکین، بووین بـە هیـچ، کارت لـێ کـراوە و کراویـت بـە سـیخوڕ، بۆچـی لەنـاو ئێمە ئەفسـەرێک، ڕێبەرێکـی بـاش دەرناکەوێـت؟ بۆچی ڕابەرایەتی لـە هەمووومان زیاتـر کار دەکات؟ بەتەنهـا هـەم ڕابەرایەتـی سـتراتیژی و هـەم ڕابەرایەتـی تاکتیکـی بەڕێـوە دەبـات. ڕۆژانـە گرنگـی بـە هەموومان دەدات، ئێمـە ڕۆژانە گرنگی بە چەنـد کەس دەدەین و بۆخۆمانـی ڕادەکێشـین؟ بـا جارێـک سـەیری نێوان خۆمـان و رابەر بکەیـن، رابەر لـە لوتکـەی شـاخی ئاگرییـە و ئێمـە گشـتمان نەگەیشـتووین بـە ڕۆخـی چیاکە."

" مافـی قسـەکردن زۆر دەدەم بـە بەندەکانم، بەڵام ناتوانن قسـە بکەن، ناتوانن چەنـد وشـەیەک بەیەکـەوە کـۆ بکەنەوە، زۆر گەمژەن، زۆر سـووکن، هەر من قسـە دەکـەم ئەوانیـش گـوێ دەگـرن، ڕۆژنامەنووسـێکی ئافرەتـی ئەڵمانـی هاتـە ئێرە، گوتـی: "لـە جیهانـدا کـەس نییە بەقەد تـۆ مۆنۆلۆگ بـکات." من چی بکـەم پیاوێک نییـە لـە بەرامبـەرم بئاخڤێـت، گوتـم کۆمەڵـگای ئێمـە ئـاوا بـێ زمـان کـراوە، خـۆ ئافرەتەکـە نەیدەزانـی مـن ئـەوەی قسـە بـکات و بیربکاتـەوە بێدەنگـم کـردووە، پێویسـت بـوو بـێ دەنگـی بکـەم، چونکـە خوداوەنـد دەفەرمـووێ بەنـدە دەڵـێ ئامیـن. "ئـەوەی بەنـدەی مـن بێـت، تەنهـا دەتوانێـت وتـەی مـن دووبـارە بکاتەوە و مـن بـەو وشـانەی خـۆم بـەکاری دێنـم بە چـاک وەسـف دەکات. جگە لـە بیرۆکە دۆزینـەوە، هێنانـە سـەر زاری ئـەوەی بیـری لـێ کردووەتـەوە، موناففقییـە، هـەر خـۆی مـن وام لـە مێشـکی بەندەکانـم کردووە کـە لە شـوێنی ئەوەی بیـر بکەنەوە،

www.arsivakurdi.org

بیرکردنەوەکانی مـن دووبـارە دەکەنـەوە، بۆیـە ئەگـەر بیـر بکەنـەوە، بەهەمـان جـۆر بیـر دەکەنـەوە، کاتێـک دەنووسـن بـە هەمـان شـێوە دەنوسـن، کاتێـک قسـە دەکـەن بـە هەمـان جـۆر قسـە دەکـەن. ئـەوە ڕێگایەکـی زۆر باشـە، بزانـن چـۆن مرۆڤـەکان یـەک جـۆر دەخوڵقێندرێ. ئـەوە نموونەی ئـەو کۆمەڵگا یـەک جۆرییەیە کـە هـەوڵ دەدەم بیخوڵقێنـم، کاتێـک بیـری جیـاواز نەبێـت، کێشـە، کێشـمەکێش، شـەڕە قسـە دروسـت نابێـت. لـە دژی مـن ئۆپۆزسـیۆنیش ناخوڵقێـت. مـن دەڵێم و ئـەوان دووبـارەی دەکەنـەوە، ئـاوا دەبێـت بـە بیـروڕای گشـتی، بـا بە روونتر باسـی بکـەم، مـن بەتاقـی تەنیا بیرۆکـە دەدۆزمەوە، کاتێـک بەندەکانم هەمـوو بەیەکەوە دووبـارەی دەکەنـەوە دەبیـت بە بیروڕای گشـتی، ئاوا باشـترە! کاروبـارەکان بەڕێوە دەچـن یـان نـا؟ مـن سـەیری ئـەوە دەکـەم، هـەر خـۆی پێویسـت نـاکا بەنـدە بیربکاتـەوە. لەبەرانبـەر وتەکانـی خـودا بەنـدە بیرۆکـەی هەیـە؟

" مـن یاسـاکانی خـۆم داڕشـتوون، وتوومـە ئـەوەی وتارەکانـی من بەو وشـانەی کـە خـۆم بەکاریان دەهێنـم دووبارە نەکاتەوە، لەگەڵ شـێوازی پەکەکـە ناگونجێت، موناقفـە و لەسـەر ڕێچکـەی پارتیەکـە نییـە، بەندەکانـم لـە کاتـی وانـەی ئەکادیمیا دەتوانـن بە ڕووخسـەت وەرگرتن قسـەبکەن، بـەو ئاواهییە قسـەدەکەن کە ئەوەی مـن بۆیانـم شـەرح کـردووە دووبـارە بـۆ منـی شـەرح دەکەنـەوە، ئـەو ئازادیـی قسـەکردنەم، بۆیـە پێیـان داوە تـا قسـە بکـەن و خۆیـان بـەرەو پێـش ببـەن. بـەڵام کاتێـک مـن لـە وانـەکان بم پێویسـت ناکات ئـەوان زۆر قسـە بکەن، چونکـە ئەوی مـن بۆیانـم بـاس کردووە ئـەوان دووبـارە بۆمـی بـاس دەکەنەوە."

"پێویسـت دەکات زبـدە بفرۆشـیتە زبدەچـی؟ بێگومـان نەخێـر، یەکـەم پایەی بـوون بـە خواوەنـد ئەوەیـە: ڕێگرتـن لـە بیرکردنـەوەی بەنـدەکان، ئـەوەی پێیـان دەفەرمـووی دووبـارەی بکەنـەوەو ئەنجامـی بـدەن، هەرکاتێـک بەنـدەی وات خوڵقانـد، یەکـەم پایـەی خوداوەنـد بوونـت بڕیـوە، بۆیـە مـن مۆنۆلـۆگ دەکـەم، سـووکایەتییان پـێ دەکەم، نزمیـان دەکەمەوە، پاڵە پەسـتۆیان دەخەمە سـەر، دوای

www.arsivakurdi.org



ئـەوەی ڕێـگا لـە بیرکردنەوەیـان دەگـرم دەیانخەمە دۆخێکـەوە کە تەنها قسـەکانی مـن دووبـارە بکەنـەوە و دەیانکـەم بـە بەنـدە. بێگومـان ئـەوەی بـەلای ڕاسـت و چەپـدا بـڕوات دەیانکەمـە پەیـڕەو کردنـەوە.

"لەزمانـی ئێمـەدا پەیڕەوکـردن واتـە زینـدان، لەوێـدا دەڵێم: کەسـایەتیت شـی بکـەوە، تـۆ لـە دژی پارتیـی و ڕابەرایەتـی، بـەو حاڵەتەوە بـە کارا یاخود کار لەسـەر کـراو جیـاوازی نییـە بوویـت بـە سـیخوڕ، کەسـەکە لـە بەندینخانـە ماوەیەکـی زۆر دەمێنێتـەوە و بیردەکاتـەوە، دوتـر ڕاپۆرتـی پـێ دەنووسـم، ئـەو ڕاپۆرتانـەی دەیاننووسـن دەخوێنمـەوە، شـاهانەیە یـان پیاوەکـە بـە شـێوەیەک خـۆی رەزیـل دەکات گـەر بیخوێنیتـەوە بـاوەڕی پـێ ناکـەن، باپیـری لەگـەڵ عوسـمانییەکان کاری کـردووە، جاشـایەتی لـە بنەماڵەکەیـان وەک نەریتێکـی لـێ هاتـووە، خـۆی لـە کەشـێکی وادا گـەورە بـووە و پێگەیشـتووە، لـە قوتابخانـەی کەمالیزمـەکان خوێندوویەتـی و کەسـایەتی رووخـاوە، لـە بنەماڵـە و عەشـیرەتەکەی کلتورێکـی دواکەوتـووی وەرگرتـووە، کاتێک ئـەو کلتورە لەگـەڵ کلتوری کەمالیزمـی تەڵەکەباز یەکـی گرتـووە کەسـایەتییەکی زۆر سـەریری لـێ بەرهەم هاتـووە، ئەو کەسـایەتییە بەکارلەسـەرکردن کـراوە بە سـیخوڕ، کاتێک هاتووەتـە ئەکادیمیا لەوە تێگەیشـتووە و بـە تایبەتـی کاتێـک گوێـی لـە ئایەتەکانی ڕێبەری مـەزن بووە ڕاسـتییەکانی دیوە، لـە ئاسـتی ڕێبەرایەتـی تێگەیشـتوو، لەمـەودوا پەیـمان بـە هەمـوو بەرەنگارانـی چیـا و زینـدان و لەسـەروی هەمووشـیانەوە ڕابەرایەتـی پارتـی دەدات کـە چـاک دەبێتـەوە، بێگومـان پێموایـە ئەمانـە بـەس نین، پیـاو کە هەڵسـاوە بـە بیرکردنەوە، ئـەوە زۆر مەترسـیدارە، خۆشـی درکـی بـەوە نەکـردووە کـە چـی دەکات، بـە گرتنە بـەری ئـەو هەڵوێسـتە خـۆی دەهێنێتـە ڕیـزی منـەوە، یاخـود منی بۆ ئاسـتی خۆی نـزم کردووەتـەوە پایەیـی خـۆی، زۆر جیـاوازی نییـە، هەردووکی هەمان شـتە، بەڵام ئـەوە تاوانێکـی گەورەیـە! بـۆ ئـەوە ئایـەت دادەبەزێنمە سـەر بەندەکانم کـە دادگا دابمـەزرێ و دادگایی بکەن، داواکاری گشـتی هەمـان کات داوانامەی تۆمەتبارکردنی

www.arsivakurdi.org



ئامـادە دەکات، بێگومـان داوانامـەی تۆمەتبارکردنـی ئێمـە بەپێی شـێوازی پەکەکە، واتـا بەشـێوازی مـن ئامـادە دەکرێت."

" کاتێـک کاری تاوانبارکـردن تـەواو بـوو، هەمـوو قوتابییانـی ئەکادیمیـا لـە هۆڵەکـەدا کـۆ دەبنـەوە، دەسـتەی دادوەری لـە شـوێنی دیاریکـراو دادەنیشـێت، سـووکەکە بانـگ دەکرێت و داواکاری گشـتی دەسـت بـە خوێندنـەوەی داوانامەکە دەکات، زۆربـەی کاتـەکان داوانامـەکان لەیەکـتر دەچـن، هەمـان شـێوازن، ئـەو تاوانانـەی کەسـەکانیش ئەنجامیـان داوە هەمـان تاوانـن، لە بیرۆکەکانـی من بەدەر بیرکردنـەوە، ئایەتەکانـم وەک خۆی دووبارە نەکردنـەوە، ئایەتەکانم نەکردنە بابەتی گفتوگـۆ، بینینـی مـن وەک مرۆڤێـک، ئاخاوتـن بەشـێوازی خۆیـان، بێگومـان ئەوانە تاوانـی گـەورەن، ئـەوەی ئایەتەکانـی مـن وەک ئـەوەی هەیـە دووبـارە نەکاتەوە و جێبەجـێ نـەکات، بـێ هیچ شـک و گومانێـک گوێی لە دوژمـن گرتـووە و نێردراوی ئەوانـە بـۆ نـاو پارتـی. سـیخوڕی کارا یاخـود کار لێکـراو زۆر جیـاوازی نییـە، ئەوەی ئـەو دەسـتەواژانەی من بەکاریـان دەهێنـم بەکارنەهێنێت و دووبارەیـان نەکاتەوە، ئـەو کەسـەی شـێوازی خـۆی بەکاردەهێنێـت، بەکارهێنانـی شـێوازی خـۆت لەنـاو پارتـی تاوانـە، چونکـە لەنـاو پارتـی تەنهـا مـن بەشـێوازی خـۆم قسـە دەکەم، قسـە پێکردنـی شـێوازی خـۆم بـۆ مـن مەزنایەتییە، بـەڵام ئەگەر کەسـێکی تر بە شـێوازی خـۆی قسـە بـکات تاوانـە، ئـەوە یاسـای پارتیـە. ئـەو یاسـایەم بـە خۆڕایـی دانـاوە؟ جگـە لـە مـن ئـەوەی بەشـێوازی خـۆی قسـە بـکات: چـاوی بڕیوەتـە رابەرایەتـی، یاخـود جۆرێکـی ترە لـە ڕابەرایەتی کە سـەرناگرێت. ئەوەشـیان کۆتاییەکـەی بوونە سـیخوڕی کەمالیـزم یاخـود ئیمپریالیزمە. کاتێک شـێوازی رابەڕایەتی هەبێت شـوێن نییـە بـۆ شـێوازی بـۆرژوازی و دوژمـن، ئـەی وانییـە؟ شـێوازی رابەرایەتـی روون و ئاشـکرایە و ئەنجـام بەخشـە.

" ئـەو داواکارەی داوانامەکـە دەنووسـێتەوە ئـەوە دەزانێـت، داوانامەکـە بـەو جۆرە دەسـت پێـدەکات و کۆتایی پێدەهێنێت 'ئەو ئەندامەی شـێوازی پارتیەکەمان

www.arsivakurdi.org

تێک دەدات، خاوەنی تایبەتمەندییەکە کە ڕێچکەی بەرزی ڕابەرایەتی پارتی تێکدەدات. ئەو سووکەی کە هەموو تایبەتمەندییەکانی کەمالیزم و فاشیزم لە بنیاتیدا هەڵدەگرێت، وەک بەکرێگیراوێکی شەڕی تایبەت نێردراوەتە ئێرە، ئەو ساویلکەیە کە خۆشی نازانێت چی کردووە، بە هێنانی شێوازە ناشیرینەکەی خۆی بۆ ناو ژینگەی پارتیەکەمان، بەو شێوازە ناشیرینەی دەیەوێت پارتیەکە تێک بدات، شەڕی گەریلا ڕابگرێت، ڕێگاکە بەرەو لەناوبردن ببات. بەهۆی هەموو ئەو تاوانانەوە بەناوی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە داوای لەسێدارەدانی دەکەم.' دادگای ئێمە وەک هی بورژوازییەکان نییە، بۆ فێرکردنە، ڕاستتر وایە کە بڵێین بۆ ئەوەیە کە وا لە کەسەکە بکەیت کە بەندایەتی قبوڵ بکات.

" ئەوەی بەندایەتی قبوڵ نەکات هەر خۆی سیخوڕە و دەبێت ئەوەی پێویستە بکرێت. هیچ کەس ئاوا بە ئاسانی لە دادگاکانمان ناتوانێت ئەو تاوانانە ڕەت بکاتەوە، دوای ئەوەی داواکاری گشتی داواناماکەی خوێندەوە، مافی ڕادەربڕین دەدەم بە بەندەکانم کە وەک تەماشاکەر لە هۆڵەکە دانیشتوون، لەهەمانکاتدا ئەرکی ئەندامانی دادوەری دەبێت. لە ڕێچکەی من، شێوازی من و ڕوانینی من زیاتر هیچ بیرۆکەیەک، ڕوانینێک و ئازادییەک ڕێگەپێدراو نییە."

"چونکە جگە لە ڕێچکەی من، شێوازی من و ڕوانینی من، هەموو شتێک هەڵەیە، من بۆچی ئازادیی بدەم بە هەڵە، خوێڕیەتی و سیخوڕی؟ ئەوانەی من بە کۆیلەم کردوون ئەوە باش دەزانن، بۆیە ئەو کۆیلەیەی دادگا مافی ڕادەربڕینی پێدەدات، ئاوا قسە دەکات: سەرەڕای هەموو هەوڵێک و هەموو ئایەتاکانی ڕابەرایەتی ئەو ئەندامە بەردەوام بوو لە گوتنەوەی ئەوەی خۆی دەیزانێت، دەستی بە گفتوگۆی بێ مانا کردووە لە ناو ئەو تاقمەی کە تێیدایە، تەنانەت ڕۆمانی خوێندۆتەوە، بەڵام گرنگی بە ئایەتەکانی ڕابەرایەتی نەداوە، لەوەدا بە دیار دەکەوێت کە ئەو ئەندامە بەکرێگیراوی کەمالیزمە، من لەگەڵ داواکەی داواکاری گشتی نیم، بەڵام لەگەڵ ڕای ئەوم، داوا دەکەم کە

www.arsivakurdi.org

ئـەو ئەندامـە بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ بنێردرێتـە کەمپـی کارکـردن، کۆیلەیەکی تر مافـی قسـەکردن وەردەگرێـت و دەڵێـت: ئـەو ئەندامـە بـۆ ئێمـە مەترسییە بـا لـە تاقمەکـەی ئێمـە نەمێنێتـەوە، شـێوازی قسـەکردنی لە ئێمـە ناچێت، لەشـوێنی ئەو وشـانەی کـە رابەرایەتـی پارتـی بەکاریـان دەهێنێـت، وشـەی ئەدەبـی و فەلسـەفی بـەکار دێنێـت، بـە شـێوازی بورژوازییـەکان قسـە دەکات، بۆیـە داوای بەردەوامـی دادگاییکردنـی دەکـەم."

" ئـەوە دادگای بـەرزی سـەربەخۆیی ئـەو سـێ پێشـنیازە دەخاتـە دەنگدانـەوە، ئایـا دەتوانـن بیربکەنـەوە! ٤٠٠ یاخـود ٥٠٠ کـەس، ئەوانـەی دەسـتەی دادوەران پێـک دەهێنـن، بڕیـاری ڕاسـت ئـەوان دەیـدەن، کامـە ڕابەرایەتـی لـە جیهـان ئـەو دیموکراسـییەی مـن پەیـڕەو کـردووە؟ بـە مـن دەڵێن دیکتاتـۆر، ئایا مـن دیکتاتۆرم؟ ئەوانـەی ئـەو بوختانـە بـە مـن دەکـەن، سـیخوڕی ئەمەریـکا نازانـم سـویدن، کێیە دیموکراتـی دەخوڵقێنێـت؟ خەڵکێـک کـە قسـەی نەدەکـرد مـن بـە قسـەم هێنـان، خەڵـک دەڕژێنـە سـەر شـەقامەکان و مەیدانـەکان، خەڵـک نـاو و وێنـەی مـن هەڵدەگـرن. ئایـا ئـەوە دیموکراسـی نییـە؟ ئەمەریکا و سـوید دیموکراتـن؟ ئەوانەی پشـتگیری لـە جێبەجێکردنـە تایبەتەکانـی جەنگی تایبـەت دەکەن، ئایا ئـەوان نین؟ کـوا دیموکراسـییەت لـە کـوێ مـاوە ؟"

"سـەیرکەن مـن دیموکراسـی بـە پراکتیکـی جێبەجـێ دەکـەم، ئەو بـێ قیمەتەی دادگایـی دەکەم دەسـتەیەکی ٥٠٠ کەسـی پـێ دەبەخشـم، بەڵێ ئەوانـە بە جۆرێک دەسـتەی دادوەریـن، بڕیـار لەوانـەوە دەردەچێـت، دەسـتەی دادگا پشتڕاسـتی دەکاتـەوە. مـاف، یاسـا و دادپـەروەری رێچکـەی منـە. بڕیـارە پشتڕاسـت کراوەکـە دێتـە لای مـن، ئیـدی پشتڕاسـت دەکرێتـەوە، یاخود نـا، ئـەوە کاری رابەرایەتییە کە خـۆی دەیزانێـت، لـە دێـر زەمانـەوە دەیانگـوت (کارێکـە کـە خـودا دەیزانێت )."

"مـن خـودام هێنـاوە سـەر گـۆی زەوی، خـۆ خراپم نەکـردووە؟ دایکـم دەیگوت ' ئـەو گیانـەی کـە خـودا دەیبەخشـێت هەر خـۆی دەیباتـەوە' یانی گوێم لـە دایکم

www.arsivakurdi.org



گرتبا؟ گیان هەر کێ دەیبەخشێت با بیبەخشێت من دەیبەم، منیش بەڕادەی خۆم بەندە و بنەمام هەیە. منیش مرۆڤ دەخولقێنم سەیرکەن یەکێک لە فەرماندە هەڵبژاردەکانمان جەمیل بایک لە ریپۆرتاژێک لەگەڵ ڕۆژنامەوانێک دەڵێت: ئاپۆ منی خولقاند، ئەگەر وابێت بۆ گیانی ئەو نەبەمەوە؟ ئەو تایبەتمەندییە، تایبەتمەندیی هاوبەشی من و خودایە."

"واتا من خۆم ناکەم بە خوداوەند، من ڕاستییەکان ئەنجام دەدەم و دەیڵێم، دەی دواتر باسی ئەو بابەتە دەکەین، باسی دەستەی بڕیاردەرەکانمان دەکرد، بە زۆرینەی دەنگ دەستەی دادوەران بڕیاری لە سێدارەدانی بێ قیمەتەکە دەدەن، هەر خۆی سێ بژاردە هەیە، بەردەوامکردنی لێکۆڵینەوەکان، ناردن بۆ کەمپی کارکردن و لە سێدارەدان، بێ قیمەتە دادگایی کراوەکە، بەر لەوەی ماوەی دادگاییکردنی دەست پێ بکات لە بەرانبەر ڕێچکەکەمدا هەر خۆی لە دۆخی تاوانبارە. ئەوە بڕیارێکی بێ شک و گومانە، واتا دادگاییکەر خاوەن هەق و دادگاییکراو تاوانبارە ئەوە ڕاستەقینەیە بەر لە چونە بەردەم دەستەی بڕیاردان ئاشکرایە. لای ئێمە کەس ناتوانێ لەبەردام دادگا پارێزگاری لە خۆی بکات، مافی پارێزگاری لە خۆکردن لەدادگا بۆرژوازییەکاندا هەیە، دادگاکانی ئێمە دادگاکانی گەلە، ئەوانە ئەو دادگا سەربەخۆ بەرزانەن کە نوێنەرایەتی من دەکەن، واتا لە دادگای گەل کە نوێنەرایەتی ڕێبەرایەتی پارتی دەکەن ئایا ڕێگە دەدرێت کەس پارێزگاری لە خۆی بکات؟ نەخێر! من بەو جۆرە سووك نەبومەتەوە، لەکە نا خەمە سەر یادەوەری ئێوەی شەهیدە ئازیزەکان. بێگومان بە روانگە مافی ئاخاوتن دەدرێت بە تاوانبار یاخود بێ قیمەتەکە، بەڵام هیچ ئەندامێک کە تا ئەمڕۆکە دادگاییم کردبێت بێ جیاوازی ئەو وتانەی گوتووە: (شتێکی ترم نییە کە بیڵێم، لەسەڕووی هەموانەوە بە ڕابەرایەتی پارتی، بەرگریکارانی شاخ و زیندان، پەیمان دەدەم کە چاک دەبمەوە.) ئێستا من بەو ئەندامە دەڵێم کە وابڵێت؟ نەخێر. بەڵام سەیری دۆسیەی دادگایی هەزارەها کەس دەکەم هەمان

www.arsivakurdi.org

وشـەکانن، و هەمـوو ستایشـی مـن دەکـەن، واتـا ئـەوە شـێوازێکی ڕابەرایەتییـە، لە ڕاسـتیدا هـەردەم دەیڵێـم: واز لـە ستایشـکردنی مـن بهێنن، شـتێک بەرهـەم بهێنن بـا کەمێـک خەڵکـی ستایشـتان بـکات، بـەڵام ناتوانـن بیکـەن، لـە دەسـتیان نایەت، زۆر سـاویلکەن.)"

"ئامانجـی دادگاکانمـان: کەسـەکان بهێنێتـە سـەر ڕێـگای ڕاسـتی مـن، ئامانجـی کوشـتنەکانیش هـەر ئەوەیـە، دواتـر ئامانـج لـە زینـدان کردنەکانیش هـەر ئەوەیە، ئەشـکانجەدان و نازانـم چـی و چـی تریـش هەمـووی هـەر ئـەوە ئامانجێتـی، ئـاوا دێنـە سـەر ڕێ، ئـەوەی دەیڵێـم بـێ قەیـد و شـەرت پشتڕاسـتی دەکەنـەوە، وەک بیرکردنـەوەی مـن بیردەکەنـەوە، ئـەو وشـانەی مـن بەکاریـان دەهێنـم دووبـارەی دەکەنـەوە، خۆیـان واز لـە بیرکردنـەوە و دۆزینـەوەی بیرۆکـە دەهێنـن، ئـەو بیرۆکانـەی مـن کـە بـە ئامادەکـراوی دەیخەمـە بەردەمیـان ئـەوان لایەنگـری لـێ دەکـەن، هەمـوو لەیـەک دەچێـت، لەسـەریان بـدە، نانیـان لـە دەسـت دەربهێنـە، زۆر بەسـتەزمانن، مـەڕی قوربانیـن لـە بەرانبـەر سـوپای تورکیـا، هەر لەبـەر ئەوەی مـەڕن ناتوانـن بیربکەنـەوە. هـەردەم پێیـان دەڵێـم: ئێـوە مـەڕی قوربانیـن، دەڵێن: بەڵـێ سـەرۆک."

"زۆر بـێ هێـزن، چونکـە مـن هێـزی ئەوانـم بـرد، ناتوانـن هیـچ قسـە بکـەن، چونکـە هـەردەم من قسـە دەکەم، زۆر بچووک و بێ کەسـایەتیی و سـووکن چونکە مـن زۆر شایسـتەو ئاسـت بـەرزم، هیـچ ناتوانـن بیربکەنـەوە، چونکـە بـەس تەنهـا مـن بیردەکەمـەوە، هیـچ داهێنانێکیـان نییـە، چونکـە داهێنـەر منم، هیـچ یەکێکان ناتوانێـت تیۆرییـەک دابڕێژێـت، چونکە مـن دایان دەڕێژم، ناتوانن دوو وشـە بهێننە تـەک یـەک، فەرمانـدە هەرە لێهاتووەکانیشـمان لە بەرامبەر مندا دەڵێـن رابەرایەتی ڕاسـت دەڵێـت، ڕاسـتە، بەڵـێ سـەرۆک، وایە سـەرۆک، تەواوە سـەرۆک، لـەوە زیاتر وشـەیەک نەڵێـت، ئێسـتا منـم دەڵێـم قسـە مەکـەن؟ نەخێـر! مـن پیاوێکـی بـێ دەنـگ کار نیـم، مـن وا دەکـەم قسـە بکـەن، کێیـە وا دەکا ملیۆنەهـا کـەس قسـە

www.arsivakurdi.org

بکات؟ کاتێک وا دەڵێم کەری کوڕی کەرەکان یەکسەر باوەڕ بە دیموکراسی بوونم دەکەن، خۆی لە خۆیدا ڕاستی کارەکە وانیە، ئەوانی رامکێشاونەتە سەر ڕێچکەی ڕابەرایەتی، یانی ئەوانەی بە خستنە ژێر کۆنترۆڵمەوە بە کۆیلەم کردوون ناتوانن بیر بکەنەوە، تەنها ئایەتەکانی من دووبارە دەکەنەوە. لەوە بەدەر ناتوانێت بیرۆکە دابڕێژێت، وشە بدرکێنێت، پیاوەکانم هێناوەتە ئەو دۆخە. بێگومان پێم قبوڵ کردوون کە بیرکردنەوەی من بیرکردنەوەی پارتیەکەیە، ئایەتەکانم واتا روانینی پارتی، کۆیلەکان ناتوانن بیرۆکەی پارتی فڕێ بدەنە لایەک و ڕای خۆیان دەربڕن، بیرۆکەکانی پارتی بیرۆکەکانی منن."

" بەڵام من وا بڕوام پێ هێناون کە ئەوانە ڕای گشتین، چۆن باوەڕم پێ هێنان؟ بە هەمووانم گوتووە کە بیرکردنەوەی ڕاست بیرۆکەکانی منە، بیرۆکەکانی ئێوە بیرۆکەی کەمالیزم و فاشیزم و نازانم چی و چین، هەموویان وازیان لەبیرکردنەوە هێناوە، دوای بێ فکری، دەستی کردووە بە دووبارەکردنەوەی بیرۆکەکانی من. کاتێک وا دەبێت من بەرز بوومەتەوە رابەرایەتی ستراتیژی و بەندەکانم دابەزیونەتە رابەرایەتی تاکتیکی، ئەوە واتا: من بیر دەکەمەوە و دەری دەبڕم، بەندەکانم بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک ئەوەی من دەیڵێم جێبەجێی دەکەن، گشتگیری ڕاستەقینە ئەوەیە. ئەگەر لە پارتێکی تردا بێت، کەسانێکی زۆر کۆدەبنەوە بیرۆکە، روانین و پێشنیازی جیاواز دەخرێتە روو، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، قسەی لەبارەوە دەکرێت، لە ئەنجامدا بیرۆکە یاخود بڕیاری هاوبەش دێتە کایەوە، بەڵام لای ئێمە ئەوە بوونی نییە، لای ئێمە هەموو وەک من بیردەکەنەوە، یاخود هەمان شت کە من بیری لێ دەکەمەوە ئەوانیش بیری لێ دەکەنەوە، کە مێشکەکە ئاوا قاڵبی وەرگرتبێت من چی بکەم؟"

"کاری بەندەکانم تەواوە، هێناومەتە ئەو دۆخەی کە دەمەوێت، بەڵام خەڵکەکە و رووناکبیران ماون هێشتا ڕامنەکێشاونەتە ئەو ڕێچکەیەی کە خۆم دەمەوێت، بۆیە خەڵک قسەدەکات و بیرۆکەکانی بەو جۆرە کە دەیەوێ

www.arsivakurdi.org



دەردەبڕێـت، بـەڵام مـن دەزانـم چۆن بێ دەنگیـان بکەم، نیشـانیان دەدەم واتا چی کـە بەشـێوازی مـن قسـە نەکـەن! ئـاوا دەبێـت؟ بـە شـێوازی دەرەبەگانە، بـورژوازە بچووکـەکان، داگیرکەرانـە قسـە بـکات، ئـەوە نابێـت، پیاوەکانـی مـن ناتوانـن ئەوە بکـەن، خـۆ ئەگـەر مـن بووبـام، ئـەو پیـاوەی دێتـە بەرانبـەرم یـا ئەوەتـا وەک مـن قسـە دەکات، یـا ئەوەتـا دەچێتـە ژێـر خۆڵ، ئـەو ڕێبەرایەتییـەی ئێمـە نوێنەرایەتی دەکەیـن وایـە، مـن ئامانجـم دروسـتکردنی مرۆڤـی هاوشـێوەیە، لـەو کۆمەڵگایـەی دروسـتی دەکـەم هەمـوو کەسـەکان بیـر لـە هەمـان شـت دەکەنـەوە، هەمـان شـتەکان دەڵێنـەوە. کۆمەڵـگای بەیانـی لەمڕۆوە دروسـت دەکـەم. ئەوانـەی ئەمڕۆ ڕامکێشـاونەتە سـەر ڕێچکـەی خـۆم، ئەوانـەی مـن دەیڵێـم دووبـارەی دەکەنەوە."

"بەو جۆرە ئەو هاوشـێوانەی ڕامکێشـاونەتە سـەر ڕێچکە دەیانهێنمە حاڵەتێک کـە بـبن بـە یەک دەنگ، دواتر لـە ڕێگای ئەوانەوە ڕوو دەکەمە گـەل و رووناکبیران، دەبێـت تەنهـا یـەک دەنـگ بێـت، دەنگـی رابەرایەتـی، تەنهـا یـەک بیـری ڕاسـت هەیـە، ئەویـش بیـری ڕابەرایەتییـە، ئەوانـەی دەیڵێـم لـە هەمـوو ئایەتەکانیشـمدا بوونـی هەیـە و بەندەکانـم لـە هەوڵـدان تـا ئەوە بـە خەڵکەکـە قبوڵ بکـەن، بەڵام پێیـان ناکرێـت، یا باوەڕ ناکەن یاخود وانیشـان دەدەن کـە باوەڕیان کردووە و هەڵم دەخەڵەتێنـن هێشـا تەواو تێنەگەیشـتووم، وادەردەکـەون کە بڕوایان کـردووە بەڵام کـە دێتـە جێبەجـێ کـردن دوو ڕوویـی دەکـەن، لـە سـەدا نـەوەد و نـۆ موناف‌قه، بە زمـان وا دەردەکەوێـت کـە باوەڕی کـردووە، بەڵام لـە پراکتیکدا ڕەتـی دەکاتەوە، لە کەسـایەتی لاواز و ترسـنۆک سـەرچاوە دەگرێـت. هەرچەنـدە دەبوو بێنـە بەردەمم و بڵێـن :( ڕێبـەری مەزنمـان ئەگـەر هەمـوو کـەس بیـر لـەوە بکاتەوە کە ئێـوە بیری لـێ دەکەنـەوە واتە هیچ کەسـێک بیـر نەکاتەوە، هەموو کەس وەک تۆ قسـە بکات واتا هیچ کەسـێک قسـە نـەکات.)

سـتالین وایکرد، سـەیری حاڵی رووسـیا بکەن، چاوشیشـکۆ وای کرد، بڕۆ ڕۆمانیا ببینـە، ئەگـەر کـەس هەیە بـڕوای بەخۆی بێـت با بڵێت مـن بەوان دەڵێـم :(ئەوەی

www.arsivakurdi.org

لەگەڵ من بێت شەڕ دەکات با چەکدار بێت و شەڕ بکات، ئەگەر کەسێک بێت و بڵێت نەخێر من بە شێوازی خۆم قسە دەکەم و خۆم دەخەمە ئەرزەوە، کەموکوڕی لە ئیشەکان دەکەم و ڕێچکەکە پەک دەخەم، ڕابەرایەتی ئەوە قبوڵ ناکات، پیت بە پیت ئەوەی دەگوترێت دەبێت جێبەجێ بکرێت)".

" کۆمەڵگایەکی یەک دەنگ، لە مرۆڤانێک پێک دێت کە لە کۆیلە سووکتر کرابنەوە و کرابن بە بەندە، من ئەوانە دەزانم، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی ئاوا ئاسانە، مێگەل، بەڵێ مێگەلە! یەکەم جار هاوشێوەی مەڕ دروست دەکەم، ئەو جۆرانە کۆ دەکەمەوە و دەبن بە مێگەل، گۆچانێک دەگرمە دەست و پێش دەکەوم، من لە پێشەوەو مێگەلەکەم لە دوامەوە گەر گوتم بۆ لای ڕاست دەچن بۆ لای ڕاست و ئەگەر گوتم چەپ دەچنە لای چەپ، چییە واتا خراپ دەکەم؟ ئەوەش گشتگیرییە! کاتێک بەندەکانم ئایەتەکانم دەخوێننەوە مەست دەبن. خۆم بە خۆم دەڵێم باشە مرۆڤ دەبێتە مەڕ، دەبێتە گا، کەر دەبێت بەڵام بەو ڕادەیە نا، چونکە ڕووبەڕوو جوێن بە پیاوەکانم دەدەم، شاگەشکە دەبن."

" کاتیک محەممەد جەلال بوجاک لە کۆندا لە گرێ سۆر بە یەکێکی گوتبوو " سەگە " پیاوەکە زۆر دڵخۆش ببوو، هەر کەسێکی دەبینی دەیگوت " ئاغا ئەمڕۆ پێی گوتم سەگە "، ئەوانەی ئێمەش ڕێک لەو پیاوە دەچن، واتا ئەوە کێشەیەکی کلتورییە لە ئەکادیمیاکەی ئێمەدا، ئیسماعیل ناوێکی باشووری هەبوو کە تەمەنی نزیکەی سی و دوو ساڵان بوو، کاری کامێرای بۆ ئێمە دەکرد، هەموو ڕۆژێک پێم دەگوت کەری کەرباب، کەچی ئەو دڵخۆش دەبوو، بە بەندەکانی خۆمان دەڵێم ئێوە " کوڕێ کەرێ "، تیۆری بۆ ئەوە دادەڕێژم، دەیسەلمێنم کە چۆن ئێوە " کوڕی کەرن "، ئەوە من شەرحی دەکەم وەک وانە دەیڵێمەوە، ئا ئەوەیە شێوازی ڕابەرایەتی"

"تەنها ڕابەرایەتی دەتوانێت جنێو بە بەندەکانی بدات، هەر وەک ئاغا بە گوندییەکانی دەدات، دەتوانێت پێیان بڵێت بێ شەرەف، بێ کەرامەت،

کـەری کـوڕی کـەر. لـە سـەدا هەشـتای ئایەتەکانـم وان، پەیوەنـدی بـە داشـۆرینی بەندەکانمـەوە هەیـە، بـەڵام بەندەیەکـم ناتوانێـت ئـەو جوێنانـە بـە بەندەیەکـی تـر بـدات، ئەگـەر بیـدات، دادگایـی دەکرێـت، ئەگـەر گوندییـەک بـە گوندییەکـی تـر بڵێـت کـەری کـوڕی کەرشـەڕ هەڵدەگیرسـێت، ئەگـەر ئاغـا پێـی بڵێـت دڵخۆش دەبێـت، یەکەمەکـە جنێـوی بـە هاوڕێکـەی داوە، خەباتکارێـک چـۆن دەبێـت بـە خەباتکارێکـی تـر بڵێت کـەری کەرباب؟ نایڵێـت. ئەوە لەگەڵ شـێوازی پارتیەکەمان ناگونجێـت، دووهەمیـان ئەگـەر بەندەیەکـی مـن جوێـن بـە بەندەیەکـی تـری وەک خـۆی بـدات، وابیردەکەمـەوە کـە جنێودەرەکـە خـۆی بـە بەنـدە نابینێـت و لەهەمانکاتـدا وای دەبینـم چـاوی بڕیوەتـە ڕابەرایەتـی، جوێنـدان و داشـۆرینی گەریـلاکان مافێکەتایبەتـە بـە مـن."

" لـە شـێوازی بەنـدەکان وشـەی جوێـن نادۆزیتـەوە، بیسـتوومە کـە هەندێـک کـەس خۆیـان ناناسـن، کاتێـک لـە ئایەتەکانـم جوێنەکانیـان خوێندووەتـەوە دەم و چاویـان گرژ کردووە، دەسـتگیرم کـردن و دادگاییم کردن، ئەوانـەی بە کۆیلەم کردن هێرشـیان کـردە سـەر ئەوانە، ئەگەر ڕێـگام دابا یەکێکیان دەکوشـت، بـەڵام ڕێگریم کـرد، ئێسـتا ئەگـەر مـن بـەو جـۆرە نەبـم کـە باسـم کـرد ئـەو شـەڕەی دەیکەیـن ئایـا بـەرەو سـەرکەوتن دەچێـت؟ ئەگـەر مـن نەبووبـام بەندەکانـم تەنانـەت یـەک ڕۆژیـش لـە بەرانبـەر دوژمن خۆیـان نەدەگرت. منـم کە پەروەردەی ئـەوان دەکەم، منـم چەکـەکان و فیشـەکەکان دابیـن دەکـەم، منـم دەیانگەینمە چیـا. دەچن لەوێ لەسـەر ئـەو ئامادەکاریانەی من کردوومە ڕوودەنیشـن! باشـە بـێ قیمەتینە من پێم گوتـن بـڕۆن وا بکـەن؟ لێم تێناگەن! لە لایەکیشـەوە لەمن نەگەیشـتنیان زۆر باشـە، پێـم خۆشـە کەسـێکی وابـم کەس لێـم تێنەگات، لەئێـوە زیاتر ئەوە بە کـەس ناڵێم."

"بۆیـە بـە ئێـوە دەڵێـم چونکـە ئێـوە مـردوون، ناتوانـن بـۆ کەسـی بـاس بکەن، ئـەو ڕۆژەی کـە بەندەکانـم لێـم تێدەگـەن کاری مـن تەواو بـووە، تا ئـەو کاتەی لێم تێدەگـەن بەردەوامـی بـە سـەڵتەنەتم دەدەم، هـەر خۆی خـوداکان بـوون بە خودا،

www.arsivakurdi.org

چونکە مرۆڤەکان لێیان تێناگەن، هەرکاتێک لێیان تێگەیشتن خوداوەندبوونیان کۆتایی پێ دێت، دۆخی منیش هەر وایە، بۆیە هەموو شتێکی سەیرو سەمەرە دەکەم تا لێم تێنەگەن، بەڵام سەرەڕای ئەوە هی وا دەردەچێت کە لێم تێبگات، من کاتێک تێدەگەم کە ئەوان لێم تێگەیشتوون بەر لەوەی ئەوان هیچ بکەن دەکەومە جووڵە، ئەو ڕێگایانەیان دەخەمە بەردەم کە هیچ کەسێک قبوڵی ناکات، لەو دۆخەدا یان هەڵدێن یان خۆیان دەکوژن یان لەلایەن ئێمەوە دەکوژرێن، نهێنیی من نابێت ئاشکرا ببێت، دەبێت زۆر باش نهێنیەکەم بپارێزم، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت هەموو ڕێگایەک دەگرمە بەر، هی وا هەن لە من گەیشتوون، هەڵهاتوون و ڕزگاریان بووە، بەڵام ئەو کێشەیەم بە جۆرێک چارەسەر کردووە کە ئەوەندەی تر وام لێ هاتووە کە لێم تێنەگەن، بۆ نموونە هەر کە زانیم کەسێک لەمن گەیشتووە و یاخود کەسێکم وا هاتە بەرچاو کە خاوەن ئەو تایبەتمەندییەیە کە ڕەنگە لێم تێبگات، هەر خۆی دەستنیشان کردنی ئەوانە بۆ من زەحمەت نییە، تایبەتمەندیەکانی ئەوان: من وەک خودایەک نابینن، وەک هەڤاڵێکیان سەیرم دەکەن، قبوڵی ئەوە ناکەن کە ئەوانەی من دەیڵێم ئایەتن، بەڵکو وەک بیر و بۆچوونی هاوڕێەکیان سەیری دەکەن، قبووڵی ئەوە ناکەن کە من کوردم دروست کردووە، وای دەبینن کە هەموو خەبات کارەکان خاوەنی ڕۆڵن لە دەسکەوتەکان و دووبارە بووژانەوەی کورد، باوەڕ بەوە ناکەن کە هەموو شتێک لەمنەوە دەستی پێ کردووە و بەمن کۆتایی دێت، باس لە دۆخ و هێزی نەبڕاوەی گەل دەکەن، خاوەنی توانای بیرکردنەوەن، مێشکیان وا قاڵبی نەگرتووە کە وتەکانی من دووبارە بکەنەوە، هەر یەکێکیان جۆرێکیقسەکردنی تایبەت بە خۆی هەیە، واتا ئەوان کۆیلە نین، بە ئەستەم کۆیلەبوون قبووڵ دەکەن، خۆیان لە جێگای خودا دانانێن و ئەوەی خۆی وا دابنێ لە دژی دەوەستنەوە هەرچەندە بە ئاشکرا دژی نەوەستنەوە پێیانەوە دیارە کە لێی نارەحەتن. تێگەیشتنی پێشووی ڕێکخستن دەخەنە ڕوو، مکوڕن

www.arsivakurdi.org

لەسـەر پارتیـی بـوون، باس لە کۆمیتـەی مەرکـەزی، کۆمیتەی ناوچەیی، شـانەکان و خانـەکان دەکـەن دەڵێـن کە بڕیـارەکان بە دیموکراتـی بدرێت و تەنانەت پێویسـتە منیـش بەشـداربم لـە بڕیاردانـی زۆرینەیـی."

" بێگومـان ئـەوەی دەیڵێـن زۆر بـێ مانایـە، ئێمـە دەمێکـە ئەو تێگەیشـتنەمان ڕەت دا، پێویسـت بە پارتیی بیرۆقراتی ناکات، بینیمان کە چارەنووسـی ئەوان بەرەو کـوێ چـوو، چ پێویسـت بـە کۆمیتـەی مەرکـەزی دەکات؟ لە ڕاسـتیدا ئێمە شـتێکی وامـان هەبـوو، ئێمـە پێـمان دەگـوت ڕابەرایەتـی تەکتیکـی، بـەڵام ناتوانـن بیکـەن، ئەویـش مـن بەڕێوەم دەبرد، ئاوا باشـترە بڕیارەکان یەکسـەر دەردەکـەم، زووتر و بە پەلەتـر دەبێـت، کۆمیتـەی مەرکـەزی کـۆ بکەوە و هـەر کەسـە را و بۆچوونی خۆی بڵێـت، گفتوگـۆ بکرێـت و کۆمیتە خـوارووەکان بۆچوونیان وەرگیرێـت کات بە فیڕۆ دەچێـت، کۆمەڵێـک گفتوگـۆی بـێ سـوود دەکرێـت، سـەرەڕای ئـەوەش کۆیلـەکان دەسـت بـە بیرکردنـەوە دەکەن و لـە کۆیلە بـوون دەردەچن، ئەو دۆخـە خوداوەند بوونـم لەنـاو دەبـات، هـەر خـۆی ئێمە کاتمـان نییـە لەدەسـتی بدەین، لەمـە بەدوا مـن ڕابەرایەتـی سـتراتیژیم، ئێـوەی شەهیدانیشـم هێناوەتـە ئـەم دەزگایـە، خۆم بە تەنهـا بڕیـارەکان دەرناکـەم، ئـەی وانییـە؟ ئـەو ڕابەرایەتی سـتراتیژییە هەمـووی لە دۆزینـەوەی خۆمـە، گوتـم ئـەوەش زیادەیەکی من بێـت بۆ مارکسـیەت، هەموانم پـێ خەڵەتانـد، ئێـوەم هێنـا نـاوێ تـا ئـەوەی لـە دژم بوەسـتێت لـە دژی ئێـوە وەسـتابێت و بەندەکانـم زیاتـر بـە منـەوە بەنـد بـن، ئێسـتا لـە هەمـوو شـوێنێک وانـەی ڕابەرایەتـی سـتراتیژی دەگوترێتـەوە هـەر گوناهێـک ئەنجـام درابێـت، هـی ڕابەرایەتـی تاکتیکییـە و هـەر چاکەیـەک کرابێـت هـی ڕابەرایەتـی سـتراتیژییە، ڕابەرایەتـی سـتراتیژی هەڵە ناکات، وشـەی سـەرنەکەوتن بـۆ ئەو نەهاتـووە، ئەگەر ئـەوەی مـن دەیڵێـم بـە ڕاسـتی ئەنجـام درابـا دەمێک بـوو شۆڕشـم کردبوو."

"گوتـم دەسـت بەسـەر شـارە گەورەکانـدا بگـرن، نەیانتوانی، گوتـم حکوومەتی شـەڕ لـە بۆتـان و بادینـان دامەزرێنـن، دایـان نەمەزرانـد، گوتـم بـڕۆن ئەنقـەرە و

www.arsivakurdi.org

ئیستانبۆڵ سەراوژێر کەن سەرکەوتوو نەبوون. من چی بکەم؟ ئێستا خەتا هی منە؟ نەخێر. هەر خۆیان دەڵێن: ئەگەر ئێمە ئەوەی رابەرایەتی ستراتیژی دەیڵێیت ئەنجامـمان دابووایە، لەو دۆخە نەدەبووین! لە خودڕەخنەکانیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە. من بەو جۆرە وا دەکەم کە لێم تێنەگەن، ئامانجی گەورەو ئەستەمیان دەخەمە بەردەم، هەر چۆنێک بێت قسەکردن ئاسانە و کاتێک سەرنەکەوتن، خەتاباریان دەکەم و پاڵەپەستۆیان دەخەمە سەر، کاتێک ئەوان دادەشۆرم، من بەرزدەبمەوە، بەڵام هەنێکیان لەوە تێدەگەن، کێشە نییە با تێ بگەن!"

"دووبارە دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکە، ئەوانەی لەمن تێدەگەن یاخود خاوەن ئەو تایبەتمەندیانەن دەکەمە ئامانج و دەڵێم: ئەمانە لەناوبەرن، دەیانەوێت پارتیەکە لەناو ببەن، دژی خەباتی چەکدارین و هەوڵ دەدەن پارتیەکە ڕاپێچی ڕێچکەی نوێ کردنەوە بکەن، جۆری ژیان و شێوازیان لەگەڵ پارتی ناگونجێت، بەو حاڵەیان بە کارلێکراوی سیخوڕن. بە راکێشانی ئەو بەندانەم کە ئاگاداری هیچ نین بۆ لای خۆم لەسەر بنەمای ئەو شیکارییانەی کە دەربارەیانم کردووە داوایان لێ دەکەم کە خودڕەخنە بنووسن و تیایدا ستایشی من بکەن و خۆیان رەخنە باران بکەن. بێگومان هێرشکردنە سەر خودی خۆی، ڕووخاندنی کەسایەتی خۆی سووککردنی خۆی لە ڕێگای خودڕەخنەوە ڕێگایەکی شۆڕشگێڕانەیە هەر خۆی هەموویان ئەوەیان قبوڵ کردووە، بەم جۆرە ئەوانەی داوای نووسینی خود رەخنەیان لێ دەکەم، سەرەڕای ئەوەی کە وا نین دەبێت بەو جۆرەی کە من وەسفم کردوون بنووسن: "ئێمە بەپێی ئەوەی کارمان لەسەر کراوە سیخوڕین، دژی خەباتی چەکدارین، دەمانەوێت پارتیەکە بۆ سەر ڕێچکەی نوێ کردنەوە رابکێشین، جۆر و شێوازی ژیانمان جۆر و شێوازی بۆرژوازییەکانە." ئەگەر نەینووسن بە سیخوڕ رایان دەگەینم، ئەگەر نووسیان بە بەندەکانمی دەخوێنمەوە، ئەو شیکارکردنەی من پێشووتر کردوومن کاتێک لەلایەن

بەندەکانیشـمەوە قبـوڵ دەکرێـت بەندەکانـم هـەم بـاوەڕ بـە دووربینیەکـەی مـن دەکـەن و هـەم زەمینـەی لەناوبردنـی ئەوانـە رێـک دەخەم کـە لە من گەیشـتوون، جگـە لەمـن هەمـوو بەندەکانـم ناچـارن کـە خـود رەخنـە بنووسـن، ئـەوە یەکێکـە لـە یاسـاکانی ڕابەرایەتـی، کاتێـک بـەرز بوومـەوە بـۆ ئاسـمان رەخنـەم بـۆ خـۆم و خودڕەخنـەم بـۆ بەندەکانـم جێهێشـت. ئەوان بە رەخنـە لەخۆ گرتن خۆیان سـووك دەکەنـەوە و مـن بـەرز دەکەنـەوە، منیش بـە رەخنەگرتن لەوان ئاسـتی خـۆم بەرز دەکەمـەوە و ئـەوان نـزم دەکەمـەوە. بـەم جـۆرە لەگەڵ ئـەوان بـەرزی و نزمیەکی هاوشـێوەی نێـوان خـودا و بەندەکانـی دیـار دەبێـت، بۆیـە رەخنـە و خودڕەخنـە ئامـرازی بەسـتنەوەی خوداوەندبوونمـە."

" کاتێـک خودڕەخنـەی لە من گەیشـتووەکان دێتە دەسـت زەمینـە لەبارە، ئەوە واتـا بەندەکانـم باوەڕیـان بەمـن کـردووە. دوای ئـەم خاڵـە، وردە وردە ڕێگاکانـی خـۆم وەگـەڕ دەخـەم، ناویـان لەکـەدار دەکـەم، نـاوی سـیخوڕیان دەخەمـە پـاڵ، سـەرکەوتنەکانیان بە سـەرنەکەوتن لە قەڵەم دەدەم، کاتێک هەڵەیەکی زۆر بچووک ئەنجـام دەدەن وەک تاوانێکـی زۆر گەورە نیشـانی کۆیلەکانمی دەدەم، بە ڕێگایەک کـە تێبگـەن دەیـان خەمە ژێـر چاودێرییـەوە، بەردانەوەیان بـەو تاکتیکانـەی کە لە دەزگای هەواڵگـری سـووریاوە فێریـان بـووم و هەمـوو ئـەو ڕێگایانـەی کـە کـوردە دەرەبەگـەکان بـەکاری دەهێنـن دەخەمـە گەڕ."

" لەبەرانبـەر ئـەو دۆخـە، یـان ڕادەکـەن، یـان خۆیـان دەکـوژن، ئەوانـەی خۆیـان دەکـوژن هـەر خـۆم ڕزگار دەبـم لێیـان، ئەوانەش کـە ڕادەکەن بـەر لەوەی دەرفەتییـان ببێـت باسـی مـن بۆ خەڵک بکـەن لەلایەن ئێمـەوە دەکوژرێـن، یاخود ڕادەگەیەنـم کـە سـیخوڕن و متمانەیـان لـە دەسـت دەدەن، هەرچـی مـن بیڵێـم بەندەکانـم بـڕوام پـێ دەکـەن، دوای ئـەوەی هەڵاتـووەکان بـە سـیخوڕ لـە قەڵـەم دەدەم، بەندەکانـم بـڕوا بەوانـە ناکـەن کـە لەسـەرم دەگوترێـن و دەنووسرێـن، لـە ڕاسـتیدا ئەوانـەی دەیڵێـن هەمووی ڕاسـتە، بـەڵام بەندە لە شـوێنی ئـەوەی بڕوا بە

www.arsivakurdi.org

ڕاستی بەندەیەکی تر بکات مەیلی بڕوا کردنی بە درۆیەکانی خودا هەیە، من لە زووەوە ئامادەسازی خۆم ئەنجامداوە."

" لە کۆندا چەتین گونگۆر هەبوو ئێمە ناومان نابوو 'سەمیر'. باقی برای هاکی خۆمان بڕیاری دا (ئێمە لە کۆنەوە پەیوەندیمان هەبوو) کە سەمیرە هەبوو پێمان دەگوت 'فاتیمە'، ئیبراهیم ئایدن هەبوو، سایمە ئاشکن، ئایتەن یلدرم، جەمیلە مەرکیت، حەیدەر قایتان، محەمەد کاراسونگوور، دوران کاڵکان، سەڵاحەدین چەلیک، و سەڵاحەدینێکی تر هەبوو گەنج بوو[8] ئێستا جومعە و ئەبوبەکر لەلامانن، بەر لەوەی من بەرزببمەوە بۆ ئاسمان زۆربەیان ئەندامی مەرکەزی بوون، کاتێک ئێوە لە زیندانی دیاربەکر دەستتان کرد بە خەبات پیاوەکانی ئێمە زۆر کاریگەر بوون، دووبارە ژیانەوە. خەڵکیش بە خەباتکارەکان کاریگەر بوو، لە کوردستان هیچ ڕێکخستنێکی تریش نەمابوو. کاتێکیش لەگەڵ دەزگای هەواڵگری سووریا پەیوەندیم دروستکرد بە خۆمم گوت ئێستا کاتی فڕینە ئاسمانە، ئەوەی دەبێتە ڕێگر یاخود ڕازی نییە لێیدە، تێیهەڵدە، بیچەوسێنەوە و خوداوەند بوونت ڕابگەیەنە، ئەوی مرد مرد، ئەوەی هەڵات ڕۆیشت، بەشێکی خۆی کوشت، ئەوەی مایەوە کردم بە کۆیلە و لێرەدا خوداوەند بوونم لەدایک بوو. هەر لە چەتین گونگۆرەوە بگرە تا بیرجان یڵدز کاتێک نزیکەی ٥٠ کەسێکم

٨ سەڵاحەدین دەمیر ، لە ساڵی ١٩٧٧ هاتە ریزەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی . لە ناوچەکانی چەولگ و ماردین لەسەر ئاستی بەرپرسیارییەوە هەندێک ئەرکی پێی سپێردرا، پلانی چەندین مانگرتنی داڕشتووە و جێبەجێی کردوون، دوای کودەتای ١٢ ئەیلولبە ڕاپۆرتی تاقمە بەرزەکانی پەکەکە زەکی پاڵابیک و ڕەسول ئاڵتنۆک و بەپێی ڕێنمایی ئاپۆ بە سیخوڕ لە قەڵەم دران و خسترانە ژێر چاودێری لە چیای بلۆکای ماردین. بۆ کوشتنی زەکی لەلایەن ئاپۆوە سەڵاحەدین دەمیر راسپێردرا، سەڵاحەدین دوای ئەوەی ڕێنمایی لە ئاپۆ وەرگرت لەگەڵ یەکێکی تر بەڕێکەوتم بۆ شاخی بلۆکا، لەو شاخانە لەگەڵ خەباتکاران بە دووربین سەیری ڕووبەڕووبوونەوەکانی سوپای تورکیای کردبوو، ڕووبەروو بوونەوەکە زەکی پاڵابیک بەڕێوەی دەبرد، لەئەنجامدا کاتێک زەکی لەگەڵ هەشت هەڤاڵی شەهید بوو، ئەرکەکەی ساڵاحەدین سوپای تورکیا جێبەجێی کردبوو. کاتێک جەنازەی ئەو زەکییەی بە ڕادەی پەرستن خۆشی دەویست لەو بلۆکایە مایەوە سەڵاحەدین گەڕایەوە بیقاع و دۆخەکەی باس کرد و ئیدی لەگەڵ هیچ کەسێک قسە ناکات. شەوێک چەکێک و نارنجۆکێک هەڵدەگرێت و لە کامپ جیا دەبێتەوە، هێرشێکی خۆکوژی ڕێک دەخات بۆ سەر بنکەیەکی سنوری ئیسرائیل و خۆی لەناو دەبات.

www.arsivakurdi.org

بـە کوشـت دا، ئەوانـەی تـر بەناچـاری لە ترسـان کۆیلە بوونیـان قبوڵ کـرد، هەموو شـتێکم بـە ترسـاندن بنیـات نـا، مـل پـێ کەچکردنیـان بـە ترسـاندن بـوو بـە ڕێگای مـن، واتـە ئیمانتـان هێنا."

" ئەوانـەی مـن دەمویسـت لەناویـان بـەرم، سـەرەتا بـە لەناوبـەر ڕامگەیاندن، بـە کۆیلەکانـم گـوت: (ئەوانـە دەیانەوێـت پارتیەکە لەنـاو بـەرن) و پیاوەکانم لەناو بـرد، دواتـر خـۆم پارتیەکـەم لەنـاو بـرد، و بەم جـۆرە خۆم خسـتە شـوێنی پارتیەکە، چ پێویسـت بـە پارتـی دەکات؟ مـن خـۆم پارتیـم. لـەم ڕۆژەوە تـا ئێسـتا هەمـوو بڕیـارەکان هـەر خـۆم دەیـدەم، تەنانـەت پارتیەکـە ئەندامیشـی نییـە، ئـەو پارتیەی کـە بوونـی نییـە، ئەندامـی دەبێت؟"

" پێشـتر ئێمـە پەیڕەوێکـمان هەبـوو، دڕانـدم و فڕێمـدا، ڕابەرایەتـی چەندیـن بنەمـای شـاهانەی داهێنـا، خـۆ پەیڕەو هیـچ ناکات! ئەوی قسـەکانی مـن جێبەجێ بـکات و قبوڵـی دەکات ئەندامـی ئێمەیـە، واتـە دەبێتە ئیشـکەرێکی سادەی ئێمە، هەمـوو هـەر ئەوەندەیـە، ئەوانـە بـە ئاشـکرا بـە بەندەکانـم دەڵێـم، من بە ڕاسـت دادەنێن."

"پارتیەکـەم مـن لەنـاوم بـرد، ئەوانـەی کوشـتمن، وام کـرد ڕابکـەن، ڕاپێچـی خۆکوشـتنم کـردن، بـۆ مانـەوەی پارتیەکـە هەوڵیان دەدا، بـە کورتییەکـەی لەناوبەر منـم، ئەوانـم بـە لەنـاو بەر نیشـاندا، ئـا شـارەزایی و بەهـرە لێرەدایە! ڕاسـتییەکانم سـەراوژێر کـردەوە و بـە قبوڵکردنـی درۆکانـم بـە ناوی ڕاسـتی وام لە خـۆم کرد کە کـەس لێـم تێنـەگات. ئەوانـەی کـە کوشـتمن، وام لـێ کـردن کـە رابکـەن و ڕاپێچـی خـۆ کوشـتنم کـردن پێـم گوتـن: (ئـەوان نایەنەوێـت شـەڕ بکـەن، دەیانەوێـت لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ئەورووپا بمێننەوە.) لە ڕاسـتیدا: ئەوەی نەیدەویسـت شەڕ بـکات و دەیەویسـت لـە شـام بمێنێتـەوە مـن بـووم، کاتێـك لـە ناوچەکانـی جورنـێ ڕەش و گـرێ سـۆر چەنـد جـار تەقـە کـرا، هـەر خـۆم بـە زۆری خـۆم ڕزگارکـرد. و تا دۆخێـک نەڕەخسـێت کـە من بـە ڕەحەتی لە کوردسـتاندا بژیم، تا سـەلامەتی گیانم

www.arsivakurdi.org

پارێـزراو نەبێـت تەنانـەت نزیکـی شـەڕو مەیدانەکانـی نامەوە. بێ گومـان بۆخۆم نییـە، بـۆ بەندەکانـم ئـەوە دەکـەم، ئەگـەر شـتێک بەسـەر مـن بێـت بەندەکانـم شـپرزە دەبـن، نـە تەنیـا بەندەکانم، بەڵکـو نەتەوەی کـورد لە مێژوودا دەسڕێتەوە، ژیـان و مردنـی نەتـەوەی کـورد بەندە بـە منەوە. هەمـوو کەس ئـەوە دەڵێت، بۆیە دەبێـت کەمێـک ئـاگاداری خـۆم بم."

"بەندەکانـم دەڵێـن: (هیـچ یەکێکـمان بـەر لـە ئێسـتا سـەرنجی خەڵەتانـدن و خەڵەتێنەرەکانمـان نەدابـوو، رابەرایەتـی بـەر لـە هەمووـمان سـەرەنجی دا.) بـێ گومااان، مـن ئەوانەی دەبێت لەناوببرێن لە پێشـتر دەستنیشـانیان دەکـەم، لەوەدا کـە ئەوانـەش کـە لەنـاو دەبردرێن هیچ کەسـێک هەواڵی نابێـت. دوای دیاریکردنی کەسـەکە سـەرەتا رەخنـە لـە پراکتیکەکانـی دەگـرم، خودڕەخنـەی پـێ دەنووسـم و بـۆ ئەوانـەی یـا ڕادەکـەن، یا دژی یاساکانی پارتـی دەوەسـتنەوە یاخـود خۆیـان دەکـوژن) دیاریـان دەکـەم و ڕێگاکانـی خۆمیـان بەنـاوی پارتـی دەخەمـە بـەردەم. بەڕاسـتی ئـەو ئەندامانـە دوای ماوەیەک ناچاری هەڵبژاردنی یەکێک لـەو ڕێگایانە دەبـن چونکـە ئـەو بـژاردەی من دەیخەمـە بەردەمیان ئـەوەی یەک گرام نامووسـی هەبێـت ملـی بـۆ کەچ نـاکات."

"کاتێـک ئەوانـە ڕادەکـەن یان خۆیان دەکـوژن یان لە دژی ئەوانە دەوەسـتنەوە کـە بەنـاوی یاسـا دەیانخەمـە بـەردەم دەڵێـم: ( ئەوانـە لـە نـاو بـەرن، ئـەی مـن نەمگـوت ئەوانـە نێردراونـە ناومـان و دوژمنی دزەکـردووی ناو ئێمـەن.) کۆیلەکانم بـە سەرسـامییەوە لـە دووربینییەکـەم دەڕوانـن و دەکەونـە جووڵـە، مـن بـەرز دەکەنـەوە و قسـە بـە وان دەڵێـن."

"لـەم حاڵەتانـەدا کۆیلەکانـم بـۆ ئـەوەی ئەوانە بشـکێنن و من گـەورە بکەن لە ڕۆژنامـەو گۆڤـارەکان روونکردنـەوەی نووسراو بـڵاو دەکەنەوە، من تا ئاسـمان بەرز دەکەنـەوە و ئـەوان بـۆ حـەوت قاتی ژێـر گڵ نزم دەکەنـەوە، ئەو ڕێگایـەم کردووە بـە شـێوازێکی رابەرایەتـی، کاتێـک حوسـێن یڵـدرم و خێزانـی پێشـووم رفانـد، بـە

www.arsivakurdi.org

سەنگترین گیراوی زیندانی دیاربەکر موستەفا کاراسوو، ساکینە جانسز، محەمەد شەنەر و فوئاد کاڤ چەند نووسێنێکی درێژیان نووسی کە ستایشی منیان دەکرد و حوسێن و کەسیرەی دادەشۆرییەوە، لەرۆژنامەی سەرخۆبوون بڵاوم کردنەوە، دەفتەرەکانیانم پێچایەوە، دوای سێ ساڵ نۆرە هاتە سەر محەمەد شەنەر، یەکەم جار بە گرتنەبەری ڕێگاکانی خۆم وام لێ کرد ڕابکات، دواتر بەسەنگترینەکانی زیندانم لە دۆڵی بیقاع کۆ کردەوە. نووسینی وام پێ نووسین کە من بەرز بکاتەوەو شەنەر دابشۆرێت و دوای ئەوەی کە بە واژۆی خۆیانەوە لە ڕۆژنامەکان بڵاوم کردەوە کاری ئەویشم تەواو کرد، ئێستا نۆرەی هی ترە. ئەوە ڕێگاکانی رابەرایەتین، بە کەسیرە، چەتین گونگۆڕ مەحکوم دەکەم و کاری چەتین تەواو دەبێت، بە محەمەد شەنەر کەسیرە مەحکووم دەکەم و کاری کەسیرە تەواو دەکەم، بە سەلیم چوروککایا و ساکینە جانسز محەمەد شەنەر مەحکوم دەکەم و کاری محەمەد شەنەر تەواو دەکەم، سەلیم چوروککایا بە رەزا ئاڵتون و موستەفا کاراسوو مەحکوم دەکەم و کاری سەلیم تەواو دەکەم، ئەوە لە هەمانکاتدا سیاسەتی سەگ بە سەگ لە ناو بردنە. ڕابەرایەتی مەزنەو تا هەتاییە، ماستاوچیەکان زۆرن، یەکێک ڕاپێچی پەت دەکەم، ئەوەی تر چەپڵە لێدەدات، دواتر چەپڵە لێدەرەکە ڕاپێچی پەت دەکەم، ئەمجارە یەکێکی تر چەپڵە دەکوتێت. بۆ ئاوا دەکەم؟ تاوەکو ڕابەرایەتی بژیت! ڕابەرایەتی مێشکی نەتەوەیەکە ئەگەر ئەو چوو هەموو دەچێت، لە شوێنی ئەوەی هەموو شتێک بچێت، بۆ سەلامەتی ڕابەرایەتی و بەو پێیەی سەلامەتی نەتەوەیەکە چوونی چوار پێنج کەسێك و تەنانەت لە داهاتوودا چوار پێنج ملیۆنێك گرنگ نییە، گرنگ ڕابەرایەتییە واتا ئەوەی گرنگە منم."

" ئایا دەزانی پاشاکانی عوسمانیەکان بۆ پاراستنی ڕابەرایەتی چییان دەکرد؟ لە کوێ دەزانن! ڕابەرایەتی بنەمای هەیە، پادشاکان ئەوەندە دەبەنگ بوون؟ باوەڕناکەم پیاوەکان بۆ لە دەستنەدانی دەسەڵات، هەموو براکانیان دەخنکاند،

www.arsivakurdi.org

تەنانـەت فاتـح سـوڵتان محەمـەد یاسـای بۆ ئـەوە دەرکرد. ئەگـەر پاشـاکان هانایان بـۆ ئـەو ڕێوشـوێنە نەبردبـا ئایـا ئیمپراتۆریەت ٦٢٢ سـاڵ دەژیا؟ نەدەژیا. پادشـاکان ئەوەیـان لەبـەر چـاو گـرت کـە براکانیـان دژیـان دەبـن، بۆیـە بـە خنکاندنیـان دان. ئۆپۆزسـیۆن پێویسـت نییـە، پادشـا دیکتاتـۆرە، بۆیـە هـەردەم زەمینـەی ئۆپۆزسـیۆنبوون لـە دژی پادشـا لـە ئارادایـە، بـەڵام کەسـێک نییـە ڕابەرایەتـی ئـەو زەمینەیـە بـکات. چینەکان دوای کەسـانێکی ئاسـایی ناکـەون، بەڵام کوڕێکی پادشـا بـە ئاسـانی ئـەو زەمینەیـەی کە چاوەڕوانی دژایەتی پادشـا کردنی ئـەوە دوای خـۆی دەخـات. پادشـای عوسـمانییەکان بـۆ ئـەوەی براکانیـان نەبـن بـە ئامێـر لە دەسـتی ئۆپۆزسـیۆن دەیانخنکانـدن، بـۆ سـەلامەتی ڕابەرایەتـی ئـەوە پێویسـت بـوو. ئەگەر بـاوەڕ بکەیـن کـە ڕابەرایەتـی سـەر و دڵـی نەتەوەیەکە ئـەوە ئاوایە، ئەگەر سـەر و دڵ چـوو لـە ناوەڕاسـت جەسـتە دەمێنێتەوە، جەسـتە بـە کەڵکی چی دێـت؟ هیچ! فـڕێ دەدرێتـە چاڵێکـەوە بـە خـۆڵ دادەپۆشرێت، هـەر وەک ڕژێمـی تورکیا دەڵێت (نەتـەوەی کوردمـان لە گـۆڕ نا، سـەرەکەیمان چەمەنتۆ کـرد.) دەتانەوێـت دووبارە ئـاوا ڕوودەدات؟ نەخێـر! لـەم حاڵەدا بۆ پاراسـتنی تـا هەتایی ڕابەرایەتـی، بۆ ئەوەی مـن بـاش بژیـم، هەمـوو شـتێک ڕێگا پێـدراوە."

" واز لـە میکاڤێلیبـوون، فەلسـەفە و مرۆڤایەتـی بێنـن! مـن چـی دەکـەم؟ ئەوە چینـەکان دەیناسـن، گـەل و ڕای گشـتی ناویـان بیسـتووە، لـەم و لـەو بـوارەدا بەهرەدارە، شـەڕ دەکات، بیردەکاتەوە، نابێت بە بەندەیەکی شـەش لەسـەر شـەش ئەگـەر ئێسـتاش نەبێـت لـە داهاتـوودا لـە دژم دەوەسـتێت، زەمینـەی ئـەوە هەیـە کـە سـەرکردایەتی ئۆپۆزسـێۆن بـکات، یاخـود ئەگـەری ئـەوە هەبێـت کـە دژەکانـم بیکەنـە ئامرازێـک، مـن وا بیـر دەکەمەوە و ترسـم لەوەیـە، بۆیە ئەوانـە یەکە یەکە لەنـاو دەبـەم، متمانـەش بـە کـەس ناکـەم، چونکـە بـە زمـان دەڵێـن کـە سـەر بـە منـن و لـە ڕاسـتی دا دژی منـن، وا بـەدەر دەکـەون کـە سـەر بەمنـن، بـەڵام لـە ڕاسـتی دا وا نیـن، مـن ئـەوە دەزانـم، با قاچـم بخزێت و یاخـود خودا نـەکات بمرم،

www.arsivakurdi.org

ئـەوەی لـە هەمـووان زیاتر پەیوەسـتە بـە منەوە، یەکـەم جار وێنەکانـم دەدڕێنێت، پەیکەرەکانـم دەشـکێنێت، دواتـر دەچێتـە سـەر ئەوانـەی تـر و شـایی دەگێڕێـت."

" من لە دوێنێوە ئەوانە دەبینم، سـی سـاڵی تەمەنی سیاسـیم بە خۆڕایی بەسـەر بـردووە؟ بـە هەڵـەدا چـوون. پیاوەکانـم هەمـوو سـەرەڕۆن و تەنهـا مـن ڕاسـتگۆم. یاسـام دانـاوە تاوەکـو خەڵکی لەمـن زیاتر کەس نەناسـێت، بـەڵام پەیڕەویان نەکرد، ناوبانگیـان دەرکـرد، نـاسران، من بەرگەی ئەوە ناگـرم! ئەوەی بـەرەو بەناوبانگبوون بـڕوات دەرئەنجامەکەشـی بەرگـە دەگرێت، خەتاکەی لە منـە؟ نەخێر!"

((هـەر لەسـەرەتاوە کـێ کێیـە، ماوە یاخـود مـردووە، هەیە یاخود نییـە، نابێت دیاربێـت ئـەی نەمگـوت لەمـن زیاتـر هیـچ کەسـێك ناسـنامەو ناونیشـانی نابێـت؟ باقـی کارەر، لەبـەر دۆخـی هەڤـاڵ حەقی لەناو کـورددا ناسرا، ڕێـزی لێگیرا، خەڵکی خۆشیویسـت، سـەیرم کـرد ئـاوا نابێـت پێـم گـوت: ناوەکەت بگـۆڕە، پێویسـت بوو بیگۆڕێـت، ناومـان نـا سـلێمان، سـلێمان نەیتوانـی نـاوی باقـی لەمێشـکی خەڵـك بسـڕێتەوە، چـی بکـەم؟ یانـی ئـەوەی پێویسـتە بـۆ پاڕاسـتنی ڕابەرایەتیـی نەیکەم؟ مافـی ئەوەتـان نییـە داوای ئـەوەم لـێ بکەن. ئێمـە پەیوەندییمان هەیەو لەسـایەی ئێمـەوە نـاسرا، بەهرەکانـی ڕابەرایەتییـش لـەودا بوونـی هەبوو)).

((هێشـتا کودەتـای ١٢ی ئەیلـوول ڕوووینەدابـوو، جومعـەو کەمال پیـری خۆمان گوتیـان (بـا ئـەو بخنکێنیـن) مـن ڕێگربـووم، مەیلـی دژایەتیکردنـی منـی هەبـوو، عوسـمانییەکان متمانەیـان بـە کوڕەکانیـان نەبـوو، مـن متمانـە بـە خێزانـم بکـەم؟ سـەمیر هەبـوو، ئـەڕێ نـاوی چەتیـن بـوو؟ هاندەرێکـی شـاهانەبوو، ئەوانـەی کـە لەهەمـووان زیاتـر متمانـەم پێیـان بـوو کردبووینـە ئامانـج، گوایـە شکسـت بـە کۆنگـرە دەهێنیـت و مـن دەبەزێنێـت، دواتـر هەمـوو شـتێکم لەدەسـت دەر دەچـوو. کەسـێکی وەك ترۆکچـی بـوو واتـا بـۆ سـەلامەتی گەلەکـەم ئـەوە کردنـی بـەو رادەیـە گرینـگ نەبـوو. حوسـێن یڵدرم سـێ ڕۆژ لـە زینـدان ماوەتـەوە، لێرەدا لەبـەردەم ئێمـە دەلـەرزی، ناردمانـە ئەورووپـا، بەڵکـو بەکەڵکـی شـتێك دێـت،

لـەوێ وتەبێژییەکـی سادەمان پێـی سپارد، بەڵـێ ئەرکـی وتەبێژییەکـی سـادەمان پـێ سـپارد. کاتێـك سـەیرم کـرد ئـەو لەمـن زیاتـر خەریکـە بناسرێـت، ڕابەرایەتیـی گـەورەو گـران بچێتـە ژێـر سـێبەری کەسـێك کـە دیارنییـە چییـەو چـی نییـە؟ لەسـەڕووی ئەوەشـەوە هاوڕێیـان دەیانگـوت کـە لەبەندیخانـە بێ ئەشـکەنجەدان خـۆی بەدەسـتەوە داوە. ئایـا ئەوە گرنگ نییـە، بنەما سـەرەتاییەکانی ڕابەرایەتییتان بۆ بـاس دەکـەن)).

دلاوەر یلـدرم هەبـوو، بەتـەواوی خـاوەن کەسـایەتیی تایبـەت بـە کەسـایەتیی خارپێـت بـوو، پێیـان دەگـوت (کاسـترۆ)، بێگومـان بێ حەیایـی.... بەڵێ، بـە تەنیا لە زیندانـی مامـاك بەرگـەی گرتبـوو، ڕێـگای نـەدەدا دەسـت لـە تاڵێکی قـژی بدرێت، لـە دۆخێکـدا کـە بڵێـت ئـەو گـردە بچووکانـە مـن دروسـتم کـردوون، یانـێ لەتـەك ڕابەرایەتییەکـی گـەورە و گـران قسـەی دروسـتکردنی کـردی بچـووك دەبیتـەوە، تۆ ئەمـە نابینیـت و دێیـت باسـی کەسـایەتییە گڵاو و لەخۆڕازییەکەی خـۆت دەکەیت هـا! کاسـترۆ، ئا لـەو مەیدانـەی ئەکادیمیای ئێمە فیشـەکێکی نا بەسـەری خۆیەوەو ڕۆیشـت، ئەگەرێکـی زۆر هەیـە کە سـیخوڕی بولگاریا بووبێت، ئەوکات سـۆڤییەت لەگـەڵ بولگاریـا لـە هەوڵـی لەناوبردنـی ڕابەرایەتییەکـەی مـن بوون.

بێگومـان دەسـتی پارتیـی کۆمەنیسـتی تورکیاشـی تێدابووە، بێگومان زۆر کەسـی خەوتووشـی بەدەرکەوتـن و لەمەوبـەدواش دەردەکـەون، ئـەی بەندەکانـم خەریکـی چیـن؟ لـە ئامادەکاری ئـەوەدان کە لەدژی مـن بجوڵێنـەوە، لەناوبەرەکان هـەردەم مـن دەکەنـە ئامانج، یەك وشـە بـە کۆیلەکانـم ناڵێن، بۆچـی؟ چونکە تەنیا مـن ڕاسـتم بۆیـە؟ مـن ئامـادەکاری خۆم کـردووەو یاسـاکانی خـۆم داناوە.

بەندەکانـم هەمـوو بـێ دەسـەڵاتن، ئەگـەر وەك مـن زاڵـم بووبـان، ئـەوا لـەدژی ئەوانیـش دەوەسـتانەوە. کۆیلەکانـم هەمـوو دەبنـە بەکرێگیـراوی لایەنـە دەسـتتێوەردەرەکان. ئـەوان هـەزار کەسـن و دەسـتتێوەردەر یـەك کەسـە، هـەزار کـەس ناتوانـێ کەسـێك بخنکێنێـت، یەك کەس هەزار کەسـی خەڵەتانـدووە، لەدژی

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

مـن بەکاریـان دەهێنێـت. ڕێـك وەك مـن چـۆن منیـش یـەك کەسـم، هەموویانـم خەڵەتانـدووە، کردوومـن بـە مـەڕ، بەکاریـان دەهێنـم، دەڵێـم وابڵێـن دەیڵێـن، دەڵێـم ئـەوەی تـر بڵێـن ئەویـش دەڵێـن. ئـەو هاوڕێیانـەی کـە لەهەمـووان زیاتـر متمانەیـان پـێ هـەن دەڵێـم (سیخوڕە)، مـن باوەڕناکەم کـە پیاوەکە سیخوڕبێت، ئـەوان بـاوەڕ دەکـەن، بۆیـە زۆر دەبەنگـن، دەڵێـم وەك مـن زاڵـم نیـم، هـەر خۆی لەهـەر شـوێنێك زاڵمێـك هەبـوو واتـا کۆمەڵێـك دەبەنگـی لێیـە، دەبەنگـەکان بـەردەوام زاڵمێـك بـۆ خۆیـان دەخولقێنـن، یاخـود بەپێچەوانـەوە زاڵمەکـە خـۆی دەبەنگـەکان دەخولقێنێـت، هـەروەك مەنجـەڵ و قەپاخەکـەی، لەبـەر ئـەوەی من زاڵمـم هەمـوو کەسـەکان لـەدژم دەوەسـتنەوە.

لەڕاسـتیدا ئەوانـە وەرە لـە سـاویلکەیی بەندەکانـم وەردەگـرن، بەندەکانـم بـەکار لەسـەرکراوی لایەنگـری ئەوانن، ئـەوە دەبینن، بـەڵام من فرسـەتیان پێنادەم، تونـد پەتەکانیانـم گرتـووە، تونـد تونـدم بەسـتوونەتەوە، هـەر خـۆی کەمێـك شـل بکـەم یـا دوای دەهۆڵـژەن یاخـود زوڕنـاژەن دەکـەون، دووبـارەو سـێبارە لەسـەر ناسراوبـوون دەوەسـتمەوە، ناسراوبـوون مەترسـیدارە، جگـە لـە ڕابەرایەتیـی کـەس ناناسرێـت، بـۆ مەرجـی نـاوی کـۆدەم بـۆ هەمـووان دانـاوە؟ بۆ ئـەوە نا کـە دوژمن کـەس نەناسـێت، ئێمـە هەمـوو شـتێکمان ئاشـکرایە، هەڵگرتنـی ناوی کـۆد لەلایەن بەندەکانـەوە، یاسـایەکی ڕابەرایەتییـە.

هـەر کەسـێك هێڵـی ڕابەرایەتیـی قبـوڵ بـکات، ناچـارە کـە بەکاربـردن قبـوڵ بـکات، کۆیلەکانـم ناشـزانن کـە بەکاربـردن چییە، کەسـی بەکاربردراو ئەو کەسـەیە کـە لەرابـردووی، بنەماڵـەی، ڕەگ و ڕەچەڵەکـی، گونـدو شـارۆچکەکەی، زمانـی، کولتـووری، دایـك و باوکـی کراوەتـەوە، بەبێگانـە کـراوە، نـاو و کەسـایەتییەکی تری پێدراوە.

پێشـتر عوسـمانییەکان وایـان دەکـرد، لەمەقدۆنیـا، بولگاریـا و یۆنـان گەنـج و منداڵیـان کۆدەکـردەوە، دەیانهێنـان بـۆ ئیسـتانبوڵ، بەکولتـووری موسـڵمانیەت

www.arsivakurdi.org

دەیانکوتـان، ناویـان دەگۆڕیـن و فێـری عوسـمانییان دەکـردن. زمـان و کولتـووری خۆیـان لەبیـر دەبردنـەوە، دواتـر لەدەزگاکانی سـوپاو هێـزە تایبەتییـەکان بەکاریان دەهێنـان. پادشـاکان، وەزیرەکانیـان لەنێـو ئەوانـەدا هەڵدەبـژارد.

کاتـی پێویسـتی پادشـاکان، ئـەو وەزیرانەیـان بانگـی ژوورێـك دەکـرد، بەئیشـارەتێکی تایبـەت کـە دەیـدا بـە جەلـلادە زەبەلاحـەکان کـە پـەروەردەی تایبەتیـان وەرگرتـووە و پێشـتر پـەردەی گوێیـان دڕاوەو زمانییـان بـڕدراوە دەخنکێنـدران.

پادشـای عوسـمانییەکان، ٤٤ وەزیریان ئاوا خنکاند، کەس دەنگی لێوە دەرهات؟ نەخێـر. کاتێـك وەزیـرەکان خنکێـنران، بەکاربـردراوەکان هاواریـان دەکـرد، پادشـای گەورەمـان زۆر بژیـت. بۆچـی؟ چونکـە ئەو وەزیـرەی دەخنکێندرێت لـە خانەوادە، دەوروبـەر، گونـد، شـارۆچکە، کولتـوور، مێـژوو و زمانەکەی کراوەتەوە، کەسـایەتیی و نـاوی گـۆڕدراوە، هیـچ کەسـێکی نییە، وەك خیارێك لە کۆشـك گەورەبـووە، کاتێك خیارێـك دەبڕدرێتەوە کـەس ناڕەزایی دەردەبڕێـت؟ دەرنابڕێت.

بۆچـی مـن خانـەوادەم شـیی کـردەوە؟ خـۆ بەبـێ هـودە ئـەو هەمـوو ئایەتەم سـەبارەت بـە خانـەوادە نەنووسـیوە! بۆچـی گوتوومـە کـە خانـەوادە دەزگایەکـی سـیخوڕییە، هـەر کەسـێك پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەو دەزگایـە نەپچڕێنێت سـیخوڕە؟ خـۆ لـە خـۆڕا کۆیلەکانـم لـە گونـد، شـارۆچکە و ناوچەکانیـان دوور نەخسـتەوە، لەبـەر ئـەوەی کـە کەیفخـۆش بـم کەسـایەتییەکانیانم نەشـکاند.، بـۆ چێژوەرگرتـن نییـە کـە کەسـایەتییان دەڕوخێنـم، ناوەکانیانـم بـۆ ئـەوە نەگۆڕیـوە کـە دوژمـن نەیانناسـێتەوە، پەیوەنـدی هەڤاڵەتـی نێـوان کۆیلەکانـم بێهـوودە هەڵنەگرتـووە، دەزانـن کـە بەر لـەوەی شـەهیدەکان شـەهیدبن، هەڵاتـووەکان هەڵبێـن، ئەوانەی خۆیـان کوشـت خۆیـان بکـوژن، کۆیلەکان ببن بـە کۆیلە، من بچمە شـوێنی پارتیەکە لەنێـوان هاورێـکان پەیوەنـدی هەڤاڵەتـی هەبـوو، ئـەو پەیوەندییـە لەبرایەتـی پتەوتربـوو. کاتێـك مـن بـووم بـە خـودا، ئەوانـەی پێویسـت بـوو بکوژرێن کـوژران،

www.arsivakurdi.org



ئەوانـەی پێویسـت بـوو دووربخرێنەوە راپێچی خۆکوشـتن کران. ئەوانەی پێویسـت بـوو بـە کۆیلە بکرێـن، کـران بـە کۆیلـە، ئـەو پەیوەندییـەم لەناوبـرد، پەیونـدی هەڤاڵەتیـم نەهێشـت، هـەر خـۆی لەنێـوان مـن و ئەوانـدا پەیوەنـدی هەڤاڵەتـی نەدەبـوو، بۆیـە قەدەغـەم کـرد کـە پێـم بڵێـن (هەڤـاڵ عەبدوڵـڵا).

ئـەوان بەنـدەن و مـن خـودا، ئـەوان کۆیلـەن و مـن ئەفەنـدی، ئـەوان شـوێنکەوتەو مـن پادشـا، ئـەوان ماسـتاوچی و مـن سـوڵتان، لەهیـچ شـوینێکی جیهـان خـوداو بەنـدە، کۆیلـە و ئەفەنـدی، شـوێنکەوتەو پادشـا، ماسـتاوچی و سـوڵتان پەیوەنـدی هەڤاڵەتـی لەنێوانیـان بینـراوە؟ نەخێـر! پەیوەنـدی نێـوان خـوداو بەنـدە نـاسراوە، خـودا دەفەرموێـت و بەنـدە دەڵێـت (ئامیـن)، پەیوەنـدی نێـوان کۆیلـەو ئەفەندیـش وایـە، چ پەیوەندییەکـی هەڤاڵەتـی دەبێـت لەنێـوان ماسـتاوچی و سـوڵتان؟ پەیوەندییەکانـی منیـش وایـە. کاتێـك لەنێـوان مـن و بەندەکانـم پەیوەنـدی هەڤاڵەتـی نەبێـت، بوونـی ئـەو پەیوەندییـە لەنێـوان ئەوانـدا زۆر زیانبەخشـە. ئەگـەر هەزارەهـا کـەس بـە هەڤاڵەتیـەوە بەیەکـەوە پەیوەسـت بـن، تەنانـەت یـەك ڕۆژ مـن ناژیەنـن و ناهێڵـن دەسـت لەتاڵـە فژێکی یەکێکیـان بـدەم، مـن ڕێـگا بـەوە دەدەم؟ ئەوەنـدەش بـێ عەقـڵ نیـم، بـۆ ئـەوەی مـن بژیـم دەبـوو پەیوەندییـە هەڤاڵەتییـەکان نەمێنـن. لەئایەتەکانـم گوتوومـە

(ئـەوەی لەسـەر رێچکـەی منـە پابەنـدی مـن دەبێـت، پابەندبـوون بـە ڕابەرایەتیـی بنەمایـە، جگـە لـە ڕابەرایەتیـی هەمـوو پەیوەندییـەك تاوانـە، وای ئـەوەی هاوسـەرمە، ئەمـە بـاوك و دایکمـە، ئـەوە هەڤاڵمـە، بۆیـە گوتـم پێیـەوە باپەندبـوون گوتنـم تاوانـە، دادگاییکـردن پێویسـت دەکات. دیارنییـە هاوسـەرت کـەی دەتفرۆشـێت، هیـچ دیارنییـە کـە هەڤاڵەکـەت، هاورێکـەت چیـت بەسـەر دەهێنێـت. باوکـت، یاخـود دایـك کـەی تـۆ بەشـەڕی تایبـەت دەفرۆشـت. نادیـارە. بۆیـە دێنـە سـەر هێڵـی ڕابەرایەتیـی، پابەنـدی مـن دەبـن)، لەشـوێنی پەیوەندییـە هەڤاڵییەکانـدا دووزمانـی و هـەواڵ لێدانم داهێنا، بە ئاشـکرا قسـە دەکـەم، چونکە

www.arsivakurdi.org

ئێوە مردوون، ڕاستییەکەی گرنگ نییە لەڕێی ئایەتەکانمەوە شتانێکی لەوە نزیك بە بەندەکانم دەڵێم، بەڵام هەندێك وشە بەشاراوەیی باس دەکەم، بۆ نموونە لەشوێنی دووزمانی و هەواڵ لێدان وشەکانی (هەواڵگریی و پێداچوونەوە) بەکاردەهێنم لە ئایەتەکانمدا.

بەڵام خۆزگە دەبینن میکانیزم چۆن کاردەکات، ئەقڵتان دەوەستێت! دەزانن چۆن هەواڵ لەیەکتر دەدەن؟ بچووکترین شت کە لە ئەورووپا، شاخەکان یا شارەکان ڕوودەدات یەك ڕۆژ دواتر من لە شام دەیبیستم. ئاوا یەکتر تۆمەتبار دەکەن کە ئەسپێ دەبێت بە وشتر، وشەیەك کە کەسێك بەکاری دەهێنێت هەشت مانای بۆ لێکدەدرێتەوە، واتا ئەگەر من بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە بجوڵێمەوە کە بۆم دێن دەبێت لە یەك ڕۆژدا زۆربەیان بکوژم، ئێوە دەزانن من کەسێکی میهرەبانم ئاوا بەقسەی ئەم و ئەو ناجوڵێمەوە، ئەو کارانە کاری ساویلکەکانە. پەرتووکێکم سەبارەت بە زیندانی دیاربەکر خوێندەوە، ببوورن من هیچ پەرتووکێك ناخوێنمەوە، بۆمیان باسکرد کە لەسەردەمی نەقیب ئەسەد ئۆکتای[٩] لەنێوان ئەوانەی خۆیان دا بەدەستەوە، ئەو پەیوەندییە گلاوانەیان هەبوو. ئەو بۆ شۆڕشی پێچەوانەو ئەوەی ئێمەش بۆ شۆڕش وادەکەین! باڕاستر بیڵێین بۆمن وادەکەین. هەر خۆی هەر بەندەیەکم لەهەمانکاتدا سیخورێکمە، واتا چاودێری ئەوانەی دەوروبەری دەکات و هەواڵ بەئێمە دەدات، هەرچەندە ئەو زانیاریانە ڕاستیش نەبن من دەزانم چۆن سوودیان لێوەردەگرم، گرنگترین شت ئەوەیە کە وابکەی هیچ کەسێك متمانە بە کەسی تر نەکات، کاتێك کەس متمانە بە کەسی تر ناکات هەموو متمانە بەمن دەکەن، ئەوەی بۆ منیش گرنگە ئەوەیە ئەگینا یەکێك لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسیویەتی(سەرۆك فڵانە کەس لەکاتی دانیشتن قاچی خستە سەر قاچی، ئەوە پێچەوانەی یاساکانی

٩ نەقیب ئەسەد ئۆکتای یلدران لەنێوان ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٢ لە زیندانی دیاربەکر کاتێك لە ئەرکدا بوو زیاتر لە ٤٠ بەندیکراوی کوشت، بە (جەللادی دیاربەکر) لای رای گشتی ناسرا. لەساڵی ١٩٨٨ لە ئیستانبوڵکشکڵی کوژرا.

www.arsivakurdi.org



هەڵسوکەوتی ئێمەیە، پیاوەکە خۆی دەخاتە شوێنی ڕابەرایەتیی)وە لێکۆڵینەوە بۆ ئەوە دەکات. ناشکرێ بڵێین لایەنی حەقی نییە، ئێستا ئەگەر ڕاستی بڵێین دەکرێت لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بزانی بیر لەچی دەکەنەوە. لەپارتیەکەی ئێمەدا، با نەڵێم پارتی لەنێو بەندەکانی مندا، بێگومان ئەگەر بووبێت بە بەندە، هیچ کەسێك لەوێدا ناتوانێت بێ تەربییەتی بکات و قاچ لەسەر قاچ دابنیشێت، ئەو ئسلووبە و جۆری ژیانەو شێوازی دانیشتنە تایبەتە بەمن، دەزانن مرۆڤی ئازاد ئەفەندی، ئاغا، بەگ و گەورەکان قاچ لەسەر قاچ دادەنێن کاتێ دادەنیشن، کۆیلەیەك هەرگیز ناتوانێت کارێکی وا ئەنجام بدات.

ئەگەر کارێکی وا بکات، ئەوا پاڵەپەستۆی خستووەتە سەر ئەو قاڵبەی بۆی دانراوە، بێگومان ئەوەی ئێمە کاتێك دەگاتە ئەو ئەنجامە راپۆرت دەنووسێت (چاوی بڕیوەتە ڕابەرایەتیی).

ئەوانە زۆر بۆ من گرنگ نییە، زۆر لەسەر ئەو بابەتە سادانە ناوەستم، بەڵام بۆ چاککردنەوەی هەڵسوکەوتی دەیخەمە ژێر چاودێری. ئێستا من چیم کردووە؟ وانەم لەرابردووم و مێژوو وەرگرتووە، یاسام دارشتووە، ڕێگاکانی خۆم خستووەتەگەڕ. پێویست دەکات وەزیرێك بەکوشت بدەم، بیرفێنم، راپێچی خۆکوشتنی بکەم، یاخود وای لێ بکەم هانا بۆ دوژمن ببات؟ بێ ئەوەی پرس و را بەکەس بکەم، دەیکەم، کەس دەنگی لێوە دەرنایەت، ئەوەی دەمەوێت دەیرفێنم دووبارە دەڵێن (بژی سەرۆك ئاپۆ). کاتێك ئیشارەت بە بەندەکانم دەدەم یەکێك بکوژن هەرکە ئیشارەتەکەیان وەرگرت دەیکوژن. ئەوەی دەکوژرێت هیچ سوودی نییە بڵێت من بێ تاوانم، نەمکردووە، من شۆڕشگێڕم، بژی سەربەخۆیی. ئەگەر بەندەکانی من گوێیان کەڕ و زمانیان لاڵە، ڕاستییەکەی من وەك پادشای عوسمانییەکان درندە نیم، ئەو بەندانەی بۆ ئەو ئەرکانە بەکاریان دەهێنم پەردەی گوێم نەدڕیون، زمانم نەبڕیون، بەڵام لەڕێی ئایەتەکانمەوە ئەوانم کەڕولاڵ کردووە. ئەوە بە مرۆڤکردنی ڕێگای پادشاکانە،

هەر خۆی هەموو هەوڵ و تەقەلای من بۆ ئەوەیە کە ئەوانەی لەمرۆڤایەتی دوورکەوتوونەتەوە دووبارە بە مرۆڤایەتییان بگەیەنمەوە.

بەڵێ ئێستا لەو زیندانەی تیایدا دەژیم لە جیهانی خۆم دەربازم بوو، دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ ڕاستییەکانم لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز، لە وتە درێژ و بێکۆتاییەکانی ڕابەری نەتەوەییمان ئەوانە تێگەیشتووم، لە هەڵسوکەوت و جووڵەو بێ باکییەکەی ئەوانە دەردەکەوت[١٠] ، کاتێك هەوڵم دەدا ڕاستی و خەیاڵ، ڕاست و چەوت لە یەکتر جیا بکەمەوە لە ئەشکەوتەکەمدا خەوم لێکەوتووە. کاتێك لەخەو هەڵسام ددانەکانم وەك بڵێی ناڵ ببریەوە بەریەك دەکەوتن، دوای ئەوەی بەلەرزینەوە هەڵسامەوە دانیشتم، ساردییەکی زۆر هەیە، بەپێچەوانەی گەرمی ڕۆژ، ساردی شەو دەبڕێت، لە ئەشکەوتەکەم دەردەچم و لەژێر ئەستێرەکان سەیری کاتژمێرەکەم دەکەم، کاتژمێر سێی ڕێکە. بەڕۆژ لەبەر ئەوەی وشکانی زۆر گەرم بوو و هەوایەکی فێنك لە دەریاوە دەهات، شەو کاتێك وشکانی ساردبوو ئەمجارە بای سارد لە وشکانییەوە بۆ دەریا دەچوو. ئەوەی لەپەرتووکی جوگرافیای ناوەندی خوێندوومە ئێستا تیایدا دەژیم. لەدڵمەوە بەخۆم دەڵێم ئەگەر ئێستا پارچە قوماشێك، گونییەیەك یاخود پەتوویەك هەبووایە بەسەر خۆمیدا بدەم، ساردییەکەی دەشکاند.

بەڵام لە خاڵی بەیەکگەیشتنی دەریاو وشکانی، زەحمەتی خەوتن بێ خۆداپۆشین لە خەوم رادەچڵەکێنێت، دوای چەند جوڵەیەکی جیمناستیکی لە کەناری دەریا رادەکشێمەوە سەر جێگاکەم. هێزم بەخۆم دەدا و خۆم بەخۆمم دەگوت:( بەرگە بگرە سەلیم، ئێرە هەرچەندە ساردیش بێت بەقەد بەشی

١٠ ئەو وتارانەی ئاپۆ بۆ لەزیندان دەرچووەکان لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز لەنێوان تەمموز و ئابی ١٩٩١ کردوویەتی شیکردنەوەکانی تەمموز لە دوو بەرگ و شیکردنەوەکانی ئابیش یەك بەرگ و قسەی نێو چادرەکانیش لە یەك بەرگ کتێب کۆکراونەتەوە. ئەگەر سەیری ئەو کتێبانە بکرێت دەبینن کە ئەوانەی لەسەرەوە نووسیومن هیچ یەکنەگرتنەوەیەکی نییە لەگەڵ لۆژیك و درێژکردنەوەکانی ئەو کتێبانە.

www.arsivakurdi.org

جیاکراوەی زیندانی دیاربەکر کە لە ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٢ تیایدا زیندانی بوویت سارد نییە. بیرم لە زستانی زیندانی جیاکراوەی دیاربەکر دەکردەوە لەساڵانی ١٩٨١-١٩٨٢ لە خانەکاندا وەك کۆلکە دار خرابوینە سەر یەکتری، هەموو پەنجەرەکانی بەشەکە شکابوون، پێخەف و پەتوەکانیان لەژێرمان دەرهێنابوو، ئەو بایە ساردەی دەهاتە ژوورەوە کاری لە مۆخمان دەکرد، پاسەوانەکان بە جلیکان ئاویان بەسەرماندا دەکرد و یارمەتی باکەیان دەدا. لێدانی شوولکەکان لە دەستەکانمان کە لە سەرمادا سوور هەڵگەڕابوون و رەق ببوون، بەجۆرێکی تر ئازاری گیانمانی دەدا. هەروەك چۆن بینینی ئێشەکە مومکین نەبوو مرۆڤ لە باسکردنیشی زۆری دەبینێت. کاتێك ساردی ژوورە جیاکراوەکانی دیاربەکر، ساردی ئەو بایەی هەڵیدەکوتا ژوورەوە، ئەو ئاوەی درەندەکان دەیانڕشتە سەرمان و ئێشی ئەو دارانەی بەر دەستەکانمان دەکەوت، ژانی شوولکەکانم ژمارد، سەرمای لێوار دەریاکەم بیرچووەوە، هەوڵم دەدا بیرم بچێتەوە.

www.arsivakurdi.org

# ١٢ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**دیکتاتۆر،**
**منێك كە گومانم لەخودایەتیی خودا هەیە**
**دەیهەوێت بڕوا بەخودایەتیی ئەو بكەم**

ناتوانـم تـا ئێـوارە لـە لێـواری دەریـا بمێنمـەوە، سەرنجڕادەكێشـم و كەسـێك دەمبینێـت، وام بیـر دەكـردەوە ئەگـەر بچمە بـازاڕ و بگەڕێم، بەڵكو چارەسـەرێك بدۆزمـەوە، بەڵكـو حوسـێن ئـەردەم فاكسـی كـردووە، بەڵكـو تووشـی یەكێـك دەبـم كـە بتوانێـت یارمەتیـم بـدات. هەندێـك پـارەم دەسـتكەوێت پەیوەندی بە كەسـێكەوە دەكـەم كـە پـارەم بۆ بنێرێت، گەیشـتم بـەو ئەنجامەی كە بەدانیشـتن لێـرە سـەیركردنی دەریـاو بیركردنـەوە ناگـەم بەهیـچ شـوێنێك، لە ئەشـكەوتەكەم دەردەكـەوم و بەڕێـگا خۆڵەكـەدا كەوتمـە ڕێ. كاتێـك بـەرەو شـار دەڕۆیشـتم، ئۆتۆمبێلـەكان بەلامـدا تێپـەڕ دەبـوون، بـەڵام ئەوانە هەمـان ئـەو ئۆتۆمبێلانە نین كـە ئێـوارە بەلامـدا تێپەڕ دەبـوون، هەموو شـتێك بەخێرایـی گۆڕاوە. كـە دەگەمە شـار پانتۆڵـە زسـتانییەكەو پووتەكـەی بـەرم لـە گەرمـای بەیـروت رووێكـی جـوان نابەخشـێت، بـەڵام چـی بكەم؟

چوومـە هوتێلەكـە، ئافرەتەكـەی پێشـوازی دەڵێـت (فاكـس نییـە) لـە هۆڵەكە دادەنیشـم، لەشـێوەی دەسـتە چەندیـن گرووپـی ئافرەتـی گەنج دانیشـتوون كۆلا دەخۆنـەوەو قسـە دەكـەن. ڕەنگـی سـپی و چـاو و ددانـی ئافرەتـەكان بەهـۆی برۆنزیبوونـی پێسـتەیانەوە زیاتـر بـەدەر دەكـەوت، چاوەكانیان دەتریسـكێتەوەو

www.arsivakurdi.org

ددانەکانیـان دەبریسـکێنەوە، برۆنـزی بوونـی پێسـتیان ڕووخسـاریانی جوانـتر کردبـوو، بـە ئینگلیـزی و رووسـی قسـەیان دەکـرد، لـە دانیشـتن و جلوبـەرگ و هەڵسـوکەوتیان لەبەرانبـەر پیـاوان بەدەرکـەوت کـە لەبـاڕ، مەیخانـەو یانەکانـی شـەوانە کاردەکـەن. ئافرەتـە گەنجـەکان تەمەنیـان لەنێـوان 16 بـۆ 20 سـاڵی بـوو، لـە رووسـیاوە هاتبوونـە بەیـروت و بـۆ دۆلاری ئەمەریکـی خۆیـان پەخشـی پیـاوەکان دەکـردو مامەڵەیـان دەکـرد. ئەنجامـی سۆسـیالیزمی ڕاسـتەقینە، یاخـود قوربانییەکانـی دیکتاتۆرییەتـی سـتالین بـوون، بەهـۆی ئـەوەی بەیـروت بـازاڕی کـراوەی هەمـوو شـتێك بـوو، وانـسراوە کـە کـوڕە دەوڵەمەندەکانـی بەیـروت دۆلاری ئەمەریکـی خـەرج دەکـەن، لەگـەڵ ئافرەتـە رووسـەکان دەخـەون، ئۆتۆمبێلـی مارسیدسـی ئەڵمانـی لێدەخـوڕن، بەخواردنـی گوێـزی لـە ئەفریقـا هاتـوو و کاڤیـاری لـە هۆنـگ کۆنـگ هاتـوو دەژیـن.

سـەیری کچـە رووسـەکان دەکـەم، لـە لەشـفرۆش و دێهاتـی ناچـن، لەشـێکی ڕێـك، دەسـتێکی ناسـك، پەنجەکانیـان باریـك، هـەر یەکێکیـان بەقـەد جوانـی بالەرینێـك جوانـن، ڕەنگـە بـاوك و باپیـری ئەوانـە بەشـدارییان لـەو شـۆڕشـە مەزنـە کردبێـت، لەجەنگـدا دژی هیتلـەر شـەڕیان کردبێـت، سـەرکەوتنی زۆریـان بەدەسـت هێنابێـت، ڕەنگـە میدالیاشـیان بەسـنگەوە هەڵواسرابێـت.

شـەڕیان دەکـرد تـا داهاتوویەکـی پرشـنگ بـۆ خۆیـان و منداڵەکانیـان دابیـن بکەن. هەر بە خەیاڵیشـیاندا نەهاتووە کە ڕۆژێك دێت کچە جوان و ناسـکەکانیان دەنێرنـە بەیـروت وەك لەشـفرۆش و لـە بەرانبـەردا دۆلاری ئەمەریکـی بەدەسـت دەهێنـن. کاتـێ ئـەو دۆخـە هاتـە کایـەوە ئینجـا لـەو رژێمـە گەیشـتن کە سـتالین دایمەزرانـدووە، لـە دیکتاتۆرییـەت و ژاوەژاوی سـتالین ڕزگاریـان بـوو، وێنەکانـی سـتالینیان دڕانـدو پەیکەرەکانیان تێکشـکاند، بـەڵام کار لەکار ترازابـوو، کاتێك ئەو پاکێتـە جـوان و کاریگـەرەی لەسـەر نووسرابوو سۆسـیالیزم و ئەو بەرگـەی یەکێتی سـۆڤیەت دڕا، لەنێویـدا رژێمێـك دەرکـەوت کە بـۆن بۆگەنی لێدەهـات. میدالیای

www.arsivakurdi.org



سەرکەوتنی رووسەکان لەبەرانبەر هیتلەر ئێستا لە ئەڵمانیا وەك کەلوپەلی رازاندنەوە بەیەك مارك دەفرۆشرێت و ئەو کچانەیان کە چەندین قاتی ئەو میدالیانە جوانن لە بەیروت لە یانەکانی سێکس مامەڵەیان پێوە دەکرێت لەبەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی. نامەوێت زیاتر لە هۆڵی هوتێلەکە دابنیشم، دەچمە دەرەوەو دەچمە سەر ئەو شەقامەی بە تەریبی لەگەڵ دەریا درێژ دەبێتەوە.

برسیم بووە، خواردنگەیەك دەدۆزمەوە، نامەوێ پارەکەم خەرج بکەم، بەڵام ناشتوانم بەبرسێتی بمێنمەوە، بڕیارم دا شۆربایەك بخۆمەوەو چوومە خواردنگەکە، وتم: شۆربا، کارگوزارەکە تێگەیشت، شۆرباکەم بەنانێکی زۆر خواردو 2500 لیرەی لوبنانیم دا، بەڵام لەسەر دڵم وەستا، چونکە لەگەڵ کەمبوونەوەی پارەکەم، ئومێدم کەم دەبووەوە، سوڕانەوە لە لوبنان بێ پارە بەقەد سوڕانەوە لە کوردستان بەڕووتی خراپە. کاتێك لەخواردنگەکە چوومە دەرەوە پەشیمان بوومەوە لەوەی کە شۆربام خواردەوە بە 2500 لیرە کیسێك سەموون، پاکەتێك پەنیرم دەکڕی و دەمتوانی 5-4 ڕۆژی پێ بەڕێ بکەم. باشە ئەی دواتر؟ ئەوڕۆ یاخود دوای پێنج ڕۆژ برسی مامەوە، وابیر دەکەمەوە کە ئەوە گرنگیەکی زۆری نییە. دەبێت چارەیەك بدۆزمەوە، بەڵام چۆن چارەیەك؟ ئەو ئەرمنییانەی تورکی دەزانن بچمە لایان دەبێت یارمەتیدەرم نەبن؟ ئەوەی لەمێژوودا بەسەر ئەوان هات ئەمڕۆ بەسەر من دێت؟ ئومێدەواربووم بەهۆی لە یەکچوونی مێژووەکەمان بەڵکو یارمەتیم بدەن. ئەرمەنییەکان لەکام گەڕەك دادەنیشن؟ ئەوەم لە شوفێری ئەو تاکسییە پرسی کە لەگەڵ سەرکەوتم، گوتی باشە، هەزار لیرەی لێم وەرگرت و منی گەیاندە گەڕەکی ئەرمەنییەکان. کاتێك لە بازاڕی ئەرمەنییەکان دەسوڕامەوە پیاوێکی سەر سپی لەبەردەم دوکانێکی جلوبەرگ لەسەر کورسییەکی دار دانیشتبوو، ڕۆژنامەیەکی لەدەست بوو دەیخوێندەوە، چوومە لای گوتم:

www.arsivakurdi.org

سڵاو و پرسیم کە ئایا تورکی دەزانێت یاخود نا، گوتی: دەزانم فەرموو و چووینە نێو دوکانەکەی و دانیشتین، پێم گوت کە کوردم، لە تورکیا داواکراوم، پەساپۆرت و پارەم ونکردووە، دەمەوێت بڕۆم بۆ یۆنان و یاخود وڵاتێکی تری ئەورووپی، پرسیم کە ئاخۆ دەتوانێت یارمەتیدەرم بێت یاخود نا. پیاوەکە گوتی: لە بەیروت کوردی زۆری لێیە بچۆ لای ئەوان، ئەوان یارمەتیت دەدەن. سەیرم کرد پیاوەکە کارێکم بۆ ناکات. دۆلار مرۆڤایەتی کوشتوە، هەر یەکەی رۆبۆتێکە کە بەدەستێك کەلوپەلەکەی دەفرۆشێت و بە دەستەکەی تر دۆلار وەردەگرێت، لەوە زیاتر هەست بەهیچ شتێك ناکات.

لێم پرسی کە باوکی لە کوێ بووەو کەی هاتووەتە ئێرە، گوتی (لەساڵانی 1920ەکاندا لە (سەمان داغ)ەوە هاتوون، رابردوو ئیدی لەرابردوو ماوەتەوە، دونیا گۆڕاوە، لە تەمەنێکدا زۆر تاڵییان چەشتووە، بەڵام ئێستا دۆخیان باشە). دواتر گوتی: ئەگەر دەچیتە یۆنان دراوسێکەم سەرتاشێکی یۆنانییە، تورکییەکی باش دەزانێت، ڕەنگە ئەو بتوانێت یارمەتیت بدات، منی نارده لای سەرتاشەکە.

لەکۆتایی دوکانە جل فرۆشەکە سەرتاشخانەکە بوو و چووم بۆ ئەوێ، لەسەر کورسیەکە کەسێکی چوارشانە دانیشتبوو، سەرتاشە یۆنانییە تەمەن 40 ساڵانەکە قژی زەبەلاحەکەی چا دەکرد، لە دەنگی ریتمی مەقەستەکەوە ئاشکرایە کە سەرتاشەکە شارەزای کارەکەیەتی، سڵاوم کردو دانیشتم، سەرتاشەکە من بە کڕیار تێگەیشت و بەڕێزەوە گوتی (سڵاو) و بەردەوامی بە کارەکەی دا، سەیری زەبەلاحەکەم دەکرد لە ئاوێنەکەی بەرانبەرمەوە، نزیکەی 250 کیلۆ دەبوو، باڵای نزیکەی سەدو نەوەد بۆ دوو مەترێك دەبوو، تەمەنی لە 30یەکان. بەتورکی لەگەڵ سەرتاشەکە قسەی دەکرد، لە تورکیەکەیەوە دیار دەبوو کە ئەرمەنییە، لەقسەکانی گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە کەسێکی توندو تۆڵ و ئارەقخۆر بوو. لەبەر ئەوەی کە قسەکانی نەچوو

www.arsivakurdi.org

بـە دڵمـەوەو بیـرم کـردەوە ئاخـۆ ئـەوە چ دروسـتکراوێکە؟ بەچـی و چـۆن تێـر دەخـوات؟ کاتێـك سـەر ئۆتۆمبێـل دەکەوێـت ئۆتۆمبێلەکـە ناتەپێـت؟ دەتوانێـت سـەر پەیـژەی دار بکەوێـت؟ کاتێـك لەسـەر قەرەوێڵـە ڕادەکشـێت قەرەوێڵەکـە دەشـکێت؟ کاتێـك سـەر ئۆتۆمبێـل دەکەوێـت لەگـەڵ کەسـەکانی تـر هەمـان پـارە دەدات یاخـود چـوار قـات؟ کاتێـك دەچێتـە قاوەخانـە لـە پیاڵـەی باریـك چا دەخواتـەوە؟ کاتێـك دۆندرمـە دەکڕێـت هەمـان قووچەکـە بچووکـەکان دەگرێتە دەسـت؟ کاتـێ لەگـەڵ یەکێـك دەبێتـە شـەڕیان دەبێـت حاڵـی لایەنـی بەرانبـەر چـۆن بێـت؟ لـە ئاوێنەکـەوە سـەیری پیاوەکـەم دەکـردو ئـەو پرسـیارانەم لەخـۆم دەکـرد، سـەرتاش قـژی ئـەوی تەواوکـرد، ئەویـش کرێکـەی داو دەرچـوو، لـەدواوە سـەیری دەکـەم سـەیرە! لـە مانگا سـویسرییە قاوەییـەکان دەچـوو (Montofon)، لـە هـەر سـمتێکی بە ئاسـانی مرۆڤێکی تـەواو دروسـت دەکرێـت. ئۆتۆمبێلەکەی لـە دەرەوە وەسـتاندبوو دەرگاکـەی کـردەوەو بـە جوانـی سـەیرم دەکـرد، کاتێـك سـەرکەوت بسـتێك داتەپـی.

ئـەوەی بـۆ دوکانـی جلوبەرگەکـەم باسـکردبوو بـۆ سەرتاشەکەشـم باسـکرد، سەرتاشـەکە گوتـی: لـە یۆنـان نـا لـە بەیـروت لەدایـك بـووە، دایـك و باوکـی لەسـاڵانی 1920ەکان لـە ئەگـەوە ڕایانکـردووە و لەبنەڕەتـدا خەڵکـی ئەنادۆڵـن، پرسـیارم کـرد کـە ئایـا ڕۆمانـی (سـڵاوی منیـش بگەیەنـە ئەنـادۆڵ) گوتـی کـە نەیخوێندووەتـەوە، گوتـم ئەگـەر بخوێنیـەوە دەزانـی کـە دایـك و باوکـت لـەوێ چـۆن ژیـاون و بۆچـی ڕایانکـردووە.

دایـك و باوکـی جلوبـەرگ فرۆشـەکە لەسـەمەنداغ و هـی سەرتاشـەکە لـە ئەگەیـە، منیـش دوای 70 سـاڵ لـەوان بەهـۆی زۆرداری هەمـان ڕژێـم هاتمـە بەیـروت. ئەمـڕۆ لەگـەڵ منداڵـی ئـەوان بەزمانـی ئەوانـەی کـە ئێمەیـان لـە خاکەکەمـان وەدەرنـا قسـە دەکەیـن و لـە یەکـتری دەگەیـن. ئەگـەر پیـاوەکان زانیـاری مێژووییـان هەبـووا یارمەتییـان دەدام. چیرۆکـی جلوبـەرگ فـرۆش و

www.arsivakurdi.org

سەرتاشـەکە بەلانـی کـەم بەقـەد چیرۆکـی خـۆم بەباشـی دەزانـم، چیرۆکـی خۆم نـا هـی خۆیـان بـۆ ئـەوان بـاس دەکـەم. سەرتاشـەکە گوتـی کـە مـن بەکوردێـك دەناسـێنێت، بـەر لـەوەی چاوەڕوانـی نارەزاییـم بـکات، چـووە دەرەوە.

دوای ماوەیـەك لەگـەڵ پیاوێکـی بـەژن درێـژی باریکەڵـەی تەمـەن نزیـك 50 ساڵییەوە هاتـە ژوورەوەو پیـاوە بەتەمەنەکـە گوتـی: (مەرحەبـا تـو بخیـر هاتـی) لـە حـاڵ و ئەحواڵیـم پرسـی، پیاوەکـە گوتـی: کـە لەبنەڕەتـدا سریانییـە، باوکـی لە 1920ەکان لەدیاربەکـرەوە کۆچیـان کردووەتـە لوبنـان و دوای ئـەوەی باسـی کـرد کـە کـوردی بـاش دەزانێـت، بـەڵام نازانێـت بەتورکـی قسـە بـکات، پرسـیاری کـرد (تـۆ گوێـت لـە سـەرۆك ئاپۆ بـووە؟) کـە وەڵامم دایـەوە بەڵـێ، گوتی: مـادام وایە بابچیـن چایـەك بخۆینەوە و هەڵسـاین.

کەمێـك لـە خـوارووی سەرتاشـخانەکە لەنێـو کۆڵانێـك، چووینـە قاتـی خـوارەوەی باڵەخانەیەکـی بـەرز، مـن وام دەزانـی کـە دەڕۆینـە قاوەخانـە، بـەڵام پیاوەکـە منـی بـردەوە ماڵەکـەی. دەرگای سـەرخەرەکەی کـردەوەو دوگمەیەکـی داگـرت، سـەرکەوتین بـۆ قاتـی شەشـەمی باڵەخانەکـە، ماڵەکـە زۆر گـەورەو بەتاڵـە، یەکـەم ژوور لـە حاڵێکدایـە کـە بەکارنایـەت، پـڕ لـە دارو کەلوپەلـی کۆن، دەرگای ژووری دووەمیـش کراوەیـە، سـەیرێکی ئەوێشـم کـرد، لەسـەر دیوانەکـە پێخەفێـك و چەنـد پەتوویـەك هەبـوو. هەمـووی پـەرش و بـڵاوە، لـە ڕاڕەوەکەوە بـەرەو ژووری دانیشـتن چوویـن، مێزێکـی ئەنتیـك کـە سـەرچەفی لەسـەر نییـە، دوو کورسـی کـە مێزەکـە تـەواو دەکـەن، لـە سـوچێکی هۆڵەکـە قەرەوێڵەیەکـی دوو نەفـەری کـە سـەرچەف و پەتـوو لەسـەری بـڵاو کرابوونـەوە، لـە سـوچەکەی تـری ژوورەکـە جانتایەکـی سـەفەری گـەورە کـە سـەرەکەی کرابـووەوە، لەناوی دا چەندیـن کـراس و تیشـێرت و جلـی ژێـرەوە هەبـوو. کـە پیاوەکە بەکـوردی گوتی: فەرمـوو دانیشـین، لەسـەر ئـەو کورسـیە ئەنتیکانـەی بەرانبـەر یەکـتر دانرابـوون دانیشـتین، لەسـەر مێزەکـە چەرخێکـی گـەورەو حـەوت هەشـت جـۆری جیاوازی

www.arsivakurdi.org

پاکـەت جگـەرە هەبـوون. لەوکاتـەوە کـە رامکـردووە توانـای کڕینـی پاکەتـی جگـەرەم نەبـووە، بۆیـە جگەرەیەکـی ماڵبۆرۆم پێکـرد، پیاوەکە بۆ چـا لێنان داوای مۆڵەتـی کـردو چـووە ناندینەکـە، دوای ماوەیـەك کـە هاتـەوە بەکورتـی چیرۆکـی خۆمـی بـۆ بـاس دەکـەم، پیاوەکـە گوتـی: دەردی منیـش هـەروەك دەردی تۆیـە، تەنانـەت هـی مـن لـە هی تـۆ گەورەتـرە، گوتـم وامەڵـێ خاڵە تـۆ ماڵێکـت هەیە لێـی بژیـت، پێخەفێکـت هەیـە لەسـەری بخـەوێ، چایەکـت هەیـە بیخۆیتـەوە و جگەرەیەکـت هەیـە بیکێشـی، مـن ئەوانیشـم نییـە. پیاوەکـە دەسـتی کـرد بـە گێڕانـەوەی چیرۆکـی خـۆی، ماوەیـەك زۆر زەنگیـن بـووە، چەندین خـان، گەرماو، باڵەخانـە و دوکانـی هەبـووە، مایەپـووچ بـووە، هەمـوو ئـەو خـان، گەرمـاو، باڵەخانـەو دوکانانـەی هـەی بـووە لـە دەسـتی چـووە، بـە تۆمەتی مامەڵکـردن بە مـادەی هیرۆیـن کەوتووەتـە زیندان، هەموو موڵك و ماڵی دانـاوە تا ڕزگاری بووە، کچەکانـی لـە بەیـروت شـویان کـردوە، دوو کوڕەکـەی لـە ئەمەریکا دەژیـن، تەنیا ئـەو ماڵـەی لەدەسـت ماوە، دەیەوێـت بچێتە لای هاوسـەرەکەی، بـەڵام ناتوانێت پەسـاپۆرت و ڤیـزا وەربگرێـت. کاتێـك چیرۆکـی خـۆی بـۆم دەگێڕایـەوە لـەدەرگا درا، پیاوەکـە بەهەنـگاوی خێـرا چـوو بـۆ لای دەرگاکـە، دەنگـی ئافرەتێـك بـوو، چیـان دەگـوت تێنەگەیشـتم، کاتێـك گەڕایـەوە گوتـی: (ئافرەتێکـی 20 سـاڵان و منداڵەکـەی باوەشـی داوای پـارە دەکات، پێخەفەکـەی ژوورەوەم نیشـاندا دەڵێـم وەرە بـا بەیەکـەوە بخەویـن و پارەکـەت بدەمـێ، قبوڵـی نەکـرد بـە ڕێـم کـرد). دواتـر بـە پێکەنینـەوە ئـاوا بەردەوامـی بـە قسـەکانی دا (چـی بکـەم؟ بـە رەبەنی دەژیـم، بـێ ئافـرەت نابێـت، کـە پـارەم دەسـت دەکەوێت کچـی جـوان دەهێنم، یـەك دوو ڕۆژ رادەبوێـرم و دەیاننێرمـەوە)، دواتـر جانتاکـەی نیشـاندام و گوتـی (ئـەو کەلوپەلانـە هـی کوڕەکەمـە، لـە ئەمەریـکاوە بـۆ گـەڕان هاتووەتـەوەو منیـش کەمێکـی تـر دەچمـەوە سـووریا) جگەرەیەکـی تـری بـۆم راگرت بیکێشـم. نەمتوانـی کـە پێـی بڵێـم برسـیمە، بـۆ لابردنـی برسـێتییەکم چایـی پـڕ شـەکرم

www.arsivakurdi.org



دەخواردەوە، ڕەنگە ئەگەر نەچێتە سووریا رازی دەکەم لە ماڵەکەی بمێنمەوە، بەڵام لەوەش ناچێت کەسێك بێت یارمەتیم بدات. ئەویش کەوتووەتە دەردی خۆیەوە، زوو زووە دەیگوت: (ئەگەر کێشەی پەساپۆرتم چارەسەر بکەم خانووەکە نافرۆشم، بەکرێشی نادەم، بۆ کچەکانیشمی جێناهێڵم، پیاوێکم هەیە، کوردێکی ماردینییە، ئێستا خۆی لە ئیستانبوڵە، بەم نزیکانە دەگەڕێتەوە، کلیلەکان دەدەمە ئەو) خەریکە بڵێم کلیلەکە بدە بەمن، من لەناوی بمێنمەوە، بەڵام پیاوەکە من ناناسێت، بۆ بیدات؟ لەکۆتاییەکەیدا گوتی: (لە دۆخێکدا نیم کە یارمەتیت بدەم، تۆ هەڵسە بچۆ گەڕەکی کوردەکان، منیش دەچمە سووریا)، ماڵئاواییمان کردو چوومە دەرەوە. واپێدەچوو کە چوونەوە ئەشکەوتەکەم لەلێواری دەریا ئەستەم بێت، جێگاکەشم بەتەواوی پێ نەدەزانییەوە و واش دیاربوو کە زۆر دوور بێت. بەگوتنی ناوی هوتێل مۆنتەمار سەر ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری کەوتم، هەزار لیرەی ترم دەڕوات، دووبارە چوومەوە تا بزانم وەڵامی فاکسەکەم دراوەتەوە یان نا، کاتێك وەڵامی (نەخێر)م وەرگرت بێ ئومێدیم ئەوەندەی تر زیادی کرد، مێشکم تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت، گەدەم هەڵدەچێت و نەفرەت لە بەیروت دەکەم. کاتێك لە هوتێلەکە دەگەڕامەوە، ڤێلای ناو باخچەیەك سەرنجی راکێشام، لەسێبەری تارماییەکە پیاو و ئافرەتێکی بەتەمەن و کچێکی گەنج کە وام مەزەندە کرد کچی هاوسەرەکان بێت دانیشتبوون، بیرم کردەوە ئاخۆ ئەگەر بە ئینگلیزییە شەت و پەتەکەم چیرۆکی خۆمیان بۆ باس بکەم دەبێ یارمەتیم نەدەن، ئەو چیرۆکانەم بیر دەکەوێتەوە کە لەپەرتووکەکان خوێندوومنەتەوە، بەڵام دواتر خۆم دەڵێم ئێرە بەیروتە سەلیم، کاتێك گیرفانت دۆلاری تیا نەبێت هەموو گوێچکەکان گیراون، دەرگاکان داخراون، وەك بەردەکانی دۆڵی بیقاع رەقن، بەخێراییەوە ڕێگای ئەشکەوتەکەم دەگرمە بەر، دووبارە بڕیارم دایەوە کە باشترین جێگا کە بیزانم ئەشکەوتەکەمە.

www.arsivakurdi.org

کاتێـك کـە جێگاکەمـم لەشـوێنی خـۆی بینـی دڵـم خۆشـبوو، لەشـم ئارەقـەی کـردووە، پێیەکانـم لەنـاو پووتەکـە خووسـاوم، وام بیرکـردەوە کـە لـە دەریـا مەلە بکـەم، بـەڵام شـەپۆلەکانی وا بەهێـز لـە گاشـەبەردەکانییان دەدا جەسـارەتم نەکـرد بچمـە نـاو دەریـا، چوومـە قوڵایـی چاڵەکـە کـە تۆزێـك لەولاتـر بـوو، دووبـارە سـەیری ئۆتۆمبێلە شـکاوەکەم کـرد، تۆزێـك لەولاتر شـوێنێك دەدۆزمەوە کـە مەلـەی تێـدا بکـەم، ئێرەش بـەردە بـەڵام شـوێنی کۆتاییهاتنی دەریـاو بەردەی ڕاسـتە. کاتێـك شـەپۆل دێـت نزیکـەی چـوار پێنـج مەتر ئـاوی کەفاوی سـپی وەك بەفر لەسـەر بەردەکان پەرش و بڵاو دەبێتەوە و دەکشـێتەوە، لەدوای خۆی قاتێك قـەوزەی سـەوز جێدەهێڵێـت. جلوبـەرگ و پێـڵاو و گۆرەوییەکانـم دادەکەنـم، تەنیـا دەرپێکـەم لەبـەر مایـەوە، بەهێواشـی بەسـەر بـەردە قەوزاوییەکانـدا دەچمـە پێشـتر، قـەوزەکان وەك مافورێکـی نەرمن، لەوە دەترسـم کە وردە شوشـە شـکاوەکان قاچـم برینـدار بکـەن، بەهێواشـی و ئاگادارییـەوە دەڕۆم.

شـەپۆلەکان بـەر قاچـم دەکەوتـن و تێپـەڕ دەبـوون، کـە شـەپۆلە گـەورەکان تـا ئەژنـۆم سـەردەکەوتن خـۆم بـۆ فێنکـی دەریـا جێدەهێڵـم، دوای لەزینـدان دەرچوونـم تائێسـتا ئـەوە جـاری سـێیەمە کـە بچمـە نـاو دەریـا. جـاری یەکـەم لەکەنـار دەریـای کامپـی کۆچبەرانـی لاڤریـۆن لـە ئایـاری 1991 لـە یۆنـان، دووەم جـار لـە ریـۆ دی جانیـرۆ، جـاری سـێیەمیش لـە بەیـروت، بەڵـێ منێـك کـە سـێ کیشـوەر گـەڕاوم ئێسـتا لـە بەیروتـی بچـووك بێچـارەم، کەسـێکی تەنیـام لەگـەڵ خۆمدا.

دوای مەلەکردنێکـی زۆر هاتمـە دەرەوە، خـۆم داوەتـە بـەر ڕۆژە گەرمەکـەو بیر دەکەمـەوە ئەشـکەوتێکی تاکەکەسـی، دەریایەکـی پـاك و تەمیـز کـە دەتوانـم بـێ پـارە مەلـەی تێـدا بکـەم و ڕۆژێکـی سـوتێنەر، ئیـدی داوای چـی لە خـودا بکەم؟ لە دونیایـەك کـە زۆربـەی دەریـاکان پیـس کـراون، مـن دەرفەتـی ئـەوەم هەیـە دوای ماوەیـەك جلوبەرگەکـەم لەبەرکـرد و گەڕامـەوە شـوێنی حەوانـەوەم. لـە ئاوەکـەم

www.arsivakurdi.org

کە لە ئێوارە ماوەتەوە چەند قومێك دەخۆمەوە، شوێنی حەسانەوەکەم لە جێگایەکی بەر سێبەرە، بایە فێنکەکەی دەریا شوێنەکەی منی فێنکتر دەکردەوە. دادەنیشم و بیر دەکەمەوە، حوسێن بۆچی وەڵامی نەدامەوە؟ ئاخر حوسێن وا نابێت؟ متمانەم بە تۆ کرد، فاکسم بۆت نارد، مرۆڤ چۆن وەڵامێك ناداتەوە؟ دەفتەری ژمارە تەفەلۆنەکانم لەگیرفانم دەرهێناو دەستم پێکرد یەکە بە یەکە ناوەکان بخوێنمەوە، عەبدوڵڵا، ئەحمەد تورك، عەونی کشن، بەحری، باوکم سەلیم چوروککایا، عەلی ئایتەمور، دۆغو پەرینچەك، چەتین کایگالاك، ئوسوللا سەتزەر، فازل، فادیمە، پارێزەر ئەران کەسکین، فەتاح یەغیت، فەهمی کایا، فیدان ئەشرەف، گونای ئەسلان، خەتیب دیجلە، هەیکە کراوس، حوسێن ئەردەم، غوربەت ئەرسۆز، ئیڤۆن موللەر، ئیلهان ئەرسۆز، ئیسماعیل بێشکچی، عسمەت ئەلچی، مەهدی زانا، نورەددین کینل، مەمیش دایمە، محەممەد ئارتان، مەحمود ئەکنجی، مستەفا دەرە، نەزاحەت، نیهاد بەهرام، یەکێتی دیندارانی کوردستان، عومەر ئۆزەر تورگوت، راغب دوران، قاسم فورات، رزا ساریکایا، نازلی، پارێزەر تولدی ئاتەش، پارێزەر سەرحەد بوجاك، دکتۆر سلێمان، سەلیم فورات، ڕۆژنامەوان تی، ئومێد، زوبەیر ئایدار، یایلا بوجاك، یوجەل ئارت، ئەمین، سەلیم دیندار، ئانژا، ئەحمەد باراچکلچ، رۆزە ئەندرسۆن و وەك ئەوانە چەندین ناو لە کاری جیاوازو لەوڵاتە جیاجیاکانی دونیا ئەوانەی دەمناسین ئەوانە بوون.

ئەگەر پەیوەندی بکەم هەیە دێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دەزانم پارەی ئەوەم نییە هەواڵ بنێرم جگە لەوەی دەفتەرە بچووکەکەم بخەمەوە گیرفانم هیچ چارەیەکی ترم نییە، لەسەر پێخەفەکەم رادەکشێم و بیر دەکەمەوە، ئەوەی کە دوو ساڵی رابردوو لە مێشکم ببڕێنمەوە بەقەد چوونە ئەورووپاکەم گرنگە. دوو ساڵی رێك شەو و ڕۆژ هەموو ئەوانەی بیرم کردووەتەوە، سەیرم کردووە، خوێندومەتەوە، گفتوگۆم کردووە و ژیاوم و شاهێدی بوومە. بەڵام

www.arsivakurdi.org



لەگەڵ هەموو ئەوانە بەپێویستی دەزانم کە بیر بکەمەوە، پێویستە هەموو ئەوانەی بینیم، ژیام، کردم، پەرەستم، بە نەفرەتم کرد بنووسمەوە، خەڵکەکەم ئاساییە کە لەباوەڕکردن بەو هەموو قێزەوەنییە زۆری ببینێت و دەیبینێت، بەڵام دەبێ هەمووی باس بکەم، باوەڕهێنەربوون زۆر گرنگە.

کاتێك لەساڵی 1981 لەزیندانی دیاربەکر گیرابووم، زوڵمی نەقیب ئەسەد ئۆکتای دەستی پێکرد بوو، سەیرم دەکرد، تیایدا دەژیام، دەمبینی، گوێم لێ دەبوو، خەباتم دەکرد، ئەوانەی کە شاهێدیان بووم لە بیرەوەریم تۆمارم دەکردن، بەخۆمم دەگوت لە داهاتوودا دەینوسم. ئەسەد ئۆکتای دەیگوت (من شتی ئاواتان بەسەر دێنم کە لە داهاتوو باستان کرد هیچ کەس بڕواتان پێ نەکات) دوای حەوت ساڵ ئەو زوڵمانەی نەقیب ئەسەد ئۆکتای بەسەرمانی دەهێنا لە پەرتووکی (شەفەقی دیاربەکر لە تاریکی 12ی ئەیلول) کە دوو بەرگە باسم کردووە. لەزیندانەوە ناردم بۆ ئەڵمانیاو تورکیاو بڵاوم کردەوە، دەترسام کە (کاتێك مرۆڤەکان دەیخوێننەوە باوەڕ نەکەن) بەڵام کە لە 1991 لە زیندان دەرچووم و لەگەڵ خوێنەرەکانم یەکترمان بینی، بینیم کە باوەڕیان کردووەو زۆر خۆشحاڵ بووم.

ئێستا دووبارە لەحاڵەتێکی وام، سەپاندنەکانی ناو پەکەکە، ئەو دۆخەی ڕێبەری نەتەوەیی هێناویەتە کایەوە، یاری، درۆ، ئەشکەنجە، پاڵەپەستۆ، قەتڵوعام، تۆقاندن، ماستاوچێتی، دیکتاتۆرییەت، مەترسی پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو، پێویستە هەموو ئەمانە بنووسم. هەر خۆی هەموو جارێك کە ڕابەری مەزن منی دەدیت دەیگوت (ژیانی من بە پەرتووکێك بنووسە). منیش پەیمانم دەدا کە بینووسم، پەرتووکەکانی تری منی بە رووکەش دەبینی، بەپێی ئەو لە ژێر هەموو شتێکدا خۆی هەبوو، من ئەو نا رووکەشەکەم نووسی بوو، واتا کاتێك لەسەر بەرگرییەکانی خەباتی زیندانی دیاربەکرم نووسی، زۆر باسم لەو نەکرد بوو. بەپێی ئەوەی بۆ ئێمەی باس دەکرد، ئەوەی لە

زیندانـی دیاربەکـر بەرگـەی دەگـرت خـۆی بـووە، مـن نەمتوانیـوە ئـەوە ببینـم و لـە رووکەشـدا ماومەتـەوە. ئایـا دەکـرێ ڕەخنەکانـی ڕابـەری مـەزن بەهەنـد وەرنەگیرێـت؟ گوتـم دەنووسـم واتـا دەینووسـم.

هەشـت مانـگ لـە ئەکادیمیـای مەعسـوم کۆرکـماز مامـەوە، لـەوێ بـووم بـە شـاهێدی زۆر ڕووداو کـە مـرۆڤ بـاوەڕی پـێ نـاکات، شـێتی دەکات، سەرسـامی دەکات، ڕقـی لەژیـان ببێتـەوە، پێبکەنێـت و بیـر بکاتـەوە. سـاڵێك لـە ئەورووپـا مامـەوە، وەك (دیزاینـەر) لـە ڕۆژنامەکانـی (سـەرخوەبوون، و بەرخـوەدان) کارم کـردووە و ئەندامـی مەرکـەزی ڕێکخسـتنی ئەورووپـا بـووم.

ئـەوەی لێـرە بینیـم و شـاهێدی بووم لە یـاری، دووزمانـی، بەردانـەوەی یەکتر، دوو ڕوویـی و چەپڵەلێـدەر، ماسـتاوچێتی، زۆرداری، لـە قاڵبـدان و پەیوەنـدی بۆگەنکـردوو بـوون، هەمـوو ئـەو ئایەتانـەم خوێنـدەوە کـە ڕابـەری مـەزن دایبەزاندبـوون، مێـژوو بەیـەك دادانی درۆ لەشـوێنی ڕاسـتییەکان، مرۆڤخۆرەکان، بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە ئـەو ژیانـە جەهەننەمـەی دوو سـاڵ تیایـدا ژیـام بنووسـمەوە، وەك نووسـەرێك بـە رادەی پێویسـت چاودێریـم کردبـوو.

نەمدەتوانـی ڕاسـتییەکان بنووسـم و لای ڕابـەری مـەزن بمێنمـەوە، نووسـینی ڕاسـتیەکان واتـا دەسـتبردن بـۆ قەدەغەکـراوەکان، دەرئەنجامەکەشـی مردنێکـی پیـس و مۆرکراوبـوو. لەڕاسـتیدا ئـەوەی ڕابەری مەزن لەمنی دەویسـت نووسـینی پەرتووکێـك بـوو کـە ئەرکـی قوتوویـەك ببینێـت هەمـوو پیسـی و گڵاوییـەکان لەناویـدا بشـاردرێتەوە. هەمـوو ئایدیۆلۆژیـا فەرمییـەکان لەڕێـگای نووسـەری ماسـتاوچی مێشـك دەسـت بەسـەر پەرتووکـی لـەو جۆرەیـان نووسـیوە. منێك کە ئـەو حاڵـە زۆر بـاش دەزانـم و ژیـاوم، دەکـرێ بـەو راددەیـە سـووك ببم کـە ئەوە بکەم؟

بـەر لـە بیسـت سـاڵەوە ڕەخنە لـە ئەدیـب و هونەرمەنـدی تورکـەکان دەگرم، منێـك کـە ئـەوان بـە کۆیلـەو ماسـتاوچی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی دەبینـم، لەگـەڵ

www.arsivakurdi.org

ئـەوان بكەومـە هەمـان بابـەوە؟ نەخێـر واز لـە نووسـەر بـوون دەهێنـم. یـەك رسـتە ئەنووسـم، ئەگـەر پێویسـت بـكات دەمـرم، بـەڵام بەفەرمانـی ئایدیۆلۆژیای فەرمـی، ڕاسـتییەكان ناخەمـە ژێـر ماسـكی درۆوە.

كاتێـك چوومـە ئەورووپـا، سـەرەڕای پەیماندانـم بـە ڕابـەری مـەزن، وازم لـە پەرتـووك نووسـین هێنا، چونكـە ئەوەی بینیم و لێی ژیـام بەپێچەوانەی ئەوەبوون كـە لەمنـی دەویسـت بینووسـم، زوو زوو داوای نووسـینم لێدەكـرا. لەكۆتاییەكەی گوتـم: نانووسـم، وازم لـە نووسـین هێناوە، نامەوێت ببم بە سـەلمان روشـدی. ئەو قسـەیەم گەیشـتبوو بـە گوێچكـە پیرۆزەكانـی ڕابەری مـەزن، بێگومـان دەزانم كە زۆربـاش تێگەیشـتووە دەمەوێـت چـی بڵێـم، هـەر خـۆی پێشـتریش تێگەیشـتبوو كـە نانووسـم. كاتێـك دەچوومـە ئەورووپـا پێیگوتـم: (لەسـەر مـن بابەت بنووسـە هـا!)، دەشـمزانی كە ئـەوە ڕێنماییە.

لەڕۆژنامـەی (yeni ülke) چەندیـن وتـارم نووسـی، بـەڵام لـە هیچیانـدا ستایشـی ئـەوم نەكـرد، باسـم نەكـرد. بۆچـی ئەوەنـدە دەیـەوێ كـە پڕوپاگەندەی بـۆ بكرێـت؟ بۆچـی ئەوەنـدە دەیەوێـت سـتایش بكرێـت و گـەورە بكرێـت؟ بۆچـی بەپێویسـت دەزانێـت؟ مـن هۆكارەكانـم باش دەزانـی. (پەرتووك بنووسـن، لـە پەرتووكەكانـدا باسـی مـن بكـەن، وتـار بنووسـن، لەوتارەكانـدا مـن بكـەن بـە ڕۆژەڤ، بەقسـەكردن ستایشـی مـن بكـەن، بـە كاسـێتی ڤیدیۆیـی مـن بناسـێنن، لەڕۆژنامـەكان بەگەورەیـی وێنـەم بـڵاو بكەنـەوە). ئەوانـە ڕێنماییـەكان بـوون كە ڕابـەری مـەزن بـە بەردەوامی بە ئێمـەی بەندەكانی دەدا، ئەگـەر ئەندامێكی تری پەكەكـە ئەمانـە بـۆ خـۆی داوا بـكات، بـێ لێپرسـینەوە و لێكۆڵینـەوە گوللەبـاران دەكرێـت، بـەڵام كاتێـك ڕابـەری مـەزن داوا بـكات ڕێنمایـی بـێ كەموكـوڕی جێبەجـێ دەكرێـت.

لـە وتارەكانـم لـە ڕۆژنامـەی (yeni ülke) لەبـەر ئـەوەی ستایشـی ڕابـەری مەزنـم نەدەكـرد یەكەمجـار وتـار نووسـینم بـە نـاوی ڕاسـتەقینەی خـۆم قەدەغـە

www.arsivakurdi.org

کرا، منیش کردمە عینادی و بەناوی کۆد ئەمنووسی، کاتێك ئەو وتارانەی ناردبووم بەناوی کۆد بڵاوکرانەوە، وازم لە نووسین هێنا. بەپێی تێگەیشتنی ڕابەری مەزنمان جگە لە خۆی هیچ کەسێك ناتوانێت بەناوی ڕاستەقینەی خۆی وتار بنووسێت، کاتێك ئێمەی بەندە بەنووسین دەناسرێین، ناسرانی کۆیلەو بەندە لەلایەن چینەکانەوە ڕووداوێکی مەترسیدارە، هەر خۆی لەداهاتوو ئێمە دەڕفێنێت، راپێچی خۆکوشتنمان دەکات یاخود دەمانکوژێت!

ئەنجامدانی ئەو کارانە بەسەر کەسانی ناسراو ڕەنگە مێشکی هەندێك بەندە تێکەڵ بکات و یاخود نیشانەی پرسیار لە مێشکی کەسەکان دروست بکات، کاتێك بەندەکان یاخود کۆیلەکان نەناسراون ئەگەر بکوژرێن، بڕفێندرێن وەیاخود راپێچی خۆکوشتن بکرێت وەك وەزیرەکانی عوسمانییەکان دەبن.

ئێستا دەتوانم ڕاستییەکان بنووسم، هەموو زنجیرەکانم پچڕاندوەو ئازادم، لەکۆشك نا لە ئەشکەوت دەژیم، ئەوەی تیایدا ژیام بێ زیادکردنی هیچ درۆیەك، ڕقهەڵگرتن لە هیچ کەسێك دەگێڕمەوە، ئەوەی باسی دەکەم بەسەدەها کەس لەگەڵ من دیویەتی و ژیاوە. ئەوەی نەیدیوەو نەژیاوە لەمەودوا دەبینێت و تیایدا دەژییێت. بەپێی ئەوەی ڕابەری مەزنمان وازناهێنێت، گەلی کورد زوو یاخود درەنگ ڕووبەڕووی ئەوەی گێڕاومەتەوە دەبێتەوە.

چاوەکانم دادەخەم، بەردەوام دەبم لە بیرکردنەوە. دوای ١٥ ڕۆژ مانەوە لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز لە ساڵی ١٩٩١، گوێم گرت لە وتەکانی ڕابەری مەزن، هەر زوو تێگەیشتم کە هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ شاردنەوەی تاوانەکانی، مێژوو دەشێوێنێت، هەرا دروست دەکات. کە لەنێوان دیوارەکانی زیندان بووم ڕاستییەکانم وا بە روونی بەرچاو نەدەکەوت، دەمانگوت: (ڕابەری مەزن بەرگەی هەموو شتێك دەگرێت و شەڕێکی مەزن بەڕێوە دەبات، هەندێك ترسنۆك، خیانەتکارو بێ قیمەت بەربەست دروست دەکەن، دواتر را دەکەن)، متمانەمان بە ڕابەری مەزنمان هەبوو، ئەومان وەك هەڤاڵێك،

www.arsivakurdi.org

خەباتکارێـك و شۆڕشـگێڕێك دەناسـی. بـەڵام دوای گوێگرتـن لە چەنـد گوتارێکی، سـەیرم کـرد نـە لـە هەڤاڵێتـی، نە لـە هاوڕێیەتـی و نە لـە خەباتکاری شـوێنپێیەك مـاوە، ڕابـەری مەزنمـان دەیگـوت من و هیچ شـتێکی تری نەدەگـوت. ((من کردم، مـن دۆزیمـەوە، مـن خوڵقانـدم، مـن بەرگـەم گـرت، مـن کەسـێکم خسـت، مـن شـەڕم کـرد.)) هـەر دەیگـوت مـن و بـەردەوام دەبـوو. هـەروەك چـۆن ئێمە نەك بـۆ ڕزگاری وڵاتەکەمـان، بەڵکـو بـۆ ئـەوە چوویـن کـە سـەرۆکایەتی لـە دەسـت دەربێنیـن. لـە زوو زوو گوتنـی مـن و دووبارەکردنـەوەی ((هەمـوو شـتێك مـن کـردم)) تێگەیشـتم کـە دەیەوێـت چـی بڵێـت.

دەیەویسـت بڵێـت: (مـن هیچ شـتێکم نەکـرد، هەزارەها قارەمان شـەڕی کرد، بەرەنـگاری کـرد هەوڵـی دا، ڕەنجـی کێشـا، خەباتـی بـەرز کـردەوە، من لەسـەری دانیشـتم، ئێـوە ئـەوە دەزانـن، ئەوانـەی دەزانـن ملکەچ بـن یاخود دەتانکـوژم)). دواتـر هەندێـك شـتی دەگـوت کە بـە واتای ئەوە دەهـات بڵێت من خـودام، ئێوە بەنـدەن. مـن خـاوەن و ئێـوە سـەگن، نانتـان بخـۆن و بـۆ مـن بـوەڕن، وەك چۆن سـەگ بـۆ خاوەنەکـەی ڕاسـتگۆیە ئێـوەش ڕاسـتگۆبن لەگەڵم.

مـن گومانـم لـە خودایەتـی خـوداش دەکـرد، ئـەو دەیەویسـت بـاوەڕ بـە خودابوونـی ئـەو بکـەم. ئایا بـاوەڕ بە قسـەکانی یەکێکی لەم جۆرە دەکـەم؟ تەنیا گوێـم لێـی دەگـرت، هەروەهـا بـە دڵ و گیانەوە، ئایـا تاکەکەس کە بە ڕاسـتی لەو تێـدەگا منـم؟ یاخـود هەمـووان بـاوەڕ بە ڕاسـتی قسـەکانی ئەو دەکەن؟ بێ شـك و گومـان مونافقـی وەك مـن دەبێـت هەبێـت. هەندێـك جـار بـە خۆمـم دەگوت چـۆن بـاوەڕ بـەم شـتانە دەکـەن. دواتر گەیشـتمە ئـەو ئەنجامەی هـەروەك چۆن گەلـی تـورك بـاوەڕی بـە کەنعان ئەڤـرەن کـرد؟ کۆیلە میسرییـەکان بـە فیرعەون، کۆیلـە ڕۆماییـەکان بـە نیـرۆن کردووە خەڵکی ئێمـەش ئاوا باوەڕی کـردووە. دواتر گوتـم: هـەروەك چـۆن خەڵکـی ئەڵمانیا بـە ژاوەژاوی هیتلەر و خەڵکی سـۆڤیەت بـە هـی سـتالینیان کردووە هـی ئێمـەش ئـاوا خەڵەتێنراوە.

بەڵام هەندێك شتی ئاوا بێ مانای باس دەکرد وام بیر دەکردەوە کە تەنانەت کەسێك ئەگەر هیچ مێشکی کار نەکاتیش تێدەگات کە ئەو وتانە چەندین وشەی پڕوپووچن و بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ڕاستەقینە یەك ناگرنەوە. هەڵسەنگاندنی ڕێبەری مەزن بۆ خۆی، ئایەتەکانی پەیوەست بە هاوڕێ کۆنە رفێنراو، راپێچی خۆکوشتن کراو، کوژراوەکانمان، وتەکانی سەبارەت بە هاوڕێ شەهیدبووەکانمان، ئەو قاڵب و یاسایانەی لەسەر ئەو بابەتە دانراون، نووسراوەکان، وێنە کێشراوەکان، کاریکاتێری ترسێنەری دیکتاتۆرێك دەهێنایە بەرچاوی کەسەکان.

ڕێبەری مەزنمان لە ئایەتەکانیدا ئاوا باس لە خۆی دەکات (من لە حەوت ساڵییەوە بووم بە شۆڕشگێر، گرووپێك منداڵم کۆکردەوە سەرکردایەتیم کردن و دەستم پێکرد خەبات بکەم لەدژی نادادوەری، هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی بووم بیرم لەوە دەکردەوە ببم بە جەنەڕاڵ و کودەتا بکەم، دواتر لەدژی خانەوادە وەستامەوە، دەزگایەکی دواکەوتووە، بە بەرد ڕەدووی باوکم کەوتم و دواتر گوندم بەجێهێشت، چوون ئەو چوونەبوو جارێکیتر نەگەڕامەوە گوندەکە. لەسەردەمی کودەتای ١٢ی ئادار، لەگەڵ ئەو خەباتکارە قارەمانانە بەیەکەوەبووین، گەنج بوون، نەشارەزابوون، هەموویان کوژران، من وەك ڕابەر مامەوە، بێگومان من شاری دەرسیمم گرتبوو، هەر لە منداڵییەوە خۆم ئامادەکردبوو، ڕابەرایەتیی کردنی چەپی تورکەکان و چەپی کوردەکانیش وەك ئەرکی من هاتبووە کایەوە. بەڵام من ئاهی ئەو قارەمانانەم لەبیر نەدەکرد، لەوانم ڕەت دەدا، بێگومان ئەوەی لە مێشکم بوو کردم، بەڵام هەوڵیاندا ببنە بەربەست لەبەردەمم. ئەو کەسەی پەیوەندیم لەگەڵی بەست سیخوڕبوو[١] . سیخوڕێك کە هەر لەمنداڵییەوە بۆمن پەروەردەکراوە، باوکیشی

١ مەبەستی لە خێزانی پێشووی کەسیرە یڵدرمە.

سیخوڕبوو. ڕاپەڕینی دەرسیمی کپ کردبۆوە، بێگومان کچەکەی بەتایبەت بۆمن پەروەردە کردووە، هێنای دای بەمن، ئەمە قوت دەدەم، منیش سوودم لێوەردەگرت. ئەو هەوڵی دەدا من لەژێر چاودێری بهێڵێتەوە، منیش هەوڵمدا ئەو بکەم بە شۆڕشگێڕ، دواتر شەڕێکی گەورە لەنێوانمان ڕوویدا، ئەوە شەڕی نێوان من و کۆماری تورکیا بوو، بێگومان من بردمەوە، ئیدی کێ و کێ.... ئەو شاهین دۆغمەزیەش وابوو. مامەکەی میلیشیای نازانم مستەفا کەمال بوو، لەوکاتەوە پەروەردەکرابوو، سەمیریش بەم جۆرە بە زانابوون ڕەوانەی نێو ڕیزەکانمان کرابوو، سایمە ئاشکنیش بەهەمان شێوە، محەممەد شەنەر هەر بەرەچەڵەکەوە سیخوڕ بووە، ئێوە ئەوانە ناناسن! هەموو ڕۆژ بۆتان باس دەکەم، بەڵام ئێوە قابیلیەتی تێگەیشتنتان لەدەست داوە، دوژمن ئێوەی کاول کردووە).

کاتێك گوێم لەوانە دەگرت، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی ڕابەری مەزنمان پەکەکەی لەگەڵ سیخوڕان دامەزراندووە، ئەو پرسیارە بەمێشکمدا هات، ئەگەر ئەو هاوڕێیانەی بەشداری کۆنگرەی یەکەمی پەکەکە بوون و دواتر شەهیدبوون، شەهید نەبووبان ئێستا ئەوانیش بەسیخوڕ لە قەڵەم دەدران؟ بۆچی ئاوا بیر دەکەمەوە؟ من نیازخراپم؟ نەخێر! چونکە ڕابەری مەزنمان دەڵێت کە جگە لەخۆی و هاورێکانی کە شەهیدبوون زۆربەی هەرە زۆری هاوڕێ کۆنەکانی هەر لەسەرەتاوە سیخوڕبوون، تەنانەت کاتێك هێشتا منداڵ بوونە سیخوڕبوونە. خۆی لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە بووە بە شۆڕشگێڕ و هاورێکانی لەو تەمەنە بوونە بە سیخوڕ. ئەو لۆژیکەی بەهەموو بەندەکانیشی قبوڵکردووە سەدەها ئایەتی سەبارەت بەو بابەتە دابەزاند، هەر کەسێکی ئاسایی تێدەگات کە ئەو لۆژیکە لۆژیکێکی پلانگیڕانەیە، کە یەکێك دواتر دەبێت بە سیخوڕ ئەوە بە بەڵگەی ئەوە نایەت کە هەر لەسەرەتاوە سیخوڕ بووە. مرۆڤ دوای خەباتێکی زۆر دەکرێت ببێت بە

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

سیخوڕ، ئـە وحاڵەتـە ئـەوە ناگەیەنێـت کـە پێشـووتر خەباتـی نەکـردووە، حاڵەتـی شـاهین دۆنمـەز وابـوو، حاڵەتـی عەلـی گونـدوز وابـوو، حاڵەتـی یڵـدرم مەڕقیـت وابـوو، هەرسـێکیان بەشـداری یەکـەم کۆنگـرەی پەکەکەیـان کـرد، کەسـانی متمانەپێکراوی هەمـوو هاوڕێیانـی ئـەو سـەردەمەو لەسـەڕووی هەمووانـەوە ڕابـەری مەزنمـان بـوون. شـاهین دۆنمـەز لەسـاڵی ١٩٧٩ لـە شـوێنی ئەشـکەنجەدانی خارپێـت خـۆی بەدەسـتەوەدا، لەزیندانـی دیاربەکـر بـوو بـە ددانپێنـەر، دواتـر لەلایـەن ئەشـکەنجەدەرەکانەوە بەکارهێـنرا.

یڵـدرم مەڕقیـت و عەلـی گونـدوز لـە زیندانـی دیاربەکـر لای ئێمـە بەرگـەی ئەشـکەنجەدەرانیان نەگـرت و بـوون بـە ددانپێنـەر، تێگەیشـتم کـە هیـچ یەك لە ئەندامانـی پێشـووی پەکەکـە کـە لەلایـەن ڕابـەری مەزنمانـەوە کـوژران، رفێـنران، راپێچـی خۆکوشـتن کـران، تەنانـەت ئەندامـی کۆمیتـەی مەرکەزی رەسـوڵ ئاڵتنۆك سـیخوڕ نەبـوون و کاتێـك ئایەتەکانـی ڕابـەری مەزنـم خوێنـدەوە، خۆییـم ناسـی، شـاهێدی کارە سـەیرو سـەمەرەکانی بـووم، هەنـگاو بـە هەنـگاو بینیـم چـۆن سـیناریۆی لەناوبردنـی مـن و دادگاییکردنـی منـی وەك سـیخوڕێك دارِشـت. هـەر خـۆی و جگـە لـە هـەراو هۆریـاکان، ڕابەری مەزنمـان هیـچ بەڵگەیەکی تـر نەبوو کـە بیسـەلمێنێت ئەوانـە سـیخوڕن.

بـەڵام ئەوەنـدە بەڵگـەی زۆر هەیـە کـە بیسـەلمێنێت ئەوانـە سـیخوڕ نەبوون، کاتێـك نووسراوەکانـم هەمـووی بەیەکـەوە بخوێندرێتـەوە هەمـوو ئـەو شـتانە ئاشـکرا دەبـن. ئەگـەر ڕابـەری مەزنمـان کێشـەیەك یاخـود زامێکـی لـەو بابەتـە نەبووایـە، خـۆی لـە حـەوت ساڵیەوە بـە شۆڕشـگێڕ و ئەوانـەش کـە رفاندییانـی، کوشـتیانی و راپێچـی خۆکوشـتنی کـردن هـەر لـە منداڵییانـەوە بـە سـیخوڕ لـە قەڵـەم نـەدەدا[٢] . هـەر خـۆی بەپێـی ڕابـەری مـەزن جگـە لـەو هەمـوو کـورد لـە

٢ لەدوا هەڵسەنگاندندا گەیشتمە ئەو ئەنجامە، ئێوە لەوکاتەی کە حەوت ساڵان بوون دەستتان بە لەدەستدان کردووە، من هەر لە حەوت ساڵییەوە خۆمم شیکردووەتەوە، وای دەبینم کە ئێوە هەر لە حەوت ساڵییەوە تووشی زۆر پیسی و گڵاوی

www.arsivakurdi.org

حەوت ساڵییەوە گلاوەتە نێو پیسی و گڵاوی، بە هەڵسەنگاندنی دۆخەکە بەم جۆرە بەپێی خۆی هەوڵیدەدا تاوانەکانی یاخود عەیبەکانی پەردەپۆش بکات. بەڵام نەخێر! کاتێك من گوێم لە ڕابەری مەزن گرت، ئایەتەکانیم خوێندەوە عەیبەو تاوانەکانی نەشاردرانەوە، بە پێچەوانەوە، ئاشکرابوون، بەڵام تەنیا ئایەتە پەیوەست بە رفێنراو، بەرەو خۆکوشتن راپێچکراوەکان و کوژراوەکان نا. بەڵکو هەموو ئایەتە پەیوەست بە بەندەکانی ئێستا لە شەڕدان و خەبات دەکەن، یاساکان، قاڵبەکان، نوسراوەکان، بانگەشەی پڕوپوچن. جگە لە هێنانە بەرچاوی دیکتاتۆرێکی قێزەوەن هیچی تر ناسەلمێنن، ڕابەری مەزنمان ئەو بەندانەی کە ئێستا لە شەڕدان و خەبات دەکەن وا هەڵدەسەنگێنێت " من زۆر شتم دا بە ئێوە، بەڵام ئێوە نازانن وەری بگرن، مێشکتان بە بەرد بووە، وادیارە ئایدیۆلۆژیا قێزەوەنەکانی کەمالیزم، فاشیزم، و دەرەبەگایەتی کاولی کردوون. دیسپلین چیە، فەرمان چیە، ڕێنمایی چیە، ڕابەرایەتیی چیە؟ نازانن. ناتوانن گرووپێکی بچووکیش بەڕێوە ببەن، ناتوانن بچنە ناو گوندێکیش، کەری کوڕی کەرانە هێشتا ناتوانن ١٠ مەڕ بەڕێوە ببەن، داوای فەرماندەیی بەتالیۆنم لێ دەکەن. هەمووتان کوڕی کەرن، بەڵێ تیۆری ئەوە دادەڕێژم تیۆری کوڕی کەرێ و ئێوە سەرسەرین. بەڵێ کۆمەڵگای سەرسەرییەکان، من چی بکەم؟ دە ساڵە شیکردنەوەی کەسایەتیی دەکەم، تەنیا یەك دانە کەسی ئازاد دەرچوو؟ یەك پیاوی تێدایە کە ڕێچکەی ڕابەرایەتیی بگرێت؟ نەخێر! ئەی چی دەرچوو؟ کۆیلە دەرچوو، هەڵاتوو دەرچوو، ئاغا دەرچوو، نازانم جەندرمە دەرچوو. (ڕابەری مەزن وابیر ناکاتەوە کە ڕێچکەکەی ئەو جگە لەوانە هیچی تر بەرهەم ناهێنێت، ئەوانەی بەرانبەری تاوانبار دەکات) من چی لە ئێوە بکەم؟ من لەکوێ ئێوە لەکوێ! تواناتان نییە، سوڵتان نییە،

---

بوون، عەبدوڵلا ئۆجەلان رێنمایی و روانینەکانی شیکردنەوەی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢، لاپەڕە ٢٢٦.

www.arsivakurdi.org



دیسـپلین نییـە، ئەوەندۆکـە فیداکارییـە نییـە، کـێ ئێـوەی والێکرد؟ منـم؟ چوزانم ڕەنگـە لەنێوانتـان مونافقـی وا هەبێـت کـە وا بڵێت، ئێوە سـەیری ئـەوان مەکەن، ئەگـەر پیـاون بـا بـە ئاشـکرا بیڵێـن، مـن هەوڵـدەدەم هێزتـان پـێ ببەخشـم، ئێوە بـەرز بکەمـەوە، بـەڵام ئێـوە هیچتان لانییـە، هەمووتان لـە ئافرەتی جێـگا دەچن، ئەگـەر لەمـەوە نەبێـت شـۆربایەکتان پـێ ڕزگار ناکرێـت.

بەشـێك لـە ئایەتەکانـی ڕابـەری مـەزن سـەبارەت بـەو بەندانـەی لـە ژیانـدا مـاون ئـاوان و لەمـە خراپتریشـن، لـەو ئایەتانـەی کـە سـەبارەت بـە یـەك کـەس، و یاخـود لـەو رەخنانـەی ئاڕاسـتەی تاکێکـی دەکات، وا دەڵێـت (سـمتی لـە ئـەرز بەرز ناکاتەوە، شـێوازی نییە، دیسـپلین ناکرێت، شـێوازی ژیانی بورژوازییە یاخود دەرەبەگانەیـە، دوو مـەڕی پـێ بەڕێـوە ناچێـت، پراکتیکەکـەی پراکتیکـی شـەڕی تایبـەت و کۆنـتر گەریلایـە، بەڕابەرایەتییـەوە پەیوەسـت نییـە، دواکەوتـووە نازانـم کەسـایەتیی کۆیلەیـە). ئـەو پێناسـە نەرێنیانـە پێـش و پاشـی نابڕێـت، بـەردەوام دەبێـت و دەڕوات و ئـەو رەخنانـەی بەندەکانـی نـاو خەبات ئاڕاسـتەی یەکـتری دەکـەن، وشـە بەوشـە هەمـان ئـەو رەخنانـەن کـە ڕابـەری مەزنمـان ئاڕاسـتەی کەسـەکان و یـا گشـتی دەکات، هـەر خـۆی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی هەیـە، تایبەتمەنـدی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی ئەوەیـە کەسـێکی مـەزن دەڵێـت، ئەوانیـتر دووبـارەی دەکەنـەوە، ئـەو بەندانـەی لـە خەباتـن یاخـود لـە شـەڕن، لـەو خودڕەخنانـەی سـەبارەت بـە خۆشـیان دەینووسـن ناچـارن کـە پەیـڕەوی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی تێـدا بکـەن، کاتێـك سـەیری خودڕەخنـەی بەشـی هـەرە زۆرینـە دەکـەی ئـەو ڕاسـتییە مەترسـیدارە دەکەوێتـە بەرچـاو کـە بـەم جـۆرە دەسـت پێـدەکات: (پراکتیکـی مـن پراکتیکـی شـەڕی تایبەتـە، کەسـایەتیی مـن کەسـایەتییەکە کـە دوژمـن نەخشـاندوویەتی، نەمتوانـی بگـەم بەڕێچکـەی بـەرزی ڕابەرایەتیـی، ڕابەرایەتیـی منـی خوڵقانـد، هەمـوو توانسـتێکی خسـتە بەردەمـم، بـەڵام مـن شایسـتە نەبـووم). چەندیـن پەنـدی تورکـی نەرێنـی بـۆ

www.arsivakurdi.org

خۆی بەکاردەهێنێت، چونکە ڕابەری مەزن ئەو ئسلووبەی کردووەتە یاسایەك، ئەگەر یەکێك لە خودڕەخنەکەی بنووسێت: (من بێ قیمەتم، من سووکم، من بێشەرەفم، ڕابەری مەزنمان زۆر بەوە خۆشحاڵ دەبێت و باوەڕ دەکات کە ئەو کەسە پابەندی ئەو دەبێت. بەپێی ئەو لۆژیکە، ئەوەی خۆی بە نزم قبوڵ بکات ڕابەرایەتیی بە بەرز دەبینێت. ئەوەی خۆی بەبێ قیمەت ببینێت، ڕابەرایەتیی بە گرانبەها دەبینێت، ئەوەی خۆی بەبێ شەرەف ببینێت، ڕابەرایەتیی بە بەشەرەف دەبینێت).

بەڵام ئەگەر کەسێك لە خودڕەخنەییدا بنووسێت من شۆڕشگێڕێکی باش و مرۆڤێکی بەشەرەفم وا دادەنرێت کە تاوانی ئەنجام دابێت، چونکە ئسلووبی خودڕەخنە، خۆنزمکردنەوەو بەئەرزدادانی کەسەکان لەبەردەم ڕابەری مەزنمان (خودا)، ئایەتەکانی ڕابەری مەزنمان سەبارەت بە بەندەکانی وەك ئەوانەیە کە لەسەرەوە بەکورتی باسم کردوون لە ڕەخنەکانی بەندەکان ئاڕاستەی خۆیان کردووە. ئەوەی بڕوا بەمن ناکات، دەتوانێت ڕەخنەکانی ڕابەری مەزن کە ئاڕاستەی بەندەکانی دەکات و خودڕەخنەی بەندەکان سەبارەت بە خۆیان بەهاوڕێ شەهیدبووەکانی جێگری کردوون و ئەو یاسایانەی دایڕشتوون: بەندەکان تا لەژیاندان لە ئاستیان نزم دەکرێتەوە، سووکایەتیان پێدەکرێت و بە ئەرزدا دەدرێن، دوای شەهیدبوونیشیان ستایش دەکرێن، بەرز دەکرێنەوەو سەردەخرێنە ئاسمانەکان. ئەو لۆژیکە لە قسە بۆ وێنە. لەلاوك بۆ وتارنووسین، لە هەموو بوارەکان ڕەنگ دەداتەوە، هیچ شەڕڤانێك و هیچ خەباتکارێك (جگە لە ڕابەری مەزن) تا لەژیاندا بێت نابێت وێنەی بەدیواردا هەڵواسرێت، لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاو ببێتەوە، دوای ئەوەی شەهید دەبن وێنەیان هەڵدەواسرێت بەدیوارەکاندا، لەڕۆژنامەکاندا چاپ دەکرێن و شیعری پیاهەڵدانیان بۆ دەنوسرێت، لەو بابەتە باشترە کە دەنگی ئایدیۆلۆژیای فەرمیی ڕۆژنامەی سەرخۆبوون وردبینەوە، دەبینین کە

www.arsivakurdi.org

بابەتەکانی سەبارەت بە هاوڕێ شەهیدەکان ئسلووب و شێوازەکە بەنزیکەی بەم جۆرەیە:

(قارەمانی قارەمانەکان، شێری شێرەکان، چاوی لەهیچ گرێیەك ناکشێنێتەوە، ئازا، فیداکار، سادەو ساکار، مرۆڤێکی مەزن، بڕیاردەر، گەورە، تامردن پەیوەست بە ڕابەرایەتیی و هەڤاڵەکانی، پابەند بە ڕێکخستن، هەست بزوێنەر، پڕوپاگەندەچی، پیاوی مەزنی گەل، فەرماندەی مەزن، ملکەچی دیسپلین و سەپێنەری، خوڵقێنەری ئیمکان لە ئەستەمەکاندا...) و چەند وشەی ئەرێنی هەیە لەتورکیدا کە بۆ ستایش بەکاربێت لەوەسفی شەهیدەکاندا ریز دەکرێن. ئەگەر یەکێك لە شەهیدەکان لە گۆڕەکەی هەڵبستێتەوەو نووسراوەکانی لەسەری نووسراون لەدوای خۆی بخوێنێتەوە مافی ئەوانەی نییە کە وابڵێت؟

(ئەرێ هەڤالان، ئەوەی لە دوامەوە نووسیوتانە ئەگەر کاتێك من لە ژیاندابووم بتانگوتبا فەتحی وڵاتم دەکرد، سەیری ئەوانە دەکەم کە کاتێك لە ژیاندابووم لەسەر من دەتاننووسی و ڕەخنەکانی ڕابەری مەزن دەکەم، بێ قیمەترین مرۆڤی دونیام! هەروەها کاتێك لەژیاندا بووم خۆشم لە خودڕەخنەکانم ناچاربووم کە ئاوا خۆم هەڵبسەنگێنم، بەڵام کاتێك مردم کرام بە قارەمان، جا چ قارەمانێك، قارەمانی، ئەو دوو بۆچوونە دژیەکە بیرم ئاڵۆز دەکەن، یا ئەوانەی کاتێك لەژیاندا بووم درۆبوون، یا ئەوانەی دوای مردنم لەسەر منتان نووسی ڕاست نین، باوەڕناکەم کە هەردووکیان بەیەکەوە ڕاست بن. کاتێك لەژیاندابووم بێ دیسپلین، دوور لە بیرۆکەی ڕێکخستن، بێ توانا، ئەوەی ناتوانێت دوو مەڕ بلەوەڕێنێت، ئەوەی سمتی لە ئەرز بەرز ناکاتەوە، خاوەنی براکتیکی شەڕی تایبەت و کۆنتر گەریلا بووم، کە مردم بووم بە کەسێکی خاوەن دیسپلین؟ کەسێکی مردوو چۆن دەبێت بە ملکەچی دیسپلینەکان؟ ڕاستییەکەی لە گۆڕەکەمدا لە حاڵی وریابوون درێژبوومە، بەڵام

www.arsivakurdi.org

ئـەوە بەدیسـپلین هەژمـار ناکرێـت، دوای مـردن توانسـتە ڕێکخستنییەکانیشـم گەشـەی نەکـردووە، بەپێچەوانـەوە خـراپ بـووە، چونکـە ئێمـەی مردووەکانتـان یەکـە یەکـە لەشـوێنی جیاجیـا دانـاوە، جێگامـان بـە قەد گۆڕ تەسـك، خـۆ ناتوانم بگـەم بـە مردووەکانـی تـر! تەنانـەت ئەگەر پێشـیان بگـەم چۆن بتوانم کەسـێکی مـردوو بهێنمـەوە نـاو ریـزی ڕێکخسـتنەوە؟ دوای مردنـم دەڵێـن: قارەمانـی قارەمانـەکان، بـەڵام کاتێـك لەژیاندابـووم دەتانگـوت: ریفۆرمسـیتە نایـەوێ بچێتە شـەڕ، و ڕەخنەتـان لێـم دەگـرت، کارێك لـەو کارەدا هەیە، بەڵام من لێـی تێناگەم، بێگومـان یەکێـك لـە هـاوڕێ لەژیانـدا مـاوەکان لێـی حاڵـی دەبێـت، ئێمـە کاتێك لەژیاندایـن بێـنرخ و دوای مـردن نرخمان بـەرز دەبێتەوە و بـۆ یەکەمجار وێنەمان لەتـەك (أسـتغفرالله) لەژێـر وێنـەی ڕابەرایەتیـی هەڵدەواسرێـت.

زۆر لەسـەر ئـەو بابەتانـە بیـرم کـردەوە، بەردەکانـی بناغـەی دیکتاتۆرییەتـم بینـی. ڕابـەری مەزنمـان و شـەهیدەکان سـتایش دەکرێـن، بـەرز دەکرێنـەوە ئاسـمانەکان، ئەوانـەی تریـش نـزم دەکرێنـەوە و بـە ئـەرزدا دەدرێـن، ئەوانـەی بـە ستایشـکردن بـەرز دەکرێنـەوە دەزگای ڕابەرایەتیـی پێکدێنـن، ئەوانـەش کـە سـووکایەتیان پێدەکرێـت مـل بـۆ ئەوانـە کـەچ دەکـەن. ڕابـەری مەزنمـان لێـرەدا شـەهیدەکان وەك پەردەیـەك بەکاردێنێـت، دەیهێنێتـە حاڵـی ماسـکێك بـۆ دیکتاتۆرییـەت. لەو وڵاتەو ڕێکخسـتنانەی تاکـە دیکتاتۆرێکی تیادا بەدی دەکرێت تەنیـا دیکتاتـۆر سـتایش دەکرێـت، وتەکانـی دووبـارە دەکرێتـەوە، وێنەکانـی هەڵدەواسرێـن. ستایشـکردنی مـردووەکان، ناسرانیـان لەلایـەن چیـن و توێـژەکان، هەڵواسـینی وێنەکانیـان بـە دیوارەکانـدا، تەنانـەت دروسـتکردنی پەیکەریشـیان کێشـە بـۆ دیکتاتـۆر دروسـت نـاکات. چونکـە دیکتاتـۆر، ئەوەنـدە ئاقڵـە کـە بزانێـت مـردووەکان دژایەتـی ئـەو ناکەن، بـەڵام بۆ ئەوانـەی لەژیاندان یاسـاکانی دیکتاتـۆر جیـاوازن. بەنـدەو کۆیلـە سـتایش ناکرێـن سـوکایەتییان پێدەکرێـت. لـە ئاینـە یەکتاپەرسـتەکانیش ئاوایـە، یەکـەم ئەرکـی بەنـدە ستایشـکردنی خودایـە.

((خودایە تۆ گەورەی، تۆ مەزنی، تۆ بە توانای، تۆ رووناکیت بەڕۆژ و ژیانت بە ئاو بەخشیوە، بەنی ئادەمت لە دڵۆپە ئاوێك دروست کردووە)) دووەم ئەرکی بەندە بچووککردنەوەی خۆیەتی لەبەرانبەر خودا، وەك: خودایە، ئێمە بێدەسەڵات، هیچ و پووچ، بەندە مەلوولەکانت، هێزمان پێ ببەخشە. هەروەك دیارە لە کۆمەڵگا چینداره‌کاندا سیستەمی لۆژیکی چینی دەسەڵاتدار، لەلایەن رێبەری مەزن یاخود لەلایەن ئایدیۆلۆژیای فەرمی وا دادەنرێت کە لۆژیکێکی مرۆڤانە و پێشکەوتنخوازانە بێت، دەخرێتە بەردەمی هەمووانەوە. ئەوەی پێیەوە پابەندبێت شۆڕشگێڕە و ئەوەی پابەند نەبێت سیخوڕە، دەڵێت سیخوڕەکان دەکوژرێن.

لەو بابەتەدا ڕابەری مەزن هەندێك روانینی هەیە کە بە ئاشکرا نەیگوتووە و ئاوایە: زیندووەکان بچووك دەکرێنەوە، سووك دەکرێن، دەکرێن بە کەلوپەلێك کە پێنج قروش ناکەن، (جگە لە من) بۆ گرەنتی دیکتاتۆرییەتی من ئەوانە دەکرێن. شەهیدەکانیش بەپێچەوانەوە بە ستایشەوە بەرەو ئاسمانەکان، تا لای من بەرز دەکرێنەوە، هیچ زیانێکی نابێت، هەرچۆنێك بێت مردوون، خۆ لەحاڵێکدابێت لەدژم بووەستنەوە. تەنانەت بەبردنی ئەوان بۆ دەرگای ڕابەرایەتیی لەدژی ئەوانەی کە دژایەتی دیکتاتۆرییەتی من دەکەن بەکاریان دەهێنم. هەر یەکێکیان دەبێتە چەکێکی باش.

لێرەوە دەگەمە ئەو دەرەنجامەی: بۆ ڕابەری مەزنمان باشترین ئەندامی پەکەکە ئەندامە مردووەکانن، ئەو تەنیا متمانە بە مردووەکان دەکات، جگە لە مردووەکان بڕوای وایە کە هەموویان دەبنە ئۆپۆزسیۆن لە دژی ئەو. متمانە بەهیچ زیندووێك ناکات، هەروەها لەوەڵامی ڕۆژنامەنووسێك کاتێك لێی پرسی بوو: متمانە بەکێ دەکەی؟ گوتبووی: من متمانە بە هیچ کەسێك ناکەم. بەو وەڵامە ئەوەی دەیویست بیڵێ ئەمە بوو: (من لەنێو پارتیدا کودەتام کرد، بە بڵاوەپێکردنی پارتیەکەم لەناوبرد، دیکتاتۆرییەتەکەمم دامەزراند، هەموو

www.arsivakurdi.org

توانای گەلی کوردم دەست بەسەرداگرت. کوشتم، راپێچی خۆکوشتنم کرد، رفاندم، ئەوانەی کە مانەوەش بە کۆیلەم کردن، هەندێك موناففق هەن کە ئەمە دەزانن، ئەوانی تر ئەمڕۆ نەیبینن بەیانی، بەیانی نەیبینن، ڕۆژی دواتر دەیبینن، زۆرباش دەزانم کاتێك دەبینن و تێدەگەن چی لەمن دەکەن، ئینجا بۆچی متمانە بکەم؟

ئەوە تایبەتمەندی ئەمانەیە کە بەزۆر دەسەڵاتیان قۆرخ کردووە: یەکەمیان متمانە بەهیچ کەس ناکەن، دووەم لە ئۆپۆزسین دەترسن هەروەك چۆن لە جن دەترسن، سێیەم دوژمنی ڕاستی و خەیاڵی دروست دەکەن، چوارەم خۆیان بە ڕزگارکەر لە قەڵەم دەدەن. ڕابەری مەزنمان بەپێی لۆژیکی خۆی دایکم، باوکم، ئەو گەنجانەی هێشتا لە دونیا نەگەیشتوون، لەسەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەشاخ دەمێننەوەو پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوە دەپچڕێت بۆ ماوەیەکی کورت دەکرێت هەندێك هاوڕێیان بخەڵەتێنن، بەڵام ئەوانەی بڕوا بە زانست و ڕاستییەکان دەکەن بڕوا بەم چیرۆکانە ناکەن. لۆژیکی داپیرەم دووبارە دەکەنەوە، خۆی لەشوێنی خوداکەی داپیرەم داناوەو ئەوەیتر کولتووری داپیرمە، وتەی: (ئا ئەوە من بەرەو بردنەوە دەبات، من بەمەوە شەق لەدوژمن هەڵدەدەم) وتەی داپیرمە، ڕاستی ئەوە بە واتای لەسەر حەقبوونی ئەو نایەت. بەو لۆژیکەوە هیچ شتێك بەدەست ناهێندرێت. باشەکان با بڵێین شەڕەکەی بردەوەو دوژمنی شکاند. خۆم لەخۆم دەپرسم بەو لۆژیکەی چی بە گەلەکەی دەبەخشێت؟ جگە لە دیکتاتۆرییەتی خۆی هیچی تری هەیە بە گەلەکەی ببەخشێت؟ ئەگەر شەڕ مرۆڤی بکردبا خاوەن حەق. گەورەترین دیکتاتۆرەکانی دونیا لەسەر حەقترین مرۆڤەکانی دونیا دەبوون. چونکە گەورەترین شەڕەکان ئەوان کردیان، گەورەترین سەرکەوتنەکان ئەوان بەدەستیان هێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی جگە لە دیکتاتۆرییەتی خۆیان شتێکیان نەبوو بە کۆمەڵگای ببەخشن، ڕووخان و ڕۆیشتن. دەڵێت:(من بۆ ڕزگاری

گەلێك شەڕ دەکەم و شەڕی من شەڕێکی لەسەر حەقە) نەخێر ڕابەری مەزنمان بۆ ڕزگاری گەلێك نا، بۆ خستنە ژێر دەستی دیکتاتۆرییەتی خۆی و بە کۆیلەکردنیان شەڕ دەکات. چۆن ئەمڕۆ ئەوانەی دەڵێن (ئێمە سەر بە پەکەکەین)ی خستۆتە ژێر دیکتاتۆرییەتی خۆی، دەیەوێت گەلێکیش بهێنێتە ئەم دۆخەوە. دیکتاتۆرییەت جیایە، نیشتمانپەروەری جیایە. بۆ دیکتاتۆرییەتی خۆی شۆڕشگێڕەکان، بیرکەرەوەکان، نیشتمانپەروەرەکان، تەنانەت ئەوانەش کە دەیانکوژێت. ڕابەری مەزنمان بەیانی چی بەسەر گەلێك دەهێنێت لە کردەوەکانی ئەمڕۆیدا بەدیار دەکەوێت. لەسەدەی بیست و یەکدا بەرەو ڕزگاریکەربوون دەچێت! ئایا گەلەکان ئیدی نایانەوێت لەڕزگارکەرەکانیش ڕزگاریان بێت؟

کوردەکان هێشتا باوەڕیان وایە کە پێویستیان بە ڕزگارکەرێك هەیە، بەم جۆرە وا دەردەکەوێت کە هەموو ئەو ڕاستییانەی باسمکرد قبوڵی کردبێت، چونکە لەمێژوودا هەموو گەلەکان لەسەرەتادا ڕزگارکەرەکانیان بەرەو ئاسمان بەرزکردووەتەوە، دواتر بۆ ڕزگاربوونیان لێی (بەخوێنڕشتنێکی زیاتر لەو کاتەی کە ڕزگاریان بوو، سەرکەوتن لە ڕزگاربوون بەسەر ڕزگاریکەرەکەیان لێی ڕزگاریان بووە لەعنەتیان لە ڕزگاریکەرەکەیان کردووە. ئەگەر بمانەوێت کەمێك وانە لەمێژوو وەربگرین، ئەگەر بزانین کە لە چ چاخێکدا دەژین، ئەگەر بزانین دونیا تەنیا شام نییە، با تێبگەین کە چاخی ڕزگارکەربوون لەمێژە بەسەرچووە.

لەچاخی ئێمەدا بوون بە ڕزگارکەر بیرمەندی نییە، بیرمەندی ئەوەیە کە هەوڵبدەیت خەڵکێك وا لێ بکەیت چۆن ببێتە ڕزگارکەری خۆی.

گوتنی ((خەڵك پێویستی بە ڕزگارکەر هەیە، من دەبم بە ڕزگارکەر)) هەمان واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بڵێیت: کۆیلەکان پێویستییان بە ئەفەندییەکە، من دەبم بە ئەفەندی. ئایا لەساڵی ١٩٦٠ەکانەوە ملیۆنەها کەس بۆ بە

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org



ئەفەندیکردنـی ڕابـەری مـەزن بەسـەر کـورددا تاڵیـان چەشـت، خوێنیـان ڕشـت، ئەشـکەنجەیان بینـی؟ نەخێـر! بـۆ پسـاندنی زنجیـری کۆیلایەتـی و شـکاندنی ئەو کۆتوبەندانـەی لـە قاچـمان بەسـتراوەو دروسـتکردنی کۆمەڵگایەکـی دیموکراتـی لـە کەسـە ڕزگاربـووەکان خەباتکـرا. ئێمـە بـۆ دروسـتکردنی ئەفەنـدی نـوێ نـا بـۆ لەناوبردنـی ڕۆحـی هەمـوو جـۆرە ئەفەندییـەك زنجیرەکانمـان پسـاند، ئەگـەر سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە هێشـتا بـڕوا بـەوە بکرێت کە گەلـی کورد پێویسـتی بە ڕزگارکەرێـك هەیـە، دەڵێـم: ئـەی هـاوار بەماڵـی گەلی کـورد. چونکە ئـەو گەلەی پێویسـتی زۆر بـە ڕزگارکەرێـك هەبێـت سـاویلکەترین و بێ تواناترین گەلی سـەر گـۆی زەوییە.

ئەگـەر گەلـی کـورد خرابێتـە ئـەو دۆخـەو سـوود وەرگرتـن لـەم دۆخـەی ئـەو و چوونـە سـەر سـەری وەك ڕزگارکەرێـك هەڵسـوکەوتێکی شـەرەفمەندانە نییـە، چونگـە گەلـی کـورد زۆری لـە دەسـت ڕزگارکـەرەکان چەشـتووە، ئیـدی ڕزگارکەرێتـی خەلیفـە عومـەر، ڕزگارکەرێتـی مسـتەفا کەمـال، ڕزگارکەرێتـی کەنعـان ئەڤـرەن تێگەیشـتووە. لەمـەودوا نابێـت مێـژوو سوپاسـی بـکات. گەلـی کـورد فێـر دەبێـت کـە لـە دوژمنەکانـی و ڕزگارکەرەکانـی ڕزگاری ببێـت، ناچـارە کـە فێـر ببێت.

وەك چـۆن بڵێیـن بـەس نییـە کـە دوژمـن سـەدەها ساڵە گەلەکەمـان ریسـوا دەکات، بەخـراپ سـەیر دەکات، وەك نـەزان و دواکەوتـوو لەقەڵـەم دەدات، ڕابـەری مەزنمـان لەسـەرەتادا خەباتـکارو شـەڕڤانەکان دواتریـش گەلەکـە ریسـوا بـکات، ڕێککـەوت نییـە. دوژمـن بۆچـی گەلـی کـورد ریسـوا دەکات؟ ئەگـەر بڵێت"ئێـوە دواکەوتـوون، نەزانـن، پێویسـتتان بـە بەڕێوەبـردن هەیـە. ڕابـەری مەزنیـش ئەمـە بەهەمـان لۆژیـك دەکات. چونکـە سـوپایەکی نـزم و گەلێکی نزم، پێویسـتی بـە کەسـایەتییەکی بـەرز دەبێـت. پێوانـەی لۆژیکـی ڕابـەری مەزنمـان ئەمەیـەو پێوانەکـەی لەشـام وەرگرتـووە. دوای ئـەوەی خـۆی لـە شـوێنی پارتیەکە

www.arsivakurdi.org

دانا، دەستیکرد بە دروستکردنی ئایدیۆلۆژیای کەسایەتییەکی بەرز و گەلێکی کەوتوو، دواتر کارکردنی لەسەر ئەمە دەستی پێکرد. ئەم کارکردنە دوو بەشە:

بەشی یەکەم: ئەمانە لە خۆدەگرێت: ڕابەرایەتیی زۆر مەزنە، زۆر بەرزە، بوونێکی لەسەرووی مرۆڤە، پێ قبوڵکردنی ئەمە بە هەمووان لەڕێگای نووسراوەکان و وێنەکان، دروشمەکان، سوێندەکان، کاسێتی ڤیدیۆیەکان و وانەکانەوە. ئەوەی بڕوای نەکرد بەسیخوڕ تۆمەتباری کردن و کوشتنی، بەترسی مردنەوە ئەوانەی تر زیاتر باوەڕیان هێناو قبوڵیان کرد، بەرزی ڕابەرایەتیی هاتە دۆخی ئەوەی ببێت بە ئسلووبی قسەکردن، ئەو سیفەتانەی لە ئایینی ئیسلام بۆ خوداو لە مەسیحیەت بۆ عیسا بەکاردێت، کاتیك باس لە ڕابەرایەتیی دەکرێت بەکارهێنان، باوەڕکردن بەوەی ئەو هەرگیز بە هەڵەدا ناچێت، بە هەڵەدا نابات، بێ قەیدو شەرت ئەو لەسەر باوەڕپێکردنەوە و وەك فەرمان وەرگرتن، تانە نەگرتن لەسەر هیچ شتێك کە دەیڵێت.

دووەم: بەشی کارکردنەکە: ئەم فەلسەفەیە لەخۆدەگرێت: هەر لەسوپاوە بگرە هەموو کەسێك سووکایەتی پێدەکرێت و خۆی لەوە رادەهێنێت کە سووکایەتی بەخۆی بکات. ئەمە دەکرێتە ئسلووبێك، جۆرێك لە ژیان. تایبەتمەندییەکانی ڕابەری مەزن لە بەندەکان و تایبەتمەندییەکانی بەندەکان لە ڕابەرایەتیی مەزن نابێت. ڕابەری مەزن بەرز و بەندەکان و گەلەکە نزمن، ڕابەری نەتەوەیی بەتواناو بەندەکان و خەڵکەکە بێ توانا، ڕابەری مەزن دووربین و بەندەکان و گەلەکە بەردەم لوتی خۆیان نابینن، ڕابەری مەزن ڕێکخەرێکی مەزن و بەندەکان و گەلەکە دوو بزنی پێ بەڕێوە ناچێت و ڕابەری مەزن شەرڤانێکی مەزن و بەندەکان و خەڵکەکە مەڕی قوربانین لەبەرانبەر سوپای تورك. ڕابەری نەتەوەیی هەموو ڕۆژێك پەرتووکێك تیۆری دادەڕێژێت و بەندەکان و گەلەکە ناتوانن دوو وشە لە تەك یەك ریز بکەن. ڕابەری مەزن نوینەری هەموو مرۆڤایەتی جیهانە و بەندەکان و گەلەکە

www.arsivakurdi.org

ناتوانن نوێنەرایەتی هیچ کەسێك بکەن. ڕابەری مەزن هەموو شتێکە، ئەگەر ئەو نەبێت گەلی کورد لە مێژوو دەسڕێتەوە، بەندەکان و گەلەکە هیچ نییە، بەس لەسەر جێگایەو نزمە ئەگەر هەموو ئایەتەکانی ڕابەری مەزن بخوێندرێتەوە، دەبینیت کە لۆژیکی سەرەکی ئەمەیە.

هەموو کارکردنەکانی شام، ئەورووپا، شاخ و شارەکان بۆ ئەمەیە، لەسەدا نەوەدو پێنجی کارەکانی ڕابەری مەزن پەیوەستە بەمەوە، لە ئایەتەکانیدا ددان بەوەدا دەنێت و دەڵێت: لە سەدا نەوەدو پێنجی کاری من خەریك بووغە بە پیاوەکانی خۆمەوە. لەساڵی ١٩٨٢ەوە تا ئەمڕۆ ئەم دوو کارە سەرەکییەی ئەنجامداوە. شەڕکردن لەگەڵ دوژمن، بۆ ئەو گرنگ نییە، ئەگەر دوژمن لەکوردستان وەدەرنرا، بەڵام ئەو لەکوردستان نەبوو بە خودا. کوردستان بەکەڵکی چی دێت؟ ئەم دوو کارکردنە تا چ ڕادەیەك بەرەو پێش ڕۆیشتووە؟ خۆی چەندە بەرزکراوە ژمارەی ئەو چەکدارو خەڵکەی خۆی بەبێ نرخ و بێ کەڵك دەبینێت چەندە زیادی کردووە؟ بۆ ئەو، ئەمە گرنگە، چونکە بەپێی پێوانەی لۆژیکی بێ نرخکراوەکان ئەوانەی خۆیان بەبێ هێز دەبینن تەنیا یەك شت هەیە کە بیکەن، هانابردن بۆ کەسێکی بەهێز و مەزن.

ئەوانەی نووسیومن هەر تەنیا من دەیبینم یاخود بیریان لێدەکەمەوە؟ نەخێر! بڕوام وای کە بەر لەمن کەسانێك هەبوون کە بینیویان و تێگەیشتوون. کاتێك ئەمانەم بینی تێگەیشتم و هەستم پێکرد، زانیم کە هەڵاتووەکان بۆچی هەڵاتن. کوژراوەکان بۆچی کوژران، ئەوانەی خۆیان کوشت بۆچی خۆیان کوشت، شۆڕشگێڕەکان بۆچی بوون بە بەندە، تەنانەت ئەوانەش کە ڕایان کرد و خۆیان دا بەدەستی دوژمن بۆچی ڕایان کرد.

دەڵێن خۆبەدەستەوەدان بە دوژمن بیانووی نییە، لەم بابەتەدا حەق بەئێوە دەدەم، بەڵام دەبێت بیر لەو یەکنەگرتنە بکەنەوە کە ئەوەی سەدەها جار ڕەچاوی مەرگ بکات، ساڵانێك لەگەڵ دوژمن شەڕ بکات بۆچی لەپڕێکدا

www.arsivakurdi.org

خۆی رادەستی دوژمن بکات! قبوڵکردنی ئەم دۆخە ئاسان نییە، بەڵام ئەو ڕێگایانەی ڕابەری مەزن دەرحەق بە بەندەکانی دەیگرێتەبەر نازانن.

ئەو وەك شۆڕشگێڕێکی مەزن دەبینن، شۆڕشگێڕێکی پێچەوانەو مرۆڤخۆرێکی مەزنە (ئەوانەی دژە سیاسییەکانی خۆیان دەکوژن، مرۆڤخۆری سیاسیین). کاتێك ئەمە دەبینن ڕووبەڕووی سێ بژاردە دەبنەوە: راکردن، خۆکوشتن و کوژران، جگە لەمانە بژاردەیەکی ترت نییە، وابیر دەکەمەوە کە کاتێك ڕێگاکانی ڕابەری مەزنتان بۆ بگێڕمەوە ئیدی بەڕاستی بیرناکەنەوە. بەسکی برسییەوە لەسەر پێخەفەکەم پاڵکەوتووم لەگەڵ خۆم ئاوا گفتوگۆ دەکەم، ماوەی دوو ساڵە تەنیا گفتوگۆ لەگەڵ ویژدانم دەکەم، جگە لەوانەی بینیم و زانیم بۆ هیچ کەسێکی ترم باس نەکرد، نەمتوانی باسی بکەم، هەوڵمدابوو لەو وتارانەی بۆچوونی خۆم تیا دەربڕیوە، ئەو وتانەی پێشکەشم کردوون بە زارەکی بەشێوازی جیاواز ئەگەرچی کەمیش بێت ڕەخنەکان بهێنمەوە سەر زوبان. لەکارەکانی ڕێکخستنمدا لەقسەکانم لەگەڵ مرۆڤەکان ئایدیۆلۆژیای فەرمیم دووبارە کردەوە. یانی درۆم کرد، سووکترین دوو ساڵی ژیانم بوو! هەروەك یەکێك بووم کە لە گرتووخانەی دیاربەکر بەزۆر کرابێت بە ددانپێنەر، هیچ ئاسوودە نەبووم و بەردەوام قەلەق و بێ بڕیاربووم. هەندێك جار خۆم بە کەسێکی بێ نرخ، درۆزن، بێدەنگ لە بەرانبەر کوژرانی هاورێکانم، تەنانەت بەناچاری پشتڕاستکەرەوە دەهاتە بەرچاو، بەڵام بەرگەم گرت، ژیام، بینیم، ئێستا بەگێڕانەوەیان ویژدانم ئاسوودە دەکەم، خۆرئاوابووە، ئەستێرەکان بەدیارکەوتوون، لە ئەشکەوتەکەم دەردەچم و بۆ کڕینی پەنیر، سەموون و ئاو دەچم بۆ بازاڕ.

www.arsivakurdi.org

# ١٣ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**لە شوێنی ئەوەی هەموو تەمەنم وەك مریشك بژیم**
**بڕیارم دا کەڵەشێرێك بم کە زوو دەقووقێنێت**

ئەمڕۆ کاتژمێر نۆ دووبارە چوومەوە هۆتێل تا بزانم ئاخۆ حوسێن وەڵامی داوتەوە یاخود نا، دووبارە بەدەستی بەتاڵ لە هوتێل دەرچووم. بێچارە، بەهەڕەمەکی دەڕۆم، نازانم بۆ کوێ و بۆ لای کێ دەچم. ئەگەر ئێوە لەشوێنی من بووبان چیتان دەکرد؟ کەس ناناسن، زمان نازانن، پارەتان پێ نییە، هەڵگری ڕەگەزنامەی دەوڵەتی تورکیابن و دوژمنی ئەوبن، لەکێڵگەی ئەفەندییەکەتان فیرارتان کردووە، پیاوەکانی ئەفەندییەکەتان لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی سووریا لە دواتن، دەڵێن هەر دەردێك چارەیەك و هەر شاخێك ڕێگایەکی هەیە بیبڕێت، بەڵام لە بەیروت نە چارەو نە ڕێگام بۆ دەدۆزرێتەوە.

کاتێك بە کۆڵانەکاندا تێپەڕ دەبم بەچاوێکی چاوەڕوانی یارمەتی لە ئۆتۆمبێل و کەسەکان دەڕوانم، بەڵام کەس لەمن تێناگات، کراسەکەم لەنێو ئارەقەدا تەڕبووە، خوێی دەریا جەستەم دەسوتێنێت، بەدوای شوێنێکی بەر سێبەر دەگەڕێم، ئەویش نادۆزمەوە. کەمێك لەولاتر هۆتێلێکی گەورە دیارە، بڕیارمدا بچمە ئەوێ، وەك میوان دەچم و لە هۆڵەکەی دادەنیشم، بەڵکو لەگەڵ یەکێك یەکتر بناسین کە بتوانێت یارمەتیم بدات.

دوای ماوەیەك دانیشتن لەسەر قەنەفەیەك لە هۆڵی هوتێلەکە، گەنجێکی نزیکەی سی ساڵانی ڕەنگ ئەسمەری قژلوول، بەژن درێژ لەسەر قەنەفەکەی

www.arsivakurdi.org



تەنیشتم دانیشت و دوای ئەوەی جگەرەکەی داگیرساند جگەرەیەکیشی بۆ من راگرت، گوتم Thank you و جگەرەکەم وەرگرت بەعەرەبی لێمی پرسی کە خەڵکی کوێم، کاتێك گوتم تورکیا گوتی Istanbul good منیش بە good وەڵامم دایەوە.

دوای ماوەیەك گرووپێك کچ دابەزینە ئەو هۆڵەی لێی دانیشتبوون، لەو کچانە دەچوون کە لە هۆتێلەکەی تر بینیبووم، قژ زەرد، جەستەیان رێك، نینۆك و لێویان ڕەنگکراو، لەجلوبەرگ و هەڵسوکەوتییان دیاربوو کە گەشتیار نەبوون. لەنێوان خۆیان قسەیان دەکرد و پێدەکەنین، لەزمانیان تێناگەم، ئەوانە کچەکانی چاوشەسکۆن، یاخود قوربانی دیکتاتۆرێکی ترن؟ لەگەڵ گەنجەکەی تەنیشتم بە ئینگلیزییە شەت و پەتەکەم گفتوگۆم دەکرد، ئەو لەسەر ئەوەی کەمێك ئینگلیزی دەزانی واتێدەگەیشت لە ئینگلیزییەکی باش دەزانم، هەوڵدەدەم کە تێی بگەیەنم کە پارەو پەساپۆرتم ونکردووە، دەڵێت: (بچۆ لای پۆلیس)، ناتوانم تێی بگەیەنم کە ناتوانم بچمە لای پۆلیس، دەستیگر دەکرێم و دەگەڕێندرێمەوە تورکیا، گەنجەکە گوتی: ئێ وەڵاو لە لام دوور دەکەوێتەوە. منیش وابیر دەکەمەوە کە دانیشتنم لێرە هیچ سوودێکی نییە، بتڵێك ئاوی سارد دەکڕم و بەرەو ئەشکەوتەکەم دەچم.

کاتێك هاتمە ئەشکەوتەکەم هەوا زۆر گەرم بوو، پانتۆڵ و کراس و پووتەکانم داکەند، گۆرەییەکانم لە دەریادا شوشت، بەشۆرتەکەی بەرمەوە راکشام، چاوەکانم داخست، دایکمم هاتەوە بیر: لە ١١ ساڵی ژیانی زیندانمدا چەند جارێك ئەوەم بینیبوو، دوای دەرچوونم لە زیندانی بارتین لە نیسانی ١٩٩١ چوومەوە ماڵەوە. تەنیا پێنج ڕۆژ لای دایکم مامەوە، ئاخاوتنی، هەڵسوکەوتی، ئاکاری و جووڵەی لەپێش چاوم دێت و دەچێت، ئەو تاڵییانەی چەشتی، لەناخمدا هەستی پێدەکەم.

کاتێك گەیشتمە ماڵەوە، منی بردە ئەو ژوورە خەوتنەی پێش دەستگیرکردنم

www.arsivakurdi.org

لەگەڵ خێزانەکەم بەکارمان دەهێناو دەستی پێکرد بۆم باس بکات. ئەوەتا کوڕەکەم، یازدە ساڵی تەواو ئێرە جیهانی منە، هەموو ڕۆژێك دێم و سەیر دەکەم، دانە دانە سەیری جلوبەرگەکانتان دەکەم، بۆنیان دەکەم، ماچیان دەکەم و دووبارە دەقیان دەکەم و لە دۆڵاب و سندوقەکانیان دادەنێمەوە.

کاتێك بووکەکەم لەساڵی ١٩٨٥ لە زیندانی دیاربەکر ئازادبوو و هاتەوە ماڵەوە، ئەم هێنا ئەو ژوورە، بۆ ئەویشم باسکرد، پێکەنی، دەستی لەملم کردو روومەتەکانمی ماچ کرد. لەو ژوورەدا مانگێك مایەوە، نەخۆش بوو، دوای ئەوەی لە چەوڵگ نەشتەرگەری بۆ کرا، گەڕایەوە ماڵ، هەر باسی تۆی بۆم دەکرد، ئەوکات براکەت حەسەن[1] لە ئەدەنا لە ئەکادیمیا دەیخوێند براکەت عومەر کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی فورات لە خارپێت بەدەست هێنابوو، سەعیدی براشت لە کۆلێژی پزیشکی چەلی (چوکورۆڤا) دەیخوێند.

بووکەکەم ئەو ئەشکەنجانەی لە بەندیخانەی دیاربەکر دەدرا، خۆڕاگری ئێوەی بۆم باس دەکرد، من لەگەڵ گوێگرتن دەگریام و کوڕەکانم بەقووڵی بیریان دەکردەوە لەوانەی باس دەکران لە هەمووان زیاتر باوکت کاریگەر دەبوو، ئیدی بە بووکەکەم نەدەگوت بێ دەنگ بە ئەمانە باس مەکە، ئێوە دەکوژن، چونکە بڕوام بە بووکەکەم کردبوو. ئەو ئافرەتێك بوو بەڵام نەترسابوو، ملی کەچ نەکردووە بۆ ئەو ئەشکەنجانەی بەسەریاندا سەپێندران، بۆ کۆتاییهاتن بە ئەشکەنجەدرانتان ٥١ ڕۆژی تەواو هیچ شتێکی نەخواردووە، من ئەوەم دەزانی، ڕۆژێك پۆلیسەکان بە ئۆتۆمبێل هاتنە بەر دەرگای ماڵەکەمان گوتیان: بووکەکەی ئێوە لە مانگرتنی هەتا هەتایی مردووە، جەستەکەی لە نەخۆشخانەی سەربازیی دیاربەکرە، وەرن بیبەنەوە، باوکت و نەجمەدینی برات چوونە چەولیگ و پاسێکیان بەکرێ گرت، لەلای دارتاشەکە تابووتێکیان

[1] حەسەن دوای ئەمەی لەناوچەی چەولیگ ـ سیوون شەهیدبوو ئۆرهان ماڵی جێ هێشت و چووە شاخ. لەتشرینی یەکەمی ١٩٩٢ لە باشووری کوردستان لەرووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ سوپای تورکیا شەهیدبوو.

www.arsivakurdi.org

بەکردن دا، لەگەڵ تابووتەکە ٤٠ کەس بە پاسەکە چوونە دیاربەکر، خەڵکی گوندەکەمان لەبەردەم نەخۆشخانەی سەربازیی کۆببوونەوە، ئەفسەرەکان باوکت و براکەت دەبەنە ژوورەوەو دەڵێن: بووکەکەتان هێشتا نەمردووە، بەڵام وا لەڕۆح کێشانە، بڕۆن قسەی لەگەڵ بکەن ئەو بەڕۆژوو بوونە خۆکوژییە بوەستێنێت. باوکت و براکەت دەچنە لای بووکەکەم، بووکەکەم ئێسك و پێستە ماوە، مرد یا دەمرێ لەسنووری نێوان ژیان و مەرگدایە، باوکت یەکەم جار گوێ لە بووکەکەی دەگرێت، کاتێك بە تەواوی لە کێشەکە دەگات یەك وشە ناڵێت، پێی ناڵێت: واز لە مانگرتنەکە بێنە، خۆراك بخۆ، خۆی کاتێك بەڕۆژوو دەبێت دەزانێت خۆراك نەخواردن، برسیبوون چەندە قورسە، بووکەکەش ٥١ ڕۆژە هیچ شتێکی نەخواردووەو بڕیاریداوە نەخوات. بۆیە گوتنی: "خۆراك بخۆ" بە بێڕێزی هەڵدەسەنگێنێت، لەگەڵ براکەت دەگەڕێنەوە. تابووتەکە ئامادەبوو، چاوەڕوان بووین ئەمڕۆ بەیانی هەواڵی مەرگی دێت. خەو ناچێتە چاوانمان، کاتێك بینیمان لەکۆتاییەکەیدا ئەشکەنجە راگیراو مانگرتنەکە کۆتایی پێهاتووە دڵخۆش بووین.

بووکەکەم لەگەڵ براکانت پەرتووکی دەخوێندەوە، گفتوگۆی لەسەر دەکرد، من لەزمانی ئەوان نەدەگەیشتم، لە باخچەکەی تەنیشتی ماڵەوە هەندێك تەماتەو بیبەرو خەیارم چاندبوو، بووکەکەم و حەسەنی براشت لەپێشەوە گوڵی ڕەنگاوڕەنگیان چاندبوو. بەیانیان من ئەوانەی خۆم چاندبووم و ئەوانیش ئەوانەی خۆیان چاندبوویان ئاومان دەدان، مانایەکم بەو گرنگیدانەی ئەوان بە گوڵەکان نەدەداو دەمگوت: ئەو شتە بێ سوودانە واز لێ بهێنن، وەرن تەماتەکان ئاو بدەن، حەسەن پێدەکەنی، بووکەکەم جوانی گوڵەکانی باس دەکرد، حەسەنیش دەیگوت: واز بێتە، دوای ٥٠ساڵ ناتوانێ خۆشەویستی گوڵ بخەیتە دڵی دایکمەوە.

وا بیرم دەکردەوە بووکەکەم لەماڵ دادەنیشێت تا تۆ لەزیندان ئازاد دەبیت، کاتێك تازە هاتبووەوە هەموو کەلوپەلەکانی ژوورەکەتانی دەرهێنا. هەروەك

www.arsivakurdi.org



کاتی هاوسەرگیریتان بۆیەی سەوزی کراوەی لە دیوارەکان دا، قەرەوێڵەکەتانی لە شوێنی کۆنی دانا، جلوبەرگەکانی شۆرد، ئووتووی کردن و بە دۆڵابەکەی هەڵواسین. زۆر باش بیرم دێت کاتێك هاوسەرگیریتان کرد، تەنیا حەوت ڕۆژ لەماڵ مایەوە، هەردووکتان لەپڕێکدا ون بوون. بووکەکەم دوای شەش ساڵ کە گەڕایەوە ژوورەکەتانی وەك یەکەم ڕۆژ لێکردەوە، وێنەی مامەڵەی هەردووکتانی گەورەکرد لە چوارچێوەی گرت و لە تەك یەکتر بە دیوارەکەی هەڵواسین.

پۆلیسەکان بووکەکەمیان بە ئاسودەیی جێنەهێشت، دوای هەفتەیەك لە نەشتەرگەرییەکەی بوو، هێشتا نەخۆش بوو، پاڵکەوتبوو، هاتن گوتیان: وتەت لێوەردەگرین و ویستیان ببەن. باوکت بەرەنگاربووەو گوتی: منیش دێم، بەیەکەوە ڕۆیشتن، بێ ناموسانە لە چەولیگ بووکەکەمیان دەستبەسەر کردو باوکتیان ناردەوە بەبێ چارەیی لەگەڵ باوکت گریاین.

براکانت بەتوڕەیی بیریان دەکردەوە، دوای ١٦ ڕۆژ بووکەکەمیان ئازادکرد، لێیان پرسیبوو تۆ سەرکردەی ڕێکخستنی، لەڕێکخستن کێ دێتە لات؟ بووکەکەم تەنانەت وەڵامی پرسیارەکانیشی نەداوتەوە، دوای ئازادکردنی لەگەڵ حەسەنی برات بەردەوام بەیەکەوە قسەیان دەکرد، منیش بە پەرۆش بووم بزانم بەنهێنی چی دەڵێن، بەڵام هیچیان بۆمن باس نەدەکرد. بووکەکەم شەوانە بە تەنیا لەو ژوورە دەخەوت و دەرگاکەی کلیل دەدا، بەیانییەك تا درەنگانێك دەرگا نەکرایەوە.

ئەو بەیانیان زوو هەڵدەستا، بە عومەری براتم گوت: ئەوە چی بەسەرهاتووە؟ هێشتا هەر خەوتووە؟ گوتی با بانگی بکەم. دوو سێ جار لە دەرگای دا، کاتێك دەنگێك نەبوو ترسام، وام بیرکردەوە کە بووکەکەم خۆی کوشتبێت. حەسەنمان بانگ کرد، هەرسێکمان بەیەکەوە چووینە باخچەکە، تا لە پەنجەرەوە سەیری ژوورەوە بکەین. پەردەکە داخرابوو، پەنجەرەکان داخراون و دوای شکاندنی جامەکە سەیری ژوورەوەی کرد بووکەکەم نەمابوون. کاتێك حەسەن دەرگاکەی کردەوە چوومە ژوورەوە، دۆڵابەکەم کردەوە، پێڵاوە پاژنە بەرزەکان و نەعلەکان

لـەوێ بـوون، پێـڵاوە وەرزشـیەکانی نەمابوو، سـندوقەکەیم کـردەوە، جلوبەرگەکانی لەنێـودا بـوون. هێشـتا مـن هیچـم نەگوتبوو براکـەت حەسـەن گوتی (ڕۆیشـتووە). بـە تووڕەییـەوە بـە براکەتـم گـوت: بۆ کـوێ، بەپێکەنینـەوە گوتی: بۆ شـەڕ، بۆ شـەڕ دایـە. تێگەیشـتم کـە ئـەو شـەیتانە دەیزانـی، گوتـم: ئـای تـۆی شـەیتان ئـای، یانـی بەنهێنـی باسـی ئەوەتـان دەکرد ها؟ بەڵام حەسـەن خـۆی وا دەرخسـت کە هەواڵی نەبووبێـت. دواتـر باوکـت و براکانـی تـرت هەواڵەکەیـان بیسـت، چووینـە هۆڵـە گەورەکـە، دانیشـتبووین سـەرمان خـوار کردووەتـەوە و بیر دەکەینـەوە، هیچ کەس وشـەیەك نادرکێنێـت، بـێ دەنگـی باڵی بەسـەر هۆڵەکەدا کێشـابوو.

لـەوە دڵنیـام کـە بووکەکـەم ڕاینەکردووەتـە لای کەسـێکی تـر، بـەڵام چـۆن خەڵکـی گوندەکـە لـەوە دەگەیەنیـن؟ بیـر لـەوە دەکەمـەوە ئەگـەر دەوڵـەت ببیسـتێت، ئێمـە ببـەن بۆ لێکۆڵینـەوە چۆن وتـە دەدەین، دەبێت حەسـەنیش بیری لـەوە کردبێتـەوە کە گوتی: تـەواو چووەتە لای گەریلاکان، پێویسـت بەبیرکردنەوەی زیاتـر نـاکات. دوای کەمێکـی تـر خەڵکـی گونـد دەیبیسـتن، ئەگـەر یەکێـك هـەواڵ بـە دەوڵـەت بـدات هـەوڵ دەدەن بزانـن بـۆ کـوێ چـووە، بـا بیـر لـەوە بکەینـەوە کـە چـۆن وەڵامـی پۆلیـس، یاخـود جەندرمـە دەدەینـەوە. یەکسـەر ئەرزلەرزینـە بچووکەکـەی ڕۆژی پێشـوو هاتـە خەیاڵـم ڕۆژێـك لەمەوبـەر بومەلەرزەیەکی بێهێز ڕوویدابـوو، بـە حەسـەنم گـوت: (ئەگـەر عەسـکەر هاتـن پرسـییان با بڵێیـن دوێنێ بومەلـەرزە ڕوویـدا، بـە بووکەکـەم گـوت تـۆ نوێژ ناکـەی بۆیـە بومەلـەرزە ڕوویداو لێـی تووڕەبـووم، شـەڕێکمان کـرد و بەیانـی سـەیرمان کـرد لەمـاڵ نییـە! حەسـەن بە ئیفادەکـەم پێکەنـی و بەدڵـی بـوو. گوتـی: هەمـوو کەسـێك لۆژیکیانەیـە و پـەرش و بڵاوبووینەتـەوە. ڕۆیشـتنی براژنیـان هـەر لـە خەیاڵـی کوڕەکانـم نەبـوو، سـەیری منیـان دەکـرد و پێدەکەنیـن، منیـش و باوکیشـت زۆر خەمبـار بوویـن و وابیرمـان دەکـردەوە گەورەتریـن کارەسـات بەسـەرمان هاتـووە.

حەسـەن و براکانـی تـرت چوونـە دەرەوە، باوکـت چـووە باخچەکـە دانیشـت،

www.arsivakurdi.org

بیری دەکردەوە، منیش چوومە ژووری بووکەکەم، دانە دانە دەستم کرد بە ژماردنی کەلوپەل و جلوبەرگەکانی بووکەکەم، لەبەر ئەوەی ساڵانێکە ئەو کارە دەکەم، هەموویم دەناسی، تەنانەت ژمارەی قۆپچەکانیشیانم دەزانی، پێڵاوە وەرزشیەکەی، جلەکانی ژێرەوەی، کراسێکی و مانتۆکەی نەمابوو، هەروەها ئەو نامانەی تۆ بۆت ناردبوون، ئەو نامانەی بەردەوام بۆ ئێمەی دەخوێندنەوە.

ڕۆیشتنی بووکەکەم هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو، لە کوێیە، لەشاخە، لە شارە، لەنێو وڵاتە، یان لە دەرەوەی وڵات خودا دەزانێت! دەستمان پێکرد هەموو ئێوارەیەك سەیری تەلەفزیۆن بکەین. پێشتر ئەو نەریتەمان نەبوو، لەکوێ ڕووداوێك ڕوویداوە، چەند کەس مردووە؟ بە پەرۆش بووین بزانین لەنێو مردووەکاندا ئافرەت هەیە یان نا، کاتێت هەواڵی مردووێك دەدرا، ڕۆحم خەریك بوو دەربچێت. من لەزمانی ئەوانەی تەلەفزیۆن نەدەگەیشتم، باوکت بۆمی وەردەگێڕا، کاتێك وێنەی مردووێك ڕاستتر بڵێین جەستەیەکیان نیشاندەدا، لەگەڵ باوکت دەچووینە ناو تەلەفزیۆنەکە و سەیری قژو چاوی مردووەکەمان دەکرد. بەڵام وێنەکە زوو تێپەڕ دەبوو، چاوەڕێی ئێوارەی پاشترمان دەکرد. هەر کە هەواڵەکان دەستی پێدەکرد، دڵم خورپە خورپی دەکرد، هەناسەم خێرا دەبوو و چاوەکانم لەسەر تەلەفزیۆنەکە گیری دەخوارد، وەك چۆن بڵێی بۆمبێکی تەوقیت کراو لەتەك دڵم بەستراوە، گوێم لە دەنگی کاتژمێرەکە دەبوو. ئەگەر لە هەواڵەکان ناو و وێنەی بووکەکەم تێپەڕێت، بێ شك و گومان بۆمبەکە دەتەقێتەوە، هەموو شەوێك لەو دۆخە دەژیام، باوکیشت هەمان حاڵی هەبوو.

دواتر نۆرەی عومەری برات هات، لە خارپێت ئەندازیاری شارستانی دەخوێند، کاتێ تۆ لە ماڵ بووی، ئەو هێشتا لە قوتابخانەی سەرەتایی دەیخوێند، بەژن درێژ و باریك بوو، بەڵام زۆر زیرەك بوو. کاتێك لە زیندان بووی جارێك هاتبووە بینینت، ئەوکات لە قۆناغی یەکەمی زانکۆبوو، زۆر بەوتەکانت کاریگەربوو، کاتێك لەگەڵ یەکتر قسەتان کردبوو هەر خۆی کە گەڕایەوە ماڵەوە،

ببـوو بـە عومەرێکـی دیکـە، سـەرەڕای ئەمەیـش وام دەزانـی دەخوێنێـت و دەبێتـە ئەندازیـار، بـەڵام لێکۆڵینـەوەم کـردو لـە هاورێکانم پرسـی ئـەو لە خارپێـت نەبوو، وازی لـە زانکـۆ هێنابـوو، کاغەزێکـمان بۆ هـات، لە کاغەزەکـە نووسرابـوو کە لەبەر دەوام نەکـردن لـە پـۆل ماوەتـەوە.

عومەرەکەم ڕۆیشـت، دەڵێت: لە دەرسـیم چووەتە شـاخ، لە دژی دەوڵەت شـەڕ دەکات. هەرچەنـدە کاتێك تازە دەسـتی بـە زانکۆ کردبوو گوتبـووی: دایە دەخوێنم، دەبـم بـە ئەندازیـاری شارسـتانی، باڵەخانە دروسـت دەکـەم، منیش خۆشـحاڵ بووم و گوتـم: هـەر خـۆی خێرمـان لـە سـەلیم نەدیـت، بەلانـی کـەم تـۆ بخوێنـە، ئێمـە بەخێـو بکـە). عومەرەکەشـم ڕۆیشـت، ئێسـتا لەکامـە شـاخە؟ نانـی هەیـە یـان نا؟ لەکـوێ دەخەوێـت؟ لە سـاردی زسـتان و گەرمـی هاوین چۆن دەژێـت؟ هەر خۆی لاوازە، بـاڵای دوو مەتـرە، بەردێکـی بچووکـی بەرکەوێـت ئـەو دەمرێت، چۆن شـەڕ دەکات؟ دوای دڵنیابـوون لە ڕۆیشـتنی عومـەر، جلوبەرگەکانیم کۆکـردەوەو هێنامە ژوورەکەتـان، لەتـەك جلوبەرگەکانـی ئێـوە، هی ئەویشـم هەڵواسـین.

حەسـەن دوای چەنـد ڕۆژێـك لـەوەی گوێـی لەڕۆیشـتنی عومـەر بـوو، گوتـی: (دایـە مـن بـۆ کارکـردن دەچمـە ئەدەنـا). هێشـتا دوو سـێ مانـگ بـوو سـەربازیی تەواوکردبـوو، حەسـەن کوڕێکـی زیـرەك، گـران و ئەفەندی بـوو، زۆر لە تـۆ دەچوو، هەڵسـوکەوتی، قسـەکردنی، و پێکەنینەکـەی وەك تـۆ بـوو، بووکەکەشـم دەیگـوت کـە حەسـەن زۆر لـە سـەلیم دەچوو، کاتێك گوتـی دەچێتە ئەدەنا گوتـم: (بڕۆ کوڕم، زانکـۆت تەواوکـردووە، سـەربازییت کـردووە، بەڵکـو کار دەدۆزیتـەوە، خانووێـك بەکـرێ دەگریـت، سەلیمیشـیان گواسـتووەتەوە بـۆ گرتووخانـەی جەیهـان، دەچیتە بینینـی ئـەو، هەندێـك یارمەتـی دارایـی ئێمـەش دەدەیـت). لـە گونـد بـێ سـوود دەسـوڕایەوە، کاتێـك دڵـی تونـد دەبـوو، خـۆی فێـری ئینگلیـزی دەکـرد، پەرتووکـی دەخوێنـدەوە، پۆلیسـەکان وازیـان لەو نەدەهێنـا، دوای ئەوەی گوێیان لە ڕۆیشـتنی بووکەکـەم بـوو، زوو زوو دەهاتنـە مـاڵ و دەیانپرسـی، کاتێك ڕۆژێك هاتن حەسـەن

www.arsivakurdi.org

نامـەی بـۆ تـۆ دەنووسـی، یەکێك لە پۆلیسـەکان دوای ئـەوەی نامەکـەی خوێندەوە زلەیەکی لە حەسـەن دا. حەسـەن سـوور هەڵگـەڕا، گریام، دوای ئـەو ڕووداوە بینیم حەسـەن بـەردەوام بەقوڵـی بیـر دەکاتـەوە. کوڕە فریشـتە ئەفەندییەکـەم هیچ جار نەبوومـە شـاهێدی ئـەوەی کـە وشـەیەکی خـراپ بـە کەسـێك بڵێـت، یاخـود دڵـی کەسـێك بڕەنجێنێـت. ئەویـش وەك تـۆ بـەردەوام پەرتووکـی دەخوێنـدەوە، بەزۆری ناردمـان بـۆ سـەربازیی، ڕقـی لە سـەربازیی بـوو، دەیگـوت: من چۆن سـەربازیی بۆ ئەوانـە بکـەم دایـە؟ چـوو و بـوو بە جێگری ئەفسـەر، کاتێـك بە مۆڵـەت دەهاتەوە بەجلـی ئاسـاییەوە، جانتایەکەیـم کـردەوە جلـە سـەربازییەکانی لە جانتاکـە بوون، جلـەکان نـوێ و پـاك و خاوێـن بـوون، کـە گوتـم: بـۆ ئەوانـە لەبـەر ناکـەی؟ ئەوانە لێـرە لـە گونـد لەبەرکـە. زەردەخەنەیەکـی کـردو گوتی: وازبێنـە دایە بشـمکوژی لە گونـد ئەوانـە لەبـەر ناکەم.

تـا ئەوکاتـەی دووبـارە دەگەڕایـەوە سـەربازیی، لەبـەری نەدەکردنـەوە، مـن ئـەوکات لـەو هەڵسـوکەوتەی نەدەگەیشـتم، بـەڵام وادیـارە ئـەو دەیزانی بـۆ نابێت لەبـەر بکرێـت! لەسـەربازییش کورەیـان بـە ئاسـوودەیی جێنەهیشـتبووە کاتێـك زانیویانـە بـڕای تۆیـە، بـەردەوام لـە ژێـر چاودێـری بـووە، دەیگـوت: دایـە کاتێـك شـەوان لـە گازینۆکـە سـەیری هەواڵەکانمـان دەکـرد، هەندێـك ئەفسـەر بـە تایبەتی ئەرکـی ئەوەیـان پـێ سـپێردرا بـوو کـە بەسـەرنجەوە سـەیری دەم و چـاوم بـکات و کاردانـەوەم لەبەرانبـەر ڕووداوەکان بزانـن).

دوای ماوەیـەك لـە چوونـی حەسـەن بۆ ئەدەنـا، لەگەڵ باوکت خۆشـحاڵ بووین کاتێك زانیمان لە کۆمپانیایەکی فرۆشـیاری کاری دۆزیوەتەوەو کاردەکات، سـەردانی تـۆ دەکات، یارمەتـی دارایـی سـەعیدی داوە، مـن وام گوێ لێبوو، سـەعیدی براشـت کاتێـك لـە ئەدەنـاوە گەڕابـووەوە گونـد، گوتـی: کـە حەسـەن کاردەکات، پەرتووکێك کـە تـۆ نووسـویتە لەگـەڵ حەسـەن بەیەکـەوە خوێندویانەتـەوە، حەسـەن لەگـەڵ ئۆرهانـی کـوڕی پـورت بەیەکـەوە خانوویێکیان بەکـرێ گرتووە، حاڵیان باشـە.

www.arsivakurdi.org

شـەش مانـگ بەسـەرچوو، ئـەو ماڵـەی حەسـەن تیایـدا دەژیـا پۆلیـس هەڵیکوتاسـەر، ئۆرهـان و خێزانەکـەی لەژوورێـك و حەسـەن لە ژوورێـك ماوەتەوە، لەبـەر ئـەوەی کـە ژوورەکەی حەسـەن کلیـل دراوە، پۆلیـس بە چەکـی ئۆتۆماتیکی دەرگاکـە دەڕشـێنن و دەیشـکێنن و دەچنە ژوورەوە، بەڵام حەسـەن لەمـاڵ نەبووە! دەسـتیان بەسـەر رادیۆ دەسـتییەکەی، پەرتووکـەکان و ئامێری چاپەکـەی دا گرتووە، ئۆرهانـی کـوڕی پووریشـت لەگـەڵ خۆیـان دەبـەن و دەڕۆن.

حەسـەن کاتێـك دەزانێـت بەدوایـدا دەگەڕێـن ون دەبێـت. دەرکەوت حەسـەن لـە ئەدەنـا پەیوەنـدی لەگـەڵ هاورێکانی تـۆوە بەسـتووە، کاری رێکخسـتن دەکات، کاتێـك دەکەوێتـە حاڵێـك کـە بەدوایـدا بگەڕێـن، فەرمانبـەری وانەبێـژی زانکـۆی ئەدەنا (زۆزان)یش لەگەڵ خۆی دەبات و دەڕۆن، حەسـەن بسـت بە بسـتی ئەدەنا شـارەزابوو، چـوار سـاڵ لـەوێ زانکـۆی خوێنـدووە، کاتێـك لەگـەڵ زۆزان بەیەکـەوە دەکەونـە نـاو ونبـووەکان، قسـەو قسـەڵۆکی ئـەوە بڵاوبـۆوەوە کـە (حەسـەن بـۆ هاوسـەرگیری زۆزانـی رفانـدووە)، کـە گوێـم لـێ بـوو راسـتیەکەی دڵخـۆش بـووم، زۆزان کچێکـی جـوان بـوو، ئەویـش وەك حەسـەن خـاوەن بڕوانامـە بـوو، دەمگوت بـا هاوسـەرگیری بکـەن، بـەڵام هیـچ کات بڕوام بـەوە نەدەکـرد کـە هەردووکیان بۆ هاوسـەرگیریکردن ڕایانکردبێت.

ئـەوەی پێشـتر تۆ باسـت کردبـوو و ئەوانـەی بەسـەر بووکەکەم هـات، ونبوونی ئـەو بـێ ئـەوەی هیـچ بـە ئێمـە بڵێـت، ئـەو شـەقەی حەسـەن لـە پۆلیسـەکە خـواردی، زانکـۆ جێهشـتنی عومـەرو چوونـە شـاخی، هەمـوو ئەوانـە وای دەکـرد کـە بیربکەمـەوە حەسـەن و زۆزان بـۆ هاوسـەرگیریکردن ون نەبوونـە. لەکۆتاییـدا کـە گوێـم لـێ بـوو هەردووکیـان بـە پەڕینـەوە لـە رووبـاری مەریـج بـۆ یۆنـان و لەوێـوە بـۆ لوبنـان پەڕیونەتـەوە، گوتـم: (حەسەنیشـم چـوو). جلوبەرگەکانـی لەژوورەکانـی تربـوون کۆمکردنـەوەو بردمـە ژوورەکەی ئێـوە. دوو تاخم جلوبەرگی سـەربازیی، جلوبەرگێکـی ڕۆژانـە، لـە جانتاکەیـم دەرهێنـا، لەتـەك جلوبەرگەکانـی

www.arsivakurdi.org

تـۆ، بووکەکـەم و عومـەر هەڵمواسـین و ئیـدی دەمزانی سـەعیدیش زوو یـا درەنگ زانکـۆ جێدەهێڵێـت، ناخوێنێـت و دەڕوات.

براکانـت نەجمەدیـن و مەحمـوود هاوسـەرگیریان کردبوو، سـادقی برابچووکت چاودێـری ئێمـەی دەکـرد، مەحمود لە ئەدەنا مامۆسـتایەتی دەکـرد، لەگەڵ کچێکی گـرێ سـۆر هاوسـەرگیری کـردووە، بـەزۆری ژیانی خۆی بەڕێـوە دەبـرد، پۆلیس دوو سـێ جـار ئەویشـیان دەسـتگیرکردووە، لێیانـداوە، دەترسـا فەقیـرە، بـەڵام سـەعید وانییـەو ئـەو وەك جنۆکەیـە، وا دەردەکـەوت کـە دەخوێنێـت، بـەڵام دەمزانـی لـە ئەدەنـا بـە ئاقڵی دانەنیشـتووە، دوای ڕۆیشـتنی حەسـەن بە حـەوت مانگ ئەویش ون بـوو، جلوبەرگەکانیـم هەڵگـرت و بردمنـە ژوورەکـەی ئێـوە.

بـاری داراییـمان بـاش نەبـوو، لـە هەژاریـدا دەژیایـن، ماڵەکەمـان کـۆن ببـوو، کاتێـك بـاران دەباری لەبنمیچەکـەوە وەك ڕووبار ئـاو دەهاتـە ژوورەوە، کوڕەکانمان خوێندبوویـان و گەورەببـوون ئێمەیان جێهێشـتبوو، مـن و باوکـت مەحکوومـی تەلەفزیۆنەکـە بووبوویـن، هـەر لـەو کاتـەوە کـە بوکەکەمـان ڕۆیشـت کاتێـك سـەیری هەواڵەکانـی تەلەفزیـۆن دەکەیـن کاتژمێـر بۆمبـە دانراوەکەی تـەك دڵمان تیـك تاکـی دەکـرد گوێـمان لێی بـوو، ئێسـتاش چـوار بۆمبـی تەوقیت کـراوە لەتەك دڵمانـە و گوێـمان لای تیـك تاکـی ئەوانـە.

پێداویسـتی ماڵەکـە، براکـەت نەجمەدیـن بەکارکـردن دابینـی دەکـرد، خێزانەکـەی، چـوار منداڵـی، مـن، باوکـت، بـرا بچووکەکەت سـادق، هەموو سـەیری دەسـتی ئەومـان دەکـرد، باوکت ئیـدی پیربووە، قاچی ڕاسـتی فەلج بووە، بە شـەقە دەڕوات. نەجمەدیـن لەبـەر ئـەوەی لێـرە کاری دەسـتنەکەوت بـە نایاسـایی چـووە ئەڵمانیـا، جـار جارە پـارە بۆ ئێمە دەنێرێت. چی بکـەم کـورم؟ دەردم زۆرە، ڕۆژەکان تێپەڕنابـن. هەموو ڕۆژ دێمە ئـەو ژوورە، دۆڵابەکە دەکەمەوە. یەکەمجار جلوبەرگی زاوایەتـی تـۆ دەردێنـم. بـە دەسـتێك چاکەتە دەگـرم، بە دەسـتەکەی تر کراسـەکەی دەخەمـە ژێـر، پانتۆڵـە ئوتوکراوەکەشـت لـە ژێریـەوە دەگـرم، دەلینگـی پانتۆڵەکـە

www.arsivakurdi.org

ڕێك دەخەمە سەر پێڵاوەکانت، تۆی لەناودا خەیاڵ دەکەم، ئەو جلانەت تەنیا هەفتەیەك پۆشی کوڕم، زاوای یەك هەفتەیی بوویت هەموو شتێکت جێهێشت و تێکەڵی ون بووەکان بوویت. ساڵی ١٩٧٨ بوو، تۆ ئەوکات ئەوەی ئەمڕۆ تیایدا دەژیم دەتزانی، منیش لە هەموو شت بێ خەبەر بووم، دەڵێم هیچ لەوانە ناگەم کە باسی دەکەیت. دواتر بۆنی دەکەم، ماچی دەکەم جلوبەرگەکانت و بە دۆلابەکەی هەڵدەواسمەوە. ئەمجارە تەنورە سپی و جاکەتە سپییەکەی بووکەکەم پێڵاوە پاژنە بەرزەکانی دەردێنم، چاکەتەکە لەسەرڕووی تەنورەکەو تەنورەکە چۆکێك لەسەر پێڵاوەکە رادەگرم، قژە رەشە درێژەکانی بووکەکەم وا خەیاڵ دەکەم کە تا بەشی ناوقەدی چاکەتەکە درێژ بۆوەتەوە. ئەوجارە لەگەڵ بووکەکەم قسە دەکەم و دەڵێم:(حەوت ڕۆژ لام مایەوە، تەنیا حەوت ڕۆژ، ئافرەتە قژ قەترانییەکە، چاوەکانی قلە ترێ، بووکە خوێن شیرینەکەم، تۆ بۆ رۆیشتی، بۆ خۆت تێکەڵی کاری پیاوانە کرد؟ ئافرەت چۆن ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە؟ ئافرەت لەماڵ دادەنیشێت. تۆ ئەوەی هیچ ئافرەتێك نەیکردووە کردت). جلەکانی بووکەکەم ماچ دەکەم، بۆن دەکەم و هەڵدەواسمەوە. و جلوبەرگی عومەر دەگرمە دەست، لەگەڵ جلەکانی قسە دەکەم وەك چۆن بڵێی لەگەڵ عومەر قسە بکەم. دواتر نۆرەی جلەکانی حەسەن دێت و دەڵێم: (کورە عاقڵ، گران، جوامێرەکەم ئازاری مێروولەیەك نادات، ئێستا لەکوێی؟). لەگەڵ جلە سەربازییەکانی قسە دەکەم، چونکە خۆشی ناوێن، حەسەنەکەم ئەوانی نەدەکردە بەر. کراسە قۆڵ کورت و فانیلەکەی رۆڵەکەم ماچ دەکەم. قۆپچەکانی کراسەکەی دەکەمەوەو دواتر دایدەخەمەوەو هەڵیدەواسمەوە. ئەمجارە جلەکانی سەعید دەردێنم و تەنیا دەتوانم بڵێم: (کوڕە دەموچاو بە خەندەکەم، کوڕە ئیرادە پۆڵایینەکەم) فرمێسکەکانم بەڕوومەتمدا دێنە خوارەوە، گریان لە قوڕگمدا دەمێنێتەوە، خۆم پێ ناگیرێت و دەدەمە پرمەی گریان و جلەکانی ناو دۆلابەکە لە باوەش دەگرم، چی بکەم کوڕم؟ هەمووتان دایکتان

www.arsivakurdi.org



جێهێشت و ڕۆیشتن، من شەو و ڕۆژ بە چاوەڕوانی هەواڵی مەرگتانەوە دەژیم. ئازارو دڵەڕاوکێی ئەوە ئێوە نایزانن، وێنەتان لەماڵەوە هەبووو دوای ڕۆیشتنی بووکەکەم پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ماڵەکە، وێنە لەچوارچێوە گیراوەکانتانیان بە قۆنداغی چەکەکانیان شکاندو دڕاندیانن، وێنەکانی تریشیان هەڵگرت و بردیان، تەنیا جلوبەرگ و پێڵاوەکانتانم بۆ مانەوە، ڕۆژانە دێم لەگەڵ جلەکانتان قسە دەکەم، بۆن دەکەم و ماچ دەکەم دڵتوندییەکەم کەم دەبێتەوە، وا هەست دەکەم کە لەگەڵ ئێوە قسەم کردووە، بۆنم کردوون و ماچم کردوون.

دایکە بەستەزمانەکەم، ئێستا گوێی لێبێت کوڕەکەت لەلایەن ئاپۆوە دەستگیر کراوە لە دۆڵی بیقاع بەند کراوە، لەگرتووخانەکە ڕایکردووەو لە بەیروت لە ئەشکەوتێك بێ پارە و پەساپۆرت، برسی و تینوو دەمێنێتەوە، چی دەکات؟ یەکێك لە بۆمبە دانراوەکانی لای دڵی دەتەقێتەوە؟ هێشتا ساڵ و نیوێك بەر لە ئێستا کە هەواڵی مەرگی حەسەنی کوڕی هات یەکێك لەبۆمبەکان تەقی و چەندین مانگ نەهاتبووەوە سەر خۆ. کورە جوامێرە گرانەکەی کە ئەزیەتی مێروولەی نەدەدا، بە گوللەیەکی خیانەتکاری پارێزەرێکی گوند، شەهید کەوتبوو.

دوای پەروەردە بینین لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز، وەك فەرماندەی گەریلا چووە ناوچەی سیڤانی سەر بە چەولیگ، ئەو شوێنەی دایکم لێی گەورەبووە ناوچەکە باش شارەزایەو خەڵکەکەشی باش دەناسێت. بەڵام بەوریاییەوە نەجووڵایەوە، کەوتە نێو بۆسەی خیانەتکارانی پارێزەرانی گوندەکە گوتبوویان چەکەکانمان بەدەستەوە دەدەین و شەهید کەوت. سەربازە تورکەکان جەستەی حەسەن دەخەنە چالێکی پڕ ئاو لەناوچەی داراهێنێی سەر بە چەولیگ. کاتێك خەڵکی گوندەکەمان دەبینن بە مەراسیمێك کە هەزاران کەس بەشداری بوون لە گۆڕستانی گوند دەینێژن. کە حەسەن شەهیدکەوت لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز بووم، سەیری دۆسیەکەیم کرد لە ئەکادیمیا. نووسراوێکی درێژ هەبوو

www.arsivakurdi.org

لەسەر رابردووی کەسی ئەو. ئەویش بێ لۆژیکییەکەی ناو رێکخستنی بەدرێژی ڕەخنە لێگرتووە.

بەڵام سەرنجی ئەوەی نەداوە کە هەمووی لەکارەساتێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاپۆ خوڵقاندوویەتی، تایبەتمەندییەکانی وەك تایبەتمەندییەکانی ئێمەبوون. دواتر ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەکانی تورکیا بڵاوکراونەتەوە، کاتێك ئەو ریپۆرتاژەی لەگەڵ دایکم کرابوو خوێندمەوە، فرمێسکەکانی خۆم بۆ نەگیرا، گریام.

دایکە بەستەزمانەکەم، چۆن هۆکاری راکردنەکەمت بۆ باس بکەم؟ ئەو ئاپۆیەی گوێت لەناوی دەبێت دەڵێت: (کوردستان کێڵگەی منە، کەڵەبابی کێڵگەکە منم، جگە لەمن هەمووی دەبێت ببێتە مریشك، وەك مریشك هەڵسوکەوت دەکات و دەجووڵێتەوە، گارەگار بکات و هێلکە بکات، هەموو هێلکەکان بداتە من و ئەوەی وەك کەڵەباب هەڵسوکەوت بکات دەیکوژم، یاخود دەیکەم بە مریشك.

کوڕەکەت لەشوێنی ئەوەی وەك مریشك هەموو ژیانی بژیت بووە کەڵەشێرێك کە زوو دەقووقێنێت. لێوم وشك بووە، تینوومە، سکم برسییە، جلوبەرگ و پووتەکانم لەبەر کردو دەرچووم بەدوای ئاودا بگەڕێم. بەرەو بازاڕ نا، بەرەو مێرگەکە چووم. لەسەڕووی ڕێگا قیرتاوەکە بەرەو دۆڵێك شۆڕ بوومەوە، لەشوێنی ئەودا دار مێوێك دەدۆزمەوە، بایی ئەوەند وشیە ترێی لێ دەکەمەوە کە بەش بکات و دەگەڕێمەوە ئەشکەوتەکەم.

www.arsivakurdi.org

# ١٤ ئابی ١٩٩٣ بەیرووت

**لە ئاسیادا**
**ئەوانەی زۆر بەپێویستی دەزانن**
**زۆر بەنامووس دەركەون،**
**زۆر بێ ناموسن .....**

دووبـارە دوای نیوەشـەو بەخەبـەر دێـم، بـە ڕۆژ بەهـۆی گەرمـا دەبرژێم، بە شـەو لـە سـەرمان دەبەسـتم، گەڕاومەتـەوە حاڵـی مرۆڤی بـەر لە ١٥ هەزار سـاڵ، لـە چاخـی هەورەبڕەکانـدا ژیانـی چاخـی ئەشـكەوت دەژیـم، منیـش قوربانـی دیكتاتۆریەتێكـم، هـەروەك كچـە رووس و رۆمانییـەكان. تـا بەیانـی لـە لێـواری دەریـا رادەكـەم، دەسـوڕێمەوە و دەجولێمـەوە، لەگـەڵ هەڵاتنـی ڕۆژ بـەرەو شـار بـۆ دۆزینـەوەی ئومێدێـك، دەرگایـەك، ئارامگەیـەك بـە رێ دەكـەوم. ئیـدی بـۆ فاكسـەكە ناچمـە هۆتێلەكـە، ئومێـدم نەمـاوە كـە وەڵام بدرێتـەوە. كاتێـك بـە كۆڵانێكـی نزیـك لـە هۆتێلەكـە تێپـەڕ بـووم كـە گەنجـە باڵابـەرزە قـژ لوولەكـەم لـێ ناسـی، تاكسـییەك بەلامـدا تێپـەڕی كـە نیشـانەی خاچـی سـووری بەسـەرەوە بـوو، بـە خۆمـم گـوت "رەنگە خاچی سـوور ئومێدێك بێ، بـا هانا بۆ ئـەوان بەرم" كاتێـك چوومـە نـاو هۆڵـی هۆتێلەكـە، گەنجەكـەم لـە شـوێنەكەی دوێنـێ بینـی، دوای سـڵاوكردن لێمپرسـی كـە كۆمیتـەی خاچـی سـوور لـە كوێیـە؟.

بـەڵام گەنجەكـە لـە قسـەكانم نەدەگەیشـت، مـن وشـەی ((خاچـی سـوور)) بـە ئینگلیـزی، یاخـود عەرەبـی چـی پـێ دەڵێـن نەمدەزانـی، ئەویـش نەیدەزانـی

www.arsivakurdi.org



بـە تورکـی (Kızılay) یانـی چـی. بە پەنجە نیشـانەی خاچـی بۆ دەکـەم، تێناگات، وا دەزانێـت پرسـیاری کڵێسـا دەکـەم. لە پێشـوازییەکە داوای پێنووسـێکی سـوورم کـرد، لـە سـەر کاغەزێکـی سـپی وێنـەی کۆیەکـم کـرد و ناوەکەیـم بە سـوور بۆیە کـرد، تێگەیشـت گوتـی ((صلیـب الاحمـر)) تێگەیشـتم کـە واتـای وشـەی خاچـی سـوور بـە عەرەبـی دەڵێت، بـە ئینگلیـزی گوتـم "ok"دواتـر گوتـم: (please help me)(تکایـە یارمەتیـم بدە) هەڵسـتا سـەرپێ و سـەر مارسیدسـەکەی بـەر دەرگای کەوتیـن.

دوای ئـەوەی بـە دەرگای پشـکنین تێپەڕبـوون چووینـە گۆڕەپانێکـی پـان، لـە گەراجێکـی ئۆتۆمۆبیـل کـە کۆمەڵێـك ئۆتۆمۆبیـل کـە نیشـانەی خاچـی سـووریان پێوەبـوو وەسـتاین و لـە ئۆتۆمۆبیلەکـە دابەزیـن. گرووپێـك کـوڕ و کچ کە کراسـی خاچـی سـووریان لەبـەر کردبـوو پێشـوازیان لـە ئێمە کرد، ئـەو گەنجـەی کە منی گەیانـد دوای ئـەوەی بـە عەرەبـی هەندێك شـتی گـوت ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشـت. گەنجـەکان منیـان بـردە هۆڵێکـی فـراوان، کاتێـك زانیـم زۆربەیـان ئینگلیـزی دەزانـن، گوتـم کە نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـم، پارە و پاسـپۆرتم ونکردوە، دەپرسـم کـە ئایـا دەتوانـن یارمەتیـم بـدەن یاخـود نـا. گەنجێك گوتـی کـە ئێـرە کۆمیتـەی خاچـی سـووری لوبنانییـە، خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی کۆمیتەکـەی لە ناوچەی حەمڕایـە، دەتوانـن ئـەو شـەو من لێـرە بحەوێننـەوە، خاچی سـووری نێودەوڵەتی دەتوانـن یارمەتـی مـن بـدەن. هەرچۆنێـك بێـت ناڕەزایـی دەرنابـڕم، گوتـم(ok) گەنجێکـی تـر پرسـی چ زمانێـك باشـتر قسـە دەکـەم گوتـم تورکـی، گوتـی"Kalk Gidelim"((هەڵسـە بابڕۆیـن)).

بـێ ئـەوەی بپرسـم بـۆ کـوێ سـەر ئۆتۆمۆبیلێکـی خاچـی سـوور کەوتیـن، چووینـە ناندینـی هۆتێلێـك کـە لـە نهۆمـی دووەم بـوو و نزیکـەی دە خولەکێـك دوورییەکـەی بـوو، لـەوێ لەگـەڵ دوو ئافـرەت یەکـمان بینـی، یەکێـك قـاپ و قاچاخـی دەشـۆرد، ئەویـتر دانیشـتبوو جگـەرەی دەکێشـا. کاتێـك گەنجەکـە

www.arsivakurdi.org

دەستی پێکرد بە عەرەبی قسە بکات، ئەو ئافرەتەی قاپەکانی دەشۆرد بە زەردەخەنەوە سەیری منی کرد، دواتر بە تورکی گوتی (Hoşgeldiniz) " بەخێربێن " دڵخۆش بووم، کاتێك تێگەیشتم ئەو ئافرەتە وەرگێڕیم بۆ دەکات، یەکەمجار پرسیم کە خەڵکی کوێیە، کاتێك گوتی بە رەچەڵەك عەرەبە و خەڵکی ماردینە، گوتم کوردم، لە تورکیا یازدە ساڵ زیندانی کراوم، پۆلیسی تورك بە دوامەوەیە، ئەندامی رێکخستنێکم بەهۆی رێکنەکەوتنم لەگەڵ رێکخستنەکەم دەستبەسەر کراوم، لە ئەڵمانیا پەنابەرم و دەمەوێت بچمەوە بۆ ئەڵمانیا.

دوای ئەوەی ئافرەتەکە ئەوانەی بۆم باسکرد وەریگێڕا، ئافرەتەکەی تر بە منی گوت کە ئەوان خوشکن و ماوەیەکی درێژە ماردینیان جێهێشتووە، بەر لەوەی جیاببینەوە بە ئافرەتەکانم گوت: بڵێن با ئەمشەو یارمەتیم بدەن، پارە، پاسپۆرت و ناسیاوێکم نییە و لە حاڵێکی زۆر خراپم دوای ئەوەی قسەکانمی بە گەنجەکە گوت ڕوویکردە من و گوتی: "ئەوانە مرۆڤی زۆر باشن یارمەتیت دەدەن" لەگەڵ ئافرەتەکان ماڵئاواییمان کرد و لە هۆتێلەکە دەرچووین.

هەر کە گەڕاینەوە کۆمیتەی خاچی سوور، ئەو زانیاریانەی گەنجەکە لەسەر من بە دەستی هێنابوون، بە کچە گەنجە فەرمانبەرەکەی سەر بێتەلەکەی گەیاند. دواتر ڕووی کردە من و گوتی: "تۆ تەسلیمی ئەو ئافرەتە دەکەم" و چووە دەرەوە. کچە گەنجەکە بۆ دانیشتنم کورسیەکەی تەنیشتی نیشاندام و دانیشتم، دەستیکرد بە پرسیارکردن لێم، ئەوانە پرسیاری فەرمی نەبوون، زیاتر لەوە دەچوو بۆ رەواندنەوەی مەراقی خۆی بێت، هەوڵمدا بە قەد ئەوەی زمانم بجوڵێت وەڵامی بدەمەوە، کاتێك پرسیاری کرد ئایا سکم برسییە، یاخود نا گوتم "برسیم" نەمتوانی بۆی باس بکەم کە بە برسییەتی لە ئەشکەوت دەمێنمەوە. گفتوگۆکەمان بەردەوامی هەبوو، کاتێك کچێکی تری گەنج خۆراکی هێنا، ساندویچێك کە گۆشتی مریشکی تێدابوو و بە کاغەزێکی

www.arsivakurdi.org



سپی پێچرابـوو، بـە تەواوەتـی پێـی تێـر نەبـووم، بـەڵام ئیـدارەی دەکردم.

ئافرەتەکـەی سـەر بێتەلەکـە منی بـردە هۆڵێکی فراوان؛ لە بەشـی ناوەڕاسـتی هۆڵەکـە پەیکەرێکـی لـە خشـت دروسـتکراو و بۆیەکـراو هەبـوو، لـە نێوەڕاسـتی نیشـانەی خاچێکـی سـوور دروسـتکرابوو، لـە دیوارەکانیـش وێنـەی کارمەندانـی خاچـی سـوور کـە لەکاتـی شـەڕدا برینـدارەکان تیـمار دەکـەن، هەڵیاندەگـرن، یارمەتییـان دەدەن هەڵواسرابـوو. لە دیوارێکی تر تابلۆیەکی سـووری هەڵواسـینی ئاگادارییـەکان کـە نامـەی چەندیـن ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کـە بـۆ کۆمیتەیـان نـاردووە هەڵواسرابـوون. هـەر لـە تـەك تابلۆکـە لەسـەر چەنـد تاقێکـی لـە دار دروسـتکراو کۆمەڵێـك پەرتـووك ریزکرابـوون، لـە دوای پەیکـەرە بازنەییەکـەی ناوەڕاسـتی هۆڵەکـە ناندیـن بـوو، لـە بەشـی دواوەی هۆڵەکـە سـێ دەرگا هەبوو، ئـەوەی ناوەڕاسـت بـۆ ژووری خەوتـن و ئەوەی ڕاسـت و چەپ بۆ بەشـی گەرماو و سـەرئاو دەچـوون.

هۆڵەکـە ژمارەیەکـی زۆر کورسـی دانیشـتنی پلاسـتیکی لێ بوو، منیش لەسـەر یەکێـك لـەو کورسییانە دانیشـتم، گرووپێـك کـچ و کـوڕ بـە کۆمـەڵ دانیشـتبوون گفتوگۆیـان دەکـرد، حـەزم دەکـرد بزانـم ئـەو هەمـوو خەڵکـە لێرە بـە مووچە کار دەکات یاخـود خۆبەخشـانە، ڕاسـتییەکەی هێشـتا ئارەزووەکـەم نەهێنابـووە دی کـە وەڵامـی پرسـیارەکەم دەسـتکەوێت، گرووپـی تـر هاتنـە هۆڵەکـە. لـە عەرەبی زیاتـر بە فەڕەنسـی قسـەیان دەکـرد، دەمزانـی لێرە لە بەیـروت کریسـتیان هەیە، بـەڵام وام بیردەکـردەوە کـە لێـرەدا ئەوەنـدە کەسـە بـە موچـە کار پـێ ناکـەن، دەگەمـە ئـەو ئەنجامـەی کـە ڕەنگـە خۆبەخـش بـن. کچـەکان جلوبەرگـی زۆر ئاسـوودە بەخشـیان لەبـەر بوو، کچـە فەڕەنسـییەکانیان بیر دەخسـتمەوە، یەکێك نـاوی ڤەرۆنیـکا، یەکێـك ماریـا، یەکێك کریسـتین، بۆ سـاتێك واهەسـتم کـرد کە لە پاریسـم. دەمگـوت فەڕەنسـییەکان عەرەبەکانیـان گەلێـك گۆڕیـوە، نازانـم ئـەوە تەنیـا گۆڕانێکـە یاخـود دووبـارە دروسـتکردنەوەیە، بـە جوانـی سـەیریان دەکـەم

www.arsivakurdi.org



لەنێـو ناسـكی و زەرافەتـی فەڕەنسـیدا سـیمای عەرەبـی بەدیـار دەكەوێـت، ئـەو حاڵـە ئەوانـی جوانـتر دەكـرد، بـەڵام كـوڕەكان زیاتـر عەرەبانـە بـوون، كچـەكان زیاتـر فەڕەنسـییانە بـوون، ئـەوە سـەرنجی راكێشـام، بـە پێویسـتی نازانم مێشـكم بـە هۆكارەكانییـەوە مانـدوو بكەم.

كاتێـك ویسـتم بچمـە سـەرئاو، لەبـەر ئـەوەی نەمدەزانـی كامەیـان بـۆ ئافرەتانـە و كامەیـان بـۆ پیـاوان چاوەڕێـم كـرد، چاوم بـە دوای ئیشـارەتدا دەگەڕا بـە دەرگاكانـەوە بـەڵام نەبـوو، دوای ماوەیـەك یەكێـك لـە ئافرەتـەكان چـووە یەكێـك لـە سـەرئاوەكانی بەرامبـەر ئـەو شـوێنەی لێیەوە دانیشـتبووم، بـەم جۆرە تێگەیشـتم كـە لای چـەپ هـی خانمانە و لای ڕاسـت هـی پیاوان، كاتێك پێویسـتی سـەرئاوی خـۆم تەواوكـرد تێگەیشـتم كـە لێـرەدا جیـاوازی سـەرئاوی تایبەتـی پیـاوان و ئافرەتـان نییـە. كاتێـك چوومـە سـەرئاوەكە یەكـەم شـت كە سـەرنجیدام ئاوێنـە بـوو، چونكـە هـەر لەوكاتـەوە كـە رامكـردووە سـەیری ئاوێنەم نەكـردووە، ڕاسـتتر وایـە كـە بڵێم دەموچـاوی خۆم نەدیـوە، ریشـم درێژ، دەموچـاوم چرچی تێكەوتـووە، ماندووێتـی، بێحاڵـی، مـەراق، ناڕەحەتـی، بـێ ئومێـدی بـە تاڵـە سـپییەكانی ریشـمەوە وێنـەی پیرێكـی تـەواوم دەدا.

لـە گەنجێكـم پرسـی ئاخـۆ گوێزانـی ریشتاشـین هەیـە ریشـم بتاشـم، گوتـی "هەیـە" و چـوو بـۆ ژووری خەوتـن، دوای كەمێـك بـە گوێـزان، خاولـی، كەفـی ریـش تاشـین و كۆڵۆنیـاوە گـەراوە، خۆشـحاڵ بـووم. دوای ریش تاشـین گەڕامەوە هۆڵەكـە و گرووپێـك گەنـج ویسـتیان گفتوگـۆم لەگـەڵ بكـەن. یەكەمجـار بـە ئینگلیزیـە خراپەكـەم هەوڵمـدا بە كورتـی چیرۆكی خۆمیان بۆ بـاس بكەم، ئەوەی دەمگێڕایـەوە لێـی تێدەگەیشـتن. كاتێـك قسـەم دەكـرد زۆر جـار دەسـتەكانم بـە هانـای زمانمـەوە دەهاتـن بـۆ تێگەیانـدن، گەنجـەكان پێدەكەنیـن، دواتر پرسـییان چەنـد وڵات گـەڕاوم، گوتـم: ((توركیـا، كوردسـتان، یۆنـان، یوگسـلافیا، سـووریا، ئەڵمانیـا، هۆڵەنـدا، بەلجیـكا، فەڕەنسـا، ئیسـپانیا، بەرازیـل، لوبنـان)) گوتیـان

www.arsivakurdi.org

"زۆر گـەڕاوی" گەنجێـك پرسـیاری کـرد کـە چەنـد پەرتووکـم نووسـیوە، گوتم دوو ڕۆمـان و شـانۆیەك، دەتوانـم بڵێـم گفتوگۆکەمـان زۆر قـووڵ بـووەوە. بـەرە بـەرە لەگـەڵ قسـەکردن زمانـم دەکرایـەوە و ئیـدی وەك یەکـەم جـار زۆریـم هەسـت پـێ نەدەکـرد کاتێـك بـە ئینگلیـزی قسـەم دەکـرد.

کاتێـك تاریکـی دایگـرت، لـە یەکێـك لـە گەنجەکانـم پرسـی لـە کـوێ بخەوم؟ پرسـیاری کـرد دەتـەوێ بخەویـت؟ گوتم دەمەوێت کەمێك ڕاکشـێم. ڕاسـتییەکەی خـەوم نەدەهـات زیاتـر دەمەویسـت بزانـم لـە کوێ و شـوێنێکی چـۆن دەخەوم، گەنجەکـە منـی لـە دەرگای بەرانبـەر شـوێنی دانیشـتنمەوە بـردە ژووری خەوتنـەوە، کاتێـك چوومـە ژوورەوە بـە مەزەنـدە شـەش مەتـر پـان و بیسـت و پێنـج مەتـر درێـژ بـوو هۆڵەکـە، قەرەوێڵـەی بەرانبەر یـەك و دۆڵابی جـل و بەرگ دیـار بـوو، گەنجەکـە یەکـەم قەرەوێڵـەی دەسـتە چەپـی بـە پەنجـە نیشـاندام و گوتـی: "دەتوانیـت لێـرە بخەوی".

بـە سوپاسـکردنەوە دانیشـتمە سـەر جێگاکـە، کاتێك گەنجەکە چـووە دەرەوە دەسـتم کـرد بـە سـەیر کردنـی هۆڵـی نووسـتنەکە، بیسـت قەرەوێڵـەی بەرانبـەر یەکـتر دانـراوم ژمـارد، نیشـانەی خاچـی سـوور کـە لەسـەر دۆڵابـی جلوبەرگـەکان دانرابـوون سـەرنجڕاکێش بـوو. پێخەفـەکان ئیسـفەنج و سـەرچەفەکانی سـپی، بـە چـوار پیلکانـە لـە هۆڵـی دانیشـتنەوە دادەبەزییـە هۆڵـی خەوتنەکـە، دەکـرێ بڵێیـت ژێرزەمینێـك بـوو بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بـەردەوام گڵۆپـەکان داگیرسـابوون ڕوونـاك بوو.

هەواکـە زۆر گـەرم بـوو، کـراس و بێجامـەم نەبـوو بیـرم لە ناخۆشـی نووسـتن بـە جلەکانمـەوە دەکـردەوە، قاچەکانم لەنـاو پانتۆڵـە قەدیفەکە ئارەقیـان کردبوو، کراسـم بـۆن ترشـی لـێ دەهات، شـەرمم دەکـرد داوای کراس و بێجامـە بکەم.

بیـرم دەکـردەوە کـراس و پانتۆڵەکـەم داکەنـم و بـە شـۆرتەکەم بخـەوم، بەڵام ئـەی ئەگـەر بـە بـاش نەیبینـن؟ کچێکـی گەنـج هاتـە ژوورەوە بـە لامـەوە تێپەڕی

www.arsivakurdi.org

و گوتی:(hello)(سڵاو) دەرگای دۆڵابێكی كردەوە و شتێكی برد و چووە دەر، بیرم كردەوە هەروەك چۆن جیاوازی لە سەرئاوەكاندا نەبوو، دیارە جیاوازی ژووری خەوتنیش نییە لێرەدا، بڕیارمدا بە پانتۆڵ و كراسەوە بخەوم، پوت و گۆرەوییەكانم داكەند و بەپێیەكانم پاڵمنا ژێر قەرەوێڵەكە و لەسەر پشت راكشام هەوڵم دەدا بخەوم، خەوم نایەت، چاوم بریوەتە بنمیچەكە و بەبێ دەنگی لەگەڵ خۆم قسە دەكەم:

سەلیم ئەمڕۆ ئارامگەیەكی خەوتن و پێخەفێكی نەرمت دۆزییەوە، سكت تێر كرد، ئاوی ساردت خواردەوە، ریشت تاشی، لەگەڵ خاچی سوور پەیوەندیت بەست، ئەی بەیانی؟ بەیانی چی روودەدات نادیارە. بەڵام نەخێر! ئەی ناڵێن هەر دەردێك دەرمانێك، هەر شاخێك ڕێگایەك، هەر مەحاڵییەك ڕێگاچارەیەك و هەر داخراوییەك كرانەوەیەكی هەیە؟ پێویستە ئارام بگرین، خەریك بین، بگەڕێین و هەوڵ بدەین، وتەكانی "بە پرسیاركردنی بەردەوامە لە كۆنیاوە خانیاش دەدۆزرێتەوە، ئەوەی زۆر بگەڕێت مەولاكەشی دەدۆزێتەوە و بەڵاكەشی." دێتە خەیاڵم و هیوام زیاد دەبێت، وا بیردەكەمەوە كە ئێرە لە چاو ئەشكەوتەكە، بەرەو پێش چوون، توانست و پەیوەندییەكە.

هەوا گەرمە و لەناو ئارەق بە تەواوی تەڕبووم، مەحاڵە بتوانم وا بخەوم، جلەكانم داكەنم؟ بەڵام نابێت، ئافرەت لێرە دێنە ژوورەوە، ڕاستییەكەی شۆرتەكەم جوانە، لەوكاتەی وابیر دەكەمەوە كە بە سەرچەفەكە خۆم داپۆشم، كچێكی باڵا بەرز، قژ رەش، چاوگەورەی تەمەن بیست ساڵانێك دێتە ژوورەوە، بەمن دەڵێت: "hello good night" (سڵاو شەو شاد)، منیش گوتم "good night" (شەو شاد)، لە بەردەم دۆڵابی تەك قەرەوێڵەكەی بەرانبەرم دەوەستێت، پانتۆڵێكی كابۆ، تیشێرتێكی سپی، پێڵاوێكی وەرزشی لە پێست دروستكراوی لەبەرە، كچەكە پشتی كردووەتە من، قژە رەشەكەی تا كەمەری هاتووە، كەموكورییەك لە جوانییەكەی نابینم، تێگەیشتم كە خەریكە كەمەری

www.arsivakurdi.org

بکاتەوە، دەنگی زنجیر هاتە گوێچکەم، پانتۆڵەکەی دادەکەنێت، تەنیا بە جلێکی ژێرەوە مایەوە، چاوەکانم لەسەر جوانی کچەکەیە، شۆرتێکی لە دۆڵابەکە دەرهێنا و کردیە بەری و تیشێرتەکەی بەری داکەند، تەنیا بە ستیانێك مایەوە، ناوقەدی باریك، شانەکانی وەك پاشکۆی پانن، کچە لوبنانییەکە لە پەیکەرێکی تێکەڵبووی جوانی فەڕەنسی و عەرەبی بوو.

جلێکی خەوتنی کردە بەر و چووە ناو پێخەفەکەی و پاڵکەوت، بە سەرچەفە سپییەکە تەنیا قاچەکانی داپۆشی، ڕووی لە من بوو، زەردەخەنەیەکی کرد، سەیری قژەکانیم دەکرد کە وەك سەرچەفێکی رەش نیوەی جەستەیان داپۆشی بوو دەم و چاوەکەی کە وەك مانگی نیوە لە ژێر قژی دیاربوو. دوای ماوەیەك پانتۆڵ و کراسەکەم دادەکەنم بە سەرچەفەکە خۆم دادەپۆشم و دەخەوم.

دەمتوانی ئەو ڕووداوە لێرە باس نەکەم، یاخود زۆر بە کورتی بەسەریدا تێپەڕم، بەڵام هۆکاری گرنگ هەیە بۆ باسکردنی ڕووداوەکە بەمشێوەیە، چونکە ڕابەری نەتەوەییمان ساڵانێکە بابەتە سێکسییەکانی لەنێو بەندەکانی دا کردووە بە قەدەغەکراوێك کە نابێت دەستکاری بکرێن، لەو بابەتانە قەدەغەی وا ترسناکی داناوە، کە تەنانەت لە دواکەوتووترین دەرەبەگایەتیدا نابینرێت. وەك چۆن لە سعودیا هەر پیاوێك یان ئافرەتێك زینا بکات بە بەردبارانکردن دەکوژرێت، لەنێو بەندەکانی ڕابەری مەزنیشدا ئەوانەی یەکتریان خۆش بووێت، ئاشقی یەکتربن، لەگەڵ یەکتر پەیوەندی سێکسییان هەبێت، ئەگەر شەرعی یاخود ناشەرعی بێت دادگایی دەکرێن، بەر سزای دار دەکەون، گوللەباران دەکرێن، زۆریان لێدەکرێت کە خۆیان بکوژن یاخود هەڵبێن و خۆیان رادەستی دوژمن بکەن، ئەو سزایە ئەوەندە زۆر دەسەپێندرێن، کە مومکین نییە ژمارەی کوژراو، هەڵاتوو و راپێچی خۆکوشتن کراوەکان دیاری بکرێت، بە گوێرەی بەندەکانی ڕابەری مەزن باسکردنی

www.arsivakurdi.org

پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت، ئەشق، بەیەکەوەبوون و یەکتر ماچکردن لە رۆمان و شیعر و چیرۆکەکاندا تێکدانی رەوشتە.

بە گوێرەی ئەوان هونەرمەندێکی شۆڕشگێر هەرگیز خەریکی ئەم جۆرە کارانە نابێت، ستایشی کاری بەدڕەوشتی ناکات، ڕەوشتی بەندەکان و خەڵکی تێك نادات، ئەوانە فەرموودەکانی ئایدیۆلۆژیای فەرمین، دەرئەنجامی ئەو دۆخەیە کە ڕابەری مەزن بە پراکتیکی هێناویەتە کایەوە و لە بیری بەندەکان ڕەنگی داوەتەوە.

دەمەوێت هەندێك نموونە بدەم: بەر لە شەش مانگ بەشداری کۆنگرەی پێنم کرد کە لە ریۆ دی جانیرۆ ئەنجام درا، ڕوانگەی خۆم بۆ ڕۆژنامەی Özgür Gündem (ڕۆژەڤی ئازاد) کە لە تورکیا چاپ دەکرێت و (بەرخوەدان) کە لە ئەڵمانیا چاپ دەکرێت نووسیبوو، لە زنجیرە وتارەکەم دا بە ناوی (ڕوانگەی ریۆ) لەژێر ناونیشانی "سەڵتەنەتی کۆشك و رەزالەتی شەقام" باسم لەو کۆشکە کرد بوو کە پارێزگاری ریۆ ئێمەی تێدا میوانداری کرد لەگەڵ شەقامی (ئۆتهۆن) کە ئەو هۆتێلەی تێدا بوو کە ئێمە لێی دەماینەوە.

ئێستا لەبەر ئەوەی وتارەکەم لا نییە ناتوانم ئەو پارچەیەی باسی دەکەم بە تەواوی وشە بە وشە بۆ ئێوە بینووسمەوە، بەڵام بە نزیکی بیرمە چی بوون نووسراوەکانم، لەو بەشەی بەندەکانی ڕابەری مەزنمان، یاخود ماستاوچیەکانی زۆر توند لە دژی وەستانەوە ئاوام نووسی بوو: ((لە تەك سەڵتەنەتی کۆشك لە ریۆ دا کۆڵانەکان بەجۆرێکی ترن، زۆر کچی گەنجی نێوان یازدە بۆ هەژدە ساڵان، ئەوانە پێستیان زەرد، ئەسمەر، رەش، سپی، سوور، لەسەر هەردوو شۆستەی کۆڵانەکان ریزبوون، یەکێك لە کەمەر بە سەرەوە و یەکێك لە کەمەر بە خوارەوە رووت، چاوەڕوانی کوڕێکە بێت و بیبات، کاتێك ئەو حاڵەم بینی بە حوسێن ئەردەم و سەنار تورگوت کە لە تەکم بوون گوتم: "ئەو بێ ڕەوشتییەی وڵاتی ئێمە لێرە ڕەوشتە، هەر وەك دوو سەرەکەی تەختەی رەوان"

www.arsivakurdi.org



حوسێن گوتی: "ئێمەش لە هەڵگرەکەی ژێر تەختە ڕەوانەکان دەچین."

بە گوێرەی بەندەکانی ڕابەری مەزنمان، ئەو رستانەی من دەیاننووسم ڕەوشتی گەل و بەندەکان و تەنانەت گەریلاکانی شاخ تێکدەدەن. لەبەر ئەوەی ناوی من تێکەڵ بە پارتی بووە خەڵکی ڕەخنە دەگرن و دەپرسن: "چۆن دەبێت سەلیم ئەوانە دەنووسێت" لەگەڵ هەندێك لەوانەی بەناو ڕەخنەیان گرتووە کەوتینە گفتوگۆ، ئەوان ئەو بەندانە بوون کە لە ئەورووپا ئەرکیان پێسپێردرابوو. گوتیان: (ئێمە بە ڕاستی نابینین، لە هەموو چینێکەوە زۆر ڕەخنەت ئاراستە دەکرێت، ئێمە ناچار بووین پارێزگاریت لێ بکەین، گوتمان هەموو وتارێك بیروڕای پارتی نییە، ئەو وتارەی وەك ڕۆژنامەنووسێك نووسیووە، بەڵام خەڵکی قبوڵی ئەمە ناکەن) ئەوەی گوتمان هەمووی درۆیە! چینەکان، بەپێی ئەو لۆژیکەی بەندەکان دایدەهێنن وتار ڕەخنەباران ناکەن، ئەوە ڕەخنەی چینەکان نییە، ڕەخنەی بەندەکان و ماستاوچییەکانە. چونکە من باش تێگەیشتنی ئایدیۆلۆژیای فەرمی بۆ ئەو بابەتە دەزانم، لێرە چینەکان وەك پەردەیەك بەکار دەهێنران، ئەوەی مایەوە ئەو چینەی چووەتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای فەرمی، ڕاستییەکان وەك خۆی یان وەك ئەوەی هەیە وەرناگرن، ئایدیۆلۆژیای فەرمی دووبارە دەکەنەوە، وەك ئایدیۆلۆژیای فەرمی بیردەکەنەوە.

ئەو چینەی لە ئەورووپا دەژێت، ئەوەی من نووسیومە ئایا ڕۆژانە بە چاوی خۆیان نایبینێت؟ بە تەك ئافرەتی لە کەمەر بە خوارەوە یاخود بەسەرەوە رووتدا رەت نابن؟ لە تەلەڤزیۆنەوە سەیری فیلمە رووتەکان ناکەن؟ لەگەڵ خێزانەکانیان بەیەکەوە ناخەون، یەکتر ماچ ناکەن؟ سێ لەو ماستاوچیانەی ڕەخنەیان لە من گرتووە خێزاندارن، ئەوانە خێزانەکانیان بە رووتی ناگرنە باوەش؟ لە لێوەکانیانەوە ماچیان ناکەن؟ دەزانم کە هەموو ئەوانە دەکەن. باشە بە کردنی هەموو ئەوانە ڕەوشتییان تێك ناچێت بە

www.arsivakurdi.org

خوێندنـەوەی ئـەو وشـانەی من بۆ تێـك دەچێت؟ کاتێـك من دەنووسـم چینەکان بۆچوونەکانـی مـن لەگـەڵ بۆچوونەکانـی پارتـی تێکـەڵ دەکـەن، هـەر بۆیـە لەوکاتـەدا ئـەو ڕاسـتییە ئاشـکرا دەبێـت! بۆچوونـی پارتـی بەپێـی بۆچوونـی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی، ئەشـق، یەکترمـاچ کـردن، جوتبـوون، سـەیرکردنی ئافرەتـی ڕووت و باسـکردنی ئەمانـە قەدەغـە دەکات، ئـەوە ڕاسـتییەکە، هـەر بۆیـە مـن لەسـەر ئـەو وتارەی سـەبارەت بە ریۆ نووسـیم دادگایـی کرام، لـە لێکۆڵینەوەکەدا یەکێـك لـەو پرسـیارانەی لێمکـرا گوتیـان: (لـە وتـاری ریـۆ دا بـۆ خەڵکیـت بـەرەو بەدڕەوشـتی هانـدا؟ بۆچـی ئـەو وتـارەت لـە ڕۆژنامەی بەرخـۆەدان بڵاوکـردەوە؟ ڕوونکردنـەوە بـدە!) بـە تاوانـی ئـەوەی بـە وتارەکـەم (ڕەوشـتی خەڵکـم تێکـدا) دادگایـی کـرام ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی منـی دادگایـی دەکـرد، تێگەیشـتنی پارتی بۆ ڕەوشـت، لـە هەمانکاتـدا تێگەیشـتنی ڕابـەری مەزنمانـە، ئـاوا دەیفەرمـوو، ئـەوە کوشـتنی ژیـان و ئەدەبیـات و هونـەرە. ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی وتـەی: (ئافرەتـی لـە ناوقـەد بـە خـوارەوە و لـە ناوقـەد بـە سـەرەوە ڕووت) وا هەڵدەسـەنگێنێت (کـە ڕەوشـتی خەڵـك تێکـدەدات) ئـەوە لـە ڕوانگـەی وشـکی کاتۆلیکـی بـەر لـە سـەرمایەداری دواکەوتووتـرە، لـە لێکۆڵینـەوەدا پرسـیارەکەی پەیوەسـت بـە نووسراوەکـەی ریـۆم خوێنـدەوە، کاتێـك وەڵامەکـەم نووسـی، تێگەیشـتم کـە ئەو پیـاوە پۆڵۆنییـەی مەکوکـی دۆزییـەوە بۆچـی کـوژرا، گالیلـۆ بۆچـی دادگایـی کـرا، برۆنـۆ لـە رۆمـا بۆچی سـوتێنرا، بـاش تێگەیشـتم! لەگـەڵ لێکۆڵەرەکـەم ماوەیەکی درێـژ لـە گرتووخانـەی دیاربەکـر بەیەکـەوە بوویـن، ئـەو کەسـێك بـوو کـە لـە نزیکـەوە منـی دەناسـی. ئـەو وتـارەی مـن نووسـیومە نەیخوێندووەتـەوە، تەنیـا لەبـەر ئـەوەی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی فەرموویەتـی دادگایـی دەکرێـم، ئەویـش دەیزانـی کـە چینـەکان بـە نووسـینەکەی مـن ڕەوشـتیان تێـك ناچێـت. بـەڵام ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی" رەوشـتی پارتـی" دەسـتەکانی دەبەسـتێتەوە، مێشـکی مـۆر دەکات، گوێچکەکانـی دادەخـات. کاتێـك لەگـەڵ لێکۆڵەرەکـەم گفتوگۆمـان

www.arsivakurdi.org

لەسەر بابەتەکە دەکرد دەمگوت "ئەوەندە دواکەوتووی نابێت" تورە دەبوو دەیگوت: "هەر خۆی تۆ بەردەوام خەڵکی بە دواکەوتوو دەبینیت!"

خەریك بوو بڵێم کێیە خەڵکی بەکەم دەبینێت، سووکایەتییان پێ دەکات، خەڵکی بە مێگەل لە قەڵەم دەدات ئایا ڕابەری مەزن نییە؟ بیرم لەوە دەکردەوە کە بەرگەی دەرئەنجامەکە ناگرم و وازم لە گوتنی هێنا. ئەگەر بیڵێم ئەو وەڵامەی دەیداتەوە دیارە، ئەو وەڵامە وەڵامی خۆی نابێت، ئایدیۆلۆژیای فەرمی دووبارە دەکاتەوە، دەیگوت: "بەڵێ ڕابەرایەتیی خەڵکی بە کەم دەبینێت، سووکایەتییان پێدەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا هەڵیاندەستێنێتەوە و بەرزیان دەکاتەوە"، ئەوە وەڵامی ئایدیۆلۆژیای فەرمییە. داپیرم بیر دەکەوێتەوە کاتێك دەیگوت: "خودا مرۆڤ دەکەوێنێت لە هەمان کاتدا هەڵیدەستێنێتەوە، ئەقڵ لە حیکمەتی ئەو ناگات."

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەبارەت بە وتارەکەی ریۆ لە لێکۆڵینەوەدا لێمکرا بە ئاشکرا پشتگیریم لە بیر و بۆچوونەکانم کرد و گوتم: (ئاوا بیر دەکرێتەوە و ئەگەر ئەو بیرکردنەوانە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەوا لە کوردستان هونەر و ئەدەبیات پێش ناکەوێت.) هەر وەك چۆن ئەو پارێزگارییە قبوڵ نەکرا، گوتیان رێچکەی ڕابەرایەتیی بە بنەما وەربگرە و خودڕەخنە بنووسە، لەبەر ئەوەی هونەر و ئەدەبیات لە پاڵنەری داگیرکەرن، بەهای سەرۆك دیار نابێت. لە ئایەتەکانیدا وادەڵێت:(( من گەورەترین هونەرمەندی جیهانم، هەر پەرتوکێك کە ئایەتەکانی منی تێدا کۆبکرێتەوە شاکارێکی ناوازەی ئەدەبیاتە)) دوای گوتنی ئەمانە واتا شێوازەکەی وا دەردەکەوێت کە لە کوردستان ئەدەبیات و هونەر تەنیا بە زمان، ئەدەبیات و شێوازی ڕابەرایەتیی بەرەوپێش دەچێت.

ئەوە لەنێو بەندەکانی ڕابەری مەزنماندا کە گفتوگۆی لە بارەوە ناکرێت، هەر لەبەر ئەوە هونەر و هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی، میوزیکی و هونەری

www.arsivakurdi.org

لەگۆڕێدایـە. رووە ناواخنەکـەی کارەکـە ئاوایە: ڕابەرایەتیی لـە ئەدەبیات و هونەر تێنـاگات، بـە گوێـرەی بیرۆکـەی ئـەو خـۆی گەورەتریـن ئەدیـب و هونەرمەنـدی جیهانـە، لەبـەر ئەوەی نەیتوانیـوە رێچکە پووچەکـەی لە زیندانەکاندا باڵادەسـت بـكات هەندێـك بەرهەمـی ئەدەبـی و هونـەری بەرهەمهاتـوون کـە ئێسـتا خەریکـی لەناوبردنیانـە.

جگـە لـە بەندینخانـە، ئایدیۆلۆژیایەکـی فەرمـی جێگای هونـەر و ئەدەبیـات و میوزیکـی گرتـووە و بـەردەوام دووبـارە دەکرێتـەوە، لـەو بابەتـە ڕابـەری مەزن دەڵێـت و بەندەکانـی دووبـارەی وتارەکانی دەکەنـەوە و دەڵێن (ئامیـن) نۆتەکان هەمـان شـتن، وشـەکان، رسـتەکان، وێنـەکان، وتـارەکان، چیرۆکـەکان، لاوکـەکان، شـانۆگەرییەکان، فیلمـەکان، شـیعرەکان و مارشـەکان، هـەر هەموویـان هەمـان شتن .

کەسـێکی مـەزن ملیۆنەهـا کەوتـوو ڕزگار دەکات، بابەتـی لاوکـەکان ئەمەیە، بابەتـی گۆرانـی ئەمەیـە، بابەتـی چیـرۆك ئەمەیـە، وتـارەکان ئەمـە بـاس دەکـەن، رۆمـان ئەگـەر بنووسرێـت دەبێـت ئەمـە بـاس بـكات، بەپێـی ڕابەری مـەزن جگە لەمـە تێگەیشـتنێکی تـر بـۆ هونـەر بورژوازییەتـە، ئـەوە خزمـەت بـە کەمالیـزم دەکات، ڕاسـتتر وایـە کـە بڵێیـن ئـەو بەرهەمـە ئەدەبـی و هونـەری و موزیکـەی ستایشـی ڕابـەری مـەزن نەکات خزمەتـی کەمالیزم دەکات، ئـەو بۆچوونانە پەنجە دەخەنـە سـەر ڕاسـتییەك کـە ئـەو ئـەدەب و هونـەرەی لـە تورکیـا بەرهـەم دێت تـا ئەمـرۆ نەیتوانیـوە کەمالیـزم ببرێـت و پێشـی بکەوێتـەوە لەنێـو چوارچێـوەی سـنوورەکانی ئـەودا کـراوە، بـەڵام ئـەو بژاردەیـەی تـر کـە دایهێنـاوە، ئـەوە زۆر دەگەرێنێتـەوە دواووەی کەمالیـزم. دەڵێـت کە پێویسـت بەو ئـەدەب و هونەرانە نـاکات کـە کەمالیـزم نەبـڕن، دەیهەوێـت لەنێـو سـنووری ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی خـۆی ئـەدەب و هونـەر بەرهـەم بهێندرێـت. ئەمـە بـۆ خـۆی بـە سـوودبەخش دەبینێـت و هەندێـك رووناکبیـر وەك کەلوپـەل بەکاردەهێنێـت، ئـەو ئـەدەب و

www.arsivakurdi.org



هونـەرەی لـە ژێـر پاڵنـەری ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی بەرهـەم دێـت بـۆ ئـەو سـوود بەخشـە، ئەمـە ڕاسـتییەکی زانـراوە، بـەڵام دۆخێکـی وا بـۆ ئـەدەب و هونـەر خۆکوشـتنە. ڕابـەری مەزنمـان لـە دژی ئەو ئـەدەب و هونەرەیە کـە داهێنەر بێت، لەسـەر حەقـە بـەڵام لـەوە دەترسـێت کـە هونـەر و هونەرمەنـد ئـەو ببەزێنـن. ئایدیۆلۆژیـا فەرمییـەکان لـە هـەر شـوێنێکی جیهـان بـن دوژمنـی ئـەدەب و هونـەرن. ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی قالـب بە سـەرەکی دەگرێت، هەرچەنـدە دەڵێت لـە دژی قاڵبچێتیـم ئـەو قاڵبچییـە، ڕەگەکەی لە قاڵب دروسـت دەبێت و ناگۆرێت هونەریـش قبوڵـی قاڵـب نـاکات. ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی، قبـوڵ پێکردنـی شـتێکی تـرە وەك ڕاسـتی کـە بـەدەر لە ڕاسـتییە لـە کاتێکی دیاریکـراودا بە چینـەکان. ئەو چینانـەی خەواندنـی موگناتیسـییان بـۆ کـراوە، جیـاوازی نێـوان ڕاسـتی و ئـەوەی ڕاسـتی نییـە، نابینـن، ڕاسـت و چـەپ جیاناکەنـەوە، تەنیـا پێیـان دەفەرمـوون و گـوێ دەگـرن، بـە ڕووی فەرمـوودەکان جووڵـە دەکـەن.

هونـەر ڕاسـتی دووبـارە دەخوڵقێنێـت و هـەر وەك چـۆن هەیـە دەردەبڕێت، ئـەو دیوارانـەی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی چنیویەتـی دەڕووخێنـن، ڕێـگای بەرەوپێشـبردنی مرۆڤایەتـی دەکاتـەوە و ڕووناکـی دەکاتـەوە. لەبـەر ئـەو تایبەتمەندییانـە، لـە هەمـوو سـەردەمێکدا ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی و هونـەر دژ بـە یەکـن. ئـەو دۆخـە لـە ئەڵمانیـای هیتلـەر، ئیتاڵیای مۆسـۆلۆنی، ڕوسـیای سـتالین، تورکیـای مسـتەفا کەمالیـش ئاوایـە. ئایـا لەسـەردەمی دیکتاتۆرییەتـی سـتالیندا ئـەدەب و هونـەر و موزیـك بەرەوپێشـچوو؟ ئایـا ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی شـوێنی هەمـوو شـتێکی نەگرتـەوە؟ لەسـەر ئـەو بنەمـا بەهێزانەیتۆڵسـتۆی، گۆگـۆل، پوشـکین، دۆستۆیەڤسـکی، گۆرکـی، وسـۆلۆهوڤ هاوێشـتییان، کامـە بەرهەمـی هونـەری و ئەدەبـی بەرزبـووەوە؟ ئایـا بـەدەر لـە دۆکیۆمێنتارییەکانـی هەندێـك هەواڵگریـی جەنـگ نووسـیان ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی ئـەدەب و هونـەری لەنـاو نەبـرد؟ ئـەوە ڕاسـتییە لـە ڕوسـیایەك کـە سـتالین خواوەندبێـت ئـەدەب و هونەر

www.arsivakurdi.org

نەیاندەتوانی بەرەوپێش بچن، هونەرمەند نەیدەتوانی دەربکەوێت چونکە جوانترین وشەکان خودا دەریدەبڕێت. ئایا لە تەك ئەدەب و هونەری خودا باس لە ئەدەب و هونەری بەندە دەکرێت؟ ڕاستییەکە خودا بە باشترین شێوە دەبینێت و دەریدەبڕێت، بەندەش پشت ڕاستی دەکاتەوە.

لە سەردەمی قەیسەریەتدا دەرفەت و توانای بەرەوپێشبردنی ئەدەب و هونەر هەبووە، چونکە لە بەرانبەر وتەی قەیسەر دەتوانرا قسە بکرێت، جگە لە موزیکی مەراسیمەکان دەتوانرا نۆتەی تر دابهێنرێت. فشار هەبوو، زیندان هەبوو بەڵام ئەوە هونەری بە پاش نەدەخست، پەلکێشی خەباتی دەکرد بەرەوپێشی دەبرد. هەرچەندە لە سەردەمی ستالین بەقەد سەردەمی قەیسەر لە دژی ئەدەب و هونەر و ئەدیب و هونەرمەندان زیندان و فشار نەبووبێت، کاتی ستالین بۆ ئەدیب و هونەرمەندەکان، لە گرتووخانەکانی قەیسەر خراپتر بوو، چونکە قەیسەر جەستەی ئەدیب و هونەرمەندەکانی دەستگیر دەکرد کەچی ستالین مێشکی ئەدیب و هونەرمەندەکانی دەستبەسەر کردبوو، ئەو هونەرمەندەی جەستەی دەستبەسەر و مێشکی ئازادبێت دەتوانێ بەرهەمی هونەری بەرهەم بێنێت، تەنانەت مەزنترین بەرهەمە هونەرییەکان لەو دۆخەدا بەرهەم دێن کە هونەرمەند ئاوا لە دۆخێکی دژیەك دایە، ئەو هونەرمەندانەی مێشکیان دەستبەسەرە، لە کۆشکەکانیش دەژین و بەرهەمیان نییە، ئەو جۆرە مرۆڤانەی بە ناو هونەرمەندن بە گشتی لە شوێنی زیندان لە کۆشکەکان دەژین. ئەو رستانە بۆ بە خراپکردنی ستالین نانووسم، ئەوەی نووسیومە ڕاستییەکە کە ڕوویداوە و بە هەموو وردەکارییەکانییەوە ئاشکرا بووە، ئەوانە بۆ ئەوە دەنووسم کە ڕاستی ئایدیۆلۆژیای فەرمی روون بکەمەوە.

سەیری تورکیای ئەتاتورك بکەین: ئەو کاتەی ڕابەری مەزنی تورکەکان مرد هیچ کەسێك دەرکەوت کە پێی بگوترێت ئەدیب یان یاخود هونەرمەند؟ ئایا

www.arsivakurdi.org

بەرهەمـی ئەدەبـی و هونـەری و موزیکـی داهێـنرا؟ جگـە لـە ئەدەبـی "گـەورەم تـۆ رابـە مـن بخـەوم" زیاتـر هیـچ ئەدەبیاتێـك پێشـكەوتنی بەخۆیـەوە بینـی؟ ئەڵمانیـای هیتلـەر و ئیتاڵیـای مۆسـۆلۆنیش بـاس ناكـەم. ئەو سـووریایەی ئەسـەد و عێراقـەی سـەددام كـە ڕابـەری مەزنمـان بە نموونـە وەریاندەگرێت بـاس دەكەم، چونكـە لـەو دوو وڵاتـەش ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی باڵادەسـتە، لێرەشـدا خـوداكان لەسـەر دەسـەڵاتن! لـە عێـراق و سـووریا واز لـە ڕۆماننـووس بێنـن، ڕۆژنامەنووس نادۆزیتـەوە، زۆربـەی وتارەكانـی ڕۆژنامـەكان لەلایـەن كارمەندانـی هەواڵگریـی دەنووسرێـن، گـەڕان بـەدوای هونەرمەنـد لـەو وڵاتە هـەروەك گەڕان بـەدوای ئاو لـە بیابانـدا كارێكـی نائاقڵانەیـە. لێرەدا هەڵسـان بـەكاری هونەری وەك فرۆشـتنی گۆشـتی بـەراز لـە گەڕەكـی موسـوڵمانان مەترسـیدارە، لەبەرئـەوەی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی لـەو وڵاتـە خەڵكـی كوێـر كـردووە، هونەرمەنـد لـەو وڵاتـە لـەو پیـاوە دەچێـت كـە لـە گەرەكـی نابینایـان ئاوێنـە دەفرۆشـێت. لـە سـووریا و عێـراق هونەرمەنـد چییـە؟ هەوڵـدەدەم وەڵامـی ئـەو پرسـیارە لـە ڕێـی ڕووداوێـك كـە گەواهیـدەری ڕووداوەكـە بـووم بدەمـەوە:

لـە شـاری قامیشـلۆی سـووریادا سـەیری كەناڵـی بەغـدام دەكـرد، ئـەوەی لـە گرتەكانـی ئەنجومەنـی نوێنەرایەتـی عێـراق بینیـم ئـاوا بـوو: دیكتاتـۆری عێـراق سـەددام لـە بەشـی پێشـەوەی هۆڵەكـە بـە جلـی سـەربازییەوە دانیشـتووە، وەك ئـەوەی بڵێـی ئـەوەی ڕاسـت و چەپـی بـەس نەبێـت، لـە پشتیشـی سـێ جەنەڕاڵ لـە ئامادەباشـی وەسـتاون، هەریەكـە وەك پەیكەرێـك وەسـتاوە، ماوەیەكـی زۆر ئـەو دیمەنـە لەسـەر شاشـەكە وەسـتا، دواتـر كامێـرا هۆڵەكـەی نیشـاندا، زیاتـری لـە چوار سـەد كـەس لەسـەر كورسـییەكان دانیشـتوون، چاویان بڕیوەتە سـەددام، بەشـێك چاكـەت و پانتۆڵـی لەبـەرە و بۆینباغیـان بەسـتووە، بەشـێك دشداشـەی لەبەركـردوە و عەگالـی لەسـەر نـاوە. كـوردە قامیشـلۆییەكە كـە وتەكانـی پێشكەشـكارەكەی بـۆم وەردەگێـڕا كـوردی، گوتی:(ئەوانـە ئەنـدام پەرلەمانـی

www.arsivakurdi.org

عێراقـن، ئەوانـەش کـە لـە دواوەی ئەوانـەوە دێـن نووسـەر، شـاعیر و رووناکبیری عێراقـن، سـەددام هەمـوو ئەوانـەی داوەتـی ئەنجومـەن کـردووە، دوای کەمێکـی تـر لەگـەڵ ئـەوان گفتوگـۆ دەکات و کەناڵـی بەغـدا ئـەو گفتوگۆیـە دەگوازێتەوە، خەڵکـی عێراقیـش بـە درێژایـی ڕۆژ ناچـارن کـە سـەیری ئـەوە بکـەن.)

بابەتەکـە ئەوەنـدە سـەرنجی ڕاکێشـابووم کـە لەگـەڵ وەرگێڕەکـەم بـە سـەرنجەوە سـەیرم دەکـرد، دیکتاتـۆر قـاچ لەسـەر قـاچ دانیشـتووە و بەدەنگێکـی هـەروەك ئـەوەی بەرانبـەری بچـووك بکاتەوە وتارێکـی کورتی خوێنـدەوە، کاتێك دەسـتی بـە وتارەکـەی کـرد ئەوانـەی دانیشـتوون هەڵدەسـتنەوە سـەر پـێ، دوای هـەر ڕسـتەیەکی سـەددام هەمـوو چەپڵـە دەکوتـن و هاواردەکـەن (بـژی سـەدام .......)، کاتێـك وتارەکـە کۆتاییهـات بـە دەسـتی سـەدام هەموو دادەنیشـتن، کاتێك ئەوانـەی دەگـوت یەکێـك بـە چاکـەت و پانتـۆڵ بـوو لـە شاشـەکەوە دەرکـەوت، پیاوەکـە هەڵسـا سـەر پـێ، بەدەسـت ئامـاژەی بـۆ سـەدام دەکـرد و دەسـتی کـرد بـە چەپڵـە لێدان.

بـە ئاماژەیەکـی دەسـتی سـەددام هەمـوو دادەنیشـتن، کاتێـك ئەوانـەی دەگـوت یەکێـك بـە چاکـەت و پانتـۆڵ بـوو لـە شاشـەکەوە دەرکـەوت، پیاوەکـە هەڵسـا سـەر پـێ، بـە دەسـت ئامـاژەی بـۆ سـەددام دەکـرد و دەسـتی کـرد بـە چەپڵـە لێـدان، لـە وەرگێڕەکـەم پرسـی ئـەوە چـی دەڵێـت؟ گوتـی: (ئەو شـیعرەی بـۆ سـەددامی نووسـیوە دەیخوێنێتـەوە)، شـاعیر بـەردەوام بـوو لـە جۆرێـك بـوو کـە لەگەڵـی لەهـۆش خـۆی بچێـت، ئەوانـەی هۆڵەکە هەڵسـانەوە، دەسـتەکانیان بـەرز کـردەوەو دەسـتیان کـرد بـە هەڵقۆزینـەوە، هەڵقۆزینەوەکـە بـەرە بـەرە بـوو بـە سـەمای هیندییە سـوورەکان، لەگـەڵ درێژکردنەوەی شـیعرەکەی شـاعیر، هەڵقۆزینـەوەکان خێراتـر دەبـوون لەگەڵـی.

کامێرامـان دەسـتی پێکـرد کـە گرتـە سـەیرەکان یـەک لـە دوای یـەک نیشـان بـدات، هەندێکجـار گـرووپ گـرووپ و هەندێکجـار تـاک تاکـە نیشـانی دەدان،

www.arsivakurdi.org

ئەوانـەی جووڵـەی زۆر سـەیریان دەکـرد، یاخود لەهـۆش خۆیان چووبـوون زۆرتر لەسـەر شاشـەکە دەیهێشـتنەوە، پیـاوی گـەورە و بەتەمـەن، بـە ورگیانـەوە، بـە ریشـیانەوە، بـە دشداشـەیانەوە، بـە کەیـف و جووڵانەوەیـان، بـە تـەواوی ببـوون بـە گاڵتەجار.

شـاعیر کاتێـک شـیعرەکەی تەواوکـرد، لەنێـو ئاپـۆڕای چەپڵـەوە دانیشـتەوە، ئەمجـارە یەکێکـی تـری دشداشـە لەبـەر چەفیەیەکـی لەسـەر بەسـت بـوو هەڵسـایەوە سـەر پـێ و دەسـتیکرد بـە شـیعر خوێندنـەوە، جگـە لـە وشـەی سـەددام کـە زوو زوو دووبـارە دەبـووەوە لە شـعرەکە نەدەگەیشـتم، وەرگێڕەکەم گوتـی: "دەڵێـت سـەددام شـێر و پڵنگـی عێراقـە، لـە دژی ئـەو بازانـەی ئەمریـکا کـە لەسـەر عێراقـە ئـەو شـابازی بەهێزی عێراقـە." دووبارە هەڵسـانەوە سـەر پێ، هەڵقۆزینـەوە، هاواریـان دەکـرد بـژی سـەرۆک سـەددام!...

دوو کاتژمێر سـەیری ئەو گاڵتەجاڕییەم کرد. جووڵەکان، دروشـمەکان، گرتەکان هەمـان شـت بـوون تەنهـا ماسـتاوچییەکان دەگـۆڕان، ڕەنگـە وشـەی شـیعرەکان جیـاواز بێـت، بـەڵام ناوەڕۆکـی هەموویـان ستایشـی سـەددام بـوو، ئـەوەی مـن سـەیرم کـرد خەڵکـی عێـراق بـە درێژایـی ڕۆژ سـەیری کردبوو.

کاتێـک سـەیری ئەوانـەم دەکرد کە لە شـوێنی خۆیـان هەڵدەقۆزنەوە و دەڵێن "بـژی سـەرۆک سـەددام!" گوتـم مـرۆڤ دەبەنـگ دەبێـت، بـەڵام بـەو ڕاددەیەش نـا، مـرۆڤ ماسـتاوچی دەبێـت بـەو ڕادەیـەش نا، مـرۆڤ کـەر دەبێت، بـەڵام بەو ڕادەیـەش نـا، دواتـر کۆبوونەوەکانـی ڕابـەری مـەزن هاتنە بـەر چاوم.

دەمگـوت: "خەمـت نەبێـت سـەلیم، زۆری نەمـاوە بـۆ دەبەنگبووغـان، ماسـتاوچیبووغان، کـەر بووغـان، ئـەوە لای ئێمە ئەوەندە و بە زیـادەوە دەبێت و تەنانـەت دەبەنگـەکان، ماسـتاوچییەکان و کەرەکانیـش پێـمان پێدەکەنـن."

بەرەبـەری ئێـوارە دووبـارە تەلەفزیـۆن پێدەکـەم، هەمـان گرتـەکان، هەمـان شـیعرەکان، هەمـان چەپڵـە و هەمـان هەڵقۆزینـەوە...... لـە کۆتاییـدا دیکتاتـۆر

www.arsivakurdi.org

سەددام وتەیەکی زۆر کورتی کۆتایی دەڵێت، کاتێک وتەکە کۆتایی پێهات ئەوانەی لەسەر پێ بوون هەموو بە یەک دەنگ دوعایان دەکرد و سوێندیان دەخوارد، بە وەرگێڕەکەم گوت سوێندەکەم بۆ وەربگێڕێت گوتی: "سوێندی ئەوانیش وەک هی ئێمەیە" سەیرم پێهات! پرسیارم کرد چۆن وەک هی ئێمەیە؟ گوتی: "وەک ئێمە دەڵێن بە گیان و بە خوێن لەگەڵتین ئەی سەرۆک!"

لێرەدا زانیم کە ئەو سوێندەی بەندەکانی رابەری مەزنمان بەر لە نان خواردن بە کۆمەڵ دەیخۆن هەمان ئەو سوێندەیە کە لە عێراق بە سەددامی دیکتاتۆر دەخورێت.

یەکەم ئێوارەی مانگی حوزەیرانی ١٩٩١ کە چوومە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز، کاتێک گەریلاکان لە مەراسیمدا ئەو سوێندەیان خوارد زۆر سەیربوو لام، لە دوعای ژووری نانخواردنی زیندانی دیاربەکرم چوواند، سەرەڕای چەندین ئەشکەنجە لەبەر ئەوەی لە دوعاکەدا وشەکانی "سوپا و میللەت هەر ساغ بن" هەبوون رازی نەبووم بیخوێنم، دواتر سەرەڕای ئەوەی پێمانیان قبووڵ کرد کاتێک لە شێوەی کۆمەل دوعا دەکرا تەنها لەسەر شێوازی وشەکان دەمم دەجووڵاند و وشەکانم دەرنەدەبڕی.

بڕوام بەو سوێندانە نییە کە بەسەر کەسەکاندا دەخوێندرێن، کاتی گەنجی زۆر گاڵتەم بە پوورە گولیزارم دەکرد و بڕوام بە سوێندەکانی نەدەکرد، پوورە گولیزارم ئەو شتانەی بۆمانی باس دەکرد تا بڕوامان پێ بهێنێت، سوێندی بە سەری مەلا مستەفای باوکی دەخوارد، من بڕوام بە زانست هەبوو و لێرەدا رووبەڕووی هەمان دۆخ بوومەوە.

یەکەم ئێوارە کە چوومە ئەکادیمیا کاتێک بە کۆمەڵ دوعایان خوێند وەک چۆن لە زیندانی دیاربەکر کردبووم، تەنها دەمم دەکردەوە و دامدەخست.

گوتنی ئەوەی کە سوێندخواردن پێویست نییە بەوانەی لە ئەکادیمیان، لەبەر ئەوەی کە بە سیخوڕبوون، لەناوبەربوون، دژایەتیکردنی شەهیدەکان و

پارتـی، بوونـە دوژمنـی هەمـوو گەلی کـورد و یەکسـان دەبینرێـت، بێدەنگ بووم، نەخواردنـی ئـەو سـوێندەم لەبەر ئـەوە نەبوو کە لـە دژی یاخـود دوژمنی رابەری مـەزن بـم، تەنها نەمدەویسـت وەک پـوورم گوڵیـزار بم.

مـن لـە دژی خـودی رێبـەری مـەزن نیـم، دژی خودایەتیـی ئـەوم. لـە نێـوان لەدژبوونـی بەخوداکردنـی و لـە دژبوونـی خـودی ئـەو جیاوازییەکـی زۆر گـەورە هەیـە. دژایەتیکردنـی بەخوداکردنـی لـەو سـەردەمەدا ڕزگارکردنێتـی لـە بوون بە گاڵتەجاڕ. رابەرێـک کـە داهاتـوو ببینـێ، نەمرییەکـی درێژخایـەن ناگۆڕێتـەوە بە بەخوداکردنێکـی کورتخایـەن. بـەڵام تایبەتمەنـدی هەمـوو دیکتاتـۆرەکان ئەوەیـە کـە داهاتـوو نابینـن. بـە بۆچوونـی دیکتاتـۆرەکان هەمـوو شـتێک لـە وانـەوە دەسـت پێـدەکات و لەگـەڵ ئـەوان کۆتایـی دێت. بۆیـە دەیانەوێ تـا زیندووبن و لـە دەسـەڵاتدابن لەلایـەن گەلەکەیانـەوە بـەرز بکرێنـەوە. کاتێـک دەمـرن یاخود کارە بۆگەنەکانییـان بـە دەردەکـەوێ سـەرا و سـەر لـەو بەرزییەیانـەوە دەخرێنـە زبڵدانـەوە. هەمـوو دیکتاتـۆرەکان لەبـەر زانینـی ئـەو کۆتاییـە، دەیانەوێـت تـا دەژیـن بـەرز بکرێنـەوە، سـوودمەند بـن لـە هەمـوو نـازو نیعمەتەکانـی دونیا، تا لـە توانایانـدا هەبێـت هەوڵـدەدەن کـە هەموو کەسـێک و هەموو شـتێک بخەنە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان. زۆر گرنـگ نییـە لایـان کـە کاتێـک دەخرێنـە زبڵدانـەوە لەگەڵیانـدا پەیکەرەکانیشـیان فـڕێ دەدرێتـە هەمـان زبڵـدان. ژیـان و کۆتایـی هەمـوو دیکتاتـۆرەکان بهێننـە بـەر چاوتـان دەگەنـە هەمـان ئەنجـام.

سـوێندخواردنی "بـە خوێـن و بـە گیـان لەگەڵتـم ئـەی سـەرۆک!" بـەر لە هەر ژەمێـک واتـا تـۆ ئەگـەر حـەز دەکەیـت ڕاسـتە ئەگەریـش حـەز دەکەیـت هەڵـە بکـە، بـێ هیـچ قەیـد و شـەرتێک بـاوەڕم بـە ڕاسـتی و مەزنـی تـۆ کـردووە، بـێ هیـچ دوودڵییـەک متمانـەت پـێ دەکـەم، بـە گیـان و خوێنـم ملکەچـی تـۆم، لەم سـوێندەدا ئەقڵـی مـرۆڤ بـراوە و مـرۆڤ دابەزێـنراوە بـۆ پایـەی ڕۆح و خوێـن و پێشـکەش بـە سـەرۆک کـراوە. ئـەم جـۆرە سـوێندانە ئەوانـەن کـە بەنـدە بـۆ

www.arsivakurdi.org

خوداکەی دەیخوات، لەشوێنی ئەوەی ئەم جۆرە سوێندە بۆ خوداکەم بخۆم شەیتان بوون هەڵدەبژێرم، هەر وەک کە کردم.

رابەری مەزن خۆی ئەم سوێندە بۆ کەسێکی تر دەخوات؟ ئایا بە کەسێکی تر دەڵێت "هەموو کاتێک و لە هەر دۆخێکدا بێت بێ دوودڵی متمانەت پێ دەکەم و ملت بۆ کەچ دەکەم؟" رەنگە رابەری مەزن لای حافز ئەسەد وا بڵێت، بەڵام لە شوێنی تر نایڵێت، هەر خۆیەتی بەردەوام وشەی "من متمانە بە هیچ کەسێک ناکەم" دووبارە دەکاتەوە، ئەو متمانە بە هیچ کەس ناکات بەڵام بۆ ئەوەی هەمووان بێ قەید و شەرت متمانەی پێبکەن سوێند دەسەپێنێت. ئەو ڕاستییە نیشان دەدات کە دیکتاتۆرەکان متمانە بە هیچ کەس ناکەن و دەیانەوێت هەمووان بێ قەید و شەرت متمانەیان پێ بکەن.....

بابەتی ئەو کچە لوبنانییەی لە لام رووت بووەوە ئێمەی بەرەو کوێ برد؟ کاتێک بەندە بووم، ئەگەر ئەو بەشەم ئاوا بە ئاشکرا بنووسیبا، سەرم دەپەڕێنرا، بۆچی؟ ئا ئەوەی وا دەکات بیری لێ بکەمەوە ئەوەیە! ئایا ئەگەر رابەری مەزن لە شوێنی من بووایە بیری لە چی دەکردەوە؟ چی دەکرد؟ چاوی دادەخست؟ سەیری لایەکی تری دەکرد؟ یاخود هەڵدەستا و ڕایدەکرد؟

باوکم موسڵمانێکی ڕاستەقینەیە کە بە ئایینەکەیەوە بەندە، ئەگەر باوکم لە شوێنی من بووایە ئەو چی دەکرد؟ باوەرم وایە کە باوکم شتێکی لە من جیاوازی نەدەکرد، بەڵام باوەڕ ناکەم کە رابەری مەزنمان ئەو کارە تەنها بە بیرکردنەوە و خەیاڵ کۆتایی پێ بهێنێت. ئەو، ئەم ڕووداوانەی نەیبینێت و ئەنجامیان دەدات بە ڕاستی ناگێڕێتەوە، ئەوەی دەیکات پێچەوانەکەی باس دەکات، دەیکات و دەڵێت "نەمکرد". هەموو ئەو شتانەی بۆ بەندەکانی قەدەغەی کردوون بۆ خۆی بە ئازادییان دەژمێرێت.

دووبارە دەگەڕێمەوە سەر لێکۆڵینەوە سەبارەت بە وتارەکەی ریۆ، لە وتەکەمدا نووسیم، هەڵسەنگاندنی ئەم وتارە بە بەرەوپێشخەری بەدڕەوشتی،

www.arsivakurdi.org

گەڕانەوەیە بۆ پێشووتر لە ئەحمەدی خانی. ئەحمەدی خانی شاعیر پیاوێکی ئاینی بوو، کاتێک لە سەدەی حەڤدەم داستانی مەم و زینی نووسی، شەوی پەردەی مەم و زینی ئاوا بە روونی باسکردووە، ئەگەر من ئێستا بە هەمانشێوە شەوی پەردەی دوو گەنج بنووسم، لەلایەن ئەو زهنیەتەوە بەرد باران دەکرێم. لە وتەکەمدا دەڵێم "چاک بوو (دورگون دۆن) من نا سۆلۆهۆڤ نووسیویەتی" چونکە سۆلوهۆڤ لە بەرهەمە چوار بەرگییەکەی دا لە بەشێکی زۆری دا، ئەشق و بەیەکەوە بوونەکانی ئاکسینیا و جۆرج لە ناو دەغڵەکان باس دەکات لای ئێمە ئەگەر یەکێک کتێبێکی وا بنووسێت دەگوترێت "ئەمە کەسێک بووە بەدڕەوشت بووە لە کاتێکدا ژیانی رابەرایەتی و کێشەی وەک خەبات هەبێت، ئەوان نانووسێت، کە دەچێت پیسییەکانی ئاکسینیا و جۆرج دەنووسێت، ئاوا دەیانەوێت خەڵکی بەدڕەوشت بکەن و لە کێشە ڕۆحبەرەکانی شۆڕشیان بەدوور بخەنەوە" فیشەکێک بە سەری نووسەرەوە دەنرێت.

ئەو لۆژیکە تەنانەت یەک ڕۆژ تۆڵستۆی نەدەژیاند، ئەگەر ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ "نامەیەک بۆ دڵدار"ی وەک ئافرەتێکی کورد بنووسیبا، لە لایەن ئەو زهنیەتەوە یەکەمجار بە سۆزانی دادەنرا، دواتر بە هەڵم دەکرا.

پارێزگاریکردن لە هەموو ئەمانە بەم جۆرەیە "ڕاستی ئەمانە و ڕاستەقینەیی گەلی ئێمە جیاوازە" ئەو جۆرە پارێزگاری لێکردنە ڕاستی نیشان نادات، ئافرەت و پیاوی گەلی ئێمەش، لە نێو کێڵگەی دەغڵ و دان، لە ژێر دارەکان، لەنێو ئاخوڕەکان بەیەکەوە نابن؟ ئاشقی یەکتر نابن؟ ئەو ئافرەت و پیاوانەی لە نەتەوەی ئێمەن هیچ پەیوەندی سێکسی ناشەرعییان نییە؟ تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ گەلانی تر زۆرتر ئەم کارە بێ یاسا و بنەما ناکەن؟" دەگوترێت "دەیکەن بەڵام لای ئێمە باسکردنی عەیبە!" بە پێی چ رەوشتێک لای ئێمە باسکردنی عەیبە؟ بەپێی دەرەبەگایەتی نییە؟ دەرەبەگایەتی بەدزییەوە هەموو جۆرە پیسییەک ئەنجام دەدات، لەگەڵ کچی هەشت نۆ ساڵان دەخەوێت،

www.arsivakurdi.org

لـە ژێـر ماسـکی هاوسـەرگیری لەگـەڵ دە ئافـرەت جـووت دەبێـت، لای خەڵکـی دەبێـت بـە مۆنۆمێنتـی نامووس. ڕاسـتی گەلی ئێمـە ئا ئاوایە! پابەنـدی ئەوە بم؟! دەزانـم ئەگـەر پابەنـد نەبـم سـزا دەدرێم، لـە جێگای ئـەوەی بە پابەندبـوون ببم بـە بێنامـووس، بـە پابەندنەبـوون سـزا دران هەڵدەبژێرم.

"ئـەو ئاگـرەی لـە شـاخ بـووەوە"م خوێنـدەوە، عومـەر گابـازاس نووسـیویەتی، کاتێـک کتێبەکـەی نووسـیوە. وەزیـری ناوخۆی نیکاراگـوا بووە. باس لـەوە دەکات کـە چۆن بەشـداری خەباتی دژ بە دیکتاتۆریەتی سـۆمۆزای کـردووە، لە یەکێک لە بەشـەکانی کتێبەکەیـدا بـاس لـەوە دەکات کە چـۆن لەگەڵ ئەو کچـەی بەیەکەوە خەوتـوون لەبـەر ئـەوەی پـارەی نەبـووە لـە دەرمانخانـە دەرمانی ڕێگریکـردن لە دووگیانیـان دزیـوە، کاتێـک ماوەیەکـی درێژ لە شـاخ بـێ ئافرەت ماوەتـەوە چۆن خـوی نهێنـی کـردووە، کاتێـک بـە نەخۆشـی گواسـتراوەتەوە نەخۆشـخانە بـەر لـە نەشـتەرگەریکردن ئـەو یاریدەدەرە پزیشـکیەی تراشـی شـوێنە هەسـتیارەکانی بۆ کـردووە چـۆن بـە پەنجـە ناسـکەکانی هەسـتی بزوانـدووە. کاتێـک ئـەو بەشـانەم خوێنـدەوە گووتـم "گابـازاس دوعـا بکـە کـە لـە کوردسـتان ناژیـت و بەنـدەی رابـەری مەزنمـان نیـت، نـەک وەزیـری ناوخـۆ ئەگـەر سـەرۆک وەزیـران بـووای، لەبـەر بەدڕەوشـتیکردن، بە بیانووی تێکدانی ڕەوشـتی خەڵک لـە تۆپاندن ڕزگارت نەدەبوو."

ئینجـا ئـەم کتێبـە وەرگێڕدراوەتـەوە سـەر بیسـت زمـان، لەنێـو ئەدەبـی ئەمریـکای لاتینیـدا لـە نێـو شـا بەرهەمـەکان جێـگای گرتـووە.

لە ژێر هەر بە ناموسـییەکی لە ڕادەبەدەر، بێ نامووسـییەک هەیە. ڕەوشـتی دەرەبەگـی دوو ڕووانەیـە، ئـەوەی دەبینرێـت و نیشـان دەدرێت نامووسـە، دیوی دوواوەشـی نـوسراوە بـێ نامووسـی. ئـەو ئافرەتانـەی لـە ماڵەکانـی لەشفرۆشـی کاردەکـەن کاتێـک دەچنـە بـازار خۆیـان دادەپۆشـن و لـە ڕادەبـەدەر بـە نامووس دەردەکـەون. هەندێـک کۆنەپەرستی وەک شـێخ و ئیمامـەکان لـە نێـو خەڵکـی

www.arsivakurdi.org

خۆیان بە ناموسترینی بەنی ئادەمەکان نیشاندەدەن، دوای ئەوەی خەڵک ئەوانی وا قبوڵکرد دەبن بە بێناموسترینەکانی رەگی مرۆڤ.

بە درێژایی ژیانم نموونەی وام زۆر دیوە، ژیاوم و شاهێدی بووم؛ گوندەکەی ئێمە ئیمامێک و شێخێکی هەبوو، شێخ مردووە، ئیمامەکە هێشتا لە ژیاندایە، گوێم لە وتاری هەردووکیان مزگەوت لە بارەی زیناوە ببوو، دەیگوت "هەر کەسێک لەگەڵ ئافرەتێکدا پەیوەندی سێکسی ناشەرعی هەبێت، لە جەهەننەم ئەشکەنجەی زۆر دەچێژێت" دەیەها نمونەی دەهێناوە و دەیەها جۆری ئەشکەنجەی باس دەکرد، بەڵام من دەمزانی کە هەم شێخ و هەم مەلاش لەگەڵ هەندێک ئافرەتی گوندەکەمان پەیوەندی ناشەرعییان هەیە، ئەوەی بۆ خەڵکیان باس دەکرد تەنانەت خۆشیان باوەریان پی نەبوو، من بۆ بڕوا بکەم؟ خۆیان بڕوایان نەدەکرد بەڵام بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو کە ئەوەی گوێ لە وتارەکانییان دەگرێت بروایان پێ بکات. ئیمام زۆربەی جار دوای ئەوەی لەسەر زینا وتاری دەدا و پێشنوێژی دەکرد دەچووە ماڵی ئەو ئافرەتەی پەیوەندی ناشەرعی لەگەڵ هەبوو. ئەو ئیمامەی ئەو هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەی دەژمارد، دوای وتاردان ڕاستەوخۆ بچێت لەگەڵ ئافرەتێک پەیوەندی بکات بە ئەقڵی گوندییەکاندا نەدەهات، بەڵام من وەک چۆن بروام بە وتارەکانی ئیمام نەدەکرد، زۆر باش پەیوەندییەکانیم لەگەڵ ئافرەتان دەزانی.

ئا ئەوەیە ڕاستیی دواوەی ئیمامی سەر مینبەری لە رادده بەدەر بەناموس، بە ناموسی کۆنەپەرستی ئاوا، بێناموسییە، ئامادەکاری بەر لە ئەنجامدانی بێناموسی گەورە، دەرکەوتنە بە شکڵێکی زۆر بە ناموس. هەر کاتێک خەڵک بڕوای بەو رووکەشەت کرد پەردەی نێوان تۆ و خەڵکی دادراوەتەوە، ئیدی لە دواوەی ئەو پەردەیەوە دەتوانی هەر هەڵەیەک کە پێت خۆشە ئەنجامی بدەیت، تەنانەت کاتێک گەیشتیتە ئەو هەنگاوە، دەتوانی کچی خەڵکی بەکار بهێنیت.

www.arsivakurdi.org

خەڵکـی ئەگـەر بـە چـاوی خۆی ببینێـت چیت کـردووە، بەوەی کە بینـی، بڕوا بـە چاوەکانـی نـاکات، دەڵێـت "چـاوم بەهەڵە بینـی" نموونەی لەمـە زۆرە؛ ئەوەی لەسـەر شـێخ ئەنسـاری ئۆغلـو کـە لـە ناوچـەی دیاربەکـر دەژییێـت، ڕووداوێکـی ڕاسـتەقینەیە و نموونەیەکی حاشـا هەڵنەگرە شـێخ ئەنسـاری ئۆغلو، دەچێتە ماڵی ئـەو ئافرەتـەی لـە گونـد بـە جوانییەکەی نـاسراوە، لە کاتێـک دا هاوسـەرەکەی لە مـاڵ نییـە، ئافرەتەکـە رازی دەکات و دەیبـات بـۆ ژووری خەوتـن. دوای ماوەیەک هاوسـەری ئافرەتەکـە دەگەڕێتـەوە و کاتێـک دەرگای ژوورەکـە دەکاتـەوە خێزانی و شـێخ لـە حاڵەتێکـی نەگونجـاو دەبینێـت، بـڕوا بـە چـاوی نـاکات و دەرگاکـە دادەخـات و دەچێتـە دەرەوە.

پیاوەکـە لـە دەرەوە مێشـکی ئاڵـۆز دەبێـت، لەلایەکـەوە تۆبـە دەکات و لەلایەکـەوە بیـر لـەوە دەکاتـەوە ئایا ئـەوەی بینی ڕاسـتی بوو، یاخود نـا، جارێکی تـر دەرگا دەکاتـەوە، ئەمجـارە خێزانەکـەی بـە تەنهایـە، شـێخ لـە پەنجەرەکـە هەڵاتـووە و رۆیشـتووە. کاتێـک پیاوەکە لە خێزانەکەی دەپرسـێت "تـۆ بە تەنهای ؟" ئافرەتەکـە دەڵێـت "چییـە خـەوت بینیـوە، کێـی تـری لـێ دەبێـت." پیاوەکـە چەنـد جارێکـی تـر تۆبـە تۆبـە دەکات و بـڕوا بـەوە دەکات کـە چـاوی ئـەوی خەڵەتانـدووە.

ڕۆژی دواتـر هاوسـەری ئافرەتەکـە دەچێتەوە مزگەوت، هەمان شـێخ لەسـەر مینبـەر وتـار لەسـەر زینـا دەدات، لە کاتێک شـێخ و هاوسـەری ئافرەتەکە چاویان بـەر چـاوی یەکـتر دەکەوێـت. شـێخ دەڵێـت: "ئـەی ئیمانـداران، هەندێـک جـار شـەیتان دەچێتـە سـەر شـکلی ئیمانـداران و لـە پێخەفـی خێزانەکانتانـدا دێتە بەر چاوتـان، نەکـەن گومـان لـە ئیمانـداران بکـەن. "هاوسـەری ئافرەتەکـە لە شـێخ نا، لە شـەیتان بـە گومـان دەکەوێت.

کڵێسـەی کاتۆلیکـی بـە گشـتی پەیوەندیی سێکسـیی لەنێوان قەشـە و راهیبەکان قەدەغەکـردووە. کاتێـک ئـەو رۆمانانـەی گڵاوی دواوەی ئـەو پەردەیـە بـاس دەکـەن

www.arsivakurdi.org

خوێندمـەوە، فیلمەکانـم سـەیر کرد مرۆڤ گـەدەی تێک دەچێت، یەکێـک لەو فیلمانە هاوڕێیـەک بۆمی باسـکردبوو: ئەو راهیبانەی لە کڵێسـایەک دەمێننـەوە، کاتێک ئێوارە دێـت بـە زمانێـک کە تاوان دەربـکات ئەو ڕۆژە چییـان کردووە بە روونی و ئاشـکرایی لەسـەر دەفتەرێـک دەنووسـن و بـە سـەرۆکی راهیبەکانـی دەدەن. راهیبەیەکی گەنج ئاشـقی کوڕێکـی گەنـج دەبێـت، بەڵام ئەمە لـە دەفتەرەکە نانووسـێت دوای ماوەیەک لەگـەڵ کوڕەکـە یەکـتر دەبینـن و دووبـارە لـە دەفتەرەکەیـدا نانووسـێت، ڕۆژێکـی تر لەگـەڵ کورەکـە یەکـتر دەبینـن و نـۆ جـار جـووت دەبـن. ئێـوارە دەگەڕێتـەوە کڵێسـا و وابیردەکاتـەوە کـە ئەگـەر ئـەوە لـە دەفتـەری گوناهەکانـی نەنووسـێت، تاوانێکـی گـەورەی کـردووە و دەنووسـێت: (لەگـەڵ کوڕێـک یەکـمان بینی، جـوت بووین،جوت بوویـن، نـۆ جـار جـووت بوویـن ) سـەرۆکی راهیبـەکان کاتێـک ئـەو دانپێنانـەی دەخوێنێتـەوە، راهیبەکـە بانـگ دەکات لەسـەر ئـەرز درێـژی دەکات، سـەد قامچی لە سـمت و پشـتی دەدات.

بەم جۆرە راهیبە گەنجەکە چیتر شـتی لەم جۆرە لە دەفتەرەکەی نانووسـێت، ماوەیەکـی زۆری پێدەچێـت راهیبـە گەنجەکـە سـەرۆکی راهیبـەکان و قەشـە لـە کاتـی بەیەکەوەبوونیـان دەبینێـت. ڕۆژی دواتـر کاتێـک لـە سـەرۆکی راهیبـەکان دەپرسـێت "بۆچـی سـەد قامچیـان لە تـۆ نـەدا؟" ئەو وەڵامـە وەردەگرێـت: "کچم مـن ٢٥ سـاڵە ئـەو کارە دەکـەم، لەگـەڵ هـەر کوڕێـک حەزبکـەم دەخـەوم، تـا ئەمـڕۆ نـە کەسـێک هەسـتی پێکـردووە، نە کەسـێک منـی بینیوە، نە لـە دەفتەری گوناهەکانـم نووسـیومە و بـەردەوام بە گەورەترین قەدەغـەکار بینراوم. تۆ ئێمەت بینـی لای کـەس باسـی مەکـە، لە مـەودوا تۆش وەک من بکە." باشـە بێ رەوشـت کێیـە؟ راهیبـە گەنجەکـە، یاخـود سـەرۆکی راهیبـەکان یاخـود ئـەو تەلارسـازەی ئـەو یاسـا توندانـەی روانگـەی کەتالۆکـی دانـاوە؟ روانینـی رابـەری مەزنیشـمان بـۆ بابەتەکانـی رەوشـت، نامـووس و ئافـرەت لەگـەڵ ئەوانـە جیـاواز نییـە! ئـەو پەیوەندییـە قێزەونانـەی بـە گوتـەی سۆسـیالیزم ماسـک کـراوە بـە جۆرێـک، ئـەو

www.arsivakurdi.org

ئەنجامانـەی خوڵقاندوویەتـی قێزەونـترە.

رابـەری مـەزن دەڵێت کە پەیوەندی سێکسـی فەرمی و نافەرمی بە پەیوەندی نـا ئەخلاقـی دادەنێـت، ئـەوەی بـەردەوام ئایـەت دادەبەزێنێت خۆیەتـی، کاتێک کەسـانێک زۆر تامـەزرۆن تێبگـەن بۆچـی ئەوەندە زۆر ئایەت لەسـەر ئـەو بابەتە دادەبەزێنێـت، مونافقەکانـی وەک مـن هۆکارەکەیـان دەزانـی. رابـەری مەزنمـان جیـاوازی نییـە لەگەڵ شـێخی ئەنسـاری ئۆغلـو، ئیمامـی گوندەکەمان، تەلارسـازی روانگـەی کەتالۆکـی و سـەرۆکی راهیبەکان.

بەپێـی ئایەتەکانـی رابـەری مەزنمـان شـتێك نییە بەنـاوی پەیوەندیی سێکسـی شـەرعی ، مـن سـەرەڕای ئـەوەی خێزانـدار بـووم لەبـەر ئـەوەی لەگـەڵ خێزانـم لـە ئەڵمانیـا بـە دزی یەکترمـان بینـی، لـە بیقـاع دادگایـی کـرام. لـە لێکۆڵینـەوەدا پرسـیاری ئـەوەم لێکـرا "سـەرەڕای ئـەوەی روانگـەی رابـەری مـەزن سـەبارەت بە پەیوەنـدی نێـوان ئافـرەت و پیـاو دەزانیت، بۆچـی لەگەڵ خێزانەکـەت لە هەمان مـاڵ مایـەوە؟" هەندێـک ماسـتاوچیش لـە دژی مـن وتەیـان دابـوو و گوتبوویـان "لەگـەڵ خێزانەکـەی وەک ژن و مێـرد ژیـاوە."

بڕواناکـەم لە هیچ شـوێنێکی جیهـان، لە هیچ مێژوویەک، هیچ ڕێکخسـتنێک، تەریقەتێـک، ئایینێـک، و مەزهەبێـک ڕووداوی وا ڕوویدابێـت. خێزانـدارم، یـازدە سـاڵ لـە زینـدان ماومەتـەوە، لەگەڵ خێزانەکـەم لە هەمان وڵات دەژیـم و ناتوانم لەگـەڵ خێزانەکـەم یەکتر ببینیـن، بەیەکـەوە بیـن، وەک قەشـە دەژیـم و لەگـەڵ هیـچ ئافرەتێـک پەیوەنـدی دروسـت ناکـەم! خێزانەکـەم بەندەیەکـی تـەواو بوو. بـڕوای بـە ئایەتـەکان کردبـوو و دەترسـا لـەوەی پەیوەنـدی لەگـەڵ مـن دروسـت بـکات. لۆژیکەکـەی بەڕاسـتی کـەس لێـی تێنـاگات، بـۆ منیـش ئیـدی جیـاوازی لە نێـوان شـەرعی و ناشـەرعی نـە مابوو.

بـەر لـە هەمووان هاتبوومە بەشـی خەوتنی خاچی سـوور، بـەڵام جگە لە من هەمـووان خەوتبـوون تەنهـا من بەئاگا بووم. کتێبـی (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆریۆڵ دێتە

www.arsivakurdi.org

خەیاڵم و ئەو رستانەی کە بە تەواوی حاڵەتی من باس دەکەن بە پچرپچری:
"تەنانەت دەستمان کرد بە ڕووخاندنی شێوازی بیر و هەڵسوکەوتەکانی بەر لە شۆڕش، مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، ئافرەت لەگەڵ پیاو، دایک و باوک لەگەڵ منداڵ، پەتی نێوانمان پچڕاندن، ئیدی هیچ کەس متمانە بە خێزانی، هاوسەری، یاخود هاوڕێی ناکات...

• ئارەزووی سێکسی ناهێڵدرێت...
• شتێک نییە بە ناوی ئۆرگازم...
• جگە لە پەیوەستبوون بە پارتی، هەستی پەیوەستبوون لای هیچ کەسێک نابێت هەبێت...
• جگە لە خۆشەویستی بۆ کاکە (لای ئێمە سەرۆک)، هیچ خۆشەویستییەکی تر نابێت هەبێت."

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

# ١٥ ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**بەهۆی ئەوەی تایبەتمەندیی رووناکبیریم تێدا هەیە رەخنەم لێدەگیرا،**
**لە شوێنی ئەوەی وەک ستالین، چاوشیکۆ و ئاپۆ ؛**
**واز لە رووناکبیر بێنن، مەیموون بوون هەڵدەبژێرم**
**هیچ نەبێت کاتێک لە قەفەسەکەم هەڵدەپەڕم**
**مرۆڤەکان سەیرم دەکەن و پێدەکەنن!**

بەیانـی کاتژمێـر هەشـت گەنجێـک پێـی گوتـم بـۆ چوونـە کۆمیتـەی خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی خـۆم ئامـادە بکـەم، گوتم (ئامـادەم)، چووینە دەرەوە و سـەر ئۆتۆمبێلێکـی (راف)ی خاچـی سـوور کەوتیـن، گەنجەکە گوتی:(دەچیـن بۆ حەمڕا)، لەبـەر ئـەوەی نەمدەزانـی حەمـڕا لەکوێیـە سـەیری ڕووخسـاری شـوفێرەکەم کرد و بەروانینـم پێـم گـوت باشـە..... ئۆتۆمۆبێلەکەمـان بەخێرایـی دەڕۆیشـت و باڵەخانە رووخـا و تێکشـکاوەکان بەدەرکەوتبـوون، کاتێک کەمێک نزیکبووینـەوە دیارکەوت کـە باڵەخانـەکان بەگوللەبـاران کـردن وا کـون کـون کـراون، دیواری تـەلارە بەرزەکان وەک بێژینگـی لێهاتـووە و جامـی پەنجەرەکانیـان شـکاوە، هەندێکیـان لایەکیـان رووخـاوە، دیـواری هەندێکیـان کونـی زۆر گەورەیـان لـێ بـووە، حاڵـی باڵەخانەکان بـەم جـۆرە نیشـانی دەدا کە ئێـرە لەمەوبەر گۆڕەپانی شـەڕێکی زۆر ترسـناک بووە، ئـەو گەڕەکـەی کاول بـووە، تەنهـا نیشـانەی بەردەوامـی ژیـان ئـەو بـەر ڕۆژانە بوو کـە پەنجەرەکانـی پـێ داپۆشرابوو.

مرۆڤـەکان لـە باڵەخانەی رووخـاو، داڕماو، کون کون بـوودا دەژین، پەنجەرە بێ

www.arsivakurdi.org

شووشـەکان نایلۆنیـان بەسـەردا دراوە، لەکۆنـدا گوێم لێ ببوو کـە دەوڵەمەندەکانی بەیـروت مـاڵ و باڵەخانەکانیان جێهێشـتووە و ڕایانکردووە، واتا ڕاسـت بووە، کاتێک دەوڵەمەنـدەکان باڵەخانەکانیـان جێهێشـتووە و ڕایانکـردووە ئەوانـەی بەڕادەیـەک هەژارن کە پارەی شوشـەیان نییە، لە باڵەخانەی دەوڵەمەندەکان دەژین و نایلۆنیان بەپەنجەرەکاندا داوە. گەڕەکە کاولبووەکەمان تێپەڕکرد و گەیشـتینە چوارڕیانێک کە ترافیـک لایتـی لێ نەبوو، پۆلیسـێکی هاتووچـۆ ئەرکەکـەی رادەپەڕانـد، ڕێگاکەمان گـۆڕی و چووینـە شـەقامێکی قەرەباڵـغ، دوای ماوەیەکی زۆر ڕۆیشـتن لەو شـەقامە ئۆتۆمۆبێلەکەمـان چـووە کۆڵانێکـی بچووک، کاتێک ئارمی خاچی سـووری سـەر ئاڵا سـپیەکەم بینـی تێگەیشـتم کـە گەیشـتینە ئـەو جێگایـەی دەمانەوێت بـۆی بڕۆین. بـە ئۆتۆمۆبێلـەوە چووینـە گەراجـی دیوی پشـتەوەی باڵەخانە هەشـت نهۆمییەکە، لەگـەڵ گەنجەکـە هاتینـەوە بەدەرگای پێشـەوەی بیناکـە چووینە هۆڵەکـەوە، دوای کەمێـک چاوەڕوانـی کـردن لەبـەر دەرگا، ئەسانسـۆرەکە کرایـەوە و سـەرکەوتین، وشـەی بەرامبـەر ئـەو دوگمەیە دەخوێنمەوە کە گەنجەکە دایگـرت نووسراوە (Red Cross) تێگەیشـتم کـە ئەمـە واتـای (خاچـی سـوورە) بـە ئینگلیزی، ئەسانسـۆرەکە ئێمـەی سەرخسـت بـۆ نهۆمـی حەوتـەم لـە هۆڵێکـی بچـووک ئامێـری فۆتۆکۆپـی، کۆمپیوتـەر و بگـۆڕی تەلەفۆنی لێ بوو، خانمێکی باریکی ئەسـمەر لـە ژوورەکە بوو و بـۆ دانیشـتنمان شـوێنی نیشـان دایـن، گەنجەکـە حاڵی منـی بۆ باس کـرد، دەڵێت (ئێمـە ناتوانیـن پەیوەندیـدار بیـن) ببیەن بـۆ بیـرۆی نەتەوەیەکگرتـووەکان؛ لەگەڵ گەنجەکـە لـە خاچی سـوور جیادەبینـەوە و بەرەو بیـرۆی نەتەوەیەکگرتـووەکان بە ڕێکەوتیـن، دوو لاپـەڕەی پڕ لە پرسـیاری ئینگلیـزی و عەرەبی دەدەن بەدەسـتمەوە پیاوێکـی بەچاویلکـە دەڵێـت "ئەمـە پڕبکەنـەوە، دوای دوو ڕۆژ لەگـەڵ دوو وێنەی مامەڵـە بیهێننەوە."هەوڵـدەدەم تێبگەیەنـم کـە پاسـپۆرت، پـارە، شـوێنی مانـەوەم نییـە، پیاوەکـە یەکجـار لەخـۆ رازییـە، نایەوێت گوێم لـێ بگرێت و دەڵێـت "ئەوەی پێـم گوتـن بیکـەن" دەرگاکەمان نیشـان دەدات و دەڵێت "تفضل" ئـەوە بە عەرەبی

www.arsivakurdi.org

واتای فەرمـوون بڕۆنـە دەرەوە دەدات ئـەوە دەزانـم، کاتێـک تێگەیشـتم جگـە لـە دەرچـوون شـتێکی تـر نییـە بیکەیـن، دەردەچیـن، دووبـارە دەگەڕێینـەوە کۆمیتەی خاچـی سـوور، گەنجەکـە دۆخی منی بۆ باسـکردن کە پارە و شـوێنی مانـەوەم نییە، منـی دا بەدەسـتی خاچی سـوور و خۆی ڕۆیشـت.

لـە بەشـی بگـۆڕی کۆمیتـە دانیشـتووم، ئافرەتێکـی بـاڵا بـەرز، باریـک، تەمـەن ناوەڕاسـت، ئەسـمەری قـژ کـورت سـەیری کاری بگۆڕەکـە دەکات، لـە هۆڵەکـە کۆمپیوتـەر، ئامێـری فۆتۆکۆپـی، بگـۆڕی تەلەفـۆن و ئامێرێکـی بێتـەل هەیـە، کـە دواتـر زانیـم نـاوی مـاری ڕۆزە، ئەو ئافرەتە بەرپرسـی سـەر هەموو ئـەو ئامێرانەیە، وتـەی (تیـر تیر بەیـروت) کە بەر لەقسـەکردن بە بێتەلەکە دەیگـوت زۆر چووە دڵـم، (مـاری) زمانـی عەرەبی و فەڕەنسـی زۆرباش دەزانێت و لـە ئینگلیزی دەگات کاتێـک بـێ کار دەبێـت لەگەڵی گفتوگۆ دەکەم، دەڵێم: "نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـم، لەشـام دەسـتگیر کـراوم و پـارە و پاسـپۆرتم لـێ سـەندراوە، لەبـەر ئەوەی لـە تورکیا داواکـراوم ناتوانـم بچمـەوە بـۆ ئـەوێ، دەمەوێـت بچـم بـۆ ئەڵمانیا کە خـۆم لەوێ پەنابەری سیاسـیم، پێویسـتە یارمەتی من بدەن" ماری زۆر بەسـەرنجەوە گوێی لێم گرتـووە ئەوانـەی بـۆم بـاس کـرد تێگەیشـت و دەچێتـە ژوورێکی تـر، دوای کەمێک دەگەڕێتـەوە و دەڵێـت "تـەواو دوای کەمێـک وەرگێڕێـک دێت کە تورکـی بزانێت و گوێـت بـۆ دەگرێت" بـە خۆشـحاڵییەوە سوپاسـی دەکەم.

دوای نیـو کاتژمێـر پیاوێکـی تەمـەن ٤٥ - ٥٠ سـاڵان هاتـە ژووری بگۆڕەکـە، زانیـم کـە پیاوەکـە وەرگێڕە، یەکـەم جار یەکتر دەناسـین و دەڵێت کە بـە ڕەچەڵەک عەرەبـی ماردینـە و چـڵ سـاڵە لـە بەیـروت دادەنیشـێت، منیـش بەکورتـی چیرۆکی خۆمـی بـۆ دەگێڕمەوە، کاتێک گفتوگۆکەمـان بەردەوام بوو ئافرەتێکـی باڵا ناوەندی قـژ زەردی چاوکاڵـی گەنـج و جـوان ئێمەی بانگ کـرد بۆ ژوورێکی تر، بـە ڕارەوێکی تەسـکدا تێپـەڕ دەبیـن و دەچینـە ژوورێکـی فـراوان، چاومـان بـە گەنجێکـی ڕێکـی چاوشـینی باڵا ناوەند دەکەوێت، سـەرەتا بۆ دانیشـتنمان شـوێنمان نیشـان دەدات،

www.arsivakurdi.org

دەچێتـە سـەر مێزەکـەی بەرامبەرمـان و دادەنیشـێت لەشـوێنەکەی قـژە زەردە خاوەکـەی، رووە بـە زەردەخەنەکـەی و پەنجـەی گـەورەی دەسـتی ڕاسـتی کـە لـە رەگەوە قرتاوە، سـەرنجی راکێشـام، پیاوە گەنجەکە گوتی کە ناوی (پاسـکال قطات) ە فەرمانبـەری کۆمیتـەی بەیروتـی خاچـی سـوورە و دەتوانێـت گوێـم لـێ بگرێـت، ئافرەتـە گەنجەکـە وتەکانی پاسـکالی لـە فەڕەنسـییەوە بۆ عەرەبـی وەردەگێڕێت و وەرگێڕەکـەی مـن تێدەگەیەنێـت و وەرگێڕەکـەش بۆ تورکی وەردەگێڕێت، سوپاسـی پاسـکال دەکـەم و بەکورتـی چیرۆکەکـەم دەگێڕمەوە.

لـە دیالۆگەکـەی نێوانمانـەوە تێدەگـەم کە پاسـکال کەسـێکی رووناکبیـرە، دوای ئـەوەی بەسـەرنجەوە گوێـی لە قسـەکانم گرت و بیـری کردەوە دەڵێــت "تەواو ئەو فۆرمـەی وەرتگرتـووە پڕدەکەینەوە و تـۆ دەنێرین بۆ بیـرۆی نەتەوەیەکگرتووەکان" دووبـارە دەڵێمـەوە کـە پـارە، پاسـپۆرت و ناسـنامەم ون کـردووە و دەڵێـم کـە دەمەوێـت پەیوەنـدی بـە ئەڵمانیـاوە بکـەم دووبـارە ئێمـە دەبەنـەوە ژووری بگۆڕ و دوای ماوەیـەک مـاری رۆژ داوای ژمـارە دەکات، پێـی دەدەم، دوای پێنـج خولـەک زەنگـی تەلەفۆنەکـەی سـەر مێزەکـە لێـدەدات، بەتامەزرۆییـەوە هەڵیدەگـرم: وەک هەمـوو جارێـک کاسـێتەکەی حوسـێن ئـەردەم بـە ئەڵمانـی شـتێک دەڵێـت. گوتم: (حوسـێن ئەگـەر لـە ماڵیـت تەلەفۆنەکە هەڵگرە) بەڵـێ تەلەفۆنەکـە هەڵدەگیرێت و دەنگـی حوسـێنە! کـە گوتـی: ((ئـەرێ لەکوێی، فاکسـەکەتم بەدەسـت گەیشـت، منیـش بـەدوای تـۆ دەگـەڕام)) بەپێویسـتم نەزانـی ئـەوەی نووسـیوومە دووبـارەی بکەمـەوە، دواتـر دەسـتم پێکـرد دۆخەکـەی بـۆ بـاس بکـەم و گوتـم: ((ئێسـتا لـە کۆمیتـەی بەیروتـی خاچـی سـوورم و داوام لێکـردن کە یارمەتیم بـدەن، دەڵێن کاری ئێمـە نییـە، پـارە، ناسـنامە، شـوێنێکی مانـەوەم نییـە ئەگـەر دەکـرێ بەیەکێـک لـە حـەوت زمانەکـەت لەگـەڵ بەرپرسـی ئێـرە قسـەبکە، رازی بـن کـە داڵـدەم بـدەن یاخـود پـارە و شـوێنی حەوانـەم دابیـن بکـەن.)) گوتـی: "باشـە من ئێسـتا قسـەیان لەگـەڵ دەکـەم،" دواتـر لەگەڵ سـەنتەری خاچی سـوور قسـە دەکەم بە مـاری رۆژم

www.arsivakurdi.org

گـوت کـە هاوڕێکەم دەیەوێت لەگەڵ پاسـکال قسـە بـکات، مـاری پەیوەندییەکەی بەتەلەفۆنـی پاسـکالەوە گـرێ دا ماڵئاوایـی لـە حوسـێن دەکـەم و پەیوەندیەکـە دادەخـەم، پەیوەنـدی نێـوان حوسـێن و پاسـکال درێژەی کێشـا چییان گـوت نازانم.

کاتێـک لـەژووری بگۆڕەکـە لەگـەڵ وەرگێـڕە ماردینییەکـەم قسـەمان دەکـرد ئافرەتێکـی باڵابـەرزی ئەسـمەر هاتـە لامـان و دەفتەری پسـوولەی لەدەسـت بوو و لـە بەرامبـەر واژۆییێک ٢٠ هـەزار لیرەی لوبنانی پێدام، کاتێـک پارەکەی پێمدا گوتی "ئەوانـە بـۆ خـۆراک و هوتێلی ئەمشـەو" کـە ئافرەتەکە لـە ژوورەکە چـووە دەرەوە وەرگێڕەکـە پارەکانـی لـە دەسـتی هەڵگێڕ و وەرگێـڕ دەکرد، حاڵێکـی وای هەبوو کە بیـدات بـە مـن، گوتـی "بـاری دارایـی من باشـە، تـۆ پـارەت نییـە، بابیدەم بـە تۆ" و پارەکـەی بـۆم راگـرت، گوتـم بـاش دەبێـت و هەزارییەکانم خسـتە جزدانمـەوە، ئەو فۆرمـەی لە نەتـەوە یەکگرتووەکانـم وەرگرتبوو لەگەڵ وەرگێڕەکە بـە یەکەوە پڕمان کردەوە،بـە مـاری رۆژم گـوت ڕۆژبـاش و لەبیـرۆی خاچی سـوور دەرچووم.

کاتێـک لەگـەڵ وەرگێڕەکـە چووینـە سـەر شـەقامی گشـتی، گوتـم هیـچ فۆتۆگرافەرێـک هەیـە بیناسـیت، وەڵامـی (بەڵـێ، لـە بەرانبـەری دوکانەکـەی ئێمـە فۆتۆگرافەرێکـی ئەرمەنـی لێیـە کـە تورکـی دەزانێـت)م وەرگـرت و چووینـە ئەوێ، ئەرمەنییـە بـە تەمەنەکـە لەماوەی خولەکێکدا چـوار وێنـەی مامەڵەکردنم دەگرێت و سـێ هـەزار لیـرەم لـێ وەردەگرێـت. کەمێـک لەگـەڵ ئەرمەنییـە بـە تەمەنەکە و خێزانەکـەی قسـە دەکـەم، لەگـەڵ ئـەم پیـاوەی وەرگێـڕی بـۆم کـرد دەچینـە مارکێتەکـەی بەرانبـەر دوکانـی ئەرمەنییەکـە و لەگەڵ خـوارزا کوردەکـەی یەکترمان ناسـی، لەنـاو قسـەکردن وا مەزەنـدە دەکـەم کـە ئەوانە هێشـتا گوێیان لە سـەرۆک ئاپـۆ نەبـووە، هـەوڵ دەدەم بەگەرمی هەڵسـوکەوت بکـەم و وا بیردەکەمەوە کە وا بکـەم یارمەتیـم بـدەن، خـوارزا کوردەکەی وەرگێڕەکە شـەیدای ئیبراهیم تاتلسێسـە، پرسـیار دەربـارەی ئیبراهیـم دەکات، منیـش وا وەڵام دەدەمـەوە وەک بڵێـی زۆر لەنزیکـەوە ئیبراهیـم بناسـم و وەڵامـم دەدایـەوە، پرسـیاری کـرد (بۆچـی بـەردەوام

www.arsivakurdi.org

دەنگخۆشـەکان خەڵکـی ئۆرفان؟) گوتم:(دەبێت هی بیبـەری تیژ بێت) و بەیەکەوە پێکەنیـن، بەردەوامـی بەگـەرم و گوڕییەکـە دەدەم، میـوە دەخۆین، جگـەرە و ئاوی سـارد دەخۆمـەوە، زانیـم کـە ماڵـی وەرگێڕەکـەم لـە نهۆمـی سـەر مارکێتەکـە بـوو، بیـرم لـەوە دەکـردەوە ئایـا بانگهێشـتی ماڵـەوەم دەکا یان نـا، گوتم بێ پـارە مانەوە زۆر ناخۆشـە، دەتوانـم لـە ئەڵمانیـاوە داوای پـارە بکـەم، بـەڵام لەڕێـگای بانکـەوە درەنـگ دەگات، وەرگێڕەکـەم گوتـی زۆر درەنـگ دەگات دوو کـوڕم لـە ئەڵمانیایـە مـاوە مـاوە پـارەم بـۆ دەنێرن، لەمـاوەی ١٥ - ٢٠ ڕۆژ ئینجا ئەگەر بگات، پرسـیم کە کوڕەکانـی لـە ئەڵمانیـا لـەچ شـارێکن، وەڵامـی (یەکێـک لـە ئەسسـەن و یەکیـان لە بەرلینـە)م وەرگـرت، گوتـم (ئەگـەر بتوانی یارمەتیـدەرم بیت دەتوانـم لەهەمانکات داوای پـارە بکـەم، گوتـی: (چۆن؟) گوتـم: ژمارەی تەلەفۆنـی کوڕەکانت بدە من، من پەیوەنـدی بـە نزیکەکانم دەکـەم، ژمارەکەیان دەدەمی و دەڵێم بـڕۆن ئەوەندە پارە لـەو جێگایـە دابنێـن، ئێـوارە پەیوەنـدی بەکوڕەکانـت دەکەین ئەگەر بڵێـن پارەکەم وەرگـرت، تـۆ لێرە پـارە دەدەیت بەمن، کوڕەکانـت پارەکە بۆ تۆ دەنێرنـەوە. وەرگێڕ کەمێـک بیردەکاتـەوە و دەڵێـت: " کوڕەکانـم بێ خێـرن پارەکە دەخـۆن، نایـنێرن" بۆ قەناعـەت پـێ هێنانی ماوەیەکـی زۆر خەریک بووم، قەناعەتی نەهات، تێگەیشـتم کـە کەسـێکی ڕەزیلـە، خـوارزا کوردەکـەی لـە نهۆمـی سـەرەوە سـینییەک خواردنی هێنا، پڵاو و برنج و فاسـولیای تازەمان خوارد، کاتێک تێگەیشـتم پیاوەکە بانگهێشـتی ماڵـەوەم نـاکا دەردەچـم بۆ ئەوەی هوتێلێـک بدۆزمەوە کە لێی بخـەوم، لە یەکێک لـە شـەقامە قەرەباڵغەکانـی حەمـڕا تابلـۆی (هۆتێـل سـانلازارۆ) بەرچـاوم کـەوت، بـەرەو ئـەوێ چـووم، لـە شـەقامەکەوە بەنزیکـەی ١٥ - ٢٠ پەیژەیـەک سـەرکەوتم و بەپیاوێکـی تەمـەن مامناوەنـد کـە لـە هۆڵێکـی بچووکـی هۆتێلەکـە دانیشـتبوو دەمەوێـت شـەوێک لـە هوتێلەکـە بمێنمـەوە، کارتـی ڕۆژنامەگەریم نیشـان دەدەم، پیاوەکـە کاتێـک زانـی ڕۆژنامەنووسـم داوای پاسـپۆرت نـاکات، دوای ئـەوەی نـاو، نازنـاو و نـاوی دایـک و بـاوک و بـەرواری لەدایـک بوونـم لە کاغەزێک دەنووسێت

www.arsivakurdi.org

و دەڵێـت ( ١٢ دۆلار )، ناسـنامەکەم دووبـارە پێدەداتـەوە، دوای ئـەوەی کـە پارەکە دەدەم کلیلەکـە وەردەگـرم و سـەردەکەومە نهۆمی سـێیەم بۆ ژوورەکـەم. ژوورێکی یـەک تەختـی گەرماو و سـەرئاوی نییـە، ئاو نایـەت، ژوورەکە بۆنی لـێ دێت، تەنگ و زۆر گەرمـە، بەخـۆم دەڵێـم ئـێ ژووری هۆتێلـی ( ١٢ دۆلاری) هـەروا دەبێـت و دادەنیشـم. پانتـۆڵ و کـراس و پێڵاوەکانـم دادەکەنـم و پاڵدەکـەوم.

کاتێـک برسـیم بـوو دابەزیمـە خـوارەوە لـە تابلـۆی رووناکـی هوتێلەکـە نووسـینەکانی "هوتێـل، رێسـتورانت، یانـەی شـەوانە" دەخوێنمـەوە، لـەدواوەی هۆڵەکـە چوونـە ژوورەوە کافتریایەکـی لێیـە، دەچمـە ئـەوێ، دەبینـم خواردنـەوەی ئاسـایی و کحولـی لـێ دەفرۆشرێـت، دوای کەمێـک دانیشـتن لەو ئافرەتە ئەسـمەرە باریکـەی کـە لـە کافتریایەکـە کاردەکات دەزانـم کـە ئەوە یانـەی شـەوانە لەنهۆمی خـوارەوە و خواردنگەکـە لـە نهۆمـی سـێیەمە، سـەردەکەومە نهۆمـی سـێیەم؛ ئێـرە نـەک خواردنگـە بەڵکـو لـە مەیخانـە دەچێـت، کوڕێکـی رەش پێسـت و ئافرەتێکـی سـپی پێسـت بەڕێـوەی دەبـەن، میوزیـک لێـدەدا بـەڵام پیـس و چۆڵـە جگـە لەمن کەسـی تـری بـۆ نەهاتـووە، [ ئافرەتێـک بـۆ دانیشـتنم شـوێنی نیشـان دام] لەبـەر ئـەوەی بیـرم کردەوە شـوێنێکی گران بێت گوتم دوای کەمێکـی تر لەگەڵ هاوڕێیانم دەگەڕێمـەوە و رۆیشـتم، لـە دوکانێکـی سـەندەویچ فـرۆش سـاندەویچێکم کـڕی و خـواردم، ئـاوی سـارد دەخۆمـەوە و دەگەڕێمـەوە هۆتێلەکـەم.

هوتێلەکـە لـە هوتێلێکـی نامـۆ دەچـوو؛ ژوورەکانـی بۆنی بۆگەنی لـێ دەهات، لـە نهۆمـی خـوارەوە یانەیەکـی شـەوانە، لـە نهۆمـی سـێیەم مەیخانەیـەک هەیـە، کاتێـک تاریکـی بـاڵ دەکێشـێت ناوچەکـە دەسـت بـە ژیانـەوە دەکات. لەژوورەکە دەردەچـم و دادەبەزمـە کافتریاکـە، داوای چایـەک لـە ئافرەتـە باریکە بـاڵا بەرزەکە دەکەم، ئافرەتەکە چایەکە لەسـەر مێزەکەم دادەنێت و دەگەڕێتەوە سـەر کارەکەی، (کاتێـک چـام دەخـواردەوە) گەنجێکـی شـەل هاتـە ژوورەوە، لەسـەر کورسـیەکی بـەرز بەرانبـەر ئافرەتەکـە لەبـەردەم مێزێـک دانیشـت و دەسـتیان کرد بـە گفتوگۆ،

www.arsivakurdi.org

ئاخاوتنیـان بەکوردی لەنێوان خۆیاندا سـەرنجی ڕاکێشـام، ماوەیەکـی درێژ گوێم لێ گرتـن، دواتر پرسـیارم کـرد کە خەڵکی کوێـن، کاتێک زانییان کوردم خۆشـحاڵ بوون، ئافرەتەکـە خەڵکـی نوسـەیبین و گەنجەکە خەڵکی حەسـەکە بوو، وەڵامی پرسـیاری ئـەوان بـە ڕۆژنامەنووسـێکی تورکیایی دەدەمـەوە، دواتر تێدەگەم کـە هەڵەیە خۆم ئاشـکرا بکەم.

کەمێـک لەگـەڵ کوڕەکـە قسـە دەکـەم، لـە زمانەکەی بـەکاری دەهێنا هەسـتم کـرد کـە کەسـێکە لـە کاری ڕەش کار دەکات، دوای ماوەیـەک کوڕەکـە دەڕوات و لەگـەڵ ئافرەتەکـە دەمێنینـەوە، بەدیاردەکەوێت کە ئافرەتەکە لێـرە تەنها کافتریاکە بەڕێـوە نابـات، زوو زوو سـەیری ئاوێنـە دەکات و قـژی شـانە دەکات، بـرۆی ڕێـک دەخـات، هەڵسـوکەوتی سـەیری هەیـە. کاتێـک هاتـە لام لەسـەر مێزەکـەم و گوتی " زۆر لـەو پیـاوە نزیـک مەبـەوە، لێـرە پیـاوەکان دەخەڵەتێنن و دەیانبـەن بۆ یانەی شـەوانەی نهۆمـی خـوارەوە و لەگـەڵ ئافرەتـە قەڵەوەکان پـارەی پیـاوەکان دەبەن" کاتێـک "قەڵەوی" ئافرەتەکانی خوارەوەی باس دەکـرد بەجووڵەکانی " باریکیەکەی" خـۆی بـاس دەکـرد، کاتێـک رووم پێـی نـەدا گەڕایـەوە شـوێنی خـۆی، پـارەی چاکـە دەدەم و سـەردەکەومەوە ژوورەکـەم. لەژوورەکـەم بیـرم کـردەوە کـە بەهەڕەمەکی گـەڕان و سـوڕان بـاش نییـە و ژیانـی زیندانـم بەردەوامـی پێـدا، لەخـوارەوە دەنگی میوزیـك و گۆرانییـەکان بـە " یـا لیـل یـا لیـل" دەسـتیان پێدەکـرد، قاقـای ئافرەتـان و نـەڕەی پیـاوان دێـت، لەبـەر پێخەفەکـەم ڕاکشـام بـەڵام ناوەڕاسـتەکەی دارمـاوە، هەوڵـم دا چاکـی بکـەم نەبـوو، ئـاوا پاڵکەوتـم، دەسـتم بەبیرکردنـەوە کـرد؛ لـە ئەشـکەوتەکەمەوە هاتمـە هۆتێلێکی سـادە، بەڵام هێشـتا هیچ دەرگایـەک بەروومدا نەکراوەتـەوە. دەبێـت نەتەوەیەکگرتـووەکان بـۆ چوونـە ئەڵمانیـام یارمەتیم بدات؟ زۆر لـەو پیـاوە بەچاویلکەیـەی لـەوێ کاردەکات بەئومێـد نیـم، خاچـی سـووریش دەڵێـت: "ئـەوە کارێـک نییە ئێمـە بتوانین چارەسـەری بکەین" باشـە کێ پاسـپۆرت بەمـن دەدات؟ ئـەی ڤیـزا؟ لـە کاتێـک کـە لە ئەڵمانیـا پەنابەر بـووم دەرچـوو بووم.

www.arsivakurdi.org

لـەو حاڵەتـە ڤیـزا بەمـن دەدەن؟ حوسێن ئـەردەم دەتوانێـت شـتێکم بـۆ بـکات؟ ئـەو پرسـیارانە مێشـکم ئاڵـۆز دەکـەن، دواتـر وەڵامـی هـەر یەکێکیـان لەبـەر چاوم دەبێتـە برینـی شـاخێک. ئەندامـی پێـن، ڕێکخراوی ئافـی نێودەوڵەتـی و رێکخراوی ڕۆژنامەوانـی نێودەوڵەتیـم، ئـەو سـێ رێکخـراوە نێودەوڵەتییـە مـن دەناسـن، بیـرم لـەوە دەکـردەوە دۆخەکـە بە نامەیەک بۆ ئەم سـێ رێکخراوە و خاچی سـوور روون بکەمـەوە، هەندێـک لە لێپرسراوانی ئاف دەناسـم کـە تورکی دەزانـن، ئەگەر بتوانم نامـە بـە وان بگەیەنـم وا بیردەکەمـەوە کـە بـە رێکخراوەکانـی تـری بگەیەنن.

خەیاڵـم بـەرەو رابـردوو و ئـەو هۆکارانەی منیان بـۆ ئێرە هێنـا دەڕوات، هەموو شـتێک لەمانگی نیسـانی ١٩٩١ دەسـتی پێکرد، ١١ ساڵی تەواو لەزیندان مابوومەوە، هـەر لـەو ڕۆژەوە کـە گیرام تـا ئەو ڕۆژەی کە ئـازاد بووم لایەنگری ئـەو هاوڕێیانەم کردووە کە لەزیندان بەرەنگار بوونەتەوە، سـەرەڕای هەموو ئەشـکەنجە، هەڕەشـە، پاڵەپەسـتۆ و زوڵمێـک ملـم بـۆ ئەشـکەنجەدانەکان شـۆڕ نەکـردووە، پابەنـد بـووم بـە بیرۆکەکانمـەوە، لـە دادگای داگیرکـەر بێدەنـگ نەبـووم، سـەرەڕای هەمـوو سـووکایەتی پێکردنێـک هـەردەم دروشـمان "بـژی سـەربەخۆیی، بـژی ئازادیـی" بـووە، لـە ئەنجامـی ئـەو شـەڕە درێژخایەنـەی لـە گرتووخانـە گرتمانە بـەر دۆخەکە ڕێـک کەوتبـوو، بۆ باسـکردنی شـەری بەرەنگاریی زیندانی دیاربەکر بـە مرۆڤایەتی، رۆمانێکـی دوو بەرگـی و کتێبێکـی (یـاری)م نووسـی، کاتێـک کتێبەکەم لـە تورکیا و ئەڵمانیـا بڵاوکرایـەوە دەنگێکـی زۆری دایەوە، دەرئەنجامی ئەوە لەڕای گشـتی کورد و تـورک نـاسرام، کاتێـک لەزینـدان بـووم وتـار و گۆشـەی وردبینیـم بـۆ ژمارەیەکـی زۆر ڕۆژنامـە و گۆڤـار نووسـی. نووسـینەکانم کە بـە وردی رەخنەم لـە ئایدیۆلۆژیای فەرمـی لـە تورکیـا گرتـووە و بـە واژۆی ( Bay Muhalif - بەڕێـز رەخنەگـر ) لـە ڕۆژنامـەی ( Yeni Ülke ) بـڵاو دەکرانـەوە.

کاتێـک لـە زیندانـی جەیهـان گیرابـووم بەیەکـەوە لەگـەڵ هاوڕێکانـم مسـتەفا کاراسـوو و یلـماز ئـوزون هەوڵمانـدا چینـە کوردەکـەی کۆچیان کـردووە بـۆ ئەدەنا،

www.arsivakurdi.org

مێرسین، جەیهان، تارسوس، ئەسکەندەرون بخەینە نێو ڕێکخستنەکان. سەرەڕای لە ژوورەوە بووغان لە دامەزراندنی HEP (پارتیی ڕەنجی گەل) و ڕێکخستنی کاریگەریمان زۆر بوو، لە مانگرتن لە خۆراک ئەرکی وتەبێژی و نوێنەرایەتیم گرتووەتە ئەستۆ، هەموو ئەو کۆششانە بوونە هۆی ناسرانم لە لای ڕای گشتی، کە لەزیندان ئازاد بووم ئەوە زیاتر تێگەیشتم.

ڕابەری مەزنیش ئەو حاڵە دەزانێت، بەپێی ئەو لۆژیکەی دایڕشتووە، ناسراوبووغان دۆخێکی ترسناکە، دواتر ئەوە تێدەگەم، ئەوەی لەگەڵ من لە هەمان دۆخ دا بوو ساکینە جانسز بوو و لەبەر ئەوەی ئافرەت بوو، لەمن زیاتر سەرنجی خەڵکی ڕاکێشابوو، ١٢ ساڵ لە زیندان ماوەتەوە، ملی بۆ زۆردار کەچ نەکردووە، بەرگەی گرتووە، لەو دادگایانەی هەندێک پیاو لەترسان خۆیان پیس دەکرد ساکینە جانسز بوو بە دەنگی گڕی گەلی کورد و داوا ڕەواکەی، ٥١ ڕۆژ مانی لە خواردن گرتووە، لەهەموو بەرگرییەکاندا سیمبۆلی خاوەن بڕیاری بووە، ببووە ئەفسانەیەک، ڕابەری مەزن کە کوشتن و لەناوبردنی هەرکەسێکی کردووە بە سیاسەتی کە جگە لەخۆی ببێت بە ئەفسانە، هەر لەگەڵ ئازادبووغان لە زیندان تەڵەکانی بۆمان ئامادە کردبوو و ئێمەی بۆ لای خۆی بانگ دەکرد.

نەمدەتوانی بەو بانگکردنە بڵێم "نەخێر"، دوای ئەوەی ١١ ساڵ لە زیندان بووم، ئەو هەموو ئەشکەنجە و تاڵییەم چەشت و هەموو دەور و بەرم خستە ناو خەبات لە ماڵ دانەدەنیشتم، هەر چۆنێک بێت بە خۆشحاڵییەوە بانگکردنەکەم قبوڵ کرد، بەر لە چوونە دەرەوەم لە وڵات لە دیاربەکر لەگەڵ ڕابەرمان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی گفتوگۆمان کرد، بە منی گوت کە محەممەد شەنەر سیخوڕە و لە دژی پارتی چالاکی بەرێوە دەبات، کاتێک چوومە ئیستانبول وردەکاری ڕووداوەکەم لە ڕۆژنامەوان و سیاسەتمەدار دۆغو پەرینچەک زانی.

محەممەد شەنەرم زۆر لەنزیکەوە دەناسی، لەزیندانی دیاربەکر هەشت ساڵ بەیەکەوە گیرابووین، کەسێک نەبوو کە لە هەموو بابەتێک هاوڕابین، لە

www.arsivakurdi.org

زۆر بابەت بیرورامان پێچەوانەی یەکتربوو، لەساڵی ١٩٨٤ لەناوەڕاستی شەڕی باریکات[١] بەرگەی ئەشکەنجەی نەگرت و لە جل پێ لەبەرکردنی ئێمە رۆڵی گێڕابوو، بۆیە لەگەڵ رێکخراوی ژوورەوە ماوەیەک پەیوەندی هەڵپەسێردرا، هەندێک تایبەتمەندی هەبوو کە بە دڵم نەبوو، لەبەر متمانەی تەواوم بە رابەرمان ئاخاوتنەکەی سەبارەت بە شەنەر مێشکمی ئاڵۆز کردبوو، لەو زیندانەی ماوەیەکی زۆر لێی مامەوە، دەوڵەتی تورکم زۆر لە نزیکەوە ناسی و بووم بە خاوەن شارەزایی و تاقیکردنەوە، بەهۆی ئەوەی لەژوورەوە فرسەتی خوێندنەوەم هەبوو بابەتەکانی مێژوو، ئەدەبیات، فەلسەفە، دەروونناسی و کۆمەڵایەتیم باش سەرنج دابوو، مێشکم کرا بووەوە و بڕوام وابوو کە زۆر کاریگەری باشم دەبێت بەسەر خەبات، متمانەیەکی تەواویشم بە رابەرمان هەبوو، دژایەتیکردنی ئەوم هەر بەخەیاڵیشدا نەدەهات، ئەوم وەک رابەر قبوڵ کردبوو، بەڵام وشەی (مەزن)م پێ شیاوی ئەو نەبوو. بەدەر لەوە، کاتێک لە وڵات چوومە دەر باوەڕم نەدەکرد کە شەنەر بەر لە ١٢ ی ئەیلول سیخوڕ بووبێت و دەمزانی هەندێ تایبەتمەندی هەیە باش نییە و گومانم هەبوو کە دوای ئازادبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت ببەستێت، بەو بیرکردنەوانەوە لە ئایاری ١٩٩١ چوومە یۆنان، لەماوەی ئەو هەفتەیەی لە ئەسینا بووم هەستم کرد کە نەفرەتێک هەیە بەرانبەر بەوانەی کە لە زیندان دەرچوون بە ئێمەیان دەگووت " ئێوە لە پارتی بێگانەن" منیش دەمگوت "ڕەنگە وابێت ماوەیەکی زۆر لە ژوورەوە بووین، لە دەرەوە زۆر بەرەو پێش چوون ڕوویداوە و پارتی گەورە بووە، ڕەنگە ئێمە دواکەوتبین." دوای هەفتەیەک چوومە شام ڕابەرمان لەوماڵەی لێی دەماینەوە، لەگەڵ ئافرەتێکی باڵابەرزی ڕێک پۆشی ڕۆشنبیری جوان هاتە سەردانی ئێمە، ئەو بەر لە هاتنە ژوورەوە ئەوەی دەرگاکەی کردەوە بەدەنگێکی بە جۆش

---

١ شەری باریکات ( بەربەست ) : دەرگای قاوشەکانی زیندانمان بە قەرەوێلە دادەخست و بەربەستمان دروست دەکرد، شەڕی بەربەست ناوی چوونە پشت ئەو بەربەستانە و خەباتکردنە لەدژی سەربازەکان.

و ترسەوە گوتی: "سەرۆک دێت" لە ژوورەوە نۆ کەس دانیشتبووین، هێشتا ڕابەرمان نەهاتووەتە ژوورەوە، هەمووی چووەتە دۆخی ئامادەیی و هەناسەی گرتووە، ئەوە لە ئامادەییەکی ئاسایی زیاتر لە وەستانی پاسەوانەکان دەچوو لە قاوشەکەیان لە زیندانی دیاربەکر کاتێک نەقیب ئەسەد ئۆکتانی ئەشکەنجەدەر دەهاتە ژوورەوە، سەیری دۆخەکە دەکەم و پێم سەیرە، بێ چارە منیش خۆم لەگەڵ دەوروبەرم دەگونجێنم، بەڵام دۆخەکەم بەدڵ نییە، چوو بوومە حاڵی دەروونی پاسەوانێکی زیندان کاتێک ناچارکراوە ملکەچ بێت.

لەکۆتاییدا ڕابەرمان دێتە ژوورەوە، یەکتر ماچ دەکەین و لەسەر قەنەفەیەک دادەنیشێت و منیش دادەنیشم، بەڕاستی ڕێزی دەگرم، ئەو وەک سەرۆکێکی وەک ئەمیرکال کابرال، کاسترۆ، هۆشی مینا دەبینم، بۆیە دوای دانیشتنی ئەو دانیشتم، دوای ئەوەی دانیشتم برادەرانی تر دائەنیشن و بینیم زۆر بە حەپەسانەوە سەیریان دەکردم، ئەو کات تێگەیشتم کە جگە لە من ڕابەرمان وەک ڕابەرێک نا بەڵکو وەک خودایەک دەبینن، لە بەرانبەر خودا بەندە ناتوانێت دابنیشێت و بێگانەبوون لەپارتی واتای چییە! بیرم کردەوە هەڵسم بچمە دۆخی ئامادەییەوە، کە ویستم هەڵسم ڕابەرمان گوتی "دانیشە دانیشە هیچ نابێت" بەڵام هەمووی وەک پەیکەرە، کاتێک سەیری رووخساریان دەکەم هەمووی مۆمیایە، تاکە نیشانەی زیندوو بوونیان چاوەکانییانە کە دەجوڵێت. دانیشتنم بێ وەرگرتنی مۆڵەت بە فەرمی دژایەتیکردنی ئەو بوو، واتای ئەوە بوو کە (من بەندە نیم، تۆش بە خودا قبوڵ ناکەم) واتای هەڵسوکەوتەکەم ئەوە بوو، من سەرنجی ئەوەم نەدابوو، بەڵام ئەو ئەوەی دەزانی، بەڕاستی زۆر بەڕێز و سروشتیەوە هەڵسوکەوتم کردبوو، بە هەموو جۆرێک لە دژی بە خوداکردنی مرۆڤەکان بووم، وا بیر دەکەمەوە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕووخانی سۆسیالیزم ئەمە بێت، لێکۆڵینەوەیەکی وردم سەبارەت بە بابەتەکە کردبوو، کاتێک لە زیندانی بارتین بووم لە ڕیپۆرتاژێک کە ڕۆژنامەی (Özgür Halk) لەگەڵ من ئەنجامی دابوو

www.arsivakurdi.org

بیـر و بۆچوونـم بـە روونـی و ئاشـکرایی دەربـڕی بـوو و گـوت بـووم "یەکێـک لـەو هۆکارانـەی سۆسـیالیزمی بـەرەو ڕووخـان بـرد بـە خوداوەندکردنـی کەسـەکانە" ئێسـتا کاتێـک لەگـەڵ خوداکـە خـۆی رووبـەڕووی یەکتریـن بیـر لـەوە دەکەمـەوە کاتێـک ریپۆرتاژەکەمـی خوێندووەتـەوە چەنـد تووڕە بـووە، لە ڕێپۆرتاژەکـە گوتبووم (کۆمەڵگایـەک چەنـدە بێهێـز و کەوتووبێـت، کۆمەڵـگا لـەوێ بـەدوای کەسێکی بەهێـزدا دەگەڕێـت تـا هانـای بـۆ ببـات، کۆیلەکانـی میـسر بـۆ نیشـاندانی بـەرزی فیرعەونـەکان هەرەمـی بەرزیـان دروسـت دەکـرد و خۆیـان بچـووک دەکـردەوە، هەرچەنـدە خەڵکـەکان بەهێزبـن گـەورەکردنـی کەسـەکان پێویسـتی لەدەسـت دەدات) کاتێـک ئـەو رسـتانەم نووسـی نەمدەزانـی ڕەخنە لـە رابەری مـەزن دەگرم، چونکـە نەمدەزانـی ئـەو خـۆی کردووە بـە خودا، ڕاسـتر بڵێین کاتێک ئەو رسـتانەم نووسـی مەبەسـتم لـە دۆخـی سـتالین بـوو، تـازە دەبینـم کـە رابـەری مەزنمـان لـە خودابوونـی سـتالینی رەت داوە، رابـەری مەزنمـان لـەو یەکـتر بینینەمـان بەکورتـی هەندێـک زانیـاری سـەبارەت بە ڕووداوەکـەی محەممەد شـەنەر دا دواتر گوتی "لە ئەکادیمیـا نامیلکەیـەک هەیـە زۆر گرنگـە، کاتێـک چوویـت دەخوێنیتـەوە" کاتێک گوتـم "کـە چـووم دەیخوێنمـەوە، هەڵەکانـی ژوورەوەیـان لێرەش بەردەوامـی پـێ داوە" زۆر بەتووڕەیـی سـەیری کـردم، بەڵام هیچی نەگوت، دوای نـان خواردن لەگەڵ هەڤـاڵ ڕۆژبیـن کـە لە بەلگرادەوە بەیەکەوە هاتبوویـن لەگەڵ پۆسـتە ناردراین بۆ ئەکادیمیا.

دوای نزیکـەی کاتژمێرێـک گەیشـتینە باڵەخانـەی بەڕێوەبەرایەتـی ئەکادیمیـا، ئەوە خۆشـییەکە کە وەسـف ناکرێت! دوای ١١ سـاڵ بە هەڤاڵەکانم شـاد دەبمەوە! ئـەو پارتیـەی کاتێـک دەسـتگیرکرام گرووپێکـی بچـووک بوو ئێسـتا بووە بـە خاوەن هەزارەها ئەندام، ئەکادیمیای سـەربازی دامەزراندووە، هەموویان جلی سەربازییان لەبـەرە و چەکـی تۆماتیکیـان لەدەسـتە، هەموو ئەوانـە واتای خەبـات دەگەیەنێت، واتـای ئازادیـی دەگەیەنێـت خۆشـحاڵییەکی لەمـە گەورەتـر بـۆ مـن نییـە، کاتێـک

www.arsivakurdi.org

چووینـە نـاو تەلاری بەڕێوەبەرایەتییەکە؛ بینیم حەوت هەشـت کەس لە ژوورەوەن، هەندێکیانـم لـە زیندانـەوە دەناسـی، هەندێکیشـیان بێگانە بوون، دەسـتی یەکمان گوشـی و گوتیان "بەخێربێن" دانیشـتین، کەس قسـە ناکات، بەساردی هەڵسوکەوت دەکـەن، دواتـر خێزانەکـەم هـات کـە لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەکادیمیـا کارمەنـد بوو، بەخێرهاتنەکـەی ئەویـش بەسـاردی بوو، خـۆم بەخۆمم گوت چی بـووە؟ هەڵەیەک کـراوە؟ دەسـتم کـرد بـە بیرکردنـەوە لـە هـۆکاری بەسـاردیی هەڵسـوکەوت کردنـی هاوڕێکانـم، دوایـی وام بیرکـردەوە کە ڕەنگە پێویسـتی دیسـپلینی سـەربازی بێت و ئاسودەبووم.

دکتـۆر بـاران بـە فەرماندەکانـی تـر دەڵێـت "یەکـەکان بـۆ کۆبوونـەوە بانـگ بکـەن، مەراسـیمێک بۆ هەڤـاڵان سـازدەکەین" کە فەرمانـدەکان چوونـە دەرەوە لە ماوەیەکـی کـەم یەکـەکان لـە گۆڕەپان کۆبوونەوە بە ریز دەوەسـتن، دکتـۆر باران لە پێشـەوە و مـن و هەڤاڵـە ئافرەتەکـە لـە دوواوە دەڕۆیـن، بـە ریز دەسـتی هەڤاڵان دەگوشـین، دواتـر دەچینـە بـەردەم بەتالیۆنەکـە، دکتـۆر داوای وتارێکـی کورتـم لێـدەکا، گوتـم: "کاتێـک لـە گردۆکەکـەوە سـەر لوتکـە کەوتـم زۆر ئەزیەتـم بینـی، ئێسـتا بـە تـەواوی هەناسـەم پـێ نادرێـت، خەباتتـان گەیانـدە ئـەو رادەیـە، لەبەر ئـەوەی دەنگـی گەلەکەمتـان گەیانـدە گوێـی هەمـوو جیهـان رێـز و سـڵاوم هەیـە بۆتـان" دواتـر دەزانم کـە ئەو وتارەم رێک پێچەوانـەی ئایدیۆلۆژیا و وتاری فەرمییە، باسـم لـە مەزنـی رابەرایەتی نەکـردووە، رامنەگەیانـدووە کە پابەنـدی رێچکەی ئەو دەبـم و جەختـم نەکردووەتـەوە کـە تـا دواییـن دڵۆپـی خوێنـم لەسـەر رێچکـەی رابەرایەتـی لـە دژی هـەر جـۆرە لەناوبەرییەک بەرگـری دەکەم . لەبیـرم کردووە کە بڵێـم رابەرایەتـی پارتـی منـی خوڵقانـد و هێـزی پێم بەخشـی، خراپترینـی کارەکەش لـە کاتێـک کـە دەبـوو بڵێـم ڕێـز و سـڵاوم بـۆ ڕابەرایەتـی پارتـی هەیـە گوتوومە بە کاندیدانـی گەریـلا کـە ناتوانن سـمتیان لەئـەرز بەرز بکەنـەوە (رێز و سـڵاوم هەیە بۆتـان) ئـەو وتـارەم بـە نەگونجـاو لەگەڵ شـێوازی پەکەکـە هەڵدەسـەنگێندرێت و

www.arsivakurdi.org

دەڵێـن " کەسـایەتی زینـدان هـەروا دەبێت".

دووبـارە دەچینـەوە باڵەخانـەی بەڕێوەبەرایەتـی ئەکادیمیـا، جلی سـەربازیمان پـێ دەدرێـت تا لەبـەری بکەین، کاتێـک ئەو مەجید گوموشـە دێرکییەی لـە زیندان بەشـداری هیـچ بەرەنگارییەکـی نەکـردووە، لـە ماردیـن بـە چەکەکەیـەوە چـوو خـۆی بەدەسـت پۆلیسـەوە دا دەبینـم لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەکادیمیـا فەرماندەیـە؛ وام بیرکـردەوە کـە هەرچۆنێـک بێـت حاڵـی ژوورەوەی نازانـن، لـەو بەشـەی لێـی دانیشـتووین جـار جـارە خێزانـم دێتـە ژوورەوە و دەردەچێـت، وەک بێگانەیـەک هەڵسـوکەوت دەکات، وەک چۆن هیچ کاتێک منی نەدیبێت، نەیناسـیبێت، قسـەی لەگـەڵ نەکردبـم، هـەروەک بڵێـی هاوڕێـی قوتابخانـە، ژیـان، زینـدان، هاوڕێـگام نەبووبێـت "وابیردەکەمـەوە"، هیـچ شـتێکم لـێ ناپرسـێت، یاسـای سـەربازی و فەرمییـەت دەبێـت بـەڵام بـەو رادەیـە نـا. دەتوانـن بیـری لێبکەنـەوە؟ یـازدە سـاڵ خێزانتـان نابینـن، دواتـر تووشـی یەکتر دەبـن و خێزانتـان قسـەتان لەگـەڵ نـاکات! بەپێویسـتی نازانێـت بپرسـێت کەی لەزینـدان ئـازاد بوویت؟ خێزانەکەمانت بینی؟

لـە باڵەخانـەی بەڕێوەبەرایەتـی لەگـەڵ دوو هـاوڕێ قسـە دەکـەم، بەهـۆی لێڕاهاتنـەوە قاچـم خسـتبووە سـەر قاچـم لەکاتـی دانیشـتن، خێزانەکـەم کـە ئـەو حاڵـەی بینـی، بەسـەرمدا هـاواری کـرد "قاچـت بێنە خـوارەوە بۆچی قـاچ دەخەیتە سـەر قـاچ؟ خـۆت بـە رابەرایەتـی دەزانیـت؟" ئەوانـی تـر وەک دیوارن، هـەر خۆی ئەگـەر بڵێـت ئێـرە بەڕێوەبەڕایەتـی ئەکادیمیایەکی سـەربازییە، نابێت قاچ لەسـەر قـاچ دابنیشـیت، رێـز لـە قسـەکە دەگـرم و قاچـم دەهێنمە خـوارەوە. لەوتـەی (تۆ خـۆت بەرابەرایەتـی دەزانیت؟) تێدەگەم کە لێـرەدا تەنها رابەری مەزنمان دەتوانێت قاچ لەسـەر قاچ دابنیشـێت، جگە لەو ئەوەی وا دابنیشـێت و جووڵەیەکی وا بکات ئـەوا دەیەوێـت خـۆی لـە جێـگای رابەرایەتی دابنێـت، ئەنجام یاخـود کۆتاییەکەی چـی دەبێـت و یەکسـەر قاچـم دادەبەزێنم.

داوای نامیلکەکـەی سـەبارەت بـە محەممەد شـەنەرم کرد، پێیان دام، سـەیرێکی

www.arsivakurdi.org

ناوی ئەوانە دەکەم کە ئامادەیان کردووە، هەموویان ناوە نهێنییەکەیان نا بەڵکو ناوە ڕاستەقینەکەیان بەکارهێناوە. دواتر دەزانم کە جگە لەو نووسینانەی ستایشی رابەری مەزن، یاخود ئەوانی تر بەسیخوڕ لە قەڵەم دەدەن هیچ کەسێک بۆی نییە بەناوی خۆی وتار بنووسێت، ئەوانەی واژۆیان لەسەر نامیلکەکە کردووە زۆربەیان دەناسم، سێزدە ناو دەژمێرم، جگە لە چوار لەوانە هەندێک دانی ناوە بەهەموو شتێک، هەندێک بەشداری هیچ بەرەنگاربوونەوەیەک نەبووە، کەسانێکن کە هەرگیز خاوەنداریێتیان لەپارتی نەکردووە.

هەندێک بەش لە نامیلکەکە دەخوێنمەوە، نووسراوە کە محەممەد شەنەر بە ڕەچەڵەکەوە هەر هەموویان سیخوڕ بوون، لەسەرووی هەموویانەوە دایکی، برا گەورەی، خوشکەکانی، براکەی، هەموویان بەر لە کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ لە باتمان لەلایەن ئەفسەرێکەوە بەناوی تەمەل جینگۆز کراون بە سیخوڕ و دزەی پێ کراوەتە ناو پارتی، دەخوێنمەوە و بیردەکەمەوە... محەمەد شەنەر لە ١٩٧٨ لە کۆنگرەی (دامەزراندن) کە لە گوندی فیسی سەر بە لیجە بەسترا وەک نوێنەر بەشداری کردبوو، دواتر وەک ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی هەڵدەبژێردرێت، تا ١٩٨٠ لە چەندین ناوچەی کوردستان چالاکی بەڕێوە دەبات، لە ١٩٨٠ دەستبەسەر دەکرێت، لەماوەی مانگێکی دەستبەسەریی سەرەڕای هەموو ئەشکەنجەیەک تەنانەت یەک کەسیش بەدەستەوە نادات، لە زیندان لەسەر ئاستێکی بەرز بەردەوامی بە بەرپرسیارێتی ڕێکخراوی چالاکییەکانی دەدات، لەساڵی ١٩٨١ لە مانگرتنی تا مردن، ٤٤ ڕۆژ هیچ خۆراکێک ناخوات، ٥ ڕۆژ لەبەر ئەوەی ئاوی نەخواردەوە بێهۆش دەبێت، ئەو کەسەی ئەگەر کەمال پیر و محەممەد خەیری دورموش بڵێن "بمرین" دەمرێت پێی دەڵێن "سیخوڕ!".

مەجید گوموش کە لە ١٩٨٠ بەچەکەوە چوو خۆی دا بەدەستی پۆلیس، فەیسەل دونلایجی کەلە گرووپی پەکەکەی وێرانشار دانی پێنا بەناوەکەی ترەوە کانی یلماز (ئەوانەی لەژوورەوە ببوون بە کەروێشک لە دەرەوە هەوڵیان دەدا وەک

www.arsivakurdi.org

شێر دەرکەون) و سەبارەت بە محەممەد شەنەر نامیلکەیەک ئامادە دەکرێت کە "سیخوڕە".

لە شوێنێکی نامیلکەکە بوار دراوە ئەو وتانەی گوایە محەممەد شەنەر وتوویەتی بەش بەشی لێ وەربگیرێت: خەیری، بەچەند ڕۆژێک بەر لە مردنی بەهۆی مانگرتن لە خۆراکەوە گوتوویەتی: (شەنەر ئیدی نوێنەری زیندانمان تۆی)؛ لێرەدا نارەزاییم دەربڕی، گوتم خەیری شتێکی وای نەگوت، گوتیان "شەنەر ئەوەی بەڕابەرایەتی گووتوە" کاتێک گوتم: "ئەو کات بۆ بە هەڵەدا بردن وای گووتوە" هەموو بەیەک دەنگ گوتیان: "واتا تۆش وا بیردەکەیتەوە کە رابەرایەتی بەهەڵەدا دەچێت" بەرگەم نەگرت و بە شێوازێکی گاڵتەجاڕی گوتم: "بە خودا من تا ئێستا دەمزانی کە تەنها خودا بە هەڵەدا ناچێت." رووخسارەکان بوون بە بەرد! زانیم کە یەک وشەی تر بڵێم دەبێت بە شەر بێدەنگ بووم. ئافرەتێک بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی: "هەڤاڵ سەلیم، ئەو نامیلکەیە لە لایەن رابەرایەتییەوە پشت ڕاست کراوەتەوە، تۆ رەخنە لەو نامیلکەیە دەگریت، ئەوە هەڵوێستێکی ڕاست نیە" تێگەیشتم کە ئەو نامیلکەیەی رابەرایەتی پشت ڕاستی دەکاتەوە رەخنەی لێ ناگیرێت! لۆژیکی نامیلکەکە و پێگەی ئەوانەی واژۆیان کردووە کاتێک دەهێنمە لای یەک، پێکەنینم دێت، ناتوانم پێبکەنم.

محەممەد شەنەر لە ساڵی ١٩٨٤ رۆڵی هەبوو لە لەبەرکردنی یەکپۆشی بە بەندییەکان، ئەگەر دوای ئازاد بوون بڵێن کە بەم بەڵگانەوە سیخوڕە بڕوا دەکەم، بەڵام جگە لە درۆ هیچ بەڵگەیەکی تر نەبوو، نامیلکەکەم بردە لای خۆم، بیرم لەوە دەکردەوە کە بچمە لای ئەو تاقمەی کە لە ناویان بووم. ئەوەم بە خەیاڵدا هات کە لە شام رابەری مەزن گوتی کاتێک چوویتە بیقاع لەگەڵ ساکینە قسە بکە، بە دکتۆر بارانم گووت، بانگی ساکینەی کرد، چووینە ئەو باڵەخانەی لە بەرانبەر ژووری بەڕێوەبەرایەتی بوو، نەمدەزانی کە بەتەنها ئاخاوتنمان زۆر زۆر مەترسیدارە. ساکینە هاوڕێی زیندانم، هاوڕێیەک کە زۆرم خۆشدەوێت

www.arsivakurdi.org

و ڕێـزی لـێ دەگـرم بـەڵام لـە هەندێـک هەڵوێسـت بەدڵـم نەبـوو و ڕەخنـەم لـێ گرتـووە، لـە گرتووخانـە لەگەڵ حامیلـی یلدرم بوون بە دەسـتگیران، کاتێـک بڕیاری دەسـتگیرانییەکەیان پێـم گـووت زۆر خۆشـحاڵ بـووم و دەمویسـت ئەڵقەکانیان من بیکـڕم، هێشـتا ئەلقـەی دەسـتگیرانییەکەیان نەخسـتبووە پەنجـە بـە یاریـی فرت و فێڵەکانـی شـەنەر (ئـەو یارییانەی لە ئاپۆچـی بوونەوە سـەرچاوەی گرتبوو) حامیلی یلـدرم لـە ئەندامـی مەرکـەزی زیندانـی دیاربەکـر کەوێـنرا، ئێمـە تاقمێـک هـاوڕێ لـە زیندانـی دیاربەکـرەوە بـەرەو زیندانـی ئورفـا و دوورخراینـەوە، کاتێـک حامیلی لـە مەرکـەز دوور خرایـەوە سـاکینەش پەیوەنـدی لەگـەڵ دەپچڕێـت و هەڵوێسـتی لـە بەرانبـەر وەردەگرێـت، ئەمجـارە لەگـەڵ محەمـەد شـەنەر نیشـان دەکات، کاتێـک گوێـم لـێ بـوو لەگـەڵ حامیلـی پەیوەندییەکـەی پچڕانـدووە زۆر توڕەبووم، لەنامەیـەک کـە بـۆم نووسـی پێـم گوتبـوو: "لەبـەر ئـەوەی حامیلـی لـە مەرکـەز دوورخرایـەوە پەیوەندیـت پچڕانـد نازانیت کە ئەشـق و خۆشەویسـتی چییە، ئەگەر واز لـەو تێگەیشـتنەت نەهێنیـت بـەم زوانـە بەرپرسـێکی تـر دەدۆزیتـەوە." هـەر خـۆی سـاکینە دەمێکـە شـەنەری دۆزیوەتەوە.

سـاکینە، لـەو نامانـەی بـۆ مسـتەفا کاراسـووی دەنووسـی، زۆر ستایشـی محەمـەد شـەنەر و رابـەری مەزنـی دەکـرد و بـەرزی دەکردنەوە ئاسـمان، هەروەک ستایشـکردنی ئافرەتێـک، بـەڵام ئافرەتێکـی سـۆفی بـۆ خـودا. کاتێـک نامـەکان دەخوێنمـەوە رووخسـارم گـرژ دەبێـت و هەندێـک جـار تـوڕە دەبـووم، مسـتەفا کاراسـووش لەبـەر ئـەوەی شـەنەر و ئاپـۆی بـێ کـەم و کـوڕی دەبینێـت دەیگـوت "خـۆ تـۆ لـە جیهـان کەسـت بـە دڵ نییـە" سـاکینەم بانـگ کردبـوو تـا لەسـەر ئـەو بابەتـە رەخنـەی لـێ بگـرم، سـەیری رووخسـاری سـاکینەم کـرد؛ وای دەبینێـت کـە وشـک بـوو بێت، سـەرکوت کرابێت، گـرژ، وادەزانیـت کە لەژوورێک بێ ئۆکسـجین ماوەتـەوە، کێشـی دابەزیـوە، ئێسـک و پێسـت ماوەتەوە، شـوێنەوارێک لە سـاکینە بـە جـۆش و خـرۆش و خەباتکارەکـە دیارنەمـاوە، کەلەیەکـی رەق و تـەق دوو چـاو

www.arsivakurdi.org

کـە کەوتوونەتـە نێـو چـاڵ، لێوێکـی تەنـک و لوتێـک کـە وەک چەقۆیەکـی بچـوک وابـوو لـە ناوەڕاسـتی رووخسـاری چەقێندرابێـت، سـاکینە وای بەسـەر هاتبـوو. چاوەکانـی چاوەڕێـی هیوایەکـی لـە مـن دەکـرد، ئـاوام هەسـت پـێ کرد، سـەرەڕای ئەمـە رەخنەکانـم بـە ڕوویـدا گـوت، ئـەو بیرۆکانەی لە نامەکـە پێم گوتبـوو زیاتر و بـە وردتـرەوە پێـم گوت.

گوتـی "تـەواو مـن هەڵـەم هەیـە بـەڵام کارەکان وانیـن کەتـۆ دەیزانیـت" و گریـا، یەکـەم جـارە ببینـم کە بگریـت، ئەو کەسـەی لـە رەشـەبای زۆرداری زیندانی دیاربەکـر وەک مۆنۆمێنتێـک وەسـتابوو، ئـەو ئافرەتـەی هەرگیـز لەژێر ئەشـکەنجە نەگریـاوە، لێـرەدا بگریت سـەیرم پـێ دەهات. گوتم "بە سـۆز هەڵسـوکەوت مەکە، گەورەتریـن هەڵـەت ئـەوە بوو کـە لەبەر ئەوەی حامیلـی لە مەرکـەز دوورخرایەوە جێتهێشـت و نیشـان کرایـت بـۆ شـەنەر" گوتـی "کێشـەکە ئـەوە نییـە، تـازە دێیتـە ئێـرە ناتوانـم هیـچ شـتێکت بـۆ بـاس بکـەم، هەمـوو شـتێک خۆت بـژی و فێـر بە." جیابووینەوە.

هەمـوو گفتوگۆکەمـان ئەوەنـدە بـوو، دواتـر دەزانم کـە لە دژی رابـەری مەزن کۆبوونـەوەی دانانـەوەی تەڵـەم کـردووە لەگـەڵ سـاکینە، بۆچـی رابـەری مەزنمـان لـەوە دەترسـا کـە دوو کـەس بێنـە نزیـک یەکـتر و قسـەبکەن؟ بـڕوام نەدەکـرد کـە لەپارتیەکـەی ئێمـە شـتێکی وا ببێـت. بێگومـان دواتـر فێربـووم کە رابـەری مەزنمان زۆر تاوانـی گـەورەی ئەنجـام داوە و کەوتووەتە بارێکی دەروونی کە ببێتە کەسـێک لـە ئاشـکرابوونی تاوانەکانی دەترسـێت.

دوای ئـەوەی لەگـەڵ هاوڕێکانی تاقمەکەم یەکتر دەناسـین تـەواوی ناملیکەکە دەخوێنمـەوە، خـۆم بـە خۆم دەڵێم لە سـەدا هەشـتای درۆیە، بڕوا بـە نووسراوەکان ناکـەم، چونکـە باشـترین کـەس کـە زینـدان بناسـێت منـم نـەوەک ئەوانـەی ناملیکەکەیـان نووسـیوە، کاتێـک محەمـەد شـەنەر بەرەنـگاری دەکـرد زۆربـەی ئەوانـەی کـە ناملیکەکیـان نووسـیوە لـە ئەشـکەنجەکارەکان دەپارانـەوە، دەمگـوت

www.arsivakurdi.org

ئەگەر یەکێک لە پێشووترەوە سیخوڕ بووبێت سێ ساڵ دار، قامچی و لێدانەکانی دیاربەکری پێناکەوێت، یەکێک لە پێشووترەوە سیخوڕ بووبێت ٤٤ ڕۆژ بەرگەی مانگرتن ناگرێت، زۆر دواتر تێگەیشتم کە مێژوویەک هەیە دەیانەوێت بیشێوێنن. ئەوانەی مێژوویان نووسییەوە لەلایەن ئەوانەوە کە مێژوویان شێواند دادگایی دەکران، ئەو ڕاستیانەی من لە ناوی دەژیام لێرەدا ڕاستی نەبوون.

لێرەدا دەگوترا ٢+٢=٤ نییە، دەکاتە ٥، ئەوانەی لە زیندان خۆیان بە دەستەوە دەدا و دانپێنەرەکان و چەند کەسانێک کە ناچاری ماستاوگرتنەوە بوون بۆ دیکتاتۆرێک، لە شوێنێکی پیرۆزی وەک ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز، نامیلکەیەکیان نووسیوە، ڕابەری مەزنمان پشت ڕاستی کردووەتەوە، ئەوەیە ڕاستی یاخود ئەوەی من تێیدا ژیام و بینیم؟ بێگومان ڕابەرایەتی چی بڵێت ئەوە ڕاستە! چونکە ڕابەرایەتی دەزگایەکە و نوێنەرایەتی نەتەوەیەک دەکات، ئەو نەتەوەیە بە هەڵەدا ناچێت، هەموو نەتەوە درۆ ناکات، ئایدیۆلۆژیای فەرمی وا دەفەرموێت. دەست دەکەم بە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانی تاقمەکەم، هەندێک هەن تازە هاتوونەتە نێو خەبات، هەندێک چەند ساڵێکە، هەندێک لە ئەوروپاوە هاتوون، هەندێکیش لە کوردستان و شارە جیاوازەکانی تورکیاوە هاتوون، هەمووی کاتێک باس لە ڕابەرایەتی دەکات وەک ئەوە وایە باس لە خودا بکات، سەیری پرۆگرامی وانەکان دەکەم هەر لە سەرەتا تاکو کۆتایی سەبارەت بە ڕابەرایەتییە، ژیانی ڕابەرایەتی،ڕابەرایەتیی ستراتیژی و تاکتیکی، شێوازی کارکردن و هاوێشتنی ڕابەرایەتیی، ئەو لەناوبەرییەی لەدژی ڕابەرایەتیی لە پەرەسەندندایە، مێژووی پارتی (ئەو وانەیە چیرۆکی ژیانی ڕابەرایەتییە) شیکردنەوەکانی ڕابەرایەتیی کانوونی دووەم، مارت، نیسان، مایس، حوزەیران، تەمموز، ئاب، ئەیلوول، تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، شیکردنەوەکانی

کانونـی یەکـەم و شـیکردنەوەکانی ٨٦،٨٧،٨٨،٨٩،٩٠ی ڕابەرایەتیـی[٢].

ئێمـە ئەوانـەی لەزینـدان دەرچوویـن لـەوە بێگانەیـن، یانـی لـە ڕابەرایەتییەکی وا بێگانەیـن، ئەوانـەی لـە دەرەوەش لەو پارتیـە بێگانەن، چونکـە کاتێك دەگوترێت پارتـی ئـەوان ڕابەرایەتیـی (ئاپـۆ) تێدەگـەن، چونکـە ئاوا لـەوان گەیەنـراوە، ئێمەش کاتێـك دەگوترێـت ڕابەرایەتیـی پارتـی دێـت بەمێشـکمان گەریلایـەك دەڵێـت: (ئـەو هاوڕێیانـەی لـە زینـدان دەرچـوون شـێوازی ژیانیـان لەشـێوازی ژیانـی پارتـی ناچێـت). گوتـم: (چـۆن لێـی ناچێـت، دەتوانـی کەمێـك روونـی بکەیتـەوە؟) گوتـی: (بـۆ نموونـە نزیکبوونەوەیـان لـە ڕابەرایەتیـی زۆر خراپـە). گوتـم: (چـۆن نزیـك دەبنـەوە؟). دەڵێـت: (هـەروەك بڵێیـت ڕابەرایەتیـی هاوڕێیـان بێـت ئـاوا لەبەرانبـەری قسـە دەکـەن، کاتێـك قسـە دەکـەن دەسـت و قۆڵیـان دەجووڵێـت، کاتێـك ڕابەرایەتیـی لەوانـەدا ئـەوان هەڵدەسـتێنێت بـێ ئـەوەی پێیـان بگوترێـت (دانیشـە) دادەنیشـن، لای ڕابەرایەتیـی زۆر قسـە دەکـەن، هەندێـك هەڵدەسـتن بە گفتوگۆکـردن لەگەڵـی، ئـەوە ئسـلووبی پەکەکـە نییـە، ئـەوە ئسـلووبی دوژمنـە). بەڵـێ زۆربـاش لەوتەکانـی دەگـەم، بەناخمـدا دێـت کـە بڵێـم بـە هەڵـە شـۆڕش و پارتیایەتـی لـە ئێـوە گەیەنـدراوە. هەڤـاڵ عەبدوڵـڵا هاوڕێـی ئێمەیـە، جوڵـە بـە دەسـت و قـۆڵ کردن قسـەکردن، هێـز دەکات، تەنانـەت هەڤاڵ عەبدوڵڵاش کاتێك قسـە دەکات ئـەی جووڵـە بـە دەسـت و قۆڵـی نـاکات، تەنانـەت چـاو و برۆشـی ناجووڵێنێـت؟ ئـەوەی بـۆ ئـەو ئاساییە بۆچی بـۆ ئێمـە قەدەغەیە؟ کاتێـك مرۆڤێك بـۆ وانـە هەڵدەسـەنگێدرێت دوای ئـەوەی وتـەی پێویسـتی گـوت، کێشـە نییـە لـە دانیشـتنەکەی، تەنانـەت پێویسـت بـە هەڵسـانی نـاکات، بۆچی خراپ بێـت کاتێك

٢ لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز هەر خولێکی واتە نزیکەی ٣ مانگی دەخایاند، دوو مانگ و نیو لەوێ سێ مانگە یا ئەوەتا کۆمیسیۆنی وانەکان ئاپۆ و کردەوەکانی ئاپۆیان باس دەکرد، یا ئەوەتا ئاپۆ خۆی باسی خۆی دەکرد، ١٥ رۆژیش بەشێوازێکی زۆر لەبەرچاو گەورەکراو هەندێك میکانیزمی تفەنگی سووك و بەکارهێنانی هەندێك جۆری تەقەمەنی سادە فێر دەکردرێت، مەشقی سەربازی لاوەکی بوو. ئامانجی راستەقینە قوتابیەکان ئاپۆ بناسن و بیپەرستن.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org



گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵلا بکەین، یاخود لەبەردەمی قسە بکەین؟ کاتێك هەڤاڵ عەبدوڵڵا چەندین ڕۆژ قسە دەکات باشە و کاتێك کەسێکی لەزیندان گەڕاوە قسە بکات بۆ ئسلووبی دوژمن بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەست بە ناپێویستی قسەکانم دەکەم بێدەنگ دەبم.

ئایدیۆلۆژیای فەرمی وای فەرمووە و فەرمموودە گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، خودا دەفەرمووێت و بەندە دەڵێت (ئامین، ڕابەرایەتیی قسە دەکات و ماستاوچی گوێ دەگرێت، ئەوەی ماستاوچی لەبەرانبەر ڕابەرایەتیی دەیکات ئەمانەن: وەك پەیکەر ڕابوەستێت، پێویستە بەهەموو وتەکانی بڵێت: (بەڵێ سەرۆکم، ڕاستە سەرۆکم، وایە سەرۆکم، هێز لە ئایەتەکانت وەردەگرم سەرۆك....). ئا ئەوەیە ئسلووبی ڕابەرایەتیی. یەکێك کە لە ئەورووپاوە هاتۆوەتە ئەکادیمیا، بە یەکێك کە لەزیندان ئازادبووە دەڵێت : (ئسلووبی تەواونییە، هاوڕێیان تەنانەت کاتێك لە ئەورووپاوە لەگەڵ ڕابەرایەتیی قسە دەکەن دەچنە حاڵی ئامادەییەوە، هەڤاڵ ساکینە سەرەڕای ئەوەی ٢٠ ساڵە لەناو پەکەکەیە، هەروەك بڵێیت لەگەڵ هاوڕێیەکی قسە بکات، دەست و قۆڵی دەجووڵێنێت و لەگەڵ ڕابەرایەتیی گفتوگۆ دەکات).

ئەو ساکینەیەی لە دادگا سەربازییەکانی دیاربەکر لەسەر کورسی تۆمەتبار پارێزگاری سیاسی دێنمە بەرچاوم، لەوێشدا ئەشکەنجەدەرەکان جووڵاندنی دەست و قاچیان قەدەغە کردبوو، ساکینە گوێی بە قەدەغەکان نەدابوو و وتەکانی بە پەنجەکان و مستەکانی بەهێز کردبوو، ڕۆژێك دواتر لەگەڵ فەیسەڵ دونلایجی لەتەك باڵەخانەی بەڕێوەبەڕایەتی ئەکادیمیا بینیم. لەزیندانی دیاربەکر بەیەکەوە بەندکرابووین، لەساڵی ١٩٨٠ کاتێك هێشتا ئەشکەنجە دەستی پێ نەکردبوو لەیەك قاوش بووین، کاتێك دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانمان، بە ئامانجی پرۆتستۆکردن هەموومان بەیەکەوە مانمان گرت لە خۆراك، دوای دوو ڕۆژ ئەشکەنجەدەرەکان هەڵیانکوتا سەر قاوشەکەمان،

www.arsivakurdi.org

ئێمەیـان دەبـرد بـۆ هەواگۆڕیـن و لێمانیـان دەداو بـەزۆری هەڵوایـان دەرخـوارد دەدایـن.

فەیسـەڵ دونلایجـی بـۆ ئـەوەی لێـدان نەخـوات گوتـی مـن مانـم نەگرتـووە، ئەویـان نەبـردە دەرەوە، لـە قاوشـەکە هـەر هەمـوو لێدانمـان خـواردو نزیکـی ئـەو نەکەوتنـەوە، دواتـر بەویسـتی خـۆی خـۆی دا بەدەسـتەوە، نیمچـە دانپیانێکی کرد، پارێـزگاری سیاسـی نەکـرد، خاوەنداریێتـی لـە پارتـی نەکـرد (جگەلـە کۆمەڵییـەکان) بەشـداری هیـچ خەباتیکی نەکـردووە، فەیسـەڵ دونلایجی، نـاوە نهێنییەکەی (کانی یلـماز) ئێسـتا راوێـژکاری ڕابەری مەزنمانە، نوێنەری لوبنان و بەرپرسـی بەڕێوەبردنی ئەکادیمیـا، کانـی مـن زۆر باش دەناسـێت، سـەرەڕای دانپێنانی، پارێـزگاری نەکردن، بەڕەنـگار نەبوونـەوە پەیوەندیـمان بـاش بـوو، ئـا ئـەو کانـی یلـماز یاخود فەیسـەڵ دونلایجییـە بەمنـی دەگـوت: (هەڤـاڵ سـەلیم بەزووتریـن کات ئسـلووبت چـا بکـەوە). دەیگـوت: (مەڵـێ هەڤـاڵ عەبدوڵـلا، ئەوە ئسـلووبێکی بێگانەیـە بۆ ئێمە، ڕابەرایەتیـی پارتیـت لـە نزیکەوە نەناسـیوە، لەکوردسـتان بەڕاسـتی ڕابەرایەتییەکی مـەزن لەدایـك بـووە! ئـەو تەنیـا ڕابـەری پەکەکـە نییـە، ئـەو دەسـتەواژەیە بـەس نییـە، ڕابـەری نەتەوەییـە، لەڕاسـتیدا لـەوەش زیاتـرە ئـەو نوێنەرایەتـی هەمـوو مرۆڤایەتـی دەکات! وا پێویسـتە کـە ڕابەرایەتیـی وا هەڵسـەنگێنیت و بەپێـی ئـەوە هەڵسـوکەوت بکەیـن. تـۆ بـاش دەناسـم، بەڕاسـتی ڕێـزت لێدەگـرم، لەبـەر ئـەو ڕێچکانـەی کـە لەزینـدان گرتوومەتـە بـەر نەفـرەت لـە خـۆم دەکـەم). بـەم جـۆرە یەکـەم وانـەی ڕابەرایەتیـم لـە فەیسـەڵی هاوڕێم وەرگرت کـە لەزیندانـی دیاربەکر هەوڵیـدەدا بەستایشـەکانی، مسـتەفا کەمـال بباتـە ئاسـمان.

ڕووبـەڕووی نەسـیم کلـچ دەبمـەوە، لەسـەردەمی کودەتـای ١٢ی ئەیلـوول، ئەندامـی کۆمیتـەی مەرکـەزی بـووەو دەسـتگیر کـراوە، دوای یازدە سـاڵ لەزیندانی دیاربەکـر و چەندیـن زیندانـی تـر ئازادکـراوە، هاتـووەتـە ئەکادیمیـا. لەزینـدان لەگـەڵ نەسـیم هاوڕێـی نزیـك بوویـن. ئەویـش وەك مـن حـەز لـە گاڵتەوگـەپ

www.arsivakurdi.org

دەکات، هاوڕێیەکی قسە لەڕوو و دڵفراوان بوو، لەبەر ئەوەی بەر لەمن هاتووەتە ئەکادیمیا کاتێك ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە لێم پرسی: (لێرە چی هەیە چی نییە؟) وەڵامی (بەیەك وشە وێرانە! ئێمە وەك دوژمن دەبینن هەڤاڵ، بەڕوونی و ئاشکرایی دەڵێت، ئێوە شەنەریین).

دوای ئەوەی لەگەڵ هەندێك هەڤاڵی تر قسەم کرد، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی ئێمەیان بە (شەنەری) لە قەڵەمداوە، واتا بەر لەوەی ئێمە بێین بۆ ئێرە ڕابەری مەزنمان کاری پێویستی کردووە، هەروەك ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەڵێت بنکەی دژبە ئێمەی دامەزراندووە. ئیدی تێگەیشتم کە خێزانم بۆ قسەم لەگەڵ ناکات، قوتابیەکان بۆچی وا بەساردی لەگەڵمان رەفتار دەکەن.

کەواتە من (شەنەریم) و هەواڵم نییە، بەڵام شەنەریبوون بەقەد ئاپۆچیبوون بەمەترسیدار دەبینم، سەرەڕای ئەوە خاوەن کەسایەتییەك نەبووم کە لەگەڵ شەنەر بگونجێم، بەڵام لەماوەیەکی کەم تێدەگەم کە شەنەر کێشەی کەسی نەبوو، کێشەی شێوەی ژیان و روانین بوو بۆ ڕووداوەکان. لە هەڵسەنگاندنەکان سەبارەت بە زیندان و ئەو ئامۆژگاریانەی بەندەکانی ڕابەری مەزنمان بە ئێمەیان دەدا هەموو شتێك بە روون و ئاشکرایی دیاردەکەوت، من بێ هیچ شك و گومانێك دڵنیابووم کە شەنەر سیخوڕ نەبوو.

ئەوانەی لەزیندان ملیان بۆ دوژمن کەچ نەکردووە، ساڵانێك بەرگەی گرت، لەژوورەوە رێکخراوی دامەزراندو بەرەو پێشی برد، لە دادگاکان پارێزگاری سیاسی کردووە، لە سەخترین دۆخدا لەدژی داگیرکەری تورك سەرکەوتنمان بەدەستهێنا لەوەی ببن بە دەنگی گڕی گەلی کورد. ببوون بە خاوەنی ناسنامەو کەسایەتییەك. ئەو کەسایەتییە هەرگیز لا نادات لەو ڕێگایەی بەڕاستی دەزانێت و بۆ داد، ماف، سەربەخۆیی، ئازادیی سەری لەڕێیە، هەرگیز مل بۆ زۆرداری، ستەمکاری، داگیرکەری، (لەناویشیاندا داگیرکەرەکەی شام) کەچ ناکات، کەسایەتییەك بوو کە تا مردن وابەستەی هەڤاڵەکانێتی.

www.arsivakurdi.org

ئـەو کەسـایەتییە کاتێـك دێتـە ئەو ژینگەیـەی ڕابـەری مـەزن خولْقاندوویەتی، واتـا کاتێـك دێتـە ئـەو شـوێنەی مرۆڤـی هاوشـێوەی لێ بەرهـەم دەهێنرێـت، خۆی بـە بەنـدە، کۆیلـەو ماسـتاوچی و ڕابـەری مەزنمـان بـە خـودا، سـوڵتان و ئەفەنـدی نابینێت. شـێوازی ژیان، هەڵسـوکەوت و قسـەکردنی ئەو کەسـایەتییە وەك شـێوازی ژیانـی کۆیلـەو بەنـدەو ماسـتاوچییەکان نییـە، شـێوازی ژیـان، هەڵسـوکەوت و ئاخاوتنـی کەسـێکی ئـازادو متمانـە بەخـۆو سـەربەرزە، ئـا ئـەو کەسـایەتییەی پێـی دەڵێـن شـەنەری و کەسـایەتیی زینـدان ئەمەیـە.

واتـا شـەنەر نەوەك کۆیلـە، بەڵکو وەك کەسـێکی ئازاد، هەڵسـوکەوتی کردووەو قسـەی کـردووەو لەبـەر ئـەوەی ڕابـەری مەزنـی وەك خـودا قبـوڵ نەکـردووە، بۆیە تۆمەتـی سـیخوڕی دراوەتـە پـاڵ. بەڵـێ، ئیـدی وەك نـاوی خـۆم ئـەوە دەزانـم کـە ئەگـەر وەك ماسـتاوچی نەبـم و ڕابـەری مـەزن بەخـودا قبـوڵ نەکـەم بەسـیخوڕ لەقەڵـەم دەدرێـم و دەکوژرێـم. ئـەم دۆخـە، جگـە لـە سیاسـەتی کوشـتن و لەناوبردنـی کەسـایەتیی کـوردی خەباتکارو شۆڕشـگێڕو ئازادیی و سـەربەخۆییخواز بەدەسـتی کوردێکـی داگیرکـەری سـووریا زیاتـر نەبـوو.

ژمـارەی ئەوانـەی لـە زینـدان ئازادبـوون و هاتبوونـە ئەکادیمیـا لـە ٤٠ کەسـی تێپـەڕ کردبـوو، لەوانـە حەوت هەشـتێك خەباتکاربوون ئەوانیتر هەمـووی لەزیندان بـێ قەیـدو شـەرت ملیـان کەچکردبـوو و هـەر شـتێکی ئەفسـەرو سـەربازیی تورك دەیانفەرمـوو دەیانگـوت (فەرمانتـە گەورەم) و جـێ بەجێیان دەکرد. سـاڵێك وانەی بەندایەتـی و کۆیلایەتـی و ماسـتاوچێتیان دیوە، کەسـایەتیی و کەڕامەتیـان خوراوە، فەزیلەتـی مرۆڤایەتییـان لەنێـو دیوارەکانـی زینـدان جێهێشـتووەو هاتبـوون کاتێك هاتـن نێوچاوانیـان پـاك و سـەربەز نەبوون، متمانەیـان بەخۆیان نەبـوو، میکانیزمی بەرخۆدانیان شـکابوو.

مەجیـد گومـرش، فەیسـەڵ دونلایجـی، فـەوزی یۆنـدەن، مسـتەفا گۆچمـەن، عەلـی ئاکسـۆی، کەسـانێك بـوون کـە لەزینـدان خۆیـان دابـوو بەدەسـت دوژمـن،

www.arsivakurdi.org

دانیـان بەهەمـوو شـتێك نابـوو، بەشـداری هیـچ بەرخودانێکیـان نەکردبـوو، ئەوانە لێـرەدا باشـترین سـەربازانی ئەکادیمیـان، هـەرە نزیکەکانـی ڕابـەری مـەزن و فەرماندەکانـی ئەکادیمیـا بـوون. ڕابـەری مـەزن تەنانـەت یـەك ڕەخنـەی لەمانـە نەبـوو، چونکـە شـێوازی ژیانیـان و ئـسلووبیان بـەو جۆرەبـوو کـە ڕابـەری مـەزن دەیەوێـت و لـە ئەکادیمیـا ئەرکـی دووزمانیکەریـان بەچاکـی رادەپەڕانـد.

ئـەو شـکلانەی کـە ١٢ی ئەیلـوول و نەقیـب ئەسـەد ئۆکتـای بـە بەنـدەی کردن و کەسـایەتییانی لەناوبـرد، کاتێـك هاتنـە ئـەو کەشـەی ڕابەری مـەزن خوڵقاندبووی هەسـتیان بـە غەریبـی نەکـرد و زۆرییان نەچەشـت، چونکـە گۆڕانکارییەکـی ئەوتۆ لەژیانیـان ڕووی نەدابـوو، تەنیـا ئەفەندییەکـە گۆڕابـوو، ئەوەی لەزینـدان دەیانکرد لێـرە دووبارەیـان دەکـردەوە ئەوە هەڵوێسـتەی لـەوێ نواندیان لێـرەش دەیاننواندو ڕابـەری مەزنیـان زۆر ئاسـوودە دەکـرد. ڕابـەری مـەزن بـە دوای بەندەی سەرشـۆڕو ملخـوارو بەهەمـوو فەرموودەیـەك (فەرمانتـە) گوتدا دەگـەڕا. ڕابـەری مەزنمان ئەو کەسـایەتییەی کـە نەقیـب ئەسـەد لەزیندانـی دیاربەکـر خوڵقاندبـووی زۆری بەدڵ بـوو. ئەوانـەی نەقیـب ئەسـەد نەیتوانـی بـوو ملیـان پـێ کـەچ بـکات و ناچاربـوو ناوچاوانیـان مـاچ بـکات، سـەربەخۆییخواز و ئازادییخوازبوون.

ڕابـەری مـەزن ڕقـی لێیان بوو و دەیکوشـتن، چونکە ئەسـەدێکی تر لـەدوای بوو وای فەرمـان پێ دەکرد.

ئەوانـەی لـە ئەکادیمیـای مەعسـوم کۆرکماز ئـسلووبی ژیانیـان ناتەواوبوو وەك مـن، سـاکینە جانسـز، مسـتەفا گەزگۆر[٣] فەرمـان گوللو، زەکی یلماز، جاهیدە شـەنەر و نەسـیم کلچ بووین. کێشـە بووین، خۆمان بەسەرکەشـی ڕابەرایەتیی سـەپاندبوو، بەپێـی وتـەی ڕابـەری مەزنمـان (لەقالبدانێکـی ڕابەرایەتیـی دووەم بوویـن)، ئەوانـە بـوو هەڵسـەنگاندنیان بۆمـان. لەبـەر ئـەوەی وا هەڵدەسـەنگێندرایت ئەوانـەی

٣ مستەفا گەزگۆر لە مانگەکانی پاییزی ١٩٩٢ کاتێك لەشارۆچکەی پرسوس لەگەڵ حەوت هاوڕێی لە ماڵێك دەمانەوە، سوپای تورك چواردەوری ماڵەکەی گەمارۆداو تا دوایین فیشەك بەرگرییان کرد و دواتر شەهیدبوون.

www.arsivakurdi.org

لەزینـدان دانیـان بەهەمـوو شـتێکدا دەنـاو خۆیـان دەدا بەدەسـتی دەوڵـەت، فشـاریان دەخسـتە سـەرمان، هـەروەك چـۆن لـە زیندانـدا لەبـەر خەباتگێڕیـمان ڕقیـان لێـمان دەبوویـەوە، لێـرەش ڕقیـان لێـمان بـووەوە ئـەو ئەرکـەی لـە زینـدان پێیـان سـپێردرابوو لێـرەش ڕایاندەپەڕانـد. لەوێ بە پشـت بەسـتن بە نەقیب ئەسـەد هەوڵـی بـە بەندەکردنـی ئێمەیـان دابـوو، لێرە بە پشـت بەسـتن بە ڕابـەری مەزنمان کـە درێژبـووەوەی ئەکادیمیـای ئەسـەدێکی تـرە هەوڵیـان دەدا بمانکەنـە بەنـدە.

بۆمـن هیـچ جیاوازی نەبـوو لەنێـوان هـەردوو ئەسـەد، ئامانـج، ڕێـگاو تاکتیکەکانیـان هەمـان شـت بـوون، دروسـتکردنی کـوردی کۆیلـە، زیادکردنـی و بەکارهێنانـی بـوو. ئـەوەی سـەربەخۆ بیـر بکاتەوەو کەسـایەتیی ئازادیـی هەبێت و کـوردی خـاوەن کەسـایەتیی بێـت لەناوببردرێـت. لەبەرانبەر ئەسـەدی یەکـەم زۆرم خەبـات کـرد، بـەڵام رووخسـاری ئەسـەدی دووەم بەکوردێـك داپۆشرابـوو و کـەس ئەمـەی نەدەدیـت، ئـەوەش دۆخـی خەباتـی ئاشـکرای نەدەهێشـت.

ڕۆژێـك لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەکادیمیـا کاتێـك بەرپەرچـی وتەیەکـی مەجیـد گوموشـی فەرمانـدەم داوە، بەمنـی گـوت:(ئـاگاداری قسـەکردنت بـە، ئێـرە زینـدان نییـە، ئەکادیمیایە، سـزا هەیە ها!). ددانپێنەری زیندان لـە ئەکادیمیا بەزیندانیکردن هەڕەشـەی لـە مـن دەکـرد، ئـەوکات تێگەیشـتم ئێـرە ئەکادیمیایەکـی شۆڕشـگێڕی نییـە، دۆڵێکـە کـە شـێرەکان بـە چەقەڵـەکان دەخنکێنرێـن، بەرگـەم نەگـرت و بـە مەجیـد گومـوش دەڵێـم (چـاوت دەرێ)، رووخسـاری سـوور هەڵدەگەڕێـت و دەڕوات، دواتـر تێدەگـەم کـە بەمەجیـد گومـوش (چـاوت دەرێ) بـە مانـای ئەوەیە کـە بـە ڕابەرایەتیـی ئەکادیمیـا گوترابێـت، و بـەو پێیـە بـە ڕابـەری مـەزن (چـاوت دەرێ) گوتنـە. دۆسـیەکەم ئەسـتوور دەبێـت، ئـەوەی لـە شـۆڕش هەڵدێـت و لـە زینـدان خـۆ بەدەسـتدەدات دەبێتـە نوێنـەری بەڕێوەبەرایەتـی ئەکادیمیـاو ڕابەرایەتیـی، منیـش دەبـم بـە دژی بەڕێوەبەرایەتـی و ڕابەرایەتیـی.

باسـکردنی ئەوانـەی لـە ئەکادیمیـا ببـوون بـە کێشـە بەکورتـی سـوودی

www.arsivakurdi.org

دەبێت، ساکینە جانسز لەساڵی ١٩٧٥ هەواداری بۆ پەکەکە دروست بوو، دوای ماوەیەکی کەم بە پرۆفێشناڵانە دەستی کرد بە کارکردن، لە کۆنگرەی یەکەمی پەکەکە کە لەساڵی ١٩٧٨ لە گوندی فیس ئەنجامدرا بەشداری کرد. لەساڵی ١٩٧٩ لە خارپێت دەستبەسەرکرا، لەناو ئەوانەی لەگەڵ ساکینە دەست بەسەرکران ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی تێدابوو، سەرەڕای دانپێنانی زۆربەیان، ساکینە توانی بێدەنگ بمێنێتەوە. لەساڵی ١٩٨٢ لە زیندانی مالاتیا بە تەنیا توانی لەزیندان رابکات، لەبەر ئەوەی لە دەرەوە کەسی دەست نەکەوت، یارمەتی بدات دووبارە دەستگیرکرایەوەو دوای ماوەیەك نێردرا بۆ زیندانی دیاربەکر. بەشداری هەموو خەباتەکانی ناو زیندانی دیاربەکری کرد، نموونەی ئافرەتی کوردە لە مێژووی کوردستاندا کە لەپارێزگارییەکی لەخۆی ٣٠٠ لاپەڕەی تێپەڕ کردووە. ئەوەی سەلماندوە کە لە قارەمانی نەتەوەیی ئافرەتی فەڕەنسییەکان ژان دارك و ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ کەمتر نییە.

مستەفا گەزگۆر: دوای ١٩٧٥ هەموو ژیانی بۆ خەباتی نەتەوەیی کوردستان تەرخان کردووە، بەر لە دەستگیرکردنی بەشداری چەندین چالاکی چەکداری کردووە، کاتێك دەستگیر کرا لەو زیندانانەی تێیدا بەندکرابوو لەدژی خۆبەدەستەوەدانی بەندییەکان بوو و بە تەنیا ساڵانێك بەرگەی گرتبوو. لەزیندان بەشداری لە هەموو مانگرتن لەخۆراك و مانگرتنەکانی تامردنی کردووە. لەلێدانی تونێل لەژێر بەندیخانەی دیاربەکر بەهرەیەکی باوەڕپێنەکراوی نیشاندا، مێژوونووس، شاعیر و نووسەر بوو، لەبەر ئەوەی لەژێر تۆمەتی (دژی پارتیە!) بوو، تاکە ئاواتی بەزووترین کات شەڕکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای تورك بوو بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو تۆمەتە، لە کۆتاییدا لەساڵی ١٩٩٢ ئەو ئارەزووەی هێنایەدی.

فەرمان گوللو: لەساڵی ١٩٧٥ بەشداری خەباتی نەتەوەیی کوردستانی کرد، لەساڵی ١٩٧٨ پرۆفێشناڵانە کاری کرد، خاوەن کەسایەتییەکی فیداکار، ئازا،

www.arsivakurdi.org

بەدیسپلین و خەباتکاربوو، ١٢ ساڵ لە بەندیخانە جیاجیاکان ماوە، ئەویش وەك مستەفا گەزگۆر لەو زیندانانەی هەمووان ملیان کەچ دەکرد، ئەو بە تەنیا بەرگری دەکرد، ملی کەچ نەکرد، ئەو یاسایانەی دەسەپێنران جێبەجێی نەکردن، توانی ئاڵای پارتی لە بورجی قەڵاکانی زۆرداری بشەکێنێتەوە، دەتوانین بڵێین کە تۆنێلی بەندیخانەی عەنتەبی بە تەنیا لێدا. لە ئەکادیمیا هەڵسەنگاندنی وەك (نایەوێت بچێتە شەڕ، بەدرۆ خۆی نەخۆش دەخات، کەسایەتیی بەندیخانەیە، کەسێکی خنکێنەرە، مێشك زازییە)ی بۆ دەکرا.

گەدەی فراوان ببوو، بەردەوام دەڕشایەوە، چارەسەری بۆ نەکرا، جێهێڵدرا بۆ مردن، بەناچاری بۆ چالاکییەکانی ناوشار چوو و لە ئیستانبوڵ دەستگیر کرا، دووبارە لای پۆلیس بێدەنگی هەڵبژارد.

زەکی یلماز: سەرەڕای ئەوەی کە لاز بوو، لەساڵی ١٩٧٥ هاتە ناو ڕیزەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، خێزانەکەی و مامۆستایەتییەکەی و وڵاتەکەی جێهێشت، لە زۆر چالاکی چەکداری بەشداربووە. لەساڵی ١٩٨٠ دەستگیر کرا، لەزیندانی دیاربەکر لەریزی پێشەوەی بەرگریکاران شوێنی گرتبوو، سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا، تا ئازادبوو ملی بۆ دەوڵەت کەچ نەکرد، کاتێك هاتە ئەکادیمیا خرایە ریزی دواوەو بێدەنگ کرا، دواتر بە ڕێنمایی ئاپۆ لە شاخ دەستگیر کراو بە لەسێدارەدان حوکمی دادگای بۆ دەرکرا، دواییەکەی نازانرێت.

نەسیم کلچ: لەماوەی کودەتای ١٢ی ئەیلوول ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی بوو، کاتێك ئاپۆ ڕایکردە دەرەوە، ئەو لە مەرکەزی ناوخۆ ئەرکی پێ سپێردرابوو، لە ماردین دەستگیر کرا، لە پۆلیسدا هەڵوێستێکی باشی نواند. ئەوە بیانوویەکی بەس بوو تا ببێتە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی پێشوو و لەناوببردرێت، لە بەرانبەر ئەو نزیکبوونەوەی لە ئەکادیمیا بینی گوتبووی: (دەمەوێ وەك وڵاتپەروەرێك بمێنمەوە).

جاهیدە شەنەر: جاهیدە تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەوتۆی نەبووو لەبەر

www.arsivakurdi.org

ئـەوەی لەگـەڵ سـاکینە جانسـز لەزینـدان بـوو لـەلای ڕای گشـتی نـاسرا، دووچـاری تورەیـی ئاپـۆ بـووەوە، دوای ماوەیەکـی زۆر لـەوەی لـە ئەکادیمیـا ڕۆیشـت (ڕزگاربوونـی) لەخـۆ بەدەسـتەوەدان بـە پۆلیسـی تـورك دۆزییـەوە.

ئەوانـەی لەسـەرەوە بەکورتـی باسـم کـردن و مـن لـە ئەکادیمیـا چەنـدە لـە شـۆڕش دوور و دژی پارتـی بوویـن، ددانپێنـەرو خۆبەدەسـتەوەدەرەکانی زینـدان مەجیـد گومـوش، فـەوزی یۆنـدەم، مسـتەفا گۆجچمـەن، عەلی ئاکسـۆی، فەیسـەڵ دۆنلدیجـی، بـەو رادەیـە شۆڕشـگێڕ و لـە ڕابەرایەتیـی نزیـك بـوون.

ڕابـەری مەزنـان لەبـەر ئـەوەی لەنـاو ئەوانـەدا زۆر متمانـەی بـە مەجیـد گومـوش هەبـوو، وەك ڕێکخـەر ناردیـە ناوچـەی GAP (باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ)، مەجیـد پێنـج شـەش مانـگ دوای ئەوەی چـووە ناوچەی گاپ دەسـتگیر کـرا، هەمـوو ئـەو زانیارانـەی دەیزانین بە پۆلیسـی گـوت، هەموو ئەوانـەی لەگەڵی لـە پەیوەندیدابـوون بەگرتنـی دا، سـەدەها کەسـی ناردە ژێـر ئەشـکەنجە، ناوچەی گاپـی لەناوبـرد، و لـەو بەرنامـە تەلەفزیۆنییـەی پۆلیـس پەخشـی دەکـرد، ددانـی بەهەمـوو شـتێك نـا، دوای دەسـتگیرکردن و چوونـە بەندینخانـە خودڕەخنەیەکـی نووسـی و بـوو بـە یەك لـە نوێنـەرە دەستبەسـەرەکان.

فەیسـەڵ دونلایجـی: کاتێـك بەرپرسـی لوبنـان بـوو، بەپێـی ڕێنمایـی ڕابـەری مەزنـان لەگـەڵ قارەمانـی گرتووخانـە مسـتەفا کاراسـوو بەیەکـەوە نێـردران بـۆ ئەورووپـا، فەیسـەڵ واتـا کانـی یلـماز بـوو بـە ڕێکخـەری ئەورووپـا و وتەبێـژی ڕابـەری مەزنـان، مسـتەفا کاراسـووش خڕایـە ژێـر کۆنترۆڵـی ئـەوەوە.

فـەوزی یۆنـدەم و مسـتەفا گۆجمـەن: وەك بەرپرسـی عەنتاب و پرسـووس دووبـارە نێردرانـەوە وڵات، فـەوزی یۆنـدەم کاتێـك دەسـتگیر کـرا هـەروەك پێشـوو دووبـارە ددانـی نـا بـە شـتەکان، ئـەو زانیاریانـەی پۆلیـس هەرگیـز نەیدەزانـی پێیانیـدا، دانپێنانەکانـی لـە ڕۆژنامـەکان بڵاوکرانـەوە، ماوەیـەك لەگـەڵ پۆلیـس کاریکـرد، کاتێـك خڕایـە زیندانـی دیاربەکـر ئەویـش خودڕەخنەیەکـی نووسـی و

www.arsivakurdi.org

دواتـر بـۆ دەرخواردانـی ڕێچکـەی ڕابـەری مەزنمان بـە بەندییەکانی دەسـتی کرد بە پەروەردەکردنـی گیـراوەکان.

عەلـی ئاکسـۆی: لـە بەهـاری ١٩٩٢ لـە ناوچـەی ماردیـن لـە شـوێنی فەیسـەڵ کـورت کـە وەك ڕێکخـەری ناوچەکـە دەستنیشـان کـرا، لـە ئەکادیمیا، یاخـود بەپێی تێگەیشـتنی ڕابـەری مەزنمـان یـەك پێوانـە هەبوو بۆ شۆڕشـگێڕی، ملکەچـی کردنی بـێ قەیـدو شـەرت بـۆ ڕابـەری مەزنمـان، بینینـی ئـەو وەك خودایـەك، ئێمـە لەبـەر ئـەوەی بـەوە رازی نەبوویـن و یاخود نەماندەویسـت وابین وەك (شـەیتان) بینراین، ئێمـە لـە ئەکادیمیـا هـەر یەکێکـمان شـەیتانێك بوویـن، بەتایبەتی من و سـاکینە بە تـەواوی وەك شـەیتان هەڵدەسـەنگێندراین.

لـە ئەکادیمیـا هەمـوو ئەو ستایشـانەی لە ئایینی ئیسـلامدا بۆ خـودا بەکاردێت، بـۆ ڕابـەری مەزنمـان و هەمـوو ئـەو داشـۆرینانەی کـە بـۆ شـەیتان دەکـرا بـۆ من و سـاکینە دەکـرا. ڕابەرایەتیـی بنیاتنەرو ئێمـە ڕووخێنەر، ڕابەرایەتیی ڕێکی دەخسـت ئێمـە تێکـمان دەدا، ڕابەرایەتیـی دیسـپلینی دادەهێنـاو ئێمـە دەمـان کـرد بـە بەڕەڵایـی. ڕابەرایەتیـی شـەڕکەر و ئێمـە وەسـتێنەری شـەڕ بوویـن!

ئـەم کلتـوورەی ئێـرە هەمـان کلتـووری خـوداو شـەیتانی ئاییـنی ئیسـلامە، لۆژیـك هەمـان لۆژیـك، ئـەو حاجیانـەی بـۆ حەجکـردن دەچنـە سـعودیە، کاتێـك دەچـن بـۆ بەردگرتنـە شـەیتان، بڕوایـان وایـە کـە چەنـدە بـەرد لـە شـەیتان بـدەن ئەوەنـدە خێریـان بـۆ دەنووسرێـت، لـە دۆڵـی بیقاعیش چەنـدە هێرش بکەنە سـەر مـن و سـاکینە، ئەوەنـدەی تـر لـە ڕابـەری مەزنمـان نزیکـتر دەبوونـەوە، ئەوانـە بێ زیادەڕۆیـی دەنووسـم، ئەگـەر سـەیری ئایەتەکانـی تەممـووز و ئابـی ١٩٩٢ بکرێت دەردەکەوێـت کـە ئەوانـەی دەیانڵێـم چەنـدە ڕاسـتن.

یەکـەم وانـە کـە لـە ئەکادیمیـا بەشـداربووم تێیـدا، وانەی (کێشـەی ئافـرەت لە کوردسـتان و خێـزان) بـوو. ڕابـەری مەزنمـان لەبـەر ئـەوەی گرنگییەکـی زۆری بـەو بابەتـە دەدا، ژمارەیەکـی زۆر ئایەتـی بـۆ دابەزاندبـوو، ئـەو هەڤاڵـەی وانەکـەی

www.arsivakurdi.org

دەگوتەوە بەردەوام ئایەتەکانی دووبارە دەکردەوە: (خێزان دەزگایەکی سیخوڕییە، هاوسەرگیری راکردنە لە خەبات و سیخوڕییە، هاوسەرگیرییەك نییە بەناوی هاوسەرگیری شۆڕشگێڕی، بورژوازی و دەرەبەگانە بەدڕەوشتییە) و وتەی لەم بابەتانە دووبارە دەکرانەوە، کاتێك بەشی گوتنەوەی وانەکە تەواوبوو داوای مافی فسەکردنم کردو بیرورای خۆم وا دەربڕی: (بەسەرنجەوە گوێم لە هاورێکە گرت، لەگەڵ بیرە ڕاستەکاندا تێگەیشتنە هەڵەکان زۆرتربوون، سەیرکردنی ڕووداوەکان بە ڕاستەوخۆ ڕاست نییەو ئەگەر سەیری پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو بکەین لە کوردستان، پەیوەندییە دواکەوتووەکان زاڵن، ئێمە لەدژی ئەم جۆرە پەیوەندییانەین، دژی چەوساندنەوەو وەك کاڵایەك سەیرکردن نین. هاوسەرگیری ئەگەر رێگری لە بەشداریکردنی کەسەکان بکات لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان، ئەوا ڕەخنەی لێدەگرین، بەڵام بڵێین هەموو جۆرە هاوسەرگیرییەك سیخوڕییە، پەیوەندییە سۆزدارییەکان و سێکسیەکانی نێوان ئافرەت و پیاو رەت بکەینەوە، خوێڕێتییە، واتا ڕووبەڕوونەوەی سروشت و یاسا سروشتییەکان و هیچ هێزێك لە جیهان ئەم جۆرە پەیوەندییەی پێ قەدەغە ناکرێت. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتەکە دەمەوێ نموونەیەك بهێنمەوە: بیر لە شارێك بکەنەوە، ڕێگاکانی تێکچووە، نیشانەی هاتوچۆی لێ نییە، هەموو ئەوانەی ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن نەشارەزابن، لەم شارەدا ڕۆژانە دەیەها ڕووداوی هاتوچۆ رووبدات و سەدەها کەس گیان لەدەست بدات، دواتر بۆ چارەسەر "ئاقڵێك" بۆ رێگەگرتن لە ڕووداوەکانی هاتوچۆ و پێشگرتن بە مردنی مرۆڤەکان، واتا بۆ چارەسەری کێشەکە، چوونە سەر شەقام لە ئۆتۆمبێلەکان قەدەغە بکات، ئەوە چارەکردن نییە، بێ چارەسەرییە، تەنانەت بێ چارەییەکی گەورەترە. باشە چارەسەری ئەمە چییە؟ چاککردنەوەی ڕێگا کۆن و تێکچووەکانی شارەکە، دانانی نیشانەی هاتوچۆ لە شوێنە پێویستەکان، فێرکردنی شوفێرەکان و رێکخستنی راڕەوی خەڵکەکە. بەبیانووی ئەوەی پەیوەندی نێوان ئافرەت و

www.arsivakurdi.org

پیاو لە کوردستان دواکەوتووە، قەدەغەکردنی هاوسەرگیری و بەو پێیە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی سۆزداری و سێکسی هەر لە چارەسەری پیاوە "ئاقڵەکە" دەچێت کە چوونە سەر شەقامی ئۆتۆمبێلەکانی قەدەغە کرد. ئێمە هەر لە ساڵانی ١٩٧٠کانەوە کێشەی نێوان ئافرەت و پیاومان خستە بەر باس، یەکێك لەوانەی هاوسەرگیری رەت دەکردەوە و دژی پەیوەندی سێکسی و سۆزداری بوو لەو کاتەشدا هەبوو و ئەو پیاوە دواتر دەستدرێژی کردە سەر کچێك و بۆ ئاشکرانەبوونی ڕووداوەکە بەسیخوڕبوون تۆمەتباری کردو بەبیانووی سیخوڕی بە هاوڕێیەکی تر بە کوشتنی دا، دوای ماوەیەك ئەو کوڕەشی بەبیانووی سیخوڕی بەکوشتن دا، بەڵام سەرەڕای ئەمە ئەو تاوانانەی ئەنجامی دابوو، ئاشکرابوون و ئەو چاڵەی خۆی لێیدابوو تێیکەوت. لەدۆخی گەریلاییدا، دەزانم کە سەختە بەردەوامی بە پەیوەندی هاوسەرگیری بدەیت، بەرەچاوکردنی ئەو دۆخە پێویستە جۆرە پەیوەندییەکی مۆدێرن لەنێوان ئافرەت و پیاو دروست بکەین).

هەموو زۆر بە سەرنجەوە گوێیان لە قسەکانم گرتبوو، نەمدەزانی کە هەموو پەیکەرەکانم ڕووخاندووە ئەوانەی بە تەواوی ببوون بە بەندە، ئەوانەی بڕوایان بە ئایەتەکان کردبوو، هەروەك بەردیان بەسەردا ببارێت و کارەسات رووبدات سەیری ڕاست و چەپیان دەکرد. ئەو هاوڕێیەی وانەکەی دەگوتەوە دوای ئەوەی لە حەپەسانەکەی دەرچوو گوتی: (هەڤاڵ ئەوانەی من دەیڵێم شیکردنەوەکانی ڕابەرایەتیین)، لەو کاتەدا خێزانم داوای مافی ئاخاوتنی کرد، توڕەیە، هێرشکراوەتە سەر پەیکەرەکانی، جوڵەکانی لە ئافرەتی سەردەمی سروشت پەرستی دەچوو، بە (منیش سەردەمانێك خێزانداربووم) دەستی کرد بە ئاخاوتن و بە (بەڵام ئێستا ڕقم لە هاوسەرگیرییە، هەزاران جار پەشیمانم لەوەی هاوسەرگیریم کرد! کاتێك ئێمە لە زیندانی دیاربەکر دەستگیر کرا بووین سەربازەکان جلیان لەبەر هاوسەرەکەم داکەندو منیان بردە

www.arsivakurdi.org

بەرانبـەری، داوایـان لـە هاوسـەرەکەم کـرد پابەنـدی یاسـاکان بێت و هاوسـەرەکەم پابەنـد بـوو، ئـا لەوێـدا تێگەیشـتم کـە هاوسـەرگیری کاری دوژمنـە) کۆتایـی بـە ئاخاوتنـی هێنـا. سـاکینە بـۆ پارێـزگاری کـرد لە هاوسـەرگیرییەکەمان ویسـتی قسـە بـکات بێدەنگیـان کـرد، ناوچەکـە شـێواو و ئەقڵـەکان ئاڵۆزبـوون. دیـارە مـن دژی ئایەتـەکان وەسـتاوم و بـەو کەسـەم گوتـووە "خوێـڕی" کـە هاوسـەرگیری قەدەغـە دەکات، ئـەوە گەورەتریـن هێرشـە کـە لـە ئەکادیمیا کرابێتە سـەر ڕابـەری مەزنمان. ناوبرێـك درا بـە وانەکـە، چووینـە دەرەوە، بەنـدەکان تـوڕەو حەپەسـاون، ئەوانـەی لـە بەڕێوەبەرایەتـی کارمەندبـوون ڕایانکـردە باڵەخانـەی بەڕێوەبەرایەتـی بـۆ ڕاپـۆرت نووسـین، قوتابییەکانـی تـر زۆربەیـان بەچـاوی بەترسـەوە و هەندێـك بیریـان دەکـردەوە کـە چیم بەسـەر دێـت و بە چـاوی بەزەییەوە سـەیریان دەکردم، منیـش وەك ئاسـوودەیی شۆڕشـگێرێك کـە بیـروڕای دەربڕیـوە، بـەردەوام بـووم بـە ئاخاوتـن لەگـەڵ ئەوانـەی لـەدەورم کۆدەبوونـەوە.

کاتێـك بـە تەنیـا دەسـوڕامەوە، کچێـك کـە لـە چاوەکانـی دیاربـوو کـە زیرەکـە، قـژ رەش، بـاڵا مامناوەنـد هاتـە لام، گوتـی دەیەوێـت گفتوگـۆم لەگەڵ بـکات گوتم: (فەرمـوو)، بەیەکـەوە دەسـتمان کـرد بـە پیاسـە، ناویـم پرسـی گوتـی (ڕۆزا). دواتـر گوتـی: (هەڤـاڵ ئـەوەی ئەمـڕۆ تـۆ گوتـت باسـت کـرد، ئەگەر کەسـێکی تـر بووایە یەکەمجـار دەستبەسـەر دەکـراو دواتـر دەکوژرا). کـە گوتم: (چۆن شـتی وا دەبێت، مـن بیرۆکـەی خـۆم دەربڕیوە، بـۆ دەستبەسـەر بکرێم یـا بکوژرێـم). بەپێکەنینەوە پرسـیاری کـرد (تۆ هێشـتا شـارەزای ئێـرە نەبوویـت، دەزانیت واتای چییـە کە بڵێیت مـن لەبەرانبـەر شـیکردنەوەکانی ڕابەرایەتیـی بیروبۆچوونـی خـۆم گوتـوە؟) گوتـم (چییـە؟)، کچەکـە بـە پەنجـە باڵەخانەیەکـی لەولاتـری نیشـانمدا. گوتـم: (ئـەوە چییـە؟) وەڵامیدایـەوە: حەپسـخانە) و بەردەوامـی بـە قسـەکانیدا (لەڕاسـتیدا ئەوانـەی گوتـت زۆر ڕاسـت بـوون، بەڵام ڕاسـتییەکان لە هەموو شـوێنێك ناگوترێن، ئەگـەر ئـاگاداری خـۆت بیـت باشـترە، مـن چیـم بەسـەرهات لێـرەدا ناتوانـم باسـی

www.arsivakurdi.org

بکـەم و لێم جیابـووەوە).

بەنزیکـی کاتژمێرێـك دوای ئـەوەی ڕۆزا لێـم جیابـووەوە، یەکێـك کـە لـە ئەکادیمیـا وەك داواکاری گشـتی کاری دەکـرد (ئـەو کەسـە تـا مانگێـك لەمەوبـەر سـزای لەسـێدارەدانی بـۆ دەرکرابـوو و کاتێـك دەستبەسـەربوو پەرتووکێکـی بەناوی (ڕابەرایەتیـی کێیـەو چـۆن نوێنەرایەتـی دەکرێـت؟) نووسـی و دواتـر لەلایـەن ڕابـەری مەزنـەوە لێخۆشـبوونی بـۆ دەرچـوو و وەك داواکاری گشـتی لـە ئەکادیمیـا ئەرکـی پێسـپێردرا، ئـەوەم دواتـر زانـی) هاتـە لام و پرسـی کـە ڕۆزا چـی لەگەڵـم گوتـووە، تێگەیشـتم کـە لەژێـر چاودێریـم و گوتـم ڕۆزا کێیـە؟ کـە گوتـی: (ئـەوەی کەمێـك لەمەوبـەر لەگەڵـت پیاسـەی دەکـرد ڕۆزابوو). (بـۆ ناتوانێـت قسـەم لەگەڵ بـکات؟) کـە گوتـی: (دەتوانێـت بـەڵام.....) قسـەکەم پێـی بـڕی (ناچارنیـم بۆت باس بکـەم کـە لەگەڵـی چیـمان گـوت، جارێکـی تـر شـتی وا مەکـە!). گوتـی: (بـە هەڵـە تێمەگـە، کەسـایەتییەکی مەترسـیدارە، بۆیـە گوتـم بـا پێت بڵێـم). کاتێـك گوتم: (بۆ مـن لـەڕێ لادەدات؟). بەپێکەنینـەوە: (نەخێـر، کەسـایەتیی ١٢ی ئەیلوولـە...).

ڕۆژانـە ڕاپـۆرت دەسـتی پـێ کـرد بچێـت بـۆ ڕابـەری مەزنـمان، لـە ڕاپۆرتەکانـدا دەگوتـرا: (ئەکادیمیـا لـە دەسـتچوو، وانـەکان، لـە ئامانجیـان دەرچـوون، خۆیـان بەسـەر کەشـەکەماندا دەسـەپێنن، ڕابەرایەتیـی ناناسـن). هێڵـی دووزمانـی بەڕێوەبەرایەتـی دەسـتی بـە کارکـردن کردبـوو، ئەوانـەی لـە زیندانـی دیاربەکـر دووزمانکـەرو خـۆ بەدەسـتەوەدەر بـوون، لەگـەڵ ئەوانـەی لـە زیندانەکانـی عەنتـاب، سەمسـوور و مێرسـین ببـوون بـە بەنـدەی دەوڵەتـی تـورك، بەیەکـەوە لـە ئەکادیمیـا دووزمانییـان بەسـەر ئێمـەدا دەکـرد، لەگەڵ هـەر کێ چیـمان بگوتبا، دوای دە خولـەك لـە بەڕێوەبەرایەتـی و تـا ئێـوارە دەگەیشـتە شـام لای ڕابـەری مەزنـمـان.

هیـچ یەکێکـمان بیـری دژایەتیکردنـی پارتیمان نەبـوو، بەڵام لەگـەڵ تێپەڕبوونی کات، گوێگرتـن لەوانـەکان، تێدەگـەم کـە دامەزراوەیـەك نییـە بەنـاوی پارتـی،

www.arsivakurdi.org

ڕێکخـراوی پارتـی نییـە، ئەندامانـی پارتی نین، میکانیزمـی بڕیاردان نییـە، بڕیارەکان بەپێـی بنەمـای کەمینـەو زۆرینـە دەرناچـن، کەمینـە شـوێنکەوتەی زۆرینـە نییـە، تـاك شـوێنکەوتەی پارتـی نییـە، زۆرینـەو هەمـوو شـتێك شـوێنکەوتەی تاکێکە، ئەو تاکـە هەرچـی بڵێـت ڕاسـتە، زۆرینـە ناچـارە ئەمـە قبـوڵ بکات.

لەکۆنـدا لەنێـو پەکەکـەدا کەمینـە شـوێنکەوتەی زۆرینـە بـوو، بـەڵام ئێسـتا هەمـوو شـتێك پێچەوانـە کراوەتـەوە، نەتـەوە، زۆرینـە، مـرۆڤ، جنۆکـە، گـورگ، چۆلەکـە، بـەرد، خـۆڵ شـوێنکەوتەی یـەك تاکـن، پەکەکـە لـەو نـاوەدا هەڵگیـراوە، ڕابـەری مەزنمـان خـۆی لـە شـوێنی پارتـی دانـاوە، لەجێگای پارتـی ڕابـەری مەزنمان، ماسـتاوچی و دووزمانیکەرەکانـی هـەن. بەکۆکـراوەی ئـەو سـێیە دەگوترێـت پەکەکـە.

ڕابـەری مەزنمـان بـەر لـە هاتنـە ئەکادیمیـا، تێگەیشـتم کـە دۆخەکـە ئاوایـە، لە دژی هیـچ شـتێك ناوەسـتمەوە، دەمەوێـت شـتی زیاتـر بزانـم، بۆیـە بڕیـاردەدەم بـە خوێندنـەوەی هەمـوو ئایەتـەکان بزانـم لەرابـردوو چـی ڕوویـداوە، ڕووبەڕووی ڕاسـتییەکی مەترسـیدارم! تائێسـتا کـەس هەسـتی بەمـە نەکـردووە؟ ئەوانـەی هەسـتیان کـردووە لـە ترسـانە نایدرکێنـن؟ دەبێـت وەڵامـی هەمـوو ئـەو پرسـیارانە بدۆزمـەوە و سـەرنجی ئایەتـەکان دەدەم.

دوای ئـەوەی ڕابـەری مەزنمـان لـە وڵات ڕایکـرد، (پارتیەکـە) سـێ کۆنگـرەی لـە دەرەوەی وڵات بەسـت و لەهـەر سـێ کۆنگـرەدا ئایەتەکانـی ئاپـۆ وەك ڕێنمایـی دەهاتنـە ئەژمـار، ڕێنماییەکانـی کۆنگـرە بێ قەیدو شـەرت قبوڵ دەکرێـن؟ ئەوانەی پێویسـتە بەشـداری لە کۆنگـرەدا بکەن ئەو دیاریـان دەکات. بەر لـە کۆنگرەو دواتر چەندیـن شۆڕشـگێڕ دەسـتگیر دەکرێت، لەنـاو دەبردرێن و دەکوژرێـن. لەژێر ناوی دیسـپلینی کۆنگـرە ئـەو نوێنەرانـەی بیروڕایـان دەردەبـڕی دەبردرانـە جێبەجێکردن و ئەوانیـتر بێدەنـگ دەکـران. هەمـوو ئەوانـەی بەشـداری کۆنگـرەکان دەکـەن (جگـە لـە کاك عوسـمانی بـرای) پراکتیکەکـەی مەحکومـی خـۆی دەکرێـت. کاتێـك

www.arsivakurdi.org



خودڕەخنـە كەسـییەكان پێشـكەش بە كۆنگرە دەكـران دەمخوێندنەوە، ئەو ڕاسـتییە روونـتر بـەدەر دەكەوێـت، تاكەكـەس لـە كۆنگـرەدا خودڕەخنـەی نـەداوە، ڕابـەری مەزنمـان خۆیەتـی. ئـەو خودڕەخنـە نـادات، ڕەخنـە دەگرێـت، لەبـەر ئـەوەی خودایـە هەڵـە نـاكات، ئـاوا بـڕوای پێدەكرێـت. لیسـتی ئەوانـەی دوای كۆنگـرەكان بـە ئەندامـی كۆمیتـەی مەركـەزی هەڵدەبژێردرێـن دەخرێتـە بەردەسـتی ڕابـەری مەزنمـان. ڕابـەری مەزن هەوەك چۆن پشـت ڕاسـتی نەكردەوە پرسیشـی: (كۆمیتەی مەركـەزی چـی؟، شـتێكی ناپێویسـتە، ئەوانـەی بەمنـەوە پەیوەسـتن ئەندامـی ئێمـەن، تاكتیـك ڕابەرایەتییـە) و دەزگاكـەی لەناوبـرد.

هەرچەنـدە لەمـاوەی نێـوان كۆنگرەكانـدا كۆمیتـە مەركەزییـەكان هیـچ كۆبوونەوەیەكیـان ئەنجـام نەداوە، هیـچ بڕیارێكیان نەداوە. ئەوەی بـە ڕابەرایەتیی تاكتیـك ناودەبردرێـت و كارمەنـدی پراكتیكن، ناچـاری جێبەجێكردنـی فەرمانەكانی ڕابەرایەتیـی سـتراتیژین، واتـا ناچـاری جێبەجێكردنـی فەرمانەكانـی ئاپـۆن. بەپێـی لۆژیكـە فەرمییـە دروسـتكراوەكە ڕابەرایەتیـی سـتراتیژی ڕابـەری مەزنمانـە. ڕابەرایەتیـی تاكتیكیـش فەرماندەكانـی گەریـلان، (بەرپرسـەكانی) ئەورووپـاو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتن.

ڕابەرایەتییـە تاكتیكییـەكان ناتوانـن بڕیـار دەربكـەن، بیـر بكەنـەوە، چ بنەمـا سیاسـییەكان بەكارنایـەت، تەنیـا بڕیارەكانی ڕابەری مەزن گفتوگۆی لەسـەر ناكرێت دەخرێتـە جێبەجێكردنـەوە. كۆمیتـەی مەركـەزی و پارتـی تەنیـا ناویـان هەیـەو بوونیـا نییـە، ئـەوە لەناوبردنێكـی زۆر وەسـتایانەی پەكەكەیـە لەلایـەن داگیركـەری سـووریاوە ئـەو دۆخـە بەسـوودی هـەر چـوار داگیركـەری وڵاتەكەمانـە.

جـار جـارە واژۆی كۆمیتـەی مەركـەزی پەكەكـە، لـە ئـاگاداری جیاجیـاكان بەكاردێـت، نـاوی چەند كەسـانێك وەك ئەندامـی كۆمیتەی مەركـەزی دەنووسرێت. ئـەوەش سـاختەیە، كاك عوسـمانی بـرای ڕابـەری مەزنمـان، جەمیـل بایـك و جەمالی خەڵكـی پرسـووس ناویـان لـە ئۆرگانـە ڕاگەیانـدن و بڵاوكراوەكانـدا وەك ئەندامـی

www.arsivakurdi.org



کۆمیتـەی مەرکـەزی دەنووسرێـت. جگـە لـەو سـێ کەسـە نەبیـنراوە هیـچ کەسـێك ناتوانـێ ئـەو ناونیشـانە بەکاربێنێت. چیرۆکی ئەو نووسـینانەی بـە واژۆی کۆمیتەی مەرکـەزی دەنووسرێـن ئاوایـە: کاتیـك مـن لـە ئەکادیمیا بـووم فەیسـەڵ دۆنلایجی، بـە تەنیـا ئـاگاداری دەنووسـی، لەژێریـدا واژۆی پەکەکەکۆمیتەی مەرکـەزی دەکردو بـڵاوی دەکـردەوە. دواتر منیش ئەو کارەم کرد، بەپێـی ڕێنماییەکانی ڕابەری مەزنمان هەمـوو ئەوانـەی لـە ڕابەرایەتیـی تاکتیکـی کارمەنـدن و ئەرکیـان پێسـپێردراوە دەتوانـن وابکـەن. بەپێـی ئـەو پێگەیـەی بـۆ ڕابەرایەتیـی سـتراتیژی دانـراوە، جگـە لەمـە هیـچ دەرەنجامێـك بەرهـەم نایێـت. ڕابـەری مەزنمـان نوێنـەری هەمـوو نەتـەوە، لەهەمانکاتیشـدا نوێنـەری هەمـوو مرۆڤایەتیـە! لەتـەك مرۆڤـی وا مـەزن، کۆمیتـەی مەرکـەزی هـەر ناویشـی نایـەت، ئەمـە ڕاسـتییەکە کـە هەمـوو دەیزانن، کاتێـك ئەوانـەم زانـی، دەسـتم کـرد بـەوەی کـە باشـتر تێبگـەم ڕابـەری مەزنمـان کە داگیرکـەری سـووریا خسـتویەتییە ژێـر کۆنترۆڵـی خـۆی، چـۆن پەکەکـەی لەناوبرد.

داگیرکـەری سـووریا، بـەچ تاکتیکێـك ڕابـەری مەزنمانـی بەخۆیەوە بەسـتبێتەوە، ڕابـەری مـەزن دەیەوێـت بەهەمـان تاکتیـك کـورد بەخۆیـەوە ببەسـتێتەوە. لـە ئاخاوتنێکـی لەگـەڵ منـدا گوتبـووی (دەسـەڵاتداری زۆر گرنگـە، خـۆ من بێ سـوود ئێـوە ماوەیەکـی زۆر لـە حاڵەتـی ئامادەیـی دا ناهێڵمـەوە؟ لە شـام کاتێـك بمەوێت لەگـەڵ فەرمانبەرێکـی سـادەی دەوڵـەت یەکـتر ببینـم، تەنانـەت من چـوار کاتژمێر لەسـەر قـاچ دەهێڵنـەوە: کابـرا دەیەوێـت دەسـەڵات رێـك بخات).

ڕابـەری مەزنمـان دوای لەناوبردنـی پەکەکـە، لـە جێـگای دروشـمی (بـژی سـەربەخۆیی) دەسـت پێکـرا بڵێـن (بـژی سـەرۆك ئاپـۆ)، لە هەمـوو خۆنیشـاندان، شـەوانەو کۆبوونـەوەکان لەشـوێنی دروشـمی (بـژی سـەربەخۆیی) دروشـمی (بژی سـەرۆك ئاپـۆ) لێدەدرا، ئـا دەڵێـن خەباتـی چەکداری، خەباتـی چەکـداری پـەرەی سـەندو پـەرە دەسـەنێت.. بـەڵام ڕێکخـراو نییـە، دەزگا نییـە، میکانیزمـی بڕیـاردان نییـە، خەڵـك رێـك نەخـراوە. ڕۆژێك ڕابـەری مەزن بڵێـت (هەموو شـتێك رادەگرم)،

www.arsivakurdi.org



جگـە لـە کاولگەیـەك، لـەو ناوەدا هیچ شـتێك نادۆزنـەوە. بەبێ هـۆ ناڵێت(گەر من نەبـم یـەك ڕۆژ لەسـەر پێ ناوەسـتن!) چونکە هەموو ئـەو مرۆڤانـەو دامەزراوانەی بتوانـن لەسـەر پـێ بوەسـتن لەنـاوی بـردوون. واتـای زوو زوو گوتنـی (گـەر مـن نەبـم هیـچ شـتێك نامێنێـت) ئەوەیـە کە (جگە لـە خۆم هیچ شـتێکم نەهێشـتەوە، خـواردم، کۆتاییـم پێهێنا).

لەکۆتاییەکـەدا هەواڵـی ئـەوە هـات کـە ڕابـەری مەزن دێتـە ئەکادیمیـا، چەکی قوتابیەکانی ئەکادیمیا کۆکرایەوە، لەتەك ئاڵای سـوپاو سـەنگەر کە لەسـەر گردەکان دەشـەکانەوە ئـاڵای پارتـی هەڵـدرا. بـە ئێمـە دەگوترێـت: (تەنیـا ڕابەرایەتیـی بـۆی هەیـە نوێنەڕایەتـی پارتـی بـکات، کاتێـك ڕابەرایەتیـی دێتـە ئەکادیمیـا ئـاڵای پارتی هەڵدەدرێـت، کاتێـك دەڕوات دادەگیرێـت). واتـا تەنیـا ڕابەرایەتیـی نوێنەرایەتـی پارتـی دەکات! لـە ئەکادیمیـا زۆر شـت فێـر دەبـم و بەهێز دەبم. ڕابـەری مەزن ٥٥ ڕۆژ لـە ئەکادیمیـا دەمێنێتـەوە. یەکێـك لـە ئامانجـە هـەرە گرنگـەکان؛ ئەوەیـە کـە پشتڕاسـتی سـیخوڕبوونی شـەنەر بـە کۆنفرانسـێکی بەندینخانـە بە ئێمـە بکرێتەوە و ئـەو کۆنـە پەکەکانـەی لەمـەودوا لـە زینـدان ئـازاد دەبـن لـە ئێسـتاوە مەحکووم دەکرێـن، بەتایبەتـی ئەوانـەی لـە بەندینخانـەی دیاربەکـر خۆڕاگرییـان کردبـوو و مـن و سـاکینەو چەنـد هاوڕێیەکـی تریـش بێهێز بـکات و بکاتـە کۆیلە.

کێشـەکە تەنیـا کێشـەی محەممـەد شـەنەر نەبـوو، چونکـە لەنێـو پەکەکـە کۆنـەکان، خەباتکارەکان، ئەوەی بەڕاسـتی شـۆڕشـگێڕە، ئەوەی توانـای بیرکردنەوەی هەیـە، هـەر هاوڕێیـەك کە لەسیاسـەت تێبـگات، بێتە شـوێنێك کە ڕابـەری مەزنمان باڵادەسـت بێـت تێیـدا، دەکەوێتـە دژایەتـی لەگـەڵ خودایەتییەکەی. ئەوە کێشـەی یەکـە یەکـەی تاکـەکان نییـە، کێشـەی هەمـوو ئەوانەیـە کـە لەزینـدان بـوون و کێشـەی هەمـوو ئـەو خەباتکارانـە بوو کـە بەشـداریی ڕیزەکانی خەباتیـان کردبوو. ڕابـەری مـەزن هـەر لەسـاڵی ١٩٨٣ەوە ئـەو پەکەکەیانـەی پێویسـتە بکوژرێـن، بەکوشـتنی داون، ئـەوەی دەبێـت بڕفێنرێت ڕفاندوونیەتی، ئەوەی پێویسـتە ڕاپێچی

www.arsivakurdi.org

خۆکوشتن بکرێت راپێچکراوە، ئەوانەی پێویستە دابنیشێندرێن دانیشێنراون، ئەوانەی تریشی کردووە بە بەندەو خودایەتی خۆی پێ قبوڵ کردوون. ئەوەی ماوەتەوە تەنیا ئەوانەی ناو گرتووخانەکان و کۆنە پەکەکە خەباتکارەکانن.

ئەو مرۆڤانە تا لەزیندابن بۆ ڕابەری مەزن زیانبەخش نین، چونکە ئەوانەی ناو زیندان هێشتا ڕووی ڕاستی ئەویان بۆ بەدەر نەکەوتووە. ئەو وەك هەڤاڵێك، هاوڕێیەك، کەسێکی خەباتکارو سکرتێری گشتی ئەو پەکەکەی وا دەزانن بوونی هەیە دەناسن و ڕێزی دەگرن. ئەوانەی ژوورەوە نازانن کە لە دەرەوە پەیوەندییەکی بەندە _ خودا یاخود کۆیلە- ئەفەندی باڵی کێشاوە و میکانیزمێکی قێزەوەن و زۆرداریيەکی مرۆڤخۆر لە ئارادایە. کاتێك دێنە دەرەوەو لەو دونیایەی خوڵقاندوویەتی تێدەگەن، ڕاستییەکە دەبینن و دەچنە باری کاردانەوەی هەر شۆڕشگێڕێکی ئاسایی. ئەوە کێشەیەکی گەورەیە بۆ ڕابەری مەزنمان، کێشەیەکی زۆر ترسناکیشە! بچووکترین راپەڕین لەدژی ئەفەندی، دەکرێت کە هەموو کۆیلەیەك بهێنێتە جووڵە، هەر خولەکێك ڕەنگە سپارتیاکۆستێك دەربکەوێت، ئەو کۆنە پەکەکانەی لەزیندان بوون و خەباتکارەکانی هەریەکە وەك سپارتیاکۆستێك دەبینێ و ڕابەری مەزنمان کە ڕێگای داوە خۆپەرستی[٤] و باری دەروونیی ناجێگیری ئەفەندییەت زاڵ بێت

---

٤ کە کتێبەکەم دەخستە نێو کۆمپیوتەر لەبەر ئەوەی ئەریج فرۆم لە کتێبی خۆشەویستی و توندوتیژی لە بەشێکدا سەبارەت بە (خۆپەرستی) لەبەر ئەوەی زۆر بەجوانی کەسایەتی رابەری مەزنی شیکردۆتەوە، بەپێویستی دەزانم ئەو بەشە وەك خۆی لە پەراوێزی کتێبەکەدا بنووسم(جۆرێکی تایبەت لە خۆپەرستی کە سنووری نێوان ژیری و شێتیدایە، لەو مرۆڤانەی هێزێکی نائاساییان دەکەوێتە دەست دەبینرێت. فیرعەونە میسرییەکان، قەیسەرەکانی رۆما، بورژوازییەکان، هیتلەر، ستالین، تروژیلۆ- لە هەموو ئەوانەدا تایبەتمەندی لەیەکچوو هەیە. ئەو مرۆڤانە (هێزی رەها)یان بەدەستهێناوە. بەوشەیەك کە لە زاریان دەردەچێت هەر وەك چۆن لە بابەتی ژیان و مردن هەیە، لە هەموو بابەتێك بڕیاری کۆتایی دەردەکەن، سنوورێك نییە بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە توانای ئەنجامدانی هەر شتێکیان هەیە کە بیخوازن. ئەو مرۆڤانە خوداوەندانێکن کە تەنها بە نەخۆشی و تەمەن و مردن سنوردارکراون بۆ کێشەی بوونی مرۆڤ، لەڕێگای چوونە ئەو دیوی سنووری ئەو هەبوونە بەدەستدانە هەوڵێکی بێ ئومێدانە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر دەدەن. وا هەڵسوکەوت دەکەن کە ئارەزوو و هێزیان بێ سنوور بێت، بۆیە لەگەڵ ئافرەتی بێ هەژمار دەخەون. بێ هەژمار خەڵك دەکوژن، لەهەموو شوێنێك قەڵا دروست دەکەن. وەك دەستبردن بۆ مانگی ئاسمان، دەیانەوێت ئەو شتانەی ناکرێت بەدەستی بهێنن. کێشەی بوون بە هەڵسوکەوتکردنی وەك چۆن مرۆڤ نەبن هەرچەندە هەوڵی چارەسەریش بێت ئەو گرتنە جۆرێکە لە شێتی... کەسەکە لەگەڵ هەوڵدان

www.arsivakurdi.org

بەسـەر خـودی خـۆی. وای دەبینێـت کـە هێرشـکردنە سـەر خەباتکارانـی زیندانـی دیاربەکـر تاکـە گەرەنتـی بـۆ بەسـەلامەت مانـەوەی دەسـەڵاتێتی. (دوژمـن یـاری بەوانـەی نێـو زینـدان کـردووە، دوژمـن ئەوانـەی زیندانـی ئامادەکـردووە، دوژمـن ئەوانـەی کردوەتـە منـداڵ، بـە کەڵکـی دیسـپلین و ڕێکخسـتن نایـەن، خەباتـی چەکدارییـان ناوێـت، بەرگـەی زەحمەتـی ناگـرن و لەبـەر درۆکانـی نییـە کـە ڕوو دەکاتـە کۆنـە پەکەکـەو خەباتـکارەکان، ئەگەر لەبەر ئـەو دیاریکردنانەی باسـکراوە نەبوایـە، دەبـوو هێرش بکاتە سـەر ئەوانەی زیندانی عەنتاب، مێرسـین، سەمسـوور، و ئەدەنـا دەسـتگیر کرابـوون. لـەو زیندانانە بـە هەزارەها کەس دەسـتگیر کرابوون، لـەدژی وەحشـیەتی ١٢ی ئەیلـوول تەنانـەت یـەك خەبـات ڕووینـەدا، لـە دادگاکان یـەك کـەس پارێـزگاری نەکـرد. هەمـوو خـۆی بەدەسـتەوەدا، دووزمانـی و هـەواڵ لێـدان گەشـەی سـەند. بەشـی زۆری ئەوانە کاتێك لـە زیندان ڕزگاریان بـوو دووبارە بەشـداری خەباتیـان نەکـردەوە. چەنـد کەسـێك لەوانـەی هاتنـە ئەکادیمیاکـە لـە زینـدان بـوون هەمـوو ڕۆژێـك دەیانگوت (بژی مسـتەفا کەمال) و لێـرەش هاواریان دەکـرد (بـژی سـەرۆك ئاپـۆ). یـەك ڕەخنـە هەیـە لەوانـە گیرابێـت، تەنانـەت یـەك هێـرش هەیـە؟ نییـە. ئەوانـەی لەزیندانـی دیاربەکـر دووزمانییـان دەکـرد، خۆیـان دەدا بـە دەسـتەوە، لـە دادگاکان پارێزگارییـان نەدەکرد، خاوەندارێتییـان لە پەکەکە نەدەکـرد یـەك ڕەخنەیـان لـێ گیـراوە؟ هـەوڵ دەدات ئـەوان بخاتـە ژێـر دەسـتی؟ نەخێـر.

ئەوانـەی دوژمـن یاریـی پێکـردوون، کردوونییەتی بـە منداڵ، دوژمـن (بێلایەنی neutralize) ی کـردوون، دوژمـن بـە کۆیلـەی کـردوون، دوژمـن کەسـایەتییانی

---

بۆ بەخوداوەندبوون خۆی لە مرۆڤەکانی تر جیادەکاتەوە. ئەو جیابوونەوەیە ئەو هەندەی تر ترسنۆك دەکات. هەموو کەسەکان دەبن بە دوژمنی ئەو، بۆ بەرگەگرتنی ئەو ترسەی لە ئەنجامی ئەوانە لەدایك دەبێت هێز، دڕەندەیی و خۆپەرستی کەسەکە بەرە بەرە زیاد دەکات. ئەو جۆرە شێتیەی تایبەتە بە قەیسەرو ئەگەر لەگەڵ ئەو فاکتەرە تێکەڵ نەبێت دەبێتە شێتییەکی رووت و قووت. قەیسەر بەو هێزەی دەستیکەوت، راستییەکانی بەپێی بیرە خۆپەرستییەکانی گۆڕیوە. خۆی بە زۆرداری بەسەر هەمواندا وەك خودایەك، بەهێزترین و زاناترین کەس سەپاندووە و پێی قبوڵکردوون. (ل٦٤).

لەناوبـردووە، زۆر متمانەیـان پێـدەکات و ئەرکـی زۆر گرنگیـان پێدەسـتپێرێت! چونکـە ئەوانـەی دەبنـە منـداڵ، بەنـدە، بـێ کەرامـەت و کۆیلـە پێویسـتن! دیکتاتۆرییـەت پێویسـتی بەمەیـە، لەڕێـگای ئەوانـەوە بـە دوای مرۆڤـی منـداڵ و بەنـدەی بـێ کەرامەتـدا دەگەڕێـت. کەسـە خەباتـکارەکان، ئەوانـەی ملکـەچ ناکـەن، کەرامەتیـان دەپارێـزن، ئەوەنـد بـێ نـرخ نەبـوون کـە وڵاتیان بۆ شـۆربایەك بفرۆشـن، هێرشـیان دەکرێتـە سـەر. ئەوانـەی دژی ئـەون، خەباتکارانـی دیاربەکر و کۆنـە پەکەکـەکان وەك برینـە خوێـن لـێ چۆڕاوەکـەی مێشـکی دەبینێـت.

بیـر لـەوە دەکاتـەوە کـە چـۆن لـەو برینـە ڕزگاری بێـت، هەمـوو ئایەتەکانـی سـاڵانی رابـردووی پەیوەنـدی بـەوە هەیـە، تـا خەباتـکار و بەرگەگـرەکان بخاتـە ژێـر رکێفـی خۆیـەوە، بـەردەوام درۆ هەڵدەبەسـتن (ئـەوان بـە کەڵکـی رێکخسـتن نایـەن، لـە خەباتـی چەکـداری رادەکـەن، بـێ توانـان...) بـەو وەسـفکردنانەو تۆمەتـی (سـیخوڕی) دانـە پاڵ خەباتـکارەکان دەکوژێـت، دەڕفێنێت، لەنـاو دەبات، دەسـتگیریان دەکات، بـە تۆمەتـی (سـیخوڕییەوە) لـە هێرشـە خۆکـوژی وێناکانـدا نایانهێڵێت.

ئـەو خەباتـکارو کۆنـە پەکەکانـەی لەمـەودوا لەزیندان ئـازاد دەبـن کاتێك بچنە گۆڕەپانـی ڕابـەری مـەزن ئـەو ڕاسـتییانەی مـن باسـی دەکـەم دەیبینـن. یـا بەنـدە لـە کۆیلـەی ئـەو وشـەی کۆیلەیـە نەکـەن وەك ئـەو پەندەیـەی بووەتـە مایـەی دەمەقاڵێـی نێـوان مارتـۆڤ و لێنیـن هەیـە تێدەگـەن کـە دەڵێت (دیسـپلین مرۆڤ دەکاتـە کۆیلـە). ئـەو کۆیلەیـەی ڕابـەری مـەزن دروسـتی دەکات، ئـەو کۆیلەیە کە ئەرسـتۆ پێناسـەی دەکات ئەوەیـە کـە دەڵێـت: (کۆیلـە ئـەو ئامێرەیـە کـە قسـە دەکات). ڕابـەری مەزنـم کۆیلـەی لـە پێناسـەکەی ئەرسـتۆ زیاتـر راکێشـاوەتە خـوارەوە، چونکـە ڕابـەری مەزن دەربـارەی کۆیلەکانـی خۆی دەڵێـت: (ناتوانن دوو وشـە بێننـە تـەك یەکـتر، ئەوانن قسـە بکـەن، زۆر سـاویلکەن) بـەو دیاریکردنانەوە کۆیلەکانـی دادەبەزرێنێتـە ئاسـتی ئامێـری قسـە نەکـەر، یـا هەمـوو بـێ نرخییـەك

قبـوڵ دەکـەن یـا ئەوەتـا رادەکـەن، یان ئەوەتـا خۆیان دەکـوژن، یاخـود دەکوژرێن. ئەوانـەش کە لەلایەن ڕای گشـتی کـوردەوە دەناسرێن، تەنانـەت ئەگەر کۆیلەش بن ناتوانـن ڕزگاریـان ببێـت، هـەروەك ئەوانەی لـە زیندانی دیاربەکر بـوون بە کۆیلەی ئەسـەدو ڕزگار نەبـوون، ئەوانـەش کـە دەبنـە کۆیلـەی درێژەی ئەسـەدەکەی شـام، ئەگـەر زۆر نەناسرابـن و رەگـی نیشـتمانپەروەرییان هەبێت ناتوانـن ڕزگاریان بێت، ئـەوە حاڵـی ئەوەیـە کـە کەوتووەتـە نـاو بەرداشـی دوو ئەسـەدەوە! ڕابـەری مەزن لەسـەرەتا مـن و سـاکینە مەحکـوم دەکات، ئـەوە دەزانـم. بـۆ بـە بەندەکردنـی من و سـاکینە دوور ڕێـگای هەبـوو.

سـاکینە کاتێك لە زیندانی دیاربەکر بوو لەگەڵ محەممەد شـەنەر بەدەستنیشان کرابـوو، شـەنەریش لـە دژی ڕابـەری مـەزن راپـەڕی بـوو و وێنـەی دڕاندبـوو، لەبەر ئـەوەی دەسـت بەسـەرکرا ڕایکـردووە، بەردەوامـی بـە دژایەتییەکـەی دەدا. ڕابەری مـەزن بـە محەممـەد شـەنەری گوتبـوو (سـیخوڕی تـورك) و بـڕوای بـە بەندەکانـی هێنابـوو، واتـا سـاکینە دەسـتگیرانی سـیخوڕێك بـوو، منیـش خێزانەکـەم کـە لـە ئەکادیمیابـوو بەنـدەی ڕابـەری مـەزن بـوو، ئەویشـی لـەدژی مـن بەکاردەهێنـا. دەسـتگیرانی سـاکینە (سـیخوڕێکی زۆر ترسـناك) و خێزانـی منیـش (شۆڕشـگێڕێکی خاوەن بڕیار! سـیخوڕی زۆر مەترسـیدارو شۆڕشـگێڕی زۆر خاوەن بڕیار! لەدەسـتی دیکتاتـۆر هەریەکـەی دارێکـە، هەوڵـی دەدا بـەو دارانـە ئێمـە بکاتـە بەنـدە. گـوێ لـە یەکـەم وانـەی ڕابـەری مـەزن لەگـەڵ نزیکـەی ٤٠٠ کەسـێك کـە لە شـاخ، بەندیخانـەکان، شـارەکان و ئەورووپـاوە هاتبـوون دەگـرم، دەڵێـت: (دوژمـن یـاری پێتـان کـردووە، ئێـوەی کـردووە بـە منـداڵ، ئێـوە چ لە سیاسـەت تێدەگەن؟ شـەنەر پیـاوی ئێوەبـوو، دوژمـن پیاوەکـەی خـۆی هێناوەتـە سـەر سـەرتان تەنانـەت ئاگاداریـش نەبـوون، دەڵێـن (بەرگریـمان کردو سـەرکەوتین) چیتان بـردەوە؟ ئەگەر لەلایـەن منـەوە نەبـوا، هیـچ یەکێکتان لەژیانـدا نەدەبوو، ئێـوە بەرگریتـان نەکرد، مـن ئێـوەم ڕزگارکـرد، ئەوانـەی بـە ئێمـەوە بەنـدن، ئەوانـەی لەکۆتـا وشـەکانیان

www.arsivakurdi.org

پابەندبـوون بەمـن رادەگەیەنـن، بەبێچارەیـی خۆیـان کوشـت. بـێ چـەك خەبـات دەبێـت؟ منـداڵ مەبنـەوە! ئـەو بنیاتانـەی کـە وەك شـاخن چـۆن دروسـتم کـردن؟ ئـەوە فێـر دەبـن، ئێـوە بڕاونەتـەوە، مـردوون و ئـاگادار نین، بـەو حاڵەتانەوە قسـە لەگـەڵ دوژمـن دەکـەن؟ مەترسـن ئێـوە یەکسـەر نانێـرم بـۆ شـەڕ، من شـەو و ڕۆژ شـەڕ دەکـەم، ئێـوەش لـە شـەڕ رادەکـەن، مـن بەربەسـتەکان دەبەزێنـم، ئێـوە لـە ئاسـانی راهاتوون...).

ئـەوەی لـە شـام دانیشـتبوو، ئـەو بـوو، ئـەوەی لـە شـەڕیش هاتبـووەوە ئێمـە بوویـن، ئـەوەی لەنـاو گێژەڵوکـە دەرچـوو بـوو ئێمـە بوویـن، ئـەوەی شـاخە بەفرینەکانـی دەبـڕی ئێمـە بوویـن و ئـەوەی لـە شـەوە ساردەکانی زسـتان بەبیـرو بـاوەڕی شـەڕی دوژمنـی کردبـوو ئێمـە بووین و ئـەوەی لەنـاو پێخەفـە تووکەکاندا خەوتبـوو ئەوبـوو، ئێمـە بـۆ داوا ڕەواکەمـان لـە باوەشـی مـەرگ دەخەوتیـن، ئێمـە برسـی ببوویـن، ئـەوەی بەکاڤیـار خـواردن دەژیـا ئەوبـوو! ئـەو سیخوڕەی شـام کە محەممـەد شـەنەری بـە سـیخوڕی تـورك تۆمەتبـار دەکـرد ئـەو بـوو!

لێرەدا مێژووی درۆ دەنووسرایەوە، لێرەدا درۆ دەخرا شـوێنی ڕاسـتییەکان، لێرەدا رابـردوو دەگـۆڕدرا هـەروەك دێڕەکانـی جـۆرج ئۆروێـل کـە لـە مێشـکم ماونەتەوە: (گـۆڕینـی رابـردوو بـەدوو هـۆکار پێویسـتە، یەکێـك لەوانـە، هۆکارێکـی پلـە دووە، لـە گرنگـی بەربەسـتێکدایە. هـەروەك چینـی پرۆلیتـاری، ئەندامی پارتییـش و بەبێ دەنگـی قبوڵـی ئـەوە دەکات کـە هیـچ پێوانەیەکی لەدەسـت نەبێت کە بـەراوردی پـێ بـکات، ئەویـش هـەروەك لـە هەمـوو توانایەکـی بەراوردکـردن بێبەشـکراوە، دەبێـت ئـەو داوەی بەرابـردووەوە دەیبەسـتێتەوە بیچڕێنێـت، هـەروەك لـە بێگانـەکان بـەدوور دەگیرێـت، دەبـێ لە رابـردووش جیابکرێنـەوە..).

(بـا بێینـە سـەر گرنگترین هـۆکاری گۆڕینی رابردوو، سـەلماندنی ئـەوەی کە (لای ئـەوان کاکـە، لای ئێمـە سـەرۆکی) پارتـی بـە هەڵـەدا ناچێـت. بـۆ ئـەوە ناچارییـە کـە هەمـوو وتـەکان، تۆمـارەکان، سـەرژمێرییەکان بگۆڕدرێـن) هـەوڵ دەدەم

www.arsivakurdi.org

بیرم بکەوێتەوە کە ئۆروێل چیتری نووسیوە: (ڕووداوەکانی رابردوو بوونێکی بەرکارانەیان نییە، ئەوانە تەنیا لەڕێی هەندێك تۆمارەوە لای ئامێری تۆماری مرۆڤەکان ژیانیان بەردەوامی هەیە، بیرەوەرییەکان و تۆمارەکان لەچ خاڵێکدا یەکیانگرتەوە، رابردوو ئەوەیە، پارتی وەك ئەوەی دەتوانێت تۆمارەکان بخاتە ژێر ویستی خۆی، بەپێی ئەوەی دەتوانێت تۆماری مرۆڤەکان بخاتە ژێر رکێفی خۆی، دەتوانین بڵێین ئەو جۆرەی کە پارتی دەیەوێت ببێت بە رابردوو، ئەوەیە رابردوو..).

کاتێك ڕابەری مەزن رابردووی لەناودەبرد، ئێمە مافی پارێزگاریکردن لە رابردوومان نەبوو، لەبەرانبەر یەك وشەی ئێمە، بەدەیەها ماستاوچی داوای مافی قسەکردنی دەکردو دەستی دەکرد بە هێرشکردنە سەرمان. ئەوانە زۆرینەیان لەلایەن جەنگی تایبەت و نەقیب ئەسەد ئۆکتای لەزیندانەکان شکلیان دراوەتێ و بە تەڵەی ڕابەری مەزندا تێپەڕیوون و ماستاوچیانێکن کە هێنراونەتە بەرانبەرمان، ئێمە لێرەدا لەبەردەم سوڵتانێك و دەیەها ماستاوچی تۆمەتباری رابردوو بووین!. مافی پارێزگاریکردنمان لێدەسەنێرێتەوە، سوڵتان دەیڵێت و ماستاوچی پشتڕاستی دەکاتەوە. ماستاوچییەکان ستایشی دەکەن و سوڵتان دڵخۆش دەبێت، بەردەوام دەبێت لە وانەگوتنەوە بە ئێمە.

دەڵێت: (شەنەر سیخوڕ بوو! وێنەکانی منی دڕاندووە، لەگەڵ پارتیی کۆمۆنیستی تورکیا، تورگوت ئۆزال، جەلال تاڵەبانی، مەسعود بارزانی، ئەمەریکا و نازانم کێی تریش لە پەیوەندیدا بووە، دەیانەوێت من لەناوببەن). ڕابەری مەزنی ئازیزمان ئێمە بەندەین ڕەنگە بە هەڵەدا بچین، دەخەڵەتێنرێین، تێناگەین و سەرنج نادەین. محەممەد شەنەر دوای ماوەیەك کە لە زیندان ئازادبوو هاتە ئەکادیمیاو هەر کە گەیشت و نەگەیشت ئێوە ئەوتان کرد بە رێکخەر، بێ ئەوەی بەپێویستی بزانن کە بیروڕای هیچ کەسێك وەرگرن، ئێوە ناونیشانی ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزیتان پێی بەخشی. ئەوە ئێوەن کە

www.arsivakurdi.org

بەردەوام ئەو بە چەکی ئۆتۆماتیکیەوە لە دەوروبەرتان دەهێڵنەوە، ئێوە بوون ئەوتان نارد بۆ دیوانی کۆنگرەی چوارەم. ئێوە کە خودان، سەرەڕای خودایەتیان هیچ کەموکورتییەکتان لەو نەدیوە، بۆ سەردەخەنە سەر ئێمەی بەندە، دەمەوێت وابڵێم، بەڵام ناتوانم، ئەو قسە دەکات و ئێمە پشتڕاستی دەکەینەوە، ئەوە ئسلووبی پارتیە.

ڕابەری مەزن ماوە ماوە مافی ئاخاوتنم پێدەدات، ئەگەر ئەوەی خۆم دەیزانم بیدرکێنم سەرم دەپەڕێت و وەك ئەو قسە ناکەم و ماستاوچێتیش ناکەم. هەندێك جار لاقرتێتی١١[٥] دەکەم، هاوڕێیان پێدەکەنن، ڕابەری مەزن تووڕە دەبێت.

ئەو چاوەڕێی لاقرتێتیم لێ ناکات، بەڵکو داوای ماستاوچێتیم لێدەکات، لەبەر ئەوەی مۆڵەتی ئاخاوتنی درێژم پێ نەدەدرا هەموو ئەو بیرو بۆچوونەی دەمەوێت بیڵێم لەچەند رستەیەك پوختم دەکردەوەو کە دەریدەبڕی هەموو پێدەکەنین، چونکە ناوەکەم تێکەڵ دەکرد. لەشوێنێك کە دیکتاتۆرییەتی لێ بێت نەمدەتوانی بەئازادیی قسە بکەم، لەشوێنی ئاخاوتنی ئاشکرا بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ قسەم دەکرد، چونکە بناغەی ئایدیۆلۆژیای خەبات لەدژی فاشیزمی ١٢ی ئەیلوول دانرابوو، ئەو دیکتاتۆرەی ڕووبەڕوومان بوو هێشتا بناغەی ئایدیۆلۆژیای خەباتکردنمان لەدژی نەنابوو. بۆیە ئەوانەی خەباتمان کرد یا کوژراون، یا خۆیان کوشتووە یا لەناوبردراون، هیچ کەسێك خاوەندارێتییانی نەکردووە.

لەو ڕوانگەیەوە، شیتەڵکردنی دیکتاتۆرییەت گرنگییەکی زۆر لەخۆ دەگرێت،

٥ لاقرت: ئەو کەسەیە لە ئەورووپا لە کۆشکی پادشاکان بێ تورەکردنی پادشاکان، بێ ناڕەحەتکردنی ئەوان بە بەپێکەنین هێنان و بەسەربردنی کاتێکی خۆش هەڵەکانی پادشاکان بە رێگەیەکی ناراستەوخۆ و بەزمانێکی ناڕاستەوخۆ و بەرووداوی ناڕاستەوخۆ رەخنە دەگرێت، ماستاوچی، ئەو کەسەیە کە لە ئاسیادا لە کۆشکی خاوەن دەسەڵاتەکان، بەوشەی جوان ستایشی سوڵتان و پادشاکان دەکات و هەموو ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن و ئەو بڕیارانەی دەری دەکەن جێبەجێ دەکات.

www.arsivakurdi.org



بۆ ئەوەی دیکتاتۆرییەتەکە شیتەڵ بکەم دەبوو ئاگاداری بەرەوپێشچوونەکانم بم، سەیری بەڵگەکان بکەم و گوێ لە ڕابەری مەزن بگرم. تا شیتەڵی دیکتاتۆرییەت نەکرێت لەدژی خەبات ناکرێت، بۆیە دوو بژاردە هەیە: بوون بە لاقرت، یاخود ماستاوچی، ڕۆڵی لاقرتی دەگێڕم، بەدڵی نییە، لەبەر ئەوەی بەکولتووری ڕۆژهەڵاتی پەروەردە بووە و دەیەوێت ببم بە ماستاوچی، ئەوەشیان بە من ناکرێت، یاخود بوون بە ماستاوچیم پێ قبوڵ ناکرێت. مەڵێن (چۆن دەبێت! مرۆڤ دژایەتی دەکات، بەرگە دەگرێت) لە دیکتاتۆرییەتێك بۆ دیکتاتۆرییەتێکی تر جیاوازی هەیە.

دیکتاتۆرییەت هەیە لەبەرانبەری خەبات دەکرێت وەك دیکتاتۆرییەتی تورکیاو ئەمەریکای لاتینی، ئەوانە بریتین لە زۆرداریێتیەکی ڕووت، دیکتاتۆرێکی لەو ئاستە نین کە حوکمی مێشکی مرۆڤ بکەن. دیکتاتۆرییەت هەیە لەبەرانبەری دا ناتوانیت بوەستی وەك ستالین، هیتلەر، سەددام و ئەسەد، چونکە ئەوانە لەگەڵ زۆرداری لە مێشکی مرۆڤەکاندا دیکتاتۆرییەت بنیات دەنێن، ئەو دیکتاتۆرییەتەی ڕووبەڕووی وەستاوین لە دیکتاتۆری جۆری یەکەم نییەو جۆری دووەمە، چۆن بەرگری دەکەی لەدژی؟ بەر لە شیتەڵکردنی یەك چارەتان هەیە: بێدەنگبوون و پشتڕاستکردنەوە.

من و ساکینە نەمانتوانی قسە بکەین، ناتوانین، چونکە قەدەغەیە، چاودێری دەکرێین، گوێمان لێ دەگیرێت، دووزمانیکەر لە هەموولایەك دەبارێت، بەڵام ساکینە بیر لە بەرگریکردن دەکاتەوە، ئەگەر بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم دەڵێم: نەخێر بوەستە، بەڵام دەزانم فرسەتم دەست ناکەوێت، ڕۆژ بەڕۆژ سەبارەت بە خراپەی من و ساکینە ئایەتەکان زۆر دەبن، بەیانیان دەردەچین بۆ وەرزش، ناتوانم بڕۆم، هەناسەم تەنگ دەبێت، دەمەوێت بڕشێمەوە، لەدواوە دەمێنمەوە، یازدە ساڵ لەزیندان وەرزشم نەکردووە، نەڕۆیشتووم ئێستا لە ڕۆیشتن و ڕاکردن زەحمەتی دەکێشم، ئەو حاڵە لەدژم بەکاردێت و دەگوترێت: (خۆی دەخاتە

www.arsivakurdi.org



ئـەرزەوە، نایەوێـت بچێتـە شـەڕو لەبـەر ئـەوەی بـاری پـێ هەڵناگیرێـت نابێـت بە گەریـلا) و دواتـر لێكدانـەوەی وا دەكـرا: (ئەوانـە هـەر خۆیـان دژی شـەڕكردنن دەیانەوێـت دووبـارە پەكەكـە دابڕێژنـەوە). واتـا لۆژیكـی هەمـوو دیكتاتـۆرەكان هەمان شـتە.

ڕۆژێـك بڕیارمدا لەگەڵ هاوسـەرەكەم قسـە بكەم، كە لەوانـە دەرچووین، بانگم كـردە لای خـۆم، هـات و بەتونـدی گوتـی: (چیـت دەوێـت؟) . گوتـم: (دەمەوێـت تێبگـەم، چییـە ئەوانـەی دەیكەیـت؟، ئەگـەر هەڵەیەكـم هەیـە قسـە بكـە، ڕەخنـە بگـرە) كاتێـك بێدەنـگ بـوو گوتم:(واتایـەك نادۆزمـەوە بـۆ ئـەو هەڵسـوكەوتانەت، ئەڵقەكـەی پەنجـەت دانـاوە، ئەگـەر دەتەوێـت كۆتایـی بـە هاوسـەرگیرییەكە بێنیـن، بـا قسـە بكەیـن و كۆتایـی پـێ بهێنیـن). گوتـی: "بۆمـن كۆیلـەی تـۆم" و بە پێویسـتی نەزانـی كـە هیـچ بڵێـت و لێیدا ڕۆیشـت.

وانـە دەسـت پێـدەكات، دەچینـە ژوورەوە، ڕابـەری مـەزن بەردەوامـە لـە دابەزاندنـی ئایـەت، سـەبارەت بـە محەممـەد شـەنەر و هەمـوو لەناوبـەرەكان ڕوونكردنەوەمـان پـێ دەدات، ئەركـی ئێمـەش ئەوەیـە كـە ئـەو ڕوانینانـە بـاش تێبگەیـن، شـەوان كاری لەسـەر بكەیـن، دواتـر بەپێی ئایەتـەكان ڕاپۆرت بنووسـین، دوای ئـەوە خودڕەخنـەی تایبـەت بنووسـین كـە لەسـەرەتا خۆمان دواتـر محەممەد شـەنەرو خەباتەكانـی زیندانـی دیاربەكـرو خەباتكارانـی ئیدانـە بكەیـن. ئـەوەی لە زینـدان ژیـا ئێمەیـن، ئەوەی مێژووی دروسـتكرد و نووسـی ئێمەین، ئـەوەی خۆمان دیـمان، كردمـان و لەنـاوی ژیایـن نایبنووسـین و نایگێڕینـەوە، ڕابـەری مـەزن كـە زیندانـی نەدیـوە، لـە زینـدان نەژیاوە، ئـەوەی كە نازانێـت لەوێ چـی ڕوودەدات و دەگوزەرەێـت، درۆیـە قـۆڕ و بێماناكانـی خـۆی دەڵێـت و ئێمـە لەسـەر بنەمای ئەو درۆیانـە ڕاپـۆرت ئامـادە دەكەیـن. ئەگـەر بڵێـم (نەخێـر) ئـەوە تەنیـا منـم، دەڵێت بیـرو ڕای پارتـی نـا هـی خـۆی دەپارێزێـت، خـۆی لەخۆیـدا شـتێك نییـە بەنـاوی پارتـی تـا بـەرواری هەبێـت. دیكتاتۆرێـك درۆكانـی بـە ئێمـە پشتڕاسـت دەكاتەوەو

www.arsivakurdi.org

دەیەوێت وەك بیرو ڕای پارتی بیخاتە بازاڕەوە. لێرەدا لەبەر ئەوەی ساختەكاری ئایدیۆلۆژیای فەرمی باشتر دەبینم بڕیار دەدەم كە یەكەم كار لە خێزانم جیا ببمەوە.

ڕێگا نادەم ئەو لەدژی من بەكاربهێنن، كاتێك بڕیارمدا ئەوم بانگ كردە ژێر دارێكی بەرانبەر ئەو چادرەی كاری كۆنفرانسی زیندانمان لێ ئەنجام دەدا، كە هات گوتم: (وەرە دانیشە قسە بكەین و هاوسەرگیرییەكە كۆتایی پێ دەهێنین، ئەو ئەشقەمان كە ١٣ ساڵ لەمەوبەر لە دەرسیم لەژێر دارێك دەستی پێكرد، لەژێر ئەو دارە لە دۆڵی بیقاع كۆتایی پێدەهێنین، بەیانی دۆخەكە بەپلاتفۆرم رادەگەیەنم). بەڵام ئەو توڕە دەبێت و گوتی "من بەنیازی شتێكی لەو جۆرە نیم، تۆ هەرچی دەكەی بیكە" و دەڕوات. بەیانی كاتژمێر هەشت لە پلاتفۆرمی وانە دانیشتووین، كاتێك ڕابەری مەزن هات هەڵساین و گوتی (دانیشن)، دانیشتین، توڕەبوو و ڕووخساری گرژە، ئاشكرایە كە شتێكی نوێ روو دەدات، لەسەر پێ وەك پەیكەرێك وەستاوە و ڕووی كردە دكتۆر باران و پرسی: "ئایا كەسی لێیە كە ئاژاوە بنێتەوە یاخود خۆی بەسەر كەشەكەدا زاڵ بكات؟" دكتۆر باران گوتی: (بەڵێ سەرۆك). كە بەتوڕەییەوە گوتی (كێن ئەوانە) باران وەڵامی دایەوە"سەرۆك سەلیم، ساكینە، میدیا، جاهیدە، لەچوارچێوەی پرسی ژندا خۆیان بەسەر ئێمەدا زاڵ دەكەن".

یەكسەر لە سیناریۆ ئامادەكراوەكە تێگەیشتم، خێزانەكەم ئاخاوتنەكانی ئێوارەمانی پێگەیاندوون، پێیانی گوتووە كە لە پلاتفۆرمدا رادەگەیەنم كە جیا دەبمەوە، بۆ ڕێگریكردن لەو كارە سیناریۆ ڕێكخراوە. ڕابەری مەزن گوتی:(سەلیم و ساكینە، جاهیدە، میدیا ئێوە لەدەرس دەكەمە دەرەوە، بڕۆنە دەرەوە!). ساكینە ڕووبەڕووی بووەوەو گوتی:(دەمەوێت قسە بكەم)، دواتر لەلایەن دوو كەسەوە بێ ئەوەی دەرفەتی ئاخاوتنی پێ بدرێت، دەكرێتە دەرەوە، من لەبەر ئەوەی لە سیناریۆكە گەیشتووم بێ تانەگرتن دەچمە دەرەوە، ڕابەری مەزنمان دەنگی دێت.

www.arsivakurdi.org

لەمیدیا تـوڕە دەبێـت و دەڵێت (بـڕۆ دەرەوە! تۆمـان نەهێناوەتـە بەڕێوەبەڕایەتی تـا یاریـی خێـزان بکەیـت). دەزانم کـە تووڕەبوون و قسـەکردنەکەی یارییـە. لەگەڵ چەنـد کارمەندێکـی بەڕێوەبەڕایەتـی بـەرەو باڵەخانـەی بەڕێوەبەڕایەتییەکـە دەچیـن، سـاکینە و جاهیـدە داویانەتـە پرمـەی گریـان، کاتێـك نزیکـی باڵەخانـەی بەڕێوەبەڕایەتـی بووینـەوە خێزانەکـەم بـە خێراییـەوە بـەرەو باڵەخانەیـەك ڕایکـرد کـە چەکەکانـی لێیـە، گوایـە دەچێـت لـەوێ خـۆی دەکوژێـت، بارانیـش بـۆ ڕێگەگرتـن لـەو خۆکوشـتنە بەدوایـدا ڕادەکات. لەبەر ئـەوەی دەمزانی کە بەشـێکە لـە سـیناریۆی شـانۆگەرییەکە لەگـەڵ ئـەوەی کـە هیـچ پێـی کاریگـەر نەبـووم خۆم بـە خۆمـم گـوت: (ئێوە بیکـەن، ڕۆژێـك هەر هەمـووی دەنووسـمەوە).

کـە دکتـۆر بـاران و خێزانـم هاتـن، چووینـە نێـو باڵەخانـەی بەڕێوەبەڕایەتـی، جاهیـدەو سـاکینە بـەردەوام بـوون لـە گریـان بەدەنگێکـی بـەرزو بێڕێزێك کـە تازە هاتووەتـە نـاو خەبـات و لـە بەڕێوەبەرایەتـی کارمەنـدە بەمـن دەڵێـت (ئێـوە ناتوانـن ئێـرە تێکبـدەن) هـاوارم بەسـەریدا کـرد (کـورە سەرسـەرییەتی مەکـە) و ڕایکـردە دەرەوە، لەگـەڵ بـاران کەوتینـە بەرانبـەری یەکـتر، بەمنی گـوت: (ژنەکەت ببـەو بـڕۆ هـەر کـوێ کـە دەتەوێـت). وەك باوکـم قسـە دەکات سـەگە بەیتـار، کـە بینـی زۆر بـەو قسـەیە تـوڕە بـووم بـە نەرمبوونـەوە دەڵێـت (ئـەرێ هەڤـاڵ سـەلیم ئێـرە کەشـی پارتیـە، سـەیرکە مـن لەبـەر پراکتیکەکـەم دادگایی کرام، سـزای مەرگـم بەسـەردا سـەپێنرا، بـەڵام هەسـتی دادپەروەرانـەی مەزنـی ڕابەرایەتیـی منی بەخشـی، ئێسـتا ڕێکخـەری ئەکادیمیـام). لەبەرانبـەر ئـەو قسانەدا ئەوەندەیتر توڕەبـووم و گوتـم: (تـۆ لەبـەر کارە گڵاوەکانـی کـردت سـزای لەسـێدارەدانت بەسـەردا سـەپێنرا، ئێسـتا دەتـەوێ پەتەکـە بخەیتـە ملی مـن؟)، ئیدی دەنگـی نەما، جاهیـدەو سـاکینە هێشـتا بەردەوامبـوون لـە گریـان، خێزانەکەم بە شـەیتانییەوە لە گۆشـەیەك دانیشـتووە سـەیری ڕووداوەکان دەکات، کە دکتۆر باران گوتی: (ڕاپۆرت بنووسـن) مـن و سـاکینە گوتمـان: (نەخێـر، تەنانـەت یـەك وشـەش نانووسـین، ئێمە

www.arsivakurdi.org

ببەن بۆ پلاتفۆرم و لەوێ گفتوگۆ لەسەر هەموو شتێك دەكەین). باران كاتێك زانی راپۆرت نانووسین، ماوەیەكی درێژ ئێمەی وەستاند، هەوڵم دەدا جاهیدەو ساكینە ئارام بكەمەوە، بەڵام فرمێسكەكانیان نەدەوەستان، دواتر باران ئەو رێنماییانەی بۆی هات بەسەرماندا دەیسەپێنێت (سێ رۆژ لە تاقمی جیاجیا دەبن و لەو ماوەیەدا لەگەڵ هیچ كەسێك نابێت قسە بكەن).

منیان بەرەو دەشتاییەكە برد، لەناوچەیەكی بەردین تاقمێكی جێگیركراو بەدەركەوت، یەكێك بە منی گوت:(هەڤاڵ سەلیم سێ رۆژ نابێت قسە بكەیت، رێنمایی وایە). گوتم:(من قسە دەكەم) دەنگی دەرنەهات. من دەدەنە دەستی تاقمەكەو دەگەڕێنەوە، فەرماندەی تاقمەكە پەتوویەكم پێدەدات، پەتووەكەم هەڵدەگرم و لەژێر سێبەری بەردێكی گەورە دادەنیشم، كە ئێوارە داهات زۆربەی هاوڕێكان لە دەوروبەرم كۆبوونەوە، گفتوگۆیان لەگەڵ دەكەم، هەندێكیان قسە دەكەن و هەندێك ناوێرن قسە بكەن. زۆرینەیان تازە هاتبوونە نێو خەبات و هەموویان منیان دەناسی، بەو رێنماییەی رابەری مەزن بە بەڕێوەبەرایەتی دابوو، بەپێی ئەو پڕوپاگەندەیەی بەڕێوەبەرایەتی بەنهێنی لەدژمانی كردبوو، لە هەوڵی ریفۆرمكردنی پەكەكەین و نامانەوێت بچینە بەرەی شەڕ.

ئەوانەی هەرگیز نەچوون بۆ شەڕ ئێمەیان بەوە لەكەدار دەكرد كە نامانەوێت بچین بۆ شەڕ، لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆژیای فەرمی ناهێڵێت مێشكەكان كاربكەن، چاوەكان ببینن كەسێك پێی نەدەگوت: (ئەرێ كەس جگە لە تۆ و عوسمانی برات هەیە لەنێومان كە نەچووبێتە شەڕ، تاڵی نەچەشتبێت، لەشاخ نەخەوتبێت، ئەشكەنجە نەدرابێت، برسی نەبووبێت، بریندار نەبووبێت، دەستەكانی لەسەرما نەیبەستبێت؟) كەس ناڵێت: (ئێمە رێبوارین، لەماوەی چەند ساڵێك یا دەكوژرێین یا دەستگیر دەكرێین، یا لە سەرمان رەق دەبینەوە یا لە ئاو دەخنكێین یاخود لەلایەن ئێوەوە وەك خیانەتكار تۆمەتبار دەكرێین، ئەوەی نابێتە خیانەتكار، تا ئەبەد دەمێنێتەوە هەر ئەو دووەتانن) ناتوانێت

www.arsivakurdi.org

بیڵێـت و لـە نهێنـی ئەمـە نـاگات.

شـەو لـە دەرەوە لەنێـوان بـەردەکان دەخەویـن و بەیـەك پەتـووەوە لەسـەر ئـەرز خەوتـن سـاردە، بـەڵام لەگـەڵ دۆخەکـە رادێیـن. بـەڕۆژ هەموو دەچنـە وانە، پاسـەوانێك بـە چەکـەوە لام جـێ دەهێڵـن، تەمەنـی چـواردە سـاڵانێکە و نـاوی "جەمـە"، قـژ رەشـی چاوشـینە، جلوبەرگێکـی سـەربازیی بەقـەد بـەژن و بـاڵای خـۆی لەبەرکـردووە، نیتاقـی بەسـتوە، دوو مەخزەنـی لـەدوو لایـەوە بەسـتوە، کڵاشـینکۆفێکی بەدەسـتە گەریـلای بچـووك. جـەم نزیکێکـی حەسـەن کاراکوشـە کـە لەزیندانـی جەیهـان دەسـتگیر کـراوە، لـە یەکـتر بینینـە کراوەکانـدا دەهاتـە سـەردانمان، لەبـەر ئـەوەی زۆرم خۆشدەویسـت لـە شـوێنی هەواگۆڕینەکانـدا پیاسـەمان دەکـرد. بەچەندیـن کاتژمێـر لەگەڵـی گفتوگۆمـان کردبـوو، دۆخـی کوردسـتانم بـۆ بـاس دەکـرد، کاتێـك ئـەو ئەشـکەنجانەی بەسـەرماندا دەسـەپێنراو بەرگەگرتنەکانـی ئێمـەم بـۆ بـاس دەکـرد زۆر کاری تێدەکـرد، چـاوی گـەش دەبـوو، لێوەکانـی دەبـووەوەو روومەتی سـوور هەڵدەگەڕا، کاتێك لە قسـەکردن دەوەسـتام هـەروەك ئـەوە وابـوو کـە لەخـەو رابێـت دەیگـوت (کاکـە سـەلیم بـۆم بـاس بکـە گـوێ دەگـرم)، ئێسـتا جـەم بەچەکەوە لـە نۆبەتدایە بەسـەر سـەرمەوە تا رانەکەم، سـەیری جـەم دەکـەم کـە لەسـەر بەردێـك چـەك بەدەسـت دانیشـتووە، تـف لـە قێزەوەنـی دیکتاتۆرییـەت دەکـەم.

لێرەدا، لەگرنگی باش تێگەیشـتن لەو دیکتاتۆرییەتە و شـیتەڵکردنی و گێڕانەوەی هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە روودەدەن و لێـی دەژیـن بۆ گەلـی کورد تێدەگـەم، جەم جـار جـارە سـەری بـەرز دەکاتـەوەو سـەیرێکی مـن دەکات، چاوەکانی پـڕ لە خەم، لـە ڕووخسـاریدا گوزارشـتێکی وا هەبـوو کـە ئەسـتەمە وەسـفی بکرێـت، مێشـکی تێکـەڵ و پێکـەڵ بـووە، ئـەو کاکـە سـەلیمەی کـە زۆری خۆشدەویسـت، متمانـەی پێدەکـرد و نرخـی دەزانـی، بـڕوای بەهەمـوو وشـەکانی دەکـرد هێنراوەتـە نێـو ئەو بەردانـەو تفەنگێکـی پێـدراوەو پێـی گوتـراوە (تـۆ لێـرە نـۆرە بگـرە). دەبێـت کاکـە

www.arsivakurdi.org



سـەلیمی چـی کردبێـت؟ ئاخـۆ تاوانێکـی کـردووە؟ ئـەو کاکـە سـەلیمەی ئەوەنـد متمانـەی پێـدەکات ئایـا تـاوان ئەنجـام دەدات؟ بـاران گوتبـووی: (ئەوانـە لەپرسـی ئافرەتـدا خۆیـان بەسـەر کەشـەکەماندا دەسـەپێنن). باشـە خۆسـەپاندن بەسـەر کەشـدا واتـای چـی بـوو؟ سـەیری چەکەکـەی جـەم دەکـەم کـە بەقـەد باڵایەتـی، بـەزۆر خـۆم دەگـرم تـا نەگریـم، دواتـر بیـرم لـەوە کـردەوە کە بـە ئەنقەسـت جەم کـراوە بـە پاسـەوان بەسـەرمدا، دیکتاتـۆر بەکردنـە پاسـەوانی جـەم بەسـەرمدا دەیەوێـت ئەمـە بڵێـت: (ئـا ئـەوەی لەزیندان بـەردەوام دەهاتە سـەردانت، هێشـتا منداڵێکی ١٤ سـاڵانەو تۆ شۆڕشـگێڕێکی ١٧ سـاڵانیت، بەوەوە پاسـەوانی تۆ دەکەم، تەنانـەت خێزانەکەشـت دوژمنتـە، ئەگـەر بڵێـم ئـەوە بکـوژن یەکـەم فیشـەك ئـەو دەیتەقێنێـت، هێـزی مـن ببینەو ملـم بۆ شـۆڕکەوە!).

کـە مـاوەی ژێـر چاودێرییەکـەم کۆتاییهـات، لـە وانـەدا شـتێکی نزیـك لـەوەی دەربـارەی مـن گـوت. ئـەو پیـاوە لەگـەڵ گوندییـەکان و شـوانەکان بـەو جـۆرە مامەڵـە دەکات، کـەس گوێبیسـت نابێـت، ناگێڕێتـەوە، ناتوانێـت بیگێڕێتـەوە و نانووسـێت. بـەو رادەیـە بـێ ئەقڵـە کـە ئـەوە لەگـەڵ منیـش بـکات؟ مـن باسـی دەکـەم، دەنووسـم، هەمـوو شـتێك ئاشـکرا دەبێت. ئیـدی هەموو جیهـان دەزانێت کـە چـی دەگوزەرێـت، دوایـی دەگەمـە ئـەو ئەنجامـەی کـە لـە ترسـی ئـەوەی ئەو کارە بکـەم وا لەگـەڵ مـن زێدەڕۆیـی دەکات، چونکـە لـە پێشـترەوە دەزانـم کـە دیکتاتـۆرەکان زۆر ترسـنۆکن، هـۆکاری دەسـتگیرکردن و کوشـتنی ئەوانـەش کـە دژایەتییـان دەکـەن، ترسـنۆکییەکەیانە، دیکتاتـۆرەکان تاوانبـارن و لەبـەر ئەوەی کە دەسـەڵاتیان بـەزۆر زەوتکـردووەو تاوانبـارن. لەترسـی ئاشـکراکردنی ئـەو تاوانانەی کـە ئەنجامیانـداوە دژەکانییـان دەکـوژن، چەنـدە ئـەو تاوانانـەی ئەنجامیـان داوە زیـاد بـکات، ترسـەکانیان ئەوەنـدە زیـاد دەبێـت، بـەڵام خـۆ مـن نەمگوتبـوو کـە دژی ئـەوم. تاوانەکانـی ئـەو زۆر گـەورەن و هێشـتا کـەس نازانێت، لەوە دەترسـێت کـە ڕەنگـە دژایەتـی بکـەم، بەلانـی کـەم لـە هەڵسـوکەوتم لـەوە گەیشـتووە کـە

www.arsivakurdi.org

خودایەتییەکەیم قبوڵ نەکردووە، لە خودایەتییەکەی نارەحەتم.

دووەم ڕۆژی ژێر چاودێریم، کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیا هاتە لام، دەڵێت کە دەچینە لای تاخمێکی تر، بەیەکەوە دەڕۆین، کۆمیسیۆنێکی چوار کەسی کە بە سەرۆکایەتی ئەو مەجید گوموشە دامەزراوە کە لەساڵی ١٩٨٠ بە چەکەکەیەوە خۆی دا بە دەست پۆلیسی تورك و لەزیندان وازی لەکاری خەبات هێنا لەلایەن کۆمیسیۆنی زیندان کە ئامادەکارییەکەی بەرەو کۆتاییهاتنە و دامەزراون، کاغەزێکی پرسیارم دەدەنێ بۆ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، کە کاغەزەکەم وەرگرت مەجید گوموش دەڵێت (هەڤاڵ سەلیم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەوە، سەیری دەکەین و بڕیار دەدەین کە بەشداری کۆنفرانس دەکەیت یاخود نا)، بژاردەیەکی ترم نییە و دەڵێم (باشە) و دەگەڕێمەوە ناو تاقمەکەم و دەست دەکەم بە خوێندنەوەی پرسیارەکان، ئەگەر بەڕاستی وەڵام بدەمەوە بە (سیخوڕ) تۆمەتبار دەکرێم و ئەگەر بە درۆ وەڵام بدەمەوە ئەوا کەسایەتیم دەڕوخێت، منێك کە لە نالەبارترین دۆخدا هەرگیز لە ڕاستی گوتن سڵ ناکەمەوە، لێرە دەبوو درۆ بکەم، چونکە پێویستە لە دیکتاتۆرییەت بگەم و لەداهاتوودا بە خەڵکی بگەیەنم، ڕابەری مەزنیش ڕاستییەکان نا دەیەوێت درۆی بۆ بکەم، بەو رادەیەی لەبیرم مابێت وەڵامی ئەو پرسیارانەی داومەتەوە ئاوابوون:

١ـ بۆچی لەدژی ڕابەرایەتیت؟

وەڵام: دژی نیم.

٢ـ بۆچی دژی دیسپلینی پارتی و شێوازی ژیانێتی؟

وەڵام: دژی نیم.

٣ـ ئەو ئاژاوەگێڕییانەی لەدژی پارتی پەرەدەسەنێت بۆ لەدژی هەڵوێست نانوێنیت؟

وەڵام: هێشتا تازە هاتووم هەوڵدەدەم لە کەشەکە بگەم.

www.arsivakurdi.org

٤ـ دەتەوێت بەشداری کۆنفرانسی زیندان[٦] بیت، بەپێی دیسپلینی کۆنفرانس بجووڵێیتەوە؟

وەڵام: بەڵێ.

کاتێك ئەو وەڵامانە دەنووسم رووخسارم سوور هەڵگەڕا، دەستەکانم دەلەرزن، قێز (بێز) لە خۆم دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی درۆم کرد، بەبیانووی (پرسی ئافرەت دەهێننە کەشەکەوە) لەوانە دەرکراوم و خراومەتە ژێر چاودێری، بەڵام ئامانجی ئەو پرسیارانەی لێم دەکرێت زۆر جیاوازن. لەوەش دەترسێن کە کۆنفرانسێکی دیموکراتی ئەنجام بدرێت و ڕاستییەکان بخرێنەڕوو، بەو پرسیارانەی کە دەیانکەن، دەیانەوێت دژایەتی ڕابەرایەتیی نەکەم و هەموو ئەو شتانەی کە دەیڵێن قبوڵی بکەم. لەژێر ناوی (دیسپلین و شێوازی ژیان) دەیانەوێت ببم بە بەندەیەکی تەواو. دەیانەوێت لەدژی شەنەر رۆڵێکی ئەکتیڤم هەبێت، بڵێم کە ئەو سیخوڕە، لەماوەی کۆنفرانس هەموو ڕێنمایی و ئەوانەی دەگوترێت بە تەواوی پابەندبم، ئەگەر ئەوانە نەکەم بە خێرایی زەمینەی ڕاگەیاندنی منیش وەك سیخوڕ ئامادە دەکرێت.

ڕۆژێك دواتر من بانگ دەکەن بۆ وانە، دەچم دادەنیشم، ساکینە، جاهیدەو خێزانەکەشم دەهێنن، دواتر زانیم کە ئەوانیش هەمان ڕێوشوێنیان لەگەڵ گیراوەتە بەرو لەگەڵ یەکتری ئاخاوتنیان قەدەغەکراوە. ئەسەد ئۆکتای لە

٦ ئەو کۆنفرانسەی ناونراوە کۆنفرانسی خەباتی زیندان لە ئابی ١٩٩١ لە ئەکادیمیای مەعسوم گۆرکماز کە دەکەوێتە دۆڵی بیقاع بەسترا، بەر لە کۆنفرانسەکە بەمانگێك ئاپۆ هەموو رۆژێك و بەدرێژایی رۆژ سەبارەت بە خەباتەکانی زیندانی دیاربەکر و خەباتکارانی وەك خۆی دەڵێت (شیکردنەوە)ی کرد. قسەکانی ئەو (شیکردنەو)انە تۆمارکرانە سەر کاسێت، دوایی خرانە سەر کاغەزو بوون بە ئایەتانێك کە نابێت گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت. لەو ئایەتانەوە سێ بەرگ کتێب بەناوی (شیکردنەوەکانی تەمموز و ئاب) دەرکرا، ئەو کۆمیسیۆنانەی بۆ کۆنفرانس دامەزرابوون، ئەو ئایەتانەی نێو کتێبەکانیان بە بنەما وەرگرت، راستتر بڵێین نووسراوەکانی نێو کتێبەکانیان رشتە سەر کاغەزو بە نیازی پوختەی کۆنفرانس راپۆرتیان لەسەر نووسی، ئەو راپۆرتانە خرانە بەر دەنگدانی نزکەی ٥٠ کەس کە لە زیندان ئازادببوون و هاتبوونە ئەکادیمیاو بەتێکڕای دەنگ قبوڵکرا، ئامانجی سەرەکی کۆنفرانس ئەوەبوو محەمەد شەنەر مەحکومی مەرگ بکەن، ئەوانەی لە دیاربەکر خەباتیان کردو شەهیدنەبوون، واتا ئەو خەباتکارانەی لەژیاندان بە تاوانبار رابگەیەندرێت. خۆی و ئەوانەش کە لە زیندانی دیاربەکر شەهیدبوون لەبەر ئەوەی پەیوەست بوون دەبێت خەباتکردنیشیان لەوێ قبوڵ بکرێت.

www.arsivakurdi.org

زیندانـی دیاربەکـر نەیتوانـی بـوو لەگـەڵ یەکـتری ئاخاوتنـی ئـەو سـێ ئافرەتـە قەدەغـە بـکات، بـەڵام لێـرەدا ئەوە (بەنـاوی شـۆڕش!) ڕوویـدا، لەوانەکـەدا ڕابەری مـەزن جارێکـی تریـش گەورەیـی خـۆی نیشـانداو گوتـی کـە لێـمان خۆشـبووە، قوتابییـەکان هەمـوو خۆشـحاڵ ببـوون، چونکـە ئێمەش ئەقڵـمان هاتبووە سـەرمان و ڕابـەری مەزنیشـمان گەورەیـی خـۆی نیشـان دابـوو!

دوای وانەکـە چوومـە نـاو ئـەو چـادرەی ئامادەکارییەکانی کۆنفرانسـی زیندانی لـێ دەکرێـت، لەچادرەکـە نەسـیم کلـچ ئـەو ئایەتانـەی کـە ڕابـەری مەزنـمان دوای ئـەوەی سـێ ڕۆژ لەمەوبـەر لەوانەکـە دەری کـردم دایبەزانـدووە بـۆم بـاس دەکات (ئـا ئـەوەش ڕابـەری زیندانتـان! هەمـووی سـووکە! لـە خەمـی ژنێکدایـە! ئەوانـە هـەر گوێیـان لـە وڵات و شـەڕ نییـە. واتـا ئەگـەر لەبەر عەیبـە نەبێت دەڵێـت: بێنە ماڵەکـەت دەچـم لەگـەڵ خێزانەکـەم دەخـەوم) مـن چـۆن ڕێـگا بـەو بـێ نرخییـە دەدەم؟ ئـەو شـوێنانە پیـرۆزن، بەخوێنـی شـەهیدان ئـاودراون، لەڕێـگای یۆنـان کاتێـك لـە مەریـج تێپـەڕ دەبێـت هەڤاڵێکـی زۆر بـە ڕابەرایەتییـەوە پابەنـد لەنـاو رووبـار جێدەهێڵێـت و رادەکات. لەکاتێکـدا کـە ئەگـەر پەتەکە رابکێشـێت ڕزگاری دەکات، ڕایناکێشـێت. مـن لـە زۆر شـوێنەوە زانیاریـم بـۆ دێـت، ئەوانـە بەبـێ هـۆ ئـازاد نەکـراون، لـە نێوانیانـدا پیاوانـی دوژمـن هـەن، مـن دەزانم).

دوای دوو ڕۆژ ئـەو ئایەتانـەی بـۆ چـاپ ئامادەکرابوون دەخوێنمـەوە، هاورێکە رسـتە بەرسـتەی بەڕاسـتی پێـم گوتـوە، بـاوەڕم وایـە ئەوانـەی تائێسـتا بەنـاوی (سـیخوڕ) کـوژراون، هیـچ یەکێکیـان سـیخوڕ نەبـوون، ئاپـۆ خـۆی بەدەسـتەوەداو لـەوە گەورەتـر هیـچ بەڵگەیـەك نابێـت، چونکـە خـۆم زۆر بـاش دەناسـم و ڕابەری مەزنـمان بەمـن دەڵێت (سـیخوڕ). چیم لەدەسـت دێـت؟ بەرە بـەرە بێدەنگ دەبم. هـەر خـۆی ئـەوەی لێـم دەوێـت و دەڵێـت: (یـا بێدەنـگ بـە، ئـەوەی مـن دەیڵێـم پشتڕاسـتی بکـەوە، یاخـود تـۆ بەسـیخوڕ رادەگەیەنـم، هەمـوو بەندەکانـم بـاوەڕ بەمـە دەکـەن، تـۆ گوللەبـاران دەکـەن، تیمـی گوللەبارانکەرەکانیـش بەخێزاکـەت

www.arsivakurdi.org

بەڕێـوە دەبـەم).

کاتێـك لـە رووبـاری مەریـج دەپەڕینـەوە، لەبەر ئەوەی لـە ژێر گڵۆپـی بەرانبەر بنکـەی پۆلیـس دەخشـین، سـەیفەدین ئالـوش کـە ئێلێگێکـی ڕزگارکردنـی گیانـ لەبـەر بـوو نەمانتوانـی دەری بهێنینە وشـکانی، جگە لەمن چوار هاوڕێی تریشـمان لەگـەڵ بـوو، ئەگـەر مـن نەمویسـت پەتەکـەی رابکێشـم، چوارەکـەی تـر بـۆ ڕایاننەکێشـا؟ سـەیفەدین ئالـوش نەخنـکا، لـەدوو کیلۆمەتـر خوارتـر هاتـە دەرەوە، دواتـر هاتـە ئەکادیمیـا. ڕابـەری مەزنمـان لێـرەدا بـە درۆکـردن بـۆ قوتابییـەکان، دابەزاندنـی ئایەتـی درۆ دەیەوێـت مـن لەبـەر چـاوەکان سـووك بـکات، لەبـەر ئـەوەی خێزانەکـەم لـە بەرانبەر من بەکاردەهێـنرا ڕقم لێی دەبووەوە و دەمویسـت لێـی جیاببمـەوە. ڕابـەری مـەزن بـە تۆمەتبارکردنـی مـن دەچێتـە ژێر ماسـکێکەوە، ئـەوە روون ناکاتـەوە بـۆ ئـەوەی کـەس لـە ڕووداوەکان نـەگات، پێویسـتە هەمـوو شـتەکان سـەراوژێر بـکات.

دەڵێـت: (ئەگـەر عەیبـە نەبوایـە دەیگـوت ماڵەکەتـم بـدێ دەچـم لەگـەڵ خێزانەکـەت دەخـەوم). بـە ئامانجـی هاندانـی قوتابیـان دەڵێـت (ئـەو شـوێنانە شـوێنی پیـرۆزن، بەخوێنـی شـەهیدان ئـاو دراون، ئایا مـن ڕێگا بە سـووکایەتییەکی وا دەدەم؟ زیاتـری دەخاتـە سـەر بـە گوتنـی (راپۆرتـی زۆرم بـۆ دێـت، دەوڵـەت بێ هـۆ ئەمانـەی ئـازاد نەکـردووە، لەنێویانـدا پیـاوی دەوڵـەت هەیە، سـوود لە شـارەزا نەبوونـی قوتابییـەکان وەردەگرێـت. بـە ئاشـکرا دیارە کە بۆ لەسـەر دەسـەڵاتبوونی خـۆی هەمـوو شـتێك بـە ڕێگاپێـدراو دادەنێـت خـەم ناخـۆم لـەو کارەی، پێـی خۆشـحاڵم، دەڵێـم باشـە وا بە ئاشـکرا دەیـکات، ئەگـەر وای نەکردبا چـۆن دەمزانی کـە باقـی کارەر، مەحمـود بیلکیلـی، ئیبراهیـم ئایـدن، ئەنـوەر ئاتـا، بیرجـان یلـدز، سـایمە ئاشـکن، ئایتـەن یلـدرم، عەبدوڵـڵا ئەکنجـی، دلاوەر یلـدرم، چەتیـن گونگۆر، حوسـێن و کەسـیرە یلـدرم، محەممـەد شـەنەر، گەنچلـی سـەلاحەدین و سـەدەهای تـر کـە ناتوانـم ناویـان بژێمـرم سـیخوڕ نەبوون؟

www.arsivakurdi.org

ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ دیکتاتـۆر خـۆی بەدەردەخـات، هەروەها بـە بەڵگانێك کە بڕوا ناکەیـت! ئـەو وا دەزانێـت کـە خـۆی دەشـارێتەوە، بەقسـەکردنەکان خـۆی دەداتە دەسـت، هێشـتا کاروبـاری کۆنفرانـس بـە فەرمـی دەسـتی پـێ نەکـردووە، ئەوجارە دەنگوباسـی سـیخوڕبوونی سـاکینە دەکەوێتە ڕۆژەڤەوە، زەکی یلماز کە لە تورکیاوە دەچێتـە دەرەوەی وڵات، کارمەندێکـی ڕێکخـراو لـە ئیسـتانبول تێبینییەکی بچووکی دەداتـە دەسـت، تـا بیگەیەنێتـە ڕابـەری مـەزن، لـەو تێبینییـەدا دەردەخرێـت کـە سـاکینە جانسـز لەگـەڵ داواکاری گشـتی دادگای سـەلامەتی دەوڵـەت لـە دیاربەکـر یەکتریـان بینیـوە، سـاکینە گوتـی: (یەکترمـان بینـی) و ئامانجی یەکتربینینەکـەی ئاوا ڕوونکـردەوە. (کاتێـك من لـە زیندانـی دیاربەکر گیرابـووم، داواکاری گشـتی ناوبراو داواکاری گشـتی دادگا بـوو، جـار جـارە دەهاتـە قاوشـەکەمان و قسـەمان دەکـرد، لەکاتـی مانگرتـن و خەباتەکانـدا لەبـەر ئـەوەی نوێنـەری قاوشـەکە بـووم، لەگـەڵ نوێنەرەکانـی تـر و ناوبـراو مامەڵەمـان دەکـرد، کاتێـك لەزینـدان ئازادبـووم، چـووم بـۆ ماڵـی فـەوزی ڤەزنـەدار ئۆغلـوی پارێـزەری دیاربەکـرم، ڕۆژێـك فـەوزی گوتـی: کـە دەچێتـە دادگاو لەگـەڵ سـەڤتاپ، خێزانی فـەوزی، ئێمەش بڕیـاری چووممان دا. لـە ڕاڕەوی دادگای سـەلامەتی دەوڵـەت ناوبـراو ئێمـەی بینـی و فەرمـووی لێکردین بچینـە ژوورەکـەی. هەرسـێکمان بەیەکـەوە چووینـە ژوورەکـە، منیـش دەمویسـت بزانـم کـە کاتێـك مـن لـە زیندانـی دیاربەکر تونێلـم لێـدەدا لـە دەرەوە لەلایەن کێ هەواڵـم لـێ درا. هەوڵمـدا بـە ڕێـگای ناڕاسـتەوخۆ بزانـم، بـەڵام نەیگـوت، ئەوەبوو یەکـتر بینینەکەمـان. لەوکاتـەدا دەنگوبـاس وا بـڵاو ببـووەوە، سـاکینەو شـەنەر دەسـتگیراندارن، بۆیـە سـاکینە دەیویسـت ڕاسـتی ئەو قسـانە بزانێت، سـاویلکەیی سـاکینە لێـرەدا لەوەبـوو کـە بیەوێـت لـە داواکاری گشـتی دادگای سـەلامەتی دەوڵەتـی دوژمنـی کـوردەوە ڕاسـتییەکە بزانێـت.

لەلایەکـی تـرەوە ڕابـەری مـەزن هەلێکـی دەسـتکەوتبوو، ئەمـەی بەکاردەهێنا، ئـاوا سـاکینەی لەنێـو چـوار سـەد کەس هەڵسـاندەوە سـەر پـێ و ئەوانەی بـەڕوودا

www.arsivakurdi.org

گوت (تۆ چەکدارێکی پەکەکەی، چۆن دەچیت و لە داواکاری گشتی دادگای سەلامەتی دەوڵەت دەپرسیت کێ بوو هەواڵی تونێلەکەی بە ئێوە دا؟ تۆ پێناسەی دۆست و دوژمنت لێ تێکەڵ بووەو پیاوەکە راپۆرتی بۆم نووسیوە دەڵێت: (ساکینە سیخوڕە)، بەڵێ ئەوە من نایڵێم، ئەوانەی زۆرترین متمانەیان پێدەکەیت بۆم دەنووسن، متمانە بە تۆ بکەم یاخود ئەوان؟ بەڵێ ئەوە پشتگوێ ناخەم. دوای ئەو ئایەتە دەست بەکاروباری کۆنفرانس دەکەین، ئافرەتێك بەناوی مێراڵ کدر بەسەرماندا دەسەپێنن کە زیندانی دیاربەکری تەنیا لەوێنەدا دیوە، لە ئەورووپا چەند مانگێك زیندانی کراوە، ئەو ئافرەتە هەموو راپۆرتەکانی کۆنفرانس و ڕێنماییە نووسراوەکانی ئاپۆی دەنووسی و گرنگی بەکارەکانی دەدا.

دوای هەر دانیشتنێکی کۆنفرانس، ئەوانەی لەزیندان دووزمانیان دەکرد، هەموو ئەو شتانەی دەمانگوت، بە بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیایان دەگەیاند، مێرالیش کە لە ئەورووپاوە هاتبوو بەرەو پێشچوونەکانی بۆ ئاپۆ دەکردە راپۆرت، زۆر بێزار ببووم، بەهرەی نووسینەکەم لەدەست دەدەم، کۆمیسیۆنەکانی تر سەیری ئایەتەکانی ڕابەری مەزن دەکەن و سەبارەت بە زیندانییەکان راپۆرت دەنووسن، ئەو کۆمیسیۆنەش کە منی تێدابوو راپۆرتێکی دوو لاپەڕەیی لەسەر ڕێچکەی ڕوانگەی فەرمی ئامادەکرد، دواتر ئەو راپۆرتانەی هەموو کۆمیسیۆنەکان نووسیبویان دانە دانە خوێنرانەوە و خرانە بەر دەنگدان. بە تێکڕای دەنگ قبوڵکران و ئەو تێکڕای دەنگە لەبەر ئەوە نەبوو کە کەس نییە نارازی بیت، لەبەر ئەوەبوو کە کەشێکی وا نییە کەس نارەزایی دەربڕێت. ئەرکی ئێمە ئەوەبوو کە ئەو ئایەتانەی ڕابەری مەزن بەدرێژایی ٥٥ ڕۆژ بەسەرماندا دابەزاند بخوێنینەوە، بیانکەین بە راپۆرت و دواتر بیخەینە بەر دەنگدان و بەتێکڕای دەنگ رەزامەندیی بۆ دەربڕین. تێگەشتنی پارتی وای پێمان دەفەرموو، کاتێك ئەو کارە دەکەین دەزانم کە هەموو ئەو کۆنفرانس و

www.arsivakurdi.org

کۆنگرانەی هەر لە ١٩٨٢ تا ئێستا گرێدراون وا بەڕێوەچوون، ئەوە فێر دەبم کە ئەوە شێوازی ڕابەرایەتییەو نموونەیەکی شاهانەی دیموکراسیمان نیشاندا، دواتر لە ریپۆرتاژێك کە ڕۆژنامەی "Yeni Ülke" لەگەڵ من ئەنجامیدا ناچاربووم کە بەپێی ئایدیۆلۆژیای فەرمی وەڵام بدەمەوە، سەردێڕی (کۆنفرانسەکەمان بەڵگەی دیموکراسییە) بەکارهێنرابوو، ئەوە سەراوژێرکردنی ڕاستی بوو، نا دیموکراسییەت وەك دیموکراسی بەچین و توێژەکان نیشان دەدرا، بەتێکڕایی دەنگ ڕەزامەندیی نواندن لەسەر هەموو پڕۆژە بڕیارەکان، جگە لە دیموکراسییەکەی داستانی (عەلی کەشانی) هیچی تر نەبوو، عەلی کەشانی دەمانچەیەکی لەدەستەو نازانێت کە دانیشتووانی گەڕەك بۆ کام پاڵێوراو دەست بەرز دەکەنەوە، کاتێك ناوی دەخوێندرێتەوە عەلی کەشانی بەتوڕەییەوە سەیری دانیشتووانی گەڕەك دەکات و فیشەکێك دەتەقێنێت، هەموو دانیشتووانی گەڕەك بەبێ ویست دەستیان بەرز دەبێتەوەو عەلی کەشانی بەتێکڕای دەنگ لە هەڵبژاردنەکە سەردەکەوێت.

سەیری دەنگدانەکەی پەرلەمانی ڕۆمانیام کردبوو لە تەلەفزیۆنەوە، کاتێك دەستی چاوشیسکۆ بەرز دەبووەوە ئاسمان، دەمبینی هەموو دەستەکان بەرز دەبوونەوە، دیموکراسییەکەی لای ئێمەش بە تەواوی وەك ئەوەبوو ئێمە بەشدارانی کۆنفرانس ئاوا بێشەرەف کرابووین! هێشتا کاری کۆنفرانس تەواو نەببوو، هەندێك لەو نووسین و بڵاوکراوانەی محەممەد شەنەر بۆ ڕای گشتی بڵاوکردەوە بەدەستمان گەیشت، ڕاستتر بڵێین ئەو نووسینانەی ڕابەری مەزن بە ئێمەی دا، ئێستا ناوەڕۆکی نووسینەکانم بیر نایەتەوە، تەنیا سێ خاڵی گرنگ هەیە کە هەرگیز لەبیری ناکەم، دووانیان زۆر گرنگن، لەماوەیەکی کورتدا لەلایەن هەموو ئەوانەوە کە ڕابەری مەزن لەنزیکەوە دەناسن و هاتوونەتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەو دەبینرێت. یەکەم خاڵی دیاریکراوە محەممەد شەنەر (ئاپۆ ئەستیاگە)بوو. دووەم خاڵی دیاریکراویش ئەو واژۆیەی کە لەژێر

www.arsivakurdi.org

نـووسراوەکان بـەکاری دەهێنـا بەنـاوی (پەکەکـەـ ڤەژیـن) (PKK_diriliŞ)، لەنێـو دەیەهـا نووسـین ئـەوەی سـەرنجی رادەکێشـام ئـەو چـوار وشـەیە بـوو، ئـەو چوار وشـەیە لـە ١٩٨٢ەوە تـا ئێسـتا چـی ڕوویـداوە هەمـووی بـۆم بـاس دەکـرد.

تەنانـەت پەرتووکێکـی گـەورە نەیدەتوانـی ئـەوەی ئـەو چـوار وشـەیە بەمنـی گەیانـد پێـم بگەیەنێـت، ئـەو نهێنییـەی لەنـاو ئـەو چـوار وشـەیە حەشـاردرابوو لەگـەڵ ناسـینی ڕابـەری مـەزن دەسـتم پێکـرد کـە لێـی تێبگـەم. لەکۆتاییـدا زۆر درەنـگ زانیـم کە محەممەد شـەنەر بەچوار وشـە پەردەی نهێنی سـەر ڕاسـتیەکانی هەڵداوەتـەوە، بەشـی هـەرە زۆری بەشـداربووانی کۆنفرانـس نەیاندەزانـی کـە ئەسـتیاگ کێیـە و ڕابـەری مەزنمـان بۆچـی لە ئەسـتیاگە دەچوێنرێت، من و مسـتەفا گەزگـۆر لـە بـەر ئـەوەی زۆر خەریکـی مێژوو بوویـن زۆر باش دەمانزانـی کە بۆچی ڕابـەری مەزنمـان لـە ئەسـتیاگ دەچوێنرێـت.

کاتێـك نووسراوەکەمـان خوێنـدەوەو چووینـە دەرەوە، لەچادرگـە گەزگـۆر هاتە لام و پێـم گـوت: (گەزگـۆر چـی لەبـارەی بابەتی ئەسـتیاگ دەڵێیت؟)، سـەری بەرەو ئاسـمان بەرزکـردەوەو باڵی کـردەوە هەر وەك بڵێی دوعا بکات و بـە زەردەخەنەوە گوتی:(خـودا دەزانێـت). پێویسـتە روونـی بکەمـەوە کـە بۆچـی ڕابـەری مەزنمـان لـە ئەسـتیاگ دەچوێـنرا، دوایـن پادشـای مـادەکان ئاسـتیاگ لـە خەونـدا دەبینێـت کـە دار سـێوێك لەسـەر ئەندامـی مێینـەی مادانـەی کچـی ڕوواوە و هەمـوو دونیـا لەژێـر سـێبەری ئـەو دارەدا دەمێنێتـەوە، هەمانـکات کاهینـەکان بانـگ دەکات و داوایـان لێـدەکات خەوەکـەی بـۆ لێـك بدەنـەوە، کاهینـەکان دوای پـرس و ڕایەکـی زۆر بـە پادشـا رادەگەیەنـن کـە مادانە شـوو دەکات. منداڵێکی کـوڕی دەبێت و ئەو منداڵـە هەمـوو جیهـان دەخاتە ژێر دەسـەڵاتی خۆی، پادشـا بـەو لێکدانەوەیە ترس دایدەگرێـت و کچەکـەی دەدات بـە کورێکـی فـارس، بەپێـی بـاوەری ئـەو منداڵێك کـە لەکورێکـی فـارس ببێـت نابێـت بـە پادشـا. پادشـا دوای نـۆ مانـگ گوێـی لـێ دەبێـت کـە کچەکـەی منداڵێکـی کـوڕی بووە فەرمـان دەکات کـە منداڵەکـە بهێننە

www.arsivakurdi.org

کۆشـك، منداڵەکـە دەهێنـن بۆ کۆشـك، پادشـا هارپا گۆسـی فەرمانـدەی بانگ کردە لای و منداڵەکـەی پێـداو فەرمانـی پێکـرد: (ئـەو منداڵـە ببـە، لە شـاخ بەجێـی بهێڵە بـا بمرێـت، دواتـر پیاوەکانم دەنێـرم مردووەکە بنێـژن). کاتێك فەرمانـدە هارپاگۆس منداڵەکـە دەبـات و دەردەچێـت بەجوانییەکـەی سەرسـام دەبێـت و دڵـی نایـەت وای بەسـەر بێنێـت و دەیـدات بـە دەسـتی شـوانی پادشـا. شـوانەکە دەگەڕێتـەوە ماڵـەوەو دەبینێـت خێزانەکـەی کینـك منداڵێکـی کـوڕی بـووە، بـەڵام منداڵەکـە مـردووە، نـەوەی پادشـا دەدات بـە خێزانەکـەی و منداڵـە مردووەکـەی خـۆی دەبـات لەسـەر شـاخ بەجێـی دەهێڵێـت و دوای ماوەیـەك پیاوەکانـی پادشـا دێـن و مردووەکـە دەنێـژن، حـەوت سـاڵ تێپـەڕ دەبێـت، کوڕەکـەی مادانە لای شـوانەکە گـەورە دەبێـت و دەگاتە تەمەنی یاری کردن و دەسـت دەکات بـە یاریکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانـی، منداڵەکـە لـە یارییەکـەدا ڕۆڵـی پادشـایەك دەگێڕێـت و لەکـوڕی بەڕەچەڵـەك مادێـك دەدات، کاتێـك منداڵەکـە برینـدار دەبێـت باوکـی دەچێتە لای ئاسـتیاگ و شـکات دەکات و دەڵێت:(کـوڕی شـوانەکەی تـۆ لەکوڕەکەمـی داوەو برینـداری کـردووە). ئاسـتیاگ شـوانەکەو کوڕەکـەی بانـگ دەکاتـە کۆشـك و هـەر کـە منداڵەکـە دەبینێـت دەیناسـێت، شـوانەکە کاتێـك ئەشـکەنجە دەدرێـت قسـە دەکات، ڕاسـتییەکان دەدرکێنێـت، ئاسـتیاگ شـوانەکە ئـازاد دەکات و ئـەو هەواڵـە بـۆ هارپاگـۆس دەنێرێـت (داوەتێـك پێشـکەش دەکـەم، کـوڕە بچووکەکـەش بهێنەو وەرە بـۆ کۆشـك). هارپاگـۆس لەگـەڵ منداڵـە هەشـت ساڵانەکەی دێـت، دەچێتـە ئـەو هۆڵـەی میوانـەکان لێـی دانیشـتوون، کـوڕە بچووکەکـەی بەفەرمانی ئاسـتیاگ دەدرێتـە دەسـتی ئـاژەڵ سـەربڕەکان، سـەربڕەکان منداڵەکـە پارچـە دەکـەن، سـەر و قـاچ و دەسـتەکانی دەخەنـە نـاو سـەبەتێکی میـوەو ئـەوەی دەمێنێتـەوە دەیـدەن بـە چێشـت لێنـەرەکان، چێشـت لێنـەرەکان چێشـتەکە ئامـادە دەکـەن و پێشـکەش بـە میوانانـی دەکەن، کاتێـك بۆ میوانەکانی تر چێشـتی لە گۆشـتی ئاژەڵ دادەنرێـت، گۆشـتی کوڕەکەی دەرخـواردی هارپاگـۆس دەدەن. کاتێك نانخواردنەکە

www.arsivakurdi.org



کۆتایی پێدێت، ئاستیاگ لە هارپاگۆس دەپرسێت:(چێشتەکەت بەتام بوو؟)، هارپاگۆسیش وەڵامی دەداتەوە (زۆر بەتام بوو). دوای ماوەیەك میوە دەهێنن، کاتێك هارپاگۆس سەرچەفی سەر میوەکەی بەردەمی هەڵدەگرێت تێدەگات کە گۆشتی کوڕەکەی خواردووە، پادشا دووبارە بانگی کاهینانی دەکاتەوەو دەپرسێت: (چی لە منداڵەکە بکەین؟) کاهینەکان دەڵێن: (منداڵەکە لەیاریی بوو بە پادشا، لەڕاستیدا نابێتە پادشا) لەسەر ئەو بنەمایە منداڵەکە دەنێردرێتەوە لای دایکی.

ئا ئەو منداڵە کاتێك لەگەڵ دایکی مادانە گەورە دەبێت، هارپاگۆس بەنامەیەك هەموو ڕاستییەکانی بۆ باس دەکات، ئەو منداڵەی دواتر لە مێژوودا بەناوی یەکەم پادشای فارس (کۆرش) ناسرا، کە سەرکردایەتیی فارسەکانی کردو دژی ئاستیاگی باپیری شەڕی کرد، فەرماندەی سوپای ماد هارپاگۆس بە سوپاکەیەوە دەچێتە بەرەی کۆرش، هەردووکیان بەیەکەوە کۆتایی بە دەوڵەتی ماد دەهێنن و تا هەتایی ئاستیاگ زیندانی دەکەن.

مێژوونووس هێرۆدۆت، ئاستیاگی و پاشای ماد بەنزیکەی ئەم جۆرە باس دەکات، دەبینین کە لێرەدا گۆشتی کوڕەکەی دەرخواردی فەرماندەیەکی دەدات کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەکردووە، زۆر قێزەوەن، زۆر دڕندە، بەڕێوەبردنێکی لەمرۆڤایەتی بەدەرە ئەمە، پادشا ئەوەند کێوی و بێ هەستە کە بۆ لەدەستدانی دەسەلاتەکەی لەسەرەتا دەیەوێ نەوەکەی خۆی دەرخواردی گورگ و ڕێوی بدات، ئەوەندە دڕندە کە ئەو"هارپاگۆس" فەرماندەیەی نەوەکەی ناکوژێت و فەرمانی ئەو جێبەجێ ناکات گۆشتی کوڕەکەی دەرخوارد دەدات، دەبینرێت کە ئەو پادشایە ترسنۆکە لە تاوی دەسەڵات بەرچاوی تاریك بووە، بۆ لەدەستهێشتنەوەی دەسەڵات چۆن لە مرۆڤایەتی دەرچووە.

ئەوەی ڕابەری مەزن بەخودا قبوڵ نەکات، لەبەرانبەر ئەوا بەجۆرێك لە جۆرەکان دژایەتییەك بکات، ئەو ڕێوشوێنانەی ڕابەری مەزن دەیگرێتەبەر

لەگـەڵ ئاسـتیاگ زۆر لەیـەك دەچـوون. تەنانـەت هەندێـك لـەو ڕێگایانـەی ڕابەری مـەزن دەیگرێتەبـەر ئـەو لـە ئاسـتیاگ دواکەوتووتـر دەکات، واتـا ڕابەری مـەزن لە وەحشـیگەرێتی زیاتـر بەرەوپێشـچوە، مـن شـاهێدی زۆربـەی ئـەو ڕێگایانـە بـووم، کاتێـك ئـەو پەرتووکـە هەمـووی بخرێتـە سـەر یـەك و بخوێنرێتـەوە، قێزەوەنی ئەو و ڕێگاکانـی بەدیـار دەکەوێـت. بەپێـی ئـەوەی ڕابـەری مـەزن واز لـە خودایەتـی ناهێنێـت، بـەرە بـەرە خۆشەویسـتی بۆ دەسـەڵاتی پـەرە دەسـەنێ، لەگـەڵ ئەوەدا ترسـەکەی بـەرە بـەرە لەزیادکردندایـە، ئەوانـەی لەژێـر دەسـتی ئـەون هێشـتا زۆر ڕووبـەڕووی ئـەو ڕێوشـوێنانە دەبنەوە، خیانەتـی هارپاگۆس خیانەتێکـە کە گفتوگۆ زۆر دەگرێـت. بۆیـە مـن ئەوانـەی لەدەسـت قێزەوەنـی و دڕندەیـی و نامرۆڤانەیی ڕابـەری مـەزن هەڵدێن و هانا بـۆ دەوڵەتی تورك دەبەن بەهارپاگۆسـیان دەچوێنم. هیدایـەت پۆزیغیت[7] هارپاگۆسـکە گۆنـول ئەتای[8]هارپاگۆسـتێکە

بەرگـدروو جەمـال (عەلـی ئۆمورجـان) هارپاگۆسـێکە، چیرۆکـی ئەمـە پەندبەخشـە کاتێـك شـوێنی هـات باسـی دەکـەم.

بەکارهێنانـی واژۆی (پەکەکـە- ڤەژیـن) لـە ڕوونکردنەوەکانـدا زیاتـر وانەبەخشـە، هەمـوو ئەوانـەی لە زینـدان ئازاد دەکرێـن و دێنە لای ڕابـەری مەزن، دەبینـن کـە ئـەو پارتیـەی وا دەزانـن کـە هەیـە بـەم جـۆرە نییـەو دەبینـن، پەکەکە کۆمیتـەی مەرکـەزی و ناوچەیـی، پەیـڕەو و ئەندامی نییـە، واتا ڕابەرمـان پارتیەکەی

---

٧ هیدایەت بۆزیغیت لەساڵانی ١٩٧٦ هاتە ریزەکانی پەکەکە، چەکدارێکی زانا، فیداکار، لە مەرگ نەدەترسا، چەندین چالاکی چەکداری ڕێکخست و ئەنجامی دا. دوای کودەتای ١٢ی ئەیلوول لە دۆڵی بیقاعی لوبنان مەشقی سەربازی وەرگرت، ماوەیەکی زۆر لە چیاکانی کوردستان گەریلایەتی کرد، لەبەر ئەوەی لەبەرانبەر بەڕێوەبردنە ئاستیاگانەکەی ئاپۆ ڕێگاچارەیەکی تری شك نەبرد لەڕێگای حەقی ئارتوگ ئاسلان پەرلەمانتاری چەولیگ (بینگۆڵ)ی سەر بە (ANAP) (پارتی نیشتمانی دایك) هانای بۆ دەوڵەت بردو ئێستا لەگەڵ دەوڵەت کار دەکات.

٨گۆنول ئەتای: لەساڵی ١٩٧٦ لە گەڕەکی توزلوچایی ئەنقەرە هاتە ریزەکانی پەکەکە، ماوەیەکی زۆر لە زیندانی دیاربەکر دەستیگرکرابوو، ٥١ ڕۆژ بەرگەی مانگرتن لە خواردنی گرت، کاتێك ئازادبوو بۆ بەشداریکردن لە شەڕی گەریلا چوو بۆ شام و لێرە لای ئاپۆ رووبەڕووی مامەڵەی ئاستیاگانە بووەوە، کاتێك لەژێر چاودێریی بوو رایکرد و هانای بردە بەر کونسوڵخانەی تورکیا لە شام.

www.arsivakurdi.org

کوشتووە، ئەوەی کەمێك لەرێکخراو تێبگات و کەسێك مێشکی بجوولێت ئەو دۆخە دەبینێت.

ئەو کەسەی دەگاتە ئاستی تێگەیشتن لەو دۆخە دەزانێت کە محەممەد شەنەر چەندە بە ناوازەیی ڕاستییەکانی درکاندووە. پەکەکە- ژیانەوە! ئەو واژووە ڕاستی پەکەکەی کوژراو دەگەیەنێت، لە نووسینەکانی شەنەر پەیوەندی ڕابەری مەزن لەگەڵ ئافرەتانیش باسکرابوو، دەگوترا: (کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر ئافرەت پەیوەندی سێکسی بەستووە ئیدی بۆنی دەرکردو بڵاوبووەوەو بە زۆری پەردەپۆشمان کرد). ڕابەری مەزنیش دەیگوت کە محەممەد شەنەر لەگەڵ زۆر ئافرەت خەوتووە.

نامەیەکی دڵداریم خوێندەوە کە کچێك بۆ شەنەری نووسیبوو، بەدەر لەوە هەموو ئەو کەسایەتییە گرنگانەی ڕایان دەکرد، کەوتبوونە ئاستی دادگاییکردن، پێیان دەگوترا (لەگەڵ کچان و ئافرەتان پەیوەندی هەیە). ڕابەری مەزن سەبارەت بە حەیدەر کایتان کە لەزیندانی موسەلدۆرفی ئەڵمانیا دەست بەسەرە دەیگوت: (ها... فوئادی کچان، ها کچەکانی فوئاد) و گاڵتەی پێدەکرد. من بڕوام وابوو کە بە ڕابەری مەزنیشەوە زۆربەیان لەگەڵ کچان و ئافرەتان ئەم جۆرە پەیوەندییانەیان هەبوو، چونکە ئەوە ئەنجامێکی ئاسایی یاسا سەپێنراو و لۆژیکە پارێزگاری لێکراوەکەن.

هەر لەسەرەتای مێژووەوە تا ئێستا نە خوێندوومەتەوە نە گوێم لێبووە، نە بینومە کە دیکتاتۆرێك بەو جۆرە پەیوەندی سێکسی نێوان ئافرەتپیاو قەدەغە بکات، گوێم لێ بووە دەسەڵاتدار جگەرە و خواردنەوە قەدەغە بکات، بەڵام گوێم لێ نەبووە پەیوەندی سێکسی قەدەغە بکات. من کەسێکم کە زانست، ڕەوشت، فەلسەفە، مێژووی کۆمەڵگاکان، کۆمەڵایەتی و دەروونناسیم خوێندووەتەوە و بە هەندێك دەرەنجام گەیشتووم پەیوەندی سێکسی: هەرچەندە بەرووکەش بە یاسای توند قەدەغە بکرێت بەدزی ئەوەند زیاتر

www.arsivakurdi.org

ئەنجام دەدرێت، گەورەترین قەدەغەکەر گەورەترین ئەنجامدەرە. لەسەردەمی خەلیفەی عوسمانییەکان ئەو ئافرەتانەی پابەندی خەلیفە بوون و کاریان لەلا دەکرد، لەکاتێکدا ئەو پیاو و ئافرەتانەی تاوانی زینایان ئەنجام دەدا بەتوندترین شێوە سزا دەدران، خەلیفەکان لەگەڵ ٣٠٠ـ ٤٠٠ کەنیزە بەبێ مارەکردن پەیوەندی سێکسیان دەبەست، لەبەر ئەوەی کە لۆژیکی ئێرە و ئەنجامە ڕاستەکەم دەزانی زۆر گرنگیم بە نزیکبوونەوەی محەممەد شەنەر لە بابەتی ئافرەت نەدا. ئەوکاتە هێشتا مەترسی و گەورەیی ئەو دۆخە تێنگەیشتبووم، تاوانی پەیوەندی سێکسی لەنێوان بەندەکانی ڕابەری مەزن لە تاوانی سیخوڕی گەورەتربوو. کاتێك زانیم کە لەنێو سەدەها کەس کە بەپێشنیازی ڕابەری مەزن تائێستا کوژراون لەسەدا چل بەتاوانی پەیوەندی سێکسی کوژراون.

ڕاچڵەکام! کاتێك نووسینەکانی محەممەد شەنەرمان خوێندەوە، جگە لە چەند مونافیقێکی تری وەك من، هیچ کەس باوەڕی نەکرد کە ڕابەری مەزن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر ئافرەت پەیوەندی بەستووە. وایان بیر دەکردەوە خودا کارێکی وا ناکات، هەموویان وەك هاوسەری ئافرەتە جوانەکەی گوندی ئەنساری ئۆغلون. لەبەر ئەوەیە ڕابەری مەزن کارەکەی خۆی سەلامەت بەستوە، ئەوەی دەکەوتە بەر دەستی ڕزگاری نەدەبوو، کاتێکیش ئەوەی دەکەوتە ژێر دەستی قسەی بکردبا کەس باوەڕی پێ نەدەکرد. دەگەڕێمەوە سەر بەشی ئەنجامی کۆنفرانسەکە لەسەر فەرموودەی ڕابەری مەزن بە تێکڕای دەنگ سزای مەرگ دەسەپێننە سەر محەممەد شەنەر.

ڕابەری مەزن مەزنتر دەکەین و بەندایەتیمان قبوڵ دەکەین، دواتر یەکە بەیەکە خودڕخنەکانمان دەنووسین، لەخودڕەخنەکەمدا هیچ باس لە تێکدەرایەتی و ڕووداوەکەی شەنەر ناکەم، کاتێك لە پلاتفۆرم خوێندمەوە ڕابەری مەزن نیو کاتژمێر هێرشی کردە سەرم، دواتر ماستاوچییەکان یەکە بە یەکە داوای مافی ئاخاوتن دەکەن و دادەبەزنە سەرم، دواتر ڕابەری مەزن داوام

لێدەکات کە خودڕەخنەیەکی تر بنووسم و ئەو ئایەتەم بەسەردا دادەبەزێنێت: (لەسەر بابەتەکانی تر چەندین کاتژمێر قسە دەکات، بەڵام لەسە کێشە گیانکێشەکەی پارتی تەنانەت یەك وشەش نادرکێنێت، خودڕەخنەکەی قبوڵ ناکەم، یا خودڕەخنەیەکی تر دەنووسێت، یاخود چاو بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتیدا دەخشێندرێتەوە). بێچارە دووبارە خودڕەخنە دەنووسم: (ئاخر دەبێت چی بنووسم بەدڵی دەبێت بیر دەکەمەوە! دواتر ئەو وشانە دەنووسم کە بەدڵی دەبێت: (کاتێك محەممەد شەنەر لە زیندان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی یەکی گرت و جلوبەرگی یەکپۆشی زیندان بە ئێمە لەبەرکرد لەشوێنی ئەوەی کە بیخەینە ئەرزەوە، بەرزمانکردەوە سەر سەرمان).

بە دوو سێ داڕشتن کۆڕێتی خۆمان، مەزنێتی و شایستەیی ڕابەری مەزنم باسکرد، ئەمجارە خودڕەخنەکەم قبوڵ کرا، بەڵام سەرەڕای ئەوە دەیزانی کە وازم لە نیفاق نەهێناوەو خودایەتییەکەیم قبوڵ نەکردووە. دوای گوێگرتن لە دوایین خودڕەخنەم ئەو ئایەتەی دابەزاند: (هاوڕێ مستەفا سەبری (ئەوە ناوی نهێنی ئەکادیمیام بوو)، کەسێکی ڕووناکبیرە، ئایدیۆلۆژیك ماوەتەوە، دیماگۆلۆژی زۆر دەکات، سەبارەت بە کێشە سەرەکییەکان یەك وشە نالێت، وشە دێنێت و دەبات، لەژێرییەوە و لە تەکیەوە تێپەڕ دەبێت، ئەوە شێوەکارییەکی تری ڕابەرایەتییە، هەر خۆی زۆری وامان بەسەرهاتووە، لە کۆتاییەکەیدا ڕایانکردووەو یاخود خیانەتیان کردووە. هەندێکیش هەن کە پابەندن بە ئێمەو کەسێك لەسەر ئاستی تاکتیك هەن، ئەوەی دەمێنێتەوە بێ شێوەکارن، ڕاستتر بڵێین، کۆیلەکانی پارتین).

بەڵێ ئەوە دوایین ئایەتی ڕابەری مەزن سەبارەت بە من، ڕێنماییەك بوو بۆ کۆیلەکانی، من شێوەکاری دووهەمی ڕابەرایەتیی بووم. کۆتاییەکەم راکردن، خیانەت و یاخود سزادرانم بوو، قەدەری خوایی دەهاتە جێ، ڕێوشوێنەکانی ئاستیاگ دەهاتنە گۆڕەپانەوە، کاتێك من بەردەوامیم بەکاروباری کۆنفرانس دەدا

www.arsivakurdi.org

محەممەد شەنەر لە شارەکانی وەك حەلەب، قامیشلۆ و حەسەکە بەردەوامی بە چالاکییەکانی دەدا. بەجیا لەوە، لە سەردەمی شەڕی عێراقئەمەریکا نزیکبوونەوەی ڕابەری مەزنمان لەگەڵ ڕابەری مەزنی عێراق سەددام حوسێن باسکردووە لە ڕاگەیاندنەکانیدا گوتبووی: (ئاپۆ لەگەڵ سەددام حوسێن ڕێککەوتنێکی نهێنی ئەنجامداوە، هەواڵگریی سووریاش بەپشتبەستن بەو زانیاریانە فشاری دەخستە سەر ڕابەری مەزنمان، داخرانی ئەکادیمیا مەسەلەی خولەك بوو، ڕابەری مەزنمان کەوتبووە ناو دۆخێکی زۆر سەختەوە، لەو ڕوانگەیەوە بڕیارەکانی کۆنفرانس و خودڕەخنەکانمان بۆ ئەو زۆر گرنگ بوون.

هەر بەو جۆرە و بەپێی گێڕانەوەکانی هاوڕێی زیندانم تەکین کزڵای کە لەشام لەماڵی ڕابەری مەزن دەمایەوە، هەموو بەڵگەکانی کۆنفرانسی زیندان و خودڕەخنە تاکەکەسییەکانمان بۆ هەواڵگریی سووریا دەچوو. دەزگای هەواڵگریی کە ئەو بەڵگانەی خوێندەوە بە باوەڕکردن بە درۆکانی ئێمە بڕوای بەوەکرد کە محەممەد شەنەر سیخوڕی تورکەو هێشتا هەفتەیەك ڕەت نەبووە شەنەر لە قامیشلۆ لە ماڵێکدا دەکوژرێت.

تاریکایی داهاتبوو، ئەو ناوە بێدەنگ، نە گڕەی ئۆتۆمبێل دەهات نە گزەی مێشولە، بای نەدەهات و بەردەکان بێدەنگ، دارەکان هاژەیان نەدەهات، گەڵا وەریوەکان خشەخشیان نەدەهات، هەموو گیانلەبەرەکان هەناسەی خۆیان گرتبوو، منیش لەو چادرەی کە کۆنفرانسی لێدەبەسترا بەبێ دەنگی پیاسەم دەکردو بیرم دەکردەوە.

لەناکاو چەکەکان تەقین، بەڵام تەقینێکی یەك لەدوای یەك، دەنگی چەکەکان بەرە بەرە زیادی دەکرد، دەنگەکان تێکەڵ بەیەکتری دەبوون و بەسەدەها چەکی ئۆتۆماتیکی تێکەڵ بە یەکتری ببوون، کە لە چادرەکە چوومە دەرەوە چاودێرانی سەر بەرزاییەکان بەدەنگی چەکەکانیانەوە بەشداری شادییەکەیان دەکرد، بەهەنگاوی خێراوە بەرەو باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتیەکە

رامکرد، خۆم بە خۆمم دەگوت یا ئەوەتا کەنعان ئەڤرەن، یاخود پارێزگاری ناوچەکە خەیری کۆزاکچێئۆغلو کوژراوە، بۆیە وا بە تەقەکردن خۆشحاڵی دەردەبڕن. کاتێك گەیشتمە گۆڕەپانی کۆبوونەوەکە بە هەزارەها کەس چەکی لەدەستەو بە ئاسماندا دەیتەقێنێت، هەڵپەڕکێ دەکەن و هاوار دەکەن (بژی سەرۆك ئاپۆ!) شاهێدی دەربڕینێکی خۆشحاڵی لە رادەبەدەربووم، یەکەم کەس کە ڕووبەڕووم هات لێم دەرکەوت لێم پرسی (چی بووە؟) گوتیان: (محەممەد شەنەری بێ نرخ کوژرا!).

بنەمای یەکتر کوشتنی کورد، لە هەڵپەڕکێیەکەی، دڵخۆشیەکەی، دەنگی چەکەکەی دەبینم، لە ئەندامەکانی هۆزەکانی زولو دەچوێنم، سەماکەیان و ئەو چەکانەی کە بەهەوادا دەتەقێنران نمایشی زولوەکانی دەهێنایە خەیاڵم! گەدەم تێك هەڵدەچێت، بەڵام ناتوانم دەربڕم؟ کاتێك سەرنجمدا چاودێری دەکرێم لێیان نزیك بوومەوە گوتم (خۆزگە ئەو کارەیان زووتر بکردبوایە ئێمەش ڕزگارمان دەبوو) بە دڵخۆشییەوە پێدەکەنین، ئەم شەوە لەوێدا سەمای مرۆڤخۆری کرا، مرۆڤخۆرەکان رۆڵەیەکی تری خۆیان خواردبوو، ماستاوچییەکان بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان بەو بۆنەیە چەکیان دەتەقاند و سەمایان دەکرد.

بکوژی ڕاستەقینەی محەممەد شەنەر ئێمە بووین، چونکە بڕیاری مەرگی ئەو ئێمە دەرمانکردبوو. لەبەر ئەوەی ترساین، سڵمان کرەوە لە گوتنی ڕاستییەکان و پشتڕاستی ئایدیۆلۆژیای فەرمی و بیروڕای فەرمیمان دەکردەوە. ئەوەی منی دەترساند لە کوشتنەکە زیاتر ئەو تۆمەتی سیخوڕییەبوو کە لەدوای مردن پێمەوە دەبەسترایەوە. ماوەیەك هەواڵی کوژرانی من و ساکینە لە ڕۆژنامەکانی تورکیا بڵاوکرایەوەو هەواڵەکانمان بەدرۆخستەوە، بەپێی بیرو بڕوای ئایدیۆلۆژیی فەرمی ڕوونکردنەوەم بۆ ڕۆژنامەکان کرد، جگەلەوە نەمدەتوانی دەربچم. بە ئایەتەکان و فەرمانەکانی ڕابەری مەزنمان ناچار دەبین ئەو هاوڕێیەی هەشت ساڵ لە هەمان زیندان ماینەوە، هەمان تاڵییمان چەشت، بەهەمان قایش

و زنجیر لێدانمان خوارد، بەیەکەوە برسی بووین، (لە سەردەمێك کە نزیکەی ٦٠ ملیۆن کەس لەناوچەی ئەنادۆڵ لەترسان سەری شۆڕکردبوو، چەندین شۆڕشگێڕ و ترسنۆك ڕایانکردە دەرەوەی وڵات)، لەناو جەرگەی زۆرداری و دڕندەیی بەیەکەوە هاوارمان دەکرد (بژی ئازادیی و سەربەخۆیی) پێی بڵێین سیخوڕ، دواتر براکەتان، هاورێکەتان دەخۆن! هەروەك چۆن گۆشتی کوڕەکەی دەرخواردی هارپاگۆس درا.

خەوم نایەت، ئازاری ویژدان دەچێژم، لە چاڵەکەی ناوەندی پێخەفەکەم و بۆنی گڵاوی ژووری هوتێلەکەم زیاتر ویژدانم ڕێگای خەوتنم لێدەگرن، ناتوانم بخەوم و بیرم بووە بە مەکوکێك و نێوانی رابردوو و داهاتووم دەچنێت.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

# ٢٠ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**بەندە لەشوێنی بڕواکردن بەڕاستی بەندیەکی تر**
**بڕوا بە درۆی خودا دەکات**

بەیانـی زوو لـە هوتێـل دەرکەوتـم، دەچمـە بیـرۆی نەتەوەیەکگرتـووەکان، بـەڵام بـە تەنیـا ئەسـتەمە کە بتوانـم ناونیشـانی بیرۆکە بدۆزمەوە... سـەر تاکسـیەك دەکـەوم، سـەرەڕای ئـەوەی شـوێنەکەی بـۆی دەچـم زۆر نزیکـە شـوفێرەکە پێنـج هـەزار لیـرەم لێوەردەگرێـت، شـوفێری تاکسـیەکانی بەیـروت ئەو مرۆڤانەی لەسـەر شۆسـتە یاخـود کەنـاری ڕێـگاکان وەسـتاون، یاخـود بەپـێ دەڕۆن وەك مـرۆڤ نـا، بەڵکـو وەك پـارە دەبینـن، هـەر لـە بەیانـی تـا ئێـوارە شـەقام شـەقام، کـۆڵان کـۆڵان بەراکەراکـەو هـۆڕن لێـدان کەسـەکان کۆدەکەنـەوە، هـەر مرۆڤێـك بـۆ ئـەوان هەزارییـە، ئیـدی کـێ چەنـد کۆبکاتـەوە لەنێوانیـان کێبڕکێیەکـی سـەخت هەیـە، خەمـی ژیـان! شـوفێری ئـەو تاکسـییەی لەگەڵـی سـەرکەوتووم وەك خێـل وایـە، چاوێکـی لـە کەنـاری ڕێـگاو چاوێکـی لەڕێگاکەیـە.

لـە بیـرۆی نەتەوەیەکگرتـووەکان لەگـەڵ عەرەبێکـی لەخۆبایـی ڕووبـەڕووی یەکتربووینـەوە، ئـەو فۆرمـەی پێیدابـووم و دوو وێنـەی فۆتۆگرافـی خـۆم پێـدا، لەخۆبایـی ئەوانـەی پێـم دا لێـی وەرگرتـم و لەسـەر پارچـە کاغەزێکـی بچـووك شـتێکی بـە عەرەبـی نووسـی، پێیـدام و گوتـی: (بـڕۆ دوای پێنـج ڕۆژ وەرەوە). لەبەر ئـەوەی کـە دەزانـم ئەگـەر بـەو لەخۆباییـە بڵێـم پـارەم نییە، شـوێنی مانـەوەم نییە، سـگم برسـییە هیـچ واتایەکـی نییە، دەچمـە دەرەوەو بـەرەو کۆمیتەی خاجی سـوور

www.arsivakurdi.org


دەچـم. کاتێـك دەچمـە هۆڵـی کۆمیتـەو دادەنیشـم: پاسـکال دێتـە ئـەو هۆڵـەی کە لەگـەڵ سـکرتێرەکەی کریسـتین دادەنیشـم، بەڕووخسـارە زەردەخەنەکەیـەوە وەك هەمـوو جارێـك کاتێـك گوتـی: (هاوڕێکـەت لەگـەڵ کۆمیتـەی جنێفـی خاچـی سـوور قسـەی کـردووەو یارمەتـی تـۆ دەدەیـن) زۆر خۆشـحاڵ بـووم، لەبـەر ئەوەی زمانەکـەی نازانـم نەمتوانـی هیچـی تـر بپرسـم، کـە پاسـکال لەگـەڵ سـکرتێرەکەی چـووە دەرەوەو هاتـەوە، ئافرەتێکـی باڵابـەرزی ئەسـمەر کـە کاری ژمێریـاری دەکرد هاتـە ئـەو هۆڵـەی کـە لێـی دانیشـتبووم. دوای ئـەوەی بـە فەڕەنسـی پێـم دەڵێـت (بۆنـژور)، دەفتـەری پسـولەکەی لەبەردەمـم دانـا لەسـەر مێزەکـەو بـە ناسـکی پێنووسـەکەی دەسـتەی تـری بـۆم راگـرت و دەیەوێـت لـە گۆشـەی خـوارەوەی کاغەزەکـە واژۆ بکـەم، کـە لـەو شـوێنەی نیشـانی دام ٢٠٠ دۆلاری بـۆم راگـرت و گوتی:(هاوڕێکـەت پـارەی ناردووەتـە بانـك، پسـولەی پارەکـەی بەفاکـس نـاردووە بـۆ کۆمیتـەی جنێفـی خاچـی سـوور، بەپێـی ئـەو ڕێنماییـەی بـە تەلەفـۆن بـە ئێمـە دراوە ئـەو پارەیـە دەدەیـن بـە ئێـوە، سوپاسـی ئافرەتەکـە دەکـەم و لـە کۆمیتـەی خاچـی سـوور جیادەبمـەوە. بـۆ ماوەی نێـوان هەینی و دووشـەممە بۆ خـۆم بەدوای هوتێلێکـی تـردا دەگەڕێـم کـە لێـی بمێنمـەوە.

لەناوچـەی حەمـڕا، لە شـوێنێکی نزیك لـە دەریا چاوم بە تابلـۆی (King Hotel) واتـا هوتێلـی پادشـاکان کـەوت، پارەی ئـەوەم نییـە لە هوتێلـی پادشـاکان بمێنمەوە، بـەڵام دەچـم تـا بپرسـم کرێـی شـەوانەی چەنـدە، گەنجەکـەی پێشـوازی گوتـی: ٣٠ دۆلار و پێـم گونجـاو بـوو، بـۆ ٣ ڕۆژو شـەو ٩٠ دۆلارم دا، ئـەو ژوورەیـان نیشـاندام کـە تیایـدا دەمێنمـەوە، ژوورەکـە رێکـە، تەختەکـە بـاش و فراوانـە، سـەرچەفەکان سـپی سـپین و بەشـی گەرماوەکـە خـراپ نییـە، ئـاوی گەرمیـش هەیـە، کانتۆرێکـی جلوبـەرگ و بەفرگرێکـی بچووکـی تێدایـەو تارمەیـەك (باڵەکۆن)ی فراوانیشـی هەیە کـە دەڕوانێتە سـەر دەریا.

دوای خۆشـۆردنێکی خـۆش، چوومـە سـوپەرمارکێتەکەی لـە کۆتایـی هوتێلەکـەو

www.arsivakurdi.org



خـواردن بـۆ سـێ ڕۆژ دەكـرم و دەیبەمـەوە لـە بەفرگرەكەمـی دادەنێـم، دوای تێركردنـی سـكم هەندێـك پاڵدەكـەوم، بەرەبـەری ئێـوارە دادەبـەزم و دەچمـە كەنـاری دەریاكـە، كـە شـوێنێكی ئارامـم دۆزییـەوە رووت دەبمـەوەو مەلـە دەكـەم، دوای ئـەوەی ماوەیەكـی زۆر لـە قەراغـی دەریاكـە خـۆم خەریـك كـرد، گەڕامـەوە هوتێلەكـە. لەكۆتاییـدا لـە بەیـروت خـاوەن پـارەم و لەسـەر ئـەوەش لـە هوتێلـی (پادشـاكان) دەمێنمـەوە. دەڵێـم: (لـە ئەشـكەوتەوە بـۆ هوتێلـی پادشـاكان بەرزبوونـەوە، بەخـۆم پێدەكەنـم). لەبـەر ئـەوەی لێـرە كـەس نەبـوو قسـەی لەگەڵ بكـەم و دەردەدڵـی لا بكـەم، خـۆم لەگـەڵ خۆم قسـەم دەكـرد و دەردەدڵـم دەكردو دووبـارە رابـردوو دەژیامـەوە: لەگـەڵ خاكەكـە دەگونجێـت دەبێـت شـكڵێك بین كە لەگـەڵ خـاك بگونجێیـن، لـە ئایەتەكانـی ڕابـەری مـەزن ئـەم جـۆرە شـیكردنەوانە هەیە(شـكلی كۆیلـە، شـكلی جەندرمـە، شـكڵی دەرەبـەگان، شـكلی دێهاتـی، شـكلی بـورژوازی بچـووك).

منیـش بڕیـارم دا ببـم بـە شـكلی خـاك، لەڕاسـتیدا مـن ئـەو دەسـتەواژەیەم بـۆ ئەوانـە بەكاردەهێنـا كـە لەزیندانـی دیاربەكـر خۆیـان دابـووە دەسـت دەوڵـەت و بـەر ئەمـری دانـە بەدانـەی یاسـاكان بـوون، لەكاتێكیـش كـە ئازادبـوون، هاتنـە ئەكادیمیـاو هاواریـان دەكـرد (بـژی سـەرۆك ئاپـۆ) و بەڕواڵـەت سـەربازیی بـاش بـوون. ئـەم جۆرانـە لـە زیندانـی دیاربەكـر هەمـوو وتەكانـی سـەربازان دەیانگـوت بەیاسـایان هەژمـار دەكـردو پەیڕەویـان دەكـرد، كاتێكیـش هاتنـە ئەكادیمیا هەموو وتەكانـی ڕابـەری مەزنیـان بە یاسـا هەژمـار دەكـردو وەك پەیكەر دەوەسـتان. كاتێك شـایەدی ئـەو حاڵەبـووم گوتـم: (ئەوانـە لەهـەر كـوێ بـاران ببارێـت كێڵگەكەیـان دەگوازنـەوە ئـەوێ). نەسـیم كلچیـش پێدەكەنـی، دواتـر كـە زانیـم جگە لـە گونجان لەگـەڵ خـاك هیـچ چارێكـی تـر نییـە، خـۆم گونجانـد، ئیـدی نەسـیم لـە هـەر كـوێ منـی دیبـا دەیگـوت (خـاك چـی دەكـەی؟) و بەیەكـەوە پێدەكەنیـن.

نەسـیم زۆر دڵتەنـگ ببـوو، ئەویـش بـاوەڕی بە چیرۆكـە باسـكراوەكان نەدەكرد،

www.arsivakurdi.org

ماوەیەك گەیشتە ئەو بڕیارەی كە (وەك هەوادارێك دەمێنمەوە). كاتێك ئەو بڕیارەی قبوڵ نەكرا ئەویش تێگەیشت كە جگە لە بەندایەتیكردن بۆ ڕابەری مەزن ڕێگایەكی ترمان نییە. كاتێك خودڕەخنەكەی دابووە ڕابەری مەزن لێی پرسی بوو(پابەندی بە ڕابەرایەتیی؟) نەسیم كەمێك بیری كردەوەو گوتی: (وەك ئۆرسۆدۆكسەكان). ڕابەری مەزن لەبەرانبەر ئەو وشانە پێكەنینێكی ئامینی كردو گوتی: (كەواتە ئاو دەوەستێت) و بەو جۆرە نەسیمیش ئیدی هاتە نێو كاروانی بەندەكانەوە. دوای ئەو ڕووداوە نازناوی نەدیمم بە نەسیم بەخشی، ئەوە ناوی شاعیری كۆشكی عوسمانییەكان بوو، نەدیمی شاعیری كۆشكی عوسمانییەكان، لەشاعێرێك زیاتر ماستاوچییەك بوو. هەر كاتێك لەگەڵ نەسیم ڕووبەڕووی یەكتر ببواینەوە من بەوم دەگوت (نەدیم) و ئەو بە منی دەگوت (خاك)، تەنیا خۆمان دەمانزانی ئەو ناوانە بەواتای چی دێن، كاتێك یەكترمان بە (نەدیم) یاخود (خاك) بانگ دەكرد پێدەكەنین، ئەوانەی لەدەوروبەرمان بوون لەبەر ئەوەی نەیاندەزانی بەچی پێدەكەنین زۆر بەسەیری سەیری ئێمەیان دەكرد.

دوای ئێمە مستەفا گەزگۆریش تێگەیشت كە لە ئەكادیمیا بێ مامستاوچێتیكردن بۆ ڕابەری مەزنمان ژیان ناچێتە سەر. هاوڕێیەكی زیرەك و ئەدیب بوو مستەفا وەك بڵێت (كورە مادام لەشوێنی شۆڕشگێڕی بوون ماستاوچی ڕابەری مەزن داواكراوە كە ستایشی بكات كەس ئەوكارە لەمن باشتر راناپەڕێنێت)، لەوانەدا دەستیكردبە پیاهەڵدانی ڕابەری مەزن، بەڵام ئەمەی وا بە ئاشكرا دەكرد كە نازانم ئایا ڕابەری مەزن سەرنجی دا یاخود نا، ڕۆژێك مستەفا گەزگۆر دەستی كرد بە دابارینی ستایشەكانی لەلایەن ڕابەری مەزنەوە داشۆردرا. ڕۆژێكی تر، لەوانە داوای مافی ئاخاوتنی كرد و گوتی: (من دەمەوێت ژیانی ڕابەرایەتیی بكەم بە رۆمانێك). ڕابەری مەزن بەشێوەزارێك كە گرنگی بە قسەكەی مستەفا دابێت دوای سڕینەوەی رووخساری بەدەستەكانی گوتی: (باشە چۆن باس لە من دەكەی؟ توانای باسكردنت هەیە؟ توانیوتە لەمن

www.arsivakurdi.org

بگەیت؟ بڕوام وانییە، کا وەسفی من بکە، کەسێکی چۆنم؟) مستەفا کەمێك بیری کردەوە گوتی: (ڕابەرایەتیی ڕۆحی بەمردوو بەخشی، گەلی کورد مردبوو، ڕابەرایەتیی ژیاندیەوە، ڕابەرایەتیی کەڕی هێنا حاڵێك کە گوێی لێ بێت و نابینا ببینێت، ڕابەرایەتیی ئەوەی یەکینەگرتەوە بە یەکەوەی نووساند، ئەوەی قسەی نەدەکرد بەقسەی هێنا، دەتوانم ئاوا وەسفت بکەم). ڕابەری مەزن دیارە کە بەدڵی نەبووە گوتی: (بەس نییە! تۆ ناتوانیت لەمن تێبگەیت، (ئەی چۆن ئەو خوایە! بەندە لەخودا ناگات) دەبێت هەندێك خۆمت بۆ باس بکەم)، سێ کاتژمێری تەواو وەسفی خۆی کرد ڕابەری موبارەکمان. مستەفا گەزگۆریش سێ کاتژمێر وەك پەیکەر لە ئامادەیی وەستاو گوێی لە وەسفەکە گرت.

لە هەموو وانەکانی ئەکادیمیا مەزنێتی ڕابەرایەتییمان وەسف دەکرد، ئسلووبەکە وابوو، لەوانەی مێژووی پارتیدا: یەکەمجار وێنەی کۆمەڵگەیەکی کوردی مردوومان وەسف دەکرد، دواتر دەرکەوتنی ڕابەرایەتیی لە ئەنقەرە. یەکەم گرووپ دروستکردنی ڕابەرایەتیی، گەڕانی ڕابەرایەتیی بە کوردستانداو چوونە دەرەوەی وڵاتی ڕابەرایەتیی، بڕیاری ڕابەرایەتیی سەبارەت بە خەباتی چەکداری، لەناوبەرەکانی نێو پارتی، کە پلانەکانی کۆماری تورکیاو داگیرکەریش بۆ لەناوبردنی ڕابەرایەتیی وەسف دەکرا مێژوو بە تەواوی باس کرابوو. لە گۆڕەپانەکەدا تەنیا یەك قارەمان هەبوو، ئەوانەی تر لە مرۆڤەکان، چەکدارەکان، گەریلاکان کاڵایەکی زۆر خراپ بوون کە لەدروستکردنی مێژوودا بەکارهاتبوون، هەندێك لە گەریلاکان کاتێك لەوانەکانی تایبەت بە ڕابەرایەتیی قسەیان دەکرد دەیانگوت: (ڕابەری ئێمە رابەرێکە بە قەدەر ماو، لینین مەزنە).

من زیاتر بەرزی دەکەمەوەو دەڵێم: خەڵکی ماو، لینین، هۆشی مین هەر خۆیان بەرەو مێرسین دەچوون، ئەوان تەنیا ڕابەرایەتییان کردن و لای ئێمە دۆخەکە وانییە، لەساڵی ١٩٧٠کان کاتێك ڕابەری مەزن بەرەو مێرسین دەچوو خەڵکەکەمان بەپێچەوانەوە دەچوون. لە سەرەوەتربوونی ڕابەری

www.arsivakurdi.org

ئێمە لە هی ئەوان ئەوەیە کە ڕووی خەڵکانێك کە پشتیان لێ کردبوو، بەرەو مێرسین سووڕاندیەوە). ئەو نموونەیەی دام بەدڵی هەموان بوو، دەمزانی کە دووزمانیکەرەکان بەماوەیەکی کورت ئەوەی گوتوومە دەیگەیەنن بە گوێی ڕابەری مەزنمان.

بەگونجانم لەگەڵ کەشەکە، یاخود وەك نەدیم دەڵێت (خاکەکە) هەستم کرد کە هەڵوێست و ئاخاوتنەکانی سەبارەت بە من گۆڕاوە. لەوانەکان پرسیاری دەکردو بیروڕای وەردەگرتم، ئەو دۆخە ڕوانگەی بەندەکانیشی بۆمن گۆڕی بوو. کە لەنێوان وانەکان بەندەکان لەگەڵ من زۆر قسەیان دەکرد بەناوی ئەکادیمیاوە بانگیان دەکردم و دەیانگوت: (هەڤاڵ مستەفا سەبری تۆ زۆر بەرەوپێش چوویت). لێرەدا وازهێنان لە شۆڕشگێڕی، بە بەندەبوو و دەرچوون لە مرۆڤایەتی، بێ نرخبوون و ماستاوچیبوون ناوی لێنرابوو (بەرەو پێشچوون)، منیش پێدەکەنیم و دەمگوت: (ڕاستە من بەخێرایی بەرەوپێشچووم، ساکینە تووشی خەمۆکی ببوو، بەڕەقی رەفتارم لەگەڵی کردبوو و دڵیم شکاندبوو، جارێکیان چەند خولەکێك بە تەنیا ماینەوە، داوای لێبوردنم لێی کرد بەڵام قبوڵی نەکرد، ڕەنگە منی بەبێ نرخێك بینی بێت، لەسەر حەق بوو، ئیدی وامان لێهاتبوو کە متمانە بە یەکتری نەکەین، هەر خۆی ئەوەی ڕابەری مەزنیش دەیویست هەر ئەوەبوو کە هیچ کەسێك متمانە بەکەسی تر نەکات و هەموو متمانە بە ڕابەری مەزن بکەن. میکانیزمەکە وا دامەزرابوو و کاری دەکرد، بەڵام ساکینە سەرەڕای ئەوەی ئەو شتەی دەزانی قەباحەتەکەی بەهی من دەزانی.

بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیا گۆڕا، ئەوەی دەڕۆیشت ڕۆیشت و ئێمە ماینەوە، گوێم لێ ببوو کە خێزانەکەم دەنێردرێتە ئەورووپا. دەمەو ئێوارەیەك گوتیان (ڕابەرایەتیی بانگتان دەکات) چووم دەستی یەکترمان گوشی و لە بەرانبەر یەکتری دانیشتین، گوتی: (دەمانەوێت میدیا بنێرینە ئەورووپا، چی دەڵێیت؟) بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامم بکات گوتی: (نەخۆشە، بابچێت لەوێ چارەسەر

www.arsivakurdi.org



وەربگرێت، لەوێ ئەركێكی پێ دەسپێرین) و بڕیارەكەی پێم ڕاگەیاند.

بەو ڕابەرەی كە پێشتر دەیگوت (هاوسەرگیری سووكایەتییە، سیخوڕییە) ئێستا سەبارەت بەو میدیایەی كە هیچ پەیوەندییەكی لەگەڵ من نەماوە، دەڵێت: (دەمانەوێت بینێرین بۆ ئەورووپا، تۆ دەڵێی چی؟) كەمێك بیرم كردەوەو گوتم (من تێكەڵ نابم، بۆ هەر كوێ دەچێت بابچێت). لەسەر ئەمە پرسی (یەكترتان بینی؟) گوتم (نەخێر) پێدەكەنێت و دەڵێت: (یەكتر ببینن، ببینن) كۆتایی بەدانیشتنەكە دەهێنین.

كە لەو میوانخانەیەی تێیدا لەگەڵ ڕابەری مەزن یەكترمان بینی دەرچووم، بینیم هەموو تاقمەكان لە گۆڕەپانی كۆبوونەوە كۆببوونەوە، منیش بەخێرایی چوومە شوێنەكەم و بیرم دەكردەوە لەقسەكردنی لەگەڵ من سەبارەت بە میدیا و لە ویستی زانینی بیرو بۆچوونی منی نەدەگەیشتم. خێزانەكەم چەندین مانگ وەك ئامرازێك لەدژی من بەكارهات، ئەو ڕابەرە مەزنەی كەسایەتیی، شەرەف و مرۆڤایەتیمان دەخاتە ژێر قاچەكان و پەیوەندیمانی لەڕەگەوە بڕیوەتەوە، ئێمەی گەیاندووەتە حاڵەتێك كە بووین بە دوژمنی یەكتر، ئێستا من بانگ دەكاتە لای خۆی و لێم دەپرسێت دەمانەوێت خێزانەكەت بنێرینە ئەورووپا تۆ چی دەڵێیت! كاتێك قبوڵی ماستاوچێتیم نەدەكرد ئەوی وەك دارێك لەدژی من بەكاردەهێنا، كاتێكیش دەستم كرد بە سەركەوتنە سەر پەیژەی ماستاوچێتیی هەوڵدەدات ئەو وەك دانەیەك بەكاربهێنێت لەدژی من، دووبارە داگیركەرێتی، جەلادی زیندانی دیاربەكر ئەسەد ئۆكتای دێتەوە خەیاڵم، ڕەنگیان هەرچی بێت ڕقم لە هەموو دیكتاتۆرەكانە!

دوای كۆبوونەوەكە خۆمان بۆ مەراسیم ئامادەكرد، ڕابەری مەزن هاتە گۆڕەپانەكەو بەنۆرە دەستی هەمووانی گوشی، دەمزانی كە میدیا دەڕوات، لەگەڵ من لەریز كەسێك لەولاتر وەستابوو، دوای مەراسیم كاتێك دەچمەوە ناو تاقمەكەم بەلای ئەودا ڕەت دەبم، خۆم بەخۆمم گوت: (بەهیچ جۆرێك

www.arsivakurdi.org

قسـەی لەگـەڵ ناکـەم، سـەیری رووخسـاری ناکـەم، پێـی ناڵێـم بەخێرچـی)، ناخـم پـڕە، ددانەکانـم تونـد بەیەکـدا داوە، وەك دارێـك، وەك چیلکەیـەك، وەك کۆلکەیەك بـێ گیانـم، بـەزۆری خـۆم گرتـووەو بەو جـۆرە بەلایدا رەت بـووم. چەنـد هەنگاوێك بەرەوپێـش چـووم لەدوامـەوە دەنگێـك گوتـی: (سـەلیم) وا رەفتـارم کـرد کـە گوێم لـێ نەبـوو و بـە هەنـگاوی خێراتـر رەت بـووم، دووبـارە گوتـی (سـەلیم) و گوێـم لـە خشـپەی پێیەکانـی بـوون کـە بەدوامـەوە ڕایدەکـرد، بەسـەدەها کـەس سـەیری ئـەو نمایشـەی دەکـرد، بۆیـە لام بـاش نەبـوو کە بـڕۆم و ئاوڕی لـێ نەدەمـەوە، بۆیە رووم وەرگێـڕاو چاوەڕێـم کـرد، بـۆ ماڵئاواییکـردن دەسـتی هێنـا، بـەڵام دەسـتەکەی لـە ئاسـمان مایـەوە، هـەروەك دارێکـی وشـکم، سـەیری رووخسـارم دەکات، بـەڵام مـن سـەیری ئەرزەکـە دەکـەم، گوتی: (مـن دەڕۆم هیـچ ناڵێیت؟) بەڵام ئەو رسـتەی پرسـە بەجۆرێـك دەکات کـە وەك بڵێـت دەڕۆم لێـم خـۆش ببە، بێ گوتنی یەك وشـە و سـەیرکردنی رووخسـاری لێـی دوورکەوتمـەوە.

بـەرەو ئێـوارە فەرمانـدەی تاقمەکەمـان گوتـی ئافرەتێـك کە لـە تاقمـی ئافرەتان دەمێنێتـەوە دەیەوێـت مـن ببینێـت، لەتاقمەکـەم دوور دەکەومـەوەو دەچمە نزیك ئـەو چـادرەی کـە تاقمـی ئافرەتان لێـی دەمانەوە، ئافرەتێـك لەنێـو دەرگای چادرەکە لـە چاوەڕوانـی مـن بـوو، جانتایەکی لەپشـتکردنی بەدەسـتەوەبوو، بۆمنـی راگرت و گوتـی: (میدیـا ئەوانـەی جێهێشـت تا بیـدەم بەتۆ)، جانتاکـەم گرتە دەسـت و بەرەو ئـەو شـوێنەی تاقمەکەمـی لێیـە رۆیشـتم، لەڕێـگا جانتاکـە دەکەمـەوەو سـەیری دەکـەم، قەمسـەڵەیەکی سـەربازیی، بلوزێکـی سـەربازیی، فڵچەیەکـی ددان، مەعجوونێکـی ددان، دوو وێنـەی مامەڵـەی تێدابـوو، کاتێـك سـەیری کەلوپەلەکانیم دەکـرد بـێ ویسـتی خـۆم هەسـت و سـۆزم جووڵا، هەسـت و سـۆز بەپێـی ڕێچکەی ڕابەرایەتیـی تاوانـەو نزمێتیـە، مـن تاوانـم ئەنجـام دەداو سـووك دەبوومـەوە، کـە جلوبەرگـەکان دەق دەکـەم و دووبـارە دەیانخەمـەوە نـاو جانتاکـە، خێزانەکـەم، هاورێکـەی قوتابخانـەم، هاوڕێـی زیندانـم، هەڤاڵـم، خۆشەویسـتم، ئـەو ئایسـەلەی

www.arsivakurdi.org

خۆشم دەویست، دێتە بەرچاوم و ڕقم لە میدیا دەبێتەوە، کاتێك بەرەو تاقمەکە دەڕۆیشتمەوە دەمگوت: (نەفرەت لەو جۆرە پەیوەندییە بێت، نەفرەت لەو سۆسیالیزمە بێت، نەفرەت لەو مرۆڤایەتییە بێت و بە نەفرەت بێت بەنەفرەت بێت...!).

لێرەدا هەر کە پابەندی ڕابەرایەتیی مەزن بوویت (ئاو رادەوەستێت) توانست، بەهرە، زانست، شارەزایی، بڕیاردەری، دووربینی هیچ گرنگ نییە، تەنانەت ئەمانە زۆر زۆر زیانبەخشن، بۆ هاتنە سەر رێچکەی ڕابەرایەتیی یەکەم تایبەتمەندییەکانن کە پێویستە وازیان لێ بهێنرێت. پابەندی ڕابەرایەتیی بەو بێشەرەف و بێ ناموس و بێ نرخ و دووزمانیکەربە، فیشەك بنێ بە بەشەرەفترین کەسەوەو ددانپێنەربە، ئەوانە هیچ گرنگ نین ئەوە بەسە کە پابەندی ڕابەرایەتیی بیت! ئاو دەوەستێت! بەپێی ڕابەری مەزن یەك پێناسە هەیە بۆ شۆڕشگێڕی ئەویش ئەوەیە: (هەر کەسێك رێچکەی ڕابەرایەتیی بەڕاست ببینێت، پەیڕەوی بکات، تاڕادەی مردن پابەندی ڕابەر بێت، جگە لەوە هەموو پەیوەندییە سۆزداری، مرۆڤانە و کۆمەڵایەتییەکان نەهێڵێت شۆڕشگێڕە). ئەوەی پەیڕەوی ئەو پێناسەیە نەبێت، هەر کەسێك ڕابەری مەزن وەك خودایەك نا بەڵکو وەك مرۆڤێك ببینێت سیخوڕی کۆماری تورکیاو شەڕی تایبەتە. ئەوە تەنیا دیاریکردنێك نییە، بەڵکو ئایەتێك و یاسایەکە، ئەو ئایەت و یاسایە ئەوەندە مەترسیدارانە پەیڕەو دەکرا کە تەنیا ئەوانەی لەساڵی ١٩٩٢ بە بیانووی پەیڕەونەکردنی رێچکەی ڕابەرایەتیی بەبڕیاری دادگا و ڕابەری مەزن گوللەباران کراون(ئەوەندەی من زانیاریم هەیە) ژمارەیان ١٤١ کەسە[١].

کاتێك بەڕێوەبەرایەتیی کۆن ڕۆیشت، ڕابەری مەزن بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێی دامەزراند، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی لە دە کەس پێکدەهات سێیان لە

١ زانیاری سەبارەت بەو شۆڕشگێڕانەی لەساڵی ١٩٩٢ دوای دادگاییکران، گوللەباران کران و کوژران، لە ڕاپۆرتی کۆنفرانسەکانی ١٩٩٢ ئامەد، دەرسیم، یۆنان و تۆماری ئاخاوتنەکانی بێتەلی ١٩٩٢ و چەند تۆمارێکی ئەرشیف وەرگیراوە.

www.arsivakurdi.org

زینـدان دەرچووبـوون، حاڵـی هـەر سێکیشـیان لـە زینـدان ناوەنـد بـوو، دووزمانیان نەکـردووەو ددانپێنانیـان ئەنجـام نـەداوە، بـەڵام سـەرکەوتووش نەبـوون لـە گرتنەبـەری خەباتگێـڕی نـاو زینـدان. لـە بەڕێوەبەرایەتـی نـوێ هاوگوندییەکـم، تەنانـەت خزمێکـی نزیکـم هەبـوو، ئـەو خزمەم کاتێك من دەسـتگیر کـرام و چوومە زینـدان، لـە قۆناغـی ناوەنـدی قوتابـی بـوو، کـە لـە گوندبـووم زۆر بەبیرۆکەکانـم کاریگەربـوو، لەسـاڵی ١٩٨٦ کـە وەك کرێـکار چـووە ئەڵمانیـا لـەوێ بەشـداری خەباتـی کـرد، لەباوەڕبـوون بـە داوایـەك زیاتـر خەباتـی وەك سـەرچاوەیەکی داهـات بینـی بـوو، ماسـتاوچێتییەکی باشـی دەکـرد و زۆر بـاش بە ڕابـەری مەزنی دا هـەڵ دەدا.

ئەوکاتـەی ڕابـەری مەزنمـان منـی وەك شـەیتان ڕاگەیاندبـوو، یەکێـك لەوانـەی بەردبارانـی دەکـردم و هەوڵـی دەدات ببێـت بـە حاجییەکـی بـاش، ئەوبـوو، بەڕاسـتی مـن و سـاکینە بەواتـای ڕاستەقینەی وشـە لـە دۆڵـی بیقـاع هـەر یەکـەی شـەیتانێك بوویـن و بـەر لـە ڕووداوی محەممـەد شـەنەر، شۆڕشـگێڕانی زینـدان هەریەکـەی فریشـتەیەك بـوون، هەمـوو سـوێندەکان بـە (پەیـمان دەدەیـن کـە پابەندبیـن بـە ڕابەرایەتیـی شۆڕشـگێڕانی زینـدان) کۆتایـی دەهـات، وەك بـاوەڕدارە موسـڵمانەکان بەخـوداو فریشـتەکان سـوێند دەخۆن، لـە ئەکادیمیا بـە ڕابەری مەزن و شۆڕشـگێڕەکانی زینـدان سـوێند دەخـورا. وەك فریشـتە هاتینـە ئەکادیمیـا، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لەبـەردەم ڕابـەری مـەزن کڕنووشـمان نەبـرد لـە دەرگاکـە دەرکرایـن و تەوقـی نەفرەتمـان[٢] لەمـل کـرا. و دواتـر بەردبـاران کرایـن، ئەوانـەی زۆرتریـن بەردیـان لێـمان دەگـرت ئەوانـە بوونـە کـە دەیانویسـت زیاتـر بکەونـە بـەر دڵـی ڕابـەری مەزنمـان. بـەدەر لـەوە کاتێـك بینیـم خزمەکـەم هەوڵێکـی تایبـەت دەدات بـۆ ئـەو بابەتـە، دۆخەکـە زیاتـر سـەرنجمی راکێشـا، خزمەکـەم لەلایـەن ڕابـەری

٢ تۆقی نەفرەت بە زاراوەی زازاکی زمانی کوردی بەو کۆتە دەگوترێت کەوا گوایە لەملی شەیتان کراوە.

www.arsivakurdi.org

مەزنـەوە بەتایبەتـی ئەرکـی پێسـپێردرابوو، هەر خۆی ئـەوە تاکتیکێکـی تایبەت بەو بـوو، ئامانجەکـەی بەکارهێنانـی کەسوکارەکان بـوو لـەدژی یەکتر و بەردانـەوەی کەسـەکان لەڕێـگای نزیکەکانیانـەوە، وا بیـر دەکەمـەوە کە لـەدوای خێزانەکەم، ئەو پیـاوە لـەدژی مـن بەکاربهێنێـت، ئەگـەر وا نەبووبێـت ئـەوا خزمەکـەم دەیویسـت بـگات بـە پۆسـتێك و دەسـەڵاتێکی زیاتـر.

لـە هەڵبژاردنـی گشـتیی ١٩٩١ی تورکیا کاتێـك کاندیـدی پارتیـی ڕەنجـی گـەل لـە چەولیـگ ئیبراهیـم ئینجەدورسـون لـە هەڵبژاردنـەکان شکسـتی هێنـا، دووچاری ڕەخنـەی ڕابـەری مـەزن بوومەوە، بەمنی گـوت: (بۆچی نەتتوانیـوە چەولیگ بهێنیتە نـاو ڕیزەکانمانـەوە؟) منیـش گوتم: (من یازدە سـاڵە لـە زیندانم، ئەوانـەی هاتوونەتە بینینـم هێنامنـە نـاو ڕیزەکانمـان و ئەوانـەی کـە لـە ترسـان نەهاتوونەتـە لام چـۆن بیانهێنمـە نـاو ڕیزەکانمـان؟). خزمەکـەم ویسـتی سـوود لـە دەرفەتەکـە وەربگرێـت، داوای مافـی ئاخاوتنـی کـرد و گوتـی: (سـەرۆك، سـەلیم تائێسـتا لـە چەولیـگ تەنانـەت یـەك پیـاوی نەهێناوەتـە نـاو ڕیزەکانمانـەوە). زۆر لـەو خۆهەڵقورتاندنـە نـاو بابەتـەی تـوڕە بـووم، دەمویسـت جوێنـی پـێ بـدەم، بەڵام خـۆم گـرت، هەموو حەپەسـابوون، بـۆ ئاشـکراکردنی ڕاسـتی سـاختەکاری خزمەکـەم پرسـیم (داخـۆ ئـەو بـرادەرە خـۆی لەپیـاو هەژمـار نـاکات؟) ڕووخسـاری خزمەکـەم وەك تەماتـە سـوور بـووەوە، نزیکـەی ٥٠٠ گەریـلا کـە سـەیری ئـەو دەمەقاڵێیەیـان دەکرد دایانـە قاقای پێکەنیـن، خـۆم بەخۆمـم دەگـوت: (خـودا کـەس نەکاتـە شـەیتان و بـەری نەداتەوە دۆڵێـك کـە بەنـدەی دەمارگیـری لـێ بێـت). پێویسـتە کەمێـك باسـی ئـەو نزیکـەم بکـەم کـەوا دەزانێـت بەماسـتاوچێتی دەبێـت بـە شـۆڕشـگێڕ یاخـود بـڕوای وایـە کە شـۆڕشـگێڕی ئاوایـە، لەبـەر ئـەوەی کـە نموونـەی ئـەو شـێوە مرۆڤـە بـوو کـە ڕابەری مـەزن خولـقاندبـووی ناتوانـم بـێ باسـکردنی ڕەت بم:

(خزمەکـەم لەبەڕێوەبەرایەتـی نوێـی کامـپ وەك داواکاری گشـتی کامـپ دامەزرێنرابـوو، کاتێـك لـە دانیشـتنەکانی دادگا داوانامـەی دەخوێنـدەوە لەناخمەوە

www.arsivakurdi.org

دەهات کە هەڵسم بەر شەقی بدەم، ئەو داوانامانەی دەینووسی پڕبوون لەوتەکانی: (سووك، بێنرخ، بەدڕەوشت و سۆزانی).

ماوەیەك دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە ئافرەتێك بەنازناوی کۆچەر خراوەتە ژێر چاودێری، کچە دوای مانگێك لە دەستبەسەرکران هێنرا بۆ دادگاییکردن، لە سێواس لە دایك ببوو و لە ئەڵمانیا پەروەردە ببوو، بەپێی ئەوەی بۆ ئێمە باسکرا لە ئەڵمانیا لەگەڵ چەند کورێك پەیوەندی هەبووەو کۆچەر دەنگی زۆر خۆش بوو، دەگوترا کە گوایە بەر لەهاتنی بۆ ئەکادیمیا لەگەڵ ئارام دیکران چووەتە سەر ستەیج و گۆرانی گوتووەو کاسێتی دەرکردووە. لەنێو ئەو زانیاریانەی کە بەئێمە دران، ئەوەش هەبوو کە بەر لە ئێمە لە ئاکادیمیا مەشقی کردووەو وەك بەرپرس ناردراوەتە بەیروت و دوای ئەوەی لەگەڵ گەنجێك پەیوەندی بەستووە، ویستویەتی کە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات. کۆچەر لەبەر ئەو "تاوانە" لە بەیروت دەستبەسەرکرابوو، مانگێك لەژێر چاودیری ببوو و هێنرابووە بەردەمی دادگا بۆ دادگاییکردنی.

نزیکەی ٥٠٠ قوتابی لە پلاتفۆرم ئامادەی دادگاییەکەین، کچە گەنجەکە ڕووی لە ئێمەیە، لە حاڵی ئامادەباشی وەستاوە، خزمەکەم ئەو داوانامەیەی نووسیویەتی دەگرێتە دەست و دەخوێنێتەوە: (ئەو ئەندامە لە ئەڵمانیا بێڕەوشتی کردووە، لەلایەن شەڕی تایبەتەوە لەڕێ لادراوە، ریسواییەکی بێ ناموسی سۆزانییە! سەرەڕای هاتنە ناو کەشی مەزنمان بەردەوامی بە بەدڕەوشتییەکەی داوە، ناوی پیرۆزی ئەکادیمیای گڵاوکردووە، ئەوە سووکێکە کە ناگەڕێتەوە سەر ڕێی ڕاست و بەناوی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە لەو سۆزانییە بەدڕەوشتە داوای لە سێدارەدانی دەکەم!

دەتوانن ئەو دیمەنە بهێننە بەر چاوتان؟ دەتوانن خۆتان بۆ خولەکێك بخەنە شوێنی ئەو کچە گەنجە؟ کچێکی گەنجی تەمەن ٢٠ ساڵانیت لەبەردەمی ٥٠٠ ئافرەت و پیاو لەسەر پێ وەستێنراون و ئەو داوانامەیە بەرووتاندا دەخوێندرێتەوە.

www.arsivakurdi.org



لـەو دادگاییـەدا کۆچـەر بەزۆرینـەی دەنـگ سـزای سـێدارەدانی بەسـەردا سـەپێنرا! بەهـۆی ئـەوەی بـۆ لەسـێدارەدانی کچەکـە دەسـتم بـەرز نەکـردەوە، کـە چوومـە دەرەوە خزمەکـەم هـات ڕەخنـەی لـێ بگرێـت و گوتـی: (تـۆ پەکەکەیەکـی بیسـت سـاڵانی، بـەڵام بەقـەد یەکێکـی تـازە هاتـووە نـاو خەبـات ئاکتیـڤ نیـت)و لەبـەر ئـەوەی دەسـتم بـۆ لەسـێدارەدانی کچـە بـەرز نەکردووەتـەوە کـراوم بە پاسـیڤ.

مـن بـەر لـە هەمـوو شـتێك، تاوانەکـەی هەرچـی بێـت، مـن لـەدژی سـزای لەسـێدارەدانم، لەبـەر ئـەوەی لـەو بابەتـە خـاوەن زانیارییەکـی زۆرم گەیشـتوومەتە چەنـد دەرئەنجامێـك و چەندێـك نووسـینم کـردووە لەسـەر ئـەو بابەتـە، بـۆ پرۆتسـتۆکردنی لەسـێدارەدانەکانی دەوڵەتـی تـورك و سـپی پێسـتەکانی ئەفریقیـا بەشـداری چەندیـن چالاکیـم کـردووە، بەیانـی ٦ی ئایـار کاتێـك دەنیـز گەزمیـش و هاورێکانـی لەسـێدارەدران، داومەتـە پرمـەی گریـان!

دواتـر، ئـەو گاڵتەجاڕییـەم بـەدادگا نەدەزانـی، هیـچ یاسـایەك لەگۆڕێـدا نەبـوو، دادگای بـێ یاسـا پێـی ناگوترێـت دادگا، لێـرەدا ڕێچکـەی ڕابـەری مـەزن یاسـابوو، کچـە گەنجەکـە بەپێـی ئـەو ڕێچکەیـە دادگایـی دەکـرا. ئەوانـەی مێکشـیان بەپێـی مەرجـەکان و ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی گونجێنـدراوە پەیڕەوکـەرە پراکتیکیـەکان بـوون و بەپێویسـتم نەدەزانـی ئەوانـە بـۆ نزیکەکـەم شـی بکەمـەوە، چونکـە ئـەو پیـاوە خاوەنـی ئـەو زیرەکییـە نەبـوو لـەوە تێبـگات کـە بـۆی بـاس دەکـەم.

کۆچـەر دوای دەرکردنـی سـزای لەسـێدارەدان بـۆی، بە ماوەیـەك لەلایەن ڕابەری مەزنـەوە لێخۆشـبوونی بـۆ دەرچـوو و وەك گەریـلا نـاردرا ناوچەی بۆتان، بیسـتم کە لـە یەکـەم فرسـەت هانـای بۆ سـوپای تـورك بـردووەو هارپاگۆسـییەتی سـەلماندووە، کـە کچەکـە هانـای بردووەتـە بـەر سـوپای تـورك ئۆپەراسـیۆنەکان دەسـتیان پێکـرد، گوندییـەکان دەستبەسـەرکراون و دەسـتدرێژی کراوەتـە سـەر ئافرەتـان، نزیکەکـەم هیـچ گوێـی لـەو شـتانە نییـە، ئـەو بیـر لـەوە دەکاتـەوە کـە ماسـتاوچییەکی بـاش بێـت و وتەکانـی ڕابـەری مـەزن دووبـارە بکاتـەوە، لەگرنگـی شـۆڕش و وڵات و گەل

www.arsivakurdi.org

نەدەگەیشت، دوای سێ مانگ بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیا گۆڕا، خزمەکەم وەك بەرپرس ناردرا ئەورووپاو ئەم جارەیان من وەك بەرپرس و کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە هەڵبژێردرام، کوردێکی سووریا راپۆرتێکی بۆ کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە نووسی بوو، کاتێك خوێندمەوە وەك ئەوەبوو کە کارەبا لێم بدات، لە راپۆرتەکە نووسراوە کە (ئەو مەسعودەی لەمەوبەر ئەرکی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی پێسپێردرابوو لەگەڵ هاجەر کە ئەویش لە بەڕێوەبەرایەتی کارمەندبوو پەیوەندی ناگونجاویان هەبووە، شەوێك کە لەسەر گردەکە لەو تاقمەی لێی دەمامەوە نۆبەتم گرتبوو هەردووکیانم لەناو دارستانەکە لە حاڵەتێکی نەخوازراو بینی، بیرم کردەوە کە بەر لە گۆڕانی بەڕێوەبەرایەتی رێوشوێن دەگیرێتەبەر و تووشی بەلایەك دەبم، بۆیە لای کەس باسم نەکرد، چەندین جار بیرم کردەوە کە راپۆرت بۆ ڕابەرایەتیی بنووسم بەڵام جەسارەتم نەکرد).

هاجەر کچێکی کەمێك پڕ، ئەسمەری جوان بوو کە لەسووریا زانکۆی خوێندبوو، ئەو راپۆرتەی بەمن درا بۆ فەرماندەی گۆڕەپانەکەم خوێندەوە، چونکە عەدنانی فەرماندەی گۆڕەپان لە بەڕێوەبەرایەتی پێشووتریش ئەرکی پێ سپێردرابوو، دوای ئەوەی گوێی لە راپۆرتەکە گرت لێم پرسی (شتێکی لەو جۆرە دەبێت؟) گوتی: (ڕاستە، هەموو شەوێك لەگەڵ هاجەر بۆ بەسەرکردنەوە دەردەچوو و چەندین کاتژمێر نەدەگەڕانەوە، چەندین جار ڕەخنەم لێگرت، لەبەر ئەوەی بەچاوی خۆم نەمدیبوو زۆر سەرم نەخستە سەر)، بەم جۆرە خاڵی خستە سەر وتەکانی. ئەو داواکاری گشتییە بێ ناموسەی بێناموس دادگایی دەکرد ئا ئەمە بوو! واتا هەموو ئەو وشانەی کە لەداوانامەکەی کۆچەردا بەکاری هێنابوو خۆشی دەگرتەوە. ئەو دەرەنجامێکی سروشتی ئەو قەدەغەیەبوو کە ڕابەری مەزن خستبوویە سەر پەیوەندییە سێکسییەکان. ئەو داواکارەی داوای لەسێدارەدان بۆ کۆچەر دەکات بەتۆمەتی ئەوەی کە چەندین ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ یەکێك پەیوەندی بەستووەو هەر ئەو ئێوارەیەی

www.arsivakurdi.org

دانیشـتنی دادگای بەکۆتاهێنا لەنێـو (خاکـی پیـرۆز)ی ئەکادیمیـاو لەژێـر دارەکان لەگـەڵ هاجـەری جـوان ژوان دەبەسـتێت. هەروەك ئـەو ئیمامە سـاختەکارەی دوای وتـاردان بـەرەو ماڵـی ئـەو ئافرەتـە دەڕوات کە پەیوەنـدی لەگەڵ هەیـە، یاخود ئەو سـەرۆك راهیبەیـەی کـە سـەد قامچـی لـەو راهیبەیەدا کـە لـە پـەڕاوی گوناهەکانی نووسـیبووی "نۆجـار جـووت بـووم" و دواتـر خـۆی لەگـەڵ قەشـە جـووت بـوو.

ئـەو دۆخـەم بـۆ ڕابـەری مـەزن باسـکرد گوتـم ئـەو نزیکـەم کـە ئەوەنـدە سـاختەکارە گومانـم هەیـە لەپراکتیکەکـەی لـە ئەدەنـاو مێرسـین، ڕابـەری مـەزن کاتێـك گوێـی لەوتەکانـم گرت گوتـی: (پیاوێکی مەترسـیدارە، فەرمانبەرێکی سـادەی ئێمەیـە) مسـتەفا گەزگـۆر بـێ ئـەوەی داوای مافـی ئاخاوتـن بـکات لەشـوێنی خۆی هەڵسـایە سـەر پـێ و گوتـی: (بـەڵام فەرمانبـەری مۆرکردنـە) ڕابـەری مـەزن دوای ئـەوەی کەمێـك بیـری کـردەوە گوتـی: (باشـە لـەو ئەرکـە لایدەدەین) لەبـەر ئەوەی بەندەبـوو لەشـوێنی ئـەوەی سـزا بدرێـت پـلان دادەڕێژرا تـا لەگەڵ مـن ڕووبەڕووی یەکترمـان بکاتـەوە. هەرچەنـدە کاتێـك مـن نێردرامـە ئەورووپـا، ڕابـەری مـەزن بـە ئیشـارەت بـۆ نزیکەکـەم گوتـی: (پیـاوی تۆیـە، بـڕۆ دادگایـی بکـە، چی لـێ دەکەیت بیکـە). کـە چوومـە ئەورووپـا بابەتەکـەم تەنیـا لەگـەڵ نزیکەکـەم و ئـەو ئاکیـف حەسـەنە بـاس کـرد کـە مرۆڤێکـی ڕاسـت و دروسـت و ڕاسـتگۆ و دڵسـاف بـوو و وەك خـۆی پارێـزگاری لـە ڕاسـتییەکان دەکـرد، لەسـەڕووی هەمـووان ڕابـەری مەزن و بەندەکانـی تـر کـە لـە ئەورووپـا بـوون دەیانویسـت دەسـت لـە قڕقرتۆکـی یەکـتر بنێین .

لەبـەر ئـەوەی کـە نزیکەکەمـم بە "تاوانبـاری" ڕاسـتەقینەی ئـەو کارە نەدەزانی، هەوڵـم دەدا پەیوەندیـمان بـە ئاسـایی بمێنێتـەوە، ڕەخنـەم لـێ دەگیـراو دەگوتـرا: (لـە ئەکادیمیـا ئاگـری لـێ دەبـاری و کاتێـك هاتـە ئەورووپـا بـە تەلەفـۆن لەگـەڵ یەکـتر گفتوگـۆ دەکـەن). سـەرەڕای هەمـوو هەوڵـەکان لـە ئەورووپـا نەیانتوانـی ئێمـە بهێننـە بەرانبـەری یەکـتر، لـە دواییـدا دەسـتگیرکردنی بیقاعـم نزیکەکـەم

www.arsivakurdi.org

لـەدژی مـن بەکارهێـنرا، لـەو راپۆرتـەی کـە پێشکەشـی کـرد نووسـیبووی: (لەسـاڵی ١٩٧٨ بووەتـە هـۆی مردنـی هاوڕێیـەك، کاتێـك لەزینـدان ئازادبـووە و گەڕاوەتـەوە گونـد، لەگـەڵ ئەفسـەرێکی تـورك یەکتریـان بینیـوە، سـەیفەدین ئالوشـی لەرووباری مەریـج جێهێشـتووە، کاتێـك لـە سـاڵی ١٩٨٠ خێزانەکـەی لـە زینـدانی دیاربەکـر دەسـتگیر کرابـوو سـەرەڕای ئـەوەی داواکـراو بـوو چووەتـە بینینـی خێزانەکـەی، کە لـە ئەکادیمیـا پەیوەنـدی لەگـەڵ خێزانەکـەی ئەوەنـدە خـراپ بـوو، چۆنـە کـە لـەو کاتـەوەی هاتۆتـە ئەورووپـا، ئەوەنـدە رێککەوتـوون).

نزیکەکـەم لەبـەر ئـەوەی کەسێك بـوو کـە هێشـتا کاتـی لەناوبردنـی نەهاتبوو، ئـەو گوناهـەی لەگـەڵ هاجـەری جـوان ئەنجامـی دابـوون خرانـە نێـو گەنجینـەو هەڵگیـران و ئەگەر لەداهاتوودا ببێتە کەسێکی دژی رێچکـەی ڕابەرایەتیی گەنجینە دەکرێتـەوەو لەبـەر ئـەوەی مـن گەیشـتوومەتە رادەی ئـەوەی لەناوببردرێـم، ئـەو زهنییەتـەی منـی بەبیانـووی (بۆچـی لەگـەڵ خێزانەکـەت وەك ژن و مێـر ژیاویت؟) دادگایـی کـرد، لەبـەر ئـەوەی نزیکەکـەم هێشـتا بەرهەمبەخـش بـوو و قاڵبێکـی وەرنەگرتبـوو (جووتبوونـی لەگـەڵ هاجـەر لەخاکـی پیـرۆزی ئەکادیمیـا) بابەتێـك نەبـوو بـۆ دادگاییکردنـی. ڕەنگـە لەبـەر ئەوەبێـت کە نزیکەکـەم تێگەیشـتنی ئاپۆی بـۆ ڕەوشـت پەیـڕەو دەکـرد بۆیـە دادگایـی نەدەکرا.

کاتێـك ڕابـەری مـەزن چەندیـن کـچ و کـوڕی بەبیانـوی (پەیوەنـدی سێکسـی هەبـووە) دادگایـی دەکـردو بڕیـاری لەسێدارەدانییانی واژۆ دەکـرد، بـۆ خـۆی حەرەمـی تایبەتـی دانابـوو، کاتێـك نزیکەکـەم داواکاری گشـتی کامـپ بـوو دوو گەنـج بـە نازناوەکانـی هالـوك و ئەمینـە بـۆ مەشـق هاتبوونـە ئەکادیمیـا، هالـوك بـڕای ئـەو محەممـەد دۆلوکـە بـوو کـە لـە زیندانـی دیاربەکـر دەسـتگیر کرابـوو، خۆشـی ماوەیەکـی درێـژ لـە هەمـان زینـدان مابـووەوە، نـاوە ڕاسـتەقینەکەی عەبدوڵـڵا دۆلـوك بـوو، گەنجێکـی گـران و سـەنگین و زیـرەك بـوو، کاتێك لـە ئەدەنا چالاکـی پارتیـی بەڕێـوە دەبـرد لەگـەڵ ئەمینـە یەکتریـان ناسـی بـوو کـە لەکۆلێـژی

www.arsivakurdi.org

ئاداب دەیخوێند و خەڵکی سەمسوور بوو و یەکتریان خۆشویست بوو، کاتێك من لە زیندانی جەیهان گیرابووم ئەمینە زوو زوو سەردانی دەکردین و لەگەڵی گفتوگۆمان دەکرد، ئەمینە بەر لە هالوك هاوڕێیەکی تری هەبووە، دوای ئەوەی هاتووتە ڕیزەکانی گەریلا و لەچیای جودی شەهید بووە، لەگەڵ هالوك یەکتریان ناسیوە، دوای ئەوەش کە ماوەیەك لەگەڵ یەکتر ژیابوون هاتبوون بۆ ئەکادیمیا.

کاتێك بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیا گوێی لەوانەبوو کە لە سەرەوە باسکراوە، هەردووکیانی دەستگیرکرد، زیاتر لە دوو مانگ و نیو لەژێر چاودێریدابوون، هالوك لەبەر ئەوەی کە سەرەڕای هەموو سووکایەتی و هێرشکردنە سەرو پاڵەپەستۆیەك ڕەتیکردەوە کە وتە بدات، نەهێنرا بەردەم دادگا، ئەو داوانامەی بۆ ئەمینە ئامادەکرابوو هەمان ئەو داوانامەیەبوو کە بۆ کۆچەر ئامادەکرابوو، پڕبوو لە وتەکانی (بێناموس، سۆزانی، سیخوڕی شەڕی تایبەت، بێنرخی بەدڕەوشت) لە دانیشتنی دادگای ئەمینە دووبارە نزیکەکەم داوانامەکەی خوێندەوە، ئەوەی ئەمینە و هالوك بەر لە سێ مانگ کردبوویان خۆی هەمان کاری لەگەڵ هاجەر دەکرد.

ئەمینەش هەروەك کۆچەر سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا، لەبەر ئەوەی ئێمەی لەزیندان ئازادبوو لە ئەکادیمیا بووین، ڕابەری مەزنمان پێغەمبەرێتی دیموکراسی پچڕابوو، سزای لەسێدارەدانی ئەمینەی هەڵوەشاندەوەو بۆ ماوەی شەش مانگ ناردی بۆ کامپی کارکردن، ئەمینەی قوتابی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی ئاداب، بۆ ماوەی شەش مانگ لە بار الیاس مێوەی ڕنی و لەو ماڵانەی کە تیایدا دەمایەوە سووکایەتی پێکراو مامەڵەی خراپی لەگەڵ کراو بەسووکی سەیرکرا، دوای کۆتاییهاتنی ماوەی سزاکەی (بە ئاقڵکراوی) گەڕێنرایەوە ئەکادیمیا. دواتر ئەویش نێردرایە شەڕ لەناوچەی جیاجیا، هەموو ئەوانە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی مرۆڤەکان و بە شۆڕشگێڕکردنیان نین، ڕێگاکانی بەهارپاگۆس کردنن، چاوەڕوان بن هەموومان بەیەکەوە ئەنجامەکانی دەبینین.

www.arsivakurdi.org

دووباره لەسەردەمی ئەو نزیکەم کە باسی دەکەم، ١٣٠ کەس لە کوردستانی عێراقەوە هاتبوون تا لە ئەکادیمیا مەشق ببینن، ئەوانە دوای تەواوبوونی مەشقیان دەنێردرێنەوە، لەوێ لەنێو پ.ئا.ك (پارتیی ئازادیی کوردستان) ئەرکیان پێدەسپێردرا، بەشێکیان لەناوچەی سۆران و بەشێك لە بادینانەوە هاتوون، لەنێویاندا بەشێکی زۆر دەرچووی زانکۆ هەبوو، سەر بە عەشیرەتە جیاجیاکان بوون، ئەگەر ئەو مرۆڤانە بەشێوەیەکی دروست مەشقیان پێ بکرابا، دەبوون بە دەستپێشخەرێکی زۆر گەورە لە کوردستانی عێراق، زۆربەیان پێشتر لە ڕیزەکانی (پ.د.ك و ی.ن.ك) شەڕیان کردووەو لەبەر ئەوەی مەیلی مارکسیەتیان هەبووە، هاتبوونە ئێرە، بەپێی ڕابەری مەزن لەلایەن بارزانی و تاڵەبانی کەسایەتیی ئەوانە بەلاڕێدا برا بوو و بە خستنە ژێر دیسپلینێکی تەواو ڕێك دەخرانەوە.

بەپێی گێڕانەوەی هاوڕێیەکەم و خزمەکەم و فەرماندەی تری ئەکادیمیا، چوار کوردی عێراق کە لە کامپ ڕایانکردبوو و دواتر دەستگیر کرابوون بەزۆریی ئەشکەنجەدان هەموو زبڵی ناو زبڵدانەکەیان پێ خواردبوون، ئەوە تاکتیکی جەلادەکەی دیاربەکر ئەسەد ئۆکتایە ئەویش باوەڕی وابوو کە بە زبڵ دەرخواردانی کوردەکان، دێنێتە سەر ڕێگا.

کوردەکانی عێراق دوای چاودێرییەکە دادگایی کران، پەیمانیان دا کە تێگەیشتوون راکردن لە ئەکادیمیا خیانەتکردنە لە گەلی کورد و تا مردن پابەندی ڕێچکەی ڕابەرایەتیی دەبن، دووبارە دەستیان کردەوە بە مەشقکردن، ئەوانەی ئازاد دەکرێن ئەو مامەڵەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە بۆ هاوڕێیەکانیان باس دەکەن و ئەو قوتابیانە بەر لە ناردنەوەیان بۆ باشووری کوردستان، ڕابەری مەزن سەبارەت بە ناوچەکانیان وتارێکی درێژی پێشکەشکردن، دواتر پرسیاری ئەوەی لێکردن کە ئاخۆ داواکارییەکیان هەیە یاخود نا. گەنجێك کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە ببوو داوای مافی ئاخاوتنی کردو هەڵسایە سەر پێ و بەکوردییەکی پاراو گوتی: (سەرۆکی ئێمە لەگەروم شێرپەنجە هەیە، ناتوانم مەشق بکەم و

www.arsivakurdi.org

ئەگەر بکرێت بۆ چارەسەرکردنم بنێرن). ڕابەری مەزن لەبەرانبەر ئەو وشانە هەڵچوو و گوتی: (من لێرەدا باس لە چارەسەری دەردی نەتەوەیەك دەکەم، تۆ هەڵدەستیت و کەسایەتیی گڵاوی خۆت دەخەیتە ناو بابەتەکە کەری کەرباب! ئەوە فڕێدەنە دەرەوە!) دوو گەریلا هاتن دەست و قاچی گەنجەکەیان گرت و بەراکێشان لەسەر ئەرز فڕێیاندایە دەرەوە، ٥٠٠ کەس سەیری ئەو دیمەنەمان کرد.

کوردەکانی عێراق چاویان زەق بووەتەوە، بەندەکانیش بە مەست و حەیرانییەوە سەیری دەسەڵاتداری ڕابەری مەزنیان دەکردو ڕابەری مەزن ئەوانەی نەخۆشی کوشندەیان هەیە بە بیانووی ئەوەی (خۆییان دەخەنە سەر زەوی) دەخستە ژێر چاودێری و ئەوانەی بۆ مەشق هاتبوون، وەك ئەوە وابوو پێیان بگوترێت: (بێناموسینە، بێ شەرەفینە، لێرە چ کارێکتان هەیە). پەشیمانکردنەوەی هێزە یەکگرتووەکان، ئەوانەی هەوڵی یەکگرتن دەدەن لە گۆڕێدا بوو، ئەم دۆخە وایکردبوو کە لەڕووی ئەو هێزانەی کوردستانیان داگیرکردو ئاگاداری هەموو دۆخێك بوون، جێگای مەترسی بێت. هەروەك بڵێی راپەڕێنەری هێزە داگیرکەرەکان دابینکرابێت، بە کاریگەری ڕاستەوخۆی سووریای داگیرکەر ڕووبەڕووی یەکتر ببووینەوە، لە حاڵێکدا ئەگەر ڕابەری مەزن بیگوتبا گەنجەکە: (دەبوو هەر کە هاتیت بە بەڕێوەبەرایەتی رابگەیەنیت کە شێرپەنجەت هەیە، ئێمە زۆر گرنگی بە ژیانی مرۆڤەکان دەدەین، حاڵەتەکەت بۆ پزیشك باس بکە، با رەوانەی نەخۆشخانەت بکەن، ئایا داخوازییەکی ترت هەیە؟)، ئەوا دڵی هەموانی بەدەست دەهێنا، ئەو نەیدەویست کە دڵی کەسەکان بەدەست بهێنێت، بەڵکو دەیویست کە بەترساندن کەسەکان بکاتە کۆیلەی خۆی، بەهۆی ئەو کوێرییەی دەسەڵات پێیدابوو، ڕێگای نەدەدا ببینێت کە لەو چاخەدا بەندایەتی نابێت، ئەگەر بشبێت ئەوا درێژخایەن نابێت.

دوای سێ مانگ کوردە باشوورییەکان لەشێوەی گرووپ گرووپ نێردرانەوە

www.arsivakurdi.org

ناوچەکانیـان، هـەر کـە گەیشـتنە شـوێنەکانیان، چەکەکانـی دەسـتیان کـردە ڕووی کـوردە باکوورییـەکان کـە لەگـەڵ خۆیـان بـوون و بـە بارمتەیـان گرتـن، دواتریـش ئازادییـان کـردن و هانایـان بـردە بـەر خانـەوادەو عەشـیرەتەکانیان. ئـەوە دووبـارەی بەهارپاگۆس بوونەکانـە کـە دەسـەڵاتە ئاسـتیاگەکان لەهەمـان خاکـدا دەیانخوڵقێنێـت.

لەمـاوەی ئـەو چـوار مانگـەی ئەرکـی کۆمیسـیۆنی لێکۆڵینـەوەم پێسـپێردرابوو هیـچ کەسـێکم دەسـتگیر نەکـرد، ئەوانـەش کـە لەشـوێنی تـر دەسـتگیر کرابـوون و بـۆ لای مـن نـاردران، ڕێگـەم نـەدا هەڵسـوکەوتی خراپیـان لەگەڵـدا بکرێـت و ئەشـکەنجە بدرێـن، منێـك کـە سـاڵانێکە لـە زینـدان ئەشـکەنجە دەدرێـم کاتێـك بـووم بـە داواکار ببـم بـە ئەشـکەنجەدەر؟ هەرگیـز! یەکەمجـار لێکۆڵینـەوەی کـوڕو کچێکـم کـرد کە لـە بەیروت دەسـت بەسـەرکرابوون، کوڕەکـە نـاوی عەبدولڕەحمان و بنەماڵـەی سـەڤگاتە، خانمەکـە نـاوی ئامینەیـە، کوڕەکـە خەڵکی پرسووسـە سـاڵێك لەمەوبـەر لـە ئەکادیمیـا مەشـقی کـردووە، وەك بەرپـرس ناردراوەتـە بەیـروت، گەنجێکـی کەمێـك پڕبـوو، ئامینـەش لـە کوردەکانی بەیـروت بوو، کەسـێکی باریکی، لاوازی ناسـاغ بـوو، خوشـکە بچووکەکـەی پێشـتر هاتبـووە نـاو ڕیزەکانـی پەکەکـەو لـە بەتلیـس شـەهید ببـوو، دایـك و باوکی لـە بەیـروت دادەنیشـتن و خانەوادەیەکی وڵاتپـەروەر بـوون، ئەمینـە ئاشـقی عەبدولڕەحـمان ببـوو کـە زۆر هاتوچـۆی ماڵیانی دەکـرد و پێـی گوتـووە بـا هاوسـەرگیری بکەیـن، لەکۆتاییـدا ئەشـقێکی وا دروسـت بـووە کـە ڕێچکـەی ڕابەرایەتیـی ناتوانێـت لەبەردەمـی بوەسـتێت. کـە فەیسـەڵ دۆنلایلـی بەرپرسـی لوبنـان ڕووداوەکـەی بیسـت، هەردووکیانـی دەسـتگیرکردبوو و بـۆ ئێمـەی ناردبـوون، عەبدولڕەحـمان بەجیـاو ئامینـە بەجیـا لـەژوور دەکـەم.

تەنیـا پێیـان دەڵێم (ڕاپۆرت بنووسـن)، دەڕۆم و ڕۆژی دواتـر ڕاپۆرتەکانیان دێت، عەبدولڕەحـمان بـە تورکـی و ئامینـە بـە عەرەبـی نووسـیوە، بەیەکێکـم وەرگێـڕا و هەردووکیـم خوێنـدەوە، نووسـیویانە: (ئێمـە دەمانەوێـت هاوسـەرگیری بکەیـن...).

www.arsivakurdi.org

ڕۆژێك دەمەو نیوەڕۆ دوای وانە لەگەڵ ڕابەری مەزن بەرەو ئەكادیمیا دەڕۆیشتین بەئێمەی گوت: (حاڵی بێ ناموسەكان چۆنە؟). گوتم: (دەڵێن دەمانەوێت هاوسەرگیری بكەین سەرۆك). گوتی: (ئێوە سەرسەرین؟ باشە چیتان كرد؟) بێدەنگ دەبم. بەردەوامی بە قسەكانی دەدات و فەرمان دەدات: (بڕۆن سەڤگات ئەتك كەن، دواتر چ...ی ببڕن و نازانم بیخەنە گوێی !) ئەوانە بە ئێمەی فەرماندەكانی ئەكادیمیا دەڵێت و خۆی دەچێتەوە ماڵەوە، ئەوە ڕێنماییە، بەندەكانی تر بووان پیت بەپیت پەیڕەویان دەكرد، چونكە رانەپەڕاندنی فەرمانەكانی ڕابەری مەزن پیت بە پیت واتا بەلاڕێدا بردنی ڕێچكەی ڕابەری مەزن و بوونی پەیڕەوكارێكی شەڕی تایبەتی تورك و بەڕابەرەكەی، ئەوە مردنە.

لەگەڵ هاوڕێیانی ڕابەرایەتیی كۆبوونەوە دەكەین، پێنج هاوڕێی دەرچوو لە زیندانین، بە تەواوی كۆنترۆڵی بەڕێوەبەرایەتیمان دەستداوەتێ، عەلی ئاكسۆی كە لەزیندان ددانی نابوو ڕێكخەرە، ئێمەش ئەركی بەڕێوەبەرایەتیمان پێ سپێردراوە، زەكی یلماز، من، ڕەسوڵ وبیلگە، جگە لە ئێمە پێنج كەسی تریش هەن كە دووانیان ئافرەتن، لەكاتی گفتوگۆ بیلگە و عەلی ئاكسۆی ڕایان وابوو كە ئەشكەنجەیان بدەین، چونكە هەردووكیان پێیان وابوو گفتوگۆ پێویست ناكات، باسیان لە ڕێنمایی دەكرد. بیلگە كە بینی بەردەوامین لە گفتوگۆ دەیگوت كە هیچ لە پارتی تێناگەین، چونكە ڕابەری مەزن، واتا نەتەوە خۆی ڕێنمایی داوە، ئێمەش ئەو ڕێنماییەمان تاوتوێ دەكرد. ئا كەسایەتیی زیندان ئاوابوو، لەكاتی گفتوگۆكە لەوەش گەیشتم: ئەوانەی كە لەزیندان و لێكۆڵینەوەی پۆلیس بە ئەشكەنجەدران ئاقڵ بوون، یاخود بە ئەشكەنجە (پیاو)بوون، واتا بەزیوەكان، لایەنگری ئەشكەنجەدانی مرۆڤەكان بوون، باوەڕیان وابوو كە بەئەشكەنجە مرۆڤەكان دێنە سەر ڕێگای ڕاست و پیاو دەبن، بەڵام ئەوانەی لەزیندان سەریان بۆ ئەشكەنجە و ئەشكەنجەكاران دانەنواندووە بەهەموو شێوەیەك دژی ئەشكەنجەدان بوون، میكانیزمی بەرگەگرتنی بیلگە و عەلی

www.arsivakurdi.org

ئاکسۆی بە ئەشکەنجەدران لای پۆلیس و زیندان شکێنرابوو، ئێستا دەیانەوێت بە ئەشکەنجەدانی سەڤگات، میکانیزمی بەرگەگرتنی بشکێنن، لەبەر ئەوەی هەڵوێستی من، زەکی لاز و رەسوڵ دەزانن بە ڕاستەوخۆ ناتوانن دەربڕن و هانا دەنەبە بەر ڕێنمایی.

دواتر کە زانیم دەمەقاڵێیەکە بێ سوودە، گوتم تەواو من بەرپرسیارێتیەکە هەڵدەگرم و چووم بۆ ئەو شوێنەی دەست بەسەرەکانی لێ بوو، ڕێنماییەك لەو ناوەدا هەیە، ئەگەر پەیڕەوی بکەم ئەوا شۆڕشگێڕی و مرۆڤایەتیم لەدەست دەدەم، ئەگەر پەیڕەوی نەکەم ئەوا رێوشوێنی ئاستیاگ دێن. بەبیرکردنەوەوە چووم تا بەر دەرگای زیندانەکە، پاسەوانەکان کاتێك منیان بینی چوونە حاڵەتی ئامادەییەوە، بەدەرچوون لە بیرکردنەوەکانم بە دەنگێکی توند فەرمانم دا: (دەرگاکەی عەبدولڕەحمان بکەنەوە!) کە دەرگاکە کرایەوە چوومە ژوورەوەو دەرگاکەم داخست، کە عەبدولڕەحمان منی بینی هەڵسایەوە سەر پێ و وەك پەیکەر وەستا، ترسانی عەبدولڕەحمان کە پێشووتر بردراوەتە لێکۆڵینەوە بەتەواوی لێیەوە دیاربوو، بەڵام من دەناسێت، پەرتووکەکانمی سەبارەت بە ئەشکەنجە و وەحشیگەری خوێندووەتەوە، دەیزانی کە توندوتیژی لە بەرانبەر بەکارناهێنم، پێمگوت: (دانیشە عەبدولڕەحمان). بەڵام ئامادەییەکەی خۆی تێك نادات، سینگی بەرەوپێشەوە دەرپەڕیوە، باڵەکانی بە تەنیشتیەوە نووساندبوو، ڕاست و بەجێگیری وەستاوە سەیرم دەکات، دوای ئەوەی دانیشتم ئەویشم دانیشاند، دەڵێم سەیرکە عەبدولڕەحمان پارتی هاوسەرگیری قەدەغەکردووە تۆش قەدەغەیەك دەخەیتە ژێرپێ، دەڵێت: (دەزانم گەورەم).

مادام دەزانیت بۆ وادەکەیت؟

(لەبەر ناچاری)

دەمەوێت بزانم بۆ ناچاری

(گەورەم تائێستا بۆ کەسم باس نەکردووە، تۆ دەناسم و بەقەد خۆم متمانە

www.arsivakurdi.org

بـە تـۆ دەکـەم، بـۆت بـاس دەکـەم، ئامینـە نەخۆشـە، لەبەیـروت چۆتە لای پزیشـك و گوتویەتـی کـە ئەگـەر هاوسـەرگیری نـەکات دەمرێـت، ئەویـش ئـەم حاڵەتـەی بۆ مـن باسـکرد و گوتـی کـە دەیەوێـت هاوسـەرگیریم لەگـەڵ بکات).

کـە ئەوانـەی زۆر بەکاریگـەری و بـە ئازارێکـی ناوناخەوە دەربـڕی، زەردەخەنەم کـرد. واتـا تـۆ دەتەوێـت بـۆ ڕزگارکردنـی کچێکـی نیشـتمانپەروەر گیانی خـۆت فیدا بکەیـت؟ ئەمجارەیـان ئـەو زەردەخەنـەی کـرد، سـەرەڕای ئـەوەی دەیزانی بـاوەڕ بە وشـەکانی ناکـەم گوتـی: (بەڵـێ گـەورەم، بـۆ ڕزگارکردنـی ژیانـی کچەکـە دەمەوێت وابکەم).

لەگـەڵ ئـەو بەزمـان و لۆژیکـی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی نـا، بەڵکـو بەزمانـی ڕاستەقینە قسـە دەکـەم و دەڵێـم: (عەبدولڕەحمان من سـێزدە سـاڵە هاوسـەرگیریم کـردووە، دوازدە سـاڵە لەگـەڵ خێزانەکـەم بەیەکەوەنیـن، دژی هاوسـەرگیری نیـم، تـۆ دەنێرینـە شـەڕو لـەوێ ئەسـتەمە بتوانیـت بەردەوامـی بـە هاوسـەرگیری بدەیـت، ناتوانیـت ئامینـە لەگـەڵ خـۆت بەریتـە هەمـوو شـوێنێك. ئـەوە ڕاسـتییە، ڕاسـت نابێـت کـە لەگـەڵ ئامینە هاوسـەرگیری بکەیـت و لەمـاڵ دابنیشـیت، واز لە خەبـات بهێنیـت، یەکترتـان خۆشـبوێت زۆر ئاسـاییە، بـەڵام بـۆ هێنانـە ئارای کەشـی هاوسـەرگیری دەبێـت پـەرە بـە شـۆڕش بدەیـن و دەڵێـت کـە ئەوانـەی دەیانڵێم زۆر ڕاسـتن و دەڵێـت: (بـەڵام مـن ناتوانم) داوام لێکـرد کە بیر لەو شـتانە بکاتەوە کە پێم گـوت و لێـم پرسـی کـە داخوازییەکـی هەیـە یـان نا، گوتـی: (نەخێـر)، هەڵدەسـتێتە سـەر پـێ و دەچێتـە حاڵەتـی ئامادەیـی، کـە لـە خانۆچکەکـەی عەبدولڕەحـمان دەرچـووم بـە پاسـەوانەکانی بـەر دەرگام گـوت کـە دەرگای ئامینـە بکەنـەوە، کـە لەحاڵەتـی ئامادەیـی وەسـتابوون و دەنگـی زنجیـرو کلیـل دێـت و مـن ڕقـم لـەو دەنگانەیـە، دەرگاکـە کرایـەوەو چوومـە ژوورەوە، ئامینـە بەچـاوی پـڕ لـە تـرس و لـە ئامادەیـی وەسـتاوە، لـە ناوەڕاسـتی ژوورێکـی بـێ پەنجـەرەی بچووکـی تاریـك سـەیری مـن دەکات، ئامینـە کچێکـی ئەسـمەری باریکـی بـاڵا کورتـی قـژ رەش بـوو،

www.arsivakurdi.org

کچێکی وشکی دەموچاو وشك بووەوە بوو، لەگەڵی بە کرمانجی قسەم کرد، لێم پرسی راپۆرتەکەتم خوێندەوە، هیچ شتێکت هەیە وەك دوا وشە بیڵێیت؟ بەستەزمانە دەست بەملیەوە دەگرێت و دەڵێت: (وەڵا هەڤاڵ گۆتنا منی داوی، ئەز دخوازم ب عەبدولڕەحمان ره بزەوجم) ناخم بۆی دەسووتا، پاسەوانەکان پێدەکەنن و دەرگاکە بەڕوویدا دادەخرێت.

کە بەرەو باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیا دەچووم لەڕێگا بیرم دەکردەوە، ڕێچکەی ڕابەرایەتیی نا، بەڵکو ڕێچکەی ئەقڵم پەیڕەوکردووە، بەپێی ڕێچکەی ڕابەرایەتیی هەوڵدان بۆ ئاخاوتن لەسەر ئەو بابەتانە، یاخود رازیکردنی کەسانێك لەسەر بابەتێکی ئاوا لەمێژە کاتی بەسەرچووە، کەسەکە بە دژایەتیکردنی ڕێچکەی ڕابەرایەتیی تاوانی ئەنجام داوە، بەسەپاندنی دەسەڵات دەبێت ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت، یا دەبێت بکوژرێت، یاخود بکرێت بە (پیاو).

کە چوومە باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی هەڤاڵان بەتامەزرۆییەوە پرسیاریان کرد (چی بوو؟) وەڵامم دایەوە (مکوڕن لەسەر داواکارییەکەیان)، عەلی ئاکسۆی دووبارە باس لە ڕێنمایی ڕابەرایەتیی دەکات، خۆمانی تێ ناگەیەنین، دەزانین کە ئەگەر هەواڵمان لێ بدات دەستبەسەر دەکرێین و دەبرێینە لای عەبدولڕەحمان، شتی زۆر خراپمان بەسەر دێت و دواتر بیر لەوە دەکەینەوە کە ئەوەندە بە ئاسانی عەلی ئاکسۆی خۆی ناخاتە مەترسییەوە، بیلگە دەڵێت: (داوانامە ئامادە بکەن با دادگاییان بکەین). قبوڵی ئامادەکردنی داوانامەم نەکرد و گوتم با کچەکە ئازاد بکەین بچێتەوە ماڵی باوکی و کوڕەکە بنێرینە پەروەردەکردن، بیگە، عەدنان، زەکی و رەسوڵ پێشنیارەکەم بە گونجاو دەزانن، دواتر دەڵێت (ڕابەرایەتیی ئەو پێشنیارە قبوڵ ناکات)، دواتر ئەرکی نووسینی داوانامە بە زەکی یلماز دەسپێرین.

ڕۆژی دواتر داوانامەکە ئامادە دەکات و دەیهێنێت، کە خوێندمەوە لە زەکی

www.arsivakurdi.org

یلـماز تـوڕە دەبـم، چونکە داوانامەکە پڕە لە وشـەکانی وەك (بەدڕەوشـت، سـۆزانی، بێـنرخ، ریسـوا، بێشـەرەف...)، گوتـم: (مـن واژۆ لەژێر ئـەو داوانامەیە ناکـەم، ڕۆژێك ئـەو نووسراوانـە دەچنـە نـاو مێـژووەوە، ئـەوەی داهاتـوو کـە دەیخوێننـەوە تف لە ڕوومـان دەکـەن). زەکیـش دەڵێـت: (هەڤـاڵ سـەلیم ئسـلووبی پارتـی هەرچۆنێـك بێـت ناچـارم کـەوا بنووسـم، هێشـتا لـەوە نەگەیشـتوویت کـە لێـرە ناتوانیـن بەئسـلووبی خۆمـان داوانامـە بنووسـین؟). ئەویـش لەسـەر حەقـە، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوە پێداگیـری دەکـەم، دواتـر واز لـە دادگاییکردنـی هەردووکیـان دەهێنیـن، هـەر خـۆی ڕابـەری مـەزن دەیەوێـت ماوەیەکـی زۆر لـە زینـدان بـن ئـەوە دەزانیـن، بڕیـار دەدەیـن کـە رادەسـتی ئـەو بەڕێوەبەرایەتیەیـان بکەیـن کـە دوای ئێمـە دێـت. ئەویـش پێشـنیازەکەمانی بەگونجـاو زانـی و ئامینـەی نـاردەوە ماڵـی باوکی و عەبدولڕەحـمان نێردڕایـە پەروەردەکـردن، دوای ماوەیـەك عەبدولڕەحمان لە شـوێنی مەشـقەکە را دەکات و دەچێتـە بەیـروت، ئامینـە لەگـەڵ خـۆی دەبـات و دەچنە نێو لیسـتی ونبووکانـەوەو چارەنووسـیان نادیـارە.

دەمەوێـت ڕووداوێکـی تـر بـاس بکەم کـە مایەی ئەوەیـە ببێت بە پەنـد: (کچی تورکـەکان، واتـا بـرازای ئەحمـەد تورکـی نوێنەری کـورد، هێڤی تورك[٣] ئاشـقی یەکێك لـە قوتابیەکانـی ئەکادیمیـا ببـوو بـە نازنـاوی ئەزمـان، ئەزمـان گەریلایـەك بـوو کـە کـوڕە پارێزەرەکـەی ئاغایـەك بـوو کە لـە هەرێمی سـەرحەد هاتبـووە نـاو ڕیزەکانی گەریـلا و دوای سـێ سـاڵ مانـەوە لەشـاخ هاتبـوو بـۆ ئەکادیمیـا، هێڤـی تـورك ٢٠-٢١ سـاڵان، کچێکـی ئەسـمەری باڵابـەرزی کەمێـك پـڕ، ڕۆژێـك لـەدوای وانەکە هاتمە بەڕێوەبەرایەتـی لەیـلا کـە فەرمانبەرێکـی بەڕێوەبەرایەتـی بـوو و خەڵکـی ماڵاتیـا بـوو بەمنـی گـوت: (شـتێك لەنێـوان هێڤـی و ئەزمـان هەیـە). کـە پرسـیم (چـی هەیـە؟). گوتـی: (کاتێـك تـۆ وانـەت دەگوتـەوە هێڤـی بـەردەوام سـەیری ئەزمانـی

٣ هێڤی تورك (دەلال) لە ٢١ی ئاداری ١٩٩٣ لە شارۆچکەی دێرکی سەر بە ماردین شەهیدبوو.

www.arsivakurdi.org

دەکرد). بەشێوەیەك وەك بڵێی گرنگیم بە بابەتەکە نەدابێت گوتم گەر سەیری کردووە چی لێ بکەین، بەردەوامی بەقسەکانی داو گوتی: (دووبارە لەوانە ئەزمان لەشوێنێکی تر دانیشت، هێڤی شوێنی خۆی گۆڕی و چووە جێگایەك کە بتوانێت لەگەڵ ئەزمان سەیری یەکتری بکەن، گوتم: (واتا جگە لە سەیرکردنی یەکتر، شوێنگرتنی ستراتیژی هەبوو؟ دەتەوێت ئەمە بڵێیت؟) پێکەنی.

ڕۆژی دواتر کاتی وانەگوتنەوەم سەیری هەردووکیانم کرد، وتەکانی لەیلا ڕاست بوون، سەیرکردنی یەکتریش و شوێنگرتنی ستراتیژیش (!) هەبوو، بەتێگەیشتنی من نا بەڵام بەپێی ڕێچکەی ڕابەرایەتیی ئەوە تاوان بوو، لەسەر (خاکی پیرۆزی ئەکادیمیا) زینای چاو دەکرا، وانەکان بەم جۆرە شەڕە بەلاڕێداو بە هەدەر دەبردرا، ئەمە سیخوڕییەکی کارلێکراوبوو! ئێوارەی هەمان ڕۆژ کاتێك لەیلا لێمی پرسی: (ئەوانەی گوتم ڕاست دەرچوون وانییە؟) لەلای هاورێکانی تر بابەتەکەمان گفتوگۆکرد، گوتیان: (هەر ئێستا هەردووکیان دەستگیر بکەین). نە لە چاخی بەندایەتی، نە لە دەرەبەگایەتی، نە لەهیچ کونجێکی جیهان سەیرکردنی یەکتر بە تاوان هەژمار نەکراوە!

هیچ کەسێك بە تاوانی سەیرکردن دەستگیر نەکراوە، شتێك نییە بەناوی دەستەواژەی (تاوانی سەیری یەکترکردن) ، داوانامەکە چۆن ئامادە دەکەین؟ دەمەوێت بڵێم (پێویست ناکات لەبەردەم سەدەها کەس سووکایەتی بە کەسایەتیی ئەوانە بکرێت)، بەڵام وا هەڵدەسەنگێنرێت کە (ڕێگا بە بەدڕەوشتی دەدات، ڕووبەڕووی ڕێچکەی ڕابەرایەتیی دەبێتەوە)، ناتوانم ئەوەی لەمێشکمدایە دەربیبڕم.

بێچارە هێڤی دەستگیر دەکەین، بیانووی گوێنەگرتن لەوانەو بەهەدەردانی درا پاڵ. ئەزمانیش ئاگادار دەکرێتەوە، بیلگە هێڤی دەستگیر دەکات و سەبارەت بە بابەتەکە لەگەڵ ئەزمان قسە دەکات، ئەزمان توڕە دەبێت و دەڵێت: (ئێوە تەلەتان بۆم داناوەتەوە، بیلگە لەبەر ئەوەی ئەزمان لەنزیکەوە دەناسێت

www.arsivakurdi.org

رازی دەکات و هێڤیش دوای دوو ڕۆژ ئازاد دەکەین، لەراپۆرتی لێکۆڵینەوەکەی نووسیبووی (ئەزمانم خۆشدەویست، ڕاستە لەکاتی وانەدا سەیرم کردووە، بەڵام ئەو نازانێت کە من ئەوم خۆشدەوێت).

ئەو قوتابیانەی ڕێچکەی بەرزی ڕابەرایەتیی مەزنیان بەو جۆرە دەبینی و ئاوا فێر دەکران، کاتێك دەچوونە شاخ بە شێوەیەکی توندتر پەیڕەویان دەکرد، چونکە وا بڕوایان پێ هێنرابوو کە تا بە توندتر ئەو ڕێچکەیە پەیڕەو بکات، ئەوەندە زووتر شۆڕش سەردەگرێت. ئەو ڕێچکە خوێریانەیە ئاوا لە راپۆرتەکانی ناوچەکان لەساڵی ١٩٩٢ ڕەنگی داوەتەوە: (ئەوانەی لە دەرسیم لەناو پارتی سزادراون ژمارەی ١٧ کەس و ئەوانەی شەهید کەوتوون ٢٣ کەسن، ژمارەی سزادراوانی ناو پارتی لە ئامەد ٣٨ کەس و ژمارەی شەهیدبووەکان ٤٢ کەسە، ژمارەی سزادراوانی ناو پارتی لە بۆتان ٢٧... بەڵێ ئەو ژمارانە ئاوا بەردەوام دەبن، لە راپۆرتی کۆنفرانسی ١٩٩٢ ژمارەی هەڵاتووەکانیش دیاریکرابوون، لە هەندێك ناوچە ژمارەی هەڵاتووەکان لەماوەکان زیاترە، لە هەندێك ناوچەکانیش ژمارەی هەڵاتووەکان نزمە. لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەیانەوێت لەو ڕێچکە قێزەوەنە ڕزگاریان بێت و تۆمەتی خیانەتیان نەدرێتە پاڵ لە چالاکی خۆکوژیدا خۆیان لەناو دەبەن و بە شەهید هەژمار دەکرێن، ئەوانەی کە بۆ پرۆتستۆکردنی ڕێچکەکە خۆیان کوشت، هەروا بینران کە (نەژیاون و نەمردوون)، مومکین نییە کە ژمارەیان دیار بکرێت، ئەوانەش هەن کە بێ دادگاییکردنی دادگاو لەلایەن تیمی تایبەتەوە لەناوبردن (بێ جێهێشتنی سەرەداو) لەناوبردران، ئەوا ژمارەیان یەکجار زۆرە، بەشێوازێکی تایبەت کوژراون و نێژراونەتە چاڵێکەوە، لەلایەن ڕێچکەیەکی گڵاو و دوژمنێکی وەحشیگەرانە، ئازیزترین ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ئاوا لەناو دەبردرێن!

ئەوانەی لەلایەن ڕێچکە گڵاو و قێزەوەنەکە دەکوژرێن، لەسەدا نەوەد و پێنجیان بێ تاوانن، بەپێی بڕیاری دادگاو پشتڕاستکردنەوەی ڕابەری مەزن، بە

www.arsivakurdi.org

وتـەی خـودی ڕابـەری مـەزن تاوانـی ڕێچکەیـان ئەنجامـداوە، ئەگـەر کـوژراوەکان سـیخوڕی دەوڵەتـی تـورك بووانـە وتەکانیـان، پەڕاوەکانـی دادگایـان، ناوەکانیـان، وێنەکانیـان لەڕۆژنامـەکان بـڵاو دەکرایـەوە، بـۆ ئەوانـەش کـە بێتـاوان دەیانکوشـتن هـەروەك کـە نەیاندەتوانـی بڵێـن "کوشـتمان"، نەیاندەگـوت کـە لەژیانـن یاخـود مـردوون، لەبـەر ئـەوەش کـە پرسـینی ئاقیبەتـی وونبـووەکان بـە تـاوان هەژمـار دەکرێـت، نەپرسـین لـە ئاقیبەتـی وونبـووەکان بـە هەڵوێسـتێکی شـۆڕشـگێڕانە دەبینرێـت.

بەشـێك لـە خانـەوادەکان کاتێـك هەواڵـی کوژرانی کـوڕەکان، یاخـود کچەکانیان لەلایـەن پارتـی (ڕێچکـە خوێڕیانییەکـەی ڕابەرایەتیـی) گـوێ لـێ دەبێـت، دەچنـە لای فەرماندەیـی گەریـلای ناوچەکـەو لـە کـوڕەکان یاخـود کچەکانیـان دەپرسـن کـە بۆچـی کـوژراون، فەرماندەیـی گەریـلاش لەبـەر ئـەوەی کـە وەڵامێکیـان نییـە بیدەنـەوە خانـەوادەکان، دەڵێـن کـە هەواڵیـان لەبارەی کچـەکان یاخـود کوڕەکانیان نییە .

کاتێـك پەرتووکـی (ئاخاوتنەکانـی بـێ تەلـی ١٩٩٣م[٤] خوێنـدەوە، قێـزم بـووەوە، فەرمانـدەی گەریـلای بۆتـان لـە بێتەلـەوە لـە ڕابـەری مـەزن دەپرسـێت: (سـەرۆکم لـە بۆتـان ڕابەرایەتییەکـەی بـەر لـە ئێمـە ژمارەیەکـی زۆر هەڤـاڵ دادگایـی کـراوەو کـوژراوە، کەسـوکاریان حاڵەکەیـان زانیـوە، دێـن و لەئێمـە دەپرسـن نازانیـن چییـان پـێ بڵێیـن، چـی بەو خانەوادانـە بڵێین؟)، ڕابەری مـەزن ئەو وەڵامـە دەداتەوە: (بەو خانەوادانـە بڵێـن: ڕۆڵەکانـی ئێـوە شـۆڕشـگێڕبوون، لەلایـەن هەندێـك ئەندامـی شـەڕی تایبـەت کـە دزەیان کردووەتـە ناومانەوە کـوژراون، ئێمـە لەماوەیەکی کورت بکوژانـی ڕۆڵەکانـی ئێوەمـان دەستنیشـان کـردو تۆڵەیانمـان سـەندەوە، چـی بکەیـن

٤ لەساڵی ١٩٩١ ەوە لە دۆڵی بیقاع کە دەکەوێتە لوبنانەوە لەگەڵ فەرماندەکانی گەریلا کە لەکوردستانن گفتوگۆ لەڕێی بێتەلەوە دەکرێت، ئاخاوتنە بەرابەرییەکان دەخرێنە سەر کاسێت، دواتر کاسێتەکان شی دەکرێنەوەو دەکرێن بە کتێب، ئەو کتێبانە وەك ڕێنمایی بە گەریلاکانی شاخ و مەشقکارەکانی بیقاع دەخوێندرێتەوە.

www.arsivakurdi.org

شـەڕە شـتی وا روودەدات). فەرماندەکـەی سـەر بێتەلەکـە لـە بەرانبـەر ئـەو وەڵامە (لۆژیکییـە!) دەڵێـت: تێگەیشـتم سـەرۆك. لـە ڕاسـتیدا ئـەو گەنجانە بەر لـە کوژران لەلایـەن (دادگای بـەرزی سـەربەخۆیی)یەوە دادگاییکراون و سـزای لەسـێدارەدانیان بـۆ دەرچـووە، بڕیارەکـە لەلایـەن ڕابـەری مەزنـەوە پشتڕاسـتکراوەتەوە، ڕاستە کـە سـیخوڕێك دزەی کردووەتـە ناومـان، ئـەو سـیخوڕە لـە پایتەختـی یەکێـك لـەو دەوڵەتانـەی وڵاتەکەمانیـان داگیرکـردووە دادەنیشـێت، بەڕێنمایـی بـێ تەلـەوە داهاتوومانـی بەدەسـتی خۆمـان گوللەبـاران دەکـردا!

بەپێـی ڕێچکـەی ڕابـەری مەزنمـان لەنێـوان سـیخوری کاراو کارلێکـراودا جیاوازییەکـی گرنـگ نییـەو ئـەوەی پابەنـدی ڕێچکـەی ڕابەرایەتیـی نەبێـت، ڕێچکە پەیـڕەو نـەکات، بەسـەر خەڵکـی دا نەسـەپێنێت و پابەندییـان نـەکات، هـەر کـێ بێـت دەبێتـە سـیخوڕ و دەبێـت دادگایـی بکرێـت و سـزا بدرێـت، یاسـا ڕێچکـەی ڕابەرایەتییـە و دادگاییکـردن بەوپێیـە ئەنجـام دەدرێـت، کـوژراوەکان شـەش مانـگ تێپـەڕ نـاکات کـە بێتاوانییان ئاشـکرا دەبێـت، بەڵام سـەرەڕای ئەوە ئـەو ڕێچکە گڵاوە دەسـەپێنرێت. لێـرەدا تاوانبـار هەڵاتـوو، مـردوو و بەنـدە دەخوڵقێنێـت و کـەس ئەمـە نابینێـت، کـە تاوانبـاری ڕأسـتەقینە نابینرێت، گەنجـی بێتاوان تاوانبـار دەکرێن و دەکوژرێـن، کـوژراوەکان لەبـەر ئـەوەی بەڕاسـتی سـیخوڕ نەبـوون ناوەکانیـان بـۆ ڕای گشـتی راناگەیەندرێـت، تەنانـەت ناگوترێـت (وون بـوو)، خانەوادەیەکـی یەکجـار زۆر وا دەزانـن کـە رۆڵەکانیـان لـە ژیانـدان و لەشـاخ دەجەنگـن.

یەکـەم وانـە بـوو کـە راو بۆچوونـم سـەبارەت بـە پرسـی ئافـرەت دەربـڕی، ئـەو ڕۆژایـە چـاو قلـە تـرێ دیاربەکرییـەی ویسـتی لەگەڵـم بدوێـت، ئـەوەش دەزانـم کـە پێشـووتر لەلایـەن ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـەی خێزانەکـەم تیایـدا کـرای کـردووە دەسـتگیر کـراوە و دواتـر ئازادکـراوە، لەگـەڵ سـاکینەی خوشـکی ڕۆژنامەنووسـی جەنگـی کـە لـە باتمـان لەلایەن کۆنـتر گەریلاوە شـەهیدکراوە بـردراون بۆ بـار الیاس، دوای ئـەوەی لێـرە ماوەیـەك دەستبەسـەرکراون نێـردراون بـۆ شـام بـۆ ماڵـی ڕابەری

www.arsivakurdi.org

مەزن.

ئـەو دوو کچـە گەنجـە شـاهێدی هەندێـك ڕووداوی زۆر گرنگـن، دژی هەندێـك سـەپێنراو وەسـتاون، ڕابـەری مەزن تۆمەتی (بەدڕەوشـتی و سـۆزانی) دابـووە پاڵیان، دوو جـار خسـتوونیەتە پەیڕەوکـردن، لەکۆتایی دا دووبـارە بردوویاننەتەوە ماڵەکەی، سـاکینە و ڕۆزا ئـەو ڕووداوانـەی لـە بـار الیاس و شـام بەسـەریاندا هاتووە بـۆ (فوئاد چاڤگون)یـان باسـکردبوو، ئەوانـە نهێنـی وابـوون کـە بـۆ کەس بـاس ناکرێـت، فوئاد چاڤگـون یەکەمجـار دەحەپەسـێ، دواتـر وردەکارییـەکان لـە کچـەکان دەپرسـێت و بڕیاری ئاشـکراکردنی دەدات.

گەیەنـەری پۆسـتەی ڕابـەری مـەزن، ئەحمـەد، ئـەو وشـە خراپانـەی فوئـاد سـەبارەت بـە ڕابـەری مـەزن دەیانڵێـت لـە ئامێرێکـی بچووکـی تۆمارکردنـی دەنـگ تۆمـار دەکات و دواتـر بـۆ ڕابـەری مەزنـی لێدەداتـەوە، لەبـەر ئـەوەی دەنگەکـە لە ژوورێکـی تـرەوە تۆمارکـراوەو لـە دوورەوە دێـت هیچ شـتێکی لـێ تێناگەیـت، بۆیە وەك بەڵگـەی تـاوان بـۆ ئێمـە دەنێردرێـت، لـە کۆمیسـیۆنی لێکۆڵینـەوە گـوێ لـە تۆمارەکـە دەگریـن، لەبـەر ئـەوەی دەنگەکـە روون نییـەو لێـی تێناگەیـن لەناومـان بـرد، ڕابـەری مـەزن لەبـەر ئـەوەی ڕاسـتی کارەکـە دەزانێـت یەکسـەر دەینێرێتـە ئەڵمانیـا، دواتـر ئـەو ڕێنماییـە بـە بەرپرسـی ئەورووپـا دەدات: (ئـەو سەرسـەرییە لەماڵێکـی جێـی متمانـە دەسـت بەسـەر بکـەن، کـەس نەیدوێنێـت هیـچ کەسـێك لەگەڵـی پەیوەنـدی نەبێـت، ئەندامێکـی زۆر مەترسـیدارە).

لەسـەر بنەمـای ئـەو ڕێنماییـە هـەر لەسـەرەتای ١٩٩٢ەوە فوئـاد لـە ئەڵمانیـا لەژێـر چاودێریدایـە لەبـەرواری ٧ی ئـاداری ١٩٩٣ کاتێـك مـن لـە ئەڵمانیـا دەرچـووم، هێشـتا لەژێـر چاودێریدابـوو، لەبـەر ئـەوەی چەنـد جارێـك بـەدەر لـە مۆڵەتـی ڕێکخـراو، چووەتـە چەنـد ناوچـە، یاخـود وڵاتێـك دووچـاری ڕەخنـەی توند بووەتـەوە، سـێ ڕۆژ بـەر لـە دەرچوونـم لـە ئەڵمانیـا لـە یەکتربینینێکـمان لەگـەڵ مسـتەفا کاراسـوو بەمنـی گوتبـوو: (سـەرۆك بەمنـی گوتـووە فوئـاد بکـوژن بـا لـە

www.arsivakurdi.org

یەخە ببێتەوە، بەڵام من قبووڵم نەکرد). دەمویست بڵێم مستەفا بەردەوامی بەکەسایەتیی زیندانت دەدەیت، ئەگەر ڕابەرایەتیی گوتوویەتی بیکوژن با بڕوات و تۆ ڕەزامەندیت نەنواندووە، دەبێت بزانیت کە ڕێوشوێنی ئاستیاگ بۆت لەکەمیندایە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە مستەفا هێشتا بەچاوەکانی دژە شۆڕشی مرۆڤخۆری و دوژمنایەتی گەل و ڕێکخراوی ڕابەری مەزنی نەدیوە دەزانم کە باوەڕ ناکات و ئەوەی کە دەیزانم باسم نەکرد، چونکە کاتێك لەزیندان دەرچووم هەر کێ شتێکی وای گوتبا دەمگوت:(پڕوپاگەندەی دوژمنە) و بڕوام نەدەکردو ڕابەری مەزن بە ئێمەی فەرماندەکانی بەڕێوەبەرایەتی گوتبوو: (فوئاد چاڤگون بەدڕەوشت بووە، لەگەڵ دوو بێنرخی وەك ڕۆزا و ساکینە پەیوەندی نابەجێی هەبووە، بۆیە هیچ پەیوەندییەکی بەپارتیەوە نەماوەو نێردراوەتە ئەڵمانیا).

ڕۆزا بەبیانووی ئەوەی لەشام تاوانی ئەنجام داوە، دەستگیر کراو هێنرا، لای ئێمە، بێ ئەوەی هیچ وشەیەکی لەگەڵ بڵێین خستمانە ژوورێکی بەتاڵی زیندان، ڕۆژی دواتر پۆستە دەفتەرێك دێنێت، دوای ئەوەی سەیری ئەو دەفتەر مەزنە دەکەین، دەڵێین ئەوە چییە؟ دەڵێت: (دەفتەری شیعری ساکینەیە، ڕابەرایەتیی داوای کرد سەرنجی بدەن) و شیعرەکان دەخوێنمەوە یەکسەر تێدەگەیت کە لەلایەن هەست ناسکێکەوە نووسراون، چوارینەیەك بە ڕەنگی سوور هێڵی بەژێردا کێشرابوو و دوو نیوە دێڕم لێی دێتەوە خەیاڵ:

(ڕاستییەك کە زمانەکان ناتوانن ڕاستییەکان بدرکێنن

دووبارە هێرشی کردەوە سەر کەعبە ئەمڕۆ ئەو سەگە!)

لەیەکتر دەپرسین دەیەوێت بەوە چی بڵێت، عەلی ئاکسۆی دەڵێت: (کەعبە زیندانی دیاربەکرو سەگ ڕابەرایەتییە) بەگونجاوی دەزانین، پۆستە سەبارەت بە ڕۆزاش راپۆرتێکی هێنابوو، لە راپۆرتەکە دەگوترا (لەکاتی ژەهرکردنە خۆراکی ڕابەرایەتیی دەستگیر کرا) سێیەم ڕۆژ کە خرابووە زیندان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە چوومە ژوورەکەی، لە دەرەوە بەفر تا چۆك هاتووەو ژوورەکەی وەك بەفر

www.arsivakurdi.org

ساردەو لەو شوێنەی ڕۆزای لێ دەمایەوە سۆپای لێ نەبوو، لەسەر پێخەفێکی ئیسفەنج و لەژێر سێ پەتوو وەك چۆلەکە هەڵدەلەرزی، لەژێر رووناکی کزی مۆمی ژوورەکە قژە رەشەکەی و چاوە وەك ترێ رەشەکەی دەبرسکایەوە، ساردی ژوورەکەی ڕۆزا، زستانی ١٩٨١ی بەشی دابراوی زیندانی دیاربەکری بیرخستمەوە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەبوو من لەوێ بەندیکراو و لێرە داواکاربووم، کە لە دەرگا چوومە ژوور، ڕۆزا ویستی هەڵستێتە سەر پێ و حاڵەتی ئامادەیی، گوتم (نەخێر دانیشە)، دوای ئەوەی دانیشتم گوتی: (جگەرەم لانییە) پاکەتەکەی گیرفانم پێی دا، کاتێك ڕۆزا جگەرەی دەکێشا گوتم ویستووتە ڕابەرایەتیی ژەهرخوارد بکەیت و دەستگیر کراویت ئەوە دەزانیت؟ پرسی: (باشە تۆ بڕوا بەم قسانە دەکەی؟) گوتم: بڕواکردن و نەکردنی من گرنگ نییە چی ڕوویداوە بۆمی بنووسە، ڕۆزا ئاهێکی هەڵکێشاو دەمێك هەناسەی گرت و دواتر دەستی کرد بە ئاخاوتن: (هەڤاڵ سەلیم من دیاربەکریم، بەڵام لە ئەنقەرە پەروەردە بووم، هەواداری شۆڕشگێڕی چەپ بووم، بەڵام دواتر لەگەڵ هەوادارانی پەکەکە ئاشنابووم، لەگەڵ کات پەیوەندییەکانم پتەوبوون و کارەکەم و خێزاکەم جێ هێشت و هاتمە ئەکادیمیا، دەمویست شۆڕشگێڕبم و بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەم بجەنگم، بەڵام لێرە دووچاری شتی تر بومەوە، لەکاتێکدا کە لەسەر هەقم کرام بە (سووك)، لەرابردوو هەر لەم ژوورە چەندین ڕۆژ ئەشکەنجە دراوم و ئەو خێزانە بێنرخەی تۆ، خۆی قژی راکێشاوم، سەرمی بە دیوارەکاندا دەدا، ئەوانی تر بە قامچی لێیان دام، من لەبەر هەوڵی کوشتن یان ژەهرخواردکردنی هیچ کەس نەهێنراومەتە ئێرە، لە رابردووش و ئێستاش بۆچی هێنراومەتە ئێرە، تەنیا من و سەرۆکەکەتان دەزانین و تاوانەکەم بەهیچ یەکێکتان ناڵێم!)

گوتم: بۆ منی باس بکە، ئایا متمانە بەمن ناکەی؟

گوتی: نەخێر، ئەشکەنجەم دەدەن.

(باشە باوەڕت وایە کە من ئەشکەنجەت بدەم؟)

www.arsivakurdi.org

گوتی: تۆ نا بەڵام ئەو کەسانێك دەدۆزێتەوە کە بیکات)

گوتم: تا من لێرەبم ڕێگا نادەم هیچ کەسێك ئەشکەنجەت بدات.

دەڵێـت: (ئـاه! تـۆ هێشـتا لـە ڕاسـتییەکان نەگەیشـتوویت و نەتدیـوە، بۆیـە ئەگـەر بۆشـت بـاس بکـەم بـڕوام پـێ ناکـەی) و بێدەنـگ دەبێـت.

پرسـیم: خێزانەکـەم چـۆن لێتـی دەدا؟ ئامانجـم زانینـی راددەی ئەشـکەنجەو شـێوە بەکارهاتـووەکان بـوو، بـاس دەکات و لەگـەڵ گوێگرتـن ڕقـم هەڵدەسـتێت، سـەرم نـزم کردووەتـەوەو بیـر دەکەمـەوە، نەخێـر! ئەوانـە ناکرێـت پەکەکـە بـن، پەکەکـە پارتیـی مەزڵـوم، چەوسـاوە، ئەشـکەنجەدراوەکان بـوو، لـەدژی زوڵـم و داگیـرکاری و زۆرداری وەسـتاوەکان بـوو، دوای کەمێـك بیرکردنـەوەی تـر خـۆم بەخۆمـم گـوت سـەلیم تـۆ ئەوەنـدە سـاویلکەی کـە هێشـتا بـەدوای ئـەو پارتیـەدا دەگەڕێیـت.

ماوەیەکـی درێـژ سـەرمان بـەرەو خـوارەوە بەبـێ دەنگـی سـەیری ئەرزمـان کـرد. گوتـی: (ئەوانـەی ئەشـکەنجە دەکـەن تاوانییـان نییـە، هەیـە ئـەو کارەیـان پـێ دەکات) کچێکـی زیرەکـە. تـا بـەدەر نەخـەم گوتـم هەڵـە بیـر دەکەیتـەوە، ئەو بەڕێوەبەڕایەتییـە لـە بێنرخانێـك پێکهاتبـوو، بـۆ ئێسـتا تـۆ ئەشـکەنجە نادرێیـت؟ ئەگـەر ڕابەرایەتیـی بڵێـت (بـڕۆ ئەشـکەنجەی بدە نایکـەم، بەڵام ئەگەر خـۆم بیکەم دەیکـەم و راپـۆرت دەنووسـم دەڵێـم نەمکـرد. کاتێك کچە دەسـتیکرد بە باسـکردنی سیسـتەم و لۆژیکەکـە خـۆم وەك عەبدوڵڵا قارەمـان بینـی کـە لـەدوای ئەسـەد ئۆکتـای هاتـە زیندانـی دیاربەکـر، ئەویـش کاتێـك تـازە هاتبـووە زینـدان دەیگـوت: (ئەشـکەنجەدان سیاسـەتی دەوڵـەت نییـە، هەمـوو شـتێك ئەسـەدی بـێ نامـووس کـردی). ڕۆزا کـە بینـی ئـاوا بێدەنـگ بیـر دەکەمەوە پرسـی (باشـە هیچ بیـرت لەوە کردووەتـەوە کـە خێزانەکـەت بۆچـی ئـاوا بێـنرخ بـوو، هۆکارەکانـی چیـن؟) و بـێ دەنگی شـکاند.

دەزانـم کـە خێزانەکـەم بێـنرخ بـووە، بـەڵام هێشـتا لەهۆکارەکانی نەگەیشـتووم،

www.arsivakurdi.org



واز لەوانـە بێنـە کـە بەسـەر تۆی هێنـا، تەنانەت من ئـەو ئەشـکەنجەیەی لەزیندانی دیاربەکـر نەمدیبـوو لێـرە بەسـەریدا سـەپاندم، کاتێـك کۆنفرانسـی زینـدان ئەنجـام دەدرا، لەبـەر ئـەوەی لەسـەر خـاك دەخەوتیـن ئەسـپێمان کەوتبـووە سـەر، فەرحان گوللـوی خۆمـان جلـە سـەربازییەکانمانی لـە ئـاوی گـەرم دەکوڵانـد تـا ئەسـپێکان بمـرن چنگێـك D.D.T لـە ئـاوە گەرمەکـە دەکـرد، جلەکانیشـی بـێ شوشـتنی تـەواو، وشـك دەکـردەوە، جلەکانمـان لەبەرکـردو لەگەرمـای نیـوەڕۆ کـە لەشـمان ئارەقـی کـرد D.D.T لـە کونیلەکانـی ئارەقـی لەشـمان دەچـووە ناو لەشـمان و یـەك لەدوای یـەك دەکەوتینـە سـەر ئەرز، شـەو ئێمـە دەگوازنەوە نەخۆشـخانە فەلەسـتینییەکەی بـار الیـاس، لەبـەر ئـەوەی بێهـۆش ببووین هـەر چوارمان لـە ئەندامـی نێرینەمانەوە بەسـۆندە میـزە ژەهراوییەکـەی نـاو میزڵدانمـان دەردەهێنـن و لەمـردن ڕزگار دەبین و دەگەڕێینـەوە ئەکادیمیـا. لەکۆنفرانسـی زینـدان لەبـەر ئـەوەی ناچاربـووم کە ئەو بۆچوونانـەی هەرگیـز پێیـان رازی نیـم قبوڵی بکـەم، مێشـکم ناڕەحەتـە، لەبێزارییان خەریکـە دەتەقـم، سـوتانێکی زۆر لە ڕێـڕەوی میزکردنمدا هەیە، هەڵدەسـتم دەچمە سـەر ئـاو، ژانەکـە زیاتـر دەبێـت و میزەکـە نایـەت، نەمدەزانـی کـە ئـەو کەناڵـەی دەچێـت بـۆ میزڵدانـم لـە تورەیـی و ناڕەحەتییـان داخـراوە، لەگـەڵ ئاوخواردنـەوە ژانـی گورچیلـەم زیاتـر دەبێـت و زوو زوو دەچمـە سـەر ئـاو و میزم نایـەت، ژانەکە زیـاد دەکات و ئیـدی بەرگـە ناگرم دەسـت بە ناڵـە ناڵ و هاوارکـردن دەکەم. دەنگی ناڵـەو هـاوارم تا ئەو چادرەی کۆنفرانسـی زیندانـی لێدەکرا دەچێت، هـەروەك کاتی بردنـە ژێـر ئەشـکەنجەی زیندانـی دیاربەکـر دەمناڵانـدو هـاوارم دەکرد.

ئـەو ژانـە لەژانـی قامچـی، دەسـکی سـازو پێچکـە کورسـی ئاسـن، دەسـکی بیور و ئـەو سـۆندەیە ناچێـت کـە بزمـاری خرابێتـە ناو، هەمـوو ئـەو ژانانە دەناسـمەوە، ئـەوە لـەژان زیاتـر سـوتانە، بـەڵام لـە ئاگـری دار، چـەرخ، شـقارتەو مـۆم زیاتـر لـە ژانـی سـووتانی مەکینەیەکـی وزە دەچێـت، هـەروەك ئەوەبـوو بارێکـی گرانیـان بـە ئەندامـی نێرینەمـەوە کردبێـت و بـەرەو خـوارەوە ڕایکێشـێت، کـە گەڕامـەوە

www.arsivakurdi.org

چادرەکـە ئـەو هاوڕێیانـەی گوێبیسـتی هاوارەکانـم ببـوون دەیانگـوت (لەبـەر ئـەو سـۆندەیەی لـە نەخۆشـخانە بـۆت دانـراوە ئەزیەتـت خـواردووە بۆیـە ژان دەکات). دەڵێـم مێـزم نایـەت کـەس لێـم تێنـاگات، هەندێکیـتر لـە ئـەرز خـۆم بەملاو بـەولادا دەدەم دووبـارە هەڵدەسـتم دەچمـە سـەر ئاوەکـە، دووبـارە ژانەکـەی مەکینـەی وزە دێتـەوە، وەك بڵێـت لـە ئەندامـی نێرینـەم قورساییەکی زۆر هەبێـت وایـە، تـا هێـزم تێدابـوو هـاوارم کـرد، دەگەڕێمـەوە چادرەکـە، سـگم وەك دەهـۆڵ ئاوسـاوە، ناتوانـم بەپێـوە بوەسـتم، دانیشـم، لەسـەر ئـەرز خـۆم بەمـلاو ئـەولا دەدەم، دەمناڵانـدو هـاوارم دەکـرد ئیـدی بەرگـە ناگـرم ىمبەنـە نەخۆشـخانە، ژانێکـی وەك ژانـی ئەشـکەنجەی زیندانـی دیاربەکـرم گرتبـوو.

دوای ئـەوەی هەواڵـدەری چادرەکەمـان رووبـار، حاڵـی منی بـە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیانـد دوای ماوەیـەك خێزانم هات، جەسـتەم لەنێو ئاو و ئارەقە لەسـەر ئەرزەکە کەوتـووم و دەناڵێنـم، خێزانەکـەم لـە دوورەوە وەك بڵێـی سـەیری سـەگێکی لەسـەر ئـەرز کەوتـوو بـکات، سـەیری دەکـردم و بەسـەرمدا هـاواری کـرد: (چییـە خـۆت خسـتووەتە سـەر ئـەرز؟ هەڵسـە دانیشـە!) کاتێـك گوتم: (کەمێـك نزیك بـەوە بۆت بـاس بکـەم). گوتـی: (چی باس دەکەیـت؟) و دەرچـوو، دەمزانی کە ڕاپـۆرت دەداتە بەڕێوەبەرایەتـی ئەکادیمیـا و دەڵێـت: (هیچـی نییـە)، چونکـە بەرگـەی نەگـرت ئەوەنـدەی خـۆی ئەزیـەت بـدات و گوێـم لێبگرێـت کـە پێـی بڵێـم. چونکـە بەپێـی بۆچوونـی ئـەو، لەبـەر ئـەوەی نەمدەویسـت بەشـداری کۆنفرانـس بکـەم خـۆم خسـتبووە ئـەرزەوە (لەسـەر قـوڕ پاڵکەوتبووم) ئەوە شـیکاری ئایدیۆلۆژیـای فەرمی بـوو بـۆ حاڵەتەکـەم، دوو ڕۆژ و شـەو لەنـاو بەردەکانـی دۆڵـی بیقـاع وەك گورگێـك لورانـدم، خـۆم بـە زەوی دا، نەتوانینـی میزکردنـم بـۆ مـن دەردێکـی کوشـندەبوو و خێزانەکـەم کـە بیرۆکـەی بـۆ مـن پۆلیسـی بوو ویـژدان و دڵـی هـەروەك بەردەکانی بیقـاع رەق بـوون، دووەم ڕۆژ کـە نەچووبـووم بـۆ سـەر ئـاو دکتۆرێـك کـە کـوردی سـووریا بـوو هاتـە لام و دەیزانـی سـەلیم چوروککایـام، کـە منـی پشـکنی وەك بڵێی

www.arsivakurdi.org

گاڵتـەم پـێ بـکات، حەبێکـی ڤیتامینـی خسـتە نـاو دەسـتمەوە، دەمویسـت تـف لـەڕووی بکـەم، بـەڵام خـۆم گـرت و حەبەکـەم فـڕێ دا.

ئـەو شـەوە کـە هـاوارم زیـادی کـرد، دکتـۆری ئەکادیمیا نـاسر هاتـە چادرەکەوە، دەرزییەکـی ژان شـکێنی لێمـدا، گوتـی کـە لەگـەڵ سـەعیدی بـرام بەیەکـەوە لـە چەلـێ لەهەمـان زانکـۆ خوێندوویانـە، کـە بینـی سـکم زۆر ئاوسـاوە گوتـی: (ئەگـەر نەبردرێتـە نەخۆشـخانە ئـەوا میزڵدانـی دەتەقێـت) و بـەرەو باڵەخانـەی بەڕێوەبەرایەتـی رۆیشـت، بەپێـی ئەو وتانەی ناسر دوای سـێ مانگ بۆ منی باسـکرد چووەتـە لای دکتـۆر بـاران گوتوویەتـی: (ئەگـەر سـەلیم نەگەیەننـە نەخۆشـخانە دەمرێـت، مـن بەرپرسـیارێتی هەڵناگـرم). بـاران گوتوویەتـی: (بـا بتۆپێـت). هەمـان وتـەی بـۆ فەرحـان گوللـوش بەکارهێنابـوو. کاتێـك تێگەیشـتم بەڕێوەبەرایەتـی مـن ناباتـە نەخۆشـخانە، نیوەشـەو بـوو بـە فەرمـان گوللـو و دوو هاوڕێـی تـرم گـوت (وەرن مـن ببـەن بـۆ لای ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـە، مـن دەزانـم چـی بـەو بێشـەرەفە دەڵێم).

ئـەو شـەوە مـن بردرامـە بـار الیـاس، لـە نەخۆشـخانە سـۆندەیان لـە ئەندامـی نێرینـەم خسـت و زایاتـر لـە دوو لـتر و نیـو ئـاو دەرهێـنرا، هـەروەك ئـەوە دڵخـۆش بـووم کـە سـەر لەنـوێ هاتبمـە دونیـاوە، کاتێـك ڕۆژی دواتـر خێزانەکـەم هاتـە نـاو دەرگای چادرەکـەو بەپێکەنینـەوە گوتـی: (سـەلامەتییە)، هـەروەك بەردەکانـی بیقـاع بـێ هەسـت بـووم. لێـرەدا ڕۆزا قسـەکانی پێـم بـڕی و گوتیـك (ئـەو ڕۆژەی لەهـۆکاری هەمـوو ئەوانـە گەیشـتی لـەوەش دەگەیـت کـە بۆچـی مـن هێنراومـە ئێـرە، بەپێویسـتی نازانـم راپـۆرت بنووسـم و هەرچـی دەکـەن بیکـەن). ئەوکاتـە بـە تـەواوی لەواتـای قسـە نادیارەکانـی ڕۆزا نەگەیشـتم، ڕاسـتییەکانم لـە فـەوزی پۆسـتەبەری ڕابـەری مـەزن گـوێ لێبـوو کاتێـك لەدوایـین دەسـتبەسـەرکردنم لـە زیندانـی بیقـاع لەگـەڵ مـن دەسـتگیر کرابـوو.

هیـچ کات ڕۆزا لەبیـر ناکـەم، سـەرەڕای جەسـارەت و بەرگەگـری زیندانـی

www.arsivakurdi.org

دیاربەکرم، بەپێوانـە بـە ڕۆزا لاوازبـووم، ڕۆزای چـاو دەنکە ترێی سـومبولی ئازادیی، بزانـە کـە تـۆم لەبیـر نەکـردووە، کەسێکی بـێ جەسارەت و بـێ نـرخ نیـم بەسـە، بـەو دێڕانـە دەمەوێـت بزانیـت کـە مـن ئـەو ڕێوشـوێنانەم بەهـی خـۆم نەزانیـوە، بۆیـە دەمەوێـت یـادت بکەمـەوە. نازانـم کـە مردوویت یاخـود لەژیانت، بـەڵام بەو تۆمارانـە دەمەوێـت ئازایەتـی تـۆ بـە گەلـی کـورد بگەیەنـم.

سـێ ڕۆژ دوای ئـەو ئاخاوتنـەم لەگەڵـی و پاسـەوانەکان هەواڵیـان هێنـا کـە ڕۆزا مانـی گرتـووە، هـەر خـۆی لەمەوبـەر لە شـام باسـکی خۆی بڕیـوە، لەمـردن ڕزگاری بـووەو هەوڵـم دەدا بیـر لـەو شـتە گرنگانـە بکەمـەوە کە ئەو کچـە دەیزانـی، عەلی ئاکسـۆی گوتـی (بـا بتۆپێـت)، ئـەو وشـەیەی لەزیندانەکانـی تورکیـاو کوردسـتان کاتێـك دەسـتمان بە مانگرتنـی تامردن دەکرد بەڕێوەبەری زیندانـەکان و داواکارەکان دەیانگـوت (بـا بتۆپـن) ئێسـتا هاوڕێکانم ئـەو وشـانە بەکاردەهێنن.

لەمـاوەی ١١ سـاڵی ژیانـی زیندانـم ٢٣ جـار مانگرتنـی برسـێتی و تامردنـم ئەنجامـداوە، ئێسـتاش مـان لـەدژی مـن گیـراوە، مانگرتنی تامـردن ڕێگایـەك بوو کە ئەوانـەی دووچـاری ناحەقـی دەبوونـەوە بـۆ گەیاندنـی دەنگیـان بـە مرۆڤایەتـی، دەیانگرتەبـەر، کاتێـك کـە چارەیەکـی تریـان نەدەبـوو جۆرێك لـە بەرەنگارییـان بەخۆخـواردن و لەناوبـردن دەبینـی. مانگرتنـی تامـردن، لـەدژی ئـەو پارتیـەی کـە کەمالـەکان و خەیرییـەکان بـە شـەهیدبوون لـە مانگرتنـی تامـردن لایەنـی ئازاربەخشـی پەکەکەیـان گەیانـد، کچێکـی گەنـج دەسـتی بـە مانگرتنـی تامـردن کردبـوو، لەسـەرەتا وام بیـر دەکـردەوەو دواتـر دەڵێـم نەخێـر، ئەگـەر ئەمـڕۆ پەکەکـە هەبووایـە ئـەوا ئـەو کچـە گەنجـە نەدەچـووە نـاو مانگرتنـی تامردنـەوە. ئـەو کچـە گەنجـە خـۆی خسـتووەتە شـوێنی پارتـی و لـەدژی ڕابەری مـەزن چووەتە مانگرتنـەوە.

لـەڕۆژی یازدەمینـی مانگرتنەکەیـدا چوومـە دیتنـی ڕۆزا، کاتێـك دەرگای ژوورەکەیـم کـردەوە، دانیشـتبوو جگـەرەی دەکێشـا، کـە چوومـە ژوورەوە هەوڵیـدا

www.arsivakurdi.org



هەڵسێتەوە دەستم خستە سەرشان و دانیشتم، دواى پێکردنى جگەرەکەم گوتم ڕۆزا وازبێنە، بەو مانگرتنە ناگەیت بەهیچ، درێژەم بە وتەکەم دەدا، بەڵام بیرم کەوتەوە کە ئەو وشانەی ساڵانێك داواکارە تورکەکان لە بەرانبەر من بەکاریان دەهێنا بەکاردێنم و بەشەرمکردنەوە بێدەنگ دەبم، دواتر وا دەکەم ڕۆزا واز لە مانگرتنەکەی بێنێت. متمانەی بەمن دەکرد و دەیگوت (ئەگەر تۆ بڕۆیت ئەشکەنجەم دەدەن) کاتێك چوومە ئەورووپا هێشتا دەستبەسەربوو، کە دوایین جار دەستگیر کرام پۆستەبەر فەوزی سەبارەت بە ڕۆزا[5] گوتی: (ئازادکراو هێنرایە شام، هیچ کاتێك بەسەرۆکی نەگوت (سەرۆك، دواتر وەك گەریلا نێردرا بۆتان).

یەکەم شەوم لە هوتێل بەو بیرکردنەوانە، ئاخاوتن لەگەڵ خۆم، بۆڵە بۆڵ و دادگاییکردنی خۆم و یادکردنەوەی هەندێك بەڕێز و هەندێك بە نەفرەتکردنەوە بەڕێ کرد. زۆر کەم دەخەوتم، بیرم دەکردەوە و لەگەڵ خۆم لێپرسینەوەم دەکرد.

www.arsivakurdi.org

---

٥ لەلاپەڕەی ٤١ی کتێبی (شیکردنەوە، ڕێنمایی و ڕوانگەکانی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢)ی ڕابەری مەزن کە لە ئەڵمانیا بەردەستم کەوت سەبارەت بە ڕۆزا ئەو دێڕە نووسراوانەم بینی: (بێگومان سیخوڕییە، سیخوڕییەکی دیارو ئاشکرا! یەکێکی تریش هەبوو، ڕۆزابوو؟ ناسیتان وانییە؟ ئەسمەرە دیاربەکرییەکە... چۆن فشاری دەکرد؟ دەردی ئەو چی بوو؟ لەڕاستیدا نە من دەناسێت و نە دەزانێت، تۆڵەی دەسەندەوە! لێرەدا دەڕوات و لەو ماڵەی دەمێنێتەوە شەو تا بەیانی لەگەڵ کوڕێکی گەنج دەدوێت، پەیوەندی سۆزداری پەرەی پێدەدات، ڕۆژی دواتر دەڵێت چۆن فشاری بخەینەسەر؟ چۆن لێی بدەین؟.

www.arsivakurdi.org

# ٢١ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**"خوداکان،**
**بە بەندکردنی ئێمە لەنێو چوار دیواری نەزانیندا،**
**بەترس خستنە ناخمانەوە ئێمەیان کرد بە بەندە[1]**

حەمڕا بە عەرەبی واتا سوور، من لەگەڕەکی حەمڕای بەیروتەوە بەرەو دەریا بەپێ دەڕۆم، دەمەوێت لەلێواری دەریا شوێنێکی تەنیای چۆڵ بدۆزمەوە کە کەس نەمبینێت، خۆم بدەمە بەر خۆرو سەیری دەریاکە بکەم، زۆر نەگەڕام تا شوێنەکەم دۆزییەوە، لە شوێنی بەریەکگەیشتنی دەریاو گاشەبەردەکان لەسەر بەردێك دادەنیشم و دەست دەکەم بە بیرکردنەوە، ئەو دونیایەی ڕابەری مەزنمان خوڵقاندوویەتی لەسەر دەریاکە دێتە بەر چاوم، لەو دونیا بە بیرکردنەوە و بیرۆکە داهێنان قەدەغەیە، خوێندنەوەی هەر پەرتووکێك جگە لە پەرتووکەکانی ئەو و هەر ڕۆژنامەیەك جگە لەو ڕۆژنامانەی کە ئەو دەری دەکات ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو پرسیارکردن تاوانە، گوێگرتن لە رادیۆ جگە لە هەواڵەکانی ئێزگەی دەنگی بی بی سی، سەیرکردنی تەلەفزیۆن، دەرچوون لە ڕێچکە، گاڵتەو گەپ کردن، پێکەنین، گریان، کاریگەربوون، گفتوگۆکردن پێویست بە دادگاییکردن دەکات، خوێندنەوەی رۆمان، گرنگیدان بە شانۆگەری، گوێگرتن لە مۆزارت دووقات بەدڕەوشتییە.

بەو دۆخە مەترسیدارەدا ئێمە لەنێو چوار دیواری نەزانین بەند دەکات و دواتر

---

١ لەداستانی گلگامێشەوە

www.arsivakurdi.org

تـرس دەخاتـە ناخمانـەوە، ڕابەری مەزن هەوڵـدەدات بڕوامان پـێ بهێنێت بە جیهانێکی لـەم جـۆرە، ئێمـەی بەنـدەکان لەبەر ئـەوەی ناگەیـن بە ڕێچکـەی بەرزی ئـەو، بەرێکی پەیڕەومـان نەدەکـرد و بـە هەدەرمـان دەدا بـە کارلێکـراوی سـیخوڕبووین، ئـەوە یەکەمیـن ئەڵقـەی پێکدەهێنـا. هەمـوو ڕێکخـراوە چەپـە کـوردو تورکـەکان بەکاڕایـی و کارلێکـراوی سـیخوڕن، ئـەوەش دووەم ئەڵقـە پێکدەهێنێـت. لـە ئەڵقـەی سـێیەمین گیانـەوەرە ترسـناکەکان، ئەژدیهـاکان، ڤامپایـەرەکان، سـەگە ئاوییـەکان، قەلەڕەشـەکان، گـورك و ڕێوییـەکان هـەن. ئـەوان تورکیـا، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا، سـوید، ئەڵمانیا، روسـیاو وڵاتانی ترن، لە ناوەڕاسـتی هەموو ئەو خوێنمژ، ترسـێنەر، مەترسـیدارو سـیخوڕ و جانەوارنـەدا، ڕابـەری مـەزن ڕزگارکەرێکـە ئەگـەر ملـی بـۆ کـەچ بکەیـن، هـەروەك خۆمـان بـە پەتـی خودا هەڵدەواسـی بەوەوە هەڵبواسـین، ئـەوەی دەیڵێت بە تـەواوی جێبەجـێ بکەیـن، ئێمـە لەوانـە ڕزگار دەکات و دەمانپارێزێـت، ئەگـەر ملکـەچ نەکەیـن ئـەوا غەزەبمـان بەسـەردا دەبارێنێـت: یەکـمان کیسـەیەکی دەخاتـە سـەرو دەیخنکێنێـت، یەکـمان دەکاتە ئامانجی گوللەی خۆشەویسـترین هاوڕێـمان، یەکێکمان لـە بەرزایـی و لەسـەر گاشـە بەردەکان فـڕێ دەداتـە خـوارەوەو پارچە پارچـەی دەکات، یەکـمان وەك پارێـزەر مەحمـوود بیلگیلـی لەکاتـی ناخـواردن دەخنکێنێـت و بـە تـەور جەسـتەمان پارچـە دەکات و دەیخاتـە زێرابـەوە، یەکێکـمان دوای کوژرانمـان ئاگرمـان تـێ بـەردەدات، ئەوانـەش کـە ناکەونـە بـەر دەسـتی، وەك سـیخوڕ، خوێنمژ، جانـەوەر، دوژمنـی گـەل و پەکەکـە رادەگەیەنێـت، ئـەو ترسـە دوولایەنییـەی خسـتە ناخمانـەوەو بـەوەوە بـە بەنـدەی دەکردیـن و پابەنـدی دەکردیـن، کۆمـاری تورکیـاش هـەر لـە ٧٠ سـاڵ لەمەوبـەرەوە بـەو لۆژیکـە ئێمەی کردبـوو بە کۆیلە، بەپێـی ئایدیۆلۆژیـای فەرمی تورکیـا، یۆنانییـەکان، بولگارییەکان، ڕۆمەکان، ئەرمەنییەکان و رووسـەکان (حەوت وڵاتی جیهـان) دوژمنـی تاهەتایـی تورکـەکان بوون، لۆژیکی (تـورك جگە لە تورك دۆسـتی تری نییـە، هەمووانـی کردبـووە دوژمن).

لەناوخـۆ (دابەشـکار، کۆمۆنیـزم، خیانەتـکاری نیشـتمان، کاردانـەوە) هەبـوو و لـەو

www.arsivakurdi.org

کەشـە ترسـناکە هەمـوو بەداخسـتنی چاوەکانیـان و گوێچەکانیـان، بیرنەکردنـەوە لـە هیـچ شـتێك دەبـوو هانـا ببەنـە بـەر بیروبـاوەڕی بـەرزی کەمالیزم.

نەفرەت لـەو جـۆرە دونیایانـە دەکـەم، سـەرم بـەرز دەکەمـەوەو سـەیری ئاسـمان دەکـەم و بیـر دەکەمـەوە، لـە دواییـن مانگەکانی سـاڵی ١٩٩١ لە ئەکادیمیای مەعسـوم کۆرکـماز ئـەو کارانـەی سـەبارەت بـە دامەزراندنـی (پارتیـی گەلـی شۆڕشـگێڕی تورکیـا) ئەنجامـدران، بیـرم دێتـەوە، ڕابـەری مـەزن لـە کۆبوونەوەیەکـدا گوتـی: (خەباتـی شۆڕشـگێڕی لـە تورکیـا چـی کـردی بـەرەو پێـش نەچـوو، پێویسـتە پارتییێکـی نـوێ دابمەزرێـت. لـە ڕیزەکانـی ئێمـەدا ژمارەیەکـی زۆر تـورك هەیـە، پاڵپشـتی پێویسـتیان دەکەیـن و پارتییێـك دادەمەزرێنیـن. پرۆگرامێك بۆ پارتی پێویسـتە، بـەدەر لەوە دەکرێت کـە چەنـد تابلـۆ و بڵاوکراوەیـەك ئامـادە بکرێـت و بابەتەکانی برۆشـورەکان کێشـەکانی خەباتـی چەکـداری لـە تورکیـا، ڕەخنـەی چـەپ لـە تورکیـا، مێـژووی تـورك و کەمالیـزم، ڕەنگـە کێشـەی کەسـایەتیی لـە تورکیـا هەبێـت)، دواتر یەکسـەر کۆمیسـیۆنێکی شـەش کەسـی بۆ نووسـین و گفتوگۆکردن لەسـەر ئەو بابەتانە دامەزراند، لەو کۆمیسـیۆنە من، مـەرال کـرد، زەکـی لاز، موئمن ئاکچاکایا، حەسـەن شـەریك و بیلگە (حوسـێن تۆپگودەر) هەبـوو و ڕابـەری مـەزن دوای ئـەوەی بۆچوونـی خـۆی پـێ ڕاگەیاندیـن سـەبارەت بـەو بابەتانـەی کـە گفتوگـۆی لەسـەر دەکەیـن زەکـی لازی هەڵسـاندەوە سـەر پـێ و گوتـی: (تـۆ دەکرێـت ببیـت بـە مسـتەفا کەمالێـك). لـەو کاتـەدا زەکـی لاز سـوور هەڵگـەڕا و زۆربـەی هاوڕێیـان پێـی پێکەنین.

کـە ئێمـە ڕێنماییەکانمـان وەرگرت، لـەلای چەپی ئەو باڵەخانەیەی وەك نەخۆشـخانە بەکاردەهێـنرا، چادرێکـمان هەڵـدا و ناومـان نـا (چـادری تورکیـا) و دەسـتمان کـرد بـە ڕاپەڕاندنـی کارەکەمـان و لـەو چـادرەدا، کاتێـك بەردەوامیـمان دەدا بـە ئامادەکردنـی ڕەشنووسـی پرۆگرامەکـە داوای پێشـنیازو بیـرو بۆچوونمـان لـە دوران کالکانی بـە ڕەگەز تـورك کـە لـە زیندانـی دۆسـلدۆرفی ئەڵمانیـا دەسـتگیر کرابـوو و ئەدیب (موحـەرەم)ی بەڕەگـەز تـورك کـە لـە هەرێمی دیاربەکـر وەك ڕێکخـەر کاری دەکـردو یاریدەدەرەکەی

www.arsivakurdi.org



ئەلیف کرد. دوای ماوەیەك پێشنیازو بۆچوونەکانی دوران کاڵکان گەیشتن و لەگەڵ ئەو پرۆگرامەی ئامادەمان کردبوو ئەوەی مایەوە سوودمان لە هەندێك پێشنیازی ئەو وەرگرت، ئەدیب و ئەلیف هەڵوێستێکی جێگای سەرنجیان نواندو لە تێبینییەك کە بۆ ئێمەیان ناردبوو نووسیوبوویان: (تورکیا کەشی تایبەت بەخۆی هەیەو بەلاساییکردنەوەی پەکەکە ئاوا شۆڕش بەرەو پێش نابردرێت). ئەگەر پێویست بە دامەزراندنی پارتییەك بکات، ئەوا دەبێت ئەو پارتیە لەلایەن ئەو شۆڕشگێڕانەی تورکیا دابمەزرێت، کە چەندین ساڵ لەمەوبەر هاتنە ڕیزەکانی کوردستانی نەتەوەیی و ئەرکی نێودەوڵەتییان راپەڕاند، پارتیەکە نابێت بەشێکی پارتییێك بێت و دەبێت پارتییێکی سەربەخۆ بێت و نابێت ڕێنمایی لەهیچ کەسێك وەربگرێت).

کاتێك ڕابەری مەزن ئەو نامەیەی خوێندنەوە گوتی کە حاڵەتێکی زۆر خراپ لە گۆڕێدایەو بەخێرایی ئەدیب و ئەلیفی بانگ کردە ئەکادیمیاو دەستی پێکرد کە پڕوپاگەندەی نەرێنییان لەدژ بڵاو بکاتەوەو بەپێی ئەوەی بۆ ئێمە باسکرا، هەردووکیان وەك ژن و مێرد دەژیان و لەناوچەکە لەگەڵ دوژمن چالاکییان ئەنجام داوەو ژمارەیەکی زۆر گەریلایان گوللەباران کردووە، ئەوە لە حاڵێکدا هەر هەمان ئەدیب و ئەلیف بەر لەچوار مانگ بە نامەیەك کە بۆ کۆنفرانسی زیندانیان ناردبوو بە لەیەك چواندنی ئێمەی لە زیندان ئازادبووان لەگەڵ فەرماندەی گەریلاکانی ئۆرۆگوای کە لە زیندان ئازادبوو بوون، نووسەری گۆشە وتار و گرنگیدان بە چالاکی یاسایی و لەناوبردنی خەباتی چەکداری تۆمەتبار کردبوو، ڕابەری مەزن کە ئەو نامەیەی بەپێزەوە بۆ ئێمە دەخوێندەوە ئەدیب و ئەلیف وەك شۆڕشگێڕی نموونەیی ناساندبوو، شۆڕشگێڕە نموونەییەکانی چوار مانگ لەمەوبەر پابەندی ڕێنمایی(بەخێرایی وەرن بۆ ئەکادیمیا) نەبوون و لەناوچەی ماردینەوە چوونە ئیستانبوڵ و دەستیان کرد بە چالاکی دامەزراندنی پارتی، بێگومان یەکسەر بە (سیخوڕ) راگەیەندران و کە ئەو دۆخەم بینی وەك بڵێیت داهاتوو دەبینم دوای کۆتایی پێهێنانی کاروبارەکانی کۆمیسیۆن لە چادری تورکیا لەنێو ئاخاوتندا ئەوانەم

www.arsivakurdi.org

گـوت: (زەكـی تـۆ بەوتەی سـەرۆكمان مسـتەفا كەمالیـت، موئمن هەر خۆی بە عسـمت ئینئۆنـو دەچێـت، حەسـەن كازم كارابەكـرو مێرالیش بابێت بە خالیدە ئەدیـب و ئادڤار، ئەدیـب و ئەلیفیـش دێنـە جێـگای مسـتەفا سبحی و خێزانەكـەی، كاتێك چوونـە توركیا یەكـەم كارتـان ئەدیـب و ئەلیـف بخنكێنـن و دواتـر ئەدهەمێكـی چەركـەز بخولّقێنن).

هەمـوو بەدەنگـی بـەرز قاقـای پێكەنینیان بوو، موئمن خۆشـحاڵ بوو كە لە عسـمت ئینئۆنـو چوێنرابـوو، مێرالیـش دەیەویسـت ڕۆڵـی خالیـدە ئەدیـب ئادڤـار وەرنەگرێـت، كاركردنمـان لەسـەر دامەزراندنـی پارتیـی توركیـا لە كۆتایـی شـوباتی ١٩٩٢ كۆتایی پێهێنا، مێـراڵ لەگـەڵ گرووپێـك بەڕێنمایـی ڕابـەری مـەزن نێردرایـە توركیـا، زەكـی لاز لەشـوێنی كاركردنـی توركیـا وەك گەریـلا نێنردرایـە بۆتـان، دواتـر لە بۆتـان بەڕێنمایی ڕابـەری مەزن دەسـتگیر كراو سـزای سـێدارەی بـۆ دەركـرا، وا دیارە كە ڕابـەری مەزن مسـتەفا كەمالێتی بەكـەس نەدەبەخشـی و ڕۆڵـی ئەدهەمـی دابـوو بـە زەكـی لاز، ئاقیبەتـی ئەدیـب و ئەلیـف زۆر دواتـر لـە ئەورووپـا دەزانـم، ئـەو ئەدیبـەی كە هێشـتا پەكەكە لـە هەنگاوی گرووپێـك بـوو لـەدوای ١٩٧٤ وەك ئازەرییەكـی قـارس هاتـە ڕیزەكانییـەوە، بـەر لـە ١٢ی ئەیلـوول بەرپرسـیارێتی ناوچـەی قەرسـی پەكەكـەی كردبـوو، دوای كودەتـای ١٢ی ئەیلـوول هاتـە گۆڕەپانـی لوبنـان و لێـرەدا ماوەیەكی زۆر مەشـقی بینیوە. لەسـاڵی ١٩٨٤ وەك بریـكاری ڕابـەری مـەزن و ڕێكخـەری ئەورووپـا چووبـووە ئەورووپـا، لێـرەدا لەدژی گرووپـە كوردییەكانـی تـر و ئەوانـەی لەنـاو پارتی دژایەتـی ڕابەری مەزن دەكـەن تیرۆری ئەنجـام داوە، ژمارەیەكـی زۆر نیشـتمانپەروەرو شۆڕشـگێڕی بەڕێنمایـی ڕابـەری مـەزن كوشـتووە، ببـوو بـە تەلارسـازی تێگەیشـتنی قاڵبانـەی ڕابـەری مـەزن لـە ئەورووپـا، ئـەو ئەدیبـەی سـەرەڕای هەمـوو ئەوانـە دەسـتگیر كرابـوو، یەكەمجـار سـزای سـێدارەی بـۆ دەكـرا، دواتـر نێردرایـە یۆنـان و لەوێـوە وەك ڕێكخـەری هەرێمـی ماردیـن دامەزرێـنرا، بـەڵام ئەدیـب كاتێـك بـاس و خواسـی دامەزراندنـی پارتیـی توركیـا هاتـە كایـەوە لەگەڵ كچی گۆشتفرۆشـێكی ئێسـكی شـەهیر (ئەلیف) بـۆ كاروباری دامەزراندنـی پارتیی توركیا چوونـە ئیسـتانبوڵ، ڕابـەری مـەزن كـە لـەوە هەڵچوو بـوو ڕێوشـوێنە كەمالیسـتییەكانی

www.arsivakurdi.org

خستە کار، ئیدی ئەدیب و ئەلیف لەهەر کوێ بن دەبێت لەناو ببردرێن. بەندەکانی کاتێك ڕێنمایی ڕابەری مەزنیان پێگەیشت لە ئیستانبوڵ گەڕان و شوێن پێیان دۆزینەوەو حاڵەتەکەیان بە ڕابەری مەزن گەیاند، لەسەر بنەمای ئەو ڕێنماییە (تۆپاڵ عوسمان)[٢] کەسێکی تریشی لەگەڵ خۆی بردو دوای ئامادەکاری کردن لە ئیستانبوڵ لەماڵی ماردینییەك کەمینی داناوە. لە تاریکی شەو ئەدیب و ئەلیف دێنە ئەو ماڵە کە کەمینەکەی لێ دانراوەتەوەو دەرگا دادەخەن، ئەوانەی لە ماڵەکە خۆیان حەشار دابوو تورەگەیەك دەخەنە سەری ئەدیب و دەیخنکێنن! بەم جۆرە مستەفا سوبحی کە بەر لە ٧٠ ساڵ بۆ دامەزراندنی پارتی چووبووە ئیستانبوڵ، بەفەرمانی مستەفا کەمال کاتێك لە دەریای رەش خنکێنرا، ئەدیبیش کاتێك بە هەمان ئامانج چوو بۆ ئیستانبوڵ، بەفەرمانی ڕابەری مەزن تورەگەیەکی خرا سەرو خنکێنرا. کە نۆرەی لەناوبردنی لاشەکەی هات، ئەوانەی ئەدیبیان خنکاند ئەو لاشەیەی تورەکەی خرابووە سەر دەبەنە زبڵخانەیەك بەنزینی بەسەردا دەکەن و دەیسوتێنن.

ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە دامەزراندنی پارتی و کارەکانی ئەدیب لەبەر ئەوەی بۆ ڕابەری مەزن پێویست بوون، ئەلیف بردرا بۆ شام، دوای وەرگرتنی زانیارییەکان ئەلیف (لێی بوردرا) لەژێر چاودێری نێردرا بۆ چالاکییەکانی پارتیی تورکیا. وای دەبینم کە دواتر لەشوێنێکی نەزانراو و بەشێوازێکی نەزانراو لەناوبردرابێت، چونکە ئەو لەناوبردنە بەشێوەی (پۆلیس ئەلیفی رفاند لەناو بەندەکان ڕەنگیدایەوەو بەو جۆرە بابەتی ئەلیف داخرا). لەدوای ئەو ئەلیفەی بیست ساڵە لە خەباتی شۆڕش شوێنی گرتووە، نە یەك دێڕ نووسین، نە ڕوونکردنەوەیەك درا. ئەو هاوڕێیەشمان لەوانەبوو کە لەدروستکردنی فرانکشتاین رۆڵی گێڕاوە. ئەو فرانکشتاینە بەقەد فراوانی و بێکۆتایی ئاسمان و قوڵی دەریا ڕابەری مەزن لە خەیاڵمدا رووخاوەو بە بەرماوەی ئەو دونیا کاولبووەوەیە، لە کۆڵانەکانی بەیروت نقوم بووم.

---

٢ توپاڵ عوسمان: بەپێی ڕێنمایی مستەفا کەمال لەسینۆپ مستەفا سبحی و پازدە هاوڕێی تری خستە ناو پاپۆڕێك و لە دەریای رەش خنکاندنیانی، پیاوی مستەفا کەماله.

www.arsivakurdi.org

# ٢٢ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**(شوێنێك ئاگری لێ نەبێت دووکەڵی لێ هەڵناسێت)**
**من تەنیا دووکەڵەکە نا، بەڵکو ئاگرەکەش نیشانی ئێوە دەدەم.**

نزیکەی نیوەڕۆبوو بەخەبەر هاتم، دوای خۆشۆردن نانی بەیانی دەخۆم، کاتێك مرۆڤ کارێکی نەبێت کە خۆی پێوە خەریك بکات کات ناڕوات، خولەکەکان، کاتژمێرەکان، ڕۆژەکان، شەوەکان، هەفتەکان درێژ دەبنەوەو درێژ دەبنەوەو کیشەی پەساپۆرت و ڤیزام چۆن چارەسەر دەکەم؟ خاچی سوور دەڵێت: (ئەگەر ولاتێك ڤیزات پێبدات پەساپۆرت کێشە نییە، ئێمە چارەی دەکەین)، بەڵام بەو ڕاددەی من دەیزانم ڤیزا وەرگرتن کێشە نییە، ئەو بابەتە مێشکم ئاڵۆز دەکات و دەڵێم بچم لەگەڵ حوسێن قسە بکەم، لە لوبنان تەلەفۆن هەر خۆی لەخۆیدا کێشەیە، لەکاتێکدا لەدونیای ئەوڕۆدا سیستەمی تەلەفۆن وەك سیستەمی دەماری وڵاتێکە. لە لوبنان شەڕ هەروەك چۆن هەموو شتێکی کاولکردووە، سیستەمی گەیاندنیشی کاول کردووە، لەبەر ئەوەی سیستەمی هەستەوەری لوبنان تێکچووە بە ئاسانی گوێبیست نابێت و دەنگ ناگەیەنێت. دوای نیوەڕۆ لە ژوورەکەم دەردەچم و دەچمە هۆڵەکەی خوارەوە، لە کارمەندی پێشوازی دەپرسم ئایا دەتوانم پەیوەندی بکەم یاخود نا، دەڵێت: (خولەکی ٤ دۆلار) ئەوە واتا ٧ هەزار بە پارەی لوبنانی، بە پارەی تورکیا ٤٠ هەزار لیرە، لایەنە خراپەکەی ئەوەیە ئەگەر حوسێن لەماڵ نەبێت کاسێتەکەی قسە دەکات و دەبێت پارەی ئەویش بدەم، دواتر دەڵێم "یاللە" و دوگمەکانی

www.arsivakurdi.org

تەلەفۆنەکە دادەگرم، کاتێک لەلایەکەی ترەوە تەلەفۆنەکە وەڵامدرایەوە دڵخۆش دەبم. دوای سڵاو لە یەکترکردن، کە گوتی:(خەمت نەبێت، خاچی سوور دۆخەکەی بۆ ڕێکخراوی ئافی نێودەوڵەتی، یەکێتی ڕۆژنامەگەران، پێن نووسیوە، ئەو چوار دەزگایە هەوڵدەدەن کە ئەڵمانیاو بەلجیکا ڤیزات پێبدەن، پێویست ناکا زۆر خەم بخۆیت، لە کورتترین ماوەدا دێیت). دەڵێم کەمێک پەلە بکەن ناتوانم زۆر لێرە بمێنمەوە، سڵاو و ڕێز چاوەکانت ماچ دەکەم و پەیوەندییەکە دادەخەم. دەمەو ئێوارە دووبارە بڕیار دەدەم کە بچمە کەناری دەریا، دوای ئەوەی ماوەیەکی درێژ سەیری شەپۆلەکان دەکەم، مەلە دەکەم. کاتێک جلوبەرگەکانم لەبەرکرد بگەڕێمەوە هوتێل، بینیم سەدان کەس بەرەو خەرەندێکی لەولاتر رادەکەن، لەبەر ئەوەی ئارەزووم دەکرد بزانم چی بووە، منیش دەستم بە راکردن کرد بەرەو ئەو ئاڕاستەیە، زانیم کە کەسێك لە خەرەندەکەوە کەوتۆتە دەریاوەو پیاوەکەم نەبینی، بەڵام لەوە گەیشتم کە بەلەمەکان ئەویان لە خنکان ڕزگارکردووەو بە ئۆتۆمبێلی ئامبولانس بردوویانە بۆ نەخۆشخانە.

خۆر بەرەو ئاوابوون بوو و لە نێو ئاپۆڕاکەدا بیرم لە گەڕانەوە بۆ هوتێل دەکردەوە، لە پڕێك وڵاتپەروەرێکی باتمانی کەوتە بەردەمم، پیاوەکە دەستی بۆم هێناو گوتی: (بەخێربێی). دەستم گوشی و گوتم زۆر سوپاس حاجی، کاتێك لە هوتێلەکەی بار الیاس لەژێر چاودێری بووم. حاجی لە بەشێکی تری هوتێلەکە لەگەڵ چەند بازرگانێك دەمایەوە، تۆڕەکە حاجی لە بەیروت لە دوکانێك جێگیرکردبوو، لێرەوە جۆرەها کەلوپەلی کارەبایی بۆ شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەنارد، لەبەر ئەوەی حاجی کەسێکی ڕاست و دروست و وڵاتپەروەرە حاڵەتەکەی لێ ناشارمەوە، کە گوتم (هەڵاتم حاجی) ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا! مامۆستا گوتی: (پێم ناخۆشە ئەو وشەیە بۆ خۆت بەکاربهێنیت)، بەگوێرەی بۆچوونی ئەو هەڵاتن بێناموسی بوو، بەگوێرەی منیش هەڵنەهاتن! حاجی

www.arsivakurdi.org

هەروەك چۆن ئەوەی من دیومەو دەیزانم نازانێت.

وایدەزانی هەموو گوڵ و گوڵزارە، سەرەڕای ئەوە بە حاجیم گوت بەڵێ منیش ناڕەحەتم، بەڵام ئەو وشەیە ڕاستییەك دەردەبڕێت.

(باشە بۆچی؟)

لەگەڵ هاوڕێکان تێك ناگەین.

دەڵێت: (ئەوکات بڕۆ لای سەرۆك) دواتر سەیری پانتۆڵە قەدیفە زستانییەکە، پووتە زستانییەکەو کراسە ڕەنگ ڕۆیشتووەکەی بەرم دەکات:

(پارەت نییە؟)

نەخێر نیمە.

(ئەی هاوار سەلیم چوروککایا بکەوێتە ئەو حاڵە!)

منیان خستە ئەم حاڵەوە حاجی.

کاتێك گوتی: (باشە چییان لێت دەوێت؟) وام بیرکردەوە کە باسکردنی هەموو شتێك بۆ حاجی هیچ سوودێکی نییە: گوتم: (دەیانەوێت پەرتووکێك بنووسم کە مێژووی زیندانی دیاربەکر پێچەوانە دەکاتەوە یاخود دەمکوژن).

(کێ ئەوەی دەوێت؟)

کاتێك گوتم وەك بۆچوونی پارتی بەسەر مندا دەسەپێنرێت حاجی ئەو دووبارە دەڵێت (تۆ بچۆ لای سەرۆك، و پێداگیری دەکات، خۆ پیاوەکە نازانێت کە گوتت پارتی واتا سەرۆك! کاتێك گوتم سەرۆکیش دەڵێت بینووسە، گوتی: (ئەگەر سەرۆك دەڵێت بینووسە دەبێت بینووسی!).

من شتێك کە باوەڕم پێی نەبێت، بەڕاستی نەزانم ناتوانم بینووسم، واژۆ لەژێر درۆ ناکەم، بۆیە دەیانەوێت من بکوژن و هەڵاتم. کاتێك گوێی لەو قسانەبوو کەمێك بیری کردەوەو گوتی: (تۆ تاوانێکت ئەنجامداوە دیارە، بۆیە دەیانەوێت کە بتکوژن، ئەگەرنا بۆچی بیانەوێت کە تۆ بکوژن؟) و نیشانیدا کە هیچ لەوانەی گوتم نەگەیشتووە.

www.arsivakurdi.org

بەڵام ئەنجامدەرانی تاوانەکە ناکوژن و ئەوانەی شایەتی (تاوانەکان) یشن لەناودەبردرێن، دەڵێم من لەوانەم کە شایەتی ئەو تاوانەبووم کە ئەنجامدراوە، شایەنی ئەو ڕاستییە سەراوژێر کراو و مێژووەم، بۆیە دەیانەوێت من لەناوببەن، کە دووبارە حاجی هیچ لە وتەکانم نەگەیشت دەمەوێت ماڵئاوایی بکەم و لێی جیاببمەوە، حاجی ناڕەزایی دەردەبڕێت و دەڵێت: (وەرە با نانێك بخۆین و لەو بەیروتە بێ پارە تۆ بە تەنیا جێناهێڵم). لەگەڵ حاجی خەریکی خۆپچڕاندنەوەم، دوو بازرگانی تریش دێن، ئەوانیش من دەناسن، هەموو بەیەکەوە دەپاڕێنەوە و دەڵێن: (لە هوتێلەکەی ئێمە بمێنەوە)، دەڵێم: (نا زۆر سوپاس) هەر لە کاتژمێر هەشتی ئێوارە تا یەکی شەو شەقام بە شەقام دەگەڕێین، وازم لێ ناهێنن، لە ئەنجامدا رازییان دەکەم، ماڵئاوایی دەکەم و لە گۆشەیەك دەسوڕێمەوە، دەچمە کۆڵانێکی تاریك و بە راکردن دەڕۆم تا دار هەنجیرێك دەدۆزمەوە سەردەکەوم و لەناو گەڵاکاندا خۆم حەشار دەدەم، دوای ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانیکردن لە دارەکە دادەبەزم و دەگەڕێمەوە هوتێلەکەم.

کاتێك لە هوتێل لەسەر پێخەفەکەم راکشابووم، بیرم دەکردەوە، چیرۆکێکم هاتەوە خەیاڵ کە لەزیندانی دیاربەکر نایف کورت بۆمی گێڕابووەوە: (چوار هاوڕێ دەچنە ناوچەیەك کە خەڵکەکەی زۆر پابەندی ئایینەکەیان بوون، لەنێوان خۆیان رێك دەکەون و یەکێکیان بە (شێخ) دەستنیشان دەکەن و کە دەچنە گوندەکە بە خەڵکەکەی دەڵێن کە ئەم پیاوە خاوەن کەرامەتەو مرۆڤێکی زۆر مەزن و بەرزە، بەچەند فێڵێك و تەڵەکەیەك بڕوا بە خەڵکەکە دەهێنن کە (شێخ) خاوەن کەرامەتە، گوندییەکان بە تەواوی متمانە بە (شێخ) دەکەن و بەرزی دەکەنەوە رادەی پەرستن و ئیدی هەموو وتەیەکی شێخ ببوو بە یاساو شێخ وەك یەکەم کار دەیەوێت لە هاورێکانی ڕزگاری بێت، بە گوندییەکان دەڵێت کە هاورێکانی موونافق و کافرن، گوندییەکان بڕوا بە شێخ دەکەن و بەدارەوە هێرش دەکەنە سەر پیاوەکان، دۆستە کۆنەکانی

www.arsivakurdi.org



(شێخ) بە گوندییەکان دەڵێن (بوەستن لێمان مەدەن، ئەوەی ئێوە وەك شێخ دەیناسن شێخ و شت نییەو ئێمە بەر لەوەی بێینە ئێرە کەسانی بێ کارو کاسبی بووین و بەرێککەوتن لەناو خۆمان و کردنی ئەو بە شێخ لەبەردەم ئێوە هەڵمانخەڵەتاندن. ئێستا هەوڵدەدات ئێمە بەکوشتن بدات و بەڵگەی ساختەکارییەکانی خۆی لەناو ببات)، بەڵام گوندییەکان دەڵێن ئێوە بوختان بۆ شێخمان هەڵدەبەستن و هەرسێکیان دەکوژن).

کاتێك بیر لەو حاجییەی خۆمان دەکەمەوە، ئەو گوندییانە دێنە خەیاڵم کە هاورێکانی(شێخیان) کوشت و خۆم بەخۆم پێدەکەنم.

بەیانی ئەوانەی بار الیاس دەزانن کە لە بەیروتم، دۆخەکەم بە تەلەفۆن دەگەیەنرێتە ڕابەری مەزن، دواتر دەگوترێت (مومکین نییە کە بەزیندوویتی دەستگیری بکەین و بیهێنین، بەدوایدا بگەڕێن و قسەی لەگەڵ بکەن بڵێن هیچ لە تۆ ناکرێت، ئەوە ڕێنمایی ڕابەرایەتییە)، دەبردرێت بۆ شوێنێکی گونجاو و بێ ئەوەی هیچ کەسێك هەست بکات، هیچ شوێنەوارێك لەدواوە جێ بهێڵدرێت چارەسەر دەکرێت.

ڕێنمایی دەدرێت (ئەوەی شوێنەوار لەدوای خۆی جێ بهێڵێت لێی دەپرسمەوە) و دواتر تیمێك کە من دەناسن دەنێردرێن بۆ بەیروت، زۆر باش دەزانم کە ئاوا دەکەن، چونکە ژمارەی ئەوانەی بەهەمان ڕێنمایی و شێواز لەدەست دراون ئەوەندە زۆرن تەنانەت منیش نازانم، لە هوتێل بیر لەو بابەتە دەکەمەوەو لەپێشترەوە خۆم ئامادە دەکەم، یەکەم خاڵ: ئەگەر بەناچاری نەبێت لە هوتێل دەرناچم، دووەم: ڕۆژی چوارشەممە دەچمە خاچی سوور و دەست بە مانگرتنی تامردن دەکەم، ئەگەر هۆکاری هەڵاتنەکەم بە مانگرتنی تامردن بۆ ڕای گشتی هەموو جیهان روون بکەمەوە، وابیر دەکەمەوە کە بوێری کوشتنم نەکات، ئەگەر هەڵاتنەکەم وا بەنهێنی بمێنێتەوە ئاوا بە ئاسانی من بەشێوەیەکی نهێنی دەکوژێت و هەموو شتێك پەردەپۆشت دەکات، دواتر

www.arsivakurdi.org

نووسراوێکی یەك لاپەڕەیی بۆ ئاژانسەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان دەنووسم.

ئەگەر ڕاگەیاندنی تورك بزانێت بۆ پرۆتستۆکردنی ڕابەری مەزن کە دەیەوێت بمکوژێت لەبیرۆی خاچی سووری لوبنان مانم گرتووە، دەیەها ڕۆژنامەوان و ڕاگەیاندنکار دەنێرێت، هەرچەندە میدیای تورکیا دۆخەکە بەلایەنی خۆیدا ببات، بەڵام دۆخەکەم گەیاندووە بە چین و توێژێکی فراوان.

ڕۆژی چوارشەممە بە ڕوونکردنەوەکەی دەستمەوە دەچمە بیرۆی خاچی سوورو بە ماری رۆز دەڵێم ئەوانەی بەدوامەوەن زانییان کە لە بەیروتم، دەزانم کە بەدوامدا دەگەڕێن و لە هوتێلەکان لێکۆڵینەوە دەکەن، بۆ پرۆتستۆکردنی ئەو دۆخە لەو خولەکەوە دەست بە مانگرتن دەکەم تا مردن و لە بیرۆکەتان ناچمە دەرەوە، ئەو ڕوونکردنەوەی دەستیشم دەمەوێت فاکس بکەم بۆ هەندێك ئاژانسی هەواڵ و ڕۆژنامە، رۆز دوای ئەوەی بە حەپەساوییەوە گوێی لێم گرت چووە ژوورەکەی تا لەگەڵ پاسکال قسە بکات، بینیم کە لەبیرم چووە بەروار لەژێر ئەو ڕوونکردنەوەی نووسیومە بنووسم و سەیری ڕۆژژمێرم کرد، ١٤ی تەمموزە، رێککەوتێکی زۆر سەیرە، چونکە لە بەرواری ١٤ی تەمموزی ١٩٨٢ لەزیندانی دیاربەکر کە منیش لێی دەستبەسەرکرابووم مانگرتنێکی بەرفراوان لەدژی زوڵم و زۆرداری دەستی پێکردبوو، چوار هاوڕێم شەهیدببوون، منیش لەدوای یازدە ساڵ، لە هەمان ڕۆژو هەروەك ئەوەی داگیرکەر ئەنجامی دەدا بە کوشتنی ئەو رۆڵە دووربینانەی گەلی کورد، دەیانەوێت کە بەربەست بخەنە بەردەم سەربەخۆییمان، شێوەی ژیانی زهنییەتی داگیرکەرێکی تر، جۆری بەڕێوەبردنی بەسەر گەلەکەماندا دەسەپێنێت و ڕابەری مەزنمان کە بۆ ئەم مەبەستە پارتیەکەی لەناوبردووەو خۆی خستووەتە شوێنی، بە ئامانجی پرۆتستۆکردنی، دەست دەکەم بە مانگرتن تا مردن.

کاتێك من لەنێو ئەو بیرکردنەوانەبووم، کارمەندی کۆمیتە فەیسەڵ هاتە لام و گوتی کە کۆمیتە کۆبوونەوەی کردووەو بڕیارێکی دەرکردووەو دەیەوێت

www.arsivakurdi.org

ئـەو بڕیـارەم پـێ رابگەیەنێـت: (ئێـرە دامەزراوەیەکـی مرۆڤانەیـە، ناچێتـە نێـو کاروبـاری سیاسـییەوە، بـەدەر لـەوە لێـرە شـوێنێك نییـە کـە لێـی بمێنیتـەوە، ئێمـە لەگـەڵ ئەوەنیـن کـە مان بگریـت، ڕەنگـە کاری ڤیزاکە درێـژە بکێشـێت، ئەگەر واز لـە مانگرتننەکـە بهێنیـت، دەتبەیـن بـۆ هوتێـل ئەشرەفییـە کـە دەکەوێـت ناوچـە کریسـتیان نشـینەکان و لـەوێ نیشـتەجێت دەکەیـن، ئەگـەر نەچیتـە دەرەوەو نەگەڕێـن هوتێلەکـە ئارامـە) دوای گوێگرتـن لـە فەیسـەڵ و بیرکردنەوەیەکـی درێـژ بڕیارمـداو لـە مانگرتنەکـە پاشـگەزبوومەوە، ئێـوارە کاتژمێـر پێنـج ڕێکخـەری کۆمیتـە خاتـوو مـاری لـێ کۆهلـی بـە تاکسـی منـی گەیانـدە هوتێـل ئەشرەفییـەو بەنـاوی کۆمیتـەی خاچـی سـوور ژوورێکـی وەرگـرت، پـارەی پێنـج ڕۆژی ژوورەکـە کـە دەیکـردە ١٠٠ دۆلار پێیـدان، ٢٠٠ دۆلاریشـی بەمـن دا و بـە ئۆتۆمبێلەکەیـەوە ڕۆیشـتەوە ماڵەکـەی.

دوای ماڵئاوایـی لـە خاتـوو مـاری چوومە ژوورەکـەم کە لە نهۆمـی دووەم ژمارە ٢٠٦ بـوو، ژوورەکـە بـە پێخـەف، کەلوپەلەکـەی و گەرماوەکـەی شـاهانەبوو، دوای گەرماوکـردن لەسـەر پێخەفەکـەم دادەنیشـم و دەسـت بـە خەیاڵکـردن دەکـەم، هـەر خـۆی کاتێـك تەنیـا دەمێنمەوە هـەر خەیاڵ دەکـەم، خەیاڵەکانـم هەندێکجار بـۆ رابـردوو و هەندێکجـار بـۆ داهاتـوو دەچێـت و درێـژ دەبێتـەوەو هەندێك جار سـەر فڕۆکـە دەکەوێـت و لـە فڕۆکەخانـەی فرانکفۆرتـی ئەڵمانیـا دەنیشـمەوە، لەنێـو قەرەباڵغـی نازانـم بـۆ کـوێ بچـم و ئـەو شـوێنانەی کـە لەپێشـووتر دەچووم و دەمناسـن ناتوانـم بۆیـان بچـم، وڵاتپـەروەرەکان دەپرسـن کـە کـەی و لەکوێـوە هاتـووم. ئەگـەر ڕاسـتییەکان وەك خـۆی بـاس بکـەم ناڕەحەتی و یاخیبوون دەسـت پێـدەکات، باشـە لـە ئەڵمانیـا چـی دەکـەم؟ ئەگـەر بێدەنـگ بـم و هیـچ شـتێك بەکـەس نەڵێـم دەبێـت؟ ئەگـەر وابکـەم پڕوپاگەنـدەی (رووخـا، نەیتوانـی خـۆی لەگـەل ڕێکخـراو بگونجێنێـت، وازی لـە خەبـات هێنـا) ئەنجـام دەدات، هـەر کـە فرسـەتی دەسـتکەوت وەك مەحمـوود بیلگیلـی یاخـود ئەوانـی تـر بەنهێنـی منیش

لەناو دەبات.

ئەگەر ڕاستییەکان هەروەك هەبن بگێڕمەوەو بنووسم، پیاوم دەخاتە دوو و هەوڵی کوشتنم دەدات. زۆر لە نووسین و گێڕانەوەی ڕاستییەکانم دەترسێت، چونکە هەموو تاوانەکانی دەکەوێتە بەر چاو، ڕووی ڕاستەقینەی بەدەر دەکەوێت، ئەوانەی گوزەراون، قەتڵوعامەکان، لەناوبردنەکان، کوشتنەکان، ئەگەر لە بەرانبەریان بێدەنگ بم ئەگەر لەناو ڕێکخراو بێدەنگ بم یاخود لە دەرەوەی هیچ جیاوازی نییە، ئەگەر بێدەنگ بم، ئەوا هەڵاتنەکەم بێ مانا دەبێت، جا بۆچی هەڵاتبووم؟

ڕاستییەکان نابێت بە شاراوەیی بمێننەوە، ترس نابێت ببێت بە پەردەیەك لەسەر ڕاستییەکان، دەڵێم و دەگێڕمەوە، بەڵام چۆن؟ واتا چۆن باسی دەکەم؟ چۆن وا دەکەم بڕوای پێ بکرێت؟ دژایەتی خودام کردبوو، بە بەندەکان دەڵێم کە خودا (خودا)نییە، ئەوەی وەك خودا ناسراوە ساختەچییەك، زاڵمێك و دووڕوویێکەو بووە بە بوکەڵەیەك لەدەستی دەوڵەتێك کە کوردستانی داگیرکردووە، جەلادی گەنجی گەلی کوردە کە هیوای داهاتوون. دەزانم کە ئەستەمە لەماوەیەکی کورت بڕوا بە هەمووان بێنم، چونکە خودا لەبەردەم دۆخێکی ئاوا گوێچکەی بەندەکانی دادەخات، پەردە دەخاتە بەر چاوەکانیان، مۆر لە مێشکیان دەدات، بەندەکانی جگە لە وتەکانی ئەو هیچ شتێك نابینن، نابیستن، ناخوێننەوە و بیری لێناکەنەوە! گەلی ڕوسیا لەدوای ٦٠ ساڵ ئینجا لە ستالین گەیشت، ڕۆمانەکان دوای ٤٠ ساڵ ئینجا ڕووی ڕاستەقینەی چاوشێسکۆیان بینی، سەرەڕای ئەوە پێویستە بینووسم، هەروەك ئەوەی بەپێدانی ڕوونکردنەوە یاخود راپۆرتێك بە ڕۆژنامەو ئێزگە رادیۆکان ترسناکی دۆخەکە باس ناکرێت، کەسیش هیچی لێ تێناگات. بەنووسینی ئاگادارییەك و بڵاوکردنەوەی قەناعەت بە کەس ناهێنرێت. بە بروشۆرێکی سێ لاپەڕەیی و دە لاپەڕەیی کێشەکە نایێتە دۆخی چارەسەرکردن، بەگێڕانەوەیەکی وشك چین و توێژەکان لێت تێ ناگەن.

www.arsivakurdi.org



دەبێت لەو حاڵەدا چی بکەم زۆر بەدرێژی بیر دەکەمەوە، لەئەنجامدا دەڵێم کە هەموو ئەوانەی دوای لە زیندان ئازادبوونم بینیم، بەسەرم هات، خوێندمەوە، شایەتیان بووم دەنووسم و بڵاویان دەکەمەوە، درۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر پێ ناوەستێت، هەوڵدەدەم ڕاستییەکان بەچین و تویژەکان بگەیەنم و درۆکان رامباڵم، بەڵکو ئەو گرمەیەی لە رەشەباکەوە دێت گوێچکەی بەندەکان بکاتەوە، چاوەکانیان ببینێت و مێشکیان دەکرێتەوە.

ئایدیۆلۆژیای دیکتاتۆرییەت لەبەرانبەر ئەوانەی دەینووسم دەڵێت: (ئەوانە ئەو شتانەن کە شەڕی تایبەت و دوژمن دەیانڵێت)، وتاری ناشیرینکردنی من، لەبەرچاو کەواندنی من، بەناوی ڕاستەقینەیان وتار بە بەندە ناسراوەکان دەنووسێت، بەڵام لەوە زیاتر قسەیەکی نییە بۆ گوتن.

بەندەکان لەو ڕوونکردنەوانەی بەناوی خۆیان دەیکەن بە ئەقڵی خۆیان وادەزانن کە من بەر دەدەنەوە سەر ئەرز، ڕابەری مەزن بەستایشکردن بەرز دەکەنەوە ئاسمان، ڕوونکردنەوەکانی ئەوانیش وتەکانی من پشت ڕاست دەکاتەوە. پارێزگاریکردنی (ئەو شتانەن کە شەڕی تایبەت و دوژمن دەیانڵێت) لەوە دەچێت کە لەرابردوودا لەبەرانبەر ئەوانەی دەیانگوت (لە سۆڤیەت دیموکراسی نییە، سۆسیالیزم نییە، دیکتاتۆرییەت و سەرمایەداری دەوڵەت هەیە) دەگوترا (ئەوە ئەو شتانەن کە داگیرکەر دەیانڵێت). (شوێنێك ئاگری لێ نەبێت دوکەڵی لێ نابێت). من تەنیا دووکەڵ نا ئاگرەکەش نیشانی ئێوە دەدەم، بە هەموو بەڵگەکانم و شایەتەکانمەوە قسە دەکەم، ئەگەر بڕوا بە قسەکانم نەکەن ئەوانەی نیشان دەدەم دەبینن و لە ئەورووپا دەیبینن، لە شام دەیانبینن، لەشاخ و لە شارەکان دەیانبینن، ئەگەر ئەمڕۆ نەیانبینن بەیانی، بەیانی نەیانبینن دووبەیانی، بەڵام بێگومان دەیانبینن، ئەگەر وڵاتپەروەربن و نەبووبن بە بەندە زۆربەی شتەکان دەبینن، ئەگەر لەسەنگەر گەریلان ئەوەی ڕوودەدات بە چاوەکانی خۆتان ببینن، هەوڵبدەن ئەوەی دەگوترێت

و دەگێڕدرێتەوە بەگوێی خۆتان ببیستن، ئەگەر کەسانێك بن کە لەلایەن ڕابەری مەزنەوە دامەزرێنراون هەر خۆتان لەنێو هەموو شتەکان دەژین، تاقی بکەنەوە کە ئەو مێشکە کار نەکردووەتان بەکاربخەن. وەك ڕۆژ ئاشکرایە کە تا بەچاوی دیکتاتۆر ببینن و بەمێشکی ئەو بیر بکەنەوە، بەگوێچکەی ئەو ببیستن ڕاستییەکان نابینن.

ئەوکاتەی پەیکەر و وێنەکانی ڕابەری مەزن لەلایەن گەلەوە شکێنران و دڕاندران و فڕێدران، بەمێشکی خۆتان بیرتان کردەوە، زۆر لەوە زیاتر تێدەگەن کە ئەمڕۆ من دەیڵێم.[١] بەڵام بیرتان نەچێت کە ئەو ڕۆژە من و مێژوو لەگەڵ نەوەی داهاتوو بەیەکەوە تف لەڕووتان دەکەین. پارێزگاریکردن لێ کردن بە بیانووی (بەکاتێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبین، شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی تورك بەردەوامە، ئەگەر لەدۆخێکی وادا ڕابەرمان نەمێنێت، ئەوا دۆخەکە بەسوودی دوژمن دەشکێتەوە، گەلی کورد شانسێکی بەدەستهێناوە، سەرەڕای هەموو شتێك دەبێت بەرگەی ئەو هەڵانە بگرین)، دیکتاتۆرییەت بە دەستەواژەیەکی تر زوڵم دەژیێنێت و پەرەی پێدەدات، خواستی ئایدیۆلۆژیای فەرمیش هەر ئەوەیە، واتا ئەوە بیری دیکتاتۆرییەتە پێیان دەگوتن (لەسایەی من دەژین و لەداهاتوودا لەژیان بەردەوام دەبن)، کەنعان ئەڤرەن کاتێك لە ساڵی ١٩٨٠ بە کودەتا هاتە سەر دەسەڵات، ئەو زهنیایەتەی لەلایەن ئایدیۆلۆژیای فەرمییەوە مێشکی شۆردرابووەوە، وایان دەنووسی کە لەسایەی ئەو، گەلی تورکیا دەگاتە خۆشبەختی و ئارامی. لەکاتێکدا کەنعان ئەڤرەن لەدوای خۆی تورکیایەکی تینوو، بە بەفربوو، کەڕ، نابینا، بەرهەم نەهێنی نەزۆکی جێهێشت.

ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەڵێت: (لەسایەی سەرۆك ئاپۆ خەبات بەرەوپێش دەچێت)، من پێچەوانەی ئەوە دەڵێم، ڕابەری مەزن بەر بە بەرەوپێشچوونەکان

١ عبدالله ئۆجەلان پەیکەرێکی نیوەی لەش کە لەخۆی زیاتر لە ستالین دەچوو لە برۆنز دروستکرابوو لەبەردەم باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیا دانابوو.

www.arsivakurdi.org

دەگرێت. خۆی ناچێتە شەڕو ڕێگا نادات ئەوانەی شەڕ دەكەن ڕابەرایەتیی شەڕ بكەن، شەڕ بە رێكخستنی سوپا و گەل بەهێز دەبێت، ڕابەری مەزن بە بەمێگەلكردنی گەل، بەسوپابوونی گەریلا دەوەستێنێت، ئەو شەڕەی كوردستان هێشتا فەرماندەی گشتی هێزەكانی نییە. واتا ڕێگای نەداوە دامەزراوەیەك دروست ببێت كە شەڕ بەڕێوەببات و هەموو بڕیارێك دەربارەی شەڕ بدات. بۆچی؟ چونكە ئەگەر دەزگایەكی ئاوا دابمەزرێت ڕابەری مەزن لە شام دەكەوێتە دۆخی پەنابەر، بۆ ئەوەی نەكەوێتە دۆخی پەنابەر و هەڵاتووێك بە رێگەگرتن لە بە مەركەزیبوونی سوپا، هەر هەرێمێك و رێكخەرێكی بۆ دامەزراندووە، خۆی لەشامەوە بەبێتەل ڕووبەڕووبوونەوەكان سەرپەرشتی دەكاتە كەسانی كاریگەر، بەرپرس و خاوەن بڕیارەكان ئەوانە نین كە سەرپەرشتی شەڕ دەكەن، ئەوەیە كە لەشام دانیشتووە، ئەو شەڕەی لە جودی، ئامەد، دەرسیم و سەرحەد و گارزان بەڕێنماییەك كە لە شام دەردەچێت، بەڕێوەدەچێت، شەڕێكی كوێرانە و هەڕەمەكیانەیە.

شەڕ، بە دانیشتن لە گەڕەكەكان، چاڵەكان و باڵەخانەكانی شەقام، جوێندان بەم و بەو ناچێت بەڕێوە، شەڕ لە مەیدانەكانی جەنگ دەبێت، ئەو فەرماندە گەریلایانەی دە ساڵە لە بەرەكانی جەنگ دەجەنگن، سەرەڕای ئەوەی خاوەن لێهاتوویی و شارەزاییەكی زۆرن و بەو شارەزایی و لێهاتووییە نا بەڵكو دەبێت بەو ڕێنماییە نالۆژیكیانە بجووڵێنەوە، لەكاتێك كە پێویستە شارەزایی جەنگ ببێت بە بابەتی سەرەكی وانە سەربازییەكان، لەشوێنی ئەمانە ئایەتەكانی ڕابەری مەزن كە هیچ پەیوەندییەكی بە ڕاستی شەڕەوە نییە.

ئاخاوتنەكانی بێتەلی وەك ڕێنمایی قبوڵ دەكرێت و وەك ئەوە وایە ئاو لەشوێنی بەنزین لە ئۆتۆمبێل بكەیت و هەوڵبدەیت بیڕوێنیت.

كاتێك لە بیقاع لە زیندان بووم ئاخاوتنی بێتەلەكانم خوێندەوە زۆر پێكەنیم، ڕابەری مەزن لەدوای هەر ئاخاوتنێك دەڵێت: (ئەوانە بۆ هەموو

www.arsivakurdi.org

بنیات لێبدەن یا پێیان بخوێننەوە هێزێکی شاهانە وەردەگرن)، فەرماندە گەریلاکەی لایەکەی تر دەڵێت (ڕاستە سەرۆك، بەخوێندنەوەی بەهێز دەبین) و پشتڕاستی قسەکەی دەکردەوە، ئەوە وەهمێکە، کەسێك کە شەڕی نەدیبێت، بەچەکەوە سەر شاخ نەکەوتبێت، بۆسەی نەبابێتەوە، بەپێکدادان لە بۆسە دەرنەچووبێت، نەبووبێت بە شایەتی فێڵ و تەڵەکەکانی لایەنی بەرانبەر، لەواتای شاخ، بەرد، دۆڵ، لەسەر زەوی خشان، بەڕاکردن هەڵسانەوە، شوێنگرتن، هێشتنەوەی شوێنی چۆڵ و ئەوەی پێویستە بیخەڵەتێنی نەزانێت، قسە پوچە پڕ لە جوێن و سەرزەنشتەکانی چۆن هێز دەبەخشن؟ کاتێك دەفەرمووێت: (ئەوەی من دەیڵێم هێزتان پێ دەبەخشێت) ئەوەی بەرانبەری ناچارە بڵێت (ڕاستە) خۆ لەدۆخێك نییە بڵێت (سەرۆکی بەڕێز وەرە، بچۆ سەر راپەڕاندنی شەڕ، دەبینیت کە ئەوانەی باسی دەکەیت وەك خوێندنەوەی شیعری دڵدارییە)، ڕابەری مەزن بە فەرماندەیەك دەڵێت (فەرماندەکان لەگەڵ شەڕکەرەکان دەبن، تەنانەت دەبێت لەپێشی پێشەوەی شەڕبن، ئەو فەرماندەی ئاوا لە دوورەوە خۆی حەشاردەدات فەرماندە نییە، هەموو ئەوە بەو شێوەیە بزانن) فەرماندەی گەریلاش دەڵێت: (ڕاستە وا دەکەین سەرۆك).

لەکاتێکدا دەبوو بڵێت:(سەرۆك، گەورەترین فەرماندە تۆی) لەشوێنی ئەوەی لە دوورەوە سەیری شەڕ بکەیت، لەشوێنی ئەوەی لە شام بگەڕێیت و بسوڕێیت وەرە بەڕێوەی ببە، شورەییە خۆت مەشارەوە، لەدوورەوە سەیر مەکە، لەو حاڵەدا هەندێك فەرماندە تۆ وەك نموونە وەردەگرن). ڕاستیەکە ئەوەیە، ئەو دۆخە بەرد دەخاتە بەردەم شەڕەکەو بەدەر لەوە ڕێچکەی ڕابەری مەزنمان ڕێچکەیەکی قۆڕە، لەژێر ماسکی ئازادکردن گەریلای کردووە بە کۆیلە، با هەر گەریلایەك جوان سەرنجی خۆی بدات، بەڕاستی ئازادبووە یاخود بووە بە کۆیلە؟ مرۆڤی ئازاد بیر دەکاتەوەو بیروبۆچوونی دەبێت، ئەوەی لەمێشکی دا بیری لێ دەکاتەوە جێبەجێی دەکات.

پیاوی کۆیلە بیر ناکاتەوە، کۆیلە روانینی بۆ دونیا، ئایدیۆلۆژیا و ڕوانگەی بۆ ڕووداوەکان نییە، بەهرەی شیتەڵکردنی ئەوانەی نییە کە دەگوزەرێت، گەورەکەی چی و چۆن و بۆچی فێرکردبێت ئاوا بیر دەکاتەوەو دەژییێت، لەنێو گەریلادا بەدەر لە ئایەتەکانی ڕابەری مەزن دەکرێت قسە بکرێت، بیر بکرێتەوە، بیرۆکە دابهێنرێت؟ ناکرێت، چونکە ئایدیۆلۆژیای فەرمی ئەوەی کردووە بە یاساو وەك بنەمایەکی لێ کردووە، هیچ کەسێك بۆچوونی خۆی لەهیچ شوێنێك دەرنابڕێت، پارێزگاری لێناکات و بەپێی ئەو بۆچوونانە ناجوڵێتەوە، هەموو دەبێت پارێزگاری لە بۆچوونی پارتی بکەن، باسی بکەن و بەپێی ئەو بۆچوونە هەڵسووکەوت بکەن، شتێك نییە بەناوی پارتی! لە پارتیەکان ئەندامەکان، یاخود ئەوانەی بۆ نوێنەرایەتی کردنی ئەندامەکان هەڵدەبژێردرێن لەکۆنگرە، کۆنفرانس و کۆنگرێسەکان بۆچوونی ئەو ناوچەیەی نوێنەرایەتی دەکات دەردەبڕێت و کێشەکانی گفتوگۆ دەکات، بیری هاوبەش و روانینی هاوبەش بەرهەم دەهێنێت، دواتر ئەندامانی پارتی بەرپرسن لە پارێزگاریکردن لەو بۆچوونانە و جێبەجێکردنیان، لەم حاڵەتانە بۆچوونە کەسییەکان بەهۆی پێویستی دیموکراسییەت دەبن بە پەیڕەوی زۆرینە، لای ئێمە هەمووان وتەی ڕابەری مەزن دووبارە دەکەنەوە، بیر دەکەنەوە، پارێزگاری لێدەکەن و جێبەجێی دەکەن. بەهۆی ئەو دۆخە ترسناکە لەناو گەریلا، شارەکان و ئەورووپا بەتەواوی بیروبۆچوون دەربڕینی قەدەغە کردووە، ئەوانەی بیر دەکەنەوە بە دەرچوو لە رێچکە و دوژمن دەبینرێن و کوژراون یاخود لەناوبردراون، چونکە بیرۆکە تەنیا لە ڕابەری مەزنەوە دەردەچێت و ئەوانیتر دووبارەی دەکەنەوە.

کاتێك ئاوا سەیرێکی دەوروبەرتان بکەن، گوێ لەوانە بگرن کە لە کۆبوونەوەکان دەگوترێت، سەیری ئەو وانانە بکەن کە دەگوترێنەوە، تەنیا دووبارەکەرەوە دەبینن، گەریلایەك کە بیرۆکەی نەبێت ناتوانێت شەڕ بباتەوە،

www.arsivakurdi.org



ئەگەر لەشەڕیش سەرکەوت، لایەنی بەرانبەری تووشی شکست هێنا و لە ڕووخاندنی ئابووری، پەروەردە، دارایی و دەزگاکانی تری سەرکەوت، لەبەر ئەوەی کە توانای ئەوەی نییە شتێکی نوێ دابمەزرێنێت، بەڕێوەی ببات و بەرەوپێشی ببات، کۆتاییەکەی ڕووخانە. ڕابەری مەزن هەر لەئێستاوە بناغەی داناوە کە لە داهاتوودا لە کوێ ببەزین و بڕوخێین، ڕابەری مەزن سەرەڕای ئەوەی هەموو ئامادەکارییەکی لە دژمان کردووە، مرۆڤی شەڕکەر هەرچەندە لەسەر ئاستی تاکتیك بێت، بەڵام بیر دەکاتەوە، ئەستەمە کە بتوانێ بە تەواوی ڕێگری لەوە بکات، هەر خۆی کەمێك شەڕ بەرەو پێش بچێت، ناتوانێت بە تەواوی ڕێچکەی بسەپێنێت و بە تەواوی ڕێگری لە بیرکردنەوەی گەریلا بکات.

هەر بەم شێوەیە کاتێك لە بیقاع دەستگیر کرابووم، دوو پەرتووکم خوێندەوە کە زەکی بێ پەنجە (پارماکسز زەکی)[٢] نووسیبوونی، بینیم کە ئاگاداری ئەو دۆخەیە، دەربارەی شەڕو ڕێکخستن هەندێك بۆچوونی زۆر گرنگی هەیە، ئەو پەرتووکانە سەرەڕای ئەوەی بڵاونەکرانەوە، لە ڕەخنەی هەندێك بەندەی نزیکی ئاپۆ ڕزگاریان نەبوو، کاتێك بە بەندەیەکم گوت پارماکسز زەکی وەك گیاپ دەکرێت بیرمەندێك و سەربازێك بێت) دەموچاوی تێك هەڵێناو بەگوتنی (خۆی وەك ڕابەرایەتیی دەبینێت، ڕەنگە لە داهاتوودا ترسناك بێت) لۆژیکی ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەربڕی، چونکە بەپێی ئایدیۆلۆژیای فەرمی، هەر کەسێك بیر بکاتەوە رکابەری دیکتاتۆرە، دیکتاتۆریش رکابەر نا بەندە یاخود کۆیلەی دەوێت، لەگەڵ ئەوەدا ڕێچکەی قۆڕی ڕابەری مەزن، بە نەهێشتنی پەیوەندی هەڤاڵەتی لەنێوان گەریلاکان، بە خولقاندنی بێ متمانەیی، شك و گومان، چاودێریکردنی یەکتر، دەستبەسەرکردن، دادگاییکردن و داهێنانی ئەنجامی وەك کوشتن دەبێتە هۆکاری نەمانی وەی گەریلا، شکانی ئیرادەی شەڕو زۆربوونی

---

٢ پارماکسز زەکی (زەکی بێ ئەنگوست) شەمدین ساکیك لە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ سوپای تورکیا ئەنگووستەکانی لە دەست داوە و دواتر لەبەر ئەو ڕووداوە لە نێو گەریلا بە پارماکسز زەکی ناسراوە.

www.arsivakurdi.org



مرۆڤی ناڕازی. بەرزبوونەوەی ژمارەی هەڵاتووەکان و ئەوانەی خۆیان بەدەستی دوژمنەوە دەدەن و گەڕانەوە دواوەی خاڵی یەکسانی خەبات. کاتێك راپۆرتی کۆنفرانسی هەرێمەکانی ١٩٩٢ م خوێندەوە ئەو ڕاستییە زۆر بەڕوونی بەدیار دەکەوێت. ژمارەی هەڵاتووەکان، واتا ئەوانەی دوای ئەوەی بەخۆبەخشی دێنە ناو ڕیزەکان و دواتر بەهۆی بینینی رێچکەی قۆڕی ڕابەرایەتیی و ئەو ئەنجامانەی لێی دەکەوێتەوە هەڵدێن، چەندین قاتی ژمارەی شەهیدەکان و ئەوانەن کە دەمێننەوە.

ئەوە ڕاستییەکی ئاشکرایە کە ئەگەر وای دابنێین هەندێك بەهۆی ترسان و دۆخی گران ڕایانکردووە، بەهۆی ئەو دەرئەنجامانەی کە رێچکەی قۆڕی ڕابەری مەزن دایدەهێنێت بەشی زۆرینە هەڵدێن. لە هەمووی گرنگتر ئەوانەی دێن و بەشداری شەر دەکەن بۆ ئامانجی زۆر گەورە هاتوونە شەڕ بکەن و ڕابەری مەزن خۆی لە شوێنی ئەو ئامانجانە داناوە. گەنجێك کە تازە دێتە ناو خەبات، بیر دەکاتەوەو دەڵێت (من بۆ وڵاتەکەم، گەلەکەم، گوندەکەم، خانەوادەکەم و نەوەی داهاتوو، من بۆ خۆم دەچمە شەڕ) و دەچێتە ناو گەریلا، دوای ماوەیەکی کورت لەچوونە ناو گەریلا تێدەگات کە تەنیاو تەنیا بۆ ئاپۆ شەڕ دەکات و لایەنە سەیرەکەی کارەکە ئەوەیە کە ئاپۆش لە شام دانیشتووە و نۆکەری ئەسەدە.

لەکاتێکدا گەریلاکە بۆ گەلەکەی بەشداری شەڕی کردبوو، کاتێك درك بەوە دەکات کە هەموو ئەو شتانەی دروستکراوە لەلایەن ئاپۆوە دەستی بەسەردا گیراوە تەنانەت ژیانی خۆی پابەندە بە وشەیەك کە لەنێوان هەردوو لێوی ئاپۆدایە، یا هەڵدێت، یا لەچالاکییەکی خۆکوژی دا خۆی لەناو دەبات، یا دەکشێتەوە کەنارێك، یا ئەوەتا کاتێك لە هەوڵی تێکدانی ئەو رێچکە خوێڕیانەی ئاپۆ دایە دەستگیر دەکرێت و گوللەباران دەکرێ.

ئەگەر سەیری مێژووی بیست ساڵە بکەین، لەنێو نەوەی یەکەم و دووەمی

www.arsivakurdi.org



بەشدارانی خەباتدا، ئەوانەی کە ماونەتەوە ژمارەیان بەقەد پەنجەی یەك دەستە و ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە ڕاست دەڵێم، ڕێچکەی دەرەبەگانەو خۆسەپێنەری ڕابەری مەزن لەبەر ئەوەی چین و توێژی شارەکان دەیزانن، چین و توێژەکان لەهاتنە ناو خەبات دەکشێنەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو سەرهەڵدانانەی لەدژی زوڵمی دەوڵەت و فشارو قەتڵوعامەکانی هەڵگیرساون بە رادەیەکی گرنگ چین و توێژەکانیان بەخەبەر هێناوەو وای لێکردوون کە ئازاو چاونەترس بن، لەبەر ئەوەی ئازادیی نا کە ڕێچکەی خۆسەپێنەر لە شوێنی ئازادیی بەسەر چین و توێژەکاندا دەسەپێنرێت، هەوڵی دوژمن بۆ نەهێشتنی کاریگەری بەسەر چین و توێژ سەرکەوتوو بووەو ڕێچکە خۆسەپێنەرەکە خزمەتی بە دوژمن کردووە. ڕابەری مەزن کە ئەوەی بەسەر شەڕی ئازادیی گەلی کورددا هێناوە، ڕێگری کردووە لە یەك هێزبوونی گەلی کوردستان و ڕێگری کردووە لە بە یەکەوە بوونیان لە یەك سەنگەردا.

ئەو بەرەی ڕزگاری نەتەوەیی کوردستانەی دەگوترێت لەساڵی ١٩٨٥ دامەزراوە، تەنیا پرۆگرامێك، ناوێك و ئاڵایەکی هەیە، بەرە پەیڕەوی نییە، سەنتەری نییە، بەرە ڕابەر، بەڕێوەبەر و ڕێکخراوی ناوچەیی نییە، واتا بەرە هێزێك، ڕێکخراوێك، دەسەڵاتێك، ناوەندێکی بڕیار نییە، چونکە دەسەڵات و ناوەندی بڕیار تەنیا ڕابەری مەزنمانە، ئەو هەم پارتی و هەم بەرەیە، خودا سێبەری ئەومان لەسەر سەر لانەدات! لەبەر ئەو ڕاستییە ڕێگە لەوە گیراوە کە ئەو بەرەیە ببێت بە هێزێك و ڕابەری خۆی دروست بکات. ئەرکی ئەوانەی لە ئەورووپا و کوردستان ناونراون (کارکەرانی بەرە)، حەماڵیکردنە بۆ ئەوانەی ڕاستەوخۆ بە ڕابەری مەزنەوە پەیوەستن، جێبەجێکردنی هەموو ویست و داواکارییەکانی ئەوان، ئەوانەی لەبیرکردنەوە ئازادتر، لە دەسەڵاتدا لە پایەی کۆیلەی کۆیلەدان، ئەو دۆخە ڕێگریکردن و بەربەست خستنە بەردەم ڕێکخستنی گەلە، ئەو ڕابەری مەزنەی ئاوا پێشی بە ڕێکخستنی بەرە گرتووە،

www.arsivakurdi.org

بەربەستیشە لەبەردەم بەرەو پێشچوونی کارکردنی یاسایی. هەر خۆیەتی بووە بە بەربەست لەبەردەم ڕێکخستنی، دامەزراوەبوونی، بە پارتیبوونی و وەرگرتنی پاڵپشتی جەماوەری پارتیی ڕەنجی گەل، چونکە ئەو نایەوێت جگە لەخۆی هیچ کەسێك لەنێو گەلی کورد بناسرێت، هیچ دەزگایەك بە یاسایی بکرێت (ئەوە یاسایەکی شامە). ئەگەر پارتیی ڕەنجی گەل ڕێك بخرێت و ببێت بە دەزگا، لەگەڵ خەڵك تەواوکاری یەك بێت و خەبات بکات، ئەندامانی لەنێو خەڵك دەناسرێن، ڕێزیان لێدەگیرێت و خەڵکی خۆشیانی دەوێن، بۆ ڕێگەگرتن لەو کارەساتە مەزنە تائێستا بەردەوام لەبەردەم ڕووی سەرۆکە گشتییەکانی پارتیی ڕەنجی گەل بەردەوام دروشمی (بژی سەرۆك ئاپۆ) دەگوترێتەوە، لەلایەن ڕابەری مەزنەوە ئەو ئایەتانە سەبارەت بە ئەندامان و لایەنگرانی ئەو پارتیە دابەزیوە: (ئەندامانی پارتیی ڕەنجی گەل هەموویان ریفۆرمیستن، چاویان بڕیوەتە تواناکانی ئێمە و گەل، دەیانەوێت پێش بکەون و ناسراوبن، نابێت ڕێگا بەوە بدەین کەسانێکن کە سنووری خۆیان نازانن، ئەگەر فرسەتیان دەست بکەوێت وڵات و گەل بەپێنج قروش دەفرۆشن). دوای ئەو ئایەتانە بەو ڕێنماییانەی دران بە گەریلا و بەندەکانی ئەورووپا دەستکرا بە پڕوپاگەندەکردن لەدژی پارتیی ڕەنجی گەل، قەدەغەکرا کە لەنێو خەڵك ڕێکخستنی هەبێت و کرا بە پارتیی تابلۆ، پارتیی ڕەنجی گەلیش وەك پەکەکە تەنیا ناو و تابلۆی هەبوو و هیچی تر. ئەو پەرلەمانتارانەی بەناوی پارتیەکە هەڵبژێردران هەروەك دەنگیان برا، هاتنە حاڵەتێك کە (هیچ شتێکیان لەدەست نایەت، بێ بەهرەن).

پارتیی ڕەنجی گەل، لەلایەك هێنرابووە ئەم حاڵەتە، لەلایەکی تر ماستاوچێتی تەلەفۆن خولقا. ئەوەی لە شام دانیشتووە لەڕێگای ماستاوچییەکانی تەلەفۆنەوە ئەندامانی تری پارتیەکەیان ناچارکرد کە بن بە ماستاوچی و لەکاتێکدا کە لە کۆنگرە، کۆبوونەوەو گردبوونەوەکانی پارتیدا دەیەها کێشەی خوێناوی و بەپەلەی گەلی کوردو تورك هەبوو کە بهێنرێنە باس، بەردەوام هوتاقی (بژی

www.arsivakurdi.org

سەرۆك ئاپۆ) لێدرا، چونكە بۆ ڕابەری مەزن كێشەكانی گەلی كورد پلە دوو بوون، گرنگترین خاڵ ئەوەبوو كە ئەندامانی پارتیی ڕەنجی گەلیش بڵێن (بژی سەرۆك ئاپۆ)، هەروەك دیارە كاركردنەكانی گۆڕەپانی یاسایی بەم جۆرە ڕاگیراو هەزارەها كەس كە دەیانتوانی لەو گۆڕەپانە كاربكەن ئاوا جێ هێڵدران. بۆ ڕابەری مەزن ڕێكخستنی گەل و بەرەوپێشچوونی شەڕ زۆر گرنگ نەبوو، پێ قبوڵكردنی دیكتاتۆرییەتەكەی خۆی بۆ ئەو گرنگترە.

وا بەدەر ناكەوێت كە ئەنجامدانی هەموو ئەو كارانە لەلایەن یەك كەس و سەركەوتن لێی مومكین بێت. ئەوەی ڕێكخستنی گەلی كوردی نەوێت، نەیەوێت ببێت بە هێزێكی سەربەخۆ، بەڵام بە شیكردنەوەی دۆخەكەی ڕۆحی نەتەوەیی و خەباتی بەرەوپێشچوو لەدژی داگیركەر قۆرخ بكات، هێزێك هەیە كە بیەوێت دەنگی گشتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بكاتە پاڵپشتی خۆی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجۆرێك لەجۆرەكان ببێت بە خاوەن بەش. ڕابەری مەزن بووە بە جێبەجێكارێكی تاكتیكی ئەو هێزە، بە لەناوبردنی ئەو پەكەكەیەی كە بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی بەڕێ كەوتبوو، لەشوێنی ئەو ئامرازێكی وابەستە بەخۆی داهێناو ئەو ئامرازەی كردووە بە هێزێكی تاكتیكی ستراتیژی ناوبراو.

هەموو ئەوانە ڕاستییەكانی ئێمەن، وا دیارە كە خەباتی سەربەخۆیی و ئازادیی كوردستان لەنێو كۆت و زنجیرێكی ئەستوورە، ڕابەری مەزن وەك بەربەستێك خۆی دەخاتە بەردەم هەموو بەرەو پێشچوونێك، بێ هەواڵی من نابێت بچووكترین پێشڕەوی ببێت، ئەگەرنا من دەڕۆم، ئەگەر من بڕۆم تۆفان دەقەومێت، كارەسات ڕوودەدات، گەلی كورد بەهیلاك دەچێت...)، بۆ دەرچوون لەو بەرداشە گەیاندنی گەلی كوردە بە سەربەخۆیی، ئازادیی یاخود ئاستی گونجاو بە نەتەوە هاوچەرخەكان، بنیاتێكی ڕوون و مۆدێرن كێشەی هەرە بەپەلەی شۆڕشی كورد. ئەو گلاستنۆست و برۆسترۆیكایەی ٧٠ ساڵ لە ڕووسیا درەنگ كەوت و لەساڵی ١٩٢٥ دەبوو پەیڕەو بكرێت، بۆیە نەژیێنرا و

www.arsivakurdi.org

كـوژرا، ئێمـەش هەمـوو بەرەوپێشـچوون و تاقیكردنـەوە تاڵەكانـی جیهـان دێنینـە بـەر چاومـان، بەسـوود وەرگرتـن لـە تاقیكردنـەوەكان، بەبینینـی ئـەو تابلۆیـەی ڕابـەری مـەزن كێشـاویەتی، ناچاریـن كـە روونـی و ئاشـكراییی و سیاسـەتی دووبارە بـۆ بنیاتنانـەوە پەیـڕەو بكەیـن.

١ـ كۆتاییهێنـان بـە هەمـوو ئـەو دیكتاتۆرییەتـە تاكەكەسـی و ئەنجامدراوانـەی سـاڵانی ١٩٨٣ (ئـەو كودەتایـەی لەگـەڵ كات كـرا)، رابـردووی پەكەكـەش بـەرەو گفتوگـۆ بكرێتـەوەو بـە لەبەرچاوگرتنـی كۆتایـی پارتیـە ستالینیسـتییەكان دووبـارە بـەرەو بـە پارتـی بـوون بڕۆین.

٢ـ لەژیانـی سیاسـی كوردسـتان واز لـە لۆژیكـی تاكـە پارتـی بهێنرێـت و تێگەیشـتنێكی فـرە پارتیـی قبـوڵ بكرێـت.

٣ـ كۆتایـی بـە گاڵتەجاڕیـی وەك ڕابەرایەتیـی سـتراتیژیی و ڕابەرایەتیی تاكتیكی بهێنرێـت، ئەنجومـەن، بـەرەو پارتیـەكان وەك نوێنەرانـی سیاسـی گەلـی كـورد و پێشـڕەوانی قبـوڵ بكرێـن.

٤ـ دەبێـت بەرەیەكـی دیموكراتـی پێـك بهێنرێـت كە هەمـوو پارتـی و رێكخراوە كوردییـەكان بەشـداری تێـدا دەكـەن، بـەرە بـە پێگەیـەك بگەیەنرێـت و دەبێـت دەسـت بەسـەر هەمـوو بەرەوپێشـچوونەكانی كوردسـتاندا بگرێـت.

٥ـ سـوپا بـە مەركـەزی بكرێـت، فەرمانـدەی گشـتی هێـزەكان دابمەزرێـت، فەرمانـدەی گشـتی دەبێـت لەنێـو كوردسـتان سـەركردایەتیی شـەڕ بـكات، هەمـوو بڕیارێكـی تایبـەت بەشـەڕ لەلایـەن فەرماندەی گشـتی دەربكرێت، نابێـت ئەوانەی لـە دەرەوەی وڵاتـن بچنـە نـاو ئـەو دەزگایە.

٦ـ بەدەستپێشـخەریی بەرەیـەك كـە لەهەمـوو رێكخراوەكانـی ناوەڕاسـت، باكـوور و ڕۆژئـاوای كوردسـتان پێكدێـت، هەڵبژاردنێكـی سەرتاسـەری ئەنجـام بدرێـت و ئەنجومەنـی نەتەوەیـی كـورد كـە بەرزتریـن ئۆرگانـی بڕیاردانـی كـوردە، دابمەزرێـت.

www.arsivakurdi.org

٧ـ سوپا بە مەرکەزی کراوەکە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئەنجومەن.

٨ـ لەشوێنی شەڕی نێوان سەرکردەکانی گەلی کورد لە پارچەکانی تر، لەنێوان ئەو دەزگایانەی نوێنەرایەتی گەل دەکەن (بەرەچاوکردنی دۆخەکان) یەکگرتوویی بەلانی کەم لە نزمترین ئاست بپارێزرێت.

٩ـ چەندین دەزگای نەتەوەیی لەژێر دەسەڵاتی ئەنجومەن دابمەزرێن.

١٠ـ گەلی کورد بۆ ریفراندۆم ئامادە بکرێت، بۆ ئەمە کەشی ناوخۆ و دەرەوە ئامادە بکرێت.

کارکردن بۆ ئەو بنەما سەرەکییانە کە گرنگی زۆریان هەیە لەڕووی داهاتووی نەتەوەکەمان، ئەرکی مێژوویی سەرشانی گەریلاکان، وڵاتپەروەرانی شارەکان، ئەوانەی لەنێو پارتیی رەنجی گەل کاردەکەن، ئەو وڵاتپەروەرانەی لە ئەورووپان و هەموو رێکخراوە کوردییەکانی ترە کە نابێت لێی رابکەن.

هوتێلی ئەشرەفییە لە گەرووی چوارڕیانێکە، لەبەر ئەوەی لەبەر دەنگی ئۆتۆمبێلەکان ناتوانم بخەوم، بیر دەکەمەوە، بیر دەکەمەوەو بیر دەکەمەوە.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

# ٢٣ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**ئەگەر دەتانەوێت بزانن لەناو وڵاتێك، یاخود ڕێکخراوێکدا دیکتاتۆرییەت هەیە یاخود نا،**
**سەیری ئەوە بکەن کە لەو وڵاتە ماستاوچی هەیە، یاخود نا**

بەرەو نیوەڕۆ لەبەردەم هوتێل ئەشرەفییە سەر تاکسییەك کەوتم و بەرەو کۆمیتەی خاچی سوور دەچم، فەیسەڵ نەهمەن کارمەندی کۆمیتە دوای کەمێك گفتوگۆکردن لەگەڵم، کیسێکی پێم دا کە لەماڵەکەی بۆ منی هێنابوو و پانتۆڵ و کراسێکی تێدابوو، بەسوپاسەوە لێی وەردەگرم و لەسەر شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵا لە باشووری لوبنان گفتوگۆ دەکەین، فەیسەڵ لەبەر ئەوەی شیعەیە سۆزی بۆ حزبوڵڵا هەیە، لە لوبنان بەواتای وشە جەنگ هەیە، فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلی بۆمبەکان لە شوێنە نیشتەجێبووەکانی لوبنان دەخەنە خوارەوە، پەنجەرەی باڵەخانەکان بەهۆی دەنگی بۆمبەکان دەهەژێت.

بەهۆی پەرەسەندنی شەڕ، کارمەندانی خاچی سوور هەموو سەرقاڵن، شاندەکە بەسەرۆکایەتی پاسکاڵ بەردەوام لە کۆبوونەوەدان، ماری ڕۆز لەسەر بێتەل جیا نابێتەوەو بەردەوام دەڵێت (تیر تیر تیر بەیروت).

بە فەیسەڵ دەڵێم کە دەمەوێت پەیوەندی بە ئەڵمانیاوە بکەم، دوای (ئۆکەی) پاسکال لەگەڵ حوسێن قسە دەکەم، حوسێن دەڵێت: (پێن، IGM یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا، ڕێکخراوی ئافی نێودەوڵەتی بۆ پێدانی

ڤیزا بەتۆ داواکارییان پێشکەش بە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا کردووە)، سڵاو دەگەیەنم و دەگەڕێمەوە هوتێل لەڕێگا پانتۆڵ، تیشێرت و پێڵاوێکی وەرزشی دەکڕم، ئیدی هەوڵدەدەم بڕوا بەخۆم بهێنم کە دەتوانم بچمە ئەڵمانیا.

لەمانگی ئاداری ١٩٩٢ لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز بووم کە دەکەوێتە بیقاع، بەفر باری بوو و هەوا سارد بوو، ڕابەری مەزن بەمنی گوتبوو: (خۆت ئامادەبکە دەچیت بۆ ئەڵمانیا) وا هەڵسووکەوتی دەکرد کە لەماوەی ئەو چوار مانگەی کە وەك فەرماندە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیا بووم هیچ ڕەخنەی لەمن نەگرتووەو گرنگی بەبیرو بۆچوونم داوە، لەچوار مانگی سەرەتای ئەو هەشت مانگەی لە ئەکادیمیابووم بەردەوام هێرشی دەکردە سەرم، سەرزەنشتی دەکرد، لەبەرچاوان سووکی دەکردم، دەستبەسەری کردم، خستمیە ژێر چاودێری، لەماوەی چوار مانگی کۆتاییش وەك خۆی دەڵێت هەوڵی دابوو کە من هەڵسێنێتەوە سەر قاچەکانم، ئەوە تاکتیکێکی گرنگی ئەوبوو: (یەکەمجار سووکی بکە، دواتر بەرزی بکەیەوە، بەخۆتی پەیوەست بکە). ڕۆژێك بەر لەوەی بۆ چوونە ئەڵمانیا بچمە شام، هەردووکمان لەمیوانخانەکەدا بەرانبەر یەکتر دانیشتبووین گفتوگۆمان کردبوو و ئەو ژەمەی بەتایبەت بۆ نیوەڕۆ بۆ ئێمە ئامادەکرابوو خواردمان، دوای نانخواردن ئەبوبەکر و مستەفا گەزگۆرمان لەگەڵ خۆمان بردو بەیاوەری پاسەوانە چەکدارەکان چووینە پیاسەی سەر شاخ و لەنێو شاخە بەفرینەکان هەندێك وێنەمان گرتبووو بەرەو ئێوارە کە دووبارە گەڕاینەوە میوانخانەکە سەبارەت بەو ئەرکەی پێم دەسپێدرا قسەمان کردبوو، ئەندامی ئەنجومەنی ڕێکخراوی ئەورووپا، ڕێکخەری ڕۆژنامەکانی سەرخۆبوون و بەرخوەدان، وەك نوێنەری ڕاگەیاندنی ئەورووپا دادەمەزرێنرام، ڕابەری مەزن دوای ئەوەی چوارچێوەی ئەرکەکەمی نەخشاند، گوتی: (میدیاش لەوێیە، لەو شوێنە نزیکە کە تۆی لێ دەمێنیتەوە، لەوێش وەك ئێرە بەشەڕ مەیەن! ئەویش لە ئەنجومەنە بە تێگەیشتنەوە لەگەڵ یەکتر بجوڵێنەوە).

www.arsivakurdi.org

دوو مانگ بەر لەو ئاخاوتنەمان فەیسەڵ دونلایجی کاتێك بەمنی گوت: (هەڤاڵ سەلیم ئەرکی گرنگ چاوەڕوانتە و ڕابەرایەتیی گرنگییەکی زۆرت پێدەدات، ئەگەر سەرنجت دابێت لە بابەتە ژیان و مردنەکان، بەتایبەتی بیروبۆچوونی تۆ دەپرسێت و سەرنجی دەدات). گوتبووم: (دەزانم).

ساکینە بەر لەمن نێردرابوو بۆ کامپێکی باشووری کوردستان، لەوێ دەنگ و ڕەنگی بڕدرابوو[1] منیش دەنێردرێمە ئەورووپا، پەیوەندیم لەگەڵ خێزانەکەم چاك دەکرێتەوە، پلە و پایەم پێ دەدرێت، بەم جۆرە لەژێر دەسەڵات دەمهێڵنەوە، لەو ماوەیەی لە ئەورووپا دەمێنمەوە لە پەیوندییە تەلەفۆنییەکاندا وا دەردەکەوێت کە گرنگی بە بۆچوونەکانم دەدات، هەموو پێشنیازەکانم قبوڵ دەکات، بەڵام لەلایەن ماستاوچییەکانی ژێر دەستی خۆی کە لە ئەورووپان دەخرامە ئامانجەوە، سووکایەتیم پێ دەکرا، وا رادەگەیەنرام کە ناتوانم کاربکەم، لە پارتی تێناگەم، بێ دیسپلین، نەگونجا و لەناوبەرم، لەو بابەتە بەماستاوچییەکان راپۆرت و وتە لەدژم دەنووسێت بەو راپۆرتانە من دەخاتە دۆخی تۆمەتبار، دادگاییم دەکات، دواتر راپۆرتەکان نیشان دەدات و دەڵێت: (من هیچ ناڵێم و ئەو گرنگییەی بەتۆم داوە بە هیچ کەسێکم نەداوە، ئەو هاورێیانەی کاریان لەگەڵ دەکەیت دەڵێن " رێچکەی ڕابەرایەتیی بەهەدەر دەدات" تەنانەت هەندێك هەن کە دەڵێن "سیخوڕی کارلێکراوی" تەنانەت مەسعودی خزمت دەڵێت " دوای ئەوەی لەزیندان ئازادبوویت، ئەفسەری تورك هاتووەو قسەی لەگەڵت کردووە" چەندین وتە هەیە دەربارەت،

---

١ هەندێك لە پەرلەمانتارانی ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان کاتێك لە ئاداری ١٩٩٣ چووبوون بۆ کامپی زەڵێ لە باشووری کوردستان، بەمنیان گوت: (ساکینە لەکامپ هیچ بەرپرسارێتییەکی نەبوو و ئەرکێکی پێنەسپێردرابوو، لەحاڵیدا دیاربوو کە دووچاری مامەڵەیەکی خراپ بووەتەوە، نەیدەویست لەگەڵ کەس قسە بکات). دواتر گوتیان کە عوسمان ئۆجەلان سەبارەت بە ساکینە گوتوویەتی: (ئەوە زوو یا درەنگ خۆی دەکوژێت). پەرلەمانتارێك گوتی: (ئەو شتە خراپانەی بەسەرم هات بۆ ساکینەم باسکرد، ئۆفێکی هەڵکێشا دوای گوێگرتن لێم و گوتی: خۆزگە منیش بمتوانیبا ئەوەی بەسەرم هاتووە بیگێڕمەوە.

هەموو ئەو هاوڕێیانەت دوژمنت نین، وەك ڕابەرایەتیی وتەکانت بەهەند وەردەگرم، یا دێیتەوە ڕێچکە یا دێیتەوە" وا دەکات کە پێیەوە پابەندبم و لێی بپاڕێمەوە داوای لێخۆشبوون بکەم، ببم بە پانکەرەوەو ببم بە بەندەیەکی شەش لەسەر شەش. تاکتیکەکە وایە و دەنێردرێم بۆ ئەڵمانیا، کاتێك گەیشتمە ئەورووپا هەڵسەنگاندنی ڕابەرایەتیی بۆم کە دەڵێت "ڕابەرایەتیی جۆری دووەم" لەژمارەی مانگی ئاداری ڕۆژنامەی سەرخوەبوون بڵاوکرابووەوە، ئەوە ڕێنماییەك بوو سەبارەت بە من درابوو بە ماستاوچییەکان).

لە یەکەم هەفتەدا کە دەستمکرد بە کارکردن لەهەمانکاتدا سەرنجی گەمارۆ و چاودێرییەکەم دا، لەگەڵ کات کە بەڕۆژنامەکان خەریك بووم دووچاری ڕەخنەی "خۆی وەك ڕۆژامەنووسێك دەبینێت، بەرێکخراوەوە خەریك نییە". کاتێك بەهۆی کاری ڕێکخراوەوە لەگەڵ چین و توێژەکان خەریك بووم دەگوترا: (پەیوەندییە تایبەتییەکانی پەرەپێدەدات، چین و توێژەکان بەخۆیەوە پەیوەست دەکات، کاری ڕۆژنامە ناکات). کوردە ڕووناکبیرەکان لە ئەورووپا دەژین لە دەوروبەری ڕۆژنامەی بەرخوەدان کۆیان دەکەمەوە، کە ڕابەری مەزن بە تەلەفۆن بەمن دەڵێت: (زۆر باش دەکەیت)، ڕەخنەی (ڕۆژنامەکە لەوە دەرچووە کە ڕۆژنامەی بەرە بێت، بووە بە ڕۆژنامەی ڕووناکبیران)ی بە ماستاوچییەکان دەنووسی کە پەیوەندیم لەگەڵ خێزانەکەم چاك کردەوە ئەو جارە ماستاوچییەکان ڕەخنەی (لە ئەکادیمیا خوێن و چەقۆ لە نێوانتان بوو، لێرە بۆچی پەیوەندیتان ڕێککەوت؟)، ئاڕاستەم دەکرا.

دواتر کارکردنم لە دامەزراندنی کەناڵ و ئێزگە ڕەزامەندیی بۆ دەردەچێت، دواتر پڕوپاگەندەی: (ماوەی چوار مانگ کێشەکانی ڕێکخراوی لەلایەك جێ هێشت و ڕێکخراوی بەکێشەکانی ئێزگەی رادیۆو کەناڵی تەلەفزیۆنی سەرقاڵکرد) لەدژم کرا، بە بریاری ڕێکخراوی ئەورووپا دەچمە کۆنگرەی (پێن) کە لە (ریۆ دی جانیرۆ) دەبەسترێت، دواتر دووچاری تاوانبارکردنی

www.arsivakurdi.org

ماستاوچییەکان دەبمەوە، ژمارەیەکی زۆر کامێرای فۆتۆگرافی بە توانای خۆم بۆ ڕۆژنامەکانی yeni Ülke و Özgür gündem دابین دەکەم، دواتر ئەمە دەکەنە بابەت بۆ دادگاییکردنم.

هەموو ئەو تەڵانەی لە ئەورووپا بۆم دانرانەوە لەبەر ئەوەی ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەیان دەبێتە بابەتی پەرتووکێکی تر بەپێویستی نازانم لێرە بیاننووسم، بەڵام ئەو تەڵانەی دانرانەوە ئاگاداریانم، لە کێڵگەیەکی مین بووم، لەژێر چاودێری چاو و گوێ و دەمی دووزمانیکەردا بووم، بەدەر لە قسەکانم هەڵسان، دانیشتن، سەیرکردنم، هەموو هەڵسووکەوتم، هەست و سۆز و تەنانەت خەیاڵەکانیشم لەژێر چاودێری دابوون، منیش تەماشاکارو چاودێری هەموو شتێك بووم، بە سەبرو ئارامییەکی زۆرەوە بە دوادا دەچووم کە چۆن من دەکەوێنێت و لەناوم دەبات، ئەگەر ئەو ڕێگایانەی لەدژم دەگیرێنەبەر تێبگەم، تێدەگەم ئەوانەی بەر لەمن لەناوبردراون، کوژراون، بەرەو خۆکوشتن راپێچ کراون، بێدەنگ کراون، رفێنراون کە ژمارەیان هەزارەها کەسە چییان لە بەرانبەر ئەنجام دراوە، بۆ ئەم مەبەستە بەرگەی زۆر شت دەگرم، بەرە بەرە ڕووبەڕووی قێزەوەنی نوێ دەبمەوە، ئەو بنیاتەی لە ئەورووپا دروستکراوە ئەگەر بە کورتیش بێت پێویستە روون بکەمەوە: کاتێك چوومە سەر ڕۆژنامەکان، یەکەمجار سەرنجی ڕۆژنامەی سەرخوەبوونم دا، لەو ڕۆژنامەیەدا تەنیا ڕابەری مەزن دەتوانێت بەناوی خۆی وتار بنووسێت، بەندەکانی تر، تەنیا کاتێك ستایشی ڕابەری مەزن دەکەن یاخود بەندەیەك دادەشۆرن کە دژایەتی ڕابەری مەزن دەکات دەتوانن ناوی ڕاستەقینەی خۆیان بەکاربهێنن، لەو ڕۆژنامەیەدا تەنیا وێنەی ڕابەری مەزن و شەهیدەکان بڵاو دەکرێتەوە (جگە لە حاڵەتە شازەکان)، بەندەکانی تر وێنەیان بڵاو ناکرێتەوە، لە کاتێکدا شەهیدەکان تەنیا یەکەی یەك وێنەیان بڵاو دەکرێتەوە، ڕابەری مەزنمان لەپێنج تا سی وێنەی بەشێوەی جیاجیا لەهەر ژمارەیەك بڵاو دەکرێتەوە.

www.arsivakurdi.org

ڕۆژێـك لـە کارمەندانـی ڕۆژنامـە دەپرسـم (هاوڕێیـان ئـەرێ ناتوانین بـەواژۆی خۆمـان لـە ڕۆژنامەکانـی سـەرخوەبوون و بەرخـوەدان وتـار بـڵاو بکەینـەوە؟) لەگـەڵ ئـەوەی کـە دەمزانـی ناتوانیـن ویسـتم بۆچوونـی یـەك دوو ماسـتاوچی وەرگـرم، ئافرەتێکـی ماسـتاوچی دەڵێـت (چـۆن دەبێـت هەڤـاڵ سـەلیم، ئـەو ڕۆژنامانـە ڕۆژنامـەی پارتیـن، بەخوێنـی شـەهیدەکان بەرهـەم هاتـوون، بنیاتێکـی گشـتی هەیـە، کەسـەکان لێـرەدا ناتوانـن بـە واژۆی خۆیـان وتـار بنووسـن و پێـی ناسراوبـن) و ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی بیـر هێنامـەوە.

دەگوترێـت کـە ڕۆژنامـەکان گشـتین، بـەڵام تەنیـا یـەك تاکەکـەس دەتوانێـت وتـارو وێنەکانـی خـۆی تێـدا بـڵاو بکاتـەوە، دەگوترێـت کـە ڕۆژنامـەکان بەخوێنی شـەهیدەکان دامـەزراوە، بـەڵام خوێنـی ئـەو شـەهیدانە لەلایـەن یـەك کەسـەوە قـۆرخ دەکرێـت، بەبیانـووی ئـەوەی کـە نەناسرێـن، ڕێـگا نادرێـت کەسـەکان بەنـاوی ڕاسـتەقینەیان وتـار بـڵاو بکەنـەوە، بـەڵام تاکەکسێك بـۆ (بەناوبانگبوون) ڕۆژنامەکانـی بەتاقـی تەنیـا بەکاردەهێنـا، لەوتـەی (ڕۆژنامـەکان گشـتین بەخوێنی شـەهیدەکان دامـەزراون، بۆیـە کـەس نابێـت بـەواژۆی خـۆی وتـار بنووسـێت، وێنەکانـی خـۆی چـاپ بـکات)ی ماسـتاوچییەکان ئـەوە تێدەگـەم: ئـەو ڕۆژنامانـە موڵکـی تایبەتـی ئاپـۆن، گشـتی نییـن، تاکەکەسـین، بۆیـە تەنیـا وتارەکانـی ئـەو و وێنەکانـی ئـەو بـڵاو دەکرێنـەوە، جگـە لەو هیچ کەسـێك ناتوانێـت بـە واژۆی خۆی وتـار بنووسـێت. چونکـە دەبێـت تەنیـا ئـەو بناسرێـت و ئەگـەر هیـتر بـە واژۆی خۆیـان بنووسـن، سیسـتەم تێکدەچێـت، دەبێتـە ڕۆژنامەیەکـی گشـتی، چونکـە دیکتاتـۆر گشـتی نییـە، دیکتاتۆرییەتـی دەوێـت. سـەیری جیاوازی نێـوان خـۆم و ماسـتاوچییەکان دەکـەم کـە ڕێـك پێچەوانـەی مـن لـە بابەتـەکان گەیشـتوون، جیـاوازی نێـوان ڕاسـتی و درۆ بـەدەر دەکەوێـت، نەفـرت لـە ماسـتاوچییەکان دەکەم.

بەتێپەڕبوونـی کات سـەیری لۆژیـك و بیرکردنـەوەی نووسـەری هـەواڵ و وتارە

www.arsivakurdi.org

بێ واژۆەکان دەکەم، لەڕاستیدا کاتێک سەیری لۆژیکی وانە دەکەم، شیکاری بۆ دیکتاتۆرییەت دەکەم. ئەوانەی وتار دەنووسن بیرۆکە داناهێنن، لەبەر ئەوەی ڕابەری مەزن بیری لە هەموو بابەتەکانی رابردوو و ئێستاو داهاتوو کردووەتەوە، بڕوایان وایە کە پێویست ناکات دووبارە بیر بکەنەوە. لەبەر ئەوەی بڕوایان بەمە هەیە بەر لە گرتنە دەستی خامەکانیان ئایەتەکانی ڕابەری مەزن دەخوێننەوە، بیرو بۆچوونەکانی ئایەتەکان دووبارە بەو وشانەی کە خۆی بەکاری هێناون دەخەنە سەر کاغەز، تەنیا ئەو گۆڕینە دەکەن، ڕابەری مەزن لە ئایەتەکانی دا بەجێناوی کەسی یەکەمی تاك قسە دەکات وەك (کردم، گەیاندم، خولقاندم، هەڵمساندەوە سەر پێ) ئەوانیش دەڵێن: (کردمان، گەیاندمان، هەڵمانساندەوە سەر پێ).

یەکەم وتارم کە لە ڕۆژنامە نووسیم لەبەر ئەوەی ئامرازی تاك بەکارهاتبوو، دوو ماستاوچی گوتیان: (ئسلووبی ئێمە ئاوا نییە) و دژی بڵاوکردنەوەی وەستانەوە، هەوڵمدا دۆخەکە روون بکەمەوە، بەڵام دەیانگوت (ئسلووبی ئێمە تاك نییە، کۆیە، واتا لە شوێنی (من)، (ئێمە) بەکاردێت. ئسلووبی پارتی ئاوایە)و مکوڕبوون. منیش گوێم پێنەدان و وتارەکەم چاپکرد، بەپێویستم نەزانی پێیان بڵێم تکایە چاوێك بە نووسینەکانی ڕابەری مەزندا بخشێنن، لە هەر لاپەڕەیەك لانی کەم بیست جار وشەی (من)تان بەرچاو دەکەوێت، ئەگەر پێم گوتبان دەمزانی کە دەڵێن: (هەڤاڵ ئەو ڕابەرایەتییە). بەم جۆرە تێدەگەم، کە وشەی (من) تەنیا خودا بەکاری دەهێنیت، چونکە تەنیا خودا کەسایەتیی و سیفەتی هەیە، ئێمەی بەندەکان سیفەتمان نابێت، ئێمە ئێمەین، ئەگەر کۆیلەش هەروەك ئەفەندی بڵێت (من) ئەوا یاساکانی پێشێل کردووە.

ڕۆژنامەکانی بەرخوەدان و سەرخوەبوون مێژوویەکی دە ساڵەیان هەبوو، بەر لەچوونە ئەڵمانیا وام بیر دەکردەوە کە ئەو دەزگایانە ژمارەیەکی زۆر نووسەرو ڕۆژنامەنووسی پێگەیاندبێت. کاتێك چووم تێگەیشتم کە ئەرکی

www.arsivakurdi.org

کارمەندانی ئێرە، نووسینی یەك دوو وتار لەچوارچێوەی ئایەتەکان بە ئسلووبێکی ناسراو، ئەو هەواڵانەی دێنە بیرۆ دووبارە بە ئسلوبی ڕابەرایەتیی بکەنە هەواڵ و بۆ ئاژانسەکانی دەنێرن، لەبەر ئەوەی تێگەیشتن لە ڕۆژنامەگەری و نووسەری لە ڕۆژنامەدا، بەجێهشتنی ئسلووبی شۆڕشگێڕی، بە هەدەردانی ڕێچکە، بە ئاخاوتن بە ئسلوبی بورژوازی هەڵدەسەنگێنرێت، ئەوانەی لە ڕۆژنامەگەری تێدەگەن دەنگی خۆیان بڕیوەو ملکەچی ئسلووبی فەرمی بوونە.

هەموو ڕۆژێك بابەتێکی زۆری هەواڵ دێتە ڕۆژنامە، ئەو بابەتانە بەشێوازێکی پڕوپاگەندە و هاندان دەکرانە (هەواڵ) و دادەڕێژرانەوە، بەڵام هیچ ئاژانسێك، ئێزگەیەك، ڕۆژنامەیەك و کەناڵێك گرنگی نەدەدا بە هەواڵێك کە بەمشێوەیە داڕێژرابێت، کاتێك ئەو هەواڵانەی ئامادەکرابوون دەمخوێندنەوە دەمگوت هەواڵ وا نابێت، ئەوانیش دەیانگوت: (ئسلووبی پارتی ئاوایە، ئێمە بە ئسلووبی بورژوازییەکان هەواڵ نانووسین). بۆ تێگەیشتن لەو بابەتە پێویستە نموونەیەك بدەم: هەواڵ دێت کە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە بتلیس سێ گەریلا و هەشت سەرباز گیانیان لەدەستداوە، بەو بابەتەوە ئاوا هەواڵەکە دادەڕێژرێت: (لەپێکدادانێکی نێوان گەریلا قارەمانەکان و مێگەلی سوپای دڕندەی تاڵانکەری تورکیا لە بتلیس کە ڕووبەڕووبوونەوەکە سێ ڕۆژی خایاند کە سێ کەسی قارەمان لە سوپای ئازادیی گەلەکەمان بە دروشمی (بژی سەرۆك ئاپۆ) شەهید کەوت، زەبری کوشندەی لە سوپای تورك داوە، هەشت سەربازیی لەناوبردووەو ژمارەیەکی زۆریشیان بریندارکردووە).

دەزانم کە هەواڵێکی لەو جۆرە لەلایەن هیچ ئاژانسێکەوە بڵاو ناکرێتەوەو بێ گوێدانە مکوڕی ماستاوچییەکان کە دەڵێن (نابێت ئسلووبی پارتی تێك بدرێت) روون دەکەمەوە کە دەبێت هەواڵەکان چۆن دابڕێژرێن، هاوڕێیەك کە کەمێك لە ڕۆژنامەوانی تێدەگات هەندێك ورە لەمن وەردەگرێت و دەست

www.arsivakurdi.org



دەكات بـە دارشـتنی هـەواڵ بەشـێوەیەك لەگـەڵ ڕاسـتی بگونجێـت.

دوای تێپەڕبوونـی ماوەیەکـی کـورت، لەسـەڕووی هەموویانـەوە بـی بـی سـی ژمارەیەکـی زۆر رادیـۆ، ڕۆژنامـە و تەلەفزیـۆن هەواڵەکانمانیـان بەمانشـێتی گەورە بـڵاو دەکـردەوە (ئاژانسـی هەواڵـی کوردسـتان) کـە لـە ژێـر هەواڵـەکان بەکارمان دەهێنـا زۆر لەناوەکانـی بەرخـوەدان و سـەرخوەبوون زیاتـر بەرەوپێـش چووبـوو کـە دە سـاڵە هـەن، تایبەتمەندییەکـی نێودەوڵەتـی بەدەسـت دەهێنێـت.

لـە بەرانبـەر ئـەو کارکردنەمانـدا ماسـتاوچییەکان بـە تەلەفۆن بەڕابـەری مەزن و ڕێکخەرانـی ئەورووپـا دەڵێـن: (ڕۆژنامەو ئاژانـس بەدوورکەوتنەوە لە ئسـلووبی پارتـی راپێچـی ئسـلووبی بـورژوازی دەکرێـن). و ئـەم جـۆرە هـەواڵ لێدانانـە دەباریـن. دوای ماوەیـەك تێدەگـەم کـە ئافرەتێکـی بـێ بەهـرەی لەخۆبایـی کـە لەڕۆژنامـەی سـەرخوەبوون کاردەکات، چەندیـن جـار خراوەتـە ژێـر چاودێـری و بـە کۆیلەکـراوە، ئەرکـی پـێ راسـپێردراوە کـە چاودێـری مـن بـکات، بمخاتـە ژێـر کۆنتڕۆڵـی خـۆی، قاچـم بخزێنێـت و لەو شـوێنانەی بەرپرسـم کێشـەم بـۆ بنێتەوە.

لـە هەمـوو دامـەزراوەکان درۆ، دووزمانـی و پـلان و هەوڵـی کەوانـدن، بـێ متمانەیـی تاسـەر ئەژنـۆ هاتـووە، هیـچ کـەس بەڕاسـت و دروسـتی لەگـەڵ کـەس قسـە نـاکات، هەمـووی خەریکـی چـاڵ هەڵکەندنـە بـۆ ئەویـتر، لەشـوێنی ئەوەی لەنێـوان خۆیانـدا دابنیشـن و هەڵەکانـی یەکـتر تاوتـوێ بکـەن و چارەسـەری کـەن، بەنـاوی راپـۆرت نووسـین لەڕێـگای پەیوەنـدی تەلەفۆنییـەوە دووزمانیـان دەکـردو بـە ڕێکخـەر یاخـود ڕابـەری مەزنیـان رادەگەیانـد. لەبەر ئەوەیـە زۆرترین دووزمانیکـەر بـە باشـترین جێبەجێـکاری ڕێچکـەی ڕابەرایەتیـی دادەنرێـن، لەنێوانیانـدا رکابەرایەتییەکـی مـەزن هەیـە.

ئـەو دۆخـە شـتێکی نەهێشـتووەتەوە بەنـاوی متمانـە، پەتـی هاوڕێیەتـی، پەیوەنـدی هەڤاڵەتـی، لەماوەیەکـی کـورت لـە کارەسـاتباری دۆخەکـە دەگـەم، لـەوە تێدەگـەم بەتـەواوی ئەم کەشـە لەلایەن کـێ و بۆچی خوڵقێندراوە، یەکسـەر

www.arsivakurdi.org

چەند کۆبوونەوەیەك ڕێك دەخەم و دەڵێم پێویستە ئەم دۆخە کۆتایی پێبێت، ئەوەی ڕەخنەیەکی هەیە لەسەر یەکێك پێویستە لەکۆبوونەوە فەرمییەکان بیڵێت، بەدەر لەوە لە پاشەملە باسکردن، ئەوانەی لە کۆبوونەوە فەرمییەکان باس نەکراون و بە تەلەفۆن بەرێکخەر یاخود ڕابەری مەزن دەگەیەنرێت بە تاوان هەژمار دەکرێت.

لەکۆبوونەوەی گشتی دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە دوای ماوەیەکی کەم لە کۆبوونەوەکە، کەشەکە ئارام بووەتەوە، باسکردنی لەپاشەملە کۆتایی پێهاتووە، پەتی هاوڕێیەتی لەنێوانیان پتەو بووە، پەیوەندی هەڤاڵەتی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، هیچ نەخوازراوێك لەناو دەزگاکان نەماوە، دەبێت ڕابەری مەزن و ڕێکخەری ئەورووپا کە بەمەوە پابەندبوو تێگەیشتبن لەوەی پەیوەندییە هەواڵگرییەکان پچڕاون، دەمەقاڵێی ناوخۆ کۆتایی پێهاتووە، پەیوەندی هەڤاڵەتی پەرەیسەندووە تا لە ئاخاوتنێکی پەیوەندیم لەگەڵ ڕێکخەر گوتی: (لەناوچەی دەسەڵاتی ئێوە بەلاڕێداچوونێك لەگۆڕێدایە، ئەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت ئاگاداربن). هەموو شتێك باشتر تێگەیشتم، کە دەمەقاڵێ، کێشە، چاڵ لێدان بۆ یەکتر، پلان، دووزمانی، هەواڵ لێدان هەبێت: (لەناوچەی ژێر دەسەڵاتتان کێشە هەیە ناتوانن باڵادەست بن). کاتێك ئەوانە کۆتاییان پێدێت ڕەخنەی ئەوە دەگیرێت کە (بەلاڕێداچوون هەیە) دیکتاتۆر لە (شڵەژان) نەدەترسا، لە بەلاڕێداچوون دەترسا.

کۆتایی هێنانی کارمەندان بە دەمەقاڵێ، شەڕەقسە، دووزمانی، پلان، بێ متمانەیی و لە پاشەملە باسکردن لەنێوان خۆیان واتا کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییەت، چونکە دیکتاتۆرییەت کۆبوونەوەی هەموو ئەوانەیە، کاتێك لەناوچەی ژێر دەسەڵاتم کێشەکان دوایی هات، چاودێرە ئافرەتەکەم ئەمجارە دەستی پێکرد کێشەی دروستکراو بخوڵقێنێت، جارێکیان دەفتەری ژمارە پەیوەندییەکانم ون کردبوو، هەر کە گوێبیستی ئەمەبوو قیامەتی هەڵساند،

www.arsivakurdi.org



بەهاورێکانـی دەوروبـەری دەگـوت: (ئـەرێ هاوڕێیـان چـۆن دەبێت کـە دەفتەری ژمـارە پەیوەندییەکانـی ون بـکات؟) دواتـر دەڵێـت (ئەگـەر دەفتەرەکـە بکەوێتـە دەسـتی پۆلیسـی ئەڵمانیـا ڕێکخراو دەڕووخێـت، چۆن دەبێت مـرۆڤ ئەوەندە بێ ئاگابیـت؟) و لای هاورێـکان دوور دەکەوێتـەوە، ئـەو (دۆخە کارەساتە) بەخێرایی بـە تەلەفـۆن بـە ڕابـەری مەزنـم رادەگەیەنێـت، ڕەنگـە بڵێـت: (سـەرۆکم زۆر بـێ تەربییەتـە، ئەمـڕۆ دەفتـەری ژمـارەی پەیوەندییەکانـی ون کـردووە، ئەگـەر بکەوێتە دەسـت پۆلیسـی ئەڵمانیا بەرەو دەزگاکانمان دێن). سێیەم ڕۆژ لەونکردنی دەفتەرەکـەم هەمـوو قوتابیانـی ئەکادیمیـای مەعسـوم کۆرکـماز لـە بیقـاع گوێیان لـێ دەبێـت کـە دەفتەرەکـەم ونکـردووە، لەحاڵێکـدا ئـەو دەفتـەرە تەنیـا هەشـت ژمـارەی تەلەفۆنـی تێدابـوو، لەوانـە یەکێـك هـی کۆمیتـەی کوردسـتان، یەکێك بەرخـوەدان، یەکێـك دەزگای فرانکفـۆرت ئەوانیـتر ژمـارەی تایبەتـی کەسـە ناسـیاوەکانی خـۆم بـوون، جگەلـەوە هەمـوو دەزگاو دامەزراوەکانـی ئەورووپامان یاسـاییبوون، ژمـارەی تەلەفۆنیشـیان لەدەسـتی پۆلیسـی ئەڵمانیـا هەبـوو، کاتێـك ئـەو گرژییانـەی لـەو کێشـەیەوەش دروسـت بـوون ڕێککەوتنـەو ئەمجـارە کێشـەیەکی تـری نایـەوە، هـەردوو کارمەنـدی بەرخـوەدان بەتتـاڵ و محەممەد کە چاکێتەکانیـان لـە هۆڵەکـە هەڵواسـی بـوو و لـە گیرفانەکانیـدا پەسـاپۆرتەکانیان دزران و هـات و هـاوار دەسـتی پێکـرد: (دەسـەڵات نییە، دیسـپلین نییـە، دزی روو دەدا، ئـەو پەسـاپۆرتانە لـەکاری تـر ئەگـەر بەکاربێـت و دواتـر دەسـتی بەسـەردا بگیرێـت، پۆلیـس کۆمپانیاکـە دادەخـات) کێشـەکەی تـا ڕابـەری مـەزن گەیانـد، کاتێـك تێگەیشـتم ئـەو ئافرەتە واز لـەو ڕێگا بێزرخانـە ناهێنێت، کاتێـك خێزانەکەم بەرێکـەوت هاتـە ڕۆژنامـەی بەرخـوەدان خێزانەکـەم و ئـەو ئافرەتـەم هـەردووك بـردە ژوورێـك و ئەوانـەم بـە ئافرەتەکـە گـوت: (تـۆ ئەمانە بـە ئەنقەسـت ئەنجام دەدەیـت، لەمـڕۆ بـەدواوە واز لـەو کارانـە دەهێنیـت، من شـەرم لە هیچ کەسـێك ناکـەم ئەگەرنـا لێـرە دەرت دەکـەم و جارێکیـتر ناتوانیـت هەنگاوێـك بـۆ ئێـرە

www.arsivakurdi.org



بنێیـت). لـە بەرانبـەرم رەق رەق وەسـتاوە، بەسـتەزمانە چـی بـکات؟ ئـەو ئەرکەی پێـی دەسـتپێردرا بـە جوانـی ڕاینەدەپەڕانـد و خـۆی تێـوە دەگلا.

ئۆکتـای ئـەو هەواڵانـەی دەهاتنـە بیـرۆ دووبـارە دایدەڕشـتەوەو دوای ئـەوەی ڕێکی دەخستەوە بۆ ڕۆژنامەکانی yeni Ülke و Özgür gündem فاکسی دەکردن، ئـەو هەواڵانـە بەگشـتی دەبوونـە مانشـێتی ڕۆژنامـەی yeni Ülke، منیش هەموو هەفتەیـەك گۆشـەوتارێکم لـە ڕۆژنامەی yeni Ülke بڵاو دەکـردەوە، ڕابەری مەزن لەبـەر ئـەوەی ستایشـی ئـەوم نەدەکـرد بەرگـەی دەرچوونـی ناومـی نەدەگـرت، هەمـوو هەفتەیـەك، بـە بەکارهێنانـی ئـەو ئافرەتـە وتارنووسـینی قەدەغـە دەکرد. ئەوانـەی لـە دەزگاکان کاریـان دەکـرد، بڕوایان وابـوو کە ئافرەتەکـە لەخۆیەوە ئەو کارانـە دەکات، بۆیـە کاتێـك هەڵوێسـتم لـەدژی وەرگـرت، لەگـەڵ یەکێکـی ڕۆح منداڵانـە خۆیـان خسـتە ژوورەوە لـە ماڵێـك تـا بۆنییان کـرد دەرنەچوونـە دەرەوە! دوایيـن کۆبوونـەوەی سـەنگەر کـە بەشـداریم تێداکـرد، مەزلومـی ڕۆح منـداڵان کـە لەلایـەن ئـەو ئافرەتـەوە مێشـکی شـۆڕدرابووەوە گوتی:(هەڤـاڵ سـەلیم لەنێو بیـرۆی ڕۆژنامـەی بەرخـوەدان بەکـراس و بێجامە دەسـوڕێتەوە، ئـەو دۆخە لەگەڵ ڕەوشـتی پارتـی یـەك ناگرێتـەوە) لەحاڵێکـدا مـن هیـچ کاتێـك بەکـراس و بێجامـە نەسـوڕاومەتەوە، بەیانیـان کاتێـك لـە خەو هەڵدەسـتام بـەر لەدەم و چاو شـۆردن بـە تراکسـۆت سـوڕابوومەوە. ئـەو دوو بەکارهێنـەرەی ڕابەری مەزن کە بێڕەوشـتی منیـان لەکـراس و بێجامـە پێچابـووەوەو لـە کۆبوونـەوەی کۆنفرانـس لـەدژم بەکار دەهێنـا. مـن کاتێـك لـە بیقـاع بەکاریگـەری راپۆرتەکانـی ئەوانیـش بردرامـە لێکۆڵینـەوە، ئـەو کەسـانە لـە ئەڵمانیـا لـەو ماڵـەی لێـی دەمانـەوە لـە حاڵەتێکـی ناگونجـاو گیـران و لەشـوێنی جیاجیـا بـە تەنیـا دەهێڵدرانەوە.

کاتێـك چوومـە ئەڵمانیـا دەبێـت پەیوەندیـم لەگـەڵ خێزانەکـەم بـاس بکـەم، چونکـە لـەو پەیوەندییانـەش شـیتەڵکردنی دیکتاتۆرییەتێـك دەبینـن، دوای دوو ڕۆژ لـە گەیشـتنم بـە ئەڵمانیـا بـە تەلەفـۆن لەگـەڵ خێزانەکـەم گفتوگۆ دەکەیـن:

www.arsivakurdi.org



کاتێك گوتم: ((تۆ بێنرخترین بونەوەری جیهانی، ئیدی لەگەڵ تۆ هیچ پەیوەندییەکم نابێت، دۆخەکە بۆ خێزانەکەم و خێزانەکەت شیدەکەمەوە))، گوتی:( سەلیم وامەکە، هێمن بەرەوە، با یەکتر ببینین، قسە بکەین، زۆر شت هەیە کە بۆت باس بکەم، بەیانی وەرە لای خاڵە مەمیش). بەخۆمم گوت ئەو ئافرەتە لەوێ لەژێر فشار مایەوە، لەدژی من بەکارهێنرا، با لەگەڵی قسە بکەم، بەڵکو باشتر لە ڕاستییەکان دەگەم و ڕۆژی دواتر چوومە ماڵی خاڵە مەمیشی خزمم کە لە دوبزیۆرگ دادەنیشت، بە رووخسارێکی زەردەخەنەوە گوتی: (بەخێربێیت)، منیش بەساردی گوتم: (زۆر سوپاس) و دانیشتم، لەگەڵ خاڵە مەمیش و خێزانەکەی تا کاتژمێر ٢٣ گفتوگۆمان کرد سەبارەت بو بەرەوپێشچوونەکانی چەولیگ، هەوڵمدا بزانم دۆخی دەوروبەرەکەی چییە، کاتێك کاتژمێر ٢٣:١٠ خاڵە مەمیش گوتی پێخەفەکەتان ئامادەیە گوتمان (شەو شاد) و چووینە ژوورەکەمان، لەژوورەکە دوو قەرەوێڵەی جیا هەبوو و لەیەکتر دووربوون. من چوومە لای ئەو قەرەوێڵەی لەبەرانبەر دەرگا لەرۆخی پەنجەرەکە دانرابوو و رووت بوومەوە، تراکسۆدێکم لەبەر کردو بێ ئەوەی شەو شادی لێ بکەم چوومە ناو پێخەفەکەم، خێزانەکەم لەسەر قەرەوێلەکەی پشت دەرگاکە دانیشتبوو و بیری دەکردەوە، ماوەیەکی زۆری بەسەرچوو، بێدەنگییەکی تەواو بەسەر ژوورەکەدا زاڵ ببوو، خێزانەکەم لەناکاو هەڵسایە سەر پێ و بەرەو قەرەوێڵەکەم هات، پەتوەکەی سەرمی هەڵگرت و خۆی بەسەر قاچم دادا، دەستی کرد بە گریان و قاچەکانم رادەکێشێت و پاڵ دەنێم بەسەریەوە بەقاچەکانم، ئەو قاچەکانم ماچ دەکات و دەگری!

دەتوانن بیر بکەنەوە! ئەو خێزانەم کە لە ئەکادیمیا قسەی لەگەڵم نەدەکردو لەدژی من ببوو بە دوژمن، لەدژی من وەك ئامرازێك بەکاردەهێنرا، لەسەرەمەرگدا کاتێك دەمناڵاند منی نەنارد بۆ لای پزیشك، لە ئەڵمانیا خۆی خستووەتە سەر قاچەکانم و دەگریا! هیچ بەڵگەیەك دیکتاتۆرییەتێك

www.arsivakurdi.org

وەك ئەو دیمەنە بەڕوونی وەسف ناكات، خێزانەكەم دەبەمە بەرانبەرم، فرمێسكەكانی وەك رووبارێك بێوەستان دێنە خوارەوە، لەرزی لێوەكانی بەهۆی گریان نەدەوەستا، بەچاوی بێ واتا سەیری دەكردم، گوتم: (قسە بكەو هەموو شتێك باسكە)، هەنسكەكانی زیادی دەكرد، باوەشی پێداگرتم، سەرەڕای هەموو پێداگیرییەكم هیچ نالێت، وەڵامی هەموو پرسیارەكانمی تەنیا بە گریان دەدایەوە، منیش لەبەر ئەوەی بیرم لەوە دەكردەوە كە هەواڵم لێدەدات ئەوانەی دەمزانی نەمدەتوانی باسی بكەم، بەر لەوەی ئەو ددان بنێت بەشتەكان، ڕاستییەكانم بۆ باس بكات، منیش دەترسام لەوەی ناخمی بۆ هەڵڕێژم، لە ئەنجامدا منیش دەست دەكەم بە گریان.

دۆخێكی تراژیدیایە، ناتوانین قسە بكەین، دەگرین، ئەوەی بەسەرمان هات بەگریانەوە بۆ یەكتری باس دەكەین. من دەمزانی ئەو بۆچی دەگری، ئەویش دەیزانی من بۆچی دەگریم، جارجارە لێی دەپرسم (باسی بكە بۆچی ئاوا هەڵسووكەوتت كرد!) بەگریان و بێدەنگبوون وەڵامم دەداتەوە، دووبارە باوەشم پێدا دەكات، پاڵی پێوە دەنێم، دەڵێم: (ئیدی تۆم خۆشناوێت، پێت نا بە هەموو گوڵەكانی باخچەی هەست و سۆزم، باخچەی هەست و سۆزمت كرد بە مەیدانی جەنگ، خۆشەویستییەكەمت پیس كرد، بكوژی خۆشەویستییەكەمیت، بوویت بە پۆلیسی بیركردنەوەكانم، چۆن بتوانم تۆم خۆش بوێت؟ ئیدی تۆ ئەو ئایسەلە ڕاستگۆیە نیت كە سڵی نەدەكردەوە لە گوتنی ئەو ڕاستییانەی كە دەیزانی، تۆ میدیای ترسنۆك، ساختەكارو شەرمنیت). تێدەگات كە دەمەوێت چی بڵێم، وەڵام ناداتەوە، لە تەكم رادەكشێت، هەروەك ئافرەتێكی بێدەنگ، بێ گیان و بێ هەست و سۆز، ئافرەتێكی پلاستیكی كە ناخی پڕكرابێت لە ئاوی گەرم، لەتەكم راكشاوە، منیش لەتەكی لەسەر پشت راكشاوم چاوم بڕیوەتە بنمیچی ژوورەكەو بیر دەكەمەوە، هەردووكمان كە لە زیندانی دیاربەكر لەژێر ئەشكەنجە مەترسیدارەكاندا نەترساوین، ملمان

www.arsivakurdi.org

کەچ نەکردووە، لێرەدا لەبەر ئەوەی دەترسین ناوێرین لەگەڵ یەکتر قسە بکەین، ئەو لەمن دەترسێت، یاخود من لەو دەترسم، یاخود هەردووکمان لەو دەترسین؟ ترسێکی نامۆیەو ترسێکی نادیارە، ترسێکی ئەوەندە قێزەوەن کە تەنانەت فرۆید ناتوانێت شیکاری بکات! من لەبەر ئەوەی وام بیر دەکردەوە کە لێرەشدا خێزانەکەم لەدژم بەکاربهێنرێت دەترسم لەوەی دەیزانم بۆی دەربڕم، وا دەزانم کە پۆلیسی دیکتاتۆرییەتە لەسەر بیروبۆچوونەکانم، باشە ئەو بۆچی دەترسێت؟ ئەگەر پۆلیسی بیربۆچوون نییە، لەوە دەترسێت کە رادەپەڕم و دەکوژرێم؟ لەوە زراوی چووە کە تۆمەتی خیانەتمان دەدرێتە پاڵ، بۆیە دەگریەت؟

دوای ئەو یەکەم شەوە لەماوەی ساڵێك چەندین جار لەگەڵ ئەو یەکترمان بینی، بەڵام هیچ خۆشمەندەویست، وەك هەر ئافرەتێکی ئاسایی وابوو لام، ئەو شەوانەم بیردێتەوە کە سووکایەتیم پێکرد و بەشاپ لێمدەدا، لەڕاستیدا کە شاپم لەو هەڵدەدا شاپەکانم لە دیکتاتۆرییەت هەڵدەدا، بەڵام زۆر باش دەیزانی کە من ملکەچ ناکەم، ئەو کەشەی داهێنراوە قبوڵی ناکەم، ئەو کارەساتەی لێی دەترسێت ڕۆژێ دەقەومێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئازایەتیەی لەخۆیدا نەدەبینی کە لەگەڵ من بجووڵێتەوە بەردەوام ئامۆژگاری دەکردم کە ملکەچ بکەم.

ماستاوچییەکانی ئەورووپا، لەلایەن ڕابەری مەزنەوە بۆ ئەوەی زیاتر نەناسرێم ڕێنماییان وەرگرتبوو، یاخود وەك خۆی دەڵێ نەچمە پێشەوە، دوای هەندێك ڕێوشوێن کە گرتبوویانە بەر بینیم، قەدەغەکرا کە پەیوەندی لەگەڵ پارتیی ڕەنجی گەل ببەستم و لەگردبوونەوە جەماوەرییەکاندا قەدەغەی ئاخاوتنم دانرا، بەگونجاو نەبینرا کە لە ڕۆژنامەکان بەناوی خۆم وتار بڵاو بکەمەوە، ئامادەکاری ڕووداوێکی سەیرتریش ئاشکرابوو، ڕێکخراوی موجاهدینی ئیسلامی (کۆنتر گەریلا، ناوەکە پەردەیە) سەبارەت بە من

www.arsivakurdi.org

بڕیاری کوشتنی دەرکردووەو ئەو بڕیارەی بە بیانووەوە بۆ ڕۆژنامەی yeni Ülke فاکس کردبووە کە لە ئیستانبوڵ دەردەچوو، ڕۆژنامەی yeni Ülke ش ئەو بڕیارەی وەك خۆی بۆ ڕۆژنامەی بەرخوەدان ناردبوو کە لە ئەڵمانیا دەردەچوو، بڕیارەکە لەڕێگای ئۆکتایەوە کە کارمەندی ڕۆژنامەی بەرخوەدان بوو بۆ بی بی سی فاکس کرا، ئێوارە بی بی سی لە پەخشی هەواڵەکاندا وای بڵاوکردەوە: (ڕێکخراوی موجاهیدینی ئیسلامی سەبارەت بە نووسەر سەلیم چوروککایا بڕیاری کوشتنی دەرکردو بڕیارەکەی بۆ چەندین ئاژانسی ڕاگەیاندن ناردووە). ڕۆژێك دوای ئەو هەواڵە ڕێکخەری ئەورووپا پەیوەندی بە ئۆکتای دەکات و دەپرسێت: (ئەو هەواڵەت بۆچی بۆ بی بی سی نارد؟) و سەرزەنشتی دەکات، ئۆکتای کاتێك بۆی گێرامەوە دەمزانی کە ڕێکخەریش لەلایەن ڕابەری مەزنەوە سەرزەنشتکراوە، چونکە ئەو وتارەی (کوردستان لە ریۆ دا) کە دوای ئەوەی نووسیم و بەواژۆی خۆم لە بەرخوەدان بڵاوم کردەوە کاتێك گەیشتە دەست ڕابەری مەزن بە تەلەفۆن پەیوەندی بە ئۆکتای دەکات و بەهۆی واژۆکەم سەرزەنشتی دەکات. ڕابەری مەزن بەو سەرزەنشتە دەیەویست ئەوە بڵێت: (من ئەو پیاوە لەناو دەبەم، دەیکوژم، راپێچی خۆکوشتنی دەکەم وەیاخود دەیڕفێنم، بۆچی ڕێگا دەدەن کە زیاتر بناسرێت؟)، من زۆر باش لەوە دەگەیشتم کە دەیەوێت چی بڵێت، بەسەیرکردنی ئەوەی چۆن لەناوم دەبات تێبینی دەخەمە بیرەوەریمەوە.

ڕۆژنامەنووسێك (عرفان جورە) سەبارەت بە ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان هەڤپەیڤینێکی لەگەڵم ئەنجامدابوو و لە بەشی پێشەکی هەڤپەیڤینەکە، بێ ئاگاداری من بەخستنەسەری ڕوانگەی خۆی نووسیبووی: (بەچاوی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو سەیری سەلیم چوروککایا دەکرێت). کاتێك لە ڕۆژامەی Özgür gündem هەڤپەیڤینەکەم خوێندەوە گوتم: (سەلیم دۆسیەی تاوانت هەڵدەئاوسێت).

www.arsivakurdi.org

لـە ئەڵمانیـا ئومێـد ئاشـكنم بینـی، بـەر لە پازدە سـاڵ لـە یەكـەم یەكتربینینمان گەنجێكـی باریـك و باڵابـەرز، قـژ زەردبوو، ئـەوكات چەكدارێكی بچووكی (سـوپای ئازادیـی كرێـكاری گوندیـی توركیا)بـوو. جەلالی برای و سـایمە ئاشـكنی[٢] خوشـكە گـەورەی هاوڕێـی ئێمـە بـوون، ئـەو لـەوێ بەردەوامـی بـە خەباتـی دەدا، زۆر گفتوگۆمـان لەگـەڵ كردبـوو و بڕوامـان پێـی هێنابـوو، لەدوایـن یەكتربینینـمان ئومێـدی بچـووك ببـوو بەكەسێكی قەڵـەو، دەسـتی لەملـم كـرد و ماچـی كـردم، منیـش ماچـم كـرد و دەسـتم لـە ملـی كـرد، هیـچ شـتێكی تـری نەگـوت، منیـش نەمدەتوانـی قسـە لەگـەڵ ئومێـد بكـەم، تەنیـا سـەیری یەكترمـان كـرد، چاوەكانـی بەمنـی دەگـوت: (كوانـێ خوشـكە جوانەكـەم؟ بۆچـی كـوژرا؟ ئایـا خوشـكەكەم سـیخوڕبوو؟ تـۆ بـڕوات بەوەكـرد كـە سـیخوڕ بووبێـت؟ ئەگـەر بـڕوات نەكـرد بۆچـی لێكۆڵینـەوەت لەكوشـتنەكەی نەكـرد؟ ئەگـەر لێكۆڵینـەوەت كـرد بۆچـی بێدەنگبوویـت؟ چاوەكانـی وەك ئـەوە وابـوو ئـەو پرسـیارانەم لـێ بـكات، ناتوانـم بپرسـم ئومێـد ناتوانم، بەرانبـەری پرسـیاركردن مردنە، لەهەمـووی خراپتر (تۆمەتی خیانەتـە) كـە لـەدوات دێـت ئومێـد.

سـەیركردنم ئـەوە دەڵێـت: ناتوانم بە تۆ بڵێـم بۆچی لەماڵەكەت دادەنیشـیت، منیـش دەسـتم هەبـوو لەوەی ١٥ سـاڵ لەمەوبەر ببیت بە شۆڕشـگێڕ، بەڵام ئێسـتا بـۆ قەناعـەت هێنانـت هێـزو رووم نییـە ئومێـد. مـن زۆر باش لـەو تێگەیشـتبووم، ئـەو لەمـن گەیشـتووەو یاخود نا هێشـتا ئـەوە نازانم.

لـە ئەسـەن ئیبـۆی بـرای عەبدوڵـڵا ئەكنجیـم بینـی، ئـەو ئیبـۆ نەبـەزە نیـات

---

٢ سایمە ئاشكن: لەساڵی ١٩٧٦ لەكاتێكدا لە روفا مامۆستابوو هاتە نێو ریزەكانی ئازادی نەتەوەیی. ئەندامی كۆمیتەی مەركەزی پەكەكەبوو، دوای كودەتای ١٢ی ئەییلوول لە وڵات دەرچوو، كاتێك ئاپۆ دیكتاتۆرییەتی راگەیاند بەشێوازێكی ئاكتیف دژایەتی كرد، ماوەیەكی زۆر لە كامپی لۆلانی باشووری كوردستان دەستبەسەربوو و لێكۆڵینەوەی بەردەوام بوو، سەرەڕای هەموو فشارێك و ئەشكەنجەیەك بە دیكتاتۆرییەتی ئاپۆ رازی نەبوو، ملی كەچ نەكرد، لە ئەنجامدا كاتێك بە رێنمایی ئاپۆ دەبردرا بۆ گوللەبارانكردن بە بەرپرسێك كە نەیدەویست سەیری رووداوەكە بكات، گوتبوو: (بێنرخ رامەكە! تۆش وەرە سەیركە! سەیركە و ئازایەتی شۆڕشگێڕ ببینە! بژی پەكەكەی خەیریەكان، مەزڵومەكان، كەمالەكان، بە نەفرەت بن بێنرخە ئاپۆچییەكان! ئایندەی ئێوە فاشیزمە!) و دوایین هەناسەی دا.

www.arsivakurdi.org

وەرزشییە خۆی دابووە دەست خواردنەوە بێهۆشکەرەکان، رووخابوو، یەکەم پرسیاری گوتی: (کاکە سەلیم، بۆچی هۆکاری مردنی برا گەورەکەم بە ئێمە نالێن؟)، هێشتا وەڵامم نەدابووەوە گوتی: (ئەگەر سیخوڕە با بەڵگەکان نیشانی ئێمە بدەن). گوتم نەخێر براکەت سیخوڕ نەبوو خۆی کوشت، گوتی: (تۆ براکەم لەمن باشتر دەناسیت و براکەی من کەسێکی وا نەبوو خۆی بکوژێت) و بێدەنگ بوو، ئەوکاتە بەتەواوی لە هۆکاری خۆکوشتنەکەی عەبدوڵڵا ئەکنجی تێنەگەیشتبووم، بڕوام بەوە کردبوو وەك ئەوەی بۆم گێڕدرابووەوە کە: (لەژێر ڕەخنە تووشی خەمۆکی بووە، خۆی کوشتووە) و لەسەر ئەو بابەتە لە ڕۆژنامەی بەرخوەدان وتارێکی یادکردنەوەم نووسیبوو.

لەدوایین دوو دەستبەسەرکرانم لە بیقاع کە ئەو رێوشوێنانەی لەبەرانبەر گیرانەبەرم بینی بەچاوەکانم لە تێگەیشتنی زیاتر هۆکای خۆکوشتنی عەبدوڵڵا ئەکنجم بە چاوەکانی خۆم بینی!!

ئیبۆی خۆشەویست، ئەو فەرماندەیەی لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤ وەك فەرماندەی هێرشی شرناخ بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەمان و ئازادیی گەلەکەمان خەباتی چەکداری دەست پێکرد، عەبدوڵڵا ئەکنجی، هۆکارەکانی دوای چالاکی گەورەی ئاشکرابووە، بەو نزیکانە گەلەکەمان و نەوەی داهاتووش لێی تێدەگەن.

لەدوای مانگرتن لە خۆراکی برۆکسل[٣] چوومە پاریس. مەحموود تونجی خزم و هاوگوندیم لە کۆمەڵەی کولتووری کورد لە پاریس گوتبووی دەیویست قسەم لەگەڵ بکات، نەمویست قسەی لەگەڵ بکەم، چی لەگەڵ ئەو بڵێم؟ مامت[٤] بەبیانوی ئەوەی لێرە واتا لە پاریس لەگەڵ ئافرەتێك پەیوەندی

---

٣ لەبەرواری ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٩٣ بە ئامانجی پرۆتستۆکردنی هێرشەکانی کۆماری تورکیا بۆ سەر کوردستان بەدەستپێشخەری ئەنجوومەنی نەتەوەیی کوردستان و بەشداری هەزار کەس، سەردانی ٢٠ هەزار کەس دەستی پێکردو ٢٤ رۆژی خایاند.

٤ محەمەد تونچ، لەساڵی ١٩٨٧ لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز گوللەباران کرا، یەکێك کە لەکاتی کوللەبارانکردنەکە لە ئەکادیمیا ئەرکی هەبوو سەبارەت بە رووداوەکە ئاوا باسی کرد: "محەمەد کاتێك لە پاریس ئەرکی پێسپێردرابوو ئاشقی

www.arsivakurdi.org

هەبـووە لـە دۆڵـی بیقاع گوللەبـاران کرا، فڕێدڕایـە چاڵێك، بەخۆڵ و بـەرد داپۆشرا، ئـاوام بگوتبـا؟ نەخێـر نەمدەتوانـی قسـە بکـەم، نەمدەتوانـی قەناعەتـی پـێ بهێنـم، ئـەو پرسـیارانەی دەیکـرد نەمدەتوانـی وەڵامیـان بدەمـەوە، گوتـم: (تازە لە مانگرتـن لـە خـۆراك دەرچـووم، هیـچ حاڵـی ئاخاوتنـم نییـە، دواتر قسـە دەکەین) و لێـی ڕزگاربووم.

دوای چەنـد ڕۆژێـك بێریڤـان خوشـکە گـەورەی محەممـەد تونچـی کـوژراو پەیوەنـدی پێوەکـردم، لەگـەڵ بێریڤـان هاوتەمەنیـن، هاوڕێـی منداڵیم بـوو، کاتێك منـداڵ بوویـن بەیەکـەوە بەرخەکانمـان لەوەڕاندبـوو، لەسـەر هەمـان بـەردەکان خەنەمـان لەدەسـتمان داون، لەشـیری کەنگـر بنێشـتمان دەسـتکەوتووە، لـە گەلـی مۆریـن بەیەکـەوە مەلەمـان کـردووە، کاتێـك لـە منـی پرسـی (چارەنووسـی براکـەم دەزانـی؟) خیانەتـم لـە هاوڕێـی منداڵیـم کـرد، درۆم لەگەڵـی کـرد، گوتـم: (بەتـەواوی نازانـم لێکۆڵینـەوە دەکـەم)، لەکاتێـك ئـەو بـڕوای وابـوو کـە مـن درۆ ناکەم.

کاتێـك لەشـاری ئەسـەن چوومـە ماڵـی فادیمـە یەشـار کـە لەدەرسـیم هاوڕێی زانکـۆم بـوو، بیرجـان یلـدزم بیرکەوتـوە، فادیمـەو بیرجان لـە کۆلێژی پـەروەردە لە هەمووومـان بچووکـتر بـوون، لـەو سـاڵانەی کـە جـۆش و خرۆشـی شۆڕشـگێڕیمان لـە لوتکەدابـوو، ئەوانیـش هاتبوونـە ڕیزەکانمانـەوە، بیرجـان کچێکـی باڵاکـورت

---

خوشکی فەرماندەی گەریلا (عەلی تۆپراك) هێڤی (شەفەق) ببوو کە ئێستا دایك و باوکی لە هامبۆرگ دەژین، هێڤیش لە پاریس ئەرکی پێڕاسپێدرابوو و یەکتریان خۆشدەویست، هەردووکیان بەیەکەوە هاتنە ئەکادیمیا، لەبەر ئەوەی هێڤی کچێکی جوان بوو رابەرایەتی ئەوی بردە ماڵەکەی خۆی، محەممەد تونچیش پیاوێکی نەترس بوو، رۆژێك ئاپۆ لە گۆڕەپانی ئەکادیمیا تۆپانێی دەکرد هەمووان لە حاڵەتی (ئامادەیی!) وەستابوون سەیریان دەکرد. محەممەد تونچیش بەپێویستی نەدەزانی هەر سەیری بکات و پیاسەی دەکرد، ئەو هەڵسوکەوتەی ئاپۆی زۆر توڕەکردبوو، پەیوەندییەکەشی لەگەڵ هێڤی دەزانی و زۆر لە محەممەد تونچ دەترسا، رۆژێك دواتر محەممەد تونچ بەڕێنمایی ئاپۆ دەستبەسەرکرا، بە تۆمەتی ئەوەی مێشکی ئەوانە تێکدەدات کە دەیانەوێت بچن بۆ شەڕ، گوللەبارانی کرد، منیش سەیری رووداوەکەم کرد، تەنانەت ڤیدیۆش گیرا ساتی گوللەبارانکردنەکە، کاتێك فیشەکەکان تەقین هێڤی کە لەناو سەیرکەرەکاندابوو کەوتە سەر زەوی و لەهۆش خۆی چوو، کاسێتی ڤیدیۆی دادگاییکردن و گوللەبارانکردنی محەممەد تونچ دواتر بۆ ئەوەی بۆ هەمووان لێبدرێت ناردرایە ئەڵمانیا و لەو کاتەدا کەوتە دەستی پۆلیسی ئەڵمان، ئەو کاسێتە ئێستا لە ئەرشیفی دادگای دۆسڵدۆرڤە".

www.arsivakurdi.org

بـوو، ئـەوم زۆر خۆشدەویسـت و ئەویش مـن، لـەو ڕۆژانـەی هێشـتا لەگـەڵ گرووپـی ڕزگاری گـەل دەخولایـەوە، منی لەسـەرەمەرگ گەڕاندبـووەوە، پیاوەکانی ڕێکخـراوی ڕزگاری گـەل دەیانەوێـت مـن بکـوژن، تەنانـەت ئـەو کەسـەی مـن دەکوژێـت هاتووتـە کۆلێـژی پـەروەردە و چاوەڕوانـە، ئـەو چەکـەش کـە منـی پێ دەکـوژن بەڕێـگای بیرجـان هێنابوویانـە نـاو زانکـۆ، بیرجـان کاتێـك تێـدەگات بەو چەکـەی هێناویەتـی مـن دەکوژرێـم، تووشـی شـڵەژان دەبێـت و دەسـت دەکات بـە گـەڕان بـەدوای مـن، کاتێـك لەسـەر گردەکـەی تەنیشـت کۆلێـژی پـەروەردەی دەرسـیم کـە مەلەوانگەیەکـی لەسـەر بـوو دانیشـتبووم، بەراکردن و هەناسـەبڕکێ هاتـە لام، بەدڵەڕاوکـێ گوتـی: (کاکـە تـۆ دەکـوژن) و مـن بـەو ئاگادارکردنـەوەی بیرجـان لەمـردن ڕزگارم بـوو، فادیمـە پرسـیاری بیرجانـی لێـم نەکـرد، ڕاسـتتر وایـە بڵێـم نەیتوانـی بپرسـێت، هەردووکـمان دەمانزانـی کـە لـە کامپـی لـۆلان لەگـەڵ سـایمە ئاشـکن بـە یەکەوە بـە فەرمانـی ڕابەری مـەزن گوللەبـاران کرابـوون، بەڵام هۆکارەکـەی نـە مـن و نـە ئـەو نەیدەزانـی بڵێـت، نەپرسـینی و نە پرسـینم بەهۆی ئەوەوەبـوو.

بـەر لـەوەی لـە ئەکادیمیـای مەعسـوم کۆرکـماز دەربچـم و بچمـە ئەڵمانیـا، هاورێکـەم حەسـەن شـەریك ژمـارەی ئەڵمانیـای پارێـزەر مەحمـوود بیلگیلی پێمـدا کـە لـە هۆڵەنـدا بـە فەرمانـی ڕابـەری مـەزن کـوژراو تەرمەکـەی لـە زێرابـدا دۆزرایـەوەو گوتبـووی: (کـە ڕۆیشـتیتە ئـەوێ ببینـە)، نەچوومـە دیـداری حەسـەن! ئـەو کاغـەزەی ژمارەکـەی لەسـەر نووسرابـوو پارچـەم کـرد و فـڕەم دا، ئـەو ژمارەیـە لـە گیرفانـم وەك ئامـرازی تـاوان وابـوو، هـەر کاتێـك سـەیری ئـەو کاغـەزەم دەکـردو ژمـارە تەلەفۆنەکـەم دەبینـی پارێـزەر مەحمـودم دەبینـی. بچم لەگـەڵ خێزانەکـەی چـی بڵێـم؟ دەچووم پێیـم دەگـوت: (هاوسـەرەکەتم زۆر باش دەناسـی، هـەر کـە بڕوانامەی پارێـزەری وەرگرت لـە ئەنقەرەوە هاتـە دیاربەکر بۆ سـەیرکردنی داواکانـی ئێمـە، لەناوچـەی ئۆفیـس لـە شـوقەیەك لـە باڵەخانەیەکـدا

www.arsivakurdi.org

دەمایـەوە، ئێمـەش لەبـەر ئـەوەی داواکراو بوویـن لەگەڵ ئەو دەماینـەوە، هەموو شـتێکی لەگـەڵ ئێمـە دابەش دەکـرد، پارێزەریش و چەکداریشـی دەکرد، فاشـیزمی ١٢ی ئەیلـوول ئەویشـی دەسـتگیرکرد، لەشـەڕی باریـکات لەسـاڵی ١٩٨٤ لـە قاوشـی ژمـارە ٣٠ بەیەکـەوە بوویـن، ملـی کـەچ نەکـرد و هـاواری دەکرد:(بـژی سـەربەخۆیی و ئازادیـی) هاوڕێیەکـی زۆر خـاوەن بڕیاربـوو، بـەڵام نازانـم بۆچـی کـوژرا؟)، نەمدەتوانـی وابڵێم! ئەگەر بشـمگوتبا خوشـکەکەت بۆمی باسـدەکرد کە هاوسـەرەکەی بۆچـی کـوژرا، ئەوکاتـە سـەرم شـۆڕ دەبـوو، هـەر خـۆی لەبەرانبەر مەحمـود هەمووومـان سـەرمان شـۆڕبوو، لەسـەر ئـەوە لەبەرانبـەر خوشکەکەشـت نەمدەویسـت سـەرم شـۆڕ بێـت.

کەسێکی مەعرەشـی گومگومـی چیرۆکـی ئافرەتێکی پیری بـۆم گێڕایەوە، کچی گەنجـی ئافرەتـە بەتەمەنەکـە بەمەبەسـتی هاتنـە نـاو خەباتـی سـەربەخۆیی لەمـاڵ دەردەکەوێـت، دوای سـاڵانێك گوێـی لـێ دەبێـت کـە کچەکـەی لـە بیقـاع کـوژراوەو شـێت دەبێـت، هـەر کاتێـك لـە ڕێـگا کچێکـی گەنـج دەبینێـت یاخـود گوێـی لەدەنگـی دەبێـت یەکسـەر ڕووی وەردەگێڕێـت، هـەردوو دەسـتی بـەرەو پێشـەوە درێـژ دەکات و هـاوار دەکات (ئەلیـف، ئەلییـف، ئەلیییـف)، کاتێـك هیـچ کـەس وەڵام ناداتـەوە ئەوجـارە بـەرەو لایەکـی تـر ڕووی وەردەگێڕێـت و هەمـان کار دەکات، دووبـارە کـەس وەڵام ناداتـەوە ئەمجـارە بەلای ڕاسـت، چەپ، بـەردەوام بـەم جـۆرە بەمـلاو بـەولا، بـەدەم سـوڕانەوە دەڕوات.

تەلەفۆنەکانـی ڕۆژنامـەی بەرخـوەدان بەردەوام:(براکـەم لەسـاڵی ١٩٨٠ بەشـداری خەباتـی کـردووە، تا ئەمـڕۆ هیچ هەواڵێکمان لەوەوە پێ نەگەیشـتووە، گوێبیسـت بوویـن کـە مـردووە، بـەڵام لە بەرخـوەدان و سـەرخوەبوون هیچ باسـی ناکرێـت، لـە لیسـتی نـاوی شـەهیدەکاندا نـاوی نییـە، ئێـوە هیـچ هەواڵێکتـان هەیـە؟).

(کچی پوورم هەشت ساڵە دیارنییە....)

www.arsivakurdi.org

(برا گەورەکەم لەساڵی ١٩٨٠ماڵی جێ هێشت، مردووە، ماوە؟ خێزانەکەی هێشتا لەماڵەوە چاوەڕوانی دەکات، ئەگەر ماوە با هەواڵێك بنێرێت، لەساڵی ١٩٨٥ شوانی گوندەکەمان گوتی کە هەواڵی مردنی براکەم و فڕێدرانی تەرمەکەی لە چاڵێکی داوە بە جەندرمەی قارس، لەسەر ئەو بنەمایە جەندرمە شوێنەکەیان کۆڵی و کیسێك ئێسکیان دەرهێنا، دواتر ئێسکەکانیان دایەوە بە ئێمەو ئێمەش لە گۆڕمان نا، ئێستا شەش ساڵی بەسەردا تێپەڕیوەوە، جەندرمە هەڵدەکوتێتە سەر گوندەکەمان، گوایە براکەم نەمردووەو هێرشەکانی ناوچەکە لەلایەن ئەوەوە سەرپەرشتی دەکرێن، دەمانەوێت لەئێوەوە بزانین، ئەو ئێسك و پروسکەی شاردمانەوە هی براکەم بوون یاخود نا؟).

هەرگیز کۆتایی بەم جۆرە پەیوەندییە تەلەفۆنیانە نایەت لەگەڵ ئاخاوتنی ئەوان و گوێگرتن من دەبوومە شایەتی تاوانەکانی دڕندەیەك، لیستی ونبووەکان ئەوەندە درێژە کە هاتمە دەرەوە لە زیندان و بینیم کەچی ڕوودەدا بینیم نەوەیەك لەناوچووە، ئەوانەی دەوڵەتی تورك کوشتبوونی ناو و وێنە و چیرۆکەکانیان هەبوو، ئەوانیتر نە ناو، نەوێنە، نە چیرۆك و نە گۆڕیان هەبوو، خراپترین لایەنی کارەکە، پرسین لە کۆتایی کەسەکە تاوان بوو!

بابەتی کێشەی ماستاوچیی دەبێت کەمێکی تر روون بکەمەوە، چونکە لێککردنەوەی ماستاوچی، دەبێتە شیکارکردنی دیکتاتۆرییەت. ماستاوچییەکان و دیکتاتۆرییەت وەك (پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ)ن، دیکتاتۆرییەت پۆزەتیڤ و ماستاوچیەکان نێگەتیڤن، هەمووکات و لەهەموو شوێنێك بەیەکەوەن، ئەگەر لەشوێنێك دیکتاتۆرییەت هەبێت، ئەوا لەو شوێنە ماستاوچییەکانیش هەن، ئەگەر لەناوەکەدا ژمارەیەکی زۆر ماستاوچیتان بینی ئەوا بەهۆی بوونی دیکتاتۆرییەتە. لە گەریلایەتیدا واتا لەشاخ مرۆڤ بیەوێت یاخود نا ناچارە کەمێك داهێنەربێت، هەرچەند هەوڵی رێگری لێکردنی بدرێت، ئەو کەسەی لەشاخ شەڕ دەکات، ئەگەر روانینەکەشی بەرتەسکانەبێت بیر دەکاتەوە،

www.arsivakurdi.org

بیرۆکـە دادەنێـت و ناچـارە داهێنـان بـکات، چـۆن لـە کەمـپ ڕزگاری دەبێـت؟ چـۆن بەسـەر گردەکـە بکەوێـت، چـۆن لـە هێـزی بەرانبـەر بـدات، چـۆن و لەکوێ خـۆی حەشـار بـدات، چـۆن دەسـت بەسـەر ڕێڕەوەکـە بگرێـت، ناچـارە وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە بدۆزێتـەوە، ئـەو داهێنەرییـەی پـەرە دەسـەنێت، لـە شـاخ تەنیا بە ماسـتاوچێتی ژیـان ناگوزەرێـت، بـەڵام لـە ئەورووپـا کەشـەکە وانییە، لـە ئەورووپا بـە ماسـتاوچێتی دەتوانیـت بژیـت، لێـرە ماسـتاوچێتی سـەرچاوەیەکی داهاتـە، ئـەوەی زۆرتریـن ماسـتاو دەکات زۆرتریـن بەرزبوونـەوەی دەبێـت، دەبێتە خاوەن پایـە، خێـزان و منداڵەکانـی بەخێـو دەکات، ماسـتاوچییەکان جگـە لـە ماسـتاو هیـچ بەهرەیەکـی تریـان نییـە، ئـاوا کـە ئەگـەر ماسـتاوچێتی نەکـەن لەبرسـان پەرێشـان دەبـن. ڕابـەری مـەزن لەبـەر ئەوەی دۆخەکە بـاش شـارەزایە زوو زوو بە ماسـتاوچییەکانی خـۆی دەگـوت: (ئەگـەر مـن نەبم هەمووتـان لەبرسـان دەمرن)، لـە ئەورووپـا ماسـتاوچێتی وەك کارێکـی لـێ هاتبـوو، لێـرەدا کێشـەی کوردسـتان، کێشـەی ئازادیی و سـەربەخۆیی، شـەڕ، قەتڵوعامو کۆچ و باسـکردنی ئەو کێشـانە، ئاگادارکردنـەوەی چیـن و توێژەکان لـەو بابەتانەو ڕێکخسـتنیان بەتەواوی خراوەتە لایـەك، لەشـوێنی هەمـوو ئەوانە "سـەرۆك ئاپۆ" دانـراوە، لە هەمـوو گردبوونەوەو ڕۆیشـتنێکی جەمـاوەری یەکـەم بابـەت کـە باسـدەکرا، مەزنـی و بـەرزی ڕابـەری مـەزن بـوو، ئـەو دروشـمانەی لێـدەدران "بـژی سـەرۆك ئاپـۆ" جارێکـی تـر "بـژی سـەرۆك ئاپۆ" بـوون، هەمـوو وتارێـك بـە "سـڵاوت لـێ بێـت ئـەی سـەرۆك ئاپـۆ" دەسـتی پێدەکـرد و بـە "بـژی سـەرۆك ئاپـۆ" خاڵـی کۆتایـی لەسـەر دادەنـرا، دواتر چەپڵەڕێـزان دەکـرا، لایەنـە سـەیرەکە ئەوەیـە هیـچ یەکێـك لـەو ماسـتاوچیانە بێ سـەیرکردنی ئـەو دەقـە وتـارەی پێشـتر نووسراوەتـەوەو لەپێشـی دانـراوە ناتوانێت قسـە بـکات، چونکە ئەوانە مێشـکیان توانـای بیرکردنەوەی نەمـاوە، ناتوانن بیرۆکە دابهێنـن و ئـەوەی بیـری لـێ دەکەنـەوە بیڵێـن، بـۆ گردبوونـەوە جەماوەرییـەکان بەخوێندنـەوەی ئایەتەکانـی ڕابـەری مـەزن دەقـی وتـە ئامـادە دەکرێـت و ئـەو

www.arsivakurdi.org

دەقـە لەلایـەن ماسـتاوچییەکەوە بـۆ جەمـاوەر دەخوێندرێتـەوە، لەبـەر ئـەوەی هەمـوو دەقـی وتـارەکان بەکەمێـك دەسـتکاری دیـارە چـی لەناوەڕۆکدایە، هێشـتا ماسـتاوچی دەسـتی بـە ئاخاوتـن نەکـردووە، دیـارە کەچـی دەڵێـت، بەداخـەوە کە جەماوەرەکـەش لەبـەر ئـەوەی جگـە لـە دروشـمی "بـژی سـەرۆك ئاپـۆ" کـە دە سـاڵە دەیڵێنـەوە خـاوەن دەسـەڵاتی داهێنانی دروشـم نیـن ئەوانیـش دەڵێن "بژی سـەرۆك ئاپـۆ" و دەبـن بـە دووبارەکـەرەوە.

هەوڵـم دا ئـەو کەشـە بگـۆڕم، لـەو گردبوونـەوە جەماوەریانـەی ئەنجامـم دەدا ئـەو ڕاسـتییانەی لـە کوردسـتان روودەدەن، کاراکتـەری ئەو شـەڕەی دەوڵەتی تـورك دژ بـە ئێمـەی بەرپـا کـردووە، هـۆکاری نەبوونی رێکخسـتن لەنێو شـارەکان، بەکارهێنانـی ئاییـن و مەزهـەب، کێشـەکانی وەك کۆنـتر گەریـلا و حزبوڵـڵام بـاس دەکـرد، بـەڵام نـەك بەخوێندنـەوە لەسـەر کاغـەز، بەڵکـو بـە شـێوازی خـۆم باسـم دەکـرد، چیـن و توێـژەکان بـە سـەرنجەوە گوێیـان رادەگـرت، گرنگییان بـە وتەکانم دەدا، کاتێـك دەیانبینـی غـەزەل ناخوێنمـەوە، کاتێـك دەچمە سـەر مینبەر دەسـت ناکـەم بـە ریزکردنـی سـتایش بـۆ ڕابەری مـەزن و دواتر دابـەزم، یەکسـەر جیاوازی نێـوان مـن و ماسـتاوچییەکان دەبینن، ئـەوەی من لە گردبوونەوەکان باسـم دەکرد، دوای کۆتایـی گردبوونـەوەکان لـە ماڵـەکان و کۆمەڵـەکان دەبـوون بـە بابەتـی گفتوگۆکـردن، دوای ئەنجامدانـی گردبوونەوەکانـم، ماسـتاوچییەکان زۆر ناڕەحـەت دەبـوون و ناڕەحەتییەکەیـان ئـاوا دەردەبـڕی: (سـەلیم نـەك بەشـێوازی پارتـی، بەڵکـو بەشـێوازی خـۆی وتـار دەدات، بەهیـچ شـێوەیەك بـاس لەڕابەرایەتیـی نـاکات، بۆچوونەکانـی ڕابەرایەتیـی ناهێنێتـە سـەر زمـان، تەنانـەت بـەوەوە نەدەوەسـتان و چیـن و توێژەکانیـان دەکـردە پاڵپشـت بـۆ بۆچوونـە قێزەوەنەکانی خۆیان.

ئـاگادارم لـەوەی کـە دەخزنـە نـاو چیـن و توێـژەکان و دەیانەوێت لـەدژی من هانیـان بـدەن، دەسـتکرابوو بـەوەی بگوترێـت (سـەلیم بەشـێوازی پارتـی قسـە

www.arsivakurdi.org

ناكات، بۆچی باس لە ڕابەرایەتیی ناكات)، لەسەر ئەو ڕێچكەیە بووم كە بڕوام وابوو ڕاستە، ڕێچكەو شێوازی ئەوان بۆ بەمێگەلكردنی خەڵك بوو، منیش دەمەویست خەڵكەكە رۆشن بكەمەوە.

دیكتاتۆر و ماستاوچییەكان بەلانی كەم بەقەد دوژمن لە رۆشنبوونەوە و بیركردنەوە و گەیشتنە رادەی توانای بیرۆكە خولقاندنی چین و توێژەكان دەترسن. ماستاوچییەكان و چین و توێژە خەوێنراوەكان وایان دەزانی لەسەر گۆی زەوی تەنیا یەك گۆرانی هەیە بگوترێت و دەبێت تەنیا دەكرێت بەیەك مەقام بگوترێت، منیش باسم لەوە دەكرد كە ئەو گۆرانییەی دە ساڵە بە هەمان مەقام دەگوترێتەوە ژیانە جوانەكە دەكات بە رۆتین. ئەو وتارانەی كە ماستاوچییەكان پێشكەشیان دەكرد كاریگەری نەبوو بەسەر چین و توێژەكانەوە، چونكە ستایش دەكرێت، دروشمی هاندەر لێدەدرا، دەڵێن (ئەی دایكەكان لەمەودوا لەشوێنی لایلایە بژی سەرۆك ئاپۆ بۆ مندالەكانتان بڵێنەوە) چین و توێژەكان بە گوێگرتن لە وتەی ناوەڕۆك بەتاڵ فێری هیچ شتێكی نوێ نەدەبوون، بەڵام ئەو وتانەی من پێشكەشم دەكرد وەك نقورچەیەك وابوو و وای دەكرد كە مرۆڤەكان بیر بكەنەوە، هەستی بەرپرسیارێتیان دەجولێنێت، وای لێدەكا كە ئەوەی نەیاندەبینی بیان بینێت، تۆنە رەساییەكەی ناو رەش ببینن، خەوەكەیان بڕەوێنێتەوە، هانی دەدا بۆ خەباتكردن. بەهۆی ئەو حاڵەتەوە بوو كە چین و توێژەكان روانینیان بۆ من جیاواز بوو، واتا خەڵكی دەیانزانی كە من ماستاوچی نیم، ناڕەحەتییەكە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، نەبوونم بە ماستاوچی گوتنی ئەوەی كە جگە لە رەش و سپی ڕەنگی تریش هەیە، لەسەر گۆی زەوی جگە لەیەك گۆرانی، گۆرانی تریش بوونی هەیە، نیشاندانی ئەوەی جگە لە مەقامێك، مەقامی تر هەیە، ئەوا هەندێكی ناڕەحەت دەكردو دەیانویست پەیڕەوی ڕێچكە بكەم، ئەوەم قبوڵ نەدەكرد، تەنانەت ئەگەر ڕووبەڕووی هەموو گەلی كوردستان ببامەوە، چونكە من بۆ ماستاوكردن نەهاتوومەتە ڕیزەكانی پەكەكە.

www.arsivakurdi.org

هـەر لەسـاڵی ١٩٧٤ەوە لەسـەڕووی هەمووانـەوە خانەوادەکـەم و هەمـوو گەلـی کـوردو تورکـم ڕووبـەڕووی خـۆم کردەوە تـا نەبم بە ماسـتاوچی کەمالیـزم و ژیانم لەسـەر دانـا، کاتێـك دیکتاتۆرییـەت جێـگای ڕێکخـراوی گرت لـە ئەورووپـا زۆرێك ماسـتاوچێتیان کـرد بـە کارو پیشـەی خۆیـان و پێـی بـوون بە خـاوەن پایە.

دوو ماسـتاوچی کـە زۆر لەنزیکـەوە دەیانناسـم سـەرنجڕاکێش بـوون، لەبـەر ئـەوەی شـیکاریکردنی ئـەم دووە بیرۆکەیـەك دەدات دەربـارەی ئەوانـی تـر، لەسـەریان دەوەسـتمەوە، یەکێکیـان لەبـەر ئـەوەی لـە زیندانەکانـی کوردسـتان داڕووخـا، کۆتایی پێهات، بـڕوای کوردایەتی نەما و خێزان و منداڵەکانی کۆکردەوەو هەڵاتـە ئەورووپـا، لێـرەدا لەبـەر ئـەوەی دەیزانی دەتوانێـت بەماسـتاوکردن ژیانی بگوزەرێنێـت هاتـەوە نێـو ڕیـزەکان، بەتەواوی لەوەزیـری ناوخۆی پێشـووی تورکیا عسـمت سـەزگین دەچـوو، بـە لـەش و مێشـکییەوە هەروەك سـەزگین بـوو، کاتێك هەردووکیـان بـەراورد دەکـەم ئەنجامـی زۆر سـەیر بەدەسـت دەهێنـم، لەکاتێکدا لـە تورکیـا ئەوەنـدە بەهرەمەنـد هەیـە کەسـێکی وەك عسـمت سـەزگین بکرێـت بـە وەزیـری ناوخـۆ، ئـەوە بەرێککـەوت نییـە، لـە تورکیـا ئایدیۆلۆژیایەکـی فەرمی باڵادەسـتەو رژێمـی شـەڕی تایبـەت هەیـە. ئایدلۆلۆژیـای فەرمـی و شـەڕی تایبـەت مرۆڤـی بیرکـەرەوە، ئـەوەی مێشـکی کاربـکات، مرۆڤـی زیـرەك نابـەن بـۆ پلـە گرنگـەکان، ئـەو کەسـانە دەبەنـە بـەردەم دادگا، دەسـتگیریان دەکـەن، لەزیندانـەکان دەیانرزێننـەوە، وای لێـدەکات کـە دەسـت لـە کار بکێشـێتەوە و یاخـود بـە خیانەتـکاری وڵات ڕایدەگەیەنـن، ئـەو کەسـانەی کە مێشـکیان باش کار نـاکات، تەنیـا ئـەو فەرمانانەی پێیـان دەگوترێـت جێبەجێی دەکات، ئـەوەی بۆیان چـاپ دەکرێـت نـوێ دەکاتـەوە، بەهیچ شـێوەیەك لەوانـە دەرناچـن و دەیانهێنێتە شـوێنە هەسـتیارەکان.

عسـمەت سـەزگین لەبـەر ئـەوەی خـاوەن ئـەو تایبەتمەندیانـە بـوو ماوەیەکی درێـژ وەزارەتـی ناوخـۆی پێسـپێردرابوو، چەنـد وتارێـك و کۆنگرەیەکـی

ڕۆژنامەوانی ئەوم لە تەلەفزیۆنەوە سەیرکردبوو، وتەکانی لەیەکتر دەچوون، هەمان شتەکانی دووبارە دەکردەوەو دەچوو، وتەکانی دووبارەی ئایدیۆلۆژیای فەرمی تورکیابوون، دەیگوت: (ئەو چەتە دەست بەخوێنەی چاوی بڕیوەتە یەکپارچەیی و بەیەکەوە ژیانمان چاودێری دەکەین و لەو هێزەداین کە لەناوی ببەین، نەتەوەی تورك خاوەن رەگ و رەچەڵەکە، تێکدەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئەوە باش بزانن)، ئەو تابلۆ یەك جۆرە ڕەنگ رەشە، هەمان گۆرانی بە هەمان مەقام لە ٧٠ ساڵەوە دەگوترایەوە، عسمت سەزگین دووبارەکەرەوەیەکی سادە بوو.

لای ئێمەش ئایدیۆلۆژیای فەرمی هەیەو باڵادەستە، عیسمت سەزگینەکان بۆ ئایدیۆلۆژیای فەرمی پێویست بوون، ئەوانەی مێشکیان کار دەکات، بیر دەکەنەوە، تۆنە رەساسییەکانی ناو رەش دەبینن، ڕزگاریان نابێت، دەبوو وەك بێنرخ، خیانەتکار و دوژمن نیشان بدرێن، ئەوانە یا دەکوژرێن یا دەخرێنە زیندانەوەو یاخود بە ناپێویست رادەگەیەنرێن، ئەوەی مێشکی کار ناکات، بیر ناکاتەوە، تەنیا بە دووبارەکەرەوەی وتەکانی یەکێکی مەزنن، لە ئەورووپا ورگیان زل دەکەن و مێشکیان پوچ دەکەنەوە، بەچین و تویژەکان دەڵێن: (دایکان لەشوێنی لایلایە دروشمی بژی سەرۆك ئاپۆیان فێر بکەن) و هاوار دەکەن، ئەو جۆرە عیسمەت سەزگلینانە پێویست بوون.

یەکێکی تریش هەبوو، ئەویش بەر لەکودەتای ١٢ی ئەیلوول بە خێزان و منداڵەوە هاتبووە ئەورووپاو نیشتەجێ بووە، هەر لەو کاتەوە تا ئێستا بە ماستاوکردن ماوەتەوە، هەر بە خەیاڵیدا نەهاتووە بچێت بۆ شەڕکردن، یلدرم ئاکبولوتێك بوو کە لەسەر توانای خەڵك دەژیا، لەسەردەمی حکوومەتی پارتیی نیشتمانی دایك ماوەیەکی درێژ وەزیری ناوخۆبوو و سەرۆك وەزیران ڕێککەوت نییە، دوای ئەوەی ئۆزاڵ بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێدرا، پارتیی نیشتمانی دایك لەنێو پەرلەمانتارانیدا بێ بەهرەترین و بێ زانیاریترین کەسی

www.arsivakurdi.org

وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژارد، چونکە ئایدیۆلۆژیای فەرمی و شەڕی تایبەت پێویستی بە کەسێکی وا هەبوو، ئایدیۆلۆژیای فەرمی ئێمەو ئاکبوڵوتی ئێمە وەك مەنجەڵ و سەرەکەی بەتەواوی بۆ یەکتر گونجاوبوون.

لایەنە سەیرەکە ئەوەیە ئاکبۆلۆت و سەزگینەکەی ئێمە یەکتریان زۆر خۆشدەویست، پاڵپشتی یەکتریان دەکرد، لە هەموو بابەتێك وەك یەکتر بیریان دەکردەوە، ڕاستتر وایە بڵێین لەبەر ئەوەنا کە بیریان دەکردەوە، لایەنە هاوبەشەکەیان ئەوەیە کە بەهرەی بیرکردنەوەیان نییە.

لەناسران یاخود بەناوبانگبوونی من نارەحەت دەبوون و ماوە ماوە ئەوەیان بەمن دەگوت، جارێك دوای ئەوەی ڕەخنەی ئەوانم سەبارەت بەو بابەتە بیست گوتم: (بۆ بەناوبانگبوون بەهرە پێویستە، ئێوە ٥ یاخود ١٠ ساڵە لە ئەورووپان، لە هەموو شوێنێك ئێوە هەن، لە هەموو گردبوونەوەیەك ئێوە وتار دەدەن، بەڵام دووبارە ئێوە ئامادەییتان نییە، لە مێشکی کەسەکان شوێن پێ جێناهێڵن، بەهرەتان نییە، وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایین، ئەگەر بشناسرێن هەروەك ئاکبوڵوت و سەزگین دەناسرێن، ڕووخساریان سوور هەڵگەڕابوو.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان کە لە ئەورووپا ئەنجامدرا لەگەڵ ئەوانە بەیەکەوە ڕێکمانخست، ڕابەری مەزن لەشوباتی ١٩٩٢ لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز سەبارەت بە ئەنجومەنی نەتەوەیی وتارێکی خوێندووەتەوە، وتارەکە گەیشتبوو بە ئەورووپا، ئێمەش لە ئایاری ١٩٩٢ بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی نەتەوەیی و هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل دەستمان کرد بە ئامادەکاری پێویست. ماستاوچییەکان لەبەر ئەوەی کە نەیاندەزانی بیر بکەنەوەو بیرۆکە بدۆزنەوە، بەردەوام وتارەکەی ڕابەری مەزنیان سەبارەت بە ئەنجومەن دەگوتەوە، لەکاتێکدا لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کارەکان دەیان کێشە هاتە کایەوە، لەبەرانبەر ئەو کێشانە گیریان دەخوارد و دەمانەوە، بۆ نموونە: هەڵبژاردن چۆن دەکرێت، کێ دەتوانێت بەشداری هەڵبژاردن بکات،

www.arsivakurdi.org



کێ دەتوانێت دەنگ بدات، گرووپە کوردییەکانی تر دەتوانن بەشداری هەڵبژاردن بن، هەلبژاردن لە کوردستان چۆن دەکرا، دۆخی پەرلەمانتارانی پارتیی رەنجی گەل چی بەسەردێت، ئەو ئەنجومەنەی دادەمەزرێت لەگەڵ ئەو ئەنجومەنەی لە باشوری کوردستان دامەزراوە پەیوەندی چۆن دەبێت، دۆخی کوردانی سووریا چی بەسەردێت، ئەو کوردانەی لەوڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو دەژین دەتوانن کاندید بۆ ئەنجومەن رەوانە بکەن، زۆر پرسیاری تری ئاوا هاتبوونە کایەوە.

ماستاوچییەکان لەبەر ئەوەی لە توانای بیرکردنەوە خاڵی کراون، ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، چاوەڕوانی بیرکردنەوە بەرزەکانی ڕابەری مەزن بوون تا بتوانن دووبارەی بکەنەوە، ڕابەری مەزنیشمان لەبەر ئەوەی بابەتی ئەنجومەنی وەك بابەتێکی پڕوپاگەندە دەبینی سەبارەت بەو بابەتە بیرۆکەی نەبوو، ڕابەری مەزنمان مێشکی بەو کارە گرانانە ناشێت، کاتێك بینیم دۆخەکە ئاوایە، هەموو بابەتەکانم روونکردەوە، لە ڕۆژنامەکان نووسیم، لەو ریپۆرتاژانەی لەگەڵم ئەنجام دەدران وەڵامی روون و ئاشکرای ئەو پرسیارانەم دەدایەوە کە ئاڕاستەم دەکرا، لە گردبوونەوە جەماوەرییەکان بۆچوونی خۆم دەربڕی، لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن سەبارەت بە چۆنێتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بیروڕای خۆم سەپاند، بەم جۆرە لە چۆنییەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەو ئەنجومەن بۆچوونەکانم بوون بە فەرمی، کاتێك دۆخێکی وا هاتە کایەوە ئاکبولوت و سەزگین بوون بە پارێزەرانی بۆچوونەکانم کە ببوون بە بۆچوونی فەرمی، ڕابەری مەزن هەر خۆی بۆچوونی لەو بابەتانەدا نەبوو، ماستاوچییەکانیش بێ بیروبۆچوون بوون، کاتێك وەڵامی پرسیاری چین و توێژەکانم دایەوەو بابەتە ناڕوونەکانم بۆ ڕوونکردنەوە، ئەوانیش دەستیان کرد بە دووبارەکردنەوەی وتەکانی من، ڕابەری مەزن بە تەواوی ئاگاداری ئەو کەشە نییە کە خوڵقاوەو کارکردنی ئەنجومەنی بەباش دەزانی،

www.arsivakurdi.org

ئەو بیرۆکانەی سەبارەت بە ئەنجومەن دامهێنا، ئەو وتارانەی سەبارەت بە بابەتەکە پێشکەشم کرد، ئەو وەڵامانەی بۆ پرسیارەکان و ریپۆرتاژەکان دامەوە، ئاخاوتنم لە گردبوونەوە جەماوەرییەکان، دەستی پێکردبوو کە ڕوانگەیەکی ئەرێنی لەسەر جەماوەری ئێمەش و دەوروبەرە ئەورووپییەکە دروست بکات، ئەنجومەن و کارکردنی هەڵبژاردن توانی کەشێکی نوێ لەنێو چین و توێژە کوردەکانی ئەورووپا دروست بکات، لەسەر بنەمای ئەو وتارانەم کە لەژمارەیەکی زۆر دەزگای ڕاگەیاندن بڵاوکرانەوەو باسکردنی ڕۆژنامەیەك سەبارەت بە من و ناوهێنانم بە (سەرۆك وەزیرانی داهاتوو) ڕێنمایی (پێش نەکەوێت "درا بە ئاکبوڵوت و سەزگین".

لۆژیکی دیکتاتۆرییەت ئاوابوو، بڕوای وایە کە ئەگەر من پێش بکەوم ئەو لە دواوە دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا کێشەکە ئەوە نییەو من ئامانجێکی ئاوام نەبوو، ئاکبوڵوت و سەزگین ئەو ڕێنماییەی (پێش نەکەوێت)یان ئاوا بە نەزانانە جێبەجێ دەکرد، کە بێ خواستی خۆم کاردانەوەم هەبێت. لە کۆنفرانسی ئەنجومەن کە لە گییسەن[٥] بەڕێوەچوو پێنج کەس بۆ دیوان هەڵدەبژێردرێن.

هەڵساین لەو شوێنانەی کە لێیەوە هەڵبژێردرابووین و چووینە سەر مێزی دیوان، هێشتا سەرۆکی دیوامنان لەنێو خۆمان هەڵنەبژاردبوو، ئاکبوڵوت بە پەلە نقورچەیەکی لە سەزگین داو گوتی: (بچۆ سەر سەرۆکایەتی دیوان و سوپاسی نوێنەران بکە)، دەڵێم کە ئەو ڕێگایە دژە دیموکراسییە هەوڵدەدەن من تاوانبار بکەن، بە ئامانجی ناساندنی نوێنەرانی گەل کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ساز دەکەین، چۆنییەتی کارکردن، ئامانج، شێوەی ئەنجومەن ناوەڕۆکی بۆ ڕاگەیاندن باس دەکەین، بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی وتەبێژ پێویستە،

---

٥ کۆنفرانسی گییسەن، لە ١٩-٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ لە شاری گییسەنی ئەڵمانیا لە کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردستان کە بە بەشداری (٤٣٠) نوێنەر کە لەوڵاتە جیاوازەکانی ئەورووپاوە هەڵبژێردرابوون و زیاتر لە هەزار کەس ئامادەی ببوو بە ئامانجی نوێنەرایەتیکردنی کوردانی ئەورووپا ١٥ نوێنەری گەل هەڵبژێردرا.

www.arsivakurdi.org



ئاکبوڵوت پێشنیازی سەزگین و سەزگین پێشنیازی ئاکبوڵوت دەکات، ئاشکرایە کە هەردووکیان لەسەر ئەوە پێك هاتوون کە من نەیکەم، چونکە ئەگەر من بیکەم پێش دەکەوم! هەردووکیان و ئەوەی ڕێنمایی پێداون دەزانن کە من لەسەزگین و ئاکبوڵوت باشتر وتەبێژییەکە دەکەم، کارکردنی دیموکراتیانەی ئەنجومەن بەڕێنمایی ڕێگری لێدەکرێت، لەچوونە پێشم و زیاتر ناسرانم دەترسن، ئەها بەو نزیکانە من لەناو دەبات لەئێستاوە هەوڵدەدات ئەو گومانانە نەهێڵێت کە لە مێشکی خەڵك دروست دەبن، سەزگین و ئاکبوڵوت لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ناتوانن قسە بکەن، توانایان نییە وەڵامی ئەو پرسیارانەی ڕۆژنامەنووسان بدەنەوە، کە ئاڕاستەیان دەکەن، زۆر باش ئەوەم دەزانی بەقەد ڕادەی ناسینی پاول بۆ کەرەکەی منیش پیاوەکانم دەناسم.

ئەوانە هەندێك وشە هەن کە بەلەبەرکردن دەیزانن، ئەوانە ئەو غەزەلانەی کە بۆ خەواندنی موگناتیسی لە گردبوونەوە جەماوەرییەکان بە ئامانجی مێگەلکردنی چین و توێژەکان بەکاردەهێنرێن، لەوە دەترسم کە لەبەردەم ڕۆژنامەوانانی جیهان دووبارەی بکەنەوە و ئابڕوومان دەبەن یاخود دەکەونە دۆخی ئەو پەرلەمانتارانەی لەبەردەم سەددام حوسێن هەڵدەپەڕین لە ئەنجامدا ئاکبوڵوت وتەبێژیی کرد، پارتیی ئاوای فەرموو بوو، خواستی گرووپی ئەنجومەن ژێر پێ خرابوو، کۆنگرەکە زۆر بەساردی بەڕێوەچوو، ئاکبوڵوت نەیتوانی هیچ شتێکی نوێ بڵێت، دوای کۆنگرەکە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن ڕەخنەیان لە ئاکبوڵوت گرت، بێگومان لەبەرانبەر ئەو دۆخە ئاکبوڵوت و سەزگین من تاوانبار دەکەن، بەگوێرەی ئەوان لەبەر ئەوەی من ڕەخنەم لە ئاکبوڵوت گرتووە ئەوانیتریش ئەو ئازایەتییەیان وەرگرتووە کە ڕەخنەی لێ بگرن، ئایدیۆلۆژیای فەرمی پەرلەمانتاری وای نەدەویست کە ئازابێت و ڕەخنە بگرێت، پەرلەمانتاری وای دەویست کە ملکەچ بکات، ئاکبوڵوت و سەزگین لەنێو گرووپی ئەنجومەن خۆیان وەك دەسەڵاتی پارتی

www.arsivakurdi.org

دەبینی، منیشیان بە بێدەنگییەکەم بۆ لای خۆیان راکێشابوو و بە تەواوی هەوڵی نەهێشتنی تایبەتمەندی دیموکراسی ئەنجومەنیان دەدا.

بەگوێرەی ئەوان دیموکراسیترین بەڕێوەبردن ئەوەیە کە یەک کەس ڕێنمایی بە سێ کەس بدات، ئەو سێیەش ئەرکیان ئەوەیە کە ئەوانیتر پابەندی ڕێنماییەکە بکەن، بەگوێرەی ئەو پلانە ئاکبوڵوت دەبێتە ڕێکخەر ڕێنمایی لە ڕابەری مەزنەوە وەردەگرێت، هەر سێکیشمان لەچوارچێوەی ئەو ڕێنماییانە ئەوانەی تر ببەینە ژێر دیسپلینەوە، بەهەموو جۆرێك ڕووبەڕووی ئەو تێگەیشتنە دەوەستمەوە، دەڵێم: (ئەنجومەن دەبێت بە دیموکراسی کاربکات، بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ دەبێت دەربچێت، ڕێنمایی نابێت لەدەرەوە وەربگیرێت، پەکەکە لەسەرووی ئەنجومەن نابێت، لەناو و ژێری دەبێت)، ئەو بۆچوونەم بۆ ڕاگەیاندنیش دەردەبڕم، بەگوێرەی من دەبوو ڕابەری مەزنیشمان وەك نوێنەری گەل هەڵبژێردرابا، ئەگەر پێویست بێت پایەیەکی بۆ دابنرێت، دەبێت ئەنجومەن بڕیار بدات. لەو ریپۆرتاژانەی لەگەڵم ئەنجام دەدرێت و لەوەڵامی ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەم دەکران، لەو وتارانەی سەبارەت بە ئەنجومەن نووسیم ئاوا هێناومەتە سەر زمان، زۆربەی ئەندام پەرلەمانتارانی دی بڕوایان وایە کە بیرو بۆچوونەکانم ڕاستن و بەگوێرەی ئەوەوە هەڵوێستی خۆیان دەنواند.

سەزگین و ئاکبوڵوت بە توندی لەدژی ئەو دۆخەن، هەردووکیان خۆیان بە پارێزگاری پارتیی و منیان وەك ئەوە هەڵدەسەنگاند کە پارتیی لە ئەنجومەن دەردەکەم، هەرچەندە من بیرۆکەیەکی وام نەبوو، من پێشنیازی دیموکراتی و کارکردنی ئەنجومەنێکی دیموکراتیم دەکرد، ڕاستی کارەکە ئەوەیە کە لەو شوێنەی دیموکراتییەتی لێ بێت کاری ماستاوچییەکان کۆتایی پێدێت، ماستاوچییەکان زۆر لەو کارەساتە ترسناکە دەترسان، شڵەژانی پاڕاستنی پارتی تەنیا ماسکێك بوو. ئاکبوڵوت لە ئەڵمانیا بەرپرسی ناوچەی ناوەڕاست بوو، ١٠

www.arsivakurdi.org

ساڵە لە ئەڵمانیا دەژییێت و ماستاوی بۆ ڕابەری مەزن دەكرد. لەكاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەن كاندیدێتی خۆی لەناوچەی ناوەڕاست ڕاگەیاند، سەرەڕای ئەوەی كە قەدەغەبوو تواناكانی ژێر دەسەڵاتی و كارمەندانی بەكارخست و كاری بۆ ئەنجامدا، كاتێك سندووقەكان كرانەوە، لەچوار نوێنەر، توانی بەچەند دەنگێك چوارەم بێت.

یەكەم، دووەم و سێیەم سێ ئافرەتی وڵات پەروەر بوون، هەرسێكیشیان توانای پڕوپاگەندەیان نەبوو، هەرسێكیشیان زۆر زۆر زیاتر لە ئاكبوڵوت دەنگیان بەدەستهێنابوو، ئەو ڕاستییەش نیشان دەدات كە خەڵك ماستاوچییەكانی خۆشناوێت، دیموكراتییەت و هەڵبژاردن ماستاوچییەكان لەناو دەبات، دیكتاتۆریش و ماستاوچییەكانیش زۆر لەو كارەساتە دەترسن، ئاكبوڵوت هۆكاری ئەو شكستهێنانەی لە ماستاوچێتی خۆی و ئاكبوڵوتێتی خۆی نەدەبینی، ڕەخنەی لەمن دەگرت: (بەو ئاخاوتنەی بۆ ڕۆژنامەكانت كرد ئافرەتەكانت پێشخست، خەریك بوو سەرنەكەوم). ماستاوچییەكان خەمی لەدەستدانیان هەبوو، هەڵبژاردنی هەندێك وڵاتپەروەریان بەكاریگەری من دەبەستەوە، لەناوچەی خۆشم و لە كۆنفرانسیش بە یەكەمین ئەندام هەڵبژێردرام و ئەوە ماستاوچییەكانی تووڕەتر كردبوو، سەرەڕای ڕێنمایی "پێش نەكەوێت" من پێش دەكەوتم، دوای ئەوەی وەلیش بەشداری چالاكییەكانی ئاكبوڵوت و سەزگین بوو لەدژی من زیاتر بڕوام بە جیدیەتی ڕێنماییەكە كرد. وەلی كەسێك بوو كە ڕاست و كاركەربوو، ئەو كارەی پێی دەسپێردرا وەك حەماڵێك جێبەجێی دەكرد و داهاتووی نەدەبینی، وەلیش وەك ئاكبوڵوت و سەزگین قسە دەكات، دەڵێت: (تۆ پەیوەندی تایبەت لەگەڵ خەڵك دروست دەكەیت، چین و توێژەكان بەخۆتەوە وابەستە دەكەیت، هەر شوێنێكی بۆی دەچم باس لە تۆ دەكەن نەوەك پارتیی!)، كاتێك دەڵێت باس لە تۆ دەكەن نەوەك پارتیی، دەزانم مەبەستمی لە پارتی ڕابەری مەزنە، دەپرسم (باشە لە كوێ لەگەڵ چین و

www.arsivakurdi.org

توێـژەکان پەیوەنـدی تایبەتیـم دروسـتکردووە) دەڵێـت لـە "فرانکفـۆرت". بیـر دەکەمـەوە لـە فرانکفـۆرت لەگـەڵ هیـچ کەسـێك پەیوەندیـم نییـە، لەبـەر ئەوەی خێزانەکـەم لـەوێ دەمایـەوە مـاوە مـاوە دەچـووم، لـە چەنـد گردبوونەوەیەکـی جەمـاوەری وتـارم داوە، لەچەنـد ماڵێـك ماومەتـەوە، بـەڵام کاتـم نەبـووە لەگـەڵ کـەس پەیوەنـدی تایبەتـی دروسـت بکـەم.

بـۆ چوونـە شـام دەچمـە فرانکفـۆرت، لـە کۆمەڵـەی کولتـووری لەگـەڵ (هـەر بـژی) قسـە دەکـەم، نازلـی خوشـکی فەرماندە شـیار[٦] ئێمـە داوەتـی ماڵەکـەی دەکات، دەچینـە ماڵـی هەر بژی و نازلی، لە هۆڵەکە لەسـەر قەنەفەیەك دانیشـتم چـاوم کـەوت بـە وێنەیەکـم کـە لەگـەڵ نازلـی گرتبـووم لەسـەر تەلەفزیۆنەکـە دانرابـوو، دواتـر چـاو بـە دیوارەکانـی ژوورەکـەدا دەخشـێنم، لـە دیوارێـك وێنـەی گیڤـارا و لـە یەکێـك هـی فەرمانـدە شـیار هەڵواسرابـوو، هەڵسـامەوە و گـەڕام بـە ژوورەکانـی تـرداو سـەیری دیوارەکانـم کـرد، لـە ماڵەکـەدا وێنـەی ڕابـەری مـەزن نییـە، لـە ئەورووپـا لـە ماڵـی وڵاتپەروەرێـك وێنەی ڕابەری مـەزن نا، بەڵکـو وێنەی سـەلیم چوروککایـا لەسـەر تەلەفزیـۆن دانـراوە! بەخۆمـم گـوت "سـەلیم سـوتای!" نازلـی بۆچـی واتکـرد؟ ئـەوەی تـۆ کـردت خەڵکـی چۆرومیـش نایـکات، سـەلیمت سـوتاند، لەسـەر قەنەفەیـەك دادەنیشـم دوای کەمێـك بیرکردنـەوە پرسـیارم کـرد: (وەلـی دێتـە ئـەو ماڵە؟) دەڵێـت "بـەردەوام لێرەیە" کاتێـك ئەو وەڵامـە وەردەگرم لـە مەترسـی پەیوەنـدی تایبەتـی فرانکفـۆرت تێدەگـەم.

بـۆ ئـەوەی مانگرتنـی برۆکسـل بـە ڕابەرایەتیـی ئەنجومـەن بێـت، سـەرەڕای ناڕەزایـی گشـت ئەندامانـی سـەنتەری ئەورووپـا، لەگـەڵ ڕابـەری مـەزن ڕێـك

---

٦ فەرماندە شیار، لەدوایین دەستگیرکردنم لە بیقاع کاتێك پەرتووکی "ئاخاوتنەکانی بێتەلی ١٩٩٢" م خوێندەوە، لەلایەن رابەری مەزنەوە گومانی ئەوەی دەخرێتە سەر کە "پیاوی محەممەد شەنەرە" تەنانەت دەڵێت: بێگومان لەژێر کاریگەری ئەو بووە بۆ لێکۆڵینەوە دەفەرموێت بنێردرێنە لای، لەسەر بنەمای ئەو فەرموودەیە شیار کاتێك بەبۆتاندا رەت دەبێ ناگاتە شام و لەڕێگا شەهید دەبێت لە ڕێگا، کاتێك "خیانەتکار"ێك بوو لەماوەی دادگاییکردندا شەهیدببوو بە "گەورەترین قارەمان!".

www.arsivakurdi.org

دەکەوم و لەڕابەرایەتیی ئەنجومەن دەستپێکی مانگرتنەکە رادەگەیەنم، ئاکبوڵوت و سەزگین بە "ئاخ و ئۆف"ەوە دەخەمە مانگرتنەوە، دواتر ئاستێکی بەرزتر دێنمە مانگرتنەکە، بەسوود وەرگرتن لە ڕابەرایەتییکردنی ئەنجومەن بۆ مانگرتنەکە پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانی ئەورووپا دەبەستم و ئامانجم بە یاساییکردنی ئەنجومەنە، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ پەرلەمانتار تەیمور سایان بەیەکەوە دەست دەکەین بە نووسینی پەیام بۆ هەریەك لە سەرۆك و سەرۆکوەزیرانی وڵاتانی ئەورووپا، ماندێلا و پاپا جان پاول کە تیایدا دوایین دۆخی کوردستان و قەتڵوعامی دەوڵەتی تورك لەدژی هاووڵاتیان بەژمارە روون دەکەینەوە، جیا لەمە پەیامی پرۆتستۆ بۆ هەریەك لە سەرۆك کۆماری تورکیا تورگوت ئۆزال، سەرۆك وەزیران سلێمان دەمیرەل و سەرۆکی پەرلەمان حیسامەدین جیندۆروك دەنووسین، دوای ئەوەی بۆ هەموو نوێنەرە بەرەچەڵەك کوردەکانی پەرلەمان پەیامی ئەوەمان نووسی کە لەدژی ئەو قەتڵوعامەی لەکوردستان ئەنجام دەدرێت پێویستە بێدەنگ نەبن، لەژێر پەیامەکان ناوی ئەندامانی ئەورووپای ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان دەنووسم و بۆ واژۆکردن دایدەنێم، گرنگیمان بەوەدا کە پەیامەکان بەزمانێکی دیبلۆماسی بێت، توانیمان ئەوانەش بێدەنگ بکەین کە لەدژی شێوازەکە هاتنە دەنگ.

کاتێك مانگرتنمان لەخواردن لە برۆکسڵ ڕاگەیاند، بەدامەزراندنی بیرۆی ڕاگەیاندن کە لەوانە پێکهاتبوو کە زمانی بیانییان دەزانی، بیرۆی سکرتاریەتی نوێنەرانمان دامەزراند، بەوەرگرتنی کات لە باڵیۆزانی دەوڵەتان لە برۆکسڵ و بەناوی پەرلەمانتارانی ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان چەندین دیدارمان ئەنجامدا، بەمەبەستی گەیاندن بەسەرۆك کۆماری وڵاتەکەیان یەك یەکە نامەکانمان بەدەست دا بە دەستی باڵیۆزەکان، لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا، پەرلەمانی بەلجیکا، هۆڵەنداو هامبۆرگ بەناوی پەرلەمانتاران دیدارمان ئەنجامدا، ئەو دۆخە واتای کردنەوەی دەرگای دیبلۆماسی بوو

www.arsivakurdi.org

بەڕووی ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان، لەبەر ئەوەی لە بەرزکردنەوەی ئاستی مانگرتنەکە بەو رادەیە کاریگەری من و تەیمور زۆر بوو ئاکبوڵوت و سەزگین بەردەوامبوون لە دەربڕینی ناڕەحەتییەکانیان بەرانبەر بە من، هەردووکیشیان ڕۆژانە زانیاریەکانیان بەرێکخەر و ئەویش بە ڕابەری مەزنی دەدا، لێدوانم دەدا کە ئەنجومەنی نەتەوەیی کورد بەرزترین پێگەی بڕیاری کوردە، مانگرتن لە خۆراکی برۆکسڵ و ئەنجومەن لەلای سیاسەت، دیبلۆمات و ڕاگەیاندنی ئەورووپا دەنگی دەدایەوە، ڕاگەیاندنی ئەورووپاو کەناڵەکان بەفراوانی ئەنجومەنی نەتەوەیی، کێشەی کوردو مانگرتن لە خواردنیان بۆ ڕای گشتی باس دەکرد، بەڵام لێرەدا شتێك کەم بوو هیچ باسی ڕابەری مەزن نەدەکرا! دەزگایەك بەناوی ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان شوێنی ئەوی گرتبوو.

جاری یەکەم بوو لە ئەورووپا بەرەوپێشچوونێکی ئاوا سامناك رووبدات! چونکە لەمەوبەر لەهەموو ئەو مانگرتن و چالاکیانەی لە ئەورووپا ئەنجامدەدران، ئەوەی لەپلانی هەرە پێشەوەدابوو ڕابەری مەزن بوو، هەموو چالاکییەك بەدروشمەکانی ستایشی ئەو دەستی پێدەکرد، بەهەڵگرتنی وێنەی گەورەی ئەو بەردەوامی دەکێشا، بەوتاری ستایشکردنی ئەو کۆتایی پێدەهێنرا. هەر لەبەر ئەو هۆکارە بوو ڕای گشتی ئەورووپا گرنگی بەم جۆرە چالاکیانە نەدەدا، من لەو مانگرتنە بەمەبەست ڕابەری مەزنم خستە دوواوە، گەلێك ڕووبەڕووی قەتلوعام دەبووەوە، دەوڵەتی تورکیا بێویژدانانە هەوڵی لەناوبردنی ئەو گەلەی دەدا، زیاتر لە ٥٠٠ هاووڵاتی لەچالاکی پێچەوانە لەشارەکان کوشتبوو، ئەو گەلە بۆ ڕابەرایەتییکردنی ئەو نوێنەری هەڵبژاردبوو، ئەوەی پێویست بوو پێش بخرێت ئەوانە بوون، بەڵێ ئەوانەو ئەو درامەی گەلی کورد لەناویدا دەژی بخەیتە دوواوە کەسێك پێش بخەیت خیانەتە لە گەلی کورد! کاتێك کێشە ڕۆح لەناوبەرەکانی گەل هەبن، لەشوێنی دروشمی

www.arsivakurdi.org

"بـژی سـەربەخۆیی" گوتنـی دروشـمی "بژی سـەرۆك ئاپۆ" واتا بەربەسـت خسـتنە بـەردەم سـەربەخۆیی، هـەر خـۆی لەبـەر ئـەوەی هاتنـە پێشـی هەمـوو شـتێکی دیکتاتۆرێـك لەچالاکـی ئەورووپـادا وایکردبـوو کـە ڕای گشـتی بێدەنگـی بنوێنێـت لەبەرانبـەر تراژیدیـای ئـەو گەلـە مەزنـە. ڕوونکردنـەوەی ئـەو گرنگـی نەدانـە بـە گاڵتەجاڕییەکانـی وەك سیاسـەتی داگیرکـەر پڕوپاگەنـدەی پوچـی دیکتاتـۆرە.

حکوومەتـەکان بخەنـە لایەکـەوە، لـە خۆنیشـاندانەکان، نمایشـەکان، گردبوونـەوەو کۆبوونـەوەکان بـاس لـە دۆخ و تراژیدیـای گەلـی کـورد بـۆ گەلانـی ئەورووپـا ناکرێـت، بـەرز و گەورەیـی ڕابەری مـەزن باس دەکرێت. لەو نمایشـانەی دەیەهـا هـەزار کـەس تیایـدا بەشـداری کـەن، تەنیا وێنەی گـەورەی ڕابـەری مەزن هەڵدەگیرێـت، وتارەکانـی ستایشـی ئـەو دەکـەن، دەخوێندرێنـەوە، دووبـارە ئـەو دروشـمانەی ستایشـی ئەو دەکەن دەگوترێـن. بەو گاڵتەجاڕییانـە گەلانی ئەورووپا چـۆن لـەو ئازارانـە تێبگـەن کـە گەلـی کـورد چەشـتوویەتی؟ ئـاوا بـە بتکردنـی کەسـێك لەچـاوی ئەورووپاییەکانـدا گاڵتەجـاڕی بـوو. بـە تەمەنـە ئەڵمانـەکان کاتێـك لەشـەقامەکان گەنجەکانمـان دەبینـن وێنـەی ڕابـەری مەزنیـان هەڵگرتـوو و هـاوار دەکـەن "بـژی سـەرۆك ئاپـۆ"، ئـاوا بەسـەیری دەیانڕوانی هـەروەك بڵێی ٤٠ سـاڵ لەمەوبەریـان هاتبێتـەوە خەیـاڵ.

خۆنیشـاندانێك کـە دوای بۆردوومانکردنـی شرنـاخ بەڕێـوە دەچێـت، ئەگـەر لەشـوێنی دروشـمی "بەنەفـرەت بـن بۆردومانکەرانـی شرنـاخ" دروشـمی "بـژی سـەرۆك ئاپـۆ" بـە خەڵکەکـە بڵێیتـەوە، ئـەوا تـۆ ئـەو ماسـتاوچییەی کـە کەسـێك دەخەیتـە بـەردەم داوای مەزنـی نەتەوەیـەك، نـەك کەسـانی تـر! هـەر لەبـەر ئەمەشـە کـە ئەورووپاییـەکان یـا نایبینـن یـا وا خۆیـان دەردەخـەن کـە نایبینـن، لـەدوواوەی ئـەو دیکتاتـۆرەی لـە بەردەمیـان کراوەتـە بەربەسـت خەڵکەکـە چ ئازارێـك دەچێژێـت. مـن هەمـوو ئەوانـەم دەبینـی، هەمـوو ماسـتاوچییەکانیش دەیانزانـی کـە ئـەوەی مـن دەیڵێـم ڕاسـتە، تەنانـەت ماسـتاوچیەکی بەناوبانـگ

www.arsivakurdi.org

کە لەبوارەکەی خۆیدا ببوو بە پسپۆڕ لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان کە لەئەورووپا ئەنجامدرا ئاماژەی بەمن کردبوو و گوتبووی "بیرۆکەی ڕاستی هەیە، بەڵام لە ئێستادا ناڕوات". خەمی ماستاوچییەکان ڕزگارکردنی گەلێك نییە، ستایشکردنی دیکتاتۆر و تێرکردنی سگیانە، لە دوایین کۆبوونەوەی بەرە کە لە ئەورووپا ئەنجامدرا دووچاری هێرشێکی ماستاوچییەکان دەبمەوە کە بە ئەگەرێکی زۆر لەلایەن ڕابەری مەزنەوە پلانی بۆ دارێژراوە.

هەمووی بەیەك دەنگ ڕەخنەیان لەمن دەگرت، پوختەی هەموو ڕەخنەکان لەوتەیەکی ماستاوچییەکدا ڕەنگ دەداتەوە کە گوتی: "با سەلیم بزانێت کە پەکەکە لەو مەزنترە". بە هەموو ئەو تاوان و گوناهانەمەوە بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان بەرەو شام لەوێشەوە بەرەو باشووری کوردستان دەڕۆم، ئەوانەی بەسەرم دێن پێشبینییان دەکەم، سەرەڕای ئەوە دەچم، دەمەوێت مرۆڤخۆرەکە ببینم کاتێك هەوڵی خواردنم دەدات، دەمەوێت سەیری ناوچاوەکانی بکەم، ئەوە بۆمن زۆر گرنگە، ڕۆژێك بە لەرۆیشتنم خێزانەکەم بۆ ئەوەی ببم بەماستاوچی ئامۆژگاری منی کردبوو، ئەو وشانەم بەو گوت: (لەگەڵ کۆبوونەوەی ئەنجومەن زیاتریش دەناسرێم و ئەوە کاری من تەواو دەکات!). لەهوتێلی ئەشرەفییە کات وەستاوە، من لەکاتی وەستاودا بەبیرکردنەوە لەکاتە نەوەستاوەکان دەژیم.

# ٢٤ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**ئەوەی کە خۆی پێویستە دادگایی بکرێت**
**بەهۆی ئەوەی شوێنی دادوەری داگیر کردووە**
**دادگاییە ناحەقەکان کۆتایی نایەت**

لـە نەبیلـەی بەڕێوەبـەری هوتێلەکـەوە دەزانـم کـە لەنزیـك هوتێـل ئەشرەفییە پۆسـتەیەك هەیـە و لەوێـوە دەکرێـت پەیوەنـدی نێودەوڵەتـی ببەسـترێت، دەمـەو ئێـوارە بـەرەو ئـەو شـوێنە دەچـم کـە نەبیلـە پێمـی گوتبـوو و لـە ژێـر زەمینێـك دەیدۆزمـەوە، کـە چوومـە ژوورەوە شـوێنەکە قەرەباڵغـەو دەبێـت نـۆرە بگریـت بـۆ ناونووسـکردن، ژمـارەی تەلەفۆنـی حوسـێن دەدەم بـە کارمەندەکـەو لەهۆڵـی چاوەڕوانیکـردن دادەنیشـم و بیـر دەکەمەوە کە پێویسـتە چی بڵێـم، دوای نزیکەی کاتژمێرێـك کـە نـاوم خوێندرایـەوە، چوومـە کابینێـك و دەسـکی تەلەفۆنەکـەم هەڵگـرت، ئـەو دەنگـەی گوتـی "ئەلـو" نـاسراوە، ئـەوەی پێویسـت بـوو بیڵێـم یەك لـەدوای یـەك گوتـم، بـۆ ئـەوەی پارەم بـۆ بنێرێـت ژمـارەی تەلەفۆنـی براکەمیان بۆ دەنێـرم، کـە ئەویـش گوتـی: "لەگـەڵ باڵیۆزخانـەی ئەڵمانیـا خەریکـن بـۆ ئـەوەی ڤیـزات پێبـدەن" ماڵئاوایـی دەکەیـن و لـە پۆسـتەخانەکە دەردەچـم.

کـە دەرگای ژووری هوتێلەکـەم داخسـت ژیانی زینـدانم بەردەوامی دەدا، هەر خـۆی یـەك لەسـەر سـێی ژیانم لە زینـدان بەسـەربرد، ئێسـتا یەکێکی تـر هاتووەتە سـەر ئـەو دیکتاتۆرییەتـە کەمالیسـتەی لـەدژی بـووم و بیـر لەدوایـین دەسـتگیر کرانـم دەکەمـەوە. ئێمـە پەرلەمانتارانـی ئەنجومەنـی نەتەوەیـی کوردسـتان

www.arsivakurdi.org

لەسەرەتای مانگی ئادار تا ناوەڕاستەکەی یەك لەدوای یەك هاتین بۆ شام، بەگوێرەی پلانەکەمان دوای چەند ڕۆژێك پەرلەمانتارانی تورکیا و سۆڤیەتی پێشوو دەگەن و بەیەکەوە دەچینە هەولێر لە کوردستانی باشوور و دەستمان دەکرد بە کۆبوونەوەکان.

لە یەکەم یەکتربینینمان لەگەڵ ڕابەری مەزن تێگەیشتم کە لەدژی ئەنجومەنێکە کە بە دیموکراتی کار بکات، وەك بەرزترین ناوەندی بڕیاردان بەردەوامی بەکارەکانی بدات و هەوڵدەدات ئەو خواستەی خەڵك لەبەرانبەر ئەنجومەن دامرکێنێتەوە، لە کوردستانی باکوور جگە لە پڕوپاگەندەیەکی لاوەکی ڕێگای نەداوە هیچ کارێك ئەنجام بدرێت، ئەو رووناکبیرو وڵاتپەروەرانەی بۆ ئەنجومەن هاتوون رەوانەی کردوونەتەوە، کوردانی سووریا ئاگاداری هەڵبژاردنەکە نەبوون، هەڵبژاردن لەنێو کوردانی ئەورووپا و سۆڤیەتی پێشوو وەك کەلوپەلێکی پڕوپاگەندەکردن بەکاردەهێنرا. لەکاتی بەردەوامیدان بە گفتوگۆکەمان لەگەڵ ڕابەری مەزن بەندەیەك پرسیاری کرد: (سەرۆك ئەو ئەنجومەنە لەژێر چاودێری پارتییدا یاخود ڕابەرایەتییدا کار دەکات؟ ڕابەری مەزن بێ هیچ بیرکردنەوەیەك دەڵێت: "بێگومان لەژێر چاودێری ئێمەدا دەبێت"، ئەو "ئێمە"یەی لێرەدا بەکارهاتووە هەموومان دەزانین واتای "من"ە، دوای ئەو وەڵامە بەڕووی هەمووانداگوتی: "ئەوانە نوێنەرایەتی خەڵك بکەن؟ هەر لەو ڕۆژەی هەڵبژێردراون کۆتاییان پێهاتووە" بەڵام گرنگ نییە، ئامرازێکی ساکارە، بابزانین!".

دوای رۆیشتنی ڕابەری مەزن لە یەکێك لەوانە می بەیەکەوە لەهەمان ماڵ دەماینەوە، زانیم کە لەنێو کوردانی سووریا هیچ کارێك نەکراوە، هەندێك لەوانەی لەبەر ئەوەی چەکدارییان بۆ گەریلا کردووە، لە کوردستانی باکوور ئاشکرابوون، وەك ئەندام پەرلەمان لەلایەن فەرماندەکانی گەریلاوە نێردراون، چەندین رووناکبیر، سیاسەتمەدارو پارێزەر کە خواستی هاتنە ئەنجومەنیان

www.arsivakurdi.org



هەیە ڕێگایان لێگیراوەو ئەوانەی هاتوون نێردراونەتەوە، دوای یەك دوو ڕۆژ سەرنجمدا كە زۆر لەبوونی ئەنجومەن دەترسێت، دواتر كاتێك ئاخاوتنەكانی بێتەلم خوێندەوە سەبارەت بەو ئەندامانەی ئەنجومەن كە لەئەورووپاوە هاتبوون دەیگوت:"ئەوانە هەموو سووكن، چاویان بڕیوتە تواناكانمان (خۆی دەستی بەسەر هەموو شتێكدا گرتووە چۆن بۆ یەكێكی تری جێدەهێڵێت)، بۆ ئەوە هاتوون، ئەوانەمان بۆ پەروەردەكردن هێناوەتە ئێرە (لە شوێنێك كە دیكتاتۆرییەت هەبێت هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێك كە بەدیموكراسییەت كاربكات بێڕەوشتییە)، شیكردنەوەكانم بەهەمووان بخوێننەوە، دیسپلین بسەپێنن، ئەوەی پیاوبێت دەبێت، ئەوانەی پیاو دەبن دواتر لەژێر دەسەڵاتی گەریلا وەك كاركەرێكی سەنگەر، وەك چەكدارێك كارپێ دەكەین"، ئەوانەش كە پیاو نابن فڕەیان دەدەینە دەرەوەی سنوور، با كوێیان پێ خۆشە بۆی بچن. " ئەو وشەیەی "ئەوانەی پیاو نابن" كە بەكارهاتووە بەواتای ئەوانەدێت كە نابن بە بەندە یاخود كۆیلە. لەو خاڵەدا بەخۆم دەڵێم: سەلیم جیاوازی نێوان ئەو ڕۆڵەی تۆ كێشاوتە بۆ ئەو ئەنجومەنەی لە ئەورووپا دەكەوێتە چالاكی و ئەو ڕۆڵەی ڕابەری مەزن بینیویەتی ببینە و بیر لەوانە بكەوە كە بەسەرت دێت! چونكە تۆ گوتووتە ئەنجومەن بەرزترین دامەزراوەی نەتەوەی كوردە، لێدوانت داوە، لەریپۆرتاژەكاندا ئاوا وەڵامی پرسیارەكانت داوەتەوە.

جارێكی تر لەوە دەگەم كە ڕابەری مەزن جگە لەخۆی زیاتر بەهیچ دامەزراوەیەك رازی نییە، تەنانەت بەرگەی ئەنجومەنێكی وەك ئەنجومەنەكەی سەدام و ئەسەدیش ناگرێت، بەردەوام دەبێت لەژێر ماسكی بەرگریكردن لەرێگەگرتن لە هەموو بەدامەزراوەبوونێك. لێرەدا بیر دەكەمەوە كە بۆنی درێژبوونەوەیەكی داگیركەر دێت و هەستی پێدەكەم، بۆچی رێگەگیرا لە بەدامەزراوەكردنی پەكەكە؟ بۆچی پەكەكەی لەناوبردو تەنیا ناوەكەی

هێشتەوە؟ بۆچی وەستایانە ڕێگری لە بەدامەزراوەبوونی کۆمیتەکانی کوردستان گرت و تووشی ئیفلیجبوونی کردن؟ بۆچی کۆمیتەی هونەرمەندان هەر لەوەتەی دامەزراوە بەدامەزراوە نەبووە؟ یەکێتی ڕووناکبیرانی کوردستان بۆچی تەنیا ناوێکە؟ ڕۆژنامەکانی بەرخوەدان و سەرخوەبوون بۆچی هەریەکەی تەنیا لە ئاستی هەڵەچن دەهێڵدرێتەوە؟ بەرەی ڕزگاری گەلی کوردستان بۆچی تەنیا ناو، ئاڵاو پرۆگرامی هەیە؟ بەپارتی بوونی پارتیی نەتەوەیی کوردستان[١] HEV-KOM بۆچی بریتییە لە تەنیا ناوێك؟ هەموو ئەو پرسیارانە تاکە وەڵامێکیان هەیە، هێزێکی داگیرکەر کە نایەوێت گەلەکەمان بە دەوڵەت بێت، سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت و ئازادبێت، ستراتیژییەکەی و دیکتاتۆرێك کە بۆ ئەو ستراتیژییە ڕاکێشراوە بۆ بەکۆیلەکردنی داهاتوومان و ئەمڕۆمان پەرش و بڵاو دەکاتەوەو لەناوی دەبات، ئەوە ڕاستییە.

لەو هەنگاوەدا سەربازیی تەواو لەژێر فەرمانی دیکتاتۆر نییە، دەزانێت کە ئەگەر جگە لەخۆی دامەزراوەیەك هەبێت و ببێت بە خاوەن هێز و دەسەڵات ئەوا ئەو ئەرکەی پێسپێردراوە ناتوانێت بەسەرکەوتوویی جێبەجێی بکات و دەسەڵاتداری لەدەست دەدات، بۆیە بەردەوام بە گێژاوی "با بەدامەزراوە بین، من لەگەڵ ئەوەم کە بە دامەزراوە بین، من دەمەوێت دامەزراوەکان دابمەزرێنم، بەڵام ئێوە بێ توانان، ناتوانن داهێنان بکەن..." ڕێگری لەهەموو بەدامەزراوەبوونێك دەگرێت، یاخود لەناوی دەبات، هەر دامەزراوەیەك تەنیا ناوی هەیەو ماستاوچییەکی بۆ داناوە و دوو کەسیشی دەنارده بەرفەرمانی ئەوە خاڵێکی گرنگە، ئەگەر لەداهاتوو توانی سەربازانی بەرفەرمانی زیاد بکات، وەك دیکتاتۆرەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر قامچی سەربازان دامەزراوەی پابەند بەخۆی دابمەزرێنێت و نموونەکانی مستەفا کەمال، حافز

---

١ کۆمەڵەیەکی سەر بە پەکەکەیە لە ئەورووپا

www.arsivakurdi.org

ئەسەد و سەددام حوسێن دووبارە دەکاتەوە، بەدەر لەوە هەر خۆی مومکین نییە بیر لە سیستەم بکاتەوە، چونکە لەو کاتەوە کە لە وڵات دەرچووە سەیری بەرەوپێشچوونەکانی نەکردووە، پەرتووکی نەخوێندووەتەوە، لەنێوان ساڵانی ١٩٧٩-١٩٧٥ سۆسیالیزمی ستالینی لە پەرتووك فێربووە، بڕوای پێکردووە، جیهانی شام بووە بە کڵاوێکی ئاسنینی سەربازیی سەری و هەوڵی داوە "سۆسیالیزمی شام" لەناو پەکەکەدا پەیڕەو بکات.

لەحاڵێکدا کە ئاگاداری هیچ بەرەوپێشچوونێکی دونیا نییە، چووەتە هەوای ئەوەی "من هەموو شتێك دەزانم، لینین و مارکسیم ڕەتداوە، هیچ پێغەمبەرێك، هیچ رابەرێکی دونیا بەقەد من قسەی نەکردووەو نەینووسیوە"، لەبەر ئەوەی نزیکەکانی بڕوا پێهێناوە خۆشی بڕوای پێکردووە، ئەو بەهەڵەداچوونە رێگری لەوە دەکرد کە ئاگاداری بەرەوپێشچوونەکان بێت و ڕاستییەکان ببینێت، جگە لەوە ئەوە یاساکانی شام بوو بڕیاری دەدا کە دەبێت چی فێربێت و چی فێر نەبێت هەروەك ئەوەی خۆی بڕیاری دەدا دەبێت بەندەکانی فێری چی بن و فێری چی نەبن.

لەبەر ئەوەی هەموو ئایەتەکانیم خوێندووەتەوە، ماوەیەکی درێژ گوێم لێ گرتووە، بازنەی، کولتوور و بنمیچی ئەو، واتا سنووری ئەقڵیەتی ئەو دەزانم، دەتوانرێت ئاوا شیکاری بۆ بکرێت، تێکەڵەیەکە لە پەروەردەی شام و ئەنقەرە، سۆسیالیزمی ستالین و ئاغایەتی روحا، لە تەڵەکەبازی مستەفا کەمال، لە لەناوبردندا حافز ئەسەد، لە دیکتاتۆرییەتی ستالین، لەشێوازی ژیان و وتە و زۆرداری دا ئاغای روحایە.

مستەفا کەمال بە تەنیا زۆر خراپ نییە، حافز ئەسەدیش ئاواو ستالین و ئاغایەتی روحاش بە هەمان شێوە، بەڵام کۆکراوەی لایەنە خراپەکانی هەموو ئەو چوارە دەبێتە سەمەرەیەکی تەواو و ئێمە ڕووبەڕووی سەمەرەیەکی لەو جۆرەین، ئەوانە تەنیا بۆ لەیەك چواندنێك ناڵێم، ڕابەری مەزنمان هێشتا

www.arsivakurdi.org

دەوڵەتەکەی دانەمەزراندووە سەری زۆرێك لە هەڤاڵانی خوارد! ڕابەری مەزن هێشتا بەر لە شۆڕش کردن بەقەد بۆخارییەکان، کامانێڤەکان، زینۆڤیەڤەکان و ترۆکچی ئەوەندە قوربانی وەرگرت کە کاتێك موبارەك هێشتا دەوڵەتی دانەمەزراندووە ئەسەدی رەتدا، جگە لە خۆی هیچ کەسێك نەمایەوە دووچاری لەناوبردنی نەکردبێت، ئاغاکانی روحا هەر خۆی لەتەك ئەو بە ئاغا هەژمار نەدەکران، هەڵسان و دانیشتنی ئاغایە، ئاخاوتنی ئاغایە، سەرزەنشتکردنی گوندییەکانی ئاغایە، سەیرکردنی خەڵکی لە لوتکەوە ئاغایە، شێوازی ژیانی ئاغایە، گەڕاندنی فۆتۆگرافەرو کامێرامان بەدوای خۆی شەو و ڕۆژ جگە لە چوونە سەر ئاوی هەڵسوکەوتی ئاغایەکی هیچ نەدیوە، رابەرێکی مەزنی ئاوا دەتوانێت پەیمانی رژێمێکی چۆن بە گەلی کورد بدات بۆ داهاتوو؟ ئابووریەکی چۆن؟ رێکخستنێکی کۆمەڵگای چۆن؟ ڕابەری مەزن لەو بابەتانە بیرۆکەی نییە، هیچ شتێك لە ئابووری تێناگات، سەرنجی ئایەتەکانی بدەن، جگە لە چەند وتەیەکی کلێشە هیچ شتێك نادۆزیتەوە، ئەگەر پێشنیازی سۆسیالیزمی وەك چاوشەسکۆ، هۆنیکەر، ستالین بکات، لەو چاخەدا چەند ساڵ بەرگە دەگرێت؟ ئەو رژێمەی لە سۆڤیەتی گەورەو گران سەری نەگرت، ئایا لە وڵاتێکی وەك کوردستان سەردەگرێت؟

ڕابەری مەزن بەو مێشکەیەوە ناتوانێت سیستەمی سەرمایەداریش بەڕێوەببات، چونکە ئەقڵیەتی ئەو مرۆڤانەی دەڵێن "خوڵقاندم" ناتوانێت پڕوپاگەندەی ئەوە بکات جگە لە دووبارەکردنەوەی ئایەتەکانی ئەو و کوشتن و مردن لەشەڕ هیچ بەهرەیەکی تریان نییە، کوشتنی بەهرەکانی مرۆڤ، نەهێشتنی، خاڵیکردنەوەی لە رابردووی، کردنە چەکداری، وەك ئامادەکاری پێشینە دەبینێت، لەو تێگەیشتنە دەبێت تاکتیکی هێزێکی داگیرکەری ولاتەکان ببینین! کاتێك لەژێر دەسەڵاتی ڕابەری مەزن کاربکەیت و لەئابووری، دارایی، بازرگانی، دیبلۆماسی، ڕۆژنامەگەری، ئەدەب و هونەر و مۆسیقا تێگەیشتیت و

www.arsivakurdi.org

لەو بابەتانە پەرە بەبوارەکەت بدەیت و هەوڵی بۆ بدەیت تاوانە.

یەکەم کار کە پێویستە ئەوانەی خاوەن بەهرەیەکی تایبەتن ئەنجامی بدەن ئەوەیە کە هەموو ئەو بەهرەیەی خاوەنین لەو بوارەدا بیخەنە لایەك و یەکەم وشە کە بەو کەسانە دەڵێن کە دەچنە لای ئەو ئەوەیە کە "واز لەو کارە ناپێویستانە بهێنن بەزووترین کات و بنن بە چەکدار"، واتاکەی تری چەکداربوونیش هاتنە سەر ڕێچکەی ڕابەرایەتیی و بوون بە ماستاوچییە، چونکە ئامرازەکانی دەستی ڕابەری مەزن و هێز و بنەمای مێشکی ئەو، وا دەفەرمووێت.

کێ هەرچی دەڵێت بابیڵێت، چۆنی باس دەکات بابیکات، چی دەنووسێت بابینووسێت، تێگەیشتنی ڕابەری مەزن بۆ بەڕێوەبردن هەمان تێگەیشتنی بەڕێوەبردنی شامە، ئەو تێگەیشتنەی ڕابەرایەتیی یەك لەسەر سێی کۆمەڵگا دەکات بە هەواڵگر و ئەوانیتر وەك مێگەلێك لێدەکات و دارێك دەگرێتە دەست بەرەو لەوەڕیان دەبات، بۆ زانینی ئەوە پێویست ناکات کە ئەستێرەناس بیت، چونکە ڕابەری مەزن دەڵێت: "مرۆڤی بەیانی لەمڕۆوە دەخولقێنم، کۆمەڵگای بەیانی لەمڕۆوە دەخولقێنم". جوان سەرنج بدەنە ئەو ئەقڵیەتەی مرۆڤ و ڕژێمەی ئەمڕۆ خولقاندوویەتی بە ئاشکرا ڕژێمی بەیانی دەبینن، ئەگەر ئەمڕۆ ٥٠٠ ماستاوچی هەبێت کاتێك دەوڵەتی دامەزراند ژمارەیان دەبێتە ١٠٠ هەزار، ئەگەر ئەمڕۆ هەزار دوومانیکەری هەبێت کاتێك دەوڵەتی دامەزراند ئەوا دەبێتە ملیۆنێك، ئەگەر ئەمڕۆ سێ مانگ جارێك شەش کەنیزە بگۆڕێت کاتێك دەسەڵاتی بەسەر هەموو کۆمەڵگادا سەپاند ژمارەی ئەوانە زۆرتریش دەبێت و دەبێت بە بێ ژمار، ئەگەر ئەمڕۆ بەتێکڕا ساڵانە ١٠٠ کەس لە سێدارە بدات کاتێك دەوڵەتی دامەزراند ڕۆژانە سەد کەس لە سێدارە دەدات. ئەگەر ئێستا "سەرۆك ئاپۆ"بێت کاتێك دەوڵەت دابمەزرێنێت خۆی وەك ڕەچەڵەکی کورد رادەگەیەنێت. ئەگەر ئێستا بە زۆرەملێ وێنەی لە هەموو ماڵەکان هەڵواسرابێت، کە دەوڵەتی دروستکرد لە بەردەم هەر ماڵێك

www.arsivakurdi.org

پەیکەرێکی خۆی دادەنێت، لەهەموو شوێنێکی ماڵەکان، شەمەندەفەرەکان، فڕۆکەکان، گەراجەکان، پردەکان، کۆگاکان، باڵەخانەکان، شاخەکان، بەردەکان، درەختەکان، نەخۆشخانەکان، پۆستەخانەکان، چێشتخانەکان و ئەو باڵۆنە گەورانەی لە ئاسمان دەسوڕێنەوە وێنەی خۆی هەڵدەواسێت. ئەگەر ئێستا لە ڕۆژنامەکانی سەرخوەبوون و بەرخوەدان و گۆڤاری Özgür halk (گەلی ئازاد) تەنیا نووسینەکانی خۆی بڵاو بکاتەوە، لەو ئێزگەیەی لە کوردستانی باشوور دایمەزراندووە بەدرێژایی ڕۆژ پەرتووکەکانی خۆی بە خەڵك دەخوێنێتەوە، کاتێك دەوڵەتی دامەزراند ڕۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە رادیۆو تەلەفزیۆنەکان وتارەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە، ئایەتەکانی دەخوێنێتەوە. ئێستا ئەگەر دیموکرات بێت، کاتێك دەوڵەت دامەزرێنێت بە هەر حاڵ دیموکرات نابێت! ئەمڕۆ هەزاران، سەدان هەزار کەس بە ڕۆح و گیان کار دەکەن، شەڕ دەکەن، دەمرن و خاوەن بڕیارنین سەبارەت بە ژیانی خۆیان، هەموو شتێك دەدەن و دیکتاتۆرێك کە لە شام دادەنیشێت خاوەنی هەموو شتێك بێت، کاتێك دەوڵەت دامەزرێنێت هەمووان بۆ دەوڵەت و دەوڵەت بۆ ئەو کار دەکات، ئەگەر بتوانێت لە بوونە ئامرازی یەکێك لە داگیرکەرانی وڵاتەکەی ڕزگاری ببێت، لەئێستاوە دیارە کە ئەو رێکخستنەی دایدەمەزرێنێت ئاوا دەبێت. ئەگەری زۆر بۆ ئەو دۆخە دانانێم، وەك هێزێکی تاکتیکی دوای ئەوەی دەست بەسەر هەموو تواناو تیمەکانی گەلی کورددا دەگرێت ئەگەری ئاقیبەتی لەناوچوونی بە ئەگەرێکی زیاتر دەبینم.

دووبارە دەگەڕێمەوە سەر بەرەوپێشچوونەکانی شام، لەوێدا ماوەیەکی گرنگ بەسەر دەچوو، کێشەی ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان هەبوو کە خۆی کردبووە ناو بابەتەکان، ڕابەری مەزن دەیویست خۆی لێ ڕزگار بکات، لەنێو گەریلادا ئەوانەی بەوتەی ڕابەری مەزن لە رێچکە لایاندابوو و دژایەتی رێچکەیان دەکرد، پەیڕەوی رێچکەیان نەدەکردو خۆراکیان لە خەباتکارانی

زیندانی دیاربەکر وەردەگرت و ژمارەیان چل کەسێك دەبوو بردران بۆ لێکۆڵینەوە، بەشێکی زۆریان لەسەر ئاستی فەرماندەکان بوون، بەگوێرەی ڕابەری مەزن ئەوانە یا دەهاتنە سەر ڕێچکە یاخود "چارە" دەکران.

ئەنجومەن لەڕێگای بوون بە دەسەڵاتێکی نوێ بوو، لەناو گەریلاش نزیکەی چل فەرماندە پابەندی ڕێچکە نەدەبوو، لەناوبردنی ئەوانە بۆ بەردەوامیدان بە دیکتاتۆرییەت ڕێچکەیەك بوو کە نەدەبوو پشتگوێ بخرێت، ئەو شکستەی لەباشوور تووشی هات، ئەو پەیوەندییە تاکتیکیەی لەگەڵ تاڵەبانی بەستی، پێشنیازی ئاگربەستی تاڵەبانی، قەبارەی بەرەو پێشچوونەکانی فراوانتر کرد. بەگوێرەی دۆخ پێشنیازەکەی تاڵەبانی ڕەزامەندیی لەسەر دەدرێت، لەبەر ئەو پێویستیەی هەستی پێدەکرێت نزیکیەکەی زیاتر دەبێت، هەوڵدەدات ڕەوایەتی خۆی بەدەوڵەتی تورکیا قبوڵ بکات، لەگەڵ گرووپە کوردییەکانی تر وتەی "دامەزراندنی بەرە" پەرەی پێ دەدرێت، لەو کێشمە کێشەدا چل فەرماندەکە دادگایی دەکرێن و کاریان بەکۆتا دێت.

هەر خۆی ڕابەری مەزن لە ئاخاوتنێکی بۆ ئێمە دەیگوت:"دادگاییکردنی شاخ دەستی پێکردووە، بۆ سەلامەتی دادگاییەکان ئاگربەست فرسەتێکی زۆر باشە، ماوەی ئاگربەستەکە بەپێی کۆتایی دادگاییکردنەکان ڕێك دەخەین". ئەو ڕاستییە مەترسیدارە لە تۆماری ئاخاوتنی بێتەلەکانی ١٩٩٣ دا هەیە.

ئەنجومەن[٢]. کارەکانی ڕاستتر بڵێین بەهەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن و گوتنی "لەشوێنی ئەوە لەگەڵ گرووپە کوردییەکانی تر کاری بەرە دەکەین" دواخستنی بوونی ئەنجومەن بۆ دواتر لە پڕوپاگەندەیەکی بێ بنەما زیاتر ڕەت

---

٢ ڕووداوی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان کودەتایەکە، بێدەنگبوونی ئەو پەرلەمانتارانەی بەدەنگی گەل هەڵبژێدراون لەبەرانبەر ئەو دۆخەدا حاڵەتێکی شەرم بەخشە، لەحاڵێکدا کە زۆرینەی ئەو ئەندامانەی لە بەرەبەری کودەتاکانی تورکیا بەهۆی ئەوەی "کڵاوەکەی بردو رایکرد!" ڕەخنەیان لە سلێمان دەمیرەل دەگرت، جگە لە چەند ئەندامێك ئەوانیتر بە چەپڵەڕێزان وەڵامی ئەو ڕووداوی هەڵوەشاندنەوەیان داو خواستی ئازادکردنی ڕۆحیان ئەوان دەکەوێنێتە دۆخێکی دواکەوتووتر لە دەمیرەل.

www.arsivakurdi.org



نابێـت. هێنانـی کاری بەرە بـۆ ڕۆژەڤ تاکتیکی بێدەنگکردنی گرووپـە کوردییەکانی تـرە لـە بەرانبـەر لەناوبردنـە ناوخۆییـەکان. ڕابـەری مـەزن کاتێـك ئـەو تاکتیکـەی خسـتە بـواری جێبەجێکردنـەوە، جەمیـل بایك کـەلای ئێمـە دەمایـەوە، ڕەزا ئالتون، مسـتەفا کاراسـوو کـە لـە ئەورووپـا دەمایـەوە و فەرماندەکانـی گەریـلا کـە لـە شـەڕدان، بۆچوونـی هیـچ یـەك لـە ئێمـە وەرنەگیـرا.

لەگـەڵ جەمیـل بایـك لـە هەمان مـاڵ دەماینـەوە، ئەویـش وەك ئێمە ئـاگاداری هیـچ شـتێك نەبـوو، ڕەزا ئالتـون جارجـارە سـەردانی دەکردیـن، بـەڵام ئاگاداربـوو لـەوەی لەگـەڵ تاڵەبانـی بەمەبەسـتی ئاگربەسـت چاوپێکەوتـن ئەنجام دەدرێـت، فەرماندەکانـی گەریـلا هـەر خۆیـان ئـاگاداری هیـچ شـتێك نەبـوون، بـەم جـۆرەش کاتێـك دوای کۆنگـرە ڕۆژنامەوانییەکـەی سـەبارەت بـە ئاگربەسـتەکە ئـەو گفتوگۆیانـەی ڕابـەری مـەزن لەگـەڵ فەرماندەکانـی گەریـلا کردبوونـی کاتێـك خوێندمـەوە، فەرماندەکانـی گەریـلا دەیانگـوت "خۆزگـە زووتـر هەواڵـی ئـەو ئاگربەسـتەمان بزانیبـاو بەگوێـرەی ئـەوە ئامادەکاریـمان دەکـرد سـەرۆك". ڕابـەری مـەزن پێویسـتی نەبـوو وتووێـژ لەگـەڵ ڕابەرانـی تاکتیکـی وەك ئێمـە بـکات، ئـەو بـەو ڕێنماییانـەی لەشـوێنی تـرەوە بـۆی دەهـات ئـەو جـۆرە کارانـەی چارەسـەر دەکـرد، ئـەو تاڵەبانییـەی چەنـد ڕۆژێـك لەمەوبـەر لەگـەڵ ئـۆزال کۆبوونـەوەی ئەنجامـداوە، دەمـەو نیـوەڕۆ لەگـەڵ ئەسـەدو ئێـوارە لەگـەڵ ڕابـەری مەزنمان کۆبـووەوە.

ڕابـەری مـەزن لەبـەر ئـەوەی زۆر گرنگی بەمـن دەدا لەکۆبوونەوەکـەی لەگەڵ تاڵەبانی منیشـی خسـتبووە ناو پرۆتۆکۆڵە چوار کەسـییەکە، دوای پێشـوازیکردن لە تاڵەبانـی و سـێ کەسـەکەی یاوەری دەسـتی یەکترمان گوشـی و یەکترمـان ماچ کرد، دواتـر لـە ژوورەکـەی کۆلامـان خـواردەوەو میوەمـان خـوارد، کاتێـك ئێمـە نوقمـی گفتوگۆکـردن ببوویـن لەگـەڵ شـاندی یـاوەری تاڵەبانـی، ڕابـەری مـەزن و تاڵەبانـی کۆبوونـەوە ڕاستییەکەیان بـە تەنیـا لە لـە ژوورێکی تـر ئەنجامدا، بۆیـە نەمانتوانی

www.arsivakurdi.org

گوێبیستی هیچ شتێك بین. کاتێك تاڵەبانی و یاوەرانی ڕۆیشتن، شەوەکەمان لە ماڵی ڕابەری مەزن لەگەڵ (شەش کاندیدی ئافرەتی مەشق پێکردن کە لە زانکۆ جیاوازەکانی تورکیاوە هاتبوون) بەڕێ کرد. بەیانییەکەی چوومە ئەو ماڵەی جەمیل بایك تیایدا دەمایەوە، جەمیل ویستی بەرەوپێشچوونەکان بزانێت، تەنیا گوتم "کۆبوونەوەکە لە ژوورێکی جیاواز ئەنجامدرا."

بەر لە ئەنجامدانی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە لە دانیشتنێك کە ئەندامە کوردەکانی پەرلەمانی سووریا تیایدا بەشداربوون کاتێك سەبارەت بە ئاگربەست گفتوگۆ دەکرا، بەتایبەتی پرسیارەکانی ئاڕاستەی من دەکردو راوبۆچوونی منی وەردەگرت، دیارە سەرنجی پەرلەمانتار تیمور سایانی راکێشاوە کە دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوە هاتە لام و گوتی "نەمدەزانی کە سەرۆك ئاوا گرنگی بە تۆ دەدات". بێدەنگبووم لەبەرانبەر ئەو وشانەی تیمور، دەمویست بڵێم "ئەوە یاری پشیلەیە لەگەڵ مشك" بەڵام هێشتا کاتی ئەوە نەهاتبوو کە باسی کێشە ناوخۆییەکانمان بۆ تەیمور بکەم.

پەیوەندییەکانی لەگەڵ من لە ئەورووپا زۆر باش ڕێکخستبوو، بەڵام لەڕێگای ماستاوچییەکانەوە هەوڵی قاچ خزاندنمی دەدا، لەشام بەردەوامی بە هەمان تاکتیك دەدا، خۆی بە باشە لەگەڵم هەڵسوکەوتی دەکردو ئەو ماستاوچییانەی لە ئەورووپا هاتبوونە شام بە جووڵەی دەخستن، بە دەستگیرکردنم دەدات، زۆری نەماوە بۆ وتە لێوەرگرتنیان ڕێنماییان پێدەدات (هەندێکیان بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ لەوتەکانیان دەڵێن کە سیخوڕی تورکیام!، هەندێك دەڵێن کە سیخورێکی کارلێکراوم و ڕێچکە بە لاڕێدا دەبەم، بەم جۆرە یا خۆم دەکوژم، یا قبوڵ دەکەم کە سیخوڕی کارلێکراوم.

دوای گەیشتن بەو خاڵە من بانگێهشتی لای جەنابیان دەکات و دەڵێت "من بە هەموو جۆرێك پاڵپشتی بووم، پاڵپشتییەك، ئەو گرنگییەی بە کەسم نەدەدا بە تۆم دا، هاوڕێ و خزمەکانی تۆ دەنگۆی ئەوە دەکەن کە سیخوڕیت، بەڵام من

www.arsivakurdi.org

بەگوێرەی هیچ كەسێك نەجووڵاومەتەوە، ئەوانە مرۆڤانی ساكارن، پەیڕەوكاری یاساكانی ڕابەرایەتیی بە! خۆت ڕێكبخەوە! تاڕاددەی مەرگ پابەندی ڕابەرایەتیی بە، بەرێكی كار بكە، ئەوانە كێشەنین! دەتەوێت بۆ كوێ بچیت؟" بۆ بەپاندی مانەوەم "ئەركی گرنگم پێ دەسپێرێت" و بەو جۆرە دەبم بە ماستاوچییەكی باش، وا مەزەندە دەكەم كە ئەوە لە شام یاخود كوردستانی باشوور ئەنجام بدات، چونكە هێشتا لە ئەورووپا بووم ڕقی ماستاوچییەكان بەرانبەر بە من خەریك بوو بتەقێتەوە، ئەویش بەشێوازێك كە جێگای بڕواكردن نییە، باش لەگەڵم دەجووڵایەوە، منیش بەو رادەیە گێل نیم كە ئەو یەكنەگرتنە تێنەگەم.

بۆ نەورۆزی ١٩٩٣ لە شامەوە ڕەوانەی كوردستانی سووریا دەكرێین، ١٥ ئەندامی ئەنجومەنی نەتەوەیی كوردستان، دوای بەشداریكردن لە یادكردنەوەی نەورۆز لەشارەكانی وەك حەلەب، قامشلۆ، حەسەكە و دێرك و كۆتاییهاتنی جەژنی نەورۆز دەچینە هەولێر یاخود كامپی زەڵێ، دوای جەژن هەڤاڵە ئەندامەكان لە حەلەب لە ماڵێك كۆبووینەوە، دەمەو ئێوارە ڕابەری مەزن بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ دەكات، دوای چاوەڕوانی كردنێكی كورت كە زەنگەكە لێیدا. یەكەم كەس كە قسەی لەگەڵ كرد عصمت سەزگین بوو، عصمت پەیوەندییەكەی بە "سەرۆك سەرمان چۆڵە ئەگەر ڕێكخەرێكمان بۆ دیاری بكەیت باش دەبێت" دەست پێكردو یلدرم ئاكبوڵوتی پێشنیار كرد بۆ ئەوەی بكرێت بە ڕێكخەر، ڕابەری مەزن كاتێك بە نۆرە لەگەڵ ئەندامانی تری پەرلەمان گفتوگۆی كرد، پرسیاری لە رفات چەلەبی كرد كە یلدرم ئاكبوڵوت پێشنیازكراوە بۆ ڕێكخەری راوبۆچوونی چییە، مامە رفات وەڵامیداوە" بەهیچ شێوەیەك ئاوا نابێت، ئێمە لە نێو خۆمان كەسێك دیاری دەكەین و ناوەكەی بۆ ئێوە دەنێرین". مام رفات كە بەگوێرەی خۆی هەڵوێستێكی زۆر ئاسایی نواندووە، ئاگادار نەبوو كە هەر لەوێ پەرلەمانتارییەكەی كۆتایی پێدێت. ڕابەری مەزن لەبەرانبەر وەڵامەكەی رفات یەكسەر هەڵوێستێكی نەرێنی

www.arsivakurdi.org

نانوێنێـت و دەڵێـت " باشـە باشـە"، بەردەوامـی دەدا بە ئاخاوتن لەگـەڵ ئەندامانی تـر، بـەڵام نزیـك بابەتـی ڕێکخەرییەکـە ناکەوێتـەوە، لەگفتوگـۆی لەگـەڵ منـدا گوتـی کـە لـە هەرێمـی باشـووری ڕۆژئـاوا عومـەر ناوێکی ڤەژینـی ئاشـکرابووە کە سـیخوڕە، دانـی پێـناوە و زۆر زانیـاری گرنگـی لـێ وەرگیـراوە، لەدژی من، مسـتەفا کاراسـوو، ڕەزا ئالتـون، فەیسـەڵ دونلایجـی، ئایسـەل و هێلین وتەی داوە، پێویسـتە زۆر ئـاگاداری خـۆم بـم.

دوای ئـەوەی لـە حەلەبـەوە چووینـە قامیشـلۆ، مـام ڕفـات لـە ئەندامانـی تـری ئەنجومـەن دەپرسـێت داخـۆ ئاکبوڵـوت وەك ڕێکخـەر قبـوڵ دەکەیـن یـا نـا، کـە زۆرینـە ڕازی نەبـوون ئەنجامەکـە بـە ئاکبوڵـوت و سـەزگین ڕادەگەیەنێـت، لەسـەر ئـەو بنەمایـە ئاکبوڵـوت و سـەزگین لەگـەڵ ڕابـەری مەزنمـان گفتوگـۆ دەکـەن و کاتێـك دواتـر کـە لێکۆڵینـەوەم لەگـەڵ دەکـرا ئـەو ڕاپۆرتانـەم خوێندەوە کـە لەدژم نـووسراون، بـە تەلەفـۆن گوتبـووی "ئـەوەی مـام ڕفاتـی فێـری ئـەو جـۆرە کارانـە کـردووە سـەلیمە، هەڵبژاردنـی کەسـەکان بـە دەنگـدان، تێگەیشـتنی کارکردنـی دیموکراسیانە بـۆ ئەنجومـەن، ئـەو جـۆرە نزیکییانـە لەژێـر سـەری سـەلیمەوە دەردەچـن، لـە ئەورووپـاش هەمـان کاری کـردووە، ئێمـە لەگـەڵ پەرلەمانتارانـی تـر ڕووبـەڕووی یەکـتر دەکاتـەوە، ئەوانـە دەیانەوێـت پارتیـی وەك دارێـك لـە دژی تـۆ بەکاربهێنـن"، ئێمـە دواتـر لـە کۆنفرانـس ڕەخنەمـان لـەو دۆخەگـرت، لەگـەڵ ئـەوەی وازی نەهێنـا ڕێژەیەکـی گرنـگ لـە ئەندامانـی تـری ئەنجومەنـی خسـتبووە ژێـر کاریگـەری خـۆی و گوتبـووی: "ئەگەر بێتە باشـوور (بەهـۆی ناسرانـی) ئەوانەی ئەوێـش دەخاتـە ژێـر کاریگـەری خـۆی و لەگـەڵ ڕابەرایەتیـی ڕووبـەڕووی یەکیـان دەکاتـەوە، دۆخەکـە ئاوایـەو مـام ڕفـات کەسـێکی هانـدەرە، هـەر خـۆی ناسـاغە، بەسـەرمانەوە دەبێـت بـە بـەڵا، ئەگـەر بنێردرێتـەوە ئەڵمانیـا زۆر باشـتر دەبێـت، ئەگـەر لـەوێ ڕێنمایـی بـە هەڤـاڵان بدرێت کـە ڕێـگا نەدرێـت بەنـاوی ئەنجومەن لێـدوان بـدات سـوودی بـۆ پارتیـی دەبێـت، ئێمـە لـەدژی ئەوەیـن کـە بەڕێـگای

www.arsivakurdi.org

هەڵبـژاردن کەسـەکان هەڵبژێردرێـن بـۆ پۆسـتەکان، دەمانەوێـت کـە لـەڕگای ڕابەرایەتییـەوە کەسـەکان دامەزرێنرێـن و بـەو ڕێگایـە کارەکان چارەسـەر بکرێـن".

دوای ئـەو پەیوەندییـە، مـن و مـام رفـات بانگ کراینەوە شـام، ئیـدی مەزەندەم دەکـرد کـە مـام رفـات دەگەڕێنێتـەوە و مـن دەسـتگیر دەکات، مەحاڵـە کـە بەزیندوویـی لێـی دەربچـم، لەو ماوەیـە لەگەڵ تەیمور سـایان، مـوراد داغدەلەن و مەتیـن جانسـز لەهەمان مـاڵ دەماینەوە، تیمورو مەتین هێشـتا دەپرسـن کارکردنی ئەنجومـەن لـە باشـور چـۆن بەڕێـوە دەچێـت، لەسـەر بابەتەکـە دەمەقاڵێیـان بوو، لەبـەر ئـەوەی کـە بـڕوام وابـوو ئیـدی کاتـی ئاخاوتـن هاتـووە گوتـم: "هەڤاڵان، لەشـوێنێك کـە دیکتاتۆرییەتـی لـێ بێـت بـاس لـە ئەنجومـەن ناکرێت!" حەپەسـان چونکـە هەردووکیـان وا تێگەیشـتبوون و دەیانگـوت کـە هەمـوو نەرێنییـەکان، بەربەسـتەکان و دژە دیموکراسییەتەکان لـە سـەزگین و ئاکبولۆتـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، بەوانـم گـوت:" ئـەوان تەنیـا ماسـتاوچین" و سـەرنجیانم بـۆ گرنگـی بابەتەکـە راکێشـا، مـوراد داغدەلـەن لەبـەر ئـەوەی کـە پێشـووتر لـە ئەکادیمیـا ماوەتـەوەو بـواری بـۆ رەخسـاوە کـە ڕابـەری مـەزن زۆر لەنزیکـەوە بناسـێت و لـە دیکتاتۆرییەتەکـەی قـووڵ بێتـەوە ئەوانەی دەیزانـی بەڕێگای ناڕاسـتەوخۆ زوو زوو بۆمـی دەگێڕایـەوە، لـە بەرانبـەر ئەوانەی دەیانگوت یـا بێدەنگ دەبـووم یا وەڵامی وام دەدایـەوە کـە بەمانـای ئەوەبێـت هـاوڕام و وەك ئـەوە خـۆم دەردەخسـت کـە هاوڕانیـم، ئـەو تێدەگەیشـت کـە چـی دەڵێـم.

لـەو ماڵـەی لێی دەماینەوە گوێمان لێ بوو کە ڕابـەری مەزن بە ڕاگەیاندنکارانی تورکـی گوتبـوو " مـن عیسـام". تەیمـور، مـوراد و مەتیـن سـەبارەت بـەو بابەتـە گفتوگۆیـان دەکـرد، منیـش پەرتووکێکـم سـەبارەت بـە دەسـتوور دەخوێنـدەوە، نووسـەری پەرتووکەکـە کـە پرۆفیسـیۆرێك بوو، دوای ئەوەی باسـی لـە هۆکارەکانی دژە دیموکراسـیبوونی دەسـەڵاتی وڵاتانـی جیهانـی سـێیەمی کـردو پەنجەی خسـتە سـەر تایبەتمەنـدی هەندێـك دیکتاتۆر، نووسـیبووی کە بوککاسـا خۆی وەك مەسـیح

ڕاگەیانـدووە و گوتویەتـی "مـن عیسـام"، کاتێـك ئەو بەشـەم خوێنـدەوە بۆ ئەوەی مەبەسـتم بێـت پێکەنیـم و دەسـتم کـرد بـەوەی بەدەنگـی بـەرز بیخوێنمـەوە، دواتـر بۆچوونەکانـم سـەبارەت بـە ئەنجومـەن و ئـەو بەرەوپێشـچوونانەی لەمـەودوا ڕەنگـە رووبـدەن روونکـردەوە، ڕۆژێـك دواتـر لـە کۆبوونەوەیـەك کـە ئاکبولـوت، سـەزگین، زەکـی، مـوراد، تەیمـور، ئیسـماعیل و ئەدیـب تەکیـن تیایـدا بـوون گوتـم:" لـە باشـوور کۆبوونـەوەی ئەنجومەن ئەنجـام نادرێـت، ئەنجومەنێتی دانامەزرێـت، تـا ئـەو ئەقڵیەتـە بـەردەوام بێـت ئـەو کێشـە چارە نابێـت، ئیـدی بەشـداری کارەکانـی ئەنجومـەن ناکـەم، مێـژوو نیشـانی ئـەوە دەدات کـە لەسـەر حەقـم"، ئـەوە وتـەی ماڵئاوایـی مـن بـوو، بـەم جـۆرە ئەگـەر کـوژرام، دەمویسـت بیـرو بۆچوونەکانـم بزانرێـت.

ڕۆژێـك دواتـر لەگـەڵ پەرلەمانتارانـی کـوردی سـووریا ئەبوکـوردۆ و مـن و مـام رفاتـی بـرد بـۆ شـام، مـام رفـات نێـردرا بـۆ ئەڵمانیـا، مـن بەمەبەسـتی ئەنجامدانـی ئامادەکارییەکانـی دووەمیـن کۆنگـرەی ڕۆژنامەوانـی سـەبارەت بـە ئاگربەسـت و پێشـوازیکردن لـە ڕۆژنامـەوان رەفعـەت باللـی نێـردرام بـۆ بـار الیـاس. هـەر کـە گەیشـتمە بـار الیـاس خرامـە شـوێنێك کـە وەك زینـدان بەکاردەهێـنرا، دەرگاکەیـان لەسـەرم داخسـت و زنجیـر کـرا، لەکاتێکـدا لەسـەد هـەزار دەنگـی گەلەکەمـان کـە لـە ئەورووپـا درابـوون بەلانـی کـەم ٧٥ هـەزار دەنگـم بەدەسـت هێنابـوو، بێ هیـچ لێکۆڵینـەوە و لێپرسـینەوەیەك دەسـتگیر کرابـووم. ڕابەری مـەزن وەك ئەوەی بڵێـی ئـاگاداری هیـچ شـتێك نەبووبێـت دەستگیرکردنەکەشـمی بـە ئەوانی تـر کرد، ڕێنماییـدا ئـەو ماسـتاوچییانەی لـە ئەورووپـاوە هاتبـوون و داوای لێکردبـوون کـە سـەبارەت بـە مـن راپۆرتی قێـزەوەن بنووسـن، لێکۆڵەرەوەکەم ئـەو راپۆرتانەی یەك لـەدوای یـەك دەهێنـاو پێمـی دەدا، بەتایبـەت جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتەوە کە ئـەو لێکۆڵینـەوە زۆر گرنگـە، بەهـۆی ئـەوەی لـە ڕابەرایەتیی تاکتیکـی پێگەم هەیە لێکۆڵینـەوەم لەلایـەن مەرکـەزەوە بەڕێـوە دەچێـت. دەیویسـت کارەکـە بەجیـدی

www.arsivakurdi.org

وەربگرم، لەوەی کە زوو زوو دەیگوت "کۆمیتەی مەرکەزی لێکۆڵینەوەکەت بەڕێوە دەبات" تێگەیشتم کە دەیەوێت بڵێت "ڕابەرایەتیی تێکەڵ نییە". دەمەوێت بڵێم: "دامەزراوەیەك نییە بەناوی کۆمیتەی مەرکەزی، دەزانم تۆ بەفەرمانی کێ منت دەستگیرکردووە، بەڵام دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە ئارامگرتن هەڵسوکەوتێکی ئاقڵانەترە.

لێکۆڵەرەوەکەم لە یەکەم قسەکردنی لەگەڵ مندا بە "دەبێت ئەو ناوی سەلیم چوروککایایە بەیەکجاری لەناو ببەیت" کۆتایی بە ئاخاوتنەکەی هێنا، تێگەیشتم کە لەجیهانی جۆرج ئۆروێڵم. کاتێك لێکۆڵەرەوەکەم ڕۆیشت، لەسەر پێخەفە پیسەکەم پاڵدەکەوم و دەست دەکەم بە بیرکردنەوە لە مینستۆنی قارەمانی ڕۆمانی جۆرج ئۆروێل: گوتی: "بەپێچەوانەوە"، "ئەوەی تۆماری مێشکی ژێر دەستی کەس نەکردووە تۆیت، هۆکاری هێنرانە ئێرەت ئەوەیە، لەبەر ئەوەی خۆت فێر نەکرد، ملت کەچ نەکرد، نەتزانی چۆن سادەو ساکاربیت، بۆیە هاتییە ئێرە، بۆ پاراستنی سەلامەتی ئەقڵت ئەو نەرمییەی پێویست بوو نەتتواند..."

...." ڕاستیی ئەوەیە کە لەمێشکی مرۆڤەکاندا هەیە، هەموو کات لەمێشکی تاکە بە هەڵەداچووەکان نییە، لەمێشکێکی گشتی و نەمردا هەیە، لەمێشکی پارتیی، پارتیی چی وەك ڕاستی بخاتە بەردەم ئەوە ڕاستییەکەیە، تا بەچاوی پارتیی سەیر نەکەیت ڕاستییەکان نابینیت، ئەوەی پێویستە فێری بیت ئەوەیە وینستۆن، بۆ ئەوە پێویستە هەوڵ بدەیت، فێربیت خۆت بە نەبوو بزانیت، بۆ بەدەستهێنانی ئەقڵت، خۆت بە قێزەوەن ببینیت، کەسایەتیی خۆت ببەزێنیت".

لە سێیەمین ڕۆژی دەست بەسەربوونم لێکۆڵەرەکەم ئەو پرسیارانەی خوارەوە کە لەو ڕاپۆرتانەی بۆی هاتبوون دەری هێنابوون و کۆی کردبوونەوە و بە گوێرەی ڕوانگەی ڕابەری مەزن ئامادەی کردبوون و پێمیدا بۆ ئەوەی وەڵامیان بدەمەوە، ئەو پرسیارانەی لێم کران وەك خۆیان دەنووسمەوە و دەمەوێت وەڵامەکانیشی

www.arsivakurdi.org



بەگەلی کوردی بدەمەوە:

پرسیار: لەساڵی ١٩٧٨ لە گوندێکی ناحیەی بۆنگیلانی سەر بە چەولیگ دەمانچەیەك لەدەستت تەقی، کەسێکی گوندی برینداربوو، لەسەر ئەو ڕووداوە گوندییەکان مامۆستایەکیان کوشت کە لە هەوادارانی ئێمە بوو، بۆچی بووی بە هۆکاری کوژرانی هاوڕێکەت؟

وەڵام: کاتێك ڕووداوەکە ڕووی دا دوو مامۆستا بەناوەکانی ئەحمەد ئەلچی و مەلیك لام بوون، کاتێك هەوڵم دا فیشەك لە لوولەی دەمانچەیەکی تێکچوو دەربهێنم دەمانچەکە لەدەستم تەقی، فیشەکەکە بە ئێسکی خوار چۆکی گەنجێکی گوندەکە کەوت، لەبەر ئەوەی لوولەی دەمانچەکە فراوان بوو فیشەکەکە نەچووبووە ناو ئێسکەکە، نیوەی لە دەرەوەبوو، برایەکی گەورەتری گەنجەکە لامان بوو ناردمانە گوندەکە تابچێت برا گەورەکەی تری کە ئۆتۆمبێلی هەیە بانگ بکات، دوای ماوەیەك خەڵکی گوندەکە بەدەستی بەدارو خاکەناسەوە بەرەو لای ئێمە هاتن، لەبەر ئەوەی لە پەنجەرەی قوتابخانەی گوندەکەوە دیاربوون، مامۆستا هەوادارەکەمان بە ئامانجی هێورکردنەوەی خەڵکەکە چووە دەرەوە، دووچاری هێرشی داری خەڵکەکە بوویەوە، کاتێك دوو جاری بەر پشت کەوت بەرەو دارستانەکەی باشووری گوندەکە ڕایکرد، ئێمە هەرسێکمان لەبەر ئەوەی بێگانەبووین چاوەڕوان بووین تا خەڵکەکە لەوێ بڕۆن، لە ئەنجامدا کاتێك تێگەیشتن برینی گەنجەکە سووکە هەندێك هێور بوونەوە، لەبەر ئەوەی کە دەمانچەکە بەدەستی من تەقی، ڕەنگ بوو هێرشم بکەنە سەرو ئەحمەد و مەلیك پێشنیازی ئەوەیان بۆم کرد کە لە دارستانی باکووری گوندەکەوە بەرەو چەولیگ بچم.

گوتیان کە دەتوانن خەڵکی گوندەکە هێور بکەنەوە، لەسەر پێشنیازی ئەوان بە دارستانەکەدا ڕەت بووم و چوومە چەولیگ، هەڤاڵان دوای ئەوەی خەڵکەکە ڕازی دەکەن و فیشەکەکە لە قاچی کوڕەکە دەردەهێنن و لە گوندەکە دەردەچن،

www.arsivakurdi.org

وابیرمان دەکردەوە کە مامۆستاکە بەرەو گومگوم چووبێت، دوای هەفتەیەك جەستەی لە رووباری موراد دەرچوو، وادیارە یەکێك لە دارەکان بەر سەری کەوتووە و لە دارستانەکەی خوارووی گوندەکە کەوتووە، ڕۆژێك دوای ئەوەی ئێمە لە گوندەکە دەرچووین خەڵکەکە مامۆستاکەیان هێناوەتەوە گوندەکەو لەترسان نەیان بردووەتە نەخۆشخانە، بەهۆی خوێنبەربوونی مێشك لە ماڵی برا گەورەی گەنجە برینداربووەکە مردووە، بۆ ئاشکرا نەبوونی ڕووداوەکە جەستەکەیان فڕێداوەتە رووباری موراد، ڕووداوەکەش هەنگاو بە هەنگاو بەم جۆرە ڕوویداوە، ئەوانەی لەو سەردەمە لەناو پارتیدا بوون تەنانەت ڕابەری مەزنیش دەیانزانی کە ڕووداوەکە ئاوا ڕوویداوە و دووبارە لەو سەردەمە لەسەر بابەتەکە وتووێژ کراوە، لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە، بەبڕیاری رێکخراو هەمووان تێگەیشتن کە "بەبێ" سەرنجی هەڵسوکەوتم کردووەو ڕووداوەکە لە ئەنجامی قەزاو قەدەر ڕوویداوەو کێشەکە بە تەواوی چارەسەر بوو، سەرنجڕاکێش بوو کە دوای ١٥ ساڵ ئەو ڕووداوە بکرێت بە بابەتی لێکۆڵینەوە، کەسێك کە سەدەها هەڤاڵی بەشێوەیەکی سیستەماتیکی کوشتووە بۆ ئەوەی تاوانەکانی خۆی پەردەپۆش بکات هەوڵدەدات من وەك "بکوژی هاوڕێ" نیشان بدات.

پرسیار: کاتێك لەساڵی ١٩٧٩ خێزانەکەت لە زیندانی دیاربەکر دەستگیر کرابوو سەرەڕای ئەوەی داوا کراو بوویت چۆن چوویتە دیداری؟ روونی بکەوە!

وەڵام: ساڵی ١٩٧٩ بەناو داواکراو بووم، بەڵام وەك کەس نە سەربازانی زیندان و نە پۆلیس منیان نەدەناسی، بەو ناسنامە ساختەیەی لام بوو بەناوی جومعە کورت، نازناوی فەهری ئۆغلو و لەدایکبووی چەرمیك یەکجار سەردانی خێزانەکەمم کرد، لەو سەردەم ئەوە هیچ کێشەیەکی تێدا نەبوو، ساڵێك دواتر لەسەر بنەمای هەواڵ لێدانی خدر ئاکبالك دەستبەسەر کرام، بەهۆی ئەو ناسنامەیە سزای شەش مانگم بەسەردا سەپێنرا، ناسنامەکە ئێستا لە دادگای ژمارە ٢ی سەربازیی دیاربەکر لە دۆسیەی داوای سەرەکی پەکەکەدا هەڵگیراوە.

www.arsivakurdi.org

پرسـیار: هەڵوێسـتت چـۆن بـوو کاتێـك لەسـالی ١٩٨٠ لـە دیاربەکـر دەسـتگیرکرایت و لێکۆڵینـەوەت لەگـەڵ ئەنجامـدرا، باسـی بکـە!

وەڵام: لـە لێکۆڵینـەوەم نکۆڵیـم کـرد، گوتـم کـە لـە شـارەوانی زبڵچیـم، هیـچ زانیارییەکـم سـەبارەت بـە پارتـی نەدرکانـد. ئـەو دۆخـە ڕابـەری مەزنیشـمان و هەمـوو هەڤاڵـە بەرپرسـەکان دەیزانـن، لـە وتـەی پۆلیـس و پارێزگاری لـە خۆکردنە سیاسـییەکانم لـە داوای سـەرەکی پەکەکـە لـە فەرمانـدەی بەڕێوەبەرایەتـی سـەربازیی دیاربەکـر و داوای تیمـی پەکەکـەی خارپێـت هەیـە.

پرسـیار: لەسـاڵی ١٩٨١ لـە زیندانـی دیاربەکـر کاتێـك نەقیـب ئەسـەد تـۆی ڕووتکـردەوەو ویسـتی ڕووبـەڕووی خێزانەکـەت بکاتـەوە، بۆچی پابەندی یاسـاکان بوویت؟

وەڵام: ئـەو ڕووداوەم لـە بەرگـی یەکەمـی ڕۆمانـی بەنـاوی شـەفەقی دیاربەکـر لـە تاریکـی ١٢ی ئەیلـوول ڕوونکردووەتـەوە، لەبـەر خێزانەکـەم پابەنـدی یاسـاکان نەبـووم، ئەگـەر مـن لەبـەر خێزانەکـەم پابەنـدی یاسـاکان بوومـە: کەمـال پیـر، مەزڵـوم دۆغـان، محەممـەد خەیـری دورمـوش، ڕەزا ئاڵتـون و مسـتەفا کاراسـوو بۆچـی پابەنـدی یاسـاکان بـوون؟ سـەرەڕای ئـەوەی زۆر بـاش دیـارە کە لەبـەرواری ١٩ی ئایـاری ١٩٨١ تـا ١ی ئەیلوولـی ١٩٨٣ هیـچ کەسـێك نییـە کـە لەزیندانـی دیاربەکـر پابەنـدی یاسـاکان نەبووبێـت، پابەندبوونـی منیـش بـە یاسـاکان لەنێـوان ئـەو بەروارانـە بکرێـت بـە بابەتـی لێکۆڵینـەوە واتـای چییـە؟ جگـە لـەوە مـن لـە زیندانـی دیاربەکـر زۆرتریـن بەرگریـم کـردووەو لـەو ١٧ کەسـەبووم کـە دوایيـن کـەس پابەنـدی یاسـاکان بوویـن.

پرسـیار: هەڵوێسـتت لەکاتـی ڕووداوی فوئـاد چاڤگـون[٣] لـە زیندانـی دیاربەکـر

٣ فوئاد چاڤگون. لەساڵی ١٩٧٦ لە جورنەرەش هاتە نێو خەباتی سەربەخۆیی کوردستان، دوای ئەوەی خەلیل چاڤگونی براگەورەی لە جورنەرەش لەلایەن چەتە دواکەوتووەکانەوە کوژرا لە جورنەرەش و روحا رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە شەڕ لەدژی چەتە فاشیستەکان، دواتر دەستگیرکراو خرایە زیندانەوە. لە ١٤ی تەمموزی ١٩٨٢ بەشداری مانگرتن تا مردنی کرد،

www.arsivakurdi.org

روون بکەوە!

وەڵام: هەڵوێستم لەبەرانبەر ڕووداوی فوئاد چاڤگون دیارە، ئەگەر ئەمڕۆ رووبداتەوە دووبارە هەمان شێوە بەرپەرچی دەدەمەوە.

پرسیار: کە لە زیندانی جەیهان پەرتووکی ڕابەرایەتییت خوێندەوە، بۆچی رووخسارت گرژ کردبوو؟

وەڵام: لەبەر ئەوەی لە پەرتووکی ڕابەری مەزن خوێندمەوە کە جنێوی بە هاوڕێکانی، واتا بە گەریلا داوە...

پرسیار: ژیانت لە زیندان باس بکە!

- ڕوانینت بۆ دیسپلین.
- ڕوانینت بۆ ڕابەرایەتیی.
- ڕوانینت بۆ ژیان و کارکردنی بە کۆمەڵ.
- نزیکبوونەوەت لە گرانبەهاو پیرۆزییەکان.
- نزیکبوونەوەت لە چین و توێژەکان.
- پەیوەندییە هەڤاڵەتییەکانت.

وەڵام: وەڵامی هەموو ئەوانە لە پەرتووکە دوو بەرگییەکەم بەناوی "شەفەقی دیاربەکر لە تاریکی ١٢ی ئەیلوول" دا دەبیننەوە، پەرتووکی ناوبراو بەر لە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەژێر رەزامەندیی رێکخراوی ناوەوەو ڕابەری مەزندا تێپەڕیوە.

پرسیار: دوای ئازادبوونت لە زیندان سەرچاوەی خەرجییە زۆرەکەت ئاشکرا بکە!

وەڵام: کاتێك لە ٢٧ی نیسانی ١٩٩١ لەزیندانی بارتین ڕزگاربووم تەنیا ملیۆنێك

---

لە رۆژی ٤٥ەمینی مانگرتنەکەی لە هۆش خۆی چوو و بردرا بۆ نەخۆشخانە، دواتر ئیفلیج بوو، لەساڵی ١٩٨٧ لەزیندانی دیاربەکر هەندێك هاوڕێی نارەزای بردە لای خۆی و بەگرتنەبەری تێگەیشتنێکی ناوچەگەری هەڵسا بە کودەتا بەسەر رێکخراوی زیندان.

www.arsivakurdi.org



لیـره لـه گیرفانـم بووم، بـەدەر لـەوە خاوەنی ئەو سـەردەمی (Yeni Ülke) یوسـف سـەرحەد بوجـاك کەمێـك پارەی پێمدابـوو، بڕەکەی داوا دەکەم سـەرحەد ئاشـکرای بـکات، رێـك ٢٨ ڕۆژ دوای ئـەوەی لەزینـدان ئازادبـووم لەڕێـگای هەڤاڵانـەوە لەروبـاری مەریـج پەڕیمـەوەو چوومـە یۆنـان، ئـەو پارەیـەی لـەو ماوەیـە خەرجـم کـردووە بـە پـارەی ڕێـگاوە، لـە ملیۆنێـك و نیـو لیـره تێپـەڕ نابێـت، ئەوەی بـە تەنیا ملیارەهـا لیـرەی گەلـی خسـتووەتە ژێـر دەسـتی خـۆی، ئـەو ڕابـەری مەزنـەی کـە لـە شـیکردنەوەکانی خۆیـدا دەڵێـت "مـن خـاوەن سـەروەتێکی زۆرم، مـن بەقـەد پادشـایەك دەوڵەمەنـدم" هیـچ کاتێـك سـەرچاوەی خەرجییەکانـی خـۆی ئاشـکرا نەکـردووە، لـەو بابەتـە هیـچ ڕوونکردنـەوەی بـۆ هیـچ دەزگا یاخـود کەسـێك نەکـردووە، لەبـەر ئـەوەی پـارەی بێسـنووری خـەرج دەکـرد. لـە کۆنگـرەی چـوارەم کاتێـك گوێبیسـتی وتـەی "سـەرۆکیش بـا ڕوونکـردەوە سـەبارەت بـە خەرجییەکانی بـدات" بـە محەممـەد شـەنەرەوە زۆرێـك کەسـی وەك سـیخوڕ ڕاگەیاند، کەسـێکی لـەو جـۆره من کـە دوای ئەوەی لە زیندان ئازادبووم لەمـاوەی ٢٨ ڕۆژ لێکۆڵینەوەی خەرجکردنـی "پارەیەکـی زۆرم" لەگـەڵ دەکات ئـەوە واتـای چییـە؟

پرسـیار: دوای ئـەوەی لەزینـدان ئازادبوویـت، بۆچـی لەگـەڵ دۆغـو پەرینچـەك یەکترتـان بینـی؟ هەمـوو وردەکارییەکانـی روون بکـەرەوە.

وەڵام: کاتێـك لەگـەڵ دۆغـو پەرینچـەك یەکترمـان بینـی سـەرۆکی کۆمەڵـەی مافـی مرۆڤـی دیاربەکـر بەڕێـز فـەوزی ڤەزنـەدار ئۆغلـۆ و خێزانەکـەی سـەرتاپ یۆکۆشـیش لەگەڵـم بـوون، داوا لـە بەڕێـزان پەرینچـەك، ڤەزنـەدار ئۆغلـۆ و یۆکۆش دەکـەم روونـی بکەنـەوە کـە مـن لەگـەڵ بەڕێـز دۆغـو پەرینچـەك چیـم گوتـووەو گفتوگـۆی چـی بابەتێکـمان کـردووە.

پرسیار: باسی یەکتربینینەکەتان بکە لەگەڵ بەهجەت جانتورك!

وەڵام: دوای ئازادبوونـم لـە زینـدان لەگـەڵ بەهجـەت جانتـورك کـە لەمەوبـەر بەیەکـەوە لەزینـدان بوویـن لـە هوتێلێکـی لیجەییـەکان یەکترمـان بینـی، بەهجەت

www.arsivakurdi.org

کەسێکی وڵاتپـەروەرە کـە لەزینـدان یارمەتـی دارایـی داویـن، کاتێـك لەگـەڵ بەهجـەت یەکترمـان بینـی بەڕێـز مەهـدی زانـاو خێزانەکـەی لەیلا، بەڕێـز رەجەب ماراشـلی و عەلـی بێیکۆیلـو لەگـەڵ ئێمەبـوون، ئـەو یەکتربینینێکـی تایبـەت نـا رێککەوتێـك بـوو.

پرسـیار: دوای ئـەوەی لەزینـدان ئازادبوویـت و چوویتە گوند، هەندێك سـەرباز هاتنـە گوندەکەتـان، بـەچ ئامانجێك هاتنـە لات و گفتوگۆتان کرد؟

وەڵام: دوای سـێ ڕۆژ لـە چوونـەوە گوندەکـەم، گرووپێـك سـەرباز هاتـن گوتیـان کـە لەسـەربازیی هەڵاتـووم و داوایـان لێـم کـرد بچمـە بەشـی سـەربازیی چەولیـگ، ڕۆژی دواتـر لەگـەڵ پارێـزەر سـەبری ئەریـك، ئەندازیـاری کارەبـا عسـمت ئایدۆغـدو، ئەندازیـاری کشـتوکاڵی ئەحمـەد قاسـمئۆغلو، سـەرۆکی لقـی چەولیگـی پێشـووی پارتیـی ڕەنجـی گـەل ئیبراهیـم ئینجەدوورسـون و سـەرۆکی نوێـی فەیزوڵـڵا کارائاسـڵان هەمـوو بەیەکـەوە چووینە بەشـی سـەربازیی چەولیگ و سـەربازییەکەم سـێ مانـگ دواخسـت.

پرسـیار: کاتێـك لـە رووبـاری مەریـج دەپەڕیتـەوە بۆچـی سـەیفەددین ئالوشـت لەنێـو ئـاو جێ هێشـت؟

وەڵام: تەوژمـی ئاوەکـە ئێمـەی فڕێدایـە ژێـر رووناکـی بنکـەی پۆلیـس و لەبەر ئـەوەی ئێلەگـی ڕزگارکردنـی لەبەربـوو، نەمانتوانـی رایبکێشـینە لێـواری ئاوەکـەو دوو کیلۆمەتـر لـە خوارتـر لـە ئاوەکـە هاتبـووە دەر، چـوار هەڤـاڵ لەگـەڵ مـن بـوون، لەکاتێکـدا ئـەو ڕووداوە بـۆ هەڤاڵەکانـی تـر هیـچ کێشـەیەك ناخوڵقێنێـت، بەکارهێنانـی بـە بـەردەوام لـەدژی مـن تێگەیشـتن لـە لۆژیکەکـەی زۆر زەحمـەت نییـە. ڕووداوەکـە سـاڵێك لەمەوبـەر دووبـارە لـە دژم بەکارهاتبـوو و بەهاتنـی سـەیفەدین بـۆ ئەکادیمیـا و گوتنـی "هەڤـاڵان بـە ئەنقەسـت منیـان لەرووبارەکـە جێنەهێشـت" بابەتەکـە کۆتایـی پـێ هـات و داخـرا.

پرسـیار: کاتێـك لەزینـدان ئازادبوویـت و هاتیتـە ئەکادیمیـا، بۆچـی ئاقیبەتـی

www.arsivakurdi.org

ئەوانـەت پرسـی کـە لەلایـەن پارتییـەوە سـزادراون؟

وەڵام: ١١ساڵ لـە زینـدان بووم، کاتێـك چوومە لای ڕابەری مـەزن بینیم هەڤاڵە کۆنـەکان بەشـێکی زۆریـان لەژیانـدا نەمـاون و هیچ کەسـێك ناویان ناهێنێتە سـەر زوبـان، ئاقیبەتـی هەندێـك هاوڕێـی زۆر نزیکـم لـە ڕابـەری مـەزن پرسـی، کردنـی پرسـیارێکی ئـاوا بـە بابەتـی لێکۆڵینـەوە ڕووی گڵاوی دیکتاتۆرێکـی نیشـاندەدا کـە بـۆ شـاردنەوەی تاوانـە قێزەوەنەکانـی خـۆی هـەوڵ دەدات. ئایـا مـن بێوەفاییەکـی وا دەکـەم کـە لـە ئاقیبەتـی عەبـدوڵا ئەکنجـی، دلاوەر یلـدرم و سـەدان هاوڕێی تر نەپرسـم؟ دیـارە کە دیکتاتـۆر تاوانی ئەنجام داوە کە پرسـیارکردنم وەك لێپرسـینەوە هەڵدەسـەنگێنێت، منـی دەبـردە لێکۆڵینـەوە.

پرسـیار: کاتێـك هاتیتـە ئەکادیمیا ڕۆژەکانـی یەکەم چیت کرد بـۆ بەلاڕێدابردنی وانەکان و ژیان؟

وەڵام: کاتێـك هاتمـە ئەکادیمیا بیروبۆچوونی خـۆم دەربڕی، کاتێك بیروبۆچوونی خـۆم دەربڕی نەمدەزانـی بەهۆی ئـەوەوە دادگایی دەکرێم!

پرسیار: هۆکاری چییە کە لاسایی ڕابەرایەتیت کردووەتەوە و گاڵتەت کردووە؟

وەڵام: دەیەویسـت ببـم بـە ماسـتاوچیی و نەدەبـووم، بەشـێوەی (لاقـرت بـێ تـوڕەکردنـی ئـەو، ڕەخنـەم لێدەگـرت، ئەگـەر ئـەو دۆخـە وەك گاڵتەپێکردنـی وەربگرێـت تاوانـی مـن نییـە، هی کەسـێکە کە کەشـێکی وا دروسـت بـکات خەڵك ناچـاری بـوون بـە لاقـرت یاخـود ماسـتاوچی بـکات.

پرسـیار: لـە ئەکادیمیـا پەیوەندیـت لەگـەڵ خێزانەکـەت خـراپ بـوو، کاتێـك چوویتـە ئەورووپـا چـۆن چـاك بـووەوە؟

وەڵام: لـە ئەورووپـا پەیوەندیـم لەگـەڵ خێزانەکـەم چـاك نەبـووەوە، ئـەو پرسـیارە دەبـوو وا بکرێـت، "خێزانەکـەت لێـرە دووزمانـی بـۆم دەکرد، لـە ئەورووپا بۆچـی نایـکات؟"

پرسـیار: سـەرەڕای ئـەوەی شـیکردنەوەکانی ڕابـەری مـەزن سـەبارەت بـە

www.arsivakurdi.org

کێشـەکانی ئافـرەت دەزانیـت، بۆچـی لەگـەڵ خێزانەکـەت لەهەمـان خانـوو مایتـەوە؟ بەهەمـوو وردەکارییەکانـەوە روونـی بکـەوە؟

وەڵام: کەسـێك کـە ١٣ سـاڵ لەگـەڵ خێزانەکـەی نەخەوتبێـت، بەخێزانەکـەی شـادبێتەوە و لەهەمـان ژوورو لەسـەر هەمـان پێخـەف بخەوێـت چـی دەکات، منیـش ئـاوام کـردووە، تاوانـم ئەنجامـداوە! ئایەتەکانـی ڕابـەری مەزنـم ژێـر پـێ خسـتووە! ئەگـەر وردەکارییـەکان بـاس بکـەم ڕەوشـتی بەنـدەکان تێکدەچێـت، نامەوێـت گونـاە ئەنجـام بـدەم!

پرسـیار: ئامانـج چییـە لـەوەی زوو زوو دەسـتەواژەکانی "تێگەیشـتنی مـن بـۆ دیموکراسـییەت، تێگەیشـتنی مـن بـۆ پارتیـی، تێگەیشـتنی مـن بـۆ مێـژوو" بەکاردەهێنیـت؟

وەڵام: تێگەیشـتنم بـۆ پارتیـی لـە بەرانبـەر ئـەو پارتییـەی کـە نییە، تێگەیشـتنم بـۆ دیموکراسییەت لەبەرانبـەر ئـەو دیموکراسـییەی بوونـی نییـە، تێگەیشـتنم بـۆ مێـژوو لەبەرانبـەر ئـەو مێـژووەی پێچەوانـە کراوەتـەوە هەیـە، بۆیـە زوو زوو ئـەو دەسـتەواژانەم بەکاردەهێنـا.

پرسـیار: ئامانجـت چـی بـوو لـەوەی لـە ئەورووپـا لەگـەڵ رووناکبیـرەکان پەیوەندیـت دەبەسـت و نـاوی ئـەو رووناکبیرانـە بنووسـە کـە پەیوەندیـت لەگـەڵ دا بەسـتوون؟

وەڵام: رووناکبیـرە ئازیزەکانـی کـورد! مـن بـەچ مەبەسـتێك پەیوەندیـم بـە ئێوە بەسـت؟ تکایـە بۆ ڕای گشـتی روونـی بکەنەوە!

پرسـیار: بەرخـوەدان کـە ڕۆژنامـەی بـەرە بـوو بۆچـی بـەڕووی رووناکبیرانتـدا کـردەوە؟ دەسـتەواژەی "کۆتایـی بـۆ داخراوەییبـوون"ت بۆچـی بەکارهێنـا؟

وەڵام: پێشـنیازی ئـەوەم بـۆ ڕابـەری مـەزن کردبـوو کـە رووناکبیـران وتـار بـۆ ڕۆژنامـەی بەرخـوەدان بنووسـن، پێشـنیازەکەم رەزامەندیـی لەسـەر درا، دوای ئـەوەی رووناکبیـران دەسـتیان کـرد بـەوەی بەنـاوی خۆیـان وتـار بڵاوبکەنـەوە،

www.arsivakurdi.org

ڕابـەری مـەزن سـەیری ڕۆژنامەکـەی کردبـوو و بـە تەلەفـۆن بـە منـی گـوت:"زۆر باشـە و بەکەسـی زیاتـر بنووسـە"، هـۆکاری سـەرەکی ئـەوەی وتـار بـە ڕووناکبیران بنووسـم، ئەوەبـوو کـە ڕابـەری مەزن ئـەو مرۆڤانەی لەژێر دەسـتی خۆیـدا بەهۆی ئـەوەی ژیانیانـی تاریـك کـردووە کەسـێك نەماوەتـەوە بیـر بکاتـەوە ئەوانـەی لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی ئـەو ماونەتـەوەو توانـای بیرکردنەوەیـان هەیـە ویسـتم وابکـەم کـە خزمـەت بـە گەلەکـەم بکـەن.

پرسـیار: بۆچـی پێداگیریـت لەسـەر ئـەوە کـرد لـە ڕۆژنامـەکان بـەواژۆی خـۆت وتار بنووسـیت؟

وەڵام: کاتێـك ڕابـەری مـەزن پارتییەکـەی لەناوبـرد، هەمـوو ئۆرگانەکانـی ڕاگەیاندنـی ئەوانـی قـۆرخ کـرد و لەبـەر ئـەوەی کـە درکـم بەوەکـرد قەدەغەیـە هیـچ پەکەکەیـەك بـەواژۆی خـۆی وتـار بـڵاو بکاتـەوەو ئـەو قەدەغەیـە تەنیا خۆی ناگرێتـەوە، دۆخەکـەم بەکارەسـات هەڵسـەنگاند، بۆیـە پێداگیریـم کـرد لـەوەی کە بـەواژۆی خـۆم وتار بنووسـم، ئـەوەی کە ئەمـڕۆ بەهۆی ئـەو پێداگیرییـەم دادگایی دەکرێـم بەڵگـەی ئەوەیـە کـە ڕابـەری مـەزن جگـە لەخۆی ئـەوەی بـەواژۆی خۆی وتـار بنووسـێت بـە تاوانبـار دەیبینێت.

پرسـیار: هەمـوو پەیوەندییەکانـت لەگـەڵ خێزانەکـەت و ئەنـدام عەلـی ڕەزای سـیخوڕ[٤] ڕوون بکەوە؟

---

٤ عەلی رزا (محەمەد چیمەن) وەك یاریدەدەری رێکخەر لە رێکخراوی ئەورووپا کاری کردووە، یازدە ساڵ زیندانی کرا، لە ناوەڕاستی ١٩٩٢ هاتە ئەورووپا، ئەو قەدەغانەی رابەری مەزن سەبارەت بە کێشەی ئافرەت دانابوو ژێرپێی خست بەهۆی ئەوەوە وەك تاوانبار نیشاندراو پەیوەندییەکانی راگیرا، کاتێك پلان دادەڕێژرا تا بۆ دادگاییکردنی بینێرنەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆکارێکی نادیار خوشکەکەی کە لە بۆنن لە رێکخراو بوو خنکاند، عەلی رەزا کە لە بۆنن دەستگیرکراو بردرا بۆ لێکۆڵینەوە، بە گوێرەی ئەوەی لە شام بۆم باسکرا لەوتەکەی گوتبووی"لەو دونیایە (مەبەستی دونیای ئاپۆیە) ساویلکەکان مافی ژیانیان نییە، خوشکەکەم ساویلکەبوو بۆیە خنکاندنم، منیش ساویلکەم منیش بکوژن!" و دواتر لە ئاداری ١٩٩٣ وەك بە هەڵمبوون لەناوچوو! رابەری مەزن لە شام لە یەکتربینینێکمان بە ئاماژەکردن بە عەلی رەزا پرسی "ئەو جانەوەرەت بینی؟ ئێوەیان لە زیندان چۆن کردووە بە جانەوەر؟" من زۆر باش دەمزانی کە جانەوەر کێیە. زانیم کە عەلی رەزا لە ئاداری ١٩٩٣ لە بۆننەوە لەلایەن کانی یلمازەوە بردراوەتە هۆڵەندا، لێرە دووبارە لەلایەن کانی یلماز (فەیسەل دۆنلایجی) و رێکخەری ئەورووپای بەر لە کانی کە نازناوی مەحسون بوو بردرا بۆ لێکۆڵینەوە لەژێر لێکۆڵینەوەو بە ئەشکەنجەدان کوژراوە.

www.arsivakurdi.org



وەڵام: هەرسێکیشمان پەیوەندی تایبەت بەخۆی نییە.

پرسیار: بۆچی چوویتە ریۆ دی جانیرۆ؟

وەڵام: بە رەزامەندیی هاوڕێیان بە ئامانجی بەشداریکردن لە کۆنگرەی پێن چووم.

پرسیار: وتاری ریۆ کە ڕەوشتی گەل تێکدەدات بۆچی نووسیت؟

وەڵام: بانگی خوێنەرانی بەرخوەدان (Özgür gündem) دەکەم: خوێنەرە بەڕێزەکان، لە ڕۆژنامەی بەرخوەدان "کوردستان لە ریۆدا" و لە ڕۆژنامەی Özgür gündem" سەرنجەکانی ریۆ" وتارەکانی ژێر ئەو ناونیشانانە ڕەوشتانی تێکدا؟ ئەگەر تێکچووە زۆر زۆر داوای لێبوردن دەکەم! (لەبەر ئەوەیە خاوەن ڕەوشتێکی زۆر لاوازبوونە، کەمێکیش خەتاکە لە خۆتانە)، بەڵام سەرەڕای ئەوە ئەوەی ڕەوشتی تێکچووە با هەواڵم پێبدات، توانای ئەوە پەیدا دەکەم کە بینێرمە ئێران و بۆی چا بکەمەوە!

پرسیار: بۆچی بە تیمی نووسەرانی بەرخوەدان و سەرخوەبوونت گوت نەزان و دواکەوتوو؟

وەڵام: هەموو هەڤاڵەکانی تیمی نووسەرانی ڕۆژنامەکان لەژیاندان، هەڤاڵان من بە ئێوەم گوتوە (نەزان و دواکەوتوو؟) من لەکاتێکدا کە بەئێوەم نەگوتووە نەزان و دواکەوتوو، وەك ئەوەی گوتبم دادگایی دەکرێم. ڕابەری مەزن سەرەڕای ئەوەی ڕۆژی ٤٠ جار پێتان دەڵێت "کەری کوڕی کەر" بۆچی خۆی دادگایی ناکات؟

پرسیار: ژیانت لە ئەورووپا باس بکە؟

ـ روانینت بۆ دیسپلین،

---

جەستەی محەمەد چەتین لە هۆڵەندا دەخرێتە ناو بانیۆیەکی گەرماوەوە، بانیۆکە پڕ دەکرێت لە ئەسید، دوای نزیکەی دوو کاتژمێر کاتێك کەناڵی بانیۆکە دەکرێتەوە تەنانەت قژ و ئێسکەکەی هیچ شتێك نامێنێتەوە، لەو پەراوێزەدا کاتێك لە ساڵی ١٩٩٣ نووسیم بە بەهەڵم بوون" محەمەد چەتین لەناوبردرا، راستییەکە ئەوەیە کە "بە تواندنەوە بە ئەسید" لەناو بردرا.

www.arsivakurdi.org

ـ تێگەیشتن بۆ کاری بە کۆمەڵ،

ـ روانینت بۆ ڕابەرایەتیی،

ـ پەیوەندییە هەڤاڵەتییەکانت،

ـ نزیکبوونەوەت لە بەنرخەکان،

ـ ڕوانینت بۆ کێشەی ئافرەت،

ـ ڕوانینت بۆ کێشەی جەنگ،

ـ تێگەیشتنت بۆ دیموکراسی،

وەڵام: مـن ئـەو ماوەیـەی لـە ئەورووپا بـووم وەك کۆنـە پەکەکەیـەك کارم کـردووە، خەباتـم کـردووە، بۆچوونەکانـم دەربڕیـوە، لـەو ڕۆژەوە کـە هاتـم تـا ئـەو ڕۆژەی ڕۆیشـتم، لەگـەڵ کەسـە ماسـتاوچییەکان کارم کـردووە، لەشـوێنی ئـەو تێگەیشـتنەی رێکخـراو کـە دەسـەپێنرا، بـە قەد توانای خـۆم وەك کۆنـە پەکەکەیەك هەوڵمـدا پەیوەندییـەکان بژیێنمـەوە و وەك ئـەوە ژیـام کـە لـە زینـدان بـم.

پرسیار: بۆچی کێشەی دامەزراندنی رادیۆ و تەلەفزیۆنت هێنایە ڕۆژەڤەوە؟

وەڵام: پێشـنیازی کردنـەوەی رادیـۆ و تەلەفزیـۆن لـە منـەوە دەرچـوو و ڕەزامەندیـی لەسـەر درا، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوە کراوەتـە بابەتـی لێکۆڵینـەوەو دادگاییکرانـم، ئێسـتا خـۆم وەك یەکێـك دێتـە بەرچـاو کـە لـە گەڕەکـی نابینایـان ئاوێنـە بفرۆشـێت.

پرسیار: لە ئاخاوتنی کۆنفرانسی ئەنجومەن بۆچی رەشبینیت خوڵقاند؟

وەڵام: چونکە پێشبینی ئەوەم کرد کە دیکتاتۆرییەت.

کاتێـك ئـەو پرسـیارانەم بینـی کـە بەمـن دراون سـەرم سـوڕا، زۆر بـاش دەمزانی کـە بەهـۆی ئـەو "تاوانانـەی" لـە پرسـیارەکاندا هاتـوون دەسـتگیر نەکـراوم، چونکە هەمـوو پرسـیارەکان قۆڕبـوون، تەنیـا بە ئاشـکرا ئەوەی کـە سـیخوڕم دەخرایە ڕوو، دەزانـم کـە ئەگـەر وەڵامـی هیچی نەدەمـەوە ئەوا دەکوژرێـم، بۆیە زۆر بە ئاشـکرا وەڵامـی هەمـوو پرسـیارەکانم دایەوە، تێدەگەم کە ئامانجی سـەرەکی ئەو، کوشـتنی

www.arsivakurdi.org

مـن نییـە، بەڵکـو بـە بەندەکردنمـە، دوای پێنـج ڕۆژ لەوەڵامدانـەوەی پرسـیارەکان، لێکۆڵەرەوەکـەم هاتـەلام و گوتـی: "وەڵامەکانـت قبوڵکـران، ئـەو وەڵامانـە هـەر خـۆی دەزانـران، کێشـەکە وەك ڕووداوێکـی پۆلیسـی وەرمەگـرە، پێویسـتە روو لـە خـۆت بکەیـت، خـۆت بکەیـت بـە هیـچ، دەبێـت لەبەرانبـەر ڕابەرایەتیـی و پارتـی خـۆت بکەیـت بـە هیـچ، ئێـرە وەك شـوێنێکی لێکۆڵینـەوە مەبینـە، خـۆت وەك کەسـێك قبـوڵ بکـە کـە بردراوەتـە پـەروەردە، لـە مەزنـی ڕابەرایەتیـی تێبگـە، ئێمـە ئەوانـەی لەزینـدان ئازادبوویـن هەمـوو هەموومـان ٧٠ کەسـین، ڕابەرایەتیی ئەگـەر خواسـتی لەسـەربێت هەموومـان لەرووبـاری فـورات دەخنکێنێـت، ئـەوە هیـچ کێشـە نییـە. تۆ زۆر ئاشـقی خـۆت بوویـت، خۆت دەدەیـت بە زەویـدا، ئەوە کۆتـا شانسـی تۆیـە" و دەروات.

لەلۆژیکـی ئـەو خودڕەخنەیـە تێدەگـەم کـە پێویسـتە بینووسـم، دەبـوو چیرۆکـی بوونەوەرێکـی وردو یەکێکـی مـەزن بنووسـم، کاتێـك لەمـاوەی دوو ڕۆژ خودڕەخنەیەکـی دوو لاپەڕەییـم نووسـی لەڕێـگای بیرمەنـدەوە گەیانـدم بـە لێکۆڵەرەکـەم. دوای سـێ ڕۆژ لێکۆڵەرەکـەم دێـت و دەڵێـت:" دووبـارە قبـوڵ نەکـرا"، کاتێـك لەبەرانبـەر قسـەکەی بێدەنـگ بـووم گوتـی: "هەڤـاڵ سـەلیم ئـەو بیرۆکەیـەی بەمـن دراوە بـۆت دەخوێنمـەوە، تێبینی لێ وەرگـرە، بەگوێرەی ئەوەوە خودڕەخنەکـەت بنووسـە"، بەگوێـرەی ئـەو بیرۆکـەی پێـم دەدات، "لەسـاڵانی نێـوان ١٩٨٠ـــ-١٩٨٤ سـەرەڕای بەرگریکردنـم لە زیندانـی دیاربەکـر کارم لێکراوەو کەسـایەتیم ئەزیەتـی بەرکەوتـووە، رووخـاوە، پوکاوەتـەوە، بەرەبەرە لەشـۆڕشـگێڕی دوورکەوتمـەوە، لەمـاوەی سـاڵانی ١٩٨٤ـــ-١٩٩٠ بەهـۆی ئـەوەی پابەنـدی دووبارە بنیاتنانـەوە کـرام، کەسـایەتیم زیاتـر تێکدراو گـۆڕدرام بۆ کەسـایەتییەك کە دوژمنی پارتـی و گـەل بێـت، بـە پـەروەردەی لەمەوپێشـی ئەکادیمیـا ئـەو کەسـایەتییە بەهیـچ شـێوەیەك چا نەبوویـەوە، بۆیە پراکتیکـی ئەورووپام وەك پراکتیکی شـەڕی تایبـەت و کۆنتر گەریلا دەردەکەوێت. کەسـایەتیم، کەسـایەتیی ریال سۆسیالیسـت،

www.arsivakurdi.org

کەمالیست، چەپی تورك و چەپی کوردە".

لێکۆڵەرەکەم هەندێك ڕێنمایی دا کە بەواتای "کێشەکە بەنووسینی خودڕەخنە چارەسەر نابێت، سەلیم چوروککایا دەکوژێت، پیاوێکی وا بوونی نابێت، خۆت بە تەواوی خاڵی دەکەیتەوە، شوێنی خاڵییەکان بەوەی ڕابەرایەتیی دەیەوێت پڕ دەکەینەوە". دێت و دەڕوات، ڕێنمایی ڕابەرایەتیی ئاوابوو، یا ئەوەتا پابەند دەبم و خۆم لەناو دەبەم، یا ئەوەتا خۆم دەکوژم، فیزیکی یاخود بیری دەبوو خۆم لەناوببەم، ئا کە بەو خاڵە گەیشتم، خۆکوشتنی عەبدوڵڵا ئەکنجی دێتە خەیاڵمەوە، بکوژە دەست بە خوێنەکە دەبینم و لەخۆکوشتن پاشگەز دەبمەوە.

بڕیارمدا ئەو خودڕەخنەییەی داوام لێکراوە دەنووسم، بەڕوونکردنەوەی کە هیچێکم و زۆر وردم، ڕابەری مەزن بەرز دەکەمەوە، کاتێك نووسینەکەم تەواوکرد خۆم وا هەست دەکرد کە گۆشتی دایکم، باوکم، براکانم و خێزانەکەمم خواردووە، بەڵام بەسوێند خواردنەوە دەیلێم: نابم بە هارپاگۆس کە بچمە ریزی کیرۆس و لەدژی ئاستیاگ بجەنگم، بەڵام چی دەکەم؟ هەڵدێم! دەڵێت "هەڵاتن بێناموسییە". نەخێر! رازی بوون بەو دۆخەو هەڵنەهاتن بێناموسییە، دوای هەڵاتن ئەگەر پێنوس و کاغەم دەستکەوێت بۆ گەلەکەم، گەلی تورکیا، ئەو گەریلایانەی لەشاخ شەڕ دەکەن، ئەوانەی لە ئەورووپا بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی هەوڵدەدەن، ئەوانەی لەشارەکانی کوردستان شەڕ دەکەن، رووناکبیرانی کوردستان و تورکیا، نەوەی داهاتوو و مێژوو هەموو ئەو شتانەی دەیزانم دەیگێڕمەوە، کێشەکە تەنیا کێشەی من نییە، من هەوڵدەدەم ببم بە وەرگێڕێکی زۆر سادە، ئەوەی پێویستە بکرێت لە گەلەکەم، ئەوانەی لەشاخ لەیەکتر دەدەن، ئەوانەی لە شار شەڕ دەکەن و رووناکبیرانی وڵاتەکەم چاوەڕوان دەبم، چونکە داواکە داوای هەموومانە!.

هەڵاتنەکەم رەوایە، پرۆتێستۆیە، تێگەیشتنی خەباتە، راوەستان لەدژی

زۆردارێك كـە جگـە لـە دەسـەڵاتداری خـۆی هیچێـك نابینێـت، باشـترین ڕۆڵەكانی گەلەكەمان بەسـیخوڕ ناو دەبات و بۆ شـاردنەوەی سـیخوڕێتی خـۆی دەیانكوژێت، بـۆ بنیاتنانـی زۆرداری خـۆی ئافـرەت و منـداڵ دەكوژێـت و هەوڵـدەدات تـرس لـە ناخـمان بچەسـپێنێت ڕەوایـەو لەسـەر حەقـە.

خەباتكـردن لـەدژی ئـەو زۆردارە، وەسـتانەوە نیـە لـەدژی پەكەكـە، بەپێچەوانـەوە پەكەكەبـوون پێویسـتی بەوەسـتانەوەیە لـەدژی ئـەو (ئەوانـەی تـا ئێسـتا نەوەسـتانەوەو ملیـان كەچ كـردووە لە داهاتـوودا ڕووبـەڕووی لێپێچینەوەی گـەل و مێـژوو دەبنـەوە)، چونكـە ئـەوەی پەكەكـەی لەناوبـرد، پەكەكەییەكانـی كوشـت، بـەرەو مردن ڕاپێچی كـردن، بە كۆیلەبوون و لە پەكەكەبوون بەدەرخسـتن، ڕفاندنـی ئـەو زۆردارەیـە! پەكەكـە ماسـتاوچی، كۆیلـە، پەرسـتەری كەسـێك نییـە، بەقـەد ئـەوەی زانسـت لـەدژی پەیكەرە لـەدژی پەیكـەرە، مرۆڤێكی بەشـەرەفە كە بـۆ ئازادیـی و سـەربەخۆیی گەلەكـەی خـۆی شـەڕ دەكات.

دوای ئـەوەی لـە ژوورەكـەی هوتێلی ئەشرەفییـە ئەو دوا وشـانەم بەخۆم گوت، هـەوڵ دەدەم كە بخەوم.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

# ٢٥ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**ئەفەندی بۆ کۆیلەکانی**
**چی لە هەموو شت زیاتر قەدەغە بکات**
**هەمان شت بۆ خۆی لە هەموو شت زۆرتر ئازاد دەکات**

لەنێوان هوتێلی ئەشرەفییەو پۆستەخانەکە وەك مەکوك ڕێگاکە دەچنمەوە، دەفتەری ژمارە پەیوەندییەکانم بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندیم لەگەڵ دونیا دەستەبەر دەکات زۆر بە ئاگادارییەوە دەیپارێزم، وا هەست دەکەم ئەگەر ونی بکەم پەیوەندیم لەگەڵ هەموو جیهان دەپچڕێت.

لەدوایین ئاخاوتنم دا لەگەڵ حوسێن گوتی:"لەگەڵ براکەت و هاورێکەت گفتوگۆم کرد، دەڵێن نەك یارمەتی بەڵکو گیانیشیان بۆت بەخت دەکەن، جگەلەوە لەو کاتانە لەسەر پەیوەندییەکە وەستاون و چاوەڕوانی پەیوەندیکردنت دەکەن". ماڵئاوایی لە حوسێن دەکەم و پەیوەندی بە براکەم دەکەم، بەکورتی دۆخەکەی بۆ باس دەکەم و تێیدەگەیەنم کە پێویستە چی بکات تا پارەم بۆ بنێرێت، براکەم دەڵێت کە ئایسەلیش لایەتی و دەیەوێت لەگەڵم بدوێت، کاتێك دۆخەکەم بەویش گوت، گوتی:"منیش ئەوڕۆ واز لە ئەرك دەهێنم". بێ ئەوەی هیچ بڵێم تەلەفۆنەکە دادەخەم، هێشتا گومانم لە خێزانەکەم هەیە، بۆیە ناونیشانی ئەو شوێنەی لێی دەمێنمەوە و ژمارەی پەیوەندییەکەی پێناڵێم، ژووری هوتێلەکەم لەهەمانکاتدا ببوو بە جێگای بیرکردنەوەم و نووسینم، لەو ژوورەدا رابردوو

www.arsivakurdi.org

لـە مێشـکم و بیرکردنەوەمـدا دەژیـم و دەینووسـمەوە.

لێکۆڵەرەکـەم، ئـەو ڕۆژەی منـی لـەو ژوورەکـرد کـە وەك زینـدان بەکاردەهێـنرا، بینیـم کـە کوڕێکـی گەنجـی ٢٠- ٢٢ سـاڵانەش لـەوێ دەسـتگیر کـراوە، کاتێـك دەرگاکەمـان بەسـەردا داخـرا، گەنجەکـە زەردەخەنەیەکـی لەناخـەوە کـرد و بەکوردییـە پاراوەکـەی گوتی"بخێرهاتـی هەڤـاڵ سـەلیم"، دوای ئـەوەی گوتـم "زۆر سـوپاس" لـە تەنیشـتی دانیشـتم و ماوەیەکـی زۆر بێدەنـگ بوویـن، گەنجەکـە لەپڕێکـدا گوتـی: "وابزانـم منـت نەناسـیەوە"، کـە گوتـم: "نەخێـر" گوتـی: "کاتێـك تـۆ لـە ئەکادیمیـا فەرماندەبوویـت مـن سـەرباز بـووم، دواتـر بـووم بـە پۆسـتەچی ڕابەرایەتیـی، بـەردەوام هاتوچـۆی بەڕێوەبەڕایەتـی ئەکادیمیـام دەکـرد" ئـەوکات ناسـیمەوە، دەسـتی یەکترمـان گوشـی و گوتـم: "سـڵاو فـەوزی" و دەسـتمانکرد بـە ئاخاوتـن و کاتێـك پرسـیاری هـۆکاری هاتنی منی کـرد بـۆ زینـدان گوتـم: "لەبـەر ئـەوەی بیروبۆچوونـی تایبـەت بـە خۆمـم هەبـوو"، فـەوزی کـە تورکـی نەدەزانـی گوتـی: "هـاا فکرێـن خـاس" بـە زەردەخەنـەوە، فـەوزی دەیزانـی کـە حـەز بـە گاڵتەکـردن دەکـەم و کـە دەسـتی کـرد بـە گفتوگـۆ یەکـەم شـت گوتـی" هـاا فکرێـن خـاس"، دەسـتی دەکـرد بـە گاڵتەکـردن، کاتێـك بـە قسـەکەی پێکەنیـم، گوتی:"هەڤـاڵ سـەلیم تـۆ مـن بـاش ناناسـیت، بـەڵام مـن زۆر بـاش تـۆ دەناسـم، ئەگـەر دەتەوێـت بـا مـن شـیکردنەوەیەکی تـۆ بکـەم".

گوتـم:" دەی بیکـە"، فـەوزی ماوەیـەك بیـری کـردەوەو گوتی:"مـن کاتێـك بچـووك بـووم، ڕاسـتتر وایـە بڵێـم بـەر لـەوەی ببـم بـە شۆڕشـگێڕ شـوان بـووم، سـەگێکی زۆر زیـرەك و کۆمەڵێـك مـەڕم هەبـوو، تـۆ شـوانەتیت نەکـردووە، ڕەنگـە نەزانـی، مـەڕەکان بەتایبەتیـش لـە هاوینـدا سـەریان دەخەنـە نـاو قاچـی ئـەوەی پێـش خۆیـان، یاخـود شـۆڕ دەکەنـەوە، دوای شـوانەکە دەکـەون و دەڕۆن، شـێوازی پەکەکـەی ئێمـەش ئاوایـە، بـەڵام تـۆ پابەنـدی ئـەوە نابیـت،

www.arsivakurdi.org

زوو زوو وەك بزنـی هـار سـەرت بـەرز دەكەیتـەوەو سـەیری ڕاسـت و چـەپ، بـەردەم و دواوەی خـۆت دەكەیـت، ئـەو شـێوازەت وای پێدەچێـت كـە متمانـە بـە شـوان نەكەیـت و گومانـی ئـەوەت هەبێـت كـە بـەرەو شـوێنێكی هەڵـە ببـات" و دامانـە قاقـای پێكەنیـن، گوتـم: "لەبـەر ئـەوەی بەكـوردی گوتـت بـاش تێنەگەیشـتم، بـەڵام واپێدەچێـت شـیكردنەوەیەكی بـاش بێـت"، لەڕاسـتیدا زۆر بـاش لێـی تێگەیشـتبووم، بـەڵام وام بیركـردەوە كـە ڕەنگـە بەمەبەسـت لێـرە دانرابێـت تـا بـە دواوەمـەوە بكـەن، بۆیـە هەوڵـدەدەم خـۆم بـەدەر نەخـەم، بەپێكەنینـەوە دەڵێت:"شـیكردنەوەكەم چۆنـە؟" گوتـم "باشـە ئـەی تۆیـان بـۆ دەسـتگیركردووە؟، پێكەنینەكـە لـە گـەڕووی مایـەوە، ڕەنگـی گـۆڕا، چاوەكانـی لـە شـوێنێك رامـان، وەك بڵێیـت بووبێـت بـە پەیكەرێـك، ئـەو گۆڕانـە لـە نـاكاوەی سـەرنجی راكێشـام! ئاخێكـی هەڵكێشـاو بێدەنـگ بـوو، گوتـم شـەرم مەكـە هیـچ شـتێك بـۆ كـەس بـاس ناكـەم هەوڵمـدا قسـەم بـۆ بـكات، دوای ئـەوەی جارێكیـتر ئاهێكـی هەڵكێشـا گوتی:"مـن بڕواكانـم لەدەسـتدا، ئیـدی بـڕوا بەهیـچ كەسـێك بەهیـچ شـتێك ناكـەم". و بێدەنـگ بـوو و بـەو رسـتەیەی تێگەیشـتم كـە دەڵێـت "مـن بـڕوا بـە ڕابـەری مەزنیـش ناكـەم و دەڵێـم: "زۆر خراپـە، مرۆڤێـك هەمـوو بڕواكانـی لەدەسـت بـدات شـتێكی زۆر ترسـناكە!".

دەپرسێت:"باشـە بـەڕای تـۆ مرۆڤێـك بۆچـی بڕواكانـی لەدەسـت دەدات؟" كەمێـك بیـرم كـردەوەو ئـاوا وەڵامـم دایـەوە: مرۆڤـەكان بـڕوا بـە پیـرۆزی شـتێك دەكـەن، كاتێـك لـە ئەنجامـدا تێدەگـەن كـە شـتەكە پیـرۆز نییـە بڕوایـان لەدەسـت دەدەن. بـێ هیـچ بیركردنەوەیـەك گوتـی: "بەتـەواوی شـیكاری منـت كـرد"، فشـارم خسـتە سـەر مـادام وایـە قسـە بكـە "ئاهێـك"ی تـری هەڵكێشـاو بێدەنگبـوو، دوایيـن بێدەنگبوونـی درێـژەی كێشـاو منیـش نامەوێـت فشـاری

بخەمە سەر.... ماوەیەکی زۆری بەسەرچوو و گوتی: "ڕەوشەن[١] خەڵکی گوندەکەی تۆ بوو وانییە؟"

وەڵاممدایەوە باپیری لە گوندەکەی ئێمە دەژییێت، گوتی: "ئەو کارانە هەمووی بەهۆی ڕەوشەنەوە بەسەرم هات" و دووبارە بێدەنگ بوو، لەبەر ئەوەی بەپەرۆشی زانینی بایەتەکە بووم گوتم" پارچە پارچە قسە مەکە،

---

١ ڕەوشەن دوای نزیکەی سێ مانگ لەوەی هاتە ئەڵمانیا و لەبریمەن لەماڵی خزمێکی مایەوە، بە ڕێنمایی رابەری مەزنە وەك ئەندامی مەرکەزی ڕێکخراوی ئەورووپا دامەزراوە، پەیوەندیم پێوەکردو ئاخاوتنەکە وەك خۆی دەگێڕمەوە:

"ئەلو من سەلیمم"

"بەچ رووێکەوە قسەم لەگەڵ دەکەیت، بۆچی راتکرد؟"

"منیشی وا لێ کردبا، دواتر رامکردبا وانییە؟"

بێدەنگییەك دروست بوو

"رەوشەن سەیرکە، هەموو ئەوانەی لەتۆو نۆ کچی کرد دەزانم، دەشزانم کە تۆ بەرەو رووی بوویتەوەو بۆ هەندێك کەسیشت باسکردووە."

"کێ ئەوانەی بەتۆ گوت؟"

"ئەوانەی لێکۆڵینەوەی تۆیان ئەنجامدا، جگە لەوە جەمیل بایك کاتێك زانی خەڵکی گوندەکەی منی بە تۆی گوت (کچێکی زۆر سووکە)".

"وای بێ نرخانە! بۆچی نهێنییەکانی پارت دەدرکێنن؟"

"ئەوانە لە کەیەوە بوون بە نهێنی پارتی؟"

"من لە بەرانبەریان وەستاومەتەوە"

"لەبەرانبەر وەستانەوەت لەبابەتەکە ناگۆڕێت، تۆیان دەستگیرکرد، خۆت وەك سیخوڕێکی کارلێکراو قبوڵ کرد، هەوڵیان دا هەمان شتیش بەمن بنووسن."

" من کەمێك کەموکورتیم هەبوو"

"ئەوەی کەموکورتی هەبوو کێ بوو؟ ئەوەی دەبوو دادگایی بکرێت کێ بوو؟"

"تۆ لەگەڵ ڤەژینەکان پەیوەندیت هەیە"

"من لەگەڵ کەس پەیوەندیم نییە"

"بیستوومە پەرتووکێك دەنووسیت؟"

"هەموو شتێك دەنووسم، ئەقڵت بخەوە سەرت، دەزانیت کە دەیەها ئافرەتی وەك تۆ کوژراون"

"مێشکم تێکەڵ مەکە"

"تۆ مێشکت خۆی ئاڵۆزە"

"ئەرکی زۆر گرنگم پێ سپێردراوە، خۆم دەسەلمێنم، ئەوانە بۆ کەس مەگێڕەوە، دەتکوژین! هەر خۆی ئەگەر بشگێڕیەوە کەس بڕوات پێ ناکات!"

"دەمەوێت بتبینم"

" نەخێر، من دەڕۆم" تەلەفۆنەکە دادەخرێت.

www.arsivakurdi.org

چـی بـاس دەکەیـت بیکـە" گوتی:"تـۆ بـڕوا دەکەیـت کـە ڕەوشـەن درۆ بـکات؟" بـێ هیـچ بیرکردنەوەیـەك گوتـم "نەخێـر" و فـەوزی دەسـتیکرد بـە گێڕانـەوە:

"مـن لـە مـاوەی دوو سـاڵی رابـردوو پۆسـتەچی تایبەتـی ڕابـەری مـەزن بـووم، پێنـج شـەش مانـگ لەمەوبـەر ڕۆژێـك چوومـە ژوورەوە لەماڵـی ڕابـەری مـەزن کەسـی لـێ نەبـوو و دەنگـی گریانێـك لـە ژوورێکـەوە دەهـات، کاتێـك دەرگای ژوورەکـەم کـردەوە ڕەوشـەن سـەری بەرزکـردەوە، چاوەکانـی سـوور هەڵگـەڕاون و فرمێسـك بەسـەر روومەتەکانیـدا دێتـە خـوارەوە، کاتێـك لێـم پرسـی "بۆچـی دەگریـت" دانیشـتە سـەر ئەرزەکـە، سـەری خسـتە نێـو لەپـی دەسـتەکانی و بـەردەوام بـوو لەگریـان، بەهـۆی ئـەوەی هاوڕێـی بـووم لەبەردەمـی چوومـە سـەر ئەژنـۆو گوتـم "شـوورەییە، بـۆ دەگریـت؟ ئەگـەر کێشـەیەکت هەیـە بـۆ منـی بـاس بکـە". ڕەوشـەن سـەری بـەرز کـردەوەو ئـەو وشـانەی گـوت کـە بـڕوای منـی بۆمبـاران کـرد:

ڕەوشـەن گوتی:"مـن هاتمـە ئێـرە تـا پۆلیسـی تـورك دەسـتدرێژیم نەکەنـە سـەر، بـەڵام لێـرەش ناموسـی خـۆم پـێ ناپارێزرێـت. جنۆکەکانـم لەسـەرمدا کۆبوونـەوە، قـژم وەسـتایەوە، ڕەنـگ زەرد هەڵگـەڕا، دەسـت و قاچـم دەلـەرزی، تووڕەیـی لەناخمـەوە هەڵدەقـوڵا، گوتـم: "کـێ؟ کێیـە ئـەوەی دەسـت بـۆ ناموسـی تـۆ دەبـات؟" و خەریـك بـوو لـە تووڕەییـان ئـاگام لـە خـۆم نەمێنێـت کـە گوتـی: "سـەرۆك گێچەڵـم پـێ دەکات" و دەسـتی کـردەوە بـە گریـان."

دامابـوو، بـەزۆر خـۆی گرتبـوو نەگریـەت، تـازە زانیبـووی کـە ئـەوەی سـاڵانێکە وەك خـودا دەیپەرسـتێت، بـەزۆر دەسـت بـۆ ناموسـی کچـە گەنجـەکان دەبـات، هەمـوو بـڕوای لەدەسـتدابوو، هەردووکـمان وەك بەردمـان لێهاتبـوو، قەرەوێڵـە، مێـزە بچووکەکـە، پێخەقـە ئیسـفەنجەکان، پەتـووە پیسـەکان، پەنجەرەکانـی بەنایلـۆن داپۆشرابـوون، دیـوارە بلۆکەکانـی ئـەو ژوورەش کـە لێـی دەماینـەوە بێدەنـگ ببـوون، ڕەوشـەن هێشـتا ٢٠ سـاڵانە، جوانتریـن کچـی ناوچەکەبـوو،

www.arsivakurdi.org

ئەگەر بیخەیە ناو ئاگر ئاگر نایسوتێنێت، بیخەیتە ناو ئاو ئاو دڵی نەدەهات نقومی بکات، کاتێك لەزیندانی جەیهان بووم بەرگی یەکەمی پەرتووکەکەمی لەگەڵ سەعیدی برام بەیەکەوە خوێندبووەوە، هاتبووە سەردانی کردنم، لەیەکترناسینەکەماندا بەمنی گوت:"لەکۆلێژی ئاداب دەخوێنم، کاتێك لەگەڵ سەعید پەرتووکەکەمان خوێندەوە زۆر کاریگەری لەسەرم هەبوو و هاتمە سەردانت."

ڕواڵەتی لەژووری سەردانییەکەدا هەرگیز لەمێشکم ناسڕدرێتەوە، قژە خورماییەکەی، رووخساری کە وەك مانگ دەدرەوشایەوە، جەستە ناسك و باڵا بەرزەکەی، چاوەکانی کە بەبێ تاوانی سەیری دەکرد بە تەلبەندەکان دابەش ببووە سەر چوارگۆشەکان، چۆنییەتی پارچەکرانی وڵاتەکەمان و چۆنییەتی بێ نیشتمانکردنی گەلەکەمان لەڕێگای بێ زمانکردنیان لە نیشتمانی خۆیان و بۆ باس کردبوو و دواتر پرسیارەکانیم وەڵام دابوویەوە، کاتێك هەندێك نموونەی وەحشیەتی دیاربەکرم بۆ گێڕایەوە فرمێسکەکانیم بینی بەسەر رومەتەکانیدا دەهاتنە خوارەوە.

کاتێك لە ئەڵمانیاوە هاتمە شام و ڕەوشەنم لەماڵێك بینی ترسام، ئێسك و پێست مابووەوە، رووخسارێکی داماو، چاوەکانی روانینێکی بێ واتایان هەبوو، فرسەتی ئەوەم دەست نەکەوت کە بە تەنیا بیدوێنم، بەڵام کە ئەو حاڵەی ئەوم دیت هاتە ناخمەوە کە ئەو پیاوە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دەباتە دەرەوە، پرسیاری فەوزی "بیر لەچی دەکەیتەوە هەڤاڵ سەلیم؟" منی لە خەیاڵەکەم راچڵەکاند، دوای کەمێکی تر بیرکردنەوە گوتم:" زۆر لە قسەکانت نەگەیشتم، من وای تێدەگەم کە خۆت بە قسەو قسەڵۆکی ئافرەتان خەریك کردووە"، ئەویش گوتی:"دەڵێیت شەڕی تایبەت یاری بەمێشکم کردووە ها؟". دواتر بەشێوازێك کە بڕوا بەمن بێنێت دەستیکرد بە باسکردن و گوتی:"ئەگەر بەس ڕەوشەن با هەرچۆنێك بێت، ڤارشین

www.arsivakurdi.org

دەناسیت؟" کە گوتم بەڵێ دەیناسم، گوتی:"ئەو هەر شێت بوو" و بەم جۆرە بەردەوامیدا بە ئاخاوتنەکەی:"ڤارشین بەئاشکرا ئاوای دەگوت:"ئەگەر من بۆ لای گەریلا بچم هەر کێیان بیەوێت وەك خۆبەخش لەگەڵی دەخەوم، بۆچی ئێمەی لەوان قەدەغە کردووە و بۆخۆی ئازادە؟" ڤارشین کچێکی ڕاستگۆیە و باوەڕ ناکەم درۆ بکات."

دەیویست زیاتر قسە بکات گوتم: ئەو بەڵکو بەهۆی لەدەستدانی مێشکی ئاوا دەڵێت، مرۆڤ بڕوا بەوتەکانی شێتێك دەکات؟ گوتی: "هێشتا زۆر ماوە" دەپرسم فەوزی لێرە نارەزایی دەردەبڕم، ئەوە یارییەك نەبێت، بەرپەرچ دەداتەوە: "ئەرێ یاریی چی، کچێکی باڵا کورتی زۆر جوان و شیرین هەبوو نازناوی کارکەر بوو، ڕۆژێك بە تەنیا لەماڵەوەماینەوە دەستی کردە ملم و دەستی بەگریان کرد، کاتێك گوتم:"چی بوو کارکەر بۆچی دەگریت؟" کاتێك کە گوتی: "فەوزی چییە ئەوانەی بەسەرم دێن! گێچەڵم پێدەکات، درێژم دەکات و لێوەکانم دەخاتە دەمیەوە، وەك بەراز دێتە سەرم و دادەبەزێت، لەژێری پان دەبمەوە، ڕەق بوومەوە لەشوێنی خۆم."

"پەرچەم هەبوو لە قەزای کۆچگری سەر بەسێواس، باوکی لە ئەنتالیا دادەنیشت و هات تا کچەکەی بباتەوە، ئەو کچەش زۆر شتی بەسەرهاتبوو، ئەو کارە تا خوشکەکەی جەگیز ئالتون ساکینە و ڕۆزا درێژ دەبووەوە، کچێکی مووش هەبوو، چاویلکەی لەچاو دەکرد و نازناوی میدیا بوو، ئەویش لە زانکۆی چوکورۆڤای ئەدەنا هاتبوو، ئەویش تووشی خەمۆکی ببوو، هیچ یەکێکیان متمانەیان بە ڕابەرایەتیی نەمابوو."

کاتێك گوتم:"گەر شتێکی وا ڕووی بدابا جگە لە تۆ کەسانی تریش دەیانبیست، ئافرەتەکان مێشکی تۆیان تێکداوە توورەبوو" کاتێك ڕەوشەن بۆمی باسکرد تووشی نائارامی دەروونیی بووم، هیچم بەکەس نەگوت، بەڵام بڕواکانم لەدەستدا، ڕەوشەن بەرگە ناگرێت و ئەوجارە لای حەسەنی

www.arsivakurdi.org

پاسـەوانی سـەرۆك دەسـت دەکات بـە گریـان، حەسـەنیش وەك مـن دەیەوێـت کێشـەکەی بزانێـت، کاتێـك هیـچ ناڵێـت قۆڵـی دەگرێـت و لێـی دەپرسـێت یاخـود تـۆ کەسـێکت خۆشـدەوێت؟ ڕەوشـەنیش دەڵێت:"نەخێـر مـن هیـچ کەسـێکم خۆشـناوێت، سـەرۆك گێچەڵـم پێـدەکات". قۆڵـی حەسـەن دەکەوێـت و ئەویـش خەمۆکـی دایدەگرێـت، ڕەوشـەن دواتـر کێشـەکە بـۆ پاسـەوانەکەی تـری سـەرۆك حامـد بـاس دەکات، حامدیـش سـەری دەسـوڕمێت. کچـەکان بـەو هەڤاڵانەیـان گوتـووە کـە چـی دەگوزەرێـت، بـەڵام ئێمـە ئاگادارنیـن لـە هیـچ شـتێك، حامـد و حەسـەن وادەزانـن کـە مـن بـە بابەتەکـە نازانـم، حامـد وادەزانێـت کـە حەسـەن ئـاگادار نییـەو حەسـەنیش وادەزانێـت کـە حامـد" لەکۆتاییـدا ڕەوشـەن بابەتەکـە بـۆ رەزا ئاڵتـون بـاس دەکات، رزا دوای ئـەوەی گـوێ لـە ڕەوشـەن دەگرێـت دەڵێت:"سـەیرکە ئەگـەر ئەوانـەی باسـتکرد ڕاسـت بـن ئـەوا سـەرۆك دەکـوژم، ئەگـەر درۆ بێـت ئـەوا تـۆ دەکـوژم" و دەچێتـە لای سـەرۆك ئیـدی دەبێـت چـی پێگوتبێـت نازانـم، سـەرۆك بـە رزا دەڵێـت: "تـۆ سەرسـەریت چیتـە؟ ئـا ئەوەیـە کەسـایەتیی زینـدان! یەکسـەر بەهاندانێـك هەڵدەچێـت، ئەوانـە ڕێگاکانـی شـەڕی تایبەتـن، ئـەو پڕوپاگەندانـەی کـە لـە دژم ئەنجامـی دەدەن، هـەر خـۆم گومانـم لـەو لەشفرۆشـە کردبـوو، دوای ئـەوەی دادەی دەسـتگیر کـرا، پۆلیـس بـە ئەنقەسـت بـۆ ئێـرەی نـارد، هـەر ئێسـتا بیبـەن بـۆ لێپرسـینەوە، چـۆن هاتـە ئێـرە؟ کـێ و بـەچ ئامانجێـك ئـەوی ناردووەتـە ئێـرە؟

ئـەو پلانانـە چیـن کـە بـۆ لەناوبردنـی ڕابەرایەتیـی دەگیرێنـە بـەر؟ پلانەکانـی کوشـتن و ژەهرخواردکـردن کـەی دەگیرێتـە بـەر؟ کەسـی تـر هەیـە لەگـەڵ ئـەو کار بـکات؟ وەڵامـی هەمـوو ئـەو پرسـیارانەم بـۆ دەهێننـەوە، ئێـوە منداڵـن! دوژمـن هاتووەتـە ناوتانـەوە هـەر خۆتـان ناجوڵێنـن، هاتـوون چیـرۆك بۆمـن بـاس دەکـەن." و رزا دەنێرێتـەوە. ڕەوشـەن دەسـتگیر کـراو دواتـر ڤارشـین، کـە ڤارشـین دەسـتگیر کـرا نـاوی هەموومانـی دابـوو. ڕەوشـەن گوتبـووی کـە

www.arsivakurdi.org

حەسـەن و حامدیـش ئـاگادارن، لێکۆڵینـەوەی کچـەکان سـێ چـوار مانگـی خایانـد، ڤارشـین بەهـۆی ئـەوەی نێردرایـە کامپـی کارکـردن ئەقڵـی لەدەسـتدا و شـێت بـوو، دواییـن کـەس منیـان دەسـتگیرکرد، لەکاتێکـدا منیـش وەك ئـەوان تەنیـا بیسـەرێکم."

گوتـم هەندێـك شـت دەڵێیـت کـە بێمانـان و کـەس بـڕوا نـاکات، بەگوێـرەی ئـەوەی کـە تێگەیشـتم دەتەوێـت بڵێیـت ئـەو کارە بـەزۆر دەکرێـت، فـەوزی گوتـی: "جگـە لـە یـەك کـەس تـا ئێسـتا هیـچ یەکێکـم نەبینـی کـە بـە ئـارەزووی خـۆی بیـکات، لـە شـاری فرانکفۆرتـی ئەڵمانیـاوە هاتبـوو، کچێکـی گەنجـی تەمـەن ٢٢-٢٣ سـاڵان بـوو، نازنـاوی نوژینـە، بەگوێـرەی ئـەوەی دەیزانـم لـە ئەڵمانیـا ئەندامـی چەتەیەکـی ئەشـق بـووە، ئـەو زۆر خۆشـحاڵ بـوو، لـە سـەرۆك دوور نەدەکەوتـەوە، دیسـپلین و مسـپلینی بـەلاوە نـاوەو بەمـن و تـۆ قسـەی لەگـەڵ دەکات، سـەرۆکیش بـە ئێمـە دەڵێـت: "گـوێ بـەوە مـەدەن بـە کولتـووری ئەڵمانیـا پـەروەردە بـووە" و دەیویسـت بـە ئاسـایی وەربگریـن. سـەیری رووخسـارە سـوور هەڵگەڕاوەکەمـی کـرد و پرسـیاری کـرد بیـر لـە چـی دەکەمـەوەو داوای لێـم کـرد شـیکردنەوەی بـۆ بکـەم، مـن دووبـارە وا خـۆم دەرخسـت کـە بـڕوام بەوتەکانـی نەکـردووە و گوتـم: "فـەوزی ئـەوەی تـۆ دەیڵێیـت قسـەو قسـەڵۆکی ئافرەتانـە، کچـەکان لـە ماڵەکـە بێزاربوونـە تـا بـە زووتریـن کات لـەوێ ڕزگاربـن ئـەو ڕێگایەیـان تاقیکردووەتـەوەو یاخـود بەڕاسـتی سـیخورێك لەناویانـدا هەیـە" سـەرێکی لەقانـد و گوتـی: "تـۆ چەنـد پیاوێکـی فێڵبـازی!" دوای هەندێکیـتر بیرکردنـەوە کاتێـك گوتـی: "لەمەوبـەر کاتێـك سـەرۆك وانـەی بەئێمـە دەگوتـەوە، دەیگـوت:( مـن لەسـەدا هەشـتاو پێنـج بەهـۆی کێشـەی ئافرەتانـەوە بـووم بـە شۆڕشـگێڕ) بـەڵام مـن لێـی تێنەدەگەیشـتم، کاتێـك شـایەتی ڕووداوەکان بـووم تێگەیشـتم کـە ئـەوەی دەیڵێـت بەڕاسـتی وایـە". مـن لەسـەر پشـت راکشـابووم چـاوم بڕیوەتـە بنمیچەکـەو دەسـتم کـردووە بـە خەیـاڵ.

یەکەم جار ڤارشین، بە لەشە ناسك و باریکەکەی، رووخسارە جوان و سەیرکردنە توندەکەی دێتە بەرچاوم کە لەبەرانبەرم وەستاوە دەڵێت:" سەلیم من لە ١٩٨٩ تەنیا لەڕۆژنامەکان ناوی پەکەکەم گوێ لێ ببوو، لە ئیزمیر لە زانکۆ دەمخوێند، باوکم خەڵکی تاتوانە، کوردم، بەڵام درکم بەوە نەکردووە، لە زیندانی جەیهان بەندکراوێکی ئاساییم دەناسی نزیك بوو، کاتێك چووم بۆ یەکتربینینی ئەو لەو خزمەمەوە بیستم کە لەکۆتایی قاوشەکە زیندانییە پەکەکەکانی لێیە، بیرم کردەوە با پەکەکەکان ببینم بزانم مرۆڤی چۆنن و هاتمە قاوشەکەی ئێوە، مستەفا کاراسوو کاتێك زانی کوردم خۆشحاڵ بوو و رابردووی بۆم باسکرد، کاتێك گەڕامەوە ماڵەوە یەخەی باوکم و برا گەورەمم گرت گوتم: "ئێمە کوردین، پەکەکە بۆ ڕزگاری ئێمە خەبات دەکات"، گوتیان:"کچەکەمان شێت بووە" دواتر چەندین پەرتووکم خوێندەوەو لەگەڵ قوتابییە کوردەکانی زانکۆ یەکترمان ناسی، کاتێك هاتمە ئەکادیمیا تۆ لەوێ بوویت، ناتوانم باسی بکەم کە چەندە خۆشحاڵ بووم سەلیم! کاتێك لە بەڕێوەبەرایەتی بوویت زۆر یارمەتیت دام و ورەت بەرزکردمەوە. کاتێك ڕۆژێك لەمنت پرسی (هەڤاڵ ڤەژین دەتەوێت دوای تەواوکردنی خول بچیتە چالاکی شار، یاخود شاخ؟) کە گوتم: (هەڤاڵ سەلیم دەمەوێت هەر کە سەر لوتکەی بەرزاییەکان کەوتم و دەستم کرد بە سەرکەوتن بچم بۆ چالاکی شارەکان، کە گەیشتمە بەرزترین خاڵ و دەستمکرد بە دابەزین ئارەزووی چوونە شاخ دەکەم) و پێکەنی بوویت.

کاتێك بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەی (Yeni Asır) (سەدەی نوێ) یوجەل ئارن هاتە ئەکادیمیا گوتت: (وەرە وێنە بگرە با لەڕۆژنامە بڵاوببێتەوە، دایك و باوکت بتبینن) و بە چەکەکەی باوەشمەوە لە لوتکەیەکی بەفرین وێنەی منت گرت. بەهەموو بڕوامەوە هاتبووم بۆ شەڕ و بڕوام بە داواکەمان کردبوو، بەڵام شەڕکردن نسیبی من نەبوو، لەشوێنی ئەوەی

www.arsivakurdi.org

بچمە شەڕ کەوتمە (حەرەم)ی زاڵمێکەوەو ئەوەی تر ناتوانم باسی بکەم سەلیم، بەقەد ئەو بەفرە پاك و بێ خەوش نیم کە تازە باریوە و سەرەڕای ئەوە ئیدی ئافرەتێکی بەستەزمانی دەبەنگم. دەڵێم "نەخێر، تەنانەت بەفری تازە باریو بەقەد تۆ پاك و بێگەرد نییە، تۆ بێتاوانیت" و چاوەکانم دادەخەم نامەوێت بیر لەهیچ شتێك بکەمەوە، بەڵام ئەمجارە پەرچەمی جوانی کۆچگری دێتە مێشکمەوە، نامەکەی باوکم بیر دەکەوێتەوە کاتێك لە ئەورووپا بووم بۆی ناردم نووسیبووی:( لە ئەکادیمیا لەگەڵ من زۆر ئاخاوتن، بەگوێرەی خۆتان لەسەر حەقن، بەڵام من ناخم دەسوتێت، کوڕەکەم کەوتە زیندان، کچە بچووکەکەم بەهۆی ئەوەی دەستگیر کرا و ئەشکەنجە درا ئەقڵی لەدەستدا، هیچ هەواڵێکم لەو کچە شاجوانەم نییە کە لای ئێوەیە، تخوا چەك مەدەنە دەستی کچە جوانەکەم، پێنووس لەدەستی ئەو دەوەشێتەوە، پێیان بڵێ با ئەو بنێرن بۆ ئەورووپا.

بەرگە ناگرم، بۆ ڕزگاربوون لە بیرکردنەوە چاوەکانم دەکەمەوەو سەیری بنمیچەکە دەکەم، ئەمجارە ڕۆزا چاوقلە تری دێتە بەرچاوم و دەڵێت: (ڕاستییەکانت زانی؟ بۆچی قسەم نەدەکرد، بۆچی بەسووك ناودەبرام، بۆچی زوو زوو دەستگیر دەکرام، بۆچی ئەشکەنجە دەدرام لە کۆتاییەکەیدا تێگەیشتیت؟) ناتوانم سەیری چاوەکانی ڕۆزا بکەم، لەشەرمان ناتوانم چاوەکانم دابخەم.

ئەمجارە نوژینی چەتە دێتە بەرچاوم، دەیگوت:"سەلیم ئایسەلی خێزانت لە فرانکفۆرتەوە منی ناردە ئەکادیمیا، زۆر بەدڵخۆشییەوە هاتم، بەڵام کە چەند ڕۆژێك لە ئەکادیمیا مامەوە بێزاربووم، ئافرەت و پیاو تەنانەت سەیرکردنی یەکتریشیان قەدەغە بوو، من لە ئەڵمانیا بەشێوەیەکی تر لێڕاهاتووم، بە تۆم گوتبوو کە بێزاربووم، بیری ئازیزانم کردووە، دەمەوێت بگەڕێمەوە، بەڵام دوای ئەوەی تۆ ڕۆیشتیت دەرگای بەختم کرایەوە، سەرۆك

www.arsivakurdi.org

منـی بـردە ماڵەکـەی خـۆی و هەمـوو بێزارییەکـەم ڕۆیشـت و بەخۆشـبەختی رابـردووم شـادبوومەوە، سـەرۆك کەسـێکی زۆر تێگەیشـتووە و زۆر گرنگـی بـە ئافـرەت دەدات، مـن بـەرز دەکاتـەوە، هەڵمدەگرێـت و تەنانـەت دەمخاتـە سـەر خۆشـییەوە".

لەدیمەنـە شـەهوانییەکان نارەحـەت دەبـم و چاوەکانـم دەکەمـەوە، هەناسـەم تەنـگ بـووەو خەریکـە دەخنکێـم، ئەمجـارە لـە بنمیچەکـە سـیمای خـۆم و مسـتەفا کاراسـوو و خێزانەکـەم دێتـە بەرچـاو بەخـۆم دەڵێم"ئـەی ئـەو سـێ کەسـەی بەتـەك یەکـترەوە وەسـتاون! دەزانـن کـە ئافرەتتـان ناردووەتـە حەرەمـی ئاپـۆ؟ تـۆ مسـتەفا کاراسـوو! ڤارشـین تـا توانـی لـە ئیزمیـر لەزانکـۆ دەیخوێنـد بـۆ بەشـداریکردنی خەبـات لـە گرتووخانـەی جەیهـان رازیـت نەکـرد؟ تـۆ ئایسـەل چوروککایـا! نوژینـی ڤارتۆییـت لـە فرانکفۆرتـەوە نەنـاردە ئەکادیمیـا؟ تـۆ سـەلیم چوروککایـا! هیـچ رۆڵـت نەبـوو لـە چوونـە ئەکادیمیـای ڕەوشـەن؟ ئێـوە هەرسـێکتان گەوادنیـن؟" مسـتەفا کاراسـوو و خێزانەکـەم لێـم تـوڕە دەبـن، دەڵێـم: "تـوڕە مەبـن تـوڕە مەبـن، هەڤاڵان ئێـوە گـەوادی کارا نـا بەڵکـو کارلێکـراون" و هەوڵـدەدەم هێوریـان بکەمـەوە، خێزانەکـەم بەرادەیـەك لێـم تووڕەبـووە کـە بڵێت(کـڕ بـە بەردمـان بەسـەردا دەبارێـت!) دایکـم بیـر دەکەوێتـەوە دەمگوت:"دایـە بـڕوا بـە وتارەکانـی شـێخ و ئیـمام سـەبارەت بـە زینـا ناکـەم، چونکـە هەردووکیـان زینـا دەکـەن"، دایکـم دەیگـوت: "بێدەنـگ بـە سـەلیم، کافـر دەبیـت، بەردمـان بەسـەردا دەبارێـت".

بیـر لەحاڵـی بەنـدەکان دەکەمـەوە کاتێـك ئـەو دێڕانـە دەخوێنمـەوە، ئێسـتا لەبـەر خۆیـان تۆبـە تۆبـە دەکـەن و دەڵێـن (سـەلیم بـووە بـە سـیخوڕ)، دایکـم دەیگـوت "کافـر" بـووەو ئـەوان دەڵێـن سـیخوڕ". فـەوزی پۆسـتەبەر بەهـۆی ئـەوەی گوێبیسـتی دەسـتدرێژیکردنە سـەر ئافرەتـەکان ببـوو سـیخوڕ بـوو، فوئـاد چاڤگـون بەڕاسـتییەکانی زانـی و لەبەرانبـەری وەسـتایەوە بـوو بـە کەسـێکی

www.arsivakurdi.org

سووك، پەرچەمی سێواسی سیخوڕبوو، ڕۆزا لەدژی وەستایەوە بوو بە لەشفرۆش، سەلیم کاتێك بیگەیەنێت بە گوێی جیهان، بەپلەی سیخوڕ ـکوڕی" سیخوڕ دەگات!

بیر لە رەزا ئاڵتون دەکەمەوە، تۆ دوای ئەو ژیانە پڕ لە ئەشکەنجەیە بگە بەڕابەری مەزن، ئاغایەتی بۆ حەرەمەکەی بکە، ئەوە دەکرێت، رەزا تۆ ئاگاداری کە چی دەکەیت؟ پادشا عوسمانییەکان لەرابردوودا ئاغای حەرەمەکانیان لە کۆیلە رەش پێستە قژلوولەکان هەڵدەبژارد، ڕابەری مەزن ڕەنگە بەهۆی شکڵتەوە، تۆی بەشایەنی ئەو ئەرکە بینیبێت. ئایا دەزانیت بە ئایەتەکانی کراویت بە خزمەتکار؟ فەوزی کە بینی ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بووم گوتی"هەڵسە با قسە بکەین" دوای ئەوەی هەڵسام گوتم"باشە ئەنجامی لێکۆڵینەوە چی بوو؟" گوتی:"ڤارشین شێت بوو، ئەوانیتر دانیان نا کە بە یارییەکانی شەڕی تایبەت خەڵەتاون و تاکتیکەکانی شەڕی تایبەت جێبەجێ دەکەن، سەرۆك لەوان خۆش بوو و پەرت و بڵاوبوونەوە، ئەمجارە تاقمێکی نوێ هێنرانە ماڵەکە، گەر بێینە سەر من، منیش ئێستا خودڕەخنەم دەنووسم، بەپێی ئەو ڕێنماییەی پێمدراوە کە بەگوێرەی ئەو بینووسم منیش کراوم بە ئامرازێکی شەڕی تایبەت، بڕوام بەو قسەو قسەڵۆکە کردووە، بێچارە دەبێت بە گوێرەی ئەو ڕێنماییە خودڕەخنەیە بنووسم، دوو لاپەڕەم لێی نووسیوە، ئەگەر حەز دەکەیت بیخوێنەوە". کاتێك ئەو خودڕەخنەی بەکوردی نووسیبووی خوێندمەوە، لەوە گەیشتم کە ئەوانەی دەیڵێت هەمووی ڕاستە، ڕۆژی دواتر خودڕەخنەکەی تەواوکردو خستیە زەرفێکی داخراوەوە و بە لێکۆڵەرەوەکەمانی دا، دوای ئەوەی خودڕەخنە دوو لاپەڕەییەکەی فەوزیم خوێندەوەو تەواوم کرد گوتم: (بێگومان ئەوەی ئێوە دەیکەن کاری شەڕی تایبەتە) و پێکەنی.

کچەکان ئەوەی بەسەریان هاتووە، ناتوانن لەو شوێنانە باسی بکەن

www.arsivakurdi.org



کە بۆی دەڕۆن، ئەگەر دەمیان بکەنەوە بەبیانووی ئەوەی کە "ئەندامی شەڕی تایبەتن" گوللەباران دەکرێن، بیرم دەکەوێتەوە کە ڕابەری مەزن دەیگوت:"دەوڵەت بۆ تێکدانی شێوازی ژیانمان ژمارەیەکی زۆر ئافرەت دەنێرێت"، داخۆ ئەو ژمارە زۆرە ئافرەتە چۆن لەناو بردران؟ کەس نازانێت.

جەمیل بایك کە زانی ڕەوشەن خەڵکی گوندەکەی منە گوتی: (کچێکی زۆر سووکە) دەنگم نەکرد!، لەناخمەوە هات پێی بڵێم بۆچی سووکە، ڕابەری مەزن کێشای و کێشەکەی پێ گوتن؟ ڕەوشەن کە ملی بۆ بێناموسی کەچ نەکرد سووك بوو، ڕۆزا کە لەدژی بێناموسی وەستایەوە لەشفرۆش بوو، فوئاد چاڤگون کە ملی بۆ بێناموسی شۆڕ نەکرد نزم بوو، ڕابەری مەزنیش سیمبولی نامووس! ئەوانەی لە گێڕانەوەکانمدا ناویان هاتووە نازانم کە لە ژیاندان یاخود نا، بەڵام کاتێك ڕای گشتی وشیار دەبێتەوەو بەو شتانە دەزانێت زۆرینەیان ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، سەرەڕای ئەوە دەیگێڕمەوە، با ڕاستییەکان بەشاراوەیی نەمێننەوە، دەمەوێت بزانرێت من خۆم دەکوشت، بەڵام شتی زۆرم پێبوو کە بیگێڕمەوە، ئەگەر نووسینەکانم لەو دەست بۆ ئەو دەست دەچێت، دەڵێم"مردن بەخێربێت، بەخۆشی بێت". ڕابەری مەزن بۆچی لەنێوان بەندەکانی پەیوەندی سێکسی قەدەغە کردووە تێگەیشتن وانییە؟ لەهۆکاری ڕاستەقینەی لەرادەبەدەر بە "بەناموس" دەرکەوتنی تێگەیشتوون، لەدوای ئاقیبەتی خەمناکی نزیکەکەم محەممەد تونچ کە لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز بەبیانووی ئەوەی کە لە پاریس لەگەڵ ئافرەتان پەیوەندی هەبووە لەلایەن ڕابەری مەزنەوە گوللەباران کرا، ناکرێت دووڕوویی ڕابەری مەزنتان نەدیبێت کە هەڵسا بە گێچەڵکردن بە ڕەوشەنی هاوگوندیم. دەزانن چەند کەس بەبیانووی ئەوەی کە لە ئەورووپا لەگەڵ ئافرەتان پەیوەندیان هەبووە دوورخستەوە بۆ پاریس و یۆنان؟ لە واتای دوورخستنەوە بۆ پاریس و یۆنان تێگەیشتن؟ فەرماندە

www.arsivakurdi.org



گەریـلاكان ڕۆژانـە بەبێتـەل دەڵێـن: (سـەرۆكم دادگاییكردنـی فـڵان ئافـرەت و فـڵان پیـاو كۆتایـی پێهـات كـە لـە ناوچەكـەی ئێمـە پەیوەنـدی بەدڕەوشـتیان هەبـوو، سـزای لەسـێدارەدانیان بـۆ دەركـرا، چاوەڕوانـی ڕەزامەندیـی ئێوەیـن)، واتـا چـی دەزانـن ئێسـتا؟

دەزانـن كـە بەهـۆی قەدەغەكردنـی پەیوەنـدی نێـوان ئافـرەت و پیـاو چەنـد كارمەنـد كـوژراوە، لەناوبـردراوە "نێردراوەتـەوە ماڵـەوە". چەنـد كـەس بـۆ خۆڕزگاركـردن هانـای بردووەتـە بـەر دوژمـن؟ لەبـەر ئـەوەی كـە نازانـن بـە نامـووس بەبـێ نامـووس و بێنامـووس بەنامـووس دەبینـن.

لێـرەدا ڕەخنـە لـە ڕابـەری مـەزن ناگـرم كـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئافرەتـان هەیـە، ئـەو كارە وەك قەدەغەكـراو نابینـم، پەیوەنـدی نێـوان ئافـرەت و پیـاو سروشـتیترین پەیوەنـدی جیهانـە، مـن كەسـێكی كـراوەم، ئەگـەر ئافرەتەكـە كەسـێكی خۆشویسـت و بەرانبەرەكەشـی ئـەوی خۆشـبوێت، بەپێـی ئـەو كەشـەی لێـی دەژیـن و یاسـاكانی ڕەوشـتی كۆمەڵگاكـەی لەناویـدان دەبێـت بەیەكەوەبوونیـان بپارێزرێـت، ئـەوە دۆخێكـی زۆر ئاسـاییە، بـەڵام ئـەوەی ڕابـەری مـەزن ئەنجامیـدەدات سـەمەرەیەكە كـە نـە لـە كۆشـكی عوسـمانییەكان و نـە لەكۆشـكی بێزەنتیـەكان ڕووی نـەداوە.

ڕێـك وەك ئامێرێكـی كوشـتن و سـێكس بەربووەتـە نێـو گەنجەكانمـان، بـەردەوام دەسـتدرێژی دەكـرد، دەیكوشـتن، خۆكوشـتن و هەڵاتـن و هانابردنـە بـەر دوژمـن بەرهـەم دەهێنێـت. ئـەوە ڕاسـتییەكەیە! ئـەوەی ئەوانـە ئەنجـام دەدات بێنامووسـە یاخـود پارێـزگاری لـە پەیوەنـدی سنووردراكراوی ئاسـایی نێـوان ئافـرەت و پیـاو دەكات كـە خـودا یاخـود سروشـت بەخشـیویەتی بێنامووسـییە؟ لێـرەدا دەردەكەوێـت كـە ڕابـەری مـەزن بۆچـی زۆر جەخـت لەسـەر كێشـەی ئافـرەت دەكاتـەوە.

بەڵـێ، پەیوەنـدی سێكسـی لـە هەمـوو كۆیلەكانـی قەدەغـە دەكات، خـۆی

www.arsivakurdi.org

لەبـەر ئـەوەی کـە ئەفەندییـە ناچێتـە نـاو چوارچێـوەی قەدەغەکـەوە، لـەدوای ئـەو پـەردەی قەدەغەکـراوەی کـە خسـتویەتییە بەرچـاوی کۆیلـەکان، هـەر هەڵەیـەك کـە پێـی خۆشـە ئەنجامیـدەدات و بـە یاسـای قەدەغـە کۆیلـەکان دەکوژێـت، دەڕفێنێـت، دەیانخاتـە دۆخـی تاوانبـار و دادگاییـان دەکات، لێیـان دەبورێـت و پابەنـدی خۆیـان دەکات، دەزانێـت کـە لەشـوێنێك پەیوەنـدی سێکسـی بەتـاوان هەژمـار بکرێـت هیـچ کەسـێك بەبـێ تاوانـی نامێنێتـەوە، تـا ژمـارەی تاوانبـاران بـەرز بێتـەوە، ژمـارەی ملکەچکـەرەکان بـەرز دەبێتـەوە، بـەم جـۆرە تاوانبـاری گـەورە دەبێتـە ملپێکەچکـەرو تاوانبـارە بچووکەکانیـش دەبنـە ملکەچکـەرەکان.

بیـر لەوانـە دەکەمـەوە کـە بەسـەرم هـات و لەنـاو ئەوانـەدا دەژیـم کـە بیریـان لـێ دەکەمـەوە، لەگـەڵ گێڕانـەوە ئـارام دەبمـەوەو بـەم جـۆرە دەتوانـم بخـەوم.

www.arsivakurdi.org

# ٢٦ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**"دیکتاتۆر،**

**ناسران و ناساندنی ئەوانیتر بە تاوان"**

**ناسران و ناساندنی خۆشی بە گەورەیی دەژمێرێت."**

هوتێلی ئەشرەفییە باڵەخانەیەکی نۆ نهۆمیی خۆشە، بەڵام خزمەت ناکرێت، سێ کوڕ و ئافرەتێکی لێ بوو کە لە تەمەنی مامناوەندیدا بوون هوتێلەکەیان بەڕێوە دەبرد، بەڵام هەر چواریشیان لەکاری هوتێل نازانن، هەر لە بەیانی تا ئێوارە لە نهۆمی خوارەوەی هوتێلەکە دادەنیشتن و سەیری کاغەزی بەختیان دەکردو خەریکی قسەی بێمانابوون، جگە لەمە پارەیان لەو میوانانە وەردەگرت کە هاتوچۆی هوتێل دەکەن، ئەوانیش وەك شوفێری تاکسییەکان ئێمەیان وەك مرۆڤ نا بەڵکو وەك "دۆلار" دەبینی، پیرێك هەبوو بەناوی جۆسێف هەر کاتێك ڕووبەڕووی من دەهات دەیگوت:"(Give me money، پارەم پێبدە)، بەڕۆژ لە کاتژمێر نۆی بەیانی تا ١٤ ئافرەتی ٢٧-٢٨ ساڵانی باڵابەرز، قژ درێژی ئەسمەر بەشی پێشوازی بەڕێوە دەبرد، هەموو ڕۆژێك بێ هیچ دووبارە بوونەوە کراسێکی نوێی دەکردە بەری، جلی زۆر رووتی لەبەر دەکرد، لە رادیۆ دەستیەکەی کە لەجانتاکەیدا هەڵیدەگرت گوێی لە میوزیکی عەرەبی دەگرت و لەگەڵی دەگوتەوە، ئەو ئافرەتەی کە نەبیلەی ناوبوو رێك پێچەوانەی ئەو جوانەبوو، دیار نەبوو کە ئافرەتە یاخود پیاو، قژێکی

www.arsivakurdi.org



کورتـی لـول، پانتۆڵێکـی کابـۆ و پێڵاوەکانـی بـە تـەواوی لـە کـوڕ دەچـوو، تەنیـا بـێ مووێتـی رووخسـاری نیشـانی دەدا کـە ئافرەتـە.

لـەو هوتێلـە مانـگ و نیوێکـە دەمێنمـەوە، هیـچ کەسـێك نەیدەپرسـی پێناسـە، بۆچـی هاتوومەتـە ئێـرە، خەڵکـی کوێـم، بـۆ دەمێنمـەوە، کاتێـك تووشـی کارمەنـدەکان دەبـووم تەنیـا داوای دۆلاریـان دەکـرد، کاتێـك کرێـی ژوورەکەیـان وەردەگـرت ئـارام دەبوونـەوە، بـە ڕۆژ تەنیـا بـۆ کڕینـی خـۆراك لـە ژوورەکـەم دەچوومـە دەرەوە، هەفتـەی چەنـد جارێـك سـەردانی کۆمیتـەی خاچـی سـوورم دەکـرد، بـە شـەویش دەچوومـە پۆسـتەخانەکەو پەیوەندیـی تەلەفۆنیـم ئەنجامـدەدا.

هـەر وەڵامدانەوەیەکـی پەیوەنـدی حـەوت هـەزار لیـرە و بـۆ هـەر خولەکێـك ٢٨٠٠ لیرەبـوو، بەهـۆی دۆخەکـە دەبـوو زۆر پـارە لـە پەیوەنـدی خـەرج بکـەم، لـە پەیوەندییـەکان بـۆ ڤیـزا بـەردەوام دەگوتـرا "بەیانـی"، کاتێـك تێگەیشـتم ئـەو بەیانیانـە کۆتاییـان نایـەت، چوومـە خاچـی سـوور و توانیـم پاسـکال بنێرمـە لای باڵیـۆزی ئەڵمانیـا و گەڕامـەوە ژوورەکـەم لـە هوتێلەکـە.

ڕۆژێـك دواتـر پاسـکاڵ، برازاکـەی وەرگێـڕە ماردینییەکـەم کـە کـوردی دەزانـی و خـاوەن مارکێتێـك بـوو لەگـەڵ شـوفێرەکەی پاسـکاڵ هاتنـە لام، یەکەمجـار وام بیرکـردەوە ڤیزاکـەی وەرگرتـووە، زۆر خۆشـحاڵ بـووم، شـوێنم نیشـاندان لێـی دانیشـتن، وەرگێـڕ و شـوفێرەکە لەسـەر پێخەفەکـە دانیشـتن، مـن و پاسـکاڵ لەسـەر کورسـیبەکان دانیشـتین، کـە لـە بەرانبـەر یەکـتر دانرابـوون....

پاسـکاڵ دەڵێـت کـە رێکخـراوی ئـاف، یەکێتیـی ڕۆژنامـەوان، و دەزگای پێـن فاکسـیان بـۆ باڵیۆزخانـەی ئەڵمانیـا کـردووە کـە ڤیـزا بـە مـن بـدەن، باڵیۆخانـە ڤیـزا نـادات، بـەڵام ئەگـەر خێزانەکـەم لـە ئەڵمانیـا بژیـت دەتوانـن لەڕێـگای داواکاری ئـەوەوە ڤیـزام پـێ بـدەن، نـاوی خێزانەکـەم و براکـەم، ژمـارەی تەلەفۆنەکانیـان، نـاوی دایـك و باوکیـان، لـەچ شـارێك پەنابـەرن، هەمـوو

ئـەو زانیاریانـە دەنووسـم و بـە پاسـکالی دەدەم.

کـە ئـەوان ڕۆیشـتین بـێ ئومێدیـم گەشـەی دەکـرد، وام بیـر دەکـردەوە کـە بەڕێـگای یاسـایی ناتوانـم سـەفەر بکـەم و بەخـۆم دەڵێم:"دەبێـت ڕێگایەکـی تـر بدۆزمـەوە"، ڕۆژنامەنووسـە کوردەکـەی ڕۆژنامـەی (الحیـاة) هاتـە خەیاڵـم کـە لـە بەیـروت دەردەچـوو، ناوەکەیـم بیـر نایەتـەوە، بـەڵام کاتێـك لەگـەڵ تاڵەبانـی هاتنـە دیـداری ڕابـەری مـەزن یەکترمـان ناسـی، وام بیرکـردەوە کـە ڕەنگـە ئەگـەر بتوانـم ببینـم یارمەتیـم بـدات و لـە هوتێـل دەرکەوتـم، چوومـە لای ڕۆژنامەفرۆشـێك و پرسـیاری ناونیشـانی ڕۆژنامـەی (الحیـاة)م لێـی کـرد، لـە جێـگای ناونیشـان ژمـارەی تەلەفۆنـم پـێ دەدات، لـە ڕۆژنامەفرۆشـییەکە چوومـە دەرەوەو دەسـتم لـە تاکسـییەك بەرزکـردەوە گوتـم (الحیـاة) دەڵێـت "تعـال"، سـەرکەوتم و دوای کەمێـك ڕۆیشـتن پرسـیاری ناونیشـانەکەی کـرد گوتـم (ڕۆژنامـەی الحیـات) بـەڵام لێـم تێنـاگات، دەسـتمان کـرد بـە پرسـیارکردن، شـوێنێکی نزیکیـان نیشـاندابن، چووینـە ئـەوێ باڵەخانـەی ڕۆژنامـەی (Monday Morning) بـوو، لێـرە کـە زانیـم ڕۆژنامـەی الحیـاة لـە شـەقامی (حەمـڕا)ة لـە چوونەکـە پاشـگەز دەبمـەوە و سـێ هـەزار لیـرە بەشـوفێرەکە دەدەم و بەڕێـی دەکـەم، دەچمـە ژوورەوە لـە باڵەخانەکـەو پێیـان دەڵێـم کـە ڕۆژنامەنووسـم و دەمەوێـت ڕۆژنامەوانـە کوردەکـەی ڕۆژنامـەی "الحیـاة" بدۆزمـەوە، ئەگـەر بکرێـت یارمەتیـم بـدەن.

لێـرەدا لەگـەڵ ئەرمەنییـەك یەکترمـان ناسـی کـە تورکییەکـی بـاش دەزانێـت، گوتـم کـە لەمێـژوودا کـوردەکان بـە یـاری تـورك خەڵەتـاون و ئێسـتا ئەقڵیـان هاتووەتـە سـەر خۆیـان، بـەڵام ئیـدی کار لـەکار تـرازاوەو ماوەیەکـی درێـژ گفتوگـۆ دەکەیـن، بەهـۆی ئـەوەی نـاوی ڕۆژنامەنووسـەکەی "الحیـاة" نازانـم، ناتوانێـت یارمەتیـم بـدات، پەیوەنـدی بـە ڕۆژنامەکـە دەکات، سـکرتێرەکە دەڵێـت "ئێسـتا ئێوارەیـە کـەس لێـرە نییـە، بەیانـی پەیوەنـدی

www.arsivakurdi.org

بکەنــەوە". ڕۆژنامەوانــە ئەرمەنییەکــە دەڵێــت "لێــرەدا بیــرۆی پارتیــی دیموکراتــی کــورد هەیــە، بچــۆ ئــەوێ ڕۆژنامەنووســەکەت بــۆ دەدۆزنــەوە". ناونیشــانەکە وەردەگــرم و دەردەچــم، ســەر تاکســیەك دەکــەوم و ناونیشــانەکەی پێــدەدەم، وابیــر دەکەمــەوە کــە ڕەنگــە بیــرۆی پارتیــی دیموکراتــی کوردســتان یاخــود یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان بێــت، شــوفێرەکە مــن لەبــەردەم دەرگای باڵەخانەیــەك دادەبەزێنێــت لەســەر دەرگاکــەی تابلــۆی "نــەورۆز"م خوێنــدەوە، کاتێــك بینیــم دەرگاکانــی داخــراون تێگەیشــتم ئێــرە ســینەمای کوردێکــە، ســەرەڕای ئــەوە لــە پیاوێکــی پیــر کــە لەبــەردەم دەرگاکــە تەماتــە دەفرۆشــێت دەپرســم "تــۆ کوردیــت؟، گوتی:"بەڵــێ"، دوای کەمێــك ئاخاوتــن تێگەیشــتم کــە وڵاتپەروەرێکــی ماردینییــەو بــێ ئــەوەی هەســت بەهیــچ بــکات دەڵێم:"ماڵئاوا!" و لێــی دوور دەکەومــەوە، کــە گەڕامــەوە ژوورەکــەم لــە هوتێــل تێگەیشــتم کــە جگــە لــە پــارە خەرجکــردن هیــچ شــتێکم نەکــردووەو دوای گەرماوکــردن لەســەر پێخەفەکــەم رادەکشــێم و دەســت دەکــەم بــە بیرکردنــەوە.

یەکــەم کــەس فەیلەســوفی بەڕێوەبــەری زینــدان دێتــەوە خەیاڵــم، کاتێــك لــە بیقــاع دەســتگیر کرابــووم بەڕێوەبــەری زیندانــم فەیلەســوف بــوو، نازنــاوی فەیلوســوف بەهــۆی ئــەوەی کاتێــك لــە کۆلێــژی پــەروەردەی دەرســیم بەیەکــەوە دەمانخوێنــد چاویلکــەی لەچــاو دەکــرد، ناومــان نابــوو فەیلەســوف، لەگــەڵ فەیلەســوف ســێ ســاڵ لەهەمــان زانکــۆ خوێندوومانــە، ســاڵێك لەهەمــان کونجــی بەندینخانــە ماوینەتــەوە، لــە دیاربەکــر هەردووکــمان بەنــد کرابوویــن و لەژێــر فشــار بوویــن، لێــرەش مــن بەنــدی و ئــەو بەڕێوەبەربــوو، کاتێــك جارجــارە دەهاتــە لام و لەهەواڵــی دەپرســیم، ڕەنگــی ســوور هەڵدەگــەڕا، دەســت و قاچــی تێکدەئــاڵاو بــەزۆری قســەی پێدەکــرا، بــەردەوام دەهــات و دەیپرســی:"هیچ پێویســتییەکت هەیــە؟".

www.arsivakurdi.org

لەکاتی گفتوگۆکردنمان جارێك لێم پرسی "فەیلەسوف کاتی خۆی دەهاتە خەیاڵمان کە لەزیندانێکدا من زیندانی و تۆ بەڕێوەبەر بیت؟"، فەیلەسوفی ڕاستگۆ کە ئاگاداری هیچ شتێك نەبوو و وەك هەمان شەو و ڕۆژ کاری دەکردو جگەلەوە چاوی هیچی تری نەدەدیت گوتی:" کوڕە ئەرێ داخوا چیتر دەبینین". ڕۆژێك بانگی فەیلەسوفم کرد و پێمگوت کە دۆخی زیندان خراپە، هەواڵەکانی رادیۆ و ڕۆژنامەکان بەمن نادرێت، گەرماوکردن لە پازدە ڕۆژ جارێکە، پێخەف و پەتووەکانم پیس و پۆخڵن و بۆنیان لێدێت، ڕێگای چوونە دەرەوە بۆ هەوا وەرگرتنم پێ نادرێت، ئەوە کارێکی ڕاست نییە، فەیلەسوف بەتەواوی مێشکی تێکچوو، هەستمکرد وا لەنێو دۆخی زیندانی دیاربەکردا دەژیم، گوتی "باشە" و رۆیشت، دواتر تێگەیشتم کە فەیلەسوف بە ئەقڵ و ئەوەی دەیزانێت و گوێبیست دەبێت کار ناکات، بەڕێنمایی کار دەکات.

ئەو باڵەخانەی لێی دەستگیر کرابووم سێ نهۆم بوو، باڵەخانەیەکی زۆر فراوان بوو، سەربانەکەی فراوان و بۆش بوو، ڕۆژێك فەیلەسوف بۆ هەوا هەڵمژین منی بانگ کردە ئێرە، هەوا خۆش بوو، دۆڵی بیقاع کە بە شاخەکانی دەورە درابوو، سەوز سەوز وەك ژوورێك وابوو لەبەر چاوانم، سەیری دیمەنە جوانەکەی دەوروبەریم دەکردو لەگەڵ فەیلەسوف گفتوگۆم دەکرد. فەیلەسوف بەمن دەڵێت:"ئەوەی تۆ کێشەی کەسایەتییە، شیکردنەوەی دەروونیی کەسایەتییت بکە، کەسایەتیت بڕووخێنە، نووسینێك بەوردەکارییەوە بنووسە، ئەو هەڤاڵانەش کە لە زیندانن بیخوێننەوە و کەسایەتیی خۆیانی پێ ئاڕاستە بکەن، بێنە سەر ڕێچکەی ڕابەرایەتیی، ئێمە ئەوانەی لە زیندان ماوینەتەوە چەندە دەکەین ناتوانین بێینە سەر ڕێچکەی ڕابەرایەتیی، سەیرکە زەکی یلمازی خۆمان لە جودی دەستگیر کراوە، داوای لەسێدارەدرانی دەکرێت، ئۆرهان ئایدن بردراوەتە

www.arsivakurdi.org

لێکۆڵینەوە وەك ئەوکاتەی لەزیندان بوو دووبارە یاری بە ئەقڵی کراوە، هەموو ئەوانە لە کەسایەتیی زیندانەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕێچکەی ڕابەرایەتیی ڕێچکەیەکی بەرزە، کاتێك مرۆڤ نەتوانێت خۆی پێوە بگرێت دەکەوێت".

کاتێك فەیلەسوف قسە قۆڕەکانی ئایدیۆلۆژیای فەرمی بۆم باس دەکرد، من بیرم لە ئۆرهان ئایدن و زەکی یلماز دەکردەوە، هەردووکیان قارەمانی دیاری نێو ڕای گشتی گەلی کورد بوون، ئێستا بەبڕیاری ڕابەری مەزن یەکێکیان فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت و ئەوەیتر لەماوەی دادگاییکردن دا ئەقڵی لەدەستداوە، بەر لە دەستگیر کرانم کاتێك لە حەلەب بووم گوێبیستی ئەوەبووم کە ئۆرهان ئایدن هێنراوەتە ئێرەو لەماڵێك دەمێنێتەوە، بەزووترین کات موراد داغدەلەنم لەگەڵ خۆم بردو چوومە ئەو ماڵەی لێی دەمایەوە، کاتێك دەرگای ژوورەکەیم کردەوە و چوومە ژوورەوە ئاگای لەمن نەبوو، سەری شۆڕکردبووەوە بەردەمی، دەستم لەملی کردو ماچم کرد، بەڵام بۆنێکی زۆر قێزەوەنی لێ دەهات، ئۆرهان منی نەدەبینی و نەدەناسی، ئاگاداری ئەوە نەبوو کە هاتوومەتە لای ئەو و ماچیم کردووە، ئەوانەی ناوماڵەکە گوتیان:"لەگەڵ کەس نادوێت، خواردن ناخوات و مانی گرتووە، وا دەزانێت کە لە زیندانە". هەندێك گاڵتە کە بە زازاکی لەنێوان هەردووکماندا هەبوو کە لەگەڵی کردم پێکەنی و خۆشحاڵبووم کاتێك بینیم لەقسەکانم دەگات، سەرەڕای ئەوەی زۆرم هەوڵدا نەمتوانی بەقسەی بێنم یان شتێکی دەرخوارد بدەم و لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی قسە بکات نەمدەزانی چی بەسەرهاتووە، ئۆرهانیش وەك من لەساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ لە کۆلێژی پەروەردەی دەرسیم هاتبووە نێو ریزی خەباتەوە، کەسێکی زیرەك، بەتواناو کەمێك لە رادەبەدەر ئازابوو، دوای دەرچوونی لە کۆلێژی پەروەردە بەتەواوی هاتە

www.arsivakurdi.org

نێـو خەبـات، لەسـاڵی ١٩٧٨ لـە دیاربەكـر دەسـتگیر كـرا، یەكـەم چەكداربـوو كـە بەهـۆی پەكەكەبوونـەوە سـزای لەسـێدارەدانی بـۆ دەربكرێـت، لـەدوای ئـەوەی زەكـی یلمازیـش لـەدادگای سـەربازیی دیاربەكـر سـزای سـێدارەی بـۆ دەركـرا، هەردووكیـان بەیەكـەوە بـردران بـۆ زیندانـی تاكەكەسـی و چاودێـری تایبـەت. ئێسـتا زەكـی یڵـماز بـە ڕێنمایـی ڕابـەری مـەزن بەسـێدارەدران دادگایـی دەكرێـت، ئۆرهـان ئایدنیـش بـە ئامانجـی پرۆتیسـتۆكردنی بردنـە لێكۆڵینەوەكـەی، مانـی لـە خـۆراك گرتبـوو و بـەو هۆیـەوە ئەقڵـی لەدەسـت دابـوو.

كاتێـك تێگەیشـتم كـە ناتوانـم ئۆرهـان بـە قسـە بێنـم، بڕیارمـدا بیبەمـە گەرمـاو و بیشـۆم، لـە هۆڵەكـەی بـەردەم گەرماوەكـە جلـە پیـس و بۆندارەكـەی بـەری بـە دڕانـدن لەبـەر دادەكەنـم، لەگـەڵ مـوراد داغدەلەنـی پەرلەمانتـار بـە هەڵگرتـن دەیبەینـە ئـەو شـوێنەی لێـی بشـۆین، بەئـاوی گـەرم جـوان دەیشـۆین و پاكـی دەكەینـەوە، دواتـر دەمەوێـت بیهێنمـەوە هۆڵەكـە لەسـەر زەوی پاڵكەوتـووە و هەڵناسـتێت، هەوڵـدەدەم هەڵـی بسـتێنمەوە پێـم ناكرێـت، بـە زازاكـی پێـی دەڵێـم "ئـەرۆ وارز تـو سـەی گـەی زەخـەل خـوە ئەشـت ئـارد (هەڵسـە وەك گای تەمبـەڵ خـۆت داوە بـە ئـەرزدا) پێدەكەنێـت. دواتـر سـێ كەسـم بانـگ كـرد و بـە هەڵگرتـن هێنامانـەوە هۆڵەكـە، دوای ئـەوەی وشـكمان كـردەوە هەوڵـدەدەم ئـەو جلانـەی بـۆ ئـەو كڕیـمان بكەمـە بـەری لـە بەریـان نـاكات، مـن دەیكەمـە بـەری و ئـەو دایدەكەنێـت، وەك چـۆن بڵێـی بەشـەڕ هاتبیـن، دەڵێـم (ئۆرهـان ئێـرە زیندانـی دیاربەكـر نییـە، ئـەو جلانـەش كـە دەیكەمـە بـەرت جلـی یەكپۆشـی زیندانیـان نییـە، منیـش پاسـەوان نیـم)، بـەڵام مكـوڕە لەسـەر ئـەوەی لەبـەری نـەكات، لـە ئەنجامـدا بـە زۆر لەگـەڵ سـێ هەڤـاڵ جلەكانـی لەبـەر دەكەیـن و دەیخەینـە نـاو ئۆتۆمبێلەكـە، هـەر كـە لەمـاڵ ئازادبـوو دووبـارە جلەكانـی داكـەن و فڕێـی

www.arsivakurdi.org

دان، تەنیا شۆرتێکی ژێرەوەی لەبەر بوو، ئەو جووڵەیەی زۆر شتی بەمن دەگوت، بەوانەی ماڵەکەم گوت: (جلی لەبەر مەکەن، وا دەزانێت کە زیندانە)، چاوەکانی ئۆرهانم ماچ کرد و لە ماڵەکە دەرکەوتم.

فەیلەسوف، کاتێك زانی گوێ لە قسە قۆڕەکانی ناگرم و بیر لە شتی تر دەکەمەوە، وازی لە ئامۆژگاریکردنم هێنا، دوای ئەوەی لە هەوا هەڵمژینەکە گەڕامەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی پەرتووکی (ئاخاوتنی بێتەل)، ڕابەری مەزن بەفەرماندەکەی جودی دەگوت:(بەو ئۆرهانە بڵێت خۆی نەدات بە زەویدا! بەرگەی یەك لێکۆڵینەوە ناگرێت، پێی بڵێن شورەییە". فەرماندەی گەریلاش بەگوتنی (سەرۆك نان ناخوات، ئاو ناخواتەوە، قسە ناکات، بیر لەوە دەکەینەوە بینێرینە ئەوێ) دۆخەکە باس دەکات. ئەو ئۆرهان ئایدنەی لەساڵی ١٩٨١ بە دادگای سەربازیی کۆماری تورکیا لە دیاربەکر سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا، بەو پەیامەی بۆ ڕای گشتی نووسی و ژمارەیەکی زۆر کەناڵی ڕاگەیاندن بڵاویان کردەوەو بەهۆیەوە بە "ڤان ترۆی"[١] کوردستان ناسرا، وەك کەسایەتییەك کە دەبێت وەك نموونە وەربگیرێت، ناوی چووە نێو پەرتووکەکانەوە، دواتر بەشداریکردنی لە مانگرتن لە خواردنەکانی نێو زیندان و بەردەوامی پێدانی تا کۆتایی بەخاوەن بڕیار مانەوەی ناوی "ئۆرهان"ی نەمر کردبوو، ئەو ناوە لەلایەن ڕێچکەی ڕابەری مەزنەوە کرابوو بە "خۆی داوە بەئەرزا!"، بردراوەتە لێکۆڵینەوە و ئەقڵی لەدەستداوە.

تاوانی زەکی یلماز لە "شیکردنەوەکانی" ڕابەری مەزن دەخوێنمەوە: دەڵێت: "کاتێك هەڤاڵەکانی لەشەڕدان ئەو دانیشتووە کفتەی خواردووە"، دەمەوێت بپرسم: "کوڕە ئەی ڕابەری مەزن! کاتێك هەڤاڵەکانت لەشاخ

---

١ ڕۆمانی نگویەن ڤان ترۆی کە باس لە شەڕی ڤێتنام دەکات

www.arsivakurdi.org

شـەڕ دەكـەن تـۆ چەنـد مەنجـەڵ كفتـەت تەواوكـرد؟"

نەوەیـەك لەزیندانـی دیاربەكـر لـەدژی دوژمـن و ئەشـكەنجەكەی بەرگـەی گـرت، بـەو لـەدژ وەسـتانەوەیەوە ناوبانگـی دەركـرد، ئێسـتاش سـزای ئـەو ناوبانگـە وەردەگرێـت. هەمـوو ئەوانـەی لـە زیندانـی دیاربەكـر و كوردسـتان بەرگریـان كـردووە و پێـی نـاسراون، خـەوی ترسـناكی دیكتاتـۆرن. بۆیـە بەپێویسـتی زانیـوە كـە ناسرانـی ئەوانیـتر بـە تـاوان و هـی خـۆی بـە یاسـا بسـەپێنێت.

بـاش بیـر لـەو بابەتـە بكەنەوە، مـن دوو سـاڵ بیرم لـێ كـردەوە، لێكۆڵینەوەم كـرد و سـەرنجم دا، ئـەو ئەنجامـەی پێیگەیشـتم: جگـە لـە دیكتاتـۆر ئەوانـەی دەناسرێـن حاڵیـان لـە كارەسـاتدایە، ئـەو قارەمانـە بێدەنگانـە براونەتـە ژێـر كۆنتـرۆڵ و بەكارهێـنراون، لەناوبـردراون، رفێـنراون، یاخـود كـوژراون، ئـەو كوردسـتانیانەی لـە دەرەوەی رێكخـراو، بەتایبەتـی ئەوانـەی لەلایـەن گەلـەوە نـاسراون و سـەركردایەتیی گرووپـە كوردییـەكان دەكـەن هەوڵیـداوە بـە "سـیخوڕ" ناوزەدیـان بـكات و مەحكومـی خۆیـان بـكات، سـەرەداوی ئـەو سیاسـەتە هەرچەنـدە بـەر لـە ١٢ی ئەیلـوول دەربكەوێـت بەشـێوەیەكی سـەرەكی لـە ١٩٨٢ خراوەتـە كارەوە، واتـا دوای ئـەوەی خـۆی وەك خـودا ڕاگەیانـد و ئـەو هێـزەی كـە ئـەوی هێنـا ئـەو دۆخـە داوای ئـەوەی لێكـردووە، بیـرم لـە هونەرمەنـد شـوان كـردەوە، لەسـاڵانی ١٩٧٨-١٩٨٠ مارشـەكان و گۆرانییەكانـی لەسـەر زاری ئـەو ئافرەتـە كـوردەی شووشـەی دەسـڕیەوە، ئـەو كچـە كـوردەی قـاپ و قاچاخـی دەشوشـت، ئـەو گەنجـە كوردانـەی دەكەوتنـە نـاو شـەڕەوە، ئـەو گوندییـە كـوردەی داسـی دەهاوێشـت بـوون، ڕابـەری مـەزن بـەو هۆیـەوە شـوانی لەبـەر دەرگاكـەی دەركـرد، ئـەو پڕوپاگەندانـەی لـەدژی ئەنجامـدران بەهـۆی ئـەوەوە بـوو، شـوان وەك "شـوان خۆپەرسـتە، بیـر لەخـۆی دەكاتـەوە، نایەتـە نێـو رێكخـراو، دەیەوێـت نـاو و دەنـگ بـۆ

www.arsivakurdi.org

خۆی کۆبکاتەوە، هەوڵی پێشکەوتنی خۆی دەدات..." بەڕای گشتی ناسێنرا، وەك "دژە شۆڕش" ڕاگەیەنرا، لە گردبوونەوەکانی ئەورووپا گوترا:"ئەی دایکەکان! بژی سەرۆك ئاپۆ لە جێگای لایلایە بەمنداڵەکانتان بڵێنەوە!"

یەکێکی تر لە سیما دیارەکانی ناو گەلی کورد مەهدی زانابوو، بەر لە ١٢ی ئەیلوول لە دیاربەکر سەرۆکایەتی شارەوانی کردووە، لەگەڵ هاتنی کودەتای ١٢ی ئەیلوول دەستبەسەرکراو خرایە زیندانی دیاربەکر، لە هەلومەرجی زۆر ناخۆش ملی بۆ دەوڵەت کەچ نەکرد، بەگاڵتەکانی وەرەی مرۆڤەکانی بەرز دەکردەوە، نزیکەی ١١ ساڵ لە زیندان بوو و کاتێك ئازادبوو ڕابەری مەزن وەك دوژمن هەڵیدەسەنگاند و ڕێنمایی بە ماستاوچییەکانی دەرەوەی وڵات و هەندێکی ناوەوە دەدا کە "ڕووی پێ نەدرێت، کەسێکی زۆر لەخۆباییە، لوتی لە زەوی بخشێنن، مەترسیدارە"، بە بەکارهێنانی خاڵی لاوازی لەیلا زاناش دەیویست کۆتایی بە مەهدی بێنێت، یاخود ملی پێ کەچ بکات.

ئەوانەی بەسەر سەرحەد بوجاکیشدا هاتن دیارترین نموونەی ئەو سیاسەتەن، سەرحەد بوجاك ڕووناکبیرێکی وڵاتپەروەری، فیداکاری ڕاستگۆی کوردە، کاتێك لەساڵی ١٩٩٠ دەستیکرد بە خاوەندارێتیکردنی ڕۆژنامەی Yeni Ülke هەموو جۆرە مەترسییەکی لەبەرچاو گرتبوو، لەکەشێکی وادا خاوەندارێتیکردنی ڕۆژنامەیەکی وەك Yeni Ülke کاری هەموو کوڕی قارەمانێك نەبوو، لەگەڵ زیادبوونی فرۆشی ڕۆژنامەکە ناسران و بەناوبانگ بوونی خاوەن و سەرنووسەرەکەی بە ئاسایی هاتە ڕۆژەڤەوە. ڕابەری مەزن هەر کە درکی بەوەکرد ڕێنماییدا بە ماستاوچییەکانی و سەرنووسەرکردنی ڕۆژنامەکەی لە سەرحەد بوجاك قەدەغە کرد، لەگەڵ کات گەڕووی سەرحەد بوجاك بچووك کرایەوەو هێنرا ئاستی نووسەری گۆشە وتار، لەڕای گشتی خراپ کرا، پڕوپاگەندەی لەدژ ئەنجامدراو

www.arsivakurdi.org

ڕێزەکـەی لەنـاو کۆمەڵـگا هەوڵـی نەمانـی بـۆ درا، لـە ئەنجامـدا سـەرحەد بوجـاك کـە بەهـۆی داوایەکـەوە داواکـراو بـوو ناچاربـوو بێتـە ئەڵمانیـا، لێـرە لەکاتێکـدا چـاوەڕوان بـوو ڕێکخـراو یارمەتـی بـدات، ئـەو موچەیـەی لـە ڕۆژنامـەوە پێـی دەدرا بەڕێنمایـی ڕابـەری مـەزن بـڕدرا، دووبـارە بەڕێنمایـی ڕابـەری مـەزن و بەکارهێنانـی تاکتیکـی جیاجیـا هەمـوو شـتێك ئەنجامـدرا تـا بگەیەنرێتـە دۆخـی بەسـتەزمانێك، دوای یەکترناسـینمان لەگـەڵ کاکـە سـەرحەد جـار جـارە دێـت و دەردەدڵ دەکات، ڕەخنـەم لـێ دەگرێـت، هەندێـك ماسـتاوچی ئەورووپـا و بەڕێوەبـەری گشـتی ڕاگەیاندنـی ڕۆژنامـەی Yeni Ülkeی پێشـووی خسـتبووە مێشـکیەوە، وایدەزانـی هەمـوو خراپـەکان لەوانـەوە سـەرچاوە دەگـرن. دەیگوت:"بۆچـی ئەوانـە بەمـن دەکرێـن، چـی بکـەم، بچـم هانـا بـۆ ڕابـەری مـەزن بـەرم؟"، لەناخمـەوە دەمەویسـت پێـی بڵێـم: "کاکـە سـەرحەد، کێشـەکە لـە شـوکرو چەنـد ماسـتاوچییەك سـەرچاوە ناگرێـت، تـۆ تاوانبـاری! چونکـە نـاسراوی، بەڕێنمایـی ئـەو سیاسـەتەت بەسـەردا دەسـەپێنن"، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی وام بیـر دەکـردەوە کـە کاتـی ئـەوە نییـە دۆخەکـە کارەسـاتبارەکە بـۆ کاکـە سـەرحەد بـاس بکـەم، بۆیـە بەتێگەیشـتوویی ڕەخنەکانیـم وەردەگـرت و هەوڵـم دەدا وەڵامـی لۆژیکـی بدەمـەوە، ناچـار درۆ بکەم:"کـەس نایەوێـت تـۆ خـەرج بـکات، گرنگـی بەتـۆ دەدەیـن".

کاتێـك بینیـم کاکـە سـەرحەد خراوەتـە دۆخێکـی زۆر خـراپ گوتـم هەرچـی دەبێـت بابێـت! هەمـوو شـتێکم ڕەچـاو کـرد و بـە تەلەفـۆن بـە ڕابـەری مەزنـم گوت:"ڕاسـت نییـە کـە پیاوەکـە وا نـزم بکرێتـەوە، دەمەوێـت بینێرمـە ئـەوێ". کاتێـك بـەو پێشنیازەشـمی گـوت "بەڵـێ" کاکـە سـەرحەدم نـارد، بـەڵام بەتـرس و لـەرز و نووسـینی وەسـیەتنامە چـووە شـام، لـەوێ لەلایـەن ڕابـەری مەزنـەوە بەجوانـی پێشـوازی لێکـراوە، ڕێـزی لێـنراوە، خۆشویسـتراوە و ڕێزێکـی

www.arsivakurdi.org

بێپایانــی بــۆ دانــراوە!... ئەگــەر کاکــە ســەرحەد شــکایەتی لــە هەندێکیــان یاخــود ئێمــە کردبێــت، مەزەنــدە دەکــەم کــە پێــی گوتبێت:"سەرســەریانە، کەســانی بــێ رێــزن، مــن ئــاوا نیــم، تەنانــەت منداڵێکــی ســێ ســاڵان رێزێکــی بێپایانــی لــێ دەنێــم".

بــەم جــۆرە کاکــە ســەرحەد دوای ئــەوەی بــە قۆناغــی نزمکردنــەوەو دواتــر بەرزکردنــەوەو پابەندکــردن بــە خۆیــەوەدا تێپــەڕی، دواتــر نــاردرا کوردســتانی باشــوور، بــۆ هــەر کوێ دەچێــت بــا بچێــت، لــەو ئاســتەی کــە بناسرێــت قاچــی دەخلیســکێنرێت، ئــەوە لــە ئەزموونــی خۆمــەوە دەزانــم، چونکــە ئــەوە تاکتیکــی بەیعەتــە ڕۆژانــە بەســەر ســەدان کــەس تاقــی دەکرێتــەوە، ئــەوەی کاکــە ســەرحەد نموونەیەکــی بچووکــی ئــەو تاکتیکەیــە، زیادکردنــی نموونــەکان ئاســانە، بــەڵام بەپێویســتی نازانــم، دەزانــم کــە ئەگــەر ســەیری دەوروبەرتــان بکــەن هەزارانــی وا دەبینــن.

لەکاتێکــی درەنــگ دەچمــە پۆســتەخانە و تەلەفــۆن بــۆ براکــەم دەکــەم، گوتــم کــە باڵیۆزخانــەی ئەڵــمان تەنیــا لــە حاڵەتێــك خێزانەکــەم داوام بــکات ڤیــزام پــێ دەدات، دەڵێت:"باشــە شــتێك دەکەیــن، پێنــی ئەڵمانــی لــە هەوڵدایــە، بــا چاوەڕوانــی ئەنجامەکــەی بکەیــن، کەمێــك ئــارام بگــرە".

بەهۆی ئەوەی زمان نازانم، لەو شارە بێ ئاگا لە جیهان دەژیم.

www.arsivakurdi.org

# ٢٧ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**ئەو نرخەی مێژوو بە سەركەوتنە سەربازییەكانی**
**دیكتاتۆرەكانی دەدات بێ نرخییە**

لەژوورەكەم كاتێك خەریكی نووسین بووم لە دەرگا درا، نەبیلە دەڵێت "تەلەفۆن"، بەپەلە جل لەبەر دەكەم و دادەبەزم، دەسكی تەلەفۆنەكە هەڵدەگرم و دەڵێم "ئەلو تفضل" دەنگی ماری ڕۆزای كارمەندی خاچی سووره دەڵێت "سەلیم تعال هون، گوتم (Okey) و پەیوەندییەكەم داخست، سەر تاكسیەك كەوتم و چووم بۆ كۆمیتەی خاچی سوور، لەگەڵ كریستین قسە دەكەم دەڵێت "چوار وێنەی مامەڵەكردن بگرە، لەگەڵ كاغەزی مامەڵە بۆ پێدانی ڤیزا پێشكەشی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیای دەكەین".

وێنە دەگرین و فۆرمەكە پڕ دەكەینەوە، پاسكال دێت دەڵێت:"تەواو تۆ بگەڕێوە هوتێلەكەت و بەردەوامی بە خەوەكەت بدە". لەكۆمیتەی خاچی سورو هاتمە دەرەوە و چوومە پۆستەخانە، بە تەلەفۆن هەوڵدەدەم ئومێد بدەم و گوتم:"تەواو ئەمڕۆ داوای وێنەیان لێكردم، واتا كاروبارەكانم دەست پێكراوە ئەنجام بدرێت، بەم نزیكانە دێم". خێزانەكەم گوتی كە ئەمڕۆ مستەفا كاراسوو گفتوگۆی لەگەڵ كردووە و گوتی:" تەنیا داوای خودڕەخنەت لێكراوە و هەڵاتوویت"، جگە لەوە مستەفا هەوڵیدا من رازی بكات، بە منی گوت بەهۆی هەڵەكانی ئەوەوە بۆچی خۆت دەخەیە دۆخی تاوانبارەوە؟ لەكاتێك پارتییێكی گەورەو گران هەبێت ڕاست نییە كە دوای كەسێك بكەویت".

www.arsivakurdi.org

لـە خێزانەکـەم تووڕەبـووم، گوتم:"بتگوتبـا دامەزراوەیەك نییە بەنـاوی پارتیی، مـن دوای کەسـێك نەکەوتـووم، ئـەوە تۆیـت دوای کەسـێك کەوتوویـت، دوای ڕۆیشـتنی سـەلیم نـۆرەی تۆیـە! کاتێـك ئیمپراتـۆرە عوسـمانییەکان وەزیرەکانیـان دەخنکانـد تەنانـەت یـەك کەسیش خاوەندارێتـی لـە وەزیـرە خنکێـنراوەکان نەدەکـرد، کەشـێکی ئـاوات بـۆ ئـەو دەوێـت". خێزانەکـەم لـە تەلەفـۆن دەیگوت کـە وازی لـە ئـەرك هێنـاوەو بڕیاریـداوە تا من نەبینێـت و گفتوگـۆ نەکەین لەماڵ دەرناچێـت، کاتێـك دەگەڕێمـەوە ژوورەکـەم لـە هوتێل جگـە لە بیرکردنـەوە هیچ کارێکـی تـرم نییـە بیکەم، زۆر مێشـکم بەوە خەریـك ناکەم کە بیر لـەوە بکەمەوە لـە داهاتـوودا چـی دەکـەم، زیاتـر بیـر لـە ڕابـردوو دەکەمـەوەو هەوڵـدەدەم ڕابـردوو ڕوونـاك بکەمـەوە کـە لەزیندانەکـەی بیقاعیـش بـووم هـەردەم بیـرم لـە ڕابـردوو دەرکـردەوە، جارجاریـش لە مێشـمکدا پلانـی ڕاکردنم دادەڕشـت و چاوم لـە دەوروبـەر دەگێـڕا، ئـەوە خویـەك بـوو کـە لەزیندانی تورکیـا تووشـی ببووم.

لـە زیندانـی دۆڵـی بیقـاع بیسـت و چـوار کاتژمێـر دوو دوو پاسـەوانەکان دەگـۆڕان و بـێ هیـچ کات چاودێـری نەدەوەسـتا، ڕاکـردن و ڕزگاربـوون مەحـاڵ بـوو، بـەڵام مـرۆڤ لەکاتـی وادا لەنێـو مەحاڵێکـدا بـەدوای توانـادا دەگەڕێـت.

مسـتەفا گەزگـۆر و جـەودەت ئینـاك دێنـە ئەقڵمـەوە، ئاسـنێکی درێـژ لـە دەسـتێکی مسـتەفایەو نینـۆك بڕێـك بەدەسـتەکەی تریەوەیـە، نینـۆك بڕەکـەی لـە ئاسـنەکە دەخشـاندو هەوڵـی دەدا ببڕێـت، جـەودەت چووەتـە نـاو تونێلەکـەو وەك بلـدۆزەر هەڵیدەکەنـد، بـە تەختـەی شـەترەنج و سـۆندە هەوڵـی دەدا کـە دەرچەیەکـی هەواگۆڕکـێ دروسـت بـکات، مامۆسـتا شـوکری لـە تونێلەکـەدا لەگـەڵ جرجـەکان پێکدادانـی بـوو، عەلائەدیـن ئاکتاش بـە بەهرە وێنەکێشـییەکەی قەپاخەکـەی دەشـاردەوە، فوئـاد کاڤ گاڵتەی بە کەمـال ئاکتاش دەکـرد و دەیگوت:"کەمـال، تـۆ دڵـت هەیـە، زۆر سـەیری ئافرەتـە ڕووتەکانـی سـەر ڕۆژنامـەکان مەکـە" بـە سـەتڵێکی نایلـۆن کـە ناوەڕاسـتەکەی بـە داوێـك

www.arsivakurdi.org



بەستراوەتەوە خۆڵی ناو تونێلەکە دەردەهێنرێت، لەو گونیانەی لە زیادەی قوماشە سەربازییەکان دوورابوون دەکران و دەبردرانە نهۆمی چوارەم، درزی دیوارەکانی پێ پڕ دەکرایەوە، موزەفەر ئایاتا بۆ هەوا ناردنە نێو تونێلەکە هات کە نۆبەتداری لەمن وەربگرێت، ژێر زیندانی دیاربەکر دەکوڵێت، لەو دیوارەی مەزڵوم دۆغان خۆی پێوە هەڵواسی ئێمە دەرگایەکمان کردووەتەوە کە بەرەو ئازادییمان ببات، گەیشتووین بەو بڕیارەی مەحاڵە بگەینە شتێکی مومکین، دواتر دوورخستنەوە بەدوایدا دێت، دەخرێینە ناو ئۆتۆمبێلە داخراوەکانی زیندان، دەستەکانمان کەلەپچە کراوە، گەروومان هاوار دەکات، لە بازاڕی گرێ سۆر، جورنەرەش و روحا لە ئۆتۆمبێلەکانەوە بانگەوازی ئازادیی دەڵێینەوە، دواتر دەخرێینە کونجە بچووکەکانەوە، کارەباکان دەکوژێنرێنەوە لەسەرمان، تاریکی باڵ دەکێشێتە سەر هەموو لایەك، هەڤاڵان دەڵێن "شیعر بخوێنەوە!"، دەنگ لە دیوارەکانەوە دەنگی دەدایەوە" لە هەر کوێ بیت ببە، لە ژوورەوە، لە دەرەوە، لە پۆل، لە نۆرە، تف بکە بەڕووی جەللادەکەت..."، زیندانی روحا بێ ئومێدە، زیندانی روحا بێدەنگەو ئێمە خاوەندارێتی لە مشارەکانی ئاسن دەکەین، شوێن دەدۆزینەوە بۆ ئەو خۆڵەی کە هەڵدەکەنرێت، بۆڕییە ئاسنەکان بە مشار دەبڕین و ئەو جێگای بەرەو دەرەوە دەکرێتەوە ئامادەی دەکەین، دوورخستنەوەیەکی تر... دەخرێینە زیندانی جەیهانەوە.

ویستی هەڵاتن لای ئێمە نەخۆشییە، جامێك دەکڕین تا لەسەر مێزی دابنێین، بە تەباخی کارەبایی شووشەی شوێنی یەکتربینینەکە گەرم دەکەین، ئاو بەسەر جامە گەرم بووەکەدا دەکەین و وردەی لێ کۆدەکەینەوە، بە مشارەکەی ئاسن تەلبەندەکان دەبڕینەوە، دەیخەینە شوێنی ئەو جامەی کە وردمان کردووەتەوەو وەك خۆی لێ دەکەینەوە، ئەو تەلبەندانەی بڕیومانە وەك ئەوەی نەمانبڕیبن بەشوێنی خۆیانەوەیان دەکەینەوە.

وێنەی مستەفا کاراسوو دەگرین، ناسنامەی بۆ ئامادە دەکەین، لە ڕۆژی

www.arsivakurdi.org

دیـداری زیندانییـە ئاسـاییەکان دا دەینێرینـە دەرەوە، لـە دەرگای پاسـەوانەکان دەسـتگیر دەکرێـت، دوورخسـتنەوەیەکی ترمـان بـۆ دەردەچێـت، مسـتەفا بـۆ زیندانـی بورسـاو مـن بـۆ زیندانـی بارتیـن دوورخراینـەوە، لـە روحـاو جەیهـان سـزای هەوڵـی راکـردن و دەسـتگیر کرانـەوە دوورخسـتنەوەبوو، بـەڵام لـە بیقـاع کاردانـەوە لـە بەرانبـەر ئـەو هەوڵـە گوللەبـاران کردنـە ئـەوە دەزانـم، چونکـە لێـرەدا "دادوەری شۆڕشـگێڕی!" هەبـوو، رێچکەی ڕابەری مـەزن توندبوو، دەگوترا "هەڵاتـوو دوژمنـە، دوژمـن دەکوژرێـت".

درزێکـی بچـووك لـە دیـواری لای پێخەفەکـەم هەبـوو، بیـرم لـەوە دەکـردەوە ئـەو فـراوان بکـەم و رابکـەم، ڕێـگای وشـکانی شـام ـ بەیـروت رێـك دەکەوێتـە بـەردەم ئـەو باڵەخانـەی لێـی دەستبەسـەربووم، بیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە شـام نـا، بەڵکـو دەچـم بـەرەو بەیـروت، شـەو خـەو نەدەچـووە چـاوم، دڵـم دەگـوشرا، دەنگـی ئۆتۆمبێلـەکان منـی بـەرەو بەیـروت دەبـرد، دوای ئازادکردنـی فـەوزی یەعقوبـی کۆنیایـی دەسـتگیر کرابـوو، کاتێـك دوای حـەوت مانـگ مەشـقکردن گوتبـووی "مـن دەترسـم کـە بچمـەوە وڵات، دەمەوێـت بگەڕێمـەوە ئەوروپـا" دەسـتگیر کرابـوو، لەگـەڵ یەعقـوب گفتوگـۆی دوورو درێژمـان هەبـوو، لەماوەی سـێ ڕۆژ رازیـم کردبـوو، لەکاتێـك کـە هەوڵـم دەدا ئـەو رازی بکـەم بگەڕێتـەوە وڵات بـۆ خـۆم پلانـی هەڵاتنـم دادەڕشـت، چونکـە یەعقـوب تـازە هاتبـووە ڕیزەکانـەوە و سـەربازێکی ئاسـایی بـوو، نـۆرەی کـوژران، لەناوبـردن و رفاندنـی دواتـر دەهات، هێشـتا بیسـت سـاڵان بـوو، کاتێك من دەسـتم کرد بـە خەبات ئەو تـازە لـە دایك بووبـوو، دەکرێت وابڵێین، کاتێـك ڕابەری مەزن بڕیـاری لەناوبردنی منـی دا یەعقـوب تـازە بەشـداری خەباتـی کردبـوو، بەڵام ئـەو شـتانەی نەدەزانی، بـۆ زانینـی پێویسـتی بـەکات هەبـوو.

خەیاڵـم چۆلەکەیەکـە دەفڕێـت لـەو چڵ بـۆ ئەم چـڵ... بیر لە سـەلیم دیندار تـولای، نەرمیـن دەکەمـەوە، بـە مارسیدسـەکەی سـەلیم دەڕۆیـن بـۆ خانووەکەی

www.arsivakurdi.org

تۆفیق فیکرەت لە ئاشیان، ئاشیان دەڕوانێتە سەر گەڕووی ئیستانبوڵ، شینی ئاوی گەرووەکە لەگەڵ شینی ئاسمان تێکەڵ دەبێت، لەنێوان هەردووکیان نەورەسە سپییەکان و کەشتییە سەر سپییەکان دیار دەکەون، بە تولای دەڵێم کە تۆفیق فیکرەت ڕۆژێک ژیانمی ڕزگارکردووە، پێدەکەنێت و دەڵێت:"کاتێک تۆفیق فیکرەت کۆچی دوایی کرد هێشتا دایکت لەدایک نەببوو، چۆن تۆی ڕزگارکرد؟"

بۆ تولای باس دەکەم کاتێک لە ناوەندی دەمخوێند، شیعری "پرۆمەتە"ی تۆفیق فیکرەتم خوێندەوە و زۆر کاریگەری لەسەرم هەبوو، دواتر لە میتۆلۆژی یۆنانی ئەفسانەی "پرۆمیتۆس"م خوێندبووەوە.

کاتێک وەک زیندانی کەوتمە گرتووخانەی دیاربەکر، لە کونجی ژوورۆچکەکان تووشی نەخۆشی سیل بووم، نەقیب ئەسەد ڕێگەی لە چارەسەری کردنم گرتبوو، ساڵێک بێ چارەسەر ژیام، قژم رووتاوە، ماسوولکەکانم توانەوە، دەستم کرد بە رشانەوەی خوێن، بۆنی جگەر لە زارم دەهات، ئەسەد زاڵم بوو، ئیدی کۆتا ڕۆژەکانم دەژمارد، ڕۆژێک بۆ وتەی دوایی بانگی دادگا کرام، بەگوێرەی خۆم وتەی دواییم دەگوت و دەمخستە تۆمارەکان و دەمردم، کاتێک نۆرەی ئاخاوتن گەیشتە من لەشوێنەکەم هەڵسامە سەر پێ و گوتم" دەمەوێت شتێك سەبارەت بە خۆم بڵێم، بۆ تێگەیشتن لە ئاخاوتنەکەم نموونەیەك لە میتۆلۆژیای یۆنانی دێنمەوە، بەمە دەستمکرد بە ئاخاوتن، پرۆمیتۆی بەهۆی ئەوەی ئاگری خوداکانی دزیوەو داویەتی بە مرۆڤەکان دەکەوێتە بەر تووڕەیی خوداوەند زەوس، ئەو دەستگیر دەکات و بەزنجیر لە گاشەبەردێکی دەبەستێتەوە، قەلەڕەشێك جەرگی پرۆمیتۆس بە دەندوك لێدان دەخوات، دوو ڕۆژ دواتر کاتێک جەرگی پرۆمیتۆس دووبارە دروست دەبێتەوە قەلەڕەشەکە دووبارە دێت و دەیخواتەوە، ئەو ڕێگا سزادانە ڕێك سەد ساڵ بەردەوام دەبێت، من لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٨١ لە قاوشەکەمەوە بردرام بۆ ژوورێکی

www.arsivakurdi.org

تاکەکەسی، جلوبەرگی بەرم و پێخەفەکەی ژێرم بردرا، لەزستانی دیاربەکر بەردەوام ئاوی ساردم کرا بەسەردا، لەژێر چاودێری ئەو پزیشکانەی سوێندی هیپۆکراتیان خواردووە میکرۆبەکان جەرگیان خواردم، دواتر چارەسەرکردنم قەدەغە کرا، میکرۆبی وەرەمەکە هەموو ڕۆژێك، کاتژمێرێك، خولەکێك بەوەحشیگەری قەلەڕەشێك جەرگم دەخۆن. ئێمە بەهۆی ئەوەی ئاگری ئازادیی و سەربەخۆیی بە گەلی کورد دەدەین ئاوا سزا دەدرێین، لەزیندانی دیاربەکر هێشتا ئەو سزایانەی لەسەردەمی خوداوەند زەوس دەسەپێنران دەسەپێنرێت، ئەو سزایەی بەسەر مندا سەپێنراوە، مەرگە، ئەو سزا زیندانییەی دادگا کەمێکی تر بەسەرمدا دەیسەپێنێت جگە لە بەرگێکی یاسایی بۆ سزا مەرگییەکە هیچیتر نییە"، ئەو وتانەم چوونە نێو تۆمارەکان، کاتێك گەڕامەوە زیندان، بە پەلەپەل خرامە ژێر چارەسەرو ڕزگارم بوو.

تولای کە کەسێکی یاساناس بوو بەوتەکانم کاریگەربوو و دەستی کرد بە بیرکردنەوە... لە ئەسیناوە بەرەو سەلیناك بە تاکسییەك دەڕۆین، من ناوی پەساپۆرتەکەم پرۆدۆرۆمۆس پۆریدیسە، ئەوەی لە تەکم دانیشتووە هاوڕێ کچەکەم دەسپینا هیرۆیستۆسە، کاتێك لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکە شاخێکی بەرز بەدەر دەکەوێت کە لوتکەکەی تەماوییە، لەشوفێرەکە دەپرسم "ئەمە ئۆلیمپۆسە؟" دەڵێت "یا، یا!" داوای لێدەکەم ئۆتۆمبێلەکە بوەستێنێت لەگەڵ دەسپینا لەخواردنگەیەك نان دەخۆین، دەچمە دەرەوە و سەیری ئۆلیمپۆسی لوتکە تەماوی دەکەم، پرۆمیتیۆس ئاگرێکی لە دەستەو بەرەو ڕووی من رادەکات، ئەو پرۆمیتیۆسەی قەدەغەکانی خوداکانی ژێرپێ خستبوو! بەو هۆیەوە ئەوم زۆر خۆشدەوێت، دەسپینا دەپرسێت بۆچی ئاوا لەشاخەکە راماوم، دەسپینا کە وازی لە زانکۆ هێناوە چیرۆکی ئەو شاخە نازانێت، ئیلیادا و ئۆدیسا نەخوێندووەتەوە، هۆمیرۆس ناناسێت، لەکاتی گەڕانمان بە ئۆتۆمبێل میتۆلۆژیای یۆنانی و پێگەی ئۆلیمپۆس لەو میتۆلۆژیایە بۆ دەسپیرۆس باس

www.arsivakurdi.org

دەکەم، دوای باسکردنەکەم گوتی:"ئەگەر بمزانیبا منیش لێی رادەمام".

لەگەڵ سەلیم فورات و کەمال ئۆکوتان دەچینە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، لە مینبەری تورکۆلۆژی زانکۆی هامبولد مێژووی کوردستان وەك وانە دەبێژمەوە، سەلیم فورات وەرگێڕیم بۆ دەکات، کەمال ئۆکوتان دوایین پێشهاتەکان باس دەکات، تامەزرۆی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتم، لە یوگسلافیا سێ ڕۆژ ماومەتەوە، لەگەڵ شوفێر و قوتابی و کارگوزارەکان زۆرم وتووێژ کردووە، زانیاری زۆرم بەدەستهێناوە، ئەمجارە ئەو سۆسیالیزمەی لە پەرتوکەکان دەمخوێندەوە بەچاوەکانم دەیبینم، سەلیم فورات بەهۆی ئەوەی پێشتر ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی بینیوە دەیەوێت ئێمە بباتە پەرتووکخانەیەك کە پەرتووکەکانی مارکس، ئەنگلس و لێنینی لێ دەفرۆشێت، ئەو جێگایەی بەناوی پەرتووکخانە چووینە ژوورەوە تیایدا کەلوپەلی جوانکاری و بۆنی لێ دەفرۆشرا، گوتیان "پەرتووکخانەکە هەڵگیراوە". چووینە دەرەوەو سەیری دەوروبەر دەکەین، باڵەخانەکان یەك جۆرن، پەنجەرەکانی وەك یەکن و لە فارگۆنی شەمەندەفەر دەچێت، ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەڕێگاکەدا دەچن پێکەنیناوین، تەختەکانی دانیشتن کە لەلێواری ڕێگاکەدان بێ خزمەت و بۆیەکانیان لێ بووەتەوە، بەرلینی ڕۆژهەڵات کاولبووێکە، کەمال ئۆکوتان دەڵێت "بابچینە مۆزەخانەیەك". گوتم:"کەمال، هەموو ئەو شارەی دەیبینی مۆزەخانەی سۆسیالیزمە، تەختەکانی دانیشتنی کەنار ڕێگاکان، ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەڕێگادا دەڕۆن، سەیری باڵەخانە یەك جۆرەکان بکە، لەو رژێمە تێدەگەی کە بەناوی سۆسیالیزم ئێمەی پێ خەڵەتێنراوە."

دوای ئەوەی کەمێك گەڕاین، بوارمان بۆ رەخسا کە لەگەڵ کارگوزارێکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات گفتوگۆ بکەین، بە کارگوزارەکە دەڵێم "دەتوانیت پرۆگرامێکی ڕۆژانەی تەلەفزیۆنی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتم بۆ باس بکەی بەر لە ڕووخانی دیواری بەرلین؟" پیاوەکە بێ هیچ بیرکردنەوەیەك ئەو وەڵامەم

www.arsivakurdi.org

دەداتـەوە "بەگشـتی وتـاری سـەرۆك هۆنیکـەر، دیدارەکانـی و ئەو ڕێوشـوێنانەی دەیگرتنەبـەر، ئـەو گوندنشـینانەی بەرهەمیـان زۆربـوو، ئـەو میدالیایانـەی بەوان دەبەخـشرا، نیشـاندانی تانـك و فیلمەکانی جەنـگ، پرۆگرام لەوانـە پێك دەهات". دواتـر گوتی:"بەگشـتی لەبـەر ئـەوەی بەرنامـەکان لەیەکـتر دەچوون زۆر سـەیری تەلەفزیـۆن نەدەکـرا". کاتێـك پیاوەکـە بەردەوامـی دەدا بـە ئاخاوتنەکـەی و گوێم لـە وەرگێڕانەکـەی سـەلیم فـورات گرتبـوو، بیـرم لـە خۆنیشـاندانەکان و شـەوانی ئەڵمانیامـان کـردەوە، وێنەکانـی ڕابـەری مـەزن، ئاخاوتنـی کاسێتەکانی ڕابـەری مـەزن، ئـەو ئاخاوتنانـەی ستایشـی ڕابـەری مـەزن دەکـەن، ئـەو دروشـمانەی ستایشـی ڕابـەری مـەزن دەکـەن، جگـە لەوانـە هیـچ شـتێك نەبـوو، وە ئەوانـە بـەردەوام دووبـارە دەکرانەوە.

شرنـاخ بۆردوومـان کـراوە، لەگـەڵ ئـەرز بـووە بـە یـەك، خەڵکـی شـارەکەیان جێهێشـتووە، بـۆ پرۆتیسـتۆکردنی ئـەو دۆخە لە بـۆن خۆنیشـاندانێك ڕێکدەخەین کـە دەیەهـا هـەزار کـەس بەشـداری تێـدا دەکـەن، خۆنیشـاندەرەکان دروشـمی "بـژی سـەرۆك ئاپـۆ" دەڵێنـەوە، وێنەکانـی سـەرۆك ئاپۆیـان هەڵگرتـووە، یـەك دروشـمیش لێنـەدرا کـە پەیوەنـدی بـە شرناخـەوە هەبێـت، وشـەیەك نەدەگوتـرا پەیوەنـدی بەبۆردومانەکـەوە هەبێـت، ئـەوە ئیـدی نەریتێـك بوو خۆنیشـاندان و گردبوونەوەکـە هـەر ئامانجێکی هەبێت با ببێت دروشـمەکان، تابلـۆکان، وێنەکان و وتـارەکان هەمـان شـت بوون:"بـژی سـەرۆك ئاپـۆ". ئا سۆسـیالیزم لـە ئەڵمانیای ڕۆژهـەڵات بۆیـە ڕووخـا، بـەو هۆیـەوە هیـچ کات نەبوو بـە سۆسـیالیزم، بەهرەی خەڵکەکـە بـە ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی لەناوبـردرا، بـە پڕوپاگەنـدەی فیـداکاری بـەرەو پێشـچوونی تەکنیـك ڕاگیـرا، خەڵکەکـەش وەك باڵەخانـەکان، پەنجەرەکان، بەفرگـرەکان، مەکینـەی تۆسـتەکان، دەبـوو بـن بـە یـەك جـۆر، یەکێـك ئەرکـی بیرکردنـەوەی گرتووتـە ئەسـتۆی خـۆی، ئەوانیـتر وەك ئـەو ئەسـپەی لـە عەرەبانە بەسـتراوە سـەریان بـادەدەن و ڕێدەکـەن، لـە کۆتاییـدا ڕاسـتی بەدەرکـەوت،

www.arsivakurdi.org

بەیەكەوە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای فەرمی رووخا، ئەڵمانە ڕۆژهەڵاتییەكان ئەوەی بنیاتیان نابوو ڕووخاندیان، ئێمەش ئەوەی ئەوان ڕووخاندیان تازە بنیاتی دەنێین و پێی خۆشحاڵین، ئەوان كاتێك لەشوێنی "بژی هانۆكەر!" دروشمی "بە نەفرەت بێت هانۆكەر" دەڵێنەوە، ئێمە پڕ بە گەروو هاوار دەكەین "بژی سەرۆك ئاپۆ" و دووبارەی دەكەینەوە.

دوای نزیكەی دوو مانگ لە گەڕانم بە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا وەك ڕۆژنامەنووسێك بەشداری كۆنگرەی نێودەوڵەتی سۆسیالیستم كرد لە ڕۆژئاوای بەرلین، لەو كۆنگرەیەدا ئەوانەی هەوڵی هەڵگرتنەوەی دوایین پاشماوەكانی دیكتاتۆرییەتی سۆڤییەتیان دەدا، ئەوانەی ئەو پەردە ئایدیۆلۆژیایەی ستالین بەڕووی جیهاندا هەڵیواسی بوو لایانبرد، ئەو میخائیل گۆرباچۆڤەی گوتی:"فەرموون، دەتوانن بێن و سۆسیالیزم ببینن" بەشدارییان كردبوو، كۆنگرەكە لە هۆڵی ئەنجومەنی پێشووی هیتلەر بەڕێوە دەچوو، بەر لە ٤٧ ساڵ ستالین دەستی بەسەر باڵەخانەی ئەو ئەنجومەندا گرت و سەركەوتنی بەجیهان ڕاگەیاند، دوای ٤٧ ساڵ گۆرباچۆڤ كە سەرۆكایەتی دەوڵەتی لە وڵاتی ستالیندا كردووە دووبارە لە هۆڵی هەمان ئەنجومەن ئاهەنگی سەركەوتنی سەرمایەداری ڕاگەیاند.

من بەو بیركردنەوانەوە لە ئەنجومەنی پێشووی هیتلەر دەردەچم، لەگەڵ وەرگێڕەكەی تەكم چووینە گۆڕەپانی كۆتایی باڵەخانەكە، لێرەدا كڵاوی سەربازیی رووسی، بەرگی جەنەڕاڵی رووسی، دووربینی شەوی دروستكراوی روسیا، میدالیای رووسی، دەفرۆشران، لەنێو كەلوپەلەكانی فرۆشتن تەنیا میدالیاكان سەرنجی راكێشام، لەهەندێكیان وردبوومەوەو نرخی یەكێكم پرسی، فرۆشیارەكە گوتی "دانەی ١ مارك"... بیرم لە شەڕەكانی نزیك مۆسكۆ كردەوە، جەنەڕاڵ پانخیلۆڤ هاتە خەیاڵمەوە، سەیری میدالیاكەی دەستمكرد و گوتم "ئەوە میدالیای ئەو نەبێت!" بەیەكدادانەكانی ستالینگراد

www.arsivakurdi.org

هاتنـە بەرچـاوم، بیـرم لـەو سـەربازانە و فەرماندانـە دەکـردەوە کـە ئەنجومەنـی هیتلەریـان خسـتە ژێر دەسـتی خۆیـان، دواتر مەراسـیمی میدالیا بەخشـینەکان... بـەڵام ئـەو میدالیانـە ئێسـتا وەك کەلوپەلـی جوانـکاری دانـەی بـە یـەك مارکـی ئەڵمانـی دەفرۆشرێـت.

دەڵێـم ئـەوەی نـرخ بـۆ گەلەکـەی دانەنێـت، رێگـە لـە پێگـەی گـەل بگرێـت لـە بەڕێوەبردنەکـەی، ئـەوەی بەقـەد تۆڵـە لـە دیموکراسـییەت و لەبـەردەم وەسـتانەوەی بترسـێت ناکۆکەکانـی لـە مەکسـیکەوە بەتـەور دەکوژێـت، ئـەوەی دەڵێـت "مـن ڕاسـتم لە مـن بەدەر هـەر هەموو سیخوڕی داگیرکـەرن" بۆ ئەوەی بەدرێژایـی تەمـەن لەدەسـەڵات بمێنێتـەوە، کەسـەکانی دەوروبەری هـەر هەموو دەکات بـە ماسـتاوچی، ئـەو کەسـانە سـەرکەوتنە سـەربازییەکانیان هەرچەنـدە مـەزن بێـت یـا ببێـت، ئـەو نرخـەی مێـژوو بـەو سـەرکەوتنانەی دەدات ١ مارکـی ئەڵمانییـە، بەبیرکردنـەوە لـەو سـەرکەوتنانەی هێشـتا ڕابـەری مـەزن بەدەسـتی نەهێنـاون، دەخـەوم.

# ٢٨ی ئابی ١٩٩٣ بەیروت

**"دەسەڵاتە ئاستیاگەکان**
**بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی هارپاگۆسەکان."**

ئەمڕۆ بەرەوپێشچوونێکی نوێ ڕوویدا، کاتژمێر ١٥:٠٠ لەسەر پەیوەندییەکی ماری ڕۆز چوومە کۆمیتەی خاچی سوور و زانیم کە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا ڕەزامەندیی دەربڕیوە ڤیزام پێ بدات، من، سکرتێرەکەی پاسکاڵ و کریستین بەتاکسیەك کە حوسێنی کارمەندی کۆمیتە بەکاریدەهێنا چووینە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا، ئەمجارە یەکسەر ئێمەیان بردە ژوورەوە، لەو هۆڵەی کە جاری یەکەم لێی دانیشتم کەمێك چاوەڕوان بووین، لەوێوە بردراین بۆ ژووری باڵیۆز، دوای دەستگوشین و بەخێرهێنانمان فاکسێکی لە دۆسیەکەی بەردەمی دەرهێنا، لەسەر کاغەزەکە ناو و نازناوی بنەماڵەکەمم بینی، گوتی:"تەنیا مانگێك دەتوانێت وەك میوان لە برێمەن بمێنێتەوە"، کە کریستین گوتی "پەساپۆرتی نییە" باڵیۆز کەمێك بیری کردەوە، گوتی"ئاوا ئەستەمە دەبێت لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆمان وتووێژ بکەم، ڕەنگە هەفتەیەکی پێ بچێت". کریستین داوای کۆپییەکی لە فاکسی ڕەزامەندیی لەسەر دراوی ڤیزاکە کرد، کە کۆپییەکەی وەرگرت گەڕاینەوە کۆمیتە، کە کریستین کاغەزە ڕەزامەندیی لەسەر دراوەکەی ڤیزای دا بە پاسکال گوتی"تەواو، بەو کاغەزەوە داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی پەساپۆرتی لوبنان دەکەین تا پەساپۆرتی پێبدەن".

بەهـۆی ئـەوەی فڕۆکەخانـەی بەیـروت بەشـوێنێکی سـەلامەت نازانـم، داوام لـە پاسـکال کـرد ڕەزامەندیـی دەرچوونـم بـۆ وەرگرێت لێـرەوە بۆ لارنـاکا و لەوێ بـۆ بریمـەن، داوای ڤیـزام بـۆ بکـەن لـە کونسـوڵخانەی قوبـرس، چونکـە ڕابـەری مـەزن ڕەنگـە دەزگای هەواڵگریـی سـووریا بخاتەگـەڕ و لەبـەردەم فڕۆکەخانـە دەسـتگیرم بـکات، لوبنـان لەوەتەی هەیە لە ژێر دەسـەڵاتی سـوورییایە، لە دۆخی وڵاتێکـی داگیرکراودایـە، وێنـەی حافـز ئەسـەد لـە هەمـوو شـوێنێك هەڵـواسراوە، دەزگای هەواڵگریـی سـووریا هەمـوو خاڵەکانـی کۆنتڕۆڵـی خسـتۆتە ژێر دەسـتی خـۆی، ڕۆژێـك وەك ئـەوەی ئێسـتا بـە ئێمـەی دەکات ئەسـەد کـە "یارمەتـی" ڕێکخـراوە لوبنانـی و فەڵەسـتینییەکانی دەدا، لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کات بزاڤـە فەڵەسـتینییەکانی پـەرش و بڵاوکـردەوەو لەنـاوی بـردن، لوبنانیشـی خسـتە ژێـر کۆنتڕۆڵـی خۆیـەوە، لەگـەڵ ئـەو شـارەزایی و ئەزموونـەی لـە لەناوبردنـی ڕێکخراوەکانـی لوبنـان و فەڵەسـتین بەدەسـتی هێنـاوە ئێسـتا لەناوبردنـی ئێمـە بەڕێـوە دەچێـت.

پاسـکال پێشـنیازی لارنـاکام بەگونجـاو دەزانێـت و دووبـارە مـن دەگەڕێمەوە هوتێـل، ڕووبـەڕووی جورجـی پیـر دەبمـەوە، دەپرسـێت"کەی دەڕۆیـت؟" وەك هەمووجـار دەڵێـم "Tomorrow"، "بەیانـی"، پیاوەکـە پێدەکەنێـت، بەهـۆی ئـەوەی هەفتەیەکـە هەمـوو ڕۆژ کـە مـن دەبینێـت دەپرسـێت "کـەی دەڕۆیت؟" و وەڵام دەدەمـەوە "Tomorrow" ئیـدی بـە "Tomorrow" بانگـم دەکات.

ئـەوە دوایـن بەندکردنـم کـەی کۆتایـی دێـت؟ بەبـێ ئارامییـەوە چاوەڕوانـم، ئـەوە دەبێتـە چـوارەم ئازادبـوون لـە ژیانمـدا، یەکـەم ئازادبوونـم لـە زیندانـی بینگـۆل (چەولیـگ) بـوو لـە سـاڵی ١٩٧٨ بەهـۆی دزیـی لـە شـوێنێکی کارکـردن هەفتەیـەك دەستبەسـەرکرام، دووەم ئازادبوونـم ڕێـك دوای یـازدە سـاڵ زیندانـی بـوو کـە لەزیندانـی دیاربەکـر دەسـتگیر کـرام و لەزیندانـی بارتیـن ئازادکـرام، سـێیەم ئازادبوونـم لـە دۆڵـی بیقـاع بـوو دوای دوو مانـگ لە دەستبەسـەری دوای

www.arsivakurdi.org

ئـەوەی لێکۆڵەرەکـەم خودڕەخنـەی (بڕوانامـەی سـووك)بوونی پێم نووسـی، دوای خودڕەخنەکـە گوتـی:" سـەلیم باشـە، هەرچەنـدە خودڕەخنـەت بـەس نەبێت بەرەوپێشـچوونێکی ئەرێنـی لەتـۆدا دەبینرێـت، دەچینـە هوتێل، لەمـەودوا لەوێ دەمێنیتـەوە" و ئازادکـرام.

لەگـەڵ لێکۆڵەرەکـەم سـەر ئۆتۆمبێلێـك کەوتیـن و چووینـە هوتێـل، لـەو هوتێلـەی بـار الیـاس، هەفتەیـەك لەمەوبـەر کۆنگـرەی ڕۆژنامەوانـی سـەبارەت بـە تێکدانـی ئاگربەسـت ئەنجامدرابـوو، بەشـێك لـە هوتێلەکـە بـۆ داڕشـتنەوە بـەکار دەهـات، ئـەو وتارانـەی ڕابـەری مـەزن لەرێگـەی کاسـێتەوە پێشکەشـی دەکـرد لێـرە شـی دەکرانـەوە و دەکران بـە پەرتووك. ئـەو ڕۆژەی چوومـە هوتێل لەگـەل جەمیـل بایـك گفتوگـۆم کـرد، بەمنـی گوت:"هەرچەنـدە خودڕەخنەکـەت بـەرادەی پێویسـت نییـە، ئەگـەر کەمیش بێـت ڕاسـتیەکانت دیوە، لەمـەودوا لێرە دەمێنیتـەوە، ڕێنمایـی سـەرۆکە دەبێـت پەرتووکێـك سـەبارەت بـە گرتووخانـەی دیاربەکـر بنووسـیت، کێشـەی تـۆ تەنیـا پەیوەسـت نییـە بـە خـودی خۆتـەوە، زینندانـی دیاربەکـر لـە کەسـایەتیی تـۆدا دادگایـی دەکرێـت، کەسـایەتیی زینـدان نایەتـە ڕێچکـە، کێشـە دەنێنـەوە، ئەوانـەی وەك زەکـی یڵـماز و ئۆرهـان ئایـدن کێشـەن، لەکۆنـدا سـەبارەت بـە زیندانـی دیاربەکـر پەرتووکـت نووسـیوە، ئـەوان رووکارن، ئەنجامەکانـی کۆنفرانسـی زینـدان بـەس نییـە، زیندانـی دیاربەکـر بـۆ "ڕێچکـەی ڕابەرایەتیـی" کێشـەیەکی گەورەیـە، گەورەتریـن یارمەتـی ڕێچکەکـە بدەیـت، ئـەو کەسـایەتییەی لـەوێ دروسـت بووە بدەیـت بـە زەوی دا". بەگوتنی تەنیـا "بەڵـێ" بڕاندمـەوە، دەتوانـم چـی بـە جەمیـل بایکێـك بڵێـم کـە زۆری ئەزیـەت چەشـتووە، زۆر کەوتـووە و هەڵسـاوەتەوە، لەلایـەن ڕابـەری مەزنـەوە دادگایـی کـراوەو دواتـر بەلێبـووردن ملـی پێکـەچ کـراوە؟

بـە بۆچوونـی ئـەو بردنـە لێکۆڵینـەوە، بەسـێدارە سـزادران، دواتـر لەلایـەن ڕابـەری مەزنـەوە لێبوریـن شـتانێکی زۆر ئاسـایین. ڕابـەری مـەزن هەمووانـی

لـەوە راهێنابـوو، جەمیـل تاوانبارکـردن بـە سیخوڕیشـی زۆر بـە ئاسـایی دەبینـی، بەمـن دەڵێـت:"ڕۆژێـك راپۆرتەکانـی بەڕێوەبەرایەتـی ئەکادیمیـای مەعسـوم کۆرکـمازم بـۆ ڕابەرایەتیـی مـەزن نـارد کـە لـە شـام دەمایـەوە، بـەڵام راپۆرتی دوو هەڤـاڵ ناتەواوبـوو، مـن سـەرنجی ئەوانـەم نەدابـوو، کاتێـك سـەرۆك راپۆرتـەکان دەخوێنێتـەوە، هەسـت پێـدەکات و ڕێنمایـی دەدات بـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەکادیمیـا و دەڵێـت (بـەو جەمیلـە بڵێـن بـا دەمارگیـرم نـەکات)، لەسـەر ئـەو ڕێنماییـە هەمـوو قوتابییەکانـی ئەکادیمیام کۆکـردەوەو خودڕەخنەیەکـی زارەکیم دا"، لـە خودڕەخنەکەمـدا گوتم:"هەڤـاڵان مـن کەسـێکی دەمارگیـرم!" دووبـارە کاتێـك ئـەو راپۆرتانـەی لـە ئەورووپـا دەهاتـن هەندێکیانـم پـێ خوێندنـەوە بـۆ مەرکـەزی ئەورووپـا نـارد و کاتێـك بەدیارکـەوت لـەو خودڕەخنـە نـووسراوەی پێشکەشـم کـرد گوتم:"ئـەوەی مـن کـردم سـیخوڕییە!".

وەك کـەس جەمیلـم خۆشدەویسـت، بـەڵام سـەیری لۆژیکی ئەمـڕۆی دەکەم، جەنەڕاڵـە پەرێشـانبووەکانی سـتالین و کازم کارابەکـرم بیـر دەخاتـەوە، بەڕاسـتی بـڕوا بـە قسـە قۆڕەکانـی ڕابـەری مـەزن دەکات یاخـود لەبـەر ئـەوەی چارێکـی تـری نییـە ملـی کـەچ کـردووە، هێشـتا لـەوە نەگەیشـتووم، بنیـات و شـێوازی ژیانـی وەك "بەندە"یەکـی تـەواو دەردەکەوێـت، بـەڵام لەهەندێـك دۆخـدا قاڵبـەکان دەشـکێنێت، لـە شـام کـە لەماڵێـك دەماینـەوە جەمیـل نەشـتەرگەری پشـتی بـۆ ئەنجامدرابـوو، پاڵکەوتبـوو، لەپڕێکـدا ڕابـەری مـەزن هاتـە لامـان و لەسـەر پـێ کەمێـك گفتوگۆمـان کـرد، لەنێـو قسـەکانیدا ئامـاژەی بـە جەمیـل کرد و گوتی:"ئەهـا! هەینـی چووە پشـتی شـکاندووە، من سـی سـاڵە خەریکـم و وەك ئاسنم".

دوای رۆیشـتنی ڕابـەری مـەزن جەمیـل لـەو ژوورەی لێـی پاڵکەوتبـوو هاتـە هۆڵەکـە لامـان، کاتێـك بەیەکـەوە پیاسـەمان دەکـرد بـە دەنگێـك کـە هەمـوو گوێیـان لـێ بێـت گوتی:"چەنـد ڕۆژێـك لەمەوبـەر سـەرۆك ڕەخنـەی لـە رەزا

www.arsivakurdi.org

گرتـووەو گوتویەتـی (بـا وەك مـن بێـت)، بێگومـان رەزا ناتوانێت هیچ بەسـەرۆك بڵێـت هاتووەتـە ئێـرەو دوای ئەوەی ئـەو ڕەخنەی لێگیـراوە دەگێڕێتەوە دەڵێت:( دەبـوو بڵێـم سـەرۆك ئەگـەر مـن وەك تـۆ بـم پێویسـتیمان بـە تـۆ نەدەمـا، بـەڵام نەمگـوت). ئێسـتا بەمـن دەڵێـت: (هەینـی چـووە پشـتی شـكاندووە، مـن وەك ئاسـنم) منیـش دەبـوو بڵێـم: (ئـا تـۆ وەرە، لـەو شـاخانەی مـن گـەڕاوم بگـەڕێ، لـەو دۆڵانـەی مـن غلـۆر بوومەتـەوە غلـۆر بەوە، ئـەوكات تـۆ دەبینین، بـەڵام خۆ ناتوانـم بیڵێم).

لـەو هوتێلـەی كـە تیایـدا دەمانـەوە، جگـە لـە مـن، پێنـج شـەش هەڤاڵـی تـری تێدابـووو لێكۆڵەرەكـەم بەمنـی گوت:"هـەر ئێسـتا پەرتـووك سـەبارەت بـە دیاربەكـر دەنووسـیت و كاسـێتەكانی ڕابەرایەتیـی دادەڕێژیتـەوە، لەگـەڵ هەڤـاڵان خەریكـی كاروبارەكانـی ئێـرە دەبیـت". لەژیانمـدا لـە هەمـوو شـتێك زیاتـر ڕقـەم لـە داڕشـتنەوەی كاسـێت بوو، ناچـار بەوەش بڵێـم "باشـە"، لەكاتێكدا ئـەو هەمـوو كارە هەبێـت كە بـۆ نیشـتمانەكەم بیكەم داڕشـتنەوەی كاسـێتەكانی ڕابـەری مەزنـم پـێ دەسـپێردرێت، ئـەوەش دەبینـم كـە هێشـتا ژیانـی زیندانیـم بەردەوامـە، لێكۆڵەرەكـەم چوونـە دەری مـن لەگـەڵ هەڤـاڵان قەدەغـە دەكات، دەڵێـت" تەنیـا بـە مۆڵـەت وەرگرتن دەتوانـن بچنە دەر، ئەویـش دەبێت دوو دوو دەربچـن، و كەسـێك دیـاری دەكـەم كـە ئـەو دوو كەسـە بگەڕێنێـت".

لـەو هوتێلـەی لێـی دەمانـەوە دە كـەس نانمـان دەخـوارد، بـەڵام چـوار كەس قـاپ و قاچاخەكەمـان دەشوشـت، لەبچووكتریـن نارێكـی، یاخـود كەموكورتـی كـە لـەوێ ڕووی بدابووایـە، مـن بەرپـرس دەبـووم، تێگەیشـتم كـە لێرەشـدا ڕێنماییەكانـی ڕابـەری مـەزن بـۆ لاوازكردنـی كەسـایەتیی من جێبەجـێ دەكرێت، كاتێـك كاری كـەم دەكـرا، ئامێـری چاپ تێكدەچـوو، ئامێرەكانی كۆپی دەوەسـتان، دەنگـی سـەر كاسـێتەكان روون نەبـوان ئەو "سـەلیمە" هیـچ بەرپرسـیارەتییەكی نەبـوو، بەپـرس نەبـوو.

www.arsivakurdi.org

کاتێـك ڕابـەری مـەزن پلانەکانـی سـووککردنی منـی جێبەجـێ دەکـرد، مـن لەمێشـکی خۆمـدا پلانـی هەڵاتنـم دادەڕشـت، لـە یـەك دوو چوونـە بـازاڕی بەمۆڵـەت و ژێـر چاودێریـدا ڕێـگای بەیروتـم دۆزییـەوە، لەنێـو ئاخاوتنەکانـم لەگـەڵ ئـەو کەسـەی ئێمـەی دەگەڕانـد زانیـم کـە ئایـا دەکرێـت بـێ پەسـاپۆرت و ناسـنامە بچیـت بـۆ بەیـروت و بـێ ئـەوەی هەسـت بـکات لـەوە گەیشـتم کـە دەکرێـت بگـەم بـە بەیـروت.

جارێـك جەمیـل بانگـی کـردم و گوتـی کـە بەرگـدروو جەمالـی بەرپرسـی هەرێمـی باشـوور ـ ڕۆژئـاوا بردراوەتـە ژێـر لێکۆڵینـەوەو لـە باشـوور ـ ڕۆژئاوا ١٧ هەڤاڵـی گوللەبـاران کـردووە، لەگـەڵ خـۆی هەندێـك بەڵگـەی هێنـاوە، دەبێـت وردبینـی بـۆ ئـەم بەڵگانـە بکـەم و سـەبارەت بـە بەرگـدروو جەمـال پەرتووکێـك بنووسـم، لەهەمانکاتـدا جەختـی لەسـەر ئەوەکـردەوە کـە ئـەوە ڕێنمایـی ڕابەرایەتییـە، منیـش گوتم "باشـە دەینووسـم" بەم جـۆرە نووسـینی پەرتووکەکەی سـەبارەت بـە دیاربەکـر دوادەخـەم و لـە هەلـی ڕاکـردن دەکۆڵمـەوە.

کـە جەمیـل بایـك ڕێنماییەکانـی پەرتووکەکـەی سـەبارەت بـە بەرگـدروو جەمالـی پێمـدا دەیگـوت کە لەسـاڵی ١٩٧٤ەوە سـیخوڕبووە، لە گرووپـی ڕزگاری گـەل لـە عەنتـاب دوو کەسـی بـە پۆلیـس بەکوشـتن داوە، دوای لەناوبردنـی ئـەو گرووپـە هاتووەتـە لای ئێمـە، لـەو ڕۆژەوە تائێسـتا لەگـەڵ پۆلیـس، کەسـیرە و حوسـێن یلـدرم بەیەکـەوە کاردەکـەن و بـە ئەنقەسـت سـیخوڕیی کـردووە.

مـن کاتێـك پەرتووکەکەم دەنووسـی ئـاوا دەمنووسـی و بەڵگە بەردەسـتەکانم ئـاوا بەکاردەهێنـا کـە پشتڕاسـتی ئـەو قسـانە بکاتـەوە، ڕۆژێـك دواتـر بەڵگەکانی سـەبارەت بـە بەرگـدروو جەمـال هێـنران، ئـەوەی سـەیرم کـرد لەسـەڕووی ٣٠٠ لاپـەڕە بـوو، بەشـێکی وتـەی ئەو کەسـانەبوو کـە لەباشـوور ـ ڕۆژئـاوا بردبوونی بۆ لێکۆڵینـەوە، بەشێکیشـی ئـەو وتانـەی خـۆی لەژێر ئەشـکەنجە دانـی پێدانابوون، چەنـد ڕۆژێـك خەریکـی ئەوانەبـووم و ئـەو بەشـانەی پێویسـتن بۆم بە پێنووسـی

www.arsivakurdi.org



سوور هێڵم لەژێریان دا، جگە لەوانە ئەو كاسێتانەی هێنایان گوێم لێگرتن و سەیرم كردن، كاتێك لەهەموو دۆكیۆمێنتەكان وردبوومەوە بە قوڵی لەو فەلاكەتە گەیشتم كە گەلی كورد ڕووبەڕووی بووەتەوە.

بەهۆی ئەوەی لەماوەی ١٥ ڕۆژ فرسەتی هەڵاتنم دەست نەكەوت، پەرتووكەكەی سەبارەت بە بەرگدروو جەماڵ نووسی كە بوو بە ١٦٠ لاپەڕە، ٨٤ لاپەڕەیم لێ چاپ كرد، بەڵام بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی پێمدراو ئایدیۆلۆژیای فەرمی نووسیم، كە زۆرباش شارەزایم، ئەو ئەنجامانەی لەهەمان بەڵگەكاندا منیش و ئایدیۆلۆژیای فەرمیش پێی دەگەم رێك پێچەوانەی یەكترن، بەڵام نەمدەتوانی بیروڕای خۆم و ئەو ئەنجامانەی پێیان دەگەم بنووسم.

بەڵام وەك بەرپرسیاریەتییەكی مێژوویی، دەبینم كە لێرەدا بەشێوەیەكی بابەتیانە ئەو كارەساتەی لە هەرێمی باشوور ـ ڕۆژئاوا (گومگوم، عەنتاب، سەمسوور، مەلەتی ") ڕوویدا بیخەمەڕوو.

ئەو عەلی ئۆمورجانەی بە بەرگدروو جەمال ناسراوە، لەساڵی ١٩٧٧ لەشاری عەنتابی كوردستان لە كاتێكدا هێشتا لە قۆناغی گرووپێكدا بوو هاتە نێو ڕیزەكانی (شۆڕشگێڕانی كوردستان) لەگەڵ كات كاریگەری بەسەر ئەندامانی تری خێزانەكەشی كردووەو كردوویانی بە هەوادارانی خەبات، دواتر بەرگدروو جەمال بەر لە ١٢ی ئەیلوول لەناوچەی عەنتاب ئەرك و بەرپرسیارەتی زۆر گەورەی پێ دەسپێدرێت، دوای ١٢ی ئەیلوول خوشكی بەرگدرو جەمال لەڕێگای رێكخراوەوە دەپەڕێتەوە كوردستانی سووریاو كاتێك لە ئەركدایە لەنێو رێكخراو دەستگیر دەكرێت و دەبردرێتە زیندانی عەنتاب، بەرگدروو جەمال ماوەیەكی درێژ لە كوردستانی سووریا چالاكیەكانی رێكخراو بەڕێوە دەبات و ئەو كۆنگرەو كۆنفرانسانەی لە ئەكادیمیای مەعسوم كۆركماز بەڕێوە دەچن تیایاندا بەشدار دەبێت، دوای كۆنگرەی دووەم بە ئەرك دەچێتە كوردستانی ئێران، دوای مانەوەی لەوێ بۆ ماوەیەكی درێژ

www.arsivakurdi.org

دواتـر یەکەمجـار لـە جۆلەمێـرگ و دواتـر لـە ناوچەکانـی چەولیـگ ـ دیاربەکـر و دەرسـیم چالاکـی بەڕێـوە دەبـات. لەکۆنگـرەی سـێیەم کـە لـە سـاڵی ١٩٨٦ لـە ئەکادیمیـای مەعسـوم کۆرکماز بەسـترا لەدیوان شـوێنی خۆی گـرت، دوای کۆنگرە لـە ئەکادیمیـا وەك ڕێکخـەر ئەرکـی پێدەسـپێردرێت، کاتێـك لێرەدایـە بەهـۆی ئـەوەی بـە قوتابییەکانـی ئەکادیمیـای گوتـووە "لێـرەدا مـن بەرپرسـم" قسـەی مـن دەڕوات!" یاخـود ئـەو وتەیـەی زوو زوو دووبارەکردووەتـەوە، ڕابـەری مـەزن ناتـۆرەی "سـیخوڕە!"ی داپاڵـی و دەسـتگیری دەکات، لـەو چاکسـازییەی دە مانگ تیایدابـوو ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی خودڕەخنەیەکـی پێنووسـی کـە تیایـدا لەگـەڵ ئـەوەی نووسـیبووی "مـن لـە کەسـایەتیمدا فاشـیزم دەژیـم، واتـا من فاشیسـتم!" دەکرێـت بـە تاوانبـاری پراکتیکـی هەرێمەکانـی ئامـەد.

ڕابـەری مـەزن لەژێـر ناونیشـانی "کەسـایەتیی بەرگـدروو جەمـال" چەندیـن هەڵسـەنگاندنی دوورو درێـژی کـردووە، لـە ئەنجامـی ئـەو هەڵسـەنگاندنانەدا بەرگـدروو جەمـال سـزای سـێدارەی بـۆ دەردەکرێـت و بەسـەریدا دەسـەپێنرێت، لەمەوپێـش مسـتەفا ئۆمورجانی براشـی بە ڕەزامەندیـی ڕابەری مـەزن گوللەباران کرابـوو، بەرگـدروو جەمـال دۆخەکـەی دەزانـی، (مسـتەفا ئۆمورجـان لەکۆنگرەی چـوارەم کـە لەسـاڵی ١٩٩٠ بەسـترا بەڕێنمایی ڕابەری مـەزن بێتاوان کـراو بایەخی بـۆ گەڕایـەوە، لەکاتـی دەستبەسـەری بەرگـدروو جەمـال ئـەو هەڵسـەنگاندنەی لـەدژی دەکـرا وایکردبـوو کـە لەنـاو گەریـلاو چـوار دەورە وڵاتپەروەرەکـەی مەحکـوم بکرێـت، دواتـر بەهـۆی هەسـتی دادپـەروەری ڕابـەری مـەزن لێـی بـووردرا، بەهـۆی ئـەوەی ئەندامێکـی دێریـن بـوو، لەدەوروبەری خۆی کەسێکی خۆشەویسـت بـوو، تاڕادەیـەك لەلای ڕای گشـتی ناسراوبـوو، لەدوای لێخۆشـبوون لـە ئەکادیمیـا زیاتـر سـووکایەتی پێکـرا، دواتـر وەك ڕێکخـەر لە هەرێمی باشـوور ـ ڕۆژئـاوا دادەمەزرێنرێـت.

کەسـێك کـە لێـرەدا پـازدە سـاڵ، لـە ئەسـتەمترین کەشـەکاندا بـۆ گەلەکـەی

www.arsivakurdi.org

خەبات دەکات، یەکەم جار دەستبەسەر دەکرێت، دە مانگ لە چاکسازی دەمێنێتەوە، وای لێ دەکەن کە بڵێت:"من لە کەسایەتیمدا فاشیزم دەژیم، من فاشیستم"، سووکایەتی بەخۆی دەکات، دووچاری ئەشکەنجەی زۆر وەحشیگەرانە دەبێتەوە، سزای سێدارەی بۆ دەردەچێت، دواتر لێخۆشبوونی بۆ دەردەکرێت (بۆ ئەوەی تەواو پەیوەست ببێت) وەك رێکخەر لە هەرێمی باشوور ـ ڕۆژئاوا، ئەرکی پێدەسپێردرێت، بەگوێرەی لۆژیك ئەو سەپاندنە وا لە بەرگدروو جەمال دەکات ببێت بە هارپاگۆس. ئەوکاتەی بەرگدروو جەمال وەك رێکخەر چووە هەرێمی باشوور ـ ڕۆژئاوا "گۆشتی کوڕەکەی خواردبوو!" گەیشتبووە ئەو حاڵەتەی کە خیانەت لە ئاستیاگ بکات.

ڕابەری مەزن بڕیاری دابوو کە بەتەواوی بەرگدروو جەمال لەناوببات، وەك یەکەم کار ئەو دەکات بە رێکخەر، دواتر لەگەڵ ئەوەی نەبردرا بۆ کۆنگرەی چوارەم لە ئەرك لادرا و خرا ژێر دەسەڵاتی عومەر کە لە زیندانی عەنتاب ددانی بەهەموو شتێکدا نا.

عومەر لەگەڵ ئەوەی لەزیندان بەشداری هیچ بەرەنگارییەکی نەکردووە، دانپێنانی کردووە، کە ئازادبوو چووەتە سەربازیی، بەگوێرەی وتەی خۆی لە سەربازییدا پەیوەندی بە یەکەی هەواڵگریی کردووەو بەتایبەتی پەروەردە کراوە، کاتێك سەربازییەکەی تەواوکردووە بە پابەندبوون بە میتەوە هاتووەتە ئەکادیمیا، لێرەدا خۆی خستووتە بەر دڵی ڕابەری مەزن و نێردراوەتە کۆنگرەی چوارەم، ڕەنگە بەهۆی ئەوەی زوو زوو دەیگوت "بژی سەرۆك ئاپۆ!" دووبارە بانگکراوەتەوە ئەکادیمیا، لە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیا ئەرکی پێسپێردراوە، لەنێو ئامادەکارانی ئەو نامیلکەیەدابوو کە دەنگۆی سیخوڕبوونی محەممەد شەنەریان ڕاگەیاند، لێرەدا وەك رێکخەر جێگای بەرگدروو جەمال لەهەرێمی باشوور ـ ڕۆژئاوا دامەزرێنراوە.

تا ئێرە جگە لەهات و هاواری ئایدیۆلۆژیای فەرمی، هیچ بەڵگەیەك نییە

www.arsivakurdi.org

کە بیسەلمێنێت بەرگدروو جەمال سیخوڕی تورك بووە، ئەوەی لەمەودوا دێت ئەگەر وەك خۆیشی قبوڵی بکەین ئەو پرسیارانەی پێویستە وەڵامبدرێنەوە مێشك ئاڵۆز دەکەن و وەڵامی ئەو پرسیارانەی لەو جۆرەن کە دەیسەلمێنن بەرگدروو جەمال "سیخوڕی تورك!" نەبووە، با وای دابنێین کە بەرگدروو جەمال لەماوەیەکی کورت سەلماندی کە عومەر سیخوڕە و بەردەوامی بە پەیوەندییەکانی دەدات لەگەڵ تورك و دواتر لەگەڵ عومەر بەیەکەوە کاریان دەست پێکرد.

لە زانیاریی و بەڵگەکانی ژێر دەستمان ئاشکرا دەبێت کە لەساڵی ١٩٩٢ لەهەرێمی باشوور ـ ڕۆژئاوا، جگە لە چەند چالاکییەکی نمایش و بێ کاریگەر هیچ چالاکییەك نەبووە کە گورز لە دوژمن بدات، بەڵام ژمارەی ئەو گەریلایانەی لەساڵی ١٩٩٢ کەوتنە نێو کەمین و کوژراون لە ١٠٠ زیاترە، ئەو کەسانەی یارمەتی گەریلا دەدەن و هەوادارن ناویان بەسوپای تورك دەدرێت، هەزاران کەس دەستگیر دەکرێن و دەخرێنە ژێر ئەشکەنجە، ژمارەیەکی زۆر وڵاتپەروەر دەکوژرێن، یاخود لەناوچەکە دوور دەخرێنەوە.

دووبارە بەگوێرەی زانیارییە بەردەستەکان، بەرگدروو جەمال و عومەر لەکۆتایی ١٩٩٢ لەنێوان خۆیان بۆ لەناوبردنی سەرجەم ئەو گەریلایانەی لەناوچەکە ماونەتەوە، پلانێك دادەڕێژن، بەگوێرەی ئەو پلانە پێشنیاز دەکرێت بۆ ڕابەری مەزن کە دووبارە بەرگدروو جەمال بکرێتەوە بە ڕێکخەر، دوای ڕەزامەندییدان لەسەر پێشنیازەکە گەریلا دەبردرێن بۆ مەشقی زستانەو کۆتایی بە هەموویان دەهێنرێت، ئەو پلانەی بیری لێکراوەتەوە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کاتێك بەرگدروو جەمال بە ڕێکخەر دامەزرایەوە گرووپێکی گەریلای ٥٥ کەسی لە شاخەکانی ئەنگیزەك دەخرێتە مەشقی زستانەوە، بەرگدروو جەمال ئایەتەکانی ڕابەری مەزن وەك بنەما وەردەگرێت و دەست دەکات بە مەشق پێکردن، لەکاتی مەشق لەسەر ڕووداوی پەکەکە

www.arsivakurdi.org

ـ ڤەژیـن و محەممـەد شـەنەر دەوەسـتێتەوە، لەگەڵ ستایشـکردنی ڕابـەری مەزن و بەرزکردنـەوەی بـەرەو ئاسـمان پەکەکـە ـ ڤەژیـن دەدات بـە ئـەرزدا و جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە ڕێکخراوەکـە لەگـەڵ کۆمـاری تورکیـا، داگیرکـەر، تاڵەبانـی و بارزانـی بەیەکـەوە کاردەکات و دزەیـان کردووەتـە نێـو ڕیزەکانـی بـزاڤ و گەریـلاو لـە هەوڵـی بەلاڕێدانـی "ڕێچکـەی ڕابەرایەتیـی"ن و هەمـوو بنکـەی گەریـلا بـەوە بـڕوای پێدەهێنێـت.

لەڕاسـتیدا ڕێکخـراوی وا لەنێـو گەریـلا کارو چالاکـی نەبوو، کاتێـك محەممەد شـەنەر ڕووبـەڕووی ڕابـەری مـەزن بـووەوە، ڕابـەری مـەزن چـۆن ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی ناخاتەگـەڕ؟ بێگومـان دەیخاتەگـەڕ، دڵەڕاوکـێ و تـرس پەکەکـە ـ ڤەژیـن و شـەنەری ئەوەنـدە مـەزن کردبـوو کـە گوایـە ئەمەریـکا لەپشـتیانە، سـوید، هەمـوو وڵاتانـی ئەورووپا، بەهـۆی پارتیی کۆمۆنیسـتی تورکیاوە، روسـیا، تورگوت ئـۆزاڵ، جـەلال تاڵەبانـی، مەسـعود بارزانـی لەگـەڵ پەکەکـە ـ ڤەژیـن هەمـوو بەیەکـەوە هەوڵـدەدەن تـا ڕێچکـەی ڕابەرایەتیـی بـە هـەدەر بـدەن، ئـەو قسـە قـۆڕەی بـە قـەد ئـەوەی نوکتەیەکـی پێکەنینارییـە تاڵـە کـە هەمـوو بەندەکانـی باوەڕیـان پێکردبـوو، سـەدەها ئایـەت سـەبارەت بەو بابەتـە دابەزی، ئـەوەی لێی قەوما محەممـەد شـەنەری بەسـتەزمان بـوو، دوای ئـەوەی محەممـەد شـەنەر کـوژرا هیـچ کەسـێك نەیوێـرا خاوەندارێتـی تەرمەکەشـی بـکات!.

ڕابـەری مـەزن، بەقـەد دوژمنـداری لـەو ئۆپۆزسـیۆنە دەترسـێت کـە لـەدژی ئـەو پـەرە دەسـەنێت، ئـەو ترسـەی بـە ئایەتەکانـی بـۆ گشـت بەندەکانـی گواسـتووەتەوە، توانـای بیرکردنـەوەی بەنـدەکان کـە بەترسـەوە مەرجدارکـراوە، دووچـاری پوکاندنـەوە کراوەتـەوە، بەرگدروو جەمال و عومەر ئـەو دۆخە دەزانن، بنیاتـی گەریـلا لـەو خاڵـە لاوازەیـەوە دەگـرن، بەرگـدروو جەمـال کاتێـك وانـە دەڵێتـەوە ڕێـك وەك ڕابەری مەزن قسـە دەکات، یەکەمجار بـاس لە چالاکییەکانی پەکەکـە- ڤەژیـن دەکات لەسـەر ئاسـتی وڵات، دواتـر ئـەوەی بەگشـتی

www.arsivakurdi.org

باسیکردووە دایدەبەزێنێتە سەر ئاستی هەرێمی باشوور ـ ڕۆژئاواو دواتر وایگوتووە:"لەماوەی ساڵێك زیاتر لەسەد هەڤاڵمان لە بۆسەکان شەهیدبوون، ئێمە دەزانین کە ئەو ڕووداوانە بەرێکەوت نەبوون، ڕابەرایەتیش ئەوە دەزانێت، دووبارە لەو ماوەیەدا لەدژی دەوڵەت چالاکییەکی ئەوتۆ ئەنجام نەدرا، ئەوەش دەزانین ئەو چالاکییانەی پلانیان بۆ داڕێژرابوو لەباربردران، کێشەی کەسایەتییە، کێشەی سیخوڕی کارلێکراوە، ئێمە دەزانین کە ئەم کارانە لەوەوە سەرچاوە دەگرن، ڤەژینچییەکان لەنێومانـدا هەن، ئەوانەی کە لێرەدا هەوڵی بەهەدەردانی "ڕێچکەی ڕابەرایەتیی" دەدەن، نایەڵن چالاکی ئەنجام بدرێت، هەڤاڵان لە بۆسەکاندا بەکوشت دەدەن، وڵاتپەروەران بەگرت دەدەن و لەناویان دەبەن، ئەوەش دەزانین و دوای ئەوەی بە ئەنگوست نیشانەی بۆ عومەر کرد و گوتی " ئا یەکێکیان ئەوەیە" و عومەری دا بەگرت.

دوای لێکۆڵینەوەیەکی سێ ڕۆژی، عومەر قبوڵی دەکات کە دان دەنێت بەهەموو شتێك، بەرگدروو جەمال گرووپە گەریلا ٥١ کەسییەکە لەچادرێك کۆدەکاتەوە، عومەر وەك تاوانبار دەخاتە بەردەمی هەموویانەوە، کاتێك ئامێرەکانی دەنگ دەهێنرێن خۆی دەچێتە شوێنی داواکاری گشتی و لێپرسینەوە لەگەڵ عومەر ئەنجام دەدات، کاتێك عومەر دانی نا بەوەی لەکۆنگرەی چوارەم لەگەڵ شەنەر گفتوگۆیان کردووە، لەلایەن شەنەرەوە لەمەکەزی ڤەژین دامەزرێنراوە، لەبنەڕەتدا لەسوپای تورکدا ئەفسەرە بەپلەی عەقید، زیاتر لە سەد گەریلا لە ئەنجامی ئەو زانیاریانەی لەلایەن ئەوەوە گەیەنراوەتە سوپا، کەوتوونەتە نێو بۆسەکان و کوژراون، ئامانجیان بەهەدەردانی ڕێچکەی ئاپۆیە، بەرگدروو جەمال پرسیار ئاڕاستەی عومەر دەکات" دەی بیڵێ کێ و کێ لەگەڵتن؟" عومەر یەکەمجار نایەوێت ئاشکرای بکات، کە هەڕەشەی ئەوەی لێدەکەن دووبارە دەیبەنەوە بۆ لێپرسینەوە، یەك لەدوای یەك ناوی چل و دوو گەریلا دەژمێرێت و دەڵێت"لەگەڵ ئەوانە بەیەکەوە کارمان کردووە،

www.arsivakurdi.org



هەموومان ئەندامی "پەکەکە ـڤەژین"ین و لەهەمانکاتدا لەسوپای تورکیا بەپلەکانی عەقیدو نەقیب ئەفسەرین، ئامانجمان لەناوبردنی ڕێچکەی ئاپۆو نەهێشتنی ئەو ئەندامانەیە کە بە ئاپۆوە پابەندن و بەهێزکردنی پەکەکە ـ ڤەژینە".

بەرگدروو جەمال لەبەرانبەر ئەو ئاخاوتنەی عومەر دەڵێت:"لەڕاستیدا ڕابەرایەتیی ماوەیەکی زۆرە سەرنجی ئەو دۆخەی دابوو، بەڵام ئێمە بەهۆی ئەوەی کەمتەرخەم بووین، نەمانتوانی ڕێوشوێن بگرینەبەر". بەستایشکردنی ڕابەری مەزنمانەوە بڕوا بە گەریلاکانی تر دەهێنێت کە ئەو ناوانەی عومەر ژماردنی سیخوڕن و لەهەمان کاتدا ١٧ گەریلا لەو ٤٢ ناوەی عومەر ژماردی کە لەژێر چادرەکەدابوون دەستگیر کران بەتۆمەتی پەکەکە ـ ڤەژینچێتی و سیخوڕی تورکیا، دەستگیر کراوەکان رووت دەکرێنەوەو دەخرێنە چادرێکەوە و ئەشکەنجەدانیان دەست پێدەکات.

دووانیان ئافرەت و یازدە پیاو، چواریان باشووری و سێزدە باکووری، تەمەنیان لەنێوان ١٨-٢٧ ساڵانە، گەنجەکان ئیدی دەزانن کە دەبن بە قوربانی هەڤاڵانیان، لەشاخی ئەنگیزەك مەترێك بەفر کەوتووە، شاخەکان دەبن بە شایەتی وەحشیەتێك، تاقمە پێنج کەسییەکەی لێکۆڵینەوەکە، بەرگدروو جەمال دیاریکردبوون دەست و قاچی ئەوانە دەبەستنەوە کە براون بۆ لێکۆڵینەوە، لەسەر ئەرز درێژیان دەکەن و بە شوولکە داری بەڕوو دەست دەکەن بە ئەشکەنجەدانیان، ئەوانەی ئەشکەنجە دەکران، هاواریان دەکردو دروشمی "بژی سەرۆك ئاپۆ، بە نەفرەت بێت ڤەژین!" یان دەگوتەوە، هەندێك لە ئەشکەنجەدراوەکان ئەندامی نێرینەیان بە چەقۆ بڕدرایەوە، ئاسنی سوورکراوە لەسەر ئاگر لە پشتیان ڕا دەکرا، دوای نیو کاتژمێر لەنێو بەفردا نقوم کردن نیو کاتژمێر لەنزیك ئاگر دەهێڵدرانەوە، ئەو ئەشکەنجانە چەندین ڕۆژ درێژەیان کێشا، ئەوانەی ئەشکەنجەیان جێبەجێ دەکرد دروشمی "بژی

www.arsivakurdi.org

سەرۆك ئاپۆ، بە نەفرەت بێت ڤەژین!"یان دەگوتەوە و ئەوانەش کە لەژێر ئەشکەنجەدابوون دەیانگوتەوە "بژی سەرۆك ئاپۆ، بە نەفرەت بێت ڤەژین!"، حەڤدە گەنجی کورد، حەڤدە گەریلا، لە شاخە بەفراوییەکانی ئەنگیزەك بەم جۆرە دەکوژرێن، جەستەیان لەو ناوە ئاوا دەمێنێتەوە، دەبێت بە خۆراکی گورگ و پڵنگ!.

ڕاستیەکی مەترسیدار لەو درامەدا شاردراوەتەوە، دەمەوێت خەڵکی لەو ڕاستییە بگات. ڕابەری مەزن تەنانەت لەو ناڕەزاییەش دەترسا کە لەدژی دیکتاتۆرییەتەکەی ئەو نەبوو، ناڕەزایەتییەك کە زۆر سادەبوو، بە ڕاددەیەك گەورەی دەکرد کە بەندەکانی بەهۆی ترس بەبیانووی زۆر سادە هێرشیان دەکردە سەر یەکتر، گەریلاکانی هەرێمێك نیوەی بکوژ و نیوە قوربانی یەکتریان دەخواردو لەناو دەبرد، تەنانەت لە سێبەری ڕابەری مەزن دەترسان، ترسەکەی ڕابەری مەزن گەیشتبوو بە بەندەکانی و لەناویاندا بڵاوببووەوە، ئەوانەی ئەو ترسە دەچووە ناخیانەوە، دەبوون بە بکوژی هەڤاڵان و هاوڕێگاکانیان.

دووبارە بەگوێرەی زانیارییە بەردەستەکان، بەرگدروو جەمال دوای کوشتنی ١٧ گەریلا، چەند تیمی نارد بۆ کوشتنی گەریلاکانی تر کە لەشاخێکی تر جێنشین کرابوون، عومەریش بەبیانووی ئەوەی " بۆ ڕابەرایەتیی زۆر پێویستە" خستبووە ژێر پاڕاستنێکی توندەوە، لەو ماوەیەدا لەگەڵ ڕابەری مەزنیش ئاخاوتنێکی بێتەل ئەنجامدراوە، ڕابەری مەزن کە حاڵەتەکە بەوردەکارییەوە گوێیست دەبێت، دەڵێت بەرگدروو جەمال "کارێکی مەزنت بە سەرکەوتوویی جێبەجێکرد، ئەوانەیتر ئێستا مەکوژە، بە پەلە عومەر بە پاسەوانەوە بێنە بۆ ئێرە، بەزیندوویی دەمەوێت، ئەگەر شتێك رووبدات لێپێچینەوە ئەنجام دەدەم".

بەرگدروو جەمال بەچوار پاسەوانەوە بەرەو شام دەکەوێتەڕێ، لەڕێگا

www.arsivakurdi.org

بەهـۆی خەوتنـی پاسـەوان، عومـەر رادەکات و هانـا بـۆ سـوپای تورکیـا دەبـات و ئۆپەراسـیۆنەکان لەناوچـەدا خێراتـر دەبـن، بەرگـدروو جەمـال بەکاسـێتەکانی لێکۆڵینـەوەو هەمـوو بەڵگەکانـەوە دەگاتـە لای ڕابـەری مـەزن، دوای ماوەیـەك لەشـامەوە دەبردرێتـە بـار الیاس، لێـرەدا بـە ئەشـکەنجەکانی شـاخەکانی ئەنگیـزەك دەکوژرێـت و لـە چاڵێکـدا دەنێژرێـت.

ئێسـتا دەپرسـم، ئەگـەر وای دابنێیـن کـە ڕووداوەکان وا پەرەیـان سـەند، کـە عومـەر یەکـەم دانپێنانـی کـرد، واتـا کاتێـك هێشـتا هیـچ کەسـێك نەکوژرابـوو، لـەوە دڵنیایـن کـە بەرگـدروو جەمـال دۆخەکـەی بـە بێتـەل بـۆ ڕابـەری مـەزن باسـکردووە، بەڵگـەش لەسـەر ئـەوە ئەوەیـە کـە کاتێـك مـن لـە حەلـەب بـووم لـە پەیوەندییەکـی تەلەفۆنـی لەگـەڵ ڕابـەری مەزنـدا بەمنـی گـوت:" لەباشـوور ـ ڕۆژئـاوا سـیخورێکی زۆر گـەورە کەوتووەتـە ژێـر دەسـت کـە بەنـاوی ڤەژیـن کاردەکات، سـەبارەت بـە مـن و زۆرێکـی تـر وتـەی داوە، ئـاگاداری خـۆت بـە"، لـەو قسـەیەوە بیـر لـەوە دەکەمـەوە کـە بەرگـدروو جەمـال ئـەو زانیاریانـەی بـەو داوەو بـڕوای بـەو هێنـاوە، بـەم جـۆرە لـە ئەنجامی ئـەو زانیاریانـە ڕێنماییدا بەرپرسـی لوبنـان کـە لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ کانـی یلـماز دەسـت پـێ بکرێـت کـە لەوتـەی عومـەر نـاوی وەك ڤەژینـی هاتبـوو و لێکۆڵینـەوە ئەنجامدرابـوو، ئـەو ڕابـەرە مەزنـەی کـە گومـان لـە ڤەژینـی بوونـی کانـی یلـماز دەکات و لێکۆڵینەوە لەبابەتەکـە دەکات، دەکرێـت بیـر لـەوە بکەینـەوە کـە گومانی لەوانـە نەکردبێت کـە لەشـاخی ئەنگیـزەك دەبردرێنـە ژێـر لێکۆڵینـەوە؟

ڕابـەری مـەزن لەهەمـوو "شـیکردنەوە"کانیدا، لەهەمـوو ئاخاوتنەکانـی بێتەلەکانـدا، لـە هەمـوو ڕێنمایـی و بڕیارەکانـی کۆنگرەکانـدا، دەڵێـت تـا ڕەزامەندیـی ڕابەرایەتیـی لەسـەر نەبێـت سـزای لەسـێدارەدانەکان بەهیـچ

www.arsivakurdi.org

شێوەیەك جێبەجێ ناكرێت.[1]

بەرگدروو جەمالیش ئەوەی لەهەمووان باشتر دەزانی:

أـ بەرگدروو جەمال سەرەڕای ئەوە نەك ١٧ كەس، ئایا دەتوانێت یەك كەس بكوژێت؟

ب ـ دوای ئەوەی ١٧ كەسی كوشت پاسەوانەكان لەگەڵ خۆی بێنێت و بێتە شام چۆن شی دەكرێتەوە؟

بەرگدروو جەمال بۆچی ڕاینەكرد و بچێت هانا بۆ سوپای تورك ببات؟ دوای ئەوەی ئەو هەموو كەسەی كوشت چۆن بەدەست و قۆڵبادانەوە چووە

---

١ كاتێك لە ئەڵمانیا پەرتوكی "شیكردنەوەكانی كانوونی یەكەمی ١٩٩٢، ڕێنمایی و بۆچوونەكان"م خوێندەوە لەئاخاوتنێكی بۆ تاقمێك ئافرەت ئاماژە بەو "قسەو قسەڵۆكەی!" دەكات كە لەسەری دەكرێت و دەڵێت: "ئێستا زۆر قسەو قسەڵۆك كراوە لەسەر ئەوەی من پەیوەندیم لەگەڵ ئافرەتان هەیە، بۆیە وا دەڵێم، دوو شت هەیە، من یاخود چواردەوەرەكەم جیاوازی نییە، تەنانەت پارت بەگشتی جیاوازی نییە، ئەستەمە كە متمانە بەكەسێك بكەین كە یەكەم ڕۆژبێت و بڵێت "مێشكمان تێكەڵ بوو، باش تێنەگەیشتین" و تەنانەت لەدوامان هەموو فیتنەو فەسادێكی كرد. واتا ئێستا چۆن ئەمەم خۆشبوێت؟ هەمووتان، وەك ئافرەتێك وەك شەڕكەرێكی ئازادی هاتن، چۆن دەتوانن بێ ئەوەی بەجوانی تێبگەن بۆ ئەو لێدوانە بێنرخ و پڕوپوچانە دەچن؟ یاخود ئەو جۆرە قسەو قسەڵۆكانە بڵاو دەكەنەوە؟ ئەوە دوو شت نیشان دەدات، ئەوە یا ئەوە دەگەیەنێت كە بە ئامانجێكی تر هاتوون یا كەسێكی ساویلكەن و یا نیازگڵاون، یاخود بەو مانایە دێت كە كەسێكی ئاقڵ، خاوەن ئیرادە، پڕ لە ڕۆحی خەبات نین، با بڵێین ئەو كچانەی ناویان هاتووە، نازانم من لەگەڵ هەزارانیان پەیوەندیم هەبووە، هەر كێ چۆن تێی دەكات با تێبگات، ئەگەر لەگەڵ هەندێكیان نزیكیم بووبێت دەبوو چۆن ببێت؟ بەئێوە دەڵێم"لاپەڕە ٨١-٨٢ پەیوەستن بە هەمان بابەتەوە، لەلاپەڕە ٨٦ی هەمان پەرتووكدا دەڵێت:"لەو بابەتانەدا هەموو پێوانە ڕاستییەكان دەخەیتە لایەكەوە، یەكێك دەدۆزیتەوەو گێچەڵی پێ دەكەیت، دەڵێیت"نازانم لەكوێ ویستیان چیم پێ بكەن"،"نازانم لەكوێ چییان لێمكرد"! ئەو بێشەرمانە دەیانەوێت زۆر شت بدەن و دواتر ئەو جۆرە شتانە بڵاو دەكەنەوە، باس لە هەندێك لە ناوبراوەكان دەكرێت، ویژدانتان بێت! خۆیان دەڵێن "زۆر پێویستمان پێیە، زۆر باش دەبێت" دواتر ئەو جۆرە قسەقۆڕانە بڵاو دەكەنەوە. دووبارە لە لاپەڕە ٨٩ی هەمان پەرتووك خۆی وا بە ئافرەتان دەناسێنێت "دووبارە بە ئاشكرا دەیڵێم، من شەڕكەرێكی ئاوام، ئافرەتەكانم زۆر خۆشدەوێت، زۆر نرخیان پێدەدەم، هەموویانم خۆشدەوێت، بەڕاددەی بڕواپێنەكراو تا دەگاتە خوو، هەوڵدەدەم بیانكەم بە خۆشەویست، واتا هەر لە لەشیەوە بگرە تا ڕۆح و بیركردنەوەی قاڵبی بدەمێ، من وەرگرتنی ئەوە وەك ئەرك لە خۆمدا دەبینم، من بە ئاشكرا خۆم دەناسێنم، ئەگەر بەمەترسیدارم دەزانن لێم نزیك مەبنەوە!".

لەسەرەتای ١٩٩٢ كاتێك من لە ئەكادیمیابووم، سیرڤان نازناوێك هەبوو كە لە ئەكادیمیا قوتابی بوو و دواتر ماوەیەكی درێژ لەماڵی ڕابەری مەزن مایەوە، لەلاپەڕە ٤٥ی هەمان پەرتوك بەمجۆرە باس دەكرێت:"خۆی لێم نزیك دەكەوتەوە، لێم ڕادەما، بە ئەقڵی خۆی سەرنجم ڕادەكێشێت، لەڕاستیدا ئەوەی كەمترین سەرنجی ڕادەكێشام ئەو جۆرەبوو، ئێستا باسی دەكەن دەڵێن"هاتووەتە ئیستانبوڵ"، لەچواردەوری خۆی پڕوپاگەندەیەكی زۆر بۆ دژە ڕابەرایەتی دەكات، ئەو بەلانی كەم بەكارلێكراوی سیخوڕە".

www.arsivakurdi.org



لای ڕابـەری مـەزن، نـە ئەوانـەی لێکۆڵینەوەیـان ئەنجامـدا نـە منیـش کـە دواتـر وتەکانـم خوێنـدەوە و وردبینـی هەمـوو بەڵگەکانـم کـرد لێیـان تێنگەیشـتم.

بەرگدروو جەمال بۆچی هات؟ ڕاسـتی زۆر گرنگ لەنێو ئەو پرسـیارەدا خۆیان حەشـار داوە کـە ئاشـکرانەبوونە، ڕەنگـە هیـچ کاتێـك ڕاسـتییە حەشـاردراوەکانی نێـو ئـەو پرسـیارانە نەزانیـن، نهێنییەکـەی نێـو پرسـیارەکە بەرگـدروو جەمـال دەیزانـی، ئـەو لـە نێوەندەکـەدا نەهێڵـدرا! ئـەوەی تـر کـە ئـەو نهێنییـە دەزانێت ڕابـەری مەزنـە! ئەویـش نایدرکێنێـت، ڕەنگـە ئەگـەر ئـەو نهێنییـە ئاشـکرا بێـت بەهـۆی پەیوەنـدی عومـەر بـە سـووریاوە ئـەو پلانـە گـەورە و مەترسـیدارەی تورکیـا لـەدژی گەلەکەمـان داڕشـتووە، ئاشـکرا دەبێـت.

ئەگـەر بەرگـدروو جەمـال سـیخوڕبێت، دوای ئـەوەی هەرێمێکـی لەناوبـرد، بەدەسـت و قۆڵبادانـەوە چوونـە لای ڕابـەری مـەزن واتایەکـی تـری هەیـە، "ئاپـۆ رێچکـەی تـۆم جێبەجێکـرد، تەڵـەم بۆ هەمـووان داناوە، لـە ئەنجامـدا ١٧ گەریلام کوشـت، گەریلاکانـی تـرم کـرد بـە بکـوژی هەڤاڵەکانیـان، خەڵکەکـەم بێدەنـگ کـرد، فشـارم خستەسـەریان و هاتمـە لای تۆ، رێچکەی تـۆ، بەرگـدروو جەمالەکان، کوێـر جەمالـەکان، هۆگـرەکان[2] قوربانییـەکان، بکـوژەکان و کۆیلـەکان بەرهـەم دەهێنێـت، مـن لەدەسـتی تـۆ ئامرازێکـم، نەیـم، نـەی لەدەسـتی نەیـژەن چـی بێـت منیـش لەدەسـتی تـۆ وام، تـۆ منت خوڵقانـد، تۆ ئەرکـت پێم سـپارد، تۆ هێز و دەسـەڵاتت پێـم بەخشـی، تـۆ گوتـت مـن تەنیـا ئـەوەی تـۆ گوتـت جێبەجێـم کـرد، متمانـەم بەتـۆ کـردو هاتـم، ئەگـەر مـن بکوژیـت ئـەوا بـۆ ئـەوە دەمکوژی

٢ جەماله کوێر و هۆگر، بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەگوترا" لەکاتی شەڕکردن له ریزەکانی گەریلادا جەماوەر و گەریلایان کوشتووە، پیاوەکانی کۆنتر ـ گەریلان" لەکاتێکدا ئەوانه باشترین پەیڕەوکارانی رێچکەی رابەرایەتین و ئەو سەمەرانەن که رێچکه دروستی کردوون، لەکۆنگرەی چوار که لەساڵی ١٩٩٠ له بادینان ئەنجامدرا کاتێك هەوڵی مەحکوومکردنی دۆخی ئەوانه دەدرا، محەممەد شەنەر ئەو وشانەی دەربڕیوەو گیانی خستووته گۆڕەوەو کوژراوە" بەڵام ئەوەی تاوانباره ئەوانه نین، هەموو بەرپرسی هەرێمەکانی ئێستاکه لەو کۆبوونەوەیەی کۆنگرەدا بەشدارن لەدۆخی تاوانباردان، ئێمه ئێستا رووبەڕووی کۆمەڵگایەکی تاوانبارانین، من بڕواناکەم که هەموو هەڤاڵان تاوانبارن، ئەگەر هەر بمانەوێت بەدوای تاوانبارێکدا بگەڕێین، دەبێت لەرێچکەکەدا لەدوای تاوانەکەدا بگەڕێین.

کـە ئـەوەی بەیەکـەوە ئەنجامانـدا بـەدەر نەکەوێت، بـەڵام تێدەگـەن، هەروەك چـۆن لـە داهاتـوودا لەمـن تێدەگـەن، ئـاوا لـە تـۆش تێدەگـەن، هەرچەنـدە هیچیـش تێنەگـەن ترسـەکەی تـۆ دەتـدات بـە دەسـتەوە، ئـەو ڕێـو شـوێنانەی تۆ دەیانگریتەبـەر لـە هەمـوو شـوێنێك بـەدەر دەکـەون، قوربانییەکان و بکـوژەکان، جەماڵـەکان، هەڵاتـووەکان، ئەوانـەی خۆیـان دەکـوژن لـە زیادبوونـن، ئەوانـەی تـۆ دەدەن بەدەسـتەوە، لەداهاتووشـدا دەتـدەن بـە دەسـتەوە، مـن تۆڵـەی خۆم سـەندەوە، لەمـەودوا ڕێـگا ئاسـتیاگانەکانت بـەردەوام دەبـن لـە خولقاندنـی هارپاگۆسـەکان.

بـەر لەکۆتاییهێنـان بـە پەرتووکەکەم سـەبارەت بـە بەرگدروو جەمـال هەڵاتم، چونکـە لێکۆڵەرەکـەم داوام لێـدەکات پەرتووکەکـەم سـەبارەت بـە زیندانـی دیاربەکـر بنووسـم، ڕێنمایـی بەسـەرمدا پەیـڕەو دەکـرد، بـەو پەرتووکـەوە هەموو ئەوانـەی لـە زیندانـی دیاربەکـر بەڕووی دوژمـن وەسـتاونەتەوە مەحکووم دەکات، ئـەو پەرتووکـەی لـە داهاتـوودا دەکرێت بـە داوانامە بۆ دەرکردنی سـزای لەسـێدارەدان بـۆ هەڤاڵانـم، لەمـڕۆوە بەمـن دەنووسـێت، بـۆ ئـەوەی لەبەرانبـەر هەڤاڵانـم، گەلەکـەم و مێـژوو نەبـم بـە تاوانبـار، دەبـوو هەڵبێـم و هەڵاتـم.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

# ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٩٣ ئەڵمانیا

**"من لەبەر ئەوەی نووسیم تاوانبار نیم،**
**ئەوە بەهۆی ئەنجامدانی ئەوانەی نووسیم تاوانبارە".**

بەیانی زوو بڕیاری چوونە کۆمیتەی خاچی سوور دەدەم، دوێنێ ویستم پارە وەربگرم گوتیان "بەیانی" پارەکەی خۆشم بە قیست پێ دەدەن، بەهۆی ئەوەی لە هوتێل بێزارم، هاتوچۆکردنی کۆمیتەی خاچی سوور بۆ منیش باشترە.

ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری منی گەیاندە شەقامی حەمڕا، بەپێ دەچمە کۆمیتە، رێك گەیشتمە بەرانبەر هوتێل سان لێزارۆ لەپڕ تووشی حاجی بووم، کە منی بینی گوتی:" ئەرێ مامۆستا لەکوێیت؟ منیش بەدوای تۆدا دەگەڕام" و لێم نزیك بووەوە، دوای ئەوەی دەستی یەکترمان گوشی گوتی:"سەر و ریشت رێککەوتووە، جلی نوێت لەبەرکردووە، خەریك بوو نەتناسمەوە" کاتێك حاجی هەوڵیدەدا من بخافڵێنێت. منیش هەوڵی خۆلێدزینەوەی ئەوم دەداو بیرم لەوە دەکردەوە چۆن لێی دەربازبم، دوای ئەوەی پلانەکەم داڕشت و بڕیارمدا کە لەگەڵی بەرەو باڵەخانەی خاچی سوور دەڕۆیشتم، حاجی بەمنی گوت:"دۆخەکەی تۆم بۆ هەڤاڵ جومعە باسکرد دەڵێت (بابێت و خەریکی کاری خۆی بێت ئەگەر بەنیازی کوشتنی بووایەن ئەوا لێرە دەمانکوشت) زۆر بەدواتدا گەڕام، بەڵام لەو ناوە ون بوویت، سەرۆکیش هەواڵی پێگەیشتووە، لە هەڤاڵەکان تورەبووە،

www.arsivakurdi.org



ڕەزای لە ئەرکەکەی لاداوە و ناردوویەتی بۆ یۆنان"، دەیگوت کە ئیدی بەهیچ جۆرێك من بەجێ ناهێڵێت، تەنیا گوێم لێگرت بوو و دەڕۆیشتم، کە گەیشتینە بەرانبەر باڵەخانەی خاچی سوور گوتم "حاجی تەنانەت یەك و شەشم لەدژی پارتیی بۆ کەس نەدرکاندووە، ئەگەر بەنیازبام دەمتوانی لێرە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ئەنجام بدەم" و داوام لێکرد لێم جیاببێتەوە، کاتێك رازی نەبوو گوتم:"دەچمە کۆمیتەی خاچی سوور، کارم هەیە" گوتی" منیش لەگەڵت دێم"، گوتم"ئەگەر لەگەڵم بێیت ناچار دەبم کە دۆخەکەیان بۆ باس بکەم، باش نابێت"، تێناگات و دەیەوێت بێت، کاتێك لەو جیابوومەوە و چوومە دەرگای سەرخەرەکە، وازی لێم هێنا.

بەماری و موحسینی کارمەندانی کۆمیتە دەڵێم کە منیان بینی و یەکێك لەبەر دەرگا چاوەڕوانمە، ئامانجم ئەوەبوو بەخێراترین شێوە پارەکە وەربگرم، سەرتاکسیەك بکەوم و لەوناوە نەمێنم، دوای نیو کاتژمێر ئینجا توانیم پارەکە وەربگرم، کاتێك دابەزیم حاجی چاوەڕوانم بوو و داوام لێکرد کە دوام نەکەوێت، بەڵام حاجی ڕێنمایی بۆ هاتووە، نەیدەویست من بەجێ بهێڵێت، کاتێك هەوڵمدەدا تێبیگەیەنم ئەوەی دەیکات ڕاست نییە تاکسییەك بە تیژی دێتە لامان، دوو کەس لێی دادەبەزن کاتێك بینیم شوفێری تاکسییەکە کوڕی ئەو خاوەن مارکێتەیە کە کاری وەرگێڕی بۆم کردبوو، وا تێدەگەم کە حاجی لەو مارکێتەوە پەیوەندی کردبێت.

پیاوەکەی تر کە لە تاکسییەکە دادەبەزێت دەستم دەگوشێت، کوردی و تورکی نازانێت، بە عەرەبی قسە دەکات، حاجیش قسەکانی کابرام بۆ وەردەگێڕێت، دەڵێت:"پیاوەکە لە بەیروت دادەنیشێت، ماڵەکەی فراوانە، دەتوانم لەوێ بمێنمەوە"، سوپاسی دەکەم و پشتاوپشت دەگەڕێمەوە هۆڵەکەی باڵەخانەی خاچی سوور، تێدەگەم لەوەی کە بەدۆخێکی زۆر هەستیاردا ڕەت دەبم، زیاتر لەو پیاوەی کوردی نازانێت بەگومان کەوتم،

www.arsivakurdi.org

کـە لەگـەڵ حاجـی ویسـتیان بـەزۆر مـن بخەنـە نێـو تاکسـییەکەوە، خەریـك بـوو ببێـت بـە شـەڕە مسـتمان، ڕێـك لەوکاتـەدا کارمەندێکـی گەنجـی چوارشـانەی کۆمیتـەی خاچـی سـوور هاتـە هۆڵەکـەوە، حاجـی و گەنجەکـە لەبـەر ئـەوەی بەنیـازی ئەوەبـوون دوای ڕۆیشـتنی گەنجەکـە کـە چاوەڕوانـی سـەر خەرەکـە بـوو مـن پەلکێشـی تاکسـییەکە بکـەن، نـەرم بوونـەوە، منیـش چاوێکـم لەگـەڵ ئەوانـەو چاوێکـم لەسـەر سـەرخەرەکەیە، لـە ئەنجامـدا هـەر کـە دەرگای سـەرخەرەکە کرایـەوە خـۆم پێیداکـردو چوومـە سـەرەوە.

جیدییەتـی کارەکـەم بـۆ پاسـکال باسـکرد، دوای کاتژمێرێـك چاوەڕوانیکـردن، فەیسـەڵی کارمەنـدی کۆمیتـە بـۆ چاودێریکردنـی ڕەوشـەکە دابەزییـە خـوارەوە، کاتێـك گەڕایـەوە گوتـی بەلانـی کـەم شـەش کـەس لـە خـوارەوە خەریکـی چاودێریکـردن و ڕێکخسـتنن کـە یەکێکیـان کارمەنـدی دەزگای هەواڵگریـی سـوورییایە، دڵەڕاوکێکـەم ببـوو بـە ڕاسـتی، ڕابـەری مـەزن دەزگای هەواڵگریـی دەوڵەتێکـی داگیرکـەری خسـتبووەگەڕ و هەوڵـی دەسـتگیرکردن و کوشـتنی منـی دەدا، چاودێـری دەکـەم، سـەیری دەکـەم، تێبینـی لەمێشـکم تۆمـار دەکـەم، تاوانبـار بەسـەر تاوانـەوە دەگـرم.

پاسـکال دەیەوێـت پەیوەنـدی بـە پۆلیسـەوە بـکات، ڕێـگای لێدەگـرم و دەڵێـم" بـا تـا ئێـوارە چاوەڕوان بین، کـە تاریکی داهـات دەردەچیـن و دەڕۆین"، پاسـکال لـە بانگکردنـی پۆلیـس پاشـگەز دەبێتـەوە، بـە تەلەفـۆن دۆخەکـە بـۆ مەرکـەزی خاچـی سـوور روون دەکەمـەوە، چاوەڕوانیـن و ژمـارەی کەسـە گومانلێکـراوەکان لـە دەوروبـەری خاچـی سـوور روو لـە زیادبوونـە، ئەوانـەی لـە کۆمیتـەن ئـەو مەترسـییە رەچـاو ناکـەن کـە لەگـەڵ مـن بێنـە دەرەوە، پاسـکال جگـە لـە بانگکردنـی پۆلیـس، چارەسـەرێکی تـری بـۆ نادۆزرێتـەوە، ڕێگـری لـێ دەکـەم، گفتوگـۆ دەکەیـن.

ئەگـەر دەستبەسـەر بکرێـم ئـەو مەترسیانەی بـۆ روون دەکەمـەوە کـە

www.arsivakurdi.org

ڕەنگە ڕووبدەن، دەڵێم"کونسوڵخانەی تورکیاو دەزگای هەواڵگریی سووریا ڕەنگە من لە پۆلیسی لوبنان بستێنن". پاسکال دووبارە لەگەڵ جنێڤ قسە دەکات، خاجی سوور ڕەزامەندیی دەردەبڕێت کە بە فەرمی من بخاتە ژێر پارێزبەندی خۆی، کاتێك ئەو دۆخەیان بۆم باسکرد گوتم:"ئەوکاتە با پۆلیس بێت و من لێرە ببات لەو چوار دەورە ئۆپەراسیۆن ئەنجام نەدات" پاسکال ڕازی بوو.

ڕابەری مەزن بە زۆر هەوڵ دەدات بە هارپاگۆسم بکات، بەڵام من سوێندم خواردووە کە نابم بە هارپاگۆس و مێژوو دووبارە ناکەمەوە، پۆلیسی لوبنان دێت و من دەستبەسەر دەکات، ڕۆژێك لە چاودێری بنکەی پۆلیسی حەمڕا دەمێنمەوە، ژوورەکەی شوێنی چاودێری بنکە بۆنێکی گڵاوی لێدێت، ئەو تراکسودەی ڤەرۆنیك بۆی کڕیبووم دەکەمە بەرم و لەسەر چەمەنتۆکە رادەکشێم. بەیانی کاتژمێر نۆ دەبردرێم بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی لوبنان.

ئەو قاوشەی لێی دانرام شوێنێکی ٢٠-٢٥ مەتر دووجایە، ٢٥ کەس تێیدا دەمێنێتەوە، هەوا گەرمەو تەنیا ١٥ پێخەفی تێدایە، شەڕ و دەنگە دەنگ لەلایەك بوەستێت، زمانیش نازانم. ١٢٠ کەس یەك سەر ئاو بەکاردەهێنێت و کێشەی ئاومان هەیە، ئەو خواردنەی دەوڵەت دەیدات، ناخورێت، کڕینی خواردن لە دەرەوە بە پارەیەکی خەیاڵییە، عەریف ڕەزای میسری لە قاوشەکە ڕێك سیستەمی داگیرکەری داناوە، هەموو ئەوانەی دەهاتنە قاوشەکە چوار لەسەر پێنجی پارەکەیان بۆ عەریف ڕەزا بوو، چونکە ئەو پاکەتەی لە دەرەوە بە هەزار لیرەبوو لە ژوورەوە بە شەش هەزار بوو و هەموو ئەو نرخانە بۆ خواردن و خواردنەوەش وابوو، دەرگای قاوشەکە وەك دەرگای گومرگ وابوو، عەریف ڕەزا هەر شتێك کە لەو دەرگایە دەهاتە ژوورەوە پێنج قاتی نرخەکەی دەخستە

www.arsivakurdi.org

سـەر، جگـە لـەوە پێخەفەکانـی قاوشـەکەی شـەوی بـە پێنـج هـەزار لیـرە بەکـرێ دەدا، لەکاتێکـدا لـە دەرەوە ١٠ دۆلار بـە ١٧ هـەزار لیـرەی لوبنانییـە. لـە "دەوڵەت"ەکـەی عەریـف رەزا بـە ١٥ هـەزار لیـرەی لوبنانییـە، کاتێـك ڕووبەڕووی ئـەو سیسـتەمە بوومـەوە لەمێشـکمی دا بـوو، بـە تـەواوی رەتـم کردبـووەوەو لـە بەرانبـەری وەسـتابوومەوە.

لەژیانـی ١١ سـاڵەی زیندانـم لـەدژی ئـەم جـۆرە سیسـتەمانە خەباتـم کـردووە، ملـم کـەچ نەکـردووە، لێـرەدا مەحـاڵ بـوو ئـەو سیسـتەمە قبـوڵ بکـەم. دوو کـورد کـە گفتوگـۆم لەگـەڵ کـردن پێمگوتـن کـە ئـەو دۆخـە قبـوڵ ناکـەم، هیـچ شـتێك ناکـڕم، پـارە نـادەم تـا لەسـەر پێخەفـەکان بخـەوم، دوای ماوەیـەك زانیـم کـە ئـەو کارە تەنیـا لەلایـەن عەریـف رەزاوە نـا بەڵکـو خـودی پۆلیسـەکان و رائیـد دایانڕشـتووە، بـەڵام دووبـارە قبوڵـم نەکـرد.

ڕێـك سیسـتەمێکی رووتاندنەوەبـوو، لێـرەدا ناعەدالەتـی عەدالـەت و نایاسـایی یاسـا بـوو، عەریـف رەزا بەواتـای تـەواوی وشـە سـوڵتانی چاخـی ناوەڕاسـت بـوو، چەندیـن ماسـتاوچی و کـوڕی هەبـوون، ماسـتاوچی سـەعید لـە هەمـووان بەناوبانگـتر بـوو، ڕێگـری نێودەوڵەتـی سـەعید شـەوانە بەشـان و باڵـی عەریـف رەزادا هەڵـدەدات و ئێمـە بـە قاقـا پێدەکەنیـن.

کاتێـك مـن لـە قاوشـەکەبووم گەنجێکـی فەڕەنسـی کەوتـە حەرەمـی عەریـف رەزا، هێشـتا ١٨ سـاڵان بـوو، باڵابـەرز، کۆسـە و گەنجێکـی قـۆز بـوو، کاتێـك هاتـە قاوشـەکە گوتـی کـە بەهـۆی ئەندامێتـی حزبوڵـڵا بوونـەوە گیـراوە، زۆری نەخایانـد لەگـەڵ عەریـف یەکتریـان ناسـی و عەریـف یەکـەم شـەو ئـەوی بـردە سـەر جێگاکـەی، پەردەکانـی چـواردەوری قەرەوێڵەکـەی داخسـتەوە، شـتانێکی ئەنجامـدا لـەدوای پەردەکـەوە کـە نەماندەبینـی و گوێبیسـتی دەبوویـن.

عەریـف رەزا بـە ڕۆژ زۆر بەنامـووس دەردەکـەوت، بـەڵام شـەوان پـەردەی

www.arsivakurdi.org

چواردەوری قەرەوێڵەکەی دادەدایەوە و لەگەڵ کوڕە گەنجەکان دەخەوت، هیچ کەسێك لەبەرانبەر ئەو (سەڵتەنەتەی دا دەنگی نەدەکرد، ناتوانم باس لەو ٤١ ڕۆژە بکەم کە لە قاوشی بێ پەساپۆرت، ڤیزاو بێ مۆڵەت نیشتەجێبووەکان بەسەرم برد، هەر خۆی بە تەنیا بابەتی پەرتووکێکە، بۆیە تەنیا باس لە هێڵە پانەکان دەکەم و بەسەری دا ڕەت دەبم، لەبەر ئەوەی بەسیستەمی رووتاندنەوەی قاوشەکە رازی نەبووم وازم لە جگەرە هێنا، تەنیا بەو خۆراکەی لە کەرەڤانەکە دەمخوارد گوزەراندم، هیچ شتێکم لەدەرەوە نەکڕی، ویژدانم، ئەقڵم و ڕەوشتم بەوە رازی بوو کە برسی بێت، بەڵام نەیدەتوانی پەیڕەوی سیستەمی رووتاندنەوە بکات، لەگەڵ بەندییەکی کورد پێخەفێکی بێ پارەمان دەستکەوت، ئەوانەی پارەیان هەبوو خاوەنی توانای کڕینی هەر شتێك بوو کە لە دەرەوە بیخوازن و بەو هۆیەوە خۆراکیان باش بوو، بەڵام ئەوەی پارەی نەبوو برسێتی دەچەشت، بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر سەیری بەندی برسیم کردووە هەندێك تایبەتمەندی چووەتە مێشکمەوە و چەسپاوە، کە دەوڵەمەندەکان لە دەرەوە خواردنی وەك مریشك و بەرگەریان داوا دەکرد و دەستیان بە خواردنی دەکرد، ئەو برسییانەی چاویان لێبوو بیلبیلەی چاویان فراوان دەبوو، لیك لە لێویان دەهاتە خوارەوە، چاویان لەسەر خۆراکەکە دەبوو و بەرەو خواردنەکە بەجووڵە دەکەوتن، بێ ئەوەی کەس پێیان بڵێت "فەرموو" دەستیان دەکرد بە خواردن، ئەو مرۆڤانە ستۆپی ئیدارەو کۆمەڵایەتییان تەقیوەو هەر یەکەی وەك سەگێك دەژین. دەوڵەمەندەکان بەگشتی بەرماوەکانی خۆیان و ئێسکەکانیان بەوانە دەدا، بەشی چاودێری ئاسایشی بەیروت بە واتای وشە جەهەنەم بوو!

ڕۆژێك بە پاسکالم گەیاند کە کەشی زیندان زۆر خراپە، لەسەر ئەو بنەمایە پاسکال لەگەڵ نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان "سالڤاتۆرە"

www.arsivakurdi.org



گفتوگۆ دەکات، دوای ئـەوەی پێـی دەڵێـت کـە مـن ڕۆژنامەنـووس و نووسـەرم و ئەندامــی پێنــی نێودەوڵەتیــم، ســالڤاتۆرە دۆخەکەمــی نووســی بــوو کــە ڕۆژنامەنــووس و ئەندامــی پێنــە، دواتــر نەتەوەیەکگرتــووەکان مــن دەخاتــە ژێــر پارێزبەنــدی خــۆی، ئــەوە بــە فاکســێك بەرپرســانی ئاسایشــی لوبنــان تێد ە گە یە نێــت .

ڕۆژێــك دواتــر ســالڤاتۆرە لەگــەڵ پارێزەرێکــی ئافــرەت هاتــە ســەردانم، بەزمانێکــی تێکەڵــی نێــوان عەرەبــی و ئینگلیــزی پێمگــوت کــە نوســەرو ڕۆژنامەنووســم، پەســاپۆرت و ڤیــزام نییــە، لەلایــەن تورکیــاوە داواکــراوم، لــە بیقــاع لەبــەر ئــەوەی دەستبەســەرکراوم، ڕام کــردووە، لــە ئەڵمانیــا پەنابــەرم جگــە لــەوە دۆخــە خراپەکــەی چاودێریــم بــۆ ڕوونکــردەوە. دوای ئــەوەی گوێــی لــێ گرتــم گوتی:"تــەواو تــۆ دەگوازینــەوە هوتێلێــك" و دەڕوات.

لــەو ماوەیــەدا بەڕێوەبەرایەتــی ئاســایش ســێ جــار بەشــەو بانگــی کردمــە ژووری ئەفســەر، کەســانێك کــە نەمدەناســین، بــەڵام لەهەمــوو حاڵێکیانــەوە دیاربــوو کــە لــە دەزگای هەواڵگریــی ســووریان و ویســتیان یەکتربناســین و گفتوگــۆ بکەیــن، دوای ئــەوەی پرســیاریان کــرد چــۆن و لەکوێــوە هاتوومەتــە بەیــروت، ئایــا شــامم بــەدڵ بــوو یاخــود نــا، گوتیان"ئەگــەر لەداهاتــوودا ببیــت بــە ســەرۆك وەزیرانــی کوردســتان ســەردانت دەکەیــن".

پارێزەرەکــەم زوو زوو ســەردانی دەکــردم، گوتــم کــە لێــرەدا دۆخەکــە زۆر خراپــەو ئەگــەری ئــەوە هەیــە کــە هەواڵگریــی ســووریا مــن بڕفێنێــت، پارێزەرەکەشــم دەڵێــت کــە ئــاگاداری ئەوەیــە هەواڵگریــی ســووریا هەوڵێکــی زۆر دەدات بــۆ ئــەوەی مــن لــە حکوومەتــی لوبنــان وەربگرێــت و لــە ئەنجامــدا دەڵێت"هاوڕێیەکــی زۆر نزیکــم هەیــە لــە شــاخ، لەگــەڵ ئــەو گفتوگــۆم کــردووەو تــۆ دەبەینــە ئــەوێ، هاوڕێکــەم قەشــەی کڵێســایەکەو مرۆڤێکــی ڕووناکبیــرە، کڵێســا شــوێنێکی زۆر خــۆش و ســەلامەتە، ژوورێکــت

www.arsivakurdi.org

بۆ ئامادەکراوە" و ڕۆژی دواتر لەگەڵ پارێزەرەکەم بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو دەچینە شوێنێکی شاخاویی لوبنان، کاتێك لە ژوورەکەم نیشتەجێبووم و دەستمکرد بە سەیرکردنی دیمەنی دەوروبەر لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە لە جەهەننەمەوە هاتوومەتە بەهەشت.

لێرەدا قەشەیەك و ١٣ قوتابی هەن، شەوان سەیری کەناڵی تورکیامان دەکرد، لێرەدا داری ئورزە هەیە، مامۆستایەك گوتی کە ئەو دارەی لەبیست مەتر بەرزتربوو تەمەنی چوار هەزار ساڵە، بیرم لە بازرگانە فینیقییەکان دەکردەوەو سەر دارەکە کەوتم، دوو ئوزرەم لێکردەوە تا وەك دیارییەك بۆ خێزانەکەم و یەکیش بۆ خێزانی هاوڕێکەم ببەمەوە...

بواری ئەوەشم بۆ رەخسا سەردانی مۆزەخانەی نووسەری لوبنانی خەلیل جبران بکەم، جبران جگە لە نووسەری، کاری وێنەکێشیشی کردووە، کاتێك بە مۆزەخانەکەیدا دەگەڕام نەمتوانی وتەکانی لە ناخمدا نەلێمەوە "وای! بەحاڵی ئەو گەلەی چوار پارچە کراوە، هەر پارچەیەکی خۆی بە گەلێك دەزانێت! وای! بەحاڵی ئەو گەلەی کەوتووەتە حاڵێك کە پێویستی بە قارەمانەکان بێت!"

کاتێك ئەڵمانیا ڤیزای بەمن دا حکوومەتی لوبنان ڕێگای تێپەڕبوونی پێمدا و من توانیم لەنێو فڕۆکەخانە بە تەڵەی هەواڵگرییدا رەت ببم و سەر فڕۆکە بکەوم.

ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ خێزانەکەم ئەمجارە جۆرێکی تر بوو، من بەڕووی هەموو قێزەوەنییەکان راپەڕیوم، زنجیرەکانم پچڕاندووە، دیواری ترسم ڕووخاندووە، هەموو شتێك بە ئاشکرا دەردەبڕم، ڕاستتر بڵێین زۆر دەمێکە لەگەڵ خێزانەکەم بەم جۆرە گفتوگۆمان نەکردووە. دەستم پێکرد بەو پەرتووکەی کە لە لوبنان نووسیمە بۆی بخوێنمەوە، گوتی"واز لە پەرتووکەکە بێنە، با جارێ قسە بکەین" گوتم هەموو ئەوەی دەیلێم

www.arsivakurdi.org



لێرەدا نووسراوە، تکایە گوێ بگرە! و بەردەوام بووم لە خوێندنەوە، کاتێک ئەوانەی فەوزی پۆستەچی بۆمی گێڕایەوە بۆم خوێندەوە گریا، گوتی:"بەسە!.. ئەوانەی تۆ گوێبیستیان بوویت من بەچاوی خۆم بینیم"، گوتم" ئێستا قسە بکە! هێشتا کاتەکە تێپەڕ نەبووە. بەگریانەوە دەستی کردە ملم و گوتی:"بەر لەوەی بێمە ئەڵمانیا لە ماڵەکەی شام بووم، دیلانی[1] چەولیگی بەگریانەوە دەستی کردە ملم و گوتی (دادە میدیا ئەو پیاوە شتێك لەمن دەکات) کاتێك دوای دوو ڕۆژ هەمان شتی دووبارە کردەوە لەهەموو شتێك گەیشتم، ئەوەی دەمزانی نەمدەتوانی دەری ببڕم، من پێنج ساڵ لە شاخ مامەوە، بەشداری کۆنگرەی چوارەمم کرد، ماوەیەك بەچەککردن خرامە ژێر چاکسازییەوە، ترسێنرام و تۆقێنرام، لەمەوبەر ئایسەلی پێداگربووم، ئەو ئایسەلە سەری پێدانەوێنرا، ڕاستتر وایە کە بڵێم کرام بە میدیا، بنیاتی میدیا لە ترس وفێڵ و ریاکاری و بێ خۆشەویستی دروست دەبوو، ناخم ئایسەل و دەرەوەم میدیابوو، میدیا قاڵبێك بوو، ئەگەر ئەو قاڵبە نەبووایە نەمدەتوانی بژیم، کاتێك تۆ ئاڵای یاخیبوونت هەڵدا منیش بە ئەرکی مرۆڤبوونم زانی کە لە قاڵبی میدیا دەربچم، هەر خۆی ئەگەر تۆ ئاڵای یاخیبوونت بەرز نەکردباوە، من بیرم دەکردەوە کە لە چالاکییەکی خۆکوژی خۆم لەناو ببەم".

کە گوێم لە خێزانەکەم گرت، لە ڕاستییەکی مەترسیدار گەیشتم، لەدەرەوە بە تەواوی پابەندی دیکتاتۆرییەت و لەناخەوە نەفرەتی لە دیکتاتۆرییەت دەکرد، چونکە قێزەوەنییەکانی بەلانی کەم بە قەد من دەزانی، لەناخەوە ئایسەل و لە رووکەش میدیابووە، خێزانەکەم دوو کەسایەتیی بوو، لەکەسایەتیی ئایسەلەوە وادەبینم کە هەموو ئەوانەی

---

[1] دیلان، کچێکی جوانی قژ زەردی ١٧ تا-١٨ساڵان بوو کە لەنەمساوە چووبووە شام، دوای مانەوەی ساڵ و نیوێك لای ئاپۆ، لە ئاداری ١٩٩٣ بە ڕێنمایی ئەو بۆ کۆرسی زمان ناردرا بۆ لەندەن.

www.arsivakurdi.org

ملیان بۆ دیکتاتۆر کەچ کردووە خاوەنی دوو کەسایەتیی بن. جارێکی تر ئەوە دەبینم کە خواستی ئەوە هەیە قاڵبێکی گلاو بخەنە سەر گەلێکی گەورەو گران، بەو نووسینە دەمەوێت ئەو قاڵبە پارچە پارچە بکەم و لەناویدا خەڵکە جوانەکە، خەڵکە ئازادەکە، گەریلا ئازادەکەو ئەو چەکانەی بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی دەنگیان نەدەوەستا، دەربێنم، من لەبەر ئەوانەی نووسیم تاوانبار نیم، ئەوە بەهۆی ئەنجامدانی ئەوانەی من نووسیم، تاوانبارە.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

# ٢١ی ئاداری ٢٠٠٥ ئەڵمانیا

**مۆمی درۆزن تا خەوتنان دەسووتێت**
**تیشکی ڕاستی تا هەتایە ڕووناکی دەدات**

ئـەو پەرتووکـەم لەمانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٩٣ نووسـی، کاتێـك پەرتووکەکـەم نووسـی جگـە لـە پێنـوس و کاغـەز، هیـچ بەڵگـە، یاخـود سـەرچاوەیەکم لەبـەر دەسـت نەبـوو کـە پێـی بگـەم، هەمـوو شـتەکان لەمێشـکم تۆمارکرابـوون، مـن هەوڵمـدا ئـەوەی خـۆم بینیـم و شـایەتی بـووم، بەشـێوازی خـۆم ڕوون بکەمـەوە، بێگومـان ئەوانـەی ئـەو پەرتووکـە دەخوێننـەوە داوای ئـەوەم لێدەکـەن کـە ئـەو تۆمەتانـەی بانگـەوازی بـۆ دەکـەم بیسـەلمێنم، ئـەوە مافێکـی سروشـتی ئەوانـە، پەرتوکەکـە هەندێـك ڕووداوی لەخـۆ دەگـرت کـە زۆر گرنـگ بـوون و پەیوەسـتبوون بـە داهاتـووی کۆمەڵـگای کـوردی، خوێنـە مافـی خۆیەتی کـە داوام لـێ بـکات ئـەو هەواڵانـەی گەیانـدم، بە بەڵگـە و دۆکیومێنـت و یاخود بەشـتێکی گشـتی بیسـەلمێنم.

ئەوانـەی مـن بینیمـن، بەسـەرم هـات و شـایەتیان بـووم ڕاسـتی بـوون، هیـچ بەڵگەیـەك بەقـەد ئـەوەی بینیـم بڕواهێنـەر نەبـوو، لـەو دۆخـەدا مـن ئـەوەی بینیـم و بەسـەرم هـات دەبـوو بنووسـم و بیخەمە بەردەمـی کۆمەڵـگا. بڕواپێکردن و نەکردنـی نـووسراوەکان کێشـەی خوێنـەر و کێشـەی کات بـوو، ئـەو ڕۆژەی پەرتووکەکـەم نووسـی و تـەواوم کـرد، بـە تـەواوی بـڕوام بـەوە هەبـوو، هەمـوو ئـەو ڕووداوانـەی لەمـەودوا لەنێـو پەکەکـە سـەرهەڵدەدەن دەبـن بـە بەڵگـە بـۆ

ئـەو پەرتوکـەی نووسـیم و زانیارییەکانـی نێـو پەرتوکەکـەم.

چاوەڕوانـی تێپەڕبوونـی کاتـم کـرد، بـۆ مـاوەی ١٢ سـاڵ و دوای تێپەڕبوونـی ١٢ سـاڵ بەڵگـەی ئـەو تۆمەتانـەی بانگـەوازم بـۆ کردبـوون کۆمکـردەوەو خسـتمە سـەر پەرتووکەکـە، نـاوی زۆرێـك کـەس لـە پەرتووکەکـەدا هاتـووە، لەهەمانکاتـدا قارەمانـی ئـەو ڕووداوانـەی لێـرەدا باسـمکردوون ئەگـەر ئـەو خاڵـەی دوای ١٢ ساڵ پێیگەیشـتوون وەك بەڵگـە بخرێتـەڕوو، ئـەوەی بـەر لـە ١٢ سـاڵ نـووسراوە (بانگەشـە) گرنگەکانـن، ئـەو دۆخـەش کـە دوای ١١سـاڵ هاتۆتـە کایـەوە بەڵگـەن لەسـەر بانگەشـەکانم:

**١ـ ئیسـماعیل بێشـکچی:** بەهـۆی ئـەو پەرتووکانـەوە کـە سـەبارەت بـە دۆزی کـورد نووسـیویەتی و ئـەو خەباتـەی لـەدژی کەمالیـزم کردوویەتـی، لـە تورکیـا مـاوەی ١٦ سـاڵ زیندانـی کـرا، ئۆجـەلان کاتێـك دەسـتگیر کـراو بردرایـە تورکیـا کەوتـە نێـو بێدەنگییەکـی قـووڵ، یەکـەم ڕوونکردنـەوەم سـەبارەت بـە بۆچوونـی لـە یالچـن کوچـوك وەرگـرت و لێـرەدا بۆتانـی دەخەمەڕوو:"لەخاڵێکـدا نامەوێـت دووبـارە بـە هەڵـە لێـم تێبگـەن، لـەزۆر خاڵـدا بەیەکـەوە بیـر دەکەینـەوە، بـەڵام ڕەنگـە لـە خاڵێکـی زۆر گرنـگ لەشـوێنی جیاوازبیـن، گفتوگۆکردنمـان ئـەو جیاوازییـەی دیـاری کـردو یەکێـك لـە هۆکارەکانـی ئـەوەی کـە مـن ئـەو نووسـینە بنووسـم پەنجـە لەسـەردانانی ئـەو جیاوازییەبـوو، دوورکەوتنـەوە پرۆتینـی شـیکاری پتـەوەو واتـا هەڵسـەنگاندنی چاولێکردنـی جیـاواز، یارمەتیـدام تـا ڕوونتر ئـەو نموونـە گەورەیـەی بێشـکچی دای ببینـم، بەمشـێوەیە ناچارم کـە بیخەمەڕوو، ئـاوا، دوای گـەڕان بـەدوای ناسـنامەیەك و کەسـایەتییەکی گرنـگ لـە تێکچووەکـەی کـورددا یـەك دەگرینـەوە، هەردووکمان بەیەکـەوە تانە لەوە دەگرین کە سیاسـەت تێکـەڵ بـە دیـن بکرێـت، ئـەو خاڵانـەی یەکـتری تێـدا دەگرینـەوە ئەوەنـدە زۆرن کـە بـە هەژمـار نایـەن، بـەڵام لەبابەتـی دیسکۆرسـی ئیمرالـی (کڕیـن و فرۆشـتنی

بیرۆکـە، بەوتـەی کوچـوك لە ئیمرالـی گفتوگۆو مامەڵـەی بیرۆکە دەکرێت. سـەلیم چوروککایـا)، جیـاواز بیـر دەکەینەوە، مامۆسـتا وا بیر دەکاتەوە کە ئەو دیسکۆرسـە لەنێـو ئـەو کوردانـەی لەگـەڕان بـەدوای ناسـنامەو کەسایەتیی ماوەیەکـی زۆریان بڕیـوە، دەبێتـە هـۆی تێکچوونێـك و بەروونـی لـەدژی دەوەسـتێتەوە، منیـش هەم ئـەو دیسکۆرسـە بەڕاسـت دەزانـم، گەیشـتووین بـە ئاسـتێك، ئـەوە پێویسـتییەکە، ئـاوا بیـر دەکەمـەوە و بەسـتنەوەی هەندێـك شـێفی کـورد هەمووی بەمـە لەگەڵ ئـەوەی بەبـێ پێوانـە هەژمارکردنـە، خـۆم بەیـەك لـە ئامادەکارانـی بیرۆکـەی ئـەو جـۆرە دیسکۆرسـە دەزانـم، لـەڕووی دیاریکردنـی تێکچوونەکـەش مـن لەگـەڵ یەکگرتنـی بێگومانـدا نیشـانە بـەوە دەدەم کـە تێکچوونەکـە دەمێـك لەمەوبـەر دەسـتی پێکردووەو هێشـتا لـە خاڵی هەمـان هەڵسـەنگاندندام، بەدەرکەوتنەکانی تێکچوونـی بـەرواری زۆر لەمەوپێـش دەبینـم کـە لەلایەن مامۆسـتای گـەورەوەش چاودێـری کـراوەو ئـەوە بـە جیـا زۆر گرنگـە، ئـەوەی گرنگتریشـە ئەوەیە کە ئێسـتا بێشـکچی رێك وەك کاتی سـەرەتای پیاوی بیرکردنەوەو باوەڕەوە بەدوور وەسـتاوە لەتێکچـووەکان و ئـەو بنیاتانـەی تێکچـوون فراوانتر دەکەن، بێشـکچی نموونەیەکی بێخـەوش کـە تەنیـاو تەنیا بەپێـی بیـرو باوەڕەکانـی جوڵانـەوەو بەهەمـوو شـێوەیەك دووربـوون لـە بیرکردنەوە لە چاکەی کەسـی دەنوێنێت. کردەوەکانی و ئـەو زەحمەتییانـەی چەشـتی بەگردبوونـەوە یاخود پیشـە نەژمێریت و لـە (پارتیی دیموکراتـی گـەلان HADEP) یاخـود شـارەوانی دیاربەکـر دوور دەوەسـتێت، هەردووکیشـیان دیاریکردنـی تێکچوونەکـە بەتـەواوی پشتڕاسـت دەکەنـەوەو رێك بـە هەڵسـوکەوتی "ئـەوەی تـر" ئـەو ڕوانگەیـە دەدەن کـە هیچـکات بێشـکچییان نەناسـیبێت، بەفرۆکـەکان دووەمیـن کۆمارییـەکان، ئەمەریکایـی، تەریقەتچـی و بەنـدە ئۆلیگارشـییەکان بـەرەو دیاربەکـر هەڵدەگـرن و دەیانبـەن، ئێسـتا ڕەنگـە ئەوانـە بـە بێشـکچی تێبگـەن و باوەشـیان بـۆ بکەنـەوە. وا تێناگەم کە هەسـت بە کەموکورتـی بکـەن، چونکـە ئـەو گواسـتنەوەیە لاپـەڕە (٣٣٣) (جیابوونەوە سـەلیم

چوروککایا) و لەنێو تێکچوونەدا مەحاڵە کە بێشکچی بناسن و سروشتییەکە وەك ئەوەی شایانن لە باوەشیان بکەن، وای بۆ دەچم کە درێژە نەخایەنێت. (یاڵچن کوچوك، تۆر، بڵاوکراوەکانی YES، چاپی یەکەم و شوباتی ٢٠٠٢ی ئیستانبوڵ، لاپەڕە ٢٧٢).

**٢ـ حەسەن دەنیز:** لە هاوڕێیەکمەوە گوێم لێبوو کە لەرێکخراو هەڵاتووەو لە فەڕەنسا بەخۆحەشاردان دەژییێت.

**٣ـ خزر یالچن:** (سەرحەد: لەمانگی ئابی ١٩٩١ لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز داواکاری گشتی بوو) لەگەڵ گرووپێك هەڤاڵ کە عوسمان ئۆجەلان، کانی یلماز و نیزامەددین تاش لەگەڵیان بوون لەساڵی ٢٠٠٤ بەیەکەوە وازیان لە رێکخراوەکە هێنا. لەماڵپەڕی ئەنتەرنێتی (http://www.pwdnerin.com) وتار دەنووسێت. لەخوارەوە پارچەیەك لە یەکێك لەو وتارانەی لەو سایتە بڵاویکردووەتەوە دەخەمەڕوو:

"بەزهنییەتی "لە نەبوونەوە دروستم کرد" و مێژووی فەرمی پەکەکە کە بە زاراوەی خوداوەندو پاشاگەری نووسراوەتەوە زانستیانە نییە و دوورە لە ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکان، ئاها دەڵێن"دروستکردن لە نەبوونەوە تایبەتە بە خوداکان". بەو زهنییەتەوە بانگەشەکردنی ئەوەی کە کوردی دروستکردووە رەتکردنەوەی مێژووی بەرگری و خەباتی پێشووتری کوردە هەر لەسەرەتاوە. پەکەکە لە نەبوونەوە دروستی نەکردووە، هەرچەندەش کە ڕەخنەی لێ بگیرێت، یاخبوونەکانی، چیرۆکەکانی، داستانەکانی، گۆرانییەکان، هۆنراوەکانی کورد لە گۆشەیەکی دڵی هەر تاکێکی کورددا ئێشە حەشاردراوەکان و خەیاڵی کوردستان و کۆمەڵگای کوردی هەرچەندە زامداریش بێت، کەوتبێتە ژێر فشارەوە وەك دیاردەیەکی بەرجەستەکراو، دیاردەی سەرەکی هەڵگرتنی

www.arsivakurdi.org

کوردبوونـە تـا سـەدەی بیسـتەم. ئـەو گـرووپ و بزاڤـە سیاسـییانەی لەچارەکـی کۆتایـی سـەدەی بیسـتەم لـە کوردسـتانی باکـوور لەسـەر ئـەو بنەمایـەوە یەکـەم دەرکەوتنیـان بـووە، بـەو نـاوەوە پەیدابـوون، ئەگـەر ئـەو ڕاسـتییە بـە نەبـوو دابنێیـن، ئـەوا ئـەو پەکەکـەی بـە (بانگەشـەی) "لەسـفرەوە دروسـتمکرد" هـەر لەسـەرەتاوە دەبێـت بڕیـاری خوڵقاندنـی پەرستشـی خوداوەنـدە ـ پادشـایەکی دابێـت کـە ئـەو بانگەشـە دوور لـە زانسـتەی ئەوەنـدە بەردەوامـی پێـداوە، وابیـر دەکەمـەوە کـە پێویسـتە لێـرەوە دەسـت بـە چاکسـازی بکەیـن.

لەبەرهەمهێنانـی ئـەو مێـژووە و دەسـتکەوتە دیموکراسـییە نەتەوەییەکانـدا ڕۆڵـی ملیۆنـان کـەس هەیـە، هـەر یەکێکیـان چ ڕۆڵێکـی بـووە لێـرەدا مەحاڵـە بتوانرێـت بنووسرێـت و بابەتـی ئـەو وتـارە نییـە، بـەڵام لـەڕووی ئـەوەوە کـەوا بکەیـن بابەتەکـە روونـتر ببێتـەوە، لـە شـوێنی خۆیەتـی نیشـانە بـە هەندێـك لـە ڕەنجـدەرەکان بدەیـن، تەنیـا بـەس بـوو کە جەخـت لە ڕۆڵـی مێـژووی یاخیبوونی رابـردوو بکەمـەوە، ئـەو ئەکتەرانـەی بـە کردەکـی ئـەو مێـژوو و دەسـتکەوتە میلییـە دیموکراسییانەیان خوڵقانـدووە بـێ هەژمـارن. گەلـی کـوردی ڕەنجبـەرو وڵاتپـەروەر وەك سـەرەکیترین هێـزی دینامیکی خـاوەن مێـژووی ئازادییە، هەزاران قارەمانـی شـەهید هەیـە، تاوتوێـی ئـەوە ناکـەم کـە ئـەوەی دەمەوێـت لەسـەری بووەسـتم ڕەتکردنـەوەی هـەزاران سیاسـەتمەداری ئازیز، رووناکبیـر و هونەرمەندە کـە خـاوەن ڕۆڵێکی گەورەن لە بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتەکان و مێـژووی ئازادیی کـورد لەلایـەن سیسـتەمی خودایـی ـ پادشـایی پەکەکـە کـە خـۆی لـە ئاسـتی خـودادا دەبینێـت. دەبێـت ئـەو ناعەدالەتییـە لەمێـژووی خۆمانـدا بسـڕینەوە، نابێـت لەمێـژوو و ژیانـی کـورد کـە بەقیـژەی ئازادیـی و دادپـەروەری لـە خـەو هەڵدەسـتێت، نادادپـەروەری بوونـی هەبێـت.

بانگەشـەی ئـەوە ناکـەم کە بە تاقـی تەنیا دادپـەروەری دەپارێـزم یاخود بڵاوی دەکەمـەوە، بـەڵام نزیکبوونـەوەی زانسـتیانەو دادپەروەرانـە ئەوەیـە وا پێویسـت

www.arsivakurdi.org

دەکات کە پەکەکەش ڕۆڵەکەی لە مێژووی ئازادیی کورددا بەدەستەوە بدات، ئەوەی بەسەر ڕەنج قۆرخکاردا دەسەپێنرێت کە پێویستە ڕەت بکرێتەوەو ئەو زهنییەتە ڕەگەزپەرستەی بە بانگەشەی ئەوەی هەموو شتێك خودا ـ پادشا خولْقاندوویەتی هەموو ئەرێنییەکانی دەکات بە کەرامەتی شوێنێك، تێگەیشتنی مێژوو و شێوازی سیاسەتە، لەژێر ناوی پەکەکە ٣٠ ساڵ خەبات کراو لەو ماوەیەدا فیداکاری بێ وێنە کرا، ڕووبەڕووبوونەوە نیشاندرا، ئەوەی زۆرێك ڕێکخراو و کەس بوێرییان نەدەکرد بوێری کرا، هەمان پەکەکە واژۆی لەسەر نەرێنییەك کرد کە پێویستە بە نەفرەت یاد بکرێتەوە. ئەوانە چەند کەسێکی خراپ نەیانکرد، ڕاستی دەبێت بێ سڕینەوەی هیچ بەشێك لێی بگوترێت، چونکە سەرچاوەی ڕاستی نێگەتیڤەکان پشت بە دژە زانستیبوون دەبەستێت و ئەو زهنییەتە خودا " پادشاییەیە. ڕوونکردنەوەی ماوە مێژووییەکان و ڕووداوەکان بە زهنییەتی(چاکە سەڕوویی خودا، خراپەش تایبەتمەندە بە بەندە) دەکرێت ڕێگایەکی گونجاوبێت بۆ چاخی ناوەڕاست، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا بەلاڕێدابردن و قسەی قۆڕە، ئیدی کورد گەیشتە سەردەمی بیرکردنەوە بەدەنگی بەرز، هەرچەندە کە هێشتا ملیۆنان هەن کە بێدەنگ بیر دەکەنەوە ماوەی بەرەو بیرکردنەوە بەدەنگی بەرز بەخێرایی بەرەوپێش دەچێت.

**٤ـ ڕەزا ئالتون:** ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی ئۆجەلان لە شام مایەوە، لە "جوڵەی پاککردنەوەی ناوخۆدا" کە ئاپۆ ئەنجامیدا بەکارهێنرا، نێردرایە کوردستانی باشوور، کە ئۆجەلان چووە ئیمرالی و بوو بە ددانپێنەر، بە هەڤاڵەکانی خۆی گوت کە ئاپۆ بووە بە ددانپێنەر، بەڵام بەهۆی ئەوەی بە ئاشکرا هەڵوێستی لەدژ نەنواند، نێردڕایە فەڕەنسا، تا ناوەڕاستی حوزەیرانی ٢٠٠٤ لەپێگەی بەرپرسی ڕێکخراو بوو، لەساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن ئاپۆوە سەبارەت

www.arsivakurdi.org

بـە رەزا ئالتـون لەکاتـی دیـداری پارێزەرەکـەی ئەوانـە وتـران:

"ـ باشـە بەرپرسـیارەتی نزیکبوونـەوەی عەبـاس و رەزا؟ ئایـا زیاتـر رەزایە؟ هەر خـۆی هەڤاڵێکـە کـە پەکەکەییبوونـی زۆر گەشـەی نەسـەندووە.

ـ هەڤاڵ رەزاش وا دیاری دەکرێت کە بەرووکەش ماوەتەوەو بەرتەسکە.

ئـەوە فەرهـاد و ئەوانـەی لـەو مەسـەلەی هاوسـەرگیرییە تێوەگلانـدووە؟ مـن وا هەسـت دەکـەم کـە ئـەوە فەرهـاد و ئەوانـی بـەرەو هاوسـەرگیری بـردووە، رەزا دەبێـت ئـەوە روون بکاتـەوە، بۆچـی منـی پەراوێزخسـتووە؟ چـۆن رێگـەی لەوەگرتـووە کـە بۆچوونەکانـم بچنـە دەرەوە؟ کۆمیسـیۆنی لێپرسـینەوە سـەبارەت بـەوە چـی دەڵێت؟

ـ دەنووسـێت کـە هەڤاڵ رەزا بـە ئەنقەسـت هەڵوێسـتی نەبـووە، بـەڵام ئـەو پەیوەندییـە خـزم و کەسـە عەریفانەیـەی لەگـەڵ فەرهـاد و بۆتـان و ئـەوان زەمینـەی بـەوە داوە، دواتـر هەڵوێسـتی لـەدژی ئـەوان وەرگرتـووە.

ـ لەگـەڵ ئـەوان پەیوەنـدی خـزم و کەسـی عەریفانـەی دانـاوە وانییـە؟ ئـەوە وا دەگەیەنێـت کـە ئـەو ئەوانـی خسـتووەتە ئـەو رێگەیـەوە، چـۆن رێگـەی لـە بڵاوبوونـەوەی بۆچوونەکانـم گرتـووە؟

ـ شـتێکی وای بـە ئێمـە نەگوتـووە لەسـەر ئـەوەی کـە بۆچوونەکانـت بڵاونەکرێنـەوە، ئـەو نـاوەی لـە هەڵبژاردنـە ناوچەییەکانـدا داتـان....

ـ هەڤاڵەکەتان ئەوەی بۆمن گێڕدراوەتەوە بە ئێوەی گوتووە؟

ـ نەخێر لەماوەیەکی کورتدا دەینێرێت.

ـ بۆچـی نەینـاردووە؟ بەکۆمیسـیۆنی لێپرسـینەوە رابگەیەنـن، ئایـا دەترسـن؟ مـن ڕابـەری گشـتی رێکخراوێکـم، عەبـاس و رەزا گوتوویانـە بۆچوونەکانـی بڵاونەبێتـەوە، چـۆن دەتوانـن ئـەوە بڵێـن؟ بۆچـی ئـەوە ناگەیەنن؟ کـە نایگەیەنن ئەوکاتـە دەڵێـم ئێـوە دووڕوون. بۆچـی ئـاوا دەکـەن؟ ئەگـەر ئـەوە بە کۆمیسـیۆن نەگەیەنـن ئێـوە بـە قورسـی تاوانبـار دەکـەم، دەڵێـم کـە پیـاوی هێـزی تـرن. هەر

www.arsivakurdi.org

ئێستا ئەوانە بە کۆمیسیۆن رادەگەیەنن، بەو هەڤاڵەشتان بڵێن هەر ئێستا بینێرێت، لەمەودوا بۆ منیش و ئەوانیش دەنێرن. کێیە من ئابلۆقە دەدات؟ ئەوە دەهێنن، ئێوە پارێزەری پارێزگاریکردن لە منن، ئەگەر ئەوە ئاشکرا نەکەن، بە سیخوڕ تۆمەتبارتان دەکەم".

(دیداری پارێزەری ٢٠٠٤/٨/٤)

دوای ئەو دیدارەی پارێزەر، ئۆجەلان زۆر هەوڵی دا کە رەزا ئالتون[١] بنێرێتە کوردستانی باشوور، بەڵام نەیتوانی، لە ئەنجامدا رەزا ئالتون بردرا بۆ لێکۆڵینەوەو ئەنجامەکەی هێشتا بەدەر نەکەوتووە.

**٥ـ مستەفا کاراسوو:** لەو بەروارەی "ئایەتەکانی ئاپۆ" بڵاوکرایەوە لە ئەورووپابوو، لەو بەروارەدا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئاکیف حەسەن، نوێنەری بەرەی ڕزگاری نەتەوەیی کورد بە کەمێك زیادو کەم ئەو رستانەی بەکارهێناوە: "ئاکیف پەرتووکەکەی سەلیمت خوێندەوە؟ هەردووکمان تیاچووین، چونکە سەبارەت بە من و تۆ دەڵێت "باشن"، ئەوەی تێیگەیشتم ئێمە سوتاین" و دواتر بەڕێنمایی ئاپۆ لە ئەورووپاوە نێردرایە بۆتان، لێرە خراوەتە ژێر دەسەڵاتی شەمدین ساکك، سووکایەتی پێکراوە، بەڕوویدا گوتراوە "تۆ سیخوڕیت" نەخۆشی لەبیرکردنەکەی لەدژی وەك چەکێك بەکارهێنراوە، لەبەر چاوی هەمووانیش سووك کراوە، لەناوبەر، هاروهاجێك، کاتێك خۆشی قبوڵی ئەو حاڵەتەی خۆی کرد، بەڕێنمایی ئۆجەلان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی دامەزرێنرا، ئێستا لە کامپەکانی گەریلا لە باشووری کوردستان بە جەستە لە ژیاندایە، پارێزگاری لەو بیرۆکانە دەکات کە ٢٥ساڵ لەدژی شەڕی کردووە، کە ئۆجەلانی ددانپێینەر دەستگیر کرا بەم شێوەیەی خوارەوە باسی مستەفا

---

١ دواتر رەزا لە فەڕەنساوە گواسترایەوە قەندیل و لەوێ دادگایی کرا، ماوەیەکی درێژ لە ژێر چاودێری مایەوەو تەنها جێ هێڵدرا، خودڕەخنەی نووسی، دواتر گەڕێندرایەوە سەر ئەرکەکەی (نووسەر لە کاتی وەرگێڕاندا ئەو دێڕانەی زیادکردووە).

www.arsivakurdi.org

كاراسووی بۆ لێكۆڵەرەكانی كرد:

"ئاڤرەش، مستەفا كاراسوو: ماوەیەكی درێژ لە زیندان بووە، بەرپرسیارەتی هەڵگرتووە، كاتێك ناردمان بۆ دەوروبەر، ڕوانگەیەكی بێ ئیرادەی نیشاندا، یەك دوو ساڵە دەبینم پەرەی بە پراكتیكەكەی داوە، لەمەودوا كاریگەری پراكتیكی دەبێت. ڕاستگۆو پەیوەستە، ئەگەر پەرە بەپراكتیكەكەی بدات لەداهاتوودا بەشوێنێكی گرنگ دەگات.

لەسەر پشتی محەممەد شەنەرەوە سەركەوتووە". (وتەی لێكۆڵینەوەی ئۆجەلان، كۆتایی هەڵخەڵەتانێك، دەزگای چاپی كۆمەڵ، ئیستانبوڵ، لاپەڕە ٣٥٩)

**٦ـ ئایسەل چوروككایا:** كە "ئایەتەكانی ئاپۆ" بڵاوكرایەوە ماوەیەكی زۆر لەگەڵ هاوسەرەكەی كە نوسەری پەرتوكەكەیە بە خۆحەشاردان ژیا لە ئەڵمانیا، لەبەرانبەر هەموو هێرش و مەترسییەك هاوسەرەكەی پاڕاست، لەنێو خەمێكی زۆر ژیا، بەرگەی ناخۆشی بەرگەنەگری گرت، دەستی خستە گەردنی ئەو بەڵایەی كە خۆی لەبەر راناگیرێت، بەو دەریایەدا رەت بوو كە دەگوترا لێی رەت نابێت، ئەو زاڵمانەی وا ناسراون نابەزێنرێن بەزاندنی، درۆ، بوختان، فرت و فێڵ كە خۆیاندا بە ئارامی ئەودا پارچە پارچە بوون و پەرش و بڵاوبوونەوە، ئێستا بە ئارامییەوە هەوڵدەدات ڕێگای داهاتووی گەلەكەی بۆ بەرەو ئازادیی و سەربەخۆیی رۆیشتندا بكاتەوە.

**٧ـ سەعید چوروككایا:**[٢] لەبەرواری ١٢ی ئاداری ٢٠٠٠ لەگەڵ گرووپێك

٢ دكتۆر سەعید دوای جێ هێشتنی قەندیل لەساڵی ٢٠٠٢ هاتە ئەڵمانیا، زمان فێربوو، لە زانكۆی بریمەن خوێندنی تەواوكرد، بوو بە خاوەن رەگەزنامەی ئەڵمانی، سێ شوێنی كاری دانا، كاری دابوو بە نزیكەی ٢٠ كارمەند، كاتێك لەساڵی ٢٠١٤ داعش هێرشی كردە سەر كوردستان و شنگالی داگیر كرد، ئەڵمانیای جێ هێشت و چووە شەڕ لە دژی داعش، لە ناوچەی ناوەران بە خۆبەخشی مەشقی بە پێشمەرگە دەكرد، وانەی سەبارەت بە تەقەمەنی و تونێل دەدا، لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی مەشقی پێدەكردن بەشداری شەڕی دەكرد، سەركەوتنی لەزۆری سەنگەرەكان بەدەست هێنا، كە داعش

www.arsivakurdi.org

فەرماندەی گەریلا بەیەکەوە کامپی گەریلای کوردستانی باشووریان جێهێشت و گەیشتنە سلێمانی، لێرەدا بەواژۆی "دەستپێشخەری ئازادیی" هەندێك ڕوونکردنەوەیان بڵاوکردەوە، لەو ڕوونکردنەوانە گوتیان کە ئۆجەلان لەناوبەرە، نۆکەرو خیانەتکارە، ئۆجەلان لە بەرانبەر ئەوەدا لە کاتێکدا حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرابوو فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ ئەوانە دەرکرد کە ئەو ڕوونکردنەوانەیان بڵاوکردبووەوە، زۆری هەوڵ دا تا سەعید و هاوڕێکانی بکەونە ژێر دەستی دەوڵەتی تورك و پیاوەکانی خستە جوڵە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، لە ئەنجامدا سەعید و هاورێکانی دڕەنگ درکیان بەخیانەتی ئۆجەلان کردو هاتنە ئەورووپا، کە لە خۆیم پرسی بۆ چاپی نوێی پەرتووکەکە دەتەوێت چی بنووسیت، ئەو دێڕانەی خوارەوەی نووسی و بۆی ڕەوانە کردم:

" کاتێك لەساڵی ١٩٩٣ لە زیندانی بار الیاس ڕایکردە بەیروت، من لەناوچەی چەولیگ گەریلابووم، ئەوکات لەگەڵ مەرکەزی ڕێکخراو بە بێتەل پەیوەندیمان هەبوو، ڕۆژێك جەمیل بایك لەگەڵم دواو پێمی گوت کە سەلیم لە ڕێکخراو ڕایکردووە، ڕەنگە چواردەورە چەولیگییەکەی خۆی لە ئەورووپا بخاتە ژێر کاریگەرییەوە، سەرۆك داوای نووسینی وتارێکم لێ دەکات و پێویستە لەماوەیەکی کورتدا بینووسم و بینێرم، جگە لەوە ئاماژەی بەوە دا کە دەکرێت ئەو نووسینە لەگەڵ مەسعود بەیەکەوە بنووسین.

لەو سەردەمەدا، وەك گەریلا زۆر چالاك بووین، کاتی ئەوەمان نەبوو سەرمان بخورێنین، منیش بیرم لەوە دەکردەوە کە بابەتەکە گوێ پێ نەدەم و بە ڕێی بکەم، کە دوای هەفتەیەك جەمیل بایك بابەتی نووسینەکەی دووبارە

---

دەستی کرد بە دانانەوەی بۆمب و تەقەمەنی لەدژی کورد، دکتۆر سەعید دەستی کرد بە پووچەڵکردنەوەی ئەو تەڵانە، لەناوچەی باشیك لەگوندی تیزخراپ بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی داعش، پێشمەرگە ڕەسولی هاوڕێی شەهیدبوو و دکتۆر سەعید بریندداربوو، لەشەوی ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ لە نەخۆشخانە لە شاری کۆبلنزی ئەڵمانیا گیانی لەدەست دا، بە چەند ڕێوڕەسمێکی شایستە لە ئەڵماییناوە بەرەو هەولێر و لە هەولێرەوە بردرایەوە بۆ گوندەکەی خۆی (چلکانی)، لەتەك دوو برا شەهیدەکەی و ١٤ شەهیدی تری گوندەکەیان نێژرا. (نووسەر لەکاتی وەرگێڕاندا ئەو دێڕانەی زیاد کردووە)

www.arsivakurdi.org



بیر خستمەوە، لەگەڵ مەسعود دانیشتین و بەشێوەیەك کە لەگەڵ زمانی پارتیی بگونجێت وتارێکمان لەدژی سەلیم نووسی.

من لەو سەردەمە تازە گەیشتبوومە شاخ، گەرمەی شۆڕش زۆر کاری لێم کردبوو، چاوەکانم جگە لە خەبات، هیچ شتێکیان نەدەبینی، من و ئەو گەریلایانەی لەگەڵ من بوون بڕوامان وابوو کە بەخەباتی چەکداری شۆڕش سەرکەوێت و ئەو گێژەڵوکەیەی سوپای تورك کەوتووەتە ناوی بە چاوەکانی خۆمان دەمانبینی و چاوەڕوانی هەڵمەتێکی ستراتیژی بووین لە ماوەیەکی نزیك، بەڵام دوای ماوەیەك لەگەڵ ئەوەی ئەو هەڵمەتەی نەبرد، ئەو دەستکەوتانەی بە دەستیشی هێنابوو لە دەستیدان، کاتێك ئێمە لە هۆکارەکانی ئەو شکانانەی لە شەڕ تووشمان بوو دەمانکۆڵییەوە، بێ شك پەرتووکەکەی سەلیممان نەخوێندبووەوە.

ساڵی ١٩٩٦ گەڕامەوە سووریا: کە لە ژێر ئەو پێخەفەی لەسەری دەخەوتم پەرتووکی "ئایەتەکانی ئاپۆ"م بینی و خوێندمەوە، ئەوەی بەسەرمدا هاتووە وەك شریتێکی فیلم هێنامە بەر چاوەکانم، بینیم کە ئەو ڕاستیيانەی ساڵانێکە لە ناوی دەژین و ناتوانین بیدرکێنین بەشێوەیەك هێنراوەتە سەر زوبان کە مرۆڤ دەهەژێنێت، یەکسەر لە هۆکاری ئەو درۆیانەش گەیشتم کە سەبارەت بە سەلیم بۆم کراون.

زۆر دواتر سەیرم کرد کە سەلیم تەنیا لایەنە رووکارەکەی شاخە بەفرینەکەی نووسیوە... ئەو لەناوبردنەی بەدەستی ئاپۆ سەپێنراوەتە سەر خەباتی ڕزگاری کوردستان زۆر گەورەبوو، دەمزانی کە هەزاران ڕووداوی تریش هەن کە سەلیم نەیدیوە و گوێبیستی نەبووە، سەلیم تەنیا ئەوەی لە ماوەیەکی کەم بینی، لەناوی ژیاو گوێ بیستی بوو و بێ سڵکردنەوە نووسیویەتی.

منیش لەوە دواتر ئەو لەناو بردنانەی لە ناوی دەژیاین دەمبینین، بەڵام بڕوام وابوو کە دەتوانین لەناو رێکخراودا دەرچوونێکی رێکخراو پێش بەو

ڕووخانە بگرین، هەوڵەکانی ڕێکخستنمان هەرچەندە کەموکورتیشی تێدابێت، بەڵام دوای دەستگیر کرانی ئۆجەلان لە تورکیاوە و دەستکردنی بەکارکردن لەگەڵ سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیا، لەگەڵ گرووپێك بەیەکەوە لە ڕێکخراو جیابووینەوە و کۆتاییم پێ هێنا.

سەرنجدانی ئەو سیستەمەی ئاپۆ لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەر بەیەکەوە دایانڕشتووە و ئەوەی دەگوزەرێت زۆربەی کات ماوەیەکی زۆر درێژ دەخایەنێت، ئەو تێکشاندنەی کەسایەتیی کە لە ژێر ناوی ڕەخنە ـ خودڕەخنە دەکرا، لەو کەشەی کە لەژێر ناوی ڕەخنەگرتن لە پەیوەندی بنەماڵە، خزم و دۆست و ناوچەگەرێتی بۆ هەڵسانەوە لەدژی هەڵەکان، جگە لەمردن هیچ ڕێگاچارەیەکی تر نەبوو.

یەکێك کە کاتێك لە ناو ڕێکخراو بوویت و جیا بووەتەوە ئەگەر بڕا، خێزان تەنانەت ئەگەر خزمێکت بووا تەنیا و تەنیا بە توندترین دژایەتیکردنی ئەو دەیتوانی بژیت، منیش وامکرد، لەساڵی ١٩٩٣ تا ١٩٩٦ بڕوام بەوانە دەکرد کە ڕێکخراو دەیکوت، دوای ١٩٩٦ سەرەڕای ئەوەی دەمزانی لەسەر هەقە وا دەرکەوتم کە دژی سەلیم بم.

ئەو زەرەر و زیانەی ئاپۆ بە گەلی کوردی گەیاند هێشتا بەردەوامە، لە کاتێکدا ئەو سیستەمەی کە دایمەزراندووە خزمەت بە کۆماری تورکیا دەکات، بەشێکی گرنگ لە کورد ئەوە نابینێت، ئەوەی دەیبینێت دەنگ ناکات، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو سیستەمەی خوڵقێنراوە چەندە ترسناکە.

بەڵام ئایەتەکانی ئاپۆ بووە بەگرنگترین ئامرازی نووسراو بۆ ئاشکرابوونی ئەو سیستەمە، من بڕوام وایە کە ئەو پەرتووکە هیچ کاتێك نرخەکەی لە دەست نادات و لە داهاتوودا لەلایەن ئەوانەوە کە لە نێو ئەو سیستەمە ژیاون و لە نزیکەوە شایەتی ڕووداوەکان بوون باشتر تێدەگەیشترێت. لەکەشێکی وادا (لەڕۆژانێکدا کە سیستەمی ئاپۆ لە لوتکەدا بوو) لە داهاتوودا زیاتر لە گرنگی

www.arsivakurdi.org



نووسینی پەرتووکێکی ئاوا و شیکاریکردنیدا تێدەگەیشترێت.

ئا من ئەوەم بینی، تیایدا ژیام و تێگەیشتم".

**٨ـ عوسمان ئۆجەلان:** عەبدوڵڵای برا گەورەی کاتێك خۆی دا بەدەست دەوڵەتی تورك ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە لێکۆڵەرەکانی دا:

"**عوسمان ئۆجەلان:** ساڵی ١٩٩٣ بەسێدارەدران دادگایی کرا، بەبڕیارێك لە کۆنگرەی ٥ ماوەی دوو ساڵی پێدرا، لەوە سەرکەوت، لە ئورمیە ـ ئێران ڕۆژێك کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا، چەکی گرتە هەردوو دەستی و هەڕەشەی کرد "یا قبوڵ دەکرێم یاخود دەمرم" ئەگەر لە کۆنگرەدا بڕیاری جێبەجێکردنی سێدارەکەی دەرکرابا، جێبەجێم دەکرد، لە گۆڕەپانی پراکتیکدا شارەزایی بەدەستهێنا. سەبارەت بە سیاسەتی ڕێکخراو سەرکەوتووە، لایەنی ئایدیۆلۆژییەکەی ئەوەیە تێگەیشتنی بۆ دەرکردنی بڕیاری ڕاست باشە، هەندێك لاوازی هەیە لە پراکتیزەکردنی. لە خواکوڕك خۆی لە گۆڕەپاندا کردە دەستبەسەر، هیچکات نازانێت زەمینە بەکاربهێنێت.(کۆتایی هەڵخەڵەتانێك، دەزگای چاپی کۆمەڵ، ئیستانبوڵ، لاپەڕە ٣٥٩)

عوسمان ئۆجەلان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ هەریەك لە ڕابەرانی پەکەکە نیزامەددین تاش، کانی یلماز، خزر یالچن، ساکینە ئالتون و نزیکەی ٨٠ چەکدار بەیەکەوە کامپی گەریلای خواکوڕکیان جێ هێشت و چوونە لای هێزەکانی باشووری کوردستان، عوسمان ئۆجەلانی برای عەبدوڵڵا ئۆجەلان لێرەدا ریپۆرتاژێکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێك ئەنجامدا، راوبۆچوونی وای دەربڕی کە پشتڕاستی ئەو شتانە بکاتەوە کە ١١ ساڵ لەمەوبەر لە پەرتووکی ئایەتەکانی ئاپۆدا باسم کردووە، عوسمان ئۆجەلان لەبەر ئەوەی سیاسییانە دەجوڵێتەوە وای بە باش زانیوە کە تەنیا بەشێك لە ڕاستییەکان بدرکێنێت، من چەند بەشێك لەو ریپۆرتاژە بێ هیچ دەستکارییەك لێرەدا بڵاو دەکەمەوە،

www.arsivakurdi.org

کوردستان ـ ستۆکهۆلم، ١٩ی ئەیلوولی ٢٠٠٤ ـ عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەساڵانی ١٩٧٠کاندا پارتیی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ی وەك رێکخراوێکی تیرۆریستی دژەـ کورد دامەزراندووە، ئەو کوردە نیشتمانپەروەرانەی دەچنە نێو ڕیزەکانی پەکەکە ئامانجیان هەرچی بێت عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پارتیەکەی ٣٠ ساڵە بە پێشگرتن بە سیاسەتی کوردەوە سەرقاڵن، بەڵام پارتیەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەشێوەیەك لەناوەڕاستدا دەماری ڕۆحی پارچەکراوە کە گەڕانەوەی بۆ نییە. ئەو عوسمان ئۆجەلانەی ٣٠ ساڵە خزمەت بە پەکەکە دەکات (فەرهاد)، فەیسەڵ دونلایجی (کانی یلماز) و نیزامەددین تاش (بۆتان)، کەسانی وەك ئەوانە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی پەکەکە وڵات پەروەر نییە، ئەها وتەیەك هەیە دەڵێت:"لە کوێی زەرەر بگەڕێیتەوە قازانجە".

من ڕۆژی سێشەممەی رابردوو (٢٠٠٤/٩/١٤) لە کوردستان بووم، بۆ ئەنجامدانی ئەو ریپۆرتاژە ١٢ کاتژمێر میوانی عوسمان ئۆجەلان، کانی یلماز و نیزامەددین تاش بووم، بواری ئەوەم بۆ رەخسا کە بە تێرو تەسەلی گفتوگۆ لەگەڵ هەرسێکیان بکەم، بڕوای خۆم سەبارەت بەوانە لە وتارێکی جیا دەنووسمەوە، ریپۆرتاژی سەرەکیم لەگەڵ عوسمان ئۆجەلان بڕای عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەنجامدا، ئەو لێدوانەم سێ ڕۆژ یەك لە دوای یەك لە شێوەی بەش بەش بڵاوکردەوە، لە بەشی یەکەمدا هۆکاری جیابوونەوەی عوسمان ئۆجەلان و هاورێکانی جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بەشی دووەم لەسەر پەیوەندییەکانی ئەوانە لەگەڵ کوردستان و جیهانی دەرەوە، بەشی سێیەمیش لەسەر پرۆگرامی نوێ و ستراتیژی ئەوانە بۆ داهاتوو.

ئەوە ئاوایە، لە ماوەی دوو کاتژمێر و بە کوردی ئەنجامدراو و لە کامێرای ڤیدیۆییش تۆمار کراوە، کاتێك گوێ لە عوسمان ئۆجەلان بگرین دەبینین ڕەخنەی زۆر توند ئاڕاستەی کاکەی و پەکەکە دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێت ئەوە ببینین کە هێشتا بە تەواوی لە پەکەکە نەبووەتەوە و پارێزگاری

www.arsivakurdi.org

لـە سیاسـەتی سـەرەتای پەکەکـە دەکات. بـەو هۆکارەوە باشـترین ڕێـگا ئەوەیە کە خوێنـەران بـە خوێندنـەوەی لێدوانـەکان لەبـارەی هاورێکانی عوسـمان ئۆجەلان و پارتیـی دیموکراتـی وڵاتپارێـز بگەن بـە بڕوا.

**عـارف زێرەڤـان:** کێشـەی سـەرەکی لەنێـوان ئێـوەو بـرا گەورەتـان عەبدوڵڵا ئۆجـەلان سـەرۆکی پەکەکـە، کۆنگـرا گـەل دا چییـە؟

**عوسـمان ئۆجـەلان:** بـەر لەهەمـوو شـت با نیشـانە بـەوە بکەم کە کێشـەکەی نێوانمـان کێشـەی کەسـی نییـە و کێشـەی ئایدیۆلۆژیا، سیاسـی و ڕێکخسـتنە، ئەوە ١٢ سـاڵە خـودی خـۆم لـە نـاو پەکەکـەوە ڕەخنـە لە سیاسـەتی ئـەو دەگـرم، دوای سـەرهەڵدانەکانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ وا چاوەڕوانبـووم کـە پەکەکـە بـە تەواوەتـی سیاسـەتی خـۆی بگۆڕێـت، چونکـە جیهـان ڕووبـەڕووی گۆڕانـی بەرفـراوان و قوڵ دەبوویـەوە، ئـەو سیاسـەتانەی لەمەوبـەر پەیوەسـت بـوون بـە دوو جەمسـەر، واتـا سیسـتەمی سـەرمایەداری و سۆسـیالیزم، ڕێگایـان بـە چارەسـەرکردنی کێشـە نەتەوەییـەکان نـەدەدا، مـن ئـەو کاتیـش بۆچوونەکانی خـۆم ئاشـکراکردبوو، بەڵام لەنـاو پەکەکـە لـە دژی بیرۆکەکانـم هەڵوێسـت وەرگیـرا.

ـ بـەڕای مـن بـۆ ئـەوەی هەمـووان بتوانـن بێـن و بەشـداری خەبات بکـەن پێویسـت بـوو لـە کوردسـتان سیسـتەمێکی دیموکراتـی بنکـە فـراوان دابمەزرێـت، لـەو خەباتـەدا ئـەو ماوەیـەی دەبردرێـت تەنیـا هـی پەکەکـە نابێـت، چەندیـن هێـز و چەندیـن وڵاتپـەروەر ڕۆڵیـان تێدابـووە، ڕەنجیـان داوەو دەرئەنجامەکـەی دیاربـوو، بـەو هـۆکارەوە دەمەویسـت توانسـتی ئـەوە بەرهـەم بهێنرێـت کـە هەمـوو کـورد بەیەکـەوە سیاسـەت بکـەن، گەورەتریـن کێشـە لـە نێوانمان لەسـەر پارێزگاریکـردن لـە سیسـتەمی پێشـوو بـوو، پەکەکـە جگـە لەخـۆی ڕێـگای بەهیچ کـەس نـەدەدا کـە سیاسـەت بـکات، تەنانـەت بەرگـەی بیـروڕا جیاوازەکانـی نێـو خۆشـی نەدەگـرت، کێشـەی سـەرەکی نێوانمـان ئـەوە بـوو، مـن بـڕوام وایـە کـە ویسـتی ئێمـە بـۆ گـۆڕان داخوازییەکـی دیموکراسـی و وڵاتپـەروەر بـوو.

www.arsivakurdi.org

**عارف زێرەڤان:** دەڵێن کە کێشەی کەسیتان نییە لەگەڵ ئۆجەلان، بەڵام پەکەکە بە ڕابەرایەتیی ئەو دەڕوات و ئەو بە پەکەکە بڕیاری وای دەردەکرد کە قەدەری ئێوە دیاری بکات، واتا لە ئەنجامدا سیاسەتەکەتان لەگەڵ ئەو نەگونجا و جیابوونەوە، بابەتەکە هەمووی ئەوەندەیە؟

**عوسمان ئۆجەلان:** سیاسەتمان نەگونجا، وەك کەسایەتییش کەسایەتیی من و کەسایەتیی سەرۆکی پەکەکە کەمێك جیاواز بوو، هەرچەندە لەگەڵ ئەودا برا بین، بەڵام ئەو هەر لە بچووکییەوە سوڵتان بوو، بەڵام من کەسێکی نەرموونیان بووم، تەنیا خۆم نا دەوروبەرەکەشمم دەبینی، کەچی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە دەیویست هەمووان شوێنکەوتەی ئەوبن و بەم هۆیە شێوازی ژیانی لەناو پەکەکە بەرتەسککرەوە بوو، ڕێگای بە هەبوونی زۆر پارتیی و فرە دەنگی نەدەدرا، تەنیا ژیانێکی فیداکارانەی لەکەسەکان دەویست، هەموو ئەوانەی بەشداری خەبات دەکەن دەبوو بە ناچاری واز لە ژیانی کۆمەڵایەتی بهێنن، ئەو کەشە ڕێگای لەوە دەگرت کە پەکەکە هەمووان لە باوەش بگرێت، ئەگەر ڕێگا بە ژیانی تایبەت بدرابووایە لەنێو شۆڕشدا، مرۆڤەکان زۆر بە ئاسوودەیی دەیانتوانی لەناو شۆڕش شوێن بگرن و بۆ وڵاتەکەیان کاریگەرییان هەبێت، هەر لە ١٩٩٢ەوە تائێستا دەمەوێت ڕێگا بە ژیانی تایبەت بدرێت، چی تێدایە، پەکەکە و ڕابەرایەتییەکەی ڕێگایان بەوە نەدا.

**عارف زێرەڤان:** پەکەکە لە نێو تێرمینۆلۆژیای خۆیدا لە بەرانبەر وڵاتپەروەرانی کورددا دەستەواژەی "نەتەوەپەرستی دواکەوتوو" بەکاردەهێنێت و هەر یەکێك بڵێت من کوردم پێی دەڵێت "نەتەوەپەرستی دواکەوتوو"، بە بۆچوونی ئێوە پەکەکە بۆچی ئەوەندە کاردانەوەی هەیە لە بەرانبەر وڵاتپەروەری کورد؟

**عوسمان ئۆجەلان:** دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان، تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا

www.arsivakurdi.org

کورد وەك دواکەوتوویێك دەبینن کە هیچی لە دەست نایەت و سووکایەتی پێدەکەن، وەسفکردنی پەکەکەش بۆ کورد وەك "نەتەوەپەرستی دواکەوتوو" بەمانای ئەوەدێت کە پەکەکە بیرۆکەی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی سەبارەت بە کورد قبوڵ کردووە، من ئەوە دەڵێم کە ئەو بیرۆکە ڕاست نییە و بیرۆکەکە بۆ داگیرکەرانی کورد دەگەڕێتەوە، جگە لەوە لە کوردستاندا "نەتەوەپەرستی دواکەوتوو" نەماوە، کوردیش لەو جیهانەدا دەژین، کۆمەڵگای کوردیش لەهەموو بوارەکاندا بەرەوپێش دەچێت و بۆ پەرەسەندن کراوەیە. واتا وەك ئەوەی دیاریم کردووە، ئەو بیرکردنەوەیە بیرکردنەوەی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانە و پەکەکەش بەهۆی ئەو بیرکردنەوەیەی هیچ کاتێك وڵاتپەروەری بۆ خۆی بە بنەما نەگرتووەو وڵات پەروەری بۆ ئەو ئامانجێك نەبووە. پەکەکە کاتێك پێویستی بە وڵاتپەروەری بوو وڵاتپەروەر بوو، ئەوکاتەش کە پێویستی پێی نەما وازی لێدەهێنا، لە پەکەکەدا ڕوانگەی چینایەتی و سۆسیالیزم هەردەم لەپێشەوە بووەو ئەو دوو بابەتە وڵاتپەروەری و نەتەوەییبوونی وەلا دەنا.

**عارف زێرەڤان:** باشە ئامانجی سەرەکی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی، یاخود دۆزی کورد بوو؟ عەبدوڵڵا ئۆجەلان، یاخود گەلی کورد کامیان گرنگییەکی زۆرتری هەیە؟

**عوسمان ئۆجەلان:** من پێشتریش گوتبووم، ئێستا سەبارەت بەو بابەتە بە روونتر قسە دەکەین، پەکەکە کاتێك دەستی کرد بە کارکردن لە کوردستان بەو تێگەیشتنەوە دەستی پێ نەکرد کە بڵێت هەموو شت بۆ سەرۆك، هەموو شتەکان لە دەوری سەرۆك نە دەسوڕایەوە و بەوجۆرە بەڕێوەبچێت، پەیوەستبوون بە سەرۆك وردە وردە کرا بە ئامانجی سەرەکی، پەیوەستبوون بە گەلی کوردیش بەردەوام لەدوواوە ماوەتەوە، واتا ئامانج شوێنی خۆی گۆڕییەوە، ڕێگای وڵاتپەروەری وەك پەیوەست بوون بە عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە نیشاندرا، بیرۆکەیەکی هەڵە بوو و لە شوێنی خۆی نەبوو، لە ئەنجامدا

www.arsivakurdi.org



خاوەنداریکردن لە سەرۆك بوو بە ئامانجی سەرەکی و بیری نەتەوەیی لە دوواوە مایەوە، ئەوە هەڵە بوو، تاوان بوو، ئەمڕۆ پەکەکە هێشتا پێداگیری لەسەر ئەو هەڵەیە دەکات، هەر کوردێك پێویستە خاوەنداریتی لە کەسایەتیی خۆی بکات، بەڵام نابێت هیچ کات کەسەکان شوێنی دۆخی نەتەوەیی بگرنەوە، ئەو خۆشەویستییەی بۆ گەل و سەرۆك هەیە نابێت تێکەڵ بە یەکتری بکرێن، پێویستە یەکەمجار گەلمان خۆشبووێت، پیرۆزییە نەتەوەییەکانمان خۆش بووێت، تەنیا لەو چوارچێوەیەدا خۆشویستنی سەرکردە کوردییەکان واتای هەیە. پەکەکە لەو ڕاستییە نەگەیشت و بەردەوامی بە کارە هەڵەکەی دا، هەروەك دەزانین ئێستا پەکەکە لە گەلەکەی زیاتر پابەندی سەرۆکەکەیەتی، لە گەلی کورد زیاتر سەرۆکەکەی خۆشدەوێت، ئەو تێگەیشتنەی پەکەکە وا دەکات کە چارەسەری کێشەی کورد بەرتەسك بێتەوە و هەوڵ و کۆششی ئازادیی بێ دەرەنجام بمێنێتەوە.

**عارف زێرەڤان:** عەبدوڵڵا ئۆجەلان زۆرجار دەڵێت کە هاوڕێکانی و ڕەنگە تۆش بخاتە نێو ئەو لایەنە کە لێی تێناگەن، ئایا ئێوە نازانن کە ئەو چی دەوێت؟ لەهەمانکاتدا دەڵێت کە دەکرێت تەنیا تاکەکەسێك پەکەکە بێت و وای دەردەبڕێت کە ئەو کەسە خۆیەتی. بە گوێرەی بیرکردنەوەی ئەو، هەمووتان هەوڵدەدەن تا ببن بە پەکەکە، بەڵام ناتوانن بگەن بە ئاستی ئەوەی پەکەکەبن، ئێوە سەبارەت بەو بیرکردنەوەیەی ئەو چی دەڵێن؟

**عوسمان ئۆجەلان:** لەسەردەمی نوێدا خەباتی نەتەوەیی کورد پێویستی بە کەسانی پێگەیشتوو هەبوو، کە سەردەمی نوێ لە ١٩٧٥ دەستی پێکرد، لەو کاتەدا ژمارەی ئەوانەی کە لە کوردستان لە دۆزی نەتەوەیی کورد گەیشتبوون زۆر نەبوو، ئەو دەستگرتنەی ئەو، بۆ ئەو سەردەمە دەکرێت تا ڕاددەیەك بە ئاسایی سەیر بکرێت، بەڵام لەدوای ١٩٧٥وە بەتایبەتی لەدوای ١٩٨٠ هۆشیاری نەتەوەیی زۆر گەشەی سەند، ڕوانینێکی وەك هی عەبدوڵڵا ئۆجەلان

www.arsivakurdi.org

لەدوای ١٩٨٠ لە دژی بەرەو پێشچوونەوە ئەو روانینە وایکرد کە رێگربێت لە بەردەم بەرەوپێشچوونی ستافی نێو پەکەکە و خاوەن بڕیاربوونیان.

تەنانەت ئەمڕۆش عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەڵێت لە من تێناگەن، ئەوە ڕاست نییە، بڕوام وایە کە نەك تەنیا ئەوانە نا کە بەسیاسەتەوە خەریکن، بەڵکو گەلی کورد ئیدی دەزانێت کە چی دەگوزەرێت و عەبدوڵڵا ئۆجەلان چی دەکات، عەبدوڵڵا ئۆجەلان تا ئەو ڕاستییە نەبینێت ناتوانێت خزمەت بە نەتەوەی کورد بکات، زیان بەخۆی دەگەیەنێت و دەبێتە بەربەست لەبەردەم بزاڤی نەتەوەیی، ڕاستە کە ئەو پێشکەتووە، بەڵام گەلی کوردیش لەوە گەیشتووە کە ئەو چی کردووە.

**عارف زێرەڤان:** عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئێستا زۆر بە ئاشکرا پارێزگاری لە کەمالیزم دەکات، و دەڵێت لەدژی "میللیەتچییەتی دواکەوتووانە"، واتا دژی کورد ئامادەیە تا دوایین دڵۆپی خوێنی بجەنگێت، ئایا ئێوەش ئامادەن کە تا دوایین دڵۆپی خوێنتان لەدژی کەمالیزم شەڕ بکەن؟

**عوسمان ئۆجەلان:** بەر لە هەموو شت ئەو روانینە هەڵەیە، کەمالیزم سیاسەتی رەتکردنەوە و لە ناوبردنی لە دژی کورد داهێناوە و کورد دوور دەخرانەوە بۆ تاراوگە و سیستەمی کەمالیزم بواری ژیانی بۆ کورد نەهێشتووەتەوە، ئەگەر سیستەمی کەمالیزم هەندێك لایەنی باشی بۆ تورکەکان هەبێت، بەقەد ئەوە لایەنی خراپی بۆ کورد بووە، هیچ خزمەتێکی نییە کە کەمالیزم بۆ کوردی ئەنجام دابێت، هیچ سوودێکی کورد نییە لە کەمالیزمدا خۆی ببینێتەوە، پارێزگاریکردنی لە کەمالیزم بە تەواوی پێچەوانەی سوودەکانی گەلی کوردە.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆچی پارێزگاریی لە کەمالیزم دەکات، هەروەك دەزانین عەبدوڵڵا ئۆجەلان پارتییەکەی بە تەواوی لە دەوروبەری خۆی کۆدەکردەوە، بەڵام ئێستا خۆی لە زیندانەو نایەوێت هیچ شتێك لە دەرەوەی کۆنترۆڵی خۆی

www.arsivakurdi.org

بەرەو پێش بچێت. بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەسەپاندنی کۆنترۆڵی بەسەر پەکەکەدا دەیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئۆلیگارشی تورکیا بەباشی بهێڵێتەوە و پارێزگاری لە کەمالیزم دەکات. ڕاست نییە کە بڵێین ئەو لەسەداسەد بەپێی ئارەزووی کۆماری تورکیا دەجوڵێتەوە، لە خواستەکانی تورکیا زیاتر ئەو نایەوێت کۆنترۆڵی بەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لەدەست بدات، بەو هۆکارەوە و بۆ نەرمکردنەوەی دەوڵەت بیرۆکەیەکی ئاوا دەخاتەڕوو کە دەوڵەت دەستپێشخەری بۆ بکات، هەروەك ئەوەی دیاریم کردووە، ڕاست نییە کە چارەسەری کێشەکان لە چوار دەوری خودی ئەو و سەرۆکایەتییەکەی ئەودا چڕ بکرێتەوە، ئەگەر دیموکراسییەت سەرۆکایەتی ئەو بەهێز بکات، دەبێتە دیموکرات، ئەگەر وڵاتپارێزی بەهێزی بکات دەبێتە وڵاتپارێز، دووبارە ئەگەر رژێمی کەمالیزم دەستپێشخەرییەکی بۆ بکات دەبێتەوە بە کەمالیست. گەلی کورد پێویستە ئەو ڕاستییە ببینێت و ڕەخنە لە بیروبۆچوونەکانی ئەو بگرێت، سیاسەتی کورد بەهۆی هەڵوێستەکانی ئەو زیانی بەردەکەوێت و بەڕوانگەی ئەگەر سەرۆك بم باشەو ئەگەر سەرۆك نەبم خراپەی ئەو کارناکرێت.

**عارف زێرەڤان:** ئێستا لە تورکیادا پارتییێك هەیە کە لەسەر دەسەڵاتە، ئاکەپە، هەوڵ دەدات بە بە هێزکردنی بنکەی خۆی بۆ بەردەوامیدان کاریگەری کەمالیستەکان و سوپا لەسەر سیاسەت کەم بکاتەوە و دەیەوێت لە کەمالیزم ڕزگاری بێت، ئایا خاوەنداریکردنی کوردەکان لە کەمالیزم هەڵەیەکی ستراتیژی نییە ؟

**عوسمان ئۆجەلان:** هەروەك گوتم، عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ لە دەست نەدانی دەستپێشخەرییەکە خاوەندارێتی لە کەمالیزم دەکات، بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەرابردوودا بە تەواوی لەدژی کەمالیزم بوو، بۆچوونەکانی ئەو دەربارەی ئەو پرسە بە نووسراویش هەن، لە زیندان، لە ئیمرالی بیروڕای ئەو گۆڕا، هەندێك دەڵێن کە ئەو لە ترسان وای کردووە، بەڵام هەروەکو ئەوەی گوتم، ئەو لە

ترس زیاتر بیر لە کۆنترۆڵکردنی پەکەکە دەکاتەوە، ئەو دەیەوێت سیاسەتی کورد بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدابێت و نایەوێت بکەوێتە دەست هیچ کەسێکی تر.

**عارف زێرەڤان:** کانی یلماز دەڵێت لە سەرەتادا واماندەزانی ئەو هەڵوێستەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان تاکتیکێکە و بیریان دەکردەوە کە ستراتیژیەت نەبێت، بەڵام دواتر لەوە گەیشتین کە هەڵوێستی ستراتیژیی ئەوە؟

**عوسمان ئۆجەلان:** ئێستا ئەوە بووە بە هەڵوێستێکی ستراتیژی لەم شێوازەیە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان بزاڤی کوردی بە تەواوی لەچوار دەوری خۆی دەبینێت و ئەو هێزەی کە ڕێگا بە پەیوەندیکردن بە دەرەوە و بەردەوامیدان بە کۆنترۆڵکردنەکە دەدات پەیوەندی ئەو لەگەڵ دەرەوە دابین دەکات، سەربازیی تورك، کەمالیستەکانن، بەم هۆیەوە پەیوەندی ئەو لەگەڵ سەربازیی تورکیا کراوە بە بنەما و پەیوەندی ستراتیژی، ئەو هەڵوێستەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان هیچ کاتێك تاکتیك نەبووە، بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین ئەو هەڵوێستەی ئەو تاکتیکە، دەبوو بڵێت کە خۆی لە زیندانە، ناتوانێت سیاسەت بکات، گەلی کورد سیاسەتمەدارو کەسانی پێگەیشتووی تێدایە، پێویستە لەمەودوا ئەوان چالاکییە سیاسییەکان بەڕێوەببەن، هەم خۆی ڕێگا نادات هیچ کەسێکی تر سیاسەت بکات، هەم بۆ سیاسەتکردن دەیەوێت سەربازیی تورك ڕێگای بدەن و لە ڕێگای پارێزەرەکان و کەسانی ترەوە بەردەوامی بە کۆنترۆڵکردنەوە بدات، بەو هۆکارەوە خۆی بیەوێت یاخود نا ئەو هاوکاریکردنەی ئەو دەیکات بووە بە ستراتیژییەت.

**عارف زێرەڤان:** کاتێك عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستگیر کرا، ئێوە وەك ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بڕیارێکتان دا کە ئیدی وتەکانی ئەو ئێوە پابەند ناکات، ئیدی دواتر هەرچییەك ڕوویدابێت هەنگاوتان بەرەو دواوە ناو و گوتتان کە ئەو سەرۆکی ئێوەیە، بۆچی هەنگاوتان بەرەو دواوە نا؟

**عوسـمان ئۆجـەلان:** ئـەوە ڕوانگـەی مـن بـوو، ئـەو ڕوانگەیـە لـە لایەکـەوە خۆپارێزییـەك بـوو، لەلایەکـی تریشـەوە ڕاسـتییەك بـوو، خۆپارێـزی بـوو، چونکـە کۆمـاری تورکیـا بـۆ ئامانجەکانـی خـۆی ڕەنگـە بـە ئەنجامدانـی ڕێوشـوێن لەسـەر سـەرۆکی گشـتی پەکەکـە زیـان بـە بزاڤـی ڕزگاری کوردسـتان بگەیەنێـت، ڕاسـتییەك بـوو، چونکـە ئـەو ئیـدی ئەگـەر بشـخوازێت ناتوانێـت سیاسـەت بـکات، دەبـوو ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیی گشـت بڕیارەکانـی لـە شـوێنی خـۆی و سـەربەخۆ بووایـە، لـەو بابەتـە نەمانتوانـی پێداگیربیـن و دووبـارە گەڕاینـەوە سیسـتەمە کۆنەکـە، دەوڵەتیـش ئـەوکات هەندێـك ڕێـگای پـێ دا، هەفتـەی دووجـار یەکتربینینـی هەبـوو و ماوەی هـەر یەکتربینێك دوو کاتژمێر بـوو، بواریان بـەوە دەداو لـەو ڕێگایـەوە دەیتوانـی بەردەوامـی بـە سـەرۆکایەتی بـدات، دواتـر دەوڵـەت هەندێـك سنوورداری کـرد و یەکتربینینـەکان بـوون بـە یـەك کاتژمێـر لە هەفتەیەکـدا، هەڵوێسـتی سـەرەتامان ڕاسـت بـوو، ئەگـەر بەردەوامیـمان بـەو هەڵوێسـتە بدابایـە، سـەرکردەی پەکەکـە نەیدەتوانـی ڕێگـری لـە پێشـڕەوییەکان بکات.

**عـارف زێرەڤـان:** پێداگیرنەبـوون لـەو بڕیارەی داتـان، بەڵام دوای ئـەو بڕیارەش دووبـارە چـوار پێنـج سـاڵی تـر لەنـاو پەکەکـە مایتـەوە، ئەوەنـدە سـاڵە چـۆن بەرگەتـان گـرت؟

**عوسـمان ئۆجـەلان:** کەشـێکی نـوێ هاتـە بەردەمـمان، هەمـوو ئـەو خەباتـەی پەکەکـە کـردی لە کەسـی بەڕێـز عەبدوڵڵا ئۆجەلان کـورت دەکرایەوە، سـەربازیی، سیاسـی و دیبلۆماسـی و هەمـوو بڕیارەکانـی بوارەکانـی تـر ئـەو دەریدەکـرد، لـەو بـەدەر هیـچ دامـودەزگاو مەرجەعێکـی دیکـەی بڕیـاردان بوونـی نەبـوو. کاتێـك سـەرکردەی پەکەکـە گیـرا، بـزاڤ بـێ بڕیـار مایـەوەو بـوو بـە بومەلەرزەیـەك، دەبـوو بەسـەر بومەلەرزەکـەدا ڕەت بیـن، دووبـارە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کۆبکەینـەوە و ڕێگـە بگریـن لـە پـەرش و بڵاوبوونـەوەی، یـەك دوو سـاڵ بـەوەوە

www.arsivakurdi.org

خەریك بووین، بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوە بتەوێت یاخود نا ناتوانیت دوو ساڵی یەکەم بەرەو گۆڕانکاری سیاسی بڕۆیت، دوای دوو ساڵ لە دەستگیر کرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان پێویستمان بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری هەبوو، ئەو سیاسەتەی پەکەکە کە دەبوو پێشتر گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدرێت بۆ دوای ٢٠٠١ مابووەوە و پێویست بوو بگۆڕدرێت، ئەوکاتە ماوەی گۆڕینەکەمان خستە ڕۆژڤەوەو هەنگاوی یەکەممان لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ نا، بە دامەزراندنی (KADEK کۆنگرەی ئازادیی و دیموکراسی کوردستان) و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە دەستمان کرد بە گۆڕانکاری، لە ڕووی ڕێکخستن و سیاسییەوە چەندین هەنگاوی گرنگمان نا، بڕیاری گرنگمان دا، هەر ئەو کات لە نێوانمان دوو لایەن هەبوو، هەندێك دەیانگوت ناو و پرۆگرام بگۆڕین. بەڵام جەخت لەسەر سیستەمی پێشوو بکەینەوە، ئەوانی تر، واتا ئێمە دەمانگوت نەخێر ئەگەر بەرەو گۆڕانی ریشەیی بچین، ئەوا ئەوە نابێت تەنیا لە چوارچێوەی ناو و پرۆگرامدا بێت، دەبێت لەهەمان کاتدا سیستەمی پێشووش بگۆڕین، خەباتی نێوان ئێمەو موحافیزکارەکان تا ساڵی ٢٠٠٣ درێژەی کێشا، لەکۆتایی ٢٠٠٣ لەکاتی دامەزراندنی کۆنگرا ـ گەل بە پێشکەشکردنی پڕۆژەیەکی نوێ گوتمان کە دەبێت سیستەمی کۆن بە تەواوی لەیاد بکەین و سیستەمێکی نوێ دابمەزرێنین.

لەسیستەمە نوێکەدا پارێزگاری لە دیموکراسییەت دەکراو دامەزراوەکانی سیستەم دەبوون بە خاوەن بڕیار، کاتێك بڕیاری ئەو بابەتەمان دا کێشەکانی نێوانمان زیاتر قوڵ بوونەوە، لە ساڵی ٢٠٠٤ کێشەکان زیاتر پەرەیان سەند، لە بەهاری ئەو ساڵەدا لە یەکتر جیابووینەوە، لە کۆنگرا ـ گەل ئەو بڕیارانەی ئێمە دابوومان دەرچوون، زۆرینەی بەرپرسیارەتییەکانیش ئێمە گرتمانە ئەستۆ، بەڵام هێشتا تیمەکان رازی نەکرابوون، پەکەکەی ٣٠ ساڵانیش نەیدەویست بگۆڕێت، موحافیزکارەکان لە ٢٥ی شوباتی ٢٠٠٤ کودەتایان کرد و ئێمەیان بە

www.arsivakurdi.org

ناشەرعی ڕاگەیاند، سیستەمی کۆن نەگۆڕدرا.

**عارف زێرەڤان:** عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆچی لە دژی ئێوە هێرشی بەدڕەوشتی ئەنجام دەدات؟ بۆ نموونە لە یەکتربینینی پارێزەر باس لە ئێوە دەکات و دەڵێت عوسمان دوای ئافرەت کەوتووە، تەنانەت دووبارە سەبارەت بە ئێوە وشەکانی "بێشەرەف"، "بێناموس" بەکاردەهێنێت، ئێوە دەربارەی ئەو وتانەی چی دەڵێن؟

**عوسمان ئۆجەلان:** بەڕاستی من ناتوانم وەڵامی بدەمەوە، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە ئەو وشە بەکارهاتووانە لە جێگای خۆیان نین. ئەو وشانە نەك من بەڵکو خاوەنەکەیان بچووك دەکەنەوە، لە ژیانمدا هیچ کات بێڕێزیم لە بەرانبەر ئەو نەکردووە، بەردەوام بەڕێزەوە لە بەرانبەری وەستاوم، هیچ کات وشەی لەو جۆرە لە زارم نەهاتووەتە دەر، ئەگەریش بەکارم هێنابێت پەشیمان بوومەتەوە، ڕوانگەی وەك هی ئەو ڕاستییەکان دەشارێتەوە، بەڵام ڕاستییەکان بە ڕاددەیەك ئاشکران کە ئیدی ناشاردرێنەوە، من دەڵێم ئەو وشانە زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنن و هیچ لە ئێمە ناکەن، هیچ کات بەشێوازی ئەو من وەڵام نادەمەوە، نەوەك بۆ سەرۆکی پەکەکە تەنانەت وەڵامی هیچ کەسێك بەو شێوازە نادەمەوە.

**عارف زێرەڤان:** باشە، ئەوە کێشەیەکی تایبەتی خۆیەتی، بەڵام حەوای خوشکیشتان کە دەچێتە بینینی ئەو لێی تووڕە دەبێت و دەڵێت:"ئەگەر بەربەست لە نێوانماندا نەبووایە خوشکەکەم دەخستە ژێر قاچەکانم و پانم دەکردەوە"، بە بۆچوونی تۆ هۆکاری ئەو هەڵوێستەی ئەو چییە؟

**عوسمان ئۆجەلان:** حەوا ڕوانگەی هەیە، ئەو روانینەی ئێمە باشتر دەبینێت و بۆچوونی خۆی پێگوتووە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆیە لەو تووڕە ببوو، هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە جگە لە خۆی ڕێزی بۆ هیچ کەسێك نییە، ئەو دەڵێت کە هەمووان ڕێز لە من بگرن، بەڵام خۆی ڕێز لە هیچ کەسێك ناگرێت،

www.arsivakurdi.org

من ئەو لایەنەی ئەو بە لاوازی خۆیەوە دەبەستمەوە، چونکە ئەو هەر لە منداڵییەوە هەمووان خۆشیان ویستووەو ئەو کەسی خۆشنەویستووە، تەنیا لە سیاسەت نا، بەڵکو لەژیانی کۆمەڵایەتیش وابوو، ئێمە سێ برا بووین، ئەو بەردەوام دەیوست دەسەڵاتدار بێت، برا ناوەندییەکەم محەممەد هەر خۆی بەردەوام گازاندەی دەکرد، بەڵام من هیچ دەنگم نەدەکرد و هەوڵم دەدا لەگەڵ هەمووان دیالۆگ دروست بکەم، من بەردەوام وا بیرم دەکردەوە، مافی من هەرچی بێت هی خەڵکی تریش ئەوەیە، من نەمدەویست نە مافم لە سەرووی کەسەوە بێت و نە لە خوارووی کەس.

عارف زێرەڤان: ئێوە لە کوردستانیش و لەنێو گەریلاشدا ژیان، سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان برا گەورەی ئێوەیە و گەریلاکان لەژێر سەرکردایەتیی ئەو ١٥ ساڵ جەنگان، بەڵام عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ یەك ڕۆژیش نەهات لە هەواڵی گەریلا بپرسێت، بۆچی ئەو هەرگیز نەهاتە کوردستان؟

**عوسمان ئۆجەلان:** ئەوە پرسیارێکە کە دەبێت وردبوونەوەی بۆ بکرێت و لەسەری بوەسترێت، پێویست بوو ئەو بێت و بچێتە کوردستان، ناڵێم هەموو ژیانی لە شاخ بەسەر بردبا، بەڵام دەبوو بێتە شاخ و کەشەکە لە شوێنی خۆی بەسەر بکاتەوە، ئەوە کاریگەرییەکی زۆریشی بەسەر گەریلاوە دەبوو، بەڵام ئەو سیستەمی خۆی لە سووریا دامەزراندبوو و نەچوو بۆ هیچ وڵاتێکی تر، ئەگەر ئەوەندە خۆی لە سووریا نەبەستباوە، بهاتبا شاخ و دواتر بەوڵاتانی تردا بگەڕابا، بڕوام وایە ئەو کێشانەی کەوتنەوە بەو جۆرە نەدەبوون کە ڕوویاندا، ئەوکات دەیتوانی سەرۆکایەتییەکی گونجاوتریش بکات.

**عارف زێرەڤان:** عەبدوڵڵا ئۆجەلان چەند جارێك گوتوویەتی کە بەپارەی دەوڵەتی تورکیا و پیاوەکانی دەوڵەتی تورکیا پەکەکەم دامەزراند، تەنانەت دەڵێت بۆ ماوەی سێ ساڵ لە چاوەڕوانی دەوڵەت زیاتریشی بۆ کردوون، بەڵام دواتر هەڵاتووە و چووەتە سووریا، ئێوە ئەو وتانەی ئەو چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

www.arsivakurdi.org

**عوسـمان ئۆجـەلان:** لـە دەسـتپێکی پەکەکـەدا گومـان لەسـەر هەندێـك کـەس هەبـوو، یەکێـك لەوانـە فڕۆکـەوان نەجاتـی و ئەوەیـتر کەسـیرە یلـدرم بـوو، مـن خـودی خـۆم بـاوەڕ ناکـەم کـە کەسـیرە یلدرم بـۆ دەوڵـەت کاری کردبێـت، چونکە مـن کەمێـك ئـەو دەناسـم، نەجاتیشـم جارێـك دیـوە، گومـان لەسـەر هەندێکـی تریـش هەبـوو، بـەڵام ڕاسـتیش نییـە کـە بڵێیـن ئەوانیـش پیـاوی دەوڵـەت بـوون، عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان بـەوان دەڵێـت پیاوانـی دەوڵەت.

**عارف زێرەڤان:** باشە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوختانیان بۆ هەڵدەبەستێت؟

**عوسـمان ئۆجـەلان:** دەکرێـت بڵێـم هـی هەندێکیـان بوختانـە، ناتوانـم بڵێـم کەسیرە یلـدرم سـیخوڕی دەوڵەتـە، باوکـی پەیوەنـدی لەگـەڵ دەوڵـەت هەبـوو، بـەڵام ئـەوە بـە واتـای ئـەوە نایـەت کـە باوکـی چـۆن بـووە ئەویـش بەهەمـان جـۆرە، باوکـم جوتیارێکـی ئاسـایی بـوو، مـن نەبـووم بـە جوتیـار، بەڵکـو بـووم بـە سیاسـەتمەدار، کەسـیرە یلـدرم کاتێـك لەنێـو خەبـات بـوو هیـچ کەسـێك بەچـاوی سـیخوڕ سـەیری نەدەکـرد، بـە بـڕوای مـن لـە بەڵگە زیاتـر پێشـبینییەکان بەکاردەهێـنران.

پـارەی دەوڵەتیـش، عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان کاتێـك قوتابـی بـوو بیمـەی خوێندن و قـەرزی وەرگرتـووە، لـە هەمـان کاتـدا بـۆ ماوەیـەك لـە بەڕێوەبەرایەتـی تۆمـاری خانووبـەرە فەرمانبـەری کـردووەو مووچـەی وەرگرتـووە، بـەو واتایـە پـارەی لـە دەوڵـەت وەرگرتـووە، مـن بـە ڕاسـتەوخۆ لـە دامەزراندنـی پەکەکە هیـچ گومانێك نابینـم، لەسـەر دامەزراندنـی پەکەکـە دەکرێـت دەوڵـەت بـە ناڕاسـتەوخۆ کاریگـەری هەبووبێـت.

**عارف زێرەڤان:** ئەی ئەو شەڕەی دووبارە هەڵگیرسایەوە؟

**عوسـمان ئۆجـەلان:** مـن ئـەو شـەڕە بـە گومانـاوی دەبینـم، دوو سـاڵ و نیـوە هـەوڵ دەدەم تـا پێشـی بگـرم، لـە ئەیلوولـی ٢٠٠٢ هەوڵیانـدا بڕیـاری شـەڕ ڕابگەیەنـن. ئێمـە بەرمـان پێگـرت، لـە کۆنگـرەی دامەزراندنـی کۆنگـرا ـ گـەل

www.arsivakurdi.org

دووبـارە شـەڕیان خسـتەوە ڕۆژەڤ دووبـارە بەرمـان پێگرتـەوە، لـە ئایـای ٢٠٠٤دا لـە کۆبوونـەوەی دووەمـی کۆنگـرا ـ گـەل ئـەو بڕیارەیانـدا، مـن لـەوێ نەبـووم.

**عارف زێرەڤان:** مەبەستتان چییە لە "گومان هەیە"؟

**عوسـمان ئۆجـەلان:** دەتوانـم بڵێـم کـە لەنێـوان عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان و سـوپای تورکیـا ڕێککەوتنێکـی نادیـار هەیـە، سـەرکردەی پەکەکـە وادەزانێـت کـە سـوپا خواسـتی شـەڕی هەیـە و ئەویـش بەگوێـرەی سـوپا دەجوڵێتـەوە.

**عـارف زێرەڤـان:** ڕۆژنامەنووسـانی تورك ئەحمـەد ئالتان و جەنگیـز چانداریش وای دەبینـن کـە ئـەو شـەڕە بڕیـاری خـودی پەکەکـە نییـە و دەڵێـن کـە خواسـتی سـوپای تورکیایە؟

**عوسـمان ئۆجـەلان:** پێویسـتە کـە ڕێـز لـەو وتەیـەی ئـەوان بگیرێـت، شـەڕ ڕێگـە لـە بـە ئەندامبـوون لـە یەکێتـی ئەورووپـا و لـەو گرنگـتر لـە دامەزراندنـی فیدراڵییەتـی کوردسـتانی عێـراق دەگرێـت، ئەوە شـەڕێك نییە کە لـە جێگای خۆی بێـت، ئـەو شـەڕە بـۆ کـورد لـە خزمـەت زیاتـر زیانـی پێدەگەیەنێـت.

**عـارف زێرەڤـان:** ئایـا مومکینە کە لە نێوان عەبدوڵڵا ئۆجەلان و کەمالیسـتەکان و سـوپادا ڕێککەوتنێك هەبێت؟

**عوسـمان ئۆجـەلان:** سـەرۆکی پەکەکـەو پەکەکـە بـۆ ڕێککەوتنێکـی لـەو جۆرە ئامـادەن، بـەڵام سـوپای تورکیـا وە یاخـود دەوڵەتـی تورکیـا ڕێککەوتنـی فەرمییـان لەگـەڵ واژۆ نـاکات، ئـەوان بـە شـێوەی ژێـر بەژێـر لـە یەکـتر دەگـەن و بەیەکەوە دەجوڵێنـەوە، ڕێککەوتنـی فەرمـی نییـە، چونکـە کۆمـاری تورکیـا بەڕێککەوتنـی فەرمـی ڕازی نابێـت.

**عـارف زێرەڤـان:** هـەر لـە سـەرەتاوە لەگـەڵ پەکەکـە بەیەکـەوە جوڵانـەوە، لەکۆتاییـدا پەکەکـە رووخـاو ئێـوە لێـی جیابوونـەوە، ئایـا چـۆن دەتوانـن متمانـە بـە گەلـی کـورد بهێنـن کە ئـەو پارتیە نوێیـەی دایدەمەزرێنـن نابێتە دەسـتپێکێکی وەك پەکەکـە سـەرنەکەوتوو؟

www.arsivakurdi.org

**عوسـمان ئۆجـەلان:** ڕاسـت نییە کە هەمـوو خەباتـی پەکەکە بەسـەرنەکەوتوو هەژمـار بکەیـن، دەکرێـت بڵێـم پەکەکـە لـە خەباتی دووبـارە ژیانەوەی زۆر شـتی ئەنجامـدا، بـەڵام خەباتـی دووبـارە ژیانـەوە لەسـاڵی ١٩٩٣ بـە کۆتـا هـات، ئەگـەر بـە چاکـە و تاوانەکانییـەوە سـەیری پەکەکـە بکرێـت، سـەرەڕای زۆر کەموکـوڕی تا ١٩٩٣ لـە خەباتـی پەکەکـەدا بەرەوپێشـچوون بـەدی دەکرێـت، ڕێچکـەی پەکەکە تـا ١٩٩٣ بەرەوپێـش دەچـوو، بـەڵام لەسـاڵی ١٩٩٣ گیـری خـوارد، لەگـەڵ کات لایەنـە نێگەتیڤـەکان و زیـان بەخشـەکانی گەشـەیان سـەند، بەتایبـەت لەمـەودوا کـورد پێویسـتیان بەجـۆرە سیسـتەمێکی لـەو جـۆرە نییە، ئـەو سیسـتەمە ماوەیەك خزمەتێکـی باشـی کـرد، بـەڵام ئیدی بـەرواری بەسـەرچوو.

ـ هەندێـك دەڵێـن پەکەکـە هـەر لەسـەرەتاوە تـا ئـەوڕۆ هەمـان شـت بـووە، بەگوێـرەی مـن ئـەوە ڕوانینێکـی بەرتەسـکە، ماوەیـەك پەکەکە کاری باشـی دەکرد و بـەرەو پێـش دەچـوو، دوای ماوەیـەك گیـری خـوارد و ئێسـتا بووەتە بەربەسـت، ناتوانیـن بـەو هـۆکارەوە ڕابردوومان بەتـەواوی ڕەت بکەینەوە، بەچـاوی ڕەخنەوە سـەیری هەمـوو مـاوەکان دەکەیـن و دەڵێیـن کـە ئـەو سیسـتەمە ئیـدی خزمـەت بـە بـەرەو پێشـچوون نـاکات. جیابوونەوەمان لـەو خاڵەدا ڕوونکـردەوە، دەڵێین کە ڕەنجمانـداوە بـۆ خەباتـی ڕزگاری کـورد و دەبێـت ئەنجامی ئـەوە وەربگیرێتەوە.

**عـارف زێرەڤـان:** ئەگـەر بـۆ سـاتێك ڕوو بکەینـە ڕابـردوو، گەورەتریـن هەڵـەی ئێـوە لەنـاو پەکەکـە چـی بوو؟

**عوسـمان ئۆجـەلان:** یەکـەم شـت پەشـیمان نیـم لەوەی کـە بەشـداری خەباتی ڕزگاریـم کـردووە، ئـەوە پێویسـتییەکی گەلـی کـورد بـوو، خەباتمـان لەنێـو پەکەکە بەردەوامـی پێـدا، تـا سـاڵی ١٩٩٢ش بـۆ دەربڕینـی ڕوانگەیـەك و بەجێگەیاندنـی پێویسـتییەکانی ئـەو ڕوانگەیـە کێشـەیەك نەبـوو، بـۆ گـۆڕان لێکدانەوەیەکـی باشـم نەکـرد، مـن تەنیـا وەك کرێکارێـك بـووم و هـەر کارێـك بکەوتبـا بەردەمـم ئەنجامـم دەدا. لـەدوای ١٩٩٣ دەمتوانـی لـە بەرانبـەر ئـەو پەکەکەیەی بەربەسـتە

www.arsivakurdi.org

لەبەردەمم، خەبات و زیاتر هەوڵ و كۆشش بدەم و بنەماكانی گۆڕان بەهێزتر بكەم، بەڵام هەروەك گوتم لێكدانەوەم بۆ گۆڕان نەكرد، دەستەیەك هەڕەشەشم لەسەر بوو، ئەو سزای لە سێدارەدانەی بۆم دەكرابوو و فشاری پەكەكە بەسەرمەوە بوون بە هۆكاری بێدەنگبوونم، نەدەبوو بێدەنگ بم و دەبوو بەشێوەیەكی زانایانە بنەماكانی گۆڕان دابڕێژم و بەهێزیان بكەم، خۆم بە بەرپرسیار دەزانم لە بەرانبەر ئامادە نەبوونی ئەو بنەمایانە، بە ڕای من باشتر دەبوو ئەگەر زووتر جیاببواینەوە، هەرچەندە كە دواكەوتین، بەڵام هێشتا بواری ئەوەمان هەیە پێش بە سیستەمێك بگرین كە زیانبەخشە.

**عارف زێرەڤان:** هەموو ئەو پارتیانەی لەلایەن پەكەكە و عەبدوڵڵا ئۆجەلان دامەزرێنراون لەلایەن ئەمەریكا و جیهانەوە وەك پارتیی تیرۆریستی دەناسرێن، ئێوە چۆن خۆتان لە ناتۆرەی تیرۆریست دەپارێزن؟

**عوسمان ئۆجەلان:** دەبێت لە خۆپاراستن زیاتر هەموو سیاسەتەكانمان بە شێوازێكی سەربەخۆ بەڕێوە ببەین، دەستەواژەیەكی دیموكراسییەت بە زمان نا، بەڵكو لە ژیانی ڕاستەقینە بەكاربهێنین، سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەمان لەو چوارچێوەیەدا كار بكات، دەبێت پارتییەكەشمان بەو شێوازە دابمەزرێنین. وابیر دەكەمەوە كە ئەو جۆرە كاركردنە ببێتە مایەی ڕەزامەندیی، گرنگ ئەوەیە سیستەمی خۆمان بگۆڕین، پەكەكە سیستەمی خۆی نادەگۆڕی و نەیدەتوانی بیگۆڕێت، ئێمە دەڵێین با سیستەمی پەكەكە بە باشەو خراپەیەوە بخەینە كەنارێك و سیستەمێكی نوێ دابمەزرێنین.

(لەماڵپەڕی كەركووك كوردستانەوە)

www.arsivakurdi.org



**٩ـ عەبدوڵڵا ئۆجەلان:**

١ـ ساڵی ١٩٩٣ بەو ڕێنماییانەی کە لە شام دەینارد ئاڵۆزییەکانی نێوان پێشمەرگەو گەریلای قوڵتر کردەوە، لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات ئەوە بوو بە شەڕ، لە ئەنجامدا بە گوێرەی ئەو ئامارەی پ.د.ك و پەکەکە بڵاویان کردەوە نزیکەی پێنج هەزار چەکداری کورد کوژرا، ئەوە شەڕی براکوژیی بوو، ئەوانەی پلانی ئەو شەڕەیان داڕشت ئامانجیان ڕووخاندنی گشت پردەکانی نێوان کوردی باشوور و باکوور بوو.

٢ـ لە ئەنجامی ئەو ڕێنماییانەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە شامەوە دای بە ڕێکخستنی پەکەکە لە ئەورووپا، ئەو شانۆگەری گردبوونەوە پڕ لە توندوتیژیانەی بە زیانی کورد و سوودی تورکیاو سووریا بۆ ئەورووپاش گوازرایەوە، بە شێوازێك کە تا پەکەکە وەك تیرۆریست ناسرا، هەر چالاکییەکی دەهاتە ئەقڵی مرۆڤەوە ئەنجام درا، دوای ئەوەی حکوومەتەکانی ئەڵمانیا، فەڕەنساو سوید بڕیاریاندا "بزاڤی پەکەکە بزاڤێکی تیرۆریستییە" چالاکییە توندوتیژییەکان بە بڕیاری عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەستێنران.

٣ـ لەساڵی ١٩٩٣ـەوە ئەو ڕەوتە بە سەرهەڵدان دەناسرا وەستێنرا، بە هەنگاو ژمارەی گەریلا کە نزیکی ٣٠ هەزاری کردبوو بۆ نزیکەی ٧ هەزار دابەزێنرا، ئەو چەکدارانەی ژمارەیان نزیکەی ٧٠ هەزار کردبوو هیچ کەس چارەنووسیان نازانێت، دەستکرا بە لەناوبردنی ئەوانەی لەناو چین و توێژەکان دا ڕەنگ بوو لە داهاتوو بتوانن ڕابەرایەتیی بکەن و کەسە ناسراوەکان لە ڕێگای چالاکی کۆنتراوە لەناوبردران.

٤ـ هێزی کورد لە گۆڕەپانی یاسایی بە هەدەر درا، ئەو پارتییە یاساییەی چەندین جار ناوی گۆڕی کرا پارتیی سەر تابلۆ، دوای هەموو ئەو بەرەو پێش چوونانە، کاتێك فەرماندەیەکی تورك لە هاتای هەڕەشەیەکی زارەکی وەك تەمسیلێك کرد، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ لە سووریا

www.arsivakurdi.org

دەرکرا، لە ١٦ی شوباتی ١٩٩٩لە نایرۆبی لە پایتەختی کینیا بە گوتنی "باش بوو ئێوە هاتن، هەر خۆی ئەگەر ئێوە نەهاتبان من دەهاتم" هێشتا لەناو فڕۆکەکەبوو خۆی بە دەستەوە دا و نیشانەی بە دەست تاقمی هەواڵگریی تورك دا. بەو کامێرایەی گوت کە لەنێو ئەو فڕۆکەیەدا بوو کە ئەوی پێهێنرایەوە تورکیا دایکم تورکە ئەگەر بوارم پێبدەن ئامادەم خزمەت بە دەوڵەت بکەم. کاتێك لە تورکیا لە فڕۆکە دابەزی ئاڵای تورکیای ماچ کرد و خستییە سەر سەری، لە کاتی لێکۆڵینەوە هەموو ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە ڕێکخراو دەیزانی دای بە هەواڵگریی تورکیا، لە بەرواری ٣ی نیسانی ١٩٩٩ داواکارییەکی پێشکەش بە داواکاری گشتی کرد کە تیایدا داوای کرد وتەیەکی تر بدات و دواتر بە پوختکراوەیی ئەو وتەیەی دا:

أ- " ماوەی وتە لێوەرگرتنم زۆر گرنگە، هەم بۆ منیش و هەم بۆ تورکیا، جاری پێشوو کاتێك وتەم لێ وەرگیرا کاتەکە کورت بوو و بەهۆی شەکەتییەوە نەمتوانی هەندێك بابەت روون بکەمەوە و با یەکەمجار دۆخی خۆم بگرمە دەست، من کاتێك لە لێپرسینەوەدا بووم خۆشم لێپرسینەوەم لەگەڵ خۆم دەکرد، لە نێو ئارێشەی ڕاست و چەپ دا من وەك چەپێکی کلاسیکی وە یاخود کوردێکی نەتەوەیی کلاسیکی بینین ڕاست نییە، کاتێك مستەفا کەمال ئەتاتورك کۆماری تورکیای دامەزراند هەروەك سەرهەڵدانەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاواش چەندین سەرهەڵدان ڕوویاندا، من بەدرێژیی و قوڵی بیرم لەو سەرهەڵدانانە کردەوە کە تا ١٩٤٠ بەردەوام بوون، بەڵام ئەوە هەڵەیە کە سەرهەڵدانەکان بەسەرهەڵدانی کوردی ببینین، هێشتا کۆمار تازە دامەزراوە و ئەوانەی سەرهەڵدان دەکەن لە کۆمار رانەهاتوون، بە دوای ئەو رژێمە کۆنەدا دەگەڕان کە رووخا بوو، ئەو سەرهەڵدانانە وەك کاردانەوەیەك لە بەرانبەر کۆمارە تازەکە سەریان هەڵداوە، ڕەنگە بۆ کپکردنەوەیان هانا بۆ توندوتیژییەکی لەرادەبەدەر بردرابێت، بەڵام پێویستە ئەو توندوتیژیانە ئاوا

www.arsivakurdi.org

وەرنەگیرێت، کە بۆ ژێرپێخستنی کورد بووبێت، ئەو ڕێوشوێنانەی دەگیرانە بەر بۆ پاراستنی کۆماربوون".

ب" "هەروەك دەزانن دامەزرێنەری پەکەکە منم، کە پەکەکەمان دامەزراند پرۆگرامەکەمان ئەوکات کوردەکان دەستەواژەی کوردستانی سەربەخۆیان هەبوو، بەپشت بەستن بە بنەمای مارکسیەت دەبوو سیستەمێکی نوێ دابڕێژین، بەڵام ڕووداوە گۆڕاوەکان و کات نیشانی داین کە ئەو پرۆگرامە خەیاڵییە".

ج ـ "من لە ژیانی درێژی ناو ڕێکخراومدا، بینیم کە کورد ئازادییان لەناو تورکیا دەدۆزنەوە، بە ڕای من دەردی کوردەکان نابێت ئەوەبێت کە دەوڵەتێکی جیا دابمەزرێنن، فیدراڵییەت و ئۆتۆنۆمی چارەسەر نییە، چارەسەرێکی لە فیدراڵییەت و ئۆتۆنۆمی لە پێشتر خودی سیستەمێکی دیموکراسییە. لە سیستەمی ئێستای تورکیاشدا مافە سیاسییەکانی کورد دابینکراوە، لەدوای ساڵانی ١٩٩٠ مافە کولتوورییەکانیش پەرەیان سەندووە، ئەوە هێشتاش بەردەوامە، ڕۆژنامەی کوردی دەردەچێت، ئەنیستیتۆتی کوردی دامەزراوە، پارتییێك کە کورد دەنگی بۆ بدات، دەزگا کولتوورییەکان هەن، هەموو ئەوانە نیشانەی ئەوەن کە مافی ڕادەربڕینی ئازادیی کورد لە تورکیا بەرەو پێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەوەوە دەمەوێت ئەوە بسەلمێنم کە لە چوارچێوەی تورکیادا سیستەمێکی دیموکراسیانە و بەیەکگەیاندنی کورد بەمافی ئازادیی ڕادەربڕین بەرەو باشە بردراوە، کە لە گشت تورکیا دیموکراسی بەرەوپێش چوو، بێگومان کوردیش لەوە سوودمەند دەبێت. لەبنچینەدا کورد بەر لە دامەزراندنی کۆمارو دوای دامەزراندنیش ئەندامی ڕەسەنی دەوڵەت بوون".

د ـ گوتی:"لەپرۆگرامەکانی مندا لە دەستپێکەوە زانیم کە خەیاڵە، لەبەر ئەوەی پرۆگرامی پەکەکە بەهایەکی سیاسی نەبوو، وشەی کوردستانم وەك دەستەواژە بەکارهێنا، وەك جوگرافیا خستمە ژێر دەستمەوە و لە

www.arsivakurdi.org

ڕووی زانستیشـەوە نەگـۆڕە کـە دەوڵەتـی کـوردی دامەزراندنـی مومکیـن نییـە، پێویسـتیش نییـە، لـە چوارچێـوەی کۆمـاری تورکیـای ئێسـتادا، بـە بەدیهێنانـی کەشـێکی دیموکراسـی دەکرێـت هەمـوو شـتێك بـەدی بهێنرێت، من بـەو ئەنجامە گەیشـتم."

ه ـ "مـن تاوەکـو ئەمـڕۆ لـەدژی ئەتاتـورك، یاخـود نەتـەوەی تـورك و ئاڵاکـەی یـەك وشەشـم بـەکار نەهێنـاوە، ئەوانـەی گوتوومـە دەچێتـە بـواری ڕەخنـەوە، هیـچ وشـەیەکم نەگوتـووە کـە لـە پێگـەی ئەتاتـورك کـەم بکاتـەوە، بـەردەوام تایبەتمەنـدی ڕابەرێتـی ئەتاتورکـم بـەرز نرخانـدووە، تـاوەك ئـەوڕۆ ئـەو بەڕابەری خـۆم دەبینـم و هەوڵـدەدەم پەیـڕەوی ڕێنماییەکانـی بکـەم، یەکـەم کـەس کـە لەبەرانبـەر هێنانـە خـوارەوەی ئـاڵای تورکیـا لـە دواییـن کۆبوونـەوەی ئەنجومەنی گشـتی پارتیـی دیموکراتـی گـەل هەڵوێسـتم نوانـدو شـەرمەزارم کـرد، لـە کەناڵـی Med tvیـش ئاخاوتنەکانـم سـەبارەت بـەو بابەتـە پەخـش کـراون، کاتێکیـش دەسـتگیر کـرام بەماچکـردن ڕێـزی خـۆم بـۆ ئـاڵای تورکیـا نیشـاندا، ئـەو تۆمەتانـە سـەبارەت بـەو بابەتانـە قبـوڵ ناکـەم".

و ـ "جگـە لـەوە دەمەوێـت ئەوانـە بخەمەسـەر، ئەوانـەی لەسـەرەوە هەوڵمـداوە روونیـان بکەمەوە هەسـتی نێو ناخمـە، ئامانجمان زیاتـر بەهێزکردنی وڵاتەکەمـان و دەوڵەتەکەمانـە و یارمەتیدەربوونـە، هیـچ چاوەڕوانییەکـی تایبەتـم بـۆ خـودی خـۆم نییـە، هـەر کاتێـك هـەلم بـۆ بڕەخسـێت ئامـادەم پارتیـی بێنمـە سـەر ڕێچکـەی یاسـایی، بـۆ ئـەو بابەتـە پێویسـتە ئـەو ئەرکـەی دەکەوێتـە ئەسـتۆی دەوڵـەت جێبەجێی بـکات، دەبێت دەوڵەت ئاشـتی ناوخۆ کـە دەکەوێتە ئەسـتۆی بپارێزێـت و بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەبێت یاسـاکان ڕێك بخات، لە سـەرڕووی هەمـوو ئەوانـەوە یاسـای لێبوردنـی گشـتی دێت کـە پێویسـتە لێبوردنێکی گشـتی بـۆ هەمـوو ئەوانـەی شـاخ و گرتووخانـەکان دەربکات، مـن بۆ ئەو بابەتـە ئامادەم بـۆ هەمـوو جـۆرە یارمەتیدانێك."(وتـەی عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان لـە لێکۆڵینـەوەی

www.arsivakurdi.org

بەردەم داواکاری گشتی بەرواری ٣ی نیسانی ١٩٩٩، کۆتایی هەڵخەڵەتانێك، لاپەڕە ٣٨٠-٣٨٣ دەزگای چاپی کۆمەڵ، ئیستانبۆڵ).

عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەکاتی لێکۆڵینەوە لەلای داواکاری گشتی بەم جۆرە وتەی داوە و کاتێك لە دادگای ئیمراڵیش بردرا بەردەم دادوەر ئەوانەی گوت:

ز ـ "دوای ١٩٩٣ـەوە بەتایبەتی لەدوای ١٩٩٦ ئەو کێشەیە لەچوارچێوەی بنیاتی یەکپارچەیی دەوڵەتدا لەژێر پەرەسەندنی دیموکراسییەتدا بەرەوپێش دەچێت، بە ئاشکرا دەڵێم، لێکۆڵینەوە لە رابردوو و وەستانەوە لەسەر رابردوو سوودی بۆ هیچ لایەنێك نییە، با رابردوو لەبیر بکەین گرنگ ئەمڕۆ و داهاتووە، هیچ رێکخراوێك نییە کە بێ کەمتەرخەمی بێت و هەڵەی نەکردبێت، سیستەمەکان بەهۆی هەڵەکانەوە لەناو دەچن. دوای ٢٠ ساڵ ئینجا گەیشتمە ئەو دەرەنجامە، لەو بابەتەدا بەڕاستمە، جگە لەوە ٦-٧ کەسی لە ئاستی بەرزی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتیی پاڵپشتی لە بۆچوونەکانم دەکەن، سێ وەڵامیان داوە، ئەو بۆچوونەی من، بۆچوونەکانیان لە (Özgür politika ) سیاسەتی ئازاد) کە لە ئەورووپا چاپ دەکرێت بڵاوکرایەوە، گوتیان لەلاتین بۆ هەر چارەسەرێك کە پێی دەگەن، من دەمەوێت پێتان رابگەیەنم کە دەڵێم دەتوانم چەکدارانی رێکخراو لە شاخ بێنمە خوار، واتا دەتوانم یارمەتیدەرتان بم، بێ ئەوەی رێکخراو تووشی لێك جیابوونەوەبێت دەکرێت ئەنجام بدرێت".

س ـ "ئەگەر حکوومەت بانگەواز بۆ ئاشتی بکات بێگومان یەکسەر وەڵامدەدرێتەوە، گەیشتنمان بەو چارەسەرە لەماوەی ٢٠ ساڵ بە نامۆیی نەبینرێت، دوای ٢٠ ساڵ لەوە گەیشتین کە چالاکی دەمانخاتە ئەستەمییەوە، دەمەوێت بانگەوازێکی گرنگ بکەم، من دەمەوێت کۆنگرەی ئاشتی بۆ پەکەکە پێشنیار بکەم، بڕوام وایە کە بڕیاردانیان لەسەر ئەو بابەتە ئاشتی بهێنێت و ئەوە دەگەیەنمە ڕای گشتی، هەر خۆی بڕیارێکی لەو جۆرەمان هەبوو، ئەوەندە بەسە کە وەڵامێکی ئەرێنی ببێت، دەوڵەتەکەمان دەستپێکێکی

www.arsivakurdi.org



ئاشتیانە بکات... لەسایەی ئاشتییەوە پەکەکە دەبێت بە گرنگترین هێزی یەدەگی دەوڵەت، چوار هەزار ساڵە بەیەکەوە دەژین، ئەوانە ڕاستن و دووبارە بەیەکەوە دەژینەوە، هەڵەمان هەبووەو کەمتەرخەمیمان کردووە بەیەکەوە قەرەبووی ئەوانە دەکەینەوەو وڵاتەکەمان بەهێز دەبێت. ئەوە بە هەڵە تێنەگەن کە پەکەکە لە شاخ دادەبەزێت و وەك هاووڵاتی کۆماری تورکیا دەبێت، کە دەڵێم پاڵپشت دەبێت مەبەستم ئەوەیە کەس بە هەڵە تێنەگات."

ش ـ "لە تۆمەتبار دەپرسن کە ئایا نامە بۆ پەرلەمانە کوردییەکەی تاراوگە دەنێرێت یاخود نا، گوتی: ئەو پەرلەمانە بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەموو کوردەکانی بەناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کۆکردووەتەوە، منیشیان وەك سەرۆکی فەخری هەڵبژاردووە و بەو ڕێگەیەوە دەمەوێت ئەوان پێ بگەیەنم، ئەوانە بە تایبەتی لە ئەورووپان، لەگەڵ تورکیا لەگەڵ کۆماری دیموکراسییەتدا دەچینە نێو کەشێکی ئاشتی و برایانەی قوڵ و تاهەتایی. ئێمە ئەوەمان دەوێت، بە هیچ شێوەیەك نزیکبوونەوەی دوژمنانە بۆ تورکیا ڕێگا پێدراو نییە، هەردەم لەسەر بنەمای دۆستایەتی لە تورکیا نزیك ببنەوە و بە زمانی دۆستانە بدوێن و بڵێن کە داهاتووی کورد لەگەڵ تورکیادا دەبێت.).

ـ " من بژاردەی خۆم بەلایەنی تورکیا دا ئەگەر بمرم و هەڵسمەوەش لە تورکیا دەبم و بۆ یەکێتی کار دەکەم. خۆشبەختی و کامەرانی مرۆڤەکان لێرەدا دەبینم، هەروەك لە یەکەم ئاخاوتنم دەرمبڕی نە منیش و نە پارێزەرەکانیشم لە وڵاتەکەم فشارمان نەخراوەتە سەر، ڕوانگەی سیاسەتمەدارە ئەڵمانەکان لەو بارەوە ڕاستییەکان دەرناخەن، هەر لەو ڕۆژەوە کە هاتمە تورکیا تا ئێستا هەمووان بەڕێزەوە مامەڵەم لەگەڵ دەکەن، منیش بە هەمان شێواز وەڵامی ئەوان دەدەمەوە".

ـ "من بڕوا بە نەتەوەیی کولتوورەکان دەکەم، بۆچوونی سەکبان (ئەو کەسایەتییە کوردە و پەرتووکێکی هەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کوردەکان

www.arsivakurdi.org

تورکن) کە دەڵێت کورد دەیانەوێت لەناو کۆماری تورکیادا بژین، منیش هەمان بۆچوونم هەیە، دەمەوێت لەژێر کۆماری تورکیای دیموکراتیدا بژیم، بڕوام بە نەتەوەیی کولتووری ئەتاتورك هەیە، بە تەواوی هاوڕام لەگەڵ زیبا گۆکالب لەو وتارەی دەربارەی کوردەکان و تورکەکان لەساڵی ١٩٢٢دا نووسیویەتی (ڕەگەزپەرستی تورکی بە رەچەڵەك کورد کە بەوتەی لەکاتی گەڕان بەدوای کوردبوونمدا تورك بوونی خۆم دۆزییەوە، ناوبانگی دەرکردووە).

ـ "پارێزەر جاهید تۆرون کە هاتە ناو باس و داوای مافی ئاخاوتنی کرد گوتی: (تۆمەتبار لە سەرەتای دادگاییکردنەوە تا ئێستا هەڵوێستێکی زۆر جوانی نواند و لێی رازین، لە وتەکانی ئاماژە بە کۆماری دیموکراسییەت دەکات، ئایا مەبەستی لەمە چییە؟).

تۆمەتبار داوای مافی ئاخاوتنی کرد:

پرسیارێکی گرنگە سوپاسی جەنابیان دەکەم و روونی دەکەمەوە، لە کۆمەڵگای کوردی هێشتا کێشەیەکی زۆر جیدی دیموکراسی هەیە، لە نێوان کورد و دەوڵەتدا سێگۆشەی ئاغا شێخ و عەشیرەت بوونەتە بەربەست، ڕێگایان گرتووە لەوەی تاك ببێت بە هاووڵاتی ئازاد و کۆمەڵگا ببێت بە کۆمەڵگایەکی ئازاد، هەر کە ئەو بەربەستە هەڵگیرا تاکی کوردی باوەش بە کۆماردا دەکات، بەو هۆکارە دەڵێم کۆماری دیموکراسی بەم جۆرە زامنی یەکگرتوویی دەکەین و خوێنێکی نوێ دەدرێت و کۆمار بەهێزتر دەبێت، دەمەوێت بەو دەستەواژەیە باسی لێ بکەم زۆر دەگرێتە خۆ و هەرچەندە لەسەری بوەستین جێگای خۆیەتی"(لەدانیشتنی مێژوویی دادگاییکردنی ئۆجەلان بەرواری ٣ی حوزەیرانی ١٩٩٩، کۆتایی خەڵەتانێك، لاپەڕە ٣٨٨-٣٨٩، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵ، ئیستانبۆڵ).

عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە یەکتربینینی ٢٠٠٤/١/٩ی پارێزەرەکەی رێك وەك کەمالیستێك و دوژمنێکی کورد لە بەردەممان دایە:

"ئایا مستەفا کەمال لە ساڵانی ١٩٢٠ بە ناوی ئازادیی دەرنەکەوت؟

www.arsivakurdi.org

دەرکەوت. نەیگوت برایەتیی کورد ـ تورك؟ گوتی. خۆی کردە خاوەنی ئازادیی. گوتی کە ڕزگاربوونی تورکیا بە تورك و کورددا ڕەت دەبێت، مێژوو ئەوە دەڵێت، ئێمە ئەوە نەبینین؟ شێخ سەعید بەناوی وەحیەدین دەرکەوت، لەڕاستیدا براڤێکی کوردیش نەبوو، ئینگلیزەکان دەریانخست، وەك ڕووداوی ئەمڕۆی مووسڵ ـ کەرکووکە. مستەفا کەمال لەسەرەتادا قەتڵوعامی کوردی نەدەکرد، کە سەرهەڵدان دەستی پێکرد، بۆ پاراستنی کۆمارەکەی زۆر لە ڕادەبەدەر بوو، کەمالیستی ڕاستەقینە ئەوانەن کە بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی وڵاتەکەیان هەوڵدەدەن، تۆ چیت کرد؟ عوسمان ڕۆیشتە باوەشی ئەمەریکا، جەلال دانیشت، ئێستا نەتەوەپەرستی دەکات، کەمالیستەکان بە دوژمن دەبینێت! ئەگەر بە دوژمنی دەبینی وەرە لە دژی شەڕ بکە، ئەو کارانە ئاوا بە نەتەوەپەرستی ناکرێت، گوندییێکی کورد لەگەڵ گوندییێکی تورك بنووسن، با بەخێرایی بەسەریدا ڕەت بن، ئێمە لە دژی کەمالیزم نین و بە کەمالیستەکان دەڵێین ئازادیی تورك بە ئازادیی کورددا ڕەت دەبێت، کەمالیستەکانیش لە تورکیا وردە وردە دەستیان پێکردووە لەوە بگەن".

(لەدیداری پارێزەری ٢٠٠٤/٩/١)

**١٠ـ حوسێن ئەردەم:** کاتێك ئایەتەکانی ئاپۆ بڵاوکرایەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکرا، لە هەندێك ئۆرگانی ڕاگەیاندن وتاری لە دژ نووسرا (هاوڕێیان شتێکتان پێ بڵێم، من گوتم لەو کارەدا سەلیم بە تەنیا نییە و گەورەترین یارمەتیدەری ئەو لەو کارەدا ئەو حوسێن ئەردەمەیە.. ئێستا کە پەرتووکەکە دەخوێنمەوە دەبینم کارەکان ڕێکخراون، بە گەورەتر لەوەی مەزەندەم دەکرد سەرچاوەیان گرتووە، حوسێن ئەردەم قۆرخکاری یانەی پێنی کوردی دوای پەرشت و بڵاوبوونەوەی پارتیی کۆمۆنیستی تورکیا لە شەقامی کوردی بە دەرکەوت و بە فرت و فێڵەوە پێنی کوردی خستە ژێر دەستی خۆی، ئەو بەهرانە لە

www.arsivakurdi.org



پارتیی کۆمۆنیستی تورکیاوە دێن... سەلیمی ئەندامی یانەی پێنەکە لە زیندان دەرچووە لەگەڵ حوسێن هاوشارن، هەردووکیان خەڵکی چەولیگن، سەلیم و حوسێن بەیەکەوە دەچنە ریۆ دی جانیرۆ، بێگومان بەپارەی پیاوێکی کاری کورد... دواتر سەلیم لە بەیروت دەکەوێتە تەنگانە یەکەم کەس کە هانای بۆ بردووە ئەو حوسێنە بووە، دواتر خاچی سووری نێودەوڵەتی، دواتر پێنی ئەڵمانی، دواتر پێنی کوردی، هەموو ئەوانە کار بۆ سەلیم دەکەن. ئەسپ سوار و شیر لە دەستەکان!" ئەوەی ئەو دێڕانەی نووسیوە یاشار کایلایە کە ئەوکات ماستاوچی ئۆجەلان بوو، ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٩٤ ڕۆژی پێنجشەممە ڕۆژنامەی Özgür Ülke).

ماوەیەکی درێژ ناچار بوو خۆی لە مەترسییەکان بپارێزێت، وەك شارەزا و هۆزانڤانێکی کورد هێشتا لە زانکۆی کۆڵن وانەی کوردی دەڵێتەوە.

**١١ـ سەلاحەدین چەلیك:** کاتێك لە کەناڵی Med tvی کاری دەکرد بەفەرمانی ئاپۆ دەرکرا، نەیتوانی لەگەڵ ئۆجەلان رێك بکەوێت نەشیتوانی بە تەواوی شەڕی لەگەڵ بکات، پەرتووکێکی بەناوی "هەڵگرتنی چیای ئاگری" نووسی، لەو پەرتووکەدا بەو دێڕانە باسی لە ئۆجەلان کرد:

"کاریزمای بەهێزی ئۆجەلان، شێوازی بەڕێوەبردنی ملکەچکردنی تەواوی بۆ خۆی دەوێت، تەنانەت ئەو ڕاستییانەش کە بەسوودی ئەو نین لێدوانی لایەنانەی بۆ دەکات و بەشێوەی زۆرداری جێبەجێیان دەکات، بە شێوازە رەق و دڵشکێنەکەی ئەوەی دەیەوێت و پێی خۆشە دەیڵێت و بنیاتێکی ئاوای دامەزراندبوو، هەر کەسێك بیەوێت دەیخاتە ئەو شوێنە کە دەیەوێت، کەسەکانیش بەو جۆرە خۆیان بە قەرزاری ئۆجەلان دەزانن بۆ ئەو پێگەیەی کە تیایدان، ئەوەش لە بەشێك لە مرۆڤەکاندا لە شوێنی پەیوەست بوون بە بڕواکان پەیوەستبوونیان بە سوودەکانیان هەڵدەبژارد، ئەوانە ڕاستییەکان نا

www.arsivakurdi.org

بەڵکو ئەوەی کە ئارەزوویەتی بە ئۆجەلانییان دەگوت، ئەوانە تەنیا کورد نا، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر تورك و ئەورووپاییش کە پەیوەندییان بە پەکەکەوە هەبوو لەنێو ئەو کەسە خۆپەرستانەدا هەبوون، کاتێك چووە ئیتاڵیا ئەم جۆرە کەسانە چواردەوری ئۆجەلانیان گرت، ئەویش گرنگیدا بەو کەسانە، دەکرێت بڵێین هیچ هاوڕێیەکی نزیك لە چوار دەوری نەبوو، لە ڕاگەیاندنی کوردی و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا ئەو جۆرە کەسانە باڵای خۆیان نیشان دەدا، دیبلۆماسییەتیش ئەوانە بەڕێوەیان دەبرد، ئەو کەسە سووکانەی شوێنیان زبڵدان بوو، دەچوونە پێشی دەستە پەکەکە بڕوادار و قارەمانانی گەل، ئۆجەلانیان دەخەڵەتاندو ئەویش لەگەڵ ئەوان لەو خەیاڵەدا دەژیا.

هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە کۆتایی خۆی هێناو ئەو دۆخە بەرپرسیاریی تایبەت خودی خۆیەتی، لە سووریادا سیاسەتمەدارە ئەورووپاییەکان، سیاسەتمەدارە کوردەکان، پیاوی ئایینی کریستیانەکان، فەرماندە یۆنانییەکان، ئاغای عەشیرەتە کوردییەکان، ڕۆژنامەوانە ئەورووپی و تورکەکان هەموو بە یەکەوە لە ئامادەباشیدا وەستان، هەمووانیش بۆیان باس دەکرد کە ئەو چەندە گەورەیە، هەندێکیشیان زیادەڕۆییان کرد ڕایانگەیاند کە پێغەمبەرە، بە عیسا، محەممەد و سوقرات پێوانەیان کرد، تەنانەت گوتیان کە مەزنترە، هەندێك لە دەستەی بەڕێوەبەرانی پەکەکە تیۆری ئەوەیان داڕشت، کاتێك پێویست بوو "هەڤاڵ" کرا بە "پێغەمبەر"، ئەو شێوازە هەنگاو بە هەنگاو بە پەکەکەو خەڵك نیشاندرا، ئۆجەلانیش چێژی لەمە بینی، ئەوانی هاندا بۆ نووسینی پیاهەڵدان و هەر پیاهەڵدانێکی کرد بەشیکردنەوەی کەسە خۆویست و ماستاوچییەکان پیاهەڵدانەکانیان بەو توانایانەی کە لە سایەی خوێنی کورد وەدەست هاتبوون کران بە پەرتووك، ناوەکانیان بوو بە "دۆستی سەرۆك". "نووسەری مەزن". (هەڵگرتنی چیای ئاگری، سەلاحەدین چەلی، لاپەڕە ٤٣٤، دەزگای چاپی زامبۆن، فرانکفۆرت، تەممووزی ٢٠٠٠).

سەلاحەدین چەلیك بەهۆی نووسینی ئەو پەرتووکە لەشاری کۆڵنی ئەڵمانیا لە ماڵەکەی دووچاری هێرش بووەوە، لەلایەن چوار کەسەوە بەرادەی مردن لێیدراو بە ڕێکەوت بە زیندوویی ڕزگاری بوو، ئێستا لە ئەڵمانیا دەژییێت.

**١٢ـ ساکینە جانسز**[٣]: ئەو ساکینەیەی بۆماوەی ٦ ساڵ لە کوردستانی باشوور سووکایەتی پێکرا، بەواتای ڕاستی وشە ببوو بە بەندە، هەموو ئاخاوتنەکانی بە "سەرۆك" دەست پێدەکات، بەسەرۆك کۆتایی دێت، ئێستا لە ئەورووپا هێشتا بە گوتنەوەی سەرۆك لەپێش خۆیەوە دەژییێت!

**١٣ـ حوسێن یلدرم:** بەر لە بڵاوکردنەوەی "ئایەتەکانی ئاپۆ" یەکترمان بینی، ئاگاداری زۆربەی ئەو شیکردنەوانە نەبوو کە ئۆجەلان سەبارەت بەو کردبوونی، لەگەڵی لە مانگی شوباتی ١٩٩٤ لە کێڵگەیەکی سەر بە ڕێکخراوی لۆنگۆ مایی لە سویسرا یەکترمان بینی، بە تەواوی پیر بووبوو، قژی سپی بووەو قاچێکی کەمێك شەل بووە، دەیگوت کە ئاپۆ تەواو بووە و کۆتایی پێهاتووە، ڕەخنەی ئەوەی لە زیندانیکراوەکان دەگرت کە هەڵوێستیان نەنواندووە لە بەرانبەر ئاپۆ، کە خێزانەکەم ئایسەل پێی گوت:

ئۆجەلان سەبارەت بە تۆ دەڵێت "حوسێن لە سوید لەدورگەیەك ژیان بەسەر دەبات، ٥٠٠ پۆلیسی سویدی پارێزگاری لێدەکەن"، حوسێن پێکەنی و بە زاراوەیەکی تەواو دەرسیمی گوتی:

"خوشکە، خوشکە ئەی پێتان نەگوت سەرۆك وەزیرانێکی گەورەو گرانی

---

٣ ساکینە جانسز لەساڵی ٢٠١٣ لە پاریس لەگەڵ دوو ئافرەتی تری کورد لەنزیك وێستگەیەکی شەمەندەفەری گار دی نۆرد، لە بیرۆیەکدا بە گوللەباران کران و کوژرا، عومەر گونەی تۆمەتباری بکوژیان ئەندامی دەزگای هەواڵگریی تورکیا و پەکەکەش بوو، بەر لە دادگاییکردنی بەهۆی ئەو گرێیەی لەمێشکیدا هەبوو، کۆچی دوایی کرد. (نووسەر لەکاتی وەرگێڕان خۆی ئەو پەراوێزەی زیادکردووە).

www.arsivakurdi.org

سوید لەبەر ئەوەی یەك پاسەوانیشی لا نەبوو پارێزگاری لێ بکات لە ناوەڕاستی بازاڕ لێیدرا، ئەو حوسێنە کێیە تا ٥٠٠ پۆلیس پارێزگاریی لێ بکات؟"

حوسێن یلدرم لەساڵی ١٩٩٩ بە نووسینی پەرتووکێك بەناوی (ئەمینە شەل) باسی لە قەتڵوماتی کەمالیستەکان دەکرد کە لە دەرسیم ئەنجامیاندا، پەرتووکەکە بە تورکی و فەڕەنسی بڵاوکرایەوە، وا خەریکە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی سویدیش، ئەو حوسێن یلدرمەی لای هەندێك بە سیخوڕی سەرۆك ئەرکانی تورکیا دەناسرێت، قەتڵوماتی دەرسیم دەگەیەنێتە گوێچکەی جیهان، ئەو ئۆجەلانەش کە بەسەرکردەی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی دەناسرێت خۆی دا بەدەست سەرۆك ئەرکانی تورکیا و لە ئیمرالیەوە هەوڵدەدات بە جیهان بڵێت قەتڵوعامێك ڕووی نەداوە بەناوی قەتڵوعامی دەرسیم.

**١٤ـ کەسیرە یلدرم:** نەمتوانی بیدوێنم و بیبینم، بێدەنگی پاراستووە.

**١٥ـ سەلیم چوروککایا:** کاتێك ئایەتەکانی ئاپۆ بڵاوکرایەوە بڕیاری مەرگی بۆ دەرکرا، خوێنەرانی پەرتووکەکەی دووچاری هێرش کرانە سەر بوونەوە، سەلیم لە ئەوروپا بەخۆحەشاردان ژیا، لەماوەی ١٠ ساڵدا ١٠ جار ماڵی گواستووەتەوە، بەنۆرە لە شارەکانی بریمەن، ئەسسەن، دویسبۆرگ، مونستەر، بەرلین، و لۆبەك ژیا، ئایەتەکانی ئاپۆ وەرگێڕدرایە سەر ئەڵمانی و بە پێشەکی نووسەری ناودار گونتەر والراف لەلایەن فیشەر ڤەرلاگ بڵاوکرایەوە، کەناڵە تەلەڤزیۆنی و ڕۆژنامە مەزنەکانی ئەورووپا سەبارەت بە پەرتووکەکە دیداریان لەگەڵ ئەنجامدا، ساڵی ١٩٩٩ سەنتەری پێنی ئەڵمانیا بەهۆی نووسینەکانی بە بیانووی ئەوەی ژیانی لەمەترسیدایە لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Exil) خستیە پارێزبەندییەوە، ماوەی سێ ساڵ بیمەی پێدا، لەساڵی ١٩٩٩ ڕۆمانێکی بەناوی "کۆترەکەشیان کوشت" بڵاوکرایەوە، تا ئێستاش لە ئەڵمانیا دەژیێت.

١٦ـ باقی کارەیر: نەمتوانی بیبینم، لەساڵی ١٩٩٩ لە سوید پەرتووکێکی بڵاوکرایەوە، لەو پەرتووکەدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەر لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ـەوە سیخوڕی دەزگای میتە.

**١٧ـ عومەر چوروککایا:** کاتێك فەرماندەی گەریلابوو لەساڵی ١٩٩٧ لەدەرسیم لەشوێنێك کە بە دەربەندی عەلی ناسراوە لە ئەنجامی بەسەردادانێك گیانی لەدەست دا، باوکی تەرمەکەی لە دەرسیم بردەوە چەولیگ، گوندی چلکانی، لێرەدا لەتەك حەسەنی برای گەورەتری نێژرا.

**١٨ـ دکتۆر باران:** کاتێك لە دەرسیم فەرماندەیی گەریلای دەکرد، وای کرد کە ڕاگەیاندنەکان باسی بکەن، خۆشەویستی خەڵکی بەدەست هێنا، ئۆجەلان کە ئەو دۆخەی پێ قبوڵ نەکرا، یەکەی دەستتێوەردانی نارد بۆ دادگاییکردنی باران، ئەو یەکەیە کاتێك گەیشتە دەرسیم بارانی دەستگیرکرد، بە گوێرەی بۆچوونەکانی ئۆجەلان کە لە ڕۆژنامەی سەرخوەبوون بڵاوکراوەوە "باران گەریلای سیڤیل کردووە، هەموو ڕۆژێك سەدان کەسی سیڤیل لە خەڵکەوە بە ئۆتۆمبێل دەچوونە سەردانیکردنی، وەك بڵێی ئەوەندەش بەس نەبێت باران لەگەڵ ئەو رائیدە تورکەی لە دەرسیم خۆی کوشت ڕێککەوتنی ئەنجامداوە، بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە باران هێرشی گەریلا دەوەستێنێت و رائید لە دژی گەریلا ئۆپەراسیۆنی ئەنجام نەدەدا، باران کە نەیدەویست مل بۆ ئەو بوختانانە کەچ بکات، نارنجۆکێکی بە سنگی خۆیەوە تەقاندەوە و گیانی لەدەستدا، پرۆتیستۆی ئۆجەلانی کرد، ئۆجەلان کە یەکەم جار بارانی وەك خیانەتکار لە قەڵەم دا دواتر جەستەکەی بە هەڵسەنگاندنێکی "لۆژیکیانە" هەڵسەنگاند. بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنە دکتۆر باران زۆر پەیوەست بووە

www.arsivakurdi.org

بەسـەرۆك ئاپـۆ، ئـەو ئەرکانـەی پێـی سـپێردراوە نەیتوانیـوە بـەو شـێوەیە کـە شـایانە جێبەجێیـان بـکات و شـەرمی کـردووە کـە بێتـە بـەردەم سـەرۆك و بەهۆی ئـەو شـەرمکردنەوە هەڵسـاوە بـە خۆکوشـتن، ئۆجـەلان ڕای لـەو هەڵوێسـتەی ئەو نەبـوو، بـەڵام دووبـارە لێـی خۆشـبوو و بەشـەهید لەقەڵەمـی داوە، سـەرەڕای ئـەوەش لـە کۆنگـرەی پێنجەمی سـاڵی ١٩٩٥ ئەوەی پـێ پشتڕاسـت کردوونەتەوە. "هەڤـاڵ دکتـۆر بـاران بـە ڕابەرایەتیـی پارتیی گوتـووە (پەیمان دەدەم کـە جارێکی تـر وەك تاوانبـار نەیەمـە بـەردەم جەنابتانـەوە) و لەسـەر ئـەو بنەمایـە لەلایـەن پارتییـەوە وەك ڕێکخـەری هەرێـم لـە دەرسـیم دامەزرێـنرا..

بەسـۆز بوونـی کەسایەتیی هەڤـاڵ دکتۆر بـاران، زوو زویربوونی لە سیاسـەت، پاڵـی پێـوە نـاوە بـەرەو بـێ چارەسـەربی و نامۆبـوون، لـەو دۆخـەدا لەگـەڵ ئـەو ڕانەگرتنـەی پەیـمان کـە بـە ڕابەرایەتیـی پارتیـی و پارتییەکەی دابوو و هەسـتی بە شـەرمەزاری دەکـرد و بـۆ پاڕاسـتنی کەسایەتییە دەرەبەگانەکـەی ئەو چارەنووسـە تراژیدیایـەی بەسـەرهات." (١٥ی نیسـانی ١٩٩٥ بەرخـوەدان، لاپـەڕە ٣٠).

**١٩ـ مەجیـد گومـوش:** لـە زیندانـی دیاربەکـر ددانپێنـەر بوو، کاتێـك چووە لای ئۆجـەلان لـە بیقـاع بـوو بـە قەرمانـدەی گەریلا، دووبـارە بـە فەرمانـی ئۆجـەلان لـە هەرێمـی گاپ وەك فەرمانـدەی گەریـلا دامەزرێـنرا، کاتێـك لەلایـەن پۆلیسـی تورکـەوە لـەوێ دەسـتگیر کـرا دووبـارە بـووەوە بـە ددانپێنـەر و لـە کەناڵـەکان بە دەر کـەوت، دوای لێکۆڵینـەوە بـە بڕیـاری دادگا دەسـتگیر کـرا، دوای ماوەیـەك لـە زیندانـی دیاربەکـر وەك بەرپرسـی دەستبەسـەرەکان ئەرکـی پێسـپێردرا، دوای ئازادبوونـی دووبـارە چووەتـە شـاخ و لـەوێ وا دەگوترێـت کـە وەك فەرمانـدەی (تاقـم) ئەرکـی پـێ ڕاسـپێردراوە.

www.arsivakurdi.org

**٢٠ـ فەیسـەڵ دونلایجـی (کانـی یلـماز):**[٤] هێشـتا لـە باشـووری کوردسـتان دەژییێـت، بـەڵام ئۆجـەلان گومانـی لەویـش هەیە، عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان کاتێك خۆی دایـە دەسـتی دەوڵەتـی تـورك، لـە کاتـی لێکۆڵینـەوەدا سـەبارەت بـە فەیسـەڵ دونلایجـی ئەوانـەی بـە لێکۆڵـەرەوەکان گوت:"فەیسـەڵ دونلایجـی لـە بەریتانیـا چـوار سـاڵ دەسـتگیر کـرا، لـە ئەورووپا بەرپرسـی بـەرەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیی کوردسـتان بـوو و بەسـوودی دەزگای هەواڵگریـی بەریتانیـا چالاکـی ئەنجامـدەدا، هەواڵگریـی بەریتانیـا هەوڵـدەدەن کە لـە دوای من ئەوە بێننە سـەرووی ڕێکخراو. (وتـەی لێکۆڵینـەوە، کۆتایـی خەڵەتانێـك، دەزگای چاپی کۆمەڵ، ئیسـتانبوڵ، لاپەڕە ٣٥٩).

فەیسـەڵ دۆنلایجـی لەسـاڵی ٢٠٠٤ لەگـەڵ عوسـمان ئۆجـەلان بەیەکـەوە لەنـاو ڕێکخـراو هەڵاتـن و ڕایانگەیانـد کـە پارتییێکیـان بەنـاوی پارتیـی وڵاتپارێزانی دیموکراتـی کوردسـتان دامەزرانـدووە، فەیسـەڵ لـە ڕێـگای ماڵپـەڕی پارتییەکـەوە ڕایگەیانـدووە کـە بۆچـی لـە ڕێکخـراو جیابووەتـەوە: لـەو ڕێگایـەوە دەمەوێـت جارێکیـتر بەنـاوی خـۆم هـۆکاری جیابوونـەوەم بـۆ ڕای گشـتی روون بکەمـەوە:

١ـ وای دەبینـم هەڵسـەنگاندنی کەمالیـزم کـە دەمێکـە نزیکبوونـەوەی تاکتیکـی ڕەت داوە و خەریکـە دەبێتـە ڕێچکـەی ئایدیۆلۆژیـا، قبـوڵ نەکـراوە. لـە کاتێکـدا لـە تورکیـادا تەنانـەت کەمالیسـتەکانی رابردووش لەگەڵ ڕاسـتی سـەدەی ٢١ لـە بەرانبـەر کـورددا هەڵوێسـتێکی وا دەنوێنـن کـە ڕەخنـە لـە خۆیـان دەگرن، لەڕوانگـەی منـەوە مومکیـن نییـە کـە قبوڵـی بکـەم ئـەو ڕاسـتییە مێژووییانـەی پێویسـتە پەسـەند بکرێـن و بـەو جـۆرە پەردەپـۆش بکرێـن.

٢ـ ماوەیەکـی درێـژە چارەسـەری کێشـەی کـورد لـە ڕۆژەڤ دەرهێـنراوە، لـە

---

٤ لە ئەنجامی تەقاندنەوەی بۆمبێك بە ئۆتۆمبێلەکەیدا لە بەرواری ١١ی شوباتی ٢٠٠٦ لە شاری سلێمانی کوژرا، نیشانەکان وای دەردەخەن کە هێرشەکە لەلایەن پەکەکەوە ئەنجام درابێت (دەزگای چاپی دۆز ئەو پەراوێزەی بۆ چاپی سێیەمی تورکییەکە زیاد کردووە).

www.arsivakurdi.org

شوێنی ئەو وتەیەکی دیموکراسیکردنی گشتی دانراوە کە بەرجەستە نییە، ئامانجی داخراوەو پلان بۆ داڕشتنی مەحاڵە، بەڵام سەرەڕای ئەو وتەیە نەوەك ئەو هێزەی کە ناوچەکە بە دیموکراسی دەکات، بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ دۆخی ئێستادا هەڵبژێردراوە، لە ساڵانی دواییدا تەنانەت یەك گفتوگۆی جیدی لە نێو ڕێکخراو دەربارەی دۆزینەوەی ستراتیژیەکانی ڕێگاچارە، بەرەوپێشبردنی میکانیزمی دیالۆگ و پەیوەندییەکان نەنراوە. ڕێکخراو بە عەقیدەی چەپگەری و دەستی زۆرداری نەتەوەی دەسەڵاتدار لەنێو ڕێکخراودا کراوە بە ئامرازێکی خەبات بۆ خەباتکردن.

٣ـ بەهۆی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی بۆ پەیوەندی ـ ڕێککەوتن هەیەو بەردەوامی دەدات، لە جیهانی دیموکراسیدا دوورخراوینەتەوە، لە ساڵانی دواییدا هیچ دیدارێکی جیدی نێودەوڵەتی ئەنجام نەدراوە، زمانی زۆرداری چەپ ڕێگای کردووەتەوە بۆ پەراوێزبوونی نێودەوڵەتی ڕێکخراو.

٤ـ لەڕاستیدا بەهیچ جۆرێك ڕێگا بە دیموکراسیبوون نادرێت لە نێو ڕێکخراوو لەو ماوەیەدا چاکسازییەکانی قبوڵ نەکراو لە نێو ڕێکخراودا بەردەوامی کێشاوە و تەنیا بەو هۆکارەوە بووەتە هۆی جیابوونەوەی هەزاران کەسی نیازپاك.

٥ـ کوردایەتی و وڵاتپەروەری لەگەڵ نەتەوەپەرستی دواکەوتوو بەهاو واتا دادەنرێت، کراوە بە سیاسەتێکی دوژمنانە لەبەرانبەر فیدراڵییەتی باشوورو هێزەکانی باشوور، لەسەرووی هەمووانەوە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و ڕاگەیاندنەکان دەزگاکان بە تورکی دەکرێن، وڵاتپەروەریی بەشێوەی سیستەماتیك و بەدەستی ئەنقەست وەلا دەنرێن.

٦ـ وازی هێناوە لە دەستکەوتەکانی وەك دەوڵەت، فیدراڵیەت...هتد هێناوەو لەکاتێکدا کە مافە کولتورییەکان بە بنەما وەرگیراون، هەرچەندە بە گوێرەی پێویست نەبێت لە سەردەمێکدا بووین کە هەندێك هەنگاو نرابوو

پێویستی بە هاندان هەبوو، سیاسەتی شەڕ و توندوتیژی خەریك بوو دەبوو بە ستراتیژیەتی نزیکبوونەوە". ئا بەهۆی ئەو هۆکارانەوە کە لێرەدا بەکورتی پوختم کردوونەتەوە و دەکرێت زیاتر وەردەکارییان بۆ بکرێت لە رێکخراو جیابوومەوە.

فەیسەڵ دۆنلایجی کۆتایی تەنیا بەوەندە ناهێنێت کە هۆکاری جیابوونەوەی لە رێکخراو باس بکات، بەڵکو بنەمای رێکخراویش باس دەکات:

" بەهۆی ئەوەی نەمانتوانی سیستەمێك دابڕێژین بە گوێرەی پێویست بۆ گۆڕان، دیموکراسیبوون و ماف و خەباتمان پێ پتەو بکەین، فیداکاری، پەیوەستبوون و ڕاستگۆیی کە بەبینین بەرز دەکرێنەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێك دەستەواژەی واتایی کە نزم دەکاتەوە سەر ئەرز بەرزمان کردەوە سەرووی مرۆڤ کە بەرجەستەیە و سەرووی مافە سروشتییەکانی مرۆڤ. بەو کەسایەتییە ئایدیۆلۆژیایەی کە بەم جۆرە دروست بووە کۆمەڵگاشمان لە قاڵبدا، ئێمەش بووین بە ئەفەندییە ساناو قوربانییە ساناکانی ئەو جۆرە لە قاڵبدانە، بینیمان وەك ئەوەی بە ئاسانی دەکرێت ببیت بە خیانەتکار ئاوا بە ئاسانیش دەکرێت ببیت بە قارەمان، بە نموونەی هەژمار نەکراو بووین بە شایەتی بارێکی ئەو رێچکەیەی ئەو دوو دەستەواژەیە زۆر بە ئاسانی تیایدا جێگای خۆیان دەگۆڕنەوە کە لەهیچ شوێنێکی تر بەقەد لای ئێمە باریك نییە".

فەیسەڵ دۆنلایجی بەردەوام دەبێت، کاتێك خۆی فەرمانبەری مۆری خیانەت بوو و کەسەکانی بە خیانەت تۆمەتبار دەکرد، سەبارەت بە نووسەری ئایەتەکانی ئاپۆ دەڵێ: (گەورەترین بێشەرەفی کە تاك لە ژیانیدا بکەوێتە ناوییەوە، بێ هیچ گومانێك خیانەتە، ئاشکرایە کە بێ شەرەفیش جۆری هەیەو تەنانەت هەروەك ئەوەی لەژیانمان شایەتی بووین، لە هەندێك دۆخی دیاریکراودا کە مومکینە دووبارە بگەڕێتەوە ڕیزەکانی بوراوەکان و شەرەفمەندەکان، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ڕێگای گەڕانەوە، لێخۆشبوون و

www.arsivakurdi.org

هاتنـەوە ریـزی شـەرەفمەندەکان نییـە لـە حاڵـەتـی خیانـەتـدا کـە خراپتریـن دۆخە مـرۆڤ بکەوێتـە ناویـەوە.. سـەلیم چوروککایاش کـە دوایین نموونـەی خیانەتە لەو جـۆرە خیانەتانەیە کە لەسـەرەوە ئاماژەمان پێداوە.. هێرشـکردنە سـەر ڕابەرایەتیی بـە ئەنقەسـتە، چونکـە هێرشـکردنە سـەر ڕابەرایەتیـی بـە واتای هێرشـکردنە سـەر نەتـەوە و خەبـات، ئەوانـەی کـە لـە دوا وتـەی ژیانیـان پـڕ بـە گـەروو هـاواری ڕابەرایەتییـان دەکـرد و شـەهیدبوون، ئـەو دەزگایـەی کـە گردبوونەوەیەکـە لـە هەمـوو ئـەو پیرۆزیانـە دێـت. نموونـە ئـەو بێـنرخ و سەرسـەرییەی پەرتووکێـك دەنووسـێت، تەنانـەت بـە یـەك وشـە هێرشـی نەکردووەتـە سـەر شـەڕی تایبەت". وتاری بە واژۆی بەدران یلماز ، Özgür Ülke، ١٩٩٤/١٠/١٠) دوای ١٠ سـاڵ کاتێك خـۆی بـە خیانـەت تۆمەتبـار دەکرێت بـەم جۆرە هەسـتەکانی و لۆژیکـی رێکخراو بـاس دەکات:

"خیانەتـکار وشـەیەکی ئەوەنـدە ئەفسـوونییە و ئەوەنـدە سـوود بـە کەسـی بەکارهێنـەری دەهێنێـت کـە ئـەوەی بەخیانـەت تۆمەتبارکـراوە ئیـدی هەمـوو شـتێکی قابیلـەو ئـەو قەرەباڵغییـەی مەجدەلـی[٥] بەردبـاران کـرد زیاتـر دەبـوو و لـە بەرانبـەر خیانەتـکارەکان دەبێتـە قەرەباڵغـی وەك ڤیسـتیڤاڵێك، لـەو نێـوەدا حەزرەتـی عیسـایەکیش نییـە کـە گوناهبـارەکان لـە بـەرد بـاران کـردن بپارێزێـت، ئـەو هانـدەرەی مایکرۆفۆنەکـەی لـە دەسـت گرتـووە خەواندنـی موگناتیسـی بـۆ کـراوەو قەرەباڵغییەکـە جـۆش دەدات.

"ئـەوەی دوێنـێ چەپڵەبارانتـان کـرد ئەمـڕۆ بەردبارانـی بکـەن. ئـەوەی دوێنێ چەپڵەبارانتـان کـرد ئەمـڕۆ بەردبارانـی بکـەن.

کاتێـك لـە پێخەفەکەتـان خەبەرتـان دەبێتـەوە لەپرێکـدا سـیفەتی خیانەتـکار

---

٥ مەبەستی مریەم مەجدەلی کە لەسەردەمی حەزرەتی عیسا بە تۆمەتی داوێنپیسیی ویستوویانە بەردبارانی بکەن و حەزرەتی عیسا فەرمانی کردووە کە کەسێك خۆی زینای نەکردبێت سزاکەی جێبەجێ بکات و بەمجۆرە رزگاری بووە لە سزادان. (وەرگێڕ)

www.arsivakurdi.org

کە دێتە بەردەمت یەکەم جار تووشی سەرسوڕمانت دەکات، دواتر هەم تووشی حەپەسانێکی قورس دەبن و هەم راحەتییەکی دەروونیی و ئارامییەك، هیچ شتێکتان لە دەست نەماوە جگە لەوەی کە ئاوڕێك لە رابردوو بدەنەوە و ئەو "خیانەتکارانەی" بەخێرایی ژمارەیان بەرەو هەڵکشان دەچێت، بژمێرن، بێ چارە باوەش بەو بیانوانەدا دەکەن کە ڕەخنەتان لێ دەگرت.

کێ نووسیویەتی و کەی نووسیویەتی بیرم نایەتەوە، بەڵام وتەکە ئاوابوو: "ئەگەر بیانووەکان نەبوونایە مرۆڤەکان دەتەقین". بەڕاستی قاڵبەکانمان، ترسەکانمان، بیانووەکانمان ئەو بێ چارەییانەمانن کە خودی خۆمان دروستمان کردوون، لەگەڵ کات دەستیان کردووە بە حوکم کردنمان، بە بارمتەیان گرتووین، بەرە بەرە هەم ئاراممان دەکاتەوەو هەم ڕێزمان بۆ خۆمان ئەگەر مابێت دەیبات.

ـ پاڵنەری بەهێز دەرکەوتنمان بە بیانووی ئەو بێ چارەییە دەگەیەنینە دەربڕین، کاتێك ئەو بەهێزییەی لە بێ چارەییدا دەری دەخەین کە دەستیکرد بە پوکانەوە بەو وەسواسیەوەی کە بۆ هەڵبژاردنی ئەو جلوبەرگانە نیشانی دەدەین کە ڕووتی لەشمان پێ دادەپۆشین، ئەو بیانووانەی کە پێچەوانەمان کردوونەتەوە بە تەواوی بە هانامانەوە دێت.

ـ وادیارە ئەو ناکۆکییە لە سیاسەتدا زۆر تیژترە، بۆ نموونە ئەوەی زۆرترین ستایشی دەکەیت دەکرێت زۆر لەوانیتر زیاترو زۆر لەوان بە ڕەقترەوە رەشی بکەیت، چونکە ڕەنگە بێ ئەوەی ئاگاداربن لە هەر ستایشێك کە کردووتانە رەشکردنەکەی داهاتووتان پەروەردە کردووە.

ـ بیر لەو پێشکەشکارە بکەنەوە کە باش دەزانێت درۆ دەکات و هەواڵ دەخوێنێتەوە، یاخود پرسیار دەکات، لەبەر ئەوەی لە دژی "خیانەت" دەیکات بە ناخێکی ئارامەوە درۆ دەکات. بە شانازییەوە باس لەو کاریگەرییە دەکات کە درۆکەی ئەو کردوویەتییە سەر دەوروبەر، سەرەڕای ئەوەش ئەو شەوە وەك

بڵێـی هیـچ نەبووبێـت لـە پێخەفەکـەی دا دەخەوێـت.

ـ نموونـە: ئـەو کەسـەی بـە باشـترین شـێواز هەسـتە گەردوونییەکان لـەدژی لە سـێدارەدان دەنووسـێتەوە ڕەنگـە لەهەمانکاتـدا ببێت بەو کەسـەی کـە دڵڕەقترین و بێویژدانانەتریـن بڕیـاری لـە سـێدارەدان دەربـکات. سـەرەڕای ئـەوە وتـەی "دڵڕەقـی لـە هەسـتە ساختەکانەوە سـەرچاوە دەگرێـت" وتـەی ئـەوە.

ـ باوەڕتـان هەبێـت ئەو دەسـتگێڕەی لە هەمووان زیاتر هـاوار دەکات زۆرترین میـوەی تێکچـووی لـە ژێـرەوە حەشـارداوە واتـا ئـەو ئافرەتـەی شـەو بـە رووتی لە باوەشـتان دەخەوێـت و لـە ناخیەوە فرمێسـك دەڕێژێـت، کاتێك خەبـەری بووەوە هەمـان ئافـرەت درۆی وات بـۆ ریـز دەکات کـە ئەقـڵ وەری ناگرێـت. تووڕەییەکان و تاڵییـەکان هـۆکاری نهێنیـان هەیـە، لەبـەر ئـەم هۆکارەیـە کـە بـە بـێ سـوود نەگوتـراوە، واتـا تووڕەیـی "فوئـاد" و بەکارهێنانـی وشـەی خیانەتـکار ئەوەنـدە بـە ئاسـانی بـە هـۆی لێڕاهاتنـەوە نییـە، ئـەو بۆیە تووڕەیـە، چونکـە ئـەو کۆرپەیەی لە یـاد نەکردووە کە لەسـەر سـۆپاکە دەسـووتا، ڕەنگـە ناهەقیش نەبێت. لـەو حاڵەتە دەروونییـە نـاگات کـە ئـەو گەنجـە ڕۆژهەڵاتییـەی لەگـەڵ کچێك ڕایانکـرد بۆچی کـوژراو خزمـە نزیکەکـەی خۆیشـی کـە لەگـەڵ کچێك ڕایکرد بۆچـی لـە ژیاندایە، هـەر خـۆی ئەگـەر تێبگەیشـتبایە ئـەوڕۆ گەنجـە ڕۆژهەڵاتییەکـە لە ژیانـدا دەبوو، ئـەو پیـاوەی هەڤاڵـە برینداره‌کـەی دەکوژێـت تاکـو نەکەوێتـە دەسـتی دوژمـن گەورەتریـن بێڕەوشـتی سـەر مێـزی کۆبوونەوەکانە، هـەر جارێـك ڕووداوەکەی بیر دەکەوێتـەوە ڕەوشـتی دەگەیەنێتـە رادەی نەخۆشـی، ئـەو چەرخـە بـێ بەرهەمـە بـەم جـۆرە دەخولێتـەوە، بـەڵام چەرخـی کـردەوەکان کـە بـەم جـۆرە دەخولێتەوە و دەوەسـتێت بـە بـێ سـوود تـاوەك مـردن واز لـە خاوەنەکـەی ناهێنێـت، ئەویش خـۆی بـە پەتی ڕەوشـتەوە دەگرێت، باشـترین ڕێگای ئاسـوودە کردنی ویژدانیشـی دۆزینـەوەی "خیانەتـکارە"، هـەر دەیدۆزێتـەوە، بـەڵام لایەنـە سـەمەرەکە ئەوەیـە ئـەو خۆشـی بـڕوای بـە بیانووەکانـی خـۆی هەیە.

www.arsivakurdi.org

ـ بەکورد دەڵێـن "ئـەو گەلـەی خیانەتـکاری زۆرە" بـە ڕای مـن ئـەوە ڕاسـت نییـە، خیانەتـکاری کـورد بـە لانـی زۆر بەقـەد هـی گەلانـی تـرە، بـەڵام ئەگـەر بڵێـن هیـچ کۆمەڵگایـەك بەقـەد کـورد خیانەتـکار بەرهـەم ناهێنێـت ئـا ئەوەیـان ڕاسـتە، چونکـە ئەگـەر ئـەو خیانەتکارانـەی بەرهەمـمان هێنـاون بیانژمێریـن، ئەوا خەریکـە بڵێـم ژمارەیـان لەوانـەی کـە خیانەتـکار "نیـن" زیاتـر دەبێـت.

ـ ئـەوەی دوێنـێ لەبـەر ئـەوەی لـە ئەسـەد ئۆکتـای دا بـە قارەمانـی نەتەوەیی راتانگەیانـد، ئەمـڕۆ بـە "خیانەتـکاری نەتەوەیـی" ڕایدەگەیەنـن.

ـ ئـەوەی دوێنـێ تفـی لـەڕووی ئینگلیـزەکان کـرد و گوتتـان هەڵوێسـتی بەرگریکارانـەی مەزڵـوم دۆغانـی نیشـاندا، پێـی دەڵێـن "سـیخوڕی ئینگلیـز" (مەبەسـتی لەخۆیەتـی (سـەلیم چوروککایـا).

ـ ئەگـەر ئـەوەی لـە ١٥ی ئـاب و بـە فیداکارتریـن فەرمانـدەی جەنـگ نـاوی دەبـەن پێتـان شـایانی ناتـۆرەی "بێنرختریـن خیانەتـکار" بێـت.

ـ ئەگـەر سـیفاتی "خیانەتـکار" بە سیاسـەتمەدار و ڕووناکبیرانتان بـە ڕەوا ببینن لاپەڕەیەکـی پیـس نەکـراو لەمێژووتانـدا نادۆزنەوە.

ـ لـە مێـژوودا، لـە داهاتووشـدا حەیـف بـۆ ئـەو گەلـەی مێشـکیتان تێکـەڵ و پێکەڵ کـردا!...

(kani@pwdnerin.com"(http://www.pwdnerin.com

دوایین دێڕەکانی فەیسەڵ دۆنلایجی زیاتر وانە بەخشە:

ئەوانـە (مەبەسـتی پارێزەرەکانـی ئۆجەلانـە) ئەرکێکیـان پێسـپێردراوەو ئەنجامـی دەدەن، کەسـانێك دەبـن کـە بڵێن کێشـەی سـەرەکی عەبدوڵـڵا ئۆجەلان و شـێوازەکەیەتی بێگومـان وایـە، بێگومـان تەنیـا قۆناغی ئیمرالی دەسـت پێناکات، سـاڵانێك لەمەوبـەر هەوڵـدرا کاروبـاری نەتـەوە و قـەدەری بـەم جـۆرە بـڕوات.

ـ هاوڕێیانـی لـە سـووریا و لوبنـان ئەرکیـان پێسـپێردراوە دەزانـن ئـەوکات پێناسـەی خۆمـان بـۆ شـوفێرەکان دەکـرد.

www.arsivakurdi.org

ـ دواتـر کاتێـك لـە ماڵـەوە ئافرەتـەکان ژمارەیـان زۆربـوو و گرووپیان دروسـت کـرد دەسـتمان کـرد بـەوەی خۆمـان بۆ ئـەوان پێناسـە بکەین.

ـ ئێستاش پارێزەرەکان....

ـ ڕەنگە هی واش هەبێت بڵێت تاوانی گەورە لەئێوەیە، ئەوەش ڕاستە.

ـ ئەگـەر بەڕێوەبەرایەتییەکـی وەك پیـاو بووایـن، ئەوەنـدە دڵەڕاوکـێ و دواخسـتنە نـا بەڵکـو لەکاتـی خـۆی هەڵوێسـتمان بنواندبـا، ئەوەنـد بەقێزەوەنـی هەڵسـووکەوتمان نەکردبـا، هەرچەنـدە بوایـە بابەتیـش هەندێـك شـتمان بـۆ ڕزگار دەکـرا، دەمانتوانـی ئاشـکرای بکەیـن.

ـ سـەرنجی شـتێك بـدەن، یارییەکـە هێشـتا بەردەوامـە، هێشـتا ئێمـە دژ بـە یـەك دەوەسـتێنرێین، لایەنـە نامۆیەکـە ئەوەیـە یارییەکە سـەردەگرێت، بـە رەنجی ئەوانـەی لەگـەڵ یەکـتر بەشـەڕ دەهێنرێـن ڕۆژنامـە و تەلەفزیـۆن دامـەزراوە کـە تیایـدا چەپگـەرە دواکەوتـوو و کەسـە خۆویسـتەکان ئێمـە جنێوبـاران دەکـەن".

(لەوتـاری " ئـەو یارییـە تێکدەدرێـت"ەوە کـە لەماڵپـەری PWD بڵاو یکرد و وە تـە وە ).

**٢١ـ حامیلـی یلـدرم:** کاتێـك لـە زینـدان ئـازاد بـوو چوو بۆ شـام و لـەوێ خرایە ژێـر لێپرسـینەوە، گوتی:"ئـەوەی لـە زینـدان بەڕەنـگاری دەکـرد مـن نەبـووم، ئۆجەلانەکـەی ناخـم بـوو، واتـا ڕابەرایەتیـی بەڕەنگاربووەتـەوە" و رەزامەندیـی ئۆجەلانـی بەدەسـت هێنـا، وەك گەریـلا چـوو بـۆ دەرسـیم، کاتێـك ئۆجـەلان هـەڵات و خۆیـدا بە دەسـت دەوڵەتـی تورکیاوە لەگـەڵ هەندێك هەڤاڵـی تر دژی خیانەتـی ئۆجـەلان وەسـتانەوە، دواتـر لـە ئەنجامـی هێرشـی پەکەکـە و دەوڵەتـی تورکیـا زۆرێـك هەڤـاڵ گیانیـان لەدەسـتدا، دووبـارە گەڕایـەوە سـەر ڕێچکـەی ئۆجـەلان، ماوەیـەك لـە کوردسـتانی باشـوور وەك خـاوەن پێشـینەیەك ژیـا، دواتـر لـە ڕێگـەی دیـداری ئۆجـەلان لەگـەڵ پارێزەرەکانییـەوە زانیـمان کە حامیلـی یلدرم

www.arsivakurdi.org

لـە قەفقاسـە، عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان دەربـارەی حامیلـی بـە پارێزەرەکانـی گوتبـوو" هـەر ئێسـتا لەوێـوە بگەڕێتـەوە" دوای دوو مانـگ لـەوە گوێبیسـتی ئەوەبوویـن کـە حامیلـی لەگـەڵ چەنـد چەکدارێـك لـە سـووریا دەسـتگیر کـراوە، ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندنـی ئاپـۆ دەربـارەی حامیلـی یلـدرم یـەك وشـەیان نەگـوت کـە بـۆ ماوەی دوو مانـگ لە سـووریا دەسـتگیر کرابـوو و کاتێك دڕایەوە دەسـت تورکیا ئەو جۆرە لێدوانانەیـان دەربـارەی دا:

"سووریا حامیلی یلدرمی دا بە دەست تورکیا"
MHA / ئیستانبۆڵ

حامیلـی یلـدرم کـە بۆ چالاکیی سیاسـی لـە کوردسـتانی باشـووری ڕۆژئاوادابوو لـە ئەنجامـی هـەواڵ لێدانێـك دەسـتگیر کـرا، لەلایـەن مەقامەکانـی سـووریاوە گەڕێنرایـەوە تورکیـا. دوای ئـەوەی ماوەیـەك لەلایـەن فەرمانـدەی جەندرمـەی هاتـای دەسـت بەسـەر بـوو دوێنـێ نێـردرا زیندانـی هاتـای.

حامیلـی یلـدرم کـە لەمانگـی تەممـوزدا دەچـوو بـۆ دیدارێـك لـە ئەنجامـی هـەواڵ لێدانێـك دەسـتگیر کـرا دوای دوو مانـگ دەستبەسـەربوون لـە سـووریا دوێنـی ٣ی ئەیلـوول لـە سـنووری هاتـای درایـەوە دەسـت تورکیـا.

حامیلـی یلـدرم کە ٥ ڕۆژ لە فەرماندەیی فەوجی شـاری هاتای دەستبەسـەربوو دوێنـێ لـە هاتـای بڕایـە بـەردەم دادگا و دەسـتگیر کـراو نێـردرا زیندانـی هاتـای، وا ڕاگەیەنـرا کـە لەگـەڵ یلـدرم کـوردی تریـش لەلایـەن سـووریاوە دراونەتـەوە دەسـت تورکیـا. چـواردەورەی سیاسـیی یلـدرم سـەرنج بـۆ ئـەوە رادەکێشـن کـە یلـدرم لـە ئەنجامـی هـەواڵ لێدانێـك دەسـتگیر کـراوە و ئـەو ڕووداوە بەشـێکە لـە هەوڵـی هاوکارانێـك کـە لـە ریـزی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـوردەوە هەڵاتـوون و هەوڵـی تێکـدان و بڵاوەپێکردنـی خەبـات دەدەن.

بەرپرسـێك کـە دەربـارەی بابەتەکـە دواندمـان ڕایگەیانـد کـە "هەوڵێکـی

www.arsivakurdi.org

هاوکارانەیە لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکە لە دژی بزاڤی کوردی" و گەڕاندنەوەی یلدرم لە سووریاوە بۆ تورکیا لە ئەنجامی ئەو هاوکارییەوە دێت. (ڕۆژنامەی Özgür Politika، ١٠ی ئەیلوولی ٢٠٠٤، شوێنی چاپ ئەڵمانیا).

لەوەڵامدانەوەی ئەو بانگەشەیەدا بانگەشەی تر هەن:

"بۆ ڕای گشتی

حامیلی یلدرم درایەوە دەست تورکیا

حامیلی یلدرم (کازم) کە بەر لەماوەیەك لەلایەن دەوڵەتی سووریاوە دەستبەسەرکرابوو درایەوە دەست تورکیا.

حامیلی یلدرم کە ساڵانێکی درێژە ڕەنجێکی زۆری کێشاوە بۆ خەباتی ڕزگاری کوردستان، بە شێوازێکی جێگای گومان ناردرایە سووریا و دەستگیرکردنی لەلایەن کۆنگرا ـ گەل تا ئەوڕۆ لە ڕای گشتی شاردراپەوە، بە پێویست نەزانراوە کە هیچ ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی ئەو بابەتە بدرێت. حامیلی یلدرم کە لەو ئەرمەنستانەی بە ئەرك تیایدا بوو بە پەلە بانگرا، دوای ماوەیەکی کورت لە سووریا دەستگیر کرا، حامیلی یلدرم کە وڵاتپەروەرێکی خاوەن بیروڕای دیموکراسییە و لە یەکگرتنێکی گۆڕانی دیموکراسیانەدایە بێ ئاگاییەکی جیدی لە شێوازی ناردنی بۆ سووریا و دەستگیرکردنەکەی هەیە کە لایەنی پێویست بە ڕووناککردنەوەی هەیە. ئەو بێئاگاییەی ڕۆڵی هەبوو لە گێڕانەکەی و لە پەرەسەندنەکەیدا دیموکراسی و گۆڕانخوازی وڵاتپەروەربوونی حامیلی یلدرم هۆکارێکی گرنگە، دوای ئەوەی حامیلی یلدرم کە داوای چارەسەری ئاشتییانە و دیالۆگی سیاسی دەکرد بۆ کێشەی کورد و گیرانەکەی کە داخ و پەژارەی هێنا مومکین نییە قبوڵی رادەستکردنەوەی بۆ تورکیا بکەین.

ئەوەی زیاتر مایەی قبوڵکردن نییە هەوڵی کۆنگرا ـ گەل بۆ بەستنەوەی ئەو بابەتە بە پارتیی وڵاتپارێزانی دیموکراتی کوردستان ڕوونکردنەوەکانی لە کەناڵی Roj tvیەوە ئەنجامیدا، ئەو درۆیەی بەیەك وشە مایەی پێکەنینە بەر

لە هەموو شتێك لەگەڵ کورددا کراوە. وتەکانی دیداری عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە بڵاوکرانەوە لەبەر دەستی ڕای گشتییە، ئەو ئۆجەلانەی دەڵێن زۆر پێیەوە پابەندن سەرەڕای ئەوەی کە لە بنکەی سەرەکی بڕیاردانی هێزی پاڕاستنی گەل ئەرکی پێسپێردرابوو بە پەلەپەل کێ بڕیاری دەرکرد کە لەڕێگای سووریاوە بنێردرێت بۆ چیای ئامانۆس؟ سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی درێژ دەستگیر کراوە ئەو ڕووداوە بۆچی بە پێداگیرییەوە لە ڕای گشتی شاردرایەوە؟ پرسیارگەلێکی هاوشێوەی ئەمە دەکرێت زیاتر ببێت، بەڵام ڕاستییەك هەیە ئەویش کە بەڕێوەبەرایەتی کۆنگرا ـ گەل بەرپرسیاریەتێکی جیدی هەیە لەو بابەتەدا، وتەی کۆتایی حامیلی یلدرم خۆی دەیڵێت، گەلەکەمان و ڕای گشتی دیموکراسی دەبێت لە بەرانبەر رادەستکردنەوەی حامیلی یلدرم بە تورکیا هەڵوێست بنوێنێت و وریای ئەو ڕووداوانە بێت کە ڕەنگە ڕووبدەن لەو جۆرە لەداهاتوودا.

سیاسەتی قێزەوەنی دەوڵەتی دەسەڵاتدار کە شۆڕشگێڕە دیموکراتە کوردەکان و سیاسەتمەدارەکانیان بە کردنە ئامرازێکی مامەڵەکردن لە نێوان خۆیاندا دەیکەن ئامانجی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە سیاسییە ئابوورییەکانیان، جارێکیتر لە ڕووداوی رادەستکردنەوەی حامیلی یلدرمدا دەردەکەوێتەوە.

شۆڕشگێڕەکانی سووریا کە گەیشتوونەتە راددەی پەنابەر بە مامەڵەکردن ناتوانن لەسەر پێ بووەستنەوە، بە ئاشکراترین شێواز روونە، ئەو هەڵوێستەی بەردەوامیدەری سیاسەتی نکۆڵی لە کورد و کێشەی کوردە، جارێکی تر بەتوندی رەتی دەکەینەوە، جارێکی تر داوا لە گەلەکەمان دەکەین کە بە ئاگادارییەوە رەفتار بکەن.

٢٠٠٤/٩/٩ کۆمیتەی دامەزراندنی پارتیی وڵاتپارێزی دیموکراتی کوردستان (htpp://www.welatparez.com)

www.arsivakurdi.org

**٢٢ـ نەسین کلچ:** دوای ئـەوەی کـە لـە پارتیـی ڕەنجـی گـەل کـە پارتییێکـی یاسـایی بـوو بەرپرسـیار بـوو نێـردرا بـۆ ئەورووپـا، ماوەیەك لـە چـاپ و ڕاگەیاندن کاری کـرد، نێـردرا بـۆ کوردسـتانی باشـوور و لـەوێ دەسـتگیر کرا، مـاوەی نۆ مانگ لـە ئەشـکەوتێك بەدەستبەسـەری بـە تەنیـا جێهێڵـدرا، بـەڵام نەسـیم هـەر نەگۆڕا، دەکرێـت بڵێیـن کـە نـە بـە ئاشـکرا توانـی دژایەتـی بـکات و نـە بـوو بـە پیـاوی سیسـتەم، ئێسـتا دەگوترێـت کـە ئـەو لـە شـوێنێك لە شـوێنەکان دەسـتگیر کـراوە.

**٢٣ـ فـەوزی یۆنـدەم:** لـە زیندانـی دیاربەکـر ددانپێنـەر بـوو، کاتێـك چـووە لای ئۆجـەلان بـوو بـە فەرمانـدەی گەریـلا، کاتێـك نێـردرا بـۆ کوردسـتان کەوتـەوە دەسـت سـەربازیی تـورك و دووبارە بووەوە بـە ددانپێنەر، دواتـر هیچ هەواڵێکمان دەربـارەی نەزانییـەوە.

**٢٤ـ مسـتەفا گۆچمـەن:** لـە زیندانـی دیاربەکـر سـەرکردەی ددانپێنـەرەکان بـوو، لـە بیقاعـەوە نێـردرا بـۆ عەنتـاب وەك بەرپرس، کاتێك دەسـتگیر کـرا دووبارە بـووەوە بەددانپێنـەر.

**٢٥ـ عەلی ئاکسۆی:** لە کوردستانی باشوور دەژییێت، بەندەی سیستەمە.

**٢٦ـ فەرحـان گوللـو:** لـە مانگـی شـوباتی ٢٠٠٥ لـە شـاری بریمەنـی ئەڵمانیـا لەگـەڵ فەرحـان گوللـو لـە ماڵێکـدا یەکترمـان بینـی، گوتـی کـە لـە ئەنجامـی ڕاپۆرتێکـی پزیشـکی دادوەری لـە زیندانـی سـاغمەلجلاری ئیسـتانبوڵ ئـازاد کراوە، دوای ئـەوەی چـوار مانـگ لـە تورکیـا تیـمار دەکرێـت ڕێگایـەك دەدۆزێتـەوە و دێـت بـۆ ئەڵمانیـا، لـە دەوروبەری کۆڵـن داوای مافـی پەنابەری کردبـوو، هەروەك خـۆی دەڵێـت پزیشـکە دادوەرییەکـەی تورکیا بـە بیانـووی "کیلۆمەتری ئـەو پیاوە

www.arsivakurdi.org

تەواوبـووە" دوای بەسـەربردنی ٢٤ سـاڵ لـە زینـدان ئازادیـی کردبوو، بـەڵام لەبەر ئـەوەی واژۆی لـە ژێـر ڕوونکردنـەوەی "پەکەکـە بووە بـە دژی خۆی، ئـەو بنیاتەی مـاوە تەریقەتێکـە" دوای چەندیـن مانـگ کاتێك ژیانـی کۆچبەری لە کۆڵن بەسـەر دەبـرد دووچـاری هێرشـی دار بەدەسـت بـووەوە، فەرحـان سـەرەڕای ئـەوەی کـە دەزانێـت ئەوانـەی هێرشـیان کـردە سـەر چەکـداری چ رێکخراوێـك بـوون تاوەکـو نەکەوێتـە دۆخـی "دووزمانیکـەر" بێدەنگبوونـی هەڵبـژارد.

ب بیـرو ڕای ئـەو، ئۆجـەلان خیانەتـی لـە هەمـوو کـورد کـردووە، هەمـوو کوردیـش خیانەتـی لـەو کـردووە! مـاوەی دوو ڕۆژ گوێـم لێـی گـرت، لـە دۆخێکـدا بـوو کـە لۆژیکـی لەدەسـتداوە، بـاری دەروونیی تـەواو تێکچووە، متمانـەی بەهیچ کەسـێك نەدەکـرد، لەنێـو خەیاڵـە دارماوەکانیـدا وون بووبـوو، بەکورتـی چیرۆکـی خـۆی بـۆم گێڕایـەوە، لـە بیقاعـەوە گەڕایـەوە ئیسـتانبوڵ، لـەو قاوەخانەیـەی کـە چووبـوو بەرپرسـیاریەتەکەی لێوەربگرێـت پۆلیـس دەستبەسـەری کردبـوو، دووچـاری هەمـوو جـۆرە ئەشـکەنجەیەك بووەتـەوە، ماوەیـەك کـە وایـان زانیـوە گیانـی لەدەسـتداوە، فڕێیانداوەتـە نێـو زبڵدانێکـەوە، بەیانـی کـە سـەرنج دەدەن نەمـردووە لـە زبڵدانەکـەی دەردەهێنـن، کاتێـك دسـتگیرکرا نـاردرا بـۆ زیندانـی سـاغمالجلار، لێـرەدا سـالانێك لەگـەڵ سـەدرەددین ئایدنلـك و عەبدوڵـلا کانـات بەیەکـەوە زیندانیـان بەرێوەبـرد، دوای ماوەیەکـی زۆر لـەوەی کـە ئۆجـەلان گەڕایـەوە تورکیـاو لـە ئیمرالـی نیشـتەجێبوو لەگـەڵ ٥٠ هاوڕێـی بەیەکـەوە ڕوونکردنەوەیەکیـان بڵاوکـردەوەو لـە رێکخـراو جیابوونـەوە.

**٢٧ـ زەکـی یلـماز:** لـە بـەرواری ٢٠٠٥/١/١ لەسـەر داوای خـۆم ئـەو زانیاریانەی دەربـارەی خـۆی بـۆ ئیمەیلەکـەم نارد.

"لەسـاڵی ١٩٩٤ لەناو پەکەکە خرامە ژێر لێکۆڵینەوە و بەسـزای لەسـێدارەدران دادگایـی کـرام، هـەروەك ئەوکاتـەی لەسـاڵی ١٩٨١ دادگای (ئیـدارەی سـەربازیی)

www.arsivakurdi.org



دەوڵەتی تورکیا لە دیاربەکر منی بەڕێگای ناعەدالەتی و بەدەر لە یاسا دادگایی کرد و بە ئامانجی دامرکاندنەوەی ڕای گشتی وڵاتپەروەرەکان سزای لەسێدارەدرانی بۆ دەرکراو ماوەیەکی درێژ لەژێر سێدارە وەستێنراو، وەك ئەوە بۆ ماوەی ٦ مانگ بە هەڕەشەی مەرگ بە دەستبەسەری ژیام، لەسەرەتای سالانی ١٩٩٠ لەگەڵ بەرزبوونەوەی سەرهەڵدانەکان سیاسەتی دامرکاندن و لەناوبردن لە بەرانبەر ئەو تاقمانەی کاراکتەری سیاسی و دیموکراسی خەبات بەدەردەخەن و بەتایبەتی ئەوانەی لەزیندان ئازاد ببوون جێبەجێ دەکرا، لە زستانی ٩٣-١٩٩٢ لەسەر ئەو بنەمایە بەتۆمەتی سیاسی بە ناهەق دەستگیر کرام و لە کەشی تاکەکەسی دابڕێنراو و ئەشکەنجەی کوشتنیان بەسەرمدا جێبەجێکرد.

لە دۆخێکی لە مرۆڤایەتی بەدەر کە زۆر ئەستەم کەسێك دەدۆزیتەوە دۆستانە هەستە مرۆڤانەکانتی لا باس بکەیت، بەڵام دۆخی ئەو هاوڕێیانەش لە هی من جیاوازتر نەبوو، ئەو کەشەی تیایدا دەژیاین وەك پردی سیرات مەترسیدارو بەهۆی ئەوەی ئەو پەتەی بەژیانەوە دەمانبەستێتەوە لە داوی پەمۆیە کەس لە دۆخێکی وادا نەبوو کە پارێزگاریی لە کەسێکی تر بکات...

لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ سەرهەڵدانە سیاسییەکانی گەل و ناوخۆ و دەرەوە چەندین فرسەتی دەخستە بەردەم کورد بۆ چارەسەری دیموکراسییانەی کێشەی کورد، سەرەڕای ئەوە ئاگربەستی ١٩٩٣ وەك ئامرازێکی خیانەت بەکارهێنرا و دووبارە شەڕ سەپێنرایەوە، ئەو بڕیارە هەڵەو سەپاندنە لەڕووی سەربازیی، ڕێکخستن، سیاسییەوە زەمینەی پوکانەوەو بەلارێداچوونی دروستکرد.

ئەو دوو ڕووداوەی لەژیانمدا گەشەیان سەند و بەیەکەوە پەیوەست بوون ڕێگای بۆ ئەوە کردەوە کە سەر لەنوێ لێپرسینەوە لە پەکەکە بکەم، ڕابەرایەتیی و هەمووی بەیەکەوە پەیوەندی و بیرکردنەوەم، تەنانەت ڕوانگەشم بۆ ژیان، و لێبوونەوەم لە ڕێکخراو لەو ماوەیەدا دەستی پێکرد، چونکە ئێمە لەسەر

www.arsivakurdi.org

بنەمای بەها مرۆڤایەتییەکان و شێوازی ژیان و پەیوەندییە شۆڕشگێڕی و دیموکراسییەکان بۆ ئازادیی و ڕزگاری گەلی کورد چووینە نێو ڕیزەکانی ئەو بزاڤە و هەموو شتێکمان فیدا کردبوو، ئەو دۆخەی لە سەرەتای سالانی نەوەدەکان ڕووبەڕووی بوومەوە ئەو ڕاستییانەی دەگوزەران و ئەوەی دەسەپێنرا دژایەتیکردنی تەواوی خولقاندبوو، دابڕان لە خەڵکی و تەنانەت مرۆڤایەتی دەردەبڕی، بۆسە و خۆپەرستی وەك ئەقڵی سیاسی بە پێچەوانەوە دەپەرسترا.

بەو پێیە بەڕۆحیەت لە پەکەکە دابڕام، ماوەیەك بە بەڵای نامووس ناچاری بەردەوامیپێدان بووم، لەساڵی ١٩٩٦ەوە هەرچەندە بەردەوام لە هەوڵی دابڕانی کردەیی بووم، بەڵام سەرنەکەوتم، لەساڵی ١٩٩٩ بەئاشکرا دەرمبڕی کە بەو جۆرە نامەوێت شەڕ بکەم و بەنیازی ئەوەی جارێکی تر دەستی لێ نەدەمەوە چەکەکەم دانا، بەهۆی ئەوەی ڕێگاچارەیەکیان بۆ ئەو دۆخەو هەڵوێستەم نەدۆزییەوە منیان نارد بۆ چالاکی ڕۆژنامەگەری لە عێراق، ئێران و لوبنان، دواتر دەرمبڕی کە ئەو ڕێچکەیەی بەناوی دیموکراسییەت و نوێگەری دامەزراوە تەنیا نمایشکردن لە خۆدەگرێت و مەحاڵە کە بە دیموکراسی بێن و بە نووسینی ڕاپۆرتێك لە کۆنگرەی دامەزاندنی کۆنگرا ـ گەل دەستم لە کار کێشایەوەو لە ڕێکخراو دابڕام.

**٢٨ـ جاهیدە شەنەر:** لە دەستی دەوڵەت و ڕێکخراو هەڵات و هاتە ئەورووپا، دوای بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکە یەکسەر بە مەرجی ئەوەی هیچ شتێك بەکەس نەڵێم نامەیەکی بۆ ناونیشانی پۆستەکەم لە سویسرا نووسی، دوای ٩ ساڵ بە ڕەزامەندیی خۆی بڵاوی دەکەمەوە:

www.arsivakurdi.org

تەمموزی ١٩٩٤

"سڵاو سەلیم!"

لەژیانمدا دۆخێکی لەو جۆرەم بە خەیاڵیشدا نەهاتبوو. پەرتووکەکەتم دەمەو ئێوارە دۆزییەوە، ئێستا ڕۆژ هەڵدێت. ماتەم بۆ بڕواکانم کە لەدەستم داوە و ناوە گڵاوبووەکەم دەگێڕم، لە دۆخێکدا نیم کە بیر لە کەسی تر بکەمەوە، تۆش لە پەرتووکەکەتدا نووسیوتە "ئەویش تووشی چەپەڵۆکی ئاپۆ بوو، لە تورکیا چالاکی بەڕێوە دەبرد، دوای ماوەیەکی زۆر ڕزگاربوونی لە هانا بردنە بەر پۆلیسی تورکدا دۆزییەوە". نەخێر هیچ شتێك دەربارەی من نازانیت! بۆ پاراستنی هەڤاڵەکانم، بەگرتنە بەرچاوی هیچ بوونەوە ئەوەی ئەنجامم دا تاکتیکێك بوو، هەرچەندە لە کۆتاییدا ئەوەی هانام بۆ برد پۆلیسی تورك نا بەڵکو ئەو پارتیە بوو کە بڕواکانم هێشتا لە دەست نەدابوو، سەرەڕای ئەوەی کە دەمزانی دەکوژرێم، لەوێوە چوومە شام، ئەو شوێنەی لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرا، دەستگیر کرام، ئەشکەنجەدرام، بووم بە شایەتی ڕووداوەکانی دوای تۆ، بڕواکانم لە دەستدا و وەك تۆ منیش هەڵاتم، تۆ ٥٠ مارکت لابووە من ٥٠ قروشیشم لا نەبوو، تۆ پیاو بوویت دەتتوانی لە دەرەوە بمێنیتەوە، من نەمدەتوانی.

لەزیندانی بەیروت منیش یادەوەرییەکم نووسی، بەڵام ئەوەی نووسیم تەنیا خۆم دەیزانم، تۆ گێڕاتەوە و ئاسوودە بوویت، کەچی من خەریکە شێت دەبم.

چۆن کەوتینە ئەو حاڵەوە خودایە!

دەڵێم "خودایە" بەڵام، خۆ بڕوام بەویش نەماوە!

خۆزگە بڕوا بە شتێك بکەم!

بڕوا بەهیچ کەس ناکەم!

بە تۆش.

نەکەی نامەکەم بەکاربهێنیت ها!

ڕۆژنامەی (Aponun sesi) دەنگی ئاپۆ، منی بەوە تاوانبارکرد کە هیتر ناچاری دانپێنان دەکەم و نووسی ئەوانە درۆزنن، بە هۆی ئەوەی لە بار الیاس مامەوە ڕاستی زۆر تاڵتر لە تۆم کەوتە بەرچاو، تەنیا با ئەوەت پێ بڵێم کە لە ئەورووپام، وەك ئەوەی دایکم دەڵێت لە حاڵەتێکدا کە ئەوەی بەسەرم داهات بەسەر مریشکی برژاودا نەهاتبوو، من هێشتا پارێزگاریم لە ئاپۆچیەت دەکرد. بەهۆی ئەوەی لە خەبات جیابوومەوە ویژدانم ئازاری دەدام، کەسێك بۆ ئارامکردنەوەی ویژدانم پەرتووکەکەتی بۆ ناردم.

بە هەر حاڵ نامەویت زۆر درێژەی پێ بدەم، دەمەوێت گفتوگۆت لەگەڵ بکەم، چونکە باری دەروونیم لە دۆخێکی زۆر خراپدایە.

بۆ ئازایەتییەکەت دەستخۆشیت لێ دەکەم.

سڵاو و ڕێز

جاهیدە شەنەر

**٢٩ـ ڕۆزا:** ناچاربوو کە مل بۆ ئۆجەلان کەچ بکات، بە ئەرك ناردیان بۆ ئەورووپا، کەشەکەی هەڵسەنگاند، هەر کە هەلی دەستکەوت پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو پچڕاند، ئێستا لە یەکێك لە وڵاتە ئەورووپییەکان لە قوتابخانەیەکی موزیك دەخوێنێت. بەهۆی ئەوەی نەمانتوانیوە خاوەندارێتی لە خەباتی خۆمان بکەین و بێدەنگبووین لە ئێمەش تووڕەیە. دەڵێت:"کاتێك کار لەکار ترازا ئیدی هیچ شتێك ناکرێت". هەروەها لەو بڕوایەدایە کە لەنێو کورددا پیاو هەڵناکەوێت.

**٣٠ـ جەم:** هیچ هەواڵێکم سەبارەت بەو دەست نەکەوت.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

**٣١ـ سەیفەددین ئالوش:** کاتێك لە حەلەب بەرپرسیار بوو دەستگیر کرا و نێردرا بۆ دۆڵی بیقاع، لێرەدا دەستگیر کرا بە بیانووی "کێشەی ئافرەتی هەیە" دادگایی کرا، ناچاربوو ئەو خودڕەخنەیەی داوای لێدەکرێت بنووسێت و ماوەیەکی زۆر دەست بەسەربوو، لێرەوە نێردرا بۆ کامپەکانی گەریلا لە کوردستانی باشوور، کاتێك بواری بۆ رەخسا چووە ئەو ناوچەیەی مەسعود بارزانی تیایدا دەسەڵاتدارە، ماوەی شەش ساڵ لەوێ ژیانی بە سەربرد، دواتر چووە یەکێك لە وڵاتە ئەورووپییەکان.

**٣٢ـ حەیدەر کایتان:** لە پرۆگرامێکی کەناڵی Med tv سەیرم کرد، حەیدەر گوتبووی "هەندێك کەس لە من دەپرسن ڕابەرایەتیی هاوڕێی تۆیە، پەکەکەتان بەیەکەوە دامەزراندووە، بۆچی ئەوەندە لێت تووڕە دەبێت، بۆچی لە ڕووی ناوەستەوە؟ دەیانەوێت من ڕووبەڕووی ڕابەرایەتیی بکەنەوە" و دەی خستەسەر: "سەیری ئەوە مەکەن کە من بەرپرسم و تاقمە دێرینەکەم، وتەی زیا پاشاتان بیر بکەوێتەوە کە دەیگوت: (جلوبەرگ هیچ نەجیب بوون دەدات بە خراپ، ئەگەر کورتانی زێڕیشی بخەیەسەر پشتی کەر هەر کەرە".

**٣٣ـ مێرال کدر:** لە بیقاعەوە وەك بەرپرسیاری پارتیی تورکیا نێردرایە ئیستانبوڵ لەلایەن پۆلیسی تورکەوە دەستگیر کرا، کاتێك ئۆجەلان خۆیدا بە دەستەوە لەگەڵ محەممەد جان ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی پەکەکە لە دژی خیانەتی ئۆجەلان وەستانەوە و ڕایانگەیاند کە رێکخراوێکیان بەناوی شەڕڤانانی رێچکەی شۆڕشگێڕی پەکەکە دامەزراندووە، هۆکاری لە دژ وەستانەوەی ئۆجەلانیان لە پەرتووکێك بەناوی "کۆتایی هەڵخەڵەتانێك"دا روونکردووەتەوە.

**٣٤ـ سەعید دەمیر (مەسعود):** وەك فەرماندەی گەریلا نێردرا بۆ

کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٦ "ئایەتەکانی ئاپۆ"ی خوێندەوە بە فەرماندەی گەریلای ناوچەی دیاربەکر سەعید چوروککایای گوتبوو:"هەموو ئەوانەی لە پەرتووکەکەدا نووسراون ڕاستەقینەن"، لەساڵی ١٩٩٧ بە ڕێنمایی ئۆجەلان لە شاخ دەستگیر کرا و بردیان بۆ کوردستانی باشوور، لێرەدا ماوەیەکی زۆر دەستبەسەربوو، حەماڵی پێکرا، دوای ماوەیەك لەوەی بۆ خۆسەلماندن ناردیانە ناوچەی چەولیگ لە شاخێك جەستەی دۆزرایەوە.

**٣٥ـ ئاکیف حەسەن:** سەرەڕای ئەوەی زۆر شتی سەبارەت بە سیستەمی ئۆجەلان دەزانی تا ئەو کاتەی ئۆجەلان لە شام هەڵات وەك بەرپرسیار لە ئەورووپا بەردەوام بوو، ئەوەی بینیبووی و دەیزانی بۆ ئەو تاقمەی باسکردبوو کە لە پەیوەندییەکانی دەرەوە کار دەکەن، ئۆجەلان لە شام هەوڵی دەستگیرکردنی ئاکیفی دا، بەڵام سەرنەکەوت. خۆی لە رۆما بە "دەستبەسەری" کەوتە ژێر دەستی ئاکیف، ئاکیف باشتر تێگەیشت کە ئەو چەندە بێنرخ و ترسنۆك و ساویلکەیە، کاتێك ئۆجەلان خۆی رادەستی پۆلیسی تورك کرد ئاکیف پەیوەندییەکانی لەگەڵ رێکخراوی ئۆجەلان پچڕاند.

بەر لە چاپکردنەوەی چاپی دووەمی ئایەتەکانی ئاپۆ، داوام لێیکرد کە دەربارەی پەرتووکەکە ڕوونکردنەوەیەك بدات، کاتی نووسینی پەرتووکەکە واتا لەساڵی ١٩٩٣ ئاکیف حەسەن بەرپرسی کاروباری دیبلۆماسیی پەکەکە بوو لە ئەورووپا و ئەو دێڕانەی نووسی:

:کاتێك پەرتووکەکەی سەلیم "ئایەتەکانی ئاپۆ" دەرکەوت، من لە برۆکسل بووم و ئەوکات کاروباری دیبلۆماسیی ئەورووپای پەکەکەم بەڕێوە دەبرد، لەساڵانی ١٩٩٠ەکاندا ئیدی ئۆجەلانمان کردبوو بە پیرۆزییەك و ببوو بە قەدەغەکراوێك کە دەستی لێنادرێت، لە سەردەمی موریدیەتدا ئێمە کە ببووین بە کەسانی پرۆفیشناڵ تەنیا دەچووین ئەو بێ کەموکوڕی بپەرستین،

www.arsivakurdi.org

لـە نێـو بنیاتـی بـزاڤ هەمـوو ڕەخنەیەك ڕێـگا پێـدراوە تەنانەت یەکترمـان بچووك دەکـردەوەو تـا ڕادەی لـە ناوبـردن دەچوویـن، لـەو بابەتە هـەردەم لـە بەرزییەوە دەمانڕوانـی، بـەڵام ئەگـەر سـەرەداوی ڕەخنەیـەك ئەگـەر بە هەڵەش بێـت بەرە و ئۆجـەلان بچێـت ئـەوا کارەسـاتی تسـۆنامی ڕوویدەدا.

ئەوانـەی ڕەخنەیەکـی لـەو جۆرەیـان بگرتبـا هـەر ئەوکاتـە بێوەسـتان دەکـرا بـبن بـە خوێـڕی، سەرسـەری، بەدڕەوشـت، دز تەنانـەت سـیخوڕ و خیانەتکاریـش.

لـە دۆخێکـی ئـاوادا پەرتووکەکـەی سـەلیم چوروککایـا بـە تورکـی بڵاوکرایـەوە، وەك خـودی خـۆم خۆشـحاڵیش بـووم و دڵتەنگیـش، خۆشـحاڵبووم چونکـە ئـەو ڕووداوەم وەك سـەرەتای شـکاندنی قەدەغەکـراوە پارێـزراوەکان دەبینـی، دڵتەنگ بـووم چونکـە لەگـەڵ سـەلیم هاوڕێیەتییەکی باشـمان هەبـوو، کاراکتەرە ئاسـوودە و سـەربەخۆکەی ئـەوم بـە دڵ بـوو و وام بیـر دەکـردەوە کـە ئـەو ڕووداوە ببێتـە مایـەی گیـان لـە دەسـتدانی ئەو، بـۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی شـقارتە نرابـوو بە فتیلی دینامیتەکـەو لـە هـەر کاتێـك لـە هـەر شـوێنێکدا ئەگـەری تەقینـەوەی هەبـوو و ڕەنـگ بـوو ببێـت بـە مایەی گیـان لەدەسـتدانی.

لـە پەیوەندییەکـی تەلەفۆنیـدا لەگـەڵ ئەندامی کۆمیتـەی مەرکـەزی ئەورووپا کاراسـوو گوێبیسـتی ئـەوە بـووم کـە کتێبەکـە دەرچـووە، گوتی:"هەردووکـمان لەنـاو چوویـن، چونکـە سـەلیم بـە ئەرێنـی باسـی ئێمـەی کـردووە".

تامـەزرۆ بـووم پەرتووکەکـەم کـڕی و خوێندمـەوە، پەرتووکەکـە هەرچەنـدە وا دەرکەوێـت کـە خـودی ئاپـۆی کردووەتـە ئامانـج، بـەڵام لەڕاسـتیدا زۆر لایەنـی ئـەو سیسـتەمەی مەحکومـی پووکانـەوە بـووە دەخاتـە بـەر گفتوگـۆ و پلاتفۆرمـی هەڵسـەنگاندنێکی نـوێ دەخاتـە بـەردەم هەمـووان.

لـە دیموکراسـییەتدا ڕووداوێکـی لـەم چەشـنە بەرپرسـەکان بـە جوڵـە دەخات و چەندیـن کۆمیسـیۆن بـۆ لێکۆڵینـەوە دادەمەزرێـت و ئەگـەر لـە ئەنجامـدا بانگەشـەکان بەڕاسـت دەربچـن ئـەوا هەمـوو ئەوانـەی لـە تاوانـەکان گلاون لـە

ئەرکەکانیـان وەلادەنرێـن و لێپێچینەوەیـان لەگـەڵ ئەنجـام دەدرێـت. بـەڵام "سیسـتەمە دیموکراسـییەکەی" ئێمـە کـە زۆر وشـەمان لـە بارەیـەوە خـەرج دەکرد بـە جیـاواز کاری دەکـرد، ئەوانـەی تۆمەتبارکـراون هـەر کـە گوێبیسـتی ڕووداوەکە دەبـن لـە شـوێنی خۆیـان هەڵدەقۆزنـەوە و لەلایەنـی تۆمەتبـارەوە دەچنـە قوربانـی و بەچاوتروکانێـك خـاوەن بانگەشـەکە بـە خیانەتکار نـاوزەد دەکەن. لای ئێمـە هەمـوو کات کەسـی تۆمەتبارکـراو فەتـوا دەردەکات و بـۆ جێبەجێکـردن کۆمەڵگایەکـی گـەورەو گـران بـە نووسـەرو وێنەکێشـەوە دەخاتـە جوڵـە لـە دژی ئـەو کەسـە.

بـەو هۆیـەوە سـەلیم چوروککایـا ناچـار دەبێـت کـە ٧ سـاڵ ژیانی لەنێـو چوار دیـوار بەسـەر ببـات و ئـەوە دۆخێکـی مایـەی شـەرمەزارییە بـۆ کۆمەڵگاکەمـان، ئـەو کەسـە تەنیـا بیرکردنەوەکانـی خـۆی رشـتبووە سـەر کاغـەز.

بەڵـێ هیـچ شـتێك نییە بە قـەد کەوتنە جوڵە لـە دژی بیرکردنەوەی ناو مێشـك و پیتـەکان و رسـتەکانی لـە نووکـی پێنووسـێك دەردەچـن مایەی نەنگـی بێت. بەو جـۆرە رێوشـوێن و بێبەرگەییانـەی تەنیـا خەڵکەکـەی خۆمـان بـەر دەدەینـەوە. بە ئومێـدی دووبـارە نەبوونەوەی".

**٣٦ـ عەبدولڕەحـمان و ئەمینـە:** عەبدولڕەحـمان و ئەمینـە ئازاد کـراون، ئەمینە نێردراوەتـەوە ماڵـی باوکـی، عەبدولڕەحـمان لـە ئەکادیمیـای مەعسـوم کۆرکـماز بردراوەتـە مەشـق پێکـردن، عەبدولڕەحـمان کـە لێـرەدا رادەکات و هەڵدێـت ئەمینـە لـە لوبنـان لـە ماڵـی باوکـی دەڕفێنێـت و تێکـەڵ بـە ونبـووەکان دەبـن، تاوەکـو ئەمـڕۆ هیـچ کەسـێك سـەرەداوێکی دەربارەیـان دەسـت نەکەوتـووە.

**٣٧ـ رەسـوڵ:** وەك فەرمانـدەی گەریـلا نێـردرا کوردسـتان، لەسـاڵی ١٩٩٧ لـە ڕووبەڕووبونەوەیـەك گیانـی لەدەسـت دا.

www.arsivakurdi.org

**٣٨ـ بیلگـە:** ناردرایـە کوردسـتانی باشـوور ماوەیەکـی زۆر لـە باشـوور مایـەوە، کاتێـك ئۆجـەلان رادەسـتی تورکیـا بـوو وەك بەرپرسـیار چـووە رووسـیا، لـەوێ وازی لـە رێکخـراو هێنـاو هاتـە ئەڵمانیـا، ئێسـتا لـە ئەڵمانیـا دەژییێـت، بـڕوای بەوە نییـە کـە نووسـین و گێڕانـەوە سـوودێکی هەبێـت. دەڵێت:"ئەگـەر مـن ئـەوەی بینیومـە باسـی بکـەم ئـەرز لـە شـوێنی خـۆی دەلەرزێـت و هەمـوو کـورد دەبن بە فاشیست".

**٣٩ـ ئازمـان (زەکـی ئۆزتـورك):** وەك فەرمانـدەی گەریـلا نێـردرا بـۆ سـەرحەد، قەرس.

لەوێـوە چـووە دەرسـیم، لەگـەڵ فەرمانـدەی گەریـلا شـەمدین سـاکك نێوانیان تێکچـوو، شـەمدینی بـەوە تۆمەتبارکـرد کـە رێچکـەی پارتیـی جێبەجـێ نـاکات، بە راکـردن لـە ڕیزەکانـی گەریـلا جیابـووەوە و هاتـە سـوید، کاتێـك شـەمدین سـاکك لـە شـام لـە لایـەن ئۆجەلانـەوە دەسـتگیر دەکرێـت پابەنـدی ئـەو بانـگ کردنـە بـوو کـە بـۆی کراو چووە شـام، لـەوێ لە دژی شـەمدین وتـەی دا، کاتێـك ئۆجەلان خـۆی دا دەسـت دەوڵەتـی تورکیـا پەیوەنـدی لەگـەڵ رێکخـراو پچڕانـدو چـووە یەریڤانـی پایتەخـی ئەرمەنسـتان، لـەوێ بـە بیانـووی ئـەوەی بـە تەلەفـۆن لەگەڵ گەریلاکانـی دەستپێشـخەری ئازادیـی پەیوەنـدی کـردووە، بـە ڕێنمایـی جەمیـل بایـك لێیـدراو بەقورسـی برینداربـوو، ئێسـتا لـە ئەڵمانیـا دەژییێـت.

زەکـی ئۆزتـورك کـە لەپەرتووکـی ئایەتەکانـی ئاپۆ نـاوی هاتووە دوای ١٢ سـاڵ خـۆی ئـەو دێڕانـەی دەربـارەی ئایەتەکانی ئاپۆ و نووسـەرەکەی نووسـیوە:

" لەپایزی ساڵی ١٩٩١ لەسەر بنەمای بانگکردنی ئاپۆ چوومە بیقاع.

ژمارەیەکـی زۆر لـەو هەڤاڵانـەی کە پێشـتر زیندانیکرابوون لەوێ بـوون، ئەوانە زۆربـەی هـەرە زۆریـان لەسـەردەمی گـرووپ هاتبوونـە نێـو ڕیزەکانـی پەکەکەوە،

www.arsivakurdi.org



بەو پێیە وەك ئەوکات هەڵسووکەوتیان دەکرد، سەختییان دەچەشت لە تێگەیشتن لەو ماوەیەی بەسەر چووە و گۆڕانەکانی ناو پارتی و پێگەی ئاپۆ، نزیکبوونەوەیان لە ئاپۆ لە ئاستی پەیوەندییەکانی سەردەمی گرووپ دابوو، بەو پێیە دۆخەکە ئاپۆی نارەحەت کردبوو، جگەلەوە بەرخۆدانی زیندان و ناسراوبوونی بەشێك لەو هاوڕێیانە هۆکاربوون بۆ زیادکردنی نارەحەتییەکە ئەوانە دەبوو بە جۆرێك لە جۆرەکان بهێنرێنە سەر رێچکە و بەپێچەوانەوە دەکرا کە ئەو رێکخستنەی ئاپۆ دایمەزراندووە تێك بچێت. لە کۆتاییدا هەندێکیان لە هەڤاڵان بە شێوازێك کە ئاپۆ قبوڵی نییە یاخود لێی خۆش نابێت لەبەرانبەر هەموو دامەزراوە دەمەقاڵێیان کردووە لەسەر هەندێك کێشە. ئەو هەڤاڵانە بەهۆی ئەوەی کە بەرخوەدانیان کردووەو ماوەیەکی درێژ لە زیندان ماونەتەوە بە جوڵەکردن لەو ڕاستییەوە کە تاوەکو ئەو ڕۆژە لە بەرانبەر رێوشوێنە سەپێنراوەکان و ئەوەی رووکردنە ئەوان هەندێك کێشە دەخولقێنێت و لەبنەڕەتدا بۆ شکاندنی پێگەی بەرخوەدانیان لە بەرانبەر ئاپۆ و لە روو وەستانەوەیان کۆنفرانسی زیندان ئەنجامدرا.

ئامانج لە کۆنفرانسی کۆڵکردنەوەی ئەو لایەنەی ئەو هەڤاڵانە کە بە تیژ دەبیـنران و بەشێوازێکی بێ کێشە تەواوکردنیان بوو.

لەو کۆنفرانسەی ئەنجامدرا ئەو هەڤاڵانە بردرانە ماوەی خودڕەخنە، لەو ماوەیەی خودڕەخنەیەدا کاتێك خەریکی بەرگری بەرگریکارەکان بووین، لە بارەی ئەوانەش کە لە زیندان خۆیان بە دەستەوە دابوو بڕیار درا کە لە خودڕەخنەکانیان گەیشتوون. قۆناغی خودڕەخنەدانەکە رووبەڕووی نارەزایی ئەوانە بووەوە کە لە زیندان خۆڕاگر بوون، تاکتیکی ناردنە سەری ئەوانە بۆ سەر ئەوانیتر جێبەجێکرا، بەو ڕێگایە ئەوانەی لە زیندان دەرچووبوون لە نێو خۆیاندا بەشەڕ هێنران، ئەوانەش کە بەرگەیان گرت لەنێو بنیاتدا هەوڵی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنیان نرا، ئەوانە وەك درێژەپێدەری دوژمن ناسێنران کە

www.arsivakurdi.org

هەوڵدەدەن پارتیی بخەنە ژێر دەستی خۆیان جگە لەوە پێکدادانی دەستکرد لە نێو دەرچوانی زیندان و تاقمەکانی شاخ دروستکرا.

ئاپۆ لەماوەی ئەو کۆنفرانسەدا بۆ جاری یەکەم بوو کە ماوەیەکی درێژ لە بیقاع بمێنێتەوە، لە دیدی خۆیەوە بێ قەزا و بەڵا بەربەستێکی گەورەو مەترسیداری بڕی بوو.

تاقمە لە زیندان دەرچووەکە دوای خودڕەخنەو لەکەدارکران، تێکەڵ بە ڕێکخراو کرانەوە.

لەکەشێکی ئاوادا لەگەڵ سەلیم یەکترمان بینی، وەك خودی خۆی خاوەن کەسایەتییەك بوو کە تێکەڵی کەسانی تر نەدەبوو، سەلیم سەرەڕای ئەوەی هەوڵی بەرگەگرتنی دا لە بەرانبەر داسەپێنراوەکان، لە ئەنجامدا ئەویش خۆیدا بەدەستەوە، بەڵام لە هەموو جوڵەو دۆخێکیدا دیاربوو کە داسەپێنراوەکانی قبوڵ نەکردووە. ئەوەی بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی و تەنزئامێز دەردەبڕی، بەو هۆیەوە هەرچەندە لە دەستەی کارگێڕی ئەکادیمیادا بوو، بەڵام لە ڕاستیدا لە ژێر چاودێریدا بوو، لەبەر ئەوەی کەوای بیر دەکردەوە ئەوانە لە داهاتوودا دەبن بە کێشە بۆی، ئاپۆ لە هەر هەلێکدا کە بەردەستی دەکەوێت لەکەداری دەکردن. بەم جۆرە لەکەدارکردنی ئەو تاقمە لە هەموو شوێنێکدا ئەنجامدرابوو، لە دوای ڕووداوی شەنەر، ئاپۆ بە زۆرترین خۆپارێزییەوە لە بەرانبەر ئەوانەدا رەفتاری دەکرد. ئەو هەوادارییەی بەخۆڕاگری زیندان دروست ببوو بە وتەکانی لەگەڵ ژیانی پارتی رانایەن و لە ڕابەرایەتیی ناگەن لە ماوەیەکی کورتدا گۆڕدرا بۆ ناحەزی، لە ڕاستیدا ئەو هەڤاڵانە بە سیاسەت و بێ دادگاییکردن حوکمیان بەسەردا سەپێنرا، ئەو ڕێزەی لەنێو تاقمەکاندا هەیان بوو نەهێڵدرایەوە.

سەلیم دوای ئەوەی ماوەیەکی درێژ لە بیقاع مایەوە وەك بەڕێوەبەر نێردرا بۆ ئەورووپا، لە ئەنجومەنی نەتەوەیی کە لەساڵی ٩٣-١٩٩٢ دامەزرا

www.arsivakurdi.org

هەڵبژێردراو هێنرا بۆ سەرۆکایەتییەکەی، کاتێك سەرۆکی ئەنجومەنی نەتەوەیی بوو بە ڕێنمایی، ئاپۆ دەستگیر کراو بردرا بۆ لێکۆڵینەوە، لەکاتێکدا لە ژێر لێپرسینەوەدا بوو لە ڕێکخراو جیابوویەوەو لەڕێی لوبنانەوە هاتە ئەڵمانیا.

جیابوونەوەی سەلیم لە ڕێکخراو بە ڕێنمایی لە بێتەلەوە ڕاگەیەنرا، سەبارەت بەو تێکدانانەی دەیکات ڕێکخراو وریا کرایەوە، بە تایبەتیش بەگوێرەی پێشبینی ئەوەی کە کاریگەری لەسەر ناوچەی چەولیگ دەبێت لەو ناوچەیەدا ڕێنمایی دەستپێکردنی چالاکی دژە پڕوپاگەندەیەکی زۆری بۆکرا. لەماوەی دواتر گوێبیستی ئەوەبووم کە سەلیم پەرتووکێکی نووسیوە، پەرتووکەکەی خرایە نێو لیستی قەدەغەکراوەکان، جگە لەوەش گوێبیستی ئەوەبووم کە بەڕەقی مامەڵە لەگەڵ ئەوانە دەکرێت کە پەرتووکەکەیان خوێندووەتەوە و لە ڕاستیدا ئەو بەرپەرچەی کە لەسەلیم دا ڕەنگی دەدایەوە چاوترسانێك بوو بۆ ئەو ئۆپۆزسیۆنەی ڕەنگە رووبدات.

لەساڵی ١٩٩٥ منیش لە ڕێکخراو جیابوومەوە، لەو ماوەیەی لە سوید دەمامەوە بوارم بۆ رەخسا پەرتووکەکەی سەلیم بخوێنمەوە. دەبێت ئەوە دەربڕم کە ئەو ڕووداوانەی سەلیم لە پەرتووکەکەدا باسی لێوەکردوون ئەو ڕووداوانەن کە زۆربەی هەرە زۆری کەسانی نێو پەکەکە دەیزانن، ئەگەر وەسفەکەی ڕێگا پێدراوبێت ئەوەی باس کراوە ڕەشنووسێکە لەوەی کە لە بەردەمی هەمووان ڕووی دەدا. دۆخەکەی سەلیم بە ڕای من لەکاتێکدا کە پەکەکە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بوو نیشاندانی ئازایەتی گوتنی "پادشا رووتە" بوو. سەلیم پێویستە مافی خۆی پێ بدرێت بۆ ئەو ئازایەتییەی.

لە پاییزی ١٩٩٧ دووبارە گەڕامەوە نێو ڕێکخراو، ماوەیەك لە شام لە گۆڕەپانی مەشقی ئۆجەلاندا مامەوە، لەپایزی ١٩٩٨ بە ئامانجی بەشداریکردن لە کۆنگرەی ٦دا چوومە کوردستانی باشوور، بەشداری کۆنگرەم کرد، هێشتا

www.arsivakurdi.org

کۆنگرە تەواو نەبیوو کە ئۆجەلان دەستگیر کراو گواسترایەوە بۆ تورکیا.

ئۆجەلان کە چەند مانگێك پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراودا پچڕا لە ٨ی ئایاردا بە ڕێنماییەك کە لە ڕێگای پارێزەرەکانییەوە بۆ ڕێکخراوی ناردبوو دووبارە پەیوەندی بەستەوە. ئەوە داخوازی ئەوەبوو کە ئەو دۆخەی ئەمڕۆ ئیمرالی سەپاندوویەتی ئەوکات ئەنجام بدرێت. کاتێك ئەو ڕێنماییەم خوێندەوە بینیم کە ئۆجەلان خۆی داوەتە دەست و لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی بەیەکەوە پڕۆژەیەکیان داڕشتووە. کاتێك ئەو دۆخەم لەگەڵ هەندێك هەڤاڵی نزیك باس کرد شایەتی ئەوە بووم کە ئەوانیش هاوڕان لەگەڵم، پارێزگاری لەخۆکردنەکەی بەر لە دادگای گەیشتە شاخ، زۆربەی زۆری هەڤاڵان دەیانبینی کە لە پارێزگاریکردنەکەیدا بەلۆژیکێك کە بەتەواوی شەرعییەت بە بیرکردنەوەی فەرمی کۆماری تورکیا دەدات باس لە کێشەی کورد دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئەوەندە ئاشکرابوو هێشتا کەس ئازایەتی ئەوەی نەبوو کە بڵێت "پادشا ڕووتە".

لەساڵی ١٩٩٩ لە ڕێکخراو جیابوومەوە و چوومە ئەرمەنستان، لەوێ بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك مامەوە، لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠ دا لە ئاژانسی ئەنادۆڵەوە ناوی ١٠ کەس ئاشکرا کرا کە لەلایەن پەکەکەوە خراونەتە لیستی مەرگەوە، ئەو هەواڵە لە ڕۆژنامەی زەمانیش بڵاوکرایەوە. دوای دوو ڕۆژ لەو هەواڵە لە بەردەم ماڵەکەم لە یەریڤان دووچاری هێرشی چەکداریی پەکەکە بوومەوە، دوو لەو شەش فیشەکەی تەقاندیان بەر لەشم کەوتن.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ هاتمە ئەڵمانیا، هێشتا وەك پەنابەر لەو وڵاتەدا ژیان بەسەر دەبەم".

**٤٠ـ ساکینە باتمانی:** لەشامەوە نێردڕایە کوردستانی باشوور، بەڕێوەبەرایەتی پارتیی ئافرەت و کارگێڕی بنکەی گرتووەتە دەست، بە بیانووی ئەوەی

پەیوەنـدی هەیـە لەگـەڵ دەستپێشـخەری ئازادیی لە ئایاری ۲۰۰۰دا دەسـتگیر کرا، بـە ڕێنمایـی ئۆجـەلان لـە ئیمرالییـەوە ئازادکرا، دواتـر لەگەڵ کانی یلماز، عوسـمان ئۆجـەلان، نیزامەددیـن تـاش و هەندێـك گەریـلای تـر بەیەکـەوە لـە پەکەکـە جیابوونـەوە، لـە کوردسـتانی باشـوور نیشـتەجێیە، لـە بـەرواری ۲۰۰٤/۱۲/۲۸ لـە ڕێـگای ئینتەرنێتـەوە پەیوەندیـم لەگەڵـی بەسـت، بـەم جـۆرە وەڵامـی ئـەو پرسـیارانەی دایـەوە کـە لەڕێـگای MSNەوە ئاڕاسـتەم کـرد:

"**سـەلیم:** ئەگـەر دەڵێیـت بـا لـە ڕێـگای MSNەوە مـن پرسـیارەکانم ئاڕاسـتە بکـەم و تـۆ وەڵام بـدەوە ئەگـەر کاتـت هەیـە.

**ساکینە:** باشە

**سەلیم:** با بە کورتی قسە بکەین و بیبڕێنینەوە

ساکینە: باشە

**سەلیم:** ساکینە ئێوە لەساڵی ۱۹۹۱ لە بیقاع دەستگیر کران؟

**ساکینە:** ئەی تۆ لەوێ نەبوویت، ئەی بیرت نایەتەوە؟

**سەلیم:** من بیرمە، بۆچی دەستگیر کرابوون؟

**سـاکینە:** بەهـۆی لـە بەرانبـەر وەسـتانەوەی ئاپـۆ، دژایەتیی ڕێکخـراو، من پێم گوتبـوو دیکتاتۆر.

**سەلیم:** چۆن و لەکوێ پێتگوت دیکتاتۆر؟

**ساکینە:** لەو راپۆرتانەدا هەیە کە ئەوکات نووسیم.

**سـەلیم:** تـۆ شـیعرت نووسـی بـوو، کاتێـك ڕۆزا دەسـتگیر کـرا لەگـەڵ ئـەودا دەفتەرێکـی شـیعری تـۆش گیـراو بـۆ ئێمـە نێـردرا.

**سـاکینە:** جگـە لـەوە کاتێك دەسـتگیر کرام هەر لـە نزیکبوونەوەی لـە ئافرەتان تـا نزیکبوونـەوە لە تاقمەکان هەموو شـتێکم نووسـی.

**سەلیم:** لە شیعرەکان دوو دێڕ هەبوون.

**سـاکینە:** بەڵـێ تێبینییەکانمـان، یـادەوەری و شـیعرەکان و هەمـوو شـتێکمانیان

www.arsivakurdi.org



برد.

**سەلیم:** دێرێكم لە شیعرەكە دێتەوە یاد:

ڕاستییەك كە لێرەدا ڕاستییەكان باس ناكرێن

ئەمڕۆ دووبارە هێرشی كردەوە سەر كەعبە ئەو سەگە.

**سەلیم:** ئەوە هێڵی بەژێردا هێنرابوو، گفتوگۆمان لەسەر شیعرەكان كرد، عەلی ئاكسۆی گوتی:"كەعبە زیندانی دیاربەكرو سەگەكە ڕابەرایەتییە".

**ساكینە:** بەڵێ سەگ ڕابەرایەتیی بوو، چونكە ئاوام بەو دەگوت.

**سەلیم:** بە ڕاستی تۆ بەو واتایە نووسی بووت؟

**ساكینە:** ڕەنگە وا بووبێت.

**سەلیم:** نزیكبوونەوە لە ئافرەتان واتا چی؟ هەندێك دەیانگوت كە سەرۆك حەرەمی دانابوو.

ساكینە: شتێكی لەو جۆرە بوو.

**سەلیم:** هۆكاری ڕاستیی دەستگیر كرانی هەندێك لەو ئافرەتانەی لەماڵەكەی ئەو دەمانەوە چی بوو؟

**ساكینە:** ئەوانەی لەدژی دەوەستانەوە بەگشتی دەستگیر دەكران.

**سەلیم:** وەڵامی داخراو دەدەیتەوە، بەڵام بۆچی؟ ئەوانەی دژایەتیی چییان دەكرد و بۆچی دژایەتییان دەكرد؟ بیركردنەوەی یاخود هەڵوێستی؟

**ساكینە:** ئەوەی لەهەر ڕوویێكەوە دژایەتی كردبا هەم بیركردنەوە هەم لایەنی تریش.

**سەلیم:** خەڵكی دەڵێن ڕابەرایەتیی بۆ بەهێزكردن و پەروەردەكردنی كچان دەبات بۆ ماڵەكەی، ئەوە تا چ ڕادەیەك ڕاستە؟

**ساكینە:** بەڵێ ڕاستە بێگومان!

**سەلیم:** ئەو بەهێزكردنە چۆن بوو؟

**ساكینە:** وەك كچی خەڵك نا، بەڵام وەك كچانی ئاپۆ بەهێز دەبوون.

**سەلیم:** بۆ نموونە؟ پەروەردەی تیۆرییان دەدات؟

**ساکینە:** بە ڕای تۆ ئاپۆ دوای ١٩٩٠ چۆن وا بووە شتێك گفتوگۆی لەسەر نەکرێت؟ لە هەموو شت زیاتر ئافرەتەکانی بۆ لای خۆی راکێشاو لە ڕێگای ئەوانەوە پیرۆز کرا.

**سەلیم:** چۆن بۆ لای خۆی راکێشان؟ من ئەوە دەپرسم!

**ساکینە:** هەندێك جار کە لە نێو رێکخراو بووبا بە دەمەقاڵێ لەسەر ئەو یەکەمجار ئافرەتەکان تێکیان دەشکاند، هەندێکی بەهەست و سۆز بەخۆیەوە بەستەوە، هەندێکی ترساند، هەندێکیش دەسەڵاتی پێدان، بە گوێرەی خاڵی لاواز.

**سەلیم:** ئەگەر ئێمە داواکارییەکمان لە ئافرەتێك بکردبا یان شتێکی لەو جۆرە یەکسەر دەبووین بە سیخوڕ، کەچی ئەو کە لەگەڵیان دەخەوت "شۆڕش بەڕێوە دەچوو" نهێنی ئەمە چییە؟

**ساکینە:** نهێنیی ئەوە لە دەبەنگیی ئێمەی ئافرەتەکان بوو.

**سەلیم:** ئێوە چەندجار دەستگیر کران؟

**ساکینە:** ساڵی ١٩٩١ دووجار بە هەردووکی سێ مانگ، ساڵی ١٩٩٣ دووبارە بەهۆی دژایەتیکردنی پەکەکە مانگێك، ساڵی ١٩٩٩ سێ مانگ و لە ١٩٩٧ لە ئەکادیمیا ٢٠ ڕۆژ و لەساڵی ٢٠٠٠ ساڵێکی تەواو دەستگیر کرام.

**سەلیم:** فشار، یاخود ئەشکەنجەت بینی؟

**ساکینە:** ئایسەل دەزانێت!

**سەلیم:** جگە لەوە کەی تر ئەشکەنجە درایت؟

**ساکینە:** ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ڕۆزا بەیەکەوە.

**سەلیم:** چۆن؟ بەتوندوتیژی و لێدان، یاخود دەروونیی؟

**ساکینە:** ئەشکەنجەیەکی چۆن؟ توندوتیژی و لێدان بێگومان!

**سەلیم:** دەکرێت کەمێك باسی بکەیت؟

www.arsivakurdi.org

**ساکینە:** وازبێنە، هەر خۆی کاتێك ئەو ماوەیەم بیر دێتەوە ئازار دەچێژم!

**سەلیم:** وابزانم نەمتوانی تێت بگەیەنم، ساکینە من لەو پەرتووکەدا باسی دۆخی تۆ و ڕۆزای ساڵی ١٩٩٢م کردووە، دوای ئەوە چیتان بەسەرهات نازانم و دەمەوێت بیزانم، ئەگەر وەڵامبدەیتەوە دەمەوێت بیخەمە سەر پەرتووکەکە، ڕۆزا بۆچی دەستگیر کرابوو؟ بە ئێمەیان گوت کە هەڵساوە بە ژەهرکردنە نێو خۆراکی ڕابەرایەتیی ئایا ڕاستە؟

**ساکینە:** شتێکی وای نەکرد، بەڵام ڕقی لێ دەبووەوە و نەیدەویست لەگەڵ ئەو لە هەمان شوێندا بمێنێتەوە.

**سەلیم:** بۆچی ڕقی لێ دەبووەوە؟ هەمووان ڕابەرایەتییان خۆشدەویست کەچی ئەو ڕقی لێی دەبووەوە بۆچی، سیخوڕ بوو؟

**ساکینە:** من و ڕۆزا لە زۆربەی زۆری بابەتەکان بەهەمان شێوە بیرمان دەکردەوە و گفتوگۆمان دەکرد.

**سەلیم:** بیرتان لە چی دەکردەوە و گفتوگۆی چیتان دەکرد؟

**ساکینە:** هەموو شتێك دەربارەی ئاپۆ!

**سەلیم:** کەی هەستتان کرد بەرق لێبوونەوەی ئاپۆ؟

**ساکینە:** دەزانیت ڕۆژێك دۆغو پەرینچەکی بانگ کردو هاتە لای ئێمە، من و ڕۆزا خەریکی کاری چاپ بووین گوتی:"سەیرکە ئەو دوو کچە من لە هیتلەر دەچوێنن، بەڵام ئێمە ئەوان ناکوژین".

**سەلیم:** باشە بۆچی ئەوتان بە هیتلەر چوواندبوو؟

**ساکینە:** پەرینچەکیش پرسیاری کرد "ڕاستە؟" گوتم" بەڵێ" کاتێك گوتم: "بە ڕای من شێوازی لە ستالین و هیتلەر دەچێت" بێگومان پەرینچەك حەپەسا! ئاپۆ یەکسەر وشەی پێدادا" سەیرکە پەرینچەك لای ئێمە هەر کەس دەتوانێت وەك ئەوەی حەزی پێ دەکات بیر بکاتەوە". دۆغو پەرینچەك داوایکرد لەگەڵمان ریپۆرتاژێك ئەنجام بدات ئێمە قبوڵمان نەکرد.

جارێکیشیان ئاپۆ گوڵی بۆ من و ڕۆزا هێنابوو، ئێمە قبوڵمان نەکرد و لەدەستی وەرمان نەگرت!

**سەلیم:** سەیرکەن پیاوەکە چەند بە ڕوومەتە گوڵتان پێ دەدات، بەڵام ئێوە نەزاکەتتان نییە!

**ساکینە:** بەڵام ڕۆژێك پێشووتر لەو باڵەخانەی چاپکردنە ویستی شتی تریش ئەنجام بدات!

**سەلیم:** چی؟

**ساکینە:** پیاوەتی نزیکبوونەوەی ئەو لە ئافرەتان زۆری پاڵ پێوەنا، بەمن و بە ڕۆزاش.

**سەلیم:** چۆن یانی تێنەگەیشتم!

**ساکینە:** کاتێك ئێمە هەڵوێستمان لەبەرانبەری وەرگرت، گوتی کە ئێمە زۆر ئافرەتانە بیرمان کردووتەوەو بە هەڵە لێکمان داوەتەوە، هەر خۆی هۆکاری دەستگیر کرانم لەوێ ئەوە بوو!

**سەلیم:** ئەگەر بکرێت زیاتر بە روونیی قسە بکەن، بۆ نموونە چیکرد کە ئێوە هەڵوێست لەدژی بنوێنن؟

**ساکینە:** دەیویست بمنێرێتە تورکیا رازی نەبووم، ویستی من ببات بۆ لای خۆی، گوتی وەرە لە نزیکەوە دەمناسیت! منیش گوتم نەخێر بە رادەی پێویست ناسیم دەمەوێت بچم بۆ شەڕ، ئەوکات بڕیاری دەستگیرکردنمی دەرکرد.

**سەلیم:** ئێوە دوو ئافرەت لە شوێنێکدا بوون هەر چۆنێك بێت داوای لە هەردووکتان نەدەکرد لە هەمان کات دا؟

**ساکینە:** واتا چەند جارێك بانگی کردم نەچووم، ئەوکات دەستگیر کرام.

**سەلیم:** بانگی کوێی کردیت؟

**ساکینە:** لای خۆی.

**سەلیم:** تۆ گەریلایت و فەرماندەی گشتی بانگت دەکات، دەکرێت نەچیتە لای؟

**ساکینە:** ئەرێ تۆش گاڵتە مەکە!

**سەلیم:** پرسیار دەپرسم! ئەو گوتی ساکینە وەرە ئێرەو تۆ گوتت نەخێر من نایەم؟

**ساکینە:** ئەوکات من تەنانەت نەمدەویست ئەو ببینم، چۆن لەگەڵ ئەو چەندین مانگ لە هەمان ماڵ بژیم؟

**سەلیم:** ئەو وتانەت زۆر واتای لێ دەردەچێت!

**ساکینە:** دەیویست بمباتە چڕکردنەوە!

**سەلیم:** بردنە چڕکردنەوە چۆنە؟

**ساکینە:** بەڕاستی کەس ئەوانەی بۆت باس نەکردووە؟

**سەلیم:** جگە لە هاوڕێیەکی چاو نەترس هیچ کەسێك بە تەواوی و بە روونی باسی نەکردووە، ئەوانیتر هەموو وەك تۆ بە نادیاری باسی دەکەن.

**ساکینە:** بەڵام دەزانیت من سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی بێ ئەوەی پەیمان بەو بدەم چوومە شاخ.

**سەلیم:** بۆ نموونە کە دەیگوت وەرە لام مەبەستی "وەرە پێخەفەکەم" بوو؟

**ساکینە:** ئەگەر بچیتە ماڵەکەی بەڵێ بەو مانایە دێت.

**سەلیم:** واتا بە ئاشکرا بەو واتایە بە تۆ و ڕۆزای دەگوت؟

**ساکینە:** بەڵێ!"

**٤١ـ فوئاد چاڤگون:** لە دەزگای رێکخراو لە میونخ بۆ ماوەی ٧ مانگ دەستبەسەر بوو، کە "ئایەتەکانی ئاپۆ"ی خوێندەوە هاتە بینینم، رێکخراو ڕێگای بە تیمارکردنی نەدەداو من یارمەتیم دا، بۆ ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانەکان مایەوە و زۆر شت کە دەیزانی بۆ منی باسکرد، ئەو زانیاریانەی لای بوو، ئەو

www.arsivakurdi.org



ڕووداوانـەی شـایەتیان بـوو و ئـەو نهێنیانـەی دەیزانـی ئـەوی مەحکوومـی مـردن کردبـوو، بـە موعجیزە لـە ژیاندا مابـووەوە.

هێشتا لەژیاندایە، مات و بێدەنگ.

ئەو ریپۆرتاژەی خوارەوە لە ماڵپەڕی ناسنامە وەرگیراوە:

ڕۆژانی لەگەڵ شام و ئاپۆ

شوکری گوملووش

ـ باشە لەگەڵ پارتیی لەگەڵ ئاپۆ پەیوەندیت هەبوو؟

ـ تـا ئـەو ڕۆژە مـن لەگـەڵ ئاپـۆ پەیوەندیـم نەبـوو، هـەر خـۆی ئەگـەر ئـەو پەیوەنـدی نـەکات مـن چـۆن بتوانـم پەیوەنـدی بکـەم؟ تەنیـا لەگـەڵ ئـەو هاوڕێیانـەی دەمناسـین و لـە نێـو پارتـی بـوون پەیوەندیـم هەبـوو، لەوانـە ئـەوەی تـۆش دەتناسـی و لـە زینـدان لەگـەڵ ئێمـە گیرابـوو (ئەحمـەد نیتەلیـك) پەیوەندیـم هەبـوو، نیتەلیـك بـە منـی گـوت کـە پارتیـی دۆخەکـەت دەزانێـت و "سـەرۆك" ڕێنماییەکـی بـۆ نـاردووە، تەنانـەت بـە گوێـرەی ئـەوەی باسـیان کـرد گوتوویەتی"ئەگـەر تاقـم لـە ئەنقـەرەوە چووبێـت ئـەو کات دۆخـی فوئـاد لـە مەترسـیدایە، ڕەنگـە لـەوێ ئـەو لـە ناو ببـەن، بە زووتریـن کات ئەو بێننـە دەرەوە و بیگەیەننـە ئێـرە".

هەمـان شـتیش پارێـزەر عسـمەت ئاتـەش کـە ئـەوکات دەچـوو بـۆ لای ئاپـۆ و دیـداری لەگـەڵ دەبەسـت، بۆمـی بـاس کردبـوو.

ـ دوای ئەوەبوو تۆیان هێنا دەرەوە؟ تۆ بەچ ڕێگایەك گەیشتیتە لای ئاپۆ؟

ـ یەکـەم جـار منیـان بـردە یۆنـان، لـە ڕێـگا یـەك لـەو هاوڕێیانـەی لەگەڵـمان بـوون کەوتـە مەترسـی خنـکان، پەتێـك بـە قاچیـەوە بووبـوو، مـن بـەو حاڵـی نەخۆشـییەوە چوومـە ژێـر ئـاو و ڕزگارم کـرد، کـە قاچـمان خسـتە یۆنان دەسـتگیر کرایـن، لـە لایـەن پۆلیسـی یۆنـان لێپرسـینەوەمان لەگـەڵ کـرا، مـن بـە ناسـنامەی ئاشـکرا لـە دۆخەکـە ڕزگارم بـوو، لـە نێـو پۆلیسـی یۆنـان کەسـێك هەبـوو تورکـی

www.arsivakurdi.org

باش بوو، سەیری پێدەهات من وا بە ئاشکرا دەجولێمەوەو بێگومان نەیانتوانی هیچ بڵێن، سەرەڕای ئەوەش منیان دا کامپی لەڤیریۆندا، لەوێوە بە یارمەتی پارتی گەیشتینە سووریا.

ـ سەلیم و سەیفەددین چیرۆکێکی کەوتنە ژێر ئاویان هەیە، سەیفەددینیش لەگەڵ ئێوە بەیەکەوەبوون؟

ـ نەخێر ئەوان لە دوای ئێمەبوون.

ـ ڕۆژەکانت لەگەڵ شام و ئاپۆ دەست پێدەکات، باشە ئەوکاتە دوای ساڵانێك یەکەمجار کە ڕووبەڕووی ئاپۆ بوویتەوە؟

ـ یەکەمجار منیان بردە خانووەکەی پارتی لە شام، دواتر کانی (فەیسەڵ دونلایجی) منی برد بۆ بیقاع، ئاپۆ لەوێ بوو وانەی دەگوتەوە کە چووم بۆ ئەوێ بینیم.

چوومە ئەو شوێنەی وانەی تێدا دەگوترایەوە، کە ئاپۆ منی بینی زەردەخەنەی کرد، حاڵی ئەوەم نەبوو کە بە پێوە بوەستم دانیشتم، بەڵام ئەوانەی کە لەگەڵ من هاتبوون وەك پەیکەر وەستا بوون، ئاپۆ کۆتایی بە وتەکەی هێنا و بانگی منی کرد و گوتی:"فوئاد وەرە وتەیەك بدە"، گوتم "من ناتوانم وتار بدەم قسەکردنم تەواو نییەو ئێستا ماندووم"، هیچی نەگوت، دوای وانە چووین بۆ باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی، سەیرم کرد دووبارە هەموویان وەك پەیکەر وەستاون، ئاپۆ دێت چەپڵە، دەڕوات چەپڵە.... یەکێك جۆش دەبێت چەپڵە... هیچ مانایەکم بۆ نەدە بینییەوە، بە تەواوی تێنەدەگەیشتم کە چی دەگوزەرێ، سەرەڕای ئەوە هەموو زۆر بە نامۆیی سەیرم دەکەن، وەك بڵێی تاوانێکی گەورەم ئەنجامدابێت، لە ژووری بەڕێوەبەرایەتی چووە دەرەوە، رووم کردە کانی:"کانی چییە ئەو حاڵەتان؟ هەمووتان وەك پەیکەر رەق دەبن، خەریکە لای ئەو نەتوانن هەناسەش بدەن، ئەوەندە چەپڵە لێدەدەن دەستتان گرژ دەبێت...

www.arsivakurdi.org

ـ هیچیان پێت نەگوت؟

ـ نا تەنیا گوێیان لێم دەگرت و سەریان بۆ پێشەوە شۆڕ دەکردەوە.

ـ دوای ئەوە ئاپۆ هیچ لە گەڵت دوا؟

ـ کەمێك گفتوگۆمان کرد، دۆخی تەندروستیمی پرسی و بۆم باسکرد، گوتم دکتۆرەکان گوتوویانە بەردەوام ئاگاداربیت و پشوو بدەیت، بەمنی گوت:"چاك دەبیتەوە چاك دەبیتەوە... لێرە دۆخمان باشە... تۆ لە خۆراکی من دەخۆیت و بەگوێرەی پێویست ئاگادارت دەبن".

ـ لە ئەکادیمیا لە کوێ دەمایتەوە؟

ـ لە بەشی پێداچوونەوە دەمامەوە، ژوورێکی بچووکی لێ بوو، ئەها ژوورە بچووکەکەی نێوان دکتۆر ناسر و فۆتۆکۆپیچییەکە ئیسماعیل، لەوێ. دوای چەند ڕۆژێك دکتۆر باران ڕێکخەری ئەکادیمیا هات، کەمێك گفتوگۆمان کرد، لە پاشەملە گوێم لە باسی ببوو و هەوادارییم بۆی هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی بینیم تووشی دارمانی خەیاڵ بووم، کاتێکیش بەمنی گوت:"فوئاد با وێنەیەکی سەرۆك لە ژوورەکەت هەڵبواسین" هەموو جنەکان لە سەرمدا کۆبوونەوە، بە توڕەییەوە سەیرم کرد و گوتم:"ئەوە ئەو پێتی گوت یاخود بیرۆکەی خۆتە؟" دەنگی نەکرد، سەری شۆڕکردەوە پێش خۆی، پێم گوت:"سەیری من بکە هەڤاڵ باران، ئەگەر ئەوە خۆی پێتی گوتووە با بێت یان خۆی هەڵیواسێت وە یان بەمن بڵێت، بەڵام ئەگەر تۆ دەیڵێیت زۆر شورەییە بۆت، خۆزگە ئێوەم لەو حاڵەدا نەدیبایە، خۆتان خستووەتە چ بارودۆخێکەوە".

ـ چی بوو لە ئەنجامدا؟

ـ چی دەبێت، دوای سێ ڕۆژ وێنەیەکی ئاپۆ هەڵواسرا، دوای هەڵواسرانەکە خۆی هات، کاتێك لەگەڵ من گفتوگۆی دەکرد سەیرێکی وێنەکەی کردو پێکەنی.

ـ ئەو کات لە واتای ئەوە تێگەیشتی؟

www.arsivakurdi.org

ـ بێگومـان بـۆ دەکرێـت تێنەگـەم؟ واتـای ئـەوە بـوو سـەیرکە لە سـەر سـەرتە، تەنانـەت بـەو حاڵـە نەخـۆش و قارەمانییەتـەوە مـن لە سـەڕووی سـەرەوەم، تۆش دەبێـت قبوڵـی گەورەیـی مـن بکەیت.

ـ باشـە لێرەوە بجوڵێینەوە بچینە سـەر کۆنفرانسـی بەرگریـی زیندان؟ دەزانیت کـە مـن هاتـم کۆنفرانسـەکەتان کۆتایـی پـێ هاتبـوو، تـۆ هـەر لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی لـە کۆنفرانسـەکەدا بوویـت، باشـە بـە ڕای تـۆ ڕاسـتییەکانی دوواوەی کۆنفرانسـی بەرگری زینـدان چـی بـوون؟ ئاپـۆ بـە ئەنجامدانـی ئـەو کۆنفرانسـە دەیویسـت چـی بـکات و ئایـا سـەرکەوتوو بوو لـەوەی ئامانجـی بوو کـە ئەنجامی بدات؟

ـ ئێسـتا مامۆسـتا ئەگـەر لەگـەڵ تـۆ لـە زیندانـەوەش لـە تـەك یـەك نەبوویـن ئـەوا ماوەیەکـمان بەیەکـەوە بەسـەربرد، بەرگریـمان کـرد، پارێزگاریـمان کـردو خۆمـان دا بەدەسـتەوە، دووبـارە زنجیـری خۆ بەدەسـتەوەدانمان پسـاند ئەوانەمان کـە دڵـمان لـە یـەك شـکابوو بـە شـکاوی چووینـە ژوورەوە، لـە بەرەنـگاری زینداندا بەدەیەهـا هەڤاڵـمان لەدەسـتدا، ئێمـە ئـەو نەوەیـە ئەوانـە بوویـن کـە زۆرتریـن ئازارمـان چەشـت و بەردەوامیـن لـە ئازارچەشـتن، بـەڵام ئێمـە چەندیـن ئومێدمـان هەبـوو، ئامانجـمان هەبـوو، ڕاسـتگۆ بوویـن و خـاوەن بڕیـار بوویـن، سـاڵانێك دەستبەسـەربووین، بـۆ ئێمـە دەرەوە، پارتـی و تەنانـەت ئاپـۆ زۆر شـت بـوون، ژوورەوە جیهانێکـی تـرە و دەرەوە ببـوو بـە جیهانێکـی تـر، بچووکتریـن بەرەوپێشـچوون ئێمـەی لـە خۆشـیدا دەفڕانـد بـۆ ئاسـمانەکان، هیـچ کات لەبیری ناکـەم کاتێـك پارچەیەکـی بەقـەد دەسـتێك لـە بەرگـی ڕۆژنامـەی سـەرخوەبوون گەیشـتە ژوورەوە هەمـوان وەك بڵێـی قورئـان بێـت ماچیان دەکرد و دەیانخسـتە سـەر سـەریانەوە، کاتێـك گوێبیسـتی (هێزەکانـی ڕزگاریـی کوردسـتان) بوویـن، خەریـك بـوو بفڕیـن و لـە جیهانێکـی ئـەم شـێوەیە دێیت، هـەر لە گەرمـە گەرمی هاتنـت هەمـوو شـتەکان لـە بەرانبـەرت دەبینیت وەك بڵێـی بە برسـێتی مابیتەوە،

www.arsivakurdi.org

چۆن تووشـی حەپەسـان نابیـت.

**ئەو کۆنفرانسەی خەباتکارانی تیایدا مەحکوم کران**

کۆنفرانسـی خەباتـی زیندانیشـم لـە کەشـێکی وادا بـە ئەرێنـی و پێویسـت دەبینـی، بـەڵام دەمەوێـت ئـەوە بەهێـڵ بەژێـردا هێـنراوی بنووسـن: ئەگـەر وەك تـاك بـۆ خـۆم شـتێك هەبێـت کـە هەرگیـز لێـی خـۆش نەبـم ئـەوا دەسـت بەرزکردنەوەمـە بـۆ لەسـێدارەدانی محەممـەد شـەنەر!...

مـن ئـەو کاتـە لـەدژی ئـەو بڕیـارە بـووم، دژایەتیکردنەکـەم پاراسـت، لەگـەڵ هەندێـك هەڤـاڵ بـە توونـدی دەمەقاڵێـم کـرد، ئـەوان بـە منیـان گـوت:"فوئـاد تـۆ لـە ژوورەوە لـە هەمـووان زیاتـر ڕووبـەڕووی شـەنەر دەبوویتـەوە، ئێسـتاش لێـرە پارێـزگاری لـەو بکەیـت لەگـەڵ دۆخەکـەی خـۆت یەکناگرێتـەوە" لەکاتێـکدا مـن بەوانـم دەگـوت" ئـەوێ زینـدان بـوو، ئەگـەر شـەنەر هەڵـە یاخـود تاوانێکـی ئەنجـام دابێـت ئـەوا لـەوێ ئەنجامیـداوە، ڕاسـترین شـت ئـەوە بـوو کـە لـەوێ دژایەتـی بکەیـت و لێـرە پارێزگاریـی لـێ بکەیـت، ئێـرە گەیشـتووەتە رادەیەك کە خۆزگـە بـە زینـدان بخوازین."

بـەڵام لەگـەڵ کات، لـە ئاپـۆ زیاتـر تـرس لەوانەیـە کـە ئاپۆیـان تـا مـۆخ قبـوڵ کـردووە، تاقمـی پانکـەرەوە و بـێ کەسایەتییەکان کاریگەریـی لە منیـش کردووە، ئەگـەر بـە نادڵیـش بێـت دەسـتم بەرزکـردەوە، ئاپـۆ وەسـتایانە ئـەو رەخنانـەی لە ژوورەوە لـە شـەنەرم گرتبـوو بـەکاری هێنـان، ئـەی ناڵێـم:" تەنانـەت فوئـاد بـەو حاڵـەی سـەر جێگایـەوە لە بەرانبەر ئـەو هەڵوێسـت دەنوێنێت، بەڵام ئێـوە پاڵتان داوەتـەوە! ئەگـەر فوئـاد پارێزگاریـی لە پارتییەکـە نەکات ئەو هانـدەرە هەمووتان لەسـەر پەنجەیـەك دەسـوڕێنێت. ئـەوەی لەگـەڵ فوئـاد رێکنەکەوێـت لەگـەڵ کـەس رێـك ناکەوێـت..." ئـەوکات نە من و نە تـۆ و نەهیچ هەڤاڵێکی تر سـەرنجی ئـەو دۆخەمـان نەدابـوو، ئەوانـەش کـە سـەرنجیان دابـوو وەك چەتیـن، رەسـوڵ،

www.arsivakurdi.org

عەبدوڵڵا ئەکنجی، دلاوەر و شەنەر بە ژیانیان قوربانیان دا، بە ڕای من شەنەر لە هەموومان ئازاتر بوو، من بە نەخۆشییەکەم و هەر خۆم مردووم و ئیدی لەمەو دوا ئاپۆ چیم بۆ دەکات، بەو حاڵەم و لەگەڵ رابردووم قسەم دەکرد، بەڵام نەمدەتوانی ببم بە هێزی چارەسەر، بەر لە شەنەر کۆمیسیۆنەکان و ئەنجومەنی راوێژکارییەکانم بۆ ئاپۆ پێشنیاز کردبوو.

- چۆن کۆمیسیۆنێک؟

- گوتم: بۆ نموونە ئەنجومەنێکی راوێژکاریی گشتی، لەتەك ئەو پێویستە کۆمیسیۆنەکانی ئابووریی، سەربازیی و سیاسیی دابمەزرێت، بەڵام ئەو دەیگوت:"چۆن دەبێت فوئاد چ پێویست بەمە دەکات؟ هەموو ئەوانە من ئەنجامیان دەدەم؟ ئەی پارتی بۆ چ ڕۆژێکە، دواتر ئەوە رکابەری بە دوای خۆیدا دەهێنێت" و هەر لەسەرەتاوە رەتی دەکردەوە.

بۆیە زۆر گرنگە کاتێك شەنەر دەڵێت:"داهات و خەرجی ئەو پارتییە جگە لە ئاپۆ کەس نایزانێت، ئاپۆش لە بەرانبەر کۆنگرە بەرپرسیارە"، چونکە ئاپۆ تەنیا بۆ خۆشگوزەرانیی خۆی لە ئەڵمانیاوە ئۆتۆمبێلێکی BMWی دوایین مۆدێلی هێنا و کردی بە دیاری بۆ برازای حافز ئەسەد، بەپارەی ئەوکات BMW وابزانم نرخی ٣٠٠-٥٠٠ هەزار مارکی ئەڵمانی بوو، هەر ئەو وەك هیتر بە هەڵاتن بۆ ئەورووپا نا، بەتایبەتی لە گۆڕەپانەکەی ئاپۆ هەڵوێست نواندنی رێك نموونەی قارەمانەتییەك بوو، من لە ژوورەوە هیچ کاتێك نەمگوتووە کە شەنەر "خیانەتکارە، سیخوڕە"، خوێندنی مارشی نەتەوەیی تورکیاو جلوبەرگ پێ لەبەرکردنمان هەڵە بوو، تاوانێك بوو، بەڵام ئەوانە ڕووداوگەلێکن کە لەوێ ڕوویان دا، ئەو وتانەی من نابێت کە بەدرێژایی تەمەن بۆ شەنەر بەکاربێت، بەڵام پێویستە بۆ ئەو لایەنە رێز لە ئاپۆ بگیرێت (!) پیاوێکی سیاسییەو سەرکەوت لەوەی کە هەمووان بدات بە گژ یەکتردا.

من ئەوە بە دواکەوتویی کۆمەڵگا و لاوازیی کەسایەتیمانەوە دەبەستمەوە،

www.arsivakurdi.org

ئەگـەر لـەکات و شـوێنی خـۆی هەڤـاڵ هەبـووا کـە هەڵوێسـت بنوێنێـت و بـۆ ساتێك ئـەوە ڕەوا نەکرایـە نـە ئاپـۆ دەیتوانـی بـگات بـەو دۆخەو نە ئێمـەش وەك گـەل دەکەوتینـە سـووکایەتییەك کـە شایسـتەی نیـن.

ـ واتـا دەڵێیـت ئاپۆ بە "کۆنفرانسـی خەباتی زیندان" بە ئامانج گەیشـت، باشـە ئەگـەر بـە کورتـی دۆخەکـە بە دەربڕینی تـۆ وەرگرم، چۆن وەسـفی دەکەیت؟

ـ شـوێنی زیندانـەکان لەنێـو خەباتـدا تـۆ لـە مـن باشـتر دەزانـی، بـە ڕای مـن بەتایبەتـی زیندانـی دیاربەکـر و خەباتـی ئێـرە لـە چەنـد ڕووێکـەوە گرنگـە.

یەکـەم: هاتنـی کودەتاچییـەکان، فشـاری بڕیـاری کشـانەوە دواوە، سیاسـەتی لەناوبـردن و بەزانـدن لەسـەر ڕابـەران و چینەکانـی ئێـرە جـێ بەجـێ کـرا، وەسـتانەوەی بـە هەڵوێسـتی تاقمـەکان، پارێزگاریـی لەخۆکردنـی دادگاکان و دەسـتکەوتە لەگـەڵ کات بـە دەسـتهاتووەکان لـە ناخۆشـترین کاتـی گـەل بوون بە قیبلـەی ئومێـد و بەخۆهاتنـەوە، سـەرەڕای هەمـوو فشـار و یارییـەکان، کۆمـاری تورکیـا سـەرکەوتوو نەبـوو لـەو سیاسـەتە.

دووەم: زیندانـەکان بـەژوورەوە سـنووردار نەبـوون، بـوون بـە ڕێگانیشـاندەری چیـن و توێژەکانـی گـەل و گەریـلا.

سـێیەم: تاقمەکانـی ئێـرە هەریەکـە بـوو بـە بنکـەی سـەرەکی تاقیکردنـەوەو هەڵسـەنگاندنی ڕابەرانێـك، واتـا زیندانـەکان کەسـەکانیان جیاکـردەوە، ڕابـەرە سـاختەکانی دوێنـێ و ئەنجامەکانـی کۆمیتـەی مەرکـەزی نەمان و چـوون، خەڵکی بـە خۆڕاگریـی ئـەو کەسـانە ئەسـتەمترین کاتەکانـی بەسـەربرد، لـە بـێ هیواتریـن کاتەکانـدا ئەوانـی وەك هیوایـەك بینـی، مانگرتـن و چالاکییەکانـی ئەوانـی بـە نموونـە وەرگـرت، پارتییێکـی بەرگـری و مانگرتـن لـە خـۆراك بـۆ گـەڕان بـە دوای مـاف و دەرەنجامـی بەرجەسـتەی بینـی، لـە زەمینـەی کارکردنـی پارتیـی یاسـاییدا داخسـتنی دوکان و سـەرهەڵدانەکان ئەوانیـان بەنموونـە وەرگرتبـوو.

ئـەوە دۆسـت و دوژمـن بـە ئاشـکرا بینیـان، قبوڵیـان کـرد، کۆمـاری تورکیـاش

www.arsivakurdi.org



و ئاپۆش ئەوەیان دەزانی، هەر لەبەر ئەو هۆكارەش بوو كە لەسەرڕووی هەمووان ئاپۆ ئەم لە دایكبوونەی بە نیشانەی خێر نەبینی، وەستایانە هەڵسوكەوتی كرد، بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی یەكەم جار بە قارەمان و دواتر بە خیانەتكار ناوزەدی كردن. بۆ نموونە ئێستا بەتەواوی بیرم ناكەوێتەوە، بەڵام لە یەك لە كۆنگرەكانی پارتیدا دەگوترا:"هەڤاڵانی ژوورەوەمان، بەشێوازێكی شایان بۆشایی چوار ساڵ گەڕانەوە پاشیان پڕكردەوە، بە خۆڕاگرییەكانی زیندان ئێمە جارێكیتر لە دایك بووینەوە". بەڵام ئەوەی لە هەموو ئەو قارەمانانەی زیاتر متمانەیان پێدەكرا، ئەوانەی لە هەمووان زیاتر لەنزیكی ئەو ئەركیان پێدەسپێردرا، ئەوانەبوون كە لە ژوورەوە ددانپێنەر بوون، دوو زمانیان دەكرد و پەشیمان دەبوونەوە، لەنێو ئەوانەدا ئەوەی هەموومان دەیانناسین كانی (فەیسەڵ دونلایجی)، مەجید گومووش، عەلی ئاكسۆی، عەبدولڕەحمان كایكچی، ئەوانە بوون كە لە هەمووان زیاتر متمانەیان پێكراوبوون لێرە، كانی بیناسازی هەموو كارە نهێنی و بۆنداره گڵاوەكانی ئەوە، تا ئێستاش ئەو ئەركە بە دڵسۆزییەوە جێبەجێ دەكات، ئەوانەی تریش یەكەمجار لە ئەكادیمیا وەك ڕێكخەر دەخرێنە بەر تاقیكردنەوە و بە سەلماندنی دروستی خۆیان بۆ ئەو، چەند جارێك بەرز دەبنەوە.

بەڵام لە دوای ئۆپەراسیۆنی شەنەر، ئیدی هەر كەسێك كە لە زیندانەوە دێت و زیندانییە، بە رادەیەك تاوانبارە، ئەوەش كە بۆ خواردنەوەی شۆربایەك خۆی دێنێتە مردن پیاوە (!).

لە كاتێكدا ئەگەر گرنگی پێویست بە تاقمەكانی نێو زیندان بدرایە و بوار بۆ ئەوان برەخسێنرایە هەم خەبات هەڵمەتێكی زۆر شاهانەی دەبرد بەڕێوە هەم كێشەكانیش قەبارەیەكی ئاوا گەورەیان بەخۆوە نەدەبینی، بەڵام ئەوانە بۆ ئەو گرنگ نەبوون، تەنیا یەك شت هەبوو كە ئەو بیەوێت: هەروەك سەدام و ئەسەد، لە هەموو شوێنێك وێنەی زۆری ئەو و وتنەوەی بژی ئاپۆ.

ئایا پێویست دەکات کە من شتێك بڵێم؟ چەند کەس لە تاقمی نێو زیندانەکان ئێستا لە ژیاندایەو لەنێو پارتییە، من و تۆش، بە حاڵی نەخۆشیمانەوە سەرکەوتین لە مانەوە لە ژیاندا، ئەگەر وا نەبووایـن، دەبوو یا "بژییەت" بین و یاخود مردوو، ئەوەی ماوەتەوە من بەهۆی ئەوەی هەندێك ڕاستیم ئەوکاتیش ڕووبەڕوو دەگوت، ئەوکات نا، ئێستا زیاتر دوور لە سیاسەت هەڵسوکەوت دەکەم و وای لێ تێدەگەم کە ساویلکەترم، ئەو ڕاستییانە پێویست بوو لە درکاندن زیاتر ئەوکات جێبەجێ بکرێن، بەڵام بواری ئەوەش نەبوو، بە ڕای تۆ هەبوو؟

ـ دەڵێم نەخێر، بەڵام باسکردنی ئەوانە بۆ کەسانێك کە وەك ئێمە لەو کەشەدا نەژیاون و چاوەڕوانیکردنی ئەوەی لێمان تێبگەن ئەستەمە، وا دەزانن کە گوتنی هەندێك شت و لە دژ وەستانەوەی بەسە، من با مافی پرسیارکردنم بەکاربهێنم و تۆپەکە بۆ تۆ بهاوێمەوە، بێگومان منیش ئەوکات وابزانم ماوەیەك لە دوای تۆ لەوێ بووم، تەنانەت جارێك لە گۆڕەپانی ئەکادیمیا تۆم بینی، نەمانتوانی بە رێك و پێکی قسە بکەین، تۆ لە کوێ دەمایتەوە؟ لەو شوێنانەی تۆ لێی دەمایتەوە چی دەگوزەرا؟ من زۆر دەنووسم، هەموومان تامەزرۆی تۆن، ساڵانێکە نە هەیە تۆ ببینێت و نە هەیە کە بزانێت چۆن دەژییێت؟ تەنانەت لای زۆر کەس دیارنییە بەتەواوی کە ماویت یاخود مردوو؟ ئەوجارەیان تۆی ئەوەی قسە دەکات، ئەوەی دەپرسێت (واتا ئەوەی لەشوێنی ڕۆژنامەنووسە) منم.

ـ شەوێك لەشام لەگەڵ ئاپۆ تا کاتێکی درەنگ گفتوگۆمان کرد، هەندێك هەڤاڵیان دەنارد بۆ کامپی مسەللەحە کە ناویان نابوو "ماوەی رەنج"، گوایە ئەوانە هێشتا لە دەمەکە حاڵی نەبوونەو ئیسلاح نەبوونە، من بەو شوێنەم دەگوت سیبیریا.

ـ ببوورە فوئاد، باش لەوە حاڵی نەبووم بۆچی سزایان دابووە ساکینە؟

www.arsivakurdi.org

ـ گوایـە هەڤـاڵ سـاکینە کاتێـك لـە بەشـی پێداچوونـەوە کاری کـردووە قـژی کردووەتـەوە و هەسـتی "سـەرۆکی" بزوانـدووە.

ـ واتا ئێوە لەو ماوەی سزادرانە لەگەڵ ساکینەو ڕۆزا گفتوگۆتان دەکرد؟

ـ بەڵـێ، بـەڵام مـن وەك هەڵوێسـتێك لـە بەرانبـەر ئەو سـزایە و لەبـەر ئەوەی وام بیردەکـردەوە کـە ئـەو سـزایە زۆر بێمانایـە، لەگـەڵ ئـەو هەڤاڵانـە وەك بڵێـی هیـچ ڕووی نـەداوە گفتوگـۆم دەکـرد، بێگومـان ئـەوە زۆر بـە ئاسـانی لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتـی ئەکادیمیـا، بنکـە و ئاپـۆوە دەبیـنرا، دواتـر ئاپـۆ لەگەڵـم دوا، بـە منـی گـوت "فوئـاد تـۆ متمانە بـەو ئافرەتانـە دەکەیت؟ بـە یەکـەو گردبوونەوەیان مەترسـی دروسـت نـاکات؟"

منیـش گوتـم" لـە قومـار و سیاسـەتدا متمانـە نییـە، بـەڵام لـە پەیوەندییـە مرۆڤایەتییەکانـدا متمانـە سـەرەکیترین شـتە، مـن لەگـەڵ ئـەو هەڤاڵانـە بـە ئاسـوودەیی دەجوڵێمـەوە، متمانەیـان پێدەکـەم، ئەوانـە هەڤاڵانـی هاوڕێـگای ئێمـەن، ئەگـەر متمانـە بـە هاوڕێگاکانمـان نەکەیـن ئـەی بەکێـی بکەیـن" دەنگـی نەکـرد، وەك ئـەوەی بڵێـت "خـۆت دەزانیـت" چـووە دەرەوە، دواتـر ئێمـە لەگـەڵ هەڤـاڵان ماینـەوە و بەردەوامیـمان بـە گفتوگۆکەمـان دا. ڕۆزاو سـاکینە مرۆڤانێکی دروسـت، ئـازاو خـاوەن ئیـرادە و بڕیاربـوون، ئەوانیش ئـەوەی دەهاتـە ئەقڵیانەوە بـێ ئـەوەی بیهێڵنـەوە دەیانگـوت. جارێکیـان ڕۆزا گوتی:"فوئـاد ئـەو ئاپۆیـە فاشیسـتە!" مـن پێکەنیـم گوتـم"وەڵا بـەڕای من فاشیسـتی کوڕی فاشیسـتە! بەڵام وەك دەبینیـت هەمـووان گوێـی بـۆ دەگـرن و وتەکانی وەك چۆن هەیـە جێبەجێی دەکـەن، نـە کـەس گـوێ بـە تـۆ دەدات و نە بە مـن، وەسـتانی ئەو هەمـوو مرۆڤە لای ئـەو وەك پەیکـەر، هەرچۆنێـك بێـت لـە ڕێـز و خۆشەویسـتی بـۆ ئـەو نییـە" ئـەو شـەوە زۆرمـان قسـەکرد، تەنانـەت سـاکینە لەسـەر چێشـتەکە تەنیـا سـێ پـاڕووی خـواردو کشـایەوە، کاتێـك گوتـی" وازی لـێ بێنـن ئـەو پیاوە بێناموسـێکە بـۆ خـۆی" و کشـایەوە لایـەك، ئێمـە لەو جـۆرە ئاخاوتنەمـان بەتورکی دەکـرد، جار

www.arsivakurdi.org

جارە ئافرەتێك بەناوی بەرچەم (چێشتلێنەری تایبەتی ئاپۆ) و ئەحمەد (شوفێر و پۆستەبەری ئاپۆ) کە کوردێکی سووریا بوون دەهاتن و دەچوون.

دواتر دەرکەوت ئەحمەد دەنگمانی تۆمار کردووەتە سەر کاسێتێك، بەڵام خۆی تورکی نازانێت، ئەوە بۆ ئاپۆ دەبات، ئەو شەوە پیاوەکان هاتنە سەر سەرم و گوتیان "تۆ دەبەینە ژوورێکی تر نابێت لەگەڵ ئافرەتەکان بمێنیتەوە" دەنگم نەکرد و گوتم:"لەڕاستیدا دەتوانم لێرەش بمێنمەوە، وەڵا بۆمن جیاوازیی نییە، بەڕای من نە لەلای منەوە، نە لە لای ئافرەتەکانیشەوە ئەوە کێشە نییە" بەڵام پیاوەکان مکوڕ بوون، دیاربوو کە فەرمانێکیان وەرگرتووە. ڕۆزا گوتی" نابێت! هاورێکەمان لێرە دەمێنێتەوە ئەگەر کێشەیەك هەبێت بەیانی دەیبەن" و ئەگەر ئەو شەوە منیان بردبا، بێ هیچ شك و گومانێك ئێستا من لە ژیاندا نەمابووم.

دەمەوێت لەگەڵ سەرۆك یەکتر ببینم، داوای ئەنجامدانی کاری پێویست دەکەم

ـ ئێ ئێ ئێ فوئاد لەڕاستیدا ڕێك ئەو شتانەت کردووە بکوژرێیت(!) بێگومان ئاپۆ واستەی بۆت کردووە.

ـ لەڕاستیدا واستە نا، ئەگەر دەڵێیت با ناو لەمە بنێین خەباتی رابردوو و ئیفلیجبوونەکەم، ئەگەرنا ئاپۆ لە باوکی خۆش نابێت، چونکە ئەگەر سیستەمی ئەو تێك بچێت هیچ کارێك نییە.

ـ باشە تۆ چۆن هاتیتە ئەورووپا؟

ـ من چۆن دێم؟

ـ ئەو کات با باس لە مە بکەین

ـ خەلیل ئاتاچ (ئەبوبەکر) ئەو سەردەمە لە گۆڕەپانی پراکتیك هاتبووەوە، بۆ ڕۆژێك بەمن ناڵێت (فوئاد تۆ بۆچی ناچیتە ئەورووپا؟ لەوێ چارەسەر وەرناگریت؟ پێم گوت "چۆن بچم؟"

www.arsivakurdi.org

(زۆر ئاسانە)

کەواتە بڵێ

(بەسەرۆك بڵێ یەکسەر دەتنێرێت)

"ئەوە بیرۆکەی تۆیە یاخود هی ئەوە؟"

ئەبوبەکر منی باش دەناسی، دەنگی نەکرد و بێدەنگ بوو، کە ئەو بێدەنگبوو من زیاتر تورەبووم.

"ئەوکات زۆر چاوەڕێی ئەوە دەکات کە من داوای لێ بکەم، یان تۆ دەیڵێیت یان خۆی."

دوای چەند ڕۆژێك کە کتوپڕ تووشی بووم وەك چۆن بڵێی لە سەربان کەوتبێت: (فوئاد تۆ دەنێرمە ئەورووپا، بەڵام بەمەرجێك!)

"مەرجەکەتان چییە جەنابی سەرۆك!"

(دەبیت بە بەرپرسی ئەورووپا!)

"ناتوانم بیکەم!"

(دەیکەیت، دەیکەیت!)

"سەقەتم، دەستم ناگرێت، بەرێکوپێکی ناتوانم بڕۆم، چۆن دەبم بە بەرپرسی ئەورووپا؟

(نووسەرێك دیاری دەکەیت ئەوە زۆر ئاسانە، تۆ بڵێ و با ئەو بینووسێت...)

کاتێك سەیر دەکەم پاسپۆرتم ئامادەکراوە و گوتیان "خۆت ئامادە بکە"، بەرێ کەوتم و خۆم لە فڕۆکەخانەی میونخ دۆزییەوە، پۆلیسەکان گوتیان "پاسپۆرتەکە ساختەیە". بە ئاشکرا ناسنامەی خۆم گوت، لە میونخەوە هەڤاڵان هاتن و دەستیان خستە نێو بابەتەکە، لەوێوە بەجێ هێڵدرام و کاروباری پەنابەریم بۆ دەست پێ کرا، لەو ساتەوە تائێستا لە میونخم.

ـ باشە دواتر پەیوەندیت چۆن بوو؟

ـ لێرە دەستم کرد بەوەی لای نزیکەکانم بمێنمەوە، وڵاتپەروەر و ئەوانەش

www.arsivakurdi.org



کە گوێبیست بوون دەهاتن و دەچوون، لە ڕۆژانی دیاریکراوی هەفتەدا لەدەزگا کۆبوونەوە ئەنجامدەدرا، هەڤاڵان لە ڕەوتە سیاسییەکانی تر و هەوادارانیان دەهاتن، خەباتی زیندان و هەڤاڵە ڕابەرەکانم بۆ ئەوان باس دەکرد، چین و توێژەکان جەژنیان بوو، بە تەواوی هەوایەکی جەژن دەهات، بەڵام ئەو حەماسەت و سەردانانە هەندێکی ناڕەحەت کردبوو، هەندێك کەسی نێو پارتیی دەیانگوت "هەڤاڵ فوئاد باس لە ڕابەرایەتیی ناکەیت، بەردەوام خۆت وەپێش دەخەیت" و ئاگاداریان کردمەوە. کاتێك بەوە سەرنەکەوتن دەستیانکرد بەوەی لەناو چین و توێژەکان دا پڕوپاگەندەم لە دژ ئەنجام بدەن، منیش دەم گوت"ئەویش وەك من و تۆ کەسێکی پەکەکەیە، کەسەکان نە زۆر گەورە بکەین و نە زۆر بچووکیان بکەینەوە، ئاپۆش هەر لە سایەی ئەو گەل و خەباتە دروست بووە، ئەگەر ئەو نەبووا بێگومان کەسێکی تر وەدەر دەکەوت "و شتی لەو بابەتانە.

بەڵام وەك ناوی خۆم لەوە دڵنیا بووم کە ئەو هەڕەشە لە وانەی ئێرە دەکات کە لە نێو پارتیین.

ـ باشە هەر خۆی بەهۆی ناڕەحەتییەکەتەوە شتێکی ترت پێ نەدەکراو لەوە دەگەم، بەڵام ئەوجارە خۆی هاتە ئەورووپا، ئەو ماوە بە ناوبانگەی ڕۆما، تۆی بانگ کرد بۆ ئەوێ؟ یاخود تۆ خۆت نەچوویت؟

ـ من خۆم داوام نەکرد، ڕۆژێك کانی منی بانگی کۆڵن کرد، کەمال ئۆزون و محەممەد شاهینیش لەوێ بوون، منیان بردە بەشی سەرەوەو لەگەڵ محەممەد تانبۆغا بەیەکەوە قسەیان دەکرد، بەمنی گوت" سەرۆك دەیەوێ تۆ ببیت". منیش گوتم "باشە ئەگەر ببەن دەچم." گوتی: بەڵام "پێویستە وتارێك بنووسیت" لەڕاستی دا لە مەبەستی "وتار" گەیشتم، ئەوە "خودڕەخنە"یە. منیش خۆم وانیشاندا کە تێنگەیشتووم و گوتم: داواکارییەکەم نووسیوە" دەمەوێت لەگەڵ سەرۆك یەکتر ببینم، داوای ئەنجامدانی کاری پێویست دەکەم، فوئاد چاڤگون،

بەروار، واژۆ." داواکارییەکەم دا بە دەستی کانی، کانی یەکەم جار تێنگەیشت، ئەو بەوەی بەناخیدا دەهات بە خودڕەخنەی تێگەیشت و بەخۆشحاڵییەوە وەریگرت، هەر کە خوێندییەوە ڕەنگی وا زەرد هەڵگەڕا، لە لیمۆشی رەت دا، "هەڤاڵ فوئاد تۆ گاڵتە بە ئێمە دەکەیت" منیش زۆر بە ئاسایی "گاڵتەی چی؟ گوتت وتار بنووسە منیش نووسیم."

ـ دوای ئەوە چی ڕووی دا؟

ـ پەیوەندییەك لە ئاپۆوە هات.

ـ بۆ تۆ؟

ـ نەخێر بۆ کانی.

ـ چۆن تێگەیشتیت کە لەلایەن ئەوەوەیە؟

ـ کانی کاتێك قسەی دەکرد گوتی "باوکە فوئاد لێرەیە، وا گفتوگۆ دەکەین."

ـ ئەوەی پێی گوت باوکە، ئاپۆ بوو؟

ـ ئێ ئێ بێگومان مامۆستا! کانی چ باوکێکی تری هەیە؟ لە دوای ئەو ڕۆژەوە نە ئەوان هاتن و نە من پرسیارم کرد.

ـ ماوەی رۆما کەمی خایاند، گەڕانەکانی دوای ئەوە دەزانیت؟ دواییشیان کینیا و دوا مەنزڵگای دەستی پێکرد، کاتێك ئەو دۆخەت ڕوونکردەوە، بیرۆکەکانت چۆن بوو؟ پەیوەندییەکانت لەگەڵیان لەچی شکڵێکدا بوو؟

ـ لەڕاستیدا دۆخی ئاپۆ دەیەها کەس وەك ئێمە لە ژوورەوە دەزانرا، بەڵام ملیۆنان کەس ئەو وەك کەسێکی "قارەمان، ڕابەر و خاوەن کەرامەت" دەبینن.

بە ڕای من ئەگەر ئاپۆ وەك شاهین دۆنمەز لە سەرەتای کارەکەوە دەستگیر بکرابا لەو شاهینەش خراپتری بەسەر دەهات و گەلی کورد ڕووی ڕاستەقینەی "ڕزگارکەری ساختە"ی زووتر دەبینی، چونکە شاهین ڕێك کۆپییەکی بچووکی ئەو بوو، ئاخاوتنی، هەڵسووکەوتی، خواردن و خواردنەوەی لەگەڵ دۆخی دەروونیی...

- ڕاستە ڕەنگە بیرت بێت دادوەری دادگاییکردنەکە ئەمراللە کایا لە دانیشتنێکدا لە شاهینی پرسی "شاهین ئاپۆ لە تۆش زیرەکتر بوو؟" شاهین گوتبووی:"بەڵێ من بەبەغای ئەو بووم."

- لەڕاستیدا مامۆستا پێویستە زۆر لەسەر ئەو بابەتانە بوەستین، ئێستا دۆخەکە روونترو ئاشکراتر بەدەردەکەوێت، باشە ڕۆژێك لە ئەکادیمیا ئاپۆ وا بزانم دووبارە خەریکی یەك لەو لێدوانە مێژووییانەی بوو کە گوتی" هەمووان دێنە ئێرەو بارگاوی دەبنەوە، هێز لە من وەردەگرن، کەسێك دەڵێت من پاتریم تەواوبوو، من وەستام، هێزم نە ماو بەزۆری خۆی بێرەدا دەکات" تۆ، یاخود هەڤاڵێکی تربوو بەتەواوی بیرم ناکەوێتەوە بەڵام شتێکی زۆر لەجێگای خۆی پێ گوتبوو "سەرۆك مرۆڤ بەپاتری کار ناکات، هێزی مرۆڤ دەبێت لەنێو خودی خۆیەوە بێت."

- من شتێکی وام بیر دێتەوە، وابزانم باسمان لە شتێکی لەو بابەتە کردبوو، بەڵام ئەو قسەیە هەر کێ کردبێتی باشی گوتووە، بەڵام خۆی فەرمانی لەسێدارەدانی خۆی واژۆ کردووە...

- بەڵام بێ ئەوەی بزانیت...

- هەر خۆی لەو هەلومەرجانەدا مرۆڤەکان کاتێك ئەرێنیترین شتیش دەڵێن نازانن وە یاخود ئاگاداری ترسناکیی دۆخەکە نین، بابەتەکە گۆڕا، ئێمە لە چییەوە هاتینە سەر چی، ماوەکانی رۆما، یۆنان، رووسیاو کینیا و دواتر ئیمرالی و پەیوەندییەکانتم لەگەڵ ئەوانە دەپرسی.

- دەزانم، لەڕاستیدا ئەوەندەش لەسەرییەوە نەرۆیشتووین، تەنیا کەمێك نقومی قوڵایی رابردوو بووین، بە ڕای من ئاپۆ بەویست و ئارەزووی خۆی بۆ ئەورووپاش و کینیاش و دوای ئەوانیش بۆ ئیمرالی چوو.

- دەکرێت کەمێك بە روونتر بیڵێیت؟

- بەم جۆرە پێت بڵێم: ئاپۆ بۆچی ڕاستەوخۆ لە سووریاوە نەگەڕایەوە

www.arsivakurdi.org
www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

وڵات؟ چونکە چوونە وڵات بە ڕاستەوخۆ لە سووریاوە واتا بەردەوامیدان بە خەباتی چەکداری و سەرخستنی بۆ قەبارەیەکی مەزنتر. ئاپۆ هەرگیز کارێکی وای نەدەکرد، دووبارە ئەگەر بیرت بێت وتەیەکی هەبوو لە بابەتەکانی سەبارەت بە شەنەر (ئەو هاندەرە چی دەگوت؟ بۆچی ناچێتەوە وڵات؟ باشە بابڵێین کە چووم... بەقەزاو قەدەر قاچم خلیسکا، بە فیشەکێکی کوێر کەوتم، ئەو کات حاڵی ئێوە چی دەبێت؟) بەڵام چووە ئەورووپا. دەستی کرد بەو گەڕانە بێ خەوشە تا کینیا بەرگەی گرت، مامۆستا باوەڕ بکە ئاپۆ بەو رادەیە ساویلکەو ساکارنییە کە ئێمە دەیزانین، ئەو کاتەی وا هەست بکات کە زیانی پێدەگات تاڵەمووەکە نەوەك چل، بەڵکو هەزار و چل جار هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکات، بە ڕای من چوونەکەی بۆ کینیاش و ئەو حاڵە "بێتاوانە"ی نێو فڕۆکەکەشی و ئەو داوای لێبووردنەشی کە بە "دایکم تورکە" دەستی پێدەکرد، هەر هەمووی زۆر باش دەزانی.

ـ فوئاد، دەڵێن ئەقڵ یەك ڕێگای هەیە بۆی بچێت، من لەگەڵ تۆ لەو بابەتە هاوڕام، ئیدی هەر پێشهاتێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەکەکەو گەریلا بۆ ئەو ئاپۆیەی چوو بوو بۆ ئەورووپا مەترسی بوو، گارانتی مانەوە و ژیانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەریلایە، بوونی ئەو لە ئەورووپا فەرمانی لەسێدارەدانە بۆ ئەو، بۆ ئەسەدی خودای سووریا شەڕ مەرج بوو، هەزاران کوردی سووریا لەو داوایە شەهیدبوون، ئەسەدو دەزگا هەواڵگرییەکانی ئایا ئەوەیان نەدەزانی؟ ئەگەر شەقێکمان لە پاسەوانێکی ئەو بدابا دەهات ئاپۆی بە گوێچکەکانی دەگرت و دەیبرد دادگایی دەکرد، هەرچەندە بردنی بۆ بنکەی پۆلیس چۆن بە "شەڕی دمار" بە زیرەکییە بێوێنەکەی سیاسەتی گەورەی دەکردو ڕەنگی دەکرد و هەر دەی گێڕایەوە و لێی تێر نەدەبوو، لەکاتێکدا بیست ساڵ ڕەت بووە تەنانەت ڕێگای گۆڕینی ژمارەکەشی پێ نەدەدرا، لە سەرووی هەموانەوە ئێمەو هەموو کارمەندانی هەواڵگریی ئەو

www.arsivakurdi.org

تەلەفۆنەمـان بەکاردەهێنـا.

ـ بـە کورتـی ئـەوەی دەیڵێـم ئەوەیـە: چوونەکـەی لـە کینیـاوە بـۆ تورکیـا و دۆخـی لـە ئیمرالـی خـۆی بـە ویسـت و ئـارەزووی خـۆی و ئەنقەسـت کـردی.

ـ ئـەوە مەحمـوود باکسـی گوتی، لە پەرتووکی ئەشـقی کورد باسـی کـرد، فوئاد ئەوانـە شـتی زانـراون، بـەڵام هێشـتا هەیـە دەزانێـت و دوای ئەوە کەوتـووە، ئەوە بابەتێکـی ترە...

ـ ئێسـتا ئەگـەر دۆخێکـی وا هەبـووا قبوڵـم دەکـرد، بـە ماقوڵـم دەبینـی و پشـتگیریم لـێ دەکـرد، باشـە بـا بڵێیـن شـەڕ راگیـرا، هەمـوو ڕۆژێـك خـۆی خـواردەوە و چـووە ئەورووپـا، باشـە ئەنجومەنەکـەت و کەسـانی ئاقـڵ لەگـەڵ خـۆت ببـە، وەك پیـاو بەدونیـا رابگەیەنـە کـە وازت لـە خەباتی چەکـداری هێناوە، لـە زۆر شـوێنی جیهـان ئەوانـە ڕوویانـداوە، بـەڵام تـۆ بچـۆ ئیمرالـی و سـتراتیژی پارتییێکـی گـەورەو گـران بگـۆڕە.

ـ بەڵام فوئاد خۆ ئەوە نوێ نییە...

ـ هـەر خـۆی ئـەوەی خەفەتـم پێـدەدات ئەوەیـە! ئـەو پیاوانـەی لـەو ئەنجومەنـەن پیاونیـن، ئەگـەر پیاوبـان لـە بڕیـاری ڕۆژی یەکەمیـان پێداگیـر دەبـوون، ئـەوەت بـە ئاشـکرا پێ دەڵێم، ئەگـەر ئەوانەی ئاپۆ دەیڵێـت و دەیانکات یەکێکـمان بمـان کردبـا ئەمـڕۆ دەبوویـن بـە خیانەتکارێکـی شـاهانە، بـەڵام کاتێـك ئاپـۆ بیـکات ئـەوە ڕاچێتـەی ئامـادە هەیـە بـۆی (سـەرۆك شـتێك دەزانێـت!).

ـ باشـە دواییـن پرسـیار: هیـچ شـتێکیان بـە زۆر پێـت کـرد یاخـود بەسـەرتدا بسـە پێنن ؟

ـ چیـتر لەمـن بکـەن، لە ئەنجامـی ئەو مانگرتنـەی تامردن کە ئەنجامـم دا نیوە ئیفلیـج بـووم، ئەگـەر نزیکەکانـم و یارمەتیـی ئەڵـمان نەبـوا، دۆخم خراپـتر دەبوو، بـەدەر لـەوە بـەردەوام دژە پڕوپاگەنـدە، مـاوە مـاوە هەڕەشـە، قسـە هەڵبەسـتن لەمـلاو ئـەولاو ئـەو وردە باسـکردنانەی پاشـەملە کـە لەمێشـکی مـرۆڤ دەدات

www.arsivakurdi.org

دەستی پێکرد...

ڕێکخراو و پارتییەکان نموونەی دەوڵەت بوونن، بە بەدامەزراوەبوونیان بوونیان دروست دەبێت، ئارام و لەسەرەخۆن، بەگوێرەی خۆیان مافێکیان هەیە، بەڵام بەداخەوە لەمە و لە ڕێکخراوی لەم جۆرە نموونەیەدا چاوەڕوانیکردنی ئەمە بە خەیاڵبوونە، لەکوێ، کەی، چی دەکەن دیارنییە، هەر یەکەی وەك سەرسەرییەکن، بۆیە ئێمە بەو بنیات و تێگەیشتنە لەسوود زیاتر زیانمان بە گەلەکەمان گەیاند، ئەوەی ئەمڕۆ لە وێنەی کوردی ئەورووپادا دەخوێندرێتەوە: (تیرۆریست، ئۆتۆبان سوتێنەر، هێرشکەری سەر باڵیۆزخانەو ڕووداوی کوشتن)ە، واتا کاتێك بە ئەڵمانێکی سەر شەقام دەڵێیت کورد ئاپۆ و پەکەکە بەخەیاڵیدا دێت، ئەوکات بەدوای کونێکدا دەگەڕێت خۆی تیادا حەشار بدات.

گەلێکی لەم جۆرە بێتاوان بەهۆی ئەوەی بەم جۆرە خستمانە دۆخێکی ترسێنەرە هەرچەندە ڕەخنە لەو رابردووە پیسەی خۆمان بگرین ئەوەندە فێری مەدەنییەت دەبین و ویژدانمان ئاسوودە دەکەین، من بڕوام وایە.

ـ باشە فوئاد دەڵێم منیش وەك تۆ رووناکبیرە کوردەکان و نموونەی کوردە هاوچەرخەکان و خەباتکاران ئومێدی ژیانێکی بەساغ و سەلامەتی و درێژیان بۆ دەخوازم و بەهیوای ئەوەی ببن بە ناونیشانێك کە سەردانیان بکرێت لەلایەن نەوەی داهاتووەوەو با خاڵ بۆ ئەو لێدوانە تایبەتییە بێنین لەگەڵ تۆ، تۆچی دەڵێی؟

ـ وەڵا مامۆستا چی بڵێم؟ ئێمە هەرچەندە خاڵ دابنێین پەخشانێکی تر دەست پێدەکات.

بەڵام بە ڕای منیش با ئێستا بەوەندە کۆتایی پێ بهێنین، تاکێك و تەمەنی ئەو لە بەرانبەر تەمەنی گەل و نەتەوەیەك ئەوەندە گرنگ نییە، ئێمە هێشتا گەلێك هەوراز و نشێو ڕەت دەبین، زیاتر خاڵ دادەنێین و زیاتریش پەخشانی نوێ دەکەینەوە.

**٤٢ـ دوران کاڵکان:** هێشتا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی ئۆجەلانە، بڕوام وایە کە ئەو کەسەی ناوی لە تێبینییەکانی دیداری پارێزەری ئۆجەلان بە "بەڕێوەبەر" هاتووە دوران کاڵکانە، ئەگەر دوران کاڵکان بێت ئەو لە مانگەکانی ئادارو نیسانی ٢٠٠٠ لە سووریاوە چووە ئیمرالی و بۆ ماوەیەك لای ئۆجەلان مایەوە، بە دەسەڵاتی تەواوەوە پڕ چەککراوە و نێردراوەتە کوردستانی باشوورەوە، دەزانرێت کە دوران کاڵکان لە ئادار و نیسانی ٢٠٠٠ بۆ چوونە ئەورووپا، چووە سووریاو دوای مانگێك گەڕایەوە، هەر کە گەڕایەوە "سەردەمی نوێ" کە تیۆری خیانەتی ئیمرالییە لە لایەن دوران کاڵکانەوە دەستکرا بەوەی بە گەریلاکان قبوڵ بکرێت، لە داهاتوودا زۆر شت دەربارەی "بەڕێوەبەر" و دوران کاڵکان دەگوترێت، من تەنیا ئاماژە بە داهاتوو دەکەم.

**٤٣ـ هێلین ـ مەزلوم:** کاتێك لە ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن رێکخراوەوە خرانە ژێر چاودێری و لەدۆخێکی نالەبار دەستگیر کران ناچاربوون کە هەڵبێن، دواتر هاوسەرگیریان کرد، بە نهێنی رێکخراو لە ئەڵمانیا دەژین.

**٤٤ـ ئۆکتای:** دوای چاپەمەنی Med tv کاری کرد، بەر لە هەڵاتنی ئۆجەلان پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتیی سنووردار کرد، لەگەڵ ئافرەتێکی دەرسیمی هاوسەرگیری کرد، کاتێك ئۆجەلان خۆی بەدەستەوە دا هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ رێکخراو پچڕاند، ئێستا لە ئەورووپا دەژییێت.

**٤٥ـ خاڵە مەمیش:** کاتێك ئایەتەکانی ئاپۆ بڵاوکرایەوە ئەو پەرتووکانەی لەمن وەری گرتبوون بە ژێراو ژێر دەیفرۆشتنە ئەوانەی متمانەیان پێدەکەین و نزیکەکان. لای ئاپۆچییەکانیش پڕوپاگەندەی لە دژم دەکرد، دواتر کۆچی دوایی کرد.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

**٤٦ـ ئاکبوڵوت (ئیسـماعیل سایان):** لە کوردسـتانی باشـوور و لەلایەن عوسمان ئۆجەلانـەوە هەوڵـی کوشـتنی درا، بـەر لـەوەی مـن لـە لوبنـان هەڵبێـم، بەنیـاز بـوون ئاکبولـوت بکـوژن و هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجومەنـی نەتەوەیـی کوردسـتان بکـەن بـە تاوانـی ئەو، کـە من هەڵاتم ڕەنگـە ئاکبولوت لە مـەرگ ڕزگاری بووبێت. عوسـمان ئۆجـەلان کاتێـك بـردرا بـۆ چاکسـازی لـە خودڕەخنەکـەی نووسـیبووی (ئیسـماعیلم دەهێنـا بـەردەم هەمـووان و گوللەبارانـم دەکـرد، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی نەمتوانـی بنکـە بـۆ ئـەوە ئامادە بکـەم بـۆ ئـەوەی لە ئێران دەستبەسـەر بێـت نـاردم). ئیسـماعیل کـە لـە ئێـران هەسـت دەکات بەرەوپێشـچوونەکان بـاش نیـن بـە پـارەو پاسـپۆرتەکەی گیرفانـی رادەکات بـۆ تـاران، لـەوێ سـەر فڕۆکەیـەك دەکەوێـت و دێـت بـۆ ئەڵمانیـا، لێـرە رێکخـراو دەیبـات بـۆ لێکۆڵینـەوەو لـە دویزبـۆرگ لـە دەزگایـەك لەبـەردەم خەڵـك هەڵیدەسـتێنن بـۆ خودڕەخنـە، لـە بـەردەم سـەدان کـەس ناچـار دەکرێـت وتـە بـدات و ئەمـە دواتـر لـە ڕۆژنامـەی بەرخـوەدان کـە لـە ئەڵمانیـا دەردەچـوو بەنـاوی "دادگای گـەل" بڵاوکرایـەوە، هەواڵەکـە لـە ڕۆژنامـەدا بـەم جـۆرە دەسـت پێـدەکات:( لەمانگـی ئایـار لـە دویزبـۆرگ لەلایەن کوردسـتانییە وڵاتپـەروەرەکان کۆبوونەوەیـەك ئەنجامدرا، ئەوە کۆبوونەوەیەکـی ئاسـایی نەبـوو، ئـەوە کۆبوونەوەیـەك بـوو کـە لە کەشـی شـەڕی جەنگـی کوردسـتانییە وڵاتپـەروەرەکان دادگای بەهـا بەهێـزەکان کـە شـکلیان پـێ دراوەو جارێکـی تـر نیشـان دراون و ئـەو دۆخـەی لەگـەڵ ئـەوان یـەك ناگرێتـەوە مەحکـوم دەکـران). لەبەردەوامـی هەواڵەکـەدا: (ئـەو ئـەردال نـاوەی لەلایـەن وڵاتپـەروەرەکان لـە ئەورووپـا نـاسراوە سـەبارەت بـە هەڵاتنـی لـە شـەڕدا ئەوانەی دیاریکـرد: (ناکرێـت ئـەو ڕووداوە وەك ڕووداوێکـی ئاسـایی سـەیر بکرێـت، بـەو سـەردەمەش ناگوترێـت سـەردەمێکی ئاسـایی، پەکەکـە رێکخراوێکـی شـەڕکەرە، لـە سـەردەمێکین کـە خەڵکـی نزیکـەی هەموویـان بەشـداری شـەڕن، لـە کاتێکـی ئـاوادا نەچـوون بـۆ شـەڕ و هەڵاتـن لێـی بێگومـان تاوانێکـی گەورەیـە، ئـەوە

www.arsivakurdi.org

بیانووی زیادەش هەڵناگرێت). لە وتارەکەدا ئەردال تۆمەتبار دەکرێت و دێین بۆ خاڵی سەرەکی: "هەرچەندە کە ئەردال لە کۆبوونەوەکەدا بە سنوورداری ئەوە دەردەبڕێت کە هۆکاری هەڵاتنەکەی لەخۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، دەکرێت ببینرێت کە بارێکی دەروونیی چۆن ڕێگای بۆ ئەوە کردووەتەوە، هەروەها ئەوانەی لە شەڕ رادەکەن هەندێکیان ڕێگایەکی دووەم هەیە کە هەڵیدەبژێرن، دوژمنایەتیکردن و ماسککردنی کۆتایی پێهاتنیان، نموونەیەك هەیە کە سەلیم چوروککایایە، وەك کەسایەتییەك کە کەمالیزم لەودا سەرکەوتووە و لەشەڕدا هێزی جوڵانەوەی نیشان نەداوە، بێنرخێتی شاردنەوەی ڕاستییەکانی بە "پەکەکە منی بەسیخوڕ ڕاگەیاندن بۆیە هەڵاتم" کردووەتە پڕوپاگەندە." لە بەشێکی ئەو وتارەدا ئەوانەی ئیسماعیل سایانیان دادگایی کرد پرسیار دەکەن:"بۆچی وەفادار نەبووی لە بەرانبەر ئەو سوێندەی خواردت؟" سوێندی "بە گیان و بە خوێن ئێمە لەگەڵ تۆین ئەی سەرۆك"ت لەبیرکرد؟ هیچ وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارە نەدرایەوە. (لەوتاری "راکردن لە شەڕ تاوانە" لە حوزەیرانی ٢٠٠٤ لە بەرخوەدان وەرگیراوە).

دوای ئەو خودڕەخنەیە بە ئیسماعیلیان گوت "لەماڵەکەت بمێنیتەوە، دەبێت لە هۆڵەندا لەژێر چاوێری ئێمە دابیت" و بردرا. دوای ماوەیەك بڵاوکرایەوە کە لە "ڕووداوی هاتوچۆ" گیانی لەدەستداوە.

**٤٧ـ عسمت سەزگین (ماشەڵا ئۆزتورك):** ئۆجەلان دەیەویست ماشەڵا لە کوردستانی باشوورەوە بینێرێت بۆ شەڕ لە کوردستانی باکوور، ماشەڵای "شەڕڤان" کە لە چۆکی خۆی دەدات، بۆیان گێڕامەوە کە گریاوەو گوتوویەتی "من پیاوێکی بە تەمەنم بۆ ئەورووپا، ماشەڵا بەسوپاسکردنی خاوەنەکەیەوە دەستیکرد بە بەردەوامیدان بە کەشتییەکەی لە شوێنی بیمەی کۆمەڵایەتی سیستەمی ئۆجەلان هەڵدەبژێرێت، چونکە وا بیر دەکاتەوە داهاتی زیاتر دەبێت.

www.arsivakurdi.org

**٤٨ـ جەمیل بایک:** هێشتا بەردەوامیی بەبێ ڕەنگییەکەی دەدات، کاتێک ئۆجەلان خیانەتیکرد تەنانەت عوسمان ئۆجەلانی براشی بە دەورەبەرە نزیکەکەی گوت کە عەبدوڵڵا زمانی کراوەتەوەو "لەمەودوا ملکەچی ڕێنماییەکانی نابم"، جەمیل هیچ لێدوانێکی نەدەدا. لە لێکۆڵینەوەی هەواڵگریی تورکیا ئۆجەلان بۆ ئەوەی تا هەتایە جەمیل بێدەنگ بکات ئەو تاوانانەی ئاشکرا دەکرد:

"جەمیل بایک: لە بوارەکانی سەربازیی و پراکتیکدا لاوازە، بەمنەوە پەیوەستە، ئەگەر وەك تاك زۆر پێش بکەوێت ڕەنگە بەگشتی ڕوانین بدات، پراکتیزەکردنی لە گۆڕەپانێکی تەسکدا لاوازە، بە گشتی لە دواوەی سەنگەر دەمێنێتەوە، لە کاتی مەشقکردندا سوودبەخشە و ناچێتە نێو شەڕ، ساڵی ١٩٨٢ لە ئەشکەوتێك بۆ نەکەوتنە بەر دەست ١٧ ئەندام و بۆ پاراستنی دیسپلین ١٣ ئەندامی بەکوشتدابوو" (وتەی لێکۆڵینەوە، کۆتایی خەڵەتانێك، دەزگای چاپی کۆمەڵ، ئیستانبۆڵ، لاپەڕە ٣٥٨).

وابزانم زۆر ئەستەمە ڕوونکردنەوەی چەپڵەلێدانی ددانپێنەر ئۆجەلانی ژێر دەستی دەوڵەتی تورك بۆ ئەو جەمیل بایکەی بەبیانووی ئەوەی نەبن بە ددانپێنەر بێ ئەوەی چاو بتروکێنێت ١٧ وڵاتپەروەری گوللەباران کرد!

**٤٩ـ تیمور سایان:** کاتێك ئۆجەلان ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستانی هەڵوەشاندەوە، گەڕایەوە فەڕەنسا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراو پچڕاند و ئەو زانکۆیەی بەنیوەچڵ جێیهێشتبوو تەواوی کرد، زانکۆی بە بەرزترین پلە کۆتایی پێهێنا، بەو نامەیەی ئامادەی کرد، ناونیشانی دکتۆرای سیاسی بەدەستهێنا.

**٥٠ـ مامە ڕەفعەت:** کاتێك گەڕایەوە ئەورووپا ئەوەی دەیزانی و شایەتی بوو تەنیا بۆ دەوروبەرە نزیکەکەی گێڕایەوە و بێدەنگ بوو.

www.arsivakurdi.org



**٥١ـ موراد داغدەلەن:** لە کوردستانی باشوور راشکاوانە رەخنەی لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نەتەوەیی گرت کە لەلایەن ئۆجەلانەوە هەڵوەشێنرایەوە، هەڕەشەی لێکرا، بە تەنیا جێ هێشترا، مەرگ و دەستگیرکرانی رەچاوکرد و بێ هیچ ناسنامە و پاسپۆرتێك لە ڕێگای ئێرانەوە تا ئیستانبوڵ هات، لەوێوە گەیشتە ئەڵمانیا، بە نووسینی وتار لە هەندێك ڕۆژنامە هەوڵی باسکردن و تێگەیاندنی خەڵکی لە ئۆجەلان و سیستەمەکەی دا، ئەو دێڕانەشی بۆ بەشی زیادکراوی پەرتووکەکە نووسی:

لە دوایین دیدار لەگەڵ سەلیمی خۆشەویست داوایکرد بۆ پەرتووکی ئایەتەکانی ئاپۆ کە لە تورکیا چاپ دەکرێتەوە شتێك بنووسم.

ساتێك بیرم کردەوە کە دەتوانم چی بنووسم، چۆن دەتوانم بە وتارێکی کورت لەسەر داواکاریی ئەو دۆستە خۆشەویستەم کە ١٣ ساڵە هاوقەدەرین، بە باشترین شێوە دۆخەکە روون بکەمەوە.

دوای ئەوەی ئەو لە سیستەمی ئۆجەلان هەڵات و چوو بۆ ئەورووپا دەکرێت بڵێم شایەتی هەموو ئەوانە بووم کە بەسەری هات.

ئەو پیاوەی پڕوپاگەندەی ئەوەی لە دژ دەکرا کە "ملیۆنان مارکی هەیە، بە دەوڵەتە ئەورووپیەکان پارێزگاری لێدەکرێت و ژیانێکی زۆر ئاسوودە دەژییێت"، بینیم کە چۆن بێ پارە و بێ پارێزەرەوە لە ماڵی ئەو دۆستانەی دەیتوانی هانایان بۆ بەرێت لە نێو بێدەرامەتی دەژیا. شایەتی ئەو ١٣ ساڵە ژیانەی ئەو و ئایسەلی خۆشەویستم کە ژیانیان لە ئێش و مەینەتی چنرابوو.

ئەو سەرەڕای ئەوەی دەیزانی کە لێی تێناگەن، قبوڵ ناکرێت و تەنانەت نەفرەتی لێدەکرێت تەنیا بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتیی ویژدانی ئاسوودە بکات نووسی.

هەروەك هەموو ئەو بیرمەندە بە ئابڕووانەی مێژوو کردیان تەنیا و تەنیا بە ڕاستییە بێ خەوشەکانەوە پابەندبوو و ئەو شەرەفەی لە سەڕووی هەموو

www.arsivakurdi.org

شـتێك بینـی، تەنیـا ئـەوەی ئەنجامـدا کە پێویسـت بـوو ئەنجـام بدرێت.

بیـر لـەو ڕۆژانـە دەکەمـەوە! لـە ماڵەکـە لـە قامیشـلۆ بـە بیانـووی ئـەوەی "بەشـداری کۆبوونەوەیـەك دەکات" لەلامـان بردیان و دەسـتگیریان کرد، دوای ئەو نەهامەتیانـەی بەسـەریاندا تێپـەڕی لـە ئەڵمانیـا لـە ماڵـی هاوڕێیـەك بـە ڕێکەوت بینیـم، تـا بەیانـی ئەوانەی نووسـیبووی بۆمـی خوێنـدەوە، دواتر کـە خوێندنەوەی ئـەو پەرتووکـەی نـاوی ئایەتەکانـی ئاپـۆ وەردەگرێـت کۆتایـی پێهات لـە بێدەنگی و غەمبارییەکـی قـوڵ سـەیری یەکترمـان کـرد، ئەوانـەی گێڕایـەوە ئازاربەخـش بـوون، ئـەو پەرتووکـە وەحشـیگەرێك کـە تیایـدا ژیایـن و هێشـتا ماوەیەکـی زۆر لەناویـدا هیـتر دەژیـن، تراژیدیایەکـی بـە پانۆرامـا نیشـان دەدا، ئـەوەی بـووە هـۆکاری جیابوونـەوەی منیـش کـە بـە روونـی هەمـوو ئـەو وەحشـەتەی لەنێـوی دابـووم و بەهەمـوو ئەقـڵ و هەسـتەکانمەوە درکـم پـێ دەکـرد و بەچاوەکانـم دەمبینـی ئـەو خسـتییە بەرچـاوی هەمووانـەوە. یەکـەم وشـەم ئەوەبـوو کـە "ئەو نووسراوانـە بێگومـان دەبێـت چـاپ بکرێـن". لـە جیهانێك کـە نابینێت، نابیسـتێت و تێنـاگات، ڕەنگـە مومکیـن نەبێـت چـاوی نابینـاکان، گوێـی نابیسـتەکان و ئەقڵی ناتێگەیشـتووەکان بکەیتـەوە، بـەڵام ڕۆحـی ئەوانەی کە هەموو شـتێکیان لە لایەن شـەیتانێکەوە دزراوە چـۆن ڕزگار دەکـرا، زۆری ئـازار چەشـت، بـەڵام لـە کۆتاییـدا ڕاسـتی بەسـەر درۆدا سـەرکەوت و لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کات ڕاسـتی ئەوانـەی لەو پەرتووکـەدا نـووسراون زۆر بـە داخـەوە بـە چەشـنی ئـازاری زیاتـر بەدەرکـەوت، ئـەوە وابزانـم قـەدەری هاوبەشـی مرۆڤایەتییـە، هـەر خـۆی هیـچ نووسـەرێکی ڕاسـتییەکان لـە کاتـی خۆیـدا تێینەگەیشـتوون! ئـەوەی لـەو پەرتووکـەدا بـاس کـراوە کـە ماوەیەکـی گرنـگ لـە مێـژووی نزیکمانـدا بـاس دەکات، ئـەوە مێـژووی هاوبەشـی هەمـوو ئەوانەیـە کـە لـەو ماوەیـەدا ژیـاون، ئـەو پەرتووکـەی لـە ئێش و ئەسریـن چـنراوە ڕووی، بـەردەم ئاوێنـەی خـودی هەمووانـە.

ئـەوەی لـەو پەرتووکـەدا نـاوی هاتـووە و ئـەوەش کـە نەهاتـووە، لـەو

www.arsivakurdi.org

تراژیدیایـەدا بەشـی هەیـە، دەڵێـم بـە هیـوای ئـەوەی جارێکـی تـر ئەوانە بەسـەر کەسـدا نەیەنـەوە، بـەڵام تـا مرۆڤـەکان لـە ژیاندابـن هەمـوو ئـەو ڕووداوانـە لـە جۆرەهـا سـات و شـوێن روو دەدەن، ئـەوە دەزانـم، وەك ئـەوەی دوێنـێ ڕووی دا. وەك ئـەوەی ئەمـڕۆ ڕوویـداو ڕاستییەکی تریـش دەزانـم، هـەروەك ئـەوەی دوێنـێ و ئـەوڕۆ برۆنۆکان، حەلـلاج مەنسـوورەکان، پیرسـوڵتانەکان، مەزڵوومەکان، سـەلیمەکان و ئەوانـی هاوشـێوەیان هەبـوون بەیانیـش دەبـن، پارێـزەرە بـە ناموسـەکانی ڕاسـتییەکان بـەردەوام دەبـن، سـەری رێـز بـۆ ئـەو شـەڕڤانە ئـازا و بەجەرگانـەی ڕاسـتییەکان دادەنوێنـم.

موراد داغدەلەن.

**٥٢ـ مەتیـن جانسـز:** دوای هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجومەنـی نەتەوەیـی کوردسـتان گەڕایـەوە هۆڵەنـدا، زۆر ڕاسـتی زانـی کـە تـا ئـەو کات نەیدەزانـی. وادیـارە لـەوە گەیشـتووە کـە سیاسـەت کارێـك نییـە لەگـەڵ ئـەو بگونجێـت، بۆیە دەسـتی کـرد بـەوەی خەریکـی بازرگانـی بێـت.

**٥٣ـ زەکـی (ئیسـماعیل ئـۆزدەن):** لـەو جۆرە بێ کەسـایەتیی و بـێ زانیاریانەیە کـە سیسـتەمی ئۆجـەلان دەیەوێـت، هێشـتاش ئاوایـە. ماوەیـەك لەلایەن پۆلیسـی ئەڵمانیـاوە دەسـتگیر کـرا، دەگوترێـت کـە ئێسـتا لـە ئێرانـە و بـە پەیوەسـت بـە سیسـتەمی ئۆجـەلان کار دەکات.

**٥٤ـ هەمـزە بینـدال:** تـا ئەوکاتـەی ئۆجـەلان لـە شـام بـوو، لـە ماڵەکـەی ئـەو مایـەوە، شـایەتی هەمـوو تـاوان، قەتـڵ و دەسـتدرێژییەکانی ئـەوە. کاتێـك لـە کوردسـتانی باشـوور بـوون، لەگـەڵ ئافرەتێکـی میـلان نـاو کـە لەسـاڵی ١٩٩٢ لەئوسـترالیاوە هاتبـووە نێـو ڕیزەکانـی پەکەکـە، هەڵاتـن و هاتنـە میونـخ، هەمـزە

لـە میونـخ لـە چاوەڕوانیدایـە، میلانیـش گەڕاوەتـەوە ئۆسـترالیا تـا لەڕێـگای فەرمییـەوە هەمـزە ببـات بـۆ ئـەوێ.

**٥٥ـ حامـد:** لەسـاڵی ١٩٩٠ەوە لەماڵەكـەی ئۆجـەلان دەمایـەوە، لـەو ماڵانـەی لێـی مایـەوە زۆربـەی نهێنییەكانـی شـام و دۆڵـی بیقاعـی دەزانـی، چەقۆیەكـی خوێنـاوی بـوو كە لـە پاككردنـەوەی ناوخۆ بەكارهێـنرا، لەسـاڵی ١٩٩٧ بەدەركەوت كـە لەگـەڵ ئـەو ئەڤینـەی لـە ماڵـی ئۆجـەلان دەمایـەوە، پەیوەنـدی هەیـە، دادگایـی كـراو سـزای لـە سـێدارەدرانی بـۆ دەركـرا، لەبـەر ئـەوەی كوردی سـووریا بـوو سـزاكەی بەسـەردا نەسـەپێنرا.

نێـردرا بـۆ كامپەكانـی گەریـلا لـە باشـووری كوردسـتان، لـە ماوەیەكـی كـورت حامـد لـەو كامپانـە هەڵات و چـووە ئەو ناوچانەی یەكێتیی نیشـتمانیی كوردسـتان تیایـدا باڵادەسـتە، دواتـر لەلایـەن دەزگای هەواڵگریـی سـووریاوە لـەوێ بـردرا بـۆ سـووریا، بەواتـای تـەواوی وشـە، قوتـووی شـەڕی ئۆجـەلان و سیسـتەمەكەیەتی.

**٥٦ـ ئەحمـەد:** ماوەیەكـی زۆر لەماڵـی ئۆجـەلان مایـەوە، كاری پۆسـتەچیی بـۆ كـرد، ئەوانـەی لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٩٠-١٩٩٣ بـە ئامانجی مەشـق بینین لـە بیقاع چوونـە شـام لـە ڕێـگای ئـەوەوە گەیەنرانە بیقـاع. لەسـاڵی ١٩٩٥ لەگـەڵ ئافرەتێك كـە لـە ماڵەكـەی ئۆجـەلان دەمایـەوە هەڵاتـن، ڕۆژێـك دواتر لەگـەڵ ئـەو ئافرەتە بەیەكـەوە كـوژران.

**٥٧ـ فـەوزی:** بـۆ هەرێمـی ڕۆژئـاوا (سەمسـوور، گومگـوم، عەنتـاب) نـاردرا، گوتیـان كـە لـە ڕووبەڕووبوونەوەیـەك گیانـی لەدەسـت دا.

**٥٨ـ ئۆرهـان ئایـدن:** کاتێـك چووە شـام وازی لـە مانگرتنی تامـردن هێنا، لەگەڵ کات تەندروسـتییەکەی بـەرەو باشـە ڕۆیشـت، لەساڵی ١٩٩٦، یاخـود ١٩٩٧ بـوو لـە شـام دەسـتگیر کـراو نـاردرا بـۆ شـارۆچکەی بـار الیاس لـە لوبنـان، لـەوێ بـە ئەشـکەنجە کـوژراو تەرمەکـەی لـە چاڵێکـدا نێـژرا، تـا ماوەیەکی کـورت لەمەوبەر هـۆکاری کوشـتنی ئۆرهـان بـۆ منیـش نهێنی بـوو، بەر لە سێ مانگ لـە نزیکەکەم و هاوگوندییەکـەم محەممـەد ڕەزا کاراداغ ڕووی نـاوەوەی ڕووداوەکـەم زانـی، بـۆ یەکەمجـار لێـرەدا دەینووسـم:

هاوڕێکـەم ١٦ سـاڵ لـە زینـدان دەمێنێتـەوە، کاتێـك ئـازاد دەبێـت دەچێتـە شـام، دوای ئـەوەی ماوەیـەك مەشـق دەبینێـت، وەك بەرپـرس لـە حەلـەب دادەمەزرێنرێـت.

لـەو ڕۆژانـەی ئۆجـەلان لـە حەلـەب بـوو، دەچێتـە ڤێلایـەك کـە کاندیـدی گەریـلا ئافرەتـەکان مەشـقی لێدەکـەن، بـە وتـەی ئۆجـەلان تیایـدا چـڕ دەبنـەوە، ئافرەتێـك کـە لـە نهۆمـی خـوارەوە دەمێنێتـەوە بـەو هەڤاڵـە دەڵێت کە ئـاو براوە و لێـی دەپرسـێت کـە لە قفڵـی... ئـاو دەزانێت یاخود نـا، کاتێـك هەڤاڵەکە دەڵێت دەزانـم دەینێرێـت بـۆ سـەربان، هەڤـاڵ کـە سـەیری قفڵەکـەی سـەربان دەکات و بەمەبەسـتی کۆنتڕۆڵکردنـەوەی دادەبەزێتـە نهۆمـی ناوەڕاسـت و گوێـی لـە هەندێـك دەنگـی نامـۆ دەبێـت، لـە دواوەی دەرگاکـە سـەیر دەکات و چـاوی بـە دیمەنـی کچێـك دەکەوێـت کـە خەریکـە ئـۆرگازم دەبێـت، بـاوەڕ بـە چاوەکانـی نـاکات و دیمەنەکـە لەبـەر چـاوی ون نابێـت و ڕادەکاتـە خـوارەوەو ماڵەکـە جێدەهێڵێـت و دەچێتـە ماڵێکـی تر. ئێـوارە ئۆجەلان بانگـی دەکات و ئەو دیالۆگە لەنێوانیـان  دەگوزەرێـت:

ـ ئەمڕۆ بۆ چوویتە سەربان؟

ـ سەرۆك چووم تا قفڵەکە چاك بکەمەوە.

" ناتوانیـت، تـا ڕوخسـەت وەرنەگیرێـت بـۆت نییـە بچیتـە ماڵـی کارمەندێکـی

www.arsivakurdi.org

ئاسایش؟

" (چاوم بڕیە ئەرزەکە)

ـ ئۆرهان ئایدن دەناسیت؟

ـ دەیناسم!

ـ دەزانیت کە لەکوێیە؟

ـ نەخێر!

ـ ئەویش لووتی دەخستە نێو ئەو بابەتانەوە، خستمانە ژێر ئەرزەوە.

ـ (دووبارە چاوم بڕیە ئەرزەکە)

ـ تۆش بنێرم بۆ لای ئەو؟

ـ خۆتان دەزانن سەرۆك!

**٥٩ـ فەیلەسوف (خالد یلدرم):** کاتێك لە زیندانی ئۆجەلان گیرابووم پاسەوانم بوو، لە شارۆچکەی بار الیاسەوە نێردرایە ئەورووپا، لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا ئەرکی پێ سپێردرا، لە ئەڵمانیا دەستگیر کرا، دوای ماوەیەك ئازادکرا و بە جۆرێك لە ڕێکخراو دەرکرا. دووبارە دەستگیر کرا، جارێکیتر ئازادکرا، زۆر دەمێکە لە بێنرخیی ڕابەری مەزن تێگەیشتووە، بەڵام لە دۆخێکە کە نازانێت چی بکات.

**٦٠ـ شەمدین ساکك:** لەساڵی ١٩٩٧ بە ئامانجی دادگاییکردن لە دیاربەکرەوە بانگ کرایە شام، لێرەدا بە سووکایەتی پێکردن پرێستیژی سفر کرایەوە، بەجۆرێك لە شاخەکانی تۆرۆس لەگەڵ گرووپێك لە ئەنادۆڵ بەرەو مەرگ ڕەوانەکران.

شەمدین کە سەرنجی ڕەوشەکەی دا لەگەڵ گرووپەکەی گەڕانەوە شام، ئۆجەلان کاتێك لەوە گەیشت ناتوانێت ئەو لە شام بکوژێت، بە بیانووی

www.arsivakurdi.org

کۆنگرە ڕەوانـەی کوردسـتانی باشـووری کـرد.

شـەمدین کاتێـك زانـی دەکوژرێـت هـەڵات و لەدەڤـەری بادینـان هانـای بردە بـەر هێزەکانـی بارزانـی، کاتێـك ئۆجـەلان هەواڵەکـەی بیسـت، لـە پەیوەندییەکی تەلەفۆنـی لەگـەڵ بەرنامەیەکـی کەناڵـی Med tv گوتـی: (شـەمدین سـاکك لای ئێمـە هەڵاتـووەو هانـای بردووەتـە بـەر مەسـعود بارزانـی، بانگـەواز دەکـەم بـۆ بەرپرسـانی سـەرۆکایەتیی ئەرکانـی تورکیا، ئەوەی ٣٣ سـەربازیی ئێوەی کوشـتووە ئـەوە، ئەگـەر ئێـوە شـەرەف و کەرامەتتـان هەبێـت دەچـن و دەیبەنـەوە).

دوای ماوەیـەك لـەو بانگـەوازە، لە ئۆپەراسـیۆنێکدا شـەمدین سـاکك و براکەی عـارف سـاکك دەسـتگیر کـران و بـردران بـۆ دیاربەکـر، لـەوێ ئیرادەیـان شـکاو وەك هەمـوو ئەوانـەی ئیرادەیـان شـکا، دەسـتیان کـرد بـە ئاخاوتـن، گەیشـتە ڕاگەیاندنـەکان کـە شـەمدین شـاکك لـە زینـدان وێنـە دەکێشـێت و لـە دەرەوە دەیفرۆشـێت. لەبـەرواری ٦ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٥ ڕۆژی پێنـج شـەممە لەلایـەن ڕاگەیاندنەکانـی تورکییـەوە بڵاوکرایەوە کـە پەرتووکێکـی بڵاوکردووەتەوە، ئـەو دێڕانـەی لەڕاگەیاندنـەکان بڵاوکرانـەوە دێنمـەوە خـوارەوە:

"حەرەمەکەی ئاپۆ لە شام!ـ

ئۆزگور جەبە / دیاربەکر (DHA)

پەرتووکـی "ئاپـۆ" لەلایـەن شـەمدین شـاککی فەرمانـدەی بـاڵای پێشـووی پەکەکـە کـە لەزیندانـی ژمـارە ١ی دیاربەکـر لـە لایـەن (DGM) (دادگای ئەمنـی دەوڵەتـەوە) سـزای زیندانـی تاهەتایـی بـۆ دەرکـراوە بڵاوکرایـەوە.

شـەمدین سـاکك لـە کاتێکـدا ڕایدەگەیەنێـت پەرتووکەکەی ڕەخنـە، دیاریکردن و هاوارێکـە، ڕوونـی دەکاتـەوە کـە بەئامانجـی "دەرخسـتنی ڕووی نـاوەوەی ڕێکخـراو و بەشـەفافکردنی ئاپـۆ" ئـەو پەرتووکـەی نووسـیوە.

بەشـەکانی سـەبارەت بـە عەبدوڵڵا ئۆجـەلان و حەرەمەکەی لـە پەرتووکەکەی شـەمدین سـاکك بەم جۆرەن:

www.arsivakurdi.org



گەورەترین شایانبوونت هەواداربوونی خۆت بوو

بەو راددەیە هۆشت لە خۆت نەمابوو کە بڕوات وابێت ئەگەر بڵێیت "ببەوە کونجی ببەوە" (افتح یاسمسم افتح)، گاشەبەردەکان دەبن بە دەرگاو دەکرێنەوە. ئەو سەردەمەی لە حەرەمەکانت لە شام ڕۆژت رادەبوارد، بیرت لەوە نەکردەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پێویستت بە دادپەروەی دەبێت. زۆر باش لێت تێ دەگەم، لەو پێخەفەی تا ڕۆحت ڕووت دەبیتەوەو ئەو ئافرەتە بەجۆشەی ڕووخساری داپۆشیوە و چارەی داپۆشیوە لەنێو جوانی ڕۆحیی دا نییە. ئەو شەڕەی چوو بووە ناوی دۆڕاندبووی، سوپاکەی لەدەست دابوو، ئەو فەرماندەیەی تا دەرپێکەشی داکەندووە بە ڕووتییەکی شەرمەزارکەر دەبینم، مرۆڤ نەدەبوو بکەوێتە ئەو دۆخەوە، دەڵێم پادشا رووتە.

وەك ئافرەتی بەڕەوشت نزیکی ڕابەرایەتیی مەکەونەوە، ئەوانەی کچە گەنجە تێکۆشین ناوەکە کە ماوەیەکی درێژ لە ماڵەکەی ئۆجەلان لە شام مایەوە و دواتر لە دەوروبەری بەتلیس کوژرا بۆمی گێڕایەوە، ویژدانی دەسووتاند، ئەگەر ئەو کچەی نەکوشتبا ئەوا ئەوانەی دەیگێڕایەوە لە ناخم دەمناشت.

کچە گەنجەکە من لە شاخەکانی دیاربەکرەوە ناردم بۆ شام، کچە دەترسا لەوەی لەگەڵ من قسە بکات، متمانەم پێ بەخشی و کاتێك گوتم کە لە دژی ئاپۆم ئەوانەی بۆم گێڕایەوە:

"دوای کۆتاییهاتنی خول، سەرۆك هەندێك کچی هەڵبژارد و بۆ مەشقی چڕ بردنی بۆ ماڵەکەی، منیش لە ناویان بووم، لە خۆشیی ئەوەی بۆ ئەو مەشقە هەڵبژێردرابووم خەریك بوو بفڕم، بەڵام ئەگەر حاڵی ئەو رەزالەتەی دواترت دیبا، وازت لە خەبات دەهێناو هەڵدەهاتیت، کاتێك چووینە ماڵەکە ئەو کچانەی ماوەی سێ مانگ بوو لای دەمانەوە ئەرکەکەیان بۆ ئێمە جێ هێشت و یەکێکیان بە ئێمەی گوت: "وەك ئافرەتی بە ڕەوشت نزیکی ڕابەرایەتیی

www.arsivakurdi.org

مەکەونەوە، هەموو شتێکی ئێوە هی ئەوە، ئەو خۆشەویستی هەموومانە، وەك ئەو کوڕانە نییە کە دەیانناسن، نەکەن گرنگی بەوە نەدەن کە بە وروژێنەر لای دەربکەون، ڕەنگە هەندێك جار بیەوێت لەگەڵ هەمووتان و هەندێك جار لەگەڵ یەکێکتان بێت، بۆ فێرکردنتان لەگەڵ ئێوە دەبێت، بۆ خاتری ئێوەیە کە بەرگەی ئەو فیداکارییە دەگرێت.

حەز بەنازکردن و خۆ بەدوور گرتن ناکات، لەگەڵ ئەو مەلە دەکەن، لەگەڵ ئەو دەچنە نێو جاکوزی و لە حەمام کردنیدا یارمەتی دەدەن، هەر کامتانی بوێت لەگەڵی دەخەون، ئاگاداری پاکوخاوێنی دەبن و لەگەڵ پاسەوان و شوفێرەکان نادوێن، ئەرکی هەرە سەرەکیتان دڵخۆشکردنی سەرۆکە".

کچە شەقی لە ئافرەتەکان هەڵدەدا، ناو تێکۆشینەکە ئەو ئافرەتەی دەیویست ئەوکاتەی دەیویست دەیبردە ژوورەکەی و بێ ئەوەی هیچ پرسیاری بۆچوونی ئافرەتەکە بکات، شێوازی پەیوەندییەکە و کاتەکەی خۆی دیاری دەکرد، ئەوانەی هەموو بەم جۆرە بۆم گێڕایەوە (هەندێك جار دوای ئەوەی ئافرەتەکەی ڕووت دەکردەوە فەرمانی پێدەکرد کە دووبارە جلەکانی لەبەر بکات و دەیگوت "دەترسیت و ناشرینیت خەوتن لەگەڵ ئافرەتێکی وەك تۆ ئەشکەنجەیە" بەتف لێکردن و شەق تێهەڵدان دووبارە دەیناردەوە. تەنانەت ئەوانەش کە بەژیانیان پەیوەندیی سێکسیان نەبووەو ئەوانەش کە ساڵانێکە بەهۆی ئەوەی لە شاخن بیری پەیوەندی دەکەن، بەرگەی ئەو دۆخەیان نەگرت. بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بە خاوەنی هەموو ئافرەتەکان پەیوەندی سۆزداری قەدەغە کرد). کچە گەنجەکە کاتێك ئەوانەی بۆم دەگێڕایەوە تووشی حەپەسانی کردم (٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥، پێنج شەممە، ڕۆژنامەی میللەت).

www.arsivakurdi.org

**٦١ـ مامۆستا شوکر (شوکری گولموش):** کاتێك لە ڕاگەیاندنی پەکەکە لە تورکیا ڕێکخەر بوو بە فەرمانی ئۆجەلان کۆتایی بە ئەرکەکەی هێنرا و خرایە ژێر لێکۆڵینەوە.

کاتێك ڕەخنەی لە نووسینێکی ئۆجەلان گرت تا ئەورووپا هێنرا. دوای ماوەیەکی زۆر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراو پچڕاند، لەو ماڵپەڕەی خۆی دایمەزراند (www.nasname.de) بە وتارێك لە ژێر ناونیشانی "دەچمە حەسەنکێف" ئەوەی بەسەری هات بەم جۆرە گێڕایەوە:

" من لێرەدا ـ دوای ئەوەی پەنابەرییەکەم دا ـ بێگومان بە دەهۆڵ و زوڕنا بەخێر نەهێنرام، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەی ڕێکخراوی بەناو پەکەکە پێمی کرد مشتێکە لە خەروارێك، بەو مانایەوە سوپاسگوزاری دەوڵەتی ئەڵمانم و لە پارتیەکەی ئۆجەلان تووڕەم، ئەوان زوو یاخود دڕەنگ ئەوەیان بەسەرەوە ناچێت کە من یەك کەس هەیە پەیامەکەمی پێ بڵێم، ئەویش ئۆجەلانی بنیاتنەری ئەو سیستەمەیە، ستەملێکراوێکی ئەو کاتی ئەو بە نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەوە بیبات و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکات... ئەو کەسەش کە بۆ ئاگادارکردنی داناوە، فەرمانی "ژەهر خواردی بکە"ی پێ بدات.

بڕینی هەموو خوێنبەرەکانی ژیان...

چەندین بوختانی درۆی وەك شێت، خیانەتکار کە بە خەون و خەیاڵی کەسدا نایەت و بێشەرمانە ئەنجامی دان، کارێکی چۆنە دەبینن؟ جگە لەوە، لەو ماڵپەڕەدا زۆر وتاری سەیر و نامۆی نووسیوە، وتارێکی سەبارەت بە هەندێك لەو بابەتانەیە کە لە ئایەتەکانی ئاپۆدا هاتوون دادەبەزێنمە خوارەوە:

"ئاگادار بووم لەوەی بەڕێز نەژدەت بوڵدان کارێکی دەکرد دەربارەی ئەو ئافرەتانەی لە ساڵانی دوایی لەناو پەکەکەدا ماونەتەوە و ساڵانێکی درێژ لە نێو ڕیزەکانی خەباتدا بوون، لە کۆتاییدا تەواوی کرد و لە ڕێگای

www.arsivakurdi.org

دەزگای چاپەمەنیی دۆزەوە بڵاوکرایەوە، جارێك گوێبیستی ئەوە بووین کە دەزگای چاپەمەنی دۆز نەبردراوەتە چالاکی پەرتووکی دیاربەکر، وەك ناسنامە هەواڵەکەمان بڵاوکردەوە، بۆچی و لەبەر چی بوو لای ئێمە ئاشکرا بوو. عەلی رزا ڤورال بەناوی دەزگای چاپ ڕوونکردنەوەی دا، دۆز هەر لە سەرەتاوە لە دژی رێچکەی پەیڕەوکراوی ئیمرالی هەڵوێستی نواندبوو، گۆڤاری سەربەستی و بەڕێز ئەحمەد زەکی ئۆکچوئۆغلو بە ڕوونکردنەوە، وتارو لێدوانەکانیان ئەوەیان بەڕای گشتی ڕاگەیاند، ئەو "قەدەغەیە" هەرچەندە لەلایەن ئێمەوە دیار (بەهۆکارە زانراوەکان) بێت، (ئاشتی بێ مخاطب و شەڕی بێ مخاطب)ی حەسەن یڵدن و (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی مەسعود بارزانی و بە ڕای ئێمە لە کۆتاییدا پەرتووکی (ئافرەتبوون لە پەکەکەدا)ی بوڵدان پێویستە بخرێتە سەری، ئەوە پێویستە هەمووان بیخوێننەوە، بەڵام پێویستە ئۆجەلانەکان هەرگیز نەیخوێننەوە.

سەرنووسەری ئێمە "ناسنامە" لەمەوبەر دەرچوو و هەواڵەکەی ڕاگەیاند، بە شێوازی خۆی ریکلامی بۆ کرد، ئێستاش ئەوە بۆ خوێنەرانمان بڵاو دەکەینەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

## ناسنامە

### کاری ڕێکی "خووێکی خراپ":
### ئافرەتبوون لە نێو پەکەکەدا!..

بەڕێـز نـەژدەت بوڵـدان لـە مـاوەی دواییـدا کاری پەرتووکێکی تری کـرد، وەك وەڵامێکـی هاوبـەش بـۆ ئەوانـەی دەڵێـن "بۆچـی ئـەو بابەتـە؟" لەپێشـەکیدا دەسـتەواژەیەکی وای بەکارهێنـاوە: "یەکێکـی تریـش لـەو هۆکارانـەی پاڵـی بەمنـەوە نـا کـە ئـەو کارە بکـەم خـوە خـراپ (!)ەکەمە، هـەر لەکۆنـەوە لەوانەی لـە هەمـووان زیاتـر خۆیان بـە ئازا دەنوێنن ترسـنۆکی، لەوانەی کـە خۆیان زۆر بە ئیمانـدار نیشـان دەدەن ئاڵودەیـی هەمـوو ئەوانـەی ئاییـن بە گوناهـی دادەنێت، ئەوانـەش کـە بـەوڵات پـەروەر خۆیـان نیشـاندەدەن نییـە لـەوان بـێ متمانەتـر، ئەوانـەش کـە زۆر بـاس لـە ڕەوشـت دەکـەن، زۆر تامـەزرۆی تێگەیشـتنیانم بـۆ ڕەوشت".

ئەگـەر بـەو تێگەیشـتنەوە بـە ڕێـگادا بچیـن، بەڕێز بوڵـدان بـۆ بابەتێکی "زۆر هەسـتیار" لەگـرێ کوێرەیەکـی وەك پەکەکـەدا بـۆ بابەتـی "کێشـەی ئافـرەت" مایکرۆفۆنـی ڕاگرتـووە و تەنیـا بـە چەنـد پرسـیارێك کۆتایـی پـێ هێنـاوە، لـە کۆمەڵـگای کـوردی ـ دەکرێـت بڵێیـن هەمـوو ـ لەهـەر شـوێنێك، هـەر گۆڕەپان و جێگایـەك و لـە "نزمترینـی" نزمـەکان وتـەی بـۆ جێ هێشـتوون.

لـە ٢٩میـن یاخیبـوون کـە شـەڕەکەی ٣٠ سـاڵی خایانـد، کچانـی گەنج کـە خەباتیـان دەکـرد لـە ژێـر چەنـد بێنرخێـك بناڵێنـن، ئافرەتـان کـە ڕەگـەزی

www.arsivakurdi.org

بەرانبەرمانن قسەیان دەکرد، دووبارە کوڕەکان هەڵسابوون بە کردنەوەی قوتووی پاندۆرایەکە، هێشتا هیچ یەك لە ئافرەتەکان بوێریی ئەوەی نەکردووە. بەو واتایەوە (هەرچەندە کە بەشێکی داپۆشراویش بێت) کەم کەمە ئەو دەرگایە سەری پێدا دەگیرا، بێگومان ئەوە جاری یەکەم نییە، بە وتەی نافەرمیی دەکرێت بگوترێت ئەوە دووەم تاقیکردنەوەیە.

یەکەمەکەشی هەرچەندە بگوترێت ئایەتەکانی ئاپۆی سەلیم چوروککایایە، بە ڕای من هێشتا کارێك نییە کە مافی خۆی بەتەواوی پێ دابێت و کارێك نییە لەخودی زمان و پێنووسی ئافرەتانەوە.

ئێمە با گشتییەکە واز لێ بهێنین و بێینە سەر تایبەتەکە.

واتا بێینە سەر پەرتووکی ئافرەتبوون لە نێو پەکەکە دای بەڕێز بوڵدان کە لە ژێر دەستمدایە.

یەکەم جار دەستخۆشیی لەو ئافرەتانە دەکەم کە لەگەڵ بەڕێز بوڵدان سەبارەت بەو بابەتە تەنانەت بەم جۆرەش دواون، بەو جۆرە دەیڵێم کە لە ناخمەوە دەردەچێت، یەکەم دەرفەت کە ئایسەلی تیادا ببینم دەستی ماچ دەکەم، چونکە ئەو ئازارێکی زۆر زۆری چەشت، ئەوەی ئەو چەشتی زۆر کەم لە نەوەی سەردەمی ئێمە چەشتمان، ئەوانەی مردن و ڕۆیشتن لەڕاستیدا بەو جۆرە ڕزگاریان بوو.

ئەوەی ئەو هاوڕێ ئازیزانەمی گەیاندە ئەو دۆخە، ئەگەر بیناسازی ئەو سیستەمە بێت، بەقەد ئەو دوعا خراپانەی لێم کردووە و ئەوەندەی ڕقم لێی دەبێتەوە، ئەوەندەش لە خۆم و هاوڕێکانی سەردەمی خۆم دەکەم، ئێمە شایانی ئەوە نەبووین، ئەگەر ئێمەی لەناو بردبێت ئەوا سەرکەوتنی ئەو نییە، بەڵکو لە بێ هێزیی و بێ چارەیی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێت.

زوو یاخود درەنگ لێپێچینەوەی ئەوە دەکرێت.

دیوان دادەمەزرێت.

ئەگەر ئێمەش نەیبینین، پێویستە پارێزگارییە دەستنووسەکانمان ببن بە زمانحاڵی ئێمە.

ئەوانەی چوون، چوون، بەڵام ئەوانەی ماون پێویستە و پێویستە بنووسن (ئەگەر نایانەوێت بەکوشتن گیان لەدەست بدەن).

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

## شۆڕشەکان چییان بۆ کێ جێهێشت؟

لە جیهانـدا هەندێـك شـۆڕش هەن کـە دەبن بە دەسـتپێکی زۆر شـت، یەکێك لەوانـە شۆڕشـی کرێکارانـی پاریـس، هـەر لـەدوای ئـەو شۆڕشـی بـورژوازی ١٤ی تەممـووزی ١٧٨٩یـە، دەسـتکەوتی شۆڕشـی بـورژوازی "هاوولاتـی!..."

شۆڕشی بۆلشەڤیکی ١٧ی تشرینی یەکەم "هاوڕێگا!..."

ئێمەش بەر لەشۆڕش "هەڤاڵ"مان بەدەست هێنا.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

**لای ئێمەش تەنیاو تەنیا هەڤاڵ!..**

ئافرەت، پیاو، گەنج، پیر، کوێر، گۆج، منداڵ، تاوەکوو مێروولەش یەك ناوم هەیە ئەویش: هەڤاڵ!...

ئاوێنەی هەموو سەیرو سەمەرەکان ئەوەیە:

لەڕۆژهەڵات، لە ڕۆژئاوا، لە هەر ئایینێك (لای خودای تاکی خوڵقێنەر) بەزمانی پێغەمبەر ئافرەت و پیاو هەیە و بەجیاواز ناو دەبرێن.

کاتێك من بۆ جاری دووەم چوومە گۆڕەپانی حەزرەت ئەو دۆخە سەیرەم بینی، بینیم بەڵام سیستەم دامەزراوە، جارێکیان تا گەرووم هات، لەوانەیەکی لە بەرانبەر ٦٠٠ کەس، دۆخی سەرەوەم باس کرد، ئەوە لەگەڵ کوردیش و تورکیش ناگونجێت، لە هەموو رووێکەوە بە کچ و کوڕ کاندیدەکانی گەریلا بە ڕەق و تەقی بڵێین هەڤاڵ هەڵەیە، کاتێك من بڵێم "هەڤالا من" یاخود "هەڤاڵێ من" قیامەت هەڵناسێت، ئەوە ڕاستترین شتە و ئەوە پێویستە بە زووترین کات چاك بکرێتەوە.

هەمووان بە حەپەساوی و نامۆیی سەیریان دەکردم، بەڵام ئەوانەی بەڕێوەبەرایەتی:

تەنیا بەوە کۆتاییان پێ هێنا کە بڵێن "هەڤاڵ بابەتەکەمان ئەوە نییە، ئەوە بابەتێکی ترە"، بەڵام وا بزانم ئەوە لە تۆمارمدا نووسرابوو، چونکە لە دوای وانەکە هەمووان دەستیان کردبوو بەوەی بەنامۆیی سەرنجم بدەن، لە کاتێکدا

www.arsivakurdi.org

من ئەوەشم فەرامۆش نەکرد کە زۆر بەبێ خەوشی لە ڕووی زمانەوانییەوە باسی لێ بکەم، وامدەزانی، لە کوێ بزانم کە یاریی بە ئەسکەلەیەکی گرنگی سیستەم دەکەم.

بەڵام هەتا ئێستا پارێزگاری لە هەڵەکەم دەکەم.

بەڵام ئەوە "هەڵەیەکە" کە بە ئەنقەست ئەنجام دراوە و یەکێك لە بەردە سەرەکییەکانی بناغەی سیستەم لەسەر "هەڤاڵ" دامەزراوە.

ئافرەت لە ئافرەتی و پیاو لە پیاوەتییەکەی دابڕێنراوە و جۆرێکی سەمەرەی لێ بەرهەم هاتووە. هەڤاڵ و هەڤاڵەکانی ئۆجەلان.. بەڵام لای ئەو دۆخی نێر و مێ هەبوو، ئەوانەی لە بژاردەی یەکەمدان، ئەوانەبوون کە بەندایەتییەکی باشیان دەکرد، ئەوانەی بەردەوام وەك مرزاح سەریان بادەدەن، ئەوانی تریش ئەگەر جوان بن، تەنیا و تەنیا دەبردرێن بۆ "حەوزەکانی بەهێزکردن و ئازادیی" و گیانشۆرییان بۆ دەکرێت.

ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر ئافرەتێك بە خەمگینییەکی زۆرەوە گوتبووی:"هەڤاڵ لەوێ دەستمان لێ نەدرا، هیچ بەهایەك نەماوە کە لە گڵاوی نەگلابێت" من لە بەرانبەر ئەو وتەیە بێدەنگ بووم، هەر بێدەنگ بوونێك بۆ من قەهر خواردنێك بوو، من دروستبوونی ئەو سیستەمەم لەجووتبوونی کۆرەمار دەچواند، بەم جۆرە:

کاتێك ماری کۆرەماری نێر و مێ جووت دەبن، هەر دوای جووتبوونەکە مێیەکە نێرەکەی دەخنکێنێت، ئەو کۆرپەمارانەی دەکەونە ڕەحمی مێیەکەوە ئەوا بە گەدەی گەشە دەکەن، کاتێکیش کۆرپەکان لەدایك دەبن مێیەکە دەمرێت، سووڕی ژیانی کۆرەماریش بەم جۆرە بەردەوام دەبێت.

بەڵام سروشتێکی ئاوا بێ کەموکوڕیی دروست کردووە کە ئەگەر کۆرەمار وەك کەروێشك، یاخود مشك زۆر بووبایە.. ئەو کات کۆرەمار جیهانی دادەپۆشت، ئەگەر زۆربوونی خەڵك بە کەروێشك و ژیانی دیکتاتۆرەکان وەك

www.arsivakurdi.org

کۆرەمار بکەین بە نموونە، ئەوکات ئاسایی دەبێت بۆ هەر کۆمەڵگایەك یەك، یاخود دوو کۆمەڵگا بەسە.

ئێمەش دانەیەکمان هەیە "الحمد الله" ئەگەر ئەوەش وەك تکریتی عەشیرەتێکی بەهێزی هەبووایە، ئەوکات وای بە حاڵی کوردی باکوور، ئێمە "عەشیرەتێکی ئۆجەلانی" سێ کەسیمان هەیە، عەبدوڵڵا، محەممەدو عوسمان... ئافرەتەکانی تر لە ڕاستیدا کەسانی ساویلکەن لە خەڵکەوە، کە کاتی دێت، خاوەنی خەڵکی بوونێکی زیاترن لە برا گەورەکەیان.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

## نەڤاڵ، هەڤاڵ، یاخود کاڤاڵ

با ئێمە بچینە سەر ئەو "هەڤاڵ"انەی بەڕێز بولـدان مایکرۆفۆنی ئاڕاستە کردوون:

نەڤاڵ وەك کەسیش دەناسم، کاتێك یەکەمجار هات گەرماو گەرم لێم پرسی، وەڵامەکەی ئەو هەردەم لەبیرمە و ماوە ماوە دەیڵێمەوە، بەڵام واژۆکردن لەسەر یەکەمەکان هەندێك جار زەحمەتەو هەڵسوکەوتێکی شەرەفمەندانەیە، نەڤاڵ دەڵێت"گەڕان بەدوای سیاسەت و نەتەوەییبووندا لای من هەر لە قۆناغی دوا ناوەندییەوە دەستی پێ کرد." دواتر دەڵێت:"تایبەتمەندییەکی بەشداریکردنم لە ڕووی ناوچەییەوە، یەکەم ئافرەت بووم چوومە شاخ... ئەو گەڕانانەم وایکرد کە لە زانکۆ پەیوەندی بە پەکەکەوە بکەم.

چیاکان، چەك و یاخیبوون لەدژی ناهەقی... ئازادیی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرە فشارە دواکەوتووەکان، بەهایەکن کە لە دڵی هەمووان تەخت دادەنێت، هەرچەندە چەند بەڵایەکیش هەبن و دانەیەکیان تا هەتاییە، مرۆڤ دەڵێت:"ئەگەر ئەوە چارەسەر بکەم ئەوانی تر ئاسانە"، نەڤاڵ بێگومان دەڵێت:" ناکۆکیی نەتەوەیی".

واتا ناسنامەی چین و ڕەگەز لە پلانی دوواوەیە، بەڵام هەروەك چۆن سووڕی جیهان (بێ ویستی ئێمە) دەخولێتەوە، ڕێکخراویش قاڵبێکی وەرگرتووە و ستراتیژی سەرەکی دیاریکردووە.. بەویش دەگوترێت گاڵتەجاڕیی "ڕابەرایەتیی ستراتیژی" ئەو خەڵتانە تەنیا بۆ نەڤاڵ نییە، کێشەی هەزاران هەواداری پەکەکە

و ئەوانەیە کە بۆ ئەو بیرۆکانەی لەمێشکیاندا هەیە کەوتوونەتە ڕێگا.

بە پەیمانەکانی چیا، چەك، یاخیبوون و ئازادیی "بزاڤە ڕزگاریخوازەکە" گوتی "دەستت بێنە" ڕەقیب ئەوە لە دان خۆرەکەیان بەو کچە گەنجەی لە دوێنێوە سەری کردووەتەوە دەڵێت:

ـ سەرت داپۆشە!

ـ تۆ ناوت نەڤاڵە!، ئەویش بەخستنە سەری زۆر شتەوە.

ـ دەڵێت باشە هەڤاڵ.

بێگومان لەگەڵ کات: نەڤاڵ بە هەڤاڵ، هەر هەڤاڵێکیش ناچارە لە دەست ئەوانیتر ببێت بە "کاڤاڵ"، جاریّ هەر جەماڵ، زێدە خۆش دێتە گویّ، ئەوە لەڕاستیدا لە چاوی برادەر ئۆجەلانی بچووك بە واتای "ناپێویست، زیادە، هەڵقورتان، ئەگەر نەشبیّ دەبیّ" دێت.

بوون بە برای "سەرکردە"ی مەزن و بیّ ڕکابەر ئۆجەلان و یادکردنەوەش بە نازناوی ئەو، بۆ عوسمان نیعمەتێکە، بەڵام پراکتیکی زەڵیّ هێشتا لەسەر پشتی ئەو قەمبورەیە، بەڵام لێرەدا نەڤاڵی خۆشەویست کێشەی نێوان عوسمان و عەبدوڵڵای بە تەواوی نەکردووەتەوە. ئەوە تەنیا دابەشکردنی دەسەڵات بوو؟

نەڤاڵ، نزیکبوونەوە لە ئافرەت لە سیستەمی ئۆجەلاندا و ئەو دەسەڵاتدارییەی بەسەریدا زاڵی کردووە، زۆر باش تێگەیشتووە و دەڵێت:

"نزیکبوونەوەی ئۆجەلان لە ئافرەت و چۆنییەتی گوزەرانی کاروباری ئازادیی ئافرەت بابەتێکی زۆر گرنگە، باسکردنی ئەو کارکردنە، تەنیا گرتنە دەستی نزیکبوونەوەی تاکی ئۆجەلان لە ئافرەت لە ڕاستیدا بە واتای بە هیچ جۆر باس نەکردنی ئەو ئافرەتانە دێت کە وەك زۆر ترسان پەروەردە کراون دێت. لەنێو پەکەکەدا ئەو پرۆگرامانەی بەناوی کارکردن لەسەر ئازادیی ئافرەت ئەنجام دەدرێن وەك سەرەکیترین داینەمیکی سیستەمی پەکەکە پەرەی پیّ دەدرێت، قاچی سەرەکی ئەو سیستەمەی ئۆجەلان دەیەوێت دایمەزرێنێت پرسی

www.arsivakurdi.org



ئافرەتـە. سـەرنج بـدەن بەدرێژایـی مێـژووی پارتـی و بەتایبەتـی لـەدوای ۱۹۹۰ ئۆجـەلان سیسـتەم و چالاکییەکانـی خـۆی بەرێژەیەکـی گرنـگ لـە هێـزی ئافرەتدا گەشـە پێـدا، کاتێـك ئافرەتـی کـردە سـەر تایەکـی تەرازووەکـە لـە ئافرەتەکانـی زیاتـر خـۆی سـوودی لەمـە وەرگرت.

کەواتـە ئـەوەی کۆڵەکـەی سـەرەکی ئـەو سیسـتەمە پێـك دەهێنێـت نزیکبوونـەوەی ئۆجەلانـە بـۆ کێشـەی ئافـرەت. ئافـرەت بـە درێژایـی مێـژوو بـەردەوام لـە شـەڕی ڕەگـەزدا بـەردەوام ژێـر کەوتـووە و چەوساوەتەوە و ناچـاری دووجـار ملکەچـی و پاشـکۆبوون کـراوە، بـەڵام ئـەوەی ئازادیـی، یەکسـانیی و ڕاچێتـەی ڕزگاربوونـی بـۆ ڕاگرتـن لـەوان زیاتـر سـوودمەندبوو. خاڵە جەوهەرییەکـەی لێرەدایـە، ئەگینـا بـە سـەیرکردنی هەندێـك کـەس بـۆ جیهـان و ئافـرەت لەناوگەڵییـەوە هەڵناسـەنگێنرێت، ئۆجـەلان دوای دانانـی ئەو سیسـتەمە، هـەر ئافرەتێـك کـە خواسـتی "ڕزگاربـوون و ئازادبـوون"ی هەبوایـە، یاخـود هـەر پیاوێـك تەنیـا یـەك قیبلـەی هەبـووە، پەرسـتنی بـێ قەیـد و شـەرتی ئۆجـەلان، ئاشـقی ئـەو بـوون و خۆدانە دەسـت دەسـتە "بەشـیفاکانی" ئـەو... بەهێزبوون لە "ماڵەکانـی بەهێزکـردن" و بەعەشـتار بـوون لـە "حەوزەکانـی جوانیـی"... ئۆجەلان ژیـان بـێ هیـچ قەیـدو شـەرتێك کـە دەرمانـی گشـت دەردێکـە، هـەروەك نەقاڵی خۆشەویسـت دەیڵێـت: "مومکیـن نییـە کـە گشـت ئافرەتـەکان ئاشـقی ئۆجـەلان بـن" ئـەوە لەگـەڵ سروشـت ناگونجێـت.

پەلین

بـە ڕێکەوتێـك هاتمـە ڕیزەکانـی پەکەکـە، بەڕێکەوتێـك لـە پەکەکـە جیـا بوومـەوە:

پەلیـن کـە وای دەگـوت، ئـەو ئافرەتـە نـاو لـێ نـراوە بەم جـۆرە باسـی دەکرد: "ئۆجـەلان بەڕاسـتی ئافرەتـی ناشـیرینی خۆشنەدەویسـت، مرۆڤێـك بـوو کـە گرنگییەکـی زۆری بـە شـکڵ و لـەش و لار دەدا، بـە ڕای مـن پێویسـت بـوو لـە

www.arsivakurdi.org

کەشێکی شۆڕشگێڕ و شەڕڤانیدا گرنگی بە جوانیی ناخ و بەهرەی شۆڕشگێڕی بدایە، لە کاتێکدا ئەوانەی دەرچووی ئامادەیی و زانکۆ بوون و لەش و لاریان جوان بوو، دەیگوت گیان و دڵم و ئەوانەی کە بۆیان شل دەکرد و زۆر بە بژاردانەوە نزیك دەبووەوە لە ئافرەتان، ئەوەی لەلای ئەو لە سەرووی هەموو شتێك بوو، جوانیی بوو و ئەوە لە سەرکردە نەدەوەشایەوە. وا دەزانن بۆچی هەردەم ئافرەتە جوانەکان لە ماڵەکەی چڕ بوونەوە دەمێننەوە؟ چەندین وێنە هەیە کە بەیەکەوە گیراون، وێنە هەیە لە مەلەوانگە گیراون، کاتێك ئێمە لە شاخ لە برسان دەمرین ئەو لە کۆشك ژیان دەکات، ئەو سفرەی وای بۆ دەڕازێنرێتەوە کە سەد بە قەد سفرەی کۆشکەکان دەبێت، حەرەم بەکار دەخات، ئێمەش بۆ دۆزینەوەی پارچەیەك نان ئەستەمیمان دەچەشت، ئەوانەی لە ئەکادیمیا دەهاتن دەیانگوت سەرۆك دەست لەو خۆراکانە نادات و تەنیا نان و پیواز دەخوات، لەکاتێکدا کاسێتەکان نیشانیان دەدا ئەو سفرە دەوڵەمەندانەو ئەو گفتوگۆیانەی لەسەری ئەنجام دەدران و ئەو خواردنە جۆراوجۆرانە، بێگومان بۆ جوانکاریی دانەندرابوون، ئەو کاسێتانە وەك دەرس بۆ ئێمە لێ دەدران".

لێرەدا بە سروشتی تەنزی کە ماسی لازەکە بۆنی دێت، هاتە ئەقڵمەوە. لازێك لە بازاڕ ماسی دەکڕێت، بەڵام کلکەکەی بۆن دەکات، هاوشارییەکانی:

ـ حاجی بە یەکجاری شێت بوویت؟ ماسی سەرەکەی بۆن دەکرێت؟

ـ دەزانم دەزانم، ئاها بزانم تا کلکەکەی دێت؟ سەیری ئەوە دەکەم؟

چونکە پەلین ئەوانەی دەخاتەسەر:

هەر کەسێك لە بەڕێوەبەرایەتیی مەرکەزی بووبێت، خۆشەویستێکی هەبووە و لە هەر بەهارێکدا کاتی پراکتیك خۆشەویستیان دەگۆڕی".

ئەوانەی جیادەبوونەوە ئیدی جووت جووت دەیانگوت"خۆتان بگرن شارەکان"، پەلین کەمێك گاڵتەجاڕانە بەردەوام دەبێت "چی بکەم من نەمتوانی

www.arsivakurdi.org

کەس بێنم".

ئاریەن

ئافرەتە ناونراوەکە دەگێڕێتەوە:"ئاپۆ ئافرەتی بەکار هێنا، وا بزانم ئەو خاڵەی لە هەمووان زیاتر ڕقم لێ بوو ئەمە بوو، چونکە من لەوێ خۆم وا دەبینی کە بەکارهێنرابم، ئەگەر دەتانەوێت با یەکێك لەو ئاخاوتنانەی ناوی دەنێت "شیکردنەوە" بە نموونە بێنمەوە:"

لەژێر ناوی "کاری ئازادیی ئافرەت":

ئێوە بەڕاوردنتان لەگەڵ یەك کوڕ، خۆتان سووك دەکەن، کۆتایی پێ دێنن، بە پەیوەندیی لەگەڵ تاکە کوڕێك خۆتان پێشکەش دەکەن، ئەوە نموونەی زۆری هەیە، ئەوەی تەنیا کوڕێکی خۆشدەوێت و لەگەڵ یەك کوڕ بەیەکەوە دەبێت، لە ئەنجام دا ناچار واز لە خەبات دێنێت (باسی لە کوژراو و دوورخراوەکان دەکرد و باسی لەوانە دەکرد کە هێشتا دەستبەسەرن) چەندین ئافرەت هەن، لەگەڵ یەك کوڕ ڕامەبوێرن، بەدەیان و سەدان بن.

هەمووشیان بەخۆتانەوە پەیوەست بکەن، بەڵام ئێوە تایبەت مەبن بە تەنیا یەك کوڕ..."

ئایا ئەوە بەواتای چی دێت ئاشکرا نییە؟

لەشتان هی ئێوەیە، چۆن دەتانەوێت دەتوانن بەکاری بهێنن، بەڵام ڕۆحتان، ئەقڵتان "هی منن".

بێگومان دەرچوونی ئەوانی وەك دەلیلا گۆیی، لەڕاستیدا سەرهەڵدانە، ڕابواردنێکی دەلیلا دەبێتە بابەت و دەردەکەوێت، بەڵام دەلیلا دەڵێت "لێرەدا ٢٠ جووت هەیەو من بیست و یەکەمینم".

بێگومان چارەنووسی دەهێنرێتە حاڵەتێکی دیار، هی دەلیلا و ئەوانی وەك ئەو. ئاریەن، ڕێکنەکەوتنەکانی سیستەم دەبینێت و تێ دەگات، بەڵام نە هێزی ئەوەی هەیە ئەوە بگۆڕێت و نە ئیدی کەسەکان توانای گۆڕینیان هەیە،

www.arsivakurdi.org

ئیدی بەو واتایەوە ئەنگوست خستنە سەر بابەتەکانی ئاریان زۆر گرنگن، با بەیەکەوە بیانخوێنینەوە:

" بە ڕای من ئەو خاڵەی پەکەکە ناکۆك دەکات و وا دەکات سیستەمی پەکەکە گیر بخوات، کۆکردنەوەی هەموو شتێك هەم لەبواری سەربازیی و هەم لەبواری سیاسییە لە پەیوەندی ئافرەت ـ پیاودا، ئەوە لەڕێلادانێکی جیدییە، دەزانن کە بەگوێرەی هەندێك گرووپی ئایینی حەرەمیەت ـ سەلامییەت هەیە، واتا پیاوەکان لەلایەك و ئافرەتەکان لەلایەك، ئاپۆ ئەوەی ئەنجام دا و سەرکەوتوو بوو."

وا دەزانین کە ئەو دوو دیاریکردنەی خاڵ بەس بێت:

"لە ڕاستیدا کێشەی هەموو هاوڕێ ئافرەتەکانی نێو پەکەکە کێشەی ڕەگەزە".

" ئۆجەلان کە دەڵێت خەباتی ئازادکردنی ئافرەت دەکات، خۆی ئافرەتی دەچەوساندەوە، ئەو سیستەمەی دایمەزراندبوو ئافرەتی دەچەوساندەوە".

لەتەك ئەوە ئاریەن زۆر زیرەکە و لێی دیارە کە بیرۆکەی سەرەکیی سیستەمی کردووەتەوە، چونکە لەو ڕێکخراوە حەرەمییەت ـ سەلامییەتانەدا، "ڕاستییەك هەیە کە ئافرەتان دەبن بە لەزبیان و پیاوەکان دەبن بە هاوڕەگەزباز و ئەوە بەدەر دەکەوێت، ئەوە لە سیستەمی پەکەکە و ئۆجەلان گوێبیست دەبیت.

هەروەها بەجیدی پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکاری مردنی هەموو ئەوانە بکرێت کە لە شام لە "ماڵەکانی بەهێزکردن، مەلەوانگەکانی ئازادیی" لە پراکتیکەکانی گەریلادا ماونەتەوە."

ئەو کێشە دەروونییانەیە وا دەکەن کە خۆیان بکوژن یاخود دۆزە بێ بەهاکەیەوە یاخود بەهۆی پەیوەست بوونیانەوەیە بە ئۆجەلان، ئاریەن بە جیدی بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەمە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت، بە ڕای

منیش ئەوە بابەتێکە کە شایانی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر سەیرترە، بۆ نموونە، ئەو "سەمایوجە"یەی کە لە ئەرز و ئاسمان شوێنی بۆ نەدەدۆزرایەوە، ئاریەن گوتی:"چالاکییەکەی سەما زۆر پیرۆزە، بەڵام ئێمە هەموو ئافرەتەکان دەمانزانی کە لەژێر کاریگەریی ئەو کێشانەدا ماوەتەوە کە بەسەری هاتن." لە ڕاستیدا ئەوە ددانپێنانێکی زۆر مەترسیدارە.

لە ڕاستیدا تەنیا یەك ڕستەی ئاریەن قووڵیی و قێزەوەنی دۆخەکە زۆر بە ئاشکرا نیشان دەدات:

"کوردەکان داهاتوویان لەدەست دا."

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

**هێڤی**

هێڤیش پێناسەی تر دەکات:"لەپارتیدا چینێکی بژاردە دروست بوو کە پێمان دەگوت مەرکەزی ئافرەتان، ئافرەتەکانی ئۆجەلان، چینێك هەن کە بە خوداوەندکارانی ئۆجەلان دەناسرێن، ئەو چینە بەشداریی شەڕی نەکردبوو، لە دەرەوەی ناوچە سەختەکان و بە گشتی لە بنکەکاندا ماونەتەوە و بەتایبەتی لەو ئافرەتانە پێکدەهاتن کە لە "ماڵەکانی چڕکردنەوە"وە هاتبوون.

لێرەدا هێڤی کاتێك باس لە ئۆجەلان و "خوداوەندکارانی" دەکات: باس لە دوای دەستگیرکردن و سەردەمی برا بچووك عوسمان ئۆجەلانیش دەکات:

"ئۆجەلانی برا دەیویست شوێنی کاکەی بگرێتەوە، بەو هۆیەوە ئەوانەی بە کچانی ئۆجەلان دەناسران سەراوژێر کران، هەمووان لە شڵەژانێکدا بوون، عوسمان ئەوانەی قبوڵیان نەدەکرد دەماودەم بە سیخوڕ لە قەڵەمی دەدان، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکردن و دەستبەسەری دەکردن، وامان مەزەندە دەکرد کە خەبات بەتەواوی بەخۆبەدەستەوەدان کۆتایی پێ دێت و عوسمان، جومعەو ئەوانیتر بۆخۆیان سەڵتەنەت دامەزرێنن" لە ئەنجامدا لە هەلومەرجی شاخدا ئەوەشیان دروست کرد".

ئێستا بەڕێز عوسمان ئۆجەلانیش کە وەك نێردراوی دیموکراسی دەردەکەوێت، ئەوانە و هەزاران دۆسیەی نەکراوەی هەن کە دەربارەیان بێگومان پێویستە شتانێکی هەبێت بیانڵێت، لێرەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان

لـەدەرەوەی سیسـتەم لەشـوێنێك دابنرێـت، یاخـود ئـەوەی ژێـر بـەڕەی بـۆ بخەنە سـەر بـەڕە، کـە قبـوڵ ناکرێـت وا هەڵسـووکەوت بکرێـت وەك چـۆن بڵێیـت هیچ ڕووی نەدابێـت، دەبـوو ئەویـش و ئەوانـەی دەوروبەریشـی ئەوانـە بـاش بزانـن، هێڤیـش وەك هاورێکانـی تـری لەنێـو خەمۆکییەکـی بـێ ئومێـدی قووڵدایـە، ئـاوا دەڵێـت:

" هەموو ئۆرگانەکانی هەستکردنی گەلی کورد مردوون."

www.arsivakurdi.org

**هێلین**

هێلینیـش پەنجـە دەخاتـە سـەر ئازارێکی ترمان، ئەشـکەنجە: ئایا پێویسـتە بـەوە بڵێین ئەشـکەنجەچییەکەی مـن "هەڤاڵـە، شۆڕشـگێڕە، جوجەیـە".

"ئـای خودایەگیـان خەریـك بـوو وا بڵێـم، بـەڵام ئایا کاتـی هـاوار بردنەبـەر خودایە ئەی هـاوار، تەنگاوبوویـت وا نییـە، ویسـتم بیڵێـم بەڵام لە گـەرووم ما.

سـاڵی ١٩٩٥ بـێ ئـەوەی تاوانێکمان ئەنجـام دابێـت لـەزێ زۆربـەی ئافرەتـەکان دەستبەسـەر کـران.

ئەشـکەنجەی زۆریـان کـرد، بەدرێژایـی ڕۆژ لـە گەرمـای ئـاب بەبـێ خـواردن و ئـاو لـە ژێـر تیشـکی ڕۆژ جـێ هێڵـدران، بـۆ نموونـە جگـەرە بـە لەشـی هاوڕێکانـم دەکوژێنرایـەوە، نایلۆنیـان بەسـەردا توێنرایـەوە و ئەوانەی ئەشـکەنجەکانیان دەکرد ئافرەت بـوون، هەڤاڵێك هەبـوو بەنـاوی "بەتـول جیجـی"، لـە پێشـتر لە تورکیـا دەستبەسـەر کرابـوو، تەنانـەت ناوی خۆشـی نەدابـوو لە ژێـر ئەشـکەنجە".

ئەو وشانەی لە هێلینەوە هێڵم بەژێردا هێنان، منیان لە قووڵایی ناخمەوە ئازار دەدا:

"لە پەکەکەدا ئەشق و خۆشەویستی قەدەغە بوو".

"بەڕێوەبەرایەتـی (پارتیـی ژنـی ئـازاد) ئـازاد بـوو لـە پێشکەشـکردنی ئافرەتـەکان بـە پیاوان..."

"ئەوانـەم گـوت کـە تا ئێسـتا بەسـەرم هاتووە، وابیـر دەکەمەوە کـە ئەوانـەی دەربارەی ئاپـۆ گوێبیسـتیان بـووم باس بکەم زۆر ڕاسـتەقینە نابێت، بەڵام وەك نهێنـی زۆر گوترا، کاتێك

www.arsivakurdi.org

مـن مرۆڤێك كە نەیناسـم، ڕوومەتیشـی مـاچ ناكەم، دەگوتـرا كە ئەو هەڤاڵان لـە لێوەكانیان مـاچ دەكات، بەیەكـەوە دەچنـە مەلەوانگـە و ئـەو مەلەوانگانـە ناونـراون "مەلەوانگـەی ئازادیـی" و زۆر باسـی لێـوە دەكـرا، تا چەند ڕاسـتە نازانم.

لـە كۆتاییـدا دواییـن وتـەم لـە هێلینیـش وەرگـرت و دەمەوێـت لێـرەدا بیبەسـتم، بـەو وتارانـەی لـە تێبینییەكانـم دا بـێ وەسـتان دەمنووسـین.

" خۆشحاڵبووم كە وەك هیتر نەبووم بە بكوژی هاوڕێكانم!"

ئـەوەش بـۆ مـن سـەبوورییە و سـاڵانێكە هێـزم پـێ دەدات، ئـەوەی هێـزی ئاخاوتـن و لێپرسـینەوەم پـێ دەدات ئەوەیـە، ڕەنگیشـە بۆ ئەوە قـەرزاری ئەو یازدە سـاڵەی زیندان بم.

كـێ دەزانێـت ڕەنگـە مردبـام، یاخـود بكـوژی بـرام بام، بـەڵام ئەو تـۆوەی منی كـردووە بـە مـن چاكە.

دەمردم، گەر نەبوو، ئەوكات مافی خۆكوشتنم بەكاردەهێنا.

ئایسـەلی خۆشەویسـت ناهێنمـە ئێـرە، ئـەو پاشـماوەی تەمەنێكـی پـڕ لـە ئـازارە كـە ناهێنرێتـە ئێرە.

بـە ڕای مـن هـەر كوردێـك ئەگـەر لـە لایـەك و یاخـود ئەگـەر لەهـەر لێوارێـك، یـان گۆشـەیەك تێكـەڵ بـە پەكەكـە بووبێـت، یاخـود ناپێویسـت ئـەو پەرتووكـە بخوێنێتـەوە و ئەگـەر یادوەریـی هەبێـت، زۆر زۆر گرنگە بینووسـێت، تا نەنووسـین، نەگێڕینـەوە و بەناوی ڕاسـتەقینەی خۆمـان ڕووبـەڕووی نەوەسـتینەوە، بـە یـەك وشـە تەنانەت ناتوانیـن مرۆڤیش بین .

سـەرەڕای ئـەوە سوپاسـی ئەوانـەی لـەو هەلومەرجـەدا گێڕایانـەوە و بەڕێـز بوڵـدان دەكـەم.

لەگەڵ ڕێزمدا

٢٢ی كانوونی یەكەمی ٢٠٠٤

شوكری گوملووش

٦٢ـ **کەمال ئۆکوتان:** ئێستا لە پارتیی دیموکراتی گەل ئەرکی پێسپێردراوە.

٦٣ـ **سەرحەد بوجاك:** کاتێك لە شام گەڕایەوە ئەورووپا خێرا بوو بە ئاپۆچی. گوتی:"من کە سەرۆکم بینی کەسایەتیی خۆم دۆزییەوە"، کاتێك ئۆجەلان خۆی دا بەدەستەوەو گوتی کە دژی کوردی نەتەوەپەرستی دواکەوتووە، سەرحەد لەنێوان دێڕەکاندا لەو وتارانەی کە دەینووسی ڕایگەیاند کە کوردێکی نەتەوەپەرستی دواکەوتووە و دەیویست ئەوە بە هەندێك دەوروبەر بڵێت کە وەك ئۆجەلان بیر ناکاتەوە.

٦٤ـ **سەلیم فورات:** کاتێك من لەبار الیاس ڕام کرد لە ڕۆژنامەی بەرخوەدان وتارێکی هەر لەسەرەتاوە تا کۆتا پڕ لە درۆی بڵاو کردەوە دەربارەی من، دوای ئەو وتارە کەوتە بەر دڵی ئۆجەلانەوە، بەستایشکردنی ئۆجەلان داهاتی ژیانی دەست دەکەوت. وەك نموونەیەکی نەریتی ماستاوچییەکانی کورد هێشتا لە بەرلین دەژییێت.

٦٥ـ **هالووك و ئەمینە:** ئەمینە لەهەرێمی باشووری ڕۆژهەڵاتە، هالووك لە کوردستانی باشوور گیانی لەدەست دا.

٦٦ـ **هاجەر:** لە کامپەکانی گەریلا لە کوردستانی باشوور دەژییێت.

٦٧ـ **عومەر:** بە بیانووی ئەوەی دددانپێینەر و سیخوڕە، لەلایەن پیاوەکانی ئۆجەلانەوە لە زیندان بە خنکاندن کوژرا.

www.arsivakurdi.org

**٦٨ـ ڕەوشەن:** ئەحمەد یاڤوز کە لەلایەن ئاپۆوە بە ئامانجی کوشتنی من لە شامەوە نێردرا بۆ ئەڵمانیا، کاتێك لە کۆڵن ناوەڕۆکی پەرتووکی ئایەتەکانی ئاپۆ دەزانێت دەیەوێت ڕووی ناوەوەی ڕووداوەکان بزانێت، کاتێك ڕاستیبەکان دەزانێت ئەویش تووشی خەمۆکیی دەبێت، بە ڕێنمایی ئۆجەلان ئەحمەد لە ئەڵمانیا دەستبەسەر دەکرێت، ڕەوشەن بۆ شام و ئەحمەد یاڤوز بۆ ئەسینا دەنێردرێت. ئەحمەد یاڤوز کە لە یەکەم دەرفەتدا هەڵدێت و دووبارە دەچێتەوە ئەڵمانیا، لە لایەن پۆلیسی ئەڵمانیاوە دەستبەسەر کرا و بردرایە بەردەم داگا، یاڤوز کە ماوەیەکی زۆر بە دەستبەسەری مایەوە، کاتێك ئازاد بوو هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراو دەپچڕێنێت، ئێستا لە ئەڵمانیا لە ژیان بەردەوامە.

**٦٩ـ ئیلهان کزلخان**[١] : "ساڵی ١٩٩٤ کە لە کوردستانی باشوور گەڕایەوە، لە کەناڵی Med tv کاری کرد و بە هۆی ئەوەی پەیڕەوی ڕێچکەی ئۆجەلانی نەدەکرد دەرکرا، لە دویزبۆرگ دووچاری هێرش بووەوە، ئێسکی پەراسووی شکا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئۆجەلان و سیستەمەکەی پچڕاند، بە پێی ئەوەی زانیم چەند پەرتووکێکی ئەڵمانی بڵاوکرایەوە، لە کۆڵن دەژییێت.

**٧٠ـ زەینەب دەرە:** لە کوردستانی باشوور گەڕایەوە کە بۆ ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان چووبوو، بڕوای کرد کە گەورەترین فەلاکەتی ژیانی تێپەڕاند، ئەو شوێنی کارکردنەی کە جێی هێشتبوو بۆی گەڕایەوە، بوو بە دایکی دوو منداڵ، لە ئەڵمانیا دەژییێت.

---

١ بەردەوامیی بەخوێندن دا، لە ئەڵمانیا بوو بە پرۆفیسۆر، ژمارەیەکی زۆر پەرتووکی لەسەر بابەتەکانی سایکۆلۆژی چاپ و بڵاوکرانەوە، ئێستا لە زانکۆکانی ئەڵمانیا و دهۆك وەك پرۆفیسۆر کار دەکات. (نووسەر لەکاتی وەرگێڕاندا ئەو پەراوێزەی زیاد کردووە.

www.arsivakurdi.org

**٧١ـ دیلەك کورت:** ناوی بنەماڵەکەی کورتە (گورگ)، بەڵام دیلەك لە ڕاستیدا ئافرەتێکی ساویلکەیە، کاتێك لە کوردستانی باشوور گەڕایەوە لە زۆر وڵاتی ئەورووپا بەرپرسیارەتی لە رێکخراو پێ درا، بە بانگکردنی ئۆجەلان چوو و خۆی دا بەدەست دەوڵەتی تورکیا، هێشتا لە زیندان دەستبەسەرە.

**٧٢ـ مریەم چۆلاك:** بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەن چوو بۆ کوردستانی باشوور و نەگەڕایەوە و چووە ڕیزەکانی گەریلاوە، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەك گیانی لەدەستدا.

**٧٣ـ ڤارسین:** لە دۆڵی بیقاع بەبیانووی ئەوەی "شێت بووە" گوللەباران کرا.

**٧٤ـ نایف کورت (لالەش قاسۆ):** دوای ١١ ساڵ لالەش قاسۆ کە دووبارە نەترسا ئەو دێڕانەی نووسی:
" من لەساڵی ١٩٨١ دەستگیر کرام، لەگەڵ سەلیم چوروککایا لە ژوورە تاریکەکانی زیندان یەکتریمان ناسی... ئەندامی هەمان رێکخراو بووین، تاڵ و شیرین زۆر یادگارییمان هەبوو، ساڵی ١٩٨٦ سەلیم لە زیندانی دیاربەکر دوور خڕایەوە، دواتر هیچ هەواڵێکم دەربارەی نەزانی، لە زیندان لەگەڵ سەلیم پەیوەندییەکی زۆر پتەومان هەبوو.
کاتێك لەساڵی ١٩٩١ لە زیندان ئازاد بووم و چوومەوە نسێبین، شوێنی لە دایکبوونم، هۆبەی سەربازیی بۆچوونە سەربازیی بانگی کردم و پێیان ڕاگەیاندم کە سێ مانگ مۆڵەتم هەیە، دوای سێ مانگ پێویستە بچمە سەربازیی.
دوای چەند ڕۆژێکیش عەبدوڵڵا ئۆجەلان منی بانگ کردە دۆڵی بیقاع، کاتێك من گوتم لەبەر ئەوەی لە ١٩٨٦ـەوە لە پەکەکە جیابوومەتەوە ناچم، پیاوەکانی گوتیان:"یا ئەوەتا دەچیت یاخود لەماوەی دوو مانگ دەفن دەبیت و وڵات جێ دەهێڵیت".

www.arsivakurdi.org

منیش وڵاتم جێ هێشت و هاتمە سوید.

بەهۆی ئەوەی سەلیمم لەبەر ڕوو وەستانەوەکەی زیندان، گاڵتەکردن و خامە بەهێزەکەیەوە زۆر باش دەناسی، مەزەندەم دەکرد کە مل بۆ ئەو ڕێکخستنە بەدەر لە مرۆڤایەتییەی ئۆجەلان کەچ نەکات.

بەهاری ١٩٩٤ بوو، زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دا، هەڵمگرت، سەلیم چوروککایا بوو، گوتی کە پەرتووکێکی نووسیوەتی باس لە سیستەمی ئاپۆ دەکات و بە ئامێری چاپ نووسیەتی و کۆمپیوتەری نییە، دەیپرسی کە ئایا دەتوانم یارمەتی بدەم یاخود نا، من بەهۆی ئەوەی هەر خۆم چاوەڕوانیی هەڵوێستێکی وا بووم لە سەلیم و سەلیم ئاساکان پێم سەیر نەبوو... پێمگوت کە بە هەر جۆرێك لە دەستم بێت یارمەتیی دەدەم، ددان بەوە دەنێم کە زۆر دڵخۆش بووم بەوەی یارمەتیدەر دەبم لە بڵاوبوونەوەی پەرتووکێکی لەم جۆرە، بۆیە داوام لێکرد بەخێرایی بێتە سوید.

سەلیم و خێزانەکەی دوای چەند ڕۆژێك هاتنە سوید بۆ ماڵەکەم، ئەو کات کۆمپیوتەرێکی کۆن و خراپم هەبوو، لەماوەی ١٢ ڕۆژ و بەکارکردنی ١٥ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، ئایەتەکانی ئاپۆمان خستە سەر کۆمپیوتەر. زۆر باشم لە خەیاڵە کە کاتێك کارەکەمان تەواو بوو چاوەکانمان سوور سوور ببوونەوە و دەستەکانمان لە دۆخێکدا بوون کە کار نەکەن.

کاری نووسین تەواو ببوو و نۆرەی چاپکردنە سەر کاغەز هاتبوو، لەبەر ئەوەی کە چاپکەرمان نەبوو، یەکێکمان لە ناسیاوێك بە ئەمانەت وەرگرتبوو و ئامادەی چاپکردنمان کرد. بۆ چاپکردنی پەرتووکەکە چووینە "گۆتاپ" کە گەورەترین چاپخانەی سویدە و بە ٤٨ هەزار کرۆن ٣٠٠٠ تیراژمان چاپ کرد.

ئەو پەرتووکەی لە چاپخانە دەرچوو گرتمە دەست و لە ماوەی چەند کاتژمێرێك خوێندمەوە و تەواوم کرد، دواتر دەستم کرد بە بیرکردنەوە لەو کاریگەریانەی ئەو پەرتووکە لە داهاتوودا دەیخوڵقێنێت، ئەگەر بڵێم کاتێك شانازیم بەو کارەوە دەکرد کە ئەنجامم دابوو خەریك بوو لە خۆشییان باڵ بگرم و بفڕم، ئەوا زیادەڕەوی نییە.

ئۆجەلانێك كە لەو سەردەم و لە جیهانی كورد ببوو بە جانەوەرێك پێشپێگرتنی، نووسینی پەرتووكێك كە جانەوەریی ئەو باس دەكات و بەگرتنەبەر چاوی هەموو شتێك هەڵسان بە بڵاوكردنەوەی كاری هەموو كەسێك نەبوو. بۆ ئەو ئازایەتییە ئێستا نا، ئەو ڕۆژانەی زۆرینەی چەوسێنەرەوە یاریی سێ مەیمونیان دەكرد پیرۆزباییم لە سەلیم كردبوو.

www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org
www.arsivakurdi.org

www.arsivakurdi.org

---

## دوا وتە :

دوا وتەی ئەو پەرتووکە لە داهاتوودا گەلی کورد دەیڵێن، وەك پوختەی هەموو ئەوانەی نووسیم:

١ـ پێویستە بەسەر ئاپۆدا زاڵ بین.

٢ـ ئایدیۆلۆژیای فەرمیی داهێنراودا زاڵ بین.

٣ـ پێویستە بەسەر ئەو سیستەمەی داهێنراوە زاڵ بین.

٤ـ ئەو جۆرە مرۆڤانەی بەو سیستەمەی لە ڕێگای ئایدیۆلۆژیای فەرمییەوە داهێنراون، پێویستە بەسەریاندا زاڵ بین.

بەو ڕێژەیەی کە بەسەر ئەوانەدا زاڵ دەبین، گەلی کوردستان سەرلەنوێ خۆی بنیات دەنێتەوە و ڕێگای بوون دەدۆزێتەوە.

**لەگەڵ رێزدا**

**سەلیم چوروککایا**

---

www.arsivakurdi.org

## ناسنامەی پرۆژە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی 2014 دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

www.arsivakurdi.org